سەرپەرشتی کردن و نووسینەوەی:

سەمیر بلکەفیف

# فەلسەفەی ئەخلاق

## لە پرسی ماناکەی بۆ قەیرانی پەیڕەوکردنی

بەکوردی کردنی:

زێبار عەزیزخان مهاجیر

# فەلسەفەی ئەخلاق

## لە پرسی ماناکەی بۆ قەیرانی پەیڕەوکردنی


سەرپەرشتی کردن و نووسینەوەی:

سەمیر بلکەفیف

دانانی:

کۆمەڵێك لە نووسەران

بەکوردی کردنی:

زێبار عەزیزخان مهاجیر

## پێناسی کتێب:

| | |
|---|---|
| نـــــــاوی کـتێب: | فەلسەفەی ئەخلاق |
| نووســـــــــینی: | کۆمەڵێك لە نووسەران |
| سەرپەرشتی کردن و نووســـــــینەوەی: | سەمیر بلکەفیف |
| وەرگـــــــــێڕانی: | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەسازیی ناوەوە: | بەرەکات قورتاس |
| بـــــــــــەرگ: | بەرەکات قورتاس |
| بڵاوکـــــــــار: | نووسینگەی کاروان |
| نۆرە و ساڵی چاپ: | یەکەم، ٢٠٢٢ز |
| تـــــــــــیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٨٥٢ ) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

Karwancenter18@gmail.com

## پێشکەشە:

بە مرۆڤی عەرەبی لە تەنگوچەڵەمە شارستانیەتەکەیدا، کە بەهۆی ڕابردووە سەختەکەی...

ئەو کەسەی خەفەت لە ئێستای دەخوات، ترسی لە ئایندەکەی هەیە...

هیوای بە فەلسەفە هەیە کە ئەم تەنگوچەڵەمەیە بڕەوێنێتەوە...

# ناوەڕۆک


پێشەکی وەرگێڕ

پێشەکی سەرپەرشتیار: لە فەلسەفەی بەهاوە بۆ فەلسەفەی ئەخلاق لە سنووری مانا و جوگرافیای زاراوەدا

بەشی یەکەم

ئەخلاقیاتی هزری کۆنی خۆرهەڵات

ئەخلاقیاتی ڕەفتار لە هزری کۆنی خۆرهەڵات  زروق زینە

یەکەم – ئەخلاق لای میسرییە کۆنەکان

دووەم – ئەخلاق لە شارستانیەتی فارسیدا

سێیەم – ئەخلاق لە شارستانیەتی کۆنی هیندیدا

چوارەم – ئەخلاق لای چینییە کۆنەکان

پوختە

سەرچاوەکان

## بەشی دووەم

## ستراتیژیەتی بەتیۆردانانی بەهاگەرایی لە فەلسەفەی یۆنانیدا

ناوەڕۆکی ئەخلاق لای ئەفلاتۆن بەپێی گفتوگۆکانی "مینون"   عنیات عەبدولکەریم

یەکەم – توێژینەوەیەکی شیکاری بۆ گفتوگۆکانی مینون

١- سروشتی ئەخلاق و چۆنیەتی گەیشتنی بە مرۆڤ

٢- تیۆری یادهاتنەوە یان ئەوەی بە یادهاتنەوە دەزانرێ

٣-گونجانی فێرکردنی ئەخلاق و پەیڕەوی توێژینەوە بە گریمانە یان بڵاوکردنەوەی ئەخلاق

٤- لەبارەی سیاسەتمەداران و سۆفستائیەکان یان سوفستائی و ئەخلاق

٥- گەڕانەوە بۆ فێرکردنی ئەخلاق و تیۆری گومانی ڕاست یان دوکسا وەك ڕێگەیەك بۆ ئەخلاق

کۆتایی یان دوماهی کراوە

دووەم – توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ گفتوگۆی مینون

سەرچاوەکان

بیرکردنەوەی ئاڕاستەیی لە فەلسەفەی ئەخلاقی ڕواقیدا   نبیل محمد سغیر

پێشەکی

١– پوختەیەکی مێژوویی

٢– لغوس وەك جێگرەوەی دەسەڵاتی پاتۆس

٣– زاڵبوونی دەسەڵاتی شێوەی گشتگیر

٤– لە نەتەوەییەوە بەرەو گەردوونی لە ئەخلاقیاتی ڕواقیدا

سەرنجدانێکی ڕەخنەیی

پوختە

هزری فەلسەفی ئەخلاقی لەلای قوتابخانە پاشینەکانی یۆنانی    جەمیل خەلیل نعمە

یەکەم – جوگرافیای فەلسەفی بۆ ئەخلاقی دوای ئەرستۆ

١– هزری ئەخلاقی لەلای قوتابخانە سۆقڕاتیەکان

٢– فەلسەفەی ئەخلاق لەلای قوتابخانە کەلبییەکان

٣– تیۆری قەرەنائیەکان لە ئەخلاقدا

٤– فەلسەفەی ئەخلاق لای میغارییەکان

دووەم – هزری ئەخلاقی لە نێوان ڕواقی و ئەبیقۆریەکان

١– هزری ئەخلاقی لەلای قوتابخانەی ڕواقی

٢– تیۆری ئەخلاقی لەلای قوتابخانەی ئەبیقۆر

٣– ئەخلاق لەلای ئەبیقۆریەکان

سێیەم – سەرچاوەکانی هزری ئەخلاقی لەلای ئەفلۆتین

١– سەرچاوەی ئەخلاقی ئاینی لە نێوان فیلۆنی ئیسکەندەری و ئەفلۆتین

٢– بیرۆکەی پەیدابوون لە نێوان فەلسەفەی ئیشراقی و ئەفلۆتیندا

٣– کێشەی پەیوەندی نێوان سێکوچکەی مەسیحی و سێکوچکەی لای ئەفلۆتین

٤– کاریگەری (غنوصیەت) لە ئەفلاتۆنیەتی نوێدا

پوختە

بەشی سێیەم

ئەخلاقیەت لە سەردەمی ناوەڕاستدا

ئەخلاق لەلای تۆما ئەکوینی   د. فتیحە فاتیمی

١– دادگەری

٢– دانایی

٣– خۆشەویستی

بەشی چوارەم

ئەخلاقی سەردەمی نوێ و زاڵبوونی ئەکسیولوژی و ئەبستمولوژی

ئەخلاقی سوود لەلای جیرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل    بوزبرە عەدولسەلام

پێشەکی

یەکەم – بنچینە مێژووییەکانی بیرۆکەی سوودگەرایی

١– قورینائیەت

٢– ئەبیقۆریەت

٣– ئاڕاستەی ماددەگەرایی (هۆبز)

دووەم – ئەخلاقی سوودگەرایی و گەشەکردنی

١– لەلای جیرۆم بنتام

٢– لەلای جۆن ستیوارت میل

٣– براگماتیەت وەك درێژبووەوەی سوودگەرایی

ئەخلاقیەت لە نێوان ئامراز و ئامانجدا لەلای سپینۆزا   ڕەفقەت ڕەعد

١– ژینگەی سپینۆزا و مانای ئامراز و ئامانج

٢– هەڵچونەکان لە نێوان ئامراز و ئامانجدا

٣– چاکە و خراپە لە نێوان ئامراز و ئامانجدا

٤– چاکە لە نێوان ئامراز و ئامانجدا

پوختە

سەرچاوەکان

دێڤد هیۆم بەرەو ئەخلاقی هەست و سۆز و هەوەس   د. ڕەسول محەممەد ڕەسول

پێشەکی

زانستی سروشتی مرۆڤایەتی

یەکەم: درك پێکراوەکانی هۆش یان شوێنەوارە هەستییەکان

دووەم: هزرەکانی خەیاڵ یان مێشك

سێیەم: هزرەکانی یاد

چوارەم: بنەمای بەیەکەوە بەسترانەوە یان بنەماکانی دژبەری

پێنجەم: عەقڵ

کۆتایی

پەڕاوێز و چەند شاندنێك

ئەخلاق لای جۆن دیوی   زروقی سامر

پێشەکی

١- ئەخلاق و پێگەکەی لە فەلسەفەی جۆن دیویدا

أ- ئەخلاق لە ئاماژەی زمانەوانی و زاراوەییدا

ب- ئاماژەی بەهای گشتی و بەهای ئەخلاقی بە سیفەتی تایبەت

٢- سروشتی بەهای ئەخلاقی و هەڵوێستی جۆن دیوی بەرامبەری

أ- هەڵوێستی دیوی لە بەرامبەر ئەم کێشە ئەخلاقیەدا

ب- دیارترین تێڕوانینە فەلسەفییەکان لەبارەی بنچینەی بەهای ئەخلاقی و هەڵوێستی دیوی لە بەرامبەریدا
٣– تیۆری ئەخلاق لەلای دیوی
٤– بەرەو مانایەکی تازە بۆ ئەخلاق
٥– ناوەڕۆکی ئەخلاق و ڕۆڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنی
٦– حەقیقەتی پرسی ئەخلاقی
٧– ملکەچ کردنی کێشە ئەخلاقییەکان لەلایەن دیوی بۆ پەیڕەوی زانستی
٨– کۆسپە ئەبستمولۆژیەکان و سروشتی دیاردە ئەخلاقییەکان
٩– کێشەی گۆڕانی بەها و داڕوخانیان و پاساوەکانی جۆن دیوی بۆی

پوختە

سەرچاوەکان

بەشی پێنجەم

جەنگی چەمکە ئەخلاقییەکان لە فەلسەفەی هاوچەرخدا

نیچە و مشوگێڕی یەکگرتوو بۆ ڕەوشتی تاك مەولدی عزدینی

١– ئیتقا و مشورگێڕی یەکگرتوو بۆ بەهاکان لەودیوی خێر و خراپەوە
٢– جەختکردنەوەی خودی فەلسەفەکار بۆ بەهاکانی لەودیوی خێر و خراپەوە
٣– ئیتقا فەلسەڤ و توندی
٤– بەسوکدانانی ئەخلاق و توندبوون لەگەڵی

٥– بیرکردنەوەی فەلسەڤ و بەسوك سەیرکردنی ئیتقی بۆ توووندوتیژی

٦– هەناسەکانی ئیتقا و سەرگەردانی جەنگە ڕابردووەکان

٧– دەستخەڵەتدانی ئەخلاقی کەسی سیاسی – سەربازی

٨– ئیتقای فەلسەفی و داواکردنی ئاشتی

پوختە

لیستی سەرچاوەکان

جاك ماریتان و دیاریکردنی قەیرانی ئەخلاقی خۆرئاوایی   د. نعیمە ئیدریس

پێشەکی

یەکەم – ژیاننامە و کاری جاك ماریتان: (١٩٧٥ – ١٨٨٢)

أ- شوێنەوارەکانی

ب- فەلسەفەکەی

دووەم – تێگەیشتنی بۆ ئەخلاق

١– یاسای سروشتی

٢– ئەخلاق و کلێسا

٣– ئەخلاق لە نێوان زانست و ئایندا

سێیەم – پەیوەندی ئەخلاق بە سیاسەتەوە لەلای جاك ماریتان

١– دیموکراسییەت و ئایین

٢- حکومەتی جیهانی

چوارەم – ماریتان و ئەو مرۆڤایەتیەی بە دەوری ئایندا دەخولێتەوە

١- پێویستی سازاندنی زانست و دانایی بەیەکەوە

٢- شکستی شارستانیەتی دونیاگەرایی

٣- وێنەی شارستانیەتی تازەی مەسیحییەت

پوختە

مشتومڕئامێزی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لەلای برتراند راسل     ئامال علاوشیش

پێشەکی

١- ئەخلاق و سروشتی مرۆڤایەتی

٢- سیاسەت و ئەخلاق

پوختە

سەرچاوەکان

ئەخلاقی بوونگەرایی لەلای دوستویفسکی   کەریم سەیاد

پێشەکی

یەکەم – ئیلحادی بوونگەرا

١- ئیلحادی ئەخلاقی

٢- ئەخلاقی ئیلحادی

دووەم – دوستویفسکی بە نموونە

١- پێگەیشتن

٢- ئیڤان و ئەلیوشا کارامازوڤ

٣- ڕێزداری ڕوسی

٤- راسکولنیکوف و سفیدریجایلوف

٥- راسکولنیکوف و دمتری کارامازوف

پوختە

سەرچاوەکان

ئیتقا و ئەویترگەرا: درەوشانەوەکانی ئەوەی هەیە لە فەلسەفەی ئەخلاقدا لەلای ئیمانویل لیفناس   محەممەد بکای

پێشنووس

١- ئەخلاق وەك "فەلسەفەی بەرایی"

٢- ئیتقای لیفناس: لە بوونەوە بۆ ئەوەی هەیە

٣- کەلەپوری جولەکە و فەلسەفەی ئەخلاقی لیفناسی

٤- بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە هەمبەر کەسی بەرامبەر

٥- ئیتقا و ڕووخسار

٦– ئەویترگەرا و دەروشانەوەی لە گفتوگۆکردندا

٧– فەلسەفەی ناتووندوتیژی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا

پوختە

سەرچاوەکان

ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لای ریجا گارودی  د. شەریف توتاوی

١– ناساندنی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی

٢– جۆرەکانی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی

أ- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لەسەردەمی بوژانەوەدا

ب- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی ئەبستمولوژی

ت- ئاڕاستی مرۆڤایەتی ئاینی

پ- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی سروشتی

٣– ئاڕاستەی مرۆڤایەتی بەوپێیەی هەڵوێستێکی ئەخلاقیە

٤– ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی

٥– خاسیەتەکانی ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی

٦– پاساوەکانی و هەنوکەییەکەی

٧– ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لەلای گارودی

٨– شوێنی ئەخلاق لە پڕۆژەی مرۆیی گارودیدا

أ- بە مرۆییکردنی ئابووری

ب- بە مرۆییکردنی سیاسەت

٩- ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن

سەرچاوەکان

## بەشی شەشەم

## بازنەکانی ترس لە ئەخلاقیاتی ئێستادا

ئەخلاقی ژینگە و بەرپرسیارێتی لەلای هانز جوناس    عایب زهیە

پێشەکی

یەکەم – بەرەو تێڕوانینێکی نوێ بۆ بەرپرسیارێتی و ئەخلاقی ئایندە

چەمکی بەرپرسیارێتی لای هانس یوناس

١- بەرپرسیارێتی باوکایەتی

٢- بەرپرسیارێتی پیاوی دەوڵەت

دووەم – بنچینەی ئەنتۆلۆژی بۆ ئەخلاقی ئایندە

سێیەم – بوون و ئەرکی بوون

چوارەم – هەستکردن بە ترس ئامرازێکی ئاشکراکردن و ئەخلاقییە

شێوەی چوارەم: شێوازی ترس لای جوناس

پێنجەم – لە بنەمای بەرپرسیارێتیەوە بۆ بنەمای خۆپارێزی و هۆشیاری

پوختە

سەرچاوەکان

پرسیاری ئەخلاقی لای هابرماس   د. عەلی عبود محمەداوی

١- ئەتیقیای گفتوگۆ یان مەرجە ئەخلاقیەکانی گفتوگۆی ڕاستەقینە
٢- ئاستەکانی ئەتیقای گفتوگۆ

پوختە

ئەتیقای گفتوگۆ بەرەو وەڵامدانەوەی تەحەدایە هاوچەرخەکان   سوعاد حمداش

پێشنووس

ئەتیقای گفتوگۆ: وەڵامدانەوەی تەحەدایە هاوچەرخەکانی ئەخلاقی ئەودیوی سروشت

دەقی ڕەسەن

پوختە

سەرچاوەکان

جۆن راولس بنەمای دادگەری وەك ویژدانکاریەك لە ئەخلاقەوە بۆ سیاسەت   د. نورە بوحناش

١- گفتوگۆی ئەخلاقی ئەمریکی دەربارەی بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی

٢- سەرچاوەبوونی فەلسەفەی راولسیەت – ئامادەیی مێژوویی فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت

٣- راولس و بنەمای دادگەری – لیبڕاڵییەت لە نێوان لۆژیکی ئازادی و دادگەریدا

أ- بەهای دادگەری بەرامبەر بەهای ئەخلاق

ب- ڕەخنەگرتن لە مەزهەبی سوودگەرایی – لەپێشتربوونی دادگەری لە چاکە –

ت- باڵاپۆشی نەزانی – گرێبەستێکی دیکەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی عەقڵگەرایی

پ- بنەمای دادگەری

٤- لەپێشتربوونی دادگەری لە چاکە – پیادەکردنی ڕاولسی و نزیکایەتی هزری ئەمریکی

پوختە – یان لەبارەی بەئاساییدانانی دادگەری لەلایەن لیبڕاڵیەتەوە

کێشە و خولیای ئەخلاقی لەبارەی تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە د. یسرا وجیە سەعید

یەکەم – بۆچی لەبەرگرتنەوە قەدەغە بکەین، ئەو کابوسە چییە؟

دووەم – قەدەغەی ناکەین بەڵام کۆت و بەندی بۆ دادەنێین

پوختە

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

بێگومان لەگەڵ پێشکەوتنی جیهان لە ڕووی زانستی و پیشەسازی و ئابووری و ..هتد، ئەرکێکی تر بۆ فەلسەفە نوێکرایەوە، کە دەبێ دووبارە شەنوکەوی ئەم بوارانە بکات و مانا و تێگەیشتنی تازەیان بۆ دابتاشێ.

ئەم کتێبەی بەردەستمان، کە بەندە لە زمانی عەرەبیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەمەبەستی دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی و سوود گەیاندن بە خوێنەرانی خۆشەویست، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك توێژینەوەی توێژەران، کە توێژینەوەیان کردووە لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق.

وا هەست دەکەم ئەم کتێبە" هەوڵێکی باش بێ بۆ خستەڕووی ئەم بابەتە لە دەروازەیەکی فراونترەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر زۆرتر ئاشنا ببێ بە دیدگای ئەم توێژەرانە لەبارەی پرسە ئەخلاقییەکان. زیاتر نامەوێ بە شان و باڵی کتێبەکەدا هەڵبدەم، پێم وابێ خۆی لەوە بەهێزترە لە چەند دێڕێکی ئەم پێشەکییەدا باسی بکرێ.

لە کۆتاییدا دەمەوێ وپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە یارمەتیان داوم، بەتایبەت بەڕێز (سەرهەنگ عەبدولواحید)ی هاوڕێی خۆشەویستم کە هەڵساوە بە هەڵە چنینی ئەم کتێبە. سەرکەوتن هەر لە خواوەیە.

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

## پێشەکی سەرپەرشتیار

## لە فەلسەفەی بەهاوە بۆ فەلسەفەی ئەخلاق

### لە سنووری مانا و جوگرافیای زاراوەدا:

بەها بە مانای فەلسەفی، هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەندیان هەیە بە تێڕوانین و کردارەوە لەلای تاك و کۆمەڵەکان، "لوی لافال" لە کتێبەکەیدا "المطول في القيم" قسەی کردووە لەبارەی ئەو شوێنەوارەی وشەی بەها دروستی دەکات، لەم ڕۆژگارەماندا، وەسفی کردووە بەوەی جادوویەکە: "وایلێهاتووە وشەی بەها جادوویەك لە خەڵکانی ئەم ڕۆژگارەماندا دەکات، هاوشێوەی جادووی وشەی بوونە، کە خەریکە لێی جیا نەبێتەوە، ئێمە لێرەدا لە ناو جەرگەی وێڵبوون لە دوو توێی مشتومڕەکاندا، کە هەردەم هزر پێی تایبەتمەندە، لە سەروبەندی دروستبوونیدا، هەر کە هزرەکە دروستکرا، واتە هەر کە هزرەکەمان بڕی و لێی تێپەڕین، ئەوا ئەرکی مێژوو دەبێ ئاشنای ببێ و بایەخی پێبدات"، کەواتە بەها بوونی هەیە، بە مانایەکی نوێ، بوونێکی نوێیە لەگەڵ ماناکەی دەڕوات، دەویسترێ بە دەستەواژەی زانستێکی تازە ناوی لێبنرێ ئەویش وشەی "ئەکسیولوژیا"یە، بەم پێیە گوزارشت لەم وشەیە دەکرێت بە دەستەواژەی "زانستی بەها" یان "فەلسەفەی بەها" یاخو "تیۆری بەها"، بەوەی " هەندێك جار ئێمە هەست دەکەین – هەروەك لافیل دەڵێت: – کێشەی بەها کێشەیەکی تازەیە، بەڵام تەنها ناوەکەی تازەیە، یان ئەو تێڕوانینە گشتیەی ئەمڕۆ توێژەران هەیانە، لەم ڕۆژانەماندا دەپرسین: ئایا لە توانای ئێمەدایە زانستێك دابمەزرێنین ناوی لێبنێین ئەکسیولوژیا" (عادل العوا، العمدة في فلسفة القيم، ٤٣ – ٤٤).

لەمڕۆدا بایەخدان بە ئەکسیولۆژیا ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ بڵێین: "لە سەرەتاوە بەها هەبووە"، چونکە هەردەم فەلسەفە پێشەنگی بەخشیوەتە بەها، لە ڕووی بایەخدانە کرداریەکەی، مانای ژیان یان مەبەستی بوون بریتییە لە کێشەی بنەڕەتی کە ئەزموونی بەهادار پێشنیازی

دەكات و دەیخاتە پێشەنگی ئەو كێشانەی كە هزری مرۆیی تاوتوێی دەكات، فەلسەفەی بەها و بیركردنەوەی بەهاگەرایی بەتەنها هەنگاودەنێ بەرەو هەڵڕەخساندن لە بەردەم عەقڵی مرۆیی، تا مانایەك بە بەر ژیاندا بكات، ویست و سەرپشكیەك دەستەبەر بكات، مرۆڤ چارەنووسی خۆی و گشت جیهانی پێ دیار بكات، "شارل لالو" ڕۆڵی بەهای لە هزری نوێدا چواندووە بە ڕۆڵی بیرۆكەی وزە یان بیرۆكەی هێز لە زانستی نوێدا، هەر كە نیچە چەمكی بەهای لە ئابووریناسانەوە وەرگرت و گواستیەوە بۆ پاساوگەرا هاوچەرخەكان، ئەوا ئەم چەمكە ئاڵۆز بوو لە بواری ڕامانی فەلسەفی هاوشێوەی ڕۆڵی هزری وزە یان بیرۆكەی هێز لە زانستی نوێدا، هێز یان وزە لە بنچینەی هەر دیاردەیەك لە دیاردەكاندا دانی پێدادەنرێ، لە ڕاستیدا بەها وەك دیاردە و ئەزموونێك شیاوی بینین نییە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ، تەنها لە میانەی كاریگەریەكەی نەبێ لە چالاكی تاكدا، ئینجا لە چالاكی دەستە و كۆمەڵاندا، لە گەشەی مێژوویی و ئەنتۆلۆژیەكەیدا، بەها لە خودی خۆیدا هێزە بەڵكو وزەیە، وزەی بەرچاوڕۆن كردنەوە و هاندانە، "ڕیمون ڕویە" بۆ لەمەش دوورتر دەچێ، لە كتێبەكەیدا "فەلسەفەی بەها" پێی وایە بەها شرۆڤەی هێزی بینراو بە چاوی ڕووت دەكات، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە" (عادل العوا، العمدة في فلسفة القيم، ٤٩ – ٥٠).

گرنگترین كەرت لە ئەكسیولۆژیای ئەخلاقدا، كە لە ناوەڕۆكدا پێكدێت لە كۆمەڵێك بنەما و چەمكی پەیوەست بە ئەخلاق و خراپەوە، كە ڕێگەمان پێدەدات وەسفی كردەوەكانی مرۆڤ بكەین، بڕیاریان لەسەر بدەین، بەڵام ئەم پێوەر و ڕێبیرانە لەوانەیە گشتگیر – گەردوونی بن، لەسەر گشت بوونەوەرانی مرۆڤایەتی جێبەجێ بكرێن و هەڵسوكەوتەكانیان بسەپێنرێن، نموونەی هەرە نزیك لەسەر ئەمە بریتییە لە ڕێزگرتنی پێویست لە بەرامبەر خودی مرۆڤ بەوپێیەی مرۆڤە، پێویستی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ گشت تاكەكان بە یەكسانی، ڕەتكردنەوەی ڕەهای ئازار گەیاندن بە جەستەی هەر یەكێك بێ هۆ.

ئێمە لە ئەدەبیاتی نووسینی فەلسەفی ئەخلاقیدا دەبینین، كۆمەڵە چەمك و تێڕوانین و زاراوەیەك بەیەكەوە ئاڵاون، گرنگترینیان: "ئەخلاق و ئەخلاقیەت" یان "morale et éthique

"، بەم پێیە دەبێ بگەڕێینەوە سەر چاوگی وشەی ئەخلاق و ئەخلاقی تیۆری، لەبەر ئەوەی داتاشراوی زمانەوانی "éthique" بۆ وشەی یۆنانی "laethe" دەگەڕێتەوە، کە بە واتای نەریتە ئەخلاقیەکان دێت، لە کاتێکدا ئەخلاق "morale" بۆ وشەی لاتینی "mores" دەگەڕێتەوە، کە داب و نەریتە، ئەم دوو وشەیە ئەگەرچی ئاماژەی زۆر لە یەکتر نزیکیان هەیە، ناوەڕۆکی لەیەکچویان هەیە، وەك بیرۆکەی داب و نەریتی ئەخلاقی و ڕێگەکانی کار کە بەکارهێنانەکە دیاری دەکات، لەگەڵ ئەمەش جیاوازیان لە نێواندا هەیە، بەوەی "éthique" بە خەسڵەتی تیۆری تایبەتمەندە، بەرەو بیرکردنەوە لە بنچینەکانی ئەخلاق هەنگاو دەگرێ، واتە لێکۆڵینەوە دەکات لە بنەماکانی هەڵسوکەوت لە ڕووی تێڕوانینی گشتی لەبارەی ئەخلاق و خراپەوە. (أحمد عبدالحليم عطية، الفكر الأخلاقي الجديد ودرسات أخرى، ١٧٤).

ئەمە وای کردووە "morale" گوزارشت بێ لە کۆمەڵێك فەرمان و ڕێگری دانپێدانراو لەلای کۆمەڵگەیەکی تایبەت لە ماوەیەکی تایبەتدا، لە کاتێکدا "éthique" گوزارشت دەکات لەو زانستەی دەڕوانێتە حوکمەکانی ئەو بەهایانەی پەیوەستن بە کردەوەکانەوە، چ بە چاك یان بە خراپ، بەو مانایەی "morale " خودی بابەتەکەیە، کە "éthique" تایبەتمەندە بە ڕامان و لێکۆڵینەوە لێی. (طه عبدالرحمان، سؤال الأخلاق، ٧ – ٨).

ئەوەندە هەیە دەبێ ئێمە زیادەڕەوی نەکەین لە جیاوازی مانا لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا، چونکە لە زۆر کاتدا دەکرێ یەکێك لە جیاتی ئەوی تر بەکاربهێنرێ، ئەخلاق و ئەخلاقیەت هەر یەکێکیان بنچینەی گشتی و سەرەکی پێکدێنن بۆ کردارەکان، بە پێوەرەکانی هەڵسوکەوتی تاکەکەسی، بەوپێیەی ئەم دوو شتە نابێ وامان لێبکەن گومان ببەین بەوەی ئەخلاق و ئەخلاقیەت بریتین لە پرسی بە پەسەند دانانی تاکەکەسی. (مونيك كانتو سبيربير، الفلسفة الأخلاقية، ٩).

تاکەکان بە بەردەوامی چەند پرسیارێك لە خۆیان دەکەن، لە جۆری: دەبێ چی بکەم؟ دەبوایە چیم بکردایە؟ سنووری کارەکانم لە کوێ کۆتایی دێ؟ باشتر نەبوو ئاوام کردبایە؟ کاتێك ئامانجەکانی کردەوەکانمان و ئەو ئامرازانەش کە لەبەردەستمانە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکە،

دەبێتە بابەتی پرسیارکردنمان، کاتێك دەستوەردان ئەوە دەسەپێنێ کە توانای دەروونی هەیە لەسەر گرتنەبەری ماوەیەك سەبارەت بەو دۆخەی تیایدا دەبین، پاشگەزبوونەوەیەکی ڕەخنەیی پەسەند بکەین لە هەمبەر حەز و پێویستیە ڕاستەوخۆکانمان، ئەوا ئەم پرسیارکردنە دەبێتە شتێکی ئەخلاقی. (مونيك كانتو سبيربير، الفلسفة الأخلاقية، ٥).

ئەوەندە هەیە خستنەڕووی فەلسەفی، ئەوە پێویست دەکات پرسیارکردنەکە پەیڕەوی بێ، کە جۆرەکانی ئەم کێشە پێشنیازکراوانە دیاری دەکات، لێرەوە دەپرسین: لەسەر چ بنەمایەك بڕیارێکی ئەخلاقی دەربکەین؟ چۆن لەبارەی پێوەری ئەخلاقی تیۆری و فەرمان و ڕێگری ڕەها قسە بکەین؟ چۆن بۆ کردوە ڕێبیری – ژیرمەندانە و پاساودەرانە – بهێنینەوە، چۆن گوێزرانەوە لە ئەخلاقی تیۆریەوە بۆ ئەخلاقی جێبەجێکاری ئەنجام دەدرێ، کە کێشە هەنووکەییەکانی مرۆڤی ئیتقی دەیسەپێنێ؟ بۆ نموونە ئایا لە تواناماندا هەیە ئەزموونی زانستی پزیشکی بایلۆژی تاقی بکەینەوە لەسەر کەسەکان بەبێ مۆڵەتی ئەوان، بەتایبەت کاتێك تاقیکردنەوەکان لەسەر ئاژەڵەکان تەواو دەبێ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی پزیشکی و چارەسەر و توێژینەوەی زانستی لە گۆڕەپانەکانی زانستەکانی ژیاندا؟ دواتر ئایا ڕێگە چییە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بازرگانی کردن بە ئەندامەکانی مرۆیی لەبەردەم زیادبوونی ئەندامە گونجاوەکان بۆ چاندنەوە؟ ئایا شتێکی ڕێگە پێدراوە سنوورێك دابنێین بۆ ژیانی کەسانێك، کە لەسەر لێواری مەرگن، بەتایبەت کاتێك دەستەوەسانی هزری ئەخلاقی کۆن دەرکەوت لە چارەسەرکردنی هاوێنەی ئەم پرسیارکردنانە، دوای شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژی، کە هەموو گۆڕەپانەکانی گرتەوە، کە بە "تەکنەلۆژیای ژیان" ناسراوە، واتە فرە شێوەکانی دەستوەردانەکانی تەکنەلۆژی لە ژیان و جەستەی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی درزی نێوان داوای ئەخلاقی تیۆری جەختکەرەوە و کاری دامەزرێنەری ئەم ئەخلاقە، لە یەکتر جیابوونەوەیە. (أحمد عبدالحليم عطية، الفكر الأخلاقي الجديد و دراسات أخرى، ١٧٤).

شتێکی ڕوونە ئەخلاقی تیۆری ئەمڕۆ وەك گشت پرسە هاوچەرخەکانی تر، قەیرانێك دەردەخات لە بنچینەکانی بەها، ئەمڕۆ بنچینەکان نەماون، مانا ماڵاوایی کردووە، ئەمەش ئەو

شتەیە کە بە توندی هێزی ئەم پرسیارکردنە لەبارەی ئەرك و پابەندی و فەرمانە ئەخلاقیەکان پێنشیار دەکات. (أحمد عبدالحليم عطية، الفكر الأخلاقي الجديد و دراسات أخرى، ١٧٦).

ئەم کتێبە تاوتوێی کێشە جۆرا و جۆرە ئەخلاقیەکان دەکات، کە هزری فەلسەفی ئەخلاقی خستویەتیەڕوو، هەر لە هزری خۆرهەڵاتی کۆنەوە، دواتر ڕێبازە ئەخلاقیەکان لە فەلسەفەی یۆنانیدا، بە هەمان شێوە پرسیار لەخۆی دەگرێ بۆ سەردەمی ناوەڕاست لە تەنگوچەڵەمەی داناندا لە نێوان ئەوەی ئاینیە و ئەوەش کە فەلسەفییە، دواتر سەردەمی نوێ بە دوایدا دێت، بەپێی نوێگەریەکی و داهێنانی ئەبستمولۆژیا و ئەکسیولۆژیا لە بەردەم پاشەکشێی ئەنتۆلۆژیا، تا دەگاتە فەلسەفەی هاوچەرخ – ئێستا لە ڕێگەی ئاڵۆزی پرسیارە بەهاگەراکانی، ئەمەش بەهۆی دەستەوەردانی تەکنەلۆژیا لە جەستە و ژیانی بوونەوەری زیندوو بە گشتی و مرۆڤ بەتایبەتی، هەروەها بە خستنەڕووی پرس و کێشەی فەلسەفی و یاسایی و مافناسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، ئەمەش نزیکایەتی فرە ڕەهەند دەخوازێ، کە کامڵ بوونی شارەزایی مرۆیی ڕەچاو دەکات (عمر بوفانس، البيوإتيقا في الأخلاق الجديدة، ٥ – ٦ – ٧).

کۆمەڵێك لە کەسانی ئەکادیمی عەرەبی پسپۆر لە بواری فەلسەفەدا، بەشداریان کردووە لە دانانی ئەم کتێبەدا، ئومێدەوارن ئەم کتێبە لە ئاستی فەلسەفی داواکراودابێ، ئەوە بۆ کتێبخانەی عەرەبی زیاد بکات، کە سوودی بۆ توێژەران هەبێ لەم گۆڕەپانە گرنگە لە گۆڕەپانی زانست و زانیندا، لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن و ڕاستپێکان لە خوای مەزن دەکەین.

پرۆفیسۆر/ سەمیر بلکفیف

# بەشی یەکەم

# ئەخلاقیاتی هزری کۆنی خۆرهەڵات

# ئەخلاقیاتی ڕەفتار

# لە هزری کۆنی خۆرهەڵات

زروق زینە

زانکۆی: ئەلحاج لخزر باتنە – جەزائیر

دەقەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیان دروست نابن، هەروەك چەمکەکان لە دەرەوەی مێژوو پەیدا نابن، هەمان شت سەبارەت بە چەمکە ئەخلاقییەکان، توێژینەوەی ئەخلاق درێژ دەبێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی خودی هزری فەلسەفی، ئەگەرچی توێژینەوە نەریتییەکانی ئەخلاق بە شارستانیەتی یۆنانی دەستپێبکات، لەسەر بنچینەی سروشتی تیۆری، کە ئەم شارستانیەتە بەرجەستەی دەکات، واتە بەپێچەوانەی شارستانیەتی خۆرهەڵات، چونکە چەشنی باو بریتییە لە ئەخلاقی کرداری پەیوەست بە ئاینەوە، کە بایەخ دەدات بە هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی ژیان بێ قوڵبوونەوە لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی هەڵسوکەوتدا، لە چوارچێوەی بەدواداچوون بۆ هزری ئەخلاقی لەوەتەی دەرکەوتووە، پێمان باش بوو توێژینەوە بکەین لەسەر سەرەتاکانی هزری ئەخلاقی لە شارستانیەتە کۆنەکانی خۆرهەڵاتدا، کەواتە سروشتی ئەخلاق لەلای خۆرهەڵاتییەکان چییە؟

هەوڵمانداوە توێژینەوە بکەین لە تێڕوانینی خۆرهەڵاتیەکان بۆ ئەخلاق، لە میانەی شارستانیەتی میسری کۆنەوە، کە بە درەوشانەوە ڕوناککەرەوەکانی چەندین سەدەی مێژوویی

کۆنی ڕووناک کردەوە، بەهۆی ناوەڕۆکە شارستانی و مادديەکەی، تا ببێتە یەکەم دەستپێشخەری خێر لەسەر ڕێگەی مرۆڤایەتی سەخت و درێژ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو سروشتەی لەم شارستانیەتەدا دەرکەوت، بەپێچەوانەی تێڕوانینی ئەخلاقی بریتی بووە لە زاڵبوونی ڕێگری ئاینی، ئەخلاق جیا نەکرابووەوە لە بیروباوەڕی کۆنی میسر و لەسەرچاوە سەرەکییەکەی، ئەمەش ئەوە بوو ترسان لە مردن و حەزکردن لە نەمری لە ژیانی دواڕۆژدا بەند کرد بوو، لەلای ئەوان پێکهاتەیەکی ئەخلاقی چەسپاویان نەبوو، بەڵکو تەنها چەند هەڵسوکەوتێکی باشیان هەبوو ژیانی ڕۆژانەی بەڕێدەکرد.

دواتر ڕۆیشتووینەتە سەر شرۆڤەکردنی ئەخلاق لەلای شارستانیەتی فارسی، ئەمەش لە میانەی هزری زەردەشتی، چونکە نە ئەخلاق و نە فەلسەفە لە شوێنەواری ئایین جیا نەکراونەتەوە، لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەخلاق لەلای فارسەکان بریتییە لە تێڕوانینی دوانەیی (خێر و شەڕ، گیان و ماددە)، زەردەشتییەکان ڕووناکیەکی تریان دەرخست، بانگەشەی دەکرد بۆ خێری گشتی، کە بنچینەی جیهان و بوونە.

لە دوای شارستانیەتی فارسی شرۆڤەی ئەخلاقمان کرد لەلای شارستانیەتی کۆنی هیند، کە ئاینی براهمیەت دەرکەوت لە ڕێکخستنی ئەخلاقدا، گەندەڵی چەشنی زۆرەملێ و چینایەتی، بەمەش دواتر بوزیەت دەرکەوت، توندی جیاوازی چینایەتی کەم کردەوە، بە بانگەواز کردن بۆ یەکسانی، بەڵام ئاراستەی ڕەشبینی زاڵە بەسەر سروشتی ئەخلاقدا، بە بانگەوازی کردن بۆ هەڵاتن لە ژیان و حەز کردن لە ژیانی دونیانەویستی و دەستگرتنەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەینە باسی شارستانیەتی چینی، کە جیاوازە لەوانی تر لە شارستانیەتە خۆرهەڵاتیەکان، ئەخلاق جیابووەتەوە لە زاڵبوونی ویژدانی ئاینی، بیرۆکەی "واجب" بنچینەی هەڵسوکەوت و بەها و ڕێبیرە باڵاکان و نموونەی باڵا، کە حوکمی زیاتر لە ملیارێك چینی دەکات.

**یەکەم – ئەخلاق لای میسرییە کۆنەکان:**

ڕووداوەکانی مێژوو پێشەکی و پێشەنگی، ئەگەرچی بەتاڵیش نەبێ لە بازدان و پچڕان و شتی پێشبینی نەکراو، ئەوا زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوە، گێڕانەوەیەکی مێژوویی پێکدێنێت، چاکترین چیرۆك بۆ مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە، دەگێڕێتەوە بۆ بناغە دانان بۆ گێڕانەوە مەزنەکانی، بەمەش مێژووی مرۆڤایەتی پێی پێکدێنێت.

زۆربەی توێژینەوەکان شارستانیەتی خۆرئاوا دەبەستنەوە بە شارستانیەتی یۆنانیەوە بە شێوەیەکی توند. لەسەر ئەو بنچینەیەی بناغەی سەرەتاییەکەی پێکدێنێ، بەمەش هەموو گەشە و بنیاتێکی ئاڕاستەیی دەدرێتە پاڵ یۆنان. بەڵام بەشداریەکانی گەلانی خۆرهەڵات، هاوشێوەی ئەو تۆوەیە کە لە ناخیدا سروشتی درەختی هەڵگرتووە، هیگڵ جەختی لەمە کردۆتەوە لەم وتەیەیدا: "لە ئاسیا ڕووناکی ڕۆح بەنهێنی وەرگیراوە، ئینجا مێژووی گشتی دەستی پێکردووە"[1]. بەهەمان شێوە ویل دیوارنت جەختی لەسەر کردۆتەوە "لە ئاسیاوە دەستی پێکردووە، تەنها لەبەر ئەوەش نا کە ئاسیا شانۆیەك بووە، بۆ کۆنترین شاری ناسراو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم شارستانیەتانە بنچینەی شارستانیەتی یۆنانی و ڕۆمانیان پێکهێنا، کە سێر هنری بە هەڵە پێی وابووە تاکە سەرچاوەیە کە سەردەمی نوێ لێی هەڵهێنجابێ، سەرمان سوڕدەمێنێ کە دەزانین چەند شتی پێویستی ژیانمان و سیستەمی ئابووری و سیاسیمان، چەند لەو زانست و ئاداب و فەلسەفە و ئاینانەمان دەگەڕێنەوە بۆ میسر و خۆرهەڵات"[2]، بەڵام کەمی بەڵگەنامە مێژووییەکان، وایان

---

(1) هيجل، محاضرات في فلسفة التاريخ (العالم الشرقي، ترجمة إمام عبجالفتاح، امام ج ٢ دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ط ٢، ٢٠٠٥، ص ١٢.

(2) ديوارنت، قصة الحضارة، المجلد الأول، ترجمة مجموعة من المترجمين، لجنة التأليف والترجمة والنشر، سنوات متفرقة.

کردووه زۆربەی تێڕوانینەکان پێیان وابێ شارستانیەتی یۆنانی بریتییە لە موعجیزە و نموونەی ئەخلاق بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

ئەخلاق تیۆرێکە، بەوشێوەیەی تیۆرە فەلسەفیەکان دایدەڕێژن، پێکدێت لە کۆڵەگە و ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنی گشت هەڵسوکەوتێکی مرۆیی، مرۆڤ هەست بەمە بکات یان نا.

ئایا میسرییە کۆنەکان خاوەنی چەمکی بناغەیی ئەخلاقین؟

ئەخلاق لە شارستانیەتی میسڕیدا دەرکەوت لە وێنەی بیروباوەڕێکی ئاینیدا، بانگەوازی دەکرد بۆ ڕەفتاری باش بۆ دادگەری و جێگیری و بەردەوامی جێگایەکی تێبینکراوی تێدا هەیە، نەیانتوانیوە هیچ ڕێبازێکی فەلسەفی بە مانا ڕاست و دروستەکەی بەرهەم بهێنن. چونکە ئەو ڕێنماییە بەرزانەی دانایانی میسڕ هێنایان، سەرباری بەرزی ئەخلاقی، بەڵام هەر پێویستیان بە پێوەری عەقڵی هەبوو کە لۆژیك ڕێکی بخات، خولیایەکەی بۆ جیهانی نەبینراو ڕێك بخات، ئاڕاستە جادووییەکەی کەم بکاتەوە کە زاڵبوو تیایدا، بەمەش ڕەگەزی ئەخلاقی لەم تێکەڵەیە بێ سەروبەردا ون دەبێ. تێکدەشکێ و پەرش و بڵاو دەبێ، لایەنی ئەخلاقی تایبەتمەند، سەربەخۆیی وەرنەگرت لە شێوە داڕشتنێکی گشتیدا، بە پێی وتەی "شوفالییە": "وەك دوورگەیەکی بچوك وایە لە بیروباوەڕە پوختەکان، کە ون دەبێ لە نێو شەپۆلی فراوانی دەقە جادوویەکاندا"[1].

ئەمەیان ڕێگری ئەخلاقییە، لە شارستانیەتی کۆنی میسڕیدا لە باوەڕبوونەوە دروست بووە بە زیندووبوونەوە و بوونی ژیانێکی تر لە دوای دیاردەی مردن، ئەمەیان هەمووی لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی هەرمان و نەمری (خلود)دا بوو، گیان بۆ جەستە دەگەڕێتەوە و ژیانی دووەم بەسەر دەبات، بەڵام ئەم ژیانە پەیوەستە بە کردارەکانی مرۆڤەوە، بەمەش بیرۆکەی سزا و پاداشت دروست بوو، مرۆڤ سزا دەدرێ لەسەر کردەوە خراپەکانی کە کردوویەتی، پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەو ئەخلاقیەی کردوویەتی، ئەمەش هەڵسوکەوتی ئەخلاقی پێکهێنا و وەرگرت، بناغەکەی

(1) محمد عبدالرحمن مرحبا: مع الفلسفة اليونانية، منشورات عويدات، بيروت، ط ٣، ١٩٨٨، ص ٦٠.

بريتی بوو لەوەی مرۆڤ هەڵسوکەوت بکات بەپێی دادگەری و سیستەم و "ستەم لە خۆی و لەوانی تر نەکات، گوناه نەکات، خۆ دارنین لە تاوان و خراپەکاری بنچینەی هەرمان و نەمری و ڕزگاربوونە لە سزای خواوەندەکان لە ژیانەکەی تردا"[1]، ئا بەم شێوەیە ئەخلاق بەشێوەیەکی دیار دەرکەوت لە هزری (بتاح حوتب*) "وێنەی مرۆڤێکی دانای کێشاوە، کە دەدرەوشێتەوە بەهۆی ئەخلاقی جلەوگیرکردنی دەروون، کە یەکێکە لە بەردەکانی بناغە، لە هزری ئەخلاقی بەتایبەت لەلای سۆکرات و ئەفلاتۆن"[2]. خێزانی کردۆتە بناغەی ئەخلاق بەرزی، بانگەوازی بۆ چاك ڕەفتاری کردووە، کە هۆشیارکەرەوەیە بۆ ڕاستی و دادگەری. چونکە لە سیفەتە ئەخلاقکاندا، کە مرۆڤ پێی دەدرەوشێتەوە، بنچینەی هەرمان و نەمری دەبینێ، ئەمەش لە میانەی وتەکەیدا ڕوون دەبێتەوە: "خۆت بە ئەخلاقی چاك برازێنەوە، کار بۆ بڵاوکردنەوەی دادگەری بکە، بەمەش ژیان بۆ نەوەکانت لە پاش خۆت دەستەبەر دەکەیت"[3]، ئامانج لە سیفەتە ئەخلاقییە بەرزەکان، بریتییە لە شۆڕشی مانەوە و نەمری لە باو و باپیرانەوە، گوێڕایەڵی شوێنێکی بەهێزی هەبوو لە ژیانی خێزانیدا، "کەسی گوێڕایەڵ خۆشەویستی خوایە، ئەوەی گوێڕایەڵ نییە، خوا ڕقی لێیەتی... کوڕی کەسی گوێڕایەڵ ڕێز بەدەستدێنێ و بەشێوەیەکی چاك دەیاندوێنێ و ئامۆژگاریەکانی باوکی بە گوێچکەی ئەواندا دەدات... ئەو شتانە بۆ منداڵەکانی دەگرێتەوە – کە باوکی بۆی دەگێڕایەوە و باسی دەکرد –ئەوانیش بۆ منداڵەکانیان دەگێڕنەوە"[4].

---

(1) مصطفى النشار: تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، ج ١، دار قيا للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٩٨، ص ٢٧.

* بتاح حوتب: بیرمەندێکی ئەخلاقگەرایە، لە دەوروبەری ٢٧٩٩ پ.ز ژیاوە، چل و سێ تابلۆی ئەم بیرمەندە دۆزراونەتەوە، وەرگێڕدراون و بیرمەندان ناویانناوە دەستنوسی – حیکمەت –. مصطفى النشار: المصادر الشرقية للفلسفة اليونانية، دار فيأ للطباعة والنشر، ط ١، ١٩٩٧، ص ٧٦.

(2) مصطفى النشار: فكرة الألوهية عند أفلاطون وأثرها في الفلسفة الإسلامية والغربية، مكتبة مدبولي القاهرة، ط ٢ – ١٩٨٨ ص ٢٠.

(3) محمد عبدالرحمن مرحبا: الموجز في تاريخ الأخلاق، طرابلس لبنان، ط ١، ١٩٨٨، ص ١٥٩.

(4) محمد عبدالرحمن: الموجز في تاريخ الأخلاق (مرجع السابق) ص ١٥٦.

نموونەی هزری ئەخلاقی، کە (بتاح حوتب) پێشکەشی کرد، ئەو بیرۆکەیە بەند ناکات کە زاڵە بەسەر هۆشی مرۆڤی میسڕی، ئەویش ئەوەیە ژیانی دواڕۆژە، هەموو ئەخلاقی میسڕیەکان و ڕەفتارەکانیان پەیوەستن بە ڕێنمایەکی ئاینی شێوەی ژیانی ئاینی بەوان پێکدێنێ، کتێبی – الموتی – خەسڵەتی باشی تێدایە، ئەو ئەرکانە ڕووندەکاتەوە، کە لە ئەستۆی ڕۆحدان تا چاك وەڵام بداتەوە لە ساتی لێپرسینەوە لەسەر ژیانێکی نەبڕاوەی تر، ڕۆح لەبەردەم دادگایەکی خواوەندەکاندا دەوەستێ، ڕۆح دەڵێت: "هۆ سەروەرانی ڕاستی، من ڕاستیم هەڵگرتووە، من کەسم ئازار نەداوە، زیانم بەکەس نەگەیاندووە، هیچ یەکێکم لە نزیکانم نەخستۆتە تەنگوچەڵەمەوە، خواوەندەکانم هەڵنەخەڵەتاندووە لە قوربانیە هەڵبژێردراوەکانیدا، من پاکم، من پاکم، من پاکم"[1]، لێرەوە تێبینی بەیەکەوە بەسترانەوەی ورد دەکەین لە نێوان ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ژیانی دونیادا، ژیانی سەرەتا بە ژیانی دواڕۆژ، ژیانی دووەم، هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ هان بدات لەسەر کاری ئەخلاق و فڕێدانی کاری خراپە، بەتاڵ نەبووە لەو بیرۆکە ئەخلاقیانەی هەڵهێنجراون لە هەستکردن بە سۆزی خێر و شەڕ، زیان گەیاندن بە ئەخلاقکان وەك بوێری و ئارامگری و ڕەحمەت.

ئەم هزرە ئەخلاقیانە بەشداربوون لە دامەزراندنی زانستی ئەخلاق بە مانای تیۆری ناسراو، بەتایبەت لە شارستانیەتی یۆنانیدا لەسەر دەستی ئەفلاتۆن، ئەمەش ڕوون دەبێتەوە لەوەی ئەفلاتۆن نووسیویەتی لە گفتوگۆی "یاساکان"دا، کە لە نێوان کلیناس و ئەسینایوس ڕوویداوە "...کاتێك پێت دەڵێم ئەوان لەوەتەی کاتێکی زۆر لەپێشتر ئاشنای هەمان ئەو ڕێبیرانە بوونە کە ئێمە ئەمڕۆ قسەیان لەسەر دەکەین، بڕیار دەدەین لەسەر ئەوەی گەلانی خۆیان ڕاهێناوە لە منداڵیەوە لەسەر پێویستی نموونە و جێبەجێکردنی ئەخلاق"[2].

---

(1) كتاب الموتى: نقله إلى العربية د. فيليب عطية، مكتبة مدبولي، القاهرة ١٩٨٨، ص ٦٥.

(2) مجدي الكيلاني: الفلسفة اليونانية من طاليس إلى أفلاطون (دراسة مصرية)، الإسكندرية ٢٠٠٩ ص ٤٢٢.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Philosophers 798 c – d – ▯▯▯ a-platon: laws: the lives of the most eminent

شارستانیەتی میسرِی بایەخێکی زۆری هەیە لە توێژینەوەی مێژووی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤایەتی، بۆ هەڵهێنجانی ڕێڕەوی مێژوویی هزری ئەخلاقی، ئەوەی تێبینی دەکەین ئەوەیە تێگەیشتنێکی مردووی فیزیایی هەیە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی ئەخلاقی کۆن، خۆی لە ڕاڤەی ئامانجگەرا دەبینێتەوە بۆ گەردوون و مرۆڤ بە یەکسانی. مرۆڤ لە ڕەوشت و هەلسوکەوتیدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات "هەر هەڵسوکەوتێکی مرۆیی ئامانجێکە دەویسترێ بەدەستبخرێ، ئامانجەکان پلە و جۆریان هەیە، هەیانە ئامرازە بۆ ئامانجێکی تر، هەشیانە ئامرازە بۆ ئامانجێکی دوورتر، بەڵام پێویستە ئامانجەکان لەلای ئامانجێکی دوایی کۆتایی بێ"[1]. ئەمەش وایکردووە سروشتی کرداری و ڕاڤەی ئامانجگەرا زاڵ بێ بەسەر سروشتی ئەخلاقی لە شارستانیەتی میسرِیدا، سەرباری ئەمە ئەوە نموونەیەکە شوێن پێی هەڵدەگیرێ، بەپێی گوزارشتی هیگڵ "پێشینان وا سەیری میسرِیان دەکرد بەهۆی ڕێکخستنە داناییەکانی، وەك ئەوەی نموونەیەك بێ بۆ دۆخی ئەخلاقی ڕاستەقینە، ئەو نموونەی باڵایە لە پاڵ نموونەی باڵادا، کە فیساغورس لە کۆمەڵە بچوکە دەستەبژێرەکەی دەستەبەری کردووە، کە ئەفلاتۆن وێنای کردووە بەشێوەیەکی مەزنتر و لەسەر ئاستێکی فراوانتر"[2].

لە کۆتاییدا دەمانەوێ لەبارەی قسەکردنمان لەسەر ئەخلاق لە شارستانیەتی میسرِیدا، ئەوە بیر بخەینەوە بەپێی گوزارشتی ئبن خەلدون "مێژوو هەلوەستەمان پێدەکات لەسەر دۆخی ڕابردووی گەلان لەبارەی ئەخلاقیانەوە، پێغەمبەران لە ڕێبازی ژیانیان، پاشاکان لە دەوڵەت و سیاسەتەکانین، تا سوودی شوێن پێهەلگرتن بۆ ئەوانە بێ کە ئەخلاق دەبینن لە دۆخی دین و دونیادا"[3].

---

(1) زيد عباس كريم: اسبينوز الفلسفة الأخلاقية، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت ٢٠٠٨، ص ٢٧.

(2) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ (عالم الشرقي) (مرجع السابق) ص ١٩٧

(3) عن هاشم محي الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٧، ص ٣.

ئەو سودەی هەڵیدەهێنجین لە توێژینەوەی ئەخلاق لە شارستانیەتی میسرِیدا، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر بیرۆکەیەك، کە بریتییە لەوەی درککردنی ئەخلاقی ڕەگەکانی لە ژیانی خێزانەوە دەردەچێ، بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ئامانجی کۆتایی ئەویش ژیانی دوارِۆژ و نەمرییە، ئەخلاقی میسرِ سەرباری بەرزیەکەی دەرناچێ لە بازنەی ئەخلاقی کرداری، کە زیاتر بایەخ بە هەڵسوکەوت دەدات و زیاتر تیۆری بۆ دادەنێت، بزوێنەرەکەی ڕێنمایی ئاینیە، هێشتا لە چنگی ئایین و ترسان لە خواوەندەکان ڕزگاری نەبووە، تا پەنا بباتە بەر عەقڵ و بە زانست بیگۆڕێتەوە و لە نەریتە باوە ئاینیەکان جیای بکاتەوە، تا دەگەینە سێکوچکەی سۆکراتی ئەفلاتۆنی ئەرِستۆیی، بەمەش ئەخلاق ڕێچکەیەکی تر دەگرێ.

**دووەم – ئەخلاق لە شارستانیەتی فارسیدا:**

گەورەترین دیاردەی بنەڕەتی لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ، بریتییە لە سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئاینی، لەبەر ئەوەی ئایین بنچینەی بنەما ئەخلاقیەکانە، ئەو بنەمایانەی ڕێڕەوی ژیان ڕێکدەخەن بەرەو پێشکەوتن و بەرزبوونەوە، زانیمان شارستانیەتی کۆنی میسر بە گۆزەی خۆی بەشدار بوو لە پێشخستنی هزری ئەخلاقی، بایەخی داوە بە ئەخلاقی کرداری، خاوەن هەڵسوکەوتێکی ڕێك و تۆکمە بوون، کە لەسەر دادگەری و بەرزترین ئەخلاق دامەزرابوو، هەروەك بیروباوەڕە بنەڕەتییەکەیان لە دادگایی کردنی مردووواندا وێنەیەکی جوان بوو، بیرۆکەی ئەوانی ڕوون دەکردەوە لەبارەی خێر و شەڕ، وەك ڕۆیشتن لەگەڵ ئامانجەکەمان لە ڕوونکردنەوەی شوێنەواری شارستانیەتە خۆرهەڵاتیەکان لە پێکهێنانی ئەخلاق و بەشداربوونە بەراییەکەیان لە پێکهێنانی ئەخلاقی تیۆریدا، لەلای ئوممەتێکی مەزن هەڵوەستە دەکەین، خاوەن مێژوویێکی زۆر دوور و درێژ و کۆنە، بە ڕوودا و بەسەرهاتەکانی دەوڵەمەندە، زۆر شتی لێوەردەگرین سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە لایەنی ئەخلاقی پێکهێنەری قەوارەی مرۆیی، ئەویش شارستانیەتی فارسییە، یان وڵاتی فارس یاخود بە دەربرِینی هاوچەرخ ئێرانی کۆن. ئایا سروشتی ئەخلاق چییە لەم شارستانیەتەدا؟.

ئەو ئاینەی باوبوو لەلای فارسەکان تا پێش سەدەی شەشەمی زاینی بریتی بوو لە پەرستنی هێزە سروشتیەکان" فەرمانی دەکرد بە پەرستنی چوار ڕەگەزەکە، ئاگر (خۆی دەبینێتەوە لە دوو هەسارە مەزنەکە، خۆر و مانگ و هەوا و ئاو و گڵ، بە پیرۆزگرتنی گشت دیاردەکانی سروشت"[1].

"هێزە سروشتیەکان ڕۆڵێکی مەزنیان گێڕا لە پێکهێنانی بیروباوەڕی بەرایی فارسەکان، مترا خواوەندی خۆر بەهێزترین پەرستراو دادەنرا و لە هەمووان زیاتر بڵاوبووەوە، لە پاڵیدا چەند خواوەندێکی تر هەبوون، کەمتر لەو بڵاوببوونەوە، ئەم خواوەندانە بینراون وەك "ئەناهیتا" خواوەندی زەوی و پیت و فەڕ و جگە لەوانیش"[2].

بەڵام بە هاتنی سەرەتاکانی ساڵی ٥٨٠ پێش زایین، زەردەشت(*) دەرکەوت بە ئاینە نوێیەکەی، ئەویش "زەردەشتیەت" بوو، لە سایەی ئەم ئاینانە فارسەکان تێڕوانینی تیژیان هەبوو لە ئەخلاقی کرداریدا، لەلای ئەوان وەك زۆرێکی تر جگە لەوان ئەخلاق پەیوەستە بە ڕێنماییەکان و بنەماکانی ئاینەوە. بیروباوەڕی زەردەشتی لایەنی بیروباوەڕی و پەرستش و لایەنی یاسادانانی ئەخلاقی دەگرێتەوە، چەندین پرسی لاهوتی پێشکەش کردووە، تاوتوێی بنچینەی بوون و

---

(1) سعيد مراد: مدخل في تاريخ الأديان، مصر، ط ١، ٢٠٠ ص ١٣٩.

(2) صلاح مصطفى الفوال: سوسيولوجيا الحضارات القديمة، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٢ ص ٢٢٠.

* لەبارەی لەدایکبوونی زەردەشتەوە، گێڕانەوەکان فرە جۆرن، هەیانە وتویەتی لە سەدەی دەیەمی پێش زاییندا لە دایك بووە، هەشیانە وتویەتی لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە دایك بووە، بەڵام یەکێك لە پسپۆران لە ئاینی زەردەشتیدا کە جاکسونە لە ڕێگای توێژینەوەی وردی پەیوەست بە دیاری کردنی کاتی لەدایکبوونی زەردەشت، وتویەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زانین ١/ ٧ لە دایك بووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش زایین مردووە "١٠٤١" بڕوانە: حسين بيرانيا تاريخ ايران القديم، ترجمة محمد نور الدين عبدالمنعم والسباعي محمد السباعي القاهرة ١٩٩٥ ص ٣.

* ئەلزەند ئاڤێستا: کتێبی پیرۆزە لای فارس، هاوەڵان و شوێنکەوتووانی زەردەشت وتە و نزا و بنچینەکانی بیروباوەڕەکەی تیایاندا کۆ کردۆتەوە، کە زەردەشت بانگەشەی بۆ کردووە، شوێنکەوتوان ناویان لێ ناوە "ئەلئەبستا" و "ئەلبەستاق" وەك بە عەرەبی کردنی وشەی ئاڤێستا، کە ماناکەی "بنچینە یان بنەڕەت یاخود دەق یان پشتێنە — بڕوانە: سيعد مراد، مدخل في تاريخ الأديان، مصر، ط١، ٢٠٠، ص ١٤٩.

دروستکردنی جیهان و ژیانی دواڕۆژ و چارەنووسی مرۆڤ لە دوای مردن کردووە، گشت ئەم پرسانە لە لە کتێبی "ئەلزەند ئاڤێستادا"(*) هەن.

بیروباوەڕی فارسەکان بەوە جیا دەکرێتەوە کە خاوەنی هاوسەنگیەکی سۆزداریە، تایبەتمەندی بەرزی ئەخلاقیشی هەیە، سەبارەت بە بیرۆکەی خواناسی، ئەوا تایبەتمەندە، لە ئێستادا سروشتی نەرێنی پێکدێنێت، کە بڕیاری پێ لەسەر بیروباوەڕی فارس دەدرێ، ئەویش دووانەی ڕەسەنە، بەردەوام گەشەی کردووە و زیادی کردووە بە درێژایی نەوەکان، بەپێی وتەی هیگڵ "هەردەم ئەم دووانەی بە کەم و کورتی یان کرچ و کاڵی لە هزری خۆرهەڵاتیدا دادەنرێ"[1].

جیهان شوێنەواری دوو خواوەندە، یەکەمیان خواوەندی "خێرە" ئەویتریان خواوەندی "شەڕە"، ئاماژە بە هی یەکەم دەکرێ بە "ڕووناکی" و بە دووەمیش بە "تاریکی"، ڕووناکی ئەو خێر و ئەخلاق ڕووتەیە کە هەمووان بە یەکسانی دەتوانن لێی نزیك ببنەوە"[2]، ئەم ڕووناکییە لە یەك خواوەندەوە دەردەچێ ئەویش "ئەهورامزدا"یە، دیوارنت دەڵێت "(ئەهورامزاد) وەك زەردەشتییەکان وەسفیان دەکرد حەوت دیاردە یان نۆ سیفەتن، ئەوانیش ئەمانەن: ڕووناکی و عەقڵی بەپیت، ڕاستی، دەسەڵات، لەخواترسان و خێر، نەمری، گەورەی ئەم کۆمەڵەیە لە شەیتانەکان "ئەنکرا – مینبوما"یە یان "ئەهریمەن" میری تاریکی و کاربەدستی جیهانی خوارووە، جۆری پێشووی شەیتانە، لە ئەنجامدانی کاری خراپە ناوەستێ، ئاماژە بەوە دەکات جولەکەکان بیرۆکەکەی ئەویان بردووە لە فارسەکانەوە، دواتریش مەسیحییەت لەوانەوە بردوویەتی، نموونەی ئەمەش ئەوەیە ئەهریمەن ئەژدیها و مارەکان و جانەوەرە ئازاردەرەکانی دروست کردووە، ئەم تاوانانە کە شەیتان پەیدای کردوون بوونە هۆی بەدەرنانی دوو باپیرەی باڵای ڕەگەزی مرۆیی لە بەهەشت، کە ئەهورامازدا لەوێی دانابوون"[3].

---

(1) هیجل: محاضرات في فلسفة التاريخ (العالم الشرقي)، مرجع سابق، ص ١٥٢.

(2) مرجع سابق، ص ١٤٧.

(3) ول ديوارنت: قصة الحضارة مرجع السابق ص ٤٢٩.

بەم پێیە  خێر و شەڕ لە ململانێیەکی بەردەوامدایە، ململانێی نێوانیان شانۆکەی تەنها کۆمەڵگە نییە، بەڵکو خودی تاکیشە. هێزی دەروون لە نێوان کێشکردنی دوو سەرەدایە.

ئەگەر مرۆڤ جێگیری هەتا هەتایی بۆ خۆی بوێت، پێویستە زاڵ بێ بەسەر ئاڕاسەی شەڕ لە دەروونی خۆیدا، شوێن ڕێگاکان بکەوێت، گومان لەوەدا نییە سەرکەوتنی لایەنی خێر لە ناخی هەر تاکێکدا بەسەر لایەنی شەڕدا، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەخلاقکاران بەسەر خراپەکارادا.

زەردەشتیەکان ڕێنماییەکانی خۆیان بنیاتناوە لەسەر پێویستی یەکخستنی هێزی خێر بۆ دژایەتی کردنی هێزەکانی شەڕ، کە دەمانەوێ بەسەر مرۆڤدا زاڵبێ، ئاگاداربێ لە هەر کەمتەرخەمیەك لە دژایەتی کردنی شەڕ لە پێناو ڕازی کردنی ئەهورامزاد (خواوەندی ڕووناکی) مەزن، کە سەرەتای بوونی ئەو نییە، هیچ کەم و کورتیەکی نییە — واتە کۆتایی بۆ نییە، هیگڵ دەڵێت "لەگەڵ تێڕوانینی فارسی بەیەکدەگەین لە هەناسەیەکی بێگەرد و فوێك لە فووەکانی گیان، لێرەوە گیان دەڕوێت لەو یەکێتیە سەرەکییەی سروشت"[1]. گیان بە ڕێنماییە ئەخلاقییەکانی زەردەشتی بەرز دەبێتەوە، "ئێمە لێرە لە فارس بۆ یەکەم جار دەبینین ئەو ڕووناکییە دەردەکەوێ، کە خۆی ڕووناك دەکاتەوە و ئەوەی دووروونبەریشی ڕووناك دەکاتەوە، چونکە ڕووناکی زەردەشتی بۆ جیهانی هۆش و ژیری دەگەڕێتەوە"[2]، ئەم ڕووناکییە زیاتر دەردەکەوێ لە ڕێنماییە ئەخلاقکان، کە زەردەشت بانگەوازی بۆ کرد، نامەکەی نامەیەکی ئەخلاقی بوو، بایەخی دەدا بە بانگەواز کردن بۆ ئەخلاق، وازهێنان لە خراپە، خێری کردە ئامانجی هەرە مەزن و ئەو مەبەستەی، کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەین و تێبکۆشین بۆ دەستەبەرکردنی، زەردەشتیەکان بەختەوەری و ئاسودەییان بەیەکەوە بەستەوە، کاری ئەخلاق و گیان پاکیان بەیەکەوە گرێدا، کە ڕووناکی پێکی دەهێنێ "ڕووناکی جەستەی ئەهورامزدا[3]"یە، ئامانجی سەرەکی لە بوونی هەر

---

(1) هیجل محاضرات في فلسفة التاريخ، مرجع سابق، ص ٤٢٩.

(2) مرجع سابق، ص ١٤٥.

(3) مرجع سابق، ص ١٥٢.

مرۆڤ ئەوەیە پارێزگاری بکات لە خۆی و ئەم بێگەردیە بڵاو بکاتەوە لە دەوروبەری خۆی، ئەمەش لە ڕێگەی دادگەری دەبێ، دادگەری لەلای زەردەشت خۆی دەبینێتەوە "لە خۆداڕنین لە هەڵە، لە ڕێگەی زانینی دروستی گشت ئەوەی ڕاستە و ئەو ڕووناکیەی ئەم زانینە دەردەخات، ئەمەش تەنها سازاندنێکی هەربووی خواییە، ئەگەر ڕاستی بزانی خواش دەناسی، جیهان تەنها پێکهاتەیەکە، تا ڕێگەیەك بەرەو خوای ڕاست و دروست ڕێك بخات"[1].

دووەم مەشخەڵی ڕێی بەرەو خوا بریتییە لە هاریکاری "ڕێنماییەکانی زەردەشتی داوا دەکات هەموو وزە فەراهەمەکانی بەردەم تاك بقۆزرێنەوە، بۆ ئەوەی ژیان بەرز بکەنەوە و تاکی پێ بەختەوەر بکەن"[2]، ئەمە بانگەوازێکە بۆ خزمەتی ئەوانی تر بۆ گەیشتن بە خزمەتی خوا، سێیەم مەشخەڵی ڕێ ڕاستگۆییە "پێویستە بەڕێز بی نەك تەنها لە بیرکردنەوەتدا، بەڵکو لە قسە کردنیشتدا"[3]. زۆرێك لەو ئامۆژگاریانە بانگەواز دەکەن بۆ پاراستنی ژیان، بە یەکێك لە ئەخلاق ڕەواکان دایدەنێن لە پاڵ چاك خواردن پێدان، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر فارسەکان پێویست بوو زیندەوەرە زیندووەکان بپارێزن، درەختەکان بچێنن، کانیاو و جۆگەلەکان لێبدەن، بیابان سەو بکەن، تا ژیان و نەوە خستنەوە فراوان بێ"[4].

هەر بەرزیەکی ئەخلاقی دەدرەوشێتەوە لە میانەی بنەماکانی پاکژی و بڵاوکردنەوەی خاوێنی، ئەو داوا ئەخلاقیانەی زەردەشتیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە خەسڵەتدارن بە میهرەبانی و لێبوردەیی "دەڵێت ئەگەر کەسێك شەپۆلێکی تۆمەت و توانجی بەسەرتدا ڕشت، بەڵام پەشیمان

(1) سعيد مراد، المدخل في تاريخ الأديان، مرجع سابق، ص ١٥٦.

(2) محمد عبدالستار نصار: دراسات في فلسفة الأخلاق، دار القم الكويت، ط١، ١٩٨٢، ص ٢٩٢.

(3) سعيد مراد المدخل في تاريخ الأديان مرجع سابق، ص ١٥٦.

(4) هيجل محاضرات في فلسفة التاريخ (عالم المشرق) مرجع سابق ص ١٥٦.

بووەوە و لێت پاڕایەوە دوای ئەو کارە، ئەوا بە ڕاستگۆی دابنێ"[1]، ئەمە ئاماژەیە بۆ لوتکەی مرۆڤدۆستی لە ڕێنماییەکانی زەردەشتیدا.

ئەوەی ئەخلاقی زەردەشتی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە چالاکە "بانگەواز دەکات بۆ کار و تێکۆشان لەگەڵ دەروون و سەرکەوتنی بەسەر ئارەزوو و حەزە خراپەکان و بەخشین لە کرۆکی ژیانی کرداریدا"[2].

ئەگەر بمانەوێ ئەخلاقە بەرزەکان پوخت بکەینەوە، کە زەردەشتی بانگەوازی بۆ دەکات، ئەمانەن: دیاردەی هزر و وشە و کردار، ئەو ئەخلاقیەی لێی بەرهەم دێ بە کردار و دڵ، هەڵسان بە ئەنجامدانی کاری بەسوود و یارمەتیدانی ئەوانی تر، لە دەقەکەی هیگڵدا ڕوونکردنەوەی بنچینەکانی پاکژی بەدی دەکەین، کە خاوێنی مرۆڤ و دووربوونی لە پیسی دەهێڵێتەوە، پاکژی و پاك و خاوێنی هێمای ئەخلاقیە، پیسی هێمای شەڕ و خراپەیە.

مرۆڤ بە خاوێنی لە دایك بووە، کە شایستەی ئاسمانە، جارێکی تر خاوێن دەبێتەوە لە ڕێگەی بەرنامەی خزمەتکاری ئەهورامزدا، کە خودی خاوێنیە، ئەگەر مرۆڤ خۆی پاك نەکاتەوە لە ڕێگەی بەپیرۆزگرتنی بیر و وشە و کردار، "ئایا بیرۆکەی پاك چییە؟ ئەمە سەرەتای شتەکان سەخت دەکات، ئایا قسەی خاوێن چییە؟ ئەهورامزدای. کرداری پاکژ چییە؟ بریتییە لە پەرستشی بەترس و لەرزەوە بۆ فریشتەکانی ئاسمان، ئەوانەی جێماون لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی شتەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دەبێ مرۆڤ ئەخلاقکار بێ"[3].

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بیرۆکەی خێر و خێری هەرە مەزنی ئەفلاتۆن چەند شێوەیەکی لەو نزیکی بۆ دۆزرایەوە لەلای زەردەشتیەکان، ئەمە ئەو شتەیە کە بەهۆی کاریگەری

---

(1) مرجع سابق، ص ١٥٢.

(2) محمد عبد أستار نصار، دراسات في فلسفة الأخلاق، مرجع سابق، ص ٢٩٢.

(3) هيجل محاضرات في فلسفة التاريخ، (العالم الشرقي) ص ١٥٤.

شارستانیەتی خۆرهەڵاتی گۆڕدراوە لە دامەزراندنی بنەما ئەخلاقییەکان یان بنەماکانی تر لە بنیاتنانی کۆڵەگەی بەتیۆردانان و ئەخلاقگەرایی، کە زیاتر لە شارستانیەتی یۆنانیدا دەردەکەوێت.

کاتێك جەخت دەکەینەوە لەوەی ڕاسپاردەی گشتی و مەزن کە ڕێنماییە ئەخلاقیەکانی زەردەشتی پێشنیازیان دەکات ئەمانەن: پاکژی جەستەیی و ڕۆحی، کە پشت دەبەستێ بە نوێژکردنی زۆر بۆ ئەهورامزدا یان خێری مەزن بە دەربڕینی ئەفلاتۆن "خێر یەکە، لە ناوەڕۆك و ئامانجەکەیدا، هەر چەندە ناوەکانی جۆرا و جۆر و زۆر بن، زەردەشتی تاکە ئاین نییە لە شارستانیەتی فارستیدا، بەڵکو زەرقانیەت و متریە و مانویە و مزدکیە–ش هەن، هەموویان ئەو ئاینانەن کاریگەرن بە ئاینی ئاری و هیندیەکان، لە چەندین وڵاتدا بڵاوبووەتەوە بە تایبەت لە وڵاتانی ئاسیادا، لە دوو توێی خۆیدا زۆرێ لە بنەما ئەخلاقیەکانی لەخۆگرتووە، بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانەوە زۆر کاریگەری کردە سەر تاقمە ئاینیەکانی وەك جولەکە و مەسیحییەکان، تەنانەت هەندێك تاقمی ئیسلامیش، بەڵام ئیسلام ئەوی ڕووخاند و بەتەواوی بەسەریدا زاڵبوو"(1).

بەڵام ئەوەندە هەیە ئاینی زەردەشتی، بە گرنگترین ئاین دەمێنێتەوە کە شارستانیەتی فارسی ئاشنای بووبێ، بەهۆی گیانی پاك و ئەخلاقی چاك، ئاینی زەردەشتی ئاینی مرۆڤایەتی بووە، هەوڵیداوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك کە گیانی خۆشەویستی و هاریکاری تیایدا زاڵبێ، هەروەك دەروون بەرز دەکاتەوە بۆ بەرزترین پلەکانی پایەداری و خاوێنی.

### سێیەم – ئەخلاق لە شارستانیەتی کۆنی هیندیدا:

هیند بە بەشێکی گرنگ دادەنرێ لە وڵاتانی خۆرهەڵات، بە یارمەتیدەری شارستانی دادەنرێ، کە زۆرێك لە شارستانیەکان شتیان لێهەڵهێنجاوە، کۆنترین وڵاتی خۆرهەڵاتە کە داهێنانی کردووە لە بواری هزری فەلسەفیدا، فەلسەفی هیندی دەرکەوت و گەشەی کرد لە سایەی چەندین ڕێباز و قوتابخانەی فەلسەفیەوە، وایکردووە کرداری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر ئاڵۆز بێ، ئەمەش

---

(1) سعيد مراد المدخل في تاريخ الأديان (مرجع سابق) ص ١٦٨.

بەهۆی فرە جۆری ئەم ڕێباز و زۆری نووسین و ئەو کەسایەتیانەی گوزارشتی لێ دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا گرنگترین خاسیەت کە جۆری بیرکردنەوە لە هیند تایبەتمەند دەگات، بریتییە لەوەی "فەلسەفەی هیندی، فەلسەفەیەکی ڕۆحییە بە پلەی یەکەم"[1].

هزری کۆنی خۆرهەڵات بە دانایی کرداری تایبەتمەندە، واتە بە پەیوەندی ئەندامی لە نێوان هزری و کرداری و تیۆری و واقیع، عەقڵ و جێبەجێ کردن، فەلسەفەی هیندی لەم خاسیەتە نەچووە دەرەوە، چونکە "فەلسەفەی هندی بۆ ژیانە، وەك ڕێگەیەکی ژیان وەردەگیرێ، ئەرکەکەی بریتییە لەوەی وا لە بوونەوەر بکات بەرزتر و ژیان دەوڵەمەندتر بێ، تەنها تیۆری ڕووتی دابڕاو یان براگماتی نییە، دانای هیندی فەلسەفەکەی زیندوو دەهێڵێتەوە و لە کەسایەتی خۆیدا بەرپای دەکات و لەگەڵی ڕێك دەبێ"، لەم چەشنە گشتییەدا پرسیار لەبارەی لایەنی ئەخلاقی دەکەین لەم شارستانیەتەدا. ئایا سروشتی ئەخلاق لە هیندا چییە؟ چ شتێك جیای دەکاتەوە؟

ئاسان نییە جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەفسانە و ئایین و ئەخلاق، هزری ئەفسانەیی خەیاڵی بەتایبەت ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە لە هزری هندیدا بەگشتی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە لەلای کەسایەتی تاکی هیندی، بەپێی دەربڕینی هیگڵ گیانێکی خەون بینە، دەڵێت: "دەبێ بە وردیەکی زیاتر خاسیەتەکانی گیانی خەون بین دیاری بکەین، بەو پێیەی بنەمای گشتیە بۆ سروشتی هیندی، تاك لە دۆخی خەوندایە، واز دێنێ لەوەی بەخۆی هۆشیار بێ، بەوەی بتوانێ جیاوازی بکات لە نێوان خۆی و بوونەوەرە بابەتیەکاندا، بەڵام کاتێك بە ئاگا دێتەوە دەبینێ بووەتە هۆی بوونی خۆی و بوونەوەرەکانی تر دەبنە نموونەیەکی دەرەکی و ناوەڕۆکێکی بەرامبەرم، وەك چۆن من بەرامبەری ئەوم، گشت بوونی بڵاودەبێتەوە بەوپێیەی شتێکی دەرەکییە"[2].

---

(1) د. مصطفى النشار، تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، ج١، دار قبأ للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٩٨، ص ٤٧.

(2) علي زيعور، الفلسفات الهندية، دار الأندلس، بيروت، ١٩٨٢، ص ٦٨.

لە بەسترانەوەیەکی عەقڵی و شێوەیەك لە پەیوەندیەکاندا، تیایدا بوونی خودی تاکەکە دەبێتە ئەندام، ئەویش بوونی تاکییە، یەکدەگرێ لەگەڵ ئەم هەمووە گشتگیرە، ئەمە بازنەی تێگەیشتنە. بەپێچەوانەوە، ئەم جیابوونەوەیە هیچ بوونێکی بۆ نییە لە دۆخی خەوندا، ڕۆح بەوە واز دێنێ بوونی خۆی پێچەوانەی بوونی دەرەکی بەرامبەر بێ، ئا بەم شێوەیە بەگشتی جیابوونەوەی دەرەکی و تاکی بەرامبەر گشتگیری و ناوەڕۆکداری بەسە، دواتر تاکی هیندی خەون بە گشت ئەوەوە دەبینێ کە ئێمە ناوی دەنێین کۆتایی هاتوو و تاکگەرایی. "لە هەمان کاتدا – بەپێی ئەوەی بێ سنوور و گشتییە بەشێوەیەکی کۆتایی نەهاتوو – شتێکی خوایی تێدایە، ڕوانینی هیندی بۆ شتەکان تەواو ڕوانینی یەکێتی بوونی گشتییە، بەڵام یەکێتی بوونە بۆ هێزی خەیاڵ نەوەك بۆ هزر"[1].

هزری هیندی سەرسوڕهێنە، بە ئەندازەی سەرسوڕهێنی خاکەکەی، هەر بۆیە بە هیند دەوترێ خاکی سەرسوڕهێنەکان، هەڵسوکەوتی وا بەدی دەکەین کە زۆر نامۆن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوکەوتی ئەخلاقین، ئەخلاقی وای تێدایە زۆرێك پێیان باشە، وەك: "نەریتی خۆسوتاندنی ئافرەتان، لە دوای مردنی هاوسەرەکانیان، یان منداڵەکانیان"[2].

بیرۆکەی قوربانی بەخۆدان زۆر باوە، ئەمە هەمووی لە بازنەی نەبوونی دەرناچێ، کە بنەڕەتی فەلسەفەی هیندیە، نەمان فەنابوون ئامانجێکی خوازراوە، هیگڵ دەڵێت: "ئەخلاق و ڕێزی مرۆڤایەتی نەزانراوە لەلای ئەوان، هەوەسە خراپەکان ڕۆڵێکی تەواو دەگێڕن، ڕۆح لە جیهانی خەونەکاندا سەرگەردان دەبێ، برزترین دۆخ دۆخی نەمان یان فەنابوونە"[3].

لەم گۆشە نیگایەوە تەسەوف و دونیا بەکەمزانی ڕێگەی یەکەم و بنەڕەتین، هەموو ئەو ئاینانە بانگەوازیان بۆ کردووە کە شارستانیەتی هیندی ئاشنایان بووە، تا وایلێهاتووە بووەتە یەکێك لە

---

(1) هیجل، محاضرات في فلسفة التاريخ، ج٢ (علم الشرق) مرجع سابق، ص ٩٩.

(2) المرجع نفسه، ص ١١٢، ١١٣.

(3) المرجع نفسه، ص ١١٢، ١١٣.

تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی، تەنگوچەڵەمەکان کرۆکی بیروباوەڕی هیندین، دەستگرتنەوە و سزادانی جەستە لە ئامرازەکانی پاکسازی و پوختەکردنی دەروونە". لێرەوە درەوشاوەترین ڕەنگ لە وێنەی فەلسەفی هیندیدا دێت کە ڕەشبینیە، لێرەوە توندگیری لەگەڵ ژیان و جەستە و تێگەیشتنی ڕەش بۆ بەختەوەری دێت"(1).

ژیانی ئاینی لە هیند، بە ئاینەوە بەستراوەتەوە، بەتایبەت براهمیەت(*) و بوزیەت، لەم دوو ئاینەدا سروشتی ئەخلاقی بەدی دەکەین، کە ژیانی هیندی پێی جیا دەکرێتەوە، ئاینی براهمیەت لەسەر دوو بیرۆکەی دامەزراوە ئەمانەن:

أ- یەکێتی بوون: هەموو بوونەوەرەکان لە یەك خواوەندەوە هاتوون.
ب- گیانگۆڕکێ (تناسخ الأرواح): ڕۆح بە لەناوچوونی ئەو جەستەیە لەناوناچێ کە تێیدایە، بەڵکو لە جەستەیەکی ترەوە دەچێ بۆ جەستەیەکی تر، تا خاوێن دەبێتەوە لەوەی پێیەوە لکاوە لەو کاتەی لە ناو جەستەی پێشوودا بووە.

ئەخلاقی کرداری بەم دوو بیرۆکەیە بەستراوەتەوە. باوەڕبوون بە یەکێتی بوون و بەوەی مرۆڤ دیاردەیەکە لە دیاردەکانی خواوەند "براهما" و دەکرێ لەگەڵی ئاوێتە ببێ، دەیتوانی وا بکات

---

(1) د. علی زیعور: الفلسفات الهندیة. مرجع سابق، ص ٥٧.

* براهمیەت: "یەکێکە لەو دوو ئاینە ناودارانەی لە وڵاتی کۆنی هیند هەن، دەدرێتە پاڵ براهما "خواوەندی گەورە" یان مەزن، یەکێتی خواوەندەکان لەودا کۆبوونەتەوە، ناوی براهما داتاشراوە لە چەند ڕەگ و ڕیشەیەك ئاماژەکی دەخولێتەوە بە دەوری گەشە و چالاکی یان وزە و هێزی خوایی، دواتر لە دواییدا دەخولایەوە بە دەوری ڕۆح و بنچینەی گەردوون یان جیهان، ئەم وشەیە زاراوەیەکی ئاینی هەیە لە هیندۆسیەتدا، سەرەتا ئاماژە دەدات بە خواوەندی کەسی براهما لە ڕێنماییە دواییەکانی براهمادا، دووەمیان ئاماژە دەکات بە براهمییەکان، ئەوانیش چینی قەشەکانن، کە چینی یەکەمن لە سیستەمی دینداری هیندیدا، سێیەمیان ئاماژە دەکات بە مانای براهما کە مەبەست لێی گیانی جیهان یان گەردوونە، ئەویش هێزێکی بەرایيە یان کەسێکی بێ لایەن نییە لە ڕەگەزی خۆیدا و جوڵاوە و یارمەتیدەری هەمووان و بنەمای یەکەمە. لە سەرەتادا براهما کە شیاوی وەسفکردن نییە، ماددەش نییە، بە نەرێ و ئەرێنی وەسف دەکرا ئەویش هەموو خواوەندەکانن، تەنانەت مرۆڤیش دەگرێتەوە، هەمووان براهمان، براهماش هەمووانە، گیانی جیهانە یان گیانی جیهانیە" بڕوانە: سعید مراد: المدخل فی تاریخ الادیان ص ١٠٣.

پەیوەندی نێوان تاك و خواوەند لەسەر بنچینەی گوێڕایەڵی تەواو دابمەزرێنێ، بەهۆی ئەو ڕێنمایی خواییانەی دەیدات. بەشێوەیەك ڕەزامەندی ئەو بەم گوێڕایەڵیە بەدەستدەخات و دەبێتە ڕێگەیەك بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵی و تێدا توانەوەی، دواتر ئەم هەڵوەستەیە ڕەنگی دایەوە لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان لە سایەی ئاینی براهمیەت، ژیانێکی دونیا بەکەمزانانە و دەستگیراوانەیان گوزەراند، پشتیان لە لەزەتەکان و خۆشیەکانی کرد، لە پێناو گەیشتن بەوپەڕی پلەکانی بەختەوەری ئەویش "ئەلنرفانا"یە(١).

لە سایەی ئەم ئاینە سیستەمی چینایەتی بەرپابوو (**)، بەمەش بنەمای چاکتربوون و پلەبەندی خەڵك بەپێی ڕەچەڵەکی بەراییان سەریهەڵدا. ئەمەش ڕەنگی دایەوە لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی تاکەکان. کۆمەڵگەی هیندی بە جەستەی خواوەندی مەزن "براهما" چواندووە، بۆ چوار بەشی سەرەکی دابەشی کردووە، چینی پێنجەم نەویستراوە. چینە بنەڕەتیەکان بەپێی ڕیزبەندی و بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتییە: "چینی پیاوانی ئاینی: خۆی دەبینێتەوە لە سەری خواوەند "ئەلبراهماس"، چینی جەنگاوەران: "کشترایا" خۆی لە باڵەکانی خواوەند دەبینێتەوە، چینی بازرگان و پیشەساز و جوتیاران: "فیشایا" کە ڕانی خواوەندە، چینی کۆیلە و کەنیزەکەکان: ئەوانیش پێی خواوەند "شودرا"ن، چینی نەویستراویش هیچ یەکێك لە شوێنکەوتووانی خواوەند "براهما" لەخۆناگرێ، بەڵکو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە شوێنکەوتووی ئەو نین، دانانێن بە براهمیەت وەك ئاین، لەگەڵ هەندێك لە دیلەکان لە جەنگی نێوان هۆزە هیندیەکان و هۆزەکانی تریش"(٢).

---

(١) محمد عبدالستار نصار: دراسات في فلسفة الأخلاق. مرجع سابق، ص ٢٨٣.

** سیستەمی چینایەتی بنەڕەتی بوو لە هینددا، تا وایلێهات بووە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵی هیندی، تاکەکانی چینێك نەیاندەتوانی ژن بهێنن و خواردنی چینێکی تر بخۆن. ئەگەر کەسێك کۆمەڵەکەی خۆی لەدەستدا ئەوا دانابەزێ بۆ چینێکی لەو نزمتر، بەڵکو دەبێتە کەسێکی دەرکراوی نەویستراو. "هیگڵ": محاضرات في فلسفة التاريخ. ص ١٠٥.

(٢) صلاح مصطفى الفوال. سوسيولوجيا الحضارات القديمة. مرجع سابق، ص ٦٦١.

لەم سیستەمە چینایەتیە چەوساندنەوە بە فرە جۆرەکانی دەرکەوت "کەسی براهیمی ماف سەروەری هەموو بوونەوەرانی هەبوو، ئەوەی لە بووندا هەبوو موڵکی براهمیەت بوو، ئەوان خاوەنی ماف و جیاوکی مەزنن، قەشە و مامۆستاکان پیرۆزی و مەزنایەتی زۆریان پێدەدرێ، چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی پێکهات و زیاتر کەڵەکە بوو لە ڕێگەی سنووری جیاکەرەوە کە بە توندی جیاوازی دەکەن لە نێوان ئەو چینانەی کۆمەڵگەی هیندی پێکدێنن، هەموو شتێك دەدەنە ئەم دوو چینەی بەرایی، کە پیاوانی ئاینی و جەنگاوەرەکانن، هەموو شتێك لە دوو چینەکەی تر قەدەغە دەکرێ تەنانەت هیوای بەرزبوونەوەشیان لێ قەدەغە دەکرێ بۆ بەرزبوونەوە بۆ هەر یەك لە دوو چینە تایبەتەکەی تر، هەر چەندە هەوڵ و تەقەڵا بدات"[1].

ئەفلاتۆن لە کۆمارەکەیدا جیاوازی کردووە لە نێوان ئەرکە جیاوازەکان لە ڕێگەی دەستەی خەونبین یان سەرکردەکان، لێرەوە هێزی ئەخلاقی بریتییە لە هۆکاری جیاکەرەوە، لە چیندا ئەو ویستە مرۆییە دەبینین کە ئیمپڕاتۆر بەرجەستەی دەکات لە دانانی یاسا و بڕیارە ئەخلاقییەکان. بەڵام لە هیند ئەوا سروشت هێزی بڕیار بەدەستە. داخراوی هەر چینێك دەردەکەوێ. هەر چینێك ئەرك و ماف تایبەتی خۆی هەیە، ئەرك و مافەکان بۆ مرۆڤ نین بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو بەپێی ئاڕاستەی هەر چینێك دیاری دەکرێ، بۆ نموونە ئەخلاقی بوێری لەلای هیندۆسەکان بۆ هەمووان نییە، ئەمە پلەوپایەی چینی جەنگاوەرانە "پاڵەوانێتی، هێز، خۆڕاگری، زیرەکی، هەڵنەهاتن لە گۆڕەپانی جەنگدا، بەخشندەیی، سەرکردایەتی، ئەمانە ئەرکی پیاوی "کشترایا"یە، کە لە سروشتی ئەو پەیدابووە[2].

ئەم سیستەمە چینایەتیە کە براهمیەت بانگەشەی بۆ کردووە، وایکردووە زۆرێك لە سیفەتە ئەخلاقییەکان لەسایەی ئەم جیاوازیەوە لەناوبچن، دەبینی هەستی کۆیلە و لاواز لەلای خواوەند مەزنە وەك هەستی خۆشویستنی لاوازەکان و بەساڵاچووان و منداڵان، باشترین ئەوەی

---

(1) صلاح مصطفى الفوال، المرجع نفسه، ص ١٦٩.

(2) سعيد مراد: المدخل في تاريخ الأديان (مرجع سابق)، ص ١٢.

دەیخەینەڕوو ئەوەیە کە لە یاسکانی "مانو"دا هاتووە، کە یەکێك لە دانەرانی ئەم ئاینە، لەم بارەوە دەڵێت: "منداڵان و بەتەمەنەکان و نەخۆشەکان دەبێ بە سەروەری ئەو جیهانە دابنێین کە تیایدا دەژین"[1]، یارمەتیدەر نەبووە لەسەر بنیاتنانی پێکهاتەیەکی ئەخلاقی دادگەر، هزرێکی ئەخلاقی بەرزی دانەمەزراندووە، خزمەتی تێکڕای مرۆڤایەتی بکات، ئەمەش وای کردووە هیگڵ دانبنێ بەوەی هیند لە سایەی ئاینی براهمیەتدا ئاشنای هۆشیاری ئەخلاقی نەبووە، جا دەڵێت: "خاسیەتی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و ئەرکی مرۆیی و هەستی مرۆیی هیچیان بوونیان لای ئەوان نییە. ئێمە تەنها ئەرکەکانی چینی تایبەت دەبینین و هەموو شتێکی دەبێتە بەستەڵەك و لەم دەمارانەدا دەبەستێ، ئەخلاق و ڕێزی مرۆڤایەتی لای ئەوان ونە"[2].

دەسەڵاتی چینی براهما و قۆرخکردنی هەموو خاسیەتەکان لە کۆمەڵگەی کۆنی هیندیدا و زیادەڕەوی کردن لە هزری چینایەتی لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی سەریکێشاوە بۆ شۆڕشکردن لە دژی. ئاینێکی نوێ دەرکەوت ئەویش بوزیەتە، وەك هاودەمێکی براهمیەت، زۆری نەخایاند سەروەری و جڵەوی ژیانی کۆمەڵگەی هیندی کەوتە دەست ئەو. یەکێکە لە ئاینە مەزنەکانی هیند، وەك بەرپەرچێك دژی براهمیەت و هەوڵێك بۆ چاکسازی دۆخی ئاینی لە هیند دەرکەوت، شۆڕشێك بوو لە دژی زۆرێك لە بیروباوەڕ و نەریتەکان، بانگەوازێك بوو خاوەن سروشتی کرداری ئەخلاقی بوو.

ئاینی نوێ نەك تەنها گشت چینەکانی کۆمەڵگەی وەك یەك یەکسان کرد، بەڵکو بانگەوازی بۆ گشت هاوڵاتیان کرد تا پیادەی ئایین بکەن، دوای ئەوەی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان تەنها مافی پیاوانی ئاینی بوو لە سەردەمانی براهمیەتدا "دواتر زۆری نەخایاند پێگەی پیاوانی ئاینی بە توندی لەرزی تێکەوت بە هۆی دەرەنجامی ئەو بانگەوازەی بانگخوازانی بوزیەت هەڵیان گرتبوو، بەوەی کەسی براهمی تاکە کەسی نورانی نییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو هەموو هاوڵاتیانی شەڕەفمەند لەمەدا

---

(1) محمد عبدالستار نصار: دراسة في فلسفة الأخلاق. مرجع سابق، ص ٢٨٤.

(2) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ. العالم الشرقي، ص ١١٠.

بەشدارن لەگەڵی، بەڵکو کەسی براهمی تەنها کەسێکی ئاساییە جەستەکەی لە کاتی مردندا یەکسانە لەگەڵ هاوڵاتیانی تر"[1]، لەگەڵ بوزادا چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی نەما، ئازادی و دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و برایەتی ئاینی دروشمی بوزیەت(*) بوون، "بە قوتابیەکانی دەوت بە ڕوون و ڕاشکاو بە زەویدا بڵاوببنەوە و ئەم بیروباوەڕە بڵاو بکەنەوە، بە خەڵك بڵێن: هەژاران و نەداران و دەوڵەمەند و خانەدانەکان، هەموویان یەکسانن، هەموو چینەکان بە ڕای ئەم بیروباوەڕە ئاینیە یەکدەگرن، وەك ڕووبارەکان هەموویان دەڕژێنە دەریاوە"[2].

بوزیەت ئاینێکە کۆڵەگەکە بنەما بەرزە ئەخلاقیەکانە، بانگەواز دەکات بۆ ڕەوشتی بەرز و خۆدوورگرتن لە پەستی و خراپە، زۆرێك لە مرۆڤایەتی تێدایە، بانگەواز بۆ ڕزگارکردنی دەروون دەکەن لە هەوا و هەوەس و بردنی بەرەو جیهانی ئاشتی. دەڵێت: "ئەی ئەوەی خۆت ڕزگار کردووە، کار بکە لەسەر ڕزگارکردنی ئەوانی تر، ئەگەر گەیشتیە شوێنی سەلامەت، یارمەتی ئەوانی تر بدە بۆ ئەوەی بگەن پێی"[3].

بوزا خۆی تەرخان کرد بۆ توێژینەوەی بابەتی بنەڕەتی: ئەویش چۆن نەهامەتیەکانی مرۆڤ کەم دەکرێنەوە و بەدبەختی لەناودەبرێ لە ژیاندا، بۆیە بەدوای ئامرازێکدا گەڕا بۆ ڕزگارکردنی خۆی و مرۆڤایەتی لە نەهامەتی و ناخۆشیەکانی، بەتایبەت کە پوختەی ئەوەی تێبینی کردووە ژیان دەورەدراوە بە ناخۆشی و تەنگوچەڵەمە لە هەموو لایەکەوە، بەمەش خەم و خەفەت بەدوای خۆیدا

---

(1) صلاح مصطفى الفوال: سوسيولوجيا الحضارات القديمة (مرجع سابق)، ص ١٦٩.

* بوزیەت: دراوەتە پاڵ دامەزرێنەرەکەی کە بوزایە، ژیانی ئەو بە چاکترین شێوە وێنای ئەم ڕێبازە دەکات، دەروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاینی ژیاوە، هاوچەرخی ئەکسانوفانی فەیلەسوفی یۆنانی و کنفوشیوسی داناى چین بووە.

بوزا بەشێوەیەکی ورد جیاوازی کردووە لە نێوان ئەوەی پیویستە ئەنجام بدرێ و ئەوەش کە پێویستە ئەنجام نەدرێ، بڕیاری داماڵینی سیفەتە پیس و پەستەکانیدا، تا سیفەتە باشەکان بمێننەوە، بەدەق شوێن پەیڕەوی چەسپاندنی باشە بەسەر خراپە کەوت". بڕوانە: عبدالستار نصار: دراسات في فلسفة الأخلاق، ص ٢٨٦.

(2) ويل ديوارنت: قصة الحضارة (مرجع سابق)، ص ٧٣٤.

(3) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، مصر، ١٩٩١ ص ٦٤.

دێنێت، وا دەکات مرۆڤ هۆشی پەرش و بڵاوبێ و دۆخی شڕ بێ، بۆیە بەدوای ڕاستیدا گەڕا، بە دونیانەویستانە ژیا، بۆی دەرکەوت ڕاستی بریتییە لە ڕزگاربوون نەك لە مردن وەك سەرەتا باوەڕی وابوو، مردن ئەو و دونیانەویست ڕزگار ناکات، بەڵام نامە ڕاستەقینەکەی بریتییە لە کارکردن لەسەر ڕزگارکردنی ئەوانی تر، هەروەك درکی بە ڕێگەیەکی مام ناوەند برد، دەڵێت: "دوو لایەن هەن، لەسەر هەر کەسێك کە دەیەوێ بژیەت بە ژیانێکی ڕوحی خۆی لێیان دووربگرێ، یەکەمیان ژیانی ڕابواردنە، کە نزم و بێ کەڵك و پێچەوانەی عەقڵە، ئەوەی تر ژیانی دونیانەویستی و بێ بەشبوونە ئەمەش خەفەتبارانەیە هیچی لەژێردا نییە، دانا ئەوەیە کە ئەو ڕێگە بدۆزێتەوە کە جیاوازی دەکات لە نێوان ئەم دوو ڕێگەیەدا، ئەو ڕێگەیەی ڕوانین و عەقڵ ئاسان و فەراهەم دەکات و سەردەکێشێ بۆ ئەلنرفانا واتە ئاسودەیی و ئاشتی"[١]، ئەمە ئامانجی ویستراوە کە بەرجەستی مەبەستی کردارە ئەخلاقیەکان دەکات، کە بەختەوەری و ئاسودەیی و ئارامییە، "ئەلنرفانا بریتییە لە ڕزگاربوونی مەزن... یان بڵێ ڕزگاربوونی مەزن لە مردن، کە بەسەر زیندوواندا دێت بۆ ژیانی هەمیشەیی، چونکە مادەم هەوڵمان بۆ داواکارییە زەمینیەکان بێ، ئەوا بەدرێژایی ڕۆژگار بە وابەستە بوون بە زەویەوە دەمێنینەوە، لە ژیانێکەوە بۆ ژیانێکی تر و لە بەندیخانەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هیچ هیوایەکمان نییە لە ڕزگاربوون تا چلێسیمان تەواو دەبێ"[٢].

ژیانی ئارامی هەمیشەیی (ئەلنرفانا) تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگاربوون لە لەدایکبوونی دووبارە بووەوە (گیانگۆڕکێ)(*)، بوزا بە شێوەیەکی جوان گوزارشتی لەم بیرۆکەیە کردووە و وتویەتی "کاتێك

---

(١) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، مصر، ١٩٩١، ٦٥.

(٢) سعيد مراد: تاريخ الأديان (مرجع سابق)، ص ١٢٤.

* گیانگۆڕکێ (التناسخ) (ژیانەکان پێشوو): بیرۆکەیەکی کۆنە لە شارستانیەتی میسرڕدا هەبوو، ئەوەی دەگەیاند کە مرۆڤ پێکهاتووە لە جەستە و ڕۆح، تەنها جەستە لەناودەچێ، لە کاتێکدا گیان دەمێنێ و ژیانی درێژ دەبێ و لە زۆر جەستەی تردا دەژیت تا پاك دەبێت و بزر دەبێ، لەلای بوزا ئەو کاتە بۆ "ئەلنرفانا" بەرز دەبێتەوە، کاتێك پرسیاری لێکرا لەبارەی "ئەلنرفانا" وتی: "گرنگ نییە بزانرێ چییە"، ئەرکی مرۆڤ گەیشتنە بە کامڵی تا ڕزگاری دەبێ لە ژیانی زەوی و توانای دەبێ لەسەر بڕینی تاریکی ئەلنرفانا". بڕوانە: مصطفى النشار: تاريخ الفلسفة اليونانية بمنظور شرقي ص ٥٢.

هەوەس کپ دەکەین، ئەوا ئەمە ئەلنرفانایە، کاتێك سەرەڕۆیی لوتبەرزی کپ دەکەین، ئەمە ئەلنرفانایە، هیچ شتێك نازانم جگە لە شتێك نەبێ ئەویش سڕینەوەی سزایە"[1].

چەمکی ئەلنرفانا بریتییە بنچینەی ئاینی بوزیەت، ئامانجەکەی ڕزگاربوونە لە ڕزگاربوون لە دووبارە لەدایکبوونەوە و بەدەسخستنی لەززەتی ڕاستگۆیانە و بەختەوەریی هەمیشەیی، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ڕزگاربوون، دیوارنت دەڵێت: "ئەم وشەیە لە ئامۆژگاریەکانی بوزادا بریتییە لە کپ کردنی هەموو هەوەسەکانی تاك، ئەو سەرچاوەیەی ئەلنرفانای لێ هەڵقوڵاوە بریتییە لە کپکردنی هەوەسی جەستەیی، بەم پێیە وشەی ئەلنرفانا لە زۆربەی دەقەکاندا مانای ئارامی وەردەگرێ، کە هیچ ئازارێکی تێکەڵی نییە، مرۆڤ پاداشتی لەسەر وەردەگرێ، کە مرۆڤ لە ڕووی بوونەوە خۆی سڕیوەتەوە"[2].

ئاڕاستەی ئەخلاقی لەلای بوزیەکان دەدرەوشێتەوە لە ئامانجی هەرە باڵا کە بوزا و فەلسەفە ئەخلاقیەکەی بانگەوازی بۆ کردووە، کورت هەڵدێت لە ڕزگاربوون لە ئازار لە ڕێگەی ڕزگاربوون لە هەوەسەکان، ڕێگەی ڕزگاربوون بریتییە لە ڕێگەی مام ناوەند، دوور دەکەوێتەوە لە زیادەڕەوی کردن لە دونیا بەکەمزانی و دووریشی دەخاتەوە لە حەز کردن لە ژیانی خۆشگوزەرانی و نقوم بوون لە هەوا و هەوەسەکان. ڕێنمایی و ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانی لەسەر شێوەی سۆکراتیەت بوو. لە پرسیار و نموونە هێنانەوەی ئەخلاقی و نەرمی لە گفتوگۆدا، بوزا چوار ڕاستی پیرۆزی خستەڕوو لەوێوە دەستی بە ئامۆژگاری خەڵك کرد. ڕێباز و بۆچوونەکەی لە ژیاندا لەخۆ دەگرێ. مرۆڤایەتی زۆری تێدایە، لەم چوار ڕاستیەدا ڕا و بۆچوونی خۆی خستۆتەڕوو کە ژیان جۆرێکە لە ئازار و ئازار بۆ هەوەس و ئارەزوو دەگەڕێتەوە، دانایی بناغەکەی سەرکوتکردنی ئارەزووەکانە، بوزا دەڵێت:

١- ئەی قەشە ئەمە ڕاستی باڵایە لەبارەی ئازار، لەدایکبوون و نەخۆشی و پیری و خەفەت و گریان و بێ ئومێدی و بێ هیوابوون هەموویان ئازاربەخشن.

---

(1) سعيد مراد: تاريخ الأديان، (المرجع السابق)، ص ١٢٤.

(2) ويل ديوارنت: قصة الحضارة ص ٧٣٨.

٢- ئەی قەشە ئەمە ڕاستی باڵایە، لەبارەی هۆکاری ئازار کە ئارەزووە، ئارەزوو دەبێتە هۆی لەدایکبوونێکی تازە، ئەو ئارزووەی تێکەڵی لەززەت و چێژ و نغرۆبوون تێیدا دەبێتەوە، ئەو ئارەزووەی کۆشش دەکات بۆ چێژ و خۆشیەکان لێرە و لەوێ بەردەبێتەوە، ئارەزووی سۆز، ئارەزووی ژیان، ئارەزووی نەبوون.

٣- ئەی قەشە ئەمە ڕاستی باڵایە لەبارەی وەستانی ئازار، ئەگەر ئەم ئارەزووە ڕیشەکێش بکەیت و هیچ پاشماوەیەکی لە ناخماندا نەمێنێ. ڕێگاکە دابڕان و گۆشەگیری و ڕزگاربوون و گۆشەگیریمانە و سەرقاڵبوونە بەکاروبارەکانی دەروون.

٤- ئەی قەشە ئەمە ڕاستی باڵایە، لەبارەی ئەو ڕێگەیە سەردەکێشێ بۆ وەستانی ئازار، ئەویش ڕێگەی پایەدارە خاوەن هەشت لقە، ئەویش بریتین لە سەلامەتی و دروستی بۆچوون و دروستی نیاز و دروستی وتە و دروستی کردار و دروستی چاوەکان و دروستی کۆشش و دروستی ئەوەی بایەخی پێدەدا و دروستی جەختکردەوە[1].

ئەمانە ڕاستی گرنگ و بنەڕەتین لە ڕێنماییەکانی بوزیدا، ئەوەی باوەڕی پێبهێنێ و شوێنی بکەوێت ئەوا سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ ئەوە، ئەوەش کە ڕەتی بکاتەوە بەدبەختە، دەمرێت و دەژیەت و دواتر پیر دەبێ و لەناودەچێ و سەر لەنوێ لەدایك دەبێتەوە و ڕزگاربوونی بۆ نییە تەنها بە ناسینی ئەم ڕاستیانە و دەستگرتن نەبێ پێیانەوە، ئامانجی بوزا لە ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی گەڕانە بەدوای بەختەوەری مرۆڤ. دیوارنت دەڵێت: "بیرۆکەکەی لەبارەی ئاینی ئەخلاقی پوختە، هەموو ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو هەڵسوکەوت بوو، سەبارەت بە ڕێوڕەسم و دروشمە پەرستشیەکان، ئەودیوی سروشت و لاهوت، لەلای ئەو شایەنی لێڕامان نەبوو"[2]، نامە بنەڕەتییەکانی بریتی بوون لە مژدەدان سەبارەت بە ئاینێك بایەخ بە هەڵسوکەوتی مرۆیی دەدات و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکات لە ئازار و تەنگوچەڵەمە، بۆیە ویستی مرۆڤ لە ئارەزووەکانی ڕزگار بکات، مرۆڤ بە تەنها خۆی جڵەوی دەروونی خۆی بەدەستە و دەتوانێ بەرزی بکاتەوە بۆ بەرزترین

---

(١) ویل دیوارنت: قصة الحضارة، المرجع السابق، ص ٧٣٨.

(٢) المرجع نفسه، ص ٧٣١.

پلەکانی کامڵ بوون، بۆ ئەوەی پێگەیەکی درەوشاوەی پێببەخشێ، وەك پەڕە موێك نییە لە باوەشی بادا، وەك براهمیەت پێی وابوو، دەڵێت: "نەویستراو نەوستراو نییە بە لەدایکبوون، کەسی براهیمی بە لەدایکبوون براهیمی نییە، بەڵکو بە کردارە"[1].

مرۆڤ بە تێڕوانینی بوزی دەتوانێ هەموو پلەوپایەیەك بەدەست بخات و خزمەتی کۆمەڵگاکەی بکات و خۆی بکاتە ڕێنیشاندەرێکی نەمر، ئەمە هەمووی ئەنجام دەدرێ لە سایەی کۆششکردن لەگەڵ دەروونی و زاڵبوون بەسەر ئارەزووەکانیدا، ئامۆژگاریەکانی بوزا ئەو ڕەنگە ڕەش تەنك و کەم دەکات کە هزری هیندی پێی جیاوازە بە گشتی و ئەخلاقی هیندی بەتایبەتی، هەروەك پێشتر باسمان کرد لەلای براهمیەکان وایە، چوار ڕاستییەکەی پێشوو زۆرێك لە ئامۆژگاریەکان پشتگیری لێ دەکەن، ئەمە لە میانەی پێنج ئامۆژگاریەکەی دەردەکەوێت: "هیچ بوونەرێك مەکوژە، دزی مەکە و شتێك مەبە مادەم پێت نەدراوە، هەرگیز درۆ مەکە، کاری پیس و خراپ مەکە، لە هیچ کاتێکدا خۆت سەرخۆش و بێ هۆش مەکە"[2]، لەگەڵ ئەو هەشت ئامۆژگاریە کە دەڵێت: "فێربە چۆن لە خۆت تێدەگەی، ئارامگربە، بە نەرم و نیانی قسە بکە، لە کردەوەکانتدا ئەخلاق بکە، بە ئەمینداری کار بکە، کۆششی خۆت لە هەموو شتێکدا خەرج بکە، خێرا وەڵامی پێویستیەکانی دراوسێیەکەت بدەوە، با ڕوانینت بۆ جیهان میهرەبانانەبێ"[3].

ئەو میانڕەویەی بانگەوازی بۆ کرد نایەتەدی مەگەر مرۆڤ شوێن ئەم هەش بنەما و یاسایە بکەوێ لە ژیاندا، کە ئەمانەن: "باوەڕبوون بە ڕاستی، بڕیاردان بە ڕاستی، ڕاستگۆیی، هەڵسوکەوتی ڕاست، کاری ڕاست، کۆششی ڕاست، ڕامانی ڕاست، جەختکردنەوەی ڕاست، بەم یاسا و بنەمایانە مرۆڤ دەگاتە قۆناغی ئاشتی و ئاسودەیی و کامڵی"[4].

---

(1) مصطفى النشار: تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، مرجع سابق، ص ٤٥.

(2) سعيد مراد، تاريخ الأديان (مرجع سابق)، ص ١٣٥.

(3) المرجع نفسه، ص ١٣٥.

(4) المرجع نفسه، ص ١٣٦.

ئەم ڕێنماییانە کە بانگەوازی بۆ دەکات، شتی نموونەگەرا نەبوو کە دووربن لە ژیانی کرداریەکەی، بەڵکو نموونەیەکی زیندوو بوو بۆ مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی زیندوو، بەرجەستەکارێکی زیندوو بوو بۆ خەسڵەتە ئەخلاقی و ئەو ڕێنماییانەی بانگەوازی بۆ دەکرد. زانایانی هیند زۆر بە جوانی وێنای دەکەن و دەڵێن: "زۆر بە توندی دەروونی خۆی جڵەوگیر کردبوو و بە ورە بوو، سینگ فراوان، دوور لە ئارەزووبازی، زۆر کاریگەر بوو، ڕق و کینەی نەبوو، دوور بوو لە دەستدرێژی، بەستەڵەك ئاسا بوو خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە لە ناخیدا پەیدا نەدەبوو، سۆز ئەوی نەدەجوڵاند، بەڵایە پەند ئامێزەکان ئەویان نەدەوروژاند، زمان پاراو بوو، توانای هەبوو لەسەر قەناعەت هێنان بە بەرامبەر بە سۆز و لۆژیك، خاوەن پێگەیەکی مەزن بوو لە چاوی پاشاکاندا، مەجلیسەکان شوێنی بەیەکگەیشتنی زانا و کەسایەتیە مەزنەکان بوو"[١].

بوزیەت کرانەوەیەکی تازە بوو بۆ هزری ئەخلاقی لە هیند. بەڵام لەوەدا مایەوە کە فەلسەفەیەکی دونیانەویستی و تەنگوچەڵە ئامێزە، زۆر کراوە نەبوو بەڕووی ژیاندا، ئەمە نامۆ نییە لەلای ئەو، لەلای هزری کۆنی هیندی بە گشتی، لۆژیکی زاڵ بریتییە لە لۆژیکی ڕەتکردنەوە و نەرێ، ڕەتکردنەوەی جیهان و قسە نەکردن لەگەڵ و داخران بەڕووی خوددا بۆ گەیشتن بە فەنابوون، ئازار ئاڕاستە و چەشنی ژیانی باو بوو، ڕێگەی ژیان هەمووی هەر ئازار بوو. بۆ گەیشتن بە دۆخێك کە هەستکردن بە ئازاری تیادا نەبێ. لەوەی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێ سیستەمی ئەخلاقی کۆنی هیندی، سیستەمێکی زیادەڕەوە و خەسڵەتی ئەفسانەی خەیاڵی بەسەریدا زاڵە، ئاوێتەیە لەگەڵ ئازار و تەنگوچەڵەمە، ئەمە پەیڕەوێکە بۆ ژیانێکی وەستاوە لەسەر بانگەواز کردن بۆ ڕاکردن لە ژیان. بە ئامرازی خنکێنەر، ئەمەش وای لە هیگڵ کردووە وا بخوێنێتەوە کە هیند هیچ شتێکی ڕاستەقینەی تێدا نییە، هەموو ژیانی ئەوان و تێڕوانینیان تەنها شتی پڕوپوچە و بانگەشە دەکات بۆ فەرامۆشکردنی هەموو ئەو شتە مرۆڤایەتیەکان، لە دۆخی فەنابووندا کە بریتییە لە وازهێنان لە هەموو عەقڵ و ئەخلاق و خودگەراییەك و لەم بارەوە دەڵێت: "خەیاڵێکی مەزن بەمە

(١) عبدالرحمن مرحبا: الموجز في تاريخ الأخلاق. (مرجع سابق)، ص ٢٢٠.

بەستراوەتەوە کە ژیرمەندی بۆ نییە، بەهای ئەخلاقی و هەڵسوکەوتی خەڵك لە نێو کۆمەڵێك زۆری کردەوەکانی بەدەر لە عەقڵ و ویژدان دادەنێ لە یەك کاتدا، هەموو ڕەچاوکردنێکی خێری مرۆڤ بەلاوە دەنێت، بەڵکو ئەوپەڕی و توندترین پێشێلکاری ئەم کارە خێرانە بە یەکێك لە ئەرکە پێویستەکان دادەنێ"[1].

پوختەی قسە لە بارەی ئەخلاق لە شارستانیەتی کۆنی هیندیدا، ئەوەیە ویژدان کە خۆی لە ئاییندا دەبینێتەوە، فەلسەفەی بۆ ژیان دادەنا و یاساکانی دادەڕشت، فرەیی و ڕاجیایی دیاردە و سیمای ژیانی ئەوانە، هەموو شتێك دابەشکراوە، خەون و خەیاڵ تاکە ڕێگەیە بۆ دروستکردنی خۆشگوزەرانی خەیاڵاوی: لە ڕێگەی ئازار و تەنگوچەڵەمە و بەپێی ڕێڕەوی کۆشش و تەسەوفدا. سەربارەی بەرزی ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکان لەگەڵ بوزادا، بەڵام نەیتوانی پەنجەیەکی بەهێز دابنێ تا ئەخلاق زاڵبێ، هەروەك لە شارستانیەتی چینیدا بەدی دەکەین، کە ئەخلاق لەوێ ڕێڕەوێکی تری دەبێ، زەوی دەبێتە سەرچاوەی ئەخلاق نەوەك ئاسمان، وێنەیەکی تەواوتر لە وێنەکانی مرۆڤایەتی ڕوون دەبێتەوە.

### چوارەم – ئەخلاق لای چینییە کۆنەکان:

مێژوو ئاشنای دەروون و ناخێك نەبووە دونیاگەراتر بێ لە ناخ و دەروونی چینی، واقیعی بوون و بایەخدان بە ژیان، کارکردن لەسەر ڕێکخستنی فرە کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەخلاق یان هەڵسوکەوتی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، خەسڵەتی دیارە، ئاڕاستەی گەشبینی و قبوڵکردنی واقیعی مرۆیی بە جۆرێك لە ئومێد و درەوشانەوە لە شارستانیەتی کۆنی هیندیدا دەرکەوت، بەپێچەوانەی ئەوەی لە هیند باو بوو، کە سروشتی ڕەشبینی بەسەریدا زاڵبوو، "ئەمە لە پرسی بەدبەختی و تەنگوچەڵەمەدا دەردەکەوێت، کە

---

(1) هیجل: محاضرات في فلسفة التاريخ. (العالم الشرقي) مرجع سابق، ص ١٣٦.

ڕەچاوکرا لە پرسی مەزنی مرۆڤ لە ئاینەکانی هینددا، لە کاتێکدا لە ئاینەکانی چیندا ون ببوو، لێرەدا داندەنرێ بە واقیعی مرۆیی بەو شێوەیەی کە هەیە، هیوایەك هەیە لە چاککردنی ئەم واقیعە بەپێی یاساکانی ئەخلاقی بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی مرۆیی"[1].

گەیشتینە سەرەتای بەتیۆردانانی ئەخلاقی یان دەرکەوتنی سەرەتایی بۆ ئەخلاقی تیۆری، ڕووداوی فەلسەفی مەزن لەم شارستانیەتەدا بریتییە لە جیابوونەوەی ئەخلاق لە ئایین، هەموو ئەو لایەنە ئەخلاقیانەی کە لە شارستانیەکانی پێشوو دەرکەوتن، پەیوەستن بە ئامانجی هەرە باڵا، ئەویش ژیانی دواڕۆژە، هەرگیز لە ئایین دانەبڕاوە، بەردەوام ئەخلاق لە بازنەی بیروباوەڕدا دەخولایەوە.

دانایی لە چیندا بەدوای تراویلکە و خەیاڵی ئەودیوی سروشتدا ناچێ، کە پەیوەندی بە ژیانەوە نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی ئەرێنیە بناغەکەی بەرزکردنەوەی تاك و سیستەمی کۆمەڵایەتییە "چینیە کۆنەکان بە تێڕوانینی دیدرۆ لە کۆنترین گەلانی خاوەن شارستانیەتن لە مێژوودا، پاڵەوانە ڕاستەقینەکان لە تێڕوانینی ئەواندا زاناکانن نەوەك سەربازەکان، ئەوانەی خەڵك فێر دەکەن چۆن بژین بە ئاشتیانە و هەماهەنگی، نەوەك چۆن شەڕ بکەن و ناکۆکی بنێنەوە"[2].

هزری چینی بەهایەکی مەزنی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی گەشەی شارستانی، خەسڵەتی واقیعیانە و بایەخدان بە ژیانی دونیایی و کارکردن لەسەر ڕێکخستنی فرە کاروبارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تیدابوو، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەخلاق یان هەڵسوکەوتە ڕەفتاریەکانی تاك، "مێژوو ئاشنای دەروون و ناخێکی دونیاگەراتر نەبووە لە ناخی تاکی چینی، گەورەترین شت کە بایەخی پێدەدات ئەوەیە بە خێر لەم ژیانی دونیایەدا بژیەت، ئەگەر نوێژی کرد ئەوا تیایدا داوای ئەوە ناکات خۆشی بەهەشت دەستبخات، بەڵکو داوای خێر و خۆشی دەکات بۆ خۆی لەم جیهانە

(1) سعيد مراد: المدخل في تاريخ الأديان، مرجع سابق، ص ١٧٥.

(2) عبدالرحمن مرحبا: موجز في تاريخ الأخلاق، مرجع سابق، ص ٢٤٦.

زەمینیە"[1]، ئیمپڕاتۆریەتی چینی نموونەی باڵا بوو لە پێکهێنانی هزری مرۆڤی کۆمەڵایەتی و واقیعی، عەقڵ و ژیری پێگەیەکی مەزنی هەبوو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیاندا.

زۆرێك لە ئەوڕوپیەکان کاریگەر بوون بە دانایی چینیەکان و مەزنی دەستکەوتەکانیان، ڤۆڵتێر وتویەتی: "ئەم ئیمپڕاتۆریەتە بۆ ماوەی چوار هەزار ساڵ بەردەوام بوو، بێ ئەوەی گۆڕانکاریەکی شایەنی باسی بەسەردا بێ، لە یاسا یان نەریت یاخود زمان یان جلوبەرگی خەڵکەکەدا، سیستەمی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە لە ڕاستیدا لە چاکترینی ئەو سیستەمانەیە کە جیهان ئاشنای بووبێ"[2]، لەوانەیە چاکترین ئەوەی گوزارشت لە گیانی ئەخلاق بکات لای چینیەکان ئەو بنەما تۆکمانەبن کە فەلسەفەی دانایە مەزنەکەی "کۆنفۆشیۆس(*)" لەخۆی گرتبوو، ناوبراو یەکێکە لە گرنگترین سەرکردەکانی جیهان و فەیلەسوفەکانی مێژوو لە ڕووی شوێنەوار و کاریگەریەوە، بە یەکێك لە گرنگترین کەسایەتیە مەزنەکانی مێژوو دادەنرێ، "ڕابوونێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دامەزراند، لە ژێر دروشمی بەختەوەری و ئاشتی لەسەر زەمین"[3]، بەشێوەیەکی زۆر مەزن بەشدار بوو لە ملکەچکردنی یاسا و ڕێسایە چینیەکان بۆ بڕیار و حکومەکانی عەقڵ و لۆژیك، ئەمەش بو زاڵکردنی هێزی بیرکردنەوەی ڕوون و ورد، لەبەر ئەمە دەکرێ بوترێ "توێژەر دەتوانێ وەسفی شێوەی ژیانی گەلی چینی بکات بە درێژایی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو لە یەك وشەدا ئەویش کۆنفۆشیۆسە"[4].

---

(1) ویل دیوارنت: قصة الحضارة، مرجع سابق، ص ٧٣٩.

(2) مرجع نفسه، ص ٥٩٦.

* کونفۆشیوس لە ماوەی نێوان ٥٥١ – ٤٧٩ پێش زایین ژیاوە. بڕوانە: ویل دیوارنت: المرجع السابق، ص ٦٥١.

(3) Ernst Viktor Zenker: Histoire de la philosophie chiniose, edition Payot paris ,p 136

(4) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، جامعة الإسكندرية، ١٩٩١، ص ٧٨.

* تاویەت: فەلسەفەیەکی ئاینی یان ئاڕاستەیەکی ئاینیە، ئاڕاستەی تەسەوفی بەسەریدا زاڵە، کاردانەوەیەکی سروشتی ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی بوو، کە زاڵبوو بەسەر کۆنفۆشیۆسیەتدا، جەخت دەکاتەوە لەسەر بنچینەی

هیچ کەسێکمان بەدی نەکردووە لە مێژووی چینیدا کاریگەریەکی دەگمەنی دروست کردبێ وەك کۆنفۆشیوس، چین چەندین ڕەوتی هزری و فەلسەفی و ئاینی بەخۆیەوە بینیوە، گرنگترینیان تاویە و بوزیەتە، بەڵام زاڵبوونی بەسەر ئاڕاستە هزریەکانی وڵات کاتی بوو، زۆری نەخایاند لە بیرکران، لە کاتێکدا بیرکردنەوەی کۆنفۆشیۆسی بۆ ماددەگەرایی کات بەرگەی گرت، بەردەوام زاڵبوو بەسەر هزری چینی، "تاکی چینی لەوانەیە بوزیەت یان تاویەت(*) یان ئیسلام یاخود مەسیحییەت لە ناخ بگرێ، بەڵام لە ناخیدا هەر بە کەسێکی کۆنفۆشیۆسی دەمێنێتەوە"[1].

ئەم شوێنەوارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بیروباوەڕ لای کۆنفۆشیۆس بە کرداری دەچێتە ناو چوارچێوەی ڕێبازە مرۆییەکان، یەکەم مرۆڤگەرایە لە جیهاندا دەرکەوتبێ، بنچینەی ئامۆژگاریەکانی ئەوەیە مرۆڤ پشت نەبەستێ بە هیچ بوونەوەرێکی ئاسمانی یان هێزی نادیار، کە داوای داد و سەرکەوتن لە ژیانیدا لێی بکات، جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆشنبیرکردنی خود و پوختەکردنی، چونکە زانیاری ڕاست تاکە ئامرازی ژیانی بەختەوەری کۆتاییە[2].

گەڕان و لێکۆڵینەوە لە چەمکە ئەخلاقیەکان لە شارستانیەتی خۆرهەڵاتدا، سیمای ئەخلاقی شارستانیەتی چینی لە میانەی فێرکردنی کۆنفۆشیۆس و ڕا و بۆچوونە ئەخلاقیەکانی دەردەکەوێ، کە سیستەمێکی ئەخلاقی جیاواز بوو، وایکردووە سروشتی ئەخلاق لای چینیەکان تەواو جیاواز بێ لە سروشتی لای میسری و هیندی و فارسەکان"[3].

ئاڕاستەی ئەخلاقی کۆنفۆشیۆس دوو لایەنی هەبوو: "لایەنی تیۆری، ناوەڕۆکی تاك دەگرێتەخۆ، کە بنچینەی و ناوکی خێزان و کۆمەڵگەیە، لە میانەی ئەم لایەنەوە دەستدەکات بە

---

ئەودیوی سروشت بۆ سروشت، لە جیاتی پێداگیری لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی، دامەزرێنەرەکەی لاتسویە. بڕوانە: سعید مراد: المدخل في تاريخ الأديان (المرجع السابق) ص ٢٠٢.

(1) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، مرجع سابق، ص ١٧٨.

(2) سناء خضر: محاضرات في الفكر الشرقي، دنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية، القاهرة، ص ٢٤٥.

(3) محمد عبالستار نصار: دراسات في فلسفة الأخلاق، ص ٢٩٤.

گێڕانەوەی تاك بۆ ناوەڕۆکە ڕاستەکەی و سروشتە مرۆییە دروستەکەی، ئەم گەڕانەوەیە بۆ سروشتی ڕەسەن شایستەی دەکات بۆ پوختەکردنی خودی ئەو. لایەنی کرداریش کە خۆی دەبینێتەوە لە بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، کە تاك پێی وایە لەسەری پێویستە جێبەجێی بکات بەپێی ناوەڕۆکەکەی، کە لە قۆناغی سەرەتادا درکی پێکرا و دەست بەجێبەجێ کردنی دەکات لە پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئەوانی تردا، لە نێو پەیوەندیە جیاوازەکانی تاکدا لە پێناو گەیشتن بە پیاوی چاك"[1].

فەلسەفەی ئەخلاقی کۆنفۆشیۆس پشتی دەبەست بە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ "ئەلهیسنج"، سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤ "جین"، سروشتی مرۆیی کورت دەبێتەوە لەوەی "خەڵك یەکسانە، بە سروشتی خۆیان ئەخلاقخوازن، بەڵام پێگەیشتن و هەر یەکێك لەوەی تر جیاوازە بە شێوەیەکی پلەبەندی و ئەو نەریتانەی بەدەستدەخەن، سروشتی مرۆیی ڕاسترەوە، ئەگەر مرۆڤ ئەم ڕاسترەوی و جێگیریەی لەدەستدا ئەوا بەختەوەریشی لەگەڵ لەدەست دەدات"[2].

کۆنفۆشیۆس زۆر قسەی کرد لەسەر سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤ کە بە جین ناسراوە، لە دوو توێی خۆیدا بنەمای ئەخلاقی باڵا لەخۆ دەگرێ، کە بڕیار دەدات لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی دیاری دەکات لەگەڵ ئەوانی تر، "لەسەر مرۆڤ پێویستە کارێك نەکات لەگەڵ ئەوانی تر، کە پێویستە ئەوانی تر لەگەڵ ئەودا نەیکەن"[3].

جین سەبارەت بە کۆنفۆشیۆس بریتییە لە مرۆڤی چاك، "دەکرێ جین بەکاربهێنرێ بۆ هەر پێنج ئەخلاقی بنەڕەتی: مرۆڤایەتی، دادگەری، ڕەوشتبەرزی، دڵسۆزی، دانایی"[4].

---

(1) هالة أبو الفتوح: فلسفة الأخلاق والسياسة المدنية الفاصلة عند كونفشيوس، دار قبأ للطباعة والنشر، ٢٠٠٠، ص ٥٥.

(2) محمد النشار: تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، (مرجع سابق)، ص ٤٠.

(3) Ernst Viktor Zenker: Histoire de la philosophie chiniose, opcit, p.155

(4) Ernst Viktor Zenker: Histoire de la philosophie chiniose, opcit, p.156

کۆنفۆشیۆس وایکردووە لە یەک دەنگ پێویست بێ گوێی لێبگیرێ، بەپێچەوانەی شارستانیەتە خۆرهەڵاتیەکانی پێشتر باسکران، هەموو ئەخلاقەکان لە خولگەی بیروباوەڕدا دەخولێنەوە، یاسای ئەخلاقی بۆ دەنگی ناخ ملکەچ دەبێت، کە لە قوڵایی بوونماندا هەڵدەقوڵێ، ئەویش دەنگی ویژانی ئەخلاقییە، سەرچاوەکەی واقیعیی مرۆییە نەوەك جیهانی نەبینراوی ئاسمانی.

ئەخلاق لای کۆنفۆشیۆس داواکاری یەکەم و ئەرکی سەرەکیەتی، پیاوی چاك ئامانج و مەبەستیەتی. "پێی وابوو ئەو بێ سەروبەریەی باوە لەسەردەمی ئەودا، پێش هەموو شتێك بێ سەروبەریەکی ئەخلاقییە، لە لاوازی باوەڕی کۆن و بڵاوبوونەوەی گومانی سۆفستائی سەبارەت بەوەی ڕاست و هەڵەیە سەرچاوەی گرتووە، "چارەسەری ئەم بێ سەروبەریەش بە ڕای ئەو بە گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕە کۆنەکان نابێ، بەڵکو بە گەڕانی ڕاستەقینە دەبێ لەبارەی زانینێکی چاکتر لەوەی پێشوو و دیاریکردنی ئەخلاقێك وەستاو لەسەر ڕێکخستنی ژیانی خێزان لەسەر بنەڕەتێکی چاك و ڕاست"[1]، چاککردنی دەستەی کۆمەڵایەتی و بەجێهێنانی بەرزبوونەوەی مرۆیی نەك بە بانگەواز کردن بۆ ئەو ئەخلاقەی تەنها لە دانایەکی پاکەوە دەردەچێ لە کردەوەیەکی خۆویستدا، بەڵکو باوەڕبوون بەوەی ئەرك و واجب ئەمە دەسەپێنێ، ئەمەشی ڕوون کردۆتەوە لە کتێبەکەیدا "گفتوگۆ، کۆنفۆشیۆس دەڵێت: "دانا تێنووی ئەخلاقیە، کەسی سادە دەسوتێ بۆ چێژە ماددیەکان، دانا گرنگی بەوە دەدات تێبینی و سەرنجی ئەرك و واجب بکات و ملکەچی بێت، کەسی سادە تەنها بایەخ دەدات بە ڕاوکردنی ئەوەی سوودی تێدایە، کەسی دانا بە گشتی تەنها لە ئەرك و واجب تێدەگات، کەسی سادەش تەنها لە سوودی خۆی تێدەگات"[2].

کۆنفۆشیۆس پێی وابوو پابەندبوون دەبێ ناخی بێ —لە ویژدانی مرۆڤەوە هەڵبقوڵێ — کاتێك سەرچاوەی پابەندی لە ویژدانەوە دەبێ، ئەوا کەمتر گران دەبێ لەسەر هەستی مرۆیی و زیاتر واقیعی دەبێ بەرەو پابەندبوون، بەپێچەوانەی پابەندی دەرەکی، تاك شوێنی ئەوە دەکەوێت کە

---

(١) ویل دیوارنت: قصة الحضارة، مرجع سابق، ٦٢٢.

(٢) سعید مراد: مدخل في تاريخ الأديان، مرجع سابق، ص ١٨٤.

ویژدانەکەی بەسەریدا دەیسەپێنێ بێ هەستکردن بە ماندوێتی و هەراسان بوون، "ئەرك و واجب ئەو شتەیە کە بۆ هیچ کەسێك نییە بۆ یەك ساتیش دووری بخاتەوە"[1]، بایەخی نەداوەی بەجیهانەکەی تر و ڕۆح و ژیانی دوای مردن، هەندێك لە قوتابیەکانی پرسیاریان لێکرد لەبارەی مردن، لە وەڵامدا وتی: "هێشتا ئێمە لە ژیانمان نەکۆڵیوەتەوە، چۆن مردن بتوێژینەوە"[2]، ڕەتی کردەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەستن بە خوا یان بە ئاسمانەوە.

ئاڕاستەی ڕاستییە ئەخلاقییەکان ئەگەر دەسەڵاتی خۆی وەرگرت لەوەی لە دەرەوەی سروشتە، ئەوا ناکرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ بە ئەزموون و تاقیکردنەوە، دواتر ناتوانرێ بڕوای پێبهێنرێ، ئەو شتەش کە ناتوانرێ بڕوای پێ بهێنرێ لەلایەن تاکەوە گوێڕایەڵی ناکرێ، بەهەمان شێوە ئەگەر پشتی بەست بە دەسەڵاتی دونیایی، ئەوا گەل دانی پێدانانێ، بەمەش گوێڕایەڵی نابێ، بەمەش دەکرێ لەسەر ویژدانی مرۆیی بنیات بنرێ تا بتوانرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، دانراوەکانی بابەتی جیهانی نەبینراوی تێدا نەبوو، نە هاندان و نە ترساندن و پاداشت و سزای تێدا نەبوو، وەك چۆن لە هزری میسرییدا هەبوو، زۆربەی کات دەدوێ لەبارەی مێژوو و شیعر و سروشت و ئەرکەکان دیاری دەکات، کە پەیوەندیەکانی بنەڕەتی مەزنن کە ناگۆڕدرێن، ئەوانیش ئەمانەن: "ئەرکی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان ئیمپراتۆر و گەل، باوان و منداڵان، برای گەورە و بچوك، هاوسەر و هاوژین، دۆست لەگەڵ دۆست"[3]، بەستەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ بە مرۆڤ دەبەستێتەوە، بیرۆکەی ئەرك و واجب یان پابەندبوون زاڵبووە بەسەر کۆنفۆشیۆس و ڕێنماییە ئەخلاقییەکانی، ئەمە یاسای ئەخلاقی گشتییە بۆ هەموو خەڵك، ئەمە یەکێکە لە گوزارشتەکانی کۆنفۆشیۆس:

---

(1) محمد عبدالستار نصار: دراسات في فلسفة الأخلاق، مرجع سابق، ص ٢٩٤.

(2) عبدالرحمن مرحبا: الموجز في تاريخ الأخلاق، مرجع سابق، ص ٢٧١.

(3) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ، (مرجع سابق)، ص ٧٠.

"لێبگەڕێ با کاربەدەست کاربەدەست بێ"[1]، ئەوە ڕوون دەبێتەوە هەڵسانی تاکەکان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان مسۆگەری ڕێك و پێکی کار و چاکبوونی دەوڵەت دەکات.

ئەم پابەندبوونە دوو دیو لەخۆدەگرێ، پابەندی بەرامبەر کۆمەڵگە، خۆی لە خێزاندا دەبینێتەوە، "سەیری تاك ناکرێ بە دابڕاوی لە کۆمەڵگە"[2]، دووەمیان پابەندی بەرامبەر خودی خۆ، "لە کۆمەڵگەدا جۆرێك لە خودگەرایی ئەودیوی سروشت بەدی ناکات، تاك لە بوون دەسڕدرێتەوە و بە تەواوی لە کۆمەڵگەدا فەنا دەبێت"[3]، "تاك لە میانەی پابەندبوونەکەی بەرامبەر کۆمەڵگە وەك کوڕێك دەبێ گوێڕایەڵی باوکی بێ و ڕێزی لێبگرێ، وەك هاوژین دەبێ گوێڕایەڵی هاوسەرکەی بێ و بەختەوەری بکات، خۆشەویستی بابەتی بۆ خێزان دەوڵەتی چینی جیا دەکاتەوە"[4]، پابەندبوونی تاك بەرامبەر بە خۆی، بە چاودێری کردن و لێپێچینەوە و پاککردنەوەی دەبێ، ئەگەر دەروونی فەرمانی بە خراپە پێکرد یان دووری خستەوە لە گیانی هاریکاری و دەستەبەری لەگەڵ تاکەکانی تر، ئەوا دەروونەکەی لەمانە پاك دەکاتەوە.

هەرگیز نابێ تاك لە هەر دۆخێکدا لە کۆمەڵگە پاشەکشە بکات و لە گۆشەگیریدا بژیەت، چونکە ئەمە کارێکی ڕیزپەڕە و ناگونجێ لەگەڵ سروشتەکەی، ویژدانی ڕێگری لێدەکات لە هاووێنەی ئەم کارە، "بەم پێیە ناکرێ تاك ببێتە دونیابەکەمزان یان ڕەبەن، دەبێ کار بکات لە چوارچێوەی کۆمەڵدا، کاتێکیش هەست دەکات بوونی ئەو لە نێویاندا ناگونجێ لەگەڵ ڕێڕەوە ئەخلاقیەکەی، ئەوا ئەو کاتە لەسەری پێویستە بەرپرسیارێتی ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕێگەی ڕاست لە ئەستۆ بگرێ"[5].

---

1) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، (مرجع سابق)، ص ٨٩.

2) عبدالوهاب جعفر: مذكرة في فلسفة الأخلاق، (مرجع سابق)، ص ٩٣.

3) المرجع نفسه، ص ٩٣.

4) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ، العلم الشرقي، (مرجع سابق)، ص ٧٠.

5) فؤاد شبل: حكمة الصين، ج ١، دار المعارف، ص ٨٤.

کەواتە ئەخلاق لەلای کۆنفۆشیوس لە خودەوە هەنگاو دەنێ بەرەو ئەوانی تر دەڕوات، تا ببێتە یاسایەکی گشتی بۆ هەموو خەڵك، لێرەدا پێویستە پرسێکی گرنگ دیاری بکەین لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانیدا، ئەویش ویستی خێرخوازیە کە پێش جێبەجێکردنی ئەرك یان یاسا دەکەوێ.

یاسای ویست، دەبێ ببێ، لەم لایەنەدا کانت لەگەڵ کۆنفۆشیۆس کۆکە، کاتێك ویستی خێرخوازی کردۆتە سەرچاوەی فەلسەفە ئەخلاقیەکەی، ئەمە دەنگی ناخە، کە لە قوڵایی بوونماندا هەڵدەقوڵێ، یاسای ویست وا دەکات ئەنجامدانی ئەرك بۆ ئەرك بێ، ئەو ئەرکەی هیچ ئامانجێکی تر داوا ناکات جگە لە خۆی، هەر کارێك مەبەست لێی شتێکی تر بێ جگە لە ڕەچاوکردنی خودی خۆی لە چێژ یان سەروەت یان پلەوپایە یاخود خۆشیەکی تر لە خۆشیەکانی دونیا، ئەوا بەهایە ئەخلاقیەکەی لە دەستدەدات و نابێتە شایەنی ئەوەی وەسف بکرێ بەوەی کارێکی ئەخلاق.

پێش "نیچە" قسەی لەسەر "مرۆڤی باڵا" کردووە، بەڵام جیاوازیەك لە دوو تێڕوانینەکەدا بەدی دەکەین، "مرۆڤی نمونەیی کۆنفۆشیۆس پێی وایە لە توانای ئەوانی تردا هەیە هاوشێوەی ئەویان لێبێ، بەڵام سوپەرمان نیچە ئەوا کەسێکی ناجێگیرە، ئەوانی تر بە سوك سەیر دەکات، بەهۆی خۆ بەگەورە زانینکەی، وەك ئەوەی ئەوانی تر خزمەتکاری ئەون بە بەردەوامی و بێ ساردبوونەوە"[1]. بایەخی داوە بە بانگەواز کردن بۆ هێنانە کایەی کەسی چاکی پایەبەرز، کەسی باڵادەست. یان کەس پایەبەرزی نموونەیی، "کەسی نموونەیی بەپێی بیروباوەڕی ئەو، ئەو کەسەیە کە فەلسەفە و پیرۆزی تێدا کۆدەبێتەوە، لەمەشدا کەسی دانا پێکدێت، مرۆڤی کامڵی باڵا لە ڕای کۆنفۆشیۆسدا لە سێ پلە و ئەخلاق پێکدێت، هەر یەکە لە سۆقرات و نیچە و مەسیح تەواو کامڵیان لە هەر یەکێك لەمانەدا بەدی دەکرد، ئەوانیش بریتین لە زیرەکی و بوێری خۆشویستنی خێر"[2].

---

(1) عبدالرحمن رحبا: الموجز في تاريخ الأخلاق، (مرجع سابق)، ص ٢٥٩.

(2) مرجع نفسه، ص ٢٦٠.

ئەم پیاوە ئەخلاق یان پایەبەرزە، ئەخلاقی باڵای تێدا کۆدەبێتەوە. پایە و ئەخلاقی "جین" پایەی مرۆڤایەتی لە گرنگترین پلەوپایەکانە، کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ، ئەمە بنچینەی پلەوپایەکانی ترە، پایەی مرۆڤایەتی جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی ئەوەی دەبێ تاك هەڵسوکەوت بکات لە گۆشەنیگای ئەوەی ئەو هەستە مرۆییانەی لە ناخیدا هەن، کە ئەمانەن "پیاوی چاکی هەردەم خێرخواز، چونکە لە میانەی پیادەکردنیدا هەست دەکات ئەو لە نیشتمانی خۆیدایە"[١].

ئەم پایە و ئەخلاقیە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ئەخلاقییە، هەموو ئەو هەستانە هەڵدەگرێ کە شایستەیان دەکات بۆ ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا، درك کردن بە پایەی مرۆڤایەتی دەستەبەری کامڵێتی باڵا بۆ مرۆڤ دەکات، بۆیە "کۆنفۆشیۆس داندەنێ بەوەی دەکرێ بەوەی مرۆڤ دەتوانێ بگات بە ئەخلاق چ لە لایەنی تیۆری یان کرداری لە یەك ڕێگەوە، ئەمە هەوڵێکی ئەخلاقی بەردەوام و سەختە، واتە مرۆڤ ئەوپەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات بۆ پاکسازی و گەشەپێدانی خۆی لە ڕێگەی بەردەوامبوون لەسەر کرداری فێربوون و پیادەکردنی ئەخلاق و ڕێکخستنی بە پایە و ئەخلاقی لی[*]، ئەمەش یارمەتیدەری دەبێ دەستەبەری هاوئاوازی پێویست"[٢]، .

پایە و ئەخلاقی جین فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی دێنێتە کایە، بەسترانەوەی خودی مرۆیی بە بەرامبەرەوە ئەنجام دەدات، بەمەش چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بوونەوەرە مرۆییەکان دیاری دەکات، بەپێی نموونەی هەڵسوکەوتی نموونەیی، ئەمە بنچینەی چاکسازیە کە کۆنفۆشیۆس بەدەستی هێناوە، لێرەوە "جین" لە دوو ڕەگەز پێك بێت، یەکەم مرۆڤ و دووەمیان: دوانەییە"[٣]،

---

(١) Confocius, the analects trans by.d.c.lau, regim book, 1979,p 4.

* پایەی (لی) بریتییە لە پایەی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان

(٢) هالة أبو الفتوح: فلسفة الأخلاق والسياسة، المدنية الفاضلة عند كنفوشيوس، (مرجع سابق)، ص ٧٨.

(٣) Ernst Viktor Zenker: Histoire de la philosophie chiniose, opcit, p.155

جەخت دەکاتەوە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، بەمەش یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێ، سەرەتا لە خێزانەوە تا دەگاتە گشت کۆمەڵگە.

کۆنفۆشیۆس خێزانی بە کۆڵەگەی بنەڕەتی گەشەکردنی ئەخلاق، سەرچاوەی سروشتی دانا بۆ پێکهاتنی مرۆڤی چاك، بۆیە جەختی کردەوە لەسەر ئەخلاقکردن لەگەڵ باوان و وایدانا گوێڕایەڵی کردنی باوان لە ئەرکی پیرۆزە "بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە دۆخی باڵدەستی، پێویستە ڕەچاوی ئەخلاقکردن لەگەڵ باوان بکات"(1).

پیرۆزگرتنی ئەخلاقی گوێڕایەڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێزە مەزنەی گەلی چینی هەیانە بۆ ڕەچەڵەك و باوو باپیرانی پێشوویان، چین خانەوادەیەکی مەزنە، ئەمە ئەو شتەیە کە "نووسراوی فەرمی ئیمپڕاتۆر کانغ دانی پێداناوە، وەسفی خێزان دەکات بەوەی ڕووبارێکی فرە لقە، بەڵام هەمان ئاو پێیدا دەڕوات، هەر چەندە سەرچاوەکە دووربێ، کاتێك ئاوەکە دەخۆینەوە سەرچاوەکەمان بیر دەکەوێتەوە"(2).

ئەخلاق و پایەی گوێڕایەڵی یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتیەکانی بینایەی کۆمەڵایەتی، هەماهەنگی و گونجان کە خێزانێك جیا دەکاتەوە، لە شێوە گشتیەکەیدا بەسەر ئیمپڕاتۆریەتدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر بۆیە سیستەمی باوان زاڵبوو، کە لەسەر سۆز و پەیوەندی خوێن دامەزراوە، ئەرك و پابەندی ڕەها بڕیاری لێدەدات "پەیوەندی باوکایەتی، بەتریکیەت باوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی حکومەت وەستاوە لەسەر بنچینەی پیادەکردنی چاودێری باوکایەتی بۆ ئیمپڕاتۆر، کە هەموو یەکەکانی دەوڵەت ڕێکدەخات"(3)، ئەوەی ئەم ئەخلاقیە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ئەمە بەرامبەر باوان بەردەوام دەبێ تا دوای مردنیش، ئەمەش بە شیوەن گێڕان بۆ ماوەیەك یادگێڕان، "منداڵ بۆ

---

(1) فان براج: حكمة الصين، ترجمة موفق المشنوق، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، ط ١، ١٩٩٨، ص ١٠.

(2) فان براج: حكمة الصين، (مرجع سابق) ص ١٠٢.

(3) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ، (العالم الشرقي)، (مرجع سابق)، ص ٧٠.

ماوەی سێ ساڵ شیوەن دەبێ بگێڕن، لەو ماوەیەدا خۆی دادەبڕێ لە هەموو خۆشی و چێژێك، گشت ئەوەی لەسەریەتی ئەوەیە پابەندبێ بە ڕێگاکەیان و کار بکات لەسەر زیندوو کردنەوەی یادیان"[1]، گوێڕایەڵی بریتییە لە ئەخلاق و پایەی بنەڕەتی لە پاراستنی لایەنگیری سیاسی کە پلەی یەکەمدا خۆشەویستی خێزانیە.

پایەی خۆڕاگری و بەردەوامی یان ڕاستی بە یەکێك لە پێویستیەکانی پێکهاتنی پیاوی چاك هەژمار دەکرێ، پەیوەست دەبێ بەپێوەری بڕیاردان لەسەر شتەکان، بە بەرچاوڕۆشنی عەقڵ "پیاوی چاك هیچ کردار یان وتەیەك ناکات بەپێی حەز یان هەوا و هەوەس، بەڵکو ئەو شتانە دەکات کە گونجاون لەگەڵ بنەمای خۆڕاگری و بەردەوامی"[2]، خۆڕاگری و بەردەوامی واتە هاوسەنگی و گونجان، دژی هەڵخەتاندن و خۆدەرخستنی تاکە بەو سیفەتانەی کە لەودا نین، ئەمە هاوسەنگیەکی دەروونیە گونجانی ڕووکەشی تاك لەگەڵ دەروونی دەخوازێ، هەروەك کۆنفۆشیۆس بایەخی داوە بە ئەدەبی هەڵسوکەوت و لیاقە و پاکسازی، ئەمە هەموو لە پایە و ئەخلاقی "لی"دا ڕێوڕەسمەکان کۆدەبێتەوە، ئەم ڕێوڕەسمە پایەیەکە پارێزگاری دەکات لە سەقامگیری سیستەمی کۆمەڵایەتی، ڕێگە دەگرێ لە دەرکەوتنی بێ سەروبەری ئەخلاقی، چونکە بڵاوبوونەوەی ئەخلاق و پایە ئەخلاقیەکان لەلایەن هەر تاکێکەوە لە نێو کۆمەڵگەدا بەپێویستی دەزانێ چەند بنەمایەك هەبێ بۆ هەڵسوکەوتێك، کە بە ڕۆڵی ڕێکخەر هەڵبستێ، ئەم بنەمایانە ناودەبرێن ڕێڕەوسمی (لی)، لە کتێبی وتەکاندا کۆنفۆشیۆس دەڵێت: "سەیری هیچ شتێك مەکە کە ڕێوڕەسمی "لی"دا نەبێ، گوێ بۆ هیچ شتێك مەگرە کە لە ڕێڕەوسمی "لی"دا نەبێ، شتێك مەکە کە لە ڕێوڕەسمی "لی"دا نەبێ، هیچ جوڵەیەك مەکە کە لە ڕێوڕەسمی "لی"دا نەبێ"[3].

---

(1) هالة أبو الفتوح: فلسفة الأخلاق والسياسة، المدنية الفاضلة عند كنفوشيوس، (مرجع سابق)، ص ٩٢.

(2) مرجع سابق، ص ٨٥.

(3) فان براج: حكمة الصين، (مرجع سابق)، ص ١٠٩.

ڕێوڕەسمەکان پابەندبوون فێری تاك دەکەن، چ لە ناو خێزان یان لە دەرەوەدا، ئامانجی باڵا لە ڕێوڕەسمەکان بریتییە لە گونجانی تاك و فەراهەم کردنی هاوسەنگی ناوخۆیی بۆ تاك "ئەگەر مرۆڤێك بۆ ماوەی یەك ڕۆژ توانی دەست بگرێت بە ڕێوڕەسمەکانی سەرکوتکردنی ناخی خۆی، ئەوا تەواوی ئیمپراتۆریەت بەرەو ئەخلاق ئاڕاستە دەگرێ"[1].

ئەمە یەکێکە لە پلەوپایەکانی پیاوی چاك، کە ئەخلاقکاریەکەی تەواو نابێ مەگەر داناییەکەی بڵاو بکاتەوە، لە چەند نموونەیەکی کاردا "پیاوی باڵا نۆ شت دەبێ ڕەچاو بکات، بە بەردەوامی دەبێ لە هزری خۆیدا بێنێت و ببیات، لەلایەنی چاوەکانیشی ئەوا دەبێ سوربێ لەسەر ئەوەی بە ڕوونی ببینێ، لە ڕووی ڕووخساریشیەوە، دەبێ سوربێ لەسەر ئەوەی گەشاوە بێ، لە ڕووی هەڵسوکەوتیەوە دەبێ بەڕێز بێ، لە قسە کردنیدا دەبێ سور بێ لەسەر ئەوەی ڕاستگۆ بێ، لە بەڕێکردنی کارەکانیدا دەبێ سور بێ لەسەر ئەوەی ئەوپەڕی بایەخی پێبدات و ڕێز لە هاوپیشەکانی بگرێ، لەو شتانەی گومانی لێ هەیە، دەبێ سوربێ لەسەر ئەوەی پرسیار لە خەڵکی تر جگە لە خۆی بکات. ئەگەر توڕە بوو، دەبێ بیر لەو ناهەموارییانە بکاتەوە کە بەهۆی توڕەییەکەی بەسەریدادێ، ئەگەر دەستکەوتەکانی بۆ دەرکەوت دەبێ بیر بکاتەوە لە دادگەری و بەردەوامی"[2].

بەمەش نموونەیەك دادەنێ بۆ کاربەدەستی فەیلەسوفی دانا، ئەمە کەسی چاك، باڵا، نموونەیە، کە بە ئامانجی باڵای ئاڕاستەی کۆنفۆشیۆس و ڕێنماییە ئەخلاقیەکانی دادەنرێ، هەر بۆیە بەرنامەی خوێندن و فێرکردن لەلای ئەو لە پلەی یەکەمدا ئامانجی بریتی بوو لە فێرکردن و پاککردنەوەی مرۆڤ، هەڵسوکەوتی باش چۆن دەبێ، مرۆڤ چۆن دەتوانێ سروشتی مرۆیی خۆی گەشە پێبدات.

---

(1) هالة أبو الفتوح: فلسفة الأخلاق والسياسة، المدينة الفاضلة عند كنفوشيوس، (مرجع سابق)، ص ٩٦.

(2) ويل يوارنت: قصة الحضارة، (مرجع سابق)، ص ٦٢٥.

لە کۆتاییدا بە کورتی دەڵێین کۆنفۆشیۆس پێکهاتەیەکی ئەخلاقی هەماهەنگی پێشکەش کرد، ئامانجی بریتی بوو لە بەختەوەری و ئاشتی لەسەر زەوی، بەشدار بوو لە بنیاتنانی ئاڕاستەی ئەخلاقی، کە بنچینەکەی بە تیۆردانانە، بەمەش بواری ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی دیاری ئەخلاقی تیۆری کە بایەخ دەدات بە بنچینەکانی ئەخلاق "تێدەکۆشێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنچینەکانی هەڵسوکەوت، کە ئەخلاق و حوکمەکانی چاك و خراپ پێك دێنن، کە لە ناوەندی ئەخلاقدا کۆدەبنەوە، بناغەکان شی دەکاتەوە و بەسترەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ دابەزین بەرەو بنچینەکانی پابەند کردن"[()]، کۆنفۆشیۆس زۆرێك لە چەمکی ئەخلاقی دامەزراند، کە ناوەڕۆکی مرۆڤی دیاری دەکرد، هەروەك بەشداریەکی لەبیر نەکراوی کرد لە بنیاتنانی کاروانی شارستانی مرۆڤ.

**پوختە**

هەوڵمان لەم نووسینەدا دۆزینەوەی چارەسەر نەبوو بۆ ئەو کێشانەی ئەخلاق پێی دەناڵێنێ لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا، بەڵکو ناسینی ڕەگ و ڕیشەی بەرایی هزری ئەخلاقی بوو، لەلای شارستانیەتە خۆرهەڵاتییەکان، ئەم دەرەنجامانەی خوارەوەمان هەڵهێنجاوە:

١- مرۆڤی خۆرهەڵاتی نامۆ نەبوو لەهەمبەر ژیانی ئەخلاقی، ئەخلاقی ناسیوە و جێبەجێی کردووە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا، هەردەم بەسروشت و فیترەتی خۆی حەزی کردووە کردارە ئەخلاقیەکانی چاك بکات، بەڵام تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و سەرچاوەی ئەم کردارانە لەم شارستانیەتەدا تەواو نەبوو، ئەخلاقی کرداری بریتی بوو لە ڕەوتی باو، نووسینی

() جالكين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر: ترجمة الدكتور عادل العوا، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠١، ص ١١.

ڕێبازی تیۆری و بنەمای فەلسەفی ئەوا سروشتی ژیانی کرداری ئەوان ڕێگەی پێنەداوە، کە پڕبووە لە سەختی و هەوڵدان لە پێناو ژیان.

٢- میسرپیە کۆنەکان، ئەخلاقی کرداریان ناسیوە، زۆر بایەخیان پێداوە، خاوەن هەڵسوکەوتی ڕێگ و پێك بوون، ئامانجی بریتی بوو لە ئامانجێکی باڵا ئەویش ژیانی بەختەوەری دواڕۆژ بوو، سەرباری ئەمە هەڵسوکەوتە کردارییە ئەخلاقییەکان، سەقامگیری و بوژانەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی گشتتیدا بەرپا کرد.

٣- سەبارەت بە شارستانیەتی فارسی، ئەوا جوانترین شت کە شایەنی ئاوڕ لێدانەوەیە بریتییە لە ئاڕاستەی پایەبەرزی، لە ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی، حەزکردن لە ئەخلاقکاری کە بنچینەی هەموو بوونەوەرەکانە.

٤- هەروەك هیندیە کۆنەکان (براهمیەکان و بوزیەکان) ئاشنای هەندێك ئامۆژگاری بوونە، کە بایەخ دەدەن بە ڕاستکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکردنەوەی یەکسانی لە نێوان تاکەکان، جیاوازی کردن لە نێوان خێر و شەڕ لەسەر بنچینەی ئەوەی هەر یەکێکیان خواوەندێکیان هەیە، خێر و ئەخلاق، بریتییە لە ڕێگەی ئەخلاق بۆ یارمەتیدانی خواوەندی ئەخلاق بۆ زاڵبوون بەسەر خواوەندی شەڕ.

٥- چینیەکان، لەسەروشانەوە کۆنفۆشیۆس، کۆنترینی گەلانی کۆنن کە بەدوای فەلسەفەی ئەخلاق گەڕابن و لێیان کۆڵیبێتەوە، یەکەم کەسە بانگەشەی کردووە بۆ بیرۆکەی ئەرك و واجب، داوای کردووە ئەرك بە پیرۆز بگیرێ و بکرێتە پێوەری هەڵسوکەوت، خێر لەلای ئەو لە شوێنکەوتنی ڕێگای ئەرك و واجبدایە، بەڵام شەڕ لە فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنیدا دەبێ، هەروەك پێی وایە پایەی باڵا خۆی دەبینێتەوە لە سەروەرێتی خۆشویستنی خەڵك.

٦- لێرەوە دەبینین فەلسەفەی چینی لە سایەی ڕێنماییەکانی ئەم فەیلەسوفە سروشتێکی تیۆری و کرداری بەیەکەوە وەرگرتووە، یەکەمیان لەسەر دیاریکردنی چەمکە ئەخلاقیەکان دەوەستێ، وەك مانای ئەرك و واجب و سروشتەکەی، دووەمیان لەسەر دیاریکردنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە دەوەستێ، هەروەك بانگەوازی نەکرد بۆ فەرامۆشکردنی

دونیا و دژایەتی کردنی ئارەزووەکان و فەنابوون لە خودی خواوەندا، جیاوازی لەم ئاڕاستەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی گەیشتبووە پلەی کاملی.

٧- لێرەوە داندەنێین بەوەی گەلانی کۆنی خۆرهەڵات، زۆر شتی پێشکەشکردووە بە شارستانیەتی یۆنانی، ئەگەرچی بیروباوەڕی باو ئەوەیە یۆنانیەکان قەرزداری گەلانی تر پێشخۆیان خۆیان نین، لە زانست و هونەر و ئادابەکان، کە پێش بیروباوەڕی ئەوان کەوتوون، ئەگەر شارستانیەتی کۆن لە وڵاتی یۆنان گەیشتبێتە پلەی پێگەیشتن، ئەوا لە وڵاتانی خۆرهەڵات سەریانهەڵداوە و گەشەیان کردووە، کەواتە پلەوپایەی پێگەیشتنی شارستانی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، کە بە بنچینە کراوە لەلایەن سۆکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆی مامۆستای یەکەم قوتابخانە ئەخلاقیە عەقلیە ڕێك و پێکەکان، کە مرۆڤایەتی پێی ئاشنابووبێ لە مێژوودا.

## سەرچاوەکان:


١- أبو الفتوح أحمد (هالة): الفلسفة الأخلاق و السياسة الذاتية الفاضلة عند كونفشيوس، دار قباء للطباعة والنشر، ٢٠٠.

٢- الفوال (صلاح مصطفى): سوسيولوجيا الحضارات القديمة، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٢.

٣- الكيلاني (مجدى): الفلسفة اليونانية من طاليس إلى أفلاطون دراسة مصدرية، الإسكندرية، ٢٠٠٩.

٤- الملاح (هاشم يحي) المفصل في فلسفة التاريخ دار الكتب العلمية بيروت لبنان ط ٢، ٢٠٠٧.

٥- النشار (مصطفى): المصادر الشرقية للفلسفة اليونانية، دار قباء للطباعة والنشر، ط١، ١٩٩٧.

٦- النشار (مصطفى): تاريخ الفلسفة اليونانية من منظور شرقي، دار قباء للطباعة والنشر، القاهرة ١٩٥٥.

٧- النشار (مصطفى) فكرة الألوهية عند أفلاطون وأثرها في الفلسفة الإسلامية والعربية، مكتبة مدبولي، القاهرة، ط ٢، ١٩٨٥.

٨- جالكين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ترجمة الدكتور عادل العوا، عويدات للنشر والطباعة. بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠١، ص ١١.

٩- جعفر (عبدالوهاب): مذكرة في فلسفة الأخلاق جامعة الإسكندرية، ١٩٩١.

١٠- خضر (سناء): محاضرات في الفكر الشرقي دنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية القاهرة.

١١- ديوارنت (ول): المجلد الأول: ترجمة لفيف من العلماء، القاهرة، سنوات متفرقة.

١٢-زيعور (على) الفلسفات الهندية، دار الأندلس، بيروت، ١٩٨٢.

١٣-شبل (فؤاد): حكمة الصين، ج ١، دار المعارف.

١٤-كتاب الموتى: نقله الى العربية د. فيليب عطية، مكتبة مدبولي، القاهرة ١٩٨٨.

١٥-كريم (زيد عباس) سبينوزا، الفلسفة الأخلاقية دار التنوير للطباعة والنشر بيروت ٢٠٠٨.

١٦-مراد (سعيد) المدخل في تاريخ الأديان، مصر، ط ١، ٢٠٠٠.

١٧-مرحبا (عبدالرحمن): الموجز في تاريخ الأخلاق، طرابلس، لبنان، ط ١، ١٩٨٨.

١٨-مرحبا (عبدالرحمن): مع الفلسفة اليونانية، منشورات عويدات، بيروت، ط ٣، ١٩٨٨.

١٩-نصار (محمد عبدالستار): دراسات في فلسفة الأخلاق، دار القلم، الكويت، ط١، ١٩٨٢.

٢٠- هيجل (فريدريك) محاضرات في فلسفة التاريخ، العالم الشرقي، ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، ج ٢، دار التنوير للطباعة والنشر.

٢١-زيعور (علي) الفلسفات الهندية. دار الأندلس بيروت سنة ١٩٨٢.

٢٢-فان براج: حكمة الصين، ترجمة موفق المشنوق، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، ط١، ١٩٨٩.

٢٣- Ernst Viktor Zenker: Histoire de la philosophie chiniose, edition Payot paris 1932

٢٤- Confocius, the analects trans by.d.c.lau, regim book, 1979

# بەشی دووەم

# ستراتیژیەتی بەتیۆردانانی بەهاگەرایی

## له فه‌لسه‌فه‌ی یۆنانیدا

**یه‌كه‌م – ناوه‌ڕۆكی ئه‌خلاق لای ئه‌فلاتۆن**

**دووه‌م – بیركردنه‌وه‌ی ئاڕاسته‌یی له‌ فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌خلاقی ڕواقیدا**

**سێیه‌م – هزری فه‌لسه‌فی ئه‌خلاقی له‌لای قوتابخانه‌ پاشینه‌كانی یۆنانی**

## ناوه‌ڕۆكی ئه‌خلاق لای ئه‌فلاتۆن

## به‌پێی گفتوگۆكانی "مینون"

عنيات عەبدولکەریم

زانکۆی فرحات عەباس سەتیف – ئەلجەزائیر

مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئەوە نییە هزرەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی بابەتی ئەخلاق و پایە و ئەخلاقی تایبەت بە تاك یان دەوڵەت بخاتەڕوو، کەسێك نییە ئەوەی خستبێتەڕوو باشتر و جوانتر لە خودی ئەفلاتۆن، بۆیە هەر کارێکی بچوکیش بەم ئاڕاستەیەدا دووبارە کردنەوەی هەمان هزر و هێنانەوەی چەمکەکان دەبێ، بەڵام ئەوەی خراپترە ئەوەیە ئەم دووبارەکردنەوەیە بە چەند گوزارشت و بێژەیەك دەبێ، کە زۆر دوورتر دەبێ بە وردکاری ئەفلاتۆنیەتی ناسراو، لەلایەکی ترەوە ئەگەر بمانەوێ ڕاڤەی تیۆری ئەفلاتۆن بکەین ژێربێژی بالا لەدەست دەدەین، گیانی زووبند لەکیس دەدەین کە هی گفتوگۆی سۆکراتی – ئەفلاتۆنیە، کە وامان لێدەکات بەهۆی زۆر خوێندنەوەی بڕوامان وابێ ژیانە نەوەك ئەدەب و وێژە، بەهەمان شێوە ئامانجمان نییە ڕاڤە و شرۆڤەکانی فەیلەسوفەکانی دواتر و مێژوونووسانی فەلسەفەی یۆنانی کۆ بکەینەوە، لە پاڵ پسپۆران لە فەلسەفەی ئەخلاق و زانست و زانیاری و شارەزاییەکەی لە یەك بابەتدا، ئەگەرچی ئەم کارە سەختە و پێویستی بە کاتێکی دوور و درێژ و کۆششێکی زیاتر هەیە، ئەمە زۆر یارمەتی ڕوونکردنەوەی هەموو تواناکانی دەقی ئەخلاقی ئەفلاتۆنی دەدات، هەروەك سەرچاوەکان ڕوون دەکاتەوە وەك ڕەگ و کۆتاییەکانیش وەك ئامانج، هەروەها گشت ئەو شوێنەوارانەی ئەم بلیمەتە فەلسەفییە جێهێشتن، کە بزربووی فەلسەفی کێڵا و کاری تێداکرد، بەوەی پێشوو و ئەوەش کە تازە بوو، تەنها ئەوەی جێهێشت کە لێ دابڕابوو بەهۆی کاری نەگۆڕی مێژوو، کە ڕێگەی لێدەگرێ لە خستنەڕوو ئەو بابەتانەی مێژووی هاوچەرخمان دەیخاتەڕوو، بەهۆی گۆڕان و وەرچەرخان و جیاوازی چۆنیەتی.

ئێمە تێدەکۆشین بۆ دووبارە دۆزینەوەی دەقی ئەخلاقی ڕەسەن لەلای ئەفلاتۆن، لە پێناو ئەنجامدانی کرداری شرۆڤەیی و ڕەخنەیی. ئامانجی شرۆڤەی دەق بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەم دەقە لە پێناو زاڵبوون بەسەریدا و ڕوونکردنەوەی بنیاتەکەی، بەڵام ڕەخنە ئاڕاستەکراوە بۆ دیاریکردنی هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان سۆکراتی و ئەفلاتۆنی و سروشتی کارلێکی نێوانیان، دواتر هەوڵی لێکۆڵینەوە – بە یارمەتی فەیلەسوفەکان – بە دڵنیایەوە لە سنووری دەقی ئەخلاقی و لایەنە جیاوازەکان کە گۆڕیویەتی لە نەریتی یۆنانی و ئەو لایەنانەی لێی بێ دەنگ بووە. هەروەها هەوڵ دەدین بەدواداچوون بکەین بۆ ڕەگ و ڕیشەی مێژووی ئەم دەقانە، لە سەدەکانی ناوەڕاست بە دیاریکراوی. ئەم ئامانجە، کە لە سەرەتاوە دیاریمان کردووە، داوامان لێدەکات پەیڕەو و ڕێبازەکان و ئامرازە پێویستەکان بەگەڕبخەین بۆ خوێندنەوە و لێهەڵهێنجان و بەراوردکاری، کە خۆی دەبینێتەوە لە شیکردنەوە و پێکهێنانی یەك لە دوای یەکدا، وەك پەیڕەوی ئەوانەی خۆیان پابەند نین بە هیچ ڕێباز و لایەنگیریەك.

سەبارەت بە کێشەکانی دەستپێکردن، کە هەنگاوی لێوە دەنێین، لەم بابەتەدا ئەمانەن: ئەو دەقە ئەفلاتۆنیانە چین، کە وەك کلیلی تیۆری ئەخلاقن لای ئەفلاتۆن؟ ئایا گفتوگۆی مینۆن بنچینەی تیۆری ئەخلاقە لە فەلسەفەی ئەفلاتۆندا، یان دەکرێ قسە بکرێ لەبارەی گرنگی گفتوگۆی تر، ئەگەر زانیمان ناونیشانی لاوەکی بۆ گفتوگۆی بچوکی هیبیاس بریتییە لە "ئەخلاق و زانین"؟ ئایا سنووری جیاکەرەوە لە نێوان تیۆری ئەخلاقی سۆکراتی و تیۆری قوتابی و موریدەکەی واتە ئەفلاتۆن چییە؟ ئەگەر دەمانەوێ گومان بکەین دەڵێین: ئایا سنووری ئەمینداری و وەفاداری لای ئەفلاتۆن بۆ تیۆری سۆکرات چییە؟ ئایا ڕێژەی پەیوەندی نێوان تیۆری ئەخلاقی و ڕەگەزەکانی تری ڕێبازی ئەفلاتۆنی پەلوپۆ فراوانەکەی چییە، چ لەلایەنی زانین یان سیاسی یاخود ئەودیوی سروشتەوە؟ ئەمە چەند پرسیارێکن بابەتەکە بۆ گفتوگۆ دەکەنەوە، هەندێك بابەتی تر لە پێویستی شرۆڤەیی و جوڵەی هزری پەیدادەبن، بێ ئەوەی پێشتر پلانی بۆ دانرابێ، بەهەمان شێوە کار دەکەین لەسەر نزیك کردنەوەی لە میانەی جەختکردنەوە لەسەر دەقە دامەزرێنەرەکان، وەك

سەرچاوەی یەکەم و دەقی شرۆڤەکاری پەیوەنددار بە ڕەسەنایەتی توێژینەوە وەك سەرچاوەی دووەم.

**یەکەم – توێژینەوەیەکی شیکاری بۆ گفتوگۆکانی مینون:**

فەیلەسوف و فەیلەسوفی زانستی فەڕەنسی (١٨٩٢ – ١٩٦٤) "Alexander Koyré" دەستی بەو وانانە کردووە کە لە زانکۆی میسرِی داویەتەوە، لە چاپدراون لە ژێر ناونیشانی: "Introduction a la lecture de platon" بەمە دەستی پێکردووە: "خوێندنەوەی ئەفلاتۆن چێژێکی مەزنە، بەڵکو لەزەتێکی زۆر بەرزە، ئەو دەقە جوانانەی کە پڕاوپڕن لە کامڵی، وێنەی دەگمەنن و بە چاکی قوڵبوونەتەوە لە هزرەکەدا، بەرگەیان گرتووە لەبەردەم بانگەشەکانی ڕۆژگار، زەمەن و کات لە پەل و پۆی نەخستوون، هەر بەزیندووی ماونەتەوە بە بەردەوامی، لەوەتەی سەردەمێکی کۆنەوە ئەوەی نووسراوە هەر زیندووە. ئەو پرسیارە ئاشکرا و بێزارکەرانە: ئەخلاق چییە؟ بوێری چییە؟ خواپەرستی چییە؟ ئەو پرسیارانەی سۆکرات هاونیشتمانیەکانی پێ سەغڵەت کرد..."(١).

ئەم گەواهیدانە بە مانای ملکەچ بوون و پانکردنەوە نایەت بۆ ئەفلاتۆن، لەلایەن ئەو بیرمەندەی پێی کاریگەرە، لە میانەی خوێندنەوەی گفتوگۆکانی، بەڵگەشە لەسەر ئەمە ئەوەیە داننان بە بەهای گفتوگۆ ئەفلاتۆنیەکان لەلایەن ئەو فەیلەسوفانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەرکی بنەڕەتی خۆیان کردۆتە پوچەڵکردنەوەی ئاڕاستەی ئەفلاتۆنی، کە بووەتە خەسڵەتی زاڵی هزری خۆرئاوایی. ئەگەرچی زۆرێك هەبن لەوانەی ئەمەیان گرتبێتە ئەستۆ، دیارترینیشیان بە ڕەهایی نیچەیە (١٨٤٤ – ١٩٠٠) بە ڕەچاوکردنی ئەو شڵەژانەی دروستی کرد لە پڕۆژە شۆڕشگێڕیەکەیدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەرچەرخاندنی ڕیشەیی گشت بنیاتی فەلسەفی کە

(١) ألكسندر كواريه، مدخل لقراءة أفلاطون، ترجمة عبدالمجيد أبو النجا، الدار المصرية للتأليف و الترجمة، ص ١١.

ئەفلاتۆن ئەندازەگیری بۆ کردبوو، ناونیشانی نووسینە کۆتاییەکانی کردە "هەولێك بۆ سەراوژێر کردنی گشت بەهاکان". بە دڵنیایەوە سەختی لە درك کردن بە ئامانجی تیرەکانی نیچە بەدی ناکەین، ئەو مەبەستی ڕووخاندنی ئەو فەلسەفەیەیە کە بۆ ماوەی دوو هەزارساڵ کەڵەکە بووە لەسەر "بنچینەی ئەفلاتۆنی". نیچە چی لەبارەی گفتوگۆکانی ئەفلاتۆن دەڵێت سەرباری دژایەتی کردنی؟ لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە بۆ ئەفلاتۆنی تایبەت کردووە داندەنێ بەوەی: "ئەفلاتۆن بەرامبەر فیۆلۆلۆژی مەزنترە... خاوەن توانای هونەری و توانای هەرە مەزنە کە لە گشت تۆمارەکاندا دەستی هەیە... لە نووسیندا توانای درامایی جیهانی نمایش دەکات... سەبارەت بە ماوەی ئەدەبی، ئەوا سەختە خەسڵەتی ئەم یادە تایبەتە بە گفتوگۆکانی ئەفلاتۆن بە بەردەوامی بەرجەستە بکرێ"[1].

نیچە دوای کۆبوونەوەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان، لە دەوری گفتوگۆکانی ئەفلاتۆن، تایبەت نووسینەکانی شلایرماخر و ئەست و زوشر و هارمان، بەردەوام دەبێ لە ڕەخنەگرتن و دیاری کردنی خەسڵەتی تایبەتی هزری ئەفلاتۆن، لەسایەی فرە لقی تیۆرە جیاوازەکانی، گەیشتە ئەوەی فەلسەفەی ئەخلاق وەك هێزی زاڵ وایە بەسەر گشت هزری ئەفلاتۆندا، بەمەش تیۆری ئەخلاق لایەنێکی پەڕاوێزی نییە یان تەواوکەری ئاڕاستەکەی نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو بنچینەیەیە کە ئەبستمولوژی و ئەودیوسروشتی لەسەر دامەزراوە، بەمەش ژان و ئەوەی لەسەریەتی تەنها دەبێتە بەهایەك. ئەمە ڕاڤەی بایەخدانی ئەفلاتۆن بە ئەخلاق لەسەر زمانی سۆکرات دەکات، شرۆڤەی ئەوە دەکات کە چەندە ئەندێشە گشتیەکان لەبارەیەوە دروستن[2].

یەکەم جار لایەنی شێوەیی و دانانی گفتوگۆی مینۆن لەلامان گرنگە. لە ڕووی قەبارەوە بە یەکێك لە گفتوگۆیە بچوکەکان دادەنرێ بە بەراورد لەگەڵ کۆی گفتوگۆ تەواوەکانی ئەفلاتۆن، کە

---

(1) فريدريك نيتشة، مقدمة لقراءة محاورات أفلاطون، ترجمة محمد الجوة وأحمد الجوة، دار البيروني للنشر والتوزيع، صفاقس، ط ١، ص ٤ – ٥.

(2) المرجع نفسه، ص ٧٥.

به بیست و هەشت گفتوگۆ دادەنرێن. لەم ڕاپۆرتەدا پشتمان بەستووە بە دوو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئەوانیش ئەمانەن:

١- وەرگێڕانی "شەوقی داود تمراز" بۆ گفتوگۆی مینۆن، لە دوو توێی زنجیرە گرنگ و دەگمەنەکانی گفتوگۆی کاملەکانی ئەفلاتۆن، کە لە شەش بەرگدا هاتووە، بەم ڕیزبەندیەی خوارەوە:

- بەرگی یەکەم، گفتوگۆی کۆماری لە خۆی دەگرێ، بۆ دە بەش دابەشکراوە، نزیکەی (٤٣٣ لاپەڕەیە).
- بەرگی دووەم، حەوت گفتوگۆ لەخۆ دەگرێ، ئەمانەن: بارمنیدس (٨٦ لاپەڕە) کەسی سیاسی (٩٤ لاپەڕە) کەسی سۆفستائی (٨٩ لاپەڕە) جورجیاس (١٢٢ لاپەڕە) کارمیدس (٣٥ لاپەڕە) لیسیس (٣٤ لاپەڕە) لاخیس (٣٤ لاپەڕە).
- بەرگی سێیەم: کە هەشت گفتوگۆکە لەخۆ دەگرێ: ئیون (١٧ لاپەڕە) بروتاغورس (٧٤ لاپەڕە)، یوسیدیموس (٥٩ لاپەڕە)، مینون (٤٨ لاپەڕە)، یوسیفرۆ (٧٤ لاپەڕە)، بەرگری سۆقرات (٣٤ لاپەڕە)، کریتۆن (١٧ لاپەڕە)، فیدون (٩٢ لاپەڕە).
- بەرگی چوارەم حەوت گفتوگۆی تێدا هاتوون، بەم ڕیزبەندیەیە: کراتیلیوس (٩١ لاپەڕە) خوان (٧٠ لاپەڕە) هیبیاسی مەزن (٤٣ لاپەڕە) هیبیاسی بچوك (٢٣ لاپەڕە) ئەلسیبیاسی یەکەم (٦٤ لاپەڕە) مینیکسینوس (٢٠ لاپەڕە) کریشیاس (٢٠ لاپەڕە).
- بەرگی پێنجەم ئەم چوار گفتوگۆیە لەخۆی دەگرێ: فایدرۆس (٧٧ لاپەڕە) سیاتیتوس (١٢٠ لاپەڕە) فیلیبوس (٩٧ لاپەڕە) تیماوس (١٠٠ لاپەڕە).
- بەرگی شەشەم کە کۆتاییە، تەنها گفتوگۆکانی دوایی لە ڕووی مێژوویی و مەزنی لە ڕووی قەبارەوە لەخۆی گرتووە، کە یاسا و ڕێساکانن، کە دوایین شت بوو ئەفلاتۆن نووسیبووی، بۆ دوازدە کتێب دابەشی کردن، بەمەش ٤٦٢ لاپەڕی داگیر کرد.

٢- وەرگێڕانی دکتۆر عیزەت قرنی، کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانیەوە بۆ سەر عەرەبی وەریگێڕاوە، بێ نێوەندگیری. وەرگێڕانەکەی دەکەوێتە نزیکەی ٨٧ لاپەڕە، لە ڕاستیدا ژمارەی زۆری

لاپەڕەکان بە بەراورد بە وەرگێڕانەکەی "شەوقی داود تمزار" کە ٤٨ لاپەڕەیە، بۆ زۆری سەرەنج و ڕوونکردنەوەکانی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە، کە بەسوودن بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر پرسی پەیوەست بە چەمك یان مەساەتیەکان، تەنانەت ئەو ڕووداوانەی پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەن.

لایەنی شێوەیی گرنگ، لە کاتی شرۆڤەی گفتوگۆی مینۆن بریتییە لە ڕیزبەند کردنی گفتوگۆکان بەپێی مێژووی نووسینەکە. بە کرداری فیۆلۆجییەکانی ئەڵمانی (عاشقانی وشە) کاریان کردووە لەسەر ئەم کێشەیە، گەیشتن بەوەی– لە ڕاستیدا یەکدەنگی لە نێوانیاندا دروست نەبووە، لەبارەی ئەم دابەشکاریە و تەنانەت ژمارەکەشی، هەیانە دەیکاتە چوار وەك "زوشر" – سێ بەش هەن بۆ گفتوگۆکانی ئەفلاتۆن، کە ئەمانەن: یەکەمیان گفتوگۆکانی گەنجان یان گفتوگۆکانی سۆکراتی وەك چۆن "ئەست" وا ناوی دەنێت لە کتێبەکەیدا "ژیان و نووسینەکانی ئەفلاتۆن" لە ساڵی ١٨١٦. خەسڵەتی کۆکەرەوەی گفتوگۆکان کە لەم قۆناغەدا نووسراون، تا دەگاتە تەمەنی ٤٥ ساڵی لە تەمەنی ئەو، ئەوەیە ئەمانە گفتوگۆی کراوەن،هەر بۆیە دەکرێ بە نەرێنی دابنرێن، بەو مانایەی ناگەن بە دیاریکردن و داخستنی کێشە وروژێنراوەکان بە تەواوی، بە سادەیی تەنها گفتوگۆی دەمکوتکەرین. دووەمیان گفتوگۆکانی پێگەیشتن، دەکرێ ناویان بنێین گفتوگۆکانی ئەفلاتۆنی سۆقراتی، تیایدا ئەفلاتۆن هەنگاوێکی سەربەخۆیی دەستەبەر دەکات لە هەڵوێستەکانیدا تا شەستەکانی ژیانی ئەو درێژ دەبێتەوە. لەم قۆناغەدا گفتوگۆکانی کۆماری و خوان و فیدۆنی نووسی، یان لەبارەی هەرمانی ڕۆح و فایدروس کە تایبەتکراوە بۆ ناساندنی جوانی و کاری هونەری. بەڵام بەشی کۆتایی ئەوا ناسراوە بە گفتوگۆکانی بەساڵاچوون، تیایدا کتێبەکانی کۆتایی نووسی تایبەت بە یاساکان، جیاواز بوون بە بەراورد بەوانەی پێشوو، بەهۆی ئەوەی "گفتوگۆی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەن" تیایدا ئەفلاتۆن هەندێك ڕەخنەی خودی دەگرێ لە چەند بابەتێکی وەك خێزان، درك بەمە دەکەین کاتێك دەقە کۆماریەکان بەراورد دەکەین بە دەقە یاساییەکان(*).

لێرەدا تەنها ئەوەمان لە دەستدێ هەنگاوی دووەم بهاوێژین و بپرسین: گفتوگۆی مینۆن سەری بە چ قۆناغێکە؟ ئەو تەمەنە چەندە، کە ئەفلاتۆن گفتوگۆی مینۆنی تێدا نووسیوە؟ بەڵگە چییە لەسەر ئەوەی گفتوگۆکە سەری بە قۆناغی گەنجێتییە؟ لە زۆربەی نووسراوەکاندا وا نووسراوە گفتوگۆی مینۆن دەدرێتە پاڵ قۆناغی سەرەتا، واتە گفتوگۆکانی گەنجێتی، کە تیایدا ئەفلاتۆن شوێنکەوتوویی سۆکرات بووە، پێش ئەوەی ئەکادیمیا دابمەزرێنێ و بەمەش لە قۆناغی قوتابییەوە بچێتە دۆخی مامۆستایەتی، ببێتە سەرچاوەیەك بۆ زانست دوای ئەوەی زانستخواز بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم گفتوگۆیە لە بنەڕەتدا لە هزرەکانی سۆکراتەوەن، هەر بۆیە پشێوی فەلسەفی نەریتی دەرکەوت، کە زۆرێك لەوانەی بایەخ بە ئەفلاتۆن دەدەن کەوتنە سەرگەردانی و مشتومڕەوە لەبارەی جیاکردنەوەی ورد و ڕاست لە نێوان بیرۆکەی سۆکراتی و هزری ئەفلاتۆنی. سەبارەت بە وەڵامدانەوەی گفتوگۆی مینۆن بۆ خاسیەتی قۆناغی سەرەتا، کە بریتییە لە کۆتایی کراوە و وەڵامی نەبڕاوە ئەوا ئەمە شتێکی زۆر ڕوونە. چونکە وەڵام لەبارەی ئەم کێشەیە خراوەڕووە سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەخلاق و چۆن خەڵك بەدەستی دەخات، لە گفتوگۆکەدا بەم شێوەیە بووە، کاتێك سۆکرات ڕایگەیاند: "ئەخلاق بە سروشت و فێرکردن بەدەست نایەت، بەڵکو بەخششێکی خواییە بەدەر لە ژیری بە کەسانێك دەبەخشێت... دڵنیایی بەدەست ناهێنین لەبارەی ئەم بابەتە تەنها کاتێك نەبێ کە لێکۆڵینەوە دەکەین سەبارەت بەوەی ئایا ئەخلاق چییە، بەر لەوەی لێکۆڵینەوە بکەین لەو ڕێگەیەی ئەخلاق بۆ مرۆڤ دێت"[۱]. ئەمە

* لە کتێبی پێنجەمی کۆماریدا کاتێك ئەفلاتۆن دەدوێ لەبارەی پێگەی ئافرەت دەبینین دەڵێ: دەبێ هاوژینی جەنگاوەران بەڕەڵا بن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ منداڵەکان پەرت بڵاو بن و چەمکی خێزان نەمێنێ وەك ئەوەی ناسراوە، لەلای زانایانی ڕەچەڵەکناس بە ناوی خێزانی هاوسەری نوێ ، کە لە کۆمەڵگەی یۆنانی باو بوو. پاساوی ژیرمەندانە کە ئەفلاتۆن پێشکەشی کرد بۆ ئەم بەڕەڵاییە خێزانییە، ئەوەیە: "بۆ ئەوەی جیاوازیەکانی سامان و پەیوەندییە خێزانیەکان نەمێنن" کە لە گشت سەردەم و کۆمەڵگەکاندا ڕێژەی هەرە مەزنی کێشەکان پێکدێنن. سەبارەت بە گفتوگۆی کۆتایی کە یاساکانن دەبینین لە دژی بیرۆکەی بەڕەڵایی هەڵدەگەڕێتەوە و ڕەتی دەکاتەوە. داندەنێ بە خاوەندارێتی تایبەتیدا بە دابەشکردن و هەموو ئەو شتانەی لێی بەرهەم دێن لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ زانیاری زیاتر دەکرێ بگەڕێیەوە بۆ:

ڕاشکاویەکەی سۆکڕاتیە، چەسپا کە نەیتوانیوە چارەسەرێکی ئەرێنی پێشکەش بکات، بە ئەندازەی ئەوەی پەنای بردۆتە بەر چارەسەری ئاسانی بێ بەرامبەر کە "بەخششێکی خواییە"، لە دوای ئەویش لەلایەن چەندین فەیلەسوف بووەتە یەکێك لە کێشە دڕکاویەکان، کە عەقڵ و ژیری ماندوو دەکات.

خاڵی کۆتایی کە پەیوەستە بەشێوەی گفتوگۆکە، ئەویش پاڵەوان و کەسایەتی گفتوگۆکان بوون، ئەوانیش ئەمانەن:

١– **سۆکڕات:** دوێنراوی سەرەکی و کارایە، هەروەك لە چەندین گفتوگۆدایە جگە لە هەندێکیان نەبێ، وەك: بارمنیدس، یاساکان، سیاسی... لە گفتوگۆی مینۆندا ئەفلاتۆن ئاماژە بە سۆکرات دەکات کە لە تەمەنێکی مەزندا بووە، نیشانەکانی بەساڵاچوونی پێوە دیاربووە. سەرباری ئەمە وازی نەهێناوە لە ڕێبازەکەی ئەو لە گفتوگۆدا، ئەویش بڵاوکردنەوەی نەزانی و گومانە لە گفتوگۆکانیدا، وەك چۆن ماسی موچڕکە بە جەستەی ئەو کەسەدا دێنێ کە دەیگری[1].

٢– **مینۆن:** لە گفتوگۆکەدا دەردەکەوێ کەسێکی بیانیە لە "تسالیا" و سەردانی ئەسینای کردووە، بە یاوەری خزمەتکار و یاریدەدەرەکانی، چاوپێکەوتنێك لە نێوان ئەو و سۆکڕاتدا ڕوویداوە. لە شارەکەی خۆی دەچێتە سەر خێزانێکی ڕێزداری خانەدانەکان، ئەم پلەبەرزیە لەوە دەردەکەوێ ئەم خێزانە مافی پێشوازی و میوانداری کردنی شای فارسیان

---

– أفلَاتون: الجمهورة، ترجمة شوقي داود تمزار، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، المجلد الأول، الكتاب الخامس، ص ٢٣٥.

– أفلاطون، القوانين، ترجمة محمد حسن ظاظا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦، الكتاب الخامس، ص ٢٦١.

– فريدريك إنجلز، أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، ترجمة أحمد عز العرب، دار الطباعة الحديثة، ص ٥٦ وما يليها.

() أفلاطون، مينون، ترجمة عزت قرني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١، ١٠٠٠ب، ص ١٤٧ ـ ١٥٨.

() المرجع نفسه، ٨٠ ب، ص ١٠١.

بەدەستخستووە. لەپاڵ ئەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە، دەبینین مینۆن فێرخوازێکی نایابیشە، چونکە خوێندنی ئەنجامداوە لەسەر دەستی جۆرجیاس، کەسایەتی سۆفستائی ناسراو. بەم ئاستە شارەزاییە شایستەیە نینۆن دەبێتە هاوتای سۆکرات لە تاوتوێکردنی پرسی ئەخلاق و پایەداریدا. بۆ ئەوەی پرسیارەکە زۆر بەرەوایی بمێنێتەوە، کە بریتییە لەوەی: بۆچی ئەفلاتۆن کەسایەتی مینۆنی هەڵبژاردووە بۆ پێکهێنانی گفتوگۆیەك لەبارەی ئەخلاق و ئەخلاق؟ دکتۆر عیزەت قرنی دوو گریمانە دەخاتەڕوو، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەویش ئەمانەن: لەبەر ئەوەی مینۆن لەسەر دەستی جۆرجیاس خوێندویەتی، ئەوا دەرخستنی کورتبینیەکەی و پوچەڵ کردنەوەی بەڵگەکانی، بەشداریەکی باشە لە ڕەخنەگرتن لە جۆرجیاسی مامۆستاکەی و لەوێشەوە ڕەخنەگرتن لە سۆفستائیەت بەگشتی. هەڵەی قوتابی لە هەڵەی مامۆستاکەیەوە، هەڵەی مامۆستاکەش لە هەڵەی پەیڕەوەکەیە بە گشتی. بەمەش ئەگەر بەڕاستەوخۆش نەبێ ئەوا ئەفلاتۆن قەناعەتمان پێ دەکات کە هەڵە لە سۆفسائیەتدا هەیە لەسەر ئاستی پەیڕەو و مامۆستا و شوێنکەوتووان. ڕاڤەی دووەم، کە ژیرمەندانەیە، تەواو وەك ئەوەی یەکەمە، ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: "مینۆن لە ناوچەی تسالیایە، ئەم ناوچەیەش وەك هەر ناوچەیەکی یۆنانی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، تایبەتمەندی تسالیا بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بەرەڵایی و خراپەکاری لە کاری ڕۆژانەیاندا" جیاوازی نادیار لێرەدا ئەوەیە، چۆن بۆ کەسێکی وەك مینۆن کە لە ناوەندێکدا گەورە بووە پێویستی بە ئەخلاق و پایەداریە، دەکرێ تاوتوێی ناوەڕۆکی ئەخلاق بکات؟[1]، شایەنی ئاماژە پێدانە کەسێکی لاوەکی دێتە ناو گفتوگۆکەوە، کە کەسایەتی خزمەتکاری مینۆنە، کە لە بنەڕەتدا ناوی نەهێنراوە، سۆقرات بەکاری هێناوە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕاستی تیۆری یادخستنەوە لە زانین و مەعریفەدا. منداڵێکە هەرگیز زانستی نەخوێندووە بەتایبەت ئەندازیاری، تەنها زمانی یۆنانی دەزانی، کە قسەی پێکردووە لەگەڵ سۆکرات.

(1) عزت قرني، تقديم ترجمة محاورة مينون، مرجع سابق، ص ١٣.

٣- **ئەنیتوس:** بریتییە لە کەسی سێەم، کە لە گفتوگۆکەدا هاتووە، ئەگەرچی تا ئەندازەیەك لاوەکی و پەراوێزخراویش بێ، چونکە بەشدار نەبووە لە تاوتوێکردنی کێشەی ئەخلاق و پایەداریدا. بە ڕاستی ئەنیتوس یەکێکە لە سەرکردەکانی حیزبی دیموس لەلایەك، لەیەکی ترەوە یەکێکە لەو سێ کەسانەی سۆکڕاتیان تۆمەتبار کرد لە بەرامبەر دادوەرانی ئەسینادا، بەو سێ تۆمەتە ناسراوانە، هەروەك کاتێك بە ئۆتیفرۆن گەیشتووە بۆی باس کردووە، لە تونێلی گەورەی دادوەراندا، وتویەتی: ملیتیس لە بتسیسی کە یەکێکە لە پاڵ ئەنیتۆس و لیقۆن تۆمەتباری کردووم، بەوەی من شت فێری لاوان دەکەم بۆ تێکدانیان لە سەرەتادا، دواتریش من شاعیر و بێ باوەڕم بە خواوەندەکان، خواوەندی تازە دادەهێنم، نکۆڵی لە خواوەندە کۆنەکان دەکەم[1]. تۆمەتەکانی کۆتایی خاوەن سروشتێکی سیاسین، سۆکڕات یەکێکە لەوانەی دژایەتی خۆی دەربڕیوە بۆ سیستەمی سیاسی حوکمڕان لە ئەسینا، ئەویش سیستەمی دیموکراسیەتە، ڕەواجی بە سیستەمی تر دەدا، چ ئەسبرتی یان جگە لەو. بە کرداری لە دوو توێی گفتوگۆکاندا هەڕەشە بەدی دەکەین، کە لە ئەنیتۆسەوە بۆ سۆکڕات بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتێکی زۆر لە پێشتر شتەکە پلان بۆ داڕێژراو بوو، دەبینین بەڵێنی پێدەدات و دەڵێت: "ئەوەی مەزنەکانی ئەسینا بە دەستەوەسانی تۆمەتبار بکات، ئەوا سزایەکی شایستە وەردەگرێت... هەر بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر دەتەوێ گوێڕایەڵم بیت، هۆشیاری خۆتبە"[2].

دوای شیکردنەوەی لایەنی شێوەیی گفتوگۆکەی مینۆن، ئەو لایەنی کە زۆر یارمەتیدەرە بۆ کرداری ڕۆیشتنە ناوەوەی سەلامەت بۆ تێگەیستن لە گفتوگۆکە، هەوڵ دەدەین بچینە سەر ئەو لایەنەی کە ناوەڕۆك و کرۆك دەگرێتەوە. هەروەك هاتووە، گفتوگۆی مینۆن، پێنج بەشە، کە ئەمانەن:

---

(1) أفلاطون: أوطيفرون، ترجمة زكي نجيب محمود، مكتبة الأسرة، ٢٠٠١، ص ٢٣ – ٢٥ – ٧٣.

(2) أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٩٥ ب، ص ١٤٣.

## ١- سروشتی ئەخلاق و چۆنیەتی گەیشتنی بە مرۆڤ

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەناکاو، بەپێچەوانەی گفتوگۆکانی تر، ئەفلاتۆن کێشەی گفتوگۆکە دەخاتەڕوو، مەبەستی بووە خستنەڕوویێکی گونجاو بۆ بابەتەکە بخاتەڕوو پێش ئەوەی کێشەی تێبکەوێ، ئەم ڕاستەوخۆییە لە خستنەڕووی کێشەکەدا – هەروەك وەرگێڕی گفتوگۆیەکە تێبینی کردووە – ئاماژەیە بۆ سروشتە فێرکاریە تایبەتەکەی، مینون بە پرسیارەوە ڕووبەڕووی سۆکرات دەستپێدەکات: "ئایا ئەخلاق دەکرێ بە فێرکردن بەدەستبخرێ، ئایا بە ڕاهێنان دەستدەخرێ، لەلای مرۆڤ بە بەخششێکی سروشتی دەردەکەوێ؟"

ئەم دەستپێکە کە کێشەکە دەخاتەبەرباس، ناوەڕۆکی گفتوگۆکە دیاری دەکات، ئەویش ناوەڕۆکی ئەخلاقیە. هیچ شارستانیەتێك نییە تێڕوانینی بۆ ئەخلاق (Vertu) و جەمسەری بەرامبەری خراپە و پەستی (Vice) نەبێ. لەلایەنی گشتی یان بە زۆری ئەوەی بلاوە، دەکرێ ئەخلاق بە جۆرێك لە ئاڕاستە و توانای بەردەوام و ویست و کاری خێر دابنێین، لێرەوە کۆبوونەوەی لایەنی ویستی دەروونی و لایەنی بەرجەستەیی کرداری بەپێویست دەزانین[1]. بەڵام ئایا فەیلەسوف بەم ئاسانیە بەم جۆرە پێناسەیە ڕازی دەبێ، لەوانەیە بە پێناسەیەکی شیاو دابنرێ بەڵام لە ڕاستیدا کێشەیەکی زۆر گرنگ لەخۆی دەگرێ، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەخلاق کردارە یان ڕامانە، وردبوونەوەیە یاخود پیادەکردنە؟ بەمەش ئەو ڕاڤەیە ئەو ئامانجە دەستەبەر ناکات، کە دیاریکردنی ناوەڕۆکە. ئێمە دەزانین ئەفلاتۆن لە فەیلەسوفە دەگمەنەکانی یۆنانە، ئەوانەی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی ڕیشەییان گرتووە، لە بەرامبەر کەلەپوری کۆنی یۆنانی پێش خۆی، لە ڕاستیدا ئەم ئاڕاستەیە گومانکردنە ڕادیکاڵە، بەتەواوی هزری ئەفلاتۆنی هێنایە کایە:

---

(1) André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie p. u f Quadrige, 1 e edition 2002, p. 1202.

دەكرێ بڵێین ئەخلاق (فضیلة) لە ئاستە زمانەوانیەكەیدا ئاماژە بكات بە (فضل)، بە مانای شتی زیاد لە پێویست، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا دەڵێین "ئەمە لە زیادە بەخشندەیی پەروەردگارمەوەیە" واتە لە ڕێژنەی توانای خواییەوە، كرداری چاك (الفعل الفاضل) بە وردی: "ڕێك ئەنجامدانە بەبێ كرچ و كاڵی"، ئەگەر ئەو كارە ئەخلاقیەی ئێمە پێی هەڵدەستین مەبەست و هۆكاری لە پشتەوە بێ، ئەوا پوچەڵ دەبێتەوە لەوەی بەخشندەیی بێ لە ئێمەوە[1]، ئایا دەكرێ ئەفلاتۆن ئەم مانایەی وەرگرتبێ لە دیاریكردنی چەمكی (ئەخلاق: فەزیلە)دا؟ وا دەردەكەوێ ئەمە دوور بێ، بە ڕەچاوكردنی جیاوازی نێوان زمانی عەرەبی و كەلەپوری یۆنانی. بەڵام تێبینی ئەوە دەكەین سۆكرات لەم تێگەیشتنە نزیك بووەتەوە، ئەگەر لەگەڵیشی كۆك نەبێ لەلای ئێمە، كاتێك مینۆن بەرپەرچی داوەتەوە و وتویەتی: "ئایا ئەوەش زیاد ناكەی ئەخلاق (فەزیلە) بەدەستخستنی خێرە بە ڕەچاوكردنی دادگەری و پارێزكاری"[2]. لێرەدا ئەفلاتۆن ئاماژە بەوە دەكات كە ئەخلاق (فەزیلە) پەیوەستە بە بەدەستخستنی خێر و بێرات لە ڕێگەی دادگەریەوە، ئەوەشی كە لێی زیادە و ئاڕاستەی خەڵك دەكرێ لە ئەخلاقی خاوەنەكەیەتی. بەمەش درك دەكەین بە نزیكایەتی نێوان مانای عەرەبی، كە ئاماژە دەكات بە زیادە لەلایەك و تێگەیشتنی ئەفلاتۆنی پەیوەست بە توانای ماددیەوە لەلایەكی تر.

بەڵام ئایا چەمكەكە بە مانای سروشت دێت؟ لەوانەیە بێ جیاوازی لە زۆربەی كاتەكاندا بەكاریبهێنین، بەڵام لە نێوان هەر دوو چەمەكەكەدا هزرەكان بە پوچ دەبنەوە، گفتوگۆكان دادەمەزرێنێ و ڕێبازەكان ڕێكدەخات. ئەفلاتۆن بێژە بۆ تاوتوێكردن ناخاتەڕوو، بەڵكو بەدوای ئەودیوی وشەكاندا دەڕوات، بۆ سروشت و ناوەڕۆك. ئایا مەبەستمان چییە لە سروشتی سروشت یان ناوەڕۆكی ناوەڕۆك؟

---

(1) جميل صليبا: المعجم الفلسفي، الجزء الثاني، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٤، ص ١٨٤.

(2) أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٧٩ ب، ص ٩٧.

دۆزینەوەی سروشت هەرگیز بە مانای دیریکردنی ئەوەی باوە نایەت، هەروەك بە مانای ڕێکخستنی بینراو و بەرهەستیش نایەت. بەم مانایە نزیکەی هەموو فەیلەسوفەکانی یۆنان بیری لێدەکەنەوە، بەتایبەت فەیلەسوفەکانی دواتری بارمندیس، کە جیاوازیان کرد لە نێوان زانینی عەقڵی و زانینی بەدەستهاتوو لە ڕێگەی هەستەوە. دۆزینەوەی هۆکارە نەبینراوەکان یان ئەوەی بە سروشتی شتەکە ناودەبرێ، بە دیاریکراوی ئەرکی دانا پێکدێنێ، وەك چۆن ئەڕستۆ وێنای بۆ کردووین. ئەم ئەرکە کە خۆی دەبینێتەوە لە توانای ناسینی ئەو پرسانەی تایبەتمەندن بە سەختی و گشتگیری دوور لە هەستەکان، لێرەدا تەنها خاسیەتی مرۆڤی دانا دەردەکەوێ لەسەر گشت خەڵکی تردا، کە لە زۆربەی جاراندا ئاڕاستە دەگرن بۆ بەدەستخستنی زانیاریە بەرهەستە بەرهەمهێنەرەکان. بە دیاریکراوی دانایی زانینی بنەما و هۆکارە سەرەکییەکانە، کە مانای سروشت دادەمەزرێنن[1]. هەروەك سروشتی شتێك دیاری ناکرێ بە ڕوانینێکی سەرەکی گشتگیر، بە ئەندازەی ئەوەی کرداری زانینی ڕەگەز و بەشەکان، هەروەك ئەڕستۆ دەڵێت، لە پاڵ دۆزینەوەی بنیات و پێکهاتەکەی. لەوانەیە ئەمە پاساودەر بێ بە ڕەخنەکەی سۆکراِت، کە ڕاستەوخۆ لە دوای پرسیارەکەی مینۆن کردی، کە لە برگەی داهاتوودا دەیخەینەڕوو.

لە بەرامبەر ئەم پرسیارەی مینۆن خستویەتیەڕوو، سوکراِت جوڵا و ڕێبازە ناوازەکەی خۆی بۆمان ئاشکرا کرد. بە هۆشیاری وتی و بێ بەڵگەیی وەڵامەکەی خستەڕوو: ئەگەر من سروشتی شتێك نەزانم، چۆن دەتوانم خاسیەتەکانی بزانم؟"، خۆدەرخستن بە نەزانی بریتییە لەو ڕێگەیەی کە سۆکراِت حەزی لێیەتی لەبەرامبەر ئەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، لێرەدا ئەو شتە تۆمار دەکات کە پێی وایە کرۆکی فەلسەفەیە" ئەویش گوێزرانەوەی بیرۆکەکانە لە ڕێگەی گفتوگۆی زیندوو، کە هەنگاونان لە گومانەوە سەبارەت بە شتەکان دەسەپێنێ. هەروەها پەلە نەکردن لە ڕاگەیاندنی وەڵام و تیۆرە تەواوەکان لە سەرەتاوە. بەم کردارە پەیڕەویەی، سۆکراِت ڕێبازی خۆی تۆمار کرد لە ڕاڤەکردنی فەلسەفیدا و بووەتە نموونە بۆ گشت فەلسەفە یۆنانیەکانی دواتر، تەنانەت

---

[1] Aristote: la métaphysiue, traduit par jules Barthélemy saint – hilaire, poket –brodard et taupen , 1991, livre A- chapitre 1, 981 b, p. 41.

یۆنانیەکانیش[1]، جا بە ڕاستی چ سۆکرات وەڵامەکەی نەزانیبێ یان خۆی بە نەزان پیشان دابێ، ئەم خۆ بەنەزان پیشاندانە سەرەتاییە لەهەمبەر پرسیاری فەلسەفیدا، فێری گفتوگۆکار و خوێنەر دەکات بەسووك و کەم سەیری پرسەکان نەکات، دواتر ئامادەسازی بکات بۆ بڕینی ڕێگەی دوور و درێژی گەیەنەر بە ناوەڕۆك و سروشتەکان.

گفتوگۆیەکی زیرەکی وەك مینۆن لە بەرامبەر ستراتیژیەتەکەی سۆکرات "پرسیار لە وەڵامی پرسیاردا" هیچی پێ ناکرێ، جگە لەوەی هەنگاوێکی تر بنێ، ئەویش کارکردنە بۆ پێشکەشکردنی وەڵامێك، بەڵکو ببێتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە، ناتوانێ بە پرسارێکی تر وەڵامی پرسیار بداتەوە. وەڵامی پرسیارەکەی دەداتەوە بە زمانی کەسێکی دڵنیا و خاوەن شارەزاییەکی فراوان: "ئەخلاق و پایەاری مرۆڤ، ئەوەیە توانای هەبێ کاروباری دەوڵەت بەڕێ بکات... ئەخلاق ئافرەت ئەوەیە چاك کارەکانی ماڵەکەی بەڕێوە ببات، ئەوەی تێیدایە بیپارێزێ و گوێڕایەڵی هاوسەرەکە بێ. بەهەمان شێوە ئەخلاق منداڵ... بەساڵاچوو..."[2]، ئەگەر بمانەوێ وەڵامەکەی مینۆن هەڵبسەنگێنێ، دەمانوت گوزارشت لە ڕوانینێکی ورد دەکات، چونکە سەرچاوەی گرتووە لە تێبینی زۆر وشیارەوە، لە میانەی دوورکەوتنەوە لە گشتاندن، کە حوکمی گشتی هەڵەی لێدەکەوێتەوە، لە تواناماندا هەیە وەڵامەکەی مینۆن فراوان بکەین بۆ ئەوەی ئەخلاق و پایەی ئەمانەش بگرێتەوە: سەرباز، دەوڵەت، کۆیلە. ئێمە داندەنێین بە وردی وەڵامەکەی مینۆن، بەڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانەی هەن لە نێوان ڕەگەزی (پیاو و ئافرەت)دا، تەمەنەکانی (منداڵ و پیردا)، توێژەکانی "گەورە و کۆیلە"... شتێکی نا ژیرانەیە داوا لە منداڵ بکەین دانبنێ بە ئەخلاق و پایەی پیری بەساڵاچوو، ئەمەش بۆ هەموو دۆخەکان بڵێ، لە ڕاستیدا وەڵامی مینرن تا ئاستێکی زۆر هاوشێوەی وەڵامی "هیباسە لە ئیلس" کە وەڵامی پرسیارەکەی سۆکراتی دایەوە سەبارەت بەوەی

---

(1) Henri Bergson Les Deux sources da la Moral et de la Religion, Libraire Félix Alcan Paris, Onziéme edition, 1932, p. 58 – 60.

(2) أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٧١ ب، ص ٧٤ – ٧٥.

شتی جوان یان جوانی چییه؟ وتی ئافرەتی جوان جوانییه[1]" بەو مانایەی ناکرێ مانا دەستی بەسەردا بگیرێ مەگەر بەڕوانین نەبێ بۆ "دۆخێکی بەرجەستە"، بەمەش ناکرێ قسە لەسەر جوانی باڵا بکرێ، تەنها ئەو کاتانە نەبن کە دەبەسترێنەوە بە دۆخی بەش بەش. ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات قسە بکەین لەسەر جۆری بێ ئەژماری جوانی: جوانی منداڵ، جوانی ماڵ، جوانی کتێب.

ئایا سۆکرات بە وەڵامی مینۆن ڕازی بوو، وەك هەر گفتوگۆکارێکی تر؟ دوو کەس ڕاجیاییان نییە هەڵوێستی ئەو لەبەرامبەر هەوڵی مینۆن تا ئاستێکی زۆر مەزن پەشۆکێنەر بوو. با ببینین سۆکرات چی لە وەڵامدا وت: "من بەدوای یەك ئەخلاق و پایەداریدا دەگەڕام، کەچی بینیم شانەیەك لە ئەخلاق لای تۆ هەیە... ئەخلاق و پایەکان هەر چەندە فرە جۆر و زۆر بن، ئەوا یەك وێنەی دیاریکراویان هەیە کە ئەخلاق پێکدێنن". سۆکرات بێزار نابێ لە دووبارە کردنەوەی هەمان باس بۆ هەر یەکێك لە گفتوگۆکارەکانی، سەریان بە هەر ڕێبازێکەوە بێ، لە هەر بابەتێکدا. هەر بۆیە دەبینین سەرکۆنەی هیبیاس دەکات لە پێناسەکردنیدا بۆ جوانی: "پێم بڵێ جوانی بەخۆی چییە؟ ئایا ئەسپ جوان نییە؟ گیتاریش جوان نییە؟ ئەی چی سەبارەت بە چارەنووسی جوان، ئایا ئەمانە جوانی نین؟ تۆ ئەی هیبیاس تێناگەی لە وتەی هیراقلیتی، کە دەڵێت مەیمونەکان جوانترینین، بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مرۆیی ناشرینن، ئەو چارەنوسانەی جوانترینن، لەکاتی کۆکردنەوەیان لەلای بورجی کچی پاکیزە ئەوا ناشرین دەبن، ئەگەر بورجی کچی پاکیزە کۆبکەیتەوە لەگەڵ خواوەنددا، ئایا دەرەنجامەکە هەمان شت نابێ، وەك ئەوەی چارەنووسەکانت کۆکردبێتەوە لەگەڵ کچە پاکیزەکان"[2].

شتێکی ڕوونە داواکاری سۆکرات خاوەن تایبەتمەندییە، نە مینۆن و هیچ سۆفستائیەکی تر درکیان پێنەکردووە، کە گفتوگۆیان لەگەڵ کردبێ، ئەمەش وایکردووە ئەرستۆ پەیڕەوی ئەفلاتۆن

(1) أفلاطون: هيباس الكبرى، المجلد الرابع، ترجمة شوقي داود تمراز، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص ٢٠٨.

(2) أفلاطون: مينون، ص ٧٦، هيبياس الكبرى ص ٢١٠.

وێنە بکێشێ لە کتێبەکەیدا ئەودیوی سروشت، بەشێوەیەکی پوخت و گوزارشتکەر، کاتێك وتی ئەفلاتۆن لە ساڵانی سەرەتای گەنجێتیەکەیدا ئاشنابووە بە فەیلەسوفێك بەناوی ئەقراتیلوس، هەروەك ئاشنای هەندێك بیرۆکە بوو، کە دەیانوت توانەوەی بەردەوام خاسیەتی بوونەوەرە بەرهەستەکانە، بەمەش ناسینی سەختە، ئەمانە بنەمای هیراقلیتس بوون، ئاشنای ئەمانە بووە پێش سۆکرات. بەڵام کاتێك ئاشنای سۆکرات بووە و هاودەمی ئەوی کردووە، ئەوەی بۆ گواستەوە بایەخ بە پرسەکانی ئەخلاق بدات، چاو لابدات لە دیاردەکانی جیهانی فیزیایی بەگشتی (بۆیە برۆکەیەك بڵاوبووەوە کە سۆکرات لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دابەزیوە)، توێژینەوەکەی لە پرسە ئەخلاقییەکان، لەسەر گشتگیری دامەزرابوو، کە ئامانجی ناساندن بوو[١].

بەم بەرپەرچدانەوەیە، "تەنگوچەڵەمەی پێناسەیی" مینۆن دەستپێدەکات، سەرباری ئەوەی سۆکرات دڵنیای دەکاتەوە لە تواناکەی لەسەر دیاریکردن و ڕێکخستنی چەمکەکان، لە پێناو هاندان و پاڵنانی بۆ بەردەوامیدان و تەواوکردنی کێشەکە، کە لە سەرەتای گفتوگۆکەدا بوو، ئەو شتەی دوای ئەمە ڕوویدا، ئەوە بوو کە هەر دیاریکردنێك لە مینۆنەوە بۆ سروشتی ئەخلاق وەك پێناسەیەکی ئەو، ڕووبەڕووی گومان تێخستنی سۆکراتی دەبێتەوە، ئەوەی نامۆیە ئەوەیە ئەم گومانخستنەوەیە بابەتییە نەوەك تەنها پوچەڵکردنەوەیەکی بڕیاردەرانە، ئەگەر بمانەوێ بە کورتی ئەم کێشمەکێشەی نێوان هەر دوو گفتوگۆکار سۆکرات و مینۆن پوخت بکەینەوە، ئەوا ئەم خشتەیەی خوارەمان دەستدەکەوێ، کە کاری مینۆن و کاردانەوەکانی سۆکرات دەردەخات:

مینۆن

٢– ئەخلاق و پایەدار بریتییە لە توانای بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی کردنی خەڵك.

٣– ئەخلاق بریتییە لە چێژ بینین لە جوانی شتەکان و هەبوونی توانا لەسەر دەستخستنی خێروبێری وەك تەندروستی و سەروەت... دیمەنەکانی شکۆمەندی لە شاردا.

---

(١) La métaphysigue Op. cit, livre A, chapitre 6, 987b, p. 62

٢- بەڵام ئایا ئەخلاق منداڵ و کۆیلە بەهەمان شێوە وای لێدێت بتوانێ ڕابەرایەتی مامۆستاکەی یان گەورەکەی بکات؟

٣- ئایا دادگەریش زیاد ناکەی لەگەڵ ڕەچاوکردنی پارێزکاری... ئایا دادگەری بەشێك نییە لە ئەخلاق و پایەداری... من ئەخلاقم بە گشتی دەوێت.

ئەم بەشە بەشێوەیەکی نەرێنی کۆتایی دێت. مینۆن شکستی خوارد لە ڕێکخستنی ئەخلاق و پایەداری لەوەی بێ کەم و کورتی بێت، کە هەموو جار سۆکرات دەریدەخست. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە مینۆن هەستی بەوە نەکردووە سۆکرات ئەمە دەکات بۆ ئەوەی ئەو هەراسان بکات، بەڵکو گومان لە سۆکراتەوە بۆ ئەو گوازرایەوە و دانی پێدانا و وتی: "شتم لەبارەی تۆوە بیستوە سۆکرات، پێش ئەوەی چاویشم پێت بکەوێت، تۆ هیچ شتێك ناکەی جگە لەوەی خۆت بخەیتە ناو گومانەوە، ئەوانی تریش دەخەیتە ناو گومانەوە... تۆ وەك ماسی گەورەی دەریای کە ناوی رعاشە"[١]، کاریگەری گومانی ناوەڕۆکی ئەخلاق تەنها لەلای سۆکرات نەمایەوە، بەڵکو بۆ مینۆنیش

---

(*) بە دڵنیایەوە ئەمە ئەرستۆتالیسە دامەزرێنەری لوسیوم، مامۆستاکەی ئەو ئەفلاتۆن سەرزەنشتی کرد لەسەر ڕۆیشتنی لە ئەکادیما و وتی: "ئەرستۆ لێیدام وەك ئەو منداڵەی لەو دایکەی دەدات کە لێی بووە" ئەرستۆ تا ئاستێکی زۆر دەستکردی ئەفلاتۆنە، بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لەلای ئەو خوێندی، بە زۆر خوێنەر بانگی دەکرد، بەهۆی ئەوەی لە نێو هەمووواندا زیاتر گفتوگۆکانی دەخوێندەوە، هەروەها بە عەقڵیش بانگی دەکرد. بەڵام چارەنووسی قوتابی زیرەك ئەوەیە بە قوتابی نەمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ ببێتە خاوەن ڕا و بایەخ پێدانی خۆی، ئاڕاستەی تایبەتی خۆی دیاری بکات. ئەمە ئەو شتەیە ئەرستۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشتی لێکردووە لە دانراوە ئەخلاقیەکەیدا (ئەخلاقی نقوماخیەت)، کاتێك وتویەتی: لەوانەیە باشتر بێ لە ناوەڕۆکی خێر بکۆڵینەوە بەگشتی،لەوانەیە ئەمە لەسەرمان سەخت بێت، چونکە پۆلێك لە هاوەڵانمان تیۆری نموونەیان داهێنا، بەڵام وادەردەکەوێ باشترە بەڵکو پێویستە سۆزە تایبەتەکانمان بکەینە قوربانی، وەك گومان بردن بە دروستی ڕاستی بەتایبەت کە ئێمە فەیلەسوفین، وەك چۆن هەندێك لە توێژەران باوەڕیان وایە، کە کەلێنێك لە نێوان خۆیاندا دادەنێن، وەك جیاوازی نێوان نموونەیی و واقیعی. لێرەدا چەندین سەرنج هەن، فەیلەسوفەکانی وەك نیتچە و هیدغر

گوازرایەوە، وەك گفتوگۆكارەكەی قەناعەتی هات بە سەختی دیاریكردنی ئەم چەمكە، كە وادەردەكەوێ لە بەردەستی مرۆڤدایە. ئایا ئەفلاتۆن هیچ پێشڤەچونێك بەدەستدەخات لە ڕێڕەوی چەمكگەراییەكەیدا؟.

## ٢- تیۆری یادهاتنەوە یان ئەوەی بە یادهاتنەوە دەزانرێ

دەكرێ بوترێ تیۆری یادهاتنەوە، بریتییە لە هێڵی ڕێنوێنیكەری گشت فەلسەفەی ئەفلاتۆن، ئەمە ڕەگەزی گەیەنەرە لە نێوان تیۆری ئەودیوی سروشت و تیۆری ئەبستمۆلۆژیەت. بەڵام ئایا تیۆری یادهاتنەوە ڕەگی هەیە لە ئەكسۆلۆژیا یان بەهادا، بەتایبەت فەلسەفەی ئەخلاقدا؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە پێمان وایە لێرەدا گرنگە. ئەگەر ئەمە جێبەجێ بوو، ئەوا وادەردەكەوێ ئەفلاتۆن سەرپێچی ئاڕاستەكەی كردووە بەبێ ئەوەی هاوشانی هەبێ لە جیهانی كۆندا. نیگای بەو ئەسپە بەخشی كە لوشكەی لێداوە(*)، چاوی پۆشیوە لە هەمبەرڕێنماییەكانی لە میانە ڕوانینە سروشت.

گڵپەی ئاڕاستەی ئەرستۆیی لە گۆڕەپانی ئەودیوی سروشتدا هەنگاو دەنێ، بەڵگەی هێنایەوە لەسەر نەمری ڕۆح لەو گفتوگۆیەی تایبەت كردووە لەسەر ئەمە. مەبەستمان لە گفتوگۆی فیدۆنە،

---

داویانە، ئەوە ڕوون دەكاتەوە ئاڕاستەی هزری ئەرستۆیی بە تەواوی لە ئاڕاستەی ئەفلاتۆنی لای نەداوە، بە ئەندازەی ئەوەی وەرچەرخانێكی ئەنجامداوە. بۆ زانیار زیاتر دەكرێ بۆ ئەم سەرچاوە بگەڕێیەتەوە:

١- Aristote éthique à Nicomaque, traduit J. Barthélemy saint – hilare librairie générale français, 1992, livre 1 chapitre 1111 para, p. 44.

٢- Karl Jaspers: Introduction à la philosophie, traduit par Jeanne hersch librairie plon, (S.L), 1980, p. 126

٣- أوغسطين باربرة البولسي: مقدمة كتاب "في السياسة" لأرسطو، اللجنة اللبنانية لروائع الترجمة، لبنان، الطبعة الثانية، ١٩٨٠، ص ٤٨.

() أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٠ ب، ص ١٠١.

که سێ بەڵگەکانی تێدا داناوە لەبارەی ئەوەی ڕۆحی مرۆڤ هەر دەمێنێ، سەرباری مردنی مرۆڤ و فەنابوونی جەستەکەی، ئەویش ئەمانەن:

١- گیان لەم جیهانە دەچێتە جیهانی کۆتایی، دواتر دەگەڕێتەوە ئێرە کە لە مردووەوە لەدایك دەبێ، ئەگەر ئەمە ڕاست بوو زیندوو لە مردن بێتە دەرەوە، ئەوا پێویست دەبێ ڕۆحەکانمان لە جیهانەکەی تر بێ، چونکە ئەگەر وانەبێ، ئەوا چۆن دەکرێ دووبارە لەدایك ببنەوە؟ ئەم پرسیار کردنە لە سۆکراتەوە، لەسەر ئەو قەناعەتەی بنیاتناوە کە بە ڕێبازە کۆنەکە هەبووە، ئەوەی باوەڕی بە گیانگۆڕکێ (التناسخ) هەیە.

٢- ئێمە قەناعەتمان وایە هەموو دژەکان، لە دژەکانەوە پەیدابوونە (خراپترین لە چاکترین، دادگەرترین لە ستەمکارترین، لاوازترین لە بەهێزترین، خێر لە شەڕ...)، ئایا دژێك بۆ ژیانیش نییە کە مردنە، هەروەك خەوتن دژی بە ئاگابوونە. ئەگەر ئەمانە دژیەك بن، ئەوا یەکێکیان لەوەی لەدایکبووە، ئەوەی زیندووە چ کەس یان شت ئەوا لە مردوو لە دایك بووە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئەوا دەبێ ڕۆحی مردووان لە شوێنێك جێگیر بن، جارێکی تر لەو شوێنە دەگەڕێنەوە.

٣- لە کۆتاییدا سۆکرات قەناعەت بە گفتوگۆکارەکەی سیبیس دەکات، سەبارەت بە نەمری ڕۆح، دەڵێت: ئەگەر زیندووان لە شتێکی ترەوە جگە لە مردن پەیدابووبان، زیندووانیش دەمرن، ئایا بەدڵنیایەوە مردنی دوا زیندوو هەموو شتێك نا لوشێت؟ ئەمەش ئەوە پێویست دەکات کە زیندوو لە مردووەوە پەیدابووە، مردووش زیندوو پەیدادەکات. ئەمەش وا لە سۆکرات دەکات بە دڵنیایەوە ئەو دانبنێت بە ڕاستییەکدا، ئەویش گەڕانەوەی ڕۆحە سەرلەنوێ بۆ ژیان، ئەمەش سیفەتی بەردەوامی و نەمری پێدەدات(١).

ئەو ئەفسانەیەی ئەفلاتۆن بەکاریدێنێ بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر بنەمای هەرمانی ڕۆح، بریتییە لە ئەفسانەی سەربازی ئاری کوڕی ئەرمینیوس لە بامفیلیا. کە لە کۆتایی کتێبی

---

(١) أفلاطون: فيدون، مرجع سابق، ص ١٨٠ – ١٨٧.

دەیەمی کۆمارییدا هێناویەتی لە ژێر ناونیشانی "هەرمانی ڕۆح" و چارەنووسی ڕۆحی ئەخلاقکار. پوختەی ئەم چیرۆکە کە سۆکرات بۆ هاوڕێکەی "جلوکون" هێناویەتی ئەوەیە: "ئاریەك کوژراوە لە دەشتدا، دوای ئەوەی جەستەکەی کۆکردۆتەوە لە دوای دە ڕۆژ بۆ ناشتنی، بۆی دەرکەوتن جەستەکەی ئەو مردووە تێکنەچووە، بۆیە گواستیەوە ماڵی خۆی، دوای دوو ڕۆژی تر کە بە نیاز بوون بینێژن، بینیان تەرمەکە زیندووە و لەسەر جێگای مردن ڕاکشاوە، دواتر دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی بەسەری هاتووە لە جیهانەکەی تردا"[1]، جەستەی سەربازە ئاریە بوێرەکە، خاوەنی ڕۆحی چاك و خێرخواز، وەك خۆی مایەوە بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ، بەهۆی فەنانەبوونی ڕۆحەکەی، چونکە بەتەواوی دانەبڕابوو، بەڵکو گەشتێکی هەڵسەنگاندنی تایبەتی ئەنجامدا. لەبەر ئەوەی ئەفلاتۆن دەیویست وانەیەك وەربگرێ لەم ئەفسانەیە کە هاوشێوەی ئەفسانە خەیاڵییەکانی هۆمیرۆس نییە، بەوەی مرۆڤ بەرپرسە لە دەرەنجامی کردەوەکانی، ناکرێ سەرزەنشتی خواوەندەکان بکات بەتایبەت لەوەی پەیوەستە بە دەرەنجامی تاوانکاری کردەوەکان، ئەوەی ئێمە تێیدەگەین لە بواری ڕۆحدا، ئەوەیە فەنا نابێ، بەڵکو بە بەردەوامی گیانگۆڕکێ ڕوودەدات، بەڵام بێ ئەوەی ئەمەی بێتەوە یاد. ئایا بۆچی؟ چۆن زانین یادهاتنەوە دەبێ، کەچی ڕۆح ئەوەی بیر ناهێتەوە، کە لە ژیانی ڕابردوودا ڕوویدا؟ با لێیبگەڕێین سۆکرات ئەفسانە بە خولیاکەی تەواو بکات، جا وتی: "دواتر ڕۆحی "ئاری و ئەو ڕۆحانەی لەگەڵیدابوون — ڕۆیشتن بێ خولانەوە لە ژێر تەختی پێویستی و بەرەو لای بیابانی بیرچوونەوە پێشڤەچوون، کاتێك هەموویان تێپەڕین، بەرەو گەرمیەکی سوتێنەر ڕۆیشتن کە بەرگەی ناگیرێ، چونکە دەشتەکە زەویەکی وشکی بێ دار و درەخت و ڕووەکی سەوز بوو، بارگەی خۆیان دانا لە پاڵ ڕووباری بێ ئاگایی، هەموو ڕۆحەکان ناچاربوون کەمێك لە ئاوی ڕووبارەکە بخۆنەوە. ئەم ڕۆحە زیاد لە پێویستیان خواردەوە، منیش بە دانایی ڕزگارم بوو، هەر یەکێکیان هەموو شتیان لەبیر چووەوە، کاتێك خەریك

---

(1) أفلاطون: الجمهورية، مرجع سابق، ص ٤٧٥.

بوو ئاو بخواتەوە. باوبۆرانێکی هەورە تریشقاوی ڕوویدا، ڕێگەی نەدا بە ئاریەکەی لە ئاوەکە بخواتەوە"[1].

دەکرێ بەلایەنی کەمەوە تێبگەین لەبیرچوونەوە کە لە یۆنانیدا (لیسیا)یە، بریتییە لە وێستگەی کۆتایی لە جیهانەکەی تر، پێش گەڕانەوە بۆ جیهانی واقیعی. لەبیر نەکردن ئەوەیە کە بۆ ئاریەکە ڕوویداوە، ئەمەش ڕێگەی پێداوە تێروتەسەلی گەشتە ڕۆحیەکە باس بکات. ئەگەر چی ئێمە وشەی لەبیرچوونەوە و لیسیا لەبەرامبەر یەك دادەنێین بەم شێوە ڕوونە، لە بیرنەچوونەوە چەمکی "أ–لیسیا" بەرامبەریەتی، کە لە زمانی یۆنانیدا بە مانای ڕاستی دێت. بەمەش ڕاستەقینە بریتییە لە لەبیرنەچوونەوە و زانینی تەنها واتە بیرکەوتنەوە. بەمەش سۆکرات ڕاستەوخۆ دەستمان دەگرێ بەرەو گوزارشتی پێویست کە دەڵێت: زانین بیرهاتنەوەیە، واتە لەبیرنەکردنی ئەوەی فرێبوومە و ڕۆحی فێری بووە لە ژیانی پێشوودا "بە تاك یان بەکۆ".

چی بەرهەم دێ لە نەمری ڕۆح، لەلایەنی ئەبستمۆلۆژیدا؟ یان ئەو دەرەنجامەی زانین چییە بۆ فەنانەبوونی ڕۆح لە دوای مردنی جەستە؟ ئەگەرچی زانین بیرکەوتنەوەش بێ، بەڵام ئایا تێخستنە یان دەرخستنە؟ سۆکرات وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، وەك چۆن وەڵامی مینۆنی گوێگر و شوێنکەوتووی دایەوە، دەڵێت: "بەوپێیەی ڕۆح نەمرە و چەندین جار لەدایك دەبێ، شتێك نییە لێرەدا فێری نەبووبێ. لەبەر ئەوەی سروشت لە یەك ڕەگەزە، ئەوا ڕۆح فێری هەموو شتێك بووە، هیچ ڕێگرێك لێرەدا نییە ڕێگەی لێبگرێ لەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە، تەنها بەخۆی هەموو شتەکانی تر دەدۆزێتەوە، توێژینەوە و فێربوون تەنها بیرکەوتنەوەیە"[2]. کەواتە سروشت یەکە، چ سروشتی ژیر یان زیندوو یاخود بێ گیان، واتە هەموو ئەوەی مرۆڤ دەیتوانێ بیکات ئەوەیە لە سنووری ئەم

---

1) المرجع نفسه، ص ٤٨٤.

2) أفلاطون: مینون، ٨١ ج، ص ١٠٦.

سروشتانەی هەن نەچێتە دەرەوە، ئەو زانیاریانەی بەدەستی دەخات، بەستراونەتەوە لە یەك زنجیرەی لکاودا، ئەمەش وا دەکات بتوانێ لە کاتی بیرکەوتنەوەی زانیاریەکدا، زانیاریەکی تریشی بیر بکەوێتەوە، کە پەیوەستە بە هی یەکەمەوە، چ هاوشێوە یان جیاواز یان لکاو بن... تاد بە هۆیە جیاوازەکانەوە. سۆکرات بەڵگەی لەسەر ئەمە هێنایەوە لە بەرامبەر مینۆن لە چیرۆکی کۆیلەکە و تیۆری بیرکاری، کە توانی دروستیان بکات، هەر چەندە شارەزا نییە لە کاروبارەکانی ئەندازیاری یان زانستەکانی تر. مرۆڤ یان بەندە پێویستی بەوە نییە شتی تازە فێر ببێ، بەڵکو هەموو ئەوەی پێویستی پێیەتی بریتییە لە یارمەتیدانی مرۆڤێکی تر بۆ دەرهێنانی ئەوەی لەبیرکراوە. لێرەدا سۆکرات هەستی کرد بەوەی ئەرکەکەی لەم سنووورە دەرناچێ، ڕایگەیاند لە کەسەکانەوە زانیاری پەیدادەبن وەك چۆن منداڵ لە ئافرەتانەوە لە دایك دەبن.

زیرەکی و زانین، ئەوەیە کە ڕۆحەکان هەیانبووە، پێش ئەوەی جەستەکان لەبەر بکات، لەبیرچوونەوە ئەو کاتە ڕوویدا کە یەکگرتن لە نێوان ڕۆح و جەستەدا ڕوویدا و دووبارە دێتەوە بوون. بەم وەسفکردنە چاك تێدەگەین بۆچی ئەفلاتۆن فەلسەفەکاری بریتییە لە ئامادەکاری بۆ مردن و جەستە لەبیرچوونەوە دەچەسپێنێ لە بوونەکەماندا، چونکە دەروون ئاڕاستەی ئارەزوو و هەوا و هەوەس و سامان دەکات، هەروەك دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی نەخۆشی ببێ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر... ئەفلاتۆن دەڵێت: "مادەم لە نێو جەستەکانمانداین، ڕۆحەکەشمان ئاوێتەی ئەم تۆپەڵە شەڕەیە، ئارەزووەکەی ناگاتە ئاستی ڕەزامەندی، ئەو ئارەزووێکی ڕاستەقینەیە، چونکە جەستە سەرچاوەی نەهامەتیەکی بەردەوامە، هۆکارەکەی پێویستیەتی بە خۆراك، هەروەها دەکرێ دووچاری نەخۆشیش ببێتەوە، کە تووشی دەبێت، ئەمەش ڕێگریمان لێدەکات لە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی... ئایا جەنگ و شەڕەکان لە کوێوە دێن، ئەگەر لە جەستە و ئارەزووەکەیەوە نەیەن، جەنگەکان بەهۆی خۆشویستنی سامان ڕوودەدەن، سامانیش لە پێناو جەستە کۆدەکرێتەوە... ئەو کاتە بەفیڕۆ دەدات، کە پێویست بوو لە فەلسەفەدا خەرجی بکات،

مردن تەنها جیابوونەوەی ڕۆحە لە جەستەکەی و گۆشەگیربوونیەتی لە شوێنێکی تایبەتدا، ڕزگاربوونیەتی لە کۆت و بەندەکانی جەستە... فەیلەسوفەکان بەڕاستی تەنها بەخۆیان بەدەر لەوانی تر هیوایان ڕزگارکردنی ڕۆحە، فەیلەسوفە ڕاستەقینەکان بەردەوام خۆیان بۆ مردن ئامادە دەکەن"[1].

نەمری وادەخوازێ زانین بیرهاتنەوە بێ، ئەگەر بپرسین بۆچی هەموو خەڵك ئەوەیان بیر ناکەوێتەوە کە پێشتر فێری بوونە؟ ئەوا وەڵاممان دەدایەوە بەوەی بیرچوونەوە بەشی ڕۆحە، کە دانایی خۆش ناوێت، چونکە ڕۆحی فەیلەسوف ئەگەر شوێنەکەی جەستەش بێ، ئەوا چوونی بۆ ناو جەستە هەردەم مایەی دوودڵی بەردەوامە بۆی. ئەمەش وادەکات بیرچوونەوەی ڕووکەشی و کاتی بێ، بەپێچەوانەی ڕۆحی خەڵکانی تر. بەمەش زانین تەنها دەرهێنانی ئەو زانیاریانەن کە لە بنەڕەتدا هەن. زانین تەنها قۆناغی کۆتاییە بۆ هەنگێك هەنگوین لە ناخی خۆیدا دەردێنێ، زانین بریتییە لە لەبیرکردن و فەرامۆشکردن، ئەگەر نەڵێین نکۆڵی کردنە لە دۆخی گشت خواردنێك لە گوڵ و درەختەکان.

ئەو پرسە دەمێنێتەوە کە سەرنجی ئێمە و سۆکرات بەیەکەوە ڕادەکێشێ: ئەگەر زانین بیرهاتنەوە بێ، ئایا دەکرێ ئەخلاق و پایەداریش هەر وابێ؟ ئایا ئەخلاق شاردراوەتەوە لە ناخماندا، ئەوەی پێویستمانە تەنها فەیلەسوفێکی وەك سۆکراتە، تا هەڵی تەکێنێ لە نێو میکرۆبەکانی لەبیرچوونەوە؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەخلاق فێر ناکرێ؟ ئەم پرسیارانە زۆر ڕەوان، بە ڕوانینە بەشی سێیەم، کە ئەفلاتۆن دایناوە بۆ گفتوگۆکەی مینۆن.

---

(1) فیدون، ص ١٧٢ – ١٧٣.

## ٣- گونجانی فێرکردنی ئەخلاق و پەیڕەوی توێژینەوە بە گریمانە یان بڵاوکردنەوەی ئەخلاق:

لەبەر ئەوەی سروشتی ئەخلاق دیاری نەکراوە هێشتا بە هاودەمی مینۆن، ئەوا بەشێوەیەکی نیمچە پیتاو پیتی ئەو پرسیارەی دووبارە کردۆتەوە کە لە سەرەتای گفتوگۆکەدا خستویەتیەڕوو: ئایا دەکرێ ڕەخنە لە ئەخلاق بگیرێ بەوپێیەی بابەتێکە بۆ فێربوون یان شتێکە بە سروشتی دێت یاخود بەشێوەیەکی تر دەگاتە لای مرۆڤ؟ تاکە جیاوازی لە نێوان پێشنیازی یەکەم و دووەم، ئەوەیە ئەمەی دوایی زیاتر کراوەیە، بەهۆی تێگەیشتن لەو سەختیەی بەسەر ئاسۆی چارەسەرەکاندا جێبەجێ دەبێ؟

ئەوەی شارەزا نەبێ لە بیرکاری و ئەندازیاری توێژینەوە لە ئەخلاق ناکات، ئەمە ئەو دروشمەیە دەگونجێ لەگەڵ گفتوگۆی مینۆندا، وەك ئەو دروشمەی ئەفلاتۆن دایابوو لەسەر دەروازەی قوتابخانەکەی "ئەوەی بیرکاری نەزانێ، نایەتە ناو ئەکادیمیاوە"، فیساغۆرسیەتی ئەفلاتۆن یەکێکە لەو پرسانەی دیارن لە کاتی قسەکردن لەبارەی سەرچاوەی هزرەکانی. شوێنەواری هزری فیساغۆڕسی کە ویستی گەردوون ئاشنا بکات بە ئەفلاتۆن لە گرنگترین بابەتەکانیدا کە جیاوازە لە بیرکاری، ئەویش ئەخلاقە، ئەمەش هۆکاری سەرسوڕمانی ئەڕستۆیە، کاتێك لە (ئەبوریای سەرەتا)دا قسەی کردووە لەبارەی کێشەی توێژینەوەی گۆراو بەبێ گۆڕاو، وتویەتی: "چۆن دەکرێ تێگەیشتنێکی گۆڕاو هەبێ، با خێر بۆ نموونە لەو پرسانەدا هەبێ کە تایبەتمەندن بە چەسپاوی تەواو وەك زانستی ڕوت کە بیرکارییە؟ ئایا ئەمە مایەی گاڵتەجاری کردن نییە بە بیرکاری، وەك چۆن ئەریستیبۆسی کاریگەر بە سۆفستائیەکان ئەمەی کرد. تێبینی ئەوەی کرد لە پیشەکان و هونەرەکانی بەرهەمهێناندا لەسەر شێوەی دارتاشی و پێڵاو دروستکردن، حوکمەکانی ئەخلاق و پلەبەندی دادەمەزرێ، وەك ئەوەی دەڵێین فڵان لە فیسار کەسە باشترە، لەوەی تر خراپترە. لە کاتێکدا بیرکاری و ئەو زانستانەی پاشکۆی ئەون، ناکرێ تیایاندا قسە

لەسەر شتێکی باشتر یان خراپتر لەوەی تر بکەین"[١]. ئێمەش وەك خۆمان دەڵێین ئایا پەیڕەوی بیرکاری دەتوانێ ئەو گرێ کوێرەیە بکاتەوە کە مینۆن و سۆکراتی بەیەکەوە سەغڵەت کردبوو؟ ئایا ناکرێ پەیڕەوێکی نوێ بەرهەم بهێنرێ، گونجاو بێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زانستی ئەخلاق، هەروەك دەرەنجام هەڵهێنجان و ئەکسیوماتیك لەگەڵ زانستی بیرکاریدا دەگونجێ؟ یان بلیمەتی ئەفلاتۆن پێش گالیلۆ کەوتۆتەوە لە ڕەچاوکردنی ئەوەی سروشت و ئەودیوی سروشت و ئەکسیولوژیا چەند کتێبێکن، تەنها ئەو کەسانە دەتوانن چاك بیخوێننەوە کە شارەزای زانستی بیرکارین؟

پێویستە ئەوە بپشکنین ئایا دیاریکردنی ئەفلاتۆنی بۆ پەیڕەوی توێژینەوە بە گریمانە چییە؟ سۆکرات بە پێشنیاز کردنی پەیڕەو تازەکەی لە لێکۆڵینەوەدا و ڕوونکردنەوەی ئەم پەیڕەوە دەڵێت: "ئەوەی مەبەستمە لە توێژینەوەی گریمانەیی بریتییە لەوەی: نموونەیەکە لەسەر ئەو ڕێبازەی زۆر بەکاردەهێنرێ لەلایەن ئەندازیارانەوە بۆ پشکنینی بابەتەکان... ئەگەر ئەمە وابێ، من پێم وایە ئەم دەرەنجامە دەبێ هەڵبهێنجرێ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەخلاق ئەم چۆنیەتیەی هەبێ، ئایا دەبێتە شتێك کە بزانرێ یان نەزانرێ. ئەگەر ئەخلاق زانست بێ دەکرێ مرۆڤ فێری بکرێ، ئەگەر زانست نەبێ ئەوا ناکرێ"[٢]، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین ڕێبازی سۆکرات وەستاوەتە سەر پێشکەشکردنی پرسی بابەتی توێژینەوەکە لە شێوەی گریمانەدا، هەر گریمانەیەك بریتییە لە زانستێکی پێشتر بۆ زانست لە ڕووی بنەماوە. بەو مانایەی هەر گریمانەیەك لە دوو توێی خۆیدا پرۆژەی زانست لەخۆدەگرێ، ئەوەی دەیەوێ بگاتە زانست، پێویستە لەسەری ڕێگەی گریمانە خراوەڕووەکان بۆ تاوتوێکردن بگرێتەبەر. تێگەیشتن لەم پرسە بە قوڵی یەکەی پاڵنەری بوانکاریە، بۆ قسەکردن لەسەر "زانست و گریمانە" بە مانای دامەزراندنی زانینی زانستی ڕوونادات، تەنها بەو توانایە فەراهەم بووە نەبێ بۆ زانا، بۆ دانانی ئەو گریمانانەی بە

---

(١) Aristote: la métaphysiue, Op. cit, livre b- chapitre 2, 996 b, p. 97

(٢) أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٧ ج، ص ١٢٤ – ١٢٥.

خەیاڵی کەسانی پێشتردا نەهاتوون. لە زانستی بیرکاری هاوچەرخدا دەبینین سەرەتای لوباتشفسکی بە گریمانە کردنی وێنەی چەند هاوتەریبێك بوو لەگەڵ هێڵێکی ڕاستی دەرچوو لە خاڵێکی دەرەکی. دوای ئەو ریمان لێکۆڵینەوەکەی نووسی لەبارەی "ئەو گریمانانەی بەکاردێن لە دامەزراندنی ئەندازیاریدا"[()].

کەواتە خاڵی دەستپێکی پەیڕەوی لێکۆڵینەوە بە گریمانە، بریتی بوو لە دانانی ئەم پرۆژە ئاشکرا و ڕوونە لەسەر تەختی تاوتوێ. مەبەست لە ئاشکرایی بریتییە لەوەی زانراو بێ لەلایەن لایەنەکانی گفتوگۆکار بێ جیاوازی، ئەمەش لە پێناو بەدەستخستنی دوانگەیەکی هەنگاونانی یەکگرتوو لەلای گشت توێژەران لە بابەتەکەدا، بۆ نەهێشتنی ڕاجیاییەکان لە کاتی بەڕێوەچوونی توێژینەوەی هەروەزی، سەبارەت بە ڕەگەزی ڕوونی ئەوا بەرجەستە دەبێ لە ڕێکخستنی تێڕوانینەکان بە دیاریکراوی و بنیاتی دروست بۆ متمانەکان، دوای ئەمە تاوتوێی ڕاستەقینە بۆ ئەم گریمانەیە دەستپێدەکات، لە هەموو لایەکەوە بێ ئاسانکاری یان لێبوردەیی، تۆکمەیی پەیڕەویی گرنگترین ئەرکە ئەنجام دەدرێ بەرامبەر گریمانەی بەرهەڵستکاران، ئامانجی تاوتوێیەکە ڕەتکردنەوەی گریمانەکە نییە بە نەرێنی، بەڵکو ڕەخنە لێگرتنیەتی و دەوڵەمەندکردنیەتی لە میانەی بژارکردنی، بەمەش دەرەنجامەکە یەکێك دەبێ لەم دووانەی خوارەوە:

١- ڕەتکردنەوە و نکۆڵی کردن لە گریمانەکە، ئەگەر ڕەخنەکان بابەتی بوون و لەجێگای خۆیاندابوون، ناکرێ ڕەخنەکان ڕەت بکرێنەوە و بەرگری لە گریمانەکە بکرێ.

() هنري بوانكاريه: العلم والفضيلة، ترجمة حمادي بن جاء الله، مركز دراسات الوحدة العربية – المنظمة العربية للترجمة، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢، ص ١١٦.

٢- پاراستنی گریمانەکە و بە بنەما کردنی ئەگەر کۆی تێبینی و ڕەخنەکان لاواز و بێ کەڵك بوون، پشتیان بە مەرجی بابەتی بوون و یەکێتی عەقڵە لێکۆڵەکان نەبەستبوو[١].

ئێمە پەیڕەوی توێژینەوە بە گریمانە تەنها لە گفتوگۆکەی مینۆندا بەدی ناکەین، بەڵکو لە گفتوگۆی کۆماری و بارمنیدسدا بەهەمان شێوە بەدیدەکەین، خوێندنەوەی ئەم گفتوگۆیەی کۆتایی وامان لێدەکات قەناعەت بکەین بەوەی ئەفلاتۆن وازی لە سۆکرات هێناوە، بەڵکو لە ڕێبیرە تایبەتەکانی سۆکرات هەڵگەڕایەوە، ئەمە گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرتنی خودییە بە پلەیەك، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی پەیڕەوی کارکردن بە گریمانە یان توێژینەوەی بە گریمانە. بابەتی گفتوگۆکەی نێوان کیفالوس و ئەدیمانتوس و جلوکون و ئەنتیفون و سۆکرات، لەبارەی دوو بابەتی بنەڕەتی بوون، کە بریتی بوون لە:

یەکەم: کێشە تیۆرییەکانی تیۆری نموونە، کە سۆکرات خستیەڕوو لەگەڵ ئەوەی بارمنیدس و زینون ڕەخنەیان لێگرت.

دووەم: خستنەڕوویێکی تێروتەسەلی تیۆری بوون و نەبوون لەلایەك، یەك و تەنها و فرەیی لەلایەکی ترەوە. بەهەمان شێوە ئێمە درك ناکەین بە سەختی دۆزینەوەی پەیڕەوی لێکۆڵینەوە بە گریمانە، لەگەڵ سەرەتای هەر برگەیەکی دووبارە بووەوە دەبینین: "ئەگەر وابوو" هەیە، نموونەش لەسەر ئەمە ئەوەیە: بارمنیدس دەڵێت: ئەگەر یەك بوونی هەبوایە، چ دەرەنجامێك پێویست دەکات سەبارەت بەوانی تر، ئەگەر شتەکان لە یەکەیەکدا بەشدار بن وەك بەش، لە یەکەیەکیشدا بەشدار بن بەگشتی، ئەوا ئەمە لە یەك زیاترە، ئایا وا پێویست نابێ ئەم شتانە زۆر و بێ کۆتا بن، لە ڕوو ڕێکخستنیەوە لە

---

(١) محمود زیدان: مناهج البحث الفلسفي، د ط، ١٩٧٧، ص ٢٨. André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie Op. cit. p. 428

یەکەیەکدا بەشدارن، ئەگەر یەك هەر نەبێ، ئەوا چی لەمە بەرهەم دێت؟[1]، ئەوەی ئەفلاتۆن پێی هەڵدەستێت، بریتییە لە پشکنینی چەند گریمانەیەك، لە پێناو هەڵبژاردنی گریمانەی ڕاست.

ئەو گریمانەیەی سۆکرات لێیەوە هەنگاوی ناوە بریتییە لەوەی ئەخلاق خێرە، دەبێ هەر بەوە دابنرێ، ئەگەر خێر بابەتێکی زانست بێ، واتە ئەخلاق و پایەداریش بە بابەتێکی زانست دادەنرێ، ئەگەر خێر لە زانست دابڕاو بێ، دەرەنجامەکە ئەوەیە کە ئەخلاق زانست نییە، ئەگەر خێر سەرچاوەی کەڵك و سوود بێت، ئەوا ئەخلاق سەرچاوەی سوودە، لەو شتانەی بە سوود دایاندەنێین، دەبینین تەندروستی باش و جوانی و سەروەت و هێز هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لەوانەیە ئەم شتانە ببنە سەرچاوەی چەندین زیانی بێ ژمار، بۆیە بەسود نابن مەگەر بە چاکی و دروستی بەکار بهێنرێ. بوێری بەبێ ژیری و بەرچاوڕونی تەنها سەرەڕۆیی و شێتین، ئەگەر ژیری جڵەوی بەڕێوەبردنی دەروونی گرتەدەست، ئەوا بەختەوەری دەبێتە ئەنجامی گشت کارێك، ئەگەر نا دەرەنجامەکان پێچەوانە دەبنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەخلاق وەك بەهرەیەکی دەروونی پەیوەستە بە ژیری و زیرەکیەوە، لەبەر ئەوەی سوودەکان لە ژیری و بیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرن، ئەخلاق سوودبەخشە. وتەی ڕاست ئەوەیە کە ئەخلاق ژیرییە، گشت ئەخلاقکارانیش وان، چونکە ژیرمەندن، نەك لەبەر ئەوەی سروشتی ئەوان وای لەوان کردووە چاك بن. مینۆن لە گیرمانەکانی سۆکرات ئەوە هەڵدەهێنجێ ئەگەر ئەخلاق زانست بێ، ئەوا زۆر گونجاوە ببێتە بابەتێك بۆ فێربوون. بەڵام سۆکرات گریمانەکان کۆتایی دێنێت لە دوای چەسپاندنی دەرەنجامی دروست، ئەویش ئەوەیە ئەخلاق زانستە، دەکرێ فێر بکرێ بە تێبینیەکی بێ هیوایانە کاتێك وتی: "بە دڵنیایەوە بەلایەنی کەمەوە زۆر گەڕاوم بەدوای ئەوەی ئایا

---

(1) أفلاطون: بارمنيدس، ترجمة حبيب الشاروني، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، الطبيعة الأولى، ٢٠٠٢، ١٦٠ أ– ١٦٠ ب، ص ٨٨ – ١٠٤.

مامۆستای فێرکاری ئەخلاق هەن. سەربارى هەوڵى زۆرم، نەمتوانی بیدۆزمەوە"[1]، بەڵام بۆچی سۆکرات فێرکارانی ئەخلاقکاری نەدۆزیوەتەوە یان نەبینیوە؟ ئایا هاوڵاتیەکی ئەسینایی لە سەدەی چوارەم نەبووە، ئایا "فێکارانی دانایی" لە کوێ بوونە؟ کە بە گشت یۆناندا دەگەڕان لە پێناو فێرکردنی گەنجان لە بەرامبەر کرێیەك کە ئەوان حەزیان لێ بوو؟ ئایا سۆکرات هەرگیز بە کەسێکی سۆفستائی نەگەیشتووە، لە کاتێکدا شوێنێکی کراوەی کردبووەوە لە شەقامەکانی ئەسینادا بۆ فەلسەفەکاریەکەی؟

**٤- لەبارەی سیاسەتمەداران و سۆفستائیەکان یان سوفستائی و ئەخلاق**

ئەنیتوس کە کەمێك دەبێ بە سۆکرات و مینۆن گەیشتووە، ئەو گرێیە بکاتەوە کە هەر یەکێك لە سۆکراتی گومانکەر و مینۆنی چاڵاك و کۆڵنەدەر لە لێکۆڵینەوەی وەستاندووە. بۆ زانیاری ئەم کەسە نوێیە کەمتر نییە لەوانەی پێش خۆی لە ڕووی خۆبەکەمزانی و کۆشش و پەروەردەی چاك، کە لە باوکیەوە وەریگرتووە، هەروەك لەبارەیەوە وازانراوە بەشداربووە لە ژیانی سیاسی ئەسینادا، ئایا بە ڕاستی مامۆستایانی ئەخلاق هەن وەك چۆن مامۆستای پزیشکی و پێڵاو دروستکردن و مۆسیقا هەن؟ بە دیاریکراوی ئەوانە کێن و ناویان چییە؟ دەکرێ کەسی سۆفستائی ڕێك ئەو مامۆستایەی ئەخلاق بێ کە بزرکراوە؟

وا دەردەکەوێ لێرەدا جیاوازی ڕیشەیی هەیە لە نێوان هەڵوێستی سۆکرات و ئەنیتۆس بەرامبەر سۆفستائیەت، ئەم ڕاجیاییە لەوانەیە ململانێ بێنێتە کایە لە ئاستێکی باڵاتردا، بە کرداری ئەم ڕاجیایە دەرەنجامی لێکەوتەوە، ئەوەی کە دواتر بە دادگایی کردنی

---

[1] أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٩ ه، ص ١٣١.

سۆکڕات ناسرا، ئەمە ئەو ڕووداوەیە کە ئەفلاتۆن وێنەی بۆمان کێشاوە لە ئەبولوژی دوای دەرکرانی بڕیاری لەسێدارەدان بۆی لەلایەن دادوەرانی ئەسیناوە[1].

هەڵوێستی ئەنیتۆس لە بەرامبەر سۆفستائیەت ئەرێنی بوو، لە میانەی داننانی بەوەی دەگونجێ لە فێربوونی ئەخلاق و پایەداریدا پشت ببەسترێ بە یەکێك لە مامۆستاکانی دانایی کە بە سۆفستائیەکان ناسراون، بەلایەنی کەمەوە سیفەتی دانایی هەڵدەگرن، ئەمە لە ناویاندا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ نکۆڵی کردن لە شایستەییان دەمانخاتە ناو تێکگیرانەوە. ئەگەر ئەم هەڵوێستە نا ڕێکیش بێ لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەفلاتۆنیدا، ئەوا زۆرێك لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان کاریان کردووە لەسەر دەرخستنی ڕووی درەوشاوەی هزری سۆفستائی و دواتریش بە بنەماکردنی ڕای ئەنیتۆس. لەوانەیە فەیلەسوفی هاوچەرخی یۆنانیە، فریدریك نیچە چاکترین نموونەیە بهێنرێتەوە بۆ بەرگری کردن لە شایستەیی فەلسەفەی سۆفستائی، بەوپێیەی فەلسەفەی تاك و تەنهاگەرایی ئەنتۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژیە، بەپێچەوانەی هزری سۆکڕاتی – ئەفلاتۆنی کە جەختیان کردۆتەوە لەسەر جیاوازی ڕاستگۆیی و هەڵە و عەقڵ و هەستەکان، لە نێوان جیهانی واقیع و جیهانی ڕاستەقینە[2].

ئەوەندە هەیە هەڵوێستی سۆکڕات تەواو نەرێنی بوو، ڕۆیشتن بە دوای هەر یەکێك لە سۆفستائیەکان بۆ زانستخوازی، جۆرێکە لە شێتی، بەڵکو تێکدان و بەفیڕۆدانی تواناکانە، لە پاڵ ئەو پارەیەی پێیان دەدەن. چۆن کەسی سۆفستائی دەتوانێ فێری ئەخلاق بکات، لە کاتێکدا تێکدەری گەنجانە لە ڕووی ڕێبیرەوە بە دوای دەوڵەمەندیەوە کەوتوون لە

(١) أفلاطون: دفاع سقراط، ترجمة زكي نجيب محمود، مكتبة محمود، مكتبة الأسرة، ٢٠٠١، ص ٦٩ وما تلاها.

(٢) عبدالكريم عنيات: نيتشه والإغريق، منشورات الإختلاف – دار العربية للعلوم، الجزائر – لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠١٠، ص ١١٥. René Berthelot: Romanisme Utilitare, Etude sur le movement pragmatiste. Le pragmatism chez Nietzsche et chez Poincaré, libairie Félix alcon, paris, 1991, p. 89.

ڕووی دەرەنجامەوە؟ ئایا پروتاغورس سامانێکی زۆری کۆکردەوە زیاتر لە سامانی فیدیاسی نەقش هەڵکەن، سەرباری ئەوەی ناخەکان تێکدەدات، لە کاتێکدا فیدیاس وێنەی مەزنەکانی یۆنان بە زیندووی دەهێڵێتەوە؟ ئایا ئەوەی شانازیەکانی یۆنان دەردەخات بەشێوەیەکی هونەری کەمتری دەستنەکەوتووە لەو هونەرمەندەی فێڵ لە جەماوەر و گەنجان دەکات؟ چۆن گەلی یۆنانی بێ توانابووە، بەگشتی لە ئاشکراکردنی فرو فێڵەکانی ئەوانە بەدرێژایی کاتێکی دوور و درێژ؟ ئایا ئەمە زیرەکی سۆفستائیەکانە لە خۆگۆڕین و فێڵکاری؟ ئەمانە تەنها چەند پرسیارێکن ئەفلاتۆن دەیانخاتەڕوو لەسەر زمانی سۆکرات، وەك بەشێك لە پڕۆژەیەکی مەزن هاوشانی گشت پڕۆژە ئەرێنیەکانی. چونکە پوچەڵکردنەوەی سۆفستائیەت هەنگاوێکی بەرایی و پێویستە کە ئەفلاتۆن پێی هەڵسا، لە پێناو دامەزراندنی ڕێبازەکەی لەسەر پشتی ئەوان. هەروەك سەختە درك بە گفتوگۆی ئەفلاتۆنی بکەین، بێ ئاماژەکردن چ بە ئاشکرا یان بە نهێنی بە سۆفستائیەت، چ بە گشتی یان بە ناوە تایبەتیەکەی. نامۆکەی ئیلی و هاوڕێی بارمنیدس و زینون ئامۆژگاریەکانی خۆیان بۆ سۆکرات و سیاتیتوس تەواو کرد بەوەی: "سۆفستائیەکان بەشێك لەوانە نین کە زانین و مەعریفەیان هەیە، بەڵکو هۆکارە و خۆی پوچەڵ دەکاتەوە، ئەمە یاریکردنە بە وشەکان، بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن"[1].

ڕوانینی نوێ و هاوچەرخ بۆ ئاڕاستەی سۆفستائی ڕەنگ کراون بە ڕەنگی لێکدانەوەی ئەفلاتۆنی، وایلێهاتووە بڕیار لەسەر فەلسەفەکەیان دەدەین لە ڕوانگەی ئەفلاتۆن و

---

(1) أفلاطون: السوفسطائي، ترجمة شوقي داود تمراز، المجلد، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص ٢٩٣.
وللتوسع في موقف أفلاطون من الاتجاه السفسطائي يمكن العودة إلى الحوارات التالية:

- فايدروس: ترجمة أميرة حلمي مطر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٦٦.
- بروتاجوراس، ترجمة عزت قرني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٦٨.
- ثياتينوس، ترجمة أميرة حلمي مطر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٤٠.
- جورجياس: ترجمة محمد حسن ظاظا، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧٠، ص ٥١.

سۆکرات، بێ پرسیارکردن لەبارەی ڕەوایی دەستگرتن بەم لێکدانەوەیە بەدەر لەوانی تر. ئایا باشترین دادوەر و ناوبژیوان ئەوانە نین کە بڕیار دەرناکەن، تەنها دوای ئەوە نەبێ کە گوێ بۆ هەر دوو لای دژیەك دەگرن، نەوەك تەنها لایەك. ئایا ئێمە گوێمان بۆ هەر دوو لایەن گرتووە؟ وا دەردەکەوێ ئەفلاتۆن دادوەرێکی بابەتی بوو لە پرسی کێشەی نێوان سۆکرات و سۆفستائیەتدا، کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەفلاتۆن دادوەر و لایەنێك بووە، لە ناکۆکیەکەدا، ئەمەش سیفەتی بابەتی و بێ لایەنی لێ دەبێتەوە، هێزی هەڵوێستی ئەفلاتۆن لە بەرامبەر فەلسەفەی سۆفستائی گوازرایەوە بۆ قوتابیەکەی ئەرستۆ لە ژێر دەسەڵات و کاریگەری مامۆستاکەی، هەرچەندە لەسەرخۆبوو لە بڕیار و حوکمەکان و پشتی بە ڕووداوەکان نەوەك کەسەکان دەبەست. دەبینین ئەرستۆ هەڵوێستی ئەفلاتۆنی پێشدەخات بەرامبەر سۆفستائیەت و زیاتر قوڵی دەکاتەوە لە بواری زانین و مەعریفی و لۆژیکیدا بەتایبەتی، بە درێژایی دانراوە زۆرەکانی دەبینین هەردەم کار دەکات لەسەر ئاشکراکردنی کەم و کورتیەکانی ڕێبیرەکانی ئەم فەلسەفەیە، لە کتێبی یەکەمدا (ڕیتۆرقا) پێوانەی سۆفستائی بە یەکسان لەگەڵ هەڵەکاری و هەڵخەڵەتێنەر دادەنێت، لێرەوە ئەرکی مشتومڕ دێت لە جیاوازی کردن لە نێوانیاندا بە چاکترین شێوە. لە کتێبی (ئەلجاما) لە (میتافیزقیا)دا، ئەرستۆ ژمارەیەك وتاری تایبەت کرد بۆ پوچەڵکردنەوەی هەڵوێستی سۆفستائیەت لەبارەی تیۆری ڕێژەیی لای ئەوان، گرنگترین بنەمای فەلسەفەی سەرەتای پوچەڵکردەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە تێکنەگیران. تیۆری بروتاخوراسی سەرخست، بەوەی خودی شت دەکرێ هەبێ و لە هەمان کاتدا نەشبێ و لەسەر هەمان شێوە، جیاکاری لە نێوان ڕاست و ناڕاست ورد نییە، وەك ئێمە بڕوامان وایە، دواتر زانینی بابەتی بوونی نییە. ئەم هەڵوێستانە ورەی دەستپێکەران بە فەلسەفە هێواش دەکات، وادەکات ئەو بیرمەندەی بە دوای ڕاستی شتەکاندا دەگەڕێ، وەك ئەوەبێ هەوڵبدات بۆ گەڕان و گرتنی باڵندەیەکی فڕیو لە ئاسمان، بە مانای ئەستەمی کاری فەلسەفە. ئەرستۆ لە کتێبە لۆژیکیەکانیدا خۆدەرخستن بە دانایی و سەفستەکاری بە

هاومانا دادەنێ، ئەگەر سۆفستائیەکان داندەنێن بەوەی گشت جۆرەکانی بەڵگە پوچەڵ دەکەنەوە، ئەوا لە ڕاستیدا دەیانەوێ سەرلێشواندن و فێڵکاری بکەن(١).

ئەو پرسەی توڕەیی سۆکڕاتی وروژاند دژی ئەنیتۆس، ئەوە بوو ئەنیتۆس پشتیوانی سۆفستائیەکانی کرد، بەرگری لە توانا و شایستەییەکانی ئەوان کرد، بۆ فێرکردنی ئەخلاق و پایەداری، بێ ئەوەی هەرگیز چاوی بەیەکێکیان کەوتبێت. بەڵکو هەموو حوکمەکانی دامەزراون لە گێڕانەوە و قسەی دەستاودەستکراو. لە کاتێکدا سۆکڕات لە نزیکەوە ئەوانی تاقیکردۆتەوە و گفتوگۆی لەگەڵ گشت نەوەکانی ئەوان کردووە، چ مامۆستا وانەبێژەکان یان قوتابیە شوێنکەوتووەکان. ئایا ڕێگە چییە بۆ پوچەڵکردنەوەی وتەی یەکەمی ئەنیتۆس؟ ئەگەر بمانەوێ پرسیارەکە بۆ ئەوپەڕی پاڵ بنێین، ئەوا لە دیدی سۆقڕاتدا دەڵێین: ئایا بەڵگە چییە لەسەر درۆی ئەوەی بەرگری لە درۆزنەکان دەکات؟

سۆکڕات پەلەی نەبوو لە ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکەی، بەڵکو ڕێگەی هەڵهێنجان و لێڕامانی پەسەند کرد بۆ پێکهێنانی هەڵوێست لە ڕێگەی گشتاندن. سۆکڕات دەڵێت ئێمە تێبینی دەکەین سیموستوکلیز یەکێك بوو لە پیاوە مەزنەکان لە خەسڵەتەکانیدا، بەڵام ئەگەرچی ژمارەیەك ئەخلاق و تایبەتمەندیشی هەبێ، ئەوا دەستەوەسان بوو لە گواستنەوەی بۆ کوڕەکەی خۆی کلیوفانتوس. هەروەك لوزیماخوس پێویستی بە کەمترین پلەو پایە و ئەخلاق هەبوو، کە باوی ئەو ئەرستید پێی دەوڵەمەند بوو. بەهەمان شێوە بیرکلیز کە ئەسینابییەکان چەند بارە هەڵیانبژارد بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئەسینا، بەهۆی پلەو پایە

---

(١) يمكن العودة للكتب الأرسطية التالية في مسألة السفسطائية:

- Rhétorique, traduction p. vanhemelryck, librairie générale Française, 1991, livre premier, XIV, p. 81.
- La métaphysique, Op. cit, livre 4, chapitre 51009a, p. 143

السفوسطيقا، ترجمة يحيى بن عدي و عيسى بن زرعة، تحقيق عبدالرحمن بدوي، الجزء الثالث من منطق أرسطو، وكالة المطبوعات الكويت — دار القلم بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٠، ١٦٤ أ ٢٥، ص ٧٧٥.

بێ ژمارەکانی، هەر دوو کوڕەکەی ئەو بارالوس و ئەکزانیسوس نەگەیشتنە نیوەی پلەی باوکیان لە ڕووی پلەو پایەوە. لە کۆتاییدا چارەنووسی کوڕانی سوکدیدیس زۆر جیاواز نییە لە چارەنووسی کوڕانی بریلیز لە دەستخستنی ئەخلاق لە میانەی فێربوونیان لە باوکیانەوە. ئایا مامۆستایەکی بەکرێ گیراو دەتوانێ ئەوە بە قوتابیەکانی بکات، کە باوکێکی ئەخلاقکار نەیتوانیوە بە منداڵەکانی بکات؟ ئەم دۆخە تایبەتانە وامان لێدەکەن بگەینە دەرەنجامی گشتی، ئەویش ئەوەیە ئەخلاق ناکرێ بگوازرێتەوە و وەربگیرێ لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر، چ لە ڕێگەی قوتابیبوونەوە یان پێگەیاندن یاخود پەروەردەوە بێ. بەم دەرەنجامە ئەفلاتۆن بەشی چوارمی گفتوگۆکە کۆتایی پێدێنێ، ئەنیتۆس هەڕەشە لە سۆکرات دەکات، بە ڕەچاوکردنی شکستەکەی لە بەرگری کردن لە هەڵوێستی یەکەمی[1].

## ٥- گەڕانەوە بۆ فێرکردنی ئەخلاق و تیۆری گومانی ڕاست یان دوکسا وەك ڕێگەیەك بۆ ئەخلاق

لەم بەشەی کۆتاییدا، ئەفلاتۆن دەچێتە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ، چونکە پەیوەستە بە بابەتی زۆر ئاڵۆزەوە، کە ئەمانەن: سیاسەت و ئەخلاق (ئەخلاق) و فەلسەفە. ئەگەر ئەخلاق شیاو نەبێ بۆ فێرکردن و فێربوون چ وەك بەخشین یان وەرگرتن، ئەوا ئایا چۆن ڕاڤەی ئەخلاقی سیاسی هەندێك لە حوکمڕانان دەکرێ؟ ئایا نهێنی سەرکەوتنێکی هەندێك لە پیاوانی دەوڵەت چییە لە سەرکردایەتی و ڕاییکردنی کاروباری گشتیدا، هەر چەندە فێری بنەماکانی ئەخلاق و چاکە نەبوونە، تەنانەت فێری بنەماکانی سیاسەتیش نەبوونە؟ ئایا خەڵك هەردەم بە زانینەوە هەڵسوکەوت دەکەن، کاتێك هەڵدەستن بە مەبەستەکانیان یان ڕێبەرێکی تر بۆ مرۆڤ هەیە جگە لە زانست؟ ئایا

---

[1]) مینون، مرجع سابق، ٩٥ أ، ص ١٤٣.

دەكرێ گومان سەرچاوەیەكی سەركەوتوو بێ بۆ كار؟ ئەگەرچی گومان ببێتە مایەی چەند سودێك و تاك ئامانجەكانی بەهۆیەوە بە دەستبخات، لەم دۆخەدا چ ناوێكی لێ بنێین؟ ئایا ئەمە یەكسانكردن دەگەیەنێ لە نێوان زانست و گومان، ئەگەر گەیشتنە هەمان كۆتایی؟ هەموو ئەم پرسیارانە و جگە لەوانیش زۆرن و كۆتایی نایەن، سۆكرات بە هاودەمی مینۆن لە كۆتاییەكانی ئەم گفتوگۆیەدا خستویەتیەڕوو.

لێرەدا ئەفلاتۆن چەمكێكی تازەی داهێنا بۆ تاوتوێ كردن، ئەویش "گومان ڕاستپێكە". بۆیە مینۆن حەز دەكات ڕاستی ئەم ناونانە بدۆزێتەوە. سۆكرات وەڵامی دەداتەوە و شرۆڤەی چەمكەكەش دەكات: "ئەگەر كەسێك هەبێ شارەزای ڕێگەی چوونە لاریسا یان هەر شوێنێكی تر بێ كە دەتەوێ، خەڵكی بۆ ئەو شوێنە دەبرد، ئایا ڕێبەرایەتیەكەی چاك و باش نابێ... ئەگەر وا ڕێكەوت كەسێك بە گومانێكی ڕاست گەیشت لەبارەی ناوەڕۆكی ڕێگاكە، بێ ئەوەی چووبێتە ئەوێ و زانیاری لەسەری هەبێ، ئایا ڕابەرایەتی ئەم كەسەش تەواو ڕاست نابێ؟ مادەم گومانێكی ڕاستی هەیە، بەلایەنی كەمەوە ڕابەرێكی خراپتر نابێ لەوەی یەكەم"[1].

چەمكی گومان نامۆ نییە لەلای فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی ئەفلاتۆن بەدیاریكراوی. ئەمە ئەركی پەیڕەوی ڕەسەنی هەر بزوتنەوەیەكی فەلسەفی ڕەسەنی تایبەتمەند و گومانگەرایە، سۆكرات كە بە تۆكمەیی وێنای كردووە، وردەكاری ئەفلاتۆن بە جوانترین نموونە دادەنرێ، لەسەر گرنگی زۆری گومان وەك پەیوەستبوون و وەستاندنی كاتی ئەو حوكمانەی فەیلەسوف دەستاودەستیان پێدەكات بە درێژایی ژیانی. لەم چەمكە ناوەندییە كە گومانە، چەندین ناوی تر وەك لق لێی بوونەتەوە، وەك: "گومانگەرا" و "زانستی گومان" و "پێوانەی بۆچوونەكان"[2]، سەبارەت بە دۆكسوغرافیا لەو چەمكانەیە لە چەمكی سەرەكیەوە داتاشراوە، كە بە واتای "وەسف و نووسینی

---

(1) المرجع نفسه، ٩٧ ب، ص ١٤٩.

(2) André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie Op. cit. p 250.

بۆچوون و ڕێبازەکان" دێت یان "نووسینی یاداشتنامەکان" وەك چۆن ئەم ناوەی لێدەنرا لە سەردەمە کۆنەکاندا. لە دیارترینی ئەمانە دەبینین سیوفراست جێنشینی ڕاستەوخۆی سۆکرات لە لۆسیۆم، و "دیوجین لائرسی" لە کتێبەکەیدا " Vie, doctrines et scntencea des philiosophes illustres"، دکتۆر ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام ئەرکی وەرگێڕانی گرتۆتەئەستۆ بۆ زمانی عەرەبی بە ناونیشانی "ژیانی فەیلەسوفە ناودارەکان" لە ساڵی ٢٠٠٨. پایەی ئەم توێژینەوانە زۆر مەزنن لە زانینی فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەت ئەو قۆناغانەی پاشکۆی نووسراویان تێدا نییە، بەڵام هەر گومانیان لەسەر هەیە، بەوپێیەی پشت دەبەستێت بە گێڕانەوەی متمانە پێنەکراو، کاری پشکنین و ڕەخنە لێگرتنی تەواوی بۆ نەکراوە، وەك مەرجێك بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو چوارچێوەیەیە کە ئەفلاتۆن دۆکسای تێدا بەکارهێناوە، بە دڵنیایەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو مانایانەی پێشتر باسکران، چونکە پاشتر دەرکەوت. سۆکرات تێبینیەکی گرنگ پێشکەش دەکات بۆ مینۆنی شوێنکەوتوو، شوێنکەوتن واتە گومانی ڕاست کەمتر نییە لە ژیری لە ڕابەرایەتی کردندا، لەلایەنی هەڵسوکەوتدا. ئەم تێبینیە دژە لەگەڵ دەرەنجامێکی پێشوو کە پێی گەیشتووین لە بەشی سێیەمدا کە بریتییە لە ڕابەرایەتی کردنی دروست بۆ هەڵسوکەوت بەبێ ژیری ناکرێ. بەڵام ئەم نموونەیە ئەوەی ڕوونکردەوە دەکرێ سەرکەوتنی هەڵسوکەوتی فەراهەم ببێ بە ڕێگەی نا ژیرانە، بەو مانایەی لەسەر گومان و گریمانە دامەزراوە، کە دژە لەگەڵ ژیری و دڵنیایی. ئایا دەکرێ عەقڵ و گومان یەکسان بکرێن؟ دواتر دەکرێ زانای دڵنیا و نەزانی پەسەند یەکسان بکرێن؟ شێوەی بیرکردنەوەی ئەفلاتۆنی ڕەزامەند نییە لەسەر ئەم یەکسانیە نا دادگەرانە. لەبەر ئەوەی گومانەکان پرۆژەی زانستەکانن، بەڵام بەمەرجی بەستنەوەیان بە لۆژیکی بەڵگە هۆکارییەکان، دواتر کۆت و بەند ئەو هێڵی جیاوازی نێوان زانست و دۆکسا دەکێشێ، لێرەدا تێبینی ئەندازەی لەیەکتر نزیکبوونەوەی مانای عەرەبی بۆ عەقڵ دەکەین، کە ئاماژە دەکات بە بەستەر و کۆت و بەند، لەگەڵ مانای یۆنانی کە ئاماژە بە کۆت و بەندکردنی گومان دێت.

ئەگەر گومان ڕاستپێکان و سوود دەستەبەر بکات لەلایەنی هەڵسوکەوتیدا، ئەوا ناکرێ بکرێتە بنچینەیەکی جێگیر و چەسپاو بۆ گشت دۆخەکان. ئەمەش وای لێدەکات بەرز نەبێتەوە بۆ پلەی یاسادانانی عەقڵی، کە گریمانە هەڵناگرێ بە ئەندازەی ئەوەی دەبێتە هێمایەك بۆ جێگیری و دڵنیایی. ساسەتمەداران — بەو پێیەی فەیلەسوف نین، کە لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پشت بە ژیری ببەستن — بەم دیاری کراویە لە سەرکەوتنی حوکمەکەیاندا پشت بە گومانی پەسەند یان چاك دەبەستن، بە سادەیی زیاتر بە جادوگەران و پێشبینی کاران یان بەو خواوەندانە دەچن کە پێویستیان بە عەقڵە(1).

**کۆتایی یان دوماهی کراوە:**

پێشتر ئاماژەمان کرد بە سروشتی گفتوگۆی مینۆن، لە کاتی قسەکردن لەبارەی نووسین و قۆناغی دانانەکەی، بەو پێیەی بە گفتوگۆیەکی پوچەڵکەرەوەیی دانرا، بەو مانایەی ناگاتە چارەسەرێکی کۆتایی بۆ ئەو کێشەیەی لە سەرەتاوە خراوەتەڕوو. ئەم سروشتە کراوەیەی کۆتایی، دەردەکەوێ لە میانەی ڕاپۆرتی کۆتایی سۆکراتتدا، بەوەی ئەخلاق نە بە سروشت و نە بە فێرکردن دێت، بەڵکو بەخششێکی خواییە، بەدەر لە ژیری دەبەخشرێتە ئەوانەی پێیان دەدرێ.

ئەگەر بمانەوێ تیۆری ئەخلاق لەلای ئەفلاتۆن پوخت بکەینەوە، ئەوا سەرەتا تێبینی دەکەین بەرجەستەکردنێکە بۆ پەیڕەوی ڕامان و هەڵهێنجان و مانا و مەبەست. بە واتای نەوەستان و بە تەواو نەزانینی تێبینیە لاوەکی و بەرهەستەکان، کە هەڵسوکەوتە ئەخلاقیەکانی تێدا دەدرەوشێنەوە. لەبەر ئەوەی ئەمە دەمانخاتە ناو ڕێژەییەگەراییەکی ڕووندا، کە شوێنکەوتووانی سۆفستائیەت زۆر پرۆپاگەندەی پێدەکەن وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی مرۆڤ پێوەری ڕاستەقینە و تاك و تەنهایە بۆ گشت شتێك، بە ئەخلاق و کردارە چاکەکان. قبوڵکردنی ئەم پێوەرە، لەوانەیە

---

(1) مینون، مرجع سابق، ٩٩ ج، ص ١٥٥.

ڕۆڵی شتی جێگیر و پیرۆز و بەرز ڕەت بکاتەوە، کە ئەفلاتۆن و هەر فەیلەسوفێکی تر گرەویان لەسەر کردووە، لەسەر پەیڕەوی عەقلّ و نموونە ڕۆیشتبن. بەمە ئەفلاتۆن ڕایگەیاند لە چەندین شوێنی جیاوازدا و بە وتەیەك کە بە پەرچە هێز یان کرداردادەنرێ، وتویەتی: خوا نەوەك مرۆڤ پێوەری گشت ئەو شتانەیە کە بوونیان هەیە و نییە. چەمکی خوا لە هزری ئەفلاتۆندا، بە جێگیر و بەردەوام و تاك دێت... تاد.

پرسی دووەم یەکخستنی نێوان ژیری و ئەخلاقە، بە مانایەکی هاوچەرختر، ئەفلاتۆن زانینی خستۆتە خزمەتی ئەخلاقی، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، بەمانای ئەوەی ئەخلاقی زانین تەواو دەکات. بەمەش لاساییکردنەوەیەکی فەلسەفی بنیاتناوە، کە ئاینە یەکخواناسە ئەخلاقیەکانی دواتر پەسەندی دەکەن، چ لە جیهانی مەسیحی یان ئیسلامیدا بێ جیاوازیەکی مەزن، هەروەها گشت فەلسەفە ئەخلاقییەکان. تێروتەسەلی ئەم بابەتە لە دوو لایەندا خۆی دەبینێتەوە:

- ئەخلاقی زانین و مەعریفە" واتە پێویستی کۆت و بەندکردنی زانین و مەعریفەی مرۆیی، وەك فەلسەفەیەکی تیۆری سەبارەت بە بنەما ئەخلاقیەکان وەك فەلسەفیەکی کرداری و ملکەچکردنی بۆی، بێ ئەوەی پێشێلی بکات. بە دڵنیایەوە دەرەنجامی ئەمە دیاریکردنی ئاسۆکانی زانین و مەعریفەیە.
- بە عەقڵیکردنی ئەخلاق، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، وا بکرێت بنەما ئەخلاقییەکان لە عەقلّ و بنەما تیۆریەکانەوە وەربگیرێن. ئەمەش وا دەخوازێ ئەخلاقی چاك و هەست و ویست بێ بێ بەش بکرێن... جگە لە مانەش لەو ناوانەی ڕەوایی عەقلّ و عەقڵگەرایی ڕەت دەکەنەوە.

دەکرێ لەسەر ئەم دەربڕینە کۆببینەوە: ئەخلاق بریتییە لە شارەزابوون لە خێر و چاکە لەلایەك و کارپێکردنی لەلایەنی بەرامبەر.

## دووەم – توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ گفتوگۆی مینون:

ئایا بەهای تیۆری ئەخلاق و ڕەوشتبەرزی لەلای ئەفلاتۆن چییە؟ فەیلەسوفەکانی دوای ئەو پێیەوە پابەندبوونە؟ لە ڕاستیدا قوتابخانە ئەخلاقییەکان کە لەگەڵ ئەفلاتۆن و دوای ئەویش دەرکەوتن، ئاماژە دەکەن بە وابەستەنەبوونی فەیلەسوفەکانی یۆنان بە تێڕوانینی ئەفلاتۆن بۆ ئەخلاق. بچوکە سۆکراتییەکان – دەبێ ئەوە بیرەخۆمان بێنینەوە ئەفلاتۆن لە گفتوگۆکەی مینۆندا بە سۆکرات کاریگەر بووە – تیۆری ئەخلاقی سۆکراتیان گەشەپێدا، لە دوو توێی چەندین لق و پۆپدا، زۆر دوورکەوتەوە لە لێکدانەوەی ڕەسەنی سۆکرات، بە دڵنیایەوە مەبەستمان هەر یەکە لە میغارییە و گشتگەرایی و قۆریانیەتە... ئەگەرچی ئەفلاتۆن لە گەورە سۆکراتیەکان بوو، یان میراتگری هەرە شایستە بوو بۆ سۆکرات چ وەك مورید یان وەك شوێنکەوتوو، خوێنەران و ژیری (کە ئەڕستۆیە) بەپێی دیاریکردنی ئەفلاتۆنی، پاشماوەی ئەخلاقی ئەفلاتۆنی ڕەت کردەوە، ڕەتی کردەوە ببێتەوە میراتگری زانستی، تاوتوێی بابەتی ئەخلاق و ڕەوشتبەرزی کرد لە دیدگایەکی جیاواز لەگەڵ پەیڕەو و ئامانجی ئەفلاتۆن.

ئەڕستۆ دوو نووسراوی نووسی لەبارەی ئەخلاق، یەکەمیان "ئەخلاقە بۆ نقوماخوس" کە قەبارەکەی مەزنترە، دووەمیان "ئەخلاقە بۆ ئۆدیم". لە کتێبی یەکەمدا جیاوازیەکی بنەڕەتی هەست پێدەکەین لە پەیڕەوی توێژینەوە و دەرەنجامەکانیدا. دەکرێ تیۆری ئەخلاقی ئەڕستۆ کورت بکەینەوە لەمەدا: هەر کەسێك کاتێك کردەوەیەك دەکات، ئەوا لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو هەوڵ دەدات. چونکە هەڵسوکەوتی مرۆیی سروشتی ڕاهێنراوە لەسەر سیفەتی ئامانجگەرایی، هەر بۆیە دەبینی هەر تاکێك تێدەکۆشێ بۆ گەیشتن بەوەی باوەڕی وایە "خێرە". لەوانەیە ئەم خێرە لاوەکی بێ، بۆیە دەبینی هەر کە مرۆڤ پێی گەیشت، بیر لە گەیشتن بەشتێکی بەرزتر لەو دەکاتەوە، وەك ئەوەی خێری یەکەم تەنها ئامرازێك بێ بۆ گەیشتن بەوەی لەو پلە بەرزترە، بەو مانایەی هەر خێرێك خێرێکی تر ڕەت دەکاتەوە... بەم شێوەیە زنجیرەی ئامانجەکان پلەبەند

دەبن، تا دەگەینە ئەو کردارەی ناکرێ ببێتە ئامرازێك بۆ ئامانجێکی بەرزتر. ئەم کردارە ئامانجی هەرە باڵایە، هەر بۆیە ناوی دەنێین "بەختەوەری". ئەو شتەی پاڵمان دەنێ بۆ ئەوەی —وەك ئەرستۆ دەڵێ — چێژ نەکەینە ئامانجی هەرە باڵا، ئەوا وەك ئەفلاتۆن دەڵێت: ئێمە ئەگەر سەرپشك بکرێین لە نێوان چێژ و چێژی هاودەمی دانایی، ئەوا بێ چەند و چوون گریمانەی دووەم هەڵدەبژێرین، واتە چێژ و دانایی بەیەکەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ چێژ خێرێکی ڕاستەقینە نییە. ئەو ڕێگەیەی دەکرێ پێی بگەین بۆ خێری باڵا و ڕەها، کە بە بەختەوەری ناودەبرێ، بریتییە لە ڕێگەی ئەخلاق بە هەر دوو جۆرەکەیەوە، ئەخلاقی و عەقڵی. لەبەر ئەوەی کردارەکانی مرۆڤ لە نێوان زیادەڕەوی و بەزایەدان، ترسنۆکی و سەرشێتی، زیادکردن و کەمکردندا دێن و دەچن، لەبەر ئەوەی هەر دوو جەمسەرە توندڕەوەکە ناکرێ بە هەر دۆخێك بە ئەخلاق دابنرێن. ئەوا ئەو بنەمایەی پێویستە لە ئەخلاقدا لەسەر بڕۆین، ئەوەیە کە ئەرستۆ ناوی دەنێ بە "ناوەندی ئاڵتونی"، بەوەی بۆ نموونە بوێری ببێتە ناوەند لە نێوان ترسنۆکی و سەرشێتی، لەم نموونە تایبەتەوە دەکرێ حکومەکە فراوان بکەین تا گشت کردەوە و چاکەکان دەگرێتەوە. بەمەش دەکرێ بنەمایەکی ئەخلاقی دابنرێ ئەوە بگەیەنێ کە "ئەخلاق نێوەندە لە نێوان دوو شتی پەست و نزمدا"[1].

بەمەش بێ سەختی تێبینی ئەندازەی بەزاندنی تیۆری ئەرستۆیی دەکەین بۆ تیۆری ئەخلاق لای ئەفلاتۆن، سەرەتا ئەرستۆ داندەنێ بە فرە جۆری ئەخلاق لە بەرامبەر ئاڕاستەی تاکگەرایی ئەفلاتۆنی. دووەم نەزانمگەرایی ئەفلاتۆنی سەبارەت بە ئەخلاق لە ڕاستیدا، بەرەو ڕوو بووەتەوە بە دیاریکردنێکی وردی ناوەڕۆکەکەی لەلای ئەرستۆ. تێبینی دەکەین ئەفلاتۆن لە کۆتایی گفتوگۆکەیدا پەنای بردۆتەبەر ڕاڤەی کێشەکە بە ئاسانترین ڕێگە، کاتێك وتی ئەخلاق بەخششێکی

---

(1) Aristote: éthique à Nicomaque, op. cit, livre 3 chapitre VIII, para, para 13, p. ...et livre 10 chapitrell, para 3, p. 396.

خواییە، بێ ئەوەی ژێری درکی پێ بکات دەبەخشرێ، دەبینین ئەرستۆ لە میتافیزیکیادا گاڵتە بەم چارەسەرە شانۆییانە دەکات، کە ئەو خواوەندە بەکاری دەهێنێ کە لە ئامرازەوە دەردەچێ[1].

ئەگەر ئەفلاتۆن نەنگی بگرێ لە قسەکردن لەسەر ئەخلاقی جیاواز و جۆراوجۆر، ئەوا ئەرستۆ کە زۆر سەیری واقیع دەکات، ئەوا بە دیاریکراوی ئەم بەش بەشیەی دەرخستووە، تا ئاستێك وەك ئەوەی درەوشانەوەی تیۆری ئەفلاتۆن بێ بە ئەنقەست، دەبینین لە کتێبی دووەمدا "ئەخلاقی نیقوماخیەت" قسە لەسەر ئەخلاقی گیانداران و ئاژەڵان دەکات. ئایا دەکرێ نکۆڵی لێبکرێ؟ خەڵکی بە واقیعیان قسە لەسەر پلەکانی چاکی ئەسپەکان دەکەن، دواتر باسی ئەخلاقەکەی دەکەن. ڕۆیشتن و خێرایی لە پاڵ توانای بەرگەگرتنی ئەسپسوار و خۆڕاگری لە جەنگ و شەڕەکاندا... هەموو ئەمانە چەند سیفەتێکن، بە کرداری لە ئەخلاقی ئەسپ هەژمار دەکرێن، کە تەنها لەسەر ئەسپە چاکەکان جێبەجێ دەبن. ئایا سۆکرات سەیری ناسورمێ لەبەامبەر نموونەی ئەرستۆیی و بێ کەڵکی ئەو نموونانەش لەبیر دەکات کە مینۆن خستیەڕوو لەبارەی ئافرەت و پیاو و منداڵ و بەساڵاچوو... تاد. لەگەڵ ئەمەدا دوو جۆر ئەخلاق لای مرۆڤ بەدی دەکەین، جۆری یەکەم پەیوەستە بەوەی کرداریە واتە ئەخلاقی بەرز، کە زۆربەی خەڵك گرنگی پێدەدەن، خۆی دەبینێتوە لە ڕێز و شکۆ و بەخشندەیی و جوامێری و ڕاستگۆیی. جۆری دووەم لە سروشتی عەقڵین، بە دیاریکراوی پەیوەستن بە زانست و ڕامان و خەسڵەتە جیاوازەکانی دانایی و زانین[2].

بەمە ئێمە تێبینی تاکگەرایی ئەفلاتۆن دەکەین لە پاڵ دوانەگەرایی ئەرستۆتالیسی. شارەزایی و نەریت و سیستەمی دەوڵەت هەموویان ڕەگەزی گرنگن لە دروستکردنی ئەخلاق لەلای خەڵك، بەمەش ئەرستۆ وەڵامی ئەو پرسە دەداتەوە کە لەلای ئەفلاتۆن گرێکوێرەی بێ چارەسەر بوو.

---

[1] أرسطو: الميتافزيقا، ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٩، ٩٨٩ أ ١٥، ص ٢٧٥. (هذه الترجمة شكلت القسم الثاني من كتاب الأستاذ إمام المعنون. مدخل إلى ميتافزيقا مع ترجمة كاملة لكتاب ميتافزيقا أرسطو. من صفحة ٢٦١ إلى ٦٠٤).

[2] Aristote: éthique à Nicomaque, Op. cit, livre 2 chapitre VI, para 2, p. 89.

بەڵام هەڵوێستی ئەفلاتۆن لە کتێبی کۆماریدا بە پێشکەوتنێکی تێبینکراو دەبینریٚ بەراورد بە هەڵوێستەکەی لە هەمبەر مینۆن، چونکە لە کتێبی چوارەمیدا کە ئەخلاقی دەوڵەت دیاری دەکات، لەم کتێبە سیاسیە پەروەردەییەدا قسە دەکات لەبارەی ئەخلاقی بنەڕەتی و هەندێکی تر لەو کەمترن. ئەفلاتۆن بەم شێوەیەی خوارەوە دەیبەستێتەوە:

١- ئەخلاقی دانایی: پەیوەستە بە زانیاری تیۆری نەوەك کرداری ماددی یان پیشەیی، ئەمەش وایلێدەکات ببێتە دەرەنجامێك لە بەراییدا لە دەستی هەموو کەسێکدا نییە.

٢- ئەخلاقی بوێری: ئەمە بۆ خزمەتی ئەخلاقی یەکەم دانراوە، کە داناییە.

٣- ئەخلاقی میانڕەوی: بە مانای جڵەوگیرکردنی خود و هەڵچونەکان، ئەمەش تەنها بە فەرمانداری بەشی ژێر لە ناخدا بەرجەستە دەبیٚ. لە پاڵ ئەمەدا ئەخلاقێکی گشتییە، پێویستە لە هەمووواندا بێتەجیٚ، بەپێچەوانەی ئەخلاقی یەکەم و دووەم، کە بە کۆمەڵێکەوە بەدەر لەوەی تر تایبەتە. بە کورتی میانڕەوی گوزارشت لە خاسیەتی گونجان و سیستەم لە جۆرەکانی پێشووتری ئەخلاقدا دەکات.

٤- ئەخلاقی دادگەری: بە مانای بەسترانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ئامادەسازی سروشتی، دەستوەرنەدان لە کاروبارەکان و موڵکی ئەوانی تر. بە کورتی دەروون ئەو جۆری ئەرکە بە بەس بزانیٚ کە پێیدراوە[1].

بەم هەنگاوە لە گفتوگۆی مینۆنەوە بۆ کتێبی کۆماری، دەبینین چەمکی ئەخلاق چەندە گەشەی کردووە لەلایەك، لە ڕووی پەیوەستکردنی بە دەروون و سیاسەتەوە، ئەندازەی نزیکبوونەوەی لە دابەشکرکاریەکەی ئەڕستۆ لەلای دووەمەوە؟ بۆیە دەڵێم بابەتی ئەخلاق لەلای ئەفلاتۆن ناکریٚ تەنها بە توێژینەوەی گفتوگۆی مینۆن لێی تێبگەین.

---

(1) أفلاطون: الجمهورية، المجلد الأول، مرجع سابق، ص ١٩١.

تێبینی ئەوەش دەکەین ڕەتکردنەوەی چەمکی ئەخلاق بە مانا ئەفلاتۆنیە یەکگرتووەکەی، لەوانەیە بەدرێژایی سەردەمەکان دووبارە ببێتەوە، چونکە فەیلەسوفەکان درکیان بەوە کرد دەستگرتن بەسەر ئەخلاقێکی ڕەها و کۆکەرەوە شتێکە زیاتر لە ئەستەمەوە نزیکە. هەر بۆیە پێویستە دابەش بکرێ و هەر یەکەیان توێژینەوەی تێروتەسەلی بۆ تایبەت بکرێ. هەر بۆیە دەبینین هەر فەیلەسوفێك تێگەیشتنێکی بۆ ئەخلاق گەشە پێداوە کە گونجاو بێ لەگەڵ ئەو بوارەی بایەخی پێدەدات جیا لەوانی تر. ئەگەر بمانەوێ نموونەکان کورت بکەینەوە ئەوا تێبینی دەکەین:

- ئەخلاق و ڕەوشتبەرزیی ئاینی یان لاهوتی: ئەمە بواری بایەخ پێدانی پیاوانی ئاینی و فەیلەسوفەکانی بیروباوەڕە، دەبینین توماس ئەکوینی (دی کویناس) (١٢٢٤ – ١٢٧٤) هەوڵیداوە ئەخلاق بە شێوەی ئەخلاقی بچەسپێنێ لە ئاینی مەسیحیەتدا. کارەکانی خۆی نووسیوەتەوە لە کتێبە زەبەلاحەکەیدا "پوختەی لاهوتیەت"، لەم پوختەیەدا دەبینین توماس ئەکوینی پرسیارێك دەکات، هاوشێوەی ئەو پرسیارانەی بەدرێژایی دانراوەکەی دەیکات، دەڵێت: ئایا ئەخلاقی لاهوتی هەیە؟ پاساوی ئەم پرسیارە، وەستاوەتە سەر ئەو بیروباوەڕە یۆنانیەی دەڵێت ئەخلاقە لاهوتیەکان پەیوەستن بە سروشتی مرۆڤەوە، لە کاتێکدا لاهوت چەمکێکی سەرووی سروشتییە. دوای ئەوەی ئەم گومان کردنە ڕەت دەکاتەوە، توماس ئەکوینی دەڵێت: "ئەخلاقی لاهوتی ئەوەیە کە مرۆڤ پێی ئاڕاستە دەکرێ بۆ لای خوا، کە بنەمای یەکەم و ئامانجی باڵایە. مرۆڤیش بە سروشتی عەقڵ و ویست ئاڕاستەکراوە بۆ بنەمای سەرەتا و ئامانجی باڵا" ئەگەر خوا لە کتێبی پیرۆزدا بڵێ: "ئەی پارێزکاران، باوەڕ بەخوا بێنن و ئومێدی پێ هەڵواسن... خۆشتان بوێ" ئەوا ئەخلاقە لاهوتیەکان کورت دەبنەوە لەو بنەما ناوبراوانە: ئیمان و ئومێد پێبوون، خۆشویستن[1]. ئەمەش ڕەوایی دەدات بە جیاوازی کردن لە نێوان

---

(1) توما الأكويني: الخلاصة اللاهوتية، ترجمة الخوري بولس عواد، المجلد الرابع، المطبعة الأدبية، بيروت، ١٨٩٨، قسم ٢، جزء ١، مبحث ٦٢، فصل ١، ص ٢١٨.

ئەخلاقی لاهوتی و ئەخلاقی عەقڵی و ئەخلاقی کرداری، کە ئەڕستۆ قسەی لەسەر کردووە. ئەکوینی بە کرداری خۆی تەرخان کردووە بۆ بەڵگە لەسەر هێنانەوە و شیکردنەوەی پلەکانی ئەم ئەخلاقە ئاینیە.

- **ئەخلاقی سیاسی یان مەدەنی:** ئەمە ئەوەیە کە ئەوانە ئاشکرایان کردووە، کە بایەخ دەدەن بە بواری ژیانی کۆمەڵایەی و سیاسی. لە نێو ئەم نموونانەدا دەبینین میکافیلی (١٤٦٩ – ١٥٢٧) بەدی دەکەین، کە هاتنی هەل و فرسەتی بە چاکترین پایە و ئەخلاقی میرەکان دانا، کە ڕێگەیان پێدەدات لێهاتوویی خۆیان دەربخەن لە حوکمدا. لە پاڵ سیفەتی هاوسەنگی کە بە ئاڕاستەی مرۆیی ناونراوە، ئەگەر کاربەدەست توانی هەر دوو ئەخلاقی خۆشەویستی و شکۆ بەیەکەوە کۆبکاتەوە، لە دۆخی دەستەوەسانبوونی لە کۆکردنەوەیان بەیەکەوە، ئەوا گرنگترین تایبەتمەندی سیاسی بەدەستهێناوە. لەو کاتەی کە ناتوانێ بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا دەبێ واز بێنێ لەوەی خۆشەویست بێ[1]، ئەگەرچی زۆرێك لە خەڵك – بە بیرمەندانیشەوە – حەزیان لەوەیە ئەو ئەخلاقەی میکافیلی دۆزیویەتەوە و بانگەشەی کردووە بۆ حوکم پێکردنی، بە شتی پەست و نزم دابنێن بەپێی چەمك و دیدگای ئاینی – ئەخلاقی، فەیلەسوفێکی مەزنی سیاسی لە سەدەی هەژدەمدا کە مۆنیسکیۆیە میکافیلی بە "پیاوێکی مەزن" داناوە (١٦٨٩ – ١٧٥٥)، ناوبراو وازی لە چەمکە کۆنەکان هێنا و بە چەمکی سیاسی گۆڕیەوە، خوێنەرەکانی ئاگادار کردەوە و وتی: خۆشویستنی نیشتمان، خۆشویستنی یەکسانیە، ئەخلاق و ڕەشت بەرزی نییە، پایە و چاکەیەکی نەسڕان و سیاسیش نییە[2]. وا دەردەکەوێ ئەم ئاگادار کردنەوەیە تەنها دیاریکردنێکی چەمکی بێ، بەڵام لە ڕاستیدا

---

(1) نيكولو ميكافيلي: الأمير – خطاب في فن تدبير الحكم، ترجمة عبدالقادر الجموسي، مطبعة الكرامة دار الأمان الرباط، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص ٤٤ – ٩٠.

(2) مونيسكيو: روح الشرائع، ترجمة عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٥٣، ص ٦.

شکاندنی نەریتی ڕۆچوون، دەرچوونە لەوەی باوە لە ئەخلاق و دیندا بەیەکەوە، بەمەش دەتوانین تێبگەین لە هۆکاری هێرشی کلێسا بۆ سەر کتێبی مۆنتیسکیۆ، ئەمەش لەسەر پێویست کرد کتێبێك بنوسێ بۆ ڕەتدانەوەی ڕەخنەکان و ناوی نا: "بەرگری کردن لە گیانی بەرنامە و یاساکان"، چونکە قەناعەتی وابوو ئەخلاقی سیاسی تەنها بە مانای خۆشویستنی یاساکان و دواتر خۆشویستنی نیشتمان دێت.

- ئەخلاقی سروشتی: یان ئەخلاقی مرۆڤی سروشت و پەستی و ڕەوشت نزمی مرۆڤی مرۆڤ. ئەمانە لەو هزرانەن کە فەیلەسوف جان جاك ڕۆسۆ (١٧١٢ – ١٧٧٨) پەسەندی کرد و بە توندی بەرگی لێکردن، کۆی بەرهەمەکانی یەك ئاڕاستەیان هەبوو، ئاماژەی ڕوونی دەدا بەرەو دەرخستن و بەرگری کردن لەو پێشنیازەی مرۆڤ وەك مرۆڤ ئەخلاقی بەدەستنەهێناوە، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە لە ژیانی سروشتیدا بووە، پەروەردەی هەنوکە یان باو لە بیروباوەڕی ڕۆسۆدا تەواو گەندەڵە، تەنها ئەوەمان لەسەرە بگەڕێینەوە بۆ سروشت و فیترەتی دروست و سەلامەت، هەموو شتێك لە دەستی بەدیهێنەردا چاك و باشە، هەموو شتێکیش لە دەستی مرۆڤدا تیاچوون و توانەوەی بەسەردا دێت، بەهۆی ئەمەوە خەڵك لە دۆخی سروشتیدا یەکسانن، لە کاتێکدا مرۆڤی شارستانی لەدایك دەبێت و دەژیەت و دەمرێت لە کۆت و بەندی کۆیلایەتیدا. هۆکاری ئەم کۆیلایەتییە و هەموو پەستیەکانی تر کە بەجێماون لە ڕێگەی پەرەوەردەوە، بریتییە لە موڵکایەتی و پیشەسازی. لەبەر ئەمە ئەو گەشتە یان گەڕانەوەیەی ڕۆسۆ دەیخاتەڕوو، لە ئەخلاقی عەقڵە بۆ ئەخلاقی سروشت و ڕەوشتەکانی. دەقێکی گرنگن دەبینین لەبارەی بنچینەی پلەبەندی نێوان خەڵك، تیایدا ڕۆسۆ قسە دەکات لەبارەی ئەخلاقی سروشتی جیاواز لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: "بەدڵنیایەوە میهرەبانی جۆش و خرۆشیەکی سروشتییە، لە دۆخی سروشتیدا لە جێگای یاسا و ئەخلاق و ڕەوشت بەرزیدا دەردەکەوێ، لە جیاتی بنەمای بەرز کە دادگەریەکی ژیرانە دەردەبڕێ: "ئەوە بەوەی نزیکی خۆت بکە، کە دەتەوێت پێتی بکات"، ئەم بنەمای دواییە کە لەسەر باشی

سروشتی دامەزراوە، بنەمایەکی کەمتر کاملە، بەڵام لەوانەیە سوودی کەمتر بێ، ئەویش ئەوەیە "ئەوە بکە کە چاکەی بۆ تۆ تێدایە و کەمترین زیانیش بە جگە لە خۆت دەگەیەنێ"[1]، ئا بەم شێوەیە ڕۆسۆ بووە پێغەمبەری ئایین و ئەخلاقی سروشتی و بەلایەنی زۆری ئەندازەگیری ئاینی مەدەنی، هەروەك لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێداوە.

ئێمە داندەنێین بەوەی ئەم نموونانەی باسکران، سەرەتا لە ئەرستۆوە تا تۆماس ئەکوینی و میکافیلی و مۆنتیسکیۆ و ڕۆسۆ، نابنە نموونەیەك لە بایەخی چەمکی ئەخلاق کەم بکەنەوە لای ئەفلاتۆن. بەپێچەوانەوە ئەمە دەوڵەمەندکردن و فراوان کردنیەتی، هەر چەندە سۆکرات فرە ئەخلاقی ڕەت دەکردەوە، وەك ئەوەی بیرکردنەوەی مینۆن لە فەلسەفەکانی دواتردا هاتبنەجێ و بەدرۆخستنەوەی هەموو فەیلەسوفەکانی تر لە توانای دەستگرتن بەسەر یەکگەرای سۆکراتی لە گۆڕەپانی ئەخلاقدا.

---

[1] جان جاك روسو: إميل، ترجمة نظمى لوقا، الشركة العربية للطباعة والنشر، القاهرة، ص ١٨ – ٣٤. و جان جاك روسو: محاولة في أصل اللغات، ترجمة محمد محجوب، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد – الدار التونسية للنشر، ص ٦٠. وجان جاك روسو: أصل التفاوت بين الناس، تردمة بولس غانم، موفم للنشر المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية، الجزائر، ١٩٩١، ص ٧٣. Jean Jacques ROUSSESU: Du Coontrat Social ou principes du droit politique, impriné en union européenne booking interntional, paris □□□□, pp 20 – 141.

**سەرچاوەکان:**

١- أكسندر كوارية: مدخل لقراءة أفلاطون، ترجمة هبدالمجيد أبو النجا، الدار المصرية للتأليف والترجمة، ص ١١.

٢- فريدريك نيتشه: مقدمة لقراءة محاورات أفلاطون، ترجمة محمد الجوة وأحمد الجوة، دار البيروني للنشر والتوزيع، صفاقص، الطبعة الأولى، ص ٤ - ٥.

٣- المرجع نفسه، ص ٧٥.

* لە کتێبی پێنجەمی کۆماریدا کاتێك ئەفلاتۆن دەدوێ لەبارەی پێگەی ئافرەت دەبینین دەڵێ: دەبێ هاوژینی جەنگاوەران بەڕەڵا بن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ منداڵەکان پەرت بڵاو بن و چەمکی خێزان نەمێنێ وەك ئەوەی ناسراوە، لەلای زانایانی ڕەچەڵەکناس بە ناوی خێزانی هاوسەری نوێ ، کە لە کۆمەڵگەی یۆنانی باو بوو. پاساوی ژێرمەندانە کە ئەفلاتۆن پێشکەشی کرد بۆ ئەم بەڕەڵاییە خێزانییە، ئەوەیە: "بۆ ئەوەی جیاوازیەکان سامان و پەیوەندییە خێزانیەکان نەمێنن" کە لە گشت سەردەم و کۆمەڵگەکاندا ڕێژەی هەرە مەزنی کێشەکان پێکدێنن. سەبارەت بە گفتوگۆی کۆتایی کە یاساکانن دەبینین لە دژی بیرۆکەی بەڕەڵایی هەڵدەگەڕێتەوە و ڕەتی دەکاتەوە. داندەنێ بە خاوەندارێتی تایبەتیدا بە دابەشکردن و هەموو ئەو شتانەی لێی بەرهەم دێن لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی. بۆ زانیاری زیاتر دەکرێ بگەڕێیەوە بۆ:

- أفلَاتون: الجمهورة، ترجمة شوقي داود تمزار، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، المجلد الأول، الكتاب الخامس، ص ٢٣٥.

- أفلاطون، القوانين، ترجمة محمد حسن ظاظا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦، الكتاب الخامس، ص ٢٦١.

- فريدريك إنجلز، أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، ترجمة أحمد عز العرب، دار الطباعة الحديثة، ص ٥٦ وما يليها.

٤- أفلاطون، مينون، ترجمة عزت قرني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١، ١٠٠ ب، ص ١٤٧ – ١٥٨.

٥- المرجع نفسه، ٨٠ ب، ص ١٠١.

٦- عزت قرني تقديم ترجمة محاورة مينون، مرجع سابق، ص ١٣.

٧- أفلاطون: أوطيفرون، ترجمة زكي نجيب محمود، مكتبة الأسرة، ٢٠٠١، ص ٢٣ – ٢٥ – ٧٣.

٨- أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٩٥ ب، ص ١٤٣.

٩- André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie p. u f Quadrige, 1 e edition 2002, p. 1202.

١٠- جميل صليبا: المعجم الفلسفي، الجزء الثاني، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٤، ص ١٨٤.

١١-أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٧٨ د، ص ٩٧.

١٢- – Aristote: la métaphysiue, traduit par jules Barthélemy saint hilaire, poket –brodard et taupen , 1991, livre A- chapitre 1, □□□ b, p. 41

١٣- Henri Bergson Les Deux sources da la Moral et de la Religion, Libraire Félix Alcan Paris, Onziéme edition, 1932, p. 58 – 60.

١٤-أفلاطون، مينون، مرجع سابق، ٧١ د، ص ٧٤ – ٧٥.

١٥-أفلاطون: عيبياس الكبرى، المجلد الرابع، ترجمة شوقي داود تمراز، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص ٢٠٨.

١٦- أفلاطون: مينون، ص ٧٦، هيبياس، ص ٢١٠.

١٧- La métaphysigue Op. cit, livre A, chapitre 6, 987b, p. 62

١٨- أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٠ ب، ص ١٠١.

(*) به دڵنیایەوە ئەمە ئەرستۆتاڵیسە دامەزرێنەری لوسیوم، مامۆستاکەی ئەو ئەفلاتۆن سەرزەنشتی کرد لەسەر ڕۆیشتنی لە ئەکادیما و وتی: "ئەڕستۆ لێیدام وەك ئەو منداڵەی لەو دایکەی دەدات کە لێی بووە" ئەڕستۆ تا ئاستێکی زۆر دەستکردی ئەفلاتۆنە، بۆ ماوەی نزیکەی بیست لەلای ئەو خوێندی، بە زۆر خوێنەر بانگی دەکرد، بەهۆی ئەوەی لە نێو هەمووان‌دا زیاتر گفتوگۆکانی دەخوێندەوە، هەروەها بە عەقڵیش بانگی دەکرد. بەڵام چارەنووسی قوتابی زیرەك ئەوەیە بە قوتابی نەمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ ببێتە خاوەن ڕا و بایەخ پێدانی خۆی، ئاڕاستەی تایبەتی خۆی دیاری بکات. ئەمە ئەو شتەیە ئەڕستۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوزارشتی لێکردووە لە دانراوە ئەخلاقیەکەیدا (ئەخلاقی نقوماخیەت)، کاتێك وتویەتی: لەوانەیە باشتر بێ لە ناوەڕۆکی خێر بکۆڵینەوە بەگشتی،لەوانەیە ئەمە لەسەرمان سەخت بێت، چونکە پۆلێك لە هاوەڵانمان تیۆری نموونەیان داهێنا، بەڵام وادەردەکەوێ باشترە بەڵکو پێویستە سۆزە تایبەتەکانمان بکەینە قوربانی، وەك گومان بردن بە دروستی ڕاستی بەتایبەت کە ئێمە فەیلەسوفین، وەك چۆن هەندێك لە توێژەران باوەڕیان وایە، کە کەلێنێك لە نێوان خۆیاندا دادەنێن، وەك جیاوازی نێوان نموونەیی و واقیعی. لێرەدا چەندین سەرنج هەن، فەیلەسوفەکانی وەك نیچە و هیدغر داویانە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە ئاڕاستەی هزری ئەڕستۆیی بە تەواوی لە ئاڕاستەی ئەفلاتۆنی لای نەداوە، بە ئەندازەی ئەوەی وەرچەرخانێکی ئەنجامداوە. بۆ زانیار زیاتر دەکرێ بۆ ئەم سەرچاوە بگەڕێیەتەوە:

١- Aristote éthique à Nicomaque, traduit J. Barthélemy saint – hilare librairie générale français, 1992, livre 1 chapitre 1111 para, p. 44.

٢- Karl Jaspers: Introduction à la philosophie, traduit par Jeanne hersch librairie plon, (S.L), 1980, p. 126

٣- أوغسطين باربرة البولسي: مقدمة كتاب "في السياسة" لأرسطو، اللجنة اللبنانية لروائع الترجمة، لبنان، الطبعة الثانية، ١٩٨٠، ص ٤٨.

١٩-أفلاطون: فيدون، مرجع سابق، ص ١٨٠ – ١٨٧.

٢٠–أفلاطون: الجمهورية، مرجع سابق، ص ٤٧٥.

٢١–المرجع نغسه، ص ٤٨٤.

٢٢– أفلاطون: مينون، ٨١ ج، ص ١٠٦.

٢٣– فيدون، ص ١٧٢ – ١٧٥.

٢٤– Aristote: la métaphysiue, Op. cit, livre b- chapitre 2, 996 b, p. □□

٢٥– أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٧ ج، ص ١٢٤ – ١٢٥.

٢٦– هنري بوانكاريه: العلم والفضيلة، ترجمة حمادي بن جاء الله، مركز دراسات الوحدة العربية – المنظمة العربية للترجمة، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢، ص ١١٦.

٢٧– محمود زيدان: مناهج البحث الفلسفي، د ط، ١٩٧٧، ص ٢٨. André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie Op. cit. p. □□□.

٢٨– أفلاطون: بارمنيدس، ترجمة حبيب الشاروني، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، الطبيعة الأولى، ٢٠٠٢، ١٦٠ أ– ١٦٠ ب، ص ٨٨ – ١٠٤.

٢٩– أفلاطون: مينون، مرجع سابق، ٨٩ه، ص ١٣١.

٣٠–أفلاطون: دفاع سقراط، ترجمة زكي نجيب محمود، مكتبة محمود، مكتبة الأسرة، ٢٠٠١، ص ٦٩ وما تلاها.

٣١– عبدالكريم عنيات: نيتشه والإغريق، منشورات الإختلاف – دار العربية للعلوم، الجزائر – لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠١٠، ص ١١٥. René Berthelot: Romanisme Utilitare, Etude sur le movement pragmatiste. Le pragmatism chez Nietzsche et chez Poincaré, libairie Félix alcon, paris, 1991, p. 89.

٣٢- أفلاطون: السوفسطائي، ترجمة شوقي داود تمراز، المجلد، الأهلية للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤، ص ٢٩٣. وللتوسع في موقف أفلاطون من الاتجاه السفسطائي يمكن العودة إلى الحوارات التالية:

- فايدروس: ترجمة أميرة حلمي مطر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٦٦.
- بروتاجوراس، ترجمة عزت قرني، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٦٨.
- ثياتينوس، ترجمة أميرة حلمي مطر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص ٤٠.
- جورجياس: ترجمة محمد حسن ظاظا، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧٠، ص ٥١.

٣٣- يمكن العودة للكتب الأرسطية التالية في مسألة السفسطائية:

- Rhétorique, traduction p. vanhemelryck, librairie générale
- Française, 1991, livre premier, XIV, p. 81.
- La métaphysique, Op. cit, livre 4, chapitre 51009a, p. 143
- السفوسطيقا، ترجمة يحيى بن عدي و عيسى بن زرعة، تحقيق عبدالرحمن بدوي، الجزء الثالث من منطق أرسطو، وكالة المطبوعات الكويت – دار القلم بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٠، ١٦٤ أ ٢٥، ص ٧٧٥.

٣٤- André LALANDE: vocabulaire technique et critique de la philosophie Op. cit. p 250.

٣٥- أفلاطون: الجمهورية، المجلد الأول، المرجع السابق، ص ١٩١. Aristote: éthique à Nicomaque, Op. cit, livre 2 chapitre VI, para 2, p. 89.

٣٦- توما الأكويني: الخلاصة اللاهوتية، ترجمة الخوري بولس عواد، المجلد الرابع، المطبعة الأدبية، بيروت، ١٨٩٨، قسم ٢، جزء ١، مبحث ٦٢، فصل ١، ص ٢١٨.

٣٧–نيكولو ميكافيلي: الأمير – خطاب في فن تدبير الحكم، ترجمة عبدالقادر الجموسي، مطبعة الكرامة دار الأمان الرباط، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص ٤٤ – ٩٠.

٣٨–مونيسكيو: روح الشرائع، ترجمة عادل زعيتر، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٥٣، ص ٦.

٣٩–جان جاك روسو: إميل، ترجمة نظمى لوقا، الشركة العربية للطباعة والنشر، القاهرة، ص ١٨ – ٣٤. و جان جاك روسو: محاولة في أصل اللغات، ترجمة محمد محجوب، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد – الدار التونسية للنشر، ص ٦٠. وجان جاك روسو: أصل التفاوت بين الناس، تردمة بولس غانم، موفم للنشر المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية، الجزائر، ١٩٩١، ص ٧٣.

Jean Jacques ROUSSESU: Du Coontrat Social ou principes du droit politique, impriné en union européenne booking interntional, paris 1995, pp 20 – 141.

# بیرکردنەوەی ئاڕاستەیی

## لە فەلسەفەی ئەخلاقی ڕواقیدا:

## لغوس – ئاڕاستە – گەردوونی

**نبیل محمد سغیر**

**زانکۆی تیوی وزو – جەزائیر**

**پێشەکی:**

لە میانەی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دەدەین پێکهێنەرە سەرەکییەکان بخەینە ژێر تێڕامانەوە، کە فەلسەفەی ئەخلاقی ڕواقی لە میانەیدا کار دەکات، دەمانەوێ ئەو ڕایەڵانە بزانین کە هەر یەکە لە لوغوس، بەوپێیەی دەسەڵاتی باڵایە لە کاروانی ئەخلاقی مرۆییدا، دەبەسترێتەوە بە هەڵچونەکانەوە، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ باتوس. بەهەمان شێوە هەوڵماندا‌وە سیستەمی ئاڕاستەیی بزانین و شارەزای بین، کە ئەم ئەخلاقانە بە شێوەیەکی گشتی بەپێی ئەو دەچنەڕێ، لوغوس بەشێوەیەکی تایبەتتر، هەروەك ویستومانە بچینە قوڵایی پرسی هاوڵاتیبوونی گەردوونی و ئەو بنەمایانەی بەتیۆر دانراون لەلایەن ڕوقیەکانەوە، بەوپێیەی ئەوان کەسانی بەرایین لەلایەنی کاتیەوە، لەوانەی کە ئەم ئاڕاستەیەیان ناسیوە.

لەبەر ئەمە، لەبەر چەند هۆکارێکی تر، لە نێویاندا کەمی دەقە ڕواقییە وەرگێڕدراوەکان بۆ عەرەبی، نەمانویستووە بچینە قوڵایی هزری ئەخلاقی یەکە یەکەی کەسایەتیەکانی ئەم قوتابخانەیە، بەڵکو تاوتوێی هزرە گشتیەکەمان کردووە کە لە دەقە عەرەبیەکاندا تاوتوێ دەکرێ،

هەوڵمانداوە بەپێی ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە بچینەڕێ کە پێشتر باسکراون، پرسیاری گشتیمان چەقی گرتووە لەبارەی: چۆن هەر لغوس کارلێك لەگەڵ ڕەهەندی گەردوونیدا دەکات، بۆ بەرهەمهێنان و دامەزراندنی ئەخلاقیاتی ڕواقی؟ ئەو پەیوەندییە چییە لە نێوانیاندا هەیە؟

## ١- پوختەیەکی مێژوویی

دەکرێ فەلسەفەی ڕواقی لەلایەن مێژووییەوە، بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە، دابەش بکرێن[1][2]:

أ- **ڕواقیە کۆنەکان:** لەگەڵ دامەزرێنەرەکەی "زینۆنی قوبرسی" (٣٣٦ پ. ز – ٢٦٤ پ. ن)، هەر دوو قوتابیەکەی "کلینتوس و کریسبوس". بیرمەندەکانی ئەم قۆناغە، پابەندبوون بە بنەما هزرییە کلاسیکییەکانی فەلسەفەی هیلینی تا ئاستێکی زۆر.

ب- **ڕواقیە میانڕەوەکان:** هەر یەکە لە "باناسیوس" (١٨٠ – ١١٠ پ. ن)، "بوسیدونیوس" (١٣٥ – ٥١ پ. ن) نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوانە هەڵسان بە گواستنەوەی کەلەپوری هزری ڕواقی بۆ ڕۆما، بەشداربوون لە سووك و کەمکردنەوەی توندی ڕواقییەکان لە بواری ئەخلاقیدا.

---

ئەم شێوە دابەشکردنە لە دوو کتێبی بنەڕەتی وەرگیراوە – سەربارى ئەتڵەسی فەلسەفە – ئەوانیش ئەمانەن:

١– إيميل برهييه، تاريخ الفلسفة، الفلسفة الهلنسية والرومانية، ط ٢، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة والنشر، بيروت، ١٩٨٨، ج ٢، (الفهرس).

٢– جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، مركز النشر الجامعي، د. م، ١٩٩٩، ص ٥، ٦.

(1) بڕوانە: بيتر كونزمان و فرانز بيتر بور كاد و فرانز فيدمان، أطلس الفلسفة، الطبعة الحادية عشر، ترجمة: جورج دكتورة، المكتبة الشرقية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣، ص ٥٥.

(2) بڕوانە: أطلس الفلسفة، ١٣.

ت- **ڕواقییە پاشینەکان:** هەر یەکە لە "سینیکا" (٤ پ. ز – ٦٥ن)، "ئیبکیت"ی ئازادکراو (٥٠ م – ١٨٠م)، قەیسەری ڕۆمانی "مارك ئوریلوس" (١٢١ز – ١٨٠ ن)، گرنگترین بابەتەکانیان بەم شێوەیە بوون: چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ژیاندا، ڕێکخستنی پرسە ئەخلاقیەکان. لەم قۆناغەدا ڕواقییەت بە جۆرێك لە فەلسەفەی جەماوەری دانرا، "گەڕان بەدوای ئەودیوی ئەخلاق و پرسیارکردن، لەبارەی ئەوەی خۆی حەشارداوە لە پاڵ شێوە زمانەوانیەکان، ئەودیوی وتە ئەخلاقییەکان"[1]، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە توێژینەوە لە ئەخلاقدا و پرسی خێر و ئەو کردار و هەڵسوکەوتانەی لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوا ڕەهەندی گەردوونی زۆر بە چاکی ڕەگ و ڕیشەی دەچەسپێنێ. سەبارەت بە بوارەکانی فەلسەفی ڕواقی و لق و پۆپەکانی بە درێژایی سێ قۆناغەکە، ئەوا جەختی کردۆتەوە لەسەر سێ بوارەکە و لە نێو خۆیاندا کارێك دەکەن بۆ ئەوەی خودی خۆی و ئەوانی تریش دابمەزرێ، ئەم بوارانەش ئەمانەن:

**لۆژیك:** چەند باسێك دەگرێتەوە لە تیۆری و زانین و مەعریفە و زانستدا، لۆژیکی ڕواقی، وەك ئەو دیوارەیە کە بیستان و باخچە دەپارێزێ.

**ئەخلاق:** گوزارشت لە بەرهەمی باخچەکە دەکات، دواتر جەخت دەکەینەوە لەسەر تێگەیشتن لە سروشتی ئەم بەرهەم و بەروبومانە، ئەخلاق لە خودی خۆیدا و لە پەیوەندیەکەیدا بە باخچەکە و ئەو دیوارەی دەوری داوە، واتە لۆژیکی ڕواقی.

سەبارەت بە بنەڕەتی چاوگی "ڕواقیەت" لەلایەنی زمانەوانیەوە، لە "ڕواق"ەوە هاتووە، هۆڵێکی کۆڵەگەدارە[2]، یان نێوانی دوو ملی دەرگا، گوزارشت دەکات لە ڕێڕەوێك کە سەقفی هەیە و بە دوو ڕیزی ستوونی تەریب و دەورە دراوە، بەدرێژاییەکی دیاریکراو، دەبێتە بۆشاییەك بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی زانیار و زانستەکان.

---

[1] بڕوانە: أطلس الفلسفة، ص ٥.

[2] ابن منظور، لسان العرب، مادة "روق".

## ٢- لغوس وەك جێگرەوەی دەسەڵاتی پاتۆس

دەكرێ بوترێ ڕێبازی ئەخلاق، لەلای فەلسەفەی ڕواقی لە بنەڕەتدا وەك كاردانەوەیەكی بەهێز هاتووە، بۆ ڕێبازی چێژ و سوود، كە فەلسەفەی ئەبیقۆریەت بە بنەمای كردووە، لە بنەڕەتدا پشتی بەستووە بە دەسەڵاتی پاتۆس، لە كاتی قۆرخكاری لە پرسە ئەخلاقییەكاندا.

لەبەر ئەمە و چەندین هۆكاری تر، فەلسەفەی ڕواقییەت دژی دەسەڵاتی پاتۆس ڕاپەڕی، كە وروژان و هەڵچوون و سۆز و جۆش و خرۆشە هەستییەكانی چەسپاندووە لەسەر حیسابی بەهای مەعنەوی باڵا، كە دەدرێتە پاڵ عەقڵی سەرقاڵ لە سیستەمی لۆغۆسدا، لە میانەیدا هەڵچون و هەوا و هەوەس جڵەوگیر دەكرێن، هەروەها زاڵكردنی چاكە بە سەر خراپە و پەستییەكاندا لە هەڵسوكەوتە ئەخلاقییەكاندا.

زینۆن هەوڵیداوە بگات بەم هەڵسوكەوت و ڕەفتارانە، كە لە میانەیدا دەست دەگات بە ئەنجامدانی كاری خراپ لە ڕووی ئەخلاقیەوە، ئەمەی لە زۆربەی جاراندا گێڕاویەتیەوە بۆ هەڵچونەكان، ئەو مرۆڤەی بە هەڵچونی دەمارگیری پاڵنراوە، بێ گومان لە نێو كەلتوری كۆمەڵەكەیدا نقوم دەبێ، لەگەڵ كەلتور و سیاسەتی كۆمەڵانی تر، بەڵام لە كۆتاییدا بەبێ گومان لایەنگیری كۆمەڵەكەی دەكات، ئەم جۆرە جیاوازییە دەمارگیرییە كە دەكرێ بكەوێتە ناوی، لەوانەیە لە میانەیدا هەموو بەها یان ڕەهەندی گەردوونی بۆ مرۆڤ ڕەت بكاتەوە.

بەڵام ئەگەر بارگاوی بوو بە كارلێكێكی خودی، "من" لەسەر حیسابی "ئەویتر" سەركێشی كرد، بە دڵنیایەوە دەبێتە دوژمنی بەرامبەر، بە چاوی ململانێكار لەسەر خود و سوودەكان سەیری دەكات، بە بەردەوامی حەز دەكات بەرامبەر ڕەت بكاتەوە و بەرژەوەندی و ئارەزوو و چێژی هەوا و هەوەستەكەی دەپارێزێ، بەمەش دەكەوێتە ژێر سایەی دەرروونی هەڵچودا، لەم دوو دۆخەدا

هەڵدەستێت بەبەگەڕخستنی "باتۆس" لە جیاتی بەکارهێنانی "ئەپاتۆس"[1]، ئەو سیفەتەی کە لە میانەیدا جڵەوگیری کاردانەوە نەرێنیەکان دەکرێ، بەپێچەوانەی "باتۆس" کە ئەڕستۆ زۆر قسەی لەسەر دەکات، لە وەسفکردنیدا بۆ وتاربێژی چاك، کە یاری بە هەست و کاردانەوەی گوێگران دەکات، جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی بەکارهێنانی بۆ کاریگەری خستنەسەر وەرگرانی وتار[2]. پێی وایە دانا ئەو کەسەیە دەتوانێ هەڵچونە جۆش و خرۆشییەکان جڵەوگیر بکات، بە پێچەوانەی وتاربێژەوە، کە بەپێی جۆش و خرۆش دەچێتەڕێ و دەیەوێ لە ناخی وەرگرەکاندا دایبگیرسێنێ، هەر بۆیە زینون پێی وایە گشت دانایەك وتاربێژە، هەموو وتاربێژێکیش دانا نییە.

قسەکردن لەبارەی ئەباتوس لە ڕاستیدا، بریتییە لە قسەکردن لەسەر لۆغۆس، بە ڕێگەیەکی دیاریکراو، ئایا ڕواقییەکان پشت بە چ لۆغۆسێك دەبەستن بۆ جڵەوگیرکردنی ئارەزووە مرۆییەکانیان؟. ئەگەر هەڵبستین بە توێژینەوەی لۆغۆس و هەوڵبدەین چۆنیەتی داگیرسانی ئاشکرا بکەین، دەبینین چەندین ئاستی فینومینولۆژی لەخۆدەگرێ، کە ئەمانەن[3]:

١- ئاستی خود (عەقڵ).

٢- ئاستی وتار (وتە).

٣- ئاستی بابەت (سەرچاوەی هەستی)

هەر یەکە لە "سەعدی بازعی" و "میجان رویلی" پەیوەندیەکی تۆکمە دەخەنەڕوو بۆ ئەم چەمکە، کە لەگەڵ هزری یۆنانیدا هەیەتی، ئەوە دەگەیەنێ کە مانای ئەم چەمکە پەیوەستە بە خودی ژیرمەندەوە، ئەمەش لەم وتەیەیاندا دەردەکەوێ: "لۆگۆس لە مانا باوەکەیدا لەلای تێکڕای

---

(1) رولات بارت، قراءة جديدة للبلاغة القديمة، ترجمة: عمر أوكان، افريقيا الشرق، المغرب، ١٩٩٤، ص ٦٨ – ٦٩.

(2) بڕوانە: أطلس الفلسفة، ص ٥.

(3) ميجان الرويلي وسعد البازعي، دليل الناقد الأدبي، إضاءة لأكثر من سبعين تيارا ومصطلحا نقديا معاصرا، ط ٣، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٢، ص ٢٢١ – ٢٢٢.

مرۆڤەکان، واتە ئەوەی پێشەکی ئینجیلی (حەنا) بڵاوی کردۆتەوە، ئەمە تەواو یەکدەگرێ لەگەڵ عیسای مەسیحدا سڵاوی لێبێ، لە خەسڵەتە ئەخلاقی و پاکسازیەکەیدا، گومان لەوەدا نییە ئەم مانایە بە کاریگەری چەمکی یۆنانی هاتووە، لە چەمکی ڕواقیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە"، ئەوانە لغوس و عەقڵ بەیەکەوە دەبەستنەوە کە بوون ڕێکدەخەن.

بایەخدانە زۆرەکەیان بە عەقڵ لە دەرەنجامی "بایەخدانی زۆریان بە بابەتە ئەخلاقییەکان هاتووە، ئەمە وای لەوان کردووە ئەخلاق بکەنە زانستێکی عەقڵی، لەمەدا وەك سۆکڕاتن، چاکەی ڕاستەقینە لە دیدی ئەواندا، لەوە کورت دەبووەوە کە مرۆڤ بژیەت بەپێی دەسەڵاتی عەقڵ، کە لە ژێر سایەی سروشتی مرۆڤی هۆشیاردایە"(1)، بەکارهێنانی عەقڵ و سروشت ئامانجی گەیشتنە بە ئەخلاقی باڵا و خێری مەزن، لەسەر دانا پێویستە بە عەقڵ هۆکاری شتەکان بزانێ، تا بگاتە ئاشنایەتیەکی تەواو بە گەردوون، فرجیل دەڵێت: "بەختەوەر، ئەو کەسەیە توانیویەتی هۆکاری شتەکان بزانێ"(2)، شتەکان بەپێی فرجیل دەچێتە نێو چوارچێوەی سروشتدا، بەڵام ئەرکی عەقڵ بریتییە لە دۆزینەوەی سیستەم و ئاڕاستە کار تێداکەرەکانی، تا تەواو لێی شارەزا دەبێ. زینون لە کتێبەکەیدا لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی دەڵێت: "باڵاترین ئامانج کە مرۆڤ حەز دەکات پێی بگات، بریتییە لە ژیان گوزەراندن بەپێی سروشت، مادەم سروشت سەردەکێشێ بۆ ئەخلاق، ئەوا ژیانی گونجاو لەگەڵ سروشت، گونجاوە لەگەڵ ئەخلاقیش"(3)، مەبەست لە ژین لێرەدا بەپێی سروشت، بریتییە لە توانای بەسەردا زاڵبوون، جڵەوگیری کردنی ئارەزووەکانی. شیشرۆن جەخت لەسەر هەمان بیرۆکە دەکاتەوە، دەڵێت: "خێری مەزن خۆی دەبینێتەوە لە ناسینی سروشتدا،

---

(1) مصطفى لبيب عبدالغني، ص ١٢.

(2) نقلا عن: مصطفى لبيب عبجدالغني، ص ١٢.

The ideas, A syntopicon of Great Book of the westernword.p.155.

(3) بڕوانە: أطلس الفلسفة، ص ٥.

هەڵبژاردنی ئەوەی گونجاوە لەگەڵی و خۆدوورگرتن لەوەی دژایەتی و ژیان گوزەراندن بە هەماهەنگی و هاوئاوازی"[1]، ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی سروشت، بە مانای بەکارهێنانی دێت بەپێی عەقڵ و حوکمەکانی، هەر بۆیە دەکرێ نموونەیەك بخرێتەڕوو لەبارەی کردارە نا سروشتییەکان، کە تێکدەگیرێن لەگەڵ دەسەڵاتی عەقڵ، وەك: دژایەتی کردنی خۆشەویستان و دۆستان، ڕق بوونەوە لە دایك و باوك، چاك ڕەفتار نەکردن لەگەڵی.

دوای ئەوەی تێگەیشتنی ڕواقیەکانمان بۆ لغوس دیاری کرد، دەتوانین بچینە سەر ئەوەی چۆن بەکاریان هێناوە، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی "پاتۆس" مەگەر لە ڕێگەی چاککردنی دەسەڵاتێکی ترەوە بێ، دەکرێ وەك ئامرازێکی کارا و ڕاکێشەری ئەخلاقی چاك و چەندین سوود. ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی عەقڵی هاوسەنگە، ناگەڕێتەوە بۆ پاشکۆی هزری و سۆزداری، لەوانەیە کاری ئەو پەك بخات لە شرۆڤەی پرسە مرۆییەکان و تاوتوێکردندیدا، جۆش و خرۆش و هەڵچونەکان بەهۆی عەقڵەوە جڵەوگیر دەکرێ، بەو پێیەی ئەو ئامرازەیە، دەتوانێ سۆز و جۆش و خرۆش بخاتە ژێر سایەی لۆژیك، چونکە لە میانەی عەقڵدا جۆش و خرۆشە مرۆییەکان ئاڕاستە دەکرێن.

بەکارهێنانی عەقڵ لەلایەن زینۆنەوە، وەك دەسەڵاتێك کە توانای کپکردنی گشت کرچ و کاڵییەکانی هەیە، کە پەیوەستە بە دەروونی مرۆییەوە، بەو پێیەی ئامرازێکی مرۆیی گشت خەڵك تێیدا بەشدارە. بەهەمان شێوە دەکرێ دەست بگات بە بنەما ئەخلاقییە گەردوونیە هاوبەشەکانی نێوان گشت خەڵك، ئەم بنەما عەقڵیانەی بەدەست دەخرێن یان بەهۆی هەمانگییەکی کۆمەڵی، یاخود لە میانەی بەگەڕخستنی بنەمای بنەڕەتی بۆ عەقڵ، کە تەنها بنەما بنەڕەتیەکانی هزر لەخۆ ناگرێ، کە بەشێوەیەکی دروست کۆکە لەگەڵ دروشمە جیهانیەکان.

---

(1) بڕوانە: أطلس الفلسفة، ص ٥.

سەبارەت بە حەقیقەت بەگشتی، حەقیقەتی ئەخلاقی لەلای ئەم ئاڕاستەیە بەتایبەتی، ئەمە لە میانەی پێوەرێك بەڵگەی هۆشمەندانە بەدەستدەخرێت، کە وا دەکات ئاشنایەتی پەیدابێ لەگەڵ دروستی بنەما ئاڕاستەکەرەکانی لۆژیك بە یارمەتی ئەو هێمایانەی لە بنەڕەتدا دامەزراون لەسەر ڕەزامەندی عەقڵی بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر دیاردەیەکی دیاریکراو[1]، بەپێچەوانەی ڕێبازی ئەبیقۆڕی کە گرنگیەکی زۆر دەدات بە هەست و هەڵچونەکان[2]، کە بەلایەنی زۆریەوە تێکدەگیرێ لەگەڵ عەقڵ. یەکێك لە فەیلەسوفە ڕواقیەکان لەبارەی ئەم هزرە دەڵێت: "ئەوەی داواکراوە بریتییە لە ژیان بە دانایی، واتە ژیان بەپێی بنەمای عەقڵی گونجاوی یەکگرتوو، چونکە دەروونی پەرت بوو خەفەتبار و بەدبەخت دەبێ"[3]. لەم وتەیەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر بایەخی کارگێڕی عەقڵی بۆ سروشتی مرۆیی، بەهەمان شێوە دوپاتکردنەوەی بوونی سیستەمی ئاڕاستەیی، کە جڵەوی کارگێڕی سروشت و ئەخلاقی مرۆییمانی کردووە.

چارەسەریان بۆ پرسی حوکم و بڕیارە پێشوەختەکان و پەیوەندیەکەی بە دەسەڵاتی "باتۆس" و "لۆغۆس" زۆر گرنگە، ڕاڤەیەکی قەناعەتکەری خستەڕوو بۆ ڕێگەی بڕیاردانی پێشوەختە، حوکمە پەیڕەوی و لۆژیکییەکان، یەکەمیانی بەستەوە بە هەڵچونە بەراییەکان، دووەمیشیان بەستۆتەوە بە کرداری هۆشمەندییە ژیریە ئاڵۆزەکان، کە پشت بە "لوغوس" نەوەك "باتوس" دەبەستێت. موستەفا لەبیب عەبدولغەنی دەڵێت: "لۆغۆس لەلای ڕواقییەکان ناوەڕۆکی بابەتی زانین و مەعریفەیە یان مەبەستی سەپێنراو بەسەر ماددەدا لە سەرەوە، بەڵام ئەمە هێزی پێکهاتنی شتەکانە بە دروستی، عەقڵ لە ماناکەیدا کە پشتی کردار دەگرێ یان لەپێشترە بڵێین

---

(1) سعاد خليل، الفلسفة الرواقية Il stocismo، من موقع http://alkbria.maktoobblog. com مارس ٢٠١٠.

(2) مصطفى عبده، فلسفة الأخلاق، ط ٢، مكتبة المدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٥٠.

(3) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة منتخبات، ص ١٢٦.

سیستەمی کارایە کە سەر بۆی شێوە و ڕێژە دەکێشی"[1]، کرداری پێکهێنانی شتەکان و سەرچاوە دەرەکییەکان، تەنها لە ڕێگەی عەقڵێکی هاوسەنگەوە دەبێ لە بڕیارەکانیدا بەرامبەر ئەو سەرچاوە دەرەکیانە، هیچ ڕێگەیەك بۆ تێڕوانین و ئەندێشەی خێر نییە لە شتەکاندا، تەنها بە دانانێکی عەقڵی نەبێ"[2]، ئەم دانان و دروستبوونە لە پێکهاتەکانیدا ڕەها و گشتگیر دەبێ، کەسی ڕواقی هەست بە پاکێتی ڕەها و ئازادی و پارێزگاری دەکات، بە ئەندازەی هەستکردنی بەوەی هیچ بوونێك بۆ هیچ شەڕ و خراپەیەك نییە، جگە لە هی ئەخلاقی نەبێ[3]، سەرچاوەی شەڕ لای ئەو دەکرێ لە کەم و کورتیەکی سادەوە دەربچێ لە سیستەمی عەقڵی مرۆییدا، دانا ئەو کەسەیە هیچ هەڵەیەك نەکات، واتە عەقڵی خۆی بەکاردێنێ لە هەر شتێکی بچوك و مەزنی ژیانی سروشتی مرۆڤدا، یان بەتەواوی کەسێکی چاك دەبێ یان چاك نابێ. هەر بۆیە ڕواقیەکان ئەم هەوڵە بەردەوام و سەختە بەپێویست دادەنێن، کە هەروەك ناوی دەنێی خەیاڵ ماندوو دەکات، کە دەیکاتە یاسایەك بۆ بوونی مرۆیی، دەبێ مرۆڤ هەردەم بە توندی دەستی پێوە بگرێ، ئەخلاق بەدەست نایەت و پارێزگاری لێ ناکرێت، تەنها بە کاری هۆشیارانەی بەردەوام نەبێ، پێویستی بە سەختترینی کارەکانە، لە کاتێکدا بە ئەخلاق دەگەین بەپێی سۆکرات، پێی وایە هاودەمی سینە فراوانی و بڕوای عەقڵە کە لەق ناکرێ"[4]، ئەم سەختییە لەلای ڕواقییەکان لە پارێزگاری کردن لە ئەخلاق خۆی دەبینێتەوە لە تەنگوچەڵەمە و سەختی لە سیستەمدا، لە بنەڕەتدا ڕوانگەی ڕواقیەکان بۆ خێر هەیە، دەکرێ لە

---

(1) مصطفى لبيب عبدالغني، في فلسفة الطبيعة عند الرواقيين، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الفجالة، القاهرة، مصر، ص ٣٨.

(2) إيميل برهيية، تاريخ الفلسفة، الفلسفة الهلنسية والرومانية، ط ٢، تر: جورج ترابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٨، ج ٢، ص ٧٧.

(3) جاكلين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ط ١، تر: عادل العوا، عويدات للنشر والطباعة، لبنان، ٢٠٠١، ص ٩١.

(4) أرسطو طاليس، علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ترجمة، أحمد لطفي السيد، ص ١٠٢.

میانەی ئاراستەی حەدەسییەکاندا دابەشی بکەین: "پێیان وایە چاکە ملکەچی یاسای گشتی و بنەمای رەهایە، نە کات و نە شوێن سنوورداری ناکات، پێوەری چەسپاو ناگۆرێت بە گۆرانی بارودۆخەکان"[1]، ئەمە ئەوەیە دەکرێ ناوبنرێ بە دەسەڵاتی لۆغۆس کە دامەزراوە لە سایەی دەسەڵاتی ئاراستەی گشتی. (تێبینی لە بابەتی دواتردا قسە لەسەر دەسەڵاتی ئاراستە دەکەین).

ئەم تێکگیرانە لە لایەنی مێژووییەوە، لە نێوان لۆغۆس و پاتۆس بۆ ئەو جیاوازییە دەروونیە دەگەرێتەوە، کە لە نێوان ئادەمیزاددا هەیە، هەوا و هەوەس و هەڵچوونەکان ژمارەیەك کێشەی ناوەتەوە، لە هەموویان بۆ چارەسەر سەختترن لەلایەن دەروون زانیەوە، چونکە ئەم هەوا و هەوەس وو ئارەزووانە بەکرداری پێچەوانەی عەقڵن، چونکە وامان لێدەکات ئارەزوومان بۆ خێر و بەرەنگاربوونەوەمان بۆ شەر بجولێ[2]، ئەو تاکەی عەقڵی خۆی بەگەر دەخات، جیاوازە لە تاکێکی تر، کە هەست و سۆزەکانی لە پرسێکی ئەخلاقی دیاریکراودا بەگەر دەخات.

بۆیە دەکرێ بوترێ، بەدڵنیایەوە کە چەقی ناوەندی لە فەلسەفەی رواقییە ئەخلاقییەکاندا "یەکخستنە لە نێوان ئەخلاق و بەختەوەری، دەبینین ئەخلاق ملکەچی هیچ جۆرە سۆز یان ویژدانێك نابێ، ژیانی ئەخلاقی لای ئەوان ژیانێکی عەقڵییە، تەنها گوێرایەڵی یاسای سروشتی گشتی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات"[3]، لەسەر مرۆڤ پێویستە، دوور بکەوێتەوە لە گشت وروژێنەرە هەستییەکان، لەوانەیە ئاگری هەڵچونەکان و زاڵبوونی بەسەر دەسەڵاتی عەقڵدا هەڵبگیرسێنێ، رێبای بەختەوەری لای رواقییەکان بەرزترە لە بەها، هیچ پەیوەندیەکی نییە بە چێژ و خێرە دڵخۆشکەرەکان، رێبازی ئەوان قسە دەکات لەبارەی دەسەڵاتی باڵاتر لە دەسەڵاتی لۆغۆس، بەو

---

1) مصطفى عبده، فلسفة الأخلاق، ط ٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٢٩.

2) بروانە: إيميل برهييه، تاريخ الفلسفة، الفلسفة الهلنسية والرومانية، ج ٢، ص ٨١.

3) مصطفى عبده، فلسفة الأخلاق، ص ٥٦.

پێیەی یاسا و گیانی جیهانە"[1]، بەختەوەری پەیوەست نییە بە چێژ یان کەڵکەوە، لەوانەیە لە سەختی و ماندوێتی مەعنەوی یان جەستەییدابێ.

"هزری لۆغۆس کە لە گەردووندا پیادە دەبێ، بەوپێیەی قەوارەیەکی لکاوە لە میانەی چەند بەشێکی کارلێکی خۆبزێودا، بیرۆکەی خۆبزێوی لە چەمکی پەیوەندیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی تیۆری ڕواقی ببێتە یەکێك لە گرنگترین بەشداریە مەزن و ڕەسەنەکان لە مێژووی ڕێبازە سروشتیەکاندا، کە بە دەستەبەریەکانی سنووری هزری سروشتی پوخت تێدەپەڕێنێ"[2]، کە پێش ئەو باو بوو.

### ٣- زاڵبوونی دەسەڵاتی ئاڕاستەی گشتگیر

هزری عەقڵی لۆغۆس، ئەوەی سەپاند دەسەڵاتی ئاڕاستەیی و گشتی سەنگی بۆ بگەڕێتەوە، کە ڕێکخەری گەردوونی مرۆیی بێ بە گشت بوونەوەر و شتەکانیەوە، دوای ئەوەی کۆبوونەوە لە چوارچێوەی شار و ئاسمانە بەرتەسکەکەی، کە زۆربەی کات سەردەکێشێ بۆ گشتاندنی بنەما و هێڵە بنەڕەتییەکانی چەمکەکان و ئەو چوارچێوەیەی لێیان وەرگیراوە، بەهۆی بڕوای چەسپاو بەوەی نەگونجاوە لەگەڵ پرسەکانی دەرەوەی شار، بەتایبەت لەم کاتەدا هەوڵەکانی زینۆن هاتن، کە مەبەستی بوو ئەخلاق و بنەمای گشتیەکان پێکبهێنێ و فراوان بکات، کە لە میانەیدا فەلسەفەی ئەخلاقی بەرز ببێتەوە لە چوارچێوەی شارگەراییدا بۆ جیهانگەرایی[3]، بەوەی ئەم جیهانە بەڕێوە

---

[1] المرجع السابق، ص ٥٦.

[2] مصطفى لبيب عبجالغني، في فلسفة الطبيعة عند الرواقيين، ص ٢٨.

[3] أرسطوطاليس، علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ترجمة، أحمد لطفي السيد، ص ١١٢ – ١١٣.

دەبرێ لەلایەن سیستەمێکی سروشتی یەکگرتوو، سروشت ناگۆڕێ و زۆربەی جاران لەو سیستەمە دەرناچێ کە بەڕێوەی دەبات[1].

هەروەها دوانەیی ئاڕاستەیی / نا ئاڕاستەیی، گەورەترین جیاوازی پێکدێنێ لە نێوان هەر دوو فەلسەفەی ڕواقیەت و ئەبیقۆریەت، هەر چەندە بەشدارن لە زۆرێك لەو هزر و بنەمایانەی پەیوەستن بە تیۆری زانینەوە، گەورەترین جیاوازی نێوانیان بیرۆکەی ئاڕاستەیی و ئامرازەکانی پێکهاتنی گەردوون و شتەکان دەردەخات، لە کاتێکدا ئەبیقۆریەکان ڕاڤەی دروستبوونی گەردوون دەکەن، بە تۆپەڵەبوونی گەردیلە بەربووەکان لە بۆشایی بێ کۆتایی و بەیەك گەیشتوو لە ڕووی ڕووکەشەوە، بەشێوەیەکی خۆکاری، لە دەرەنجامی لادانێکی سوك کە بەسەریدادێت[2]، ڕواقییەکان ڕاڤەی هەمان دیاردە دەکەن، بەوەی دەرەنجامی فووێکی خوایی سروشتێنراوە بە سیفەتێکی ڕێك و پێك و بەردەوامی لەسەر هەمان ڕێگە، ئەمە ئاگرێکە بەردەوامە لەسەر دروستکردنی جیهان، بەسیستەمێکی داناییەك، لە ناخی خۆیدا تۆوی پەیدابوونی گشت شتەکان لەخۆدەگرێ"[3]، بۆیە ئەبیقۆریەت پشت دەبەستێت بە چێژی گۆڕا و وەرچەرخاو بە بەردەوامی.

هەر بۆیە بیری ئاڕاستەیی دەردەکەوێ لە بواری بابەتە ئەخلاقییەکان، لە وەسفەکەیان بۆ ئەخلاق، بەوەی دەستەبەرکەری یەکترن، هەر کە کەسی دانا یەکێکی بەدەستهێنا، ئەوا ئەوەی تریش بەدەست دەخات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕیەی لە نێوياندا هەیە، بە ڕەچاوکردنی نێوەندگیرەکان (واتە خاسیەتە هاوبەشەکانی نێوانیان) کە بەیەکیان دەبەستێتەوە، ڕێگە دەدات

---

(1) ليونارد جاكسون، بؤس البنوية، الأدب والنطرية البنيوية، ط ٢، ترجمة، ثائر ديب، دار الفرقد، دمشق، ٢٠٠٨، ص ٤٩.

(2) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٣٢ – ٣٣.

(3) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٨٨.

به گواستنەوە لە هەندێکەوە بۆ هەندێکی تر[1]، لەبەر ئەمە ویستویانە لە گشت بنەماکانیدا بابەتە ئەخلاقی و سروشتییەکان یەك بخەن، چونکە ئاڕاستەی سروشتی وا دەبینێ شتەکان ڕوودەدەن بەشێوەیەك کە دەبێ ڕوو بدەن، لەبەر ئەستەم بوونی جوڵانی ئەوەی سروشتییە بەشێوەیەکی جیاواز لەگەڵ دۆخەکانی تری ڕێك و پێك، هەمان یاسا جێبەجێ دەبێ لەسەر بێ گیان و گیاندار و ژیاندارەکان"[2]، ئەگەر یاسا سروشتییە پێویستەکان نەگۆڕێن — هەر بۆیە لە بابەتە ئەخلاقییەکاندا پشتی پێدەبەستن — لەبەر ئەوەیە کە ڕواقییەکان شوێنەواری دانایی باڵای تێدا دەبینن، دیمەنێك دەبینن لە دیمەنەکانی عەقڵی گشتگیری کامڵ"[3].

سینیکا لەبارەی ئەم هزرە بە دیاریکراوی دەڵێت: "گشت لە گشتدا پەیدا دەبێ"[4]، ئەمە بنەمای گشتگیریە کە نزیکەی قۆتابخانەی بنیاتگەرا بە بنەمای کردووە (لە پێناسەی "جان بیاجیە" بۆ بنیات). مارك ئۆریل دەڵێت: "ڕووناکی خۆر یەکە، سەرباری دابەشبوونە کۆتا نەهاتووەکەی، تیشکدانی لەسەر دیوار و چیاو و هاوشێوەکانیان، مادده یەکە، سەرباری پەرتبوونی بۆ ژمارەیەکی بێ سنوور لە سروشت و جەستە سنووردارەکان"[5]،بیرۆکەی چاکە ملکەچی یاسای گشتی و بنەمای ڕەهایە، کە کات و شوێن سنوورداریان ناکات، پێوەری چەسپاو ناگۆڕێت بە گۆڕانی پێوەر و دۆخەکان"[6].

---

(1) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ١٥.

(2) مصطفى لبيب عبدالغني، ص ٣٦.

(3) مصطفى لبيب عبدالغني، ص ٣٧.

(4) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٨١.

(5) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٨٢.

(6) مصطفى عبده، فلسفة الأخلاق، ط ٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٢٩.

ئەم یاسا گشتیانە[*] و بنەما ڕەهایانە و پێوەرە چەسپاوانە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ بیرۆکەی سیستەمی، کە زینون هێناویەتی، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، هەر فراوانیەك دەبێ درێژبوونەوەیەکی دیاریکراوی هەبێ، تا ببێتە شتێك"[١]، هەر فراوانیەکی بێ کۆتا گوزارشت لە هیچ شتێکی دیاریکراو ناکات، ئەمانە وەڵامی گشت ئەوانەیان داوەتەوە کە داندەنێین بە بنەمای بزوتنەوەی کۆتایی نەهاتوو و زۆری بێ سنوور.

بیرۆکەی ئاڕاستەیی و ڕێکخستنی گشتی لە وتەی جێماوی نێو ڕواقییەکان: "هەر کەسێك ئەخلاق بباتەوە، ئەوا گشت ئەخلاقی بردۆتەوە"[٢]، گومانی زاڵ لای جەلالەددین ئەوەیە وێچواندنی یەکێتی دەروون بە یەکێتی ئەخلاق، لەوەوە دێت کە دەروون هەر بە یەك دەمێنێتەوە، سەبارەی فرەجۆربوونی ئەرکەکانی، هەر بۆیە ئامانجی ئەخلاق هەر بە یەك و تەنها دەمێنێتەوە، مەبەستەکەشی چەسپاو و نەگۆڕ دەبێ، سەربارى گۆڕانی بوارەکانی پیادەکردنی وەك: چاو کە بە دوای یەکدا سەیری سپی و ڕەش دەکات، بەڵکو وەك بینینە کە شتەکان هەرچەندە بگۆڕێن ئەوا ئەو وەك خۆی دەمێنێتەوە"[٣].

بیرۆکەی ئاڕاستە بە هەمان شێوە لە نیشانەیی (سیمیائی)دا هەیە، لەلای ڕواقییەکان، داندەنێن "بە بەیەکەوە بەسترانەوەی سێ شت: مانا و مانابەخش و بابەت، مانابەخش: بریتییە لە وتە، وەك وشەی: ئەدیون، مانا، ئەو شتەیە وشەکە گوزارشتی لێدەکات، واتە ئەوەی لێی

---

* یاسا لەلای ڕواقییەکان مانایەکی تایبەتی هەیە، پێیان وابووە هاودەمی بنیاتە لە خاسیەتە گشتییەکانیدا، ئەمەش ڕێکبوونە لەسەر یەك ڕێڕەو و هێڵی ڕاست، هەروەها بیرۆکەی چەسپان لەسەر چەند خاسیەتێکی دیارکراو نەوەك ئەوانی تر، هەر بۆیە هەڵچونە باتوسیەتەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا سەیر نەکرد، چونکە هەردەم دەگۆڕێ و ملکەچی یەك نموونەی چەسپاو نییە.

١) محمد الخطيب، الفكر الإغريقي، منشورات دار علاء الدين، دمشق، سوريا، ط ١، ١٩٩٩، ص ١١٣.

٢) شيشرون، هن الواجبات، ص ٣٥، نقلا عن جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، ص ٥٢.

٣) بڕوانە: جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٥٢.

تێدەگەین و بیری لێ دەکەینەوە، لە کاتێکدا مرۆڤی بیانی لێی تێناگات، هەر چەندە وشەکە دەبیتێت، لە کۆتاییدا بابەتی دەرەکی هەیە، مەبەست ئەدیونی خودی مرۆڤە"(١).

جەلالەددین سەعید جەخت دەکاتەوە لەسەر مانای ئاڕاستەیی لەلای ڕواقییەکان و پێویستی بەستنەوەی بە لۆغۆسی عەقڵی، دەڵێت: "هەردەم ڕواقییەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر سروشتی ئاڕاستەیی بۆ ڕێبازە فەلسەفییەکەیان، ئەوان یەکەم کەسن وشەی (نسق: systema)یان بەکارهێناوە، بە مانای ئاڕاستەی گشتی، بە مانای ئاڕاستە عەقڵیش، بەوپێیەی عەقڵ کۆمەڵێك چەمك و تێگەیشتنی بەیەکەوە بەستراوی ڕێك و پێکە"(٢)، سەرچاوەکەی بەپێی "ئیمیل برهییە" خواییە، خۆی لە عەقڵی گشت مرۆڤێکدا حەشارداوە.

برهییە: "ئەمە خواوەندێکی ئۆلۆمپی یان خواوەندێکی دیونسی نییە، بەڵکو خوایەکە لەگەڵ گرۆهی مرۆڤ و بوونەوەرەکان دەژیەت، هەموو شتێکی نێو گەردوون بۆ بەرژەوەندی ئەوان ڕێکدەخات، هێزی ئەو هاتۆتە ناو شتەکاندا، وەك ئەوەی ئەو ژیانی مرۆیی بەڕێوە ببات بە شێوەیەکی ڕێك و پێك"(٣).

---

(١) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٦٤.

(٢) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ١٤.

(٣) إيميل برهييه، تاريخ الفلسفات، الفلسفة الهلنسية والرومانية، ط ٢، جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٨، ص ٥١.

## ٤- له نەتەوەییەوە بەرەو گەردوونی لە ئەخلاقیاتی ڕواقیدا

ئەگەر ئەفلاتۆن بەپێی نموونە باڵاکەی بناغەی، بۆ یەکێتی جیهان دانابێ، ئەرستۆ لەسەر یەکێتی مادده دایمەزراندووە، فەیلەسوفە ڕواقییەکان دایانمەزراندووە لەسەر هێزێکی یەکخەری کرۆکی مرۆیی"[1]، ئەم هێزە ژیری و عەقڵی ڕێکخەرە، لە ژێر دەسەڵاتی لۆغۆس. فەیلەسوف "سنیکا" لە جەختکردنەوەی لەسەر بایەخی بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی جیهانی دەڵێت: "لە چ شوێنێکی چۆڵەمەدا لە گۆشەکانی سادەییدا خۆت بینیوە، ئەوا ئەم شوێنە هەر چەندە چۆڵەوانیدا و بەترس بێ، ئەوا شوێنێکی پیرۆزە، تۆ خۆت زۆر گرنگتری لەو شوێنەی بۆی دەچی، هەر بۆیە پێویستە مۆڵەت نەدەیت هیچ شوێنێك عەقڵەکەت دووربخاتەوە، ئەگەر هیچ بەشێکی ئەم گەردوونە دروست نەکەم، ئەوا ئەم گەردوونە هەمووی نیشتمانی منە"[2]، هەر بۆیە زینون هەوڵی دەدا پەرت بوون بۆ وڵات و گەل و نەتەوەکان تێبپەڕێنێ، کە لە نێویاندا یاسا و ماف و ڕێسای دەستکردنیان بڵاوبووەتەوە، بۆ ئەوەی هەموومان سەیری یەکتر بکەین لەسەر ئەو بنچینەیەی کە دەڵێت: ئێمە سەرمان بە هەمان نیشتمانەوەیە، یەك ژیان بەسەر دەبەین، لە یەك جیهاندا، وەك ئەوەی ڕانە مەڕێك بین لە ژێر چاودێری یەك شواندا لە لەوەڕگەیەکی هاوبەشدا بچەرین"[3].

ئەم بنەمایە، کاریگەری مەزنی هەبوو لە بانگەواز کردن بۆ هاوڵاتیبوونی گەردوونی، لە جیاتی هاوڵاتیبوونی نەتەوەیی، کە ئەو کات باو بوو. لەوانەیە گرنگترین ئەوەی ئەم بنەما گەردوونیەی چەسپاندبێ و بانگی ئەوانی تری کردبێ بۆی، ئیمپراتۆری ڕۆمانی "مارکۆس ئۆرۆلیۆس" بووبێ، ویستی ئەو تێڕوانینەی فێری بووە و لە مامۆستاکەی زینۆن وەری گرتبوو، کە تایبەتە بە

---

1) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٨١.

2) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ١٣٣.

3) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ١٣٣.

سەروەری دەسەڵاتی عەقڵ لە پەسەندکردنی ئەخلاقی چاك و جیاکردنەوەی لەو هەڵچونانەی سەردەکێشن بۆ ئەخلاق و تێڕوانینە خراپەکان[1]، ڕەهەندێکی جیهانی پێبدات، لە ڕێگەی بەستنەوەی بە یاسای ڕۆمانی، کە ئەو کات لە زۆر ناوچەی زەویدا باو بوو.

دەکرێ ئەم بانگەوازە بۆ گەردوون گەرایی، لەلای ڕواقییەکان بدرێتە پاڵ هەموو ئەوانەی بەم ناوە ناسراون، واتە ڕواقییەکان لە کەسانی نامۆ و غەریبەکان بوون، لەو شارانەوە هاتن، کە دەکەوتنە دەوروبەری شارستانیەتی یۆنانی، دامەزرێنەری ڕواقییەت "زینون" ڕووناکی لە کیتوم بینی، شارێکی قوبرسە، هەمان ئەو شارەیە کە قوتابیەکەی ئەو "برسیوس"ی هێنایە سەر دونیا[2]، کەسی ڕواقی بەم گەردوونگەراییە، وا دەکات خۆی بدرێتە پاڵ کۆمەڵەی گەردوونی، ئەگەر بە گریمانەش بێ، لە میانەیدا قەڵایەکی ناخی دادەمەزرێنێ، ئەمەش وایلێدەکات پارێزراو بێ لە گشت خراپە و زیانێك، کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ببێتەوە"[3].

ئەگەر بمانەوێ بزانین، ڕواقییەکان چۆن وریای پێویستی گەردوونی بوونەتەوە، لە جیاتی پێویستی ئەخلاقی کورت هەڵهاتوو لە مەدەنیەتدا، ئەوا لە بنەڕەتدا ڕەخنەیەکە ئاڕاستەی کەلبییەکان کراوە، کە جەختیان دەکردەوە لەسەر بنەمای یەکسانی، بەڵام لە چوارچێوەی مەدەنیەتی بەرتەسکدا، ویستی لەم تێڕوانینە بچێتە دەر بۆ تێڕوانینێکی فراوانتر و بەربڵاوتر، ئەویش تێڕوانینی جیهانی یان گەردوونیە.

لەبەر ئەمە،دەکرێ بوترێ ئەم قسەکردنە لەبارەی هاوڵاتیبوونی گەردوونی لە هزری هاوچەرخدا، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی ڕواقی، کە هەوڵیداوە ئەم بنەمایە بەرجەستە بکات لەسەر گشت تاکەکان، ئەوانەی دەدرێنە پاڵ ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی لە یۆنانیەکان و

---

(1) بڕوانە: المرجع نفسه، ص ١٣٨.

(2) إيميل برهيية، تاريخ الفلسفة، الفلسفة الهلنسية والرومانية، ج ٢، ص ٣٦.

(3) المرجع نسفه، ص ٩١.

دانیشتوانی ئەوڕووپای خۆرهەڵات و خۆرئاوایی، ئەوان دەیانەوێ سوودمەند بن لە گشت ئەو ماف و جیاوکانەی پێش ئیمپڕاتۆر "ئۆرلیۆس" کورت هەڵاتبوو تەنها لەسەر دانیشتوانی ڕۆمادا. ئەو ناوبانگەی یاسای کۆنی ڕۆمانی هەیەتی لەم کاتەی ئێستادا، بەتایبەت لە پێکهاتەی یاسای ئەمریکی (کۆنگرێس) و پەرلەمانەکانی یەکێتی ئەوڕووپادا، بناغەکەی ئەم ئاڕاستە مرۆیی جیهانییە، بەرەو ئازادی و ژیان بە سەلامەتی و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەگەرچی ئەم بنەما ڕواقیانە لەم کاتەی ئێستاماندا نەهاتوونەتەدی.

دەچینە سەر نموونەیەك لە نموونەی بابەتە ئەخلاقیە گەردوونیەکان لەلای ئەوان، ئەویش بەختەوەری سیاسییە، وەك چەمکێك کە زۆر قسەی لەسەر کراوە لە فەلسەفەی ئەخلاقیدا. ئێمە دەبینین هەروەك وتمان لە دوو ڕەگەزی پێشوودا کورت هەڵاتووە لە بەکارهێنانی عەقڵ لە پێناو کپکردنی هەڵچونە سۆزداریەکان، ملکەچکردنی جۆش و خرۆشە نا ئەخلاقییەکان بۆ لۆژیکی عەقڵی، کە ملکەچە بۆ دەسەڵاتی سروشت و یاساکانی، مرۆڤی بەختەوەر، کە ژیانی بەختەوەری دەوێ لەلایەنی سیاسی لەگەڵ خەڵکانی تر، پێویستە بە تەواوی ئاوێتە ببێ لەگەڵ سروشتی مرۆیی گەردوونی، نەوەك کۆمەڵەی دەمارگیر "لە کۆمەڵێك تاك پێکهاتووە، چەند یاسا و ڕێسا و بنەمایەکی دەستکردی تایبەت بەوان بەڕێوەیان دەبات. پێیان وایە ئەخلاقی جیهانی، کە ملکەچی یاسای سروشتە، تەنها ئەو – بەدەر لە سیاسەتە دەستکردەکان – شایەنی ڕێکخستنی جیهانە، ناویان لێناوە برایەتی مرۆڤایەتی"[1]. هەر چەندە مرۆڤ بتوانێ خۆی جیا بکاتەوە لەو جیهانەی دەوروبەری، پشت بە هیچ شتێك نەبەستێ جگە لە دەروونی ژیر نەبێ، لە میانەیدا درك بکات ئەو بەشێکە لە گەردوون، بەهۆیەوە ناچارە کار لەگەڵ هەمووداندا بکات، درکیش بەوە بکات بوونەوەرە ژیرەکان کەمێك لەو جیاوازن، کەمتر لەو مافیان نییە، لەگەڵ گشت تاکەکان ملکەچی هەمان یاسای عەقڵییە کە ئەو ملکەچیەتی، سروشت ویستویەتی هەموو ئەوانە لە یەك کۆمەڵگەدا بژین، یەك لە

---

(1) بڕوانە: سعاد خليل، الفلسفة الرواقية Il stocismo، من موقع http://alkbria.maktoobblog.com مارس ٢٠١٠ الساعة. ٣٩: ٠٨

پێناو یەك كار بكات. ئارەزووی كۆبوونەوەی گەردوونی لە مرۆڤدا دانراوە وەك سروشت، بۆ بەرپابوونی دەبێ دوو مەرج هەبن[1]:

١- **دادگەری:** بریتییە لە یەكسانی تاكەكان لە ڕووی ماف و ئەركەوە، هیچ تاكێك نییە خاوەن تایبەتمەندی جیاواز بێ لە تاكێكی تر.

٢- خۆشەویستی: ئەمە ئەو سۆزە چاكە و بەهادارە، كە بەپێی پەیوەندییەكانی لێكتێگەیشتن و ئاشتەوایی ڕۆحی و دادگەری نێوان كەس و تاكەكان دەمەزراوە، خۆشەویستی نێو تاكەكانی كۆمەڵەدا، واتە بیركردنەوە لە بەرژەوەندی ئەویتر، لە كاتی بیركردنەوە لە بەرژەوەندی "من"[2]. ئەو بەستەرەی جڵەوگیری پەیوەندیەكانی تاكەكان دەكات، ناكرێ لە نێو تاكەكانی یەك نیشتمان كورت بكرێتەوە، جیهان هەمووی یەك ئوممەتە، هیچ جیاوازیەكی دیار و نادیار نییە لە نێوان پیاوێك و پیاوێكی تر و ئافرەتێك و ئافرەتێكی تر، بەتایبەت لەم خاڵەدا، كاریگەربوونی زینۆن بە قوتابخانەی كەلبی دەردەكەوێ، كە لە تەمەنی گەنجیدا دەدرایە پاڵ، ئەو قوتابخانەیەی بەردەوام جەختی دەكردەوە لەسەر بیرۆكەی یەكسانی نێوان مرۆڤەكان. مارك ئۆریل دەڵێت: هەر بوونەوەرێك ڕەزامەندی دەروون بەدەست دەخات، كاتێك حەزی بۆ خێری كۆمەڵگە دەبێ نەوەك هیچی تر، هەوڵدانی بۆ ئەو شتانەی كە دەكرێ بەدەستی بخات نەوەك شتێكی تر... ڕازیبوونی بە

---

(1) بڕوانە: جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة و منتخبات، من ١٢٢، ص ١٣٠.

(2) بڕوانە: سعاد خليل، الفلسفة الرواقية Il stocismo، من موقع http://alkbria.maktoobblog.com مارس ٢٠١٠.

كمال بومنير، النظرية النقدية لمدرسة فرانكفورت، من "ماركس هوركها" يمر إلى "أكسل هونيت" ط ١، الدار العربية للناشرين، منشورات الإختلاف، بيروت، الجزائر، الرباط، ٢٠١٠، ص ١٣١.

بەشی خۆی لە سروشتی گشتی نەوەك شتێکی تر"[1]، لەوانەیە ئەم ڕستەیەی خوارەوە هزرێك دەربخات کە لێمان ونبوە، ئەویش قەناعەت بوونە بەو بەشەی مرۆڤ هەیەتی.

لە میانەی بیرۆکەی ئەخلاقی گەردوونی، کە زۆر ڕەواجی پێدرا لەلایەن قوتابیانی زینونەوە، "ئۆرلیۆس" جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی ئەم هزرانە بە ڕێگەی جیاواز، بە وێچواندنێکی تر، کەمێك لەوەی پێش خۆی جیاوازە، دەڵێت: "ئایا چاو داوای قەرەبوو دەکات لەبەرامبەر هەڵسانی بە ئەرکی بینینی شتەکان؟ یان ئایا پێی داوای شتێکی بەسوود دەکات لەبەرامبەر ڕۆیشتنەکەی؟ ئەمە لە هیچ یەکێکیاندا ڕوونادات، چونکە بۆ ئەم دوو ئامانجە دروستکراون، بوونیان بۆ ئەوەیە ئەمە بکەن،مرۆڤیش بەهەمان شێوە، کاتێك چاك ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا دەکات و کار بۆ بەرژەوەندی گشتیدا دەکات، ئەوا بوون و خودی خۆی دەسەلمێنێ"[2]. ئەم ڕوانینە تا ئاستێك هاوشێوەی ئاڕاستەی فەلسەفی مارکسییە، کە بوونی تاك کورت دەکاتەوە لەسەر پەیوەستبوونی بە کۆمەڵەوە. کۆمەڵگە لەلای ڕواقییەکان گوزارشت دەکات لە سیستەمێکی لای تاکە لەیەك دابڕاوەکان، ئەمە قەوار و بۆشاییەك نییە، ویستی تاکێك لە تاکەکان دروستی کردبێت، بەڵکو هەموان بەشدارن لە دروستکردنیدا، بەپێی پێکهاتەیەکی ئەخلاقی دیاریکراو دەچێتەڕێ. بۆیە دەبینین فەلسەفەی ڕواقی لەگەڵ کاریگەریەکەی لە زۆرێك لە فەلسەفە هاوچەرخەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازە لە پرسی لەپێشتر بوونی تاك و کۆمەڵگە.

---

(١) جلال الدين سعيد: فلسفة الرواق، دراسة ومنتخبات، ص ٨٣.

(٢) Aurélies Mercus, Meditation, 42.

**سەرنجێکی ڕەخنەیی:**

سەرباری ئەوەی ئەم توێژینەوەیە خستیەڕوو، لە بواری بابەتە ئەخلاقییەکان لە چەمك و بنەما زۆر گرنگەکان، بەڵام سەلامەت نەبووە لە ڕەخنە بە درێژایی سەردەمە هزرییەکان، کە فەلسەفە پێیدا تێپەڕیوە، لەوانەیە گرنگترین شت کە بۆمان دەربکەوێ لە ڕەخنەکانی ئەم قوتابخانەیە، لەلایەنی هزرە ئەخلاقییەکەی دەکرێ کورتی بکەینەوە لە[1]:

١- ئەم تێکئاڵانە مەزنە لە دەقەکانیدا لە نێوان چەمکی خوایەتی (لغوس) و بەندایەتیدا، تا ئاستی تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتری لە چەندین ناوەڕۆك و تێڕوانیندا.

٢- بیرۆکەکەیان سەبارەت بەوەی گەردوون بە گشتی، پەیدابووی فوێکی خواییە، بەپێی تێڕوانینی ئەوان، هەر تاکێك هەڵگری خەسڵەتانێکی خوایی ڕەهایە. لەلایەکی تردا قسە دەکەن لەبارەی گرنگی ئەو پەرستشانەی لەسەر مرۆڤ دانراون، تا بەهاکانی تاکی دانای خاوەن ئەخلاقی ڕەها و گشتی بچەسپێن. ئەگەر خوای پایەبەرز و خاوەن شکۆ نزیك ببێتەوە، بەڵکو لە مرۆڤدا بەرجەستە ببێ، وەك بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا چۆن بەدەق ئاماژە بە پەرستشەکان دەکەن، جەخت لەسەر ئەرکەکەی دەکەنەوە، لە بەرپاکردنی ئەخلاق و چاکەدا، ئایا مرۆڤ خۆی دەیپەرستێ؟

٣- ئەم حەزە یاساییە ئاڕاستەییە، کە پێی وایە ئەخلاق و چاکەکان چەسپاون، دەست بە ئامانج و ئامرازەکانی بەدەستهێنەرەکانی ناگرێت، هەروەك پشت بە لۆژیکی میانڕەیش نابەستێت. بەپێ دیدگای ئەو جیهان ڕێك و پێکە لە چەند ئاڕاستەیەکدا، سەردەکێشێ بۆ دوو ڕێگە و سێیەمی بۆ نییە، ئەوانیش ئەمانەن: ڕێگەی چاکە، ڕێگەی خراپە. سەرباری ئەوەی پشت دەبەستن بە دەسەڵاتی سیستەم، کەچی نەیتوانیوە ئاشنامان بکات بەو

---

[1] مصطفى لبيب عبدالغني، ص ٤٠ – ٤٥.

ئامراز و ڕێوشوێنانەی ئاشنامان دەکەن، بە جیاوازی وردی نێوان ئەوەی خراپە و ئەوەش کە چاکە. چونکە لە بنەڕەتدا بنەماکانی کاری عەقڵی بە وردی پێشکەش نەکردووە، سەرباری دەمارگیری بۆ دەسەڵاتی ئاڕاستەیی و سیستەم و بێ بەشکردنی خود بە تەواوی. هنری برجسون لەبارەی گرنگی خودەوە دەڵێت: "سیستەم لەم جیهانەدا، سیستەمێکی نزیککردنەوەیە، خەڵك بەشێوەیەکی دەستکرد شتەکان دەستدەخەن، لە کاتێکدا ئەو لەم جیهانەدا ئاگادارکەرەوەیەکی تەواوە"[1]، لە هەمان ئاڕاستەدا ئەحمەد لوتفی سەید ڕەخنەیەکی توند لە ڕواقییەکان دەگرێ، دەڵێت: "کارەساتی ڕواقیەت لەوەدایە، هەرگیز مرۆڤی دانەناوەتە شوێنە ڕاستەقینەکەی... بەڵام مرۆڤی ڕواقی لە ڕاستیدا گەورەترە لەو خواوەندەی ڕووی تێدەکات و هەندێك جار لێی دەپاڕێتەوە بە زمانی کلینتی جوان"[2].

٤- کورت هەڵهاتن لە پرسی ئارەزوو و هەوا و هەوەسەکان، تا ئاستی بێ بەشکردن و ڕەتکردنەوەی، ئەمە بە تەواوی ناگونجێ لەگەڵ سروشتی گشتی مرۆڤ، مرۆڤ عەقڵ و ئارەزووە. هەر بۆیە ئەوانەی نەوەی دووەم لەم قوتابخانەیە هەڵسان بە هەموار کردنی هەندێك لەو یاسایانەی پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات، بەلای پرسی ڕێژەییدا ڕۆیشتن، دوای ئەوەی بە تەواوی ڕەتیان کردبووەوە. بینیان ناکرێ دانا هەموو ئارەزووە بەرهەستیەکانی کپ بکات، ئەمە ئەستەمە، ڕێگەیاندا لێی کەم بکرێتەوە و دەسەڵاتی عەقڵی بەسەردا زاڵبکرێ. هەروەك لە قۆناغێکی پێشکەوتوودا، بەهۆی ئەو ڕەخنانەی، کە دووچاری دوانەیی (چاکە و خراپە) بوونەتەوە، سێ سیفەتیان زیاد کرد: ئەوەی پێویستە، ئەوەی باشە، ئەوەش کە فەرامۆش دەکرێ گرنگ نییە. بە هەمان شێوە هەڵساون بە

---

1) المرجع نفسه، ص ١٨.

2) أسطوطاليس، علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ترجمة، أحمد لطفي السيد، دار الكتاب المصرية بالقاهرة، ١٩٦٤، ص ١٠١.

هەمواركردنی سیفەتەكانی مرۆڤ، تەنها لە هەر دوو جۆری دانا و گێلدا كورتیان نەكردۆتەوە، بینیان پاڵەوانانی جیهان و پیاوانی مێژوو و سیاسەت هەمان ئەو شتانەیان بەسەردا دەچەسپیٚ، كە لەبارەی گێل و گەوجەكانەوە وتویانە، چونكە هەرگیز دانا نین، زۆر جار ڕوودەچن لە خراپەكاندا، تەنانەت ڕواقیەكانیش بیٚ ئەو كەسانە نین، كە هەندێك جار هەڵە دەكەن[1].

٥- وەسفكردنیان بۆ خێر و بێرە ماددییەكانی سەر زەوی بە ساختە، بەتەواوی تێكدەگیریٚ لەگەڵ سروشتی عەقڵی مرۆیی، كە دەژیەت لەگەڵ كۆمەڵێك هۆكار، تا لەگەڵیدا سیستەمێك پێكبهێنیٚ، سروشتییە لەگەڵی ڕابێت و لەگەڵ دەسەڵاتی (لغوس)دا بگونجیٚ.

٦- بیرۆكەی كۆمەڵایەتی تێكدەگیریٚ لەگەڵ بیرۆكەی دابڕین و خۆبەبەرزگرتن لە ماددیە لەناوچووەكان، تاك بەهۆی پێویستی كۆمەڵایەتی ڕەچاوكردنێك بەرپا دەكات، ئەگەر بچوكیش بیٚ بۆ شتە هەستییەكان لە هەڵسوكەوتە كۆمەڵایەتیەكانی، جیاوازی هەیە لە نێوان بوونەوەری زیندوو، كە ملكەچی یاسا پێویستەكانە، لەگەڵ كۆمەڵەی پێكهاتوو لە ویستی ئازاد"[2].

٧- ڕەهەندی گەردوونی لە فەلسەفەی ئەخلاقیدا، لەوانەیە درەوشانەوەی ڕەهەندێكی براگماتی بیٚ، لەلایەنی سیاسەتدا، سەبارەت بە حەزەكانی قۆستنەوەی تایبەت كە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی لەو سەردەمدا، كاری دەكرد لەسەر فراوانكردنی جوگرافیای، بۆ گەڕان بەدوای سامان و كۆیلەدا.

---

(1) جلال الدين سعيد، فلسفة الرواق، ص ٥١.

(2) هنري برجسون، منبعا الأخلاق والدين، ترجمة، سامي الدروبي و عبدالله عبدالدائم، الهيئة المصرية للتأليف والنشر، القاهرة، ص ١٣.

**پوختە:**

سەرباری گشت ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بابەتە ئەخلاقییەکانی ڕواقییەت کراون، لە چەقبەستوویی و کورت بوونەوە لە دەوری عەقڵی مرۆیی و کوشتنی گشت ئارەزووە مرۆییەکان، لەگەڵ ئەو تێکەڵکاریەی زۆربەی جاران دەیانکرد لە نێوان خودی مرۆیی و خوا، ئەوا فەلسەفەکەیان هەر بە یەکێك لە گرنگترین فەلسەفە مرۆییە پێشەنگەکان دەمێنێتەوە، بەشداربووە لە پێشخستنی فەلسەفەی هاوچەرخ لە گشت لایەنەکان و بەتایبەت لە ئەخلاقیاتدا، لەوانەیە بیرۆکەی گەردوونی باشترین بەڵگە بێ لەسەر کاریگەربوون بەم فەلسەفەیە، شتێکی ڕاست ناکەین ئەگەر وا دابنێین فەلسەفەی ڕواقی کاریگەری لەسەر گشت فەلسەفەکانی تردا هەیە، سەرباری کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و کاریگەرییە مێژووییەکەی، بەوپێیەی نێوەندگیریە بۆ گواستنەوەی پێگەیشتووترین هزرەکانی فەلسەفەی یۆنانیدا"[1].

لەوانەیە وادەربکەوێ سەرسوڕهێنەر بێ، ئاماژە بکرێ بە لۆژیکی ئەخلاقی ڕواقی و کاریگەریەکانی لەسەر فەلسەفە هاوچەرخەکان لە سایەی زاڵبوونی تەواوی لۆژیکی ئەرستۆیی، لە گشت فەلسەفە نوێ و هاوچەرخەکان، هۆکاری ئەم سەرسوڕمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لۆژیکی ڕواقی لە ئەخلاقدا بایەخێکی ئەو تۆی پێنەدراوە، کە لۆژیکی ئەرستۆ پێیدراوە، نەك تەنها لە بواری فەلسەفەدا، بەڵکو لە لۆژیکی ڕواقیشیدا، بە بڕوای من کێشەکە لێرەدا تەنها دەقی نییە، بەڵکو بە پلەیەکی مەزنتر کێشەیەکی مێژووییە، زۆربەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکان و بیرمەندان وا پێیان باشتربووە بگەڕێنەوە بۆ دەقەکانی ئەرستۆ بەهۆی ڕوونی و بەردەستبوونیان. ئەگەر توێژینەوەی دەقەکانی هزری ڕواقی کرابووبا، ئەوا لە لۆژیکی ئەرستۆیی زیاتر باو دەبوو.

---

[1] مصطفى لبيب عبدالغني، في فلسفة الطبيعة عند الرواقيين، ص ١٩.

کاریگەری ڕواقییەکان کورت هەڵنەهاتبوو تەنها لەسەر لایەنی فەلسەفی، بەڵکو ئەمەی لە بیرۆکەی سیستەم و ئاڕاستەییدا تێپەڕاندووە بۆ لایەنی زانستی، ئەمە زۆر ڕوونە لەلای هەر یەکە لە "دێڤید هیۆم" و "جون استوارت میل" بەتایبەت لە تێڕوانینە ئەزموونیەکەیان بۆ ڕووداوەکان، لە گەردووندا[١].

---

[١] المرجع نفسه، ص ١٢٣.

# هزری فەلسەفی ئەخلاقی

# لەلای قوتابخانە پاشینەکانی یۆنانی

**جەمیل خەلیل نیعمە ئەلمعلە**

**عێراق**

دوای قۆناغی داهێنانی فەلسەفەی یۆنانی، قۆناغێك دەستی پێکرد بە قۆناغی هلنسیەت دەناسرا، لەم سەردەمەی دواییدا، وایلێهات کەلتوری یۆنانی بووە بەشێکی گرنگ لەو هزرەی، کە لە ئاستێکی فراوان بڵاوبووەتەوە، هەموو گەلانی ناوەندی تێیدا بەشدار بوون، لەم قۆناغەدا شارستانیەتی یۆنانی ئاوێتەبوو لەگەڵ هزری خۆرهەڵاتی ڕۆحانی، لە سایەی ئەم واقیعە نوێیە ئەم وتەیە هاتە کایە، کە مرۆڤ هاوڵاتییەکی جیهانییە، لە جێگای وشەی ڕابردوو بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەم مرۆڤە (بوونەوەرە جیهانییە) لە ڕووی بنچینەییەوە مافی ئەوەی هەیە بگەڕێ و بسوڕێ بە هەر شوێنێکدا و پەیوەندی لەگەڵ هەر تاك و کۆمەڵێکدا گرێ بدات: پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان چیتر دیاری نەدەکران بەهۆی مەرجە تایبەتەکانی هەر کۆمەڵە یان دەوڵەتێك، بەڵکو وایلێهات بیرۆکەی یاساکانی سروشت زاڵبووە بەسەر چەمکە نوێیەکان، واتە مرۆڤ چیتر دیلی یاسا دەستکردەکان نییە کە مەرجی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان دیاری دەکەن، بەڵکو وایلێهاتووە یاسا سروشتییەکان بریتییە لە چوارچێوەی دیاریکراوی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، ئەمەش بەلایەنی کەمەوە لەلایەنی تیۆریەوە، ئەم بارودۆخە و بیرۆکانە بوونە هۆی ڕەتکردنەوەی جیاوازی لە نێوان گەلان، یۆنانی ناچار کرد لەسەر ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی جیاوازی

نێوانیان و نێوان گەڵانی تر. یاسای سروشتی جیاوازی نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی تر بە دروست دانانێ، چونکە هەموویان یەکسانن لە مرۆڤایەتیاندا، چونکە سەریان بە یەك سروشتی مرۆییە، دواتر یاسای سروشتی جیاوازی نێوان مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، بنەمای جیاوازی ڕەت دەکاتەوە لە نێوان کەسانی ئازاد و بەندە یان بیانی و بەربەریەکان، هەموویان برای یەکسانن لە سروشتی مرۆییاندا.

فەلسەفەی یۆنانی پاشین بایەخێکی زۆر تایبەتی داوە بە ئەخلاق و ئایین. لە لێکۆڵینەوە لە ڕاستی گەردوونی ڕۆیشتە سەر لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەت لە پێناو حەقیەت و وەك ئامرازێك بۆ بەرجەستەکردنی مەبەستی ئەخلاقی کرداری. لەوانەیە ئەم وەرچەرخانە فەلسەفییە گوزارشت بێ لە بارودۆخی مرۆڤ، کە خۆی بەناچار دەبینێ بگەڕێ بە دوای ئامرازێك تا بکاتە پاڵپشت بۆ لە خۆدوورگرتن لە خراپیەکانی ژیان و تەنگوچەڵەمەکانی لە قۆناغێکی مێژوویدا، پشێوی دەوری داوە و دوودڵی و شڵەژان باڵیکێشاوە. ئەم مرۆڤە ڕزگاربوونی خۆی لە فەلسەفەدا بەدی دەکات.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و ڕێخۆشکردنی گشتی لەبارەی هزری فەلسەفی ئەخلاقی دوای ئەڕستۆ و سێ دەروازە، دروازەی یەکەم لەبارەی هزری ئەخلاقییە لەلای قوتابخانە سۆکڕاتیەکان، دەروازەی دووەم تایبەت کراوە بۆ توێژینەوەی هزری ئەخلاقی لە نێوان ڕواقیەت و ئەبیقۆریەت، دەروازەی سێیەم باسی سەرچاوەکانی هزری ئەخلاقی لەلای ئەفلۆتین دەکات.

### یەکەم – جوگرافیای فەلسەفی بۆ ئەخلاقی دوای ئەڕستۆ

شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو ئەو فەیلەسوفانەی دوای ئەڕستۆ هاتوون شتێکی تازە بدۆزنەوە، نە لە فەلسەفەی یۆنان زانستیدا، نە لە فەلسەفەی بوون و تیۆری زانین و مەعریفە، ئەوەندەیان لەسەر بوو گرنگی بدەن بە توێژینەوەی پرسێك، لە واقیعدا بایەخێکی مەزنی نەبوو سەبارەت بە

قۆناغی شارستانیەتی یۆنانی یەکەم، مەبەستمان لێی پرسی ئەخلاقە، لێرەدا وا لە ئەخلاق ئەخوێنرێتەوە ئەخلاقی تاکە کەسی بێ، واتە ئەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بەختەوەری بۆ تاك یان کۆمەڵگە، بەو پێیەی کۆمەڵە تاکێکە، هاووێنەی ئەم ئەخلاقە یان ئەم فەلسەفە ئەخلاقییە کە بایەخ بە تاکگەرایی دەدات، هیوای ڕزگاربوونە، ناکرێ بەشێوەیکی ڕوون لە ڕۆڵی شارستانیەتدا بێتە دی، چونکە مرۆڤ لەم ڕۆڵەدا ناتوانێ جیاوازیەکی گەورە بکات لە نێوان ژیانی کرداری دەرەکی و هزری و ژیانی خودی.

ئەم ڕاڤەیە، بنچینەیە لە هەر توێژینەوەیەکی ئەخلاقی تاکە کەسی، چونکە هەستکردن بە کەسایەتی – مەبەستمان لە کەسایەتی لێرەدا خودی تاکە، کە ڕوون نابێ تەنها لە ڕۆڵی مەدەنیەتدا نەبێ، ئەو توێژینەوانەی لەبارەی کەسایەتیەوە ئەنجام دەدرێن، تەنها لە ڕۆڵی دواییدا دێنەدی.

ژیانی سیاسی یۆنانی، مۆڵەتی بەمەش دەدا، لە دوای ڕووداوی کیرونیا لە ساڵی ٣٣٨ پ.ز یۆنانیەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدا، ئازادی تاکەکەسیان لەکیسچوو، بەمەش ئەو کۆسپانە بەرز بوونەوە کە جیاوازیەکی وردی دەکرد لە نێوان یۆنانیەکان و بیانیەکان، دواتر ئەسکەندەر سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنا، بەمەش دەرگاکانی بۆ کەلتوری یۆنانی بەڕووی خۆرهەڵاتدا کردەوە، دەرگاکانی کەلتوری خۆرهەڵاتی بۆ یۆنانیەکان کردەوە، لەم تێکەڵاوبوونەی نێوان ئەم دوو کەڵتورەدا ئاوێتەیەکی تازە دروست بوو[1]، بە ناوی (هلنستیەت) ناودەبرێ، بەم تێکەڵبوونە لە نێوان کەلتوری یۆنانی و کەلتوری خۆرهەڵات، جۆرێك هاتە کایە کە بە "ئەشبنجر: گومانکردنی درۆ" ناسراوە، لێرەدا شارستانیەکان یان دوو شارستانیەت یاخود یەك شارستانیەت بەرەو ڕووی یەك بووەتەوە، گەیشتووتە لوتکە لەگەڵ شارستانیەتێك یان کەلتورێکی تردا، کە زۆر لە مێژە تواوەتەوە و تەنها ژیانێکی کەمی تێدا ماوە، ئەو کاتە لە سەرەتاوە کەلتورەکە توانی خۆی

---

(1) بدوي عبدالرحمن، خريف الفكر اليوناني، ط ٣، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٩م، ص ٣ – ٤.

بسەپێنێ، لە دوای ئەوەی کەلتوری خۆرهەڵات هەبوو، ئەوا کەلتوری یۆنانی بەسەریا سەرکەوت، پاش ئەوەی ئەسکەندەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ڕزگار کرد، ئەوا ئەمە گوزارشتی کرد لە تەنگوچەڵەمەیەك بۆ گیانی یۆنانی، چونکە بواری فراوان کرد بۆ عیرفانی سۆفی و کارە دەرئاساکان، کە ئەو کات لە کەلتوری خۆرهەڵاتیدا هەبوون بۆ ئەوەی بێنە ناو هزری یۆنانی، یان لە دەرەنجامی ئەم گۆڕانە سیاسییە ڕوانین لە لە بوون و هزرەوە وەرچەرخا بۆ هەڵسوکەوت و کردار، مەبەست لە هەڵسوکەوت لێرەدا لە مانای بەرتەسکدا واتە هەڵسوکەوتی تاك بەرامبەر بەخۆی: (بە مانای درەوشانەوەی تاك بەرامبەر بەخۆی) هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئاسودەییەکی نەرێنی سەبارەت بە خودی خۆی، چونکە کاتێك ئازادی خۆی لە جیهانی دەرەکیدا لە دەستدا(1)، ئەوا بە ئومێدی جۆرێك لە ئازادی دەبێ لە جیهانی خودیدا، لەبەر ئەوەی ئازادی سیاسی خۆی لە دەستدابوو، ئەوا بە تەواوی وازی هێنا لە سیاسەت، دەستی کرد بە جیاوازی کردن لە نێوان سیاسەت و ئەخلاق، چیتر سیاسەتی بە یەکێك لە ئەرکەکانی هاوڵاتی و مافەکانی نازانێ، بەڵکو ئەو کۆمەڵە بنچینانەی مرۆڤ و شوێنکەوتووانی دەگەیەنێتە بەختەوەری تاکەکەسی و خۆشبەختی لێرەدا، ئەوا ئاسوودەیی و دڵنیایی کەسییە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ هەموو کەسایەتییەکی سیاسی لەدەستداوە، چیتر گونجاو نییە بایەخ بە سیاسەت بدات بە مانا ڕاستەقینە یان وردەکان، تەنها کەسێك دەتوانێ پێیەوە سەرقاڵ بێ ئاشنای ئازادی بووبێ و توانیبێتی هەماهەنگی بێنێتە ئارا لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا، دواتر هەر دوو شتەکە بکاتە یەك، لێرەوە دەبینین ئاڕاستە لە بیرکردنەوەدا، لە ڕوانینەوە چووتە سەر کردار، دواتر ئەم کارە تایبەتمەندە بە سیفەتێکی تازە و سروشتێکی تایبەت، کە پێشتر نەناسراو بوو. ئەم دوو خاسیەتە زۆر بە ڕوونی لە ڕێبازە فەلسەفیەکاندا دەیبینی، کە لە دوای ئەرستۆ سەریانهەڵداوە، لە ڕواقییەت و ئەبیقۆریەت و

---

(1) رسل، برتراند، تاريخ الفلسفة الغربية، ترجمة، زكي نجيب محمود، لجنة التأليف والترجمة والنشر المصرية، القاهرة، ١٩٦٠، ص ٣٠٢.

گومانگەرایی، چونکە هەموو ئەم قوتابخانانە لە ڕوانینی فەلسەفی تەواو و بیرکردنەوەی ڕووتی سادەوە بۆ کار و ئەخلاقی کرداری و هەڵسوکەوت وەرچەرخاون(١).

ئەمە سەبارەت بە ئەبیقۆریەکان و گومانگەراکان زۆر ڕوونە، ئەبیقۆریەت بایەخێکی دروستیان نەداوە بە پرسە سروشتییەکان و تیۆری زانین و مەعریفە، گومانگەراکان لەپێشترین کەس بوون بۆ ئەوەی بایەخ نەدەن بە شتێکی لەم جۆرە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەوان گومانیان دەکرد لە شیاوێتی زانینی ڕووت و دەیانوت پێوەری زانین، بریتییە لە کار و بەرجەستەبوون لە واقیعدا، بەپێی ئەمە ئەوان هیچ بایەخ و نرخێکیان دانەدەنا بۆ بیرکردنەوەی تیۆری بەمانا دروستەکەی. بەڵام ئەبیقۆڕیەکان بایەخیان بە هیچ شتێکی سروشتی نەدا، لە تیۆری زانین و مەعریفەشدا بە تایبەت لۆژیك و ژیربێژی، ئەمە تەنها پێشەکی و ئامرازێك بوو بۆ ئامانجێکی بەرایی ئەویش ئەخلاق و چاکەی کردارییە، زانینی سروشتی یان لۆژیکی لەلای ئەوان هۆکار و ئامرازێك بوو بۆ هێنانەبوونی ئەخلاق بەرزی، تەنانەت پێوەر لە لۆژیکدا لای ئەوان بووەتە ئەخلاقی بەرز و چاك.

ئێمە وای دەبینین تەنانەت ئەوانەی بایەخیان داوە بە شتێك لە بابەتە تیۆریەکان، ناوەندی سروشتییەکانیان کردۆتە شتێکی لاوەکی، بەراورد بە ناوەندی ئەخلاق و خاسیەتی دووەم — ئەویش دەرکەوتنی ئەخلاقە لە سروشتێکی تازەدا، بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی ڕوون دەیبینین لەم سێ ڕەوتەدا، ئا ئەم ئەخلاقە تازەیە ئەخلاقێکی ئەرێنی نەبووە، وەك چۆن لای سۆکرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ وابووە، بەڵکو ئەخلاقێکی نەرێنی بووە، هەموو ئەوەی ئومێدیەتی بۆ تاك بێتەجێ کەمێك لە ئاسودەییە لە سەر وێنەی (ئەلاترکسیا) لەلای ئەبیقۆریەکان، لەسەر شێوەی داماڵراو لە هەڵچونەکان (ئەلئەیاتیا) لەلای ڕواقییەکان، دواتر لەسەر وێنەی وەستان و هەڵواسینی حوکم و کردار لەلای گومانگەراکان، ئەم ئاسودەییە نەرێنیە بەوە جیا دەبێتەوە بە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خودی خۆی و بایەخ نەدانی بەشتێکی لکاو بە دەرەوە و بە گەردوونی مەزنتر، دواتر

---

(١) میل برهییە، تاریخ الفلسفة، دار الطلیعة، ط ١، بیروت، ١٩٨٢، ص ٣٦.

تایبەتمەندە بەوەی ئومێدی دامالّرانی هەیە لە هەلّچونەکان و پاکی ناخ ناخ لە هەموو کاریگەرییە ویژدانیەکان، هەروەك تایبەتمەندە بەوەی نەرێنیە و زیاتر لە سۆفیەتی ئەخلاقیەوە نزیکە، ئەم سیفەتانە بە ڕوونی بەدیدەکەین لەم سێ ڕەوتەدا[1].

ئەمە بەرهەمی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی یۆنانیەکان بوو، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە ڕۆیشتنی هزر و کەلتوری خۆرهەلّاتی بۆ نێو شارستانیەتی یۆنانی، ئەوا دەبینین ئەمە چەندین شوێنەواری بەرهەم هێنا لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، ئەم بیرکردنەوەیە سەرەتا تایبەتمەندە بەوەی لایەنگری ئاینە، مەبەست لە ئایین ئەوە نییە وەك چۆن پێشتر سەیری دەکرا لە ڕۆلّی شارستانیەتی یۆنانیدا، ئایین لێرەدا ئەخلاقی یۆنانیە، بە ڕوانین بۆی لە لایەنێکی بەرتەسکەوە، بەو مانایەی ئایین ئامرازی ڕزگاربوونە، ئەم هزرەی ڕزگاربوونەش یەکێکە لەو هزرانەی ڕۆلّێکی مەزن دەگێڕن لە ئایندا، بەشێوەیەکی تازە، چونکە ئایین بە مانا کۆنەکەی کاریگەری خۆی لە کۆمەلّگەی یۆنانیدا لە دەستدابوو. هیچ یەکێك لە فەیلەسوفەکان باوەڕی نەبوو بە بیروباوەڕە کۆنەکان، یان بە هێزێکی بەرز کە نموونەی بالّا بێ، کە مرۆڤ هەموو ئومێدێکی پێ ببەستێتەوە، ئەمانە بەپێی تیۆرە ئەخلاقییەکەیان دەڕواننە خوای پاك و بێگەرد وەك ئامرازێك یان وەسفێکی دەستەبەرکەری ڕزگاری ئەخلاقی، مەبەستمە ئایین سروشتێکی ئەخلاقی پوختی وەرگرتووە، لە پێناو ئەمە شتێکی سروشتی بوو هزرە خۆرهەلّاتیە لکاوەکان بە نێوەندەکانەوە بوارێکی فراوان بەرجەستە بکەن، لە تێڕوانینەکانی ئەم سەردەمە ئاینیە[2].

---

[1] بدوي، خريف الفكر اليوناني، ص ٨.

[2] بڕوانە: ديورانت، ول، قصة الحضارة (ج ١)، ترجمة فتح الله محمد، ط ٣، بيروت ١٩٧٩م، ص ١٦٧.

### ١- هزری ئەخلاقی لەلای قوتابخانە سۆقراتیەکان:

سەرباری ئەوەی تیۆری زانین و مەعریفە زیاتر ماوەتەوە و کاریگەری قوڵترە لەسەر ڕێڕەوی فەلسەفە بەراورد بە تیۆری ئەخلاق، بەڵام دۆخەکە لە چاوی زۆربەی قوتابیەکانی سۆکراتدا هەڵگەڕاوەتەوە، چونکە ئەوان - ئەگەر سەرپێچی مامۆستاکەشیان کردبێ - ئەوا ژیانە ئەخلاقیەکەی سەری ئەوانی سوڕماندووە، ئەمەش وایکردووە هۆگری لایەنەکانی تری فەلسەفەکەی بن، شوێن پێی ئەو کەوتن لە دوای مردنی. هەوڵیاندا ژیانی ئەخلاقی خۆیان لەسەر ڕێچکەی ژیانی ئەو هەڵبچنن، نموونەی باڵای ئەویان کردە دروشمی خۆیان، ئەویش ئەوەیە ئەخلاق ئامانجی ژیانە.

گشت شوێنکەوتووانی سۆکرات لەسەر ئەم ڕێبیرە کۆکبوونە، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ئەخلاق ببێتە مەبەستی ژیانیان، هەروەك مەبەستی ژیانی مامۆستاکەیان بوو، بەڵام پەنایان بۆ چەندین ئامرازی جیاواز برد، چونکە ڕاجیا بوون لە شرۆڤەی ئەخلاقدا، چونکە سۆکرات پێناسەیەکی ڕوونی بۆ ئەوان جێنەهێشت تا دواتر بۆی بگەڕێنەوە و هەڵسوکەوتی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن، هەموو ئەوەی وتی لەم بارەوە ئەوە بوو: ((ئەخلاق پێویستە لە زانستەوە سەرچاوە بگرێ، لەسەر بنچینەی زانست بەرپا ببێ، مەرجی ئەوەی ببیتە کەسێکی باش ئەوەیە زانابی بە پێناسەکەی))، سەبارەت بەوەی ئەم پێناسەیە چییە، ئەوا سۆکرات لەسەری نەدواوە، دەکرێ بوترێ ناساندوویەتی بەوەی: ((زانستە))، ئەمە ڕاستە، بەڵام سۆکرات چ زانستێکی مەبەست بووە، ئایا زانستی گەردووناسی یان سروشتناسی یاخود بیرکاری بووە؟ نەخێر ئەمە زانستی ئەخلاقە یان زانستی چاکە، وەك ئەوەی بخولێتەوە لە بازنەیەکی بە تاڵدا، لەو خاڵە دەستپێبکات کە لێی کۆتایی دێت، چونکە ئەگەر بڵێیت: ئەخلاق زانستی ئەخلاقە ئەوا هیچ شتێکت لێ ڕوون نەکردۆتەوە.

سەرباری ئەوەی تیۆری زانین و مەعریفە زیاتر ماوەتەوە و کاریگەری قوڵترە لەسەر ڕێڕەوی فەلسەفە بەراورد بە تیۆری ئەخلاق، بەڵام دۆخەکە لە چاوی زۆربەی قوتابیەکانی سۆکراتدا هەڵگەڕاوەتەوە، چونکە ئەوان – ئەگەر سەرپێچی مامۆستاکەشیان کردبێ – ئەوا ژیانە ئەخلاقیەکەی سەری ئەوانی سوڕماندووە، ئەمەش وایکردووە هۆگری لایەنەکانی تری فەلسەفەکەی بن، شوێن پێی ئەو کەوتن لە دوای مردنی. هەوڵیاندا ژیانی ئەخلاقی خۆیان لەسەر ڕێچکەی ژیانی ئەو هەڵبچنن، نموونەی باڵای ئەویان کردە دروشمی خۆیان، ئەویش ئەوەیە ئەخلاق ئامانجی ژیانە. گشت شوێنکەوتووانی سۆکرات لەسەر ئەم ڕێبیرە کۆکبوونە، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی ئەخلاق ببێتە مەبەستی ژیانیان، هەروەك مەبەستی ژیانی مامۆستاکەیان بوو، بەڵام پەنایان بۆ چەندین ئامرازی جیاواز برد، چونکە ڕاجیا بوون لە شرۆڤەی ئەخلاقدا، چونکە سۆکرات پێناسەیەکی ڕوونی بۆ ئەوان جێنەهێشت تا دواتر بۆی بگەڕێنەوە و هەڵسوکەوتی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن، هەموو ئەوەی وتی لەم بارەوە ئەوە بوو: ((ئەخلاق پێویستە لە زانستەوە سەرچاوە بگرێ، لە پێشەکیدا ئەمە ببێتە ئامانجی ژیان)).

کەواتە سۆکرات پێناسەیەکی دیاریکراوی جێنەهێشت بۆ ئەخلاق، پێناسەکەی خاڵی ڕاجیایی بوو لە نێو شوێنکەوتوانیدا، لە ڕاڤەکردنیدا بۆ سێ بەش دابەسبوونە، هەر یەکەیان بۆچوونێکی هەیە لەگەڵ ڕێبازەکەی گونجاو بێ، هەر یەکێکیان لە هەڵسوکەوتی سۆکراتدا پاساو بۆ خۆیان دەبیننەوە، ئەم سێ قوتابخانە بریتین لە: کەلبیەکان و قورینائیونەکان و میغاریونەکان[1].

## ٢- فەلسەفەی ئەخلاق لەلای قوتابخانە کەلبیەکان:

"ئینتیستین" ڕێبازێکی ئەخلاقی خستەڕوو، سروشتی ڕەسەنایەتی تێدایە، ڕوانینەکەی لە کەسی مامۆستاکەیدا کۆکردبووەوە، ئەم کەسایەتییە بەهێزە، کە ڕاستی بەسەر هەموو شتێکدا و

---

[1] بڕوانە: بدوي، مصدر سابق، ص ١٥٣.

دەسەڵات و تواناکەی بەسەر خۆیدا دژی ئێش و ئازار پێشخست، ڕزگاریەکەی بە ئاڕاستەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکان، دونیا بەکەمزانیەکەی لە ژیانی ماددیدا، گوێ بە بەهرە و ناز و نیعمەتە دیارە ماددیەکان نادات، گاڵتەی بە ژیانی ماددی دەهات، وەك دەنکۆڵەیەك فڕێیدا، ئەو جوانییە سەرنجڕاکێش و نەخشە ساختانە چاوی ئەویان بەلاڕێیدا نەبرد. ئایا ئەم سەربەخۆییەی بەدەستی دەخات بە ڕاهێنانە سەختەکەی باشترین چاکە نییە؟

لەبەر ئەوەی زانست لەلای سۆکرات بریتی بوو لە "ئەخلاقناسی"، ئەوا "ئینتیستن" دوو دڵ نەبوو لەوەی دونیا بەکەمزانی لە مانای ئەخلاق و چاکە و ڕێگە و ئامانجی ژیان دابینێت، ئەخلاق لای کەلبییەکان یەك، هەروەك سۆکرات وتویەتی. ئەمەیان ڕاڤە کردووە بەوەی: بەش بەش نابێ. سەبارەت بەوەی مرۆڤ بە ئەخلاق دەبێ تا کۆتایی یان نا، وەك هێڵ ڕاست یان خوار و خێچ دەبێ، نێوەندی لە نێواندا نییە، ئەگەر خاوەن ئەخلاق بوو ئەوا کەسێکی تەواو زانا و دانایەکی کامڵ و بەختەوەر دەبێ بە تەواوترین شێوە، چونکە ئەخلاق هەموو شتێکە، ئەگەر وا نەبوو ئەوا کەسێکە گێل و نەزان و بەدبەخت دەبێ.

کۆیلایەتی لە ئازادبوون خراپتر نییە، ئەگەر بەندەی کۆیلە، ژیانێکی ڕەوشتبەرزانە بگوزەرێنێ، چونکە ئەو کات بەخۆی سەربەست دەبێ، ئەگەر لە ڕووکەشیشدا موڵکی یەکێکی تر بێ(1)، کەسی دانا تەنها پشت بە خۆی دەبەستێ و پێویستی بەوانی تر نییە، تەنانەت پێویستی بە خێزان و منداڵ و نیشتمانیش نییە، ئەمەش پێویستییە بنەڕەتیەکانی کەم دەکاتەوە، تەنها یەك جل و کەمێك لە نان و ئاوی پێویستە، بێ خانوە، ئەستۆی خۆی گران ناکات بە هیچ کەلوپەلێك کە لە خۆی زیاد بێت، بۆ ئەوەی تەواو ئازاد بێ، ئەوا هیچ پیشەیەکی نییە، حەزی لە بەخشینی سامانیەتی، ئەوەندە بە بەس دەزانێ پارچە نانێك داوا بکات لە کاتی برسێتیدا.

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم بابەت، بڕوانە: محمود یوسف موسی، تاریخ الأخلاق، ص ١٥٥، وأیضا ینظر: الفلسفة الخلقیة، ص ٤٩، وکذلك ینظر: الفلسفة الیونانیة أصولها وتطوراتها، ص ١١٤، وقصة الفلسفة الیونانیة، ص ١٣٩.

کەلبیەکان جۆرێك لە کۆمەڵەی یەکگرتوویان پێکدەهێنا، بۆ پیادەکردنی ئەم تیۆرە بۆ ژیان و بڵاوکردنەوە، ئەمە بەردەوام بوو وەك بازنەیەکی ناوخۆیی بۆ ئامانجە باڵاکان[1]، تەنانەت کەسێکی ڕواقی وەك ((یبیکسیتوس)) دەبینین ئاماژە بە ڕێبازی کەلبیەکان دەکات لە ژیاندا، وەك ئامرازێك بۆ کامڵیەکی دونیابەکەمزانتر لەوەی کەسی ڕواقی دەیگرێتەبەر[2]، کەلبییەکان خۆکوشتنیان بە مۆڵەتپێدراو داناوە، بەو مەرجەی هەڵاتن بێ لەو ئێش و ئازارەی لە ژیاندا هەبووە، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆکوژەکە ئەوە بسەلمێنێ ژیان شتێك نییە شایەنی دەستپێوەگرتن بێ.

لەوانەیە "دیوجنیس" (٤١٢ – ٣٢٣ پ.ز) ئەم مانایەی بەرجەستە کردبێ، کاتێك لە گەرمەی ڕۆژدا گلۆپێکی بەدەستەوە گرتبوو بە دوای کەسی کامڵدا دەگەڕا، ناوبراو وتی: "مرۆڤی ئەفلاتۆن، کە دادگەریەکی تەواو هەیە، یان مرۆڤی ئەرستۆ، کە بەختەوەری تەواوی هەیە، مرۆڤێکە دەگمەنە هەبێ، ئەمەش ئەگەر هەبێ"، دیوجنیس– لەمەدا وەك ئەفلاتۆن و ئەرستۆیە – یەکێك بوو لەوانەی لە قوتابخانەی فەلسفەی ئەرستۆدا دەرچووبوو، قوتابیەکی فەیلەسوف "ئینتساتس" بوو، کە قوتابیەکی سۆکرات بوو، بە پێچەوانەی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ دەبینین "ئەنستانس" و "دیوجینس" گاڵتەیان بە فەیلەسوفە کەلبیەکان دەکرد، ئەوان فشەیان بە ناوبراوان دەکرد، چونکە نەوەد و نۆ کەسی گێلیان تێدابوو لە بەرامبەر یەك کەسی پاك، دیوجنیس لە سەردەمێکدا دەژیا کە بەتاڵ بوو لە خەون و خەیاڵ، سەردەمێك لە ڕۆژگاردا ئەمەی جێهێشت کە بەدرێژاییەکەی ئاگری جەنگەکان گەرم دەبوون[3]، پێی وابوو هیچ پاساوێکی ژیرانە نەبوو بۆ بوونی ئەرکە بنەڕەتیەکەی، کە لێسەندنەوەیە و ئامانجە مەزنەکەی مردنە. ڕێزی لە جەنگاوەران و سەرکەوتنەکانیان نەدەگرت، دەگێڕدرێتەوە ڕۆژێك ئەسکەندەر سەردانی ئەو شوێنەی کرد فەیلەسوفێك لەوێ دەمایەوە.

---

(1) بڕوانە: الموسوعة الفلسفية المختصرة، ص ٢٥٨.

(2) بڕوانە: كولب، ازفلد: المدخل إلى الفلسفة، ص ٣٤٨.

(3) بڕوانە: الموسوعة الفلسفية المختصرة، ص ٢٥٨.

دیوجنیس پرسیری لێکرد: " ئایا گەورەترین هیوایەتی تۆ چییە لەم کاتەدا؟"، ئەسکەندەر لە وەڵامدا وتی: "ملکەچکردنی وڵاتانی یۆنان"، (دواتر چییە؟)، (ملکەچکردنی ئاسیا)، (پاشان چی؟) (ملکەچ کردنی گشت جیهان)، (ئینجا چی؟) (ماندووێتی دەدەمەوە و دەحەسێمەوە و ڕادەبوێرم)، (بۆچی؟ ئێستا نا حەسێیتەوە و ئێستا ڕانابوێریت؟)، دەگێڕدرێتەوە ئەسکەندەر سوپاسی دیوجنیسی کرد لەسەر ئامۆژگاریەکەی، ئینجا لێی پرسی: (چ یارمەتیەك پێشکەش بکەم؟) لە وەڵامدا وتی: (بەڵێ، دەتوانی بڕۆیت، سێبەری تۆ گەرمی خۆرم لێدەگێڕێتەوە. هەروەك منیش وەك تۆ حەزم لە حەسانەوە و ڕابواردن هەیە)، پاشا دەستی بە پێکەنین کرد و وتی: (ئەگەر ئەسکەندەر نەبووبام، ئەوا وام هەڵدەبژارد کە دیوجنیش بووبام نەوەك هیچ کەسێکی تر)، فەیلەسوفە گاڵتەجارەکە وەڵامیدایەوە: (ئەگەر دیوجنیس نەبووبام ئەوا پێم خۆش بوو هەر کەسێکی تر بووبام، جگە لە ئەسکەندەر نەبێ).

دیوجنیس لە هیچ کەسێك نەدەترسا، هیچ شتێکی نەبوو لە دەستی بدات، دەیوت: "لەو ڕۆژەوەی من لە دایکبوومە ژیانم لەدەستداوە، پرسەکە لەلای من وەك یەکە، چ ئێستا سەرەمەرگم بێت یان دواتر"().

هیوای دیوجنیس ڕێخۆشکردن بوو بۆ دەستگرتن بە بیرۆکەی گەڕان بە دوای بەهای ڕاستیدا، واتە تێگەیشتن لە باشترین پێناسە لە نێو بەهای ڕاستەقینەی شت و ئەو نرخەی دەیخوازێ، دەیویست بەختەوەری ببینێ، بەڵام بێ ئەوەی نرخەکەی دەستدرێژی و ستەمکردن بێ، حەزی لە دادگەری بوو بێ ئەوەی هیچ شتێك بدەین بۆ ئەوەی بەدەستی بخەین وەك باجی تۆڵەسەندنەوە، حەزی لە قەناعەتە کە بەراورد ناکرێ بە کۆکردنەوەی زێر یان زیو، بەڵکو بە عەقڵێکی ڕەسەن دەبێ. ئامانجی گرتنەبەری هزرەکانە سەرلەنوێ))، هەروەك لەسەر زمانی ئەو هاتووە: دراوی

---

() توماس: هنري، اعلام الفلسفة كيف نفهمهم، ص ٣٧٢.

ساختە ڕەت بکەنەوە، دراوی دروست پێشکەش بکەن. هزر و کردارەکانتان لەو کانزایە نایابە داڕێژن، کە کەسایەتی باشتری لێ دروست دەکرێت.

دیوجینس هەستیار بوو لەلایەنی دراوی ساختەوە، باوکی ئەویان بەندکرد، خاوەنی بانك بوو، بەهۆی ئەوەی دراوی لە کانزای هەرزان داڕشتبوو. هەروەك دیوجینس بەخۆیشی لە تەمەنی گەنجێتیەکەیدا لە شوێنی لەدایکبوونی خۆی شاری سینوبی لەسەر دەریای ڕەش دوورخرایەوە، بەهۆی ئەوەی گومانی لێدەکرا بەشداری تاوانێکی کردبێ. دەکرێ ئەم گومان لێکردنە هیچ بنچیەیەکی دروستی نەبێ، وا لە دیوجینسەوە ناسراوبوو کە دراوی بە سود دادەنا، لەگەڵ ئەو شتەی بەدراو دەیکڕی ئەویشی بە سوك و چروك دادەنا. تەنانەت خەفەتیشی نەدەخوارد لەسەر دوورخرانەوەی لە شوێنی لە دایك بوونی، کاتێك دادوەران بڕیاری دوورخرانەوەی ئەویاندا لە سینوبی، ئەو بە گاڵتەوە وتی: (منیش وەك خۆم بڕیاری مانەوەتان لە سینوبی بەسەرتاندا دەدەم).

ڕوویکردە ئەسینا، لەوێ داواکاریەکی پێشکەشکرد بۆ ڕیشتنە قوتابخانەی فەلسەفی ئەنتستانس. ڕێگەی داواکردنەکەی هەست وروژێنەر بوو. لە کاتێکدا مامۆستاکەی وانەی بە قوتابیەکان دەوتەوە، بینی ئەم گەریدە تۆزاویە، جل و بەرگ بێ سەروبەرە دێتە ژوورەوە، پێیەکانی لە زەویدا، سور بوو لەسەر ئەوەی شوێنێك لە نێو قوتابیەکانیدا بگرێ. ئەو کاتە هاواری ناڕەزایەتی دژی بەرزبووەوە و وترا: "بڕۆ دەرەوەی ئەی سەگی بێ نرخ"! "بۆ سواڵکەران نییە بێنە ئێرە"! "بگەڕێوە بۆ نێو پیسایی ئاژەڵەوە، ئەوێ شوێنە سروشتیەکەتە"[()]، دواتر ئەنتستانس بە نەرمی هەوڵیدا کەسە هاتووە ژوورەکە بکاتە دەرەوە: "وا پێم باشترە بگەڕێیتەوە ماڵەوەت و کەمێك خۆت ڕێکبخەیت" — لە وەڵامدا دیوجینس وتی: "من ماڵم نییە. سورم لەسەر

() کطر: د. امیرة حلمي، الفلسفة الیونانیة تاریخها و مشکلاتها، ص ١٥٣.

مانەوە لێرە بەم دۆخەی ئێستا. باشە بە سەگ ناوم دەبەن، من کۆکم لەگەڵیان، گازگرتم بە فەلسەفە وەك گازگرتنی سەگە. گاز گرتنەکەم نەرم نابێ، بەڵکو بە توندی دەمێنێتەوە"(١).

لەم کاتەدا ئەو قوتابیانەی کەمێك توند و تیژ بوون دەستیان کرد بە لێدانی بە شێوەیەکی توندتر. بەڵام ئەوا هاواری بەسەر ئەواندا دەکرد و دەیوت: "بەردەوام بن لە لێدانم، چۆن پێتان خۆشە وا لێم بدەن. هێشتا مشتە کۆڵەیەکی تۆکمە دروست نەبووە کە لە فەلسەفە دوورم بخاتەوە"(٢)، ئا بەم شێوەیە ڕێگەیان پێدا بمێنێتەوە، ماوەیەکی زۆری نەخایاند تا بەسوك سەیرکردنیان بۆ دیوجینس گۆڕدرا بۆ پلەیەك لە ڕێز لێگرتن، تەنها ئەوەیان لە تواناد‌ا بوو سەرسام بن بە کەسێك، کە ڕەتی کردەوە لەسەر ڕێڕەوی داب و نەریتەکان بڕوات، چونکە جدییە لە داواکردنی ڕاستی.

هەر یەکە لە سۆکرات و ئەنتستانس و دیوجینس بەشدار و هاوبەشن لە زۆر بۆچووندا؟ هەر سێکیان بڕوایان هەبوو بەو ڕێبازەی دەڵێت: "ناسینی دەروون و ئاشنابوون پێی سەرەتای هەموو زانینێکە"، بەڵام ئەنتستانس سۆکراتی لە پاش خۆی جێهێشت و هەنگاوێك بۆ پێشەوە ڕۆیشت. هەروەك دیوجینس بە چەند هەنگاوێك پێش ئەنتستانس کەوتەوە(٣).

سۆکرات وتی: "خۆت بناسە"، بەڵام ئەنتستانس وتویەتی: "لە ناسینی خۆتەوە هەنگاو بنێ بۆ زاڵبوون بەسەر خۆتدا"، سەرباری ئەوەی ئەنتستانس کەسێکی دوور و ئەڕستۆکراتی بوو تا کاتی مردنی سۆکرات، بەڵام دواتر ئەو خۆی تەرخان کرد بۆ ژیانێکی سادە، کە خێر و چاکە باڵی بەسەردا کێشابوو، دۆخێك لە ناڕەزایەتی بەسەریدا زاڵبوو لە دەرەنجامی بڕیارە ستەمکارەکانی دادوەران. ئێمە دەبینین سۆکرات بە خۆبەدەستەوەدانی بۆ سزای لەسێدارەدان، ڕایگەیاند کە

---

(١) أيضا، ص ١٥٣.

(٢) أيضا، ص ١٥٤.

(٣) بڕوانە: كرم، يوسف، تاريخ الفلسفة اليونانية ١٢١.

باوەڕی بە یاساکانی ئەسینا هەیە، کە دەستکری مرۆڤ بوون، لە کاتێکدا ئەنتستانس هەوڵی دەدا ئەوە دیاری بکات ئایا یاساکانی ئەسینا کە دەستکردی مرۆڤن کۆکن لەگەڵ یاساکانی گەردوون، کە خوا کردن، توانی ئەمە بکات ئەم دوو کۆمەڵە یاسایە لە هەندێك کاتدا تێکدەگیرێن، بۆیە بڕیاری نەریتی کۆمەڵایەتی شاری خۆی فڕێ بدات و پەنا بباتە بەر سروشت و ڕێنوێنی لێوەربگرێ. بە گوزارشتێکی تر بڕیاریدا مەدەنیەتێکی ئەفلاتۆنی نموونەیی لە دەستکردی خۆی بنیات بنێ، شانشینەکە ئاسمانی لەسەر زەوی بێ. فەلسەفەی یۆنانی بۆ ماوەی چوار مانگ پێش دەرکەوتنی مەسیح سوربوو لەسەر ڕەتکردنەوەی سەروەتی ماددی و قبوڵکردنی دانایی ڕۆحی، ئەنتستانس – لەمەدا وەك فیساغۆڕس – ڕایگەیاند نابێ هیچ جۆرە خاوەندارێتیەکی تایبەت لێرەدا هەبێ، بڕوای بە نا خاوەندارێتی هەبوو، لەگەڵ بەشداربوونی گیانەکان لە یەك یەکێتیدا. هەروەك یەکێك بوو لە پشتیوانانی ڕەتکردنەوە کۆیلایەتی، بەوەی خۆشگوزەرانی تەنها بۆ خانەدانەکان نەبێ و گەل بەدەست برسێتیەوە نەناڵێنێ، یاساکان لە سەر حیسابی هەژاران و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکان دانەنرێن[1].

ئێمە تێبینی دەکەین دیوجینس توندڕەوترە لە مامۆستاکەی، تەنها دژایەتی خاوەندارێتی تایبەتی نەکرد، بەڵکو هەموو جۆرەکانی خاوەندارێتی ڕەتکردەوە. لەسەر سواڵکردن ژیا، نرخی ئەوەی دەدا کە بەدەستی دەخست (بەهادارترین دراوەکان – ئەویش فەلسەفەیە)، خۆی بە برای گشت ڕەگەزی مرۆیی و هەموو شتێکی زیندوو دانا. بەمەش بووە هاوڵاتیەکی جیهانی.

بە خۆ داماڵینی لە گشت خۆشیەکی ژیان، ئەوا گەورەترین دەستکەوتی بەدەستهێناوە – ئەویش ڕزگاربوونە لە ترسی دزینی جیهان، چونکە شتێکی لا نەبوو شایستەی دزین بێ. خۆی بە ئازاد و سەربەخۆیەکی تەواو دادەنا، لەم بارەوە دەڵێت: (ئەڕستۆ کاتێك نان دەخوات کە پاشا بیەوێت، بەڵام دیوجینس کاتێك نان دەخوات، کە دیوجینس دەیەوێت).

---

[1]) بڕوانە: أعلام الفلسفة كيف نفهمهم، ص ٣٧٤.

سەربارى ئەمە هەندێك جار كاتى وا بەسەر فەيلەسوفدا تێدەپەڕين، كە دووچارى برسێيەتيەكى زۆر دەبووەوە، هەر كە داواى لەتە نانێكى لە هەندێك كەس دەكرد، ئەوا هەندێك بەرديان تێدەگرت، ڕۆژێك بينيان داواى چاكەيەك لە پەيكەرێك دەكات. ئەگەر هەندێك كەس حەزيان لێبووبا بيزانن ئەم كەسە بۆچى ئەم هەڵسوكەوتە نامۆيانە دەكات، بەم شێوەيە وەڵامى دەدايەوە: "من وانە وەردەگرم سەبارەت بەوەى چۆن داوا بكەم، بەڵام بەبێ ئومێدى وەڵامم دەدرێتەوە".

جارێكيان وا ڕوويدا لە كاتى گەڕان و سوڕانەوەيدا لەلايەن هەندێك چەتەوە دەستگير كرا، كاتێك لە بازارى كۆيلەكاندا نمايشكرا بۆ فرۆشتن، پێش ئەوانەى ئەويان دەستنيشان كردبوو كەوت و وتى: "ئەى بەندەكان، وەرنەپێش بۆ كڕينى گەورەكە" سۆكراتى هەميشە ئامادە بوو بۆ جێبەجێكردنى فەلسەفەكەى ئەو و فێركردنى، ئا بەم شێوەيە لە عەبايەكى بێ سەروبەردا دەسوڕايەوە، ڕووبەڕووى زۆر بەريەك كەوتن دەبووەوە، كەمێك ڕێزى لێدەگيرا، بەڵام دڵنياييەكى هەبوو لە تێگەيشتنێكى ڕاستگۆيانە بۆ لەخۆبايبوونى ژيان سەرچاوەى گرتبوو، دوودڵى و خەفەتى لە هيچ شتێك نەبوو، گيرفانى بەتاڵ بوو، هيچ خواردنێكى دونياى پێ نەبوو.

سەبارەت بە پێويستييە كەمەكانى، ئەوا لە تورەگەيەكدا بوون لەسەر ملى ئەو، هەر كە كەش و هەواكە سارد دەبوو، ئەوا دەستى دەخستە ژێر جەستەكەى و خۆى بەيەكدا دەهێنايەوە، ئەگەر كەش و هەواكە خۆشبووبا ئەوا جەستەى خۆى لێك ڕادەكێشا لەم دەشتەدا، تەنها خۆى بە ئاسمان لولپێچ كردبوو[1].

سەربارى ئەمە زۆر گەشت و سەفەرى دەكرد، تەنها بە پێ دەڕۆيشت، لە شوێنێكەو بۆ شوێنێكى تر، بەڵام ئەسيناى كردبووە ناوەندى سەرەكى مانەوەى خۆى، لەوێ وتارى بۆ خەڵك دەدا وەك چۆن سۆكرات واى دەكرد، نوكتەكانى يەكسان بوون بە گاڵتەكردن بە زۆرينەى مەزن، لەگەڵ ئەمەدا لەوانەيە وا ڕوويدابا يەكێك لە گوێگرانە پشتى تێكردبا ڕۆيشتبا، بەڵام لە هەمان كاتدا

---

(1) الموسوعة الفلسفية المختصرة، ص ٢٥٨.

زانستی زیاد و دڵی نەرم دەبوو. لەبەر ئەوەی زمانی دیوجینسی پیس و بێ سەروبەر و زمانە گاڵتەپێکەرەکەی کەمێك لەو دڵانەی لە پاڵدابوو کە زۆر ئاوەدان بوون، بە گەرم و گوڕی و جۆش و خرۆشی لە جیهانی کۆندا. هەردەم بە توندی هێرشی سەر گەوجایەتی دەکرد، هەمیشە دەپاڕایەوەی بۆ دۆخی کەسی گێل، لە ناخی دڵیەوە دەیویست هەمووان بەختەوەیەکی مەزنتر بەدی بکەن، بەوەی چێژ لە داناییەکی مەزنتر ببینن. دواتر دیوجینس قسە لەبارەی دروستبوونی بەختەوەری دەکات، وەك چۆن دەوترێ بە هۆی تێرکردنی حەزەکانەوە، هەر کە حەز و ئارەزوو سادەتر بوو، ئەوا تێرکردنی ئاسانتر دەبێ، زیاتر وتی: "گەورەترین چێژ، بەکەم و سوك و چروك دانانی چێژە". دەتوانیت جیهان بحەسێنیتەوە، ئەگەر جیهان فڕێبدەیت و پشتگوێی بخەیت. سەرچاوەی خراپە تەنها حەز کردنە لە بەدەستهێنانی زیاد لە پێویست.

دیوجینس ڕایگەیاندوو نزیکترین ڕێگە بۆ قەناعت هاتن، خۆدوورگرتنە لە خۆشگوزەرانی، کاتێك پرسیاری لێکرا نهێنی ژیانە چاکەکەی پوخت بکاتەوە، وەڵامی دایەوە و وتی: "دەکرێ ئەم نهێنییە لە سێ وشەدا کورت بکەمەوە: خۆڕاگری بەبێ سامان"(1).

ڕۆژێکیان ڕۆیشتە پاڵ خەڵکێکی زۆر، کە دەڕۆیشتن بۆ یاری زۆرانبازی، یەکێك پرسیاری لێکرد: "ئایا تۆش وەك تەماشاکەر دەچیت" وتی: "نا من وەك زۆرانبازێك دەچم"، کەسەکە پرسیاری کرد: "تۆ دەتەوێت لە چ یاریەکدا بەشداری بکەیت"، دیوجینس وەڵامی دایەوە: "ڕاکردن و خۆلێکدان، من ڕادەکەم لەبەر چێژ و لەززەت، ململانێ دەکەم لەگەڵ ئێش و ئازار"(2).

دیوجینس لەو کەسانە دادەنرێ کە بە سووك سەیری بەهاکانی ژیانی ساختە دەکات، ئەم بە سوك سەیرکردنە وای لێکرد ببێتە: "گەورەی تاقانە لە جیهانی بەندەکاندا"، وتی: ئازادی تەنها بەرهەمی پشت بەخۆبەستنە. کاتێك یەکێك لە هاوڕێیان لێی پرسی لەبارەی کاتی گونجاوی

(1) متى، كريم، الفلسفة اليونانية، ص ١٤٩.

(2) بڕوانە: متى، كريم، الفلسفة اليونانية، ص ١٤٩.

هاوسەرگیری، لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر تازە پێگەیشتووبم، ئەوا هاوسەرگیری زۆر زووترە لەوەی پێویستە، ئەگەر بەساڵاچووش بم، ئەوا هاوسەرگیریەکە زۆر درەنگ کەوتووە"، لەبەر ئەوەی ڕەبەن و بێ ژن بوو، هەمیشە دژی هاوسەرگیری دەوەستا، بە پاساوی ئەوەی خێزان کۆیلە و بەندەی سامانە.

قسەی ئەو سەبارەت بە قەناعەت: ئەوەیە کورتترین ڕێگەیە بەرەو دڵنیایی. تا ڕازی بوون، ڕێگەی کۆتا نەهاتووە، ئامانجەکە لە بەردەمتدا بە بەردەوامی دەکشێتەوە، بەر لەوەی ڕاستەوخۆ پێی بگەیت. لە کاتێکدا تۆ دەڵێیت: "تەنها یەك هەروازم لە پێش ماوە لەسەر ڕێگاکە، ئینجا دەگەمە ئامانجەکە".

ئیکتاتوس باسی ئەوە دەکات: چۆن شایەنی خزمەتکارەکانی خوا بوو، ئاوا دیوجینس هەردەم بایەخی دەدا و سەرقاڵ بوو بە جیهانەوە"، لە ژیانی خۆیدا ڕێگەیەکی تایبەتی داهێنا، کە وایلێکرد ببێتە پزیشکێك دەروون چارە بکات. سەرەڕای ئەوەی ڕێگەی چارەسەرکردنەکەی هەندێك جار بە ئێش بوو، بەڵام هەردەم مەبەستی شیفا و چاکبوونەوە بوو، ئەمەی دووبارە دەکردەوە: "بڕوانن من چۆن بە خودی خۆم خەیاڵم ئاسودە و دەروونم ئارامە. چارەسەرەکەم قبوڵ بکەن، بە دڵنیاییەوە ئێوەش ئەم ئارامیەتان بەدەست دەکەویت"[1].

٣- **تیۆری قەرەنائیەکان لە ئەخلاقدا:** ئەمەش بێ کۆمەڵێك سەختی و ناهەمواری نییە:

لەوانە: ئەستەم بوونی جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرە لە ژیاندا، چونکە کاتێك ڕەچاوی بەهای چێژێك لە چێژەکان دەکەین، دەبێت ڕەچاوی ئەو ئێش و ئازارەش بکەین کە لەسەر کەڵەکە دەبن، بەهۆی بەدەستهێنانی، ئەو ئازارانەی بەرگەیان دەگرین لە پێناو دەستخستنی، هەندێك لە

---

(1) یوسف کرام، تاریخ الفلسفة الیونانیة، ص ١٢٢.

چێژەکان هەر چەندە سروشتی بن لە کاتی بەدەستخستنیان، ئەوا بێ نرخ دەبێ، کاتێك بەراورد دەکرێ بەو ئازارانەی بەهۆیەوە دروست دەبن، لەوانەیە مرۆڤ بەرگەی هەندێك ئێش و ئازار بگرێ، چونکە ئامرازە بۆ بەدەستهێنانی سوود، هەر بۆیە قورەنائیەکان ناچاربوون بەبێ حەزی خۆیان هەندێك ئەخلاقیاتی گشتی بابەتی بگرنەبەر بۆ هەڵسەنگاندنی کرداری مرۆڤایەتی.

ئەگەر سەخت بێ چێژێك بە یەکێکی تر بەراورد بکرێ، ئەوا سەختیشە چێژێك لە یەکێکی تر بە باشتر دابنرێ، ئەمەش بە دوایدا دێت، مرۆڤ ناتوانێ چێژێك دەست بخات، کە داوای دەکات ئەگەر یەکسان بێ بەو فەنابوونەی بەرگەی دەگرێ لە پێناویدا، هەر بۆیە دەبێ شتێك هەبێ هەڵبستێت بە هەڵسەنگاندنی کردارەکانی مرۆڤایەتی، سەبارەت بەوەی چاکن یان خراپن، ئەویش هەروەك سۆکرات پێی وایە عەقڵ کە بە هۆکاری بنەڕەتی دادەنرێ لە ئەخلاقدا، بە ئامرازی پێویست دادەنرێ بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری بە گشتی، قورەنائیەکان وازیان لە تیۆرە ڕەسەنەکانی خۆیان هێنا، گەیشتنە ئەو هەڵوێستەی کە سوودگەراکانی وەك "بنسام و میڵ" گرتبوویانەبەر، کە خێر و چاکە هەموو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ سوودی لێدەبینێ لە سایەی بڕیاری عەقڵدا.

ئەگەر مەغاریەکان پێیان وابێ ئەخلاق لە هزردا و کەلبیەکان پێیان وابێ لە دونیا بەکەمزانیدایە، ئەوا قورەنائیەکان پێیان وایە ئەخلاق لە چێژ بینیندایە بە جۆرە جیاوازەکانیەوە، بەتایبەت هەستییەکان، سۆکرات وتویەتی: "ئەخلاق لە داوێنپاکی و میهرەبانی و هەستکردن، لە زانینەوە هەڵدەڕژێن، لێرەوە دانایی لەلای ناوبراو "سەرمایەی ئەخلاق و چاکە بووە"، هەموو قوتابخانە سۆکراتیەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دانایی باشترین شتە مرۆڤ هەیبێ، باشترین جۆرەکانی دانایی لە زانینی خێر و چاکەدا بەرپا دەبێ، لێرەدا یەکێتی قوتابخانەکان کۆتایی دێت.

ئاماژەمان بە هەڵوێستی دامەزرێنەری کەلبیەت و ڕواقیەت لە ڕێبازی سۆکرات دا، وتمان کۆکن لەسەر ڕێزگرتن لە دانا و سوك دانانی ڕوانینی عەقڵی ڕووت و بایەخدان بەو بیرکردنەوەیەی ئەخلاق ڕاستەڕێ دەکات.

سۆکراتت دەڵێت: ئەخلاق ڕێگەی بەختەوەرییە، بەختەوەریش پاڵنەری ئەخلاقە، لەگەڵ ئەمەدا جەختی کردەوە لەسەر سوربوون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەبەر خودی خۆیان نەوەك لەبەر ئەو سوودانەی لەسەر کەڵەکە دەبن، دەڵێت: دەستپاکی دەستکەوت بۆ خاوەنەکەی دێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ پێویستە دەستپاك بێت، ئەگەر سوودیشی پێنەگەیەنێت[1].

هیچ بناغەیەك بۆ ئەخلاقیەت نییە چاکتر لە بیرۆکەی بەختەوەری، ئەمە ئەو لایەنەیە کە ئەریستیبوس تیایدا ڕۆیشتووە تا کۆتاییەکەی، چاوەکانی نوقاندووە لە ئاست هەر ڕەچاوکردنێکی تر، لەسەر مرۆڤی پێویست کردووە کردارێك کە دەکات تەنها بۆ حەز بوون لە چێژێك یاخود دوورکەوتنەوە لە ئێش و ئازارێك بێ، تەنانەت ئەگەر خۆشمان هەژار کرد لە پێناو هاوڕێکانمان و ژیانی خۆمان کردە قوربانی بۆ بەدەمەوەچوونی ڕێنمایی سەرکردەکانمان.

لێرەوە وا بۆی دەرکەوت، چێژ بریتییە لە خێری باڵا، لوتکەی فەلسەفە دادەمەزرێ لەسەر ئەوەی ڕێنوێنی هاوەڵەکانی دەکات بۆ هەڵبژاردنی باشترین چێژ، لەسەر مرۆڤ پێویستە تام لە چێژەکان بکات و ڕێگەی پێبدات بەسەریدا زاڵبێت، لەبەر ئەوەی لە کۆن و نوێدا وا باو بوو لە نێو بانگخوازانی سوودگەراییدا سود و چێژ و بەختەوەری یەکن، ئەوا پشتی بەست بەو وتەیەی تاکە ئامانجی ئەخلاق بریتییە لە سود و بە ئاشکرا بانگەوازی کرد بۆ ئەوەی چێژ ئامانجی باڵای ژیانی مرۆڤە، ئەمە نامۆ نەبوو لەلای بیرمەندی وەك (پرۆتاغۆراس) و هاوتاکانی لە سۆفستائیەکان، ئەمانە وەك زانیمان نکۆڵیان لە بابەتی بوونی حەقیقەت گرت، هەر تاکێکیان کردە یاسای خودی خۆی، بەهاکانیان بۆ مرۆڤ گێڕایەوە، تەنانەت ڕەتیان کردەوە یاسایەکی ئەخلاقی بەسەردا جێبەجێ بکەن کە لە ویستی مرۆڤەکەوە سەرچاوەی نەگرتبێ، وتیان چێژ ئامانجی ژیانە، ئەم بیرۆکانە لە عەقڵی ئەرستیبوس لەگەڵ ئەوەی وەریگرتبوو لە مامۆستاکەی لەبارەی بەختەوەرییەوە کارلێکی کرد، ئەو کاتە گەیشتە دامەزراندنی ئەخلاق لەسەر بوونی چێژ، ڕایگەیاند چێژ ئامانجی باڵا

---

[1] بڕوانە: الطويل، د. توفيق، الفلسفة الخلقية نشأتها وتطورها، ص ٧٣.

و خێری مەزنە، پێوەری بەها و تەرازووی حوکمە ئەخلاقیەکانە، ڕایگەیاند کە ئەمە بانگەوازی سروشتە، گومڕاییە شەرم بکەین لە تێرکردن و ڕازی کردنی، ئەگەر نەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگە نەدات بە تێرکردنی بە ئاشکرا، پێویستە ئەم نەریتە بە سووک دابنرێ، بارودۆخە کۆمەڵایەتییە باوەکان بە سود سەیر بکرێن، بەڵکو زیاتر لەمەش وا وێنای کرد چێژ بەرهەستێکی بە پەلەیە، وایلێهات نموونەی باڵا لای ئەو لە تێرکردنی تێنوێتیەکی هەنوکەیە بێ خەم خواردن لەسەر ئەوەی ڕۆیشتووە، دوودڵ بوون بۆ ئاییندە، ئەمەش سوربوون دەخوازێ لەسەر تێرکردنی بێ خۆپەیوەست کردن پێیەوە، یان بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکانی، لە ترسی ئەوەی دوودڵیەك پەیدا ببێ ببێتە هۆی شڵەژانی پاکی هەستەکان، بەڵکو لەمەش زیاتر نموونە باڵاکەی لە ژیانی خۆیدا جێبەجێ کرد، دۆستە هەوەسبازەکەی (لاییس) هێمای ئارەزووبازی بوو، زۆر لەلای ئەو بەڕێز و گەورە بوو، ئا بەم شێوەیە قورینائیەت نکۆڵی لە خودی عەقڵ ە ڕۆح کرد و تەنها وتیان چێژی هەستی بە پەلە ئەوپەڕی چاکەیە، ئەوەی ببێتە کۆسپ لەبەردەم تێرکردنی ئەوان شەڕ و خراپەیەکی تەواوە[1].

بەڵام ڕوانینیان بۆ دانا توندی ڕێبازەکەی ئەوانی سوك و کەم کردەوە، وتیان نغرۆبوون لە داواکردنی چێژدا، خاوەنەکەی تووشی ئێش و ئازار، ناهەمواری بۆی دەکات، کەسی دانا خۆی تێر دەکا لە داواکردنی چێژ و لێکدانەوە بۆ دەرەنجامەکانی، ئینجا حەزەکانی ڕێکدەخات و زاڵ دەبێ بەسەر ئارەزووەکانی و پێی باشتر دەبێ هەندێکیان تێر بکات و هەندێکی تریش دوا بخات، بۆ ئەوەی کۆك و تەبا بێ لەگەڵ ئەو دەرەنجام و شوێنەوارانەی پێشبینیان دەکات، بەمەش دەبێتە گەورەی خۆی، لێرەوە ئەرستیبوس ڕایگەیاند چێژی هەیە، ملکەچ نابێ بۆ بە بەندەکردنی مەگەر بەویستی خۆی نەبێ.

لە کۆتایی سەردەمیان لادان لە ئاژەڵایەتی ڕوون بووەوە، کە زۆرێك لەوانی گرتبووەوە، هەندێکیان پەشیمانی خۆیان ڕاگەیاند لەو چێژە ئەرێنیانە و داوای چێژیان کرد تەنها لە

---

[1]) بڕوانە: تاريخ الفلسفة اليونانية، ص ٦١.

خۆدوورگرتن لە ئێش و ئازار، ئەمەش دەستەبەر نابێ مەگەر بە کپکردنی ئارەزووەکان و وازهێنان نەبێ لە تێرکردنی ئارەزوو و چێژەکان، هەر کاتێك ئەمە هاتەدی، ئەوا ژیان خۆشی خۆی لەدەستدەدات، ئەو کاتە دروستە مرۆڤ خۆی لێ ڕزگار بکات بە خۆکوشتن، (هیجسیاس) گەیشتە ئەمە، ناوبراو بە ئامۆژیگاریکار بە مردن ناوبرا، زۆر کەس شوێنیان کەوتن، تا خۆکوشتن بڵاوبوەوە، پاشا بەتلێمۆس ترسی لێنیشت لە گەورەبوونی بانگەوازەکە، بۆیە فەرمانی دوورخستنەوەی ئەو و داخستنی قوتابخانەکەیدا، کەسانی وا لەم قورینائیەتەدا دەرکەوت وەك (ئەنیسربس) وتیان کەسی دانا قوربانی بەخۆی دەدات لە پێناو هاوەڵ و تاکەکانی خێزانەکەی، بەمەش چێژی هەستەکانی بۆ چێژی عەقڵ جێهێشت، بەمەش ڕێبازی چێژ گەشەی کرد لەسەر دەستی شوێنکەوتووانی تا گەیشتە وازهێنان لە چێژ – واتە وازهێنان لە چێژە هەستییەکان بۆ چێژە عەقڵییەکان[١].

### ٤- فەلسەفەی ئەخلاق لای میغارییەکان:

ئیقلیدس بوونی بارمیندی و خێری سۆکراتی بەیەکەوە کۆکردەوە، بوون یەکە، خێریش یەکە، دواتر بوون و خێر یەکسانن، بوون خێرە، خێریش بوونە، ئەوەی کە خێر نییە ئەوا بوونی بۆ نییە، خێر بە زۆر شت دەوترێ، لەوانە: (ئامێر – ئامانج – دانایی)[٢].

بوون لە چەند ناوەڕۆك و کرۆکی جیاوازدا وا دەردەکەوێ بریتی بن لە دیمەنی ڕەسەن، بوونی نییە تەنها لە هزردا نەبێ، ئەگەر بە حەقیقەت دایبنێین، هەموو قسە و بڕیارێك قەدەغە دەکات، چونکە دانانی ئەو لە بازنەی ڕاستیدا وا دەکات جیاواز و تایبەتمەند و جێگیر بێت، چۆن یەکێك دەخرێتە سەر ئەوەی تر، بەهەمان شێوە جوڵەش قەدەغە دەبێ، بەهۆی قەدەغەبوونی

---

[١] بڕوانە: الفلسفة اليونانية أصولها وتطورها، ص ١١٥.

[٢] بڕوانە: النشار، د. علي سامي، نشأة الفكر الفلسفي عند اليونان، ص ٢٦٠.

وەرچەرخانی ناوەڕۆك و كرۆك بۆ جگە لە خۆی، حوكم و بڕیار زیادەڕەوییە و جوڵە خەیاڵە و كرۆكی شتەكان یەكە، ئەگەر ناوەكانیشی جۆرا و جۆر بن[1].

حاڵ ئەوەیە كاتێك (یقلیدس) دەڵێت: خێر یەك شتە، ئەگەرچی بەم ناوانە ناوبنرێ (زانست – ئامراز – عەقڵ) یان هەر ناوێكی تر، كاتێك دژەكانی خێر ڕەت دەكرێنەوە و جەخت لە نەبوونیان دەكرێتەوە، وا دەردەكەوێ مەبەستی لەمەدا بەرەنگاربوونەوەی هەر هەوڵێك بێ بۆ بەیەكەوە كۆكردنەوەی تێڕوانینەكان لەبارەی هەر ڕێگەیەكی تر جگە لەو ڕێگەیەی دانی پێدادەنێ بۆ جێبەجێ كردن و تەواوكردنی، یان هەر هەوڵێك بۆ جیاكردنەوەیان لە یەكتری، لە هەر ڕێگەیەكی ترەوە بێ جگە لەو ڕێگەیەی ڕەتی دەكاتەوە.

زانست و ئامێر و عەقڵ بە دیاریكراو ئەو سنوورانەن ئەفلاتۆن هەوڵیان بۆ دەدات بۆ نموونە لە تیماوس، بۆ جیاكردنەوەیان لە یەكتری و جیاكردنەوەیان بە گشتی لە خێری بە ناو، لەگەڵ سووربوون لەسەر بەیەكەوە بەستنەوەیان لە ڕێكخستنی هەڕەمیدا. ئیقلیدس كرۆكی شتەكان بە یەك دادەنێ و دژەكانیان ڕەت دەكاتەوە، تا ڕێگە بگرێ لە هەر جۆرە ڕامان یان سەیركردنێكی هاوشێوەی ئەوەی گفتوگۆكانی تیماوس یان فیلابۆس لەخۆی گرتووە.

جۆراو جۆری تەنها بە ناوە نەوەك لە شتەكاندا. ئەفلاتۆن لە بەڵگە هێنانەوەكانیدا، پشتی دەبەست بە بەڵگەی هاوشێوە، لە دۆخێكدا ئیقلید هاتنە كایەی ئەم جۆرە بەڵگەیە ڕەت دەكاتەوە، داندەنێ بە هاوشێوەیەكی تر كە كۆك یان جیاواز نییە، سەبارەت بە سنووری ئاگاداركەرەوەی شتەكان هاوشێوەیە، لەم دۆخەدا باشترە هەمان شت بەكاربهێنرێن، سەبارەت بەوەی جیاوازن، ئەوا لەم دۆخەدا دەرەنجام بایەخی بۆ دانانێت[2].

---

(1) بڕوانە: تاريخ الفلسفة اليونانية، ص ٥٩.

(2) بڕوانە: برهيية، تاريخ الفلسفة،ج ٢، ص ٧.

ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی سیفەتێکی ئەخلاقی بە بەر میتافیزیکیای ئەیلیندا بکرێ، یان بناغەیەکی میتافیزیکی بەرپا بکرێ بۆ ئەخلاقی سۆکراتی، لەبەر ئەوەی سۆکرات هەموو جۆرە توێژینەوەیەکی میتافیزیکی و فیزیکی لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیدا دوورخستنەوە، هەروەك ئەیلیەت لێکۆڵینەوەی لایەنی مرۆیی لە توێژینەوەکەی بۆ بوون دوورخستەوە، ئیقلیدس ویستی هەر دووکیان بە یەکەوە کۆ بکاتەوە، ئەمەی دوایی نکۆڵی کرد لە نکۆڵی کردنەکەی بارمیندس بۆ مانای ئەوەی نییە و خراپە و شەڕی لە جیهاندا بە کۆیلە کرد، چونکە دیمەنێکە گوزارشت لە حەقیقەت ناکات بە تەواوی، هەروەك ئیلین نکۆڵی لەو زۆر و بۆریە کرد کە هەستەکان بۆمان دەریدەخەن[1].

"هەروەك بوون هەیە، نەبوون نییە، بەهەمان شێوە خێر هەیە و شەڕ و خراپەیش نییە، هەموو ئەوەی هەیە خێرە، گشت ئەوەش کە نییە ئەوا شەڕە، شەڕ و خراپە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە"[2].

## دووەم – هزری ئەخلاقی لە نێوان ڕواقی و ئەبیقۆریەکان:

### ١- هزری ئەخلاقی لەلای قوتابخانەی ڕواقی:

ئەخلاقی بایەخی هەرە زۆری هەیە لەلای ڕواقییەکان، تەنانەت توێژینەوەکانیان بە پێشەکی دادەنرێ بۆ گەیشتن بە ئەخلاق، ئەم توێژینەوانەیان بە بابەتی ڕوونکەرەوە داناوە لەلایەنی ئەخلاقیەوە، کە فەلسەفەکەیان لەسەری دامەزراوە، هۆکاری ئەمە ئەوەیە ڕواقییەت لە سەردەمی ڕۆمانیدا دەرکەوت، ئەخلاقیش پلەی سەرەکی داگیر کردبوو؟ بۆچی؟.

---

(1) بڕوانە: نشأة الفكر الفلسفي، ص ٢٦٠.

(2) متي، كريم، الفلسفة اليونانية، ص ١٤٥.

لەبەر ئەوەی شارستانیەتی ڕۆمانی لەسەر هێز دامەزرابوو، هەر بۆیە ئەمە بە کرچ و کاڵی لە ئەخلاق لەلای ڕواقییەکان دادەنرا، تا وایلێهات ڕێبازەکە بە ڕێبازێکی ئەخلاقی دانرا، توێژینەوەیان کرد لە حەز و ئارەزوو و هەڵچون و ئەخلاق و ئەرك و واجب و خێر و شەڕی شایەنتر بۆمان، لێرەوە ئەم پرسیارەی خوارەوە دەکەین: ئایا ئەرکی مرۆڤی ڕواقی چییە؟ گرنگترین و بەرزترین ئەرك بۆ بوونەوەر، ئەوەیە بە خودی خۆی عەقڵی سروشتی بدۆزێتەوە و ئەمە لە کردارەکانیدا بەرجەستە بکات، واتە بەپێی سروشت و عەقڵ لە میانەی گرنگترین بنەماکاندا بژیەت. ئەمەش حەزی مانەوەیە کە سروشت پێمانی داوە. لەسەر ئەمە دەست بەوە دەگرین کە سوودی بۆمان هەیە و ئەوەش بەجێدەهێڵین کە زیانی بۆمان هەیە، بەمە ڕواقییەکان هەڵوێستی ئەبیقۆڕیەکانیان بە هەڵە دانا، کە چێژ بە حەزی یەکەمی مرۆڤ دادەنێن، هەروەك ڕواقییەت جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی مرۆڤ بەشێکە لە سروشتی گشتی، بۆیە مانەوەی ئەو بەستراوەتەوە بە مانەوەی سروشت(١).

لەبەر ئەمە دانایی و خێر کۆك و تەبان لەگەڵ ویستی مرۆیی و ویستی گشتی چاکی ڕەها، ناگۆڕێ بە گۆڕانی ئەوەی سوود یان زیانە، بۆیە ڕواقییەت خێر و شەڕی بە بابەتی لاوەکی داناوە، کە سروشتی گشتی پێی وەسف دەکرێ، لێرەدا پێویستە لەسەرمان ژمارەیەك سیفەتی چاك بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بابەتە لاوەکییە جیاوازەکان بە چۆنیەتی نەوەك بە چەندێتی.

٢- لە کۆبوونەوەی بەشەکان پێکنایەت، یان هەیە یان نییە.

٣- خێر بە خودی خۆی ستایشکراوە، ستایشی ئەو کردارانە ناکرێ بە سەربەخۆ و جیاوازن لە کردارە چاکەکان.

٤- هەروەك خێر چاکەیە، چاکەیش بریتییە لە: ژیان بەپێی سروشت و هەماهەنگی چاکە فەراهەم دەکات، هەر بۆیە ملکەچی تاك بۆ یاسایەکی گشتی لەسەر گشت شتێکی نێو

---

(١) بڕوانە: کرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ٢٢٨.

بووندا جێبەجێ دەبێ. لێرەدا پێویستە چاکە و ئەخلاق لای ڕواقییەکان بەم خاڵانەی خوارەوە جیا بکەینەوە:

أ-  بابەتێکی دەرەکی نییە، بەڵکو لەلای خودی خۆی کۆتایی دێت.

ب-  ویستی تەبا و هەماهەنگە لەگەڵ سروشت.

ت-  نرخەکەی ناپێورێ تا بەرجەستە نەبێ. هەر لە سەرەتاوە کاملٚ و تەواوە.

پ-  لە گشت بەشەکانیدا تەواوە. ئەم بەشانە چەند ڕووێکن بە جیاوازی دۆخەکان، کە ئەمانەن:

بوێری: داناییە لەوەی دەبێ پێشبینی بکرێ.

داوێنپاکی: داناییە لە هەڵبژاردنی شتەکاندا.

دادگەری: داناییە لە دابەشکردنی شتەکاندا.

هەر بۆیە کەسی دانای ڕواقی، کەسێکی کاملە، ژیان بەپێی سروشت، بریتییە لە ژیان بەپێی یاسا و ئەو عەقڵەی لە گەردوونی سروشتی و ژیانی مرۆییدا دێت و دەچێت بە یەکسانی، بەسترانەوەی نێوان شتەکان پێویست دەکات، بەشێوەیەك کە ڕێژەی شتەکان خاوەن بەهایەکی گشتی بێ. هەستکردنی ڕواقییەت بە بەسترانەوەی بوونی لە نێوان داننان بە بوونی ڕەگەزی مرۆیی و برایەتی خەڵك و پێویستی هاوسۆزبوون لەگەڵیان، بەمەش بەشدار دەبن لەگەڵ سروشتدا، بەشێوەیەك کە درەوشانەوەی ئەستێرەکان لە ئاسماندا، گوزارشتە لە ڕووناکی چاوی ئەستێرەکان لە میانەی بەشداریکردنیان بە هەستەکانی مرۆڤ، ئەم بانگەوازی بەشداریە سەریکێشا بۆ بانگەوازیکردن بۆ چاك مامەڵە کردنی نەرم و نیانانە لەگەڵیان و سۆز پێداهاتنەوە، هەر چەندە لە کۆتاییدا کۆیلایەتی بە سیستەمێکی سروشتی دانا، هەر بۆیە بانگەوازی دەکرد بۆ ملکەچ بوون و قبوڵکردنی واقیع بەشێوەیەکی نەرێنی ڕەها. زیاتر لەوەی بانگەواز بکەن بۆ شۆڕشکردن دژی ڕژێمی کۆیلایەتی، سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە شەڕ و خراپە، ئەوا بە حوکمێك دایدەنێن بەسەر کردارێك دایانناوە، سەرباری ئەوەی ئێمەی تێیداینە لەو خەم و خەفەتە، بەردەوامەی شەڕ هەڵچونی خەفەت هاودەمیەتی، مردنی خۆشەویستێك خراپە نییە، بڕیارێکە بەوەی ئاشوبێکە

پێویستی بە خەفەتە، ئەمەیان هەڵەیە، بڕیارە هەڵەکان بەرپرسن لە هەڵچونە هەڵەکان، پێویستە دانای ڕواقی خۆی لێ بپارێزی، هەر بۆیە ڕواقییەت جەختی کردۆتەوە لەسەر بەشدار کەسی دانا لە هەست و سۆزی خەڵکدا بە گشتی و نهێنی خۆی دەپارێزی لە هاوسەنگیەکەیدا و دوورخستنەوەی هەڵچونەکان[1].

خێر پەیوەستە بە ویستەوە، بەوپێیەی ویستی مرۆڤ پەیوەستە بە خواوەندەکانەوە، چونکە دەروونی مرۆڤ بەشێکە لە ویستی مەزن، ویستی خێر بە تەنها دەتوانرێ بە خێر ناوببرێ، بەڵام دەوڵەمەندی و تەندروستی باش و پێگە ئەوا شتی دەرەکین، ڕێژەیی و گۆڕاون، دەتوانین حوکمیان لەسەر بدەین، چونکە دروستی حوکم و ویست هیچ شتێکیان نییە جگە لە ویستی ئێمە نەبێ بۆ ئەمە، مرۆڤی دانای کامڵ دەبێ ئەم ویستەی هەبێ، دەبێ چاك بێ، چونکە ئەخلاق وەك زانستە، لەوانەیە هەبێ یان نەبێ، ئەگەر هەبوو ئەوا دەبێتە کرچ و کاڵی بۆی، دانای ڕواقی بەوە تایبەتمەندە بەوەی دەزانێ هەموو شتێکی نێو سروشت بە عەقڵی گشتی یان ویستی خوایی یاخود بە قەدەر ئەنجام دەدرێ، لە دوای مرۆڤی کامڵ لەلای ڕواقیەت جۆرێکی تر لە مرۆڤ هەیە، ئەویش مرۆڤی کرچ و کاڵە، دەزانێ ئەرك و سنوورەکانی چین، بەڵام بە عەقڵی خۆی بەرز نابێتەوە بۆ ویستی گشتی لە سروشتدا. ئەو ئەرکانەی پێیەوە پەیوەستن، بە پاشکۆی ویستی ئەو دانانرێن، بەڵکو بە ئەرکی پێویست دادەنرێن کە جێبەجێیان دەکات، نەوەك لەسەر یەکێتی گشتگیر بۆی، هەر بۆیە بە کردەوەی چاك یان خراپ دانانرێ، مرۆڤی کرچ و کاڵ چەند پلەیەکی هەیە[2]:

١- پلەی نزمی مرۆڤ، کە تیایدا لە زۆربەی کەم و کورتییەکان بەرییە، چونکە ناچێتە ناو یاسای گشتیدا.

---

(1) بڕوانە: الدکتور علي أحمد عبجالقادر، تطور الفكر السياسي (الإغريق الأقدمون)، ص ١٨١.

(2) بڕوانە: كرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ص ٢٣١.

٢- پلەی دووەم، تیایدا مرۆڤ بەرییە لە گشت جۆرە ئارەزوویێك، بەڵام دەکرێ بکەوێتە ناویەوە.

٣- پلەی سێیەم، مرۆڤ تیایدا سەلامەت و پارێزراو دەبێ لە مەترسی کەوتن، هیچی کەم نییە لەوەی ببێتە دانا، جگە لە هەستکردن بە دانایی نەبێ.

مرۆڤی خراپ: ئامانج لای ئەو بیرۆکەی سروشتە، خۆی بە ناوەندی بوون دادەنێ، حەزەکانی لە ڕاستەڕێیە سروشتیەکەی دەرچووە، هەر بۆیە دەکرێ دووچاری خراپە و هەوا و هەوەس ببێتەوە، بەختەوەریەکەی لەمەدا کورت دەبووەوە. کردەوەکانی بێ دانایی بوون و نا هەوسەنگ و ناهەموار بوون، بیرۆکەی سروشتی گشتی لەبەرچاوی ئەو ونبووە، خۆی کردۆتە سەرچاوەی بوون، حەزەکانی لە ڕاستەڕێی سەرەتاییەکەی لایداوە، بەرەنگاری خێری گشتی بووەوە بە پۆلە تارماییەك بۆ خێری لاوەکی، بەختەوەری خۆیان لەمەدا کورت کردۆتەوە، بۆیە دووچاری خەم و خەفەتی جیاواز بوونەتەوە، کردارەکانی تەواو دژی داناییین، هەموویان سەرپێچی عەقڵ و سروشتن، یەکسان و گران و سوکیان لە نێواندا نییە، تەنها لەو ڕووەوە نەبێ کە هەیانە تاوانی زیاتری تێدایە لەوەی تر، وەك کوشتنی باوك، کە گیانکێشان و ستەم و ناپاکی و نکۆڵی کردن لە جوانی لەخۆی دەگرێ، بەم پێیە سزایەکان جیاوازن، حەزەکان لەڕێ لادەدەن بەهۆی ئەوەی چێژەکان تێر دەکات و دەکاتە ئامانجی خۆی، ژینگە بۆ ئەمە یارمەتیدەر دەبێ، بەوەی لەسەر منداڵاندا دەسەپێنرێ لە داب و نەریت بۆ خۆپاراستن لە سەرما و برسێتی و ئێش و ئازار بە جۆرەکانیەوە، قەناعەتیان پێدێنێ کە هەموو ئازارێك خراپە، بەهۆی جۆشکردنیان بەدرێژایی ماوەی پەروەردەکردنیان بە چێژ و سامان و کەڕامەت، بە زمانی خانەوادە و ژیردەر و مامۆستا و هونەرمەند و شاعیرەکان. بەمەش حەزەکان دەبنە هەوا و هەوەس، واتە زیادەڕەوی دەکات لە بەرامبەر عەقڵ، ناخ هەراسان دەکات و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەخلاق و بەختەوەری، نەوەك هەڵچون یان هەستکردن بە ئێش کە لە ناخدا پەیدابووە لە شتەکانەوە، جیاوازی نێوان ئەمانە وەك جیاوازی نێوان ئێش و خەفەتە، یان چێژ و بەختەوەریە: خەفەت و بەختەوەری دوو هەڵوێستی مرۆڤن سەبارەت بەوەی هەیە، پەیی بەرن بە ئێش و خۆشی مرۆڤ، کە دوو دۆخی بەرهەستی

مرۆڤن. هەڵچون لە ڕەزامەندی دەروون یان ناڕازی بوون سەبارەت بە شتێك یان ڕووداوێك دروست دەبێ، واتە حوکمە، نموونەی ئەمەش: ((مردنی دۆست کارەساتە)) دەروون ناجولێنێ، حوکمی ئێمە نییە، بەڵکو حوکمەکەمان ئەوەیە "پێویستە بۆ ئەم کارەساتە خەفەتبار بین"، ئەگەر بمانەوێ ئەم خەفەتە دوور بخەینەوە، نەوەك حوکمی یەکەم، هەموو هەڵچونەکانی تر لەسەر ئەم بپێوە: هەڵچونەکان پێچەوانەی سروشت و عەقڵن لەم لایەنەوە، و لەلایەنی زیادەڕەوی تێدا کردن و شڵەژانی دەروون پێی، هەمووی پیس و پۆخڵە دەبێ ڕیشەکێش بکرێ. قوڵبووەتەوە لە نا مەعقوڵیەتدا، زیاد و کەمبوونی سەربەخۆ و جیاوازن تا ئاستێك لە حوکمەکە، بۆ نموونە دەبینین خەفەت زۆرترە لەو ماوەیەی نزیکترە لە کاتی ڕووداوەکە، دوای تێپەڕینی کات سوکتر دەبێ، لەوانەیە هەڵچون گەشە بکات و ڕەگ دابکوتێ، بەمەش ببێتە نەخۆشییەك لە دەروووندا، کە سەختە چارە بکرێ، ئەمەش نزمترین پلەیە.

ڕواقییەکان بۆ ڕای سۆکرات دەگەڕێنەوە، کە ئەخلاق و چاکە زانستە، خراپە و پەستی نەزانییە، دەڵێن هەڵچون لە هێزێکی نا ژیرانەوە سەرچاوە دەگرێ، یان ئەمە ژیریە دەبێتە نا ژیرانە بە هێواشی دەروون، ڕۆیشتنی لەگەڵ حەزی زیادەڕەو و بڕیاری درۆ[1]. بەڵام چۆن دەبێ هاوشێوەی ئەم بڕیارە و هەموو ئەوەی لە سروشتدایە، لە عەقڵی گشتیەوە دەربچن؟.

ئەگەر خێر لە ویستدا کورت ببێتەوە، شتەکان نەخێر و نەشەڕن، ئەوە دێتە ئەنجام کە ئەخلاق و یاسا جیاوازەکانی نێوان گەلان تەواو داب و نەریتین، هەروەك سۆفستائی و کەلبییەکان وا دەڵێن.

کۆبوونەوە بە خودی خۆی، ئەوا ڕێك و تەبایە لەگەڵ سروشت، لە خێزانەوە دەرچووە، ئەویش کۆمەڵەیەکی سروشتییە، بە درێژبوونەوەی هاوسۆزی بۆ دەرەوەی چوارچێوەکەی، پێچەوانەی ئەوەی ئەبیقۆر دەیڵێت، نابێ ئەم هاوسۆزی گۆڕینەوەیە لەلای ئاستێك بوەستێت، نابێ خەڵك

---

[1] بڕوانە: کرم، تاريخ الفلسفة اليونانية، ص ٢٣١.

بەپێی شار و گەل و نەتەوەکان دابەش ببن، هەر یەکەیان دەمارگیری و یاسایەکیان هەبێ، چونکە هەمووان برای یەکترن، لە نێوانیاندا گەورە و کۆیلە نییە، هەموویان هاوڵاتین، لەو ڕووەی لە ناوەڕۆك و کرۆکدا یەکن و لە سەك سروشتدا هەن، کە دایك و یاسای ئەوانە، نیشتمانی کەسی دانا هەموو دونیایە – ئای چەندە دوورین لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ! کەسی دانا بە هەموو ئەرکەکانی هاوڵاتی هەڵدەستن، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەبیقۆریەکان دەیانەوێ، خێزان پێکدێنێ، بایەخ بە سیاسەت دەدات، بەڵام شۆڕش دژی ئەو سیستەمە ناکات کە هەیە، هەوڵ نادات مەدەنیەتێکی باڵا بەرجەستە بکات، بەڵکو سیستەم سیاسەت بە یەکسان دادەنێ، تێدەکۆشێت لە چاك ڕەفتار پێکردنی(١).

## ٢- تیۆری ئەخلاقی لەلای قوتابخانەی ئەبیقۆر

### یەکەم- ناوەڕۆکی دەروون لە هزری ئەخلاقی ئەبیقۆریدا:

دەکرێ ڕای ئەبیۆرقیەت لەبارەی دەروون لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

یەکەم: ئەبیقۆر تێڕوانینی دیمۆقریتسی ئامێری بە بنەما دەکات، لە فەلسەفەکەی ئەو تێبینی ئەوە دەکرێ هەموارکردنێکی کردووە بۆ تێڕوانینی ئامێری پێشوو لەبارەی جوڵەی خود، ئەمەش بۆ هێشتنەوەی بەرپرسیارێتی. ئەم هەموارکردنە لەم وتەیەدا دەردەکەوێ: گەردیلەکان لە کاتی بەربوونەوەیان بۆ خوارەوە کەمێك لادەدەن لە ئاڕاستەکەیان، بەهۆی سەنگینیان و بە یەکترەوە دەبەسترێنەوە، بەمەش شتەکان و دواتر جیهان پێکدێنن، ئەگەر ئەم لادانە نەبوو ئەوا گەردیلەکان تاك تاکە بڵاو دەبوونەوە، تەنە ماددیەکان دروست نەدەبوون(٢).

---

(١) أيضا، ص ٢٣٢.

(٢) بڕوانە: شارل فرنر، الفلسفة اليونانية، ص ٢٠٠، وكذلك ينظر: كريم تمي، الفلسفة اليونانية، ٢٦٠.

له دەرەنجامی ئەم هەموارکردنە، ئەبیقۆڕ دەستەبەری ئازادی مرۆڤایەتی کرد، دواتر بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەستەبەر کردووە، مرۆڤ لەسەر ئەم بنچینەیە ملکەچی پێویستی ئامێرییە، شتێکی زانراوە ئەبیقۆڕ نکۆڵی کردووە لە چاودێری خوایی. تا سیستەمی گەردوون بپارێزێ، ئا لێرەوە نکۆڵی لە هۆکارگەرایی گشتی دەکات، تا ئازادی بۆ مرۆڤ مسۆگەر بکات.

أ- ناوەڕۆکی دەروون:

دەروون لای ئەبیقۆر وەك دیموقریتس لە گەردیلە پێکدێت، هاوشێوەی شتەکانی تر[1]، بەمانایەکی تر دەروون جەستەیە لە ڕاستیدا، جەستەیەکی تەنکە لە کرۆکی نەرم و خولاوە پێکهاتووە[2]، ئەو دەروونە بە دەروون دەچێ کە تێکەڵی گەرمی بووبێتەوە. ئەمە بۆ دەروونی ژێر دروستە، کە ناوەندەکەی سینەیە، هەروەك لەسەر ئەو دەروونە ژێرە دێتەجێ کە لە گشت ناوچەکانی جەستەدا بڵاوە[3].

**ب- پەیوەندی دەروون بە جەستەوە:**

ئەبیۆر تاوتوێ ئەم پەیوەندیەی کردووە، لە میانەی لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی دەروون، دەریخستووە دەروون ناتوانێ ئەرکەکانی ئەنجام بدات، ئەگەر لەگەڵ جەستە یەکی نەگرتبێ، ئەرکەکانی دەروون: هەستکردن و هۆشیاریە. دەبا بوەستین ئەم ئەرکانە دیاری بکەین، لە میانەیدا پەیوەندی نێوان جەستە و دەروون ڕوون بکەینەوە.

ئەبیقۆڕ بۆچوونی وایە، دەروون بنەمای هەستکردنە، مادەم لە ئامێری جەستەدایە، لە کاتێکدا ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئەندێشەی ئەوەی بکەین دوای فەنابوونی جەستە هەستکردنی خۆی بپارێزێ، بۆمان ئەستەمە ئەندێشەی ئەوە بکەین بنەمای هەست لە شوێنێکی تر بەرپا دەبێ جگە

---

1) بڕوانە: Lucretius, on nature of things, p. 111

2) بڕوانە: شارل فرنر، الفلسفة اليونانية، ص ٢٠١.

3) أيضا: ص ٢٠١.

له ئامێری جەستەیی، دەتوانێ پشت بەو جوڵانی نەبەستێ کە لە جەستەدا ڕوودەدەن. ئەستەمە وێنای ئەوە بکەین، بنەمای هەست دەمێنێتەوە، کاتێك تەواو لە جەستەدا نابێ کە لەخۆی دەگرێ، لە کاتێکدا تەنها لە جەستەدا دەتوانێ پیادەی ئەرك و کارەکانی بکات[1].

لەبەر ئەوەی دەروون تەواو تەن و جەستەیەکە. ئەوا دەتوانێ کاریگەری تەن و جەستەکانی دەرەکی وەربگرێ، کە سەر بۆ هەستکردن دەکێشن[2].

سەرباری هەستکردن، ئەوا ئەبیقۆر ڕاڤەیەك پێشکەش دەکات بۆ کرداری هۆشیاری، تیایدا پەیوەندی دەروون بە جەستەوە روون دەکاتەوە، جەستە پەیی پێدەبات مادەم لەگەڵ جەستە یەکی گرتووە، کاتێك لە جەستە جیادەبێتەوە، ئەوا لە هۆشیاری و پەیی پێبردنیش دەوەستێت[3].

**ت- مردن و هەرمان:**

ئەبیقۆر چارەسەرێکی پێشکەش کرد بۆ پرسی مردن و هەرمان، لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفە گەردیلەییە ئامێریەکەیدا، بۆچوونی وابوو مادەم ئێمە زیندووین مردن ناتوانێ ئێش و ئازارمان بۆ دروست بکات، ئەگەر مردین ئەوا ئێمە ئازار ناچێژین، چونکە هۆش لەدەست دەدەین و هەست بە مردن ناگەین، چونکە ئەگەر ئەو کات ئێمە هەبووین بەوپێیەی بوونەوەری هۆشیارین ئەوا مردن نابێ. ئەگەر مردن هەبوو ئەوا ئێمە لە بووندا نابین[4].

---

(1) بڕوانە: فرحان، محمد جلوب، النفس الإنسانية، ص ١٢٨.

(2) بڕوانە: شارل فرنر، ص ٢٠٢.

(3) بڕوانە: Lucretius, op. cit, p. 111

(4) كريم متي، المصدر السابق، ص ٢٦١.

پێی وایە، بڕوابوونی مرۆڤ بە هەرمانی دەروون لە دوای مردن، دەبێتە هۆی دوودڵی و تەنگوچەڵەمە بۆی، لەسەر ئەمە بۆچوونی وابووە هەرمان هیچ بوونێکی نییە، پێویست بە دوودڵی و شڵەژان ناکات سەبارەت بەوەی چی بەسەر دەرووندا دێت لە دوای مردن، چونکە ئەو گەردیلانەی دەروونیان لێ پێکدێت، لە کاتی مردندا لە جەستە جیا دەبنەوە و لێرە و لەوێ بڵاو دەبنەوە، دەستەوەسان دەبێ لە درک پێکردن و هۆشیاری[1].

لە هەمان ئاڕاستەدا بڕیار دەدات بایەخ بە ژیانەکەی تر نەدات. لەبەر ئەوەی دەبێتە مایەی خەم و خەفەت و ترسی زۆر بۆ مرۆڤ، با گوێبیستی وشەکانی ئەبیقۆڕ بین لەم ڕووەوە: ((هیچ کارێکمان بە مردن نییە، بەلاشمانەوە گرنگ نییە، چونکە عەقڵ فەنا دەبێ))[2].

### پ- چێژی دەروون و چێژی جەستە:

ئەبیقۆڕ تاوتوێی چێژ و لەززەت دەکات، جیاوازی لە نێوان دوو جۆر چێژ دەکات، چێژی دەروون و چێژی جەستە. چێژی دەروونی پەسەند کردووە، چونکە مەزنتر و زیاتر دەمێنێتەوە لە چێژی جەستە. لەوانەیە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چێژی دەروون چێژی تریش جگە لە چێژی ساتی هەنووکە، یادەوەری چێژی ڕابردوو و پێشبینیکردنی چێژی داهاتوش دەگرێتەوە. لە کاتێکدا چێژی جەستە لە سنووری ساتی ئێستادا کورت بۆتەوە. لە بۆچوونی ئەبیقۆڕدا هیچ شتێك لەوە هەڵەتر نییە چێژ بکرێتە دۆخێکی تێپەڕبوو و کاتی، نەبێتە کۆڵەگەی خێری مەزن، کەواتە دەروون لە ڕاستیدا چێژ لە بڕیاری کات ڕزگار دەکات و دەیکاتە شتێکی بەردەوام[3].

---

**(1)** بڕوانە: فرحان، محمد جلوب، المصدر السابق، ص ٢١٩.

**(2)** أيضا: ص ١٢٩.

**(3)** بڕوانە: شارل فرنر، المصدر السابق، ص ٢١٢.

ڕوانینی ئەبیقۆر بۆ چێژی دەروونی، بەوەی ڕابردووش دەگرێتەوە، وای لەو کرد بۆچوونی وابێ، دەروون دەتوانێ بەهۆی ئازادیەکەی ئەو هزرانە دوور بخاتەوە کە خەفەتی پێدەدەن، بەتەواوی ڕوو بکاتە ئەو وێنانەی چێژ بەخشن و تامەکەی چەشتووە. کاتێك دەروون بە هێزەوە پەیوەست دەبێ بەم وێنانەوە. ئەوا زیندوێتیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتە هەیبووە کە هەستی کرداری بوون. بەمەش دەتوانین زاڵبین بەسەر ئەو ئێش و ئازارەی جەستەکەمان دەیچێژێت لە کاتی ئێستادا.

ئەبیقۆر لە دواین ڕۆژی ژیانیدا، کاتێك زۆر ئێش و ئازاری هەبوو، توانی بڵێت: ئەو زۆر بەختەوەر بووە بە تەواوی. چونکە ئێش و ئازارەکانی قەرەبوو دەبوونەوە بەو خۆشیانەی یادگارییەکانی، کە بریتین لەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ قوتابیەکانی ئەنجامی داون[١].

### ٣- ئەخلاق لەلای ئەبیقۆریەکان:

قوتابخانەی ئەبیقۆریەت بایەخی بە فەلسەفەی ئەخلاقی داوە، زیاتر لە بابەتەکانی تر، چێژی ئەبیقۆریەت، بریتی بوو لە چێژی جەستەیی کە دەگاتە بەختەوەری بێ چەند و چوون، ئەبیقۆر بڕیاریدا چێژ ئامانجە، پێیگەیشتنی لە ڕێگە و هۆکارێکەوەیە ئەویش ئەخلاق و چاکەیە. عەقڵ و دانایی دوو ئامرازن، ئەخلاق ئاڕاستە دەکەن بەرەو ئامانجی خوازراو، ئەبیقۆر جەخت دەکاتەوە ناتوانین وەسفی چێژ بە ناشرین یان جوان بکەین یاخود بە خێر داینێین، بەڵکو هەموو چێژێك خێرە، لەسەر ئەم بنچینەیە، دەبێ هەر ئامرازێك بەرەو چێژ خێر بێت، مەبەستمان لەمە ئەوەیە چێژ چەند ئامانجێکی هەیە، هەندێك جار چێژ ئێش و ئازار دروست دەکات، هەندێك جاری دیکەش بێ ئێش و ئازارە، لەسەر ئەم بنچینەیە ئامانجی بنچینەیی ڕێبازی ئەبیقۆر گەیشتنە بە دڵی دڵنیایی و ئاسودەیی، بەهیچ شتێك شێڵو نەبێ، لەسەر هاوسەنگی دامەزرابێ، پێی وابوو ئارەزووە

---

(١) أيضا: ص ٢١٢.

جیاوازەکانی جەستەی بە گوێچکەی خێری باڵای داناوە، ئەمە چێژە، بنچینەی بەختەوەریە، ئەمانە لەخۆدەگرێ[1]:

١- چێژێکی سروشتی و پێویست، ئەمە سادەترینی چێژەکانە، هەموو حەزەکانی تر لەسەر دادەمەزرێن، ئەم چێژە گوزارشت لە چێژەکانی جەستە دەکات، دەستخستنی ئەم چێژە لە میانەی کارلێك و هەڵچونەکانی جەستەوە دەبێ، ناکرێ جڵەوگیر بکرێ، مەگەر بە بەدەستهێنانی ئەم چێژە نەبێ، کە ئێش و ئازار هێور دەبێتەوە. نموونەش لەسەر ئەمە چێژی خواردنی خواردەمەنی یان خواردنەوەی ئاو و جگە لەمانەش.

٢- چەند چێژێکی سروشتی لە کۆمەڵە ئارەزووێکی سروشتی دەرچوون، بەڵام پێویست نین، ئێش و ئازار هێور ناکەنەوە. نموونەی ئەمەش جل و پۆشاکە گرانبەهاکان و جگە لەمانەشن.

٣- ئەو چێژانەی لە ئارەزووی نا سروشتی و نا پێویست هەڵقوڵاون، بەڵام بە دەروونەوە وەستاون، لەسەر گومانی پوچەڵ، نموونەی ئەمەش مرۆڤی لەخۆبایی و خۆبەزلزانە.

٤- چێژەکانی عەقڵ، لەسەر ڕامانی چێژەکانی جەستە وەستاون، لەمانە بەرزتر نین، بەوە جیاواز کە دەتوانرێ جڵەوگیر بکرێن، هەر بۆیە دەتوانین زاڵبین بەسەر بابەتەکانی ڕامان و وردبوونەوەی.

لەسەر ئەم بنچینەیە مرۆڤی چاك هەوڵی خۆی کورت دەکاتەوە لە هەوڵدان بۆ داواکردنی حەزەکانی و بە تەواوی ڕوودەکاتە دوورکەوتنەوە لە چاڵاکی و بەرپرسیارێتی، بەهۆی ئەوەی جیاوازی دەکات لە نێوان چێژی ئەرێنی و چێژی نەرێنی و بەرایی و پێشەنگی دەداتە چێژی نەرێنی، سەبارەت بە چێژی ئەرێنی ئەوا پیادە دەکرێ لە هەوڵدان بۆ ئامانجێك، کە داواکردنی ئەو شتە لەخۆدەگرێ کە پێویستمان پێیەتی، هەر کە بە ئامانجەکە دەگات ئەوا چێژی نەرێنی

---

[1] بڕوانە: کرم، مصدر سابق، ص ٢١٦ – ٢١٧.

دەستەبەر دەبێ، ئەم حەزە جۆرێك تێربوون پەیدا دەكات، هەر بۆیە ئەخلاق لای ئەبیقۆڕ سیفەتی هۆشیاری و زیرەكی هەبوو، تاك لایەنەیە، ئەمەش هۆكاری حەز یان هەستكردنی كەسییە، بەوپێیەی سیفەتێكە بۆ هەوڵدانی ئەرێنی تا دەگاتە خودی زانین و مەعریفە.

جەختی لەسەر سیفەتی هاوسەنگی كردۆتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بۆ دۆخی هاوسەنگی، كە هیچ شتێك شێڵوی ناكات، ئەمە بەرزترین چێژە، لێرەوە دەگەین بەوەی پێناسەی ئەبیقۆڕ بۆ فەلسەفە ئەوەیە: بەو پێیەی دانایی كرداریيە، كە بەختەوەری فەراهەم دەكات بە بەڵگە و هزر، مانایەكی بەخشیوە بە چەمكی دۆستایەتی و لە هەموو شتێك بە بەرزتر دایناوە، سەربارى ئەوەی دۆستایەتیش دەچێتە ناو چوارچێوەی چێژە ئەرێنیەكان نەوەك نەرێنیەكان. ڕاڤەی مردنی كردووە بەوەی شڵەژانی دەروونە لە میانەی سروشتدا، ترس بەهۆی پەیوەستبوونی بیرۆكەی مردن بە ئەفسانەكانەوە هاتووە، بەوەی كەسی دانا هەروەك ئەبیقۆڕ دەڵێت: دەزانێ شتەكان سیستەمێكیان هەیە، لە دیاردە سروشتییەكان و قەدەر ناترسێ، وێناكردنی مردن كاری مێشكە، كە خەیاڵی جەستەی مردووی هەڵوەشاوە و تاریكی گۆڕ دەكات، ئەمەش سەردەكێشێ بۆ ترس و تۆقین، كەسی دانا مردن فەنابوونێكی تەواوە و بوون بەرامبەر نەبوونە، هەر كە مردن پەیدابوون، دەگەینە نەبوون، چونكە هیچ هەستكردنێك بە ترس نامێنێ. هەروەك كەسی دانا پەشیمان نابێتەوە و بیریش لەوە ناكاتەوە كە تێپەڕیوە، چونكە هەرمان ئەستەمە، گرنگ ئەوەیە بەختەوەری بەدەستبهێنێ بە ماوەكەی بەڵكو بە هێزەكەی، چونكە ماوە كاتی هێزی چێژ زیاد ناكات، گەورەترین نرخ لەبارەی چێژی جەستەیی لای ئەبیقۆڕیەت چێژی عەقڵییە، چونكە چێژی جەستەیی ئێستا دەبێ بەڵام چێژی عەقڵی ڕابردوو و ئێستا كۆ دەكاتەوە، چاكترین چێژ ئارامییە، كە ئاسودەیی دەروونە، چاكەی چێژ ئەبیقۆڕ جەختی لەسەر كردۆتەوە بریتییە لە دۆستایەتی، دووپاتیشی كردۆتەوە هەڵاتن لە ئێش و ئازار باشترە لە ڕۆیشتن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنلنی چێژ، ئەبیقۆڕیەكان هەوەسباز نین، جەختیان لەسەر هاوسەنگی كردۆتەوە، هەروەك ئەبیقۆڕ لە وتەیەكیدا لە بارەی چاكە دەڵێت: (چاكە بكەیت باشترە لەوەی چاكەت لەگەڵ بكرێ) هەروەك دەڵێت: (دەستی بەرز لە دەستی نزم باشترە). كەسی دانا لای ئەبیقۆڕ، ئەو كەسەیە بە تەواوی

زالْ دەبێ بەسەر ئارەزووەکانیدا تا بەرەو گومڕایی نەیبات، ئەبیقۆر ڕێسا سیاسیەکانی بە بەرنامەیەك داناوە لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگە لە گێل و گەوجەکان، دەوڵەت دامەزراوە لە ڕێکەوتنی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر بۆیە دەبێ ڕێز لە یاسا بگرین، گوێڕایەڵی بین لەسەر بنچینەی ئەوەی تاکەکان لەم کۆمەڵگەیەدا یاساکانیان داناوە، کەواتە ئەمانە فەرمان نین لە سەرچاوەی دەرەکیەوە هاتبن، بەڵکو لە نوێنەرەکانیانەوە هاتوون.

## سێیەم – سەرچاوەکانی هزری ئەخلاقی لەلای ئەفلۆتین:

لە سەدەی یەکەمی پێش زایین، لە هەر دوو سەدەی یەکەم و دووەمی دوای زایین، ڕەوتێکی نوێ بەدیدەکەین هێرش دەکاتە سەر هزری یۆنانی، خەریکە زۆر بە توندی جیاببێتەوە لە ڕەوتەکانی پێش خۆی کە لە فەلسەفەی یۆنانیدا هەبوونە، جیاببێتەوە بە جۆرێکی تایبەت، چونکە ئێمە بەمە ناتوانین بەمە بیخەینە ناو چوارچێوەی ڕۆحی یۆنانیدا، ئەم ڕەوتە تازە گەیشتووەتە چڵەپۆپە، لەلای کەسایەتیەکی فەلسەفیدا، کە جۆری یەکەم دادەنرێ لەوانەی گشت مرۆڤایەتی ناسیویەتی، مەبەستمان لێی کەسایەتی ئەفلۆتینە.

### ١– سەرچاوەی ئەخلاقی ئاینی لە نێوان فیلۆنی ئەسکەندەری و ئەفلۆتین:

فیلۆنی ئەسکەندەری (٢٥ پ. ز – ٥٤ پ. ز)[1] فەیلەسوفێکی جولەکەیە، بیرکردنەوە فەلسەفیەکی دامەزراندووە لەسەر گشتاندنی لە توێژینەوەی دەقەکانی تەورات و کاریگەربوونی بە دەق و حوکمەکانی، سەرباری دەورەدرانی بە فەلسەفی یۆنانی بەشێوەیەکی گشتی و ئەفلاتۆنیەت و قوتابخانەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی، تەنانەت بە

(1) التكريتي: د. ناجي، الفلسفة الأخلاقية الأفلاطونية عند مفكري الإسلام، ص ١٨٥.

فیلۆنی ئەفلاتۆنی یان ئەفلاتۆنی جولەکە ناوزەد دەکرا، سەرباری شارەزاییەکەی لە هزرەکانی خۆرهەلاتی دەوروبەری. هەر بۆیە دەبینین یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارەکان، کە فەلسەفەی یۆنانی بەگشتی و فەلسەڤ ئەفلاتۆنی بەشێوەکی تایبەتی بۆ خۆرهەلات گواستۆتەوە، بۆیە شوێنەواری هەبوو لە ئەفلاتۆنیەتی تازە و بیرکردنەوەی مەسیحیدا.

فیلۆن فەلسەفەکەی خۆی لەسەر ئاوێتەکردنی ئایین و فەلسەفە دامەزراند، جیاوازی ناکات لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا، هەر چەندە شتی لە دانایانی یۆنان وەرگرتووە، داندەنێ بە بلیمەتی و داهێنانیان لە بواری فەلسەفەدا، کەچی بە ئایین و دەقەکانی تەورات دەستپێدەکات و لێکدانەوەیان بۆ دەکات لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەدا، دەلێت حەقیقەت هەمووی لە تەوراتدا هەیە، بەلام بەهەمان شێوە داندەنێت بەوەی ڕێبازی ئەفلاتۆنی دەگاتە حەقیقەت[1].

بیرۆکەی سەرەکی لای فیلۆن، بیرۆکەی خوایەکی پایەبەرز و جیاوازە لە جیهان و دروستکەریەتی، لە دوورەوە بەڕێوەی دەبات، واتە چاودێری خۆی بۆ جیهان لە ڕێگەی نێوەندگیرەکانەوە ئەنجامدەدات، بەهەمان شێوە دەروون هیچ شتێك نازانێ لەبارەی ئەم بەدیهێنەرە و سیفەتەکانی، تەنها لە ڕێگەی ئەم نێوەندگیرانەوە نەبێ، کە جیاوازی و دابڕان ئەنجام دەدەن لە نێوان ئێمە و ئەواندا، ئەویش لە ڕێگەی ئەم نێوەندگیرانە شتەکانی دەگەیەنێ، هەر نێوەندگیرێك ڕۆلێێکی هەیە دەیگێڕێ، ئەم نێوەندگیرانە جیاواز و پلە پلەن تا دەگەنە بوونەوەرەکان بە جۆرەکانیانەوە. وشەی (Loges) بریتییە لە نێوەندگیری یەکەم، کوڕی خوایە، کە نموونەیەکی جیهانی تێدا بەدی دەکات، جیهان بەهۆی ئەوەوە دروست دەکرێ، دواتر دانایی و پاشان پیاوی خوا ئادەم بەدوایدا دێت، ئینجا فریشتەکان و گیانی خوا و لە کۆتاییدا هێزەکان (Les Puissances) دێن،

---

[1]) بڕوانە: حنا الفاخوري، تاريخ الفلسفة العربية، ج ١، ص ١٦.

ئەمانە ژمارەیەکی زۆرن لە فریشتە، جنۆکەی هەوایی و ئاگرین، کە فەرمانەکانی خوایی جێبەجێ دەکەن[1].

دەروونی مرۆڤایەتی، دەست بە گەشتەکەی دەکاتەوە بە گەڕانەوە بۆ پێگەی خوایی، لە دوای هەستکردنی بە لاچوون و نەمانی بەرهەستەکان و پوچەڵبوونەوەیان، (فیلۆن بەڵگەکانی ئەنسیدیمۆسی بەکارهێناوە بۆ بەڵگە لەسەر پوچەڵی ئەمە) تەنها پەرستش و خواپەرستی پاکسازی دەکات، ئەوەندە ناخایەنێ لە نێوەندگیرێکەوە دەگاتە یەکێکی تر، تا دەگاتە نێوەندگیری یەکەم، واتە: وشەی خوا، دوای ئەمە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە پێگەی خودی خوا و لەگەڵی یەکدەگرێ، بەمەش زانستی خوا بەو دەبێتە زانستی دڵنیایی و یەقین، کە سۆفی و خواناسەکان لە دۆخی جەزب و ئاوێتەبوون لەگەڵ خوا پێی دەگەن[2].

کاتێك کەسی دانا دەگاتە ئەم دۆخە، واتە عەقڵی جیاواز دەبێ، بەخۆی دەبێتە نێوەندگیرێکی تازە، دەچێتە پاڵ ئەو نێوەندگیرانە، کە پێویستە دەروونەکانی تر پێیدا تێبپەڕن تا بگەنە خوا، بەهەمان شێوە خودی جیهان کە سیستەمی خوایی تیایدا دەدرەوشێتەوە دەبێتە نێوەندگیرێکی، لە ڕێگەکانی پێداتێپەڕینی دەروونەکان بۆ لای خوا.

گومان لەوەدا نییە ئێمە لێرەدا بە ڕوونی کاریگەری ڕێنماییەکانی غنوسیەت و هرمیسیەت دەبینین، کە لە قوتابخانەی ئەسکەندەریەدا بڵاوبووەوە، کاریگەری مەزنی خۆی هەبووە لەسەر قوتابخانە فەلسەفیەکان لەو سەردەمدا. پەیڕەوی فیلۆن لە ڕاڤەکردنی تەوڕاتدا سەرباری ئەوەی ئاڕاستەیەکی ئەفلاتۆنی هەبووە وەك دەردەکەوێ، لە وەسفەکەی بۆ

(1) بڕوانە: أبو ريان، د. محمد علي، تاريخ الفكر الفلسفي، ج ٢، ص ٣٢٣.

(2) أيضا، ص ٣٢٣.

گەشتی دەروون و گیان بۆ لای خوا و بەستنەوەی دەروون و گیانەکان بە جیهانی خوایەتیدا، بەڵام لە ڕێبازەکانی پێشوودا بیرۆکەی نێوەندگیری نێوان دەروون و خوا وەردەگریّ، ئەو بیرۆکەیەی دەبێتە کۆڵەگەی سەرەکی لە ڕێبازی ئەفلۆتیندا.

بەدەوی وا دەبینیّ بیرۆکەی نێوەندگیرەکان لەلای فیلۆن بە تەواوی ڕوون نەبووە، نەیتوانیوە ئەو ڕێگەیە ڕوون بکاتەوە کە شتەکانی پیّ پێکدێن، سەرەتا لە خواوە یان داهێنەری یەکەمەوە، چونکە باوەڕیّ بە بەراوردکاری ڕەها هەبوو، یان هاوشێوەی ئەمە لە نێوان خوا و گشت بوونەوەرەکانی تر، نەیتوانیوە چۆنیەتی درانەپاڵی ئەم شتانە ڕوون بکاتەوە لەوانەی عەقلّ درکیان پێدەکات و ئەوانەش کە ماددین بۆ لای خوا، بۆیە دەبینین جارێك وەسفی ئەم شتە درك پێکراوانە دەکات بەوەی سیفەتی خوان و لێی جیا نابنەوە، جارێکی تر دەبینین دەدویّ لەبارەی لۆغۆس بەوەی پێکهاتەیەکە، ئەم پێکهاتەیە هەندێك جار وەسف دەکات بەوەی بەشێکە لە خوا، هەندێك جاریش بەوەی لە خوا جیاوازە، دواتر بەڕوونی بۆمان چۆنیەتی بەدیهێنان ڕوون ناکاتەوە، زۆر تێکەڵکاری دەکات لە نێوان لۆغۆس و سۆفیا، هاوشێوەکانی ئەمانە لە هێزە خواییە بەرایییەکان، کە دانی پێداناوە[1].

بەڵام ئەفلۆتین بە وردی توانی حوکمەکانی چۆنیەتی پەیدابوون و دروستبوونی ئەو شتانەی لەلایەن خواوە ڕوون بکاتەوە، شوێنەوارەکانی ئەم هێزە خواییانەش شی بکاتەوە لە شتەکاندا، لەسەر هەموو ئەمانە لە سیستەمێکی لۆژیکیدا ڕێکی بخات، خەریکە ببێتە یەك پێکهاتەی تۆکمە، بەڵام فیلۆن دانی بە ئەخلاقێکی کارلێکراو بە ئەخلاقی ڕواقی دانا، هەروەك بیرۆکەی کەشف و بوونی پەسەند کرد، کە لەلای ئەزموونی سۆفیگەری بنچینەن لە ناسینی هەر ڕاستیەکدا، داننان بەوەی ئاسودەیی دەروون یان دۆخی دەروونی ئاسوودە بریتییە لە پلەی باڵا، لەگەڵ ئەشدا نەیتوانیوە سنووری ئەم ئەزموونە

(1) بڕوانە: بدوی، خریف الفکر الیونانی، ص ۱۱۱– ۱۱۲.

سۆفیگەرییە ڕۆحییە ڕوون بکاتەوە و بەتەواوی و تێروتەسەلی نەدواوە لەبارەی ناوەڕۆکی کەشف و سنوورەکانی و چۆنیەتیەکی، ئەمەی ڕۆشن نەکردۆتەوە بە تەواوی چونکە شتێکی خودی نەبووە بە تەواوی، ئاماژەی نەکردووە بە دۆخی دەروونی ئاسودە، هەڵسانی مرۆڤ بە ئەرکە ئەخلاقییەکەی، بەوەی لە خوادا فەنا ببێ. ئەگەرچی ئەفلۆتین کەمێك کاریگەریش بووبێ بە ئەخلاقی ڕواقی، ئەوا گەیشتە ئەزموونی سۆفیگەری، ئەزموونی (ویجد) ئامانجی کۆتاییە، کە دەبێ بەپێی ئەو بەرنامەکان دابڕێژرێن، هەموو پێشکەییە سەرکێشەکان لەسەر کەڵەکە دەبن، هەر لە سەرەتاوە شێوە بیرکردنەوەی ئەزموونی ڕۆحی دیاریکەری گشت زانیاری و زانینێك بوو، دواتر بنچینەی گشت تیۆرێك بوو لە زانین و مەعریفەدا، هەروەك بۆ یەکەم جار و تا پلەیەکی بەرز توانی ناوەڕۆکی ئەم ئەزموونە ڕوون بکاتەوە و تەواو دیاری بکات، لایەنی خودی و لایەنی باڵا کە لە ڕێگەی خواوە دێ ڕوون بکاتەوە[1].

## ٢- بیرۆکەی پەیدابوون لە نێوان فەلسەفەی ئیشراقی و ئەفلۆتیندا:

فەلسەفەی ئەفلاتۆنی فەلسەفەیەکی خۆرهەڵاتی بوو پڕ بە مانای وشە، بەپێی بۆچوونی بە دەوی، لە ڕۆح و ناوەڕۆك و سروشتەکەیدا خۆرهەڵاتییە، ڕووکەشی دەرەوەشی یۆنانیە، ئەمە نابێ وامان لێ بکات ڕۆحێکی یۆنانی تێدایە، ئەمە زۆر دیارە، بەتایبەت لەوەی پەیوەستە بەوەی وتمان لەبارەی سروشتی گشتی ئەم فەلسەفەیە، دواتر زۆرێك لە هزرەکان، کە بڵاوبوون لە ژینگەی هیندۆسیەت و فارسیەتدا، کاریگەریان کردە سەر بیرۆکە و هزرەکە، جا بیرۆکەی فریشەکان یان نێوەندگیرەکان یان عەقڵی نێوەندی، دواتر بیرۆکەی (پەیدابوون)، هەموو ئەم بیرۆکانە لە ئەلفەوە تا یا بیرۆکەی خۆرهەڵاتین،

---

[1] أیضا، ص ١١٣.

بیرۆکەی (پەیدابوون) ڕۆڵێکی مەترسیدارتر لەم فەلسەفەیدا دەگێڕێت، ئەو بیرۆکەیەی لە گشت بەشەکانیدا باوە بیرۆکەیەکی خۆرهەڵاتییە، لە ڕێبازە هیندی و فارسیەکان وەرگیراوە، ئەگەرچی لە ڕێبازە هیندیەکەیدا ڕوونتر بێ، ئەگەر چی بوترێ هزرە هیندییەکان ڕاستەوخۆ ئەفلاتۆن پەیوەندی پێوە نەکردبێ، چونکە گەشت بۆ هیند نەکردووە و تێکەڵاوی ژینگە ڕاستەقینەکانی خۆرهەڵاتی نەبووە، ئەمە بەڵگە نییە دژی کاریگەربوونی بە ڕەگەزە خۆرهەڵاتیەکان، ئەم ڕەگەزانە بە هەوادا دەفڕین، لەو سەردەمدا پەیدابببون، سەردەمی سەرەتای زاینی بە شێوەیەکی تایبەت، تا ئاستێکی زۆر لە نێو گشت ناوەندەکانی خۆرهەڵاتیدا بڵاوببوەوە، کە لە شارەکانی نێوان خۆرهەڵاتی نزیك خۆرهەڵاتی یۆنانیدا نیشتەجێ ببوون، واتە میسر بە تایبەتی، ئەمەش تەواو بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم هزر و ڕێبازە خۆرهەڵاتیانە لەم نێوەندانەدا، کەواتە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نکۆڵی کردن لە کاریگەربوونی ئەفلۆتین بە ڕەگەزەکانی هزری خۆرهەڵاتی[1].

## ٣- کێشەی پەیوەندی نێوان سێکوچکەی مەسیحی و سێکوچکەی لای ئەفلۆتین:

خەڵك زۆر بە توندی سەبارەت بەم پرسە ڕاجیان، بەتایبەت کە پرسێکی دڕکاویە و پەیوەستە بە سەرهەڵدانی مەسیحیەتەوە، هەروەك لە کتێبە پیرۆزەکانی مەسیحییەتدا خراوەتەڕوو، هەندێك دەڵێن: مەسیحیەت تەواو کاریگەری کردۆتە سەر سەرهەڵدانی فەلسەفە، تەنانەت لە نێو پیاوانی فەلسفەی تازەشدا، زۆرێك لە پیاوانی ئاینی مەسیحی وەك ئۆریجانوس، بە دیدی ئەوان بە بەڵگەیەك دادەنرێ لەسەر کاریگەربوونی ئەم فەلسەفەیە بە مەسیحییەت، بەڵام لێرەدا بۆچوونێکی تر هەیە، گوزارشت لە ڕای زانستی دروست دەکات، (تسلر) بۆمانی دەخاتەڕوو و دەڵێت: ئەو دۆخانە مەسیحیەتی تێدا

---

(1) بڕوانە: بدوی، خریف الفکر الیونانی، ص ١١٥.

دروست بوو، ئەوەش کە ئەفلاتۆنیەتی نوێساز تیایدا سەریهەڵدا، دۆخی هاوشێوەن، جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی لە سەروبەندی ئەم سەردەمەدا دوودڵی لە دڵی گشت ئەوانەدا ڕواندبوو کە تێیدا نیشتەجێبوون، شانشینەکانی ڕۆمانی سەربەخۆیی خۆیان لە دەستدا، چیتر هەستکردن بە سەربەخۆیی خودی نەدەکرا، لەبەر ئەمە خەڵك لە هەموو شتێك بێ هیوا بوون، بە هەر نرخێك یان بە هەرزانترین نرخ دەیانویست ڕزگاریان ببێ. هەر بۆیە دەباوایە ئەو ڕێبازانەی بانگەوازی ڕزگارکردنیان بەرز کردبووەوە، ڕۆڵی مەزن بگێڕن لە پێکهێنانی ئەم ئاڕاستە تازەیە، بارودۆخە ڕۆحییەکان کە لەو سەردەمدا خەڵك بەدەستیەوە دەیانناڵاند، دەکرا ببێتە هۆی پەیدابوونی چەند ڕێبازێکی بانگەشەکار بۆ ڕزگاربوون لە بوونی دەرەکی، بەو پێیەی ئەم بوونە دەرەکییە شەڕە هیچ خێرێکی تێدا نییە، پێویست ناکات بە کەمترین شێوەش پێیەوە پەیوەست بیت، بەڵکو پێویستە مرۆڤ بە تەواوی وازبهێنێ لە بوونی دەرەکی ماددی و هەوڵی ڕزگاربوون بدات لە دوای ئەمە لە ڕاستیەکی ئاینی باڵادا، کە مرۆڤ تیایدا فەنا ببێ، ئامانجی خۆی لەم ژیانەدا بکات فەنابوون(١).

بەڵام ئەگەر بارودۆخەکانی تێدا سەرهەڵدانی هەر یەکە لە مەسیحییەت و ئەفلۆتینیەت هاوشێوە و یەك بووبن، ئەمە مانای وا نییە یەکێکیان دەبێ کاریگەری لەوەی تر بکات، لەوانەیە تەنها ڕاستی پاڵنەری بوونی ئەم هاوشێوەییە بووبێ لە نێوان هەر کە لە ئەفلۆتینیەتی نوێساز و مەسیحییەت، لە واقیعیدا دەبینین جیاوازی ڕوون هەیە تەنانەت لە نێوان ئەم شتە هاوشێوانەی نێوان مەسیحیەت و ئەفلۆتینیەتدا، مەسیحییەت ئەگەرچی وەك ئەفلۆتینیەت بە یەکسانی ئامانجیان فەنابوون بووە لە ڕاستیەکی باڵادا، کە دەبێ مرۆڤ پشتی پێببەستێ و تیایدا فەنا ببێ، ئەوا لەسەر بنچینەیەکی خودی مێژوویی لەم ڕاستیە گەیشتووە، ئەم ڕاستیەی بەستۆتەوە بە ڕوداوی مێژووی و چەند کەسێکی

---

(١) بڕوانە: بدوی، خريف الفكر اليوناني، ص ١١٦.

دیاریکراوەوە. بەڵام ئەفلۆتین لەلایەنی عەقڵی ڕووتەوە سەیری پرسەکەی کردووە، لە پێناوی ئەمەدا ڕێبازەکەی خۆی دامەزراند لە کەشێکی ئازاددا، کە پەیوەست نییە بە تاکێك یان ڕووداوێکەوە. دواتر دەبینین ئاڕاستەی نێو مەسیحییەت دژی ئاڕاسەی ئەفلۆتینیەتە، لەوەی پەیوەستە بە خوا و فەنابوونی ئەوەی بەرهەستە، مەسیحییەت دەیەوێ خوا دابەزێنێ بۆ ئاستی ئەوەی فەنا دەبێ، بەوەی (یەکەم) یان خوا بە پۆشاکی مرۆڤایەتی بپۆشێ، واتە پۆشاکی فەنابوونی بە بەردا بکات.

لە ئەفلۆتینیەتدا دۆخەکە پێچەوانەی ئەمەیە، لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات، تا بەرزی بکاتەوە بۆ پێگەی خوایەتی، ئەگەر ڕێگاکە بەپێی ئەفلۆتینیەت بەرز ببێتەوە ئەوا بەپێی مەسیحییەت نزم دەبێتەوە، لەبەر ئەمە ئەفلاتۆنیەت هەر لە سەرەتاوە هەستی بە جیاوازیەکی زۆر کرد لە نێوان ئاڕاستەکانی مەسیحییەت و ئاڕاستەی خۆی، تەنانەت دەبینین ئەم ئەفلۆتینیانە کۆششی زۆریان داوە بۆ بەرپەرچدانەوەی مەسیحییەت، ئەمە هەر لە ساتی یەکەمەوە بە ڕوونی دەبینین، لەلای ئەمونیوس سکاس دەیبینین، کە مەسیحی بوو، هەروەك دەوترێ لە مەسیحییەتەوە بەرەو هاوبەشدانان ڕۆیشتووە. خەریکە ئەو هەوڵەی ئەفلۆتینیەت خەرجی کردووە بەتایبەت لەوەی بۆمان هاتووە لەبارەی فۆرفۆریوسی وێنەیی بەرەو بەرگری بچێ لە هاوبەشدانان دژی مەسیحییەت، تەنانەت دەکرێ بوترێ ئەفلۆتینیەت بنچینەکانی ڕێبازی خۆی پێکهێناوە وەك بەرپەرچێکی مەسیحییەت، دواتر جیاوازی لەم وێکچونەشدا دەردەکەوێ کە زۆرێك لە مێژوونووسان هەوڵ دەدەن کە بڵێن هەیە لە نێوان بیرۆکەی سێکوچکەیی لە مەسیحییەت و ئەو سێکوچکەی لای ئەفلۆتین، هەروەك جیل سیمۆن لە کتێبەکەیدا ((تاریخ مدرسة الإسكندرية)): (لە دوو بەشدایە، پاریس ١٨٤٥ز) دەڵێت: هیچ وێکچونێك نییە لە نێوانیاندا، جگە لە بێژە و وشە نەبێ، سێکوچکەی مەسیحییەت و سێکوچکەی ئەفلۆتینی، چونکە ئەفلۆتین ناڵێت ئەم سێ پایە و سێکۆچکەیە خوان، بەڵکو ئەم سێکوچکەیەی جیا کردۆتەوە لە داهێنەری یەکەم یان تاك و تەنها. دواتر ئەو سیفەتانەی دەدرێنە پاڵ ئەو

پایانەی سێکوچکەی مەسیحی پێکدێنن، زۆر جیاوازن سەبارەت بە پەیوەست بوونیان بەیەکتریەوە بە بەراورد بە سێکوچکەکەی ئەفلۆتین، هیچ وێکچونێك نییە تەنها لە بێژەدا نەبێ، ئەگەرچی دواتر دەبینین، بیرۆکەی سێکوچکەیی لای ئەفلۆتین بە ماوەیەکی زۆر لای مەسیحییەت کاریگەر بووە بە سێکوچکەیی ئەفلۆتینی، بەڵام ئەمە زۆر پاشتر بووە و ناچێتە ناو چوارچێوەی قسەکەماندا، ئەویش کاریگەری مەسیحیەتە لەسەر دروستبوونی ئەفلۆتینیەت[1].

---

() بڕوانە: بدوي، ص ١١٧ – ١١٨.

* غەنوسییەت: وشەی غەنوسیەت واتە زانین، مەبەست لێی ڕەوتێکی دیاریکراوە لە زانیندا، پشت بە عەقڵ و بەڵگە هێنانەوە نابەستێ، بەڵکو پشت بە پەیی پێبردن و سەلیقە دەبەستێ لە پێناو ناسینی ئامێر یان یەکگرتن لەگەڵی، غەنوسیەت ژمارەیەك دیمەنی وەرگرت، لە چەند سەردەمێکدا چەندین هزری جیاوازی گرتۆتەوە، بەڵام ئێمە باسی لایەنێکی دەکەین، ئەویش پەیوەستە بە دانراوەکانی هرمیسیەتـ ئەم دانراوانە کۆمەڵە وتەیەك لە خۆدەگرن سروشتی گفتوگۆکانی ئەفلاتۆن لەخۆ ناگرێ، کە هزر دەوروژێنێ، پێشکەشی سۆکڕات دەکات و لەسەر گاڵتە و بەرهەم دامەزراوە، سروشتی وانەکانی ئەڕستۆشی نییە، ئەم دەقانە لەسەر گوێگر پێویست دەکەن ئامادەگیەکی ڕۆحی دیارکراوی هەبێ لە پێناو ئاڕاستەکردن و ڕێنیشاندان و بەرزبوونەوەی ڕۆحی، – تەواو وەك سروشتی کتێبەکانی سۆفیگەری بۆ موریدەکان، ئەم وتانە لە خەڵوەتدا وەردەگیرێن نەوەك لە کۆڕ و مەجلیسدا، ئەمانە ڕێنمایی نهێنین تایبەت بە ڕزگاری دەروونی مرۆیی لە یەکگرتنی لەگەڵ خوادا، دواتر ئەو داناییەی فێری موریدەکان دەکرێ لەبارەی دوو بابەتی سەرەکیەوە دەخولێتەوە: دەروون و ئامێر یان بە مانایەکی تر: چۆن دەرون خۆی دەناسێ بەشێوەیەك ڕێگەی ڕزگاربوونەکەی خۆش بکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بدوي: د. نجيب، تمهيد أحمد محمود، في فلسفة الحضارة، ج ١، (الحضارة الإغريقية)، ص ٢٢٣.

## ٤- کاریگەری (غنوصیەت) لە ئەفلاتۆنیەتی نوێدا:

مێژوونووسان باسی ئەوە دەکەن چەند ڕەگەزێکی تر هەن، کاریگەری مەزنیان هەبووە لەسەر دروستبوونی ئەفلاتۆنیەتی نوێ، بەتایبەت باسی (غنوس)(*) دەکەن، لە هەر دوو سەدەی دووەم و سێیەم باو بوو، بەتایبەت لە دوای زاینی، لە نێوان ئەم هزرە و هزری ئەفلاتۆنیەتی نوێ هاوشێوە و وێکچوونی زۆر هەیە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە سێ پرسەوە: پرسی یەکەم، پرسی (تاك) بەوپێیەی تەواو جیاوازە، ناکرێ هیچ یەکێك بە هیچ سیفەتێك وەسف بکرێت، دووەمیان پرسی (پەیدابوون)، سێیەم و کۆتایی پرسی هیۆلی یان مادده بەوپێیەی لە تاکەوە داتاشراوە، شوێنکەوتووانی ڕێبازی غنوسی، بەتایبەت ئاڕاستەکەی فلنتینوس، کە دەڵێت: ناکرێ ئامێر وەسف بکرێ، بەمەش بیرۆکەی ئامێر پوخت و بەرزتر دەبێ لە بیرۆکەی فیلۆن، چونکە فیلۆن بەلایەنی کەمەوە سیفەتێکی داوەتە پاڵ ئامێر، ئەویش سیفەتی بوونە، بەڵام شوێنکەوتووانی غنوسیەت نکۆڵی لەمە دەکەن، چونکە نکۆڵی لەوە دەکەن کە بتوانرێ بە هەر سیفەتێك وەسفی تاك بکرێ، بەهەمان شێوە کاریگەریش بوونە بە فیساغۆرسیەت لەو وتەیەی دەڵێن تاك بەرزترە لە هەموو شتێك، کەلێنێکی لە نێوانیاندایە ناکرێ ببڕدرێ، ئەم تاکە کە وەسف قبوڵ ناکات، زۆر بەوە دەچێت کە ئەفلۆتین وتویەتی لەبارەی بیرۆکەی ئامێر، یان داهێنەری یەکەم یاخود تاك، دواتر ئەم غەنوسیانە دەڵێن شتەکان لە (تاك)ەوە پەیدادەبن، لە سیستەمێکی پلە پلەیی دابەزیودا تا دەگەینە مادده. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەوان چۆنیەتی ئەم پەیدابوونە ڕوون ناکەنەوە، بەڵکو پەنا بۆ ڕێبازە هێمایی ئەفسانەییەکەیان دەبن بۆ گەورەکردن و وێناکردنی نا ورد و ڕوون، پرسەکە وەك لەدایکبوون وێنا دەکەن، بە زمانی لەدایکبوونیش قسە لەسەر ئەمە دەکەن. ئەگەر دانیشیان نابێ بە بیرۆکەی پەیدابووندا، ئەوا لە خستنەڕووی ئەم پرسەدا ڕوون و ڕاشکاو نین، بەمەش ئەفلۆتین بەسەریاندا سەردەکەوێ[1]. لە پاڵ ئەمەدا تێبینی دەکرێ ئەوان ماددەیان کردۆتە شتێکی داتاشراو

---

[1] بڕوانە: بدوی، خریف الفکر الیونانی، ص ١١٨ – ١١٩.

له تاکەوە، لە سەر بنچینەی ئەوەی پلەی کۆتاییە و تاك لەوێوە دادەبەزێ، بەڵام ئەوانیش بەهەمان شێوە قسە دەکەن بە زمانێکی ئەفسانەیی هێمایی و چۆنیەتی پەیوەندی نێوان مادده و ئامێر ڕوون ناکاتەوە، ئەگەرچی دانیاننابێ بە بیرۆکەی سەرەکی و ڕەسەن، ئەویش ئەوەیە مادده یان هیولی شتێك نییە بەخۆیەوە ڕاوەستابێ لە پاڵ تاك یان داهێنەری یەکەمدا، هەر چەندە قسە بکرێ لەبارەی بوونی ئەم وێکچوونە، تێبینی دەکرێ ئەم دوو ڕێبازە هاوچەرخ بوونە، بەڵکو بە تەواوی نازانین: ئەفلۆتین ئەم ڕێبازە ئەفلۆتینیانەی ناسیوە یان نا. ئەوەندە هەیە ئێمە دەتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کەلەپور لە هەر دوو ڕێبازەکەدا یەکە و ڕێبازی غەنوسیەت کاریگەربووە بە هزرە یۆنانیەکان لە فیساغۆرسیەتی نوێ و ئەفلۆتینیەت، هەروەك هەندێك ڕێبازی خۆرهەڵاتی هێرشیان کردە سەر ئەسکەندەرییە لەم سەردەمدا، بەهەمان شێوە بە فیلۆنیش کاریگەر بووە، جا ئەم کاریگەربوونە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێ، ئەو بەدڵنیایەوە بە هەر حاڵێك سەرچاوەکان بۆ هەر یەك لە ئەفلۆتین و ڕێبازەکانی غەنوسیەت یەك شت بوون، کەواتە هیچ ڕێگرێك نییە لەوەی یەکبوونی سەرچاوەکان هۆکاری وێکچوون بێ لە دەرەنجامدا، بەتایبەت کە سەردەمەکە یەك و ژینگەکەش یەك بووە[1].

پرسی پەیوەندی نێوان غەنوس و ئەفلۆتین ناڕۆشنە، ناکرێ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر بدرێ، هەندێك لە بیرمەندان دەیانەوێ گشت کاریگەریەکانی ئەفلۆتینیەت بگەڕێننەوە بۆ ڕێبازە یۆنانیەکان، بەتایبەت ڕواقییەت و فیساغۆرسیەتی نوێ و ئەفلاتۆنیەتی تازە، دواتر ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و لە کۆتاییدا فیلۆن، بە هەر حاڵ دەکرێ بڵێین ئەفلۆتینیەت کاریگەر بووە بە گشت ئەو ڕەوتانەی هێرشیان کردۆتە سەر ژینگەکە لەو سەردەمدا.

---

[1]) أیضا: ص ١١٩ – ١٢٠.

**پوختە:**

پوختەی ئەو دەرەنجامانەی لە توێژینەوەکە هەڵمانهێنجاون ئەمانەن:

١- ئەخلاق لای قوتابخانە کەلبییەکان یەکە، ئەنتیستین دونیا بەکەمزانی بە مانای ئەخلاق و ڕێگە و ئامانجی ژیان چاك دادەنێ.

٢- کەسی دانا لای قوتابخانەی کەلبی تەنها پشت بەخۆی دەبەستێت، پێویستی بەوانی تر نییە، لە خێزان و منداڵ و نیشتمان.

٣- مەغاریەکان پێیان وایە ئەخلاق لە بیردا بەرپا دەبێ، کەلبیەکان پێیان وایە لە دونیا بەکەمزانیدا، قرنائییەکانیش بڕوایان وایە ئەخلاق چێژ بینینە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٤- قوتابخانەی قرنائیەت کۆکە لەگەڵ سۆکرات بە وتنی ئەوەی ئەخلاق ڕێگەی بەرەو بەختەوەریە و بەختەوەری پاڵنەری ئەخلاق و چاکەیە.

٥- کەسی دانا لای قرنائیەکان بیر لە داواکردنی چێژ دەکاتەوە و لە دەرەنجامەکانی ڕادەمێنێ.

٦- دانایی و خێر لای ڕواقییەکان کۆك و ڕێکە لەگەڵ ویستی مرۆیی و ویستی گشتی گونجاوی ڕەها.

٧- ڕواقییەت پێی وایە پێویستە کەسی دانا بەشداربێ لەگەڵ هەست و سۆزی خەڵك بە گشتی و نهێنی خۆی بە هاوسەنگی و دوورخستنەوەی هەڵچونەکان بپارێزێ.

٨- ئەبیقۆر پێی وایە چێژ ئامانجە، گەیشتن پێی لە ڕێگەی ئامرازێکەوەیە کە ئەخلاقە.

٩- دانا لای ئەبیقۆر ئەو کەسەیە دەزانێ شتەکان سیستەمێکیان هەیە، لە دیاردە سروشتیەکان ناترسێ.

١٠- فەلسفەی فیلۆن لەسەر ئاوێتەکردنی ئایین و فەلسەفە دامەزراوە، ئایین و فەلسەفە لە یەکتری جیا ناکاتەوە.

١١–بيرۆكەی بنەڕەتی لە فەلسەفەی فیلۆن بریتییە لە بیرۆکەی خوایەکی پایەبەرز و جیاواز لە جیهان و بەدیهێنەری جیهان.

١٢–ئەفلۆتین کاریگەر بووە بە ئەخلاقی ڕواقییەت و گەیشتووەتە ئەوەی ئەزموونی سۆفیەت ئەزموونی ویجد بکەنە ئامانجی کۆتایی فەلسەفەکەی.

# بەشی سێیەم

## ئەخلاقیەت لە سەردەمی ناوەڕاستدا

ئەخلاق لەلای تۆما ئەکوینی   د. فتیحە فاتیمی

# ئەخلاق لەلای تۆما ئەکوینی

**د. فتیحه فاتیمی**

**زانکۆی منتوری قوستەنتینیە – جەزائیر**

تۆما ئەکوینی بایەخێکی زۆری داوە بە لێکۆڵینەوە لە بەها ئەخلاقییەکان لە کتێبە زەبەلاحەکەیدا "الخلاصة اللاهوتية"، بەهۆی ئەو بایەخەی هەیەتی لە گەیشتن بە ئەوپەڕی بەختەوەری، کە ئامانجی هەموو تاکێکە، بەڵام بەدەستهێنانی ئەستەمە، مەگەر بە ئەخلاقی بەرز و خۆدوورگرتن لە ڕەوشت نزمی و پەستی نەبێ، ئایا سروشتی ئەو پێوەرە چییە کە تۆما ئەکوینی دایناوە بۆ جیاکاری کردن لە نێوان ئەخلاق بەرز و نزمی؟ یان بە گوزارشتێکی تر سەرچاوەی بەهای ئەخلاقی لای ئەو چییە، ئایا تەنها عەقڵە یان ئاینە یاخود هەر دووکیانن؟، چەمکی بەختەوەری لای ئەو چییە؟ ئایا لە دونیادا دەستەبەر دەبێ یان لە دوارۆژدا؟ چۆن هەڵە و تاوانی ڕاڤە کردووە؟ ئایا بۆماوییە لە نێوان نەوەکاندا یان نا؟ ئایا سزا لای ئەو هەمیشەیی یان کاتییە؟

تۆما ئەکوینی لە دیارکردنەکەی بۆ ناوەڕۆکی ئەخلاق و چاکە بە وردی، ڕەخنەی گرتووە لەو هەڵوێستە فەلسەفیەی سەرچاوەی ئەخلاقی گێڕاوەتەوە بۆ بنەمایەکی دەرەکی، نەوەك بنەمایەکی ناوخۆیی، واتە دەرەوەی مرۆڤ، بە توندی ڕەخنەی گرتووە لە بنەمای ئەفلاتۆنی کە دامەزراوە لەسەر ئەوەی هەموو جۆرە ئەخلاق و چاکەکان لە دەرووندا هەن، لە بوونێکی پێشووتری ڕووتدا، لە کاتی پەیوەندیکردنی بە جەستە لەبیری کردووە، بە تەنها خاوێنکردنەوەی لە کرچ و کاڵیەکان[1]، جەستە بە یارمەتی زانست و پیادەکردنەوە ئەم چاکە و ئەخلاقانەی بیر دەکەوێتەوە،

---

(1) Charles Werner: La philosophie grec, paris, 1946, p. 32.

هەروەك بنەما و ڕێبیری سیناوی ڕەتکردەوە، کە بنچینەی ئەخلاقی بۆ عەقڵی کارا گێڕاندنەوە (لە دەرەوەی دەروونی مرۆییە) نەوەك بۆ عەقڵی مرۆیی، بەمەش ئەخلاق و چاکەکان لە سروشتێکی ڕێژنەیی نا بەدەستهاتووەوە دەبن[1]، بەڵام لەبەرامبەردا هەوڵێستی فەلسەفی ئەڕستۆیی قبوڵ کرد، کە بنەمای ئەخلاقی بۆ مرۆڤ گەڕاندەوە، بەوەی ئامادەییەکی سروشتییە، ئەڕستۆ لەم بارەوە دەڵێت: ((ناساندنی ئەخلاق بەوەی نەریتێکی سروشتییە))[2]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مرۆڤ لە سەرەتاوە ئەخلاقی نییە، تەنها ئامادەییەکی ڕووتی هەیە بۆ بەدەستهێنانی لە ڕێگەی نەریتەوە، واتە بە پەروەردە و فێرکردن بەدەستدێت، لە میانەیدا گەشە دەکات، چاکە و ئەخلاقە سروشتی و ژیریەکان لەلای توما ئەکوینی، وەك ئەوەیە کە لەلای ئەڕستۆ هەیە ((ئەمە بەدەستدێت بەپێی ئامادەیی و دەستپێکردن نەوەك بەپێی کامڵی، جگە لە ئەخلاقە لاهوتییەکان، ئەوا بە تەواوی لە دەرەوەوە دێن))[3]، ئەخلاقە لاهوتییەکان سەرچاوەکەیان دەرەکییە، ئەمەش بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجی باڵا بۆ مرۆڤ، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەختەوەری دوارۆژدا، بەڵام ئایا سەرچاوەی ئەخلاق و چاکەکان لای تۆما ئەکوینی چییە؟ عەقڵە یان شەرعە یاخود هەردوکیانن؟

تۆما ئەکوینی لە دیاریکردنەکەیدا بۆ سەرچاوەی ئەخلاق و چاکە پشتی بەستووە بە هەڵۆیستی قەشە ئۆغستین، ئەمەی دوایی پێی وایە مرۆڤ لە توانایدا نییە ئەخلاقەکان و چاکە بەدەست بخات بەهۆی دووبارە کردنەوەی کردارەکان، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕەوە بەدەستی

---

(1) ابن سينا: الإشارات والتنبيهات شرح نصر الدين الطوسي، تحقيق: سليمان دنيا، دار المعارف، بمصر، ط ٢، (د. ت)، القسم الثالث، ص ٦٤٥ – ٤٥٦.

(2) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ترجمة: أحمد لطفي السيد، مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة، ١٣٤٣ه/ ١٩٢٤م، ج ٢، ص ١٥٢.

(3) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، ترجمة: الخوري بولس عواد، طبع بالمطبعة الأدبية في بيروت، ١٨٦٨م، م ٤، ص ٢٢٧.

دەخات، چونكە هەموو خێر و چاكەكان لە خواوە دێن[1]، كاری چاك دەبێ شوێنكەوتووی باوەڕ بێ، نەوەك ئەزموونی بەرهەست یان بە عەقڵی كردنی شتەكان[2]، بەم پێیە سەرچاوەی ئەخلاق و چاكە لای قەشە ئۆغستین بریتییە لە بڕوابوون، خوا بە مرۆڤی بەخشیوە تا ڕێنوێنی بكات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، لە كەوتنە ناو هەڵە بیپارێزێ، بەڵام توما ئەكوینی لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵكو سەرچاوەیەكی دووەم زیاد دەكات بۆ بەدەستهێنانی چاكەكان، ئەویش عەقڵە، ئەمە بەدی دەكەین لەم وتەیەیدا: ((لە ویستدا خولیایەكی سروشتی هەیە بۆ خێر و چاكەی كۆك و ڕێك لەگەڵ عەقڵ))[3]، كرداری ئەخلاقی بەمە لەسەر ویستی هەڵبژاردن وەستاوە، ئەم ویستە بە سروشتی خۆی كاری چاك هەڵدەبژێرێت، كە عەقڵ پەسەندی دەكات، تۆما لەمەدا لاساییكەرەوەی ئەڕستۆیە، چونكە ئەڕستۆش پێناسەی ئەخلاق و چاكە دەكات بەوەی "نەرێتێكی ڕێك و یەكگرە لەگەڵ عەقڵی ڕاستڕەو"[4]، – هەروەك ئەم دۆخە لەلای ئەڕستۆ بەدی دەكرێ – تۆما ئەكوینی توانای جیاكردنەوەی چاك لە خراپ بە عەقڵ دەدات، بنەمای سروشتی دادەنێ كە جڵەوگیری هەڵسوكەوتی ئەخلاقی دەكات، ئەوەی هەڵوێستی تۆما ئەكوینی لە هی ئەڕستۆ جیا دەكاتەوە، ئەوەیە توانای ڕەها بە عەقڵ نادات لە دیاریكردنی بەهای ئەخلاقی، بەڵكو دەیكاتە شوێنكەوتووی باوەڕ، واتە هەڵوێستی ئەڕستۆ و قەشە ئۆغستینی یەكخست، ئەمە چۆن بۆی فەراهەم بوو؟

توانای عەقڵ لەلای توما ئەكوینی لە جیاكردنەوەی چاكە و خراپە زۆر سنووردارە، توانای نییە دان بە شتێكدابنێ كە شەرع دانی پێدانابێ، بەڵكو لەسەر پێویستە پابەندبێ بەوەی شەرع دانی پێدادەنێ، لەم بارەوە دەڵێت: ((دەبێ خێری مرۆڤ ڕەچاو بكرێ بەپێی یاسایەك، لێرەدا دوو یاسا

---

(1) Christian Nadeau: Le vocabulaire de Saint Augustin, Elipses édition marketing. S. A, Paris, 2001, p. 15.

(2) Ibid, p. 51.

(3) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٢٢٧.

(4) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ج ٢، ص ١٥٢.

هەن، عەقڵی مرۆیی و شەریعەتی خوایی، لەبەر ئەوەی شەریعەتی خوایی بنەما و یاسایەکی بەرزتر بوو، ئەوا گشتگیرتر، بەمەش هەر شتێك بە عەقڵی مرۆیی بپێورێ ئەوا بە شەریعەتی خواییش دەپێورێت، پێچەوانە نابێتەوە))[1]، بەهەمان شێوە عەقڵی مرۆیی بە بنچینەیەك دادەنرێ بۆ بەدەستهێنانی چاکە لە پاڵ شەرع، بەوپێیەی بە بنەما و یاسای سروشتی پاڵپشتی کراوە، بە هێزەکەی لەو پیرۆزترە[2]، بەم پێیە: ((کردارە مرۆییەکان بەوپێیە لە بنەمای باڵاترەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەکرێ ببێتە هۆکاریك بۆ چاکە مرۆییە بەدەستهاتووەکان))[3]، بەڵام چاکە و ئەخلاق بەس نین بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا کە بینینی خوای گەورە، دەبێ چاکە و ئەخلاقی تر هەبن بە ناوی ئەخلاقی لاهوتی ناوببرێن، هیچ ڕێگەیەك نییە مرۆڤ بەدەستیان بخات، چونکە لە توانای سروشتی بەهێزترە، هەر بۆیە لەلایەن خوارەوە بەسەریدا دەڕژێت، بۆ ئەوەی دەروون پێی کامڵ بکات، ئەمەش لە ڕێگەی داپلۆسینی جەستە و دوورخستنەوەی دەبێ لە میانەی خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و هاوشێوەکانیان[4].

بەم پێیە چاکە و ئەخلاقە بەدەستهاتووەکان لە ڕووی ئامانج و بابەتەوە لە نێو خۆیدا جیاوازە، لەبەر ئەوەی ئامانجی یەکەم نزیکە (دونیایە)، بەڵام ئامانجی دووەم دوورە و دواڕۆژییە، بەهەمان شێوە سەبارەت بە بابەتەکە، ئەوا هی یەکەم هاوسەنگی لە گشت شتێکدا دەخوازێ بۆ خۆ دوورگرتن لە زیانگەیاندن بە تەندروستی جەستە، بەڵام دووەم بە پێچەوانەوەی ئەمەوەیە بە تەواوی. بەڵام ئەو پرسیارەی خۆی دەخاتەڕوو بریتییە لەوەی ئەو پێوەرە چییە کە تۆما ئەکوینی

---

[1] توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٢٢٩.

[2] المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٠.

[3] المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٠.

[4] المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٣.

پشتی پێدەبەستێ بۆ دەستەبەرکردنی ئەم هاوسەنگییە؟ ئایا پشت بە پێوەری ناوەندی دەبەستێ کە ئەرستۆ پشتی پێبەستووە، بەوپێیەی چاکە و ئەخلاق نێوەندە لە نێوان دوو خراپە و پەستیدا؟

تۆما لە ڕووی ڕێبیریەوە تێبینی کردووە کە بیرۆکەی ناوەند لای ئەرستۆ نا ڕوونە، لەبەر ئەوەی لە کتێبی "السماء" دەڵێت: ((چاکە و ئەخلاق ئەوپەڕی هێزە))[1]، ئەوەی گوزارشت لەوپەڕی یان کۆتایی دەکات بە نێوەند دانانرێ، هەندێك لە ئەخلاق بەرزی و چاکە دەڕواننە ئەوپەڕی وەك ڕوانینە بۆ ئەوپەڕی شکۆمەندی، ڕوانینێکی مەزن بۆ ئەوپەڕی بەخششەکان، بەمەش هەموو چاکەیەکی ئەخلاقی ناوەندی نییە[2]، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، ئەگەر چاکەی ئەخلاقی ناوەندی بێ، ئەوا لایەنگیری ئەو بۆ لایەنێك دەبووە هۆی تێکدانی نەوەك کامڵ بوونی، هەندێك چاکەی ئەخلاقی و ڕەوشتبەرز بە لایەنگیری بۆ لایەنێك کامڵ دەبێ، وەك داوێنپاکی، کە هەموو چێژێکی نزم تێدەپەڕێنی، تا دەگاتە ئەوپەڕی، ئەویش پاکژی هەرە کامڵە[3]، لەمەوە ئەرستۆ چ مەبەستێکی لەم وتەیە هەیە: ((لە هەر کوێیەك زیادەڕەوی و بەزایەدان هەبێ، ئەوا دەبێ نێوەند هەر هەبێ))[4]، تۆما لێرەدا ڕاڤەی نێوەندەکە دەکات، بە ڕوانینە بنچینەی عەقڵ، بەوپێیەی عەقڵ توانای جیاوازی کردنی هەیە لە نێوان خێر و شەڕ، هەر هەڵسوکەوتێکی خێر بەوە دیاری دەکرێ چەندە ڕێك و تەبایە لەگەڵ عەقڵ، ئەمە نێوەندەکەیە، واتە: ((نێوەندی نێوان زیادەڕەوی و بەزایەدان یەکسانی یان ڕێکبوونە))[5]، هەڵسوکەوتی شەڕ دیاری دەکرێت بە ئەندازەی سەرپێچی

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٤.

(2) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٤.

(3) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ج ٢، ص ٣٣.

(4) توما الإكزيني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٢٣٥.

(5) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٦.

کردنی بۆ بنەمای عەقڵ لە میانەی بەزاندنی بۆ بنەمای زیادەڕەوی یان بەزایەدان، بەمەش هەموو چاکەیەکی ئەخلاقی و ڕەوشتبەرزیەك دەبێتە نێوەند.

هەروەك چەمکی نێوەند و لایەنەکان لە چاکەی ئەخلاقیدا دەگۆڕێ بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان ((قەدەغە لەوەدا نییە شت لە هەندێك چاکەدا بێ لایەن بێ بەگوێرەی لایەنێك و نێوەند بێ بە گوێرەی لایەنێکی تری ڕێك و تەبا لەگەڵ عەقڵ))[1]، هەڵسوکەوتی چاك بەمە چەسپاو نییە، بەڵکو دەگۆڕێ، بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان، مەزنایەتی و پیاوەتی ئەگەر لەلایەنی ڕێژەیی ڕەها سەیری بکەین لەوەی کەسی مەزن و جوامێر ڕووی تێدەکات پێی دەوترێت لایەن و ئامانج، بەڵام ئەگەر سەیری بکەین بەپێی چەند بارودۆخێکی تر، ئەوا ڕاستی ناوەندێتی دەبێ، دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە چاکەکان ڕوودەکەنە لایەنێکی کۆتایی هاتوو تەنها بەگوێرەی یاسا و بنەمای عەقڵ، کە بەهۆی ئەمە شوێن و کات و هۆکار دیاری دەکرێت[2]، بەم پێیە دەبێتە زیادەڕەوی ((ئەگەر ڕوویکردە ئەم لایەنە کۆتایی هاتووە کاتێ کە نابێ وابکات، دەبێتە بەزایەدان ئەگەر ڕوو نەکاتە ئەم لایەنە لەو کات و شوێنەی پێویستە))[3]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بۆنەیەك هەیە دەبێ لە کردارەکانماندا تێبینی بکەین، هەڵسوکەوتی مرۆڤی باش لە گشت بۆنەکاندا ڕاست و گونجاون، زیاد و کەم نابن لەوەی بۆنەکە داوای دەکات[4]، ئەم نێوەندە ((ئەو ئەرکەیە کە عەقڵی دروست دەیسەپێنێ))[5]، واتە نێوەندە سەبارەت بە ئێمە ئەوە ناوەندە، هەروەك توما جەختی لەسەر دەکاتەوە.

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٦.

(2) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٣٦.

(3) أ. هـ.آرمسترونغ: مدخل إلى الفلسفة القديمة، ترجمة: سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، ط ١، ١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م، ص ١٩١.

(4) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ج ٢، ١١٣.

(5) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٢٣٦.

لێرەوە دەکرێ ئەوە هەڵبهێنجین چەمکی نێوەند لەلای توما ئەکوینی هەمان شتە کە لای ئەرستۆیە، بە ڕامان لە عەقڵ و واقع دیاری دەکرێ، بەم پێیە تۆما توانیویەتی چاکە و ئەخلاق بەگوێرەی پێوەری مەزنایەتی و شەرەف دیاری بکرێ، ئایا تا چ ئەندازەیەك بە شەریعەت کاریگەر بووە؟

ئەو پێوەرەی تۆما ئەکوینی دایناوە بۆ ڕێکخستنی چاکەکان لە ڕووی مەزنایەتی و شەرەفەوە، هەمان ئەو پێوەرەی ئەرستۆیە، کە لەسەر ڕێز و شکۆی ئامراز و مەزنایەتیەکەی وەستاوە بە بەراورد لەگەڵ جگە لە خۆی، بەهەمان شێوە سەبارەت بە بابەتەکە، باسی چاکەکانی کردووە لە کتێبەکەیدا "الخلاصة اللاهوتية"، لەوەی پلە و ڕێزی کەمتر بۆ ئەوەی بەرز و بەڕێزترە:

**١- دادگەری:**

تۆما ئەکوینی ئەمەی ڕەچاوکردووە وەك چۆن ئەرستۆ ڕەچاوی کردبوو پێشتر، بەوەی "بەرزترین چاکەیە"، وەك یەکە چ لە لایەنی شوێن یاخود لەلایەنی بابەتەوە بێ، بە گوێرەی شوێنەکە، شوێنەکەی ویستە، ویستیش بریتییە لە خولیای بێژەییە[1]، بەو مانایەی ویست دەجولێت وەك خولیایەك بۆ شتێك، بەڵام ئەم جوڵانەوەیە چاکە و پایەی دادوەری بۆ عەقڵ ملکەچ دەکات، تا خێری زۆری تێدابێ، دوور بکەوێتەوە لە هەڵچونە ڕەهاکان.

بە ڕوانینە بابەتەکە، دەبینین لێکۆڵینەوە لەو کردەوانە دەکات، کە کاروباری خەڵکی پێ ڕێکدەخرێ، چ سەبارەت بە کەسەکە یان بە بەراورد بە جگە لەو، چاکە و ئەخلاقەکانی تریش

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

لەسەر ئەمە ڕێکدەخرێن، هەر چەندە ئەو شتانەی تیایدا جوڵەی خوڵیایی ملکەچە بۆ عەقڵ مەزنتر بێ لە یەکێکیاندا، ئەوا خێری عەقڵ زیاتر تێیدا دیار دەبێ، لەوانە بوێری و داێنپاکی و زیرەکی[1].

### ٢- دانایی:

دانایی لەلای تۆما، وەك لای ئەڕستۆ، گوزارشت دەکات لە ((لوتکە و سەر، لە نێو چاکە عەقڵیەکاندا))، چونکە بابەتەکەی بەرزترین بابەتی چاکە و ئەخلاقە عەقڵیەکانە، بە دوای هۆی یەکەمدا دەگەڕێ، کە خوایە، لەبەر ئەوەی بە هۆی یەکەم بڕیار لەسەر دووەم، بەهۆی باڵا بڕیار لەسەر هۆیە نزمەکاندا دەدات، ئەوا بۆ دانایی هەبووە بڕیار بدات لەسەر گشت چاکە عەقڵیەکاندا، دەگونجێ هەمووان ڕێکبخات[2].

### ٣- خۆشەویستی:

تۆما لە دیاریکردنیدا بۆ ناوەڕۆکی ئەم پایە لاهوتیە (خۆشەویستی)، پشت بە ئەڕستۆ نابەستێت، بەڵکو بە کتێبی پیرۆز دەبەستێت، لە میانەی وتەی پێغەمبەر لە (کور: ١٣): ((ئەوەی ئێستا دەچەسپێ باوەڕی و هیوا و خۆشەویستییە، لە نێو ئەم سێیانەدا خۆشەویستی لە هەموویان مەزنترە))، چونکە ئەمە پەیوەستە بە شتێکی بەدەستهاتووەوە، کرداری خۆشەویستی دادەمەزرێ لەسەر حەز لە خودی شتەکەدا[3]، بەپێچەوانەی باوەڕ و هیوا، باوەڕ پەیوەستە بە شتێکی

---

(١) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٦٥ – ٢٦٦.

(٢) Christian Nadeau: Le vocabulaire de Augustin, p. 8.

(٣) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٢٦٨.

نەبینراوەوە، دووەمیان بە شتێکی بەدەستنەهاتووەوە، ئەوەندە هەیە خۆشەویستی ئەو پایەیە کە وا دەکات عاشق پەیوەندی بە خۆشەویستەکەی بکات لە میانەی کێشکردنی سۆزدار و توانەوە تیایدا[1]، پێغەمبەر لە (ئایو: ٤: ١٦) دەڵێت: ((هەر کەسێك لە خۆشەویستیدا جێگیر بوو، ئەوا خوا لەودا و ئەویش لە خوادا جێگیر بووە))، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خوا دەمانکاتە خواوەند، بەڵکو دەمانکاتە بوونەوەری خۆشەویست، بەوپێیەی خۆشەویستی خوا تەنها خۆشەویستی ڕاستەقینەیە، ئەمەش لە مرۆڤ کەم ناکاتەوە، بەڵکو پاڵی دەنێت بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هەرمان و نەمری لە ڕێگەی خۆشەویستیەوە[2].

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ چەندە تۆما کاریگەربووە بە بیروباوەڕی مەسیحییەت، لە پێشخستنی چاکە و پایەی خۆشەویستی بەسەر پایە لاهوتیەکانی تردا، بەوپێیەی گوزارشت دەکات لە کرۆکی بیروباوەڕ، کە ئامانجی گەیشتنی ئەوپەڕی بەختەوەرییە، کەواتە ئایا مانای بەختەوەری لای تۆما چییە؟ خۆی لە چیدا دەبینێتەوە؟

ئامانجی چاکە و ئەخلاق لای تۆما گەیشتنە ئەوپەڕی بەختەوەری، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئاڕاستەکردنی دەروون بەرەو ڕامانێکی سۆفیگەرانە، بەرەو خوای پایەبەرز، ئەمە خێر و چێژی هەرە بڵندیەتی[3]، هەر بۆیە بەختەوەری بە دروست نەکراو دادەنرێ، بەپێی هۆ یان بابەتەکە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەوا دروستکراوە[4]، چونکە گوزارشت لە گەیشتنە ئامانج و چێژ

---

(1) Ibid, p. 8.

(2) القديس أوغسطين: إعترافات القديس أوغسطين، نقلها إلى العربية: الخوري يوحنا الخلو، دار المشرق، بيروت، ١٩٨٦، ط ٣، ص ١٠١.

(3) Thomas d'Aquin: Sur le bonhheur, textes introdutis et annatés par Ruedi Imbach et Ide Fouche, librairie philosophie J.Vrin, Paris, 2005, p. 71.

(4) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٣، ص ٢٠١.

لێوەرگرتنی دەکات، لێرەوە پرسیار لەبارەی پەیوەندی هەستی دەکەینەوە بە بەختەوەریەوە؟ بەو مانایەی ئایا بەختەوەری پەیوەستە بە کرداری هەستی یان کرداریەوە؟

لەلای تۆما ناکرێ بە کرداری هەستی بەختەوەری بەدەستبخرێ، بە بەڵگەی ئەوەی ((گیاندارە بیانیەکان بەشدارن لەگەڵماندا لە هەستدا، بێ ئەوەی لە بەختەوەریدا بەشدار بن))[1]، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ ناوەڕۆکی بەختەوەری وەستاوە بە پەیوەندی مرۆڤ بە خێری نا دروستکراو، کە ئەوپەڕی ئامانجە[2]، ئەمەش بە تەواوی پاك و بەرزترە لە درك پێکردنی هەستی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بەختەوەری مرۆڤ بە خێری جەستەیی بەرپا نابێ، کە لە درك پێکردنیدا پشت بە هەست دەبەستێت[3].

دەکرێ بەختەوەری بگێڕدرێتەوە بۆ کارەکانی هەست، چ ئەوانەی پێشتر یان دواتری، ئەوەی پێشی دەکەوی، تێبینی دەکەین لە کاتی گەیشتنە بەختەوەری کرچ و کاڵ، کە دەکری پێ بکەین لەم ژیانەدا، چونکە کاری عەقڵ داخوازی کاری هەستە[4]، لەبەر ئەوەی بەختەوەری دونیایی تەواو ڕۆحی نییە، بەڵکو لە بەدەستهێنانیدا پشت بە جەستە دەبەستێت، هەر بۆیە لە دەستەبەرکردنیدا پشت بە کارەکانی هەست دەبەستێت، لەلایەنی ئەوەی چی بەدوایدا دێت، ئەوا بەختەوەری دەروون لە دوای زیندوو بوونەوە زیتر بە گەڕانەوەی ڕێژنە دەبێ بە ئاڕاستەی جەستە و هەستە ئەندامیەکان، بۆ ئەوەی کردارەکانی تەواو بکات[5]، سەبارەت بەو کردارەی لە میانەیدا ڕۆحی

---

(1) المصدر نفسه، م ٣، ص ٤٢٠.

(2) المصدر نفسه، م ٣، ص ٤٢٠.

(3) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢٠٤.

(4) homas d'Aquin: Sur le Bonheur, p. 75

(5) Ibid, p. 75.

مرۆڤایەتی لەگەڵ خوادا یەکدەگرێ، ئەوا بە تەواوی پەیوەست نابێ بە هەستەوە[1]، لێرەوە ئایا دەکرێ بڵێین بەختەوەری ڕێك و کۆکە لەگەڵ کرداری عەقڵ یان ویست؟

فەیلەسوفەکان ڕاجیان لە دیاریکردنی پەیوەندی بەختەوەری بە عەقڵ یان ویستەوە، ئەرستۆ بۆ عەقڵی گێڕاوەتەوە، بەوپێیەی بەختەوەری ڕێك و تەبایە لەگەڵ چاکە و پایە، هەر بۆیە لەگەڵ عەقڵ ڕێك و تەبایە[2]، (چونکە عەقڵ باشترین بەشە لە خودی ئێمەدا)، بەڵام قەشە ئۆغستین بە ویستەوە بەستویەتیەوە، ئەمە لەم وتەیەیدا بەدی دەکەین: ((بەختەوەری شتێکە هەموان دەیانەوێت و حەزیان لێیەتی))[3]، بەهەمان شێوە ((هەموان بەختەوەریان دەوێ، هەمووان ئەم خۆشییەیان دەوێت))[4]، لێرەوە ئۆغستین بەختەوەری بە کرداری ویست بەستۆتەوە، ئەمەش ڕێك و تەباییەکەی دەچەسپێنێ، بەڵام ئەوەندە هەیە تۆما زۆر بە توندی ڕەخنەی لەم هەڵوێستانەی ئەو گرت، لەمەشدا پشتی بە کتێبی پیرۆز گرت لەم فەرمایشتەی خوای گەورە لە (یو: ١٧: ٣) ((ئەمە ژیانی هەمیشەییە، بزانن خوای ڕاستەقینە تەنها تۆی))، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ژیانی هەمیشەیی ئامانجی باڵایە، بەختەوەری مرۆڤ دامەزراوە لەسەر ناسینی خوا، ئەمەش کارێکی تەواو عەقڵییە[5].

بەم پێیە تۆما لە بەختەوەریدا جیاوازی لە نێوان دوو شتدا دەکات: یەکەم لە ڕووی خودێتیەوە، دووەم ئەوەی لە پێگەی ڕووکەشی خودیدا بۆی، ئەویش چێژە[6]، لە ڕووی

---

(1) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ج ٢، ص ٣٥٣.

(2) القديس أوغسطين: الإعترافات، ص ٢١١.

(3) المرجع نفسه، ص ٢١٥.

(4) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٣، ص ٢٠٦.

(5) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢٠٦.

(6) المصدر نفسه، م ٤، ص ٢٠٦.

خودێتیەوە تۆما ئەوە ڕەت دەکاتەوە بەختەوەری بە کاری ویست ڕابوەستێت و بەرپا ببێ، چونکە هیوای ئامانجی مەزنە، ئەویش خوداناسییە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەو کرداری ویست پەیوەستە بە چێژ و لەززەت وەرگرتن، ناکرێ بە درك و پەیی پێبردن دابنرێ، چونکە حەز کردن لە ئامانجێك درك پێکردنی نییە، جوڵان بۆی و چێژ بینینی ویست لێی هۆدارە بە بەدەستخستنی، نەوەك هۆدار بێ بە چێژ لێ بینینەوە[1]، چێژ تەنها لە دوای بەدەستهێنانی شتە چێژ لێبینراوەکەیە نەوەك پێش بەدەستهێنانی بێ، بەڵام چ شتێك ئامانج دیاری دەکات پێش ئەوەی ویست حەزی لێ بکات؟ ئامانج بە کرداری عەقڵ دیاری دەکرێ، هەر کاتێك بەم شێوەیە درکی پێکرد، ئەوا ویست هێور دەبێتەوە و چێژی لێدەبینێ[2].

لەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجین کە ناوەڕۆکی بەختەوەری لەسەر کرداری عەقڵی وەستاوە، بەڵام بەویست ئەو چێژە بەدەستدەخەین کە بە دوای بەختەوەریدا دێت.

سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی بەختەوەری بە زانستە تیۆریەکانەوە، ئەوا تۆما ڕای ئەرستۆی ڕەتکردەوە، کە دەڵێت بەختەوەری کامڵ بەرجەستە نابێ تەنها بە خوێندنەوە و توێژینەوەی زانستە تیۆریەکان نەبێ، بەختەوەری کامڵ لای ئەو کرداری ڕامانی پوختە[3]، سەرباری ئاڵودەبوون بە چاکە و پایەکانی تر، لە پێشویانەوە زانست و دانایی و تێگەیشتن[4]، ئەمانە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ توێژنەوەی زانستە تیۆریەکان، کە ئەوپەڕی بەختەوەری مرۆڤ پێی دەستەبەر دەبێ.

---

(1) Thomas d’Aquin: Sur le Bonheur, p. 17.

(2) أرسطو: علم الأخلاق إلى نيقوماخوس، ج ٢، ص ٣٦٠.

(3) المرجع نفسه، ج ٢، ص ٣٦٠.

(4) المرجع نفسه، ج ٢، ص ٣٦٠.

تۆما پێی وایە ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ پێچەوانەی ئەوەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، لەر ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز لە (ئار ٩: ٢٣) ((دانا نابێ شانازی بە داناییەکەیەوە بکات))، واتە دانایی زانستە تیۆریەکان، لەوانە ئەوپەڕی بەختەوەری مرۆڤ، نەوەستاوەتە سەر توێژینەوەی ئەم زانستانە[1].

لە پاڵ ئەوەی بەختەوەری کامڵی مرۆڤ نەبەستراوەتەوە بە توێژینەوەی زانستە تیۆریەکان، چونکە لەوە تێپەڕ ناکات کە درك کردنی بەرهەستەکان سەری بۆدەکێشن، بەوپێیەی بنەماکانی لە هەستەوە هەڵهێنجراون[2]، کەواتە دەبێ ((کامڵی باڵای مرۆڤ، شتێکی بەرزتر بێ لە عەقڵی مرۆیی))[3]، ئەویش ڕووناکی ژیرمەندانەیە، یان گیانی پیرۆزە، کە بە بەخششەکان دەروون کامڵ دەکات بۆ ملکەچ بوون و شوێنکەوتنی[4].

بەم پێیە زانستە تیۆریەکان لەوانەیە بەشداربن لە بەختەوەری دونیایی مرۆیی، بەڵام بەختەوەری دواڕۆژ هەرگیز پشت بە زانستە تیۆریەکان نابەستێت لە دەستەبەرکردنیدا، چونکە تەواو ڕۆحییە. ئامانجی باڵای مرۆڤ، گەیشتنە بە بەختەوەری کامڵ، خۆی دەبینێتەوە لە بینینی خوای پایەبەرزدا، بۆ دەستەبەر بوونی ئەمە لای تۆما دەبێ دوو شت فەراهەم بن: یەکەم بەختەوەری کامڵ، بۆ مرۆڤ نایەتەدی، مادەم حەزی لە شتێکە و داوای دەکات[5]، واتە بۆ درك کردن بە خودی خوایی، دەبێ بە تەواوی خۆداڕنین لە ئامانجە ماددیەکان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی داواکەی ببێتە شتێکی ڕوحی پوخت، دووەمیان: کامڵی عەقڵ بە ئەندازەی درك کردنیەتی بە

---

(1) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٣، ص ٢١١.

(2) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢١١.

(3) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢١١.

(4) المصدر نفسه، م ٤، ص ٣٠٥.

(5) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢١٤.

ناوەڕکی شت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ عەقڵ ئەگەر درك بە ناوەڕۆکی دەرەنجام و کارتێکراو بکات، با مرۆڤ نموونە بێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ درك دەکات بە هۆی ڕەها (خودی خوا) [١]، بەختەوەری کامڵ نایەتەدی تەنها بە پەیوەندی کردنی عەقڵ نەبێ بە ناوەڕۆکی هۆی یەکەم، ئا بەم شێوەیە کامڵێتی بۆ دەستەبەر دەبێ بە پەیوەندیکردن بە خواوە، بەوەی دانەریەتی و بەختەوەری مرۆڤ تەنها بەوەوە دەوەستێت[٢].

لەمەوە بەختەوەری کامڵ لەلای تۆما، بە بینینی خوا دەستەبەر دەبێ، لەکاتی خۆداڕنینی مرۆڤ لە داواکارییە مادديەکان، لە کاتی درك کردن بە خودی خوا لە ڕێگەی عەقڵەوە، بەڵام ئەم بەختەوەرییە چەسپاوی لە ویستدا دەخوازێ؟

تۆما جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەختەوەری پێویستی بە چەسپاوی ویست و خواست هەیە، چ پێش یان دوای بەختەوەری، لە پێش بەختەوەربوندا پێویستە ویست ڕاست بێت لە ئاڕاستەکەیدا، بەرەو ئامانجی باڵا[٣]، مرۆڤ ناتوانێ خودی خوا ببینێ، بێ ئاڕاستەکردنی ویستەکەی بۆ ئەنجامدانی ئەخلاق و ڕەشتی جوان، کە زیاتر نزیکی دەکاتەوە لە گەیشتنە ئەم ئامانجە، بەڵام دوای بەختەوەربوونەکە، ئەوا ((هەموو ئەوەی ویستی ئەو کەسە حەزی لێیەتی، کە خوا دەبینێ، پێویستە لە بەر خوا خۆشیبوێ، هەروەك گشت ئەوەی ویستی ئەو کەسە حەزی لێیەتی کە خوا نابینێ، پێویستە خۆشیبوێ بەوەی حەقیقەتی خێری گشتییە کە دەیناسێ))[٤]، هەموو ئەوەی ویست حەزی لێیەتی، لەبەر خۆشویستنی خوا پێی هەڵدەستێت، یان لە حەقیقەتی گشتیدایە، بەم

---

(١) Thomas d’Aquin: Sur le Bonheur, p. 87.

(٢) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٣، ص ٢١٥.

(٣) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢٢٢.

(٤) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢٢٢.

پێیە بەختەوەری پەیوەستە بە جێگیری ویستەوە، بەمەش ئایا چۆن ڕاڤەی تاوان و هەڵە دەکەین؟ ئایا شوێنکەی ویستە؟

چاکە و پایە لای تۆما دژی هەیە، یەکەمیان: هەڵە و تاوان، لە ڕووی ئامانجەوە دژی چاکەیە، چونکە کاری هەڵە و تاوان بە کرداری سەرزەنشتکراو وەسفی دەکرێ، بەڵام کاری چاك بە کاری سوپاسکراو و پێویست وەسفی دەکرێ، لەو لایەنەی ئەو شتەی پێویستە سەبارەت بە ڕاستی و حەقیقەتی چاکە، ئەویش چاکییە کە دژەکەی خراپەیە، بەڵام لە ڕووی ڕاستی خودی چاکەوە ئەوا خراپە و پەستی دژیەتی، بەوپێیەی پەستی لەو کردارانەدا دەردەکەوێ کە گونجاو نین لەگەڵ سروشتی مرۆڤ[1]، هەر لەبەر ئەمە ئۆغستین دەڵێت: ((شەڕ و خراپە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ، کاتێك ئەوە دەشێوێنێ کە خوای گەورە دێگیری کردووە لە سروشتدا، کە بەدیهێناوە و ڕێکیخستووە))[2]، واتە خوای مەزن عەقڵی دروستکردووە، ئەو یاسایەی تێدا بەدیهێناوە کە ڕێنوێنی دەکا بۆ ڕێگەی ڕاست، هەر بۆیە گوێڕایەڵی کردنی عەقڵ، گوێڕایەڵی کردنی خوایە، چونکە عەقڵ تیش و ڕۆشناییەکە لە خواوە، خێری ((مرۆڤ بەستراوەتە بە کۆك و ڕێکبوونی لەگەڵ عەقڵ، خراپبوونیشی بەستراوەتەوە بە دژبوونی لەگەڵ عەقڵ))[3]، بەم پێیە خراپە ئەوەیە کە دژی سروشتی ژیری مرۆڤە، بەهەمان شێوە دژی چاکەیە، کەواتە ئەمە کاری پەستە، ئایا پێناسەی تۆما بۆ هەڵە و تاوان چییە؟

تۆما لە پێناسەکەیدا بۆ هەڵە و تاوان دەڵێت، ((کرداری مرۆڤ دەبێتە کارێکی خراپ، بەوەی لە سنووری دیاریکراو دەچێتە دەرەوە، پێوانە کردنی هەر شتێك، بە بەراورد دەبێ بەو بنەمایەی

---

1) المصدر نفسه، م ٣، ص ٢٢٧.

2) القديس أوغسطين: الإعترافات، ص ٥٨.

3) توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٣٢٩.

ئەگەر لە ئەندازەی دیاریکراو چووە دەرەوە ئەوا دەبێتە نەخوازراو))[1]، بەم پێیە هەڵە لادانە لە یاسا یان ئەو بەرنامەی سروشتی ژێری مرۆڤ یان شەریعەتی بیٚ كۆتا دەیخوازیٚ، واتە گوزارشت دەكات لە كردارێك ((سروشت بەكاردێنیٚ بە پێچەوانەی خۆی))[2].

بەهەمان شێوە دەتوانین لەگەڵ تۆما جەخت بكەینەوە لەسەر ئەوەی هەڵە لە كردارێكی خۆویستەوە دەردەچیٚ، ویست ((بنەمای هەڵە و تاوانەكانە، بەوپێیەی بنەمای كردارە خۆویستە چاك یان خراپەكانە، خراپەكانیش هەڵەكانن))[3]، لەبەر ئەمە پرسیار دەكەین چۆن هەڵە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەك دەگوازرێتەوە، وەك ئەوەی تاك هەڵە بەمیرات بگریٚ، وەك چۆن سیفەتە بایلۆژی و دەروونیەكانی تر بە میرات دەگریٚ.

تۆما ئەو بیروباوەڕە پوچەڵ دەكاتەوە، كە لەسەر میراتگرتنی هەڵە بەدرێژایی نەوەكان وەستاوە، بە گەڕانەوە بۆ كتێبی پیرۆز، لە (حز: ١٨)دا هاتووە: ((كوڕ تاوانی باوك هەڵناگریٚ))، ئەم ئایەتە تەواو ئەوە ڕەت دەكاتەوە هەڵەی باوك بۆ كوڕ بگوازرێتەوە، هەروەك عەقڵ لای تۆما بە میرات مانەوەی هەڵە لە نەوەیەكەوە بۆ یەكێكی تر پەسەند ناكات، بە بەڵگەی ئەوەی ((ڕووكەش ناگوازرێتەوە لە بنەڕەتدا، مەگەر لەگەڵ گوێزرانەوەی شوێنەكەی نەبیٚ، چونكە ڕووكەش لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر ناگوازرێتەوە))[4]، شوێنی هەڵە عەقڵە، عەقڵیش لە كەسێكەوە بۆ یەكێی تر ناگوازرێتەوە، لەمەوە لە بنەڕەتدا ناكریٚ گوناه بگوازرێتەوە[5]. بەهەمان شێوە، گواستنەوەی بنەڕەتی مرۆڤایەتی ((هۆدار بە چاندن، چاندن ڕێگرە لەوەی ببێتە هۆیەك بۆ هەڵە و

---

[1] المصدر نفسه، م ٤، ص ٣٥٠.

[2] القديس أوغسطين: الإعترافات، ص ٥٨.

[3] توما الإكويني: كتاب الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٣٨٤.

[4] المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

[5] المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

تاوان، چونکە بەشە دەروونی گۆیای تێدا نییە))[1]. بەم پێیە ناکرێ گوناھ بچێندرێ، بەھۆی ئەستەمی چاندنی عەقڵی مرۆیی، دواتر ناکرێ لە بنەڕەتدا ھەڵە و گوناھ بگوازرێتەوە.

بەڵام ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا ھاتووە، تەواو پێچەوانەی ئەمە بێ، پێغەمبەر (روی5: ١٢) دەڵێت: ((بە یەك مرۆڤ گوناھ و تاوان ھاتە نێو جیھانەوە))، ئەمە لە تێڕوانینی تۆمادا لاساییکردنەوە ناگەیەنێ، بەھۆی وتەکەی کە لە (حك ٢: ٢٤) ھاتووە: ((بە ئیرەیی شەیتان مردن ھاتە نێو جیھان))، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ھەڵە بە بنەڕەت لە مرۆڤی یەکەوە ھاتە نێو ئەم جیھانەوە[2].

سەبارەت بە تۆما ئەکوینی ناکرێ باوەڕی کاسۆلیکی پشتگوێ بخرێ لەم پرسەدا، چونکە وەستاوە لەسەر پێویستی چەسپاندنی منداڵان لە دوای لەدایکبوونیان، بە کەمێك شۆردنیان لە تاوان، ناکرێ سەرپێچی ئەمە بکرێ تا بیدعە ئەنجام نەدرێ، مانای وایە ھەڵەی مرۆڤی یەکەم لە بنەڕەتدا نەوە دوای نەوە لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێتەوە[3].

تۆما بەھۆی دانانی بە بیروباوەڕی کاسۆلیکی، خۆی دەخاتە نێو قەیرانێکی فەلسەفەیەوە، دەبێ بە ڕاڤەیەکی فەلسەفی قەناعەت پێکەر بێتە دەرەوە، ئایا سروشتی ئەم ڕاڤەیە چییە؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، تۆما پەنای بردەبەر ڕاڤەیەکی لۆژیکی، لەسەر ئەوە دامەزرابوو کە ھەموو مرۆڤەکان لە ئادەمەوە لەدایکبوونە، دەکرێ وەك یەك مرۆڤ دابنرێن، لە ڕووی ڕێکەوتنیان لەو سروشتەی لە باوکی یەکەمەوە وەریدەگرن[4]، بەمەش گست مرۆڤەکان لە

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

(2) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

(3) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

(4) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

ئادەمەوە پەیدابوونە، وەك چەندین ئەندامی زۆری یەك جەستە[1]، بە بەڵگەی ئەوەی لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدەن، بەوپێیەی یەك کۆمەڵە لەوانەیە ناوی یەك جەستەی لێبنرێ، هەروەها وتەی فورفوریوس کە دەڵێت: ((هاوبەشی لە جۆردا، وا دەکات زۆرێك لە خەڵك ببن بە یەك))[2]، دواتر ئەگەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستە هەڵەیەك بکات، ئەوا نادرێتە پاڵ ئەو، بەڵکو دەدرێتە پاڵ ئەو دەروونەی بەرپرسە لە جوڵاندنی ئەندامەکان لە سەرەتادا[3]، ئا بەم شێوەیە ((تێکچوونی ئەو پێکهاتەیەی هەیە لەم مرۆڤەی لە ئادەم پەیدابووە، بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکو بەویستی باوکی یەکەم بووە، کە دەجوڵێ بە جوڵەی پەیدابوونی هەر شتێك کە بنەڕەتی ئەو لێیەوە هاتووە، هەروەك چۆن دەروون کردار دەجوڵێنێ بۆ هەموو ئەندامەکان، دواتر هەڵە و تاوان کە لەم باوکی یەکەمەوە ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێ ڕەسەن))[4]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەوەی لە باوکی یەکەمەوە پەیدا دەبێ لە هەڵە و تاوانەکان، ئەوا دەدرێتە پاڵ نەوەکانیش لە ڕێگەی بۆماوەیی، بەڵکو لە میانەی هاوبەشی لە سروشتدا، واتە بەوپێیەی یەك جەستەنە.

ئەگەر بڕوانینە بەڵگەکانی تۆما، سەبارەت بە چەسپاندنی هەڵە و تاوانی ڕەسەن، دەبینین لاوازن و بە وردی گوزارشت لە مەبەستەکەیان ناکەن، چونکە بەکارهێنانی وشەی یەك بەستە بەسەر یەك کۆمەڵگەدا، مانای خوازراو (مجازی) تێپەڕ ناکات، کە گوزارشت دەکات بە ئەندازەی بەیەکەوە بەستران و یەکگرتوویی کۆمەڵگەکە، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ گوناهی باوکی یەکەمەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەگوازرێتەوە، سەبارەت بە وتەکەی فورفوریوس، ئەوا هاوبەشی خەڵك لە یەك

---

1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

2) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

3) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

4) المصدر نفسه، م ٤، ص ٤٦٣.

سروشتدا که عەقڵە وایان لێدەکات وەك یەك مرۆڤ لێیان بیٚ، هەرگیز گوێزرانەوەی هەڵە و تاوان لە باوکەوە بۆ کوڕی ناگەیەنیٚ، تەنها ئەوە دەگەیەنیٚ کە خەڵك بە گشتی بەشدارن لە بەدەستهێنانی بەهرەی عەقڵ لەگەڵ سەربەخۆیی تەواو بۆ بەرپرسیارێتی و پابەندییەکانی تاك، دواتر ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی دژەکانی کردووە لەسەر ئەویش جێبەجیٚ دەبن، ئەوی لیٚ ناهەڵاوێردریٚ، بەڵام لە کاتی ڕوودانی هەڵە و تاوانێك، ئەوە دەگەیەنیٚ شتێکی پیس و پەست ڕوویداوە، ئایا ئەمە لادەچیٚ بە لاچوونی هەڵە و تاوان یان لە دەرووندا دەمێنێتەوە؟

لێرەدا هەندێك لە مەسیحییەکان هەن پێیان وایە پیسی و پۆخڵی لە دەرووندا نامێنێتەوە دوای ئەنجامدانی تاوان، بەوپێیەی ئەوەی لە دەرووندا دەمێنێتەوە لە دوای کردەوەکە بەهرەیە، پیسی و پەستی بەهرە نییە، کەواتە بە نەمانی هەڵە و گوناهەکە لادەچیٚ، بەهەمان شێوە پەیوەندی پەستی و پۆخڵی بە هەڵە و تاوانەوە وەك پەیوەندی هۆ و دەرەنجامە، بەو مانایەی بە تەواوبوونی هۆ (گوناه) دەرەنجامەکە (پەستی و پیسی) تەواو دەبیٚ، بەهەمان شێوە ئەگەر بڕوانینە پەیوەندی پەستی و پیسی بە هەڵەوە، وەك پەیوەندی سێبەر بە جەستەوە، لە کاتی ونبوونی جەستە (گوناه)، ئەوا سێبەر (پەستی و پیسی) ون دەبیٚ[1]، لێرەوە دەکریٚ – بەپێی بیروباوەڕ – بڕیار بدەین کە پیسی و پەستی لە دەرووندا نامێنیٚ، لە دوای کاری هەڵە گوناه، ئەوەندە هەیە تۆما ئەم بیرباوەڕە ڕەت دەکاتەوە بە تەواوی، چونکە لە ناوەڕۆکدا تێکدەگیریٚ لەگەڵ شەریعەتی خوایی و عەقڵدا، بەپێی شەریعەت دەبینین لە (یوسع: ١٧: ٢٢) هاتووە: ((کەمێك لە گوناهی قوڵ، ڕووەکەی تا ئەمڕۆش لە دەرونتان ماوە))، ئەمە داننانە بەوەی تاوان لاناچیٚ، بەڵکو لە دوای تەواو بوونی گوناهەکەش هەر دەمێنیٚ.

بەڵام بەپێی عەقڵ، ئەوا پیسی کۆتایی نایەت، بە هۆی کۆتایی هاتنی تاوان، چونکە بەڵگەیە لەسەر ناپاکی دەروون، بەهۆی سەرپێچی کردنی بۆ ڕووناکی عەقڵ یان شەریعەتی خوایی، بۆ

---

[1]) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥١٦.

ئەوەی پیسی و پەستی نەمێنێ، ئەوا دەبێ دەروون بە جوڵەیەکی خۆویستانەی بەهێز هەوڵبدات، دژی جوڵەی یەکەم، پشت بەستوو لەمەدا بە نووری خوایی یان نووری عەقڵ، ئەمە هەمووی بە بەخششی ڕووناکی خوایی دەکرێت[1]، ئەگەر دەروون نەتوانێ پیسی و پەستی تێبپەڕێنێ، ئەوا بەهۆی دەرەنجامی گوناهەوەیە، جا سزایەکە چۆن دەبێ؟

ڕاڤەکاران ڕاجیان لە ڕاڤەکردنی چەمکی سزا و چۆنیەتیەکەی، ئەمەش بۆ جیاوازی ڕوانینە ئەودیو سروشتیەکەیان دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە ئەڕستۆ، ئەوا خوا هیچ یاسایەکی بەدینەهێناوە ڕێنوێنیمان بکات بۆ ڕێگەی ڕاست[2]، بەمەش هیچ سزایەکی دوارۆژی نییە، کە لە پێناویدا کەسی دادگەر کۆڵنەدات و هەڵەکاریش اۆبە بکات، سەبارەت بە ئەفلاتۆن ئەوا داندەنێ بەوەی خواوەندەکان سیستەمێگیان داناوە بڕیار دەدات و سیستەمی ئەخلاقی دیاری دەکات[3]، هەر یەکێك کار لەسەر پێشێل کردنی بکات، ئەوا سزا دەدرێت.

هەست بە شوێنەوارەکانی ئەم تێڕوانینە ئەفلاتۆنیە دەکەین لە هزری مەسیحیدا، کە ئەویش بە هەمان شێوە دامەزراوە لەسەر بڕوابوون بەوەی خوا جیهانی بە هەموو شتەکانیەوە بە گاڵتە و هەڕەمەکی دروست نەکردووە، بەڵکو بەگوێرەی سیستەمێکی تۆکمە دروستی کردووە، هەر هەڵەیەك بە پێشێلکردن و دەرچوون دادەنرێ لە یاسا خواییەکان، هەر بۆیە پێویستە هەڵەکار ملکەچی سزا بکرێت، ئۆغستین لەم بارەوە دەڵێت: ((ئەو شتە دەکەن کە لە شەریعەتەکەتداقەدەغەکراوە، شەرمیش ناکەن، پێیان وایە ئەوان دروستی دەکەن و سەرزەنشتیان

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥١٦.

(2) إتين جلسون: المسيحية في العصر الوسيط، ترجمة وتعليق: إمام عبدالفتاح إمام، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط٣، ٢٠٠٩، ص ٤٢٧.

(3) المصدر نفسه، ص ٤٢٧.

بۆ نییە، لە کاتێکدا ئەو کوێرییەی بەسەریاندا دراوە سزایە بۆ ئەوان...))[1]، لێرەوە ئەگەر مرۆڤ هەڵەیەکی کرد، ئەوا ئەم کارە حەسانەوە و ئاسودەیی بۆ نایەنێ، بەڵکو توندگیری و ناهەمواری بۆ دێنێت، ئەمەش بە سزایەك بۆ ئەو دادەنرێ.

ئەم سزایە لای تۆما ئەکوینی بە یەك شێوە نابێ، بەڵکو بە سێ شێوە دەبێ، بەوپێیەی سێ سیستەم لێرەدا هەن: سیستەمی عەقڵی و سیستەمی مرۆیی گیانی یان کاتی یاخود سیاسی یان ئابوزوری بێ، سیستەمی سیاسەتی خوایی بە گشتی، ئەم سێ سیستەمانە بە هەڵە تێکدەچن[2]، لەبەر ئەوەی ((ئەو کەسەی هەڵە دەکات، ئەوا لە دژی عەقڵ و مرۆڤایەتی و شەریعەتی خوایی دەڕوات))[3]، ئەمەش سێ سزای بەسەردا دێت: یەکەم خۆی دەبینێتەوە لە گومان و شەرم لە دەرووندا، دواتر لە مرۆڤ، سێیەم لە خوا[4].

بەم پێیە، بەگوێرەی جۆری هەڵە و تاوان جۆری سزایەکە دیاری دەکرێ، بەڵام ئەگەر سزایەکە خوایی بوو، ئایا ئەم سزایە هەتا هەتاییە؟

تۆما لە یەك دۆخدا دەڵێت سزا هەتا هەتاییە، ئەو کاتەی هەڵە و تاوانەکە کاریی کرد لە سەر تێکدانی بنەمای سیستەم کە ئامانجی باڵایە، نموونەی ئەمەش ئەوەیە، ئەگەر بنەمای بینینی تێکدا، ئەوا ناکرێ چاو چاك بکرێتەوە مەگەر بە هێزی خوایی نەبێ، بەڵام ئەگەر هەندێك کۆسپ بەسەریدا هاتن لەگەڵ سەلامەتی بنەماکە، ئەوا بە سروشت یان پیشەسازی دەکرێ چاك بکرێتەوە[5]، ئا بەم شێوەیە سەبارەت بە بنەمای سیستەم، کە ئەو پەڕی ئامانجە، ئەو کاتە

---

(1) القديس أوغستين: الإعترافات، ص ٢٧.

(2) توما الإكويني: الخلاصة اللاهوتية، م ٤، ص ٥١٨.

(3) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥١٨.

(4) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥١٩.

(5) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥٢٢.

تێکدەچێ ئەگەر مرۆڤ چەند گوناه و هەڵەیەکی کرد، تەواو تێکگیران لەگەڵ فەرمانە خواییەکان، ئەمەش ئاماژە بە نەمانی خۆشەویستی دەکات، چونکە مرۆڤ بەهۆی خۆشەویستییەوە ملکەچی ئەم فەرمانانە دەبێ، ئەمەش دەبێتە هۆی سزایەکی هەتا هەتایی بۆ ئەو، لە کاتێکدا ئەگەر هەڵە و تاوانەکە سەرنەکێشێ بۆ تێکچوونی ئەم بنەمایە، بەڵکو تەنها بووە هۆی تێکچونی ئەوەی سەر بۆ ئامانجەکە دەکێشێ، وەك ئەوەی مرۆڤ بایەخ بە شتێکی دونیایی بدات بێ ئەوەی ئەمە سەربکێشێ بۆ پێشێلکردن و سوکایەتی کردن بە خوا بە سەرپێچی کردنی فەرمانەکان یان یاخی بوون لێیان، نموونەی ئەم هەڵانە سزایەکی کاتی نەوەك هەتا هەتایی دەسەپێنن[1].

لە کۆتاییدا، ئەوە هەڵدەهێنجین توما ئەکوینی لە دامەزراندنی بەها ئەخلاقییەکان، تا ئاستێك کاریگەربووە بە هزری یۆنانی کە ناکرێ ڕایەکانی ئەو و ئەرستۆ و ئەفلاتۆن لەیەکتر جیا بکرێنەوە، ئەگەر ئەمە ئەوەش نەگەیەنێ کە دانی بە هەموو ڕایەکانی ئەواندا ناوە، کاری کردووە لەسەر ڕەخنەگرتن لە بۆچوونەکان، چ هی فەیلەسوفەکان یان هی مەسیحییەکان بن، کە ڕێك و تەبا نەبووبن لەگەڵ گیانی شەریعەتی خوایی و بنەماکانی عەقڵ، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی بەهای ئەخلاقی لای ئەو لەسەر هەردوو بنچینەی: عەقڵ و شەریعەتی خوایی دامەزراون.

---

(1) المصدر نفسه، م ٤، ص ٥٢٢.

# بەشی چوارەم

## ئەخلاقی سەردەمی نویٚ و زاڵبوونی ئەکسیولوژی و ئەبستمولوژی

یەکەم- ئەخلاقی سوود لەلای جیرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل

دووەم- ئەخلاقیەت لە نیٚوان ئامراز و ئامانجدا لەلای سپینۆزا

سیٚیەم- دیٚڤد هیوٚم بەرەو ئەخلاقی هەست و سۆز و هەوەس

چوارەم- ئەخلاق لای جۆن دیوی

# ئەخلاقی سوود

## لەلای جیرمی بنتام و جۆن ستیوارت میل

**بوزیرە عەدولسەلام**

**زانکۆی محەممەد بوزیاف –ئەلمسیلە، جەزائیر**

**پێشەکی**

یەکێك لە پەیوەندییە مەزنە جیاکەرەوەکانی بوونی مرۆیی، ئەوەیە مرۆڤ بە بوونەرێکی ئەخلاقی دادەنرێ، چونکە هەموو ئەو کارەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت بە ئازادی و بیرکردنەوەوە، ئەوە پێویست دەکات ئامانجەکەی ڕەچاوی ڕۆیشتن بکات بۆ ئامانجەکانی تر، ئەم بە چاکدانانە هاتووە لە توانای مرۆڤ لەسەر قبوڵکردنی بەها ئەخلاقییەکان یان ڕەتکردنەوەی بەپێی ئەو دەرەنجامانەی مانا بە هەڵسوکەوت و ژیانی دەدات. مێژوو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی لەوەتەی کاتێکی دوورەوەیە مرۆڤ درکی بە ڕووداوە ئەخلاقییەکان کردووە لە هەڵسوکەوتەکانی ئەوانی تردا، وەك: ئەرك و ماف و بەرپرسیارێتی و پاداشت و دادگەری و میهرەبانی، بە کرداری پیادەی ئەم ڕووداوانەی کردووە، سەبارەت بەمە حوکمی بەهایی دەرکردووە، ئەم کردارەی خۆشویستووە و ئەویتری خۆشنەویستووە، ئەم هەڵوێستەی پەسەند کردووە لەبەر ئەوەی چاك بووە و ئەوی تری ڕەت کردۆتەوە لەبەر ئەوەی خراپ بووە. ئەم حوکمە بەهاییانە، فراوان بوون تا بوونەوەرە نا ژیرەکانیشیان گرتەوە، وەسفی شێری کرد بەوەی چاونەترسە، ڕیوی فێڵبازە، سەگ وەفادارە، ئەسپ جوانە، ئەمە مانای وایە مرۆڤ ژیاوە لەگەڵ ئەم بەهایانەدا لە هزر و ویژدانیدا و بە کرداری پیادەی کردووە.

بەڵام ئەم دابەشکاریە بۆ کردارەکان بەپێی بەهاکان، کە چاکەکان یان خراپەکان لەخۆ دەگرن، ئەوا دابەشکاریەکی گریمانەییە، بەوپێیەی ڕووبەڕووی پرسیاری قوڵ دەبێتەوە، هەموویان دەڕژێنە نێو کێشەی ئەخلاقی، مەبەستمان لێی ئەخلاقە لەسەر ئاستی تیۆریدا، واتە کێشەی خودی ئەخلاق لە ڕووی ڕەوایەتی و بەهای بنەماکەیدا، ئەمە کێشەیەکە کەسانی سادە نایوروژێنن، بەوپێیەی گوزارشت لە ئەخلاق دەکەن بە ئایەتەکانیان، بەگوێرەی بیروباوەڕە بەکۆمەڵ و کۆمەڵایەتیەکەیان، بێ ئەوەی ملکەچی بکەن بۆ ڕەخنەی عەقڵی. بەڵکو کێشەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی فەیلەسوفە ئەخلاقیەکان دەیوروژێنن لەو پرسیارانەی دەربارەی ئەو پێوەرانەی پێوەر و بەها ئەخلاقیەمان لەسەری دادەمەزرێن، ئەندازەی ڕەوایی ئەم بنچینەیە، ئا لێرەوە بنچینەی فەلسەفی بۆ بابەتە ئەخلاقیەکە دەدرەوشێتەوە، لەگەڵ ئەو بنەما و بنچینانەی فەیلەسوفەکان گریمانەیان کرد وەك ئەو کۆمەڵە بنەمایەی گشت بەها ئەخلاقیەکانی لەسەر دامەزراوە، وەك دەرەنجامێك بۆ ئەم بنەما گریمانەکراوانە، فرە ڕێبازە ئەخلاقیەکان دروست بوون بە جیاوازی ئاڕاستە و هزری ڕێبەر و شوێنکەوتووانیان.

یەکێك لەو ئاڕاستە فەلسەفیانەی بنەمای بۆ بەهای ئەخلاقی داڕشت، ڕەواییدا بە ڕەوتی سودگەرایی لەسەردەمی نوێدا، لەلای هەر یەك لە جیرمی ینتام و جۆن ستیوارت میل. کە بناغەیان داڕشت بۆ بەها ئەخلاقییەکان، لە ڕووی پەیوەندیەکەی بە مرۆڤەوە، ئەو سروشتەی پێی تایبەتمەندە و پڕە لە حەز و ئارەزوو و چێژەکان، کە دەبێتە هۆی هەوڵدانی بەردەوام بۆ دەستەبەرکردنی ئەندازەیەکی گەورەتر لە سوود و کەڵکەکان. سەرباری جیاوازی فەیلەسوفەکانی ئەخلاقی سوودگەرا، سەبارەت بە جۆری سوود و سنوورەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆکن لەسەر ئەوەی سروشتی مرۆیی بە حەز و ئارەزووەکانی تاکە بنچنەیە، گشت بەها ئەخلاقیەکانی لەسەر بنیات بنرێ.

**یەکەم – بنچینە مێژووییەکانی بیرۆکەی سوودگەرایی**

خەریکە گشت ئەوانەی بایەخ بە بابەتە ئەخلاقییەکان دەدەن کۆك بن لەسەر ئەوەی بیرۆکەی سوودگەرایی بەدرێژایی مێژووی دوور و درێژی هزری فەلسەفی درێژ دەبێتەوە، لە فەلسەفەی یۆنانیەوە تا دەگاتە فەلسەفەی نوێ، لەگەڵ ئەو سایە و سێبەرەی بەسەر فەلسەفەی هاوچەرخدا هەیەتی.

**١- قورینائیەت:**

دەدرێتە پاڵ: ئەرستیبوس قورینائی (٤٣٥ – ٣٦٦پ. م)، سەرسام بوو بە بیرۆکەی بەختەوەری لە رێبازی مامۆستاکەی سۆکراتدا، رێبازێکی لەسەر دامەزراند، ئەوەندە هەیە بەرەو توندرەوی رۆیشت، سوود و چێژ و بەختەوەری یەکخست، پشتی بەوەبەست تاکە ئامانجی ئەخلاق و چاکە بریتییە لە سوود، بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ چێژ کرد وەك ئامانجی باڵای ژیانی مرۆڤ. ئەم توندگیریە بەهۆی کاریگەری بروتاجوراس و سۆفستائیەکانی تر لەسەری دروست بوو. ئەو کاتە گەیشتە بەرپاکردنی پێوەری ئەخلاقی لەسەر بنەمای چێژ و سوود، ئەرستیبوس دەڵێت: چێژ بریتییە لە چاکەی باڵا، ئامانجی ژیان و پێوەری بەها ئەخلاقییەکانە، پێوەری حوکم و بڕیارە ئەخلاقییەکانە بە گشتی، وتی ئەمە بانگەوازی سروشتە، لە گومڕاییەوە شەرم لە تێرکردن یان دوودڵ بین لە ڕازیکردنی.

ئەگەر نەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگە نەدات بەوەی بە ئاشکرا تێر بکرێ، ئەوا پێویستە نەریت بە سووك دابنرێ و بە کەم سەیری بارودرخە کۆمەڵایەتە باوەکان بکرێ، "ئا بەم شێوەیە قورینائیەت نکۆڵی لە عەقڵ و ڕۆح (گیان)، تەنها دانی بەوەدانا کە چێژی هەستی هەنوکە، چاکە و خێری

باڵایە، ئەوەش ڕێگری لە تێرکردنی بکات خراپەیە"[1]، مادەم ئەمە ناکرێ تەنها بە کپ کردنی ئاەزووەکان نەبێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیان جوانیەکەی لەدەست بدات، ئەوا ڕێبازی قوریتلئیەت مۆڵەتی داوە بە خۆڕزگارکردن لە ژیان بە هۆی خۆکوشتنەوە، ئەمەش بە کرداری سەریکێشا بۆ بڵابوونەوەی ئەم دیاردەیە لە قورینا، ئەمە پاڵی بە پشا بەتلیمۆسەوە نا ئەرستیبۆس دووربخاتەوە و قوتابخانەکەی دابخات، شوێنکەوتووانی ئەم قوتابخانەیە ئەو دروشمەیان بەرکردەوە کە دەڵێت: "بەختەوەری بریتییە لەو چێژەی ئازاری بەدوادا نایەت"، وتنی ئەوەی: کەسی دانا ئەوەیە خۆی دەکاتە قوربانی لە پێنو دۆست و خانەوادەکەی[2]، چێژ لای ئەرستبوس بریتییە لە ئەزموونێکی ئەرێنی زیندوو، نەوەك تەنها نەمانی ئازار. لەبەر ئەوەی ئەمە ئامانجی سروشتە، کە هەموو بوونەوەران حەزی پێی دەکەن، ئەوا دەبێ ئەو خێر هاوتا دابنێین، چێژ وەك ئامانێك سەیر بکرێ، تەنها ئێستا بایەخ و پشتی پێ دەبەسترێت، نەوەك ڕابردوو کە لەبەردەستماندا نییە، نەوەك ئایندە، کە هێشتا بۆمان نەهاتووە، کەواتە سەرچاوەی چێژ نە بیرهاتنەوەیە نە هیوا خواستنە بە ڕووداوی خۆش، بەڵکو تەنها ساتی ئێستایە بە هەموو هێزەکەیەوە، ئەرستیبۆس تیۆرێکی خودی هەیە لە زانیندا، بە توندی گرێدراوە بە ڕێبازی چێژەوە. نکۆڵی کرد لەوەی هەستەکانمان ناوەڕۆکی شتتەکانمان پێ ئاشنا بکەن، یارمەتیمان بدەن لە ناسینی سروشتدا، لە کاتێکدا زانینی ئەم سروشتە پێویستی بە بنچینەیەکی بابەتی هەیە، ئەوا بەبێ بایەخ و سوود دەمێنێتەوە سەبارەت بە ژیانمان.

لەبەر ئەمە ئەرستبوس گاڵتە بە بیرکاری دەکات، چونکە پێی وایە گوزارشت لە ژمێرکاری بێ دەنگ دەکات، هیچ پاڵپشتیەکی چاکە و خراپە ناکات، بەمەش لاپەڕە دادەخات لەسەر ئەوەی دەبێ جەمسەر بێ و بایەخ پێدانەکانمان بەدەوریدا دەخولێنەوە. ئەگەر هەستەکانمان دەستەوەسان بوون لە پێدانی زانیاری زیاتر بۆ ئاشنابوون بە جیهان، ئەوا سەرباری ئەوەی چێژ

---

(1) توفيق الطويل، الفلسفة الأخلاق، مؤسسة المعارف، الإسكندرية، ط ١، ١٩٦٠.

(2) يوسف حامد الشين، مدخل جديد ٳلى علم التفسير، الإسكندرية، دار الأندلس، ٢٠٠٣، ص ٨٦.

یان ئێش و ئازارمان پێدەدەن و هۆکاری هەستەکانمان پیشان دەدەن، ئەوا گونجاوە بۆ ئەوەی بە ڕێنیشاندەر و ڕێبەر دابنرێ، دواتر دەبێ هەستکردنە خودییەکان ببنە بنچینەی هەڵسوکەوتی کرداری(١).

**٢- ئەبیقۆریەت:**

دراوەتە پاڵ ئەبیقۆر (٣٤١ – ٢٧٠ پ. ز). ئەخلاقی ئەبیقۆریەت بریتییە لە درێژبوونەوەی ڕا و بۆچوونەکەی لە بابەتە سروشتییەکاندا، چونکە بنچینە تاکە کەسە، هەمان دۆخ لەلایەنی ئەخلاقیدا، دەبینین بنچینە بریتییە لە پێوەری تاک، ئەخلاقی ئەبیقۆریەت لەسەر ماددەگەرایی سروشتی وەستاوە، بنەمای چێژ ئاسانترین ڕێگەیە کە سەر بۆ دانایی دەکێشێ، لە ڕێگەی پێدانی پشتبەخۆبەستن بە کەسی دانا، لە تەنهاییە ئارامەکەیدا، دوور لە هەڵپەکارە گەوجەکان. ئەمە بە دەوری دوو ئامانجدا دەخولێتەوە، بریتین لە: چێژ، دۆخی ئاسودەیی و خاڵیبوون لە خەم و خەفەت. لەگەڵ ئەوەی گونجاندن لە نێوان ئەم دوو ئامانجە ئاسان نییە، ئەوا کرۆکی ئەخلاقی ئەبیقۆری خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندی نێوانیان. لە کاتێکدا ئەو تاکە ئامانجەی ئەبیقۆر دانی پێدا دەنێ وەك دەردەکەوێ چێژە. سەبارەت بە ئاسوودەیی ئەوا بەهای تەنها بەو ئەندازەیە هەیە کە شوێنکەوتووی چێژ و بەرهەمێنەری بێت، لەبەر ئەمە دوژمنانی ئەبیقۆریەت، وێنای ئەبیقۆریەکانیان کردووە لە شێوەی تاوانکار و داوێنپیس و خراپەکاردا، هیچ شتێك لە ئارەزووەکانیان نایانگێڕێتەوە. "کەواتە بنەما لە هەر کردەوەیەکی ئەخلاقیدا، ئەوەیە بەرەو بەدەستهێنانی چێژ یان دوورکەوتنەوە لە ئازار هەنگاو بنێ، هەڵەیە شتەکە بە پێچەوانەی ئەمە وێنا بکرێ. ئەبیقۆر بە توندی گاڵتە دەکات بەوانەی هاندەدرێن بەدوای خەیاڵی ساختە، بەوەی خەیاڵی شوێنکەوتنی چاکەیە بۆ چاکە یان ئەخلاقە بۆ ئەخلاق، بێ ڕەچاوکردنی هەر چێژێك یان

(١) فريدريك كوبلستون، تاريخ الفلسفة، مج ١، ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ط١، ٢٠٠٢، ص ١٨٣.

خۆدوورگرتن له ئازار"[1]. له ڕاستیدا تێگەیشتنی ئەبیقۆر له بارەی چێژ جیاوازه بۆ چەمکی قۆرینائیەکان بۆی، ئەمەش لەبەر ئەم سێ هۆکاره:

**یەکەم:** ئەبیقۆر وتویەتی چێژی جوڵاو گۆڕاوه و وەرچەرخاوه، **دووەمیان:** ئەبیقۆر تەنها دانی ناوه به یەك چێژی بەرهەستدا، ئەویش چێژی جەستەیە، واته پەیوەسته به چێژی زگ و سێکس واته چێژی چەسپاو و بەرگەگر، بەپێچەوانەی قورینائیەکان، که دانیان ناوه به چێژی هزری و ڕۆحی، بەهۆی کاریگەر بوون به هزری هیراقلیدس، سێیەم: چێژ له تێڕوانینی ئەبیقۆڕدا وەك ئەوه نییه که قۆڕیانیەکان خەیاڵیان کردووه، به جوڵه و هەڵچو نییه، بەڵکو چێژێکه لەسەر نەمانی ئازاری جەسته و شڵەژانی دەروونی وەستاوه.

لێرەوه کێشه دەستپێدەکات له نێوان دوو بنەمای ئەبیقۆڕیەکاندا: یەکەم دەڵێت: هەردەم خێر به ویست هەڵدەبژێردرێ، ئەوەی تر دەڵێ هەموو چێژێك خێره، هەموو ئازارێك خراپه و شەڕه، بەڵام هەموو چێژێك هەڵنابژێردرێ، هەردەم به ویست هەموو شەڕێك دوورناخرێتەوه، لێرەوه ئەبیقۆر وەکو قۆرینائیەکان جیاوازی دەکات، له نێوان بابەتی ویستی بەرچاوڕۆشن لەگەڵ ئامانجی حەزی راستەوخۆ. ئەگەر حەز بەلای چێژدا شکایەوه، ئەوا کەسی بەرچاوڕۆشن دەبێ ئاکامەکانی هەر چێژێك بپێوێت، ئا بەم شێچوەیە گشت ئەو چێژانه فەرامۆش دەکرێن که ئازاری زیاتر بەرهەم دێنن، بەرگەی ئەو ئازارانەش دەگیرێ که چێژی مەزنتر دێنن، هەر بۆیه ئەبیقۆر چێژەکانی کردۆته سێ پله: چێژه سروشتی و پێویستەکان، که دەبێ هەر تێر بکرێن، وەك حەزی خواردن، چێژه سروشتییەکان و نا پێویستەکان، که فره جۆری دەخوازێ له تێرکردنلا پێویستیەکاندا، وەك حەز کردن له خواردنێکی جۆره خواردنێکی تایبەت بەدەر لەوانی تر. له کۆتاییدا چێژه نا سروشتی و نا پێویستەکان. وەك حەز کردن له تاج، ئەمە حەزێکی بەتاڵ و پوچەڵه. کەسی دانا ئەوەیه، دەزانێ بەرزترین پلەکانی چێژ دەکرێ بەدەستبخرێ به تێرکردنی جۆرێك له حەزەکان، یان به بەس دانانی

---

**(1)** عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، لبنان، ط ١، ١٩٨٤، ص ٨٧.

کەمێك و چێژ بینین لەوەی سروشتی بەرچاوڕۆشن بە هەڵسوکەوتی خۆی دایدەنێ. ئەخلاقی ئەبیقۆرپەت پۆلێکە لەو ڕێنماییانەی هزر جڵەوگیر دەکەن لە سەرکێشی و دەیگێڕێتەوە لە پێشێلکردنی سنوورەکان، کە سروشت دیاری کردوون و پابەندبوون بەم چەمکە، پەیوەندی نێوان هەر دوو هزرە جەمسەرییەکە ڕوون دەکاتەوە، چێژ و ئاسودەییە. داواکردنی چێژ، هەموو ئەم ڕاهێنانە عەقڵیانە دەخوازێ: لە ڕامان لە ئاستی سروشتی حەزەکان، ئەژمارکردنی چێژەکان، وێناکردنی چێژەکانی ڕابردوو و ئاینده، کە پێکهێنەری لایەنە نەرێنیەکەی ئاسودەیی دەروونە. "ئەگەر مرۆڤ ویستی ژیانێکی ئاسوودە و خۆش و ڕەزامەندا بباتەسەر بە ڕاستی، ئەوا دەبێ دانایی و پایەکانی وەك داوێنپاکی و دادگەری هەبێ"[()]، ئا بەم شێوەیە دانا بە یاسای سروشتی و بابەتە سروشتیەکان و ئەخلاق، دەگاتە ئەم چوار شتانە: نەترسان لە جیهانی نەبینراو، نەترسان لە مردن، بەدەستخستنی خێر بە ئاسانی و گریمانەکردنی ئازار بە ئاسانی. کەواتە کەسی دانا هەیە و ئازادە، خۆی داڕنیوە لە بیرۆکەی پێویستی و ئەوانی تر، واتە بێ گەورەیە، تەنها پشتی بەخۆدەبەستێ. پوختەی قسە ئەوەیە ئەبیقۆر کەسێکە بە قوڵی بیری کردۆتەوە لەبارەی هەڵوەشانەوەی ئەخلاق و شێوە دەربڕینە جیاوازانە بۆ هێسترپایەی بە کۆمەڵ، لە میانەیدا ویستویەتی نامەیەك بۆ هاوچەرخەکانی بنوسێ، بۆیان ڕوون بکاتەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە ببێتە گەورەی چارەنووسی خۆی.

---

() المصدر نفسه، م ٤، ص ٥٢٢.

## ٣- ئاڕاستەی ماددەگەرایی (هۆبز):

تیۆری تۆماس هۆبز (١٥٨٨ - ١٦٧٩)، درەوشانەوەی ناکۆکییە سیاسی و شڵەژانە ئاینیەکانە، کە لە ئەوروپا بەرپابوونە، لە ماوەی سەدەی حەڤدەمی و بەتایبەت بزوتنەوەکانی چاکسازی ئاینی ناوخۆیی، لە ئینگەڵتەرا و ئەو ناکۆکیەی بەدوای خۆیدا هێنا. تیۆری هۆبز بە گرنگترین ئەو کارانە دادەنرێ کە هزری ئینگلیزی بەرهەمی هێناوە لە فەلسەفەی سیاسیدا، کە لە ڕوانینی ئەو بۆ سروشتی مرۆیی هەنگاوی نا، کە لەسەر خودویستی دامەزراوە، ئەمە ڕوانینێکی میکانیکییە بۆ گەردوون و ژیان و سروشت. جیهان لای هۆبز لەسەر سیستەمێکی میکانیکی دانراوە، بەهەمان شێوەی سروشتی مرۆڤایەتی هەڵسوکەوتی میکانیکی کاری تێدەکات، بڕوای وایە سروشتی مرۆڤایەتی خۆویستی بڕیاری لێدەدات، چونکە هەڵسوکەوتی مرۆیی دەرەنجامی هەست و هەڵچون و هەستەکانە، وێنەی جۆراو جۆرە لە جوڵەی میکانیکی، کە لە دەروونی مرۆڤایەتیەوە دەردەچێ. هەموو جوڵەکانی جەستە بریتین لە جوڵەی میکانیکی، لە دەماغەوە سەرچاوە دەگرن. هەروەك هەڵسوکەوتی مرۆیی لە هەست و سۆز و هەڵچونەکان، تەنها چەند جوڵەیەکی میکانیکین، هەڵسوکەوت ئاڕاستە دەکەن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکدەخات. کەواتە هۆبز تیۆری ئەخلاقی دامەزراندووە، لەسەر خودویستی، کە پەیوەست بوو بەو بیرۆکەیەی ئەو کات باوبوو، ئەویش ئەوەیە سروشتی مرۆیی لەسەر قبوڵکردنی چێژ و خۆدوورگرتن لە ئازار دامەزراوە. لەبەر ئەوە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی چێژ و خۆ دوورگرتن لە ئازار داوە. هەروەك چۆن ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ دەبێ لەسەر مرۆڤ، ئەوا لەسەر کۆمەڵگە و سیستەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش جێبەجێ دەبێ، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری خودی، دەبێتە هۆی سوود و کەڵ و ناوبانگ و دەوڵەمەندی بۆ تاك. بەڵام بنچینەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بەرپابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا ترسی هاوبەشتی تاکەکان لە خۆیان، کە لەسەر حەزی مانەوە و پاراستنی ژیان دامەزراوە، "پێویستی و هەستکردن بە هێز وا لە تاك دەکەن هەوڵی بەدەستهێنانی زیاتر ئەو

خێر و بێرانەی زەوی بدات کە پێویستن، ئەگەر بەهێز نەیتوانی ئەوا پەنا دەباتە بەر فیلّ، ئەوە گەواهی لەسەر ئەمە دەدات کە لە باو و باپیرە وەحشیەکانمانەوە دەیزانین، ئەوەش کە ئێمە دیگرینەبەر لە ڕێوشوێنی خۆپارێزی و دووربینی و شێوازەکانی دژایەتی کردن"[١]، سروشتی مرۆڤ لای هۆبز خۆویست و شەڕانگێزە، ئەم خۆویستی و شەڕانگێزیە پاڵی بە تاکەکان ناوە بۆ ناکۆکی و شەڕکردن لەگەڵ یەکتری و بەرپابوونی جەنگ لە نێوان مرۆڤ، هەر لەوەی "هەمووان دژ بە یەکتر لە جەنگدان"، بەڵام ئەم هێزی شەڕانگێزیە خودییە، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ گەڕان بە دوای ئاسودەیی، هەر بۆیە مرۆڤ پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبات.

ئا بەم شێوەیە ژیان هەردەم گوزارشت لە دۆخی جەنگی بەردەوام دەکات لە نێوان تاکەکاندا، کۆمەڵگەی مرۆیی زیاتر بە "دارستانی گورگەکان" دەچێت، چونکە سروشتی مرۆیی، سروشتێکی ئاژەڵی دڕندانەیە، ئەو یاسایەی زاڵە بەسەر ژیاندا یاسای "دارستانە"، ئەوەی بەهێزە بەسەر لاوازدا زاڵ دەبێ. هەروەك ئەم یاسایە جڵەوگیری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، چونکە مرۆڤ بە سروشت ڕاهاتووە لەسەر بەکارهێنانی هێز و فێڵ و تەڵەکە. بەهۆی یاسای دارستان، مرۆڤ هەموو مافە سروشتیەکانی خۆی لە دەستداوە، چونکە خۆویستییەکەی پاڵی پێوەناوە بۆ بەکارهێنانی هێز و فێڵکاری.

---

(١) يوسف كرم، تاريخ الفلسفة الحديثة، دار القلم، بيروت، لبنان، ص ٥٥.

**دووەم – ئەخلاقی سوودگەرایی و گەشەکردنی:**

بەهۆی دەرکەوتنی زۆر کێشەی نوێی پەیوەست بە کۆمەڵ و دەوڵەت و یاساوە، ڕێبازێکی تر لە بەختەوەریدا بەرپابوو، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تێدا ڕەنگی دایەوە، ئەویش ڕێبازی سوودی گشتی بوو، گوزارشت لە قوتابخانەی فەلسەفی ئینگلیزی پوخت دەکات، جیرمی بنتام لە کتێبە ناودارەکەیدا هەموو تیۆرەکانی ئەم ڕێبازەی دانا بەناوی "دەروازەیەك بۆ بنەماکانی ئەخلاق و یاسادانان"، دواتر قوتابی ئەو جۆن ستیوارت میل هات، لە کتێبە ناودارەکەیدا "سوودگەرایی" ڕەواجی بە ڕێبازەکەدا، سوودگەرایی بە چەند دەستکاریەکی گرنگەوە خزاندە نێو ڕێبازی بنتامدا. ئەم ڕێبازە گوزارشت لە وێنەیەکی بەرامبەری شوێنکەوتووانی ڕێبازی بەختەوەری لە سەردەمانی کۆندا دەکات، ئەوانەی تیۆری خۆیان بۆ چاکە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی عەقڵی دامەزراند، دەبینین لایەنگرانی ڕێبازی سوودی گشتی لە سەردەمانی هاوچەرخدا دەیانەوێ تێڕوانینیان بۆ چاکە، لەسەر بنچینەی زانستی ئەزموونی بنیات بنێن. بەڵگەی ئەوانە ئەوەیە، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم شتە یان فڵان شتە خوازراوە، مەگەر بە چەسپانی ئەوە نەبێ کە خەڵك بە کرداری حەزی لێدەکەن. ئەوەندە بەسە پەنا بۆ بڕیاری ئەزموون ببەین، تا بەخۆمان دڵنیا ببینەوە کە ئەم تاکە شتە، کە هەموو خەڵك دەیانەوێ، بریتییە لە سودی گشتی. سود لە تێڕوانینی هاوەڵانی ئەم ڕێبازەدا، بریتییە لە بنەمای ئەخلاقی کە لێکۆڵینەوەیەکی گەورەتر دەخوازێ زۆر زۆترین ژمارە لە خەڵك.

ئەخلاقی سوودگەرا بە گشتی، وەك بەرپەرچدانەوەی بەستنەوەی ئەخلاقە بە بنەمای عەقڵ و واجب و پێویست، ئەوەی سیفەتی خێر بە بەر ویستی چاکدا دەکات، دەرەنجامی کرداری نییە، کە لەسەری کەڵەکە دەبێ، بەڵکو سروشتی پابەندی بەرزە، کە کردارەکەی پێی جیا دەبێتەوە.

### ١- لەلای جیرۆم بنتام:

فەیلەسوفی ئینگلیزی بنتام (١٧٤٨ - ١٨٣٢) توانی چەمکی چێژ لەلای ئەبیقۆرییەت فراوان بکات، ئەو ئامرازانەی سەری بۆ دەکێشن. بنیتام سوودگەرایی بۆ چێژ گەڕاندەوە، لەو کاتەی ئابووری لیبڕاڵی باو بوو، فیزیا پێشکەوتوو بوو، ڕێبازی بەیەکەوە بەستنەوە باو بوو، کە دەویت هەستەکان بە واتاکان بەستراونەتەوە، بنتام لەم ڕەوتانە ڕێبازی چێژ یان سوودگەرایی و ڕەفتاری گوێگرتن بۆ سروشت هەڵهێنجا، هەردەم بەدوای سوودێکی تایبەتی ئەخلاقیدا دەگەڕێ، کە لەسەر بنچینەیەکی چەسپاو دامەزرابێ، ئەویش ئەوەیە مرۆڤی بەختەوەر ئەوەیە چاك تواناکانی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی گەورەترین قەبارەی سوود بەدەست بخات.

بە بۆچوونی بنتام فەیلەسوفەکانی ئەخلاق، لە جیاتی گێڕانەوەی بۆ ئەو حەز و ئارەزووانەی لە مرۆڤدا هەن، بە هەڵەداچوونە ئەگەر ئەخلاق بۆ پابەندی و ئەرك بگێڕنەوە. بەدیدی ئەو سروشتی مرۆیی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، "سروشت مرۆڤی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی دوو بڕیار بەدەست، کە بریتین لە: ئازار و چێژ، ئەوان جڵەوی ئێمەیان بەدەستە لە گشت هەڵسوکەوتێکدا کە دەیکەین، لەوەی بیری لێدەکەینەوە، هەر هەوڵێك دەدەین لە پێناو ڕزگاربوون لەو کۆیلایەتی بەسەریاندا سەپاندوویانە، تەنها لە چەسپاندن و جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە سەردەکەوین، لەوانەیە مرۆڤ بە وتە گومانی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتەکەیان بکات، بەڵام بە کردار و واقیع هەر ژێر دەستەی ئەوانە"[1]، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێ، ئەوا فەلسەفەی دروست ئەم واقیعیە ڕەچاو دەکات، بنەمای سوودگەرایی داندەنێ بە ملکەچ بوونمان بۆ ئەم واقیعە، بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆ دەگرێ، سیستەمە فەلسەفیەکەی دادەمزرێنێ، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی بەختەوەرییە لە نێو خەڵکدا. بنتام جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی سوود، ئەو

---

[1] عبدالرحمان بدوي، موسوعة الفلسفة، ج ١، ص ٣٦٤.

تاوانەیە لە مەبەستێکی دیاریکراو شاردراوەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی قازانج یان سوود یاخود جیاوازی یان خێر یاخود بەختەوەریەك، ئەمانە هەموویان چەند کانزایەکن هاومانان، ڕووخساری ئەرێنی سوود پێکدێنێت. بەڵام ڕووخساری ئەرێنی واتە سوود نەگەیەنەرە، بریتییە لەو توانایەی شاردراوەتەوە لە مەبەستێکدا بۆ بەدەستهێنانی زیان یان ئازار یاخود خەفەتێك. بەم پێیە بنەمای سوودگەرایی وەك تاکە بنەمایە توانای بەدەستهێنانی چێژی پوختی هەیە، کە هیچ ئازار و خەفەتێکی تێکەڵ نابێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مرۆڤ جیاوازە بە جێبەجێ کردنی بنەمای سودگەرایی، بەو واتایەی ئەوەی دەبێتە هۆی چێژکردنی بەردەوام یان چێژی پێ زیاد دەبێت زیاتر لەو ئازارەی دروستی دەکات، ئەوا ئەمە خێر و چاکەیە، ئەوەش کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازارێکی بەردەوام یان ئەوەی ئازار لە چێژەکەی زیاتر بێ، ئەوا ئەمە شەڕ و خراپەیە. ئەم وتەیە جێبەجێ دەبێ لەسەر گشت کار و کردەوەکانی هەر تاك و لایەنێك، دواتر بنەمای سوودگەرایی کارەکانی تاکەکان دەگرێتەوە. بەڵام چۆن هەماهەنگی دروست بکەین لە نێوان ئەوەی بەختەوەری بۆ تاك دێنێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی؟ چۆن خەڵك ڕازی بکەین بە گرتنەبەری ئەو هەڵسوکەوتەی سەردەکێشێ بۆ بەختەوەری گشتی؟، تێکگیران لە نێوان ئامانجەکانی تاك و خۆویستیەکەی لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگە، ئەمە هەردەم لەو پرسە تاوتوێکراوەکان دەبێ لە فەلسەفەی ئەخلاقدا، لەگەڵ ئەوە کۆمەڵە جەستەیەکی خەیاڵییە، لە تاکەکانی ئایین پێکهاتووە، دواتر بەرژەوەندی کۆمەڵ لە کۆی بەرژەوەندی تاکەکانی پێك دێت. کەواتە بەرژەوەندی تاك لە کوێدایە؟، لێرەوە بنتام وەڵام دەداتەوە بەوەی هەر شتێك بە کردار لە بەرژەوەند تاك بێ و کاری بۆ بکات، هەر چەندە ئەمە ببێتە هۆی زیادبوونی کۆی گشتی چێژەکانی تاك، یان بە مانایەکی تر، هەر کاتێك کۆمەڵ هەوڵی کەم کردنەوەی ئازارەکانی بدات.

پەیی پێبردنی دروست، وادەخوازێ سوودی کۆمەڵگە، سودی تاکیش دەگرێتەوە، دواتر پێشی دەکەوێتەوە، هەر بۆیە دەبێ دروشمی ئێمە لە بەراورد کردن لە نێوان چێژەکان و لەپێشتر دانانی ئەوەی بۆ تاك یان بۆ کۆمەڵ فەراهەم دەکرێ، ئەوەی گەورەترین بەختەوەرین بۆ زۆرترین خەڵك دابین بکات، ئەو کاتە لەسەر یاسا پێویست دەبێ دەستوەردان بکات بۆ هێنانە کایەی جۆرێك لە

هەماهەنگی دەستکرد، لە نێوان بەرژەوەندی تاك و بەرژەوەندی گشتی، لەم بنەمایەوە دەتوانین بڕیار لەسەر گشت ئەو ڕێوشوێنانە بدەین کە حکومەت یان دەسەڵاتی سیاسی پێی هەڵدەستێت، لەبەر ئەوەی ڕێککاری باش، ئەوەیە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و سوودی کۆمەڵدا دەچێتەڕێ، لێرەوە دەتوانین بڵێین سوودگەرایی کاتێك دەگۆڕێ بۆ سوودگەرایی بەکۆمەڵ، دەبێتە بنەمایەکی سیاسی، ئەویش بنەمای گەڕانە بەدوای ئەوپەڕی بەختەوەری بۆ زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵانی گەل. بنتام کۆمەڵێك بنەما دیاری دەکات، کە کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەو یاسایانەی جڵەوی کۆمەڵگەیان بەدەستە، ئەمە وەك ئەو یاسایانەیە کە دژی بنەمای سوودگەرایین، ئەوانیش ئەمانەن:

- **بنەمای پەرستش:** بنەمایەکە پشتی هەر هەڵسوکەوتێك دەگرێ بەختەوەری تاك کەم بکاتەوە، دژی هەر بنەمایەك دەوەستێتەوە ئەم بەختەوەریە زیاد بکات، پشتیوانانی ئەم بنەمایە بریتین لە دوو جۆر: دیندارەکان، ئەوانەی وا دەکەن ئازار و سزا ببێتە شتێکی شایستە و پێویست. بەڵام ئەخلاقییەکان ئومێد پاڵیان پێوە دەنێ، بەڵام خۆبەلزانی فەلسەفی، هیوای بەدەستخستنی ناوبانگی باش لە نێو خەڵك و بەدەستهێنانی ڕێزە.
- **بنەمای هاوسۆزی و قێزلێبوونەوە:** ئەمە ئەو بنەمایەیە بڕیار لەسەر شتەکان نادات، لە میانەی بەختەوەری هێنان بۆ تاك، یان لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی ئەم بەختەوەریە، بڕیاردان لەسەر کردار و هەڵسوکەوتەکان لە تێڕوانینێکی خودی تەواوەوەیە، مرۆڤ هیچ پێویستییەك نابینێ بۆ پاساودان بە تێڕوانینی خۆی بەهۆی چەند هۆکارێکی دەرەکی، ئەمە مانای وایە ئەمە بنەمای پوختی هەست و سۆزی کەسییە، کە لە بنەڕەتدا پێوەر و یاسای خۆیەتی[1].

پوختەی ئەم ڕێبازە کورت دەبێتەوە لە کۆمەڵێك کۆڵەگە، دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریان بکەین:

---

(1) جورج زيناتي، رحلات داخل الفلسفة العربية، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، ط ١، ١٩٩٣، ص ٣٩.

یەکەم: خێر پوخت دەبێتەوە لە چێژی بەردەوام یان ئەوەی چێژەکەی زیاتر دەکات لەو ئازارەی دروستی دەکات، هەروەك خراپە و شەڕ پوخت دەبێتەوە لەوەی ئازاری بەردەوام یان ئازاری زیاتر لە چێژ بەرهەم دێنێت.

دووەم: خێر بەم مانایە دەستەبەر نابێ، مەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ و سەربکێشێ بۆ بەختەوەری گشتی، ئەگەر ئەمە هاتووچۆ لە نێوان بەرژەوەندی تاك و هەڵسوکەوت لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، ئەوا دووەمیان پێش ئەوەی یەکەمیان دەکەوێت، چونکە بەرژەوەندی تاك لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە.

سێیەم: دروشمی ڕێبازەکە، لە نێوان ئەوەی بۆ تاك فەراهەم دەبێ، لەگەڵ ئەوەی بۆ کۆمەڵ بەدەست دەخرێ، بریتییە لە دابینکردنی زۆرترین قەبارەی بەختەوەری بۆ زۆرترین خەڵك، ئەو کاتە لەسەر یاسا پێویست دەبێ دەستوەردان بکات، بۆ هێنانەکایەی جۆرێك لە گونجاوی لە نێوان هەر دوو بەرژەوەندیەکە.

بنتام پێی وایە، لە زانستی ئەخلاقدا کۆمەڵێك مەرج بێنەدی، تا بەرز ببنەوە بۆ پلەی بابەتی بوون – لێرەوە ڕەهەندی ئەزموونی لە فەلسەفی بنتام دەردەکەوێ –، ئەگەر چێژ ئامانجی ژیانی ئەخلاقی بێ، تاکە پاڵنەرە بۆ ئەنجامدانی کاری چاك، ئەوا چۆن ملکەچی بکەین بۆ توێژینەوەی زانستی؟ لێرەوە بنتام زانستی بیرکاریمان پێدەدات بۆ پێوانەی ئەندازەی چێژە هەماهەنگە هاوبەشەکان لە یەك سروشتدا، دوور لە خستنەڕووی تیۆری ڕامانی ئەودیوسروشتی، کە دەمانخاتە نێو چەند ڕەچاوکاریەکی بێ دەرەتان، وەك ئەمەی خوارەوە:

**سەختی:** هەر چەندە چێژ سەخت و زیاد بێ، ئەوا واباشترە بە شێوەیەکی گونجاوتر بڕوات لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەو کەسەی، کە پشکنینی دۆخەکەی دەکەین، هەمان شت سەبارەت بە ئێش و ئازار، ئەوا هەر کات سەختر بێ ئەوا خراپتر دەبێ، دەبێ خۆی لێ دووربگیرێ.

**ماوە:** ئەمە ئەو ماوەیەیە کە ئێش یان چێژ دەیخایێنێ، هەر چێژێك ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە، ئەوا لە چێژەکانی تر باشتر دەبێ، بەپێچەوانەشی ڕاستە، سەبارەت بە ئازار و ئێش، هەر چەندە ماوەکەی کەم بێ، ئەوا گونجاوترە.

**دڵنیایی:** ئەو چێژانەی بە دڵنیایەوە دەستدەخرێن، باشترن لەو چێژانەی دەکرێ بەگریمانە بەدەستبخرێن، ئەو کردارەی چێژێك بەدڵنیایی دەستەبەر دەکات، باشترە لەو چێژەی بە گومانەوە بەدەست دەخرێت.

**دووری و نزیکی:** واتە چێژی هەنوکە (ئێستا) باشترە لە چێژی ئایندە (داهاتوو)، واتە بە باشتر دانانی ئەو چێژەی لە ژێر دەستماندایە و ئاسان بەدەستدێت، لەو چێژەی بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی دەخوازێ و پێویستی بە کاتە، بەڵام سەبارەت بە کات ئەوا پێچەوانەکەی دروستە.

**بەپیتی و بەرکەتدار:** واتە ئەو چێژەی، هەندێك چێژی تری تێدایە، باشترە لە چێژە نەزۆکەکان، نموونەی ئەم قسەیە لەسەر ئێش و ئازاریش جێبەجێ دەبێ، ئەو چێژەی، چێژێکی تری بەدوادادێ، باشترە لە چێژێکی بەرهەمهێنەر، لە بەرامبەردا خۆدوورگرتن لە ئێش و ئازاری بەرهەمهێن.

**پاکی:** واتە چێژەکە بێ ئێش بێ، ئەو چێژەی لە ئایندەدا نرخ و باجەکەیان نادەین، باشترن لەو چێژانەی دەبنە هۆی ئێش و ئازار، لە کاتێکدا ئێش هەر چەندە باشتر ئەوا ناپاکترە، واتە هەر چەندە دڵنیا بین لەوەی چیژێکی ڕاستەوخۆی بەدواوەیە.

**فراوانبوون:** واتە زیادبوونی ژمارەی ئەو تاکانەی چێژەکە ئەنۆشن، ئەو تاکەی داوای سوود بۆ خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا داوای لێبوردن بۆ جگە لە خۆی دەکات، کاتێك خۆی لە ئازار دوور

دەگرێت، لە هەمان کاتدا جگە لەخۆیشی بە دوور دەگرێت، ئێش زیاد دەبێ گۆڕەپانەکەی فراوان بێ[1].

## ٢- لەلای جۆن ستیوارت میل:

ڕووی دووەم لە سوودگەرایی ئینگلیزیدا (١٨٠٦ – ١٨٧٣) کوڕی جەیمس میلە، یەکێك لە هاوڕێیانی بنتام، یەکێك لە پێشەنگەکانی زانستی دەروونزانی ئەزموونی، سوودگەرایی میل بە درێژبووەوەیەکی لۆژیکی و سروشتی دادەنرێ بۆ سوودگەرایی بنتام، یەکدەگرن لە داننان بە بنەمای سوود ئامانجی گشت هەڵسوکەوتێکی ئەخلاقییە، لە هەڵواسینی کردارە مرۆڤایەتیەکان بەو سودانەی بەدەستدەهێنێ یان ئەو زیانانەی دوور دەخاتەوە، بەڵکو لە مامۆستاکەی دڵسۆزتر بوو، لە داواکردنی سودی گشتی یان بەختەوەری مەزنتر بۆ زۆرترین ژمارە لە خەڵك. لە بەرامبەردا میل هاتووە تا بیرۆکەی سودگەرایی ڕاست بکاتەوە، وەك چۆن بنتام دیاری کردووە، یەکەم: دەبێ ڕەچاوی چۆنیەتی نەوەك تەنها چەندێتی لە چێژدا بکرێت. دووەم: دەبێ سوودی خودی بۆ سوودی گشتی ملکەچ بکرێ "هەموو چێژ بۆ چێژی جەستە و چەندێتیەکەی ناگەڕێتەوە، وەك چۆن بنتام پێی وابووە، بەڵکو چەند چێژێك هەن، سەریان بە چۆنیەتیەوەیە، بەهۆی چەند ڕەچاوکردنێکی مەعنەوی، گومان لەوەدا نییە ئەرکەکانمان لە ڕووی پلە و بەهاوە جیاوازن، ژیانی ئەرکە باڵاکان پیرۆزترە لە ئەرکە نزمەکان، مرۆڤی خەفەتبار باشترە لە بەرازی برسی، سۆکرات بە ئەشکەنجەدراوی باشترە لە نەزانێکی ڕەزامەند"[2]، میل پێی وایە بەختەوەری چێژە یان کۆی چێژەکانە، بەختەوەری تاکە پێوەر و تەرازوی بەرهەستە بۆ هەر کارێکی ئەخلاقی، بەڵکو بۆ هەر کردارێکی مرۆیی، خێر بریتییە لە بەختەوەری، شەڕیش بریتییە لە دارزین و بەدبەختی، تەنانەت

---

(1) جورج زيناتي، رحلات داخل الفلسفة العربية، ص ٤٣.

(2) يوسف كرم، تاريخ الفلسفة الحديثة، دار القلم، بيروت، لبنان، (دت)، ص ٣٤٩.

هیچ حەقیقەتێك نییە لە دەرەوەی بەختەوەری واتە چێژدا، کردارەکانی مرۆڤایەتی لەگەڵ حەقیقەتدا یەکدەگرن، هەر چەندە کار بکات لە پێناو بەدەستهێنانی بەختەوەریدا، هەڵەیە و لە دەرەوەی حەقیقەتە هەر کاتێك لە پشتی بەدەستهێنانی دژە بەختەوەری بوو. "دەبێ یاسا و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بکەینە بەختەوەرە تاك یان بەرژەوەندیەکەی، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەختەوەری کۆمەڵ یان سودەکەی بەگوێرەی توانا، پەروەردە و بیروباوەڕ ملکەچ بکرێ، بەو کاریگەریەش کە هەیانە لەسەر بەدیهێنانی مرۆڤایەتی، بۆ قەناعەت پێکردنی هەر تاکێك، بەوەی وا تێبگەیەنرێ کە بەختەوەری خودی لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەدا ناچێتەڕێ کە دژە لەگەڵ خێری گشتی، بەڵکو پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆی لەلا بەرپا دەبێ، هانی دەدات بۆ بەرزکردنەوەی خێری گشتی یان بەختەوەری کۆمەڵ"[1]، دەکرێ ڕاستکردنەوەکان، کە میل پێشکەشی کردووە بۆ سوودگەرایی بنتام لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

- دیارکردنی چێژەکان، بۆ داواکارەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ خەڵکانێکی شارەزای پایەدار دەگەڕێتەوە، کە بە ئەزموونی خۆیان، بەهای چێژەکان دەزانن.
- دەبێ ڕەچاوی چۆنیەتی چێژ لە پاڵ چەندێتیەکەی بکرێ، چێژی باڵاتر هەن لە هەندێك چێژی دیکە، ژیری ئەوە قبوڵ ناکات، چێژێکی هەستی دابنرێتە ئاست چێژێکی عەقڵی.
- دەبێ بە دوای سوودی گشتیدا بگەڕێین، لایەنی کۆمەڵی و گشتی بەسەر لایەنی تاکەکەسی هەڵبژێرین، واتە ئەوە لە پێناو ئەوانی تردا بکەین، کە پێویستە ئەوان لە پێناوماندا بیکەن.

[1] توفيق الطويل، مذاهب المنفعة العاتمة في الأخلاق، مكتبة النهضة المصرية، ط ١، ١٩٥٣، ص ١٥٥.

### ٣- براگماتیەت وەك درێژبووەوەی سوودگەرایی:

براگماتیەت وەك فەلسەفەیەكی هاوچەرخ، لە بنەڕەتدا درێژبووەوەیەكی سروشتی و لۆژیكی ئاڕاستەی سوودگەراییە، لە هەمان كاتدا گەشەپێدانی ئاڕاستەی ئەزموونی زانستییە، پاڵنانێكی دەرەنجامە سروشتیەكانیەتی. سەرباری ئەوەی شۆڕشێكە دژی تیۆری زانینی تایبەت بە ڕێبازی عەقڵی، كە پێی وایە عەقڵ سەرچاوەی زانین و هەڵسوكەوتە، براگماتیەت وەك ڕێبازێكی كرداری سوودگەرایی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم سەریهەڵدا، لەو پاڵنەرانەی یارمەتیدەر بوون بۆ دەركەوتنی ڕێبازە كرداریەكان بە گشتی، پاڵنەری ئاینی بوو، سەرباری كاریگەری زانستە زیندەییەكانی تایبەت بە ڕێبازی زیندەیی، لەلای ئەرنست ماخ و شوێنەواری فەلسەفەی كرداری كانت لای بیرس، سەرەڕای كاریگەری زانستی دەروونزانی نوێ، كە ولیەم جیمس بەشێوەیەكی بەرچاو تێیدا بەشدار بوو[1]، سیستەمی سەرمایەداریش دەدرێتە پاڵ هۆكارەكانی سەرهەڵدان، كە لەسەر بنەمای كێبڕكێی تاكە كەسی ئازاد دامەزراوە، كە كرداری چاك پێیەوە پەیوەستە، پاڵی بە ئەمریكیەكانەوە نا بۆ تێگەیشتن لە واقیع بۆ قۆستنەوەی و زاڵبوون بەسەریدا، لە پێناو هەوڵدان بۆ سوودی ئێستا و ئاییندە[2]، لەلایەنی مێژووی هزرەوە، ئەوا چەمكەكە ئاماژە دەكات بەو جوڵە فەلسەفیەی دەركەوت، لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، بەستراوەتەوە بە ناوی فەیلەسوفی ئەمریكی بیرس و ولیام جەیمس و جۆن دیوی، كە فەلسەفەكەی دەخولێتەوە بەدەوری ئەم وتەیەی دەڵێت: گەیشتن بە مانای هزرەكان فەراهەم نابێ، دواتر پێویست نییە ڕاڤەیان بكرێ، تەنها بە ڕوانینە ئەو دەرەنجامانە نەبێ كە لەسەری كەڵەكە دەبن، هەروەك ناكرێ بیروباوەڕەكان دیاری بكرێن یان دەست پێوەگرتنیان

---

(1) محمد ثابت الفندي، مع الفيلسوف، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨١، ص ١٨٨.

(2) سماح رافع محمد، المذاهب الفلسفية المعاصر، مكتبة المدبولي، ط ٢، ١٩٨٥، ص ٥٠.

پاساوی پێبدرێ، تەنها بە ڕەچاوکردنی دەرەنجامە کرداریەکان نەبێ، کە کەڵکە دەبن لەسەر باوەڕ بوون بەم بیروباوەڕانە. کەواتە ڕاستی لاوەکییە ئەگەر بەراورد بکرێ بە پیادەکردنی کرداری، کەواتە حەقیقەت بەپێی تیۆری براگماتیەت تەنها چارەسەرێکی کرداری و گونجاوە بۆ کێشەیەك، هەروەك تاکە پاساو بۆ باوەڕبوون بە هەر شتێك بریتییە لەوەی دەستپێوەرگرتن و کارپێکردنی پێی، وا دەکات کەسەکە لە دۆخێکی باشتردا بێ، بەراورد بەوەی ئەگەر دەستی پێوە نەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان ئەم چەمکە بەکاردێ بۆ ئاماژەدان بە هەر دەوازەیەك کە لە بنەڕەتدا دەکرێ لەواقیعدا پیادە بکرێ، نەوەك ئاماژەدان بەوەی پێویستە ئەنجام بدرێ بە ڕوانینە جیهانی نموونەگەرا، براگماتیەت هێڵێکی جیاکەرەوە دادەنێ لە نێوان ئەوەی وێنایی نموونەییە لەگەڵ ئەوەی واقیعی کردارییە، براگماتیەت لە جیاتی ئەوەی جەخت بکاتەوە لەسەر پێشەکی هزرەکان، ئەوا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو دەرەنجامانەی لەو هزرانەوە بەرهەم دێن، بایەخ بە شتە کۆتاییەکان و دەرەنجامەکان دەدات، بایەخ بە پرسیارکردن لەبارەی ناوەڕۆکی شتەکان یان بنچینەکەی دەدات، بەڵکو بە دەرەنجامەکانی، هزری بەرەو جوڵە و ئاینده ئاڕاستە دەکات، هەر چەندە هەندێك کەس بڕوای وایە براگماتیەت تەنها یەکێکە لە شێوەکانی ئەمبیریقیەت (ئەزموونی)، بەڵام براگماتیەت ڕەگ و ڕیشەی خۆی بەدی دەکات لە هزر و ڕێبازی جۆراو جۆردا، وەك بیرۆکەی عەقڵی کرداری کانت، بەشکۆدانانی شوبنهور بۆ ویست، بیرۆکەی داروین بەوەی مانەوە بۆ چاکتر و شیاوترە، لە تیۆری سوودگەرایی، کە خێر دەپێوێت بە ڕوانینە ئەندازەی سوودەکەی، جەختکردنەوە لە چەمکە ئەزموونیەکانی فەیلەسوفەکانی ئینگلیز، هەروەها لە سروشتی کۆمەڵگەی نوێی ئەمریکیدا، ئەوا براگماتیەت بە ڕاستی بە کاردانەوەی بەرگرییە بۆ بیرمەندانی ئەمریکی بەرامبەر هزری ئەوروپی، بەتایبەت هزری ئەڵمانی ڕۆچوو لە ئەودیوسروشتدا. تێڕوانینی فەلسەفی براگماتیەت چەق دەگرێ بەگشتی بە دەوری چەند شتێکدا، گرنگترینیان:

ناکرێ مانای هزرەکان بەدەستبخرێن، دواتر ناتوانرێ ڕاڤەش بکرێن، تەنها لە میانەی ڕوانینە دەرەنجامەکان نەبێ، کە لە ڕێگەی پیادەکردنەوە بەرهەم دێن. هەروەك ناکرێ بیروباوەڕەکان دیاری بکرێن یان پاساو بدرێ بە دەستپێوەگرتنی، تەنها ئەگەر ڕەچاوی ئەو دەرەنجامانە بکەین

که کەڵەکە دەبن لەسەر بڕوابوون بە خودی ئەم بیروباوەڕانە — ڕاستییە تیۆریە لاوەکییەکان، ئەگەر هاوپێچکران بە پیادەکردنە کرداریەکانەوە، حەقیقەت بەپێی براگماتیەت تەنها چارەسەرێکی کردارییە بۆ کێشەکان. هەروەك تاکە پاساو بۆ بڕوابوون بە هەر شتێك، بریتییە لە دەستپێوە گرتن و کارکردن بەگوێرەی ئەوەی وا لە تاك دەکات لە دۆخێکی باشتردا بێ لەوەی ئەگەر دەستی پێوە نەگرێ. هەر بیرۆکەیەك سەرنەکێشێ بۆ هەڵسوکەوتێکی کرداری لە واقیعدا، ئەوا هزرێکی پوچەڵە، هەروەك بیرس گوزارشتی لێکردووە، هەر بیرۆکەیەك دەبێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ هەر کارێك[1].

حەقیقەت گۆڕاوە، بیر تەنها ڕێنیشاندەر بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان و گەیشتنە ئامانجەکان.

زانین بە هەموو جۆرەکانیەوە، تەنها کردارێکی هەڵسوکەوتی هەڵسەنگێنەرە بۆ بارودۆخەکانی ئایندە، بیرکردنەوە لە ڕێگەی ئەزموونەوە سەردەکێشێ بۆ ڕێکخستن و پلاندانان و جڵەوگیر کردنی ئەزموونەکانی ئایندە، جەخت کردنەوە لەسەر بایەخی ئەزموون و ڕۆڵە ئەرێنییەکەی بەرامبەر زانین و مەعریفە، مادەم مەبەست لە ئەزموون ئەو کارێکە زیندەییە بێ کە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەکەیدا ڕوودەدات — ئەم ژینگەیە چ ماددی یان کۆمەڵایەتی بێ — ئەوا شتێکی نامۆ نییە بۆ نموونە جۆن دیوی ببینین هەوڵ دەدات بگەڕێت بە دوای دەنکە تۆی فرە جۆرە ئەزموونە مرۆییە بەرزەکان، بە شارەزایی و ئەزموونی جوانی لە ناوەڕۆکی کرداری کارلێککردن، کە لە نێوان بوونی مرۆیی و ژینگەکەی ڕوودەدات، واتە بە گەڕانەوە بۆ خودی ئەزموونی ئاسایی[2].

- ڕەتکردنەوەی بوونی شتی دەرئاسا و دەرسروشت (خارق الطبيعة)، کە بڕیار لە چارەنووسەکانی جیهان بدات، بەهەمان شێوە ڕەتکردنەوەی پێوەرە ڕەها و هەربووەکانی بیروباوەڕ و بەهاکان، دانانی پێوەری گونجاو و سنوردارتر لە شوێنی ئەو.

---

(1) سماح رافع محمد، مرجع سابق، ص ٥١.

(2) زكريا إبراهيم، دراسات في الفلسفة المعاصرة، دار مصر للطباعة، ١٩٦٨، ص ٦٤.

- پێویستی جیاوازی نەکردن لە نێوان هزر و جوڵە، زانستی ڕووت و زانستی جێبەجێکردن، پێشبینی کردن و ئەزموون.
- لەسەر ئاستی سیاسی، بیرمەندە سیاسییە براگماتیەکان پێیان وایە پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی، باوەڕیان بە ڕێبازی تاکە کەسی هەیە، زاڵبوونی تاکڕەوی ڕەتدەکەنەوە.
- گرنگترین شت لە فەلسەفەی براگماتیەتدا بریتییە لە جەخت کردنەوە لەسەر ئەزموون و جێبەجێکردن و هزری کرداری لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، خزمەتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، بنەمای پڕۆژەکان وەك یەکێك لە ئامرازەکانی فێربوون بە بنەما دەکات. هەروەك جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی تێپەڕاندنی ڕابردوو، فێرکردن زۆر پێویستی بە کەلتوری ئەمڕۆ و بەیانی هەیە، بە ئەندازەی پێویست شتی لێوەر دەگیرێ بۆ ژیانی چالاکی پڕ لە ئەزموونی سەرکەوتوو.
- ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفەی براگماتیەت دەبنرێ، لە عەقڵی کرداری کانتدا، لە بەشکۆدانانی ویست لەلایەن شوبنهور، بیرۆکەی مانەوە بۆ باشتر، کە هی داروینە، تیۆری سودگەرایی، کە سوود بە پیرۆز دەگرێ بەراورد بە سوودەکەی. چ لە ئاڕاستە کۆنەکەی یان ئاڕاستە نوێیەکەی، ئەمە تیۆرێکی ئەمریکییە، گوزارشت لە کاردانەوەی بیرمەندە ئەمریکییەکان دەکات لە بەرامبەر هزری خۆرئاوایی، بەتایبەت هزری ئەودیوسروشت (میتافیزیکی).
- بەهای ئەخلاقی سوودگەرا: ڕێبازی سودگەرایی ڕووبەڕووی پۆلێك بەرهەڵستی تووندبووەوە، لەلایەن ئەوانەی بەدڵیان نەبووە ئەخلاق بۆ سروشتی مرۆیی بگێڕنەوە، بەو ئارەزوو و سودانەی تاك بەهۆیەوە ڕێگای خۆی دەگرێ، بەمەش داوای چێژ یان خێر و بەختەوەری دەکات، لەبەر ئێش و ئازار و خراپە و شەڕ ڕادەکات. هەر چەندە ڕەخنەکان فرە جۆر بن، ئەوا ڕوونترین وێنەی بۆ ئێمە پێشکەش کرد لە وێنە واقیعی و ئەزموونیەکان لە هزری ئەنجلوسکسونی نوێ و هاوچەرخ دوور لە خەیاڵاوی بوون و فەلسەفەی نموونەیی، کە دەیەوێ وێنای مرۆڤ بکات بەدەر لەو سروشتەی لەسەر ڕاهاتووە، ئەمە

شێوەیەکە لە شێوە دەرخەرەکان لە بەردەم خوددا، دوور لە وێنە و ڕەنگدار کردنە کۆمەڵایەتیەکان، یان پاساودانە شێوەیە بەرزە عەقڵییەکان. ئەوەی وا دەکات سوود زیاتر ڕوون و قبوڵکراو بێ، ئەوەیە دانی ناوە بە سودی گشتی پێش سوودی تایبەتی، کێشکردنی خۆشەویستی خەڵك یان خۆشەویستی بەدیهێنەر، لەبەر ئەوەی هەموومان هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری و حەزی لێدەکەین بەبێ ڕەچاوکردنی بیروباوەڕەکانی ترمان، ئەمە هەمان بەرزبوونەوەیە لە هزری سوودگەرایی نوێدا، بە بەراورد بەوەی وێنە کراوە لە سەردەمی کۆندا.

سوودگەرایی قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی شارستانیەتی خۆرئاوایی و هزری ئینگلیزیدا، ئەم قوتابخانەیە منداڵی خۆرئاوایە، کە ویستویەتی چارەسەری کرداری بدۆزێتەوە بۆ هەر کێشەیەك، تەنانەت کێشەی ئەخلاقیش. بنتام هەردەم دەیوت پێویستە زانستی ئەخلاقی چاك بکرێ، لێرەوە ڕەهەندەکانی هزرە سیاسی و ئابووریەکەی دەستی بەدرەوشانەوە کرد، لە سەردەمی ئەودا سودگەرایی بە دیموکراتیەت و هزرەکانی پەیوەست بە ئازادیەکان و مافی تاکەکان هاوپێچ کرا. دەکرێ ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی سوودگەرایی کراون لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

- ئەخلاقی سوودگەرایی، ئەخلاقی هەلپەرستییە، بەمەش نا ئەخلاقییە، چونکە پشت نابەستێ بە هیچ بنەمایەك، وشەی سوود لێوەرگرتن کە لێرەوە بەکاردێت، بە مانای گەیشتن دێ بۆ ئەوەی بە کار هەڵدەستێت، لە پێناو سوودبینینی کەسی و بەرژەوەندی خۆویستی تاکەکەسی خۆی، ئەوا کار دەکات وەك ئەو کەسەی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی دەکاتە قوربانی، لە پێناو پاراستنی پلە و پۆستەکەی، وەك ئەوەی پێگەیشتنی سوودگەرایی هەردەم لایەنگیری ئەوە بێ دۆخی کەسی خۆی تایبەتمەند بکات، بەدەر لە یاسا و بنەما، بەمەش ئەوە بۆ خۆی حەڵاڵ دەکات کە بۆ جگە لە خۆی حەرامی دەکات.
- بەختەوەری وشەیەکی سەرنجڕاکێشە، بەهۆی پەسەندبوونی لەلایەن دەروونەکانەوە، بەڵام ئەوەی ئاڵۆزی دەکات پەیوەستبوونیەتی بە چێژەوە، ئاسانە بۆمان وێنای مرۆڤێك

بکەین هەڵسوکەوت بکات لە پێناو سوود و کەڵکەکەی بێ ئەوەی ئەم هەڵسوکەوتە ببێتە هۆی هیچ چێژێکی پێویست، شتێکی گاڵتەجارانەیە چێژ و بەختەوەری تێکەڵ بە یەك بکرێ، چێژ هەر کە وەرگیرا ئەوا نامێنێ، بەڵام بەختەوەری سنوورەکانی کۆتایی نەهاتوون لە ئێستا و ئایندەدا.

- سەختە لێکدانەوە بۆ چێژ و ئێشەکان بکرێ، بە پێوانەیەکی بیرکاریانە بپێورێن، چونکە بوارەکە ژیانی ناوخۆییە، واتە جیهانی هەست و سۆزەکانە، کە بەهیچ لێکدانەوەیەك هەژمار ناکرێ، هەست بەردەوامە و شیاوی پارچە پارچە کردن و پێوانە و پێشبینی کردن نییە، بەمەش چێژ و ئێشەکان خاوەن سروشتێکی خودی دەبن، بە دۆخە دەروونیەکان ڕەنگ دەکرێن، کە تام یان ئازاری پێ دروست دەبێ، ئەمە ئەوەیە کە برغسون گوزارشتی لێکردووە بە ناوی کاتی سایکۆلۆژی لە بەرامبەر کاتی شوێنی، کە تیایدا پەوەردگارەکەی دیاردە ماددیەکان تێدەپەڕێنێ.
- ئەخلاقی سوودگەرا سیستەمی بەها ئەخلاقییەکان وەردەچەرخێنێ، سوود دەکاتە پێوەری نموونەیی و تاقانە بۆ ئەخلاق، بەپێی بنەمای ئەوەی هەیە نەك ئەوەی دەبێت، لەمەشدا هەر جۆرە ڕەچاوکردنێك بۆ عەقڵ و هەر پابەندیەکی ئەخلاقی ڕەتدەکرێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەوایی بەهای ئەخلاقی. ئەم دەرەنجامە گەڵاڵەبووی هزری ئەخلاقییە لای کانت، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەستی سروشتی و هەستیاری مرۆیی کردارەکانی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، بەرەو بەدەستهێنانی سوودی کەسی، کە تێکدەگیرێن لەگەڵ بەهای ئەخلاقی، هەروەك یاسای ئەخلاقی بەدەق ئاماژەی پێدەدات، خاوەن خەسڵەتی خۆویستی و لەخۆباییبوونە، ئەگەرچی ئەمە سەربکێشێ بۆ زیانگەیاندن بە ئەوانی تر، ئەمە وا دەکات ئەم هەستە شایستە نەبێ بە ئاڕاستەکردنی کردار و هەڵسوکەوتەکانمان بەشێوەیەکی دروست. لێرەوە پێویستمان بە یاسای ئەخلاقی هەر هەیە، بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتمان بەشێوەیەکی ئەخلاقیانەی دروست، هاوێنەی ئەم یاسایە دەبێ پێش هەستی سروشتیمان بکەوێت،

بەمەش ببێتە ڕێنوێنیکار بۆ ئەنجامدانی کردارە ئەخلاقییەکان و کاری چاکە. یاسای ئەخلاقی بەوشێوەیەی کانت چەسپاندنی لە بنەمای ویستی سەربەخەخۆدا، بریتییە لە: "بەرجەستەکەری بنەمای هەڵسوکەوتی گشتی، کە پێویستە بوونەوەری ژیر هەماهەنگی لە نێوان ئەو و کردارەکانی دروست بکات"(١)، بەهەمان شێوە: "بنەمای گشتی و پابەندکەرە، کە دەبێ کردارەکانی بوونەوەری ژیر کۆك بن لەگەڵی، لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ویست و خواست"(٢).

لێرەوە بایەخی پێویستی هەبوونی یاسای ئەخلاقی دەردەکەوێ، هەستی سروشتی لە هەستێکی هەڵەوە دەگۆڕێ بۆ هەستێکی ئەخلاقی بەپێی ئەو شوێنەوارەی تێیدا دروستی دەکات،بەڵام ئەم یاسایە سەبارەت بە هەست وا دەردەکەوێ وەك ئەوەی دەسەڵاتێکی بیانی سەرکوتکەر و پابەندکەر بێ، هەستی ئەخلاقی لەم دۆخەدا، لە پلەیەکدا دەبێ بەرز نابێ لە پلیکانەی ئەخلاقیدا، هەر چەندە ئەخلاقییە لە لایەنی شەرعیەوە، ئەوا ناتوانێ بگاتە پلەی ئەخلاقی تەنها ئەو کاتە نەبێ کە کاریگەربوونی بە یاسای ئەخلاقی سەربکێشێ بۆ دروستکردنی هەست بە ڕێز لێگرتنی، ئەو کاتە یاسای ئەخلاقی، دەبێتە یاسایەکی ئەخلاقی ناوخۆیی هەڵقوڵاو لە ویستێکی ژیری مرۆڤ، شێوەی پابەندیەکی بۆ ئەو کردارانەی لە ویستەوە سەرچاوە دەگرن، شێوەیەکی پابەندی ناوخۆیی وەردەگرێ، پابەندبوون پێیەوە خەسڵەتی جیاواز دەبێ بۆ هەستی ئەخلاقی، ڕاستیدا یاسای ئەخلاقی شتێکی سەپێنراو نییە بەسەر ویستدا لە دەرەوە، بەڵکو لە خودی ویستەوە هەڵقوڵاوە، ئەمە ئەو شتەیە پاساو بە پێویستی

---

(١) مجمع اللغة العربية، "المعجم الفلسفي"، تصدير، الدكتور إبراهيم مدكور، الهيئة العامة للشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، ١٩٨٣، ص ١٤٥.

(٢) مراد وهبة، "المعجم الفلسفي"، دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ط ٣، ١٩٧٩م، ص ٣٢٣.

گوێڕایەڵ بوونی دەدات. ئەم گوێڕایەڵییە سەربەستانەیە نەوەك بە ناچاری. كانت ناو لەم بنەمایە دەنێ بنەمای یاسادانانی خودی بۆ ویست[1].

ڕێزگرتنمان بۆ یاسای ئەخلاقی بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی ئەخلاقیەت، نەوەك پابەندبوونی ناچاری پێیەوە، چ جای ئەوەی بەهای ئەخلاقی لە بنەڕەتدا شوێن كەرستەی كرداری ئەخلاقی ناكەوێ، بەڵكو شوێن وێنە یان شێوەكەی دەكەوێت. كەرستە و مادده لە شێوەزاری كانتدا لە بواری ئەخلاقدا بە مانای ئەوە دێ: كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات یان بڕوای وایە ئەركی ئەوە بیكات، مرۆڤ شێوەی یاسا یان یاسا بەرجەستە دەكات بە شێوەیی، ئەگەر هاتوو ئەو كارانەی پێی هەڵسا، تەنها پابەندبوونی بە یاسا و ملكەچی بۆ ئەرك بخوازێ، چونكە یان یاسایە یاخود ئەركە، واتە تەنها لەبەر ئەوەی هەڵگری سیفەتی فەرمانییە. "پابەندی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی هەڵدەگرێ، ئەمە مانای وایە ئەو كردارانەی دەیكەن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرك، لەسەرمان وەستاوە (واتە لەسەر هەڵبژاردنی ئەخلاقیمان وەستاوە)، دواتر ئەمەش مانای وایە ئێمە بوونەوەری ئەخلاقی ئازادین، ئەوە بەرپا دەبێ ئازادی پەیوەندیەكی تۆكمەی بە ئەخلاقەوە هەیە"[2]، ئەم سیفەتە فەرمانییە شێوەی ئەرك و وێنەكەیەتی، بەمە بەهای ئەرك و وێنەكەی خۆی دەنوێنێ، تەنانەت بەهای ئەخلاقی دروست خۆی دەنوێنێ. ئەگەر قەرزدار ئەوەی دایەوە كە لەسەریەتی، لەبەر ڕاوەدوونان، یان ڕێزگرتنی ژێردەست لە بەرپرسەكەی، بەشێوەك خۆشەویستی بە بەرزگرتنی تێدایە، هەر دووكیان لە ڕووی مادیەوە ملكەچی ئەخلاقن، وێنەی ئەخلاق بەرجەستە ناكەن. بەم پێیە دوو هەڵوێستی بنەڕەتی، لەبارەی یاسای ئەخلاقی هەن، هەڵوێستێكی شەرعی و هەڵوێستێكی ئەخلاقی. شەرعیەكە كۆكبوونی كارەكانی مرۆڤ لەگەڵ داخوازیەكانی یاسا دەخوازێ، چونكە یەكدەگرێ لەگەڵ حوكمەكانی دادگەری مرۆیی. بەڵام

---

(1) عبدالرحمان بدوي، موسوعة الفلسفية، الجزء الثاني، ص ٢٨٤.

(2) إيمانويل كانت، أسس ميتافيزيقا الأخلاق، ترجمة محمد فتحي الشنيطي، دار النهضة العربية، بيروت، ط ٢، ١٩٦٩، ص ٢٤.

ئەوەی ئەخلاقی، کاتێك مرۆڤ کارێك جێبەجێ دەکات، وەك ڕێزگرتن لە یاسا، ئەوا هەڵوێستەکەی ئەخلاقییە بەشێوەیەکی ڕاست، شتی چاك لە ڕووی ئەخلاقیەوە، لە ڕووی مادده و ناوەڕۆکەکەشی باش نابێ، بەڵکو لە ڕووی پاڵدرانی بۆ بکەری ئەخلاقی و ویست و نیاز باش دەبێ.

ئەوەی پێی دەگەین ئەوەیە سودگەراکان، سروشتی مرۆیی و ئەو حەز و ئارەزووانەی لەخۆی دەگرێ، کردیانە بنەمای نموونەیی، کە هەموو بەهاکان بۆی دەگەڕێنەوە، سەرباری ئەوەی مشتومڕێکی قوڵی زیادە و بنەڕەتی هەڵدەگرێ لە هەمان کاتدا، لێرەوە کێشەیەکی تر دەرکەوت، پەیوەستە بە سروشتی بەها ئەخلاقییەکان لە ڕووی ڕێژەیی و ڕەهابوونەکەی، سەردەکێشێ بۆ کێشەی تر، کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئەخلاقی تیۆری و ئەخلاقی کرداری، دەبینین پێکهاتەی سەرەکی بۆ ئەم دوو چەمکە، بۆ یەك بنیات دەگەڕێتەوە، نزیکەی بە دوو ڕێگا سەیری دەکرێ، یان با بڵێین ئەمە لە دوو ڕووەوە پێکدێت، بەڵکو دەبینین فەیلەسوفەکانی ئەخلاق بە شێوەیەکی گشتی، زانستی ئەخلاق و ئەوەی پێیەوە پەیوەستە دایانناوەتەوە ژێر ئەو چوارچێوەیەی ناویاننواە عەقڵی کرداری، عەقڵی کرداری ئاماژە دەکات بە دەستوەردان لە بواری تیۆری، کە خۆی دەبینێتەوە بە پەیی پێبردنە عەقڵییە ڕووتەکان لەگەڵ بواری کرداری، کە بایەخ دەدات بە هەڵسوکەوتی دەرەکی، لە میانەی ئەمە ئەوە پێکدێت کە پێی دەوترێت پێوەریبوونی ئەخلاق، واتە ڕەهەندی ئەخلاقی ئاڕاستە بگرێ بە ئاڕاستەی دانانی پێوەر و بەها بۆ ڕەهەندی کرداری، کە هەڵسوکەوتی کرداری مرۆڤ لە دەرەوە بە ئامانج دەگرێ. بەمەش جیاوازی دەکرێ لە نێوان چەمکی تیۆری و کرداری لە زانستی ئەخلاقدا، بە جیاوازیەکی ئەکادیمیانەی پاساودەر بە سروشتی جیاوازی نێوان ئەوەی هۆشمەندی عەقڵیە، لەگەڵ ئەوەی دەرەکی و واقیعییە. لێرەوە دەبینین توێژینەوەی تیۆری لە ئەخلاقدا، بەرەو هۆشیاری چەمکە بنەڕەتیەکان دەچێ، کە بیرکرنەوەی ئەخلاقی لەسەر دادەمەزرێ، بەوپێیەی هەڵقوڵاوە لە شیکردنەوەی هۆشی مرۆیی بۆ واقیعی ژیانی ئەخلاقی، ئەگەر بزانین بواری چەمك و تێڕوانینە تیۆریەکان، بریتییە لەو بوارەی عەقڵی مرۆیی تیایدا تاقانەیە، کە توانای بیرکردنەوە و کرداری هەیە.

# ئەخلاقیەت لە نێوان ئامراز و ئامانجدا

# لەلای سپینۆزا

ڕەفقەت ڕەعد

کۆلیژی ئاداب، بەغداد – عێراق

## ١- ژینگەی سپینۆزا و مانای ئامراز و ئامانج:

بندکت دو سپینۆزا لە (١٦٣٢ – ١٦٧٧) لە ئەمستەردام – هۆڵەندا، لە دایك و باوکێکی جولەکە هاتۆتە دونیاوە، فێری زمانی لاتینی و ئیسپانی و عیبری بووە، دانراو و نووسینەکانی زۆرێك لە زانا و فەیلەسوفەکانی توێژیوەتەوە، هاوشێوەی کوبرنیق و گالیلۆ و کیلەر و هارڤی و دیکارت[1]، زۆربەی ئەو کتێبانەی باسی ژیاننامەی سپینۆزا دەکەن، ئاماژەیان بەوە داوە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شڵەژاودا ژیاوە، بووەتە هۆی چەندین کێشە بۆ ئەو، بەهۆی ئەو ڕێچکە فەلسەفیەی گرتبوویەبەر، کە پێچەوانەی هزری جولەکە و ڕێنماییە ئاینیەکانی بوو، بەهۆی بیرۆکەکانی بە کەسێکی یاخیبوو لە بیروباوەڕی جولەکایەتی دانرا، ئەمەش وایکرد تۆمەتبار بکرێ بە ئیلحاد و دەرکرانی لە کڵێسای جولەکە، دواتر هەڵسانی کۆمەڵە و هاوڕێ و خێزانەکەشی بە پەیوەندی بڕین لەگەڵی[2].

---

(1) بڕوانە: الموسوعة الفلسفية المختصرة، ت: فؤاد كامل وزملائه، بغداد ١٩٨٣، ص ٢٤٨.

(2) بڕوانە: عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج ١، ط ٢، ١٤٢٩هـ، ص ١٣٧. يقارن، برتراند رسل، حكمة الغرب، فؤاد زكريا، ج ٢، ط ٢، الكويت ٢٠٠٩، ص ٧١ ـ ٧٢.

سپینۆزا بەشداربوو وەك ئەندام، لە چەندین دەستە و ڕێکخراوی هزری و ئاینی، کە تیایدا پیادەی چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی خاوەن سروشتی شۆڕشگێڕی دەکرا، بانگەشەی دەکرد بۆ ئازادی هزری و ئاینی لە میانەی بڵاوکردنەوەی کەلتوری لێبوردەیی و خۆشەویستی و فرێدانی چەك و فەرامۆشکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکان، پشت نەبەستن بە پیاوانی ئاینی[1].

ئازادی هزر لای سپینۆزا تەنها مانای ژیان هەڵدەگرێ، چونکە ژیان لای ئەو واتە هزر، مانای دووەم ناکرێ بۆ ژیان دابتاشرێ، جگە لە عەقڵ و بایەخەکەی، ئەمەیە ئەو هەموو شڵەژانی کۆمەڵایەتی و دەروونی داوەتە ژیانی ئەو، لە نێوان ترسان لە گوزارشت کردن لە بۆچوونە تایبەتەکانی، لەگەڵ هەوڵدانی بۆ بەدەستخستنی ئازادی، مەترسیەکان هەبوون و سەختیش بوون لەلایە حوکمڕانان و کاربەدەستە ئاینیە فەرمییەکان لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لەلایەن تاقمە جولەکەکانەوە، هۆکارەکەی بۆ بوێری ڕاو بۆچوونەکانی دەگەڕێتەوە، کە ئاشکرا کران لە میانەی کتێبەکەیدا (توێژینەوەی لاهوتی سیاسی)، کە ڕایەکی بە بوێری تێیدا ڕەنگی دایەوە، دەکرێ بە ئازادترینی بۆچوونەکان دابنرێن لە سەردەمی ئەودا، هەستی بە پێشهاتەکانی چەوساندنەوە کرد و خۆی بۆ ئامادە کرد[2].

عەقڵ لای سپینۆزا پێگەیەکی بەرزی هەیە، دەکاتە چەق و ناوەند لە فەلسەفەکەیدا، کە لەلایەن ئەوەوە وەك ڕاڤەیەك بۆ مانای حەقیقەت وەسفی دەکرێ، وەك پیرۆزگرتنی ئەم بەشە مرۆییە، کە هێشتا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە ژیاندا وەرنەگرتووە، بۆ دەستەبەرکردنی سوودە مەعریفیەکان، ئەوا دەستی خاوەنەکەی دەگرێ بەرەو ئازادی و بەختەوەری، (عەقڵ داوای شتێك ناکات پێچەوانەی سروشت بێ، دواتر بانگەواز دەکات بۆ

(1) بڕوانە: فؤاد زكريا، اسبينوزا، القاهرة ١٩٦٢، ص ٢٦ – ٢٧.

(2) بڕوانە: المصدر السابق، ص ٥٨. ينظر: اسبينوزا، رسالة في اللاهوت والسياسة، ت: حسن حنفي، ط ١، بيروت ٢٠٠٥.

ئەوەی هەر یەکێك خۆی خۆشبوێت، بە دوای سوودی تایبەتی و بەرژەوەندی خۆیدا بگەڕێ، حەز لە هەر شتێك بکات کە مرۆڤ ببات بەرەو کاملی زیاتر)(١).

هیچ کتێبێکی سپینۆزا نییە باسی عەقلی نەکردبێ، بەڵکو قسەی لەسەر عەقلّ و وزە شاراوەکەی کردووە، کە ئەگەر بەکارهێنرا بە ڕێگەی ڕاست، ئەوا دەتوانرێ ژیانێکی پڕ لە قین دروست بکات، سپینۆزا لە عەقلی خۆیدا هێزێکی شاراوەی بینی، کە شایستەی بەپیرۆز دانانە، هیچ ئایین یان یاسایەك ناتوانێ ئەم هێزە بسڕێتەوە، بۆیە ڕەتی کردەوە لە ژێر چوارچێوەی ناچاری گێلانە بژیت، بەرهەمی ئەمە ڕوونە لە فەلسەفەکەی ئەودا لە ڕووی ئامانجەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، هەروەها لە ڕووی دەروشانەوەی قەشەنگ لە تیۆرەکانی ئەودا.

سپینۆزا پێش ئەوانی تر درك دەکات بە گەورەیی ئەم عەقلە، زۆرێك لە بەڵگە یان یەك خوێندنەوە بۆ کتێبەکانی ئەوە دەسەلمێنن کە وزە عەقلّیەکەی ئەو خۆی حەشاردابوو و توانای داهێنانی هەبوو، دوور لە دیواری کۆنکرێتی دژی بیرۆکەی عەقلّ و بیرۆکەی ئەوەی مرۆڤ تاکە ڕێبەرە بۆ خۆی و ژیانەکەی.

کەسێکی خۆبەزلزان یان لوتبەرز نەبووە بەسەر ئایین و یان سیاسەتەوە، زۆرترین ئەوەی ویستویەتی ژیانێکی ئازادە، ژیانێکی عەقلی ڕێزگر لە عەقلّ، گشت ناوەڕۆکەکانی بەختەوەری دروستی بۆ پێشکەش بکات، ئەمە نامۆ نییە، کە سپینۆزا کاریگەربووە بە کوجیتۆی دیکارتی، بەڵام لە تێڕوانینێکی جیاوازەوە، تەنها ئەوەندە بەس نییە بیر بکەمەوە و داهێنان بکەم، بەڵکو ئەوە تەواوە بیر بکەمەوە و لە هەمان کاتیشدا ئازاد بم.

---

(١) اسبینوزا، الاخلاق، ت: جلال الدین سعید، تونس (ب، ت)، ص ٢٧٨، ڕەسل لەم بارەوە دەڵێت: (سپینۆزا لە پشتیوانانی بیروڕای ئازاد بوو، بەپێچەوانەی هۆبز. بەڵکو میتافیزیکەکەی و تیۆرە ئەخلاقیەکەی ئەوە دەسەپێنێ کە دەوڵەت ناتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات بەشێوەیەکی دروست، تەنها لە چوارچێوەی ئەم ئازادیەدا نەبێ). بڕوانە: حکمة الغرب، مصدر سبق ذکره، ص ٧٣.

ئەم پێگە بەرزەی سپینۆزا بە عەقڵیداوە، تەنها لەوەوە نەهاتوە کە عەقڵ بەخۆی بەرزە، بە ئەندازەی ئەوەی لەوەوە هاتووە کە خزمەتی ئازادی مرۆڤایەتی دەکات (مرۆڤی ئازاد، ڕێنوێنی بە عەقڵی خۆی وەردەگرێ، کەواتە ئەوەی سەربەستێك دێنێتە کایە، بەهەمان شێوەش دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە جگە لە هزرەکانی خۆی نییە)[1].

ئا بەم شێوەیە فەلسەفەکەی، کەوتە ژێر کاریگەری هەنگاونان بەرەو ئازادی، وەك ئامانجێك کە دەبێ بەدەستبخرێ، وەك بەختەوەریەك دەبێ بەدەست بخرێ، چونکە ڕزگاربوونی مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە لە داملڕانی لە هەر ئەفسانە یان بیروباوەڕێکی هزری یان ئاینی هەڵە، لێکۆڵینەوە لەم ناوەڕۆکە ماددەگەرایەکەی لە واقیع وەردەگرێ، هەندێك جار لە نا واقیع و عەقڵ و هەستەکان کە ئامرازی ئەون وەردەگرێ، کاتێك سپینۆزا هەر دوو مادیەتەکەی بەیەکگەیاند، تەنها یەك ئامرازی دانا، ئەویش دەستەبەری ئاشکرا کردنی دەکات، بەمەش پیرۆزی عەقڵی مرۆیی زیاد بوو و بەرز بووەوە تا ئاستی درك کردن بە ناوەڕۆك و کرۆکەکان و تێگەیشتن لە پێویستی و یاسای ڕێڕەوە سروشتییەکەی، ئازادی کردە ئەو ئامانجەی کە ئەو عەقڵە داوای دەکات، کە تێگەیشتوو و درك بە بوونی خۆی دەکات، ئامرازێکە بۆ دەستخستنی.

سپینۆزا هەوڵ نادات بۆ چەمکی ئازادی دەستاودەستکراو لە توێژینەوە ئەخلاقییە ڕۆتینیەکان، بەڵکو چەند ناوەڕۆکێکی جیاواز هەڵدەگرێ، ئەو ناوەڕۆکانەی وا لە ئازادی دەکەن شوێنکەوتنی پێویستی بێ دوای درك کردنی ڕاستی و حەقیقەتەکەی، پیادەکردنیشی بەم شێوەیە بریتییە لە ڕزگاربوونی دڵنیایی بەرەو بەختەوەری و هەموو ئەو سیفەتانەی دەکرێ بوونی ئەو بە چاکترین شێوە بپارێزن، چونکە مرۆڤ لە تێڕووانینی

---

[1] اسبینوزا، الأخلاق، مصدر سبق ذكره، ص ٣٣٤.

ئەودا دەسەڵاتی بەسەر ویستی خۆیدا نییە، بەڵکو دەسەڵات خۆی دەبینێتەوە لە هۆی دەرەکی یان پێویست.

ئازادی گەورەترین و باڵاترین پلەی سەلماندنی بوونە، کاتێك هەماهەنگی دێتەبوون لەگەڵ سیستەمی سروشتدا، دکتۆر زەکەریا ئیبراهیم ڕاڤەی کرد، بەوەی ئەم ئازادییە بریتییە لە تەنها ئازادی هەل و فرسەت، واتەی ئەوەی بەبێ پاڵنەر و بێ شارەزایی لە هۆکارەکان کار دەکات یان مرۆڤ لە پێناویدا کار دەکات[1]، سەرباری ئەوەی پاڵنەری کاری مرۆیی لای سپینۆز خۆی دەبینێتەوە لە هەر شتێك خزمەت بە سوودی کەسی و مرۆیی و پاراستنی بوون بکات، ئەمەش بە خودی خۆی چاکە و ئازادییە، سپینۆزا لەم بارەوە دەڵێت: (ئەو مرۆڤەی بە عەقڵ دەچێتەڕێ، ملکەچی گوێڕایەڵی نابێ بە پاڵنەری ترس، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەوڵ بۆ پاراستنی بوونی ئەو دەدات بەپێی ئەو پێوەرانەی عەقڵ فەرمانی پێدەکات، واتە بەو پێوەرەی هەوڵ بۆ ژیانی ئازاد دەدات، حەز دەکات ڕێز لە یاسای ژیان و سوودی گشتی بگرێ)[2].

### ٢- هەڵچونەکان لە نێوان ئامراز و ئامانجدا:

بۆ ئەوەی تێبگەین، لە ئامراز و چۆنیەتی کاری هەڵچونەکان بەشێوەیەکی دروست، بەر لەوەی بچینە سەر ڕاڤەکردنی تیۆرەکانی سپینۆزا لە هەڵچون و ڕۆڵی عەقڵ لە سنووردارکردنی و ئامانجی لە درك پێکردنیدا، پێویستە لەسەرمان ئەو پەیوەندیانە ڕوون بکەینەوە، کە دەروون بە جەستە دەبەستێتەوە، بەپێی تێڕوانینی تایبەتی سپینۆزا، زۆرێك لە تیۆرە فەلسەفییەکان هەوڵیانداوە جیاوازی بکەن لە نێوان جەستە و دەروون،

(1) بڕوانە: مشكلة الحرية، ط ٢، القاهرة، ١٩٦٣، ص ٣٦.

(2) اسبينوزا، الاخلاق، ص ٣٣٩.

بەوپێیەی دوو بەشی جیاوازن لەیەکتری، تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان هەیە، ئەوەی سپینۆزا پێشکەشی کرد پێچەوانەی ئەمە بوو، ڕوونی کردەوە یەکێك لە سیفەتەکانی کرۆکی گەردوون، ئەو کرۆکەی (لە خودی خۆیدا پەیدا دەبێ، بەخۆیشی وێنا دەکرێ، واتە وێناکردنی ناوەستێتە سەر وێناکردنێکی تر)[1]، ئەویش سیفەتی درێژبوونەوە (کشان) و هزرە، کە لە ڕێگەیاندا گشت گەردوون ڕێکدەخرێ، بە جیاوازی و بە تەنها نا، بەڵکو هەموو ئەوەی لە گەردووندا هەیە ئەم دوو سیفەتەی هەیە، ئەویش درێژبوونەوە و هزرە[2]، ئەگەر هەڵساین بەجێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە لەسەر مرۆڤ، دەبینین مرۆڤ بەخۆی سیفەتی کشان و درێژبوونەوە و هزر هەڵدەگرێ، هزر لە هۆشی مرۆییدا لە بەرامبەر درێژبوونەوە واتە جەستەیە، سپینۆزا پێناسەی جەستە دەکات بەوەی (دۆخێکە بەشێوەیەکی دیاریکراو، گوزارشت دەکات لە خودی خوا، لە ڕووی ڕەچاوکردنی ئەوەی شتێکی درێژبوەوەیە)[3]، بەڵام هزر بریتییە لە (وێنایەکە دەروون دروستی دەکات، بەوپێیەی شتێکی بیرمەندە)[4]، دواتر گشت ئەوەی لە دەروونی مرۆییەوە دەردەچێ بریتییە لە پێکهاتەیەك لە نێوان هزر و درێژبوونەوە یان هۆش و جەستە، (بڕیارەکانی دەروون و ئارەزووەکانی و سنوورداری جەستە، ئەمانە هەموویان شتی هاوکات بە سروشتی خۆیان، بەڵکو ئەمە یەك شتن ناوی نانێین "فەرمان" کاتێك بۆی دەڕوانین و شرۆڤەی دەکەین لە میانەی سیفەتی هزر، ناویشی نانێین "سنوورداری" کاتێك لە دوو

---

(1) اسبینوزا، الاخلاق، ص ٣٠.

(2) بڕوانە: فؤاد زكريا، اسبينوزا، ص ٩٩.

(3) اسبينوزا، الاخلاق، ص ٨٦.

(4) المصدر نفسه، ص ٨٦.

تویێی سیفەتی کشان و لێکچووندا بۆی دەڕوانین، لە یاساکانی جوڵە و وەستاندا هەڵیدەهێنجین)[1].

کەواتە هەڵچونەکان چین؟ بەپێی ئەوەی پێویستی دەیسەپێنێ، ناوەڕۆکی دەروونی مرۆیی لە بیرۆکە پێکدێت، واتە لە بیرۆکەی تەواو و نا تەواو، هەندێك جار دەبێتە بکەر و هەندێك جاریش کارتێکراو[2]، سەرچاوەی هەموو ئەم هزرانە خوایە، بەوپێیەی شتێکی بیرمەندە، هەموو شتێکی تێدا دەبێ، هەر چی ئەوەی لە گەردووندا دەردەچێ، لە میانەی یاسا بێ سنوورەکانیەوەیە[3]، دەروون دەروژێ، واتە هەڵچونی لێ دەپشکوێتەوە بەهۆی ئەوەی هزری تێکەڵاو و ناڕوونی هەیە، دەرەنجامی گومانە نەوەك زانینی دروست، کە سپینۆزا وای دادەنێ جۆری سێیەمە لە زانین و مەعریفە[4]، دەروون بەخۆی ملکەچە بۆ زۆری و بۆری هەڵچونەکان بەهۆی زۆری هزرە ناتەواوەکان یان تێکەڵ و پێکەڵەکانی[5].

هەر بۆیە سپینۆزا، وشەی بەندایەتی و کۆیلایەتی بەکاردێنێ بۆ دەستەوەسانی مرۆڤ لە ئاست کپ کردنی هەڵچونەکان و جڵەوگیر کردنی بەپێی عەقڵ[6]، سپینۆزا هۆکاری ئەم هزرە ناتەواوانەمان دەگێڕێتەوە بۆ سروشت و پێویستی و بێ سەرەتابوونە بەتاڵەکەی لە بەها مرۆییەکان، واتە مرۆڤ تاکە دروستکەری ئەم بەهایانەیە، بەوپێیەی شتەکان بە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی وەك چۆن سروشت بەدیهێناوە خاڵیە لە بەها، واتە خاڵیە لە

(1) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(2) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(3) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(4) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(5) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(6) المصدر السابق، ص ١٦٧.

کامڵیەکی کەمتر یان زیاتر، چونکە بەرهەمی هۆیەکی بکەرە، بەرهەمێکە تەنها کامڵی بەدیهێناوە، بەرهەمی خوا (سروشت)ە، کە شتەکان بەبێ ئامانج بەدیدەهێنێ، (سروشت لە پێناو ئاماندا هەڵسوکەوت ناکات، بوونەوەری بێ سەرەتا و بێ کۆتا، کە ناوی دەنێین خوا یان سروشت، بەهەمان ئەو پێویستییە کار دەکات، کە شتی پێ دروست دەکات، چونکە پێویستی سروشتی کە شتی پێ دروست دەکات هەمان ئەو پێویستییە کە کرداری پێدەکات)[1].

بەمەش وای لێدێت، هەموو ئەوەی ناویدەنێین جوان یان ناشرین، خێر یان شەڕ، بەختەوەر یاخود خەمبار، ئەوا تەنها هەڵچون مرۆیین، هۆشی مرۆیی واقیعی خۆی پێ شرۆڤە دەکات، کە لە ڕێگەیدا نموونەیەك بە سروشتی مرۆیی دەدرێ.

سپینۆزا هەموو ئەو کاردانەوانەی لە مرۆڤەوە دەردەچن، گێڕاوەتەوە بۆ کاردانەوەی خۆشی (چێژ) و خەم (ئێش)، بەوپێیەی هەموو کاردانەوە و هەڵچونێکی تر لە هەر دوو کاردانەوەی خەم و خۆشیەوە پەیدا دەبن[2]، دەکرێ ئەم دوو هەڵچونە ڕاڤە بکەین لەسەر ئەو بنچینەیەی حەز یان هەوڵێکە، دەروون دەیدات لە پێناو مانەوە، ئەگەر ئەم کۆششە لە دەروونێك یان جەستەیەك بە یەکسانی دەرچوو، پێی دەوترێت ئارەزوو، سپینۆزا هیچ جیاوازیەك ناکات لە نێوان حەز و ئارەزوو، هەر بۆیە پێناسەی حەز دەکات، بەوەی ئارەزووێکە هاودەمی هۆشی خودییە[3].

ئەمە بەدی دەکەین لە حەزی تایبەتی هەر تاکێك، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەوە، دواتر خۆشحاڵی یان خەفەتباری کەسێك بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، بە ئەندازەی جیاوازی

(1) المصدر السابق، ص ١٦٧.

(2) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ١٧٤ – ١٧٥.

(3) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ١٧٢ – ١٧٣.

سروشتەکەی لە سروشتێکی تر، واتە هەڵچونەکان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت[1].

سروشتی کاری ئەم کاردانەوانە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی دەروون یان هۆش بە چەند دۆخێکدا دەڕۆن لە کامڵی زیاد یان کەم، پێناسەی خۆشی دەکات بەوەی (ئەو هەڵچونەیە دەروون پێی دەگوازرێتەوە بۆ کامڵیەکی مەزن)[2]، پێناسەی خەفەت دەکات بەوەی (ئەو هەڵچونەیە دەروون پێی دەگوازرێتەوە بۆ کامڵیەکی کەمتر)[3]، ئەو هەوڵەی دەروون دەیدات بۆ کامڵیەکی مەزنتر یان کەمتر، ئەوا ئەمە ڕێژەی خۆشحاڵی یان خەمباریەکە دیاری دەکات، کە دەکرێ دەروون بە دەستی بخات بەپێی عەقڵ.

لێرەدا سنووری جیاکەرەوە هەیە، لە نێوان هەڵچونەکان، کە پێویستە مرۆڤ پشتی پێ ببەستێ لەگەڵ ئەوانەی پێویستە خۆیان لێ بەدوور بگرێ، واتە هەڵچونی سوودبەخش و زیانبەخشەکان، واتە بە ئەندازەی ئەوەی دەبێتە خێر یان شەڕ بۆمان بە پشت بەستن بە عەقڵ لەم لە بێژینگ دانەدا، (ئەو حەزەی لە عەقڵەوە پەیدادەبێ، وامان لێدەکات هەوڵ بدات بۆ خێر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خۆمان دوور بگرین لە خراپە و شەڕ بە ناڕاستەوخۆ)[4]، ئامرازی کار تەواو دەبێ بە شت بەستن بەوەی عەقڵ پێمان دەدات لە درك کردن بەوەی دەروونەکانمان ئەزبەری دەکەن و بەردەوام دەبێ لە بوونماندا، یان ئەوەی کۆسپی دەخاتە سەر ڕێگاکەی، کاتێك بیرۆکەیەکی عەقڵی ڕوون و تایبەتمەند لەبارەیەوە پێکدێنین، ئەوا سروشتە نەرێنیەکەی لە دەستدەدات، دەگۆڕێت لە هەڵچونی

---

(1) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٢٩.

(2) اسبینوزا، الأخلاق، ص ١٧٤.

(3) المصدر نفسه، ١٧٤.

(4) المصدر نفسه، ص ٣٢٩.

هەڕەمەکی بۆ هەڵچونی دامەزراو لەسەر بیری دروست و ئەمیندار بۆمان، دواتر دوای بڕیاری عەقڵ دەتوانین ڕزگارمان بێ لە بەندایەتیەکی و کردارەکانی مرۆڤ ئازاد دەبن، تەنها ملکەچی پێویستی عەقڵی سروشتی دەبن[1]، (مرۆڤی ئازاد تەنها شوێن پێی عەقڵ هەڵدەگرێت، ئەوەی بە ئازادی لە دایك دەبێ، بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، ئەو کەسەیە کە تەنها هزری تەواوی هەیە، دواتر هیچ وێنایەکی نییە بۆ شەڕ و خێر)[2].

## ٣- چاکە و خراپە لە نێوان ئامراز و ئامانجدا:

یاساکەی سپینۆزا دەڵێت، عەقڵی تۆکمە بە زاڵبوونی بەسەر کاردانەوە و هەڵچونەکاندا بەدیدێت، بەرەو کارێك دەڕوات کە بگونجێ لەگەڵمان، هەڵبێین لەبەر هەر شتێك کە ئازارمان بدات، یان خەفەتبارمان بکات، ئەم یاسایە دەتوانێ ئەندازەی ئەو خێر و شەڕە دیاری بکات کە دووچارمان دەبێ بەگوێرەی یاسای عەقڵ، (مەبەستم لە خێر، هەموو جۆرەکانی خۆشییە، هەر شتێك کە سەر بۆ خۆشی بکێشێت، بەتایبەت ئەوەی حەز و ئارەزوو تێر دەکات، ئەم ئارەزووە هەرچیەك بێ. مەبەستم لە شەڕ هەموو جۆرێکی خەم و خەفەتە، بەتایبەت ئەوەی دەوری حەز دەدات)[3]. لەسەر دەروونی هەڵچو پێویستە هەڵبچێ بە ئاڕاستەی ئەوەی خێری بۆ دێنی بەدەر لە شەڕ، ئەمە لەگەڵ سروشتەکەی دەگونجێ بەپێی یاسای پێویستی، (هەر کاتێك شتێك لە شتەکان ڕێك بوو لەگەڵ

---

(1) بڕوانە: فؤاد زکریا، اسبینوزا، ص ٢٨٠.

(2) اسبینوزا، الأخلاق، ص ٣٣٤.

(3) اسبینوزا، الأخلاق، ص ٢٠٦.

سروشتماندا، ئەوا دەبێ ئەمە خێر و چاکە بێ)[1]، هەر کاتێك لە ژێر سێبەری عەقڵدابوو، ئەوا سوودبەخشتر و سەلامەتترە بۆ مرۆڤایەتیەکەمان.

بەم ڕێگەیە ئەو کێشە کۆنەی چارەسەر کرد، واتە کێشەی هاتن و پەیدابوونی شەڕ لە خواوە، کێشەی شەڕ و کارایی خوایی بە یەکسانی گونجاند، بەوەی شەڕ بوونی نییە یان قەوارەیەکی عەقڵییە، بنچینەکەی هۆیە مەبەستدارەکانە، واتە ئەو هۆیانەی لە مرۆڤەوە دەردەچن، ئامانجی سەرپشکانی لە خێر یان شەڕ، جوان یاخود ناشرین، دەدەنە پاڵ ناوەڕۆکی شتەکان، شەڕ لە هۆیە بکەرەکانەوە پەیدانەبووە، واتە ئەو هۆیانەی سەرچاوەکەی خوایە، سەیری ناوەڕۆکەکان دەکات بە کرۆکە ڕاستەقینەکەی بەدەر لە ئامانجەکان، بە ڕەتکردنەوەی شەڕ زاڵبوونی چاودێری خوایی لەسەر جیهان ڕەت دەکرێتەوە، سروشت بەپێی پێویستی خۆی دەڕوات بێ گوێدانە مرۆڤ، لەگەڵ هێشتنەوەی تاکە بنەمایەکی خوایی بێ سەرەتا[2].

ئەمە وا دەکات شەڕ، گوزارشتێك بێ لە هەڵچون و کاردانەوەی مرۆییە، ئەگەر عەقڵ توانی ڕاستیەکەی هەرس بکات، ئەوا دەتوانێ بچێتە شوێنی سەلامەت، لە بەدەستخستنی ئازادی مرۆیی، کە حوکم کراوە بە تێگەیشتن و پەیی پێبردنی عەقڵ و کۆکبوونی لەگەڵ پێویستی سروشتی، گونجانی بەدەستهێنانی ئازادی بەگوێرەی عەقڵی درك پێکەر بە خێر و سوود کەوتۆتە بەرامبەر درك کردن بە شەڕ، شەڕ لە ناوەڕۆکەکەیدا گوزارشتە لە بەیەکگەیشتنێکی خراپ لەلای بوونەوەران، کە دەستەوەسانن لە بەکارهێنانی زانین و

---

[1] المصدر نفسه، ص ٢٨٩.

[2] بڕوانە: فؤاد زکریا، اسبینوزا، ص ٢٦٦ – ٢٦٧.

شارەزایی و دەرچوون لە تاریکی نەزانی و کۆیلایەتی و ڕزگاربوون لە بیرۆکە تێکەڵەکان[1].

ئەمە سپینۆزا دەبات بەرەو ڕاڤەکردنی چەمکی دادگەری، بەوپێیەی بەهایەکی مرۆیی، بوونی نییە تەنها لە دۆخی سروشتیدا نەبێ، بوونەکەی کورت دەبێتەوە لەسەر مرۆڤ، بە وێناکردنی بۆی لە دۆخی مەدەنیدا نەوەك لە دۆخی سروشتیدا، ئەگەر مرۆڤ عەقڵێکی هەبوو، توانای جڵەوگیرکردنی هەڵچوونەکانی هەبوو، ئەوا بە ئاسانی دەتوانی ئەندازەگیری بۆ ئەوە بکات کە دەڕژێتە بەرژەوەندی ئەودا، ئەوەی بەرەو خێر دەیبات، وەك سوودێکی تایبەتی و سودێکی گشتی، دواتر هەر کەسێك ئەو مافەی دەبێت کە بەشیەتی بێ زیان گەیاندن بە تاکێکی تر، لە ترسی زیانێکی گەورەتر و خزمەتکردن بە بەرژەوەندی کەسی، بەمەش چەمکەکانی ستەمکار یان دادگەر ون دەبن، دادگەری و ستەم، هەڵە و تاوان و شایستەیی، دەبنە چەند مانایەکی دەرەکی، نەوەك چەند سیفەتێکی ڕوونکەرەوە بۆ سروشتی دەروون[2].

### ٤- چاکە (ئەخلاق) لە نێوان ئامراز و ئامانجدا:

سپینۆزا پێناسەی چاکە دەکات بەوەی (خودی ئەو کۆششەیە، مرۆڤ خەرجی دەکات، لە پێناو پاراستنی قەوارەی کەسی خۆی، بەختەوەری لە توانای مرۆڤدایە لە پاراستنی قەوارەی کەسی خۆیدا)[3]، ئەم هەوڵە خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵی عەقڵی کە مرۆڤ دەیبەخشێت لە پێناو ئەوەی خزمەت بە سوودی یانی ئەو دەکات لە زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکان و بیرکردنەوە بەپێی یاسای

---

(١) بڕوانە: فؤاد أعراب، بحث مفهوم الأخلاق عند اسبينوزا، (قراءة في مجزوء الأخلاق من منظور فلسفة اسبينوزا)، الإنترنيت، http://www.4shard.com، ص ٥.

(٢) بڕوانە: اسبينوزا، الأخلاق، ص ٢٩٩ وما بعدها.

(٣) اسبينوزا، الأخلاق، ص ٢٧٨.

سروشتی گونجاو لەگەڵ سروشتی تایبەتماندا، ئەم سوودە بە مانای فەراهەم بوونی خراپە نایە لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتیدا، بەڵکو ئەمە چاکەیە[1].

ئەمە وادەکات حەز کردن لە پاراستنی قەوەرەکەمان، هەوڵدان بۆ بەختەوەریمان خودی چاکە بێ، ئەم حەزە تاکە بنەما و بنچینەی سەرەتای چاکەیە[2]. پاراستنی قەوارە، خۆی دەبینێتەوە لە ناوەڕۆکی خودی مرۆڤ، کە بە زەبری هێز هەوڵ دەدات بوونی خۆی بپارێزێ، بەشێوەك گونجاو بێ لەگەڵ سروشتی خۆی، ئەو سروشتە ژیرەی دەڕوات بەرەو تێگەیشتن و درك پێکردن، چونکە عەقڵ بەپێی پێویستیەکەی دەچێتەڕێ بەرەو گشت ئەوەی چاکە، ئەوەی چاکەشە تەنها بە تێگەیشتن درکی پێدەکرێ[3].

تێگەیشتنی ڕاستەقینە و ڕوون بە پێی عەقڵ، بەرجەستە دەبێ وەك چاکەیەکی بکەر، مرۆڤ پشتی پێدەبەستێ، وەك ئەخلاقی ئەو دەستی دەگرێ بەرەو خێری باڵا، کە بریتییە لە خواناسی، بە گوێرەی تێڕوانینی سپینۆزا[4]. ئەم خێرە باڵایە شیاوی کەرت کردن و دابەشکردن نییە، ئەوەندە لە پێگەی خێری بەرز کردەوە تا بگات بە بوونەوەری بێ سەرەتا و کۆتا، کەرستەیەك نییە شیاوی بردن و دابەشکردن و خواردن بێ، وایکرد لە خێر زانین بۆ هەمووان فەراهەم ببێ[5]، سپینۆزا گوزارشت لەمە دەکات بەوەی (خێری باڵا لای ئەوانەی شوێن چاکە دەکەون هاوبەشە لە نێوان هەمواندا، دەکێ بە یەکسانی هەمووان بەدەستی بهێنن)[6]، بەهەمەش هەموو ئەو پێوەرە

---

1) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٧٩.

2) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٨٣.

3) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٨٥.

4) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٨٦.

5) بڕوانە: فؤاد زكريا، اسبينوزا، ص ٢٨٧.

6) اسبينوزا، الأخلاق، ص ٢٩٥.

گوزەرانییە سەرسوڕهێنانە دەکەون، کە دەبێتە هۆی شەڕکردنی خەڵك لەسەری، هەر پیاوچاکێك دەبێتە خاوەن شارەزاییەك ڕێبەری دەکات بۆ تێگەیشتن و پەیی بردن بە خوا، دواتر درك کردن بە بەرژەوەندی گشتی، لە میانەی هەوڵدانی بۆ سوودی جگە لە خۆیشی، چاکە ناسنامەی خۆی بەدەستدەخات لە میانەی حەزکردنی ڕاستەقینە لە خێر هاوبەشی نێوان هەمووان، ئەم خێرە بەردەست نابیٚ، بەبیٚ ڕێنیشاندەری عەقڵی ڕێك و هەماهەنگ لەگەڵ پێویستی سروشتی، کە درك بەوە دەکات گشت عەقڵەکانی تر بچنەڕیٚ بە گوێرەی هەمان ڕێنیشاندەر، هەر بۆیە مرۆڤ هەوڵ بۆ سوودی خۆی و ئەوانی تریش دەدات لە هەمان کاتدا، ئەم حەزە زیاتر دەبیٚ، هەر کاتێك درکی کرد بە ئەندازەی خۆشەویستی جگە لە خۆی بۆ ئەو[1].

ئەم چاکەیە دەستی مرۆڤ دەگریٚ، بەرەو بەدەستهێنانی بەختەوەری لە ژیانیدا، یان ئەوەی دەکریٚ بە ئازادی ناوببریٚ، ئەو ئازادیەی هاومانایە لەگەڵ هێزی عەقڵ، هەموو ڕەگەزەکان کە بەکارهاتوون، یەك مەبەست دەپێکن، ئەویش زاڵبوونی تەواوە بەسەر هەڵچونەکان و دەرخستنی بایەخی عەقڵ لە ڕێبەری کردنی مرۆڤ بەرەو ئازادی و بەختەوەری.

هەروەك پێشتر خرایەڕوو، جۆرەکانی زانین لەلای سپینۆزا سیٚ جۆرن، گومان، بیروباوەڕ، زانینی ڕوون، تاکە ئامراز کە بەختەوەریەکەمان پیٚ بەدەستدەخریٚ، لە ڕێگەی زانینی ڕاستەوەیە، چونکە هەر دوو زانینەکەی پێشوو تایبەت دەبیٚ لە بنچینەی هەڵچونەکان و بناغەی حەزە باشەکان[2].

جۆری سێیەم لەبارەی زانین و مەعریفەوە، بنچینەی بەدەستهێنانی بەختەوەریەکەمانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە تواناکەمان لەسەر خۆشویستنی عەقڵی بۆ خوا (لەم جۆرەی سێیەمەی زانین و مەعریفە، خۆشەویستی عەقڵی خوا دروست دەبیٚ، چونکە لەم جۆرەی زانینە، خۆشیەکی هاودەم

---

**(1)** بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٢٩٥ وما بعدها.

**(2)** بڕوانە: فؤاد زكريا، اسبينوزا، ص ٢٨٤.

لەگەڵ بیرۆکەی خوا وەك هۆ دروست دەبێ، واتە خۆشەویستی خوا دروست دەبێ، نەك لەوەی ئێمە ئێستا خەیاڵی دەکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەی درك بەوە دەکەین بێ سەرەتایە، ئەمە ئەوەیە کە ناوی دەنێین خۆشەویستی عەقڵی بۆ خوا)[1].

هەروەك درك دەکەین بەوەی هەر شتێك خودمان بپارێزێ، ئەوا بێ چەند و چون خێرە، ئەوا خۆشەویستی عەقڵی بۆ خوا، بریتییە لە خۆشحاڵی یان خودی بەختەوەری، بەم جۆرە خۆشەویستیی خواییە، دەروون دەتوانێ توانای جڵەوگیرکردنی هەڵچونەکانی هەبێ، جڵەوگیرکردنی هەڵچونەکان زیاتر دەبێ هاو ئاڕاستە لەگەڵ خۆشەویستیمان بۆ خوا[2].

ئەو خۆشەویستیەی دروست دەبێ، تەنها لە ڕێگەی عەقڵ یان ئەندازەی ئەوەی دەروون کارا نەوەك کاردەرەوە و هەڵچو دەبێ، کارا دەبێ کاتێك بە تەواوی درك دەکات بە خوا بەگوێرەی هزری تایبەتی نا تێکەڵ، بەوپێیەی خوا پێکهێنەری ناوەڕۆکی دەروونی مرۆییە، هەر بیرۆکەیەك عەقڵ هەیبێ ئەوا خوا هۆکارەکەی دەبێ[3]، لەبەر ئەوەی خوا هۆکاری گشت هزرەکانی دەروونە، دەروون بەخودی خۆی بێ سەرەتایە، دەکرێ دەروون شارەزاییەکی تەواوی هەبێ سەبارەت بە خودی خوای بێ سەرەتا و کۆتا[4].

ئەم زانینە کامڵە خودەکانمان ڕزگار دەکات لە هزرە تێکەڵ و پێکەڵ و هەڵەکان و لە نێوان بوون و عەقڵماندا پەیوەندیەکی تۆکمە دروست دەکات، لەسەر بنچینەی تێگەیشتنێکی ورد بۆ سیستەمی ڕاستەقینەی شتەکان و لەخۆگرتنی ڕوونی پێگەکەمان، لە نێو سیستەمی هۆکاردا، ئەو

---

(1) اسبینوزا، الأخلاق، ص ٣٨٦.

(2) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٣٩٧.

(3) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ١٣٦.

(4) بڕوانە: المصدر نفسه، ص ١٤٧.

شتەی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی هزری هاوشێوە و بەرزکردنەوەی عەقڵ و جەستە بەیەکەوە لە بووندا، دواتر دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بەختەوەری وەك ئاماژەیەکی ئازادی[1]، سپینۆزا بە وتنی ئەوەی بەختەوەری خۆشەویستی خوایە گوزارشت لەمە دەکات، سەرچاوەی ئەم خۆشەویستییە، جۆری سێیەمی زانینی پەیوەستە بە دەروونەوە، بەوپێیەی بکەرە[2].

لەلایەکی ترەوە، پێویستە لەسەرمان درك بکەین، بە مانای ڕاستەقینەی چەمکی خۆشەویستی، کە سپینۆزا لە وەسفەکەیدا بەکاریهێناوە، کاتێك خۆشەویستی خوایی دەبێتە خۆشەویستیەکی عەقڵی، درك دەگەین بەوەی خۆشەویستی تەنها هەڵچونە، عەقڵ بە مانا وردەکەی پیادەی کرداری زانینە نەوەك خۆشەویستی، دەبێ خۆشەویستی وەرنەگرین بە مانای هەڵچون و کاردانەوە، چونکە پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان خوا و مرۆڤ، پەیوەندییەکی نا نموونەییە، دەکرێ ئەم چەمکە (خۆشەویستی عەقڵی/ خۆشەویستی خوایی) وا بخوێنرێتەوە لە لایەنی زانستیەوە، کە بنچینەی خۆشەویستی خوایی بریتییە لە خۆشویستنی سیستەمی پێویستی گەردوونە، یان هەوڵدانی بەردەوامی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە نموونەی باڵای زانین و مەعریفە، بەتایبەت کاتێك ئەم جۆرە خۆشەویستییە، نە گۆڕدراو دەبێ[3]، سپینۆزا دەڵێت: (ئەوەی خوای خۆشدەوێ، تەنها دەبێ تێبکۆشێ، بۆ ئەوەی خوا خۆشەویستی لەگەڵ بگۆڕێتەوە)[4].

**پوختە:**

---

1) بڕوانە: فؤاد اعراب، مفهوم الأخلاق عند اسبينوزا، مصدر سبق ذكرده، ص ٦.

2) بڕوانە: اسبينوزا، الأخلاق، ص ٣٩٧.

3) بڕوانە: فؤاد زكريا، اسبينوزا، ص ٢٢٢ وما بعدها،

4) اسبينوزا، الأخلاق، ص ٣٧٣.

سپینۆزا ئەخلاقیەت دەناسێنێ بەوەی (ئەو حەزیە کە مرۆڤ پاڵدەنێ، کە بەگوێرەی خواستی عەقڵ دەژیەت)، ئەخلاق هەوڵدانی مرۆڤە بۆ پارێزگاری کردن، لە بوون و قەوارەکەی، چونکە ئەوەی عەقڵ دەیخوازێ ئەم ئامانجە سەرەکیەیە، کاتێك مرۆڤ و سروشت وەك یەك کرۆکیان لێدێت، ئەوا مرۆڤ تەنها لە میانەی پێویستی ئەودا تێدەگات، بەمەش ئەخلاق دەبێتە کردارێکی مرۆیی بە دوای تێگەیشتن لە واقیع و بوونەکەیدا دەگەڕێت، کردەوەکانی هەڵدەهێنجێت بە گوێرەی درك کردنی بە هێڵی خۆی لە ژیاندا، بە ئاڕاستەی خێر یان بەختەوەری و پیادەکردنی چاکە.

سپینۆزا ملکەچی ناچاری سروشتی بووە، لەبەر ئەوەی بوارێکی فراوانترە بۆ وزەی عەقڵی، تا بخزێتە نێو گشت لایەنەکانی، بۆ ئەوەی دەروونی مرۆڤ بژیەت لە میانەی بەختەوەری بێ سنوور و پێکهاتە هەنگاوێکی تۆکمەدا، لە بەرامبەر هزری ئاینی، واقیعە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ژینگە ململانێکەرەکەیدا، کە هاوچەرخی بووە، ڕێگربووە لەوەی عەقڵی مرۆیی وزە و پایە و تێگەیشتنی ژیرانەکەی بۆ جیهانی خۆی بەگەڕ بخات.

بۆ ئەوەی مرۆڤ عەقڵی خۆی ئاڕاستە بکات، بەرەو سروشتی ئاوێتە لەگەڵ کرۆکی خۆیدا، ئامادەبێ دەمامك هەڵبماڵێ لەسەر شاراوەکان، دوور لە هیچ دەستکاری و بۆ زیاد کردنێك، بەمەش کردارە مرۆییەکەی دەبێتە کردارێکی ژیرانەی هۆشمەندانە و درك پێکەر بە پێویستی ژیانی بەپێی ئامرازی پێکهێنەر بۆ کرداری ئەخلاقی و بە ئامانجێك، کە خەریکە تێکەڵ بێ لە نێوان بەختەوەری و حەقیقەت و ئازادی، بەڵام ڕەگەزی ئازادی ئامانجی سەرەکییە لە فەلسەفەکەی، هیچ ئامانجێکی تری تێدا نییە جگە لە ئامانجی تێگەیشتن و درك کرد، کە دەستەبەری کاری ئازادی دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خودیەوە.

لە میانەی بەستنەوەی ئازادی خوایی ڕەها، بە ئازادی مرۆییەوە، کە جڵەوی فەیلەسوف شل دەکات لە بیرکردنەوەیدا، کاتێك ملکەچی بۆ ئێش و ئازار و نەزانی و ئارەزوو دەشکێنێ، بەرەو درك کردن بە هۆیە دەرەکییەکان، بەشێوەیەك کە خزمەت بە سوود و ویست و خواستەکەی بکات. مرۆڤ لە نێوان دەوڵەتدا دەبێتە هاوڵاتی، لە نێو کۆمەڵگەدا دەبێتە تاك، لە نێو ئایندا دەبێتە باوەڕدار،

له نێو سروشتدا دەبێتە کرۆك و جەوهەر، ئەو ناوەندانەی ناوی جیاواز دەبەخشیَ، بەڵام له یەك له سەرچاوەی عەقڵدا هەڵدەقوڵ و دەڕژێتە خزمەت ئازادی.

**سەرچاوەکان:**

١- إبراهيم. زكريا، مشكلة الحرية، ط ٢، مصر، القاهرة ١٩٦٣.

٢- اسبينوزا. بندكت، الأخلاق، ترجمة جلال الدين سعيد، دار الجنوب للنشر، تونس.

٣- اسبينوزا. بندكت، رسالة في اللاهوت والسياسة، ترجمة حسن حنفي، ط ١، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ٢٠٠٥.

٤- رسل. برتراند، حكمة الغرب، ترجمة فؤاد زكريا، ج ٢، ط ٢، عالم المعرفة، الكويت ٢٠٠٩.

٥- زكريا. فؤاد، اسبينوزا، دار النهضة العربية، القاهرة ١٩٦٢.

**فەرهەنگەکان:**

١- الموسوعة الفلسفية المعاصرة، ترجمة فؤاد كامل وزملائه، منشورات مكتبة النهضة، بغداد ١٩٨٣.

٢- بدوي. عبدالرحمن، موسوعة الفلسفة، ج ١، ط ٢، مطبعة سليمان زاده، قم ١٤٢٩هـ.

**پێگە ئەلیکترۆنیەکان:**

أعراب. فؤاد، بحث مفهوم الأخلاق عند اسبينوزا، (قراءة في مجزوء الأخلاق من منظور فلسفة اسبينوزا)، الإنترنيت، http://www.4shard.com.

د. ڕەسول محەممەد ڕەسول

توێژەر و مامۆستای زانکۆیی – عێڕاق

"ئەی مرۆڤ، ببە فەیلەسوف، بەڵام بەدرێژایی تەواوی فەلسەفەکەت، هەر بە مرۆڤ بمێنەوە"

دێڤید هیۆم

**پێشەکی:**

سەدە نوێیەکانی خۆرئاوا، لە نێوان سەدەی شازدەم و سەدەی هەژدەمی زانیدا، وەرچەرخانی هزری ڕیشەیی بەخۆیەوە بینی، لە میانەیدا هزری فەلسەفی هەندێ لە بایەخی خۆی گێڕایەوە، لە میانەی هەڵسەنگاندنی پەیڕەوکردنی مەعریفی خودی، لە میانەی دەستڕۆیشتووی وزەکەی بۆ زۆرترین ناوچەکانی بیرکردنەوە لە واقیعی ڕۆژانەی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ببێتە "بەهرەی دەستڕۆیشتوو"[1]، بەهرەیەك عەقڵ بەهۆیەوە ڕێگەکانی خۆ سەرقاڵکردنی هەڵبوەشێنێتەوە، بە ئەندازەی هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژانەییەکانی واقیع، بە سوود بینین لە بەراییەکانی ئاڕاستەی ئەزموونی یان تاقیکاری، لە سەدەکانی نوێدا بووە تایبەتمەندیەکی بەربڵاو، بەتایبەت سەدەی هەژدەم، کە وەسفکرا بە "ئەزموونی، چونکە سەردەمی ڕووداوەکانە"[2]، بەمەش عەقڵانیەت بووە ڕێبازی خۆسەرقاڵ کردن و پیادەکردن لە واقیعی ڕۆژانەدا، لە کاتێکدا مرۆڤ "وێڵ بوو بەدوای

---

(1) جاكلين روس: مغامرة العقل الأوروبي، ترجمة: أمل ديبو، ص ١٤١، منشورات كلمة، أبوظبي، ٢٠١١.

(2) جاكلين روس: المصدر السابق نفسه، ص ٢١١.

فراوانکاری لە زانین و شارەزاییە کرداریەکەی سەبارەت بە جیهان"(١)، ئەمەش بایەخی فەیلەسوفەکانی دەرەوەی کیشوەری ئەوروپی ڕاکێشا، ئەوانەی بۆیان ڕەخسابوو کرداری دووبارە چاوخشاندنەوە ئەنجام بدەن لە پرس و کێشە مەزنەکانی فەلسەفەدا، لەوانە کێشەکانی بنچینەی ئەخلاق و بەها، بەپێی بانگەشەی عەقڵانی ڕەوا – بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەو سەردەم بۆی – کە پاڵی پێداوەتەوە، لەسەر شێوەیەکی پەیڕەوی، بۆ مەرجی هەستی یان بۆ هاوبەشیە یەکگرەکەی لە پێشکەش کردنی وەڵامێکی تازە بۆ پرسیاری سەرچاوەی بەها ئەخلاقییەکان، سەبارەت بەوەی عەقڵی جیا یان عەقڵی خودی یان سۆز یاخود دەستکەوتەکانی جیهانی هەست؟ ئەمەش لە میانەی ڕاڤەی قوڵبوونەوە لە توێژینەوەی لە سروشتی مرۆییدا، هەروەها لە میانەی دووبارە چاوخشاندنەوە بە ئەرکی عەقڵ، ئەرکی تێگەیشتن، دواتر لە ئەرکی گشت تێگەیشتنی مرۆییدا، لە گشت ئەمەدا ڕاڤەی تازە بۆ بەهای ئەخلاقی و ئارەزووە مرۆییەکان لە ڕووی سەرچاوەکانیانەوە هاتنە کایە، هەروەها شرۆڤەی نوێ بۆ دەرکەوتن و ئامادەییەکەی لە ژیانی مرۆڤدا.

## زانستی سروشتی مرۆڤایەتی:

دوور لە کیشوەری ئەوروپی، فەیلەسوفەکان هانی هێڵی لایەنی نزیك بوونەوەیان دەدا، لەلایەنی واقیعی ئەزموونی، لەوانە فەیلەسوفی ئیسکۆتلەندی یان فەیلەسوف ئەدنبرە دێڤید هیۆم (١٧١١– ١٧٧٦) هاتنە ناو پەیوەندی گرێدانی تاقی کردۆتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێك لە فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی، ئەوەیان لە بەرچاوی خۆدانا ڕەخنە لە تیڕوانینی نموونەیی جێماو بگرن لە کەسانی پێشوو، نوێکراونەتەوە لەلایەن هەندێك فەلسەفەی نموونەگەرای نوێ، هەرەمی فەلسەفە و زانستەکانی کە فەیلەسوفی مەزنی فەرەنسا رینیە دیکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠) وێنەی بۆ کێشاوە، چیتر بایەخێکی وای نەماوە، ئەممەش کاتێك وتەیەکی جێماوی خستەڕوو: "نموونەی فەلسەفە،

---

(١) ریتشارد تارناس: آلاف العقل الغربي، ترجمة: فاضل جكتر، ص ٣٩٦، منشورات كلمة، أبوظبي، ٢٠١٠.

وەك درەختێکە ڕەگەکانی میتافیزیکیا بێ، قەدەکەی زانستی سروشتی و لقەکانی تری زانستەکانی تر بێ، واتە: پزیشکی و میکانیکی، ئەخلاقی باڵای کامڵ، ئەمەی دوایی پێویستی بە شارەزاییەکی تەواو هەیە لە زانستەکانی، ئەمەیان بەرزترینی پلەکانی دانایی". زانست دەستی کرد بە خۆ رزگارکردن لە بنیاتنانەکانی تەلاری مەزنی فەلسەفی، کە فەیلەسوفە نموونەگەراکان دایانمەزراند بوو، وای لێهات بووە پسپۆر لە واقیعی مرۆییدا. لێرەوە هیۆم سەیری سروشتی مرۆڤایەتی دەکرد، بەو پێیەی "بابەتی ڕاستەقینە بێ بۆ زانست"[1].

ئەم تێڕوانینە نوێیە تایبەتمەندیەکی هیۆمی پوخت نییە، بەڵکو دەرەنجامی جوڵەی دیمەنی فەلسەفییە، کە هیۆم خزایە نێوی، وەك لایەنی کارا لەگەڵ فەیلەسوفەکانی تر، بە مەبەستی بەشداربوون لە پیشەسازی تێڕوانینێکی لەم جۆرە.

بۆ دەستکردن بە هەوڵی شارەزابوون لە بەشداری هیۆم لەم بوارەدا، تێبینی دەکەین فەیلەسوف ئەدنبرە "ڕەخنەی ئەزموونی زانین و مەعریفی بۆ ئەوپەڕی برد، بەو پێیەی کەسێکی ئەزموونیە، گشت زانینی مرۆیی دایە پاڵ ئەزموونی هەستی، ڕێك بوو لەگەڵ ئاڕاستەی گشتی جۆن لوك ١٦٣٢ – ١٧٠٤، پشتیوانی جورج برکلی ١٦٨٥ – ١٧٥٣ کرد، لە ڕەخنەگرتن لە تیۆری نموونە هێنانەوە لای جۆن لوك، بەڵام ڕەخنەی گرت لە چارەسەری نموونەیی برکلی، ئەزموونی مرۆڤایەتی، بە کرداری تەنها لەگەڵ ئەوەدا دەڕوات کە دیارە"[2]. ئەمە ئەو دیدەیە کە دەریخستووە لە شارەزاییەکەی، بە چڕ لەسەر بزوتنەوەی ڕۆشنگەری، کە لەو کاتدا لە ئەوروپا

---

(1) جیل دولوز: التجريبية والذاتية: بحث في الطبيعة البشرية وفقا لهيوم، ترجمة أسامة الحاج، ص ٢٧، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٩.

(2) ريتشارد تارناس: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠٠، "دەقەکەمان بە تۆزێك دەستکاریەوە هێنا". دکتۆر زەکی نەجیب مەحمود پێی وایە، هیۆم ئەنجامە لۆژیکیەکانی فەلسەفەی دوانەکەی پێش خۆی وەرگرتووە: جۆن لوك، جۆرج برکلی، بە تێروتەسەلی قبوڵ کردووە. بڕوانە: قصة الفلسفة الحديثة، ج١، ص ٢٣٤، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٣٦.

دەنگی دایەوە، بەتایبەت کە لە پاریس چەند ساڵێکی تێپەڕاند، لە دەرەنجامی کتێبەکەی "دروازەیەك لە سروشتی مرۆڤایەتیدا/ ١٧٣٩"، وتارە فەلسەفییەیەکەی لە سەرەتادا، پێشوازیەکی گەرمی لێنەکرا، لەلایەن جەماوەری فەیلەسوفەکانی وڵاتەکەی.

وا دەردەکەوێ هیۆم سوربێ لەسەر "جێبەجێ کردنی پۆلە بنەمایەکی ئەزموونی نەگۆڕ، کە ئیسحاق نیوتن ١٦٤٣ – ١٧٠٧ پێی هەڵسا، بۆ توێژینەوە دڵنیابوون لە مرۆڤ، تا دەگاتە بە بەرداکردنی پۆلە پەیڕەوێکی ئەزموونی سەرکەوتووی زانستی سروشتی، بە بەر زانستێکی پەیوەندیدار بە مرۆڤ"().

ئەمە پاڵی بە فەیلەسوفی فەرەنسی جیل دولوزەوە نا – وەك نموونە – لە خوێندنەوەکەی بۆ فەلسەفەی دێڤید هیۆم، بڕوانێتە گۆڕینەوەی مێژوویی، کە فەیلەسوف ئەدنیرە بە ئاڕاستە ئەزموونیەکەی پەنای بۆ برد، ئەمەش کاتێك دولوز کتێبەکەی دەستپێکرد لەبارەی ئەزموونی و خودێتی هیۆم، وتی: "هیۆم ئەرکی بەرهەمهێنانی زانستێك بۆ مرۆڤ دەخاتە بەرچاوی خۆی، پرۆژەی مێژوویی بریتییە لە گۆڕینەوەی لۆژیکیانە، کارەکە سەبارەت بە هیۆم پەیوەستە بە گۆڕینەوەی سایکۆلۆژیەتی هزر، بە سایکۆلۆژیەتی کاریگەربوونەکانی هزر، سایکۆلۆژیەتی هزر ئەستەمە، شیاوی پێکهاتن نییە، ناتوانی بەردەوامی بە بابەتەکەی و گشتگیریەکەی بدات، تەنها سایکۆلۆژیەتی کاریگەربوونەکان دەکرێ زانستی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ پێکبهێنێ. بەم مانایە هیۆم ئەخلاقگەرایە، زانایەکی کۆمەڵناسە، پێش ئەوەی دەروونناس بێ، کتێبەکەشی لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، دوو شێوە هەن بەر لە هەموو شتێك هزر پێی کاریگەر دەبێ:

() ریتشارد تارناس: المصدر نفسه، ص ٤٠٠.

کاردانەوەیی و کۆمەڵایەتی، ئەمانە دوو شێوەن، یەکێکیان ئەوەی تر لەخۆدەگرێ، دەستەبەری یەکێتی بابەتێکی زانستێکی ڕەسەن دەکات"(١).

سەربارى ئەم کتێبەی دەنگێکی مەزنی نەداوە لە کاتی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٧٣٩، واتە هیۆم هەر سور بوو لەسەر پڕۆژە فەلسەفیەکەی. هەر بۆیە بە نێو کۆڵان و ڕێڕەوەکانی عەقڵی مرۆیی، شەقامەکانی سروشتی مرۆڤایەتیدا دەهات و دەچوو، بە نێو چینەکانی دەروونی مرۆڤایەتیدا هاموشۆی دەکرد بۆ ماوەیەك، تا کتێبەکەی ناوبراوی بەسێ بەش بڵاوکردەوە، لەوانە: "دەروازەیەك لە بارەی ژیری مرۆیی/ ١٧٤٨" یان بە وەرگێڕانێکی تر بۆ ناونیشانەکە "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆییدا"(٢)، تیۆری ئەو لەبارەی زانین و مەعریفە لەخۆ دەگرێ، ناوەڕۆکی دەقیەکەی دەستی کردووە بە تێڕوانینەکانی لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی فەلسەفەکەی، کە ڕوونی و لێڵی جیاوازی لە نێویاندا کردووە، وەك دوو پێوەری دابەشکاری، جیاوازی دەکات لە نێوان فەلسەفەی ئاڵۆز و ڕوون یان مرۆڤایەتی، دەبینین پشت لە یەکەم دەکات،

(١) جيل دولوز: المصدر السابق نفسه، ص ٥ – ٦. جیل دولوز: فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، لە ساڵی ١٩٢٦ لە پاریس لەدایك بووە.

(٢) لە ڕاستیدا لە یەك ساڵدا دوو وەرگێڕان بۆ ئەم کتێبە دەرکەوتن، یەکێکیان دکتۆر محەممەد محجوب لە تونس پێی هەڵسابوو، بە ناونیشانی: "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆیی"، لەلایەن "ڕێکخراوی عەرەبی بۆ وەرگێڕان"، لە بەیروت، لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرهەمهێنرا، ئەوەیتریان لە لوبنانەوە ئەنجامدرا، لەلایەن دکتۆر موسا وەهبە، بە ناونیشانی: "دەروازەیەك لە ژیری مرۆڤایەتی"، لەلایەم خانەی فارابییەوە لە چاپ دراوە، لە ساڵی ٢٠٠٨، هیۆم سەرەتا کتێبەکەی خۆی "نامەیەك لە سروشتی مرۆڤایەتیدا" بڵاوکردەوە، سێ کتێبی لەخۆدەگرێ، ئەمانەن: "سەبارەت بە عەقڵی مرۆیی"، "لەبارەی هەست و سۆزەکان"، "لەبارەی ئەخلاقەوە". بەڵام ئەم کتێبە بە سێ بەشەکەیەوە، قبوڵێکی فراوانی بەدەست نەهێنا، هیۆم بۆ ماوەی دە ساڵ دەستکاری تێدا کرد، تا دواتر لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوی کردەوە بە ناونیشانی "دەروازەیەك لە تێگەیشتنی مرۆیی". تەنها بەشی یەکەمی تا ئێستا بە عەرەبی کراوە، لە ژێر ناونیشانی "دەروازیەك لە ژیری مرۆیی" یان "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆیی" بڵاوکراوەتەوە، بەپێی وەرگێڕانە هاوچەرخەکانی. لەبارەی ئەمەوە بڕووانە: د. زکي نجيب محود: "المصدر السابق نفسه"، ص ٢٣٣. وانظر ايضا كتابه: "ديظيد هيوم"، ص ١٢٨، دار المعارف، القاهرة، ١٩٥٨.

کار لەوەی دووەمدا دەکات، پشتی دەگریَ، تا تەنها وەك فەیلەسوفێکی خۆداپۆشەر بە بنەما و چەمکەکان سەیری نەکریَ، بەردەوام داوای لە مرۆڤ دەکرد ببێتە فەیلەسوف، بەو مەرجەی پارێزگاری لە مرۆڤبوونەکەی بکات " ئەی مرۆڤ، ببە فەیلەسوف، بەڵام بەدرێژایی تەواوی فەلسەفەکەت، هەر بە مرۆڤ بمێنەوە"(١).

ئەمە دەستگرتنی هیۆم دەگەیەنیَ بە "مرۆڤەوە"، وەك ڕەگەزێکی ناوەندی لە بووندا، دەبیَ فەلسەفە کراوەبیَ بەسەریدا بە زانستی ڕوون و ئاسان، دوور دەکەوێتەوە لە زانستە ناڕۆشنەکان یان ڕووپۆشکراوەکان. دەبیَ دەقەکانی هیۆم بهێنینەوە، بۆ گەڕان بە دوای دوو جۆرەکەی فەلسەفەدا، تا بگەینە ئاراستە تایبەتەکەی، دەی با ئەوە بخوێنینەوە کە لە بارەی ئەم دوو جۆرەوە نووسیویەتی:

یەکەم: ئەو فەیلەسوفانەی پێیان وایە "مرۆڤ لە بنەڕەتدا بۆ کردار پەیدابووە، لە هەڵسەنگاندنەکانیدا کاریگەرە بە چێژ و هەستکردن، لە داواکردنی ئەمەدا تێدەکۆشێت، هەولَ دەدات خۆی لیَ دووربگرێت، بە ئەندازەی ئەو نرخەی بۆیان دەردەکەویَ، بەپێی ئەو دیمەنەی تێیدا دەردەکەون. لەبەر ئەوەی چاکە لە نێو هەموو شتەکان بە دەگمەنترین هەڵبژێردراوە، ئەم جۆرە لە فەیلەسوفانە هەوڵیانداوە بە جوانترین شێوە ئەمە بۆ خەڵك وێنا بکەن، لە دەستپێکدا بە پشت بەستن بە شعیر و وتار، چارەسەرکردنی بابەتەکانیان بە ئاسانی و سەلمێنراوانە، بە جوانترین داڕشتن، تا سەرنجی خەیالَ ڕابکێشێت، هەس و سۆزەکان بجولێنێت. ئەوان نامۆترینی تێبینی و سەرنجڕاکێشترین وێنە لە ژیانی گشتیدا هەڵدەهێنجن، سروشتەکان بەراورد دەکان، کە وا بۆمان دەردەکەویَ دژی یەکن، هانمان دەدەن بۆ ڕێگەکانی چاکە، وەك ئاماژەدان بە ئاسۆکانی شکۆمەندی و بەختەوەری، هەنگاوەکانمان ئاڕاستە دەکەن بەرەو هەڵهێنجان لە تۆکمەترین ئامۆژگاریەکان، وەك شوێن پیَ هەڵگرتنی درەوشاوەترین نموونە، ئەوان هانمان دەدەن هەست بە

(١) هیوم: تحقیق في الذهن البشري، ترجمة: د. محمد محجوب، ص ٢٩.

جیاوازی بکەین لە نێوان خراپە و چاکە، هەستەکانمان دەوروژێنن و هەمواری دەکەن، هەر بۆیە دەبینی پێیان وایە ئەوان گەیشتوونەتە ئامانجی گشت کارەکانیان، هەر کە توانیان دڵەکانمان بەکاربهێنن بۆ خۆڕاگری و شەڕەف ڕاستەقینە".

دووەم: ئەو فەیلەسوفانەی پێیان وایە "مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە زیاتر لەوەی کارا بێ، تێدەکۆشن لە پەروەردەکردنی هۆشی ئەودا زیار لەوەی تێدەکۆشن لە پاککردنەوەی ئەخلاقەکەی. ئەوان سروشتی مرۆی بە بابەتێك بۆ ڕامانی تیۆری دادەنێن، بە وردی دەیپشکنن، وەك هەوڵێك بۆ درك کردن بەو بنەمایانەی هۆش و ژیریمان بەڕێدەخەن، هەستەکانمان دەوروژێنن، وامان لێدەکەن خودی بابەت یان کردار یاخود هەڵسوکەوتێك قبوڵ یان ڕەت بکەینەوە. پێیان وایە نەنگییە بۆ گشت هەڵسوکەوت ئادابەکان فەلسەفە هێشتا ڕەگی دانەکوتابێ، لەسەرووی هەر مشتومڕێك بنچینەی ئەخلاق و ژیرمەندی و ڕەخنە هەیە، تا هەتایە هەر بە هەواڵدەر لەبارەی حەقیقەت و هەڵە، خراپە و چاکە، جوانی و ناشرینی دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی لە توانایدابێ سەرچاوەی ئەم جیاوازیانە دیاری بکات. ئەوان ئەگەرچی پەنا بۆ ئەم ئەرکە سەختە دەبەن، هیچ لەمپەڕێك پەکیان ناخات، بەڵام دەبینینی لە دۆخی تایبەتیەوە بۆ دۆخی گشتی، دواتر زیاتری دەکەن، توێژینەوە لەبارەی شتی لەمە گشتگیرتر دەکەن، خەیاڵیان ناسرەوێت بگەن بەم بنەما ڕەسەنانە، کە بەخۆی سنوورێك دادەنێ بۆ زاناخوازی مرۆیی، لە هەر زانستێکدا. هەر چەندە ڕامانەکانیان بە تیۆری ڕووت دەربکەون، بەڵکو ڕووکەشکراو بوون بەرامبەر خوێندنەوەی گشتی، ئەوا بە هیوای ڕەزامەندی خواناس و داناکانن، بڕوایان وایە ئەوان ئەگەر بتوانن هەندێك لە ڕاستییە شاراوەکان دەربخەن، کە بەشدار دەبێ لە فێرکردن پاشینان، ئەوا پاداشتیان پێدراوە، بە ئەندازەی ئەو کارەی بەدرێژایی تەمەنیان خەرجیان کردووە"[1].

---

(1) هیوم: المصدقر السابق نفسه، ص ٢٥ – ٢٧.

له میانەی وەسفکردنی ئەم دوو جۆرە فەیلەسوفە، هەر دوو جۆری پیادەکردنی فەلسەفی، کرداری و تیۆری، سادە و ڕوون یان ئاڵۆز، ورد یان ڕووپۆشکراو، دەبینین هیۆم پشتی یەکەم دەگرێ بەسەر ئەوەی تردا، چونکە "هەستەکانی دڵمان، وروژانی ئارەزووەکانمان، هەڵچونی هەستەکانمان، تاریکی گشت دەرەنجام هەڵهێنجانە فەلسەفیە ڕووپۆشکراوەکان لەناو دەبات"[1]، فەیلەسوفی جۆری یەکەم "بەرجەستەکەر و وەرگێڕی هەستی گشتی مرۆییە"[2]، لە کاتێکدا دووەمیان ڕۆچووە لە نێو پەتەکانی ناڕوونی و لێڵی، کە هیۆم هەوڵیداوە دایبڕوخێنێ، لە میانەی پەیڕەوەکەی، کە لەبارەیەوە دەڵێت: ئەوەیە "تێبکۆشین لە بەدواداچوونی سروشتی هۆشی مرۆیی، لە میانەی شرۆڤەیەکی ورد بۆ هێز و وزەکەی، ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەو ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك، بۆ ڕۆیشتنە ناو ئەم بابەتە ڕووپۆشکراوانەدا"[3]، لە میانەی ئاشکراکردن و پەردە لادان لەسەر "ئەو سەرچاوە و بنەمایانەی ژێری مرۆڤ لە کردارەکانیدا دەجولێنن"[4]، دواتر فەلسەفەی ناڕوون، کە هیۆم دەست بە هەڵوەشاندنەوەی بنچینەکانی دەکات، تەنها "داپۆشەری فێڵبازییە، پەرەپۆشی پۆچەڵی و هەڵەیە"[5].

ڕەخنەگرتن و بنکۆڵکردنی فەلسەفە ناڕوونەکان، قۆستنەوە و ئاڵۆزی، هیۆمی کێشکرد، بەرەو ڕەخنەگرتن لە فەلسەفە ئەخلاقییەکان، کە لە بنەمایەکی گشتی هەنگاو دەنێن، هەموو چاکە و خراپەکان بۆ دەگەڕێنەوە[6]، بێ ئەوەی پەیڕەوی ئەوان بەکاربهێنێ، کە بە درێژایی چەندین

---

(1) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٢٧.

(2) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٢٧.

(3) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٣.

(4) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٥.

(5) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٧.

(6) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٦.

سەدەی دوور و درێژ کاریان پێکردووە، بەڵکو لە میانەی پەیڕەوی خۆی، کە لێکۆڵەرە لە سروشتی هۆش و ژیری مرۆیی. بەمەش هیۆم گەیشتە پۆلە ڕاڤەیەك، کە پتەوی کردن بەو چەمك و تێگەیشتنانەی خستیەڕوو لە میانەی تیۆرەکەی لە بارەی زانین و مەعریفە، کە دواتر ڕەنگدەداتەوە لەسەر تێڕوانینەکەی لەبارەی ڕاڤەکەی بۆ سەرچاوەی دروستبوونی بەها و ئەخلاق.

هیۆم زۆرتر بایەخی خۆی بە عەقڵ و هۆشی مرۆڤدا، بەدیاریکراوی لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا "لێکۆڵینەوەیەك لە ژیری مرۆیی"دا، لە بنچینەی هزرەکان دەکۆڵێتەوە لای مرۆڤ، بینی بۆ ئەمانە دابەش دەبێ:

**یەکەم: درك پێکراوەکانی هۆش یان شوێنەوارە هەستییەکان:**

ئەمانە درك پێکردنی هەستی بەرایی جیاوازن، بۆ هۆش و ژیری مرۆڤ دێن، لە ڕێگەی هەستە جۆراو جۆرەکانیەوە، وەك هەستکردنی مرۆڤ بە گەرمی. ئەمان درك پێکەری سادەن، گوێچکەکانمان وەریدەگرن، بەهۆیەوە و لەگەڵیدا کارلێك دەکەن. لە ڕووی بەهێز یان لاوازی ئامادەییان لە هۆش و ژیریدا، دەکرێ بۆ ئەم دوو بەشە دابەشی بکەین:

١- ڕاز یان هزرەکان یاخود وێنە هۆشمەندییەکان. ئەمانە "کەمتر چالاکن لە دوو توێی درك پێکردەکان، کە هەستیان پێ دەکەین، کاتێك بیر دەکەینەوە لەم هەست یان جولانەی باسیان کرا"[()].

٢- وێنەدانەوەکان. ئەمانە "گشت درك پێکردنەکەمانن، کە زیاتر زیندوون، دەبیستین یان دەبینین یاخود هەست دەکەین یان خۆشمان دەوێ یاخود ڕقمان لێ دەبێتەوە یان حەزی

---

() هیوم: المصدقر السابق نفسه، ص ٤٠.

پێ دەکەیان یاخود دەمانەوێ"، دواتر "دواتر گشت هزرەکانمان وێنەیەکی وێنەدانەوەکانی ناخمانن، کە بەهێزترینی درک پێکردنەکانن"[1].

## دووەم: هزرەکانی خەیاڵ یان مێشک:

لێرەدا هیۆم بڕوای وایە "ئەوەی هەرگیز نەبینراوە و نەبیستراوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ وێنا بکرێ"[2]، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێ وێنا بکرێ "دیلی سنووری بەرتەسکە، تەواوی ئەم توانا داهێنەریەی هۆش، تێناپەڕێ لە هێزی پێکهاتن و گواستنەوە و زیادە یان کەم کردەوە لەو کەرستانەی هەستەکان و ئەزموون بۆمان فەراهەم دەکەن، کاتێك چیایەکی ئاڵتونی بە هۆشماندادێ، ئێمە لەوە زیاتر ناکەین کە دوو بیرۆکەی شیاو بەیەکەوە دەبەستینەوە، بیرۆکەی ئاڵتون و بیرۆکەی چیا، پێشتر پێیان ئاشنابوینە". بەمەش "هەموو کەرستەیەکی بیرکردنەوە داتاشراوە یان لە هەستی ناخیمان یاخود لە هەستە دەرەکیەکانمان، تەنها بۆ هۆش و ویست تێکەڵکردنی ئەم پێکهاتەیە دەگەڕێتەوە، شێوە و دیمەنی جیاواز لێی پێکدێنین، هێزی بیرکردنەوە هەراسانتر نابێ لەوەی ئەوە لە ئەستۆ بگرێ وێنای شتە سروشتی و ناسراوەکانمان بۆ بکات"[3]. لەم بارەوە هیۆم پێی وایە هێزەکانی بیرکردنەوە، کە کار بە وەرچەرخان و سەراوژێرکردن دەکات، کەمتر ڕوون و درەوشاوەی لە هزرەکانی یاد، چونکە دوورترە لە درك پێکەرە هەستییەکان"[4].

---

(1) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠.

(2) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٢.

(3) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤١.

(4) د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ج ١، ص ٢٣٦.

**سێیەم: هزرەکانی یاد:**

بە بەراورد لەگەڵ هزرەکانی هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵ، هیۆم پێی وایە بیرۆکەکانی یاد، ڕوون و درەوشاوەترن لە هزرەکانی خەیاڵ، لەبەر ئەوەی نزیکترن لە واقیعی هەستی لەوەی لە واقیعی تر نزیکتر بێ، لەبەر ئەوی "وێنەی ڕەسەن دەپارێزێ، کە شتەکانمان پێ درك کردووە، یاد لە ئاست سنووری ئەزموون دەوەستێت". بۆیە دەتوانین بڵێین: "سێ پلەی یەك لە دوای یەك هەن لە ڕوونیدا: ڕوونترینیان بریتیە لەو ڕەنگدانەوەیەی ڕوودەدات، لە کاتی کەوتنە بەر هەستەکە، نا ڕوونترینیان، بیرۆکەیە کاتێك بە درێژایی کات تووشی لاوازی و پوکانەوە دێت. لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا قۆناغێکی ناوەندی هەیە، کە بیرۆکەیە، کاتێك هەمان ئەو ڕۆشنیەی نابێ کە ڕەنگدانەوە هەیبووە، هەروەك ئەو ناڕوونیەشی نییە، کە دووچاری هەندێك بیرۆکە دەبێتەوە، ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی لە ئەزموونی ڕابردووت دەگێڕیەوە لە جۆری ناوەند بێ، ئەوا ئەمە یادە، ئەگەر لەوەش بێ ڕەنگی کاڵبووبێتەوە و سنوورەکانی نا ڕوون بن، ئەوا ئەمە خەیاڵە". ئەمە ئەوە دەگەیەنێ "یاد، لە بنەڕەتدا جیاواز نییە لەگەڵ خەیاڵ، تەنها لەوەدا نەبێ، بیرۆکەکەی ڕوون و درەوشاوەترە"().

**چوارەم: بنەمای بەیەکەوە بەسترانەوە یان بنەماکانی دژبەری:**

ناکرێ وێنای کۆمەڵێك درك پێکەری هەستی و بیرۆکە بکەین، بەوەی ڕایەڵ و پردێك بن لە نێوان یاد و لەبیرچوونەوە، ئەوەی بۆ یاد دەگێڕدرێتەوە، شیاوی وەربەرهێنان دەبێ لە سایەی

() د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ج ١، ص ٢٣٦. وانظر أيضا: د. زكي نجيب محمود: "ديفيد هيوم"، ص ٦٢، و ص ٦٤. وكذلك انظر: د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: "الفلسفة الحديثة... من ديكارت إلى هيوم"، ص ٣٢٩، دار الوفاء للطباعة والنشر، الإسكندرية، ٢٠٠١.

ژیانی مرۆڤایەتی پەیوەندیدار لەگەڵ هەر دوو جیهانی دەرەکی و ناوەکی، کە بەشێوەیەکی کارلێکی بەردەوام ململانێ لە ژیانی مرۆڤدا دەکەن.

هەر بۆیە هیوم کۆمەڵێك لە بنەمای بەستنەوە دادەنێت، کە کار دەکەن لەسەر هەماهەنگی و بەستنەوە و دەرخستنی گشت ئەوەی بەسەر هۆشدا دێت، "شتێکی بەڵگە نەویستە بنەمای بەیەکبەستەوە هەیە لە نێوان ڕاز یان هزرە جیاوازەکانی هۆش، ئەمەش لە کاتی دەرکەوتنی بۆ یاد یان خەیاڵ، ئەوا بەپێی ئەندازەیەك لە پەیڕەو و ڕێکی دێت"[1]. "ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هزرە سادەکان لە هزرە ئاڵۆزەکاندا، بە یەکەوە پەیوەستن، بە جۆرێك لە بنەمای گشتی، کە بە یەکسانی کاریگەری دەکاتە سەر تەواوی جۆری مرۆیی"[2].

سەبارەت بە بنەماکانی بەیەکەوە بەستنەوە کە هیۆم دەیانخاتەڕوو، بریتین لە:

١- بنەمای وێکچوون.

٢- بنەمای دراوسێی یان هاوکات و شوێنی.

٣- بنەمای هۆ و دەرەنجام یان هۆکار و بەرکار[3].

لەوانەیە ئەم سێ بنەمایە، گوزارشت نەکەن لە بنەمای تاقانە و کۆتایی، کە بەهۆیەوە زانین و مەعریفە پەیدا دەبێ، هیۆم "بانگەشەی ئەوە ناکات ئەمانە تاکە بنەمان لەم بارەوە، لەسەر خوێنەر تەنها ئەوە پێویستە، چەند نموونەیەك بخاتەڕوو، بۆ بەیەکەوە بەسترانی هزرەکان، بەڵکو بۆ نموونە دەبینێ: تێکگیران لە نێوان دوو بیرۆکەدا، لەوانەیە پاڵنەر بێ، بۆ بەیەکەوە

---

(1) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٧.

(2) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٨.

(3) هیوم: المصدر السابق نفسه، انظر ص ٤٨.

بەسترانەوەیان، بەشێوەیەك كە دژ دژەكەی دەخوازێ، ئەوەندە هەیە دژیەكبوون بە شرۆڤە دەردەكەوێ پێكهاتەیەكە لە بنەمای هۆكاری و وێكچوون"(١).

**پێنجەم: عەقڵ:**

هیۆم ڕۆڵی عەقڵی فەرامۆش نەكردووە، لە دروستكردنی زانین و مەعریفەدا، بەڵام كاری خۆی كورت كردۆتەوە لەسەر "قبوڵكردنی شوێنەوارە هەستیەكان، كە هزرەكانی لێ بەرهەم دێت، بەڕێگەی خۆبزێوی، بەپێی یاساكانی دژبەری ماناكان، گرنگترین پەیوەندی هیۆم قسەی لەسەر كردبێ، لەم چوارچێوەیەدا، بریتییە لە پەیوەندی هۆكاری، چونكە بنچینەی زانین و شارەزایی زانستییە لە گشت زانستەكانی سروشتدا. هیۆم پێی وایە عەقڵی ڕاست، بەشێوەیەكی خۆكاری چوار ڕێگەی زیاد دەخاتەڕوو بۆ بەراوردكاری و جیاكاری لە نێوان هزرەكانیدا، ئەمانە بریتین لە: خودێتی، چەندێتی و ژمارە، پلەكانی چۆنیەتی، بەرامبەر بوون. عەقڵ هەڵدەستێت بە زیادكردنی بەستەری پێویست لە نێوان هۆ و دەرەنجامدا، لە ڕێگەی ئەوەی پێی دەگات لە شوێنەوارە هەستییەكان، ئەمەش بە بەكارهێنانی ڕەگەزی سایكۆلۆژی، كە پشت بە بنەمای داب و نەریت دەبەستێت، بنەمای دووبارە بوونەوەی ڕووداوەكان، هەروەك وەسفی پەیوەندی نێوان زانین و بوونی خودی هەستی خودێتی دەكات"(٢). هیوم بڕوای بە بوونی "خود" نەبووە، تەنها بەوپێیە نەبێ كە "كۆمەڵێك درك پێكردنی جیاوازە، بە دوای یەكدادێن بە خێرایەكی زۆرتر لە وێناكردن، لە بەردەوامی گۆڕانێكی بەردەوامدان. خود بەشێك نییە لەم دركردنانە، شتێكیش نییە درك پێكردنەكان تیایدا بەرپا بن"، هەروەك "چۆنیەتیش نییە، بەڵكو گونجانی كۆمەڵ هزرێكە"، بەپێی

---

(١) هیوم: المصدر السابق نفسه، ص ٥٣.

(٢) د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٢٨، وعن "مبدأ الذاتية"، أُنظر: د. زكي نجيب محمود: "ديفيد هيوم"، ص ٥٨ وما بعدها.

خوێندنەوەی دولوز[1]. هیۆم پێی وایە "کرداری خۆیستی مرۆیی، پشت نابەستێت بە ویستێکی خاوەن ئازادیەکی ڕەها، سنووری بۆ نەبێ، بەڵکو لە نەگۆڕی هەڵسوکەوتی مرۆییەوە دەربچێ، کە هێزی خۆی وەردەگرێ لە کەسایەتی تاك بێ هیچ پابەندیەکی دەرەکی، عەقڵ ملکەچی دەسەڵاتی سۆز و هەڵچون و کاردانەوەکانە، کە بەگشتی سروشتی تایبەتی کەسایەتی هەر تاکێك پێکدێنێ، لێرەوە بەرپرسیارێتی تاك لەهەمبەر تاکێتی هاتووە"[2]. کەواتە عەقڵ ئامادەییەکی سروشتی یان پێشەکی نییە، تەنها لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێ، بەرایی و سەرەکی نییە، بەڵکو لاوەکییە لە بازنەکانی کۆششی هیۆمیدا، ئامادەییەکی ئەودیوی سروشت یان بەرز یاخود جیا نییە، بەڵکو ئامادەیی و شایستەبوونی بە چالاکانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەستەکەوتانەی یان ئەو درك پێکردنە هەستی خودی بەدەستی دەخات، لەگەڵ هزر و یادەوەری و ڕاز و خەیاڵانەی بۆی هاتوون لە جیهانی دەرەکی، لە ڕێگەی هستەکانی مرۆڤ، بەمەش کارلێکیان لە نێودا ڕوودەدات، بەڵام بە هەڕەمەکیانە ناجولێت، بەڵکو بەردەوام دەبێ و کارلێك دەکات بەپێی یاساکانی دژبەری و پەیوەندیە بەرهەمهێنانی ئەو مانایانەی زۆرتر ڕووتن، مرۆڤ ناتوانێ زانیاریەکانی بەدەست بخات، تەنها لە جیهانی دەرەکی، جیهانی هەستی یاخود ئەزموونیەوە نەبێ، ئەو زانیاریەی لەوەوە بەدەستدەخرێ وەسفی ڕاستگۆیی و متمانە لە نەریتی فەیلەسوف ئەدنبرە تێدا دێتەجێ.

زانینی مرۆڤایەتی "لە ئاڕاستەی فەلسەفی هیۆمدا، دەگەڕێتەوەی بۆ درك پێکردنەکانی عەقڵ، کە بۆ ئەم بەشانە دابەش دەبێ: وێنەدانەوەکان و هزرەکان. وێنەدانەوەکان (الإنطباعات) ئەمانە دەگرێتەوە: هەستپێکردنەکان، سۆز و جۆش و خرۆشیەکان، هەڵچون و کاردانەوەکان[3]. بەڵام

---

1) أورده د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: "المصدر السابق نفسه"، ص ٣٣٩، نقلا عن:

Grayling, "The Empiricists", pp. 540 - 541

وانظر جيل دولوز: "المصدر السابق نفسه"، ص ٨٧.

2) د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ص ٣٤١.

3) د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ص ٣٤١.

لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ ئەرکی عەقڵ دیاری بکەین، وەك چۆن هیۆم وێنای کردبوو، دوو ئەرکی سنووردار هەن، عەقڵی مرۆیی جێبەجێیان دەکات، ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: "لەمەدا مرۆڤ تەنها شرۆڤەی هزرەکانی ناو کەللەی سەری خۆی دەکات، تا پەیوەندی نێوان هەر بیرۆکەیەك لەگەڵ بیرۆکەکانی تر دیاری بکات. لەم دۆخەدا، بیرکردنەوەکەی ناپڕژێتە سەر هیچ شتێك لە شتەکانی جیهانی دەرەکی و واقیع، ڕێگەی ئەم بیرکردنەوەیەی تەواو هەڵهێنجان دەبێ. بەو مانایەی: بیرۆکەیەك لە بیرۆکە پەیدا دەبێ، ئەو ئەنجامەی پێی دەکات ڕاست دەبێ، نەك لەبەر ئەوەی ئاماژە دەکات بە ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی جیهانی دەرەکی، بەڵکو لەبەر ئەوەی کرداری هەڵهێنجان لە هەڵە پارێزراوە، زانستە بیرکاریەکانیش، بەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵدەستن".

دووەم: هیۆم بەمە دەڵێت عەقڵ، چونکە کرداری بەڵگە هێنانەوەیە، دەرەنجام ڕوودەدات ئەگەر هۆکارەکەی بەرپابوو. لێرەدا کارەکە کورت هەڵنەهاتووە تەنها لە شرۆڤەکردنی هزرەکان، بەوەی تەنها بیرۆکەیەك لە بیرۆکەیەك هەڵدەهێنجێ، بەبێ ڕەچاوکردنی دونیای واقیع، بەڵکو پەیوەستە بەوەی بەکردار لە جیهانی واقیعدا ڕوودەدات، پارچەیەك لە سەهۆڵ دادەنێمە تەنیشت ئاگر تا پێشبینی بکەم، بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردووم، سەهۆڵەکە دەتوێتەوە و دەبێتە ئاو بەهۆی گەرمیەوە، هاوێنەی ئەم بەڵگە هێنانەوە هۆکارییە، بنچینەی زانستە سروشتییەکانە"[1].

بینیمان چۆن هیۆم کارەکانی عەقڵ مرۆیی هەڵوەشاندەووە، چۆن نەخشەی بۆ ئەرکی لاوەکیەکانی دانا، دوای ئەوەی دایماڵی لە دەسەڵاتە ناوەندییەکەی لە پیشەسازی زانین و مەعریفەدا. بەمەش هیۆم خۆی دوورخستەوە لە قوتابخانەی عەقڵی، کە پێی وایە عەقڵ

---

(1) د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ص ١٤١. وحول وظيفة العقل في الأخلاق عند هيوم، راجع كتاب الدكتور محمود سيد أحمد: الأخلاق عند هيوم، ص ٩٤ وما بعدها، دار الحضارة للطباعة والنشر، طنطا – مصر، ط ٣، ١٩٩٧.

سەرچاوەی سەرەکی زانین و زانیاریە. لەم دوو مانا شرۆڤەییە دەردەکەوێ، سەیری "عەقڵ" ناکات تەنها بەو شێوەیە نەبێ کە وزەی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان شتە پوخت و ڕووتە تیۆریەکان، کە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە واقیعی ڕۆژانەی ژیاندا، بەڵکو هیچ پەیوەندیەکی نییە بە ویستی مرۆڤەوە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و لەوەش کە پەیوەستە بە ئەخلاق یان بەهاوە، هەر دوو ماناکەی سەرەوەی عەقڵ دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی "بوونی هەیە"، لە کاتێکدا ئەخلاق خۆی هەڵدەواسێ "بەوەش کە دەبێ"، ئەمەش بیرۆکەی "پێویستبوون" دەخاتەڕوو، کە بەپێی ئەم بیرۆکەیە هیچ یەکێك لەم دوو مانایانەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە ناکرێ لەسەری فەراهەم بێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەخلاق ناکرێ سەرچاوەکەی لە عەقڵەوە بێ، بەهۆی دەستکورتیەکەی، لەبەر ئەوەی بە هەمان شێوە دەچێتە نێو پەیوەندیەکی نمایشی، خەسڵەتدار بە واقیعییەت و کرداری ڕاستەوخۆ. هیۆم هەوڵیدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵ و شیاوەبوونەکانی عەقڵ، لە پێناو بە بنەماکردنی ئەوەی هۆشی مرۆیی وەریدەگرێ، لە دەستکەوتە هەستییەکان، لە تیۆری زانین و مەعریفەدا(1). ئەم ئاڕاستەیە ڕەنگی دایەوە لەسەر تیۆرەکەی لە ئەخلاقدا، لە پێناو خستنەڕووی تێڕوانینێکی جیاواز بۆ بنچینە و سەرچاوەی حوکمە ئەخلاقییەکان، لە سایەی پێشوازیکردنی لە تێکچوونی ئارەزووەکان، جۆش و خرۆش کردنی هەست و سۆزیان، ئامادەیی حەزەکانیان.

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەڵگەکانی هیۆم لەبارەی دەستکورتی عەقڵ لە بنیاتنانی زانین و مەعریفەی ئەخلاقی، بڕوانە کتێبەکەی دکتۆر مەحمود سەید ئەحمەد: "سەرچاوەی پێشوو"، لا ٣٢ و لاپەڕەکانی دواتری.لە چوارچێوەی دەروازەکانی عەقڵ لای هیۆم، دکتۆر محەممەد فەتحی شەنیتی بۆ ئەوە دەچێت کە عەقڵ لای هیۆم بریتییە لەو "بەهرەیەی بەهۆیەوە دەتوانرێ ڕاستی و درۆ ئاشکرا بکرێن، ڕاستی و درۆ خۆیان دەبیننەوە لە هەماهەنگی ئەو پەیوەندیانەی هەن، لە نێوان هزرەکان یان بوونی واقیعی و کەرستەی واقیع یان هەماهەنگ نەبوونیان. عەقڵ دوو لایەن دەگرێتەوە: لایەنی شرۆڤەیی، پەیوەندییە پێویستەکان ئاشکرا دەکات، و لایەنی پێکهاتەیی، هەڵدەستێت بە توێژینەوەی کاروبارەکانی واقیع. دەکرێ بەم وتەیە لێی تێبگەین: دوو بەهرە هەن لە کرداری عەقڵیماندا پشتیان پێدەبەستین: عەقڵی ئەزموونی، لە زمانی هیۆمدا عەقڵی هەڵهێنجان، عەقڵی بەڵگەیی، بەهۆی عەقڵی ئەزموونی لە هەندێك ڕووداودا هەندێك ئەنجام هەڵدەهێنجرێن، کە پەوەستن بە ڕووداوی ترەوە، هێشتا تێبینی کردنی لەبار نییە، بەهۆی عەقڵی بەڵگەیی پەیوەندی پێویستی نێوان هزرەکان ئاشکرا دەکەین". بڕوانە: د. محمد فتحي الشنيطي: "فلسفة هيوم بين الشك والاعتقاد"، ص ١٧٣، مكتبة القاهرة الحديثة، القاهرة، ١٩٥٦.

بەشێوەیەکی گشتی، هیۆم پێی وایە، ئەخلاق لە عەقڵەوە هەڵناقوڵێ، بەڵکو لە هەستەوە هەڵدەقوڵ، تەنها عەقڵ ناتوانێ هۆکاری تاقان و ڕاستەوخۆ بێ بۆ کاردانەوە و هەڵچونمان، بەڵکو هیۆم بۆ لەمەش زیاتر ڕۆیشتووە، وتویەتی: "تەنها عەقڵ دەبێ بەندەیەکی شوێن پێ هەڵگری هەست و سۆزەکان بێ، ناکرێ بە کارێکی هەڵبستێ زیاتر لە خزمەت و گوێڕایەڵی کردنی هەست و سۆزەکان"(١).

لەم ڕێگەیەوە، هیۆم هەوڵیداوە چەندین بەڵگە بهێنێتەوە، عەقڵ لەوە لادەدات ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەخلاق و بەها ئەخلاقییەکان، لەوانە ئەخلاق دەمانجولێنێ بۆ کردار، لەکاتێکدا عەقڵ بەمە هەڵناستێ، ئەوەی ژیرانە و نا ژیرانەیە، جێبەجێ نابێ لەسەر کردارەکان، چونکە کاری عەقڵییە. هەر بۆیە دکتۆر محەممەد عەلی ئەبو ڕەیان ئەم وتەیە هەڵدەهێنجێ: "ناکرێ ئەخلاق لەسەر بنەمای ڕەها بەرپا ببێ، لە ڕێگەی پێشبینی یان بەڵگەوە، وەك چۆن ئەمە لە بیرکاری وەك نموونە بەدی دەکرێ، ئەخلاق زانستێکی ئەزموونیە، هەر چ شتێك ئەزموونیە، ئەوا ڕێژەیی و بە توندی بەستراوەتەوە بە دەروونزانیەوە، پشت بە بەهرەکانی مرۆڤ دەبەستێت، لەسەر بنچینەی بەشداری یان هاوسۆزی یاخود هاوبەشی ویژدانی نێوان مرۆڤەکان بەرپا دەبێ، بۆ دەستەبەرکردنی گەورەترین ئەندازە لە سوود یان بەرژەوەندیە هاوبەشەکان"(٢).

---

(١) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 216.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

ورابجع أيضا: د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: " المصدر السابق نفسه"، ص ٣٤٠.

(٢) د. محمد علي أبو ريان: الفلسفة الحديثة، ص ٢١٦، دار النهضة العربية، ١٩٧٦. وانظر حول "التعاطف" عند هيوم:

David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 171.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

لەم نێوەندەدا، کاتێك هیۆم دەستی بە بنیاتنانی تیۆرەکەی کردبوو لە ئەخلاقدا، ئەوا سوربوو لەسەر مانەوە لە بواری ئەوەی مرۆییە، یان با بڵێین: لە بواری سروشتی مرۆییدا ماوەتەوە، کە لەلایەنێکیدا هەست بە بنچینەکانی ئەخلاق دەکات، هەروەك دکتۆر زەکی نەجیب مەحمود لەسەرەتادا وا دەڵێت[1]، دولۆزیش دواتر هەمان شت دەڵێت[2]، ئەمە تا نیوەی وتەکە دەمانبات: ژیانی هەڵچونی و هەواوهەوەسی یان جۆش و خرۆش و سۆزدارانە، کە لە ململانێدایە لەگەڵ مرۆڤەکان، بە شێوە جیاوازەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەمە جیهانە نوێیەکە، کە تیایدا هیۆم دەگەڕێت بەدوای سەرچاوەکانی حوکمە ئەخلاقییەکان. بەڵام پرسیاری گرنگ دەمێنێتەوە ئەوەیە کە: ئایا ئەو هەستە کامەیە، هیۆم گریمانەی چاڵاکبوونی دەکات لە حوکمی ئەخلاقیدا؟

لە تیۆری ئەخلاقدا، هیۆم هەوڵیدا لەگەڵ تیۆرەکەی لە زانین و مەعریفەدا بڕوات، بەڵام بە هەمان شێوە هەوڵیدا بچێتە ناو فەلسەفەی سەردەمی خۆی، سەیری دەوروبەری خۆی کرد، تا "قوتابخانەی عەقڵ" ببینێ، کە پێی وایە عەقڵ سەرچاوەی ئەخلاقە، یەکێك لەوانەی گوزارشتی لێدەکات – لە نێو ئەو کەسانەی گوزارشتی لێ دەکەن و نوێنەرایەتی دەکەن – فەیلەسوف و قەشەی ئینگلیزی سەموئیل کلارکە ١٦٧٧ – ١٧٨٨ و هاوڵەکانی ئەون لەلایەك، "قوتابخانەی هەستی ئەخلاقی" لەلایەکی ترەوە، کە بژاردەی پەسەندکراوی هیۆم بوو، ئەو قوتابخانەیەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕووداوی ئەزموونی شیاوی بوون لە پەیڕەو و بیرکردنەوەکەیدا، بۆچوونی وایە بوونەوەرە مرۆڤایەتیەکان، ڕێژنەیەك لە هەستی سروشتی مەزنیان هەیە و ئامادە و شێوە وەردەگرن، ئیرل شافتسری ١٦٢١ – ١٦٨٣ دەستی بە بنیاتنانی کرد، کاتێك چەند وێناکردنێکی فەلسەفی خستەڕوو، ئەو کات بە دڵی هیۆم بوو، تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەخلاقی پەیدابوو لە سروشتی مرۆییەوە، شافتسیری پێی وابوو بەشێوەیەکی چەند بەرامبەر بەهرەی پێدراوە، بۆ سوود و کەڵکی کەسی، بەهرە بۆ ژیان و گوزەران لە نێو کۆمەڵدا، کۆمەڵگە و دەوڵەت

---

(1) د. زكي نجيب محمود: ديفيد هيوم، ١٤٤.

(2) جيل دولوز: المصدر السابق نفسه، ص ٥، و ص ٢٧.

له گرێبەستی کۆمەڵایەتیەوە دروست نەبوونە، بەڵکو لەو بنەمایەوە دروست بوونە کە ناوی ناوە "بنەمای مێگەل" یاخود "ئاراستەی دۆستایەتی"، ئەمە ڕەوتێکی سروشتی بەهێزە لەلای زۆربەی مرۆڤەکان. لێرەدا هەستی سروشتی هەن لە خۆشەویستی ڕەگەزی مرۆییدا، هەوڵدان بۆ ڕازی کردنیان، هەستکردنی خۆشەویستانە بەرامبەری و هاوسۆزی لەگەڵیدا، ئەمە ئەو تایبەتمەندییە هیۆم بایەخی زۆری پێداوە، لەبەر ئەوەی "خاسیەتێکی تێبینی کراوە لە خود و ئەنجامەکەیدا"، دواتر فەراهەم بوونی ئەم سۆز و جۆش و خرۆشانە بەوپەڕی هێزیانەوە، مانای وایە ئامرازە بنچینەییەکان بۆ ڕابوردن و چێژ بینینی خودی فەراهەمە، پێویست بوون پێیان خۆی لە نەخۆشی و پەستی دەبینێتەوە کە دێتەجێ، بۆ ئەوەی "مرۆڤ چاك بێ"، مانای وایە دەبێ حەز و ئارەزوەکانی بەشێوەیەکی جێگیر و چەسپاو ئاراستە بکات، بەرەو خێری کۆمەڵ، هەر کە ئەو کۆمەڵە گەورە بوو کە ئەم هەستانە بڵاودەکاتەوە، ئەوا دۆخی خەڵك تیایدا باش دەبێ. هەستکردن بەم هاوسۆزیە کۆمەڵایەتیە، هۆشیاری ئەخلاقییە، ئەمە شتێکی سروشتییە، نەك لە ڕووی داخوازیە جۆرییەکان، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، بەڵکو لە ڕووی بنچینە ئارەزووییەکەیەوە، هەست کردن بە ڕاست یان هەڵە، شتێکی سروشتییە وەك حەزی سروشتی، ئەمە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتمانە(١). ئەمە هەموو ئەوە بەدەستەوە دەدات کە سۆز یان هەوا و هەوەس

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی "ئێرل شافتسبری"، بڕوانە پێگەی مەعریفەی ئەلیکترۆنی www.marefa.org ئەو چۆنیەتیە نازانم کە هیۆم بەگوێرەی ئەو دەقی کتێبی ڕینیە دیکارتی خوێندۆتەوە "هەوا و هەوەسەکانی ڕۆح" یان "هەوا و هەوەسەکانی دەروون" یان "هەڵچونەکانی دەروون"، کە بە زمانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٦٤٩ ساڵێك پێش مردنی دیکارت دەرچوو، بەتایبەت دەقی ئەم کتێبە، لەو ساڵەدا وەرگێڕدرابوە سەر زمانی ئینگلیزی، کە دیکارت تیایدا مرد؟ بەڵام شایەنی ئاماژەپێدانە هیۆم لە پاریس ژیا، لە ساڵانی ١٧٣٤ – ١٧٣٧، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەوانەیە دەقی ئەم کتێبی دیکارتی خوێندبێتەوە یان ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی بووبێ، بە دڵنیایەوە ڕاجیا بووە لەگەڵیدا لە ڕووی تێڕوانین و پەیڕەوەوە، دیکارتی عەقڵگەرا، بانگەوازی کردووە بۆ جڵەوگیرکردنی سەرکێشی ئارەزووەکان بەویستێکی مرۆیی بەعەقڵیی کراو، بەڵام هەوڵی نەدا بایەخ و گرنگی ئارەزووەکان لە ژیانی مرۆڤدا ڕەت بکاتەوە، بەڵکو دەبینین بە تێروتەسەلی قسە دەکات لەبارەی زۆرێك لە هەوا و ئارەزووەکان، لە کتێبی ناوبراوبدا. لە کاتێکدا هیۆمی ئەزموونگەرا، هەوا و هەوەس و هەڵچوونەکانی کردە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ حوکمە ئەخلاقییەکان، سۆزی بە سەرچاوەیەکی ناوەندی دانا بۆ ئەخلاق.

سەرچاوەی حوکمە ئەخلاقیەکانە، بەڵام ئایا ئەو چۆنیەتیە چییە سۆز یان هەوا و هەوەس خۆی پێ ڕێك یان سەرقاڵ دەکات، یان ئەو هەستە چییە، کە هەوا و هەوەس یان سۆز بەرهەم دێنێ؟؟.

لە کتێبەکەیدا "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆیی"، هیۆم لەبارەی (هەستکردنی ئەخلاقی) کردووە، بە گوێرەی وەرگێڕانەکەی دکتۆر محەممەد مەحجوب، یان "هەستی ئەخلاقی: Moral sentiment" بەپێی وەرگێڕانەکەی دکتۆر موسا وەهبە، لە میانەی ناوکۆ (سیاق)ەکانی دەقەکە[1]. سەبارەت بە کتێبەکەی "لێکۆڵینەوەك لە بنەماکانی ئەخلاقدا/ ١٧٥١" ئەوا ئەم چەمکەی بەرز کردۆتەوە بۆ ناونیشانی یەکێك لە دەروازەکان، ئەویش ئەمەیە: " Concertning Moral Sentiment"[2]. هەروەها لە کتێبەکەی "دەروازەیەك لە سروشتی مرۆڤایەتیدا" چەمکی "هەستی ئەخلاقی" وەك ناونیشانێکی سەربەخۆ بەکاردێنێت، کە ئەمەیە " Moral distinctions are derived from a moral sense"[3]، تیایدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی سەرچاوەی ئەخلاق هەستە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ پاڵ دەداتەوە بە "هەستی ئەخلاقی" یان "هەستەکانی ئەخلاقی" وەك سەرچاوەیەك بۆ دروستبوونی ئەخلاق لای مرۆڤ.

هیۆم ڕێبازە ئەخلاقیەکەی بنیاتناوە لەسەر "خوارسکەی چەسپێنراوە لە سروشتی مرۆڤدا"، ئەمەش بە هەنگاونان لە گریمانەکردنی بوونی "هەستێکی ئەخلاقی"، نا جیاواز لە گشت

---

(١) چەمکی "Moral sentiment" دوو جار لە کتێبی "لێکۆڵینەوەك لە بیری مرۆییدا" هاتووە، لا ١٣٣، لا ١٣٦. لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا لە لا ٧٢، لا ٧٤ هاتووە. دکتۆر موسا وەهبە بە "هەستی ئەخلاقی" جارێك و "هەستەکانی ئەخلاقی" جارێکی تر وەریدەگرێت. بەپێی ناوکۆی دەقەکە کە تیایدا هاتووە. بڕوانە: د. موسا وەهبە، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٨، لا ١٤١. بەڵام دکتۆر محەممەد مەحجوب ئەوا بە هەستکردنی ئەخلاقی وەریگێڕاوە.

David Hume, An Enquiry Human Understanding, pp 72 and 74, Peter Millikan, Oxford University press Inc, New York, 2007.

(٢) David Hume, An Enquiry Concerning the Principles of Moral, VOL, lV, p. 45.

(٣) David Hume, An Enquiry Human Understanding, VOL 3, p. 215.

هەستەکانی تر "بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وێنەدەداتەوە بە کارتێکەری تایبەت"، "لێرەدا بەخششی هەستی هەن لە جۆری دەگمەن، نە ڕووناك، نە دەنگ، نە بۆن، نە تامە، بەڵکو دەکرێ لەبارەیانەوە بڵێین: بەخششەکانی هەستی ئەخلاقی"[1]. بەڵام فەیلەسوف ئەدنبرە وتویەتی پاڵنەرێکی دەروونی یان پاڵنەرێکی هاندەر هەیە، هانی مرۆڤ دەدات لەسەر کردەوەی ئەخلاقی، ئەویش: "هەوەس" یان "سۆزە". ئەوەی شایەنی ئاماژە پێدانە لێرەدا سۆز لە تێگەیشتنی هیۆمدا، جیاوازە لە تێگەیشتنی هاوچەرخی ئێمە بۆ ئەم چەمکە، هیۆم ئەم چەمکەی بەکاردەهێنا: "بۆ ئەوەی هەموو جۆرەکانی ئارەزوو و پاڵنەری دەروونی و حەز و ئارەزوو و هەڵچوونەکان بگرێتەوە، سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ بە سۆزەکان ناودەبرێن، بەڵکو هیۆم ئەم چەمکەی بەکاردەهێنا تا گشت ئەم لایەنانە لە مرۆڤ و گیانلەبەردا بە یەکسانی بگرێتەوە"[2].

ئەم تێك ئاڵانە ئاڵۆزە لە پێکهاتەی هەست و سۆز یان هەوا و هەوەسەکان، وامان لێدەکات بەدواداچوون بکەین بۆ نەخشەی هەست و سۆز و هەوا و هەوەس، کە چۆن هیۆم لە لێکۆڵینەوەکانیدا کێشاویەتی، کە تێیدا تاتوێی ئەمانەی کردووە: ئازادی و پێویستی، کاریگەری پاڵنەرەکان لە ویستدا، کاریگەری نەریت، شوێنەواری خەیاڵ لە سۆز یان هەوا و هەوەسدا، تێیدا تاوتوێکاریگەری نزیکی و ماوە لە شوێن و کاتدا، سۆز یان هەوا و هەوەسە ڕاستەوخۆکان، دواتر زاناخوازی یان خشویستنی ڕاستی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمە، دەبینین هیۆم هەوا و هەوەس یان سۆزەکان بۆ چوار بەش دابەش دەکات، دواتر تاوتوێیان دەکەین. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە هەر دوو شێوەی سۆزەکان، بەرایی، نا بەرایی یان لاوەکی، پشتی یەکدەگرن، لەلای هیۆم بەیەکدادەچن لە تیۆری هەوا و هەوەسدا، هەروەها لە تیۆری ئەخلاقی سۆزەکانیشدا. هەر بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەم تێکئاڵانە

---

(1) ئەو هەڵهێنجانانەی باسکران لەم برگەیەدا وەرگیراون لە کتێبی د. زەکی نجیب مەحمود: "دێڤید هیۆم"، ص ١٤٤ ـ ١٤٧".

(2) د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٢٩.

ببین، کاتێك نموونەی جێبەجێکاری دەخەینەڕوو، لە هەڵهێنجانمان بۆ جۆرەکانی هەوا و هەوەسی سۆز. ئەم سۆزانە بۆ چوار جۆر دابەش دەبن، لە نێو ئەم جۆرانەشدا بۆ: سۆزی بەرایی، سۆزی لاوەکی دابەش دەبن، سۆزی لاوەکیش بەخۆی بۆ ئەم بەشانە دابەش دەبێ:

سۆزە ڕاستەوخۆکان، واتە ئەو هەست و سۆز یان هەوا و هەوەسانەی "ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ لە چاك یان خراپ، ئێش یاخود چێژەوە دروست دەبن. لە هەوا و هەوەسەکانی ئەم جۆرە: حەزکردن یا حەز لێ نەکردن، خۆشحاڵی یان خەمباری، ئومێد یان ترس"[1]. ئەمەش بۆ ئەم بەشانە دابەش دەبێ:

- سۆزە ڕاستەوخۆیە توندوتیژەکان: وەك هەڵاتن لە شتەکان یان ڕوو کردنە شتەکان. و سۆزە ڕاستەوخۆیە ئارامەکان، هەڵدەقوڵێن لە ڕامانی مرۆڤ لە شتەکان بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە یان قێز لێبوونەوەی.
- سۆزە نا ڕاستەوخۆکان، واتە: ئەو هەست و سۆز یان هەوا و هەوەسانەی "لە بنەماکانی دەروونەوە دروست دەبن، بەڵام تایبەتمەندە بەهۆی ئەو چۆنیەتیانەی دەخرێنە پاڵی"، لەم جۆرە: "شانازکردن، خۆبەکەمزانی، حەز، لەخۆبایی بوون، بوغزاندن، ئیرەیی، بەزەیی، ڕق و کینە، بەخشندەیی"[2].

---

(1) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 227.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

(2) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 148.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

وانظر أيضا: د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٣٦.

سەرەتا لە پۆلێکی ئەم هەوا و هەوەس یان سۆزانە، ئەوە دەردەکەوێ سەرچاوەیەکی ئارەزوویی ڕاستەوخۆ، سروشتی بێ نیشانەیە، کاتێك هەر بەشێکی جەستەی مرۆڤ دووچاری ئێش و ئازارێك دەبێتەوە، دەبینین سەرەتا هەست بە فشاری ئازارەکە دەکات لەسەر شوێنی لێدراوەکە، ئینجا هەست بە ئازار دەکات، بەرەو زیادبوون دەچێ بە سەختی و بە هەموو لاشەیدا جەستە و ناخیدا بڵاو دەبێتەوە، لەوانەیە ئێشەکە ببێتە هۆی گران یان قیژاندن یاخود هەستکردن بە بێزاری بەهۆی ئێشەکەوە، هۆکارەکە هەر چیەك بێ مرۆڤ یان گیاندار یاخود ئامێرێك یان هێزێکی بەزەبریش بێ. کاتێك کەسێك هەوڵی یارمەتیدانی کەسێکی بەرکەوتوو دەدات، با یەکێك لە پزیشکەکانیش بێ، ئەوا ئەو کەسەی بەو شوێنەدا تێپەڕدەبێ کە ئێشەکە تێیدا بە بەر کەسەکە کەوتووە، ئەوا وەسفی یارمەتیدەرەکە دەکات بەوەی "کەسێکی چاکە"، چونکە چاکەیەکی پێشکەش کردووە لە ڕووی ئەرکی مرۆیی یان پیشەییەوە، هەر چەندە ئەرکی سەرەکی ئەو نییە، بەڵام ئەگەر کەسێك گاڵتە بە کەسی ئازار بەرکەوتووەکە بکات، لە کاتێکدا دەتوانێ یارمەتیشی بکات، ئێشەکەی لەسەر سووك بکات و چێژی حەسانەوەی پێببەخشێ، ئومێدی بەختەوەری پێبدات، کە بەهۆی ڕووداوەکەوە پێشکەشی کردووە، ئەوا ئەو کەسەی ئازاری پێگەیشتووە حوکمێکی ئەخلاقی دەردەکات، بەوەی ئەوەی گاڵتەی پێدەکات "کەسێکی خراپە" یان "کەسێکی بێ خێرە"، بە ئەرکی مرۆیی کار ناکات، هیۆم پێی وایە هەندێك خەڵك هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بە هەستکردن بە ئەرك و واجب، بەڵام بێ ئەوەی بیرۆکەی ئەرك و واجب وەربگرن بە بنچینەی ئەخلاقی، وەك چۆن فەیلەسوفی ئەڵمانی مەزن، ئیمانویل کانت وادەکات.

هیۆم وێنەدانەوەکان، کە چوار هەستەکە بۆمان دەگوازنەوە دابەشی کردووە، بۆ ئەم بەشانە:

١- ئەو وێنەدانەوانەی جەستە و تەنەکان پێمان دەبەخشن، لە ڕووی شێوە و قەبارە و جوڵە و ڕەقیەوە، وەك ئەو وێنەدانەوانەی بۆ هەستەکانمان دێت، بەهۆی بینینی بەردێکی مەڕمەڕی جێگیر لەسەر زەوی، شێوەی ڕێژە و ڕەنگەکەی خاکییە.

٢- ئەو وێنەدانەوانەی هەندێك لە ڕەنگ و تام و بۆن و دەنگ و گەرمی و سەرما تیاماندا دروستی دەکەن، وەك ئەو وێنەدانەوەی بۆ هەستەکانمان دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی بینینی ڕووی دەریا، تامکردنی بۆ هاڕاوی باوی بە لیمۆ، بۆنکردنمان بۆ بۆنی گوڵی زەعفەران یان گوڵەڕەز، بیستنمان بۆ قاقای منداڵی خۆشحاڵ یان گریانەکەی لە کاتی برسیبوونیدا، هەستکردنمان بە گەرمی تیشکی خۆر کاتێك لێمان دەدات لە نیوەڕۆی گەرمەستێری خۆرهەڵاتی، یان هەستکردنمان بە سەرمان بوونمان لە ئێوارەی ڕۆژێکی شارێکی جەمسەری.

٣- ئەو وێنەدانەوانەی هەستەکانمان تیاماندا دروستی دەکەن، بە هەستکردنمان بە ئێش و چێژ، کاتێك تەن و شتی ماددی ڕاستەوخۆ بەر جەستەمان دەکەون، وەك ئەو برینەی دروست دەبێ بەهۆی چەقۆ هێنان بە زەبر بە پەنجەکانماندا.

٤- ئەو وێنەدانەوانەی لەلای مرۆڤ دروست دەبن، لە دەرەنجامی ڕامانی لەو دۆخە دەروونیانە پێویستی پێیەتی، هەستکردنی ئەو بە ئاسودەیی و ڕەزامەندی یان دودڵ و قێز لێبوونەوە دەجولێنێ، وەك بیری چێژی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دایکی بکات، بۆ ئامادەبوونی لە ئاهەنگی دەرچوونی لە قوتابخانەدا، کاتێك بچوك بووە، یان بیری مردنی هاوڕێیەکەی بکات لە خوێندندا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕۆژانی خوێندا[1].

جۆرەکانی ئەم سۆز یان هەوا و هەوەسانە، کە لە هەستکردنی مرۆڤەوە دروست دەبێ، بە چێژ یان ئێش لە ژیانی ڕۆژانەی تێپەڕیودا، دەبێتە هۆی هەست یان سۆز یاخود هەوا و هەوەسێکی هەنووکە یان گێڕدراوە، لە میانەی بەبیر هێنانەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو، لەوانەیە چێژ یان یازار بەخش بێ. بەڵام هیۆم لە گشت وێنەکانی هەوا و هەوەس یان سۆزدا تەنها وێنەدانەوەی ڕووتی هەستی دەبینێ، ئەمانە هەست و سۆزی هەڵچونگەران، زۆربەی جار لەگەڵ هەست و سۆزەکانی تر تێکدەئاڵێن.

---

[1] د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٢٩. (بتصرف).

١- هەوا و هەوەس و سۆزەكانی حەزە سروشتییەكان: ئەو حەز یان ئارەزووانە گەلێك زۆرن، كە لە ژیانی تاكدا وەك با هەڵدەكەن، بەڵام هیۆم پێی وایە ئەمە ڕەگەزێكی سەرەكی كرۆكی ڕەها نییە، بەڵكو ڕەگەزێكی خودییە، ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ جەختی لێ دەكاتەوە[1]. هیۆم بۆیە ئەمەی وت، تا فەلسەفە ئەخلاقییەكەی یەكبگرێ لەگەڵ فەلسەفەكەی لە تیۆری زانین و مەعریفەدا. لە جیاتی ئەمە، هیۆم بڕوای بە بوونی چەند حەزێكی سروشتی هەیە، دەبێ حەزی پێشینە بن، بەڵام پیشینەبوونی وەرگیراوە لەوەی ئارەزوویێكی ڕەسەنە لەلایەن بوونەوەرە زیندووەكان، بۆ نموونە وەك برسێتی[2]، كە چێژی خواردنی خۆراكی لێدەكەوێتەوە، بەمەش دەبێتە سەرچاوەی چێژ و خۆشیەكەمان. برسێتی بە تێڕوانینی هیۆم، سۆزێكی سروشتی و ئارەزوویە لە خودی خۆیدا، بەهەمان شێوە ئارەزووی سێكس، خۆشویستنی ژیان، بەزەیی هاتنەوە بە منداڵان[3].

ئەمانە "سۆزی بەرایین"، سروشتی و ئارەزووین، بەپێی تێڕوانینی فەیلەسوف ئەدنبرە، داخوازی ئەزموونی پێشوو یان فێركردن یاخود مەشق یاخود بەدەستهێنانی زانیاری و مەعریفی نییە، ئەمە لەلای گیانداران دەبینین، بەزەیی بەسەر بێچوەكەیدا دێتەوە، مرۆڤیش هەر وایە، ئافرەت دڵی دەشكێت ئەگەر منداڵەكەی برسی بێ و مەمكەكانی بێ شیر بن. هەمان شت لەلای پیاوی بەساڵاچوو دەبینین، بەزەیی بە زارۆكەكاندا دێتەوە لە كاتی لاوازیاندا. گشت ئەم سۆزانە، دەبنە هۆی پەیدابوونی هەڵسوكەوتێكی ئەخلاقی و

---

(١) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 191.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

(٢) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 204.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

(٣) David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 204.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

بەهایی لە ژیانی ڕۆژانەدا. ئەمەش پاڵ بە هیۆمەوە دەنێت بۆ ئەوەی پێی وابێ سۆزە بەراییەکان لە کاری سەرچاوەکەی بەتاڵ بن، هۆکاری بوونیان لەلای خەڵك بوونی نەبێ، بەزەیی هاتنەوەی دایك بە شیرەخۆرەکەی، پێویستی بە هۆکارێك نییە، تا ئەم بەزەیی لەلا دروست بکات تا بەسەر شیرەخۆرەکەیدا دەڕێژێ، مرۆڤ پێویستی بەهۆکارێك نییە تا بەرگری بکات، بەوپەڕی هێزیەوە بۆ پاراستنی ژیانی.

٢- سۆزی دۆخە ویژدانیەکان: ئەمانە ئەو سۆز یان هەوا و هەوەسانەن، کە ڕێك و تەبان لەگەڵ سۆزە بەراییەکان، لەوەی بۆ سروشتی مرۆیی دەگەڕێنەوە، بەگوێرەی گۆڕاوی هەڵچونی ئارەزوو دەجولێ، بەڵام جیاوازە لەگەڵیدا لەوەی "پێشینە هەیە، لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، لە چێژ و ئێشەکان"[1]. هەر بۆیە هیۆم بە ناوی "سۆزە لاوەکییەکان" ناوی دەنێت. چەندین هەوا و هەوەس دەچنە ناویەوە، وەك: خەم، خۆشی، ئومێد، بێ ئومێدی و ترس، جگە لەمانەش لەو هەوا و هەوەسانەی هیۆم کۆی کردۆتەوە لە خانەی هەوا و هەوەسی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ جیاوازی بنەڕەتی، کە ئەوەیە پشت بە ئەزموونەکانی پێشوو دەبەستێت" ئەو کاتە مرۆڤ پێویستی بە هەستەکانی خەم هەیە، پێویستی وای لێدەکات بگریەت، بۆیە دەیبینی لە یادی هەستی خۆیدا دەگەڕێت بە دوای ئەوەی دەیگریەنێت، لەو شتانەی کە لە ژیانی ڕابردوودا پێیگەیشتووە، وەك ئەوەی یادی مردنی دایکی یان باوکی یاخود جگە لەوان لە خۆشەویسترین خەڵك لای ئەو بکات، یاخود کاتێك یەکێك لە کەسەکان ئاگادار دەکرێتەوە بەوەی بەیانی دەخرێتە بەندیخانەوە، ئەوا پێویستی بە دۆخێکە لە ترس، چونکە لەو کاتەدا تەنگوچەڵەمەکانی دێتەوە یاد، لەو

---

[1]) د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٣١. وحول حالة وجدان الحب والكره، وحالة مشاعر العنف على سبيل المثال، انظر هيوم:

David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 175.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

شوێنە ڤێزەونەدا، هەست بەوە دەكات هەڵەیەكی كردووە، لەوانەیە بیری بێتەوە پێشتر چووەتە بەندیخانەوە، تیایدا تاڵایەتی چەشتووە، كاتێك بەندكەرەكە پێی ڕادەگەیەنێ دوای چەند ڕۆژێك لە بەندكردنی ئازاد دەكرێ، ئەوا خۆشحاڵ دەبێ، بیری دێتەوە لە جاری ڕابردوودا، كاتێك لە بەندیخانە دەرچووە، تاكەكانی خێزانەكەی یان دۆستەكانی یاخود یەكێك لە نزكەكانی چاوەڕێیان كردووە.

هەمان شت سەبارەت بەو كەسە نامۆیانەی لە وڵاتی بێگانەدا دەژین، وەك كۆچبەران و پەنابەران، هاوشێوەكانیان، ئەوانەی كاتێك خولیای گەیشتنەوە بە ئەندامانی خێزانەكەی دایان دەگرێ، دەبینین جوانترین شتیان بیریان دەكەوێتەوە پێش ئەوەی وڵاتەكەیان جێبهێڵن، ئەمە ئەو شتەیە هەست و سۆزیان دەجولێنێ بۆ خێزانەكەی و نیشتمانەكەی، لەوانەیە ئەم سۆز و حەز كردنە هاودەم بێ بە خۆشحاڵیەكی ئومێدكراو یان لەوانەیە بگۆڕدرێ بۆ گریانی بەئێش یاخود بۆ دۆخێ نەخۆشی ئالۆز.

ئەگەر ویستمان لە چوارچێوەی ئەوەدا بمێنینەوە كە هەستییە، دەبینین"ئەگەر هەستمان بە برسێتی كرد، پێشتریش خواردنێكی دیاریكراومان خوارد، دۆخێكی هاوشێوەمان لە دۆخی برسێتی بە ناخماندا بڵاو دەبێتەوە، هەر كە بیری ئەو خواردنە بكەینەوە، لەوانە هەستكردن بەچێژ تیاماندا بوروژێنێ، ئەمەش هەمان هەستە، كە چێژمان لێبینی لە كاتی ئەزموونی ڕابردوومان لە خواردنەكەمان"[1].

چەندین دۆخی هەوا و هەوەسی وەك: ترس، خەم، خۆشی، ترس، برسێتی، جگە لەمانەش، ئەو دۆخانەن لەلای مرۆڤ پەیدادەبن، بەهۆی پاڵنەری ناخی پەیوەست بە ڕابردوو، یان ئێستا، تەنانەت ئایندە، چونكە لە ناخدا كارلێك دەكات، وەك گوزارشتێكی هەوەسی تیایدا دەتوێتەوە.

---

[1] د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١.

٣- سۆزی هاودەمی چەند سیفەتێکی تر: وەك ئەوانەی پێشووتر لە ئەزموونێکی ڕابردوو پەیدادەبێ، بەڵام کاتێك پەیدادەبێ هاودەمە لەگەڵ چەند بیرۆکەیەکی نی@وان هزر و دەروون"[1]، وەك لوتبەرزی و خۆبەکەمزانی، خۆشەویستی ڕق لێبوونەوە. هیوم دەیخاتە خانەی سۆزە نا ڕاستەوخۆکان.

٤- سۆزەکانی پەیدابووی ڕامان: بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروست دەبێ، بەبێ هیچ نێوەندگیریەکی ئەزموونێکی ڕابردوو، پەیدادەبێ بەهۆی ڕامانی تاك لە دۆخێکی تایبەت کە دەچێتە ناویەوە، هیۆم وەسفی دەکات بەوەی "ئارامە" بەپێچەوانەی سۆز و هەوا و هەوەسەکانی تری خاوەن سروشتی توند و تیژی. بەوەی ئەم هێمنیەی دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ نەوەك هەست، دواتر ئەمە دروست دەبێ لە دەرەنجامی ڕامانی مرۆڤ لە دۆخەکانی جوانی و ناشرینی، کە لە شت و کردارەکاندا دەردەکەوێ، وەك ڕەزامەندی یان توڕەیی، بە خراپدانان یاخود بە چاك دانان.

هیۆم زۆر ڕۆشنایی دەخاتەسەر هەوا و هەوەسی سۆزی نا ڕاستەوخۆ، وەك: شازانی کردن یان لوتبەرزی یان بەخۆنازین،ئەمانە هەوا و هەوەسی خودی و کەسین، پەیوەستن بە هەستیاری کەسەکە، ئەزموونەکانی ڕۆژانەی. هیۆم هەوڵیداوە بەراوردکاری بکات، لە نێوان لوتبەرزی یان لەخۆبایی بوون، لەگەڵ خاکی بوون، سەرباری جیاوازی فراوانی نێوانیان، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، ئەم هەوا و هەوەسانە لە خود یان دەرووندا بەشێوەیەکی پێشینە نەچێنراون، هەڵچونی لوتبەرزی لەلایەن مرۆڤەوە، دەبیات بەرەو خودی خۆی یان بەرەو ناخی خۆی، بەمەش دۆخێك لە لوتبەرزی یان خۆبەکەمزانی بەدی دەکات، هەر سۆزێك لە "نێوان دوو بیرۆکەدا دانراوە، یەکێکیان بیرۆکەی هۆکارە، کە دروستی دەکات، دووەمیان بیرۆکەی دەروون کە پێی دەگات"[2]. ئەگەر بمانەوێ هەندێك

---

(1) د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١.

(2) نقلا عن د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣٥.

تایبەتمەندی دیاری بکەین، کە لوتبەرزی لەلایەن کەسی لوتبەرز دەوروژێنێ، دەکرێ بەسێ تایبەتمەندی ببینین، کە ئەمانەن:

١- سیفەتێکی دەروونیە لە سیفەتەکانی خودی دەروون، وەك زیرەکی، ڕای ڕاستپێك، زانست، بوێری، دادگەری. ئەمانە سیفەتی خودی و کەسین.

٢- بەهرەیەکی جەستەیی دەروون پێی دەنازێ، وەك: جوانی، هێزی جەستەیی، چاك یاری کردن بە ڕم، هاوشێوەی ئەمانە. ئەمانەش بەهەمان شێوە سیفەتی خودی و کەسین.

٣- پلەوپایەیەکی خێزانی یان تیرەیی یاخود نیشتمانی یان ڕەچەڵەکی، وەك لوتبەرزی نواندن بەوەی فڵانە لە خەڵکی عێراقە، لانکە و بێشکەی شارستانیەکان، یاخود فڵان کەسە لە خێزانێکە ڕەچەڵەکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر، یاخود فیسار کەسە لە پایتەختێکی مێژوویی گرنگە[1]. ئەمانە سیفەتی خودی – بابەتی هاوبەشن.

هەر بۆیە هیۆم وا دەبینێ وێنەدانەوەی لوتبەرزی و خۆبەزلزانی، بریتییە لە: "وێنەدانەوەی بە چاك دانراوە، کە لە عەقڵەوە دروست دەبێ، کاتێك ڕای تایبەت بە پایە یان جوانی یاخود وتەکەمان وامان لێدەکەن قەناعەتمان بە خۆمان هەبێ"[2].

بابەتی سۆز یان هەوا و هەوەس، بابەتی دۆخێکە، ڕەگەزی خودی و بابەتی بەشدارن بە دروستکرندیدا، بەڵام بابەتی ئەم دۆخە لە ناخەوە دەستپێدەکات و لەویشەوە کۆتایی پێدێت، ئەمە وەك خولگەیەکە ئاشەکەی دەخولێتەوە لە نێوان ئەوەی خودییە، لەگەڵ ئەوەی بابەتییە، هەستکردن بە جوانی وەك هەوەسێکی سۆز، بایەخ و بەهایەکی نابێ، بەبێ ئەو بۆشاییەی جوڵەی

---

(١) د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١، "بتصريف".

(٢) David Hume, An Enquiry Human Understanding, p. 297.

نقلا عن: د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٤.

تێدا دەكات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ هەستكردن بە لوتبەرزی ئەگەر هەر لە دەروونندا مایەوە، نەتوانێ بچێتە دەرەوە، ئەوا تەنها هەوەسێكی كپ كراو دەبێ، بەڵام لە كۆتاییدا هەر بەو هەوا و هەوەسە دەمێنێتەوە كە خاوەنەكەی پێی هەڵدەچێت، ویستی پاڵی دەنێ بۆ دەرخستنی بۆ نێو جیهانی بابەتی، تا كامڵی بابەتی خۆی بەدەستبهێنێت. لەم چوارچێوەیەدا هیۆم بۆ نموونە ئاگادارمان دەكاتەوە لەوەی "ئەو وتەیەمان كە دەڵێین: دەروون دانراوە بۆ هەر دوو سۆزی لوتبەرزی و خاكی بوون، هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هۆی یەكێكیانە. مانای ئەمە ئەوەیە لێرەدا چەندین هۆی وروژێنەر هەن، بۆ ئەم دوو سۆزانە، هیۆم ناویاندەنێ بابەتەكان، لەم بابەتانەدا چەند سیفەتێك هەن ئەم دوو سۆزە دەوروژێنن. لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە هیۆم جیاوازی دەكات لە نێوان هەر یەك لە: دەروون، هۆ، بابەت، سیفەت.

سیفەت لەوانەیە سادەبێ، لە شتێكدا پەیدادەبێ پێی دەڵێین "بابەت"، بابەت لە گشت دۆخەكاندا پێكهاتووە، پەیوەستە بە سیفەتەوە، وێنەكانی ئەم بەیەكەوە بەسترانە فرە جۆرن"[1]. لەم بوارەدا، دكتۆر محەممەد سەید ئەحمەد، پەیوەندی چڕ و پڕی نێوان ئەم چوار ڕەگەزە ڕوون دەكاتەوە، دەڵێت: "ئەو سیفەتەی دێتە نێو بابەتەكەدا، بەشێوەی — جیا — وێنەدانەوەیەكی هاوشێوەی بۆ بەرهەم دێنێت، ئەو بابەتەی سیفەتەكە هاودەمیەتی، پەیوەستە بە دەرەوونەوە كە بابەتی سۆزە. بەگوێرەی ئەوە ڕابردوو، هیوم دەڵێت گشت هۆیەكان لوتبەرزی و خۆبەكەمزانی بە دەروونەوە پەیوەستن، چێژ و ئێشی نە لكاو بە سۆزەوە بەرهەم دەهێنن، بەڵام پلەی بەسترانەوەی ئەم هۆیانە جیاوازن، بەشێوەی ڕێژەیی یان زۆر تۆكمە یاخود زۆر دوور دەبن"[2].

خەریكە شتەكە جیاواز نەبێ لەگەڵ هەوەسی خۆبەكەمزانی، لە نیشانەكانی ئەوەیە مرۆڤ هەست بە گێلی یان نەزانی یاخود ترسنۆكی یان ستەم یاخود ناشرینی یان پەستی بكات. ئەمانە

---

(1) د. محمود سید أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٨ – ٦٩.

(2) د. محمود سید أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٥.

دۆخی هەوا و هەوەسێن، مرۆڤ دەیانبڕێ بەدرێژایی ناخی تا لیی تەواو دەبێ. بەڵام هیۆم پاڵ بە هەوەسی خۆشیەویستی و ڕق لێبوونەوە یان بوغزاندنەوە دەنێ بەرەو جیهانێکی زیاتر بابەتی، گومان لەوەدا نییە دۆخەکانی لوتبەرزی و خۆبەکەمزانی، پێویستی تێخزانە بۆ نێو بۆشایی کات و شوێن، بەڵام کە هەوا و هەوەس خۆشویستن و بۆغزاندنی مەبەستە، ئەمە وا دەخوازێ چەند خولگەیەك هەبن بۆ جیهانی دەرەکی، وەك مەرجێکی پێویست بۆ دەرکەوتنی، عاشق، خۆشەویست دەخوازێ، خۆشەویستی دەریا، بوونی دەریا دەخوازێ، عاشقی ئافرەت، بوونی ئافرەتێك لێرەدا دەخوازێ، ئەگەر خەیاڵیش بێت. سەبارەت بەو شتانەی دەبنە هۆی خۆشەویستی لەوانەیە ئەمانە بن: جوانی، ڕێز، چاکە، زانین، زیرەکی، ڕای ڕاست، گاڵتەچیەتی، گیانی منداڵی، وەڵامدانەوە یان بەدەمەوە نەهاتن، جگە لەمانەش لە سیفەتە سەرنجڕاکێشەکان.

پێچەوانەی ئەمە، ئەوا ئەو سیفەت و نیشانانەن کە ڕق و کینە و بێز و پچڕان و خۆلێدوورگرتن دەوروژێنن. تەنانەت ئەگەر جیاوازی هەبێ لە نێوان لوتبەرزی و خۆبەکەمزانی، خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە، مرۆڤی لوتبەرز یان خۆبەکەمزان، هەست بە لوتبەرزی یان خۆبەکەمزانی دەکات بەرامبەر بەخۆی، عاشق یان بوغزێنەر هەست بە خۆشەویستی یان ڕق لێبوونەوە دەکات بەرامبەر بەوانەی دێنە ناو پەیوەندی هەوا و هەوەسی.

ئەوەی جوانە لای هیۆم، کاتێك سەرقاڵی دروستکردنی ڕاڤەکانیەتی بۆ سەرهەڵدانی هەوا و هەوەسەکان، ئەوا پەردە لادەدات لەسەر بەراییەکانی دەرکەوتنی هەوەسەکان، لە ڕێگەی کۆمەڵێك بنەمای سروشتی مرۆڤایەتی. ئەمە بەڵگەیە لەسەر بەیەکەوە بەستنەوە هاوکاتەکەی لە نێوان تیۆرەکەی لە زانین و مەعریفە و ئەخلاقدا، لێرەدا بنەمای "دژبەری هزرەکان" هەیە، هزرەکان بەشێوەیەکی مەزن لە ساتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، دواتر بابەتەکان دەگوازرێنەوە بۆ بابەتانێکی تری هاوشێوە و لکاو و هۆدار. لێرەدا بنەمای "دژبەری وێنەدانەوەکان"یش هەیە، بەوەی ڕوودانی وێنەدانەوەیەك وا دەخوازێ وێنەدانەوەیەکی هاوشێوە بەدوای خۆیدا بهێنێت.هەر دوو بنەماکە بەیەکەوە پەیوەستن لە کرداری کارلێکیدا. لەبەر ئەمە ئەو کەسەی خۆبەزلگرە یان

لوتبەرزە بەهۆی بەخشندەیی لەگەڵ خەڵکدا، هەموو جۆرەکانی بەخشندەیی کە لەگەڵ خەڵکی نواندووە لە کات و شوێنی خۆیدا نەبێ، وای لێدەکات دۆخێك لە شانازی و خۆبەلزانی بە دەروون لەلای ئەو دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی خۆشحاڵبوونی، ڕازی بوونی لەخۆی، هەست بە چێژ و لەززەت دەکات. هەمان شت هەیە لەلای ئەو کەسەی هەست بە خۆبەکەمزانی دەکات، خەم و خەفەت و بێ ئومێدی دەبێتە هۆی توڕەبوونی، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕق و کینە، ڕق و کینەش دەبێتە هۆی بوغزاندن، بوغزاندنیش دووبارە دەبێتە هۆی خەم و خەفەت[1]، چ جای هەستکردن بەو ئێشەی لە ناخیدا جێگیر بووە.

هیۆم کۆمەڵێك دوانەیی چەمکی (الثنائيات المفهومية)، بەهۆکاری تایبەت دادەنێ، پەیوەست بە دەروونەوە، لە پاڵ هەر دوو سۆز و هەوەسی خۆبەزلزانی و خۆبەکەمزانی، لەوانە: خراپە و چاکە، جوانی و ناشرینی، سوود و زیان، خاوەنداریێتی و سەروەت، خۆشویستنی ناوبانگ.

سەبارەت بە سۆزی خۆشەویستی، سۆزی ڕق لێبوونەوە، دەکرێ پێناسە بکرێن لە میانەی هەستکردنی گشتی پێیان، ئەمانە پوختە نین لە دەروونی مرۆییدا، هەروەك لە دۆخی خۆبەزلزانی و خۆبەکەمزانی بەدیدەکرێ، خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە بە کرداری پەیوەستن بەوانی ترەوە. بە کۆمەڵێك سۆزی دیکەوە بەستراون، وەك: حەسانەوە، توڕەیی، بەزەیی، ڕق و کینە، بوغز، ڕێز، بەکەمدانان.

## کۆتایی:

لەوانەیە چەند نموونەیەکمان خستبێتەروو، ئاماژە بکات بەوەی سەرچاوەی حوکمە ئەخلاقییەکان، لە تیۆری هیۆمدا، بیریتییە لە سۆزی مرۆیی، نەوەك عەقڵی مرۆیی یان عەقڵی جیا

---

[1] د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٧.

یاخود عەقڵی میتافیزیکی. هەروەك ئامرازی حوکمی ئەخلاقی و سەرچاوەکەی، بریتییە لە هەستی ئەخلاقی یان هەستەوەری ئەخلاقی یاخود هەستی سۆز یان هەوا و هەوەسی. لە کۆتاییدا پۆلێك ئەنجام هەڵهێنجانمان هەیە، لەمانەدا کورتیان دەکەینەوە:

١- هیۆم گشت فەلسەفە ئەخلاقییە نموونەییەکانی داناوەتە لایەك، لە جیاتی ئەمە دەستی کردووە بە بنیاتنانی تیۆرێکی ئەخلاقی، دامەزراو لەسەر هەستی ئەخلاقی مرۆیی، بۆ ئەوەی تیۆرەکەی لە ئەخلاقدا لەسەر هەست و سۆزەکان دابمەزرێ، کە پلەی هەڵچون دیاری دەکات لە نێو خود یان دەرووندا لە پەیوەندیەکەیان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا، جیهانی بەرهەست و ئەزموون کراو. هەر بۆیە بنچینەیەکی جیا یان بەرز و باڵا بۆ ئەخلاقی مرۆیی نییە، لەم تیۆرەی هیۆمدا.

٢- فەیلەسوف ئەدنبرە هەوڵیداوە، تیۆرەکەی لە ئەخلاقی سۆزدا ببەستێتەوە بە تیۆرەکە لە زانین و مەعریفەدا، تیۆرێکی لە زانین و مەعریفەدا دامەزراند، کە ڕاڤە و پاساو دێنێتەوە بۆ بۆچوونەکانی سەبارەت بە ئەخلاقی مرۆیی، بەمەش تیۆرەکەی لە حوکمە ئەخلاقییەکان هاودەمە لەگەڵ تێڕوانینەکەی لەبارەی بنچینەی زانین و ڕێگەکانی بەدەستخستنی، هەر دووکیان دەخولێنەوە لە تەوەری ڕێژەییدا، دوور لە ڕەهاکان، کە پڕاوپڕی نێو گیانی فەلسەفە نموونەییەکان بوون.

٣- ئەخلاق لای هیۆم، خاوەن خەسڵەتی پیادەکردنی ڕاستەوخۆیە، کە هەڵوێستێکی ئەخلاقی بەرهەم دێنێت، حوکمێکی ئەخلاقی دەردەخات، زۆربەی جاران کەسی و خودی دەبێت، ئەمەش بەپێی تێڕوانینە ئەزموونی و خودیەکەی.

٤- هیۆم عەقڵی مرۆیی بە دوو ئەرك تایبەت کردووە، ئەوانیش بریتین لە: بەراوردکردنی هزرەکان، بەڵگە هێنانەوە لەسەر پرسەکانی واقیع، بەمەش عەقڵی مرۆیی دەکرێتەوە بەسەر واقیعی بابەتی بە بەرچاوڕۆشنیەکی زۆر جیاواز لە بەرچاوڕۆشنی ڕەعای عەقڵ لەلای نموونەگەرا کۆن و نوێیەکان.

٥- زۆر خۆی لاداوه، له هۆکاری ئاینی له بنیاتنانی تیۆرەکەی، له چوارچێوەی گوتاره فەلسەفییەکەی، که هەوڵیداوه بۆ توێژینەوه له سروشتی مرۆیی وەك خۆی بێ هیچ نێوەندێکی دەرەکی که حوکمی بکات.

٦- هیۆم به تیۆرەکەی له سۆز و هەوا و هەوەسدا، ئاسۆی تازەی کردەوه له توێژینەوەی ئەخلاقدا، ئەویش ئاسۆی ئەزموونی بوو، پچڕانێکی مەزنی دروست کرد لەگەڵ ئەخلاقی تیۆره نموونەگەرایه جێماوەکان، له ئاڕاستەی ئەفلاتۆنی، تیۆره ئەخلاقییه عەقڵییه نوێکراو و جێماوەکان، له ئاڕاستەی دیکارتی. بەڵکو دەرگای بۆ زانا فەیلەسوفەکانی دوای خۆی کردەوه، بۆ توێژینەوەی بنچینه و سەرچاوەی حوکمه ئەخلاقییەکان، هەروەك چاڕلز داروین وای کرد ١٨٠٩ – ١٨٨٢ له کتێبەکەیدا "گوزارشت له هەوا و هەوەس لای مرۆڤ و گیانداران/ ١٨٢٧"، (بول ری) له کتێبەکەیدا "بنچینەی هەسته ئەخلاقییەکان/ ١٨٧٧"، فریدریك نیچه ١٨٤٤ – ١٩٠٠ له کتێبەکەیدا "بنچینه و سەرچاوەی ئەخلاق/ ١٨٧٧"، هنری برجسون ١٨٥٩ – ١٩٤١ له کتێبەکەیدا "سەرچاوەکانی ئەخلاق و ئایین/ ١٩٣٢"، جان بول سارتر ١٩٠٥ – ١٩٨٠ له کتێبەکەیدا "لەبارەی تیۆری هەڵچونەکان/ ١٩٣٩"، جگه لەوانیش له بیرمەندان و زانا و فەیلەسوفەکان، ئەوانەی بەردەوام بوون له توێژینەوەی بنچینەی حوکمه بەهاگەراکان له ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی زانستی خاوەن ئاڕاستەی ئەزموونی.

**پەڕاوێزەکان و چەند شاندنێك:**

١- جاكلين روس: مغامرة العقل الأوروبي، ترجمة: أمل ديبو، ص ١٤١، منشورات كلمة، أبوظبي، ٢٠١١.

٢- جاكلين روس: المصدر السابق نفسه، ص ٢١١.

٣- ريتشارد تارناس: آلاف العقل الغربي، ترجمة: فاضل جكتر، ص ٣٩٦، منشورات كلمة، أبوظبي، ٢٠١٠.

٤- جيل دولوز: التجريبية والذاتية: بحث في الطبيعة البشرية وفقا لهيوم، ترجمة أسامة الحاج، ص ٢٧، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٩.

٥– ريتشارد تارناس: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠٠، "دەقەکەمان بە تۆزێك دەستکاریەوە هێنا".

دکتۆر زەکی نەجیب مەحمود پێی وایە، هیۆم ئەنجامە لۆژیکیەکانی فەلسەفەی دوانەکەی پێش خۆی وەرگرتووە: جۆن لوك، جۆرج برکلی، بە تێروتەسەلی قبولْ کردووە. بڕوانە: قصة الفلسفة الحديثة، ج ١، ص ٢٣٤، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٣٦.

٦– ريتشارد تارناس: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠٠.

٧– جيل دولوز: المصدر السابق نفسه، ص ٥ – ٦. جیل دولوز: فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، لە سالّی ١٩٢٦ لە پاریس لەدایك بووە.

٨– لە ڕاستیدا لە یەك سالّدا دوو وەرگێڕان بۆ ئەم کتێبە دەرکەوتن، یەکێکیان دکتۆر محەممەد محجوب لە تونس پێی هەڵسابوو، بە ناونیشانی: "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆیی"، لەلایەن "ڕێکخراوی عەرەبی بۆ وەرگێڕان"، لە بەیرەوت، لە سالّی ٢٠٠٨ بەرهەمهێنرا، ئەوەیتریان لە لوبنانەوە ئەنجامدرا، لەلایەن دکتۆر موسا وەهبە، بە ناونیشانی: "دەروازەیەك لە ژیری مرۆڤایەتی"، لەلایەم خانەی فارابییەوە لە چاپ دراوە، لە سالّی ٢٠٠٨، هیۆم سەرەتا کتێبەکەی خۆی "نامەیەك لە سروشتی مرۆڤایەتیدا" بلّاوکردەوە، سێ کتێبی لەخۆدەگرێ، ئەمانەن: "سەبارەت بە عەقلّی مرۆیی"، "لەبارەی هەست و سۆزەکان"، "لەبارەی ئەخلاقەوە". بەلّام ئەم کتێبە بە سێ بەشەکەیەوە، قبولێکی فراوانی بەدەست نەهێنا، هیۆم بۆ ماوەی دە سالْ دەستکاری تێدا کرد، تا دواتر لە کتێبێکی سەربەخۆدا بلّاوی کردەوە بە ناونیشانی "دەروازەیەك لە تێگەیشتنی مرۆیی". تەنها بەشی یەکەمی تا ئێستا بە عەرەبی کراوە، لە ژێر ناونیشانی "دەروازیەك لە ژیری مرۆیی" یان "لێکۆڵینەوەیەك لە بیری مرۆیی" بلّاوکراوەتەوە، بەپێی وەرگێڕانە هاوچەرخەکانی. لەبارەی ئەمەوە بڕووانە: د. زكي نجيب محود: "المصدر السابق نفسه"، ص ٢٣٣. وانظر ايضا كتابه: "ديظيد هيوم"، ص ١٢٨، دار المعارف، القاهرة، ١٩٥٨.

٩- هيوم: تحقيق في الذهن البشري، ترجمة: د. محمد محجوب، ص ٢٩.

١٠- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٢٥ – ٢٧.

١١- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٢٧.

١٢- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٢٧.

١٣- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٣.

١٤- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٥.

١٥- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٧.

١٦- هيوم: المصدر السابق نفسه، أنظر ص ٣٦.

١٧- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠.

١٨- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٠.

١٩- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٢.

٢٠- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤١.

٢١- د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ج ١، ص ٢٣٦.

٢٢- د. زكي نجيب محود: "المصدر السابق نفسه"، ص ٢٣٦. وانظر أيضا: د. زكي نجيب محمود: "ديفيد هيوم"، ص ٦٢، و ص ٦٤. وكذلك انظر: د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: "الفلسفة الحديثة... من ديكارت إلى هيوم"، ص ٣٢٩، دار الوفاء للطباعة والنشر، الإسكندرية، ٢٠٠١.

٢٣- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٧.

٢٤- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٨.

٢٥- هيوم: المصدر السابق نفسه، ص ٤٨.

٢٦- د. زكى نجيب محمود: ديفد هيوم، ص ٥٣.

٢٧- د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٢٨، وعن "مبدأ الذاتية"، أُنظر: د. زكي نجيب محمود: "ديفيد هيوم"، ص ٥٨ وما بعدها.

٢٨- أورده د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: "المصدر السابق نفسه"، ص ٣٣٩، نقلا عن:

Grayling, "The Empiricists", pp. 540 - 541

وانظر جيل دولوز: "المصدر السابق نفسه"، ص ٨٧.

٢٩- د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ج ١، ص ٢٣٦.

٣٠- د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: المصدر السابق نفسه، ص ٣٣٥.

٣١- د. زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة، ص ١٤١. وحول وظيفة العقل في الأخلاق عند هيوم، راجع كتاب الدكتور محمود سيد أحمد: الأخلاق عند هيوم، ص ٩٤ وما بعدها، دار الحضارة للطباعة والنشر، طنطا – مصر، ط ٣، ١٩٩٧.

٣٢- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەڵگەکانی هیۆم لەبارەی دەستکورتی عەقڵ لە بنیاتنانی زانین و مەعریفەی ئەخلاقی، بڕوانە کتێبەکەی دکتۆر مەحمود سەید ئەحمەد: "سەرچاوەی پێشوو"، لا ٣٢ و لاپەڕەکانی دواتری.لە چوارچێوەی دەروازەکانی عەقڵ لای هیۆم، دکتۆر محەممەد فەتحی شەنیتی بۆ ئەوە دەچێت کە عەقڵ لای هیۆم بریتییە لەو "بەهرەیەی بەهۆیەوە دەتوانرێ ڕاستی و درۆ ئاشکرا بکرێن، ڕاستی و درۆ خۆیان دەبیننەوە لە هەماهەنگی ئەو پەیوەندیانەی هەن، لە نێوان هزرەکان یان بوونی واقیعی و کەرستەی واقیع یان هەماهەنگ نەبوونیان. عەقڵ دوو لایەن دەگرێتەوە: لایەنی شرۆڤەیی، پەیوەندییە پێویستەکان ئاشکرا دەکات، و لایەنی پێکهاتەیی، هەڵدەستێت بە توێژینەوەی کاروباەکانی واقیع. دەکرێ بەم وتەیە لێی تێبگەین: دوو بەهرە هەن لە کرداری عەقڵیماندا پشتیان پێدەبەستین: عەقڵی ئەزموونی، لە زمانی هیۆمدا عەقڵی هەڵهێنجان، عەقڵی بەڵگەیی، بەهۆی عەقڵی ئەزموونی لە هەندێك ڕووداودا هەندێك ئەنجام

هەڵدەهێنجرێن، کە پەوەستن بە ڕووداوی ترەوە، هێشتا تێبینی کردنی لەبار نییە، بەهۆی عەقڵی بەڵگەیی پەیوەندی پێویستی نێوان هزرەکان ئاشکرا دەکەین". بڕوانە: د. محمد فتحي الشنيطي: "فلسفة هيوم بين الشك والاعتقاد"، ص ١٧٣، مكتبة القاهرة الحديثة، القاهرة، ١٩٥٦.

٣٣- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 216.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

ورابجع أيضا: د. إبراهيم مصطفى إبراهيم: " المصدر السابق نفسه"، ص ٣٤٠.

٣٤- د. محمد علي أبو ريان: الفلسفة الحديثة، ص ٢١٦، دار النهضة العربية، ١٩٧٦. وانظر حول "التعاطف" عند هيوم:

David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, .p. 171

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٣٥- د. زكي نجيب محمود: ديفد هيوم، ص ١٤٤.

٣٦- جيل دولوز: المصدر السابق نفسه، ص ٥، و ص ٢٧.

٣٧- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی "ئێرل شافتسبری"، بڕوانە پێگەی مەعریفەی ئەلیکترۆنی www.marefa.org ئەو چۆنیەتیە نازانم کە هیۆم بەگوێرەی ئەو دەقی کتێبی ڕینیە دیکارتی خوێندۆتەوە "هەوا و هەوەسەکانی ڕۆح" یان "هەوا و هەوەسەکانی دەروون" یان "هەڵچونەکانی دەروون"، کە بە زمانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٦٤٩ ساڵێك پێش مردنی دیکارت دەرچوو، بەتایبەت دەقی ئەم کتێبە، لەو ساڵەدا وەرگێڕدرابوە سەر زمانی ئینگلیزی، کە دیکارت تیایدا مرد؟ بەڵام شایەنی ئاماچەپێدانە هیۆم لە پاریس ژیا، لە ساڵانی ١٧٣٤ – ١٧٣٧، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەوانەیە دەقی ئەم کتێبی

دیکارتی خوێندبێتەوە یان ئاگاداری ناوەڕۆکەکەی بووبێ، بە دڵنیایەوە ڕاجیا بووە لەگەڵیدا لە ڕووی تێڕوانین و پەیڕەوەوە، دیکارتی عەقڵگەرا، بانگەوازی کردووە بۆ جڵەوگیرکردنی سەرکێشی ئارەزووەکان بەویستێکی مرۆیی بەعەقڵیی کراو، بەڵام هەوڵی نەدا بایەخ و گرنگی ئارەزووەکان لە ژیانی مرۆڤدا ڕەت بکاتەوە، بەڵکو دەبینین بە تێروتەسەلی قسە دەکات لەبارەی زۆرێك لە هەوا و ئارەزووەکان، لە کتێبی ناوبراوبدا. لە کاتێکدا هیۆمی ئەزموونگەرا، هەوا و هەوەس و هەڵچوونەکانی کردە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ حوکمە ئەخلاقییەکان، سۆزی بە سەرچاوەیەکی ناوەندی دانا بۆ ئەخلاق.

٣٨- چەمکی "Moral sentiment" دوو جار لە کتێبی "لێکۆڵینەوەك لە بیری مرۆییدا" هاتووە، لا ١٣٣، لا ١٣٦. لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا لە لا ٧٢، لا ٧٤ هاتووە. دکتۆر موسا وەهبە بە "هەستی ئەخلاقی" جارێك و "هەستەکانی ئەخلاقی" جارێکی تر وەریدەگرێێت. بەپێی ناوکۆی دەقەکە کە تیایدا هاتووە. بڕوانە: د. موسا وەهبە، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٨، لا ١٤١. بەڵام دکتۆر محمەممەد مەحجوب ئەوا بە هەستکردنی ئەخلاقی وەریگێڕاوە.

David Hume, An Enquiry Human Understanding, pp 72 and □□, Peter Millikan, Oxford University press Inc, New York, □□□□

٣٩- David Hume, An Enquiry Human Understanding, p. □□□. VOL 3, p. 215.

٤٠- David Hume, An Enquiry Human Understanding, VOL 3, p. □□□.

٤١- ئەو هەڵهێنجانانەی باسکران لەم بڕگەیەدا وەرگیراون لە کتێبی د. زەکی نجیب مەحمود: "دێڤید هیۆم"، ص ١٤٤ - ١٤٧".

٤٢- د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٢٩.

٤٣- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 227.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٤٤- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 148.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

وانظر أيضا: د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٣٦.

٤٥- د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٢٩. (بتصرف).

٤٦- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 191.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٤٧- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 204.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٤٨- David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. 204.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٤٩- د. زكي نجيب محمود: المصدر السابق نفسه، ص ١٣١. وحول حالة وجدان الحب والكره، وحالة مشاعر العنف على سبيل المثال، انظر هيوم:

David Hume, Treatise of Human Nature, Book II: The Passions, p. □□□.

(نسخة إلكترونية/ ٢٠٠٨).

٥٠- د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١.

٥١- د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١.

٥٢- نقلا عن د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣٥.

٥٣- د. زكي نجيب محمود: "المصدر السابق نفسه"، ص ١٣١، "بتصريف".

٥٤- David Hume, An Enquiry Human Understanding, p. □□□.

نقلا عن: د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٤.

٥٥- د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٨ – ٦٩.

٥٦- د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٥.

٥٧- د. محمود سيد أحمد: "المصدر السابق نفسه"، ص ٦٧.

# ئەخلاق لای جۆن دیوی

زروقی سامر، جەزائیر.

پێشەکی:

فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی، بایەخی بە دوو پرسیاری سەرەکی داوە، دەیتوانین چی بزانین؟ دەتوانین چی بکەین؟

پرسیاری یەکەم، بایەخی داوە بە کێشە زانستیەکان و ئەو پرسانەی دەوروژێنرێن و ئەوەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە، لە جیهانی دەرەکی، کۆتایی دێت بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی فەلسەفی کە بنەما و بنچینە گشتییەکان دیاری بکات، ئەو کەلێنانە تەواو بکات، کە هەڵوێستی زانستی دەیانوروژێنێ، هەڵوێستی زانستی تێبپەڕێنی لە شێوەی تێڕوانینی میتافیزیکی گشتگیر، لە پرسیاری دووەمدا هزری مرۆیی هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی ڕێبازێکی ئەخلاقی و گوێزرانەوە لە ڕامانی پوخت بۆ کار لە میانەی ئەوەی پێیگەیشتووە لە بارەی گەردوون و مرۆڤ، هەروەك چۆن هەر فەلسەفەیەك تێڕوانینێکی تایبەتی دیاریکراوی ڕەوای هەیە، ئەوا ڕێبازە ئەخلاقیەکان قۆناغی خۆیان هەیە، کە ڕەگدانەوەی ئاڕاستەی گشتی عەقڵی مرۆییە، ئەگەر فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی سێ تێڕوانینی ناسیبێ، کە ئەمانەن: تێڕوانینێکی نموونەگەرای خودی، نموونەگەرای بابەتی، تێڕوانینێکی سروشتی واقیعی، کە داندەنێ بە بوونی ڕاستەقینەی ڕووکەشەکەکان، ئەخلاق سێ ئاڕاستەی ناسیوە، لە چارەسەرکردنی کێشە ئەخلاقییەکان:

یەکەم: ئاڕاستەی باڵا، چ عەلمانی یان ئاینی بێ، پێی وایە ئەخلاق پێویستی بەوە نییە یەکێك دروستی بکات و دایبهێنێ، چونکە پێش بوونی خۆی کەوتووەتە، لەسەر هزر پێویستە بیدۆزێتەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای پشتبەستوو بە بنەمای گشتی سەربەخۆ و جیا لە کەسی بیرمەند، یاخود دەستکردی خوایە.

دووەم: ئاڕاستەیەکی سروشتی، ئەخلاق بە زانست دەبەستێتەوە، بە پشت بەستن بە پەیوەندی نێوان گەشەی عەقڵ و گەشەی ئەخلاق، لەوەتەی لە کۆنەوە سۆکراتی بانگەوازی بۆ کردووە، تا بیرمەندانی سەدەی نۆزدەمیش، فیکتۆر هۆگۆ و جگە لەوانیش، ئەم دروشمەی گرتەبەر: (کردنەوەیەی قوتابخانەیەك، واتە داخستنی بەندیخانەیەك)، چەندین هەوڵدران بۆ دروستکردنی تیۆرێکی ئەخلاقی زانستی، لەوانە ئەوەی پشت دەبەستێت بە زانستی میتافیزیکی

(تۆماس هۆبز) یان تیۆرێکی مرۆیی، پشت ببەستێت بە دەروونزانی لای (دێڤید هیۆم، هیلفیسیوس و جۆن ستیوارت میل) یاخود زانستی زیندەوەرزانی لەلای (هربارت سبینسر)، فەلسەفەی براگماتیەت بە سەرکردایەتی (ولیام جەیمس) و فەیلەسوف (جۆن دیوی) بە تێگەیشتنێکی نوێوە هات، دواتر مارکسییەت هات، ئەم سێ هەلۆێستانەی کۆکردەوە، قوتابخانەی کۆمەلایەتیش زیادکرا لەلایەن (ئۆغست کونت و ئیمیل دورکایم).

سێیەم: ئاڕاستەی سێیەم جەخت دەکاتەوە لەسەر کارایی ئەخلاق و پەیوەندیەکەی بە پالنەرە دەروونیەکان و سۆزداریەکان، واتە بەیەکەوە بەستنەوەی هەستی مرۆیی و ویژدانی ئەخلاقی، واتە بەیەکەوە بەستنەوەی ویژدانی ئەخلاقی بە زانستی دەروونزانیەوە، بێ ئەوەی سەیری ئەم زانستە بکرێ وەك بنەمایەك، هەروەك ئاڕاستەی سروشتی وا بۆی چۆووە، بەلام وەك بەلگەیەك وایلێهات هەستی ئەخلاقی بووە شتێکی ناخی، دوای ئەوەی ملکەچی سیستەمێکی بالای بەرز بوو.

### ١- ئەخلاق و پێگەکەی لە فەلسەفەی جۆن دیویدا:

لە سەرەتاوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، هیچ کێشەیەك نییە فرە بۆچوونی و سەختی دەورەی دابێ، وەك چۆن لە کێشەی ئەخلاقدا بەدیدەکرێت. پرسی ئەخلاقی هاتووە و ڕۆیشتووە لە نێوان ئەخلاقی تیۆری، کە ئەخلاقی فەلسەفەیە، لەگەل زانستی کۆمەلناسی ئەخلاقی. دەبینین بانگەوازی ئەخلاقی، ڕەگ و ڕیشە قولەکانی درێژ دەبنەوە بۆ کەلەپوری کۆنی ڕۆژهەلات، بەلام لە واقیعدا لە فەلسەفەکانی یۆنانیدا دەرکەوتن وەك پرسێکی پوختی هەلسوکەوتی، پشت دەبەستێت بە بنەمای کرداری، ئەمەش پالی بە سۆکراتەوە نا چاکە بە زانست دابنێ، خراپەش بە نەزانی دابنێ. لە دوای ئەمە ڕەوتەکانی بیرکردنەوەی ئەخلاقی فرە جۆربوونە، کە بۆ پرسی ئەخلاقی

چەندین چارەسەری جیاوازی دانا، جارێکیان لە ڕوانینی پوختی عەقڵیەوە دەردەچێ، جارێکی تر لە بیرکردنەوەی ئەزموونی ڕووتەوە. ئەوەندە هەیە هەموویان دەرناچن لەوەی درێژبووەوە و گوزارشتێك بن لە فەلسەفەی خاوەنەکانیان. لە نێو تایبەتمەندییە مەزنەکانی بوونی مرۆیی، دانانی مرۆڤە بە بوونەوەرێکی ئەخلاقی، لە ناخیدا هێزێکی شاراوە هەڵدەگرێت، ئەویش هەستی ئەخلاقی یان ویژدانە، کە بڕیار لەسەر کردارەکانی مرۆیی دەکات، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی شایەنیەتی لە بەها ئەخلاقییەکان. مرۆ ئەم ئەزموونە ئەخلاقیە و ئەم حەزەی بەرەو خێر بە کرداری ناسیوە، لەوەتەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، بەمەش دەستی کرد بە دەرکردنی بڕیاری هەڵسەنگێنەرانە لەسەر هەڵسوکەوتەکەی، هەڵسوکەوتی کەسانی تریش، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ مرۆڤ پێویستی و پاڵنەری ئەندامی هەیە، هەوڵی تێرکردنیان دەدات، نموونەی ئەو لەمەدا وەك بوونەوەرەکانی ترە، بەڵام لە هەر هەموو ئەم بوونەوەرانەش جیاوازە، بەوەی تاکە بوونەوەرە دەتوانێ چاودێری پاڵنەرەکانی بکات و حەزەکانی بەرز بکاتەوە. لێرەوە تەنها خۆی شایستەی ئەوە بوو ناوی لێبنرێ "بوونەوەری ئەخلاقی"، چونکە هەوڵ دەدات سیستەمی بەهای ئەخلاقی دابنێ، لە جێگای سیستەمی پێویستی بایلۆژی، هەردەم هەوڵ دەدات لەسەرووی خودی خۆی بێ، کامڵی دەخوازێ.

### أ- ئەخلاق لە ئاماژەی زمانەوانی و زاراوەییدا:

ئەخلاق لە زمانەوانیدا، کۆی (خلق)ە، ئەویش نەریت و خوو، سروشت و پیاوەتی و ئاینە[1]. وێنەی ناخ و دەروونی مرۆڤە، ئەمە دەروون و سیفەت و واتا تایبەتەکانە بەو. لە قورئانی پیرۆزدا خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ دەفەرمووێت"وإنك لعلى خلق عظيم"[2]، واتە: (بەڕاستی تۆ ئەی پێغەمبەر "درود و سڵاوی خوای لێبێ" لەسەر ڕەوشت و ئەخلاقێکی بەرز و مەزنیت). فەرموودە

---

(١) ابن منظور: لسان العرب مجلد ٤، دار إحياة التراث العربي بيروت، لبنان ط ١٩٨٨، ص ١٩٤.

(٢) القرآن الكريم: سورة القلم، الآية ٤.

پیرۆزەکانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دووبارە بوونەتەوە لە بارەی ستایشی ڕەوشتبەرزی، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەفەرموویێت: "من ڕەوانەکراوم، تا ڕەوشتە بەرزەکان تەواو بکەم"، هەروەها فەرموویەتی: "ئەو بڕوادارە ئیمانەکەی کامڵترە کە چاکترین ڕەوشتی هەبێ". وشەی ئەخلاق بەکاردێنێ بۆ گشت ئەو کردارانەی دەرچووینە لە دەروونەوە، چاك یان خراپ بێ، دەڵێین فلان کەس ڕەوشتی باشە یان ڕەوشتی خراپە، زانست یان دانایی ناودەبرێ بە زانستی هەڵسوکەوت یان فەلسەفەی ئەخلاقی کرداری یان سروشتی.

بەڵام ئەخلاق بە مانای زاراوەیی، کۆمەڵێك بنەمای پێوەرییە، ئەو بنەما هەڵسوکەوتیانەن پێویستە پیادە بکرێ، هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە گوێرەی ئەو بڕوات. بەڵام فەیلەسوفەکان کۆك نین لەسەر ئەم تێڕوانینی وەسفییە بۆ ئەخلاق، دیکارت لە کتێبەکەیدا "مقالة الطريقة" جیاوازی کردووە لە نێوان ئەخلاقی بنیاتنراو لەسەر بنەمای فەلسەفی، لەگەڵ ئەخلاقی کاتی، کە هەندێك یاسای کرداری لەخۆی دەگرێ، کە گونجاوە بۆ ژیان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.

لە هەمان چوارچێوەدا، دەبینین لیفی برویل ١٨٥٧ - ١٩٣٩ لە کتێبەکە "الأخلاق وعلم العادات الخلقية"، بانگەوازی کردووە بۆ پێویستی جیاوازی کردن لە نێوان ئەخلای تیۆری و ئەخلاقی کرداری، پێی وایە "پێشکەوتنی ئەخلاقی، مانای پێشکەوتنی تیۆرە ئەخلاقییەکان نییە، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ڕێك و تەبابوونی هەڵسوکەوتی کرداری لەگەڵ بنچینەکانی ئەخلاق لە ژیانێکی مرۆیی باشتردا"[1]. بەڵام دیوی لە چوارچێوەی ڕێبازە براگماتیەکی، بە زمانی ئەنجام لە ئەخلاق دەگات، واتە جۆرەکانی ئەو کردارانەی لە ئەخلاقەوە سەرچاوە دەگرن، بێ ئەوەی هیچ تێڕوانینێکی ڕوونی هەبێ لەلایەنی دەروونیەوە، بە مانی زانستی دەروونزانی، بۆیە پێناسەی ئەخلاقمان بۆ دەکات لە کتێبەکەیدا "مبادئ الأخلاق في التربية" بەم وتەیەی: (ئەخلاق بە مانا

---

[1] صليبا: جميل المعجم الفلسفي، ج ١ – دار الكتاب اللبناني، بيروت ١٩٨٢ ص ٥٠.

گشتیەکەی واتە هێزی کارای کۆمەڵایەتی، لێهاتوویی ڕێکخراوی ئەرکی کۆمەڵایەتی)[1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەخلاقی کرداری مەشقدانی پاڵنەر و حەزە بەرایییەکانی سروشتین، کە وایلێهاتووە ڕێکخراون لە شێوەی کۆمەڵە نەریتێك، وەك ئامرازن بۆ کاری پشت پێبەستراو، لە واقیعدا پەیوەندی نێوان بنەما کرداریەکان و ئەخلاقی تیۆری تا ئاستێکی زۆر تۆکمەیە. جا ئەگەر ئەخلاقی کرداری خۆی ببینێتەوە لەو بنەمایانەی، کردارە مرۆییەکان لەسەری بەرپابوونە، تا چاك بن. ئەوا ئەخلاقی تیۆری یان فەلسەفەی ئەخلاقی، بایەخ دەدات بە ڕوون کردنەوەی بنچینە یان ئەو بنەمایانەی ئەم بنچینانە لەسەری بەرپا دەبن، هەروەها وێنەکێشانی نموونەی باڵا بۆ هەڵسوکەوتی مرۆیی، وەك چۆن پێویستە.

لێرەوە دەبێ بگەین بەو وتەیەی دانایی ئەخلاقی، خاڵی بەیەکگەیشتنی تیۆر و کردارە، هەروەك ناکرێ فەلسەفەی ئەخلاقی، تەنها ڕوانینی عەقڵی بێ، ئامانجی دیاریکردنی ناوەڕۆکی خێر و شەڕ بێت، بەڵکو دەبێ بنەما کرداریەکان دیاری بکەن، هەروەك ئەرکی بە ئاگا هێنانەوەی هەستکردن بە بەها لەلای خەڵك و کارکردن پێیان لە ئەستۆ دەگرێ، دانانی ئەم بەهایانە بە جوڵێنەری هەڵسوکەوتی مرۆیی، بەشداریکار لە پەروەردەی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی[2].

### ب- ئاماژەی بەهای گشتی و بەهای ئەخلاقی بە سیفەتی تایبەت:

چەمکی "بەها" لە بنەڕەتدا ئاماژەیەکی ئابووریە، بەها لە ئابووریدا دوو جۆرە، بەهای بەکارهێنان، بەهای ئاڵوگۆڕی، ئاو و هەوا دوو بەهای بەکارهێنانن، زێڕ بەهایەکی بەکارهێنانی سنووردارە، بەڵام بەهایە ئاڵوگۆڕیەکەی زۆر مەزنە لە ئابووریدا. ئەگەر بەهای ئابووری سروشتێکی

---

(1) ديوي جون: المبادئ الأخلاقية في الرتبية، ترجمة عبدالفتاح السيد هلال، مراجعة أحمد فؤاد الأهواني الدار المصرية للتأليف والترجة ط ١٩٦٦ ص ٥٤.

(2) زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، مكتبة مصر، الطبعة الثانية، ١٩٧٥، ص ٥٩.

ماددی هەبیّ، ئەوا بەهای ئەخلاقی سروشتێکی مەعنەوی هەیە، چونکە ئەنجامی بڕیارێکی ئەندازەگیری یان پێوەرییە، ئەمە وێنەی نموونەییە، کە پێویستە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەسەری بیّ، وەفاداری و بەخشندەیی و خۆڕاگری و ئەمینداری، بریتین لە بەهای ئەخلاقی ئەرێنی شایستەی ڕێز و داواکردنن، پێویستە مرۆڤ خۆی پێیان برازێنێتەوە، چونکە گوزارشت لە بەرزی و بڵندی مرۆڤ دەکات، بەڵام گزکردن و چرنوکی و دزی بەهای ئەخلاقی نەرێنین، گوزارشت لە داڕمانی مرۆڤ دەکەن، دواتر خۆ لیّ دوورگرتنیان پێویستە، ئەمە ئەوە دەگەیەنیّ بەهای ئەرێنی دەچێتە نێو چوار چێووی خێردا، بەڵام بەها نەرێنیەکان دەچنە ناو بازنەی شەڕ و خراپەدا، واتە بەهای ئەخلاقی پشت بەم دوو بنەمایە دەبەستیّ: بنەمای خێر، بنەمای شەڕ، بەوپێیەی هەر دووکیان سیفەتی لەناکاوی کردارەکانی مرۆڤن، ناکریّ هەمووی هەر خێر یان هەمووی هەر خراپ بیّ.

کتێبی "المنطق نظرية البحث" تیۆری بەهای لەخۆگرتووە، کە دیوی لە فەلسەفەکەیدا باسی کردوە، دیوی لە تیۆرەکەیدا (ئەکسیولوژیەت) بەهای (لە ئاراستەیەکدا دانەناوە، کارێکی مەزن بیگرێتەوە، وەك چۆن وایکردووە لە کتێبەکەیدا "المنطق"، ئەم توێژینەوەیە بەلایەنی کەم چەند خاڵێکی سەرەکیمان پێدەبەخشیّ، بەهۆی هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەها، بەوەی چەمکی گرنگ بەکاردێنیّ وەك "شتی شایستە" دەڵێت: "ئێمە وشەی بەها بەشێوەیەکی پیتاوپیتی بەکاردێنین، بۆ ئەوەی بەهای شتێك و شتێکی شایستە دیاری بکەین... بەو مانایەی شتێکی بەهادارە، دیاری کردنی بەها بەمانای دانانی بەها بۆ شێك یان دیاری کردنی سەمگ و بەهایەکەی. دیوی پێناسەی "بەها" دەکات بەوەی "ئەو شتە چاکانەن کە لە کرداری هۆشیارانە بەرهەم دێن"، ویلیام جەمیس هەمان ئاراستەی گرتووە، لە وتارەکەیدا "فەیلەسوف ئەخلاقی و ژیانی ئەخلاقی" دەڵێت: (بە سادەیی ناوەڕۆکی خێر، ناوەڕۆکێکە بۆ تێرکردنی پێویستیەك[1])، بۆمان دەردەکەویّ کە بەها لای دیوی دوو مانای هەیە: مانای یەکەم دەوەستێتە سەر ئەندازەگیری شت یان دانانی بەوەی شیاوی

---

(1) إبراهيم مصطفى إبراهيم، نقد المذاهب المعاصرة، دار الوء لدنيا الطباعة والنشر والتوزيع، الإسكندرية، ط ١، ٢٠٠٠، ص ١٥٨.

بایەخ پێدانە وەك خۆی، واتە لە پێناو خۆیدا، ناو لەمە دەنێین ئەزموونی تەواو. مانای دووەم، "لەسەر کاری هزری تایبەتمەند دادەمەزرێ، واتە کاری هاوسەنگی و بڕیاردان، واتە دادەمزرێ لەسەر دانانی بەهایەك بۆی"[1]، کەواتە بەها دوو لایەنی هەیە: لایەنێکیان بابەتی و ئەویتریان خودییە. یەکەمیان واتە بوونی شتەکە بەوەی خاوەن نرخێکە، وشەی "بایەخدان" لە داتاشرانیدا واتە "بوونی ڕوون" کە ئەم مانایە دەدات بە دەستەوە. لایەنی لاتینی دووەم واتە هەستکردن بە بەهای شتێك و شایستەبوونی، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی هەست و سۆزیدا"[2]، بەگشتی بەهای ئەخلاقی بریتییە لە خاسیەتی تایبەتمەند بۆ کرداری ئەخلاقی کە هانی لەبارەی دەدەین، لە هەڵسوکەوتەکەماندا هەیە، هاودەمی کارەکەمانە، گوزارشت لە داواکاری بەردەوام و کاتیەکانمان دەکا، نا مادديیە، لەوانەیە لە بەرگێکدا دەربکەوێ کە هانی لەبارەوە بدەین، یان ئامانجێك حەز لە بەدەستهێنانی بکەین، یاخود هاوسەنگیەك هەوڵی دەستخستنی بدەین، ئەمە باڵترین بەهایە، چونکە بە خودی خۆی ئامانجە، لە گشت بەهاکانی تر بەرزترە، بە بەهایە هزری و ئەخلاقییەکانیشەوە، کە ئەم پێگە بەرزەیان نییە، مەگەر ئاڕاستەیەکی ئەخلاقی وەربگرێ، خەڵکی لە یەکترەوە نزیك بخاتەوە، تا ئەو خێر و چاکەیان بۆ بەرپا بکات، کە هەوڵی بۆ دەدەن. بەم شێوەیە ئەخلاقی فەلسەفی بریتی نییە لە پۆلە فەرمانێك یان ئامۆژگاریەك و بەس، بەڵکو پێکهاتەیەکی پەیڕەوییە، واتە تەلارێکی لۆژیکییە، یەکەم جار تێڕوانینی تیۆری مرۆڤ لەخۆی دەگرێ، بۆ مرۆڤ و جیهان، دووەمیان بنەمایەکی بنەڕەتی، بەگوێرەی ئەو بڕیار دەدات لەسەر چەشنە جیاوازەکانی هەڵسوکەوتەکەی، لە دۆخە جیاوازەکانی ژیاندا. بەمەش دەتوانین ئەخلاق بە پولێك بنەمای تیۆری و بنچینەی ئەخلاقی دابنێین، کە پێویستە مرۆڤ پەیڕەویان بکات، تا بەگوێرەی سروشتەکەی بژیت.

---

(1) ديوي جون، الديمقراطية والتربية، ص ٢٥٩.

(2) دوي جون، المبادئ الأخلاقية في التربية، مرجع سابق، ص ٧٧.

## ٢- سروشتی بەهای ئەخلاقی و هەڵوێستی جۆن دیوی بەرامبەری:

پرسی بەها، پێگەیەکی گرنگ دادەگرێ، لە هزری فەلسەفی و هزری ئەخلاقیدا، هەروەك بایەخێکی زۆری پێدەدرێ لەلایەن زانایان و پیاوانی ئاینی و پەروەردەکار و سەرجەم خەڵکەوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی بیرۆکەی بەها و حوکمەکانی، یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوەیە.

ئەگەرچی توێژینەوە زانستییە ڕاستەقینەکان بۆ بنچینەکانی بەها، دەستی کرد بە چالاکبوون لەوەتەی سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم. ئەوا مێژووی لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەی بەها، لە کۆنەوە لە فەلسەفەکانی یۆنانەوە گەڵاڵە بووە، کە پێی وابووە بەهای ڕاست و خێر و جوانی بەهای بێ سەرەتا و هەمیشەیین، بە ناوی خێر، خێری باڵا و کامڵ ئاماژەیان پێداوە.

لەبەر ئەمە توێژینەوەکان جۆراو جۆرن، هزرەکان دژیەك بوون و هەڵوێستەکان دژبەریان تێکەوت لەبارەیەوە، ڕاجیایی سەرەکی چەقی بەست لە دەوری سروشتی بەهای ئەخلاقی، ئایا بوونی بابەتی ڕەهای هەیە، دووەمیان گشتیرە یان ڕێژەییە، بەپێی ڕەزامەندی تاکێکی دیاریکراو یان بە چاکدانانی یاخود خودییە؟ لە دوای ئەمە توێژینەوە درێژەی کێشا لەبارەی بنچینەی ئەم بەهایە. هەر هەوڵێکی فەلسەفی هەوڵ بۆ توێژینەوە بدات لە بواری ئەخلاقدا، خۆی لەبەرامبەر گەورەترین کێشەکاندا دەبینێتەوە، لە مێژووی پرسی ئەخلاقیدا، ئەوەی پەیوەستە بە بنەمای ئەخلاقەوە، ئەم کێشەیە ئەوەیە: ئایا سروشتی خێر و شەڕ چییە؟ ئایا بوونێکی بابەتی ڕاهایان هەیە، دواتر گشتییە، یان ڕێژەیی و خودیی، بەپێی ڕەزامەندی تاکێکی دیاریکراو یان بە چاکدانانەکەی؟ بە گوزارشتێکی تر ئایا ئەوان لە سروشتی خوین یان ڕاستیەکی بابەتین؟ ئایا هەڵوێستی دیوی لە هەمبەریدا چییە؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵوێستی فەیلەسوفەکان لە ڕاڤەکردنیدا جیاواز بوو، هەیان گێڕاندوویەتیەوە بۆ سروشتی خودی مرۆڤ، هەشیانە بۆ سروشتی بابەتی گێڕاندوویەتیەوە.

## أ- هەڵوێستی دیوی لە بەرامبەر ئەم کێشە ئەخلاقیەدا:

جۆن دیوی وەك نەریتی خۆی، هێرش دەکاتە سەر ئەو فەیلەسوفانەی، بە جیاوازی ڕێباز و ڕەوتەکانیان، سنوورێکی جیاکەرەوە دادەنێن لە نێوان لایەنی خودی و لایەنی بابەتی، ڕەخنەیان لێدەگرێت، بانگەوازیش دەکات بۆ یەکخستنیان، بەشێوەیەك کە هەموو جۆرەکانی پچڕانی گومان لێکراو و هزرەکان لابچن، کە عەقڵ وەك هێزێك یان دەسەڵاتێکی بەرز دادەنێن. (خاڵی بەهێزی لە پەنابردن بۆ ناوبژیوانی کردنی بنەما چەسپاوەکانی سەرووی ئەوەی بەردەستی ئەزموونە، هەروەها بۆ بیروباوەڕی دۆگماتی بڕاوە، شیاوی لێکۆڵینەوە نییە، وتن و پشت بەستن بە یاسای پێشینە و پێوانەکردنی ڕاستی پێی، چەند پێوانەیەکی تری پێشینە ئەخلاقی پێ بپێوین، لە جیاتی پشت بەستن بە بەرهەمەکان و ئەو ئەنجامانەی دروێنەیان دەکەیان لە میانەی ئەزموون، ئەمە بیرۆکەیەکی بەرتەسك بوو لەبارەی ئەزموون، وەك چۆن فەیلەسوفە ئەزموونگەراکان وێنایان کرد و لەباوەشیان گرت و کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی کرد)[1]، لە بڕوای ئەودا دانان بە ئەخلاقێکی بابەتی (ڕەها) سەردەکێشێ بۆ بنیاتنانی ئەخلاقی نموونەیی باڵای دوور لە واقیع، ئەمە هۆدار دەکات بەوەی وست کە لەلایەنی کرداری نەریتیەوە گوزارشتی لێدەکرێ، نەریتەکانیش پەیوەندیەکی تۆکمەیان بە ژینگەیەك لە ژینگەکانەوە هەیە، ژینگە فرە جۆرن. بۆیە جۆن دیوی جەخت دەکاتەوە (کێشەکەمان ئەوەیە بزانین مانای بابەتی بوون چییە، لەسەر بنچینەی سروشتی، ئەخلاق چۆن بابەتی دەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەبێ، ئەو کاتە دەتوانین بڕیار بدەین، لە چ قەیرانێك لە قەیرانەکانی ئەزمووندا ئەخلاق بە ڕاستی پشت دەبەستێت بە کەسایەتی یان خود، واتە چۆن دەبێتە خودی)[2]، هەروەك وتنی ئەوەی "ئەخلاق خودییە، خودی ئێمە بە دابڕاوی دەهێڵێتەوە، بێ هیچ پاڵپشتێکی بابەتی، واتە سروشتی بابەتی لێی دەسەنێتەوە، دەیکاتە

---

(1) ديوي جون: تجديد في السفلسفة، ترجمة أمين مرسي قنديل و زكي نجيب محمود، القاهرة، مكتبة الأنجلو مصرية، بدون تاريخ، ص ٥٧.

(2) ديوي جون: الطبيعة البشرية والسلوك الإنساني، ترجمة محمد لبيب النجيحي، ص ٦٥.

دیلی حەزەکانی مرۆڤ. ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە بە نموونەیەك لە ژیان، خۆی دەبینێتەوە لە نەریتی خواردن، کە خۆی دەبینێتەوە لە یەکخستنی پەیوەندی بوونەوەری زیندوو لەگەڵ سروشتدا، سەرباری ئەمە ئەم نەریتە دەچێتە نێو ناکۆکیەك لەگەڵ نەریتەکانی تر، کە بەهەمان شێوە ئەوانیش بابەتی دەبن"[1]، مرۆڤی برسی درك بەوە ناکات خۆراك شتێکی چاکە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە بەهۆی یارمەتی بارودۆخی ژینگەیی بتوانێ، پیادەی خۆراك خواردن بکات، بەوپێیەی شتێکی چاکە، لێرەدا خۆراك دەبێتە شتێکی خودی و کەسی، بەڵام بەردەوام پێش دەکەوێ، لە بارودۆخی بابەتی نوێدا، چونکە هەوڵ بۆ گۆڕانی ژینگە دەدات[2]" دیوی ڕەخنە لە پیاوانی ئەخلاق دەگرێ، کاتێك ئەخلاقیان جیاکردەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە جیاکردنەوەی نێوان لە بیروباوەڕی ئەودا، سەریکێشابێ بۆ بیرۆکەیەکی هەڵە لە گۆڕەپانی ئەخلاقی، دەرەنجامەکەیشی دابڕینی خود بووە لە ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی، دابڕینی کەسایەتی لە هەڵسوکەوت، دابڕینی پاڵنەرەکان لە کردارە ڕاستەقینەکان. چاکە و خراپەکان لە شتە خودیەکانی تاك نین، بەڵکو چەند جۆرێکن لە گونجانی واقیعی لە نێوان تواناکانی تاك و هێزەکانی ژینگەی دەوروبەر، بەگوێرەی گوزارشتی دیوی (تەنها چەند جۆرێکن لە کارلێکی نێوان ئەو ڕەگەزانەی بەشدار دەبن لە پێکهێنانی گشتی بۆ تاك، لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی تر، جیهانی دەرەکی فەراهەمیان دەکات)، لێرەوە دیوی بوونی خێر و چاکەی ڕەها، یان خراپە و شەڕی ڕەها ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو چەند هەڵوێستێك هەن تایبەتمەندن بە چاکە یان پێی تایبەتمەند نین، لە میانەی کردارەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەبن. ئەو دەرەنجامانەی پێی دەگەین، ئەوەیە وتنی ئەوەی بەهاکان خودین، ئەوا بوونەکەی ڕەت دەکاتەوە، چونکە تەنها بوونێکی ڕێژەیی و خەیاڵی و لەناوچووی پێدەبەخشێ. هەروەك وتنی ئەوەی بەهاکان بابەتین، ئێمە لە بەهاکان جیا دەکاتەوە و لێکمان دوور دەخاتەوە،

---

(1) المصدر نفسه، ص ٣.

(2) كانت إيمانويل: تأسيس ميتافيزقا الأخلاق، ترجمة عبالغفار مكاوي مراجعة عبدالرحمن بدوي، القاهرة، مصر، ط ١٩٦٥، ص ١٩.

ئەوەی لە ڕاستی نزیکترە کە دەبێ بیلێین ئەوەیە ، بەهاکان هەم بابەتی و هەم خودین لە هەمان کاتدا. گەوهەر بەبێ گومان خاوەن چەندین خەسڵەتی سروشتیە، "پاکی و ڕەقی و تۆکمەیی و درەوشانەوەی هەیە"، خێر یان ڕاستی خاوەن خاسیەت یان بەهای خودین... بەڵام ناکرێ دەربکەوێ و بدرەوشێتەوە، ئەگەر مرۆڤ داوای نەکات و هەوڵی بۆ نەدات... بەها و بەهای ئەخلاقی ئەگەر بەخودی خۆیان بابەتی بن، هەردەم مرۆڤ بەرەو بەرزی ببەن، ئەوا مرۆڤە وادەکات ڕاستی بەها لە ناخیدا بدرەوشێتەوە، بۆیە بۆ خودی خۆی داوای دەکات. هەر چیەك بێ، ئەوا بەر هە دۆخێك لە دۆخەکان مرۆڤ ناتوانێ پشت لە بەهاکان بکات، چ سەرچاوەیەك بێ بۆی یان هەوڵی بۆ بدات. چونکە ژیانی ئەو تەنها بەو ڕاست و ڕێك دەبێ، بوونی ئەو هیچ مانای نابێ بەبێ ئەو مرۆڤەی لێی تێدەگات و کاری پێدەکات لە پێناو بەرجەستەکردنی، بەم پێیە بەها ئەخلاقییەکان بە پێکهاتەی بوون و ڕاگر و ئامانجەکەی دەمێنێتەوە، سەرباری ئەو سەختیانەی دێنەبەردەم توێژەران.

## ب- دیارترین تێڕوانینە فەلسەفییەکان لەبارەی بنچینەی بەهای ئەخلاقی و هەڵوێستی دیوی لە بەرامبەریدا:

لەبەر ئەوەی چەقی توێژینەوەکان لەبارەی مانای "ئەخلاق" و پێگەکەیەتی لە فەلسەفی جۆن دیویدا، ئەوا زۆر سەختە لەسەر ئاماژەی ڕاستەقینەی ئەم ئەخلاقە و ئەوەی فەیلەسوفەکەمان بۆی زیاد کردووە بوەستین، تەنها بە شوێنکەوتنی دیارترین تێڕوانینە فەلسەفییەکان نەبێ، کە ئەم لایەنە توێژینەوە و شرۆڤەم بۆ کردووە، بەتایبەت ئەوەی دیوی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی لە بەرامبەریدا هەبووە. ئەمە بە تێڕوانینی ئێمە بە خاڵی هەنگاونان دادەنرێ بۆ تێگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی ئەخلاق و کارابوونی لە فەلسەفە گشتیەکەیدا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینانەی ڕابردوو، هەوڵ دەدەین بە جۆری ئامراز یان سەرچاوەکان ئاشنا ببین، کە بەهۆیەوە خێر دەناسین، ئایا بۆ هەمووان دەکرێ خێر یان شەڕ دیاری بکەن،

یاخود عەقڵی تاك دەستەبەری ئەمە دەكات، یاخود خێر و شەڕ تەنها مرۆڤ بەخودی خۆی ئاشنایان دەبێ، یاخود سەرچاوەكەیان هێزێكی تری جیایە؟ ئایا هەڵوێستی دیوی لەبەرامبەر هەموو ئەمانە چییە؟

١- تیۆری ئەخلاق لەلای دیوی:

فەیلەسوفەكانی بەدرێژایی مێژوو، ڕاجیان لەبارەی ڕاڤەی سەرچاوەی بەهای ئەخلاقی، لای مرۆڤ و دیاریكردنی بنچینەكانی، هەیانە گێڕاویەتیەوە بۆ چێژ و سوود، هەشیانە بۆ عەقڵ و ئەویتریان بۆ كۆمەڵگە گێڕاویەتیەوە، تیایاندایە بۆ شتی تری گێڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی ئاشنای تێڕوانینی دیوی و بۆچوونەكەی ببین لەم بابەتەدا، پێویستە ئەم ئاڕاستانە بخەینەڕوو، ئەگەر بەكورتیش بێ. گومان لەوەدا نییە فرە جۆری ئاڕاستە فەلسەفییەكان لەبارەی دیاریكردنی سەرچاوەكانی زانینی خێر، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی گشت ئاڕاستەكان لەبەرامبەر تیۆری زانین و مەعریفە و ئامراز و ڕێبازەكانی. هەر لەمەوە دەكرێ ئەو ئاڕاستانە دابەش بكەین، كە چارەی ئەم پرسەیان كردووە لە بواری ئەخلاقدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١ تێڕوانینی عەقڵی:**

بانگخوازانی ئاڕاستەی عەقڵی بۆچوونیان وایە، سەرچاوەی بەهای ئەخلاقی، خۆی دەبینێتەوە لە دەسەڵاتی عەقڵدا، عەقڵ ئەو ئامرازەیە، مرۆڤ بەهۆیەوە خێر لە شەڕ جیا دەكاتەوە، بە پشت بەستن بەم جیاوازییە، بڕیار لەسەر كردارە ئەخلاقییەكان دەكات، فەرمانمان بە چاكە پێدەكات، ڕێگریمان لێدەكات لە خراپە، عەقڵە یاسا جیاوازەكان دادەنێ، بنەما ئەخلاقیەكان دادەڕێژێ كە گشتگیر و هەمەلایەنن، واتە كات و شوێن تێدەپەڕێنن، ئەم ئاڕاستەیە چەند بانگخوازێكی بەخۆیەوە بینی، لە نێو فەیلەسوفەكانی كۆنی یۆناندا، وای كرد

"هیرقلیتس" بلێت: (نیشانەی کاری چاك، ملکەچبوونیەتی بۆ یاسای عەقڵ، نیشانەی کاری خراپیش دژبوونیەتی لەگەڵ ئەم یاسایە، سۆکراتیش بەم ئاڕاستەدا ڕۆیشت، کە ئەخلاقی بۆ عەقڵ گێڕایەوە، بەمەش چاکە بووە زانست و خراپە بووە نەزانی. سۆکرات لەم بارەوە دەڵێت: مرۆڤ خراپە ناکات، ئەگەر بزانێ ئەمە خراپەیە. هەر لەم ئاڕاستەیە عەقڵیەدا ڕا و بۆچوونەکانی "ئەفلاتۆنی" قۆتابی ئەو هاتن، لەلای ناوبراو ئەوپەڕی چاکە یان بەختەوەری مرۆڤ بەوە دەستەبەر دەبێ، هەوا و هەوەسەکان ملکەچ بکرێن بۆ قەمچی عەقڵ، عەقڵیش مرۆڤ پابەند دەکات بە شوێنکەوتنی چاکە و خۆدوورگرتن لە خراپە)[1]، بەڵام گەورەترین نوێنەرانی ئاڕاستەی عەقڵی لە بواری فەلسەفەدا ئیمانویل کانتە (١٨٠٤ – ١٧٢٤) پێی وایە عەقڵ کۆڵەگەی پابەندی ئەخلاقییە، چونکە یاسای گشتییە، لە ناخی دەروونی مرۆییدایە، یاسای گشتگیرە، سروشتی مرۆیی لە گشت کات و شوێنێکدا ملکەچی دەبێ. دیارکردنی عەقڵ سەرەتا لە ویستی چاکەوە دەبێ، کە کار دەکات بەپێی ئەرك و واجب بە خودی خۆی، بێ چاوەڕوان کردنی پاداشتێکی خوازراو، لە پاڵ ئەم کارە چاکە، واتە پەیوەست نییە بە پاڵنەر یان ئامانجەکانەوە، دواتر ویستی خێر دەبێتە چاکەی باڵا کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات سەرەتا لە کردارە ئەخلاقیەکەیەوە، کانت دەڵێت: (لە گشت ئەوەی دەکرێ ئەندێشە بکرێ لەم جیهانە و لە دەرەوەی ئەم جیهانەشدا، بەشێوەیەکی گشتی شتێك نییە بە چاکە دابنرێ بەبێ سنوور و کۆت و بەند، تەنها ویستی چاکە نەبێ)[2]، تاکە شتە دەکرێ بە خودی خۆی بە چاکە دابنرێ، بێ کۆت و مەرج، چونکە چاکیەکەی لەو مەبەستانەوە وەرناگرێ کە بەدەستیان دەخات، یان ئەو ئامانجانەی کاریان لە پێناودا دەکات، بەڵکو لە ناخی خودی خۆی وەردەگرێت، بەوپێیەی مەرجێکی پێویستە بۆ هەر کارێکی ئەخلاقی. بەڵام ئەگەر ویستی چاکە، چاکیەکەی وەرنەگرێ لەوەی بەدەستی دەخات، ئەوا چاکیەکەی

---

(١) اللبان إبراهيم، الطويل في مشكلات الفلسفية ١٩٥٤ = ص ٢٧.

(٢) كانط، إمانويل: تأسيس ميتافيزيقا الأخلاق، ترجمة عبدالعفار المكاوي، المرجع السابق، ص ١٩ – ٢٠.

له کوێوە بەدەست دەخات؟ بەگوێرەی کانت لە ناخی نیازەکەی وەردەگرێ، ئەو مەرجەی پێویستە لە ویستدا بێتەجێ ئەوا ئەرك و پابەندییە، کە کانت بەکاریهێنا لە میانەی شرۆڤەکەی بۆ ویژدان یاخود هەستی ئەخلاقی. لێرەوە ویستی چاکە لە خودی خۆیدا ئەوەیە کە تەنها یاسای ئەرك و پابەندی هەیە، هەروەك کانت دەڵێت: (ئەو کردارەی بەگوێرەی ئەرك و پابەندی ئەنجام دەدرێ، بەها ئەخلاقییەکەی وەردەگرێ لەوەی ئەنجامدانەکەی پێویست دەکات نەوەك لە ئامانجەکەی، بەڵکو لەو یاسایەی دەیسەپێنێ بەپێی ئەمە، کەواتە پشت نابەستێت بە واقیعی بابەتی کردارەکە، بەڵکو تەنها لەسەر بنەمای ویست)[1]، ئەمە پابەندیەکی ناخییە، لەسەر خۆمان دەسەپێنین، مادەم ئێمە ئازادین، ئەوا وەك یاسایەکی گشتی تایبەتە بەمرۆڤی ژیر، کانت دەڵێت): کار بکە، بەشێوەیەك لە تواناتدا بێ، کردارەکەت بکەیتە یاسایەکی گشتی بۆ سروشت)[2]، یاسا ئەخلاقییەکان بۆ ویست لە شێوەی فەرمانەکان دەردەکەون، کانت ناوی دەنێ یاساکانی عەقڵی کرداری، تێکدەگیرێ لەگەڵ حەز و هەڵچون و بەرژەوەندییە جیاوازەکانمان، لە دەرەنجامی ئەمەدا یاساکان لەگەڵمان دەدوێن بە شێوەزاری فەرمان یان ئەو گەورەیەی پابەندمان دەکات بە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی، کانت جیاوازی لە نێوان دوو جۆری فەرماندا دەکات: فەرمانی مەرجدار و ڕەها. فەرمانی مەرجداری کۆت و بەندکراو، ملکەچی ئەو یاسایەیە کە دەڵێت: (ئەوەی ئامانجەکانی بوێ، ئەوا ئامرازەکانیشی دەوێ)[3]، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێ فەرمانە مەرجدارەکان، پابەندمان دەکەن بە شوێنکەوتنی ئامرازە پێویستەکان، بۆ گەیشتنە ئامانجە خوازراوەکان، ئەمە نا ئەخلاقییە، چونکە بەستراوەتەوە بە ئامانج و سودەکانەوە. وەك ئەم وتەیەمان کە دەڵێین ڕاستگۆبە، تا بەختەوەر بیت. سەبارەت بە فەرمانە ڕەهاکان: بەهیچ مەرجێکەوە نەبەستراونەتەوە، داوای

---

(١) المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠،

(٢) المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠.

(٣) المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠.

ڕاپەڕاندنی ئەرك و پابەندی دەكات، بێ ڕەچاوكردنی دەرەنجامەكان، وەك ئەوەی پێت بڵێم: هەردەم ڕاستگۆبە، ئا لێرەوە وتەی ڕاست نابێتە ئامراز بۆ دەستخستنی شتێك، ئەم شتە هەر چییەك بێت، بەڵكو تەنها هەڵسوكەوتێكی پاك دەبێ، تیایدا پابەند دەبین بە بنەما و بنچینەكانی ڕاستی، ئەم فەرمانانە ویست بە ئەرك و پابەندیەوە دەبەستنەوە بە سەربەخۆییەكەی تەواو لە هەر دۆخێكی دەرەكی، لەم بارەوە كانت دەڵێت: (ئەو كردارەی خاوەن خەسڵەتی خێری ئەخلاقیە، ئەوا كردارێكی تەواو پاكە، وەك ئەوەی لە خودی ئاسمانەوە دابەزیبێ)[1]، فەرمانی ڕەها بەم مانایە، ئەوەیە ئامانجەكەی لە خودی خۆیدا هەڵگرتووە. لەبەر ئەمە كرداری ئەخلاقی لای "كانت" هیچ بەهایەكی ئەخلاقی نییە، مەگەر لە عەقڵی كرداریەوە دەربچێ. كانت ئەخلاقی بەرزكردۆتەوە بۆ پلەی نموونەگەرایی پوخت و دوور لە سروشتی مرۆیی و ئەو كۆمەڵگەیەی دەستێكی بەرزی هەیە لە پێكهێنانی ئەخلاق و دیاری كردنی بنچینەكانی، سۆزی لە ئەخلاقدا سڕیەوە، بەمەش سەرپێچی سەلمێنراوە دەروونیەكان دەكات، كە سەلمێنراوە مرۆڤ خاوەنی سۆزە وەك چۆن عەقڵی هەیە، زۆر جار كاری چاك ئەنجام دەدەین، بە پاڵنەری سۆز.

## ١‌٢ تێڕوانینی ئەزموونی:

ئاڕاستەی ئەزموونی دەستی پێكرد، لە تێڕوانینە سوودگەراكەی، لەسەر دەستی "دیموقریتس"، لە میانەی "سۆفستائی" و "ئەبیقۆریەت"ی پێشینەكانی یۆناندا ڕۆیشت، تا گەیشتە لوتكەی خۆی لەلای نوێخوازان لە سەدەی نۆزدەمدا، بەتایبەت لەسەردەستی هۆبز "١٥٨٨ – ١٦٧٩ ز"، هاوەڵانی ڕێبازی سوودگەرایی جرمی بنتام "١٧٤٨ – ١٨٣٢ز" و میل "١٨٠٦ – ١٨٧٣ز" و هاوەڵانی ئەخلاقی كۆمەڵایەتی وەك "ئۆگست كۆنت"ی

(1) المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠.

دەستکردگەرا، هربرت سبنسری (١٨٢٠ – ١٩٠٣) گەشەسەندنگەرا، ئەم ڕێبازە ئاماژە بەو تیۆرە فەلسەفیە دەدات کە دەڵێت: هەموو جۆرەکانی زانین و مەعریفە، لە ئەزموونەوە وەرگیراون، یان ئەزموون بنچینەیەکی پێویستە بۆ شارەزابوونمان لە گشت ئەمانەدا. ئاشنابوونمان بە هەڵە و ڕاستی، خێر و شەڕ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون، لە میانەیدا خەڵك جۆرێك لە هەڵسوکەوت دەگرێتەبەر، کە چێژ و سوود و بەختەوەریان دابین دەکات. کرداری ئەخلاقی لەلای ئەم ئاڕاستەیە، بەهاکەی وەردەگرێ لە دەرەنجامەکانی ئەو کردارەی خۆی دەبینێتەوە لە سوودی کەسی تایبەتدا، یان لە سوودی گشتیدا، واتە کرداری ئەخلاقی نابێتە چاك و خێر، تەنها ئەو کاتە نەبێ زۆرترین چێژ یان بەختەوەری دەستەبەر بکات. ئەمەی دوایی ئەوپەڕی چاکەیە کە لەبەر خودی خۆی خوازراوە. لێرەدا جەخت دەکەینەوە، لەسەر دوو فەیلەسوف، لە فەیلەسوفەکانی ئەخلاقی سوودگەرا، وەك نموونەیەك بۆ ئاڕاستەی ئەزموونی، ئەوانیش بریتین لە: "جیرمی بنتام" و "جون ستیوارت میل". فەیلەسوفی ئینگلیزی "جیرمی بنتام تیۆرێکی بۆ چاکە دامەزراند، لەسەر بنچینەیەکی هەستی ئەزموونی، بە ڕای ئەو ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ ئەزموون، بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە تاکە شت هەموو خەڵك حەزی لێ بکەن، بریتییە لە بەختەوەری، شتەکانی تر جگە لەو، تەنها حەز لێکراون لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجە. لەلای "بنتام" مرۆڤ بە سروشت خۆویستە، هەردەم هەوڵی گەیشتن دەدات بە سوودێکی تایبەت، سوودیش تەنها بنەمایەکی ئەخلاقییە، کە داخوازی دەستەبەرکردنی زۆرترین ڕێژەی بەختەوەری گونجاوە. (سروشتی مرۆیی، بەو حەز و ئارەزووانەی تێیدایە، هەڵسوکەوتی ئەخلاقی ئاڕاستە دەکات، نەك ئەرك و پابەندی)[1]. هەروەها دەڵێت: (سروشت ئادەمیزادی داناوەتە ژێر دەسەڵاتی دوو بنەما، ئەوانیش چێش و

---

[1] توفيق الطويل: فلسفة الأخلاق نشأتها وتطورها، دار الثقافة والتوزيع، القاهرة، ط/ ١٩٨٥، ص ٢١٨.

ئێشن، جڵەومان بەدەست ئەم دوانەیە، لە هەر شتێکدا دەیکەین، دەیڵێین، لە هەر شتێکدا کە بیری لێدەکەینەوە)[1].

لەلایەنی ئەخلاقیەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە واقیعی بێ، زیرەکی خۆی بەکاربهێنێ، بە توانایەکی زۆر بۆ لێکدانەوەی سوودەکەی، پێش ئەوەی بە هیچ کارێك هەڵبستێت، تا سودێکی زیاتر و بەختەوەریەکی مەزنتر بەدەستبخات. بنتام پێی وایە چێژ تاکە چاکەیە، ئێش تاکە خراپەیە لە ژیانی مرۆڤدا، تەلاری ئەخلاقی بنیاتنا لەسەر ئەوەی ناوی دەنێت "چێژەکان" دانایی لەلای ئەو تەنها کارێکی ژمێرکارییە، ژیانی خۆمان تیایدا ڕێکدەخەین، بەشێوەیەك تەرازووی چێژ و ئێشەکان زیادەیەك لە چێژەکان دەستەبەر بکات، ئەگەر بەهای چێژ بە لاوازی یان بەهێزیەکەی، یاخود بە درێژی ماوەکەی و پاکیەکەی بپێورێت، ئەوا گرنگترین هۆکارەکانی کارتێکەر لە ئەژمارکردنی چێژدا بەڕای ئەو بریتییە لە پاڵنەری "درێژبوونەوە"، ئەم خاسیەتە ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە دەکرێ چێژ یان سوود یان بەختەوەری بگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر، هەر چەندە ئەمەش پرسێکی تاکە کەسییە، هەر بۆیە وشەی بە سوودی، وەك بنتام دەڵێت ئەوەی دەگەیاند: (گونجاوی هەر شتێك بۆ بەرهەمهێنانی سوود یان چێژ یاخود بەختەوەری بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو)[2].

لەم وتەیە ئەوە هەڵدەهێنجین، بنتام چێژ و سوودی بەستۆتەوە بە کەسی ترەوە، مەبەستی لەمە ئەوە بووە، سوودی کەسی بێ چەند و چون بۆ ئەوانی تریش دەگوازرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سوودی تایبەت، بنچینەی سوودی گشتییە، بەڵام ئەوەندە هەیە جۆن ستیوارت میل، ئەگەرچی کۆك و تەبابێ لەگەڵ مامۆستا و دۆستەکەی "بنتام"، لە بنچینەکانی ڕێبازی سوودگەراییدا، بەڵام لەگەڵیدا جیاواز بووە لە پرسی پێشخستنی سوودی

---

1) المرجع نفسه، ص ٢١٨.

2) المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠.

تايبەتی بەپێش سوودی گشتیدا، ڕاست لە بۆچوونەکەیدا ئەوەیە نیشانەکە پێچەوانە بکەینەوە و بەرایی و بایەخ بە بەرژەوەندی گشتی بدەن لە پێش بەرژەوەندی تایبەتیدا، لایەنی کۆمەڵ هەڵبژێرین بەسەر لایەنی تاکە کەسیدا، کاتێك هەر تێکگیرانێك ڕوودەدات لە نێوانیاندا، چونکە سروشت بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتییە، بەمەش بەختەوەری دەستەبەر دەبێ بۆ تاك و کۆمەڵ بە یەکەوە، میل دەڵێت: (بنچینە و بنەمای هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، ئەوە پێویست دەکات ئەوە بکەین لە پێناو کەسانی تردا، کە حەزمان لێیە ئەوان بیکەن لە پێناوماندا)[1]، ڕوون دەبێتەوە ڕێبازی سوودی گشتی لەلای "میل" دان دەنێ بە بنەمای قوربانیدان، کاتێك پێی وایە پێوەری چاکە بریتی نییە لە دەستەبەرکردنی بەختەوەری تاکی کارادا، بەڵکو دەستەبەرکردنی گەورەترین سوود یان بەختەوەریە کە بۆ کۆمەڵ بگەڕێتەوە، ئەگەر خاوەنانی ڕێبازی سوودگەرا بیانەوێ خۆیان دووربگرن لە کەم و کورتیەکانی ڕێبازی فەلسەفی عەقڵی، کە پشت دەبەستێت بە پێوەری وێنەیی پوخت، بەمەش پاڵنەرەکانی کرداری مرۆییان ئاشکرا کرد، لە سروشتی مرۆڤدا، شوێن چێژ و ئێشیان لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا دیاری کرد.

بەڵام ئەوان مانای "ئەخلاق" و "سوود"یان یەکخست، ژیانی ئەخلاقیان بۆ خشویستنی خود گێڕایەوە، لەگەڵ ئەو جۆرانەی سوود کە لەوانەیە تووشی بکەرەکە و ئەوانی تریش ببێ. بەڵام واقیع پێمان دەڵێت: زۆر جار مرۆڤ دەستەوەسانە لە دەرخستنی ئەوەی بەسوودە بۆ خودی خۆی، ئەی چۆن هەردەم بەو شتە دەزانێ کە سوودی بۆ ئەوانی تر دەبێ؟ گومان لەوەدا نییە، چێژ یان بەختەوەری ڕەگەزێکی پێویستە، بۆ بەرپابوونی ژیانی ئەخلاقی، بەڵام ئەوەندە هەیە دانانی چێژ بە ئامانجی ژیان و پێوەری بەها ئەخلاقییەکان، تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەو ئەزموونەی بۆمانی دووپات کردۆتەوە کە مرۆڤ زۆر جار خۆی لە چێژ لادەدا و ئێش قبوڵ دەکات، لە پێناو بنەمایەك یان بەهایەك، بۆ نموونە مرۆڤ مردنی لە پێناو نیشتمان پێ

---

[1] المرجع نفسه، ص ١٩ – ٢٠.

پەسەندترە، هەروەك بەرژەوەندی و سوودەکانی خەڵك جیاوازن لە واقیعدا، چونکە ئەوەی بۆ فڵان کەسە بەسوودە، لەوانەیە بۆ کەسێکی تر زیانبەخش بێ، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین بنچینەی سوودگەرایی بۆ ئەخلاق، سەردەکێشێ بۆ بەکدادانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە، سەربارى ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، سەرباری ئەمە بەستنەوەی ئەخلاق بە چێژ و سوود، بەهای ئەخلاق نزم دەکاتەوە تا ئاستی هەوەس و ئارەزووەکان، ڕەتکردنەوەی هەر ڕەچاوکردنێك و بایەخێکی عەقڵێ.

## ٣-١ تێڕوانینی کۆمەڵناسی:

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە، بەتایبەت ئەوانەی سەریان بە قوتابخانەی کۆمەڵناسییە، بۆچوونیان وایە بەها ئەخلاقییەکان دەستکردی کۆمەڵگەن، ئیمیل دورکایم (١٩١٧ – ١٨٥٨) جەخت لەمە دەکاتەوە، ناوبراو پێی وایە پابەندی ئەخلاقی[1]، لەلایەن عەقڵەوە ناسەپێنرێ، وەك چۆن کانت پێی وایە، ویژدانیش نایسەپێنێ، وەك چۆن ڕۆسۆ بۆچوونی وایە، بەڵکو لە کرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە دروست دەبێ، هەروەها لە دەرەنجامی ئەو ئەزموونەیان کە ڕێگەیان پیشان دەدات بۆ جیاکاری کردن لە نێوان هەڵسوکەوتی بەسوود و هەڵسوکەوتی زیانبەخش"[2].

---

(1) پابەندی ئەخلاقی: هەستێکی دەروونیە، لەسەرمان پێویست دەکات کارێك بکەین، خۆم لە کارێکی تر دوور بگرم، ئەمەیە ناوی دەنێین "هەستکردن بە ئەرك" یان "ئەرکداری"، لالاند پێناسەی دەکات بەوەی (خاسیەتێکە وا لە تاکی مرۆیی دەکات، بڕیاری پێوەری هەڕەمەکی و ڕاستەوخۆ بدات لەسەر بەها ئەخلاقییەکان، بۆ هەندێك کاری تاکەکەسی دیاریکراو). المعجم الفلسفي، ترجمة خليل أحمد خليل منشورات عويدات، بيروت، باريس، ط ١٩٩٦/ ١.

(2) إمام عبدالفتاح إمام، محاضرات في فلسفة الأخلاق، دار الثقافة للطباعة والنشر بالقاهرة، مصر ١٩٧٤، ص ٢١.

دواتر هەستکردن بە پابەندی، پەیدابووی ئەو فشارەیە، کۆمەڵ پیادەی دەکات لەسەر تاك، بەم مانایە کۆمەڵگە بەهایەکی بەرز دەستدەخات، بە ناچاری و بەردەوامی لەسەر تاکەکان و دەروونەکانیان پیادە دەکات، ئەو فەرمان و ڕێگری یاخود هەستکردنانە بە ڕەزامەندی یان پەشیمانیانەی لەخۆی دەگرێ، تەنها ڕەنگدانەوەی ویژدانی کۆمەڵی زاڵە بەسەر هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە دورکایم دەڵێت: (ئەگەر ویژدان تیاماندا قسە بکات، ئەوا کۆمەڵگەیە قسە دەکات)، هەروەها دەڵێت: (کۆمەڵگە تەنها دەسەڵاتێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو گشت بەڵگەکان جەخت دەکەنەوە لەوەی کۆمەڵگە نموونە و سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەخلاقییە، دەبێ ئەخلاقی تاك هەمان ئەو ئەخلاقە بێ، کە کۆمەڵگە داوای دەکات، کەواتە ئەو کردارەی کۆمەڵگە دانی پێدانانێ بەوەی ئەخلاقییە، هەر جۆرە کردارێك بێ، ئەوا ناکرێ بکەرەکەی هیچ جۆرە شکۆ و دەسەڵاتێك بەدەست بخات)[1]، بەهەمان شێوە شوێنکەوتووانی ڕێبازی پەرەسەندن پێیان وایە ژیانی ئەخلاقی ملکەچی گەشەی بەردوام یان نەپچڕاوە، لە دروستبوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتانەی ڕەگەزی مرۆیی بەدەستی خستووە بە ئەزموون. هربرت سپنسەر پێی وایە تاك لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا پابەندی ئەخلاقی لای مرۆڤ دروست کردووە. ئەوپەڕی ئامانج ئەخلاق لای پەرەسەندنگەراکان، دادەمەزرێ لەسەر بەشداری لە خێراکردنی گەشە، کە گونجانی تاك لەگەڵ ژینگەکەی فەراهەم دەکات، ژیانی ئەخلاقی دەمانبات بەرەو نموونەیەکی باڵاتر، هەماهەنگی فەراهەم دەکات لە نێوان داواکانی تاك و کۆمەڵ. کەواتە بەهای ئەخلاقی لە تێڕوانینی فەیلەسوفە دەستکردگەراکان بەشێوەیەکی گشتی، لە بوونیدا جیاواز نییە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لیفی بریل "١٨٩٧ – ١٩٣٩" ئەم بۆچوونەی هەیە، پێی وایە: "ئەخلاق دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، یاسای خۆی هەیە، پێویستە زانستی ئەخلاق توێژینەوە بکات لە کردارەکانی مرۆڤایەتی و یاساکانی"، هەروەك لە واقیعدا تێبینی دەکرێ، لە تێڕوانینی ئەودا بەهاکان تەنها سیمایەکی دیمەنی

---

(1) محمد إسماعيل قباري، قضايا علم الأخلاق، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، ١٩٧٨، ص ٢٢١ – ٢٢٣.

کۆمەڵە، شوێنکەوتووی ڕابردوو و ئایین و زانست و هونەر و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیەتی لەگەڵ دەوروبەری و دۆخە ئابووریەکەی، بەم پێیە بەگوێرەی کۆمەڵەکان دەگۆڕێت، بەمەش نکۆڵی لەوە ناکەین مرۆڤ زۆربەی ئەرکە ئەخلاقییەکانی لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە هەڵدەهێنجێ کە تیایدا دەژیت، حوکم و بەها ئەخلاقییە هەڕەمەکییەکانی لە سەرەتادا پێچەوانەی ڕێنمای ژینگەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوەندە هەیە تیۆری کۆمەڵناسی زیادەڕەوی دەکات لە گێڕانەوەی ویژدانی ئەخلاقی تاك بۆ ویژدانی کۆمەڵ، ویژدانی کۆمەڵ تەنها پوختەی ویژدان و ویستە تاکە کەسییەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر جار دژیەکن، چونکە گێڕانەوەی پابەندی ئەخلاقی بۆ ناچاری یان زۆرەملێی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە کارایی تاك و ویستە هۆشمەندەکەی لە دیاریکردنی هەڵسوکەوتەکەی کەم بکاتەوە، بەوەی بوونەوەرێکی تایبەتمەندە بە عەقڵ و ویست، زاڵ دەبێ بەسەر هەر دەستپێشخەریەکی داهێنەر، پاڵ بە پێشکەوتنی ئەخلاقییەوە بنێ، تاك دەکاتە بوکەڵەیەك، کۆمەڵگە دەیجولێنێ، بەوەی تاك لە کۆمەڵدا فەنا دەبێ، قەوارەکەی دەتوێتەوە، هەروەك ئەمە دۆخی تاکە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، سەرباری ئەوەی ئەم زۆرەملێیە کۆمەڵایەتییە لەوانەیە ئەخلاق نزم بکاتەوە بۆ ئاستی داب و نەرتەکان. گومان لەوەدا نییە، ژیانی ئەخلاقی لە ناوەڕۆکەکەیدا ژیانێکی مرۆییە، دامەزراوە لەسەر کارلێك و کارگەری ئاڵوگۆڕ کراوی نێوان تاك و کۆمەڵگە، بێ ئەوەی لەمەدا دەستدرێژی هەبێ بۆ سەر سەربەخۆیی تاك، بەمەش پابەندی ئەخلاقی لە جوانترین شێوەیدا دەوەستێت، دیوی جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە.

### ٣- تیۆری ئەخلاق لای دیوی:

تیۆری ئەخلاق لای دیوی، جیاوازە لە تیۆرەکانی پێشووتر، هەروەك نەریتی خۆی، وەك ڕەخنەگر و بەرهەڵستکارێك هەڵوێست دەگرێ، بەرامبەر تیۆرە نەریتییەکان، کە هەوڵی ڕاڤەکردنی بنچینەی کرداری ئەخلاقی دەدەن، لەسەر یەك پێوەر، پشت دەبەستن

به جیاکردنەوەی چالاکی مرۆیی، هەندێکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕۆڵی ویست و ئامادەیی و پاڵنەر، بەوپێیەی تاکە شتی ئەخلاقییە، بەڵام گشت کردارەکانی تر ئەوا دەرەکین، چاکەی ئەخلاقی جیاوازە، لەگەڵ چاکەی کرداری، چونکە ئەمەی دوای نرخەکەی دەخەملێنێ لەیەر بنچینەی ئەنجامەکان، بەڵام چاکەی ئەخلاقی واتە ئەوەی بە چاکە ناسراوە کە خێری بەرایی ڕەسەنە، لە کاتێکدا هەندێك تیۆری دیکە جەخت دەکەنەوە لەسەر گەشەپێدانی دۆخەکانی هەست و بایەخ بە ئەنجامە کرداریەکانی هەڵسوکەوت نادەن، بکەرەکان لە هەر پێوەرێکی بابەتی دادەماڵن بۆ ڕاست یان هەڵە، بەجێیان دەهێڵێ بۆ حەز و هەوەسەکەیان. هەر دوو تیۆرەکە بەپێی بۆچوونی "دیوی" دژیەکن، بەدەست هەڵەی باوەوە دەناڵێنن، بەوەی هێزی کارای نەریت و تێکەڵبوون و کارلێکەکەی لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی تر فەرامۆش دەکەن، کە یەکێتی هەڵسوکەوت پێکدێنن. هەروەك ڕەخنەی لە "کانت" گرتووە و وتویەتی: (کانت، زیادەڕەوی کرد، کاتێك ئەنجامەکانی لە گۆڕەپانی بەهای ئەخلاقی دوورخستەوە، بەڵام لێزان بوو، کاتێك وتی کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە ئەندامی باش، لە توانایدا دەبێ پارێزگاری بکات لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئازادی و هاریکاری)(١)، دیوی پێی وایە فەراهەم بوونی ویست، شتێکی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کار، بەڵام جێگرەوەی خودی کار نییە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئامادەیی دروست، کاری دروست بەرهەم دێنێت، چونکە ئەمە چالاکییەکە شاردراوەیە، پێویستی بە هەلە، بۆ ئەوەی ببێتە ئاشکرا، بەبێ هاوونەی ئەم حەزە، ئامادەیی کەسی چاك، یان دەبێتە دووڕوویی یاخود خۆ فریودانێکی دەروونی. لێرەوە دیوی بە دوو ڕاستی، کە سەردەکێشن بۆ نوێکردنەوەی هەڵوێستی ئەخلاقی و پێناسەکردنی دەگات، یەکەمیان ئەنجامەکان بەهای ئەخلاقی کردار دیاری دەکەن، دووەمیان، بە پارێزەوە ئەم ئەنجامانە حەز و ئامادەیی دیاریان دەکەن، دەبینین دیوی

---

(١) ديوي جون، الطبيعة البشرية والسلوك الإنساني، ترجمة: النجيحي مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر القاهرة، ط ١٩٦٣، ص ٦٧.

حەز ناكات توانايەكی ڕەها بۆ ئامادەییەكانی چاك بگەڕێندرێتەوە، هەروەك حەز ناكات پێوەری ئەنجامەكان جێبەجێ بكرێ بێ خۆپارێزی، چونكە لە تێڕوانینی ئەودا ئەنجامەكان كاریگەری جیاوازیان هەیە لەسەر كەسایەتی، بۆ نموونە یاری قومار، لە ڕووی شوێنەوارە ڕاستەوخۆكانی و بەفیڕۆدانی كات و وزە، تێكچوونی لایەنی داراییەوە دەكرێ بڕیاری لەسەر بدەین، هەروەك دەتوانین لە ڕێگەی كاریگەری كردنی لە كەسایەتیدا بڕیاری لەسەر بدەین... پێی وایە بەكەمدانانێكی سروشتی هەیە بۆ ئەخلاقی پیاوی چاك، ئەوەی كە چاكەی خۆی دەرناخات لە ئەنجامی كردارە ئاساییەكانیدا. پایە و چاكەی ئەمینداری و داوێنپاكی و بەخشندەیی، كە بە جیاوازی دەژیەت لەو ئەنجامانەی بەخۆی خۆی خەرج دەكات، لەم بارەوە دەڵێت: (ئێمە پێویستمان بە توێژینەوە لێكۆڵینەوە هەیە، لە ئەنجامی توێژینەوەی ڕێك و پێك و بەدواداچوون بۆ كردنی بە بەردەوامی، پێش ئەوەی بكەوینە هەڵوێستێكەوە ڕێگەمان پێبدات بڕیار بدەین بە متمانەوە لەسەر چاكە و خراپە لە ئامادەیی یان ئەنجامدا)[1]، جیاكردنەوەی پاڵنەر لە هێزی كرداری بەرپرسە لەو دەردەداری و بێ كەڵكیەی تووشی چاكەی كرداری دەبێت[2]، بەم پێیە دیوی جەخت دەكاتەوە لەسەر پێویستی شرۆڤەكردنی كرداری ئەخلاقی و بڕیاردان لەسەری بەشێوەیەكی گشتگیر، بێ لەیەكتر جیاكردنەوەی بەشەكانی، لەمەدا پشت دەبەستێ بە توێژینەوەیەكی قوڵ لە دەروونزانیدا، دەڵێت): پێویستمان بە فەرامۆشكردنی درك پێكردنی ئاساییان نییە، كە هانمان دەدات لەسەر توێژینەوەی ئامادەیی لە سەرەتای بڕیاردان لەسەر كردارەكان، بەڵام پێویستی زۆرمان بە خۆ بەرچاوڕۆشنكردنەوە هەیە بە زانستی دەروونزانی لە كاتی ئەندازەگیری ئامادەیی و ئامرازدا... ناشتوانین ئەمە چارە

---

(1) المصدر نفسه، ص ٧٢.

(2) المصدر نفسه، ص ٦٩ – ٧٠.

بکەین، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە شرۆڤەی کار دەکەین لەبەر ڕۆشنایی نەریتەکان، نەریتەکانیش شرۆڤە دەکەین لەبەر تیشکی پەروەردە و ژینکە و کردەوەکانی پێشوو)[١].

هەروەك دیوی ڕەخنە دەگرێ لە هەڵوێستی ڕێبازی سوودگەرا، کە پێی وایە کار و ئەنجام ڕێك و تەبان، بەسوك سەیری پاڵنەری چەسپاو دەکەن، کە ئامادەییە، دەستدەگرێ بە ڕەگەزی چێژ و ئێش و جگە لەوانیش، دەرەنجامەکەی ئەوە بوو دووانەیی کەسی هێشتەوە، لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی بوونی جیهانێکی ژیرانە و نموونەیی و بەرز گریمانە دەکات، تیایدا نموونەی ئەخلاقی باڵای نەمری تیادا بێ. هەر بۆیە بڕیار لەسەر تیۆری سوودگەرایی دەدات، بەوەی تەنها ئەفسانەیەکە خۆیمانی پێی فریو دەدەین، نموونە ئەمە وەك تیۆری نموونەییە، هەر دوو تیۆرەکە لە واقیعدا نکۆڵی دەکەن لەوەی کات و گۆڕان زۆر بە توندی پەیوەستن بە ئەخلاقەوە، کات (هۆکاری ماوە) ناوەڕۆکی ناکۆکی ئەخلاقی پێکدێنێ، تیۆری هاوسەنگ بەڕاستی لە بیروباوەڕی ئەودا، ئەوەیە کە دەستدەگرێ بە گریمانەکانی ئاڕاستەوە، بیرکاری بۆ گۆڕەپانی ئەخلاقی ناگوازرێتەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی سوود وەرگرتن لە داب و نەریتەکان تا ئەوپەڕی گونجان، بۆیە تێڕوانینێکی تازەمان لەبارەی ئەخلاقەوە بۆ دەخاتەڕوو.

### ٤- بەرەو تێگەیشتنێکی تازە بۆ ئەخلاق:

دوو کەس، هەر چەندە ئاڕاستەیان جیاواز بێ، ئەوا ڕاجیا نین لەسەر ئەوەی، تیۆری گەشەی بایلۆژی یەکێك بووە لە گرنگترین و مەزنرین ئاڕاستە هزرییەکان، لە هەمووشیان کاریگەری زیاتر بووە لەسەر گشت هزر و تیۆرە فەلسەفییەکانی جۆن دیوی، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ وەرچەرخانی ناوبراو لە کانتگەرایی و هیگڵیەتی نموونەگەرای ڕەها، کە

---

(١) المصدر نفسه، ص ٧٤.

له فه‌لسه‌فه‌ به‌راییه‌که‌یدا كه‌وته‌ ژێر كاریگه‌ری ئه‌وان، بۆ سه‌ر واقیعیه‌ت "ئه‌زموونگه‌رایی" یان ئه‌گه‌ر گوزارشته‌كه‌ دروست بێ "براگمانیه‌تی گه‌شه‌سه‌ندوویی"، دیوی بایه‌خی ده‌دات به‌م جۆره‌ گه‌شه‌ زانستیانه‌ كه‌ له‌ سه‌ده‌ی نۆزده‌م و سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌مدا باوبووه‌، به‌تایبه‌ت زینده‌وه‌رزانی و ده‌روونزانی، به‌ ته‌واوی قه‌ناعه‌تی هات به‌وه‌ی پێویسته‌ زینده‌وه‌رزانی ببێته‌ بنچینه‌یه‌ك بۆ توێژینه‌وه‌ی فه‌لسه‌ڤ، ئه‌مه‌ش پاڵینا بۆ كۆچكردن له‌ بیركاری و لۆژیكی وێنه‌یی و میتافیزیكیا، وه‌ك بنچینه‌ك بۆ زانین و مه‌عریفه‌، دانانی زینده‌وه‌رزانی وه‌ك بنچینه‌، دواتر دیوی وه‌سفی فه‌لسه‌فه‌كه‌ی كردووه‌ به‌وه‌ی "فه‌لسه‌فه‌یه‌كی سروشتی خاوه‌ن ئاڕاسته‌یه‌كی گه‌شه‌سه‌ندی و كه‌لتورییه‌"[1]، سیماكانی به‌ ڕۆشنی ده‌دره‌وشێنه‌وه‌، له‌ میانه‌ی وته‌ فه‌لسه‌فییه‌كانی دیوی، وه‌ك وته‌ی ئه‌ندامی و ململانێ و ژینگه‌ و گه‌شه‌ و گونجان و ئه‌رك و ئامرازه‌كان... تاد، هه‌موو ئه‌م وتانه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا وه‌رگیراون وه‌ك جۆرج دیكهوزن ده‌ڵێت له‌ زانستی زینده‌وه‌رزانی داروینی[2] لێره‌وه‌ جۆن دیوی هه‌وڵیداوه‌ به‌شێوه‌یه‌كی تۆكمه‌ ئه‌و تێگه‌یشتن و هزرانه‌ پوخت بكاته‌وه‌ به‌شێوه‌یه‌كی په‌یڕه‌وی، كه‌ ڕێبازی په‌ره‌سه‌ندن له‌خۆی گرتووه‌، چونكه‌ ڕێبازه‌كه‌ ته‌نها مرۆڤ به‌ به‌شێك له‌ سروشت نازانێ، به‌ڵكو له‌ ئه‌نجامه‌كانی سروشتیشی ده‌زانێ. بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ ئاڵوگۆڕیه‌ی نێوان تیۆری په‌رسه‌ندن و ئه‌خلاقمان بۆ ڕوون ببێته‌وه‌، ده‌بێ هه‌ڵوێسته‌ بكه‌ین له‌سه‌ر دیارترین ئه‌و توێژینه‌وانه‌ یان ئه‌وه‌ی دیوی هه‌ندێك جار پێی ده‌ڵێت "به‌شداری بایلۆژی" له‌ ئه‌خلاقدا. له‌ ساڵی ١٨٨٦ دیوی وتارێكی به‌ناونیشانی ئه‌خلاق و زانست بڵاوكرده‌وه‌، تیایدا هێرشی كرده‌ سه‌ر پێشه‌نگه‌كانی ئه‌خلاقی فیزیكی كۆمه‌ڵایه‌تی، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌خلاقیان ته‌نها له‌سه‌ر زانستی فیزیكی بنیاتناوه‌ به‌ده‌ر له‌ زانسته‌كانی بایلۆژی و ئه‌وانی تر. له‌ ساڵی ١٨٩١

---

(١) M orton; White, pragmatism and American mind, p. 43

(٢) G eorge, Dykhuizen, j: Dewey."American philosopher and educator", p.3

دیوی دانراوە ناوبانگەکەی بڵاوکردەوە "تخوم النظرية النقدية" لەبارەی ئەخلاقی مرۆیی، کە ئامانجی جڵەوگیر کردنە، لە میانەیدا بایەخدانی داروینمان بۆ دەردەخات لە زیرەکی بەرهەستی کرداری مرۆیی لە هەر دوو لایەنی پەرەسەندنی و کۆمەڵایەتیەوە، لەبەرامبەر زاڵبوونی ئاراستەی نموونەگەرایی هیگڵی ڕەهای تایبەت بە عەقڵی گەردوونی، چەندین پلان و بەرنامە بۆ شت و بابەتەکان دادەنێ. لە ساڵی ١٨٩٤ دانراوێکی دیکەی دەرکەوت بە ناونیشانی "چەند توێژینەوەیەك لە ئەخلاقدا"، ئەمە وەك تۆوی ئاراستەی براگماتیەتی پەرەسەندوو بوو، ئەم توێژینەوەیە دەخولێتەوە بە دەوری ئەو بیرۆکەیەی ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە زیرەکی مرۆیی بریتییە لە نێوەندگیری لە نێوان پاڵنەرە تیۆریە تایبەتەکان و ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی، هەروەك پاڵی بە کرداری ئەخلاقیەوە نا لە کرداری گەردوونیدا، بەو مانایەی کۆمەڵگەی مرۆیی داناوەتە نێو سروشتدا.

لە ساڵی ١٩٠٢ دیوی وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "پەیڕەوی پەرەسەندن بە جێبەجێکراوی لەسەر ئەخلاق" تیایدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی پەرەسەندن بەجێبەجێکراوی لەسەر ئەخلاق، بریتییە لە ئامراز یان هۆیەك بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاڤە. ئەم پەیڕەوە بەهایە ڕۆحییەکان دەگرێتەوە، بەرچاوڕۆشنیمان پێدەدات سەبارەت بە کردار و بارودۆخەکانی ڕوودەدن لەبەر ئەخلاق. لە ساڵی ١٩٠٨ جۆن دیوی بە هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێیەکەی "جەیمس تافتس" دانراوە ناودارەکەی دەرکرد "داڕشتنەوەی گشت ئەخلاق"، هەموو هزرەکانی پێشووتری ئەوی تێدابوو. تیایدا تێبینی جێبەجێکردنی دەروازەی داروینی دەکەین لەسەر بواری ئەخلاقدا، دیوی جەخت لەسەر بنەمای بایلۆژی بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆیی دەکاتەوە[1]، دیوی بەم وتەیەی گوزارشتی لەمە کردووە: "چەندین جار دووپاتم کردۆتەوە، کلیلی هەر تیۆرێکی فەلسەفی لەبارەی

---

(1) sideny, Ranter. "the evolutaionary natura;ism of j. Dewey". Social research vol. 18 1951 . pp 437 - 39

ئەزموونەوە، بە پلەی یەکەم لە کرداری ئەرکەکانی ژیانەوە گەڵاڵە دەبن، لە ڕووی ئەم شتانەی ژیان لە میانەی بایلۆژی بۆمان دەخاتەڕوو"[1].

**٥- ناوەڕۆکی ئەخلاق و ڕۆڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنی:**

لە سەرەتادا ئەم پرسیارە دەخرێتەڕوو: ئایا سروشت و ئەرکی ئەخلاق لای دیوی چییە؟ چۆن کێشەی ئەخلاقی دروست دەبێت؟ لەسەرەتادا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەوەی فەلسەفەی ئەخلاق لای دیوی تەنها شرۆڤەیەك نییە بۆ خێر یان ئەرك و پابەندی، بەم وتەیە گوزارشت لەمە دەکات: (بنەما ئەخلاقییەکان فەرمان نین بۆ کار، یان بۆ خۆدوورگرتن لە کردار بەشێوەیەکی گریمانە کراو، بەڵکو ڕێگە یان ئامرازن، وا لە تاك دەکەن بتوانێ شرۆڤەیەك بۆ خۆی دابنێ، بۆ شێوەکانی چاکە و خراپە لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، کە خۆی وادەبینێ لە ناویدایە[2]، بەمەش ئەوە بەرپا دەبێ بابەتی ئەخلاق لای دیوی دەبێتە هەڵسوکەوتی خەڵك، ئامانجەکەی ئەوەیە – بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی بکەین لە نێوان هەڵسوکەوتی باش و هەڵسوکەوتی خراپ، لێرەوەی ئەرکی ئەخلاقمان بۆ دەردەکەوێ: ئەویش ئەوەیە تێبگەین لە سروشتی ئەم بوونەوەرە ئەندامییە بایلۆژیانە، کە لە کۆی هەڵسوکەوتەکانی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی لێ پێکدێت، ئەرکی دووەم ئەوەیە: تێبگەین لە جۆری هەڵوێستی کێشەکان، کە پاڵمان دەنێ بۆ ئەوەی جیاوازی بکەین لە نێوان هەڵسوکەوتی باش و هەڵسوکەوتی خراپ، هەر کاتێك بەم دوو ئەرکە هەڵساین، ئەوا بەمە لە دۆخێکدا دەبین، دەتوانین جیاکاری لە نێوان باش و

---

(١) Dewey, J, Exoerience, Knowledge, and, value" p. 530

(٢) Dewey, J and J: Tufts, Ethicsp 309

خراپدا بکەین"[1]، ئا بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ ئەخلاق لای دیوی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە گشت جۆرەکانی چالاکیەوە، کە دەچێتە نێو تواناکانی هەڵبژاردنەوە، چونکە ئەخلاق ناکرێ جیا ببێتەوە لە هەڵسوکەوتی مرۆیی، دواتر دەبێتە کردارێکی بەردەوامی هەمیشەیی، نەوەك دەستکەوتێکی چەسپاوی نەگۆڕ، بەم مانایە ئەخلاق هەر دوو لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە لەخۆدەگرێ. نە میتافیزیکە و نە بیرکاریشە، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە سروشتی مرۆڤایەتیەوە هەیە. ئەم سروشتە دەژیەت و کار دەکات لە ژینگەیەکدا، چونکە ئەخلاق مەیدانێکی جیاواز و دابڕاو نییە، بەڵکو زانین و ئاشنابوونێکی ماددی بایلۆژی مێژووییە، لە ناخی مرۆییدا دانراوە، بەوەی چالاکییەکانی مرۆڤ دەدرەوشێنێتەوە و ڕێنموونیان دەکات"[2]، ئەخلاق کۆمەڵایەتییە، چونکە بە شێوەیەکی توند پەیوەستە بە بارودۆخ و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی مرۆیی و دەرەنجامەکانی، یان بە مانایەکی تر کۆمەڵایەتییە، چونکە گوزەرانی چاك لە ناخی تاکدا لە نێوان ئەو و دەروونیدا کورت هەڵناهێنێ، بەڵکو پەیوەستە بە مرۆڤەوە، لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیەت، هەروەك بڕیاری ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، بریتییە لەو کارەی ژینگە لە ناخمان بەجێی دەهێڵێت. ئەمە کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی واقیعدا، نەوەك لە بازنەی ئەوەی پێویستە ببێ، هەر بۆیە دیوی پێی وایە مادەم ئەخلاقی دیوی گەشە دەکات، کۆمەڵایەتییە، دەبێ مانا و کردارە ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکەن لە گشت بارودۆخەکانی ژیانی مرۆیی"[3]. بیرۆکەی گەشە لای فەیلەسوفەکەمان بریتییە لە بیرۆکەی بایلۆژی بە

---

(١) تروتسکی لیون و دیوي جون: أخلاقهم وأخلاقنا، وجهتا النظر الماركسية والليبرالية في المثل الأخلاقية ترجمة سمير عبده، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت ١٩٨٥، ص ١٧.

(٢) جون ديوي: الطبيعة البشرية والسلوك. ترجمة محمد لبيب النجيحي، ص ١٦ – ١٧.

(٣) Dewey, J & j. tufts. Ethics p. 34

پلەی یەکەم، ئەمە ئاماژە و بایەخی خۆی هەیە، لە پێکهێنانی تێگەیشتن و ماناکەی لە بارەی بەها و ئەخلاق. لە وشەی گەشەوە ئامانجێکی داتاشی، بۆ ئامادەیی بارودۆخە پێشهاتووەکان بۆ ئەم گەشەیە بۆ توانای تاک(1). دیوی جەخت لەمە دەکاتەوە بەم وتەیە: "گەشە بە خودی خۆی ئامانجی ئەخلاقییە، بەمەش ژیانی ئەخلاقی دەپارێزرێ لە کەوتنە ناو ڕووکەشی و دووبارە بوونەوەی نەگۆڕ، دواتر ئەم کردارە خەسڵەتدارە بە زیندوێتی"(2). کرداری گەشە، کردارێکی نەپچڕاوە، بەمەش دەبێتە کرداری بەرزبوونەوە لە لایەنی جەستەیی و هزری و عەقڵیەوە. بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەم کردارە (گەشەیە) دەکرێ بمانگەیەنێ بە بیرۆکەی نموونەگەرایی لەبارەی خێر و بەهای ڕەهاوە؟ لەلای دیوی پێویست نییە، کرداری گەشە بگاتە لیستێکی تەواوی شێوەکانی خێر و بەهاکان، چونکە ناکرێ بیرۆکەی گەشە بەرجەستە بکرێ لە بیرۆکەیەکدا و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کرداری گەشە خەسڵەتدارە بە کارایی، بە بەڵگەی ئەوەی نموونەگەرایی لە بەدەستخستنی زانین و شارەزاییدا کۆتایی ڕێگە نییە، واتە ئامانج نییە، بەڵکو ئامراز و هۆکارن بۆ کرداری گەشە و بەردەوام بوونی. تەنها گەشە خێرە و تاکە ئامانجە، هیچ بوارێك نییە بۆ وتنی ئەوەی گەشە بەها یان هزری نموونەیی هەیە". مەبەست لە گەشە، چاکبون و پێشکەوتنە، هەر سیفەتێك پێی بوترێ چاکە، ئەوا بەگوێرەی ئەوە دەپێورێ کە سەری بۆ دەکێشێ لە چاك کردنی دۆخە ناهەموارەکان، کە خەڵك لە ئێستادا بەدەستیەوە دەناڵێنێ)(3)، بۆ نموونە تەندروستی بەوپێیەی مەبەستە نابێتە چاکە و ئامانج، بەڵکو خێر و چاکە بریتین لە چاکبوونی خوازراو لە تەندروستیدا، ئەمە کردارێکی لکاوی بەردەوامە. بەگوێرەی دیوی دوو قۆناغ هەن لە قۆناغەکانی گەشەی

---

(1) أميرة حلمي مطر: في فلسفة السياسية، ص ١٢٧.

(2) جون ديوي: تجديد في الفلسفة، ٢٧٨/ ٢٧٩.

(3) الأهواني: ديوي جون، مرجع سابق، ص ١٣٥.

ئەخلاقی، یەکەمیان ئەو ئەخلاقەی دەبێتە بنچینەیەك بۆ نەریتەکان، خاوەن سروشتێکی چەقبەستووە، گونجاو نییە بۆ گۆڕان، بەشێکی دژی بەشەکەی ترە، لەمەدا تاك ملکەچی دەسەلاتی کۆمەڵ دەبێ، کاریگەریەکەشی ملکەچە بۆ داب و نەریتەکانی، بەشێوەی نەستی، سروشتێکی ڕۆتینی بەسەریدا زاڵە، هیچ بوارێك بۆ بیرکردنەوە ناهێڵێتەوە، دەڵێت: (ئێمە لەگەڵ ئەواندا دەزانین ئەمە بەڵگەی بوونی ویژدانە، وەك ئەوەی مەجلیسێك لە ناخدا بەسترابێ، بۆ تاوتوێکردنی کردارە پێشنیاز کراوەکان، ئامانجەکان و بەچاك یان بە قێز لێبوونەوە، بەمەش ئەوە لە دەرەوەدا بوونی هەیە، دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی تۆکمەی دانراو لە دڵدا)[1]، بەگوێرەی دیوی ئەمە ڕاڤەی سەرهەڵدان و پێکهاتنی ویژدان دەکات، بەوەی سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، بەڵگەش لەسەر ئەمە کاریگەری نەریتە لەسەر هەڵسوکەوتی باو، شوێنەواری هەڵسوکەوت و نەریتی باو لەسەر هزر، وا دەکات ئەخلاق لە قۆناغێکەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی – ئەمە دووەمیانە کە پەیوەستە بە تاکەوە نەوەك کۆمەڵەوە، ئەمەوە ئەوەیە کە دیوی ناوی دەنێ قۆناغی "ڕامانی"، کە تیایدا تاك حوکمە ئەخلاقییەکانی بە ئازادی و سەرپشکانە هەڵدەبژێرێ، بەرگری لێ دەکات و بەهۆیەوە هەوڵی پێشخستنی کۆمەڵگەکەی دەدات، دیوی پێی وایە وەرچەرخان قۆناغی دووەمی ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئەو کۆمەڵەیەی تاك تیایدا دەژیت، لە ڕووی سیستەم و داب و نەریتو بەهاکانیەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ناکۆکی لە نێوان

---

(1) جون ديوي: الطبيعة البشرية والسلوك الإنساني، ترجمة محمد لبيب النجيحي مؤسسة الخانجي القهرة ١٩٦٣هـ، ص ١٠٤ ـ ١٠٠ ـ ٩٩.

* هەڵسوکەوت لای دیوی، پێکدێت لە کرداری بەیەکەوە بەستراو، هەندێك بەرەو هەندێکی تر دەبات، ئێمە دەست بە ژیانمان دەکەین لە ژێر کاریگەری پێویستییە سەرەتاییەکانمان، لەگەڵ وەڵامدانەوە خێراکان بۆ ئاگادارکەرەوە ڕاستەوخۆکان، دواتر دەزانین کارەکەمان پەیوەستە بە چەند لایەنێکی تر، کە بوونی نییە بۆ تێرکردنی خێرای پێداویستیمان، هەر بۆیە بەردەوامی و پەیوەندی نێوان کۆمەڵێك لە کردارەکان، گوزارشتە لە یەکێتی بەردەوامی نێوان ئاڕاستە و نەریتەکان، یەکێتی و بەردەوامی خود.

دەسەڵات و حەزەكانی كۆمەڵگە، لە نێوان سەربەخۆیی تاك و حەزەكانی، هەروەك ناكۆكیەكی تر ڕوودەدات لە نێوان ئەو سیستەمەی لە كۆمەڵگەدا هەیە، پێداویستییەكانی تاكەكان دابین دەكات، لە ڕێگەی داب و نەریتە باوەكان، بە كەمێك بیركردنەوە، لەگەڵ ئەو داب و نەریتانەی جەخت دەكرێنەوە لەسەر پێكهێنانیان، ئەمە بەیەكدادانە لە نێوان تاك و كۆمەڵگە، هەروەك دەردەكەوێ لە نێو كۆمەڵە جیاوازەكانی ناو كۆمەڵگەی مەزن، ئەمە ئەوەیە كە دەردەكەوێ، لە نێوان گەنجان و بەساڵاچووان، چینی خاوەن موڵك و كرێكارەكان، لە نێوان ئافرەتان و پیاوان.

### ٦- حەقیقەتی پرسی ئەخلاقی:

كەی ئەو هەڵوێستەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بە پلەی یەكەم هەڵوێستێكی ئەخلاقی دەبێ؟ یان بە گوزارشتێكی تر، كەی كێشە یان پرسی ئەخلاقی لای دیوی دەردەكەوێ؟ ئەگەر ورد ببینەوە لە هەڵسوكەوتی(*) مرۆڤ، دەبینین تایبەتمەند بە جۆراو جۆری و جیاوازی و نوێبوونەوە، هەروەك تایبەتمەندە بە نەرم و نیانی و گونجان لەگەڵ گشت هەڵوێست و بارودۆخەكان، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فرە پاڵنەر و هۆكارەكان، دواتر بۆ بەها جیاوازەكان دەگەڕێتەوە(١)، لێرەدا چەند بەهایەكی ئاسایی هەن، گوزارشت دەكەن لە حەز و ئارەزووەكانی مرۆڤ، وەك حەز كردن و پەسەندكردنی پۆشاكێك یان میوەیەك بەسەر ئەوانی تردا، وەك پەسەند كردنی شوێنێك بۆ پیاسە بەسەر شوێنێكی دیكەدا، ئەمانە بەهای تایبەتین. بەڵام مرۆڤ تەنها بەگوێرەی ئەم بەهایانە ناژیەت، بەڵكو بەپێی بەهای تری گشتی دەژیت، كە گشتگیرن سنووری حەز و ئارەزووە تاكە كەسییەكان دەبەزێنن، ئەمانەش بەهای ئەخلاقین، تایبەتمەندن بە پابەندی، بە یەكێك لە

---

(١) Dewey, J. Ethics/hennery holt and company: New yourk; 1947 p. 183

سەرچاوەکانی ئەرك و واجب دادەنرێن. کەواتە لێرەدا جیاوازیەکی ڕوون هەیە لە نێوان بەهای دەروونی ئاسایی و بەهای ئەخلاقی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەوانەیە لە ململانێیەکی دەروونیدا بژیەت، بەهۆی تێکگیرانی هەر دوو حەزەکە، چونکە هەر دووکیان هەوڵ دەدەن بەسەر ئەوەی تردا زاڵ بن و شوێنی بگرنەوە. بەڵام ئەم جۆرە ململانێیە، کێشەیەکی توندی ئەخلاقی بەڕووی مرۆڤدا ناخاتەڕوو، بەڵکو ئەو ململانێیەی دەخاتەڕوو، لە نێوان دوو بەهای ئەخلاقیدا دەبێ، یاخود دوو ئەرکی دژیەک، هەر دووکیان شایستەی بایەخ پێدان و ڕێز لێگرتنن، وەك ئەرکی تاك بەرامبەر خانەوادەکەی، ئەرکەکەی بەرامبەر نیشتمانەکەی، گومان لەوەدا نییە، تێکگیرانی نێوان ئەم دوو ئەرکە یان نێوان جگە لەوان لە ئەرکەکانی تر، کێشەی ئەخلاقی ڕاستەقینە دەوروژێنێ، لەلای تاك، چونکە هەر دووکیان پابەندین. دیوی ئەمەی لەم وتەیەیدا ڕوون کردۆتەوە: (تەنها ئەو کاتە کێشەی ئەخلاقی دەردەکەوێ، کە مرۆڤ دووچاری هەڵوێستێك دەبێ، ئامانجەکان تیایدا تێکدەگیرێن، مرۆڤیش نازانێ کامەیان هەڵبژێرێ، کامە ئامراز بگرێتەبەر تا ئەو ئامانجە دیاری بکات کە بەلایەوە گرنگە)[1]، ئەوەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە نابێتە شتێکی ئەخلاقی، واتە ئەم هەڵوێستە نابێتە مایەی ئەوەی کێشەیەك هەبێ، مەگەر ئەم هەڵوێستە تێکگیرانی تێدابێ لە ئامانجەکان، بەمەش وا لە مرۆڤ دەکات دوودڵ و سەرگەردان بێ لەوەی چی هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەگەر ئەم هەڵوێستە تەنها یەك ئامانج لەخۆی بگرێ، ئەوا ئەم کاتە نابێتە شتێکی ئەخلاقی، وەك دیوی دەڵێت: (زیاتر ڕێڕەوێکی هونەریی، لەوەی شتێکی ئەخلاقی بێ، ئەمە سەلیقە و بەهرەدارییە، پەسەندکردنێکی کەسییە، چەندین ڕێگەی جیاواز هەن لێرەدا، سەردەکێشن بۆ چەندین دەرەنجام، پەسەندکردنی ئەم ڕێگەیە بەدەر لەوەی تر، لەسەر بنچینەی ئەوەی یەکێکیان بە دڵنیایەوە سەردەکێشێ بۆ ئامانجەکە، شتێکی هزری یان جوانی یاخود زیاتر کردارییە لەوەی ئەخلاقی بێ. لەوانەیە وا

---

Ibid p. 206 (1)

ڕوو بدات دیمەنێکی دەریایی پەسەند بکەم بەسەر دیمەنی چیاییدا، ئەمە جۆرێکە لە بایەخدانی جوانی، لەوانەیە حەز بکەم کاتی ڕۆیشتنم بۆ بیرکردنەوە بێ، شارەزاتر بم لە ڕێگەی چاندا زیاتر لە ڕابواردندا، ئەمە شتێکە بۆ ئابووری هزر دەگەڕێتەوە، یان پێم باشترە مەشق بکەم بە ڕۆیشتن بۆ ڕووبار، ئەمە پرسێکی دانایی کردارییە، لێبگەڕێ هەر یەك لەم ئامانجە جوانی یان هزری یاخود تەندروستیانە بە تەنها بەرپا ببن، دەبینی چاکن و لە شوێنی خۆیاندان، بەڵام کێشەی ئەخلاق دەرناکەوێت)[1]، ناوەڕۆکی کێشەی ئەخلاقی، دەبێتە کێشەی بەها تێکگیراوەکان، توێژینەوە دەکات لەبارەی سروشتی بەها و ئەوەی پەسەندە، ئەو شتەی کە دەبێ تاك بڕیاری پێ بدات، لەوانەیە هەڵوێستێکی تەواو جێبەجێ بکەین بە گوێرەی ئەوەی پاڵنەرە کارا و زیندووەکان لەسەرمان دەسەپێنن، ئەو کاتە چارەسەرەکە ئەخلاقی نابێ، خاوەنەکەی پێی ناوترێ پیاوێکی چاك، بەڵکو پیاوی چاك ئەوەیە کە پێوەرێك دادەنێ و کارەکانی پێ دەپێوێت، ئەگەر چاك یان خراپ بێ، تەنها بەمەش واز ناهێنێ بەڵکو دەبێ ئەم پێوەرانەش تاقی بکرێنەوە. ئێمە ناو لە کەسی باش دەنێین باش کاتێك، خۆی دەڕازێنێتەوە بە چاکە و پایەی ئاڵتونی ناودار، ئەویش دانایی و بوێری و داوێنپاکی و دادگەرییە.

دیوی سەیری ئەم چوار شتانە دەکات بەگوێرەی ڕێبازەکەی، واتە لە ڕووی هەڵوێستی ئەخلاقیەوە، هەموویان دیمەنی جیاوازی هەڵوێستی گشتگیرن، لە هەمان کاتدا هیچ چاکە و پایەیەك بەخۆوە ڕاوەستاو نییە، "بەڵکو چەند پەیڕەوێکن، مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن بەرەو هەڵسوکەوت، خاوەنی دڵی ڕاست، بایەخ دەدات بەگشتگیری بە دادگەری و خۆشەویستی، خاوەنی چالاکی بەردەوام خەسڵەتدارە بە بوێری و سوربوون و هێز، ئەوەی بایەخ بە چاکە بدات ئەوا دانایە، داوێنپاکی داواکردنی چێژە بێ ئەوەی ئاوێتەی هیچ شتێکی تر بووبێ. ئەمانە چەند پلەو پایەیەکن پەیوەندیدارن بە ڕێگاکەوە زیاتر

---

[1] Ibid p. 206

لەوەی پەیوەندیدار بن بە بابەتەکەوە"[1]، بەگوێرەی دیوی، هەر هەڵوێستێکی ئەخلاقی بە دەگمەن لە بەشی خۆیدا دادەنرێ، هەر خێرێك تایبەتە بە هەڵوێستێکەوە، (دەبێ کار بکرێ لەسەر دۆزینەوەی خێری پێویست بۆ ئەم هەڵوێستە تایبەتە و دەرخستنی و بەدەستخستنی، لەسەر بنچینەی ئەو کرچ و کاڵیەی دەویسترێ پڕ بکرێتەوە، ئەو خراپەیەی دەخوازرێ چارەی بکرێ)[2]، بە دەربڕینێکی تر، چاکە ڕەها و خراپەی ڕەها بوونی نییە، بەڵکو چەند هەڵوێستێك هەن، هەر هەڵوێستێك تایبەتمەندە بە سروشتی چاکەخوازیە تایبەتەکەی، (چاکە ناوازەیە لەو ڕێگەیەی پێی نمایش دەکرێ، چونکە سوربوونە لەسەر چارەسەرکردنی هەڵوێستی جیاواز و ئاڵۆز، تیایدا داب و نەریتەکان و پاڵنەرەکان کێبڕکێ دەکەن، بەشێوەیەك کە هەرگیز بە یەك شێوە دووبارە نابێتەوە، بەڵکو لەوانەیە هەمان چاکە دوو جار دووبارە ببێتەوە بە نەریتی چەقبەستوو، کە دەگاتە ئاستی چەسپاوی، لە هاووێنەی ئەم ڕۆتینە بێ گیانە، هەرگیز هەستکردن بوونی نییە، نە بە چاکە و نە خراپە)[3]، هەر بۆیە لە کتێبەکەیدا (تجديد في الفلسفة) دەبینین، بەشێکی تایبەتی داناوە، تیایدا بانگەواز دەکات بۆ پێویستی گەڕانەوە بۆ هەڵوێستە کردارییە تاکە کەسییەکان، نەك بۆ دەسەڵاتێکی باڵا، لە کاتی ڕامان لە ئەخلاق. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کرداری ئەخلاقی دروست دەبێ لە بەراوردکاری لە نێوان ئەوەی چاکە و ئەوەش کە خراپە، یان لە نێوان ئەوەی ڕاستە لەگەڵ ئەوەی هەڵەیە، چونکە ئەگەر جێگرەوەکان دانران یان بەوپێیەی چاکەیە یاخود ڕاستیە یان هەڵەیە، چەند بژاردەیەك دانران، ئەوا بەمە هیچ کێشەیەکی ئەخلاقیمان لەبەرامبەردا نامێنێ. هەر بۆیە دیوی هیچ ئامانج و

---

1) جون ديوي، ص ١٢٧ عن: - in schilpp.genry stuarts Dewey Ethical theory. P, 312

2) جون ديوي، تجديد الفلسفة، ص ٢٧٩ – ٢٧٨.

3) Human nature and conduct p. 211

مەبەستێکی نەسەپاندووە، بەڵکو هەوڵەکانی ئەوە بوو هەموو ئەوەی بەهای هەیە لە نێو ئەزموونی مرۆییدا کۆ بکاتەوە، کە تەواو نابێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ناسینی مرۆڤەکە و هەڵسوکەوت و سروشت و پەیوەندییە ئەندامەکەی بۆمان فەراهەم نەبێ)[1]، هەڵسوکەوت بە بڕوای دیوی تەنها کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەیە، نێوان ئەوەی سروشتییە و ئەوەش کۆمەڵایەتییە، لێرەدا چەند هێزێك لە ناخی مرۆڤ و چەند هێزێکیش لە دەرەوەی مرۆڤدا هەن، چاکە لە گونجانی بەرچاوڕۆشنی هەر دوو لا دایە. مەبەست لە گونجانی بەرچاوڕۆشندا، دەستوەردانی تێڕامانە لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کرداری ئەخلاقی لەلای دیوی، وا دەخوازێ هەڵوێستێکی ئازادانە بێ، واتە بە ڕامان و هەڵبژاردنە، تێڕامان لە کرداری ئەخلاقی خۆی دەبینێتەوە لە ئەندێشەکردنی ڕێگەکانی چالاکی گونجاو، دواتر بژارکردن و پوختە کردنی، ئینجا ڕوانینە دەرەنجامەکان، هەروەك هاوەڵانی ڕێبازی سوودگەرا بۆی دەچن. دەڵێت: (ئەرکی ڕامان نییە، سەربکێشێ بۆ کردارێك، بە دەرخستنی ئەوپەڕی سوود، کە دەکرێ بە دەستبهێنرێ، بەڵکو ئەرکەکەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستایە، پەیوەندی و هەماهەنگی بۆ بگێڕدرێتەوە، پاڵنەرە ونبووەکان بەکاربهێنرێ و نەریتەکان ئاڕاستە بکرێن بەرەو ڕێگای دروست، بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە ڕامان دەگاتە تێبینی کردنی مەرجی ئێستا و یادهێنانەوە هەڵوێستەکانی ڕابردوو. ڕامان لە هەڵوێستێکی شڵەژاو دەستپێدەکات، بە هەڵبژاردنی ڕێبازێك بۆ کار کۆتایی دێت، کە ڕێگەی خۆی بگرێ...)[2].

دیوی بەردەوام دەبێ، لە ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سوودگەرا، کە بە تیۆری ژمێرکاری ناسراوە لە ئەخلاقدا، بەتایبەت لە ڕەگەزی ڕامان و شتەکە بۆ وەڵامدانەوەی سروشتی ژینگە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (یەکەم ڕاستی مرۆڤ بوونەوەرێکە، لە کردارەکانیدا وەڵامی

---

(1) James, Goundlock. The moral writings of j /Dewey p. 195

(2) الأهواني: جون ديوي، مرجع سابق، ص ١٣٣.

کارتێکەرانی ژینگەکەی دەداتەوە، ئەم ڕاستییە لەکاتی ڕاماندا ئاڵۆز دەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕەتی ناکاتەوە... زارۆك بەرەو مەمکی دایکی جوڵە ناکات، بەهۆی پەسەندکردنی هەژمارەکانی تایبەتمەندیەکانی گەرمی و خۆراك لەسەر ئێش و ئازارەکانی کۆششەکە، ئەندازیار هەوڵی کێشانی نەخشە یان پزیشك تەقەلای گەیشتن بە چارەسەر نادات، بەهۆی هەژمارکردنی تایبەتمەندی و زیانەکان)[1]، ئا بەم شێوە ڕامان و هەڵبژاردن لە ئێستادا لە پێناو ئەوەیە مرۆڤ باشترین ڕێگە بدۆزێتەوە، کە دەیگرێتەبەر، ئەمەش بەبێ گومان لە ئایندەدا ئەنجامی لەسەر بەرپا دەبێ، بەمەش تیۆری ئەخلاقی دیوی، بۆ تیۆرەکەی لە بەهادا دەگەڕێتەوە، بەوەی ئەوە تێدەپەڕێنێ کە تەنها وەڵامدانەوەی حەزە کەسییەکان بێ، دەبێتە بڕیاری بابەتی، دەکرێ بەرز ببنەوە تا ئاستی حوکم و بڕیاری کرداری. دیوی ئاماژەی بەمە داوە، (حوکمەکانی بەها، چەند حوکمێکن لەبارەی مەرج و ئەنجامەکانی بابەتەکانی ئەزموون، چەند حوکمێکن لەبارەوەی ئەوەی چ پێویستە حەز و سۆز و چێژەکانمان ڕێك بخات)[2]، لەبەر ئەوەی ئەخلاق واتە حوکمدان لەسەر مانا و مەبەستی ئەوەی دەیکەین، ئەم حوکمەش بەکاربهێنین لە ئاڕاستەکردنی ئەوەی دەیکەین، ئەمە لە ویژدان و عەقڵەوە نایەت، "بەڵکو لە گەشەپێدانی توانا و نەریتە هزریەکانەوە دەبێ، کە یارمەتیمان دەدات لەسەر ئەندازەگیری کردن بۆ هەڵوێست و جێگرەوەکانی هەڵسوکەوت، یارمەتیشمان دەدات لەسەر ئەوەی لایەنگیر نەبین لە وێناکردنی ئاڕاستەی چالاکیەکانمان"[3]، لەلای دیوی کرداری ئەخلاقی دەبێ گوزارشت بکات لە ئەخلاقێکی چەسپاو بەشێوەیەکی ڕێژەیی، لەبەر چەسپاوی گوزارشت لە پێگەیشتن و ڕێژەیی پەیوەست دەکەن بە ئاستی گەشەی کەسایەتی، لە نێوان گەشە و

(1) المرجع نفسه، ص ١٣٣.

(2) المرجع نفسه، ص ١٣٣.

(3) جون ديوي: الطبيعو والسلوك الإنساني، مرجع سابق، ص ٢٢٥ – ٢٢٦.

پێگەیشتندا کەسایەتی هەموار و ڕێك دەبات، "چونکە هەر کردارێکی ئەخلاقی بەشێکە لە هەڵسوکەوتێکی گەورەتر، کەسایەتی بۆی دەچێ"[1]. لەسەر ئەمە ئەوە بەرپا بووە، ئەخلاق پەیوەست دەبێ بە توونددی بە سروشتی مرۆییەوە، ئەمەش بە کرداری بەرجەستە بووە لە دانراوەکەی دیوی "الطبيعة البشرية والسلوك"، ناوبراو پێی وایە ئەخلاق پەیوەستە بەشێوەیەکی گشتی بە زاڵبوون بەسەر سروشتی مرۆییدا و پێوە پەیوەستبوونی، چونکە دابڕینی لەم سروشتە، بە دڵنیایەوە سەردەکێشێ بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە سروشتی ماددی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام ئەخلاق "کە لەسەر توێژینەوەی سروشتی مرۆیی بەرپا دەبێ، لە جیاتی فەرامۆش کردنی. دەبینی ڕاستییە مرۆییەکانی تایبەت بە مرۆڤ، بەردەوامە لەگەڵ ڕاستییە تایبەتەکانی پەیوەست بە سروشتەوە، بەمەش ئەخلاق و سروشت و زیندەوەرزانی و توێژینەوەی مێژوو و یاسا و ئابووری بەیەکەوە دەبەسترێتەوە"[2].

### ٧- ملکەچ کردنی کێشە ئەخلاقییەکان لەلایەن دیوی بۆ پەیڕەوی زانستی:

ئامانجی دیوی، لە پەیڕەوە زانستییە ئەزموونیەکەی کورت نابێتەوە، لە جێبەجێکردنی لەسەر زانستەکانی سروشتی و بوارەکانی ماددیدا و بەس، بەڵکو داوای گشتاندمان لێدەکات لەسەر گشت توێژینەوەکانی مرۆڤایەتی، شایەنی باسە ئەم هەوڵە بە "درێژبووەوەی هەوڵە فەلسەفییە دەستکردەکان دادەنرێ، لەسەروشیانەوە ئۆگێست کۆنت، کە ویستویەتی لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بە گشتی بگاتە یاسای زانستی، لەسەر

---

(1) Dewey j & tufts, Ethics op cit p. 176 – p. 179

(2) جون ديوي، الطبيعة البشرية و السلوك الإنساني، ص ٣٥.

ئەم بنچینەیە زاڵبوون فەراهەم ببێ بەسەر دیاردەکانی سروشتدا، لە پێناو گۆڕین و چاککردنی ژیانی مرۆڤایەتی"[1]، لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ شارەزابوونی فەیلەسوفەکە لە دانراوەکانی ئۆگێست کۆنت و فەلسەفەکەی، بەڵام ئەوەندە بە ئەنجامەکانی کاریگەر نەبووە، بە ئەندازەی ئەوەی کاریگەر بووە بە ڕۆح و پێویستی جێبەجێکردنی زانست لەسەر کۆمەڵگە و سیستەمەکانی و پەیوەندی نێوان دۆخە کۆمەڵایەتییەکن و لە نێوان و زانست و فەلسەفەدا، سەرباری بڕوابوونی زۆرێك بە سەختی دروستکردنی ڕێبازێکی ئەزموونی لە پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا، پاساوی ئەمەش ئەوەیە ئێمە هەمیشە متمانەمان بە پەیڕەوی ئەزموونی هەیە، لە دروستکردنی بیروباوەڕەکانمان و جوانی و سیاسەت و ئابووریدا، بە تێڕوانینی دیوی ئەمە شتێکی بەتاڵە و هیچ پێویست بە بەدواداچوونی ناکات، تێڕوانینێکی نەرێنیە بۆ پەیڕەوی ئەزموونی، کە — هەروەك بۆچوونمان وایە — بەشێکە لە ئەزموونی هەر مرۆڤێك. ڕێبازی ئەزموونی و دەستکەوتەکان هێشتا هەوڵی گرتنەبەری ڕێگەی خۆی دەدات، کە لە نێو فەلەسەفەدا ئەنجامێکی هەبێ بۆ ئاڕاستەی ئەسینایی کۆنی ڕیشە داکوتاو، کە زانست و ئەخلاقی لە یەکتر جیادەکردەوە، یان بە مانایەکی وردتر لە نێوان بابەتەکانی ئەزموون و بابەتی شتەکان لە خودی خۆیاندا، کە تایبەتە بە ئەودیوی سروشتەوە. لەم گۆشە نیگایەوە لەلای جون دیوی نوێسازی فەلسەفە سەرەتا پێویستی بە چارە و ڕاڤەکردنی ئەزموون و بەهاکانە بەشێوەیەکی ئەزموونی، کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ئەم پەیڕەوە بە گوێرەی تێڕوانینی ئامرازی لەسەرواقیعی کۆمەڵایەتی، دیوی بەم وتەیەی گوزارشتی لەمە کردووە: "نوێسازی خوازراو، کە بانگەوازی بۆ دەکەین، تەنها جێبەجێکردنی ژیری نییە، لەو ڕووەی ئامرازێکی ئامادەیە، بەڵام نوێسازیەکە وا دەخوازێ بگوازرێنەوە بۆ توێژینەوە لە کاروبارەکانی مرۆیی و ئەخلاقیدا، ئەو ڕێگەیەی ئێمەی گەیاندووە بە تێگەیشتن لە سروشتی فیزیکی،

---

(1) أميرة حلمي مطر: في فلسفة السياسة، نفس المرجع السابق، ص ١٢٤.

بەوشێوەیەی ئێستا لێی تێدەگەین، واتە ڕێگەی سەرنجدان و تاقیکردنەوە"[1]، باوەڕی چەسپاوی فەیلەسوفەکەمان بە توانا و هێزی زانست، لە ژیانی ڕۆژانەماندا، سەریکێشا بۆ ئەوەی وایکرد کەرستەی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە ببێتە لقێك لە لقەکانی زانستی سروشتی، لێرەوە دەبینین سروشتی حوکمی زانستی و ئەخلاقی یەك دەخات، هەروەك دەگەڕێنەوە بۆ چەند دۆخێکی تاکە کەسی و چەند کردارێکەوە، گەشە دەکەن بۆ چەند هێڵێیکی گشتی، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنەکان لە دۆخی تاکە کەسیدا[2]، دیوی بایەخێکی زۆر دەدات بە یەکخستنی پەیڕەوی توێژینەوە لە حوکمە زانستی و ئەخلاقییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داتاشرانیان لە یەك سەرچاوەوە، ئەویش ئەزموونی مرۆییە، ئەمەش دەبێتە هۆی یەکتر تەواکردن لە نێوانیاندا، زاڵبوون بەسەر دووانەیی نێوان عەقڵ و کردار، یان لە نێوان زانست و ئەخلاقدا[3]، کەواتە حوکمە ئەخلاقییەکان لەلای دیوی بابەتی لۆژیکیە، لەمەدا جیا نابێتەوە لە حوکمی کرداری، ئەمەش دووری دەخاتەوە لە ئارەزووەکان وەك چەمکێکی چەسپاو، دەیکاتە گۆڕەپانێکی مرۆیی، پشت دەبەستێ بە بیرکردنەوەی زانستی، لەسەر ژێری بنیات دەنرێ — لە میانەی ڕامان و هەڵبژاردن، کە هەڵسوکەوتی تاك ئاڕاستە دەکەن، سەردەکێشن بۆ دانانان بە ئازادیدا کە ژیانی ئەخلاقی لەخۆدەگرێ، گەشەپێدانی یاسا و دامەزراوەکان کە هەن، لە میانەی ئەو بەرپرسیارێتیەی پاشکۆی ئازادی ئەخلاقین، هەروەك دیوی بانگەشەی بۆ کردووە[4]، بەمەش هەر یەکە لە حوکمی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی دەبنە دوو ڕاستی، گوزارشت لەو کارە دەکات کە ژینگە لە ناخماندا بەجێی دەهێڵێت. ئازادی لای

(1) Dewey.J, Reconstruction in phil:p 9.

(2) Dewey.J/ problem of men/ op cite/p/ 216

(3) Dewey. J: problems of menl op cit/p/234

(4) chils. J/. American pragmatism and education op cit p. 114

دیوی بەهایەکی ڕەهای جیا نییە لە ڕێڕەوی ژیان، بەڵکو ئامادەییەکی بەرایی بوو لە مرۆڤدا، یان بەشێکە لە پێکهاتەکەمان، بە ڕەچاوکردنی ئەو توانایەی هەمان بۆ گەشە، ئازادی ئەخلاقی بەهرەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو بەدەستهێنراوە، ئێمە ئازاد دەبین، بە ئەندازەی بایەخدانمان بە گونجانی گەشە، بە گوێرەی هەوڵدانمان بۆ دەستەبەرکردنی توانای خودەکەمان و کارکردن لەسەر خۆدوورگرتن لە چەقبەستوویی و نەگۆڕان. یاسای ئەخلاقی لەلای دیوی وەك یاسای کرداریە، لەوەی شێوە داڕشتنێکە بۆ ئەو ڕێگەیەی وەڵامی پێ دەدەینەوە، کاتێك دۆخی تایبەتمان دێتە پێش، هەڵبژاردنی دروست دەکەین بەپێی ئەنجامەکانی، نەك بەپێی سروشتە شاراوەکەی، چونکە ئەو هەڵبژاردنەی دامەزراوە لەسەر ئەنجامەکان، تۆکمەترە لەوەی پشت دەبەستێت بە بنچینەی گشتی چەسپاو، سەرباری ئەو پێشکەوتنەی بە بەردەوام بەدەست دەخات، چونکە لە هەڵبژاردنمان بۆ کرداری تازە، تاقیکردنەوەی ئەنجامی نوێ هەیە، لە کاتێکدا جێگیری نموونەی باڵا و پێوەرە بێ سەرەتا و بێ کۆتاکان، لە خودی خۆیدا، نکۆڵی کردنە لە خودی گەشە پێشکەوتن. "هزرە ئەخلاقییەکان، ئەو بیرۆکە یان گریمانانەن، کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن و پێشەنگایەتی دەکەن، بەهاکەی دەوەستێتە سەر ئەنجامەکانی، چونکە تاقی دەکرێتەوە و پاڵپشتی دەکرێت، یان هەموار دەکرێ لە ڕێگەی ئەو دەرەنجامانەی بەدەستدێن لە کارپێکردنی، وەك هەر ئامرازێکی دیکەی هزری"[1]، ئا بەم شێوەیە دیوی گۆڕان کاری دەکات لە دابەشکردنی ڕاستییە نەریتییەکان، لە سیستەمی پێناسە و جۆرە باڵایە چەسپاوەکان[2]، بۆ سیستەمی گریمانە و یاساکان، خستنە ناوەوەی ڕێبازی زانستی بۆ نێو گۆڕەپانی ئەخلاق لەلای دیوی، مانای وا نییە ئەخلاق بووەتە بەشێك لە زانستە سروشتییەکان، بەڵکو لە بنەڕەتدا مانای وایە، ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە زانستە

---

(1) دیوي جون: البحث عن الیقین. مرجع سابق، ص ٣٠٧ – ٣٠٥.

(2) دیوي جون: تجدید في الفلسفة، مرجع سابق، ص ١٧٣.

سروشتییەکاندا، دەکرێ هزر و لۆژیکەکەی بگوازرێتەوە بۆ زانستی ئەخلاق. دیوی دەڵێت: حوکمە ئەخلاقییەکان چەند هزر و گریمانەیەکن، هەڵسوکەوت ئاڕاستە دەکەن، بەهاکەی لەسەر ئەو ئەنجامانە دەوەستێ کە لەسەری وەستاوە، بەو وتەیەی دەکرێ ئەمە گرێدانێکی ئەندامی بێ لە نێوان ئامراز و ئەنجامەکان، لەبەر ئەوەی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕ کراوەکان لە نێوان ئامراز و ئەنجامەکان، هەڵسوکەوتی بەرپرسی ژێر دیاری دەکەن، ئامانج یان ئەنجامەکان، بەهۆی ئەو ئامرازانە بەرپا دەبن، کە پێویستن بۆ دەستخستنیان، ئامرازەکان لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکان بەرپا دەبن، ئا بەم شێوەیە ئامرازەکان بە بەردەوامی و بێ پچڕان پەیوەستن بە ئامانجەکانەوە، ئامانجەکان پێکدێن لە پۆلێك زنجیرە ئامراز، ئامانجەکان بەبێ ئامرازەکان هیچ بنچینەیەکیان نابێ، ئامرازەکان لە ساتی ئێستادا ئامانجن، ئامانجەکان ئامرازن بۆ ئامانجی نوێ(1)، ئا بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ کاتێك ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی دیاری کراو دەبێتەوە، پێداویستی و حەزەکان تیایدا ململانێ دەکەن، بەها و ئامانجەکان ناکۆکیان دەبێ، ئەوا گەیشتن بەم خێرە خوازراوەی ئەم هەڵوێستە و لادانی ناکۆکی و چارەسەرکردنی کێشەکە، بە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی دەبێ، "کە دەست پێدەکات بە دیاری کردنی کێشەکە، ئینجا ئەزموونکردنی هەندێك هزری پێشنیازکراو، بەوەی ئامرازن بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەڵوێستە، ئینجا بەراوردکاری دەکەین لە نێوان ئەو ئەنجامە جیاوازانەی پێی گەیشتووین، لە کۆتاییدا هزرێك پەسەند دەکەین، دەست بە ئەزموون کردنی دەکەین، تا ببینین تا چەندە ئەو ئەنجامانە کۆك و تەبان لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی لە ڕێگەی هزرەوە گریمانەمان کردبوو، دواتر ئەم هزرە بەکاردێنین لە چارەسەرکردنی کێشەکە، تا ئەو سەختیانەی هەیەتی

(1) موريس ميخائيل أسعد، معنى الحرية ومكانتها في فلسفة جون ديوي التربوية رسالة ماجستير جامعة عين شمس، قسم الفلسفة، ١٩٦٣، ص ٥٧.

لەسەری لاببەین"[1]، لەبەر ئەوەی پرسە ئەخلاقییەکان پەیوەستن بە ئایندەوە، نەك بەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، بەپێچەوانەی بابەتە سروشتییەکان، کە پەیوەستن بەوەی ڕوویداوە و چۆن ڕوویداوە، ئەو گۆڕانەی لە شتە سروشتیەکاندا دروست دەبێ، بە گۆڕینی دۆخەکانی دەوروبەری شتەکە دەبێ، هەمان شت سەبارەت بە پرسە ئەخلاقییەکان، ئەگەر بمانەوێ ئەخلاقی کەسێك بگۆڕین، ئەوا پێویستە ئەو بابەتە بگۆڕین، کە دەستوەردان دەکات لە پێکهێنانی داب و نەریت و دروستکردنیان، بەمە دەکرێ ئەخلاق ببێتە کردار و پڕۆسەیەك، مادەم ملکەچی پێوەرەکانی بابەتییە، کاتێك ئەم دۆخە بابەتیانە هەڵدەستگێنین، دەتوانین بیانگۆڕین، هەروەك لەگەڵ دیاردەکانی سروشتی ڕوودەدات، ئەخلاق لای دیوی ناکرێ جیاکاری تێدا بکرێ، لە نێوان ئەوەی تاکە کەسییە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵایەتییە، چونکە تاکگەرایی دروست دەکات لە حەز و هەڵبژاردن و ئەو ئارەزووانەی لە هەڵسوکەوتەوە دەردەچن، دواتر وەردەچەرخێ بۆ بوارێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر، لە ئەنجامەکانیدا.

## ٨- کۆسپە ئەبستمولۆژیەکان و سروشتی دیاردە ئەخلاقییەکان:

دیوی ئاماژە بە هەندێك لە کۆسپەکانی سەر ڕێگەی گونجانی لێکۆڵینەوە دەکات لە گۆڕەپانی ئەخلاقدا، لەوانە ئەوەی پەیوەستە بە سروشتی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەوە، تایبەتمەندە بە بەراورد لەگەڵ جگە لە خۆی بەوەی کەمێك ئاڵۆزە، خاوەن سروشتێکی

(1) Hook, sidey. Dewey. J.an intellectual portrait/ the john day company new yourk. 1939. P. 95 – 96.

مەعنەویە، چەند درێژبوونەوەیەکی تێکداچووی هەیە، بەوەی سەختە بۆمان لەیەکتریان جیایان بکەینەوە، ناتوانین ئەوە جیا بکەینەوە کە دەروونیە لەوەی کۆمەڵایەتییە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئاڵۆزی دیاردە مرۆڤایەتییەکان زیاتر بۆمان دەردەکەوێ لە ئاستی دەستوەردانەکانی لەگەڵ دیاردەکانی تر، وەك دیاردەی بایلۆژی، ئەمەش زیاتر ئاڵۆز دەبێ، کاتێك درك دەکەین چەسپاوی ناناسێ، چونکە گۆڕان سیفەتێکی هاودەمیەتی، مرۆڤ لە ڕووی سروشتەوە بوونەوەرێکە گەشە دەکات بە درێژایی کات و شوێن، هەڵسوکەوتەکەی ئامانج و مەبەست هەڵدەگرێ. سەرباری ئەمە ملکەچی بیروباوەڕی هزری و بەهاگەراییە، چ ئاینی یان سیاسی یاخود ئابووری بێ، هەروەك جیاوازی کردن لە نێوان ڕوانین و کار لە فەلسەفەدا، بووەتە هۆی جیاوازی پوخت لە نێوان بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سروشتی، دیوی ئەم دابەشکردنەی ڕەتکردۆتەوە، پێی وایە کێشە کۆمەڵایەتیەکان، کێشەی بوون، ئەمە لقێکە لە زانستی سروشتی بە مانای فراوانی وشەی سروشتی"[1]، لە کاتێکدا ئەندێشەی وا لە گوێچکەی زۆر کەسدا دروستبووە، کە بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سەریان بە بوار و جیهانێکی بەرزترەوەیە لە جیهانی بەهایە بێ سەرەتاکان، لە کاتێکدا زانستە سروشتییەکان سەریان بە جیهانێکی نزمی گۆڕاوەوەیە، کە جیهانی ژیانی گۆڕاوە. هەروەك سروشتی حوکم لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی پشت دەبەستێت بە بەچاکدانان و قێز لێبوونەوەی (ئەخلاقی)، ئەمەش کۆسپ دروست دەکات لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیوی لەم بارەوە دەڵێت (لەوانەیە تاوتوێکرانی کێشەکانی مرۆڤایەتی لەلایەن توێژەرانەوە، لە ڕووی پابەندی ئەخلاقی و بە چاکدانانی ئەخلاقی، هەروەها لە ڕووی پیسی و پاکیەوە گەورەترین کۆسپ ئەمرۆ دەکەوێتە سەر ڕێگەی گەشەپێدانی پەیڕەوە ڕاست پێکەکان لە بوارەکانی

---

(1) ديوي جون، المنطق نظرية البحث، مرجع سابق، ص ٧٤٢.

توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان)[1]، بەهۆی پێوەری بە چاکدانانی ئەخلاقیەوە متمانە نەبوون دروستبووە لە گونجانی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ئەزموونی لەسەر توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، دیوی ئاماژەی بەمە کردووە (ئێمە متمانەمان بەو پەیڕەوە هەیە، لە پێکهێنانی بیروباوەڕەکانمان لەبارەی ئەو شتانەی پەیوەندیان نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ژیانی مرۆڤایەتیەوە، بەڵام متمانەمان پێی نییە لە لە کاروباری ئەخلاقی و سیاسەت و ئابووریدا)[2]، چونکە ئەوەی بڕیاری پێدەدەین لەسەر هەڵوێستێك لە بواری چاڵاکی مرۆییدا، سەختە حوکمی پێ بدەین لەسەر هەڵوێستێکی تر، بەهۆی زۆری ئەو وردەکاریانەی هەر هەڵوێستێك هەیەتی. بۆ تێپەڕاندنی ئەم کۆسپانە دیوی پێی وایە پابەندبوون بە هەندێك مەرجەوە پێویستە، کە دەکرێ بەشدارن لەوەی توێژینەوەی زانستی ڕۆڵی خۆیان ببینن. گرنگترینیان بەپێی بۆچوونی دیوی خۆڕزگار کردنە لە بیرۆکەی جیاکاری کردن لە نێوان ئەوەی تیۆریە لەگەڵ ئەوەی کردارییە، کە هێشتا زاڵبە بەسەر توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش ڕێگە دەدات بە چارەسەرکردنی پرسەکانی کۆمەڵناسی بە هەمان شێوە، کە پرسەکانی زانستی سروشتی پێ چارە دەکرێ. لێرەوە دیوی گەواهی دێنێتەوە، کاتێك دەڵێت"ئێمە لە هەڵوێستی سپینۆزادا ١٦٧٧ – ١٦٣٢ ئەوە دەبینین کە پاساو بەو هزرە دەدات کە خستوویەتیەڕوو و بەرگری لێکردووە، بەوەی ڕوودانی خراپەی ئەخلاقی، دەبێ لەسەر هەمان ئەو بنچینەیە چارەسەر بکرێ و لە هەمان ئاستیشدا، کە ڕوودانی دەنگ و هاژەی پێ چارەسەر دەکرێ". ئەم بیرۆکەیەی سپینۆزا دەیخاتەڕوو، پاساوی خۆی هەیە لە ڕووی داخوازیەکانی پەیڕەوی زانستیەوە... چونکە هاووێنەی ئەم پەیڕەوە تاکە پلانە، کە دەکرێ خراپە ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی

---

(1) ديوي جون، المرجع السابق، ص ٧٥٣.

(2) المصدر نفسه، ص ١٣٠.

بابەتیانە دابڕێژرێن"(1)، ئا بەم شێوەیە دیوی سەیری ئەخلاقی نەکردووە، بەوەی یەکێکە لە کێشەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، بە تێڕوانینێکی جیاواز لەو بازنە فراوانەی گشت جۆرە جیاوازەکانی چالاکی بابەتی لە زانستدا... بەڵام وەك پشکنینێکی واقیعی بۆ پێوەرەکان، کە دۆخی هەنوکە وازناهێنێ لە دروستکردنی، بۆ دەستەبەرکردنی گونجان لە نێوان هەڵسوکەوتی باو و پێشهاتە نوێیەکان، مەبەست لە جێبەجێکردنی پەیڕەوی زانستی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان، دەستخستنی ئەنجامەکان نییە، بەڵکو لەبارەی ڕێگەی توێژینەوەیە، لەبەر ئەوەی ئەو سیفەتە زانستیەی جەخت دەکاتەوە، لەسەر لۆژیکی توێژینەوە، ئەمەی دوایی مەبەست لە زانستی هەڵسوکەوت ڕوون دەکاتەوە(2)، هەروەك هەوڵی جێبەجێکردنی پەیڕەوەکانی زانست، لەسەر کێشەکانی ئەخلاق، دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوونی قوڵ بەوەی پەیڕەوەکانی زانست تاکە پەیڕەون توانای دەستەبەرکردنی بەردەوامی گونجانی بەهاکان دەکەن، لەگەڵ گۆڕان و ئەو داخوازیانەی مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە، سەرباری داننانی بەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە دۆخێکی دواکەوتندان، بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوەی فیزیایی و بایلۆژی، ئەمەش وایلێکردووە هۆشداری بدات لە مەترسی جیاکردنەوەی زانست لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان، دەڵێت: "بیرۆکەی جیاکردنەوەی تەواو لە نێوان زانست و ژینگە، هەڵەیەکە هانی بەسوك دانانی زانایانی داوە، بەهۆی ئەو ئەنجامە کۆمەڵایەتیانەی لە کارەکەیانەوە بەرهەم دێ... پێویستمان بە بەرپاکردنی بەڵگە نییە، لەسەر ئەوەی زانستی فیزیا و دەرەنجامەکانی زۆر بە گەورەیی کار دەکەنە سەر بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان... دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ئەمەستە تێگەیشتنیان فەراهەم ببێ، بەبێ ئەوەی تێگەیشتنی پێشوەختە هەبێ بۆ بارودۆخی سروشت و یاساکانی کارلێکەکەی...

---

(1) ديوي جون: البحث عن اليقين، ٧٥٢.

(2) ديوي جون: البحث عن اليقين، ص ٧٥٢.

بەبێ زانست و شارەزایی لە سروشتدا، ئەو ئامرازەمان لە بەردەستدا نابێ، کە دیاردەکانی پێ شرۆڤە دەکەین، بەشێوەیەك پێکهێنەرەکانی بۆ ڕەگەزی سادە بگێڕێتەوە"[1]، دواتر ئەو وتەیەی ڕەتکردەوە، کە بۆچوونی وایە وەرچەرخانی پەیڕەوی زانستی، لە توێژیژینەوەی زانستەکانی فیزیا بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، چەندین کۆسپ لەخۆی دەگرێ، تێپەڕاندنیان سەختە، بەڵگەی لەمەدا ئەوەیە (جیاوازی جۆری نییە، لە نێوان جیهانی سروشتی و جیهانی مرۆیی، ئەمەش پاڵی ناوە بۆ دانانی بەرپرسیارێتی دواکەوتنی ئەخلاق لە کاروانی شارستانیەت و تەکنەلۆژیا، لەسەر ئەستۆی فەیلەسوفەکان و لاهوتیەکان)[2]، لەبەر ئەمە نەنگی و ڕەخنەی لە ئەخلاقی ڕابردوو دەگرت، چونکە بەرپا دەبوو بەشێوەیەکی گشتی، لەسەر بنەماکانی ناوبژیوانی و بڕیاردان، نەك لەسەر تێگەیشتنی زانستی مرۆڤ، ئەمەش پاڵینا بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی تا ئەمە چاك بکەین، دەبێ تەنها پشت ببەستین بە شارەزایی زانستی، داننان بەوەی ژیانی ئەخلاقی بەنێو جیهانی سروشتی و جیهانی کۆمەڵگەدا لە یەك کاتدا دەڕوات. سروشتی مرۆیی لکاوە بە گشت سروشتە ماددیەکانەوە، لە دەرەنجامی ئەمەدا، دەبێ زانستی ئەخلاق پەیوەندیەکی تۆکمەی هەبێ بە هەر یەك لە زانستەکانی فیزیا و بایلۆژی و گشت زانستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی ترەوە، ئەمە چەق و خولگەی دانراوەکەی ئەو بوو "سروشتی مرۆیی و هەڵسوکەوت". لێرەوە دەکرێ بڵێین ئەخلاق لای دیوی لە ناوەڕۆکەکەیدا، ئەخلاقێکی سروشتییە، سروشتێکی بایلۆژی هەیە، ناکرێ لەم پەیوەندیەی لە نێوان ئەخلاق و مرۆڤجا هەیە وا تێبگەین، فەلسەفەی ئەخلاقی لای فەیلەسوفەکەمان، بریتییە لە ڕوانینێکی گەشبینانە، "لە سروشتی مرۆڤایەتیەوە هاتووە، چونکە هەروەك جۆن لوك دەڵێت (ناکرێ هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە چارەسەر بکرێن، بەڵکو ئەمە

---

(1) شنيدر هربرت، تاريخ الفلسفة الأمريكية، مرجع سابق، ص ٤٤٢.

(2) أحمد فؤاد الأهواني، جون ديوي، مرجع سابق، ص ١٢٠.

باشترین ڕێگەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەر کاتێك گونجاو بوو، ئەخلاق بەم مانایە، بە هەوڵێکی ڕاستەقینە دادەنرێ بۆ دیاریکردنی ئامرازەکانی هەر یەك لە هزر و هەڵسوکەوت، کە ئاماژە و مانایەکی مەزنی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا)[1]، بەکارهێنانی دیوی بۆ ڕێگەی زانستی لە ئەخلاقدا، ئەو جیاکردنەوەیە لە ناوبرد کە پێی دەوترا "چاکەی ئەخلاقی"، کە خۆی دەبینیەوە لە بەها و چاکەکان، لەگەڵ "چاکەی سروشتی"، کە خۆی دەبینیەوە لە تەندروستی و ئاسایشی ئابووری و جگە لەوانە، چونکە کاتێك زانستی کیمیا یان پزیشکی دەتوانن یارمەتی پێشکەش بکەن، بۆ زاڵبوون بەسەر دەرد و ئێش و ژانەکانی مرۆڤ، ئەوا دەرەنجامەکانی ئەم زانستانە دەبنە ئەخلاقی، هەر بۆیە گشت ئەوەی دەمانەوێ لەو ئامانجانەی پەیوەستن بەوەی پێی دەوترێت "چاکەی سروشتی"، ئەوا لە هەمان کاتدا دەبنە چاکەی ئەخلاقیش[2].

هەروەك دیوی بەهەمان ڕێگە، جیاوازی نەهێشت لە نێوان دوو جۆر بەها، یەکەمیان بەهای ڕەها، کە لە جیهانی ئێمەدا نییە، بەڵکو لە جیهانی سەرەوەدا هەیە، ئەمانە ئەو ئامانجانەن کە زانستی ئەخلاق لێیان دەکۆڵێتەوە، وەك پایەی دادگەر بۆ نموونە، بەهای دووەم "بەهای دەرەکی" ئەمانە بەهای ڕێژەیی یان ئامرازین، خەڵکی حەزی پێدەکەن وەك ئامرازێك بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، لەبەر ئەمە جیاوازن بەپێی جیاوازی پێداویستی و داواکاریەکانیان، کەواتە ئەمانە ئامانجی دونیاین پەیوەستن بەو جیهانەی تیایدا دەژین، ئەمانە ئامرازن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە بەراییەکان، وەك بەهای ئوتومبێلی وەستاوەتە سەر ئەو خزمەتانەی پێشکەشمان دەکات، ئا بەم شێوە بەهای ئامرازیمان لەلا دەبێ، کە مەیدانەکەی ئەزموونە، بەهای نموونەی گۆڕەپانەکەی جیهانی

(1) Ethel M. Albert& others "scientific method in ethics". In Great traditions in ethics, edl by. Ethed; M p> 389

(2) النجيحي: النظرية الأخلاقية عند جون ديوي ومدى صلاحيتها للطبيق في التربية المصرية، مرجع سابق، ١٦٥.

نموونەییە، دواتر دیوی پێی وابوو تەنها یەك گۆڕەپان هەیە، ئەویش ئەزموون و بەهاکەیەتی، باسی ئەوەی کرد "چاکەی سروشتی" و "چاکەی ئەخلاقی" هەمان بەهای ئەخلاقیان هەیە، مادەم هەر یەکەیان کێشەیەك کۆتایی دێنن و کەم و کوتریەك لادەدەن، مادەم ئەنجامەکانی بەکارهێنانی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی سوود و زیانێك دوور دەخاتەوە، دواتر نموونەی باڵا و ئامانجەکان تەنها ڕەوایین بۆ کار، ئەزموون ڕێنوێنی دەکەن و ئاڕاستەی دەکەن، کۆتایی بەکێشە دێنن و پەیدای دەکەن. چاك و گونجاوبوونی وەك چاك و گونجاوبوونی هەر بیرۆکەیەکی تر، دەوەستێتە سەر ئەنجامەکانی، بۆیە بەها ڕەهاکان گوزارشت لە مەیدانێکی سەربەخۆی جیاواز ناکەن لە ژیان، "بەهای ئامراز"، وەك ئەسکەلەی بنیاتنان نییە، بکرێ جیا بکرێتەوە لە تەلارەکە دوای تەواو بوونی، بەڵکو وەك بەری بیناکەن، ئامرازن بۆ تەواوکردنی، بەشێکە دانەبڕاون لە پێکهاتەکەی[1]، دیوی بەشێوەیەکی گشتی لە بەکارهێنانی ڕێبازی ئەخلاقی، ئامانجی کۆمەڵگەیەکە، پشت بە جیهانی ئاسمانی دەرەکی نەبەستێت، بەڵکو پشت بە جیهانێك ببەستێت، تیایدا خێر سەرهەڵبدات لە ئەزموونی ژیان و هەردەم تووشی گۆڕان ببێتەوە، بەرەو پێگەیشتنی تەواو، بەتایبەت کە ئێمە لە جیهانێکی گۆڕاوی بەردەوامدا دەژیەین، لە سیستمە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانیدا، وایلێهاتووە دروستکردن کە لەسەر دەرەنجامی زانستی دامەزراوە، بووەتە ئامرازێك بۆ چاککردنی بارودۆخی گوزەران، چیتر شیاو نییە مرۆڤ بیر بکاتەوە، لە سایەی نەریتە جێماوەکان یان نەریتی باو، بەڵکو دەبێ عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی بەکاربهێنێ لە ڕاپەڕاندنی ئەم گەشە و پێشکەوتن و چاکبوون و گەشەیە. شارستانیەتی ئێستا بەرهەمی زانستی تازەیە و زانست ئەنجامی بەکارهێنانی عەقڵە لە زانین و شارەزابوون لە سروشت و زاڵبوون بە سەریدا، خودی زانست مرۆییە، ملکەچی هەڵسەنگاندنە، چونکە جیهان ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێ، تێبینی و ئەزموونەکان

[1] المرجع السابق، ص ٥١٦.

دیاری دەکات، گریمانەیەك بەسەر یەكێكی تردا پەسەند دەكات، توێژینەوەی زانستی بە گشتی بە شێوەیەك ئاڕاستە دەكات، كە سوودی لێببینێ. هەمان شت سەبارەت بە ویژدانی مرۆیی، كە چەقی ئەخلاقە، لە شارستانیەتی ئێستادا دروست دەبێ، دەبێتە درەوشانەوەیەك بۆ سیستەمە دەرەكییەكانی نێو ناخی تاك. لێرەوە خەسڵەتی جیاوازی دیوی دەردەكەوێ، هەروەك زەكی نەجیب مەحمود دەڵێت "هەوڵێداوە پەیڕەوی زانستەكان لە بیركردنەوە لە بەها ئەخلاقییەكان و سیاسەت و جوانیەكان و جگە لەوانیش بەكاربهێنێ، بەو هیوایەی ئەمە سەربكێشێ بۆ گۆڕانی ئەو بەهایانەی هەن، بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ژیان و گوزەران، لەگەڵ داخوازیەكان هەڵبكات، دواتر جێبەجێكردنی گشتی پەیڕەوەكانی زانست، لە گشت گۆڕەپانێكی شیاو لە گۆڕەپانەكانی توێژینەوەدا، تاكە ئامرازە توانای چارەسەركردنی كێشەكانی دیموكراتی و پیشەسازی هەیە، ئەمەش مەبەستی فەلسەفەی دیویە"[1]، ئارسەر ج. ویرس جەختی لەمە كردۆتەوە، كاتێك بۆ ئەوە چوو كە "ناكرێ تێگەیشتن سەبارەت بە بەها فەراهەم بێ، بە دەر لە زانست و پەیڕەوەكەی، بەها مرۆیی و دیموكراتیەكان، بە توندی پەیوەستن بە هەر یەك لە زانست و پیشەسازیەوە"[2].

لەم بارەوە تێبینی دەكەین ئاڕاستەی زانستی دیوی لە تیۆرەكەیدا لەبارەی ئەو بەهایەی سەیری كردووە بەوە پرسێكی پەیڕەوییە بە پلە یەك، نەوەك ئاڕاستەیەكی میتافیزیكی، وەك چۆن لەلای "شیلر" دەبینرێ، دیوی چەند هێڵێكی سەرەكی كێشا بۆ ئەو پەیڕەوی لە زانستدا دروست دەكرێ، هەروەك لە گشت لایەنەكانی ژیانیشدا دروست دەكرێت. حوكمە بەهاییەكان، بریتین لە چەند حوكمێك لەبارەی مەرج و ئەنجامی ئەو

---

1) نجيب محمود زكي: حياة الفكر في العالم الجديد، ص ١٦٠.

2) Arthur G. Wirth "J. Dewey versus the social efficiency philosophy" in: Studies philosophy & education, on vol 1-, N2 winter 1974 p. 169.

شتانەی تاقی دەکەینەوە، هەر بۆیە دیوی پێناسەی بەها دەکات بەوەی "هەر شتێکە دەسەڵاتی هەبێ، لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوت، ئەم ڕەگەزە لە ڕێنمایی کە لەسەر بیرۆکەی بەها دامەزراوە، جێبەجێ دەبێ لەسەر زانست وەك چۆن لەسەر گشت شتێکی تر جێبەجێ دەبێ، چونکە لە هەر هەوڵێکی زانستی چەند هەنگاوێکی یەك لە دوای یەکدا دەبینین، لە ئەندازەگیری یان لە خشتەکانەوە وەرگیراوە، وەك وتنی ئەوەی: دەکرێ لەم ڕووداوانە بکۆڵینەوە وەك چەند دەستکەوت یان گەواهیدەرێك"()، فەیلەسوفەکەمان هەوڵی دامەزراندنی تیۆرەکەی خۆی داوە لەبارەی بەهاوە، لەسەر پەیڕەوی زانستی، بەڵگەشە لەسەر ئەمە دێنینەوە لە میانەی تێڕوانینەکەی بۆ ئەو پەیوەندیە گەرم و گوڕەی هەیە لە نێوان ئەخلاق و زانست لەلایەك، و لە نێوان زانست و هونەر لەلایەکی ترەوە، بەو پێیەی هونەر یەکێکە لە بەها مرۆییەکان.

## ٩- کێشەی گۆڕانی بەها و داڕوخانیان و پاساوەکانی جۆن دیوی بۆی:

لە چوارچێوەی قسەکردنی لەبارەی پەیوەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە گۆڕانی بەهای ئەخلاقیەوە، دیوی پاساو دەدات بە دەستەوەسانی دیموکراتیەتی لیبڕاڵی، بەو پێیەی نموونەیەکی ئەخلاقییە، پلەی یەکەم دەگرێ لە پلیکانەی بەها کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە دۆزینەوەی ئامرازی گونجاو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانە خێراکان و دەستەبەرکردنی ئامانجە خوازراوەکان، لەبەر ئەوەی بانگخوازەکانی بەها تاکە کەسیەکان و ئازادیان دامەزراندووە لەسەر بنچینەی میتافیزیکی ڕەها و چەسپاو، جیاواز لە گۆڕانی کات یان مێژوویی، بەمەش بەڵگە دێنێتەوە بە گۆڕانی مانای ئازادی بە درێژایی سەردەمەکان، ئەگەر لە هەر دوو سەدەی حەڤدەم و هەژدەمدا ماناکەی ڕزگاربوونی پیاوانی پیشەسازی بێ لە نەریتە جێماوەکان، کە کۆسپی خستۆتە بەردەم

---

() قنصوه صلاح: نظرية القيمة في الفكر المعاصر، مرجع سابق، ص ١٤٨ – ١٤٤.

گەش هێزەکانی بەرهەم هێنان، وایلێهات لە سەدەی بیستەم ماناکەی بووە: "ڕزگاربوون لە ئاسایشی ماددی، لەو فشارانەی ڕێگە دەگرن لە بەشداری کۆمەڵەکان لە دەرامەتە کەلتورییە فراوانەکان، کە لەبەردەستدان"[1]، واقیع ئەوە دەسەلمێنێ، هەر چەندە بارودۆخی کۆمەڵایەتی بگۆڕێن، ئەوا مانای بەهاکان دەگۆڕێن، لەگەڵیشیدا ئامرازەکانی بەدەستهێنانی دەگۆڕێن، ئەمەش شکستی لیبراڵییەتی کلاسیکی لەخۆی دەگرێ، لەو بەهایانەدا کۆ نابێتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکات، بە ئەندازەی ئەوەی لەو ئامرازە پەیڕەوکراوانەدایە لە پێناو دەستەبەرکردنی، بە دیدی دیوی ئەمە پاساوێك نییە بۆ زاڵبوون بەسەریدا. ئەمە بە شێوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و تایبەتی دەمێنێتەوە، بەهاکانی تاکە کەسی و ئازادی و بەرجەستەکردنی خود لەخۆدەگرێ، "باشترین ئامرازە دۆزرابێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی شاراوەن لە گۆڕەپانی پەیوەندییە مرۆییە فراوانەکاندا، هەروەها بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤایەتی"[2]، بەڵام ئەوەندە بەس نییە، لەبەر ئەوەی بایەخی بە ژیانی سیاسی داوە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەخلاقی فەرامۆش کردوە، بۆ تێپەڕاندنی ئەمە پێویستی بە دۆزینەوەی چەند ئامرازێك هەیە بۆ ڕێکخستن و ئاراستەکردنی بەرەو بەرپاکردنی ئامانجی ڕەسەنی خاوەن ڕەهەندی مرۆیی. ئەمە بەپێی بۆچوونی دیوی نایەت تەنها بە دانانی ئەم بەهایانە نەبێ لە ڕێگەی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەنوکە، پاڵپشتی کردنی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەییەکان بۆ تواناکانی تاك، ئەمە سەرباری پێویستی بوونی ناوەندێکی کەلتوری تایبەتمەند بە هۆشیاری و ئازادی، ئەمەش پێویستی بە کات و کۆششی مەزن هەیە، هەر بۆیە دەیبینین هەوڵیداوە بۆ دامەزراندنی "دیموکراتیەتی هاوبەشی"، دەڵێت:

---

1) حنفي جميلة، منهج الإصلاح الإجتماعي لدى جون ديوي، مرجع سابق، ص ٣٩.

2) Dewey. J, Intelligence in the Modern Word. John Dewey's philosophy. Edited by Ranter j; p. 400.

"دیموکراتیەتی بەرز نابێتەوە، مەگەر ڕەگەزەکانی بەشداربن لە ئاڕاستەکردنی کاروبارە گشتییەکان، کە گشت خەڵك تێیدا بەشدارن"(1).

بەڵام ئەوەندە هەیە سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی ئەم بەهایانە، لەسەر زەمینەی واقیع، تایبەت ئەوەی ناسراوە بە پلەوپایەی دیموکراتیەت، لە ئازادی و یەکسانی و ڕەخسانی هەلی یەکسان، تەواو بەستراوی دەمێنێتەوە بە فەلسەفە پەروەردەییەکەی و تیۆرەکەی بۆ ڕۆڵی قوتابخانە لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا یان پیشەسازیدا، دیوی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە بەم وتەیەی: "چونکە وەستاوەتە سەر پەروەردە، پێویستە بچێنرێ و گەشەی پێبدرێ"(2)، بەتایبەت ئەوەی پێشکەوتنخواز، لێرەوە گرنگی پەروەردە – لە تێڕوانینی دیوی –دا دەردەکەوێ، بەوپێیەی کردارێکی کۆمەڵایەتییە، چەند جۆرێك لە هەڵسوکەوت و هزر و بەها بۆ تاك بەدەستدەخات، کە شیاوی دەکات بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی کارا و بەجۆش و خرۆش، بۆ بەرجەستەکردنی چاکە و ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەمە ڕێگەیە بۆ جیهانێکی باشترە، بۆیە دەبینین لە کتێبەکەیدا "دیموکراسیەت و پەوەردە" فەلسەفە پێناسە دەکات "بەوەی تێڕوانینێکی گشتییە بۆ پەروەردە". بەم هزرە شوێن پێی سۆکرات و ئەفلاتۆن هەڵدەگرێ، گیانی فەلسەفەی لای ئەوانی وەرگرت، لەگەڵ ئاڕاستەکەیان بۆ توێژینەوە لە کاروبارەکانی مرۆییدا، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردەوە، شۆڕشکردن بەسەر نەریتە چەسپاوەکان، کە لەگەڵ ڕۆژگار و سەردەم ناڕۆن، بەڵام سەرباری ئەوەی سەرسام بووە بە هزری یۆنانی، ئەوا دژی دەوەستێت، بەتایبەت کاتێك بایەخی سەرەکی دەدرێ بە لایەنی تیۆری و بەپیرۆزتری دەگرێ بەسەر لەلایەنی کرداری، هەروەها لە جیاوازی کردن لە نێوان خەڵکدا، بەوەی پێگە باڵاکەیان بۆ فەیلەسوفەکانە، پلە نزمترینیان گشت خەڵکی ترن، کە تێکدەگیرێ لەگەڵ بنەمای دیموکراتیەت، بەوپێیەی گرنگترین ئەو بەهایانەن کە بەرگریان لێدەکات.

(1) ديوي جون، تجديد في الفلسفة، مرجع سابق، ص ٣٣٥.

(2) حنفي جميلة، منهج الإصلاح الإجتماعي لدى جون ديوي، مرجع سابق، ص ٦٨.

**پوختە:**

ئەوپەڕی وتە ئەوەیە "جۆن دیوی"، گەیشتووەتە دووبارە داڕشتنەوەی فەلسەفەیەکی نوێ، لەسەر بناغەی هەندێك ڕەوتی فەلسەفی، هەر بۆیە ویستوویەتی تاوتوێی ئەو ڕاو بۆچوونانە بکات، لە فەلسەفەی یۆنانی یان فەلسەفەی نوێدا، پشتیشی بەستووە بەو پێشکەوتنانەی بەدەستهاتوون لە زانستی ئەزموونیدا. دیوی تەواو دوورکەوتۆتەوە لە تێڕوانینە نموونەگەرا و ڕەها لە تێڕوانینە ئەخلاقیەکەیدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەخلاق و ئاسەکانی لە بورجی بەرز و نموونەیی و ڕەهاکەی دابەزاندووە، بۆ جیهانی واقیعیمان، کە تیایدا دەژین، دواتر ئەخلاقی کردۆتە مەیدانێکی پەیوەست بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ماددی، تەنها تیایدا دەردەکەوێ، لە بەرامبەریدا دوو قوتابخانە دەرکەوتوون بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی، یەکێکیان پێیان وایە ئەخلاق لە ناخەوە هەڵدەقوڵێن، ئەگەر بمانەوێ سیستەمە کۆنەکانی مرۆڤ بگۆڕین، لێکۆڵینەوە بکەین لە بارەی باشتر، ئەوا پێویستە ناخی خۆمان پاك بکەینەوە و دڵ پاکژ بکەینەوە، ئەوەی دووەمیان پێی وایە مرۆڤ بەرهەمی ژینگەیە، پێی وایە هەڵسوکەوتی مرۆیی بریتییە لە کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە، ئەوەی سروشتییە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵایەتییە، لێرەدا دوو هێز هەن، یەکێکیان لە ناخی مرۆڤ و ئەوەی تر لە دەرەوەی مرۆڤدا، چاکە و خێر لە گونجانی بەرچاوڕۆشندایە لە نێوان دوو شتدا، لە ڕێگەی ڕامان و بیرکردنەوە، کە یاریدەدەرە لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتدا، ئەمە ڕوانینە بۆ ئێستا و سەردەکێشێ بۆ ئەنجام لە ئایندەدا... ڕەتکردنەوەی ئەخلاقی قوتابخانەی سوودگەرا، کە ئەخلاق و ئەنجامی کردارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چونکە پێی وایە پێوەری ئەخلاقی ناکرێ سەیری بکرێ، لەبەر ڕۆشنایی هەست و سۆزەکانی هاودەمی چێژ، بایەخی داوە بە پاڵنەر و کەسایەتی و خود، کە کار دەکەن بەشێوەیەکی تەواوکاری، لە پێناو دەستەبەرکردنی هەڵسوکەوتی مرۆیی دروست، هەر چەندە دیوی ڕەتی کردۆتەوە چەند خشتەیەك دابنێ چاکەکان لەخۆ بگرێ، چونکە بە تێڕوانینی ئەو کاریگەر دەبێ بە داب و نەریتەکان، کە سەرسەختترین دوژمنی پێشکەوتنن، جەختی

کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ئەو ئەخلاقەی مەبەستیەتی، دەبێ لە نێو بایەخدانی مرۆڤ هەڵبقوڵێ. لەبەر ئەوەی ئەخلاق سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، ئەوا بۆ پەروەردە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە دیوی دەڵێت: "ئەگەر پێوەرەکانی ئەخلاق نزم بوون، ئەوا لە کەم و کورتی لە پەروەردەدا سەرچاوە دەگرێ، کە تاك بەدەستی دەخات، لە کارلێکیدا لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووپاتکردنەوەی لەسەر پێویستی دووبارە داڕشتنەوەی وتەی "مانەوە بۆ شایستەتر" لە چوار چێوەی بنیاتنانی کۆمەڵایەتی گشتگیر، تا هەڵی درك کردنمان بۆ بڕەخسێ بەوەی ئەخلاق لەخۆی دەگرێ لە خەسڵەتی گەشەسەندن لە ڕێگەی وەرچەرخانی سەرەکی و لە بارودۆخەکانی خەڵکدا. بەڵگە دێنینەوە بەوەی دیوی پەیڕەوەکانی پەرەسەندنی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی چۆنیەتی گەشەی ئاڵۆزی ئەو کۆمەڵگەیەمان بۆ ئاشکرا بکات، کە تیایدا دەژین. گۆڕانەکان لە کردارەکانی ئەخلاقیدا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن لە کۆمەڵگەدا، لەمەدا شوێنەواری داروینیزم دەبینین، ئەمەش بە دانپێدانانی خودی ئەو "فەلسەفەکە بەشێوەیەکی توند پەیوەندی هەیە بە سەرهەڵدان و گەشە لە زانستەکانی ژیاندا"(١)، ئەگەرچی دیوی هزرە پەرەسەندنگەراکانی تەنها بۆ داروین ناگێڕێتەوە، بەڵکو بۆ سپنسەر و تۆماس هکسلیش(٢) (١٧٢٥ – ١٩٠٥) دەگێڕێتەوە، بەتایبەت ئەگەر زانیمان "سپنسەر" دوو ئەنجامی لە توێژینەوەکەی بۆ زانست و کۆمەڵگە هەڵهێنجاوە.

یەکەمیان: پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی شوێن هەمان یاساکانی گەشەی بایلۆژی دەکەون.

دووەمیان: یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی یاسای پێشکەوتنی هێناوەتە بوون.

---

(١) Dewey. J, Democracy and, Education, p. 111

(٢) Thomas henry Huxly

ڕاڤەکاری ئەمینداری تیۆری پەرەسەندنی داروینە، فیرمونت مامۆستا جۆن دیوی بوو لە زانستی ئەرکی ئەندامانددا (فیسیۆلۆژیەت) لە زانکۆی فیرمونتهکسلی یەکێك بوو لەوانەی فەیلەسوکەمانی هاندا بۆ وەرگرتنی ڕێبازی بایلۆژی.

کۆمەڵگە لە تێڕوانینی ئەودا، بوونەوەرێکی ئەندامی بایلۆژیە، گەشە دەکات وەك ئەوەی پێویستە لە کات و شوێندا، دواتر پێش دەکەوێ بەگوێرەی یاسای سروشتی. ئەم دوو ئەنجامە زۆرترین کاریگەریان هەبوو لە تێڕوانینی جۆن دیوی و بەشداری کردنی لە بایلۆژیەتدا. ئەمە پاڵی بە "ولیام جەیمسەوە" نا بۆ وتنی ئەوەی "فەلسەفەی دیوی تا ئاستێکی زۆر، هاوشێوەی فەلسەفەی سپنسەرە، بەتایبەت لە هەر دوو پرسە سەرەکییەکەدا، یەکەمیان، هەر دوو فەیلسوفەکە ڕێبازی پەرەسەندیان پەسەند کردووە، دووەمیان زیندەوەرزانی و دەروونزانیان کردۆتە بنچینەیەك بۆ فەلسەفەکەیان(١)"، سەرباری ڕێکەوتنی تەواو لە نێوان هەر دوو فەیلەسوفەکە لە پەسەندکردنی تیۆری پەرەسەندن، جەیمس جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دیوی لە سپنسەر جیاوازە، چونکە لای ئەو دیوی بەڕاستی بە فەیلەسوفێکی ئەزموونی پوخت دادەنرێ، بەو مانایەی هەر شتێکی واقیعی بە ئاڕاستەکەری کەرستەی ئەزموون دادەنرێ، هیچ شتێك لای دیوی نییە، نەزانراو یان ڕەها و لەودیوی سنووری جیهانەکەمانەوە بێ، بەڵکو هەموو شتێك لای ئەو گۆڕاوە و ئاماژەیەکی زانستی هەیە، لێرەوە هیچ ماوەیەك بۆ گومان نەماوەتەوە سەبارەت بەوەی تیۆری پەرەسەندن، لە جێبەجێکردنیدا کورت هەڵنەهاتووە لەسەر لایەنی بایلۆژی، بەڵکو کاریگەریەکەی فراوان بووە بۆ بوارەکانی فەلسەفە، بەتایبەت ئەخلاق و بەها مرۆڤایەتیەکان، هکسلی جەختی لەمە کردۆتەوە، کە کرداری پەرەسەندن بڕوای بە بوونی بەها هەیە، بەڵکو لێشی پەیدادەبێ، ئەمەش ئەوی پاڵناوە بۆ وتنی ئەوەی پێویستە لەسەر زانایان، ڕەچاوی ئەوە بکەن بەها مرۆڤایەتییەکان، تەنها لە کرداری پەرەسەندنەوە گەڵاڵە نەبوونە، بەڵکو ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەگێڕێ، ئەگەر بمانەوێ دڵنیا

(١) W, James "Chicago school in; the works of w; james, ed/by, frederick H burkhordt and others, p. 103

ببینەوە لەمە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شرۆڤەی زانستی و ئەنجامەکانی، کە بێ چەند و چوون لە ڕێگەی بوونی ئەم بەهایانەوە کرداری پەرەسەندنمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەمەش ئەخلاق دەبێتە ئەنجام و نێوەندگیرێك لە مێژوودا. لێرەوە مەبەستی فەلسەفی تیۆری پەرەسەندن خۆی حەشار دەدات، دەتوانێ لە بەر ڕۆشنایی ئەمەدا زانیاریمان پێ ببەخشێ، تێڕوانینی هزریمان پێ بدات، شێوە بیرکردنەوەیەکمان لا دروست بکات سەبارەت بەو جیهانەی تیایدا دەژین، بە مانایەکی تر یارمەتیمان دەدات لە بنیاتنانی ئەخلاقی کرداری)[١]، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تیۆری پەرەسەندن جێ پەنجەی جێهێشتووە تەنها لەسەر ویژدان و عەقڵی فەیلەسوفەکەمان، بەڵکو دەبینین کاریگەریەکی مەزنی هەبووە لەسەر فەلسەفەی براگماتیەت، ناکرێ ئەمە فەرامۆش بکرێ "ئاڕاستەی براگماتی لەگەڵ ئاڕاستەی پەرەسەندن دەڕوات، لە گەڕان بەدوای کاری بەردەوام، پشت کردن لە زانستی ڕووت، ڕووکردنە سوودی ڕاستەقینە، پێچەوانەی جوڵایەوە لە ڕەچاوکردنی مانا عەقڵییەکان وەك گوزارشتێك لە داواکانی بوونەوەری زیندوو، کە ئامانجەکەی پاراستنی ژیانی ئەوە و یارمەتیدانی لەسەر پەرەسەندن بەرەو کامڵ بوون"[٢]، لەبەر ئەمە فەیلەسوفە برگماتیەکان، جەختیان کردۆتەوە لەسەر لایەنی بایلۆژی[٣]، نەوەك لایەنی میتافیزیکی هزرەکان، کۆك بوون لەسەر پێویستی توێژینەوەی نموونە و هزرەکان، لە هەر دوو لایەنی بایلۆژی و کۆمەڵایەتی بە یەکسانی. سەرباری ئەم ڕێکەوتنە، ئەوا کاریگەربوونیان بە تیۆری پەرەسەندن لە فەیلەسوفێکەوە بۆ ئەوەی تر جیاواز بوو. ئەزموونی مرۆیی بەشێوەیەکی تۆکمە پەیوەستە بە تێڕوانینی دیوی بۆ سروشتی

---

T. H Huxly, Evolution and ethics, p. 32 (١)

٢) الطويل – التوفيق: فلسفة الأخلاق، نشأتها وتطورها، نفس المرجع السابق، ص ٢٦٩.

٣) لەمە ئەوە ناخوێنرێتەوە کە براگماتیەت، وێنەیەکی لەبرگیراوەی ڕێبازی پەرەسەندنە، چونکە براگماتیەت بەشێوەیەکی مەزن جیاوازە لەگەڵیدا، لەوەی بوونەوەری زیندوو لە براگماتیەت ئەوەیە کە جیهان بە گوێرەی داواکانی ئەو دەبێ، لە کاتێکدا داواکان لە پەرەسەندندا دەرەنجامی کاریگەری جیهان دەبن لەسەر بوونەوەری زیندوو.

ئەخلاق، دیوی جەختی لەمە کردۆتەوە کاتێك بانگەوازی کرد بۆ پێویستی داواکردنی بۆ دانانی ئەزموون بە ڕێنوێنیکار بۆمان لە زانست و ژیانی ئەخلاقیدا.

دیوی توانیویەتی بە سەرکەوتووان پەیڕەوی زانستی خۆی جێبەجێ بکات لەسەر ئەخلاق، پێی وابوو گشت دۆخەکانی ئەخلاقی، دەکرێ بگۆڕدرێن بۆ بارودۆخی ئەزموونی، دواتر جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی ئەخلاق، بە پلەی یەکەم پەیڕەوێکی زانستییە، هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی لەسەر کێشەکانی ئەخلاق، دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوونە قوڵەکەی بەوەی پەیڕەوەکانی زانست، تاکە شتن لە توانایاندابێن دەستەبەری بەردەوامی گونجانی بەهاکان بکەن لەگەڵ گۆڕان و ئەو داواکاریانەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، لێرەوە دیوی ئەو وتەیەی ڕەت کردەوە کە بۆ ئەوە دەچێ، وەرچەرخانی پەیڕەوی زانستی لە توێژینەوەی زانستە فیزیاییەکان بۆ توێژینەوەی پرسە مرۆییەکان، چەند کۆسپ و سەختیەك لەخۆدەگرێ، چونکە هەڵسوکەوتی مرۆیی ئاڵۆزترە، لە هەڵسوکەوتی بابەتە سروشتییەکان، بەڵام ئەوەندە هەیە دیوی ئەم تێڕوانینەی بە یەکجاری ڕەتکردۆتەوە، بەڵگەکەشی لەم بارەوە ئەوەیە هیچ جیاوازیەك لە جۆردا نییە لە نێوان جیهانی سروشتی و سروشتی مرۆڤایەتی، ئەمەش وایلێکردووە بەرپرسیارێتی دواکەوتنی ئەخلاق لە کاروانی شارستانیەت و تەکنەلۆژیا بخاتە ئەستۆی فەیلەسوف و لاهوتییەکان. هەر بۆیە نەنگی لە ئەخلاقی پێشینان دەگرت، چونکە لەسەر بنچینەی ناوبژیوانی و بڕیاردان دادەمەزرا نەك لەسەر تێگەیشتنی زانستی مرۆڤ، ئەمەش پاڵیناوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بۆ ئەوەی ئەمە چاك بکەینەوە، دەبێ تەنها پشت ببەستین بە زانین و شارەزایی زانستی.

داننان بەوەی ژیانی ئەخلاقی لە جیهانی سروشت و جیهانی کۆمەڵگەدا بە یەکەوە دەڕوات، ئەوا سروشتی مرۆڤایەتی پەیوەستە و لکاوە بە گشت سروشتە مادیەکانەوە. لە دەرەنجامی ئەمەدا دەبێ زانستی ئەخلاق پەیوەندی تۆکمە بێ بە هەر یەك لە زانستی فیزیا و بایلۆژی و گشت زانستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی ترەوە، ئەمە چەقی دانراوەکەیەتی "سروشی مرۆڤایەتی و هەڵسوکەوت".

لێرەوە دەکرێ بڵێین: ئەخلاق لای دیوی بەم مانایە ئەخلاقێکی سروشتی سروشتێنراوە بە سروشتی بایلۆژی. بەڵام سەرباری ئەم گرنگییەی فەیلەسوفەکەمان بە زانست و پەیڕەوە ئەزموونیەکەی داوە، لە ڕاڤەکەی بۆ ئەخلاق و بەها، بەڵام هەندێك کەس زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە دیوی گرتووە، بۆ نموونە:

أ- داڤید مارسیل، پێی وایە ئەگەر دیوی زۆر سور بێ لەسەر پەیڕەوی زانستی، ئەوا بە ڕوونی سنوورەکانی بۆمان ڕوون نەکردۆتەوە، سەبارەت بە توێژینەوەکانی کۆمەڵایەتی یان مێژوویی، دیوی پەیڕەوی زانستی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەکارنەهێناوە، سەرباری ئەوەی دیوی جیاوازی کردووە لە نێوان زانست وەك جێبەجێکردنێکی کرداری، هەروەها وەك کۆمەڵێك دەستکەوتی بەدەستهاتوو و هەڵوێستێکی گشتی لەبارەی کێشەکانی زانین و مەعریفە، بەڵام جیا کردنەوەیە — وەك چۆن مارسیل بۆی دەچێ، تەواو ڕوون نەبووە لە نووسینەکانیدا لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. دیوی بایەخی داوە بە کێشەکان، تەنها لە پێناو ئەوەی جەخت بکاتەوە، ڕای گشتی پێویستە فێری بنەماکانی جێبەجێکردنی کرداری ببێ[1].

ب- مارکسیەتیش بەهەمان شێوە، گەیشتە ئەوەی پەیڕەوی ئەزموونی لەلای دیوی تەنها پشت بەستنە بە هەوڵ و هەڵە، پلاندانان جێدەهێڵێت بۆ ڕێکەوتەکان، دواتر ئەمە پەیڕەوێکی نازانستییە، چونکە چەندین پاڵنەری نا زانستی نە ناسراو دەسەپێنێ، کە دیاریکراو نییە، بەشێوەیەك کە ناتوانرێ لەگەڵیدا پێشبینی گۆڕانی کۆمەڵگە بکەیت، ئەمانە چەند جۆرێکن لە نابینایی، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەگێڕێتەوە بۆ گۆڕانی سروشتی مرۆڤایەتی، ئەمە شتێکی هێواشە، دواتر ئەم گۆڕانە پەیوەستە بە ئەزموون و تاقیکاری مرۆییەوە[2].

---

(1) مارسيل دافيد: فلسفة التقدم، ترجمة خالد المنصوري، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٧م، ص ٢٢٦.

(2) حلمي مطر أميرة: في فلسفة السياسة، دار الثقافة للنشر، القاهرة، ١٩٨٥، ص ١٢٩.

تێبینی دەکرێ ئەم ڕەخنانە، زۆر هێرشیان کردۆتە سەر بڕوای فەیلەسوفەکەمان، سەبارەت بە گرنگی پەیڕەوی زانستی لە توێژینەوەی مرۆڤایەتیدا، دیوی ئامانجی لە پەیڕەوەکەی، ڕوونکردنەوەی ئەوەیە چۆن بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە ماوەیەکدا یارمەتیدەرن بۆ پێکهاتنی پرسەکانی هزر، ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن کەش و هەوای هزری دەگۆڕێ، ئەگەر ئەم بارودۆخانە گۆڕان، ئەمەش جون سمیسی پاڵنا بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی دیوی ڕێبازی خۆی لە پەیڕەوی زانستیدا، بەکارهێناوە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانەی بێ هاوتا، بە ئامانجی بەردەوامی دان بە پەیوەندی لکاوی نێوان زانین و کرداری هەڵسەنگاندن، دیوی ئەمەی بە کرداری بەرجەستە کرد، چونکە سەیری زانین و مەعریفە و هەڵسەنگاندنی بەرپاکردووە، لەو ڕووەی ئامانجی زاڵبوون و جڵەوگرتنە(1).

بەمەش فەلسەفەی دیوی لە ئەزموونی فەلسەفەی تاقیکراودا، دەبێتە شتێکی تەواو کرداری، ئەمەش ئەو بۆچوونانەی پێشوو پوچەڵ دەکاتەوە، کە بۆ ئەوە دەچن، سەخت بێ پەیڕەوی زانستی جێبەجێ بکرێ لەسەر کاروبار و پرسە مرۆڤایەتیەکان، بە پاساوی ئەوەی ئەمە سەردەکێشێ بۆ واز هێنان لە گشت پێوەرەکان و هەموو دەسەڵاتێك، دەکرێ بەرپەرچی ئەمانە بدەینەوە بەوەی ئەم بۆچوونەیان لەوانەیە ڕاست بێ، ئەگەر پەیڕەو لای فەیلەسوفەکەمان بە مانای هەڵسوکەوتی کوێرانە بووبا، بەڵام کاتێك پەیڕەو ئاماژەی دەکرد بە ئاڕاستەکردن بە زانین و بیر و هزر، ئەوا دەبێتە شتێکی پێویست بۆ گشت پێوەرەکان و بەها مرۆڤایەتیەکان، کە دیوی هەوڵیداوە دایبمەزرێنێ لەسەر ئەم پەیڕەوە، ئێمە تێبینی ئەمەمان کردووە بە کرداری لەوەی زانستی بەستۆتەوە بە توێژینەوە مرۆڤایەتیەکان، وەك ئەخلاق و هونەر. هەروەك جۆن دیوی هەوڵیداوە ئاینێکی دەستکرد دابنێ بۆ مرۆڤایەتی، ئاینی مەسیحی باو لە جیهانی خۆرئاوا سەرنجی ئەوی ڕانەکێشاوە، خۆشی هەڵنەستاوە بە توێژینەوەی ئاینە ئاسمانیەکانی تر کە هەبوونە، وەك

(1) John Smith, J> Dewey, a philosopher of experience. The review of Metaphysics, vol. 13, N2, 1959, p. 69

جولەکایەتی و ئیسلام، ئەمە دۆخی زۆرێك لە فەیلەسوفە خۆرئاواییەکان بووە لە ئەوڕوپا و ئەمریکا، زۆربەی فەیلەسوفە براگماتیەکان ئەگەر هەمووشیان نا، ئەوا میتافیزیان ڕەتکردۆتەوە، دواتر بۆ قبولّ کردنی ئایین دەگەڕێنەوە، نەك وەك ئەوەی شتێکی پێویستە بڕوای پێبهێنرێ، بەلّکو لەبەر ئەوەی سوودێك لای ئەوان فەراهەم دەکات، وەك حەسانەوەی دەروونی و خەست کردن بە بەختەوەری. بەلّام تەنها بیرکردنەوەیان لە دۆخی ئاینی مرۆیی بۆ مرۆڤایەتی، دەستەبەرکەری دەرهێنانیانە لە بازنەی بڕوا و بردنیان بۆ نێو بێ باوەڕی و لاساری. ئەمەش تەبایە لەگەلّ ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ. يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴾[()] واتە: (ئەی خاوەنانی کتێب : دلّنیابن کە پێغەمبەری ئێمە بۆ ئێوەش هاتووە تا زۆربەی ئەو شتانەی کەلای ئێوە روون و ئاشکرانین و دەیشارنەوە، لەکتێبی (تەورات و ئینجیلدا) بۆتان روون و ئاشکرا بکات، هەروەها لە زۆرێك لەو شتانەی کە شاردوناتەوە چاوپۆشی دەکات، چونکە بەڕاستی لەلایەن خواوە رووناکیەکی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمدی پێغەمبەرمانە "درود و سلّاوی خوای لێبێ") هاوڕێ لەگەلّ کتێبێکی روونکەرەوەدا "کە قورئانە". "بێگومان" خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و رێنموویی ئەو کەسانە دەکات کە شوێن رەزامەندی خوا کەوتوون، بەرەو رێبازەکانی ئاشتی و ئاسوودەیی، لە تاریکاییەکان دەریان دەهێنێت و رزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو روناکیەوە بەفەرمانی خۆی، رێنموویشیان دەکات بۆ سەر رێگەو رێبازی راست و دروستی "دینداری و خواناسیی و چاکە"). جگە لەمەش ئایەتەکانی تر، کە بۆ خەلّك، بەتایبەت بۆ خاوەن کتێبەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوان بانگ کراون بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕەکەیان و بڕوا هێنان بە خوا و کتێب و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و قەزای خێر و شەڕەکەی. هەروەك وتەی دیوی بە جیاوازی کردن لە نێوان ئایین و دینداری، بەرەو دووانەیی و دووسەری دەچێ، ئایین و دینداری

---

() القرآن الكريم: الآية ١٥ و ١٦، من سورة المائدة.

یەکەن. ئایین دەدرێتە پاڵ ئەو بەرنامە ئاسمانیەی خوا ناردوویەتیە سەر پێغەمبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ). ئەو بەرنامە و پەرستش و مامەڵانەی تیایاندان، ئەوا ئەو کەسەی بڕوای پێدێنێ، دەبێتە کەسێکی دیندار، ئەمە یەك ئاینە، دیندارەکان زۆرن، ناتوانرێ قسە لەسەر ئاینی زۆر بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان بکرێ، وەك چۆن دیوی دەیەوێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەخلاق لای دیوی، تەنها بەرجەستەکردنی واقیعی بایلۆژی و زانستیە، لە پاڵ ڕووداوە کەلتوریە بەدەستهاتووەکان، کە بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، مرۆڤ بەرەو جوڵە و پێشکەوتن دەبات، ویستی ئاڕاستەیەکی فەلسەفی و پەیڕەوێکی ئامرازی بێ، لەگەڵ براگماتیەت جیاواز بێ، گونجاوبێ لەگەڵ بیرکردنەوەی سەدەی بیستدا. گرنگترین دەرەنجام کە پێی دەگەین، بریتی دەبێ جەختکردنەوە لەسەر جوگرافیەتی هزر، لەبەر ئەوەی خاڵی هەنگاونانی هەر بیرمەندێك، پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکەی و خەسڵەتەکانی گەلەکەی کە بە بیری دادەنێن، بۆیە دەبێ تێبگەین، ئاڕاستەی گەشەی شارستانیەتی خۆرئاوایی، بریتی نییە لە ئاڕاستەی نموونەیی بۆ پێشکەوتن، خۆرئاوا مێژوو و بەها و ڕێنمایی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە هاوشێوەکانی لای ئێمە، پێویستە لەسەرمان متمانە بکەین بە تواناکانمان و عەقڵەکانمان هانبدەین، لەبەر ڕۆشنایی کەلتوری شارستانیمان، تا بەها تایبەتیەکانمان دابهێنین.

**سەرچاوەکان:**

قورئانی پیرۆز.

**یەکەم– خشتەی سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


١– ديوي جون: الديمقراطية والتربية، ترجمة متى عقراوي، زكريا ميخائيل، مطبعة لجنة التأليف والترجة والنشر، القاهرة، الطبعة الثنية، ١٩٥٤.

٢– ــــــــ: الطبيعة البشرية والسلوك الإنساني، ترجمة: النجيحي مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر القاهرة، الطبعة ١٩٦٣.

٣– ــــــــ: المنطق نظرية البحث، ترجمة زكي نجيب محمود؟ دارالمعارف، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٦٩.

٤– ــــــــ: تجديد في السفلسفة، ترجمة أمين مرسي قنديل و زكي نجيب محمود، القاهرة، مكتبة الأنجلو مصرية، طبعة ١٩٥٩.

٥– ــــــــ: المبادئ الأخلاقية في الرتبية، ترجمة عبدالفتاح السيد هلال، مراجعة أحمد فؤاد الأهواني الدار المصرية للتأليف والترجة ط ١٩٦٦.

٦– ليون تروتسكى و جون ديوي: أخلاقهم وأخلاقنا، وجهتا النظر الماركسية والليبرالية في المثل الأخلاقية ترجمة سمير عبده، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت ١٩٨٥.


**سەرچاوەکانی بە زمانی بیانی:**


١– Dewey, John: & tufts James; Ethics. New yourk, Henry Holt and company, 1936

٢– John Smith, J, Dewey, a philosopher of experience. The review of Metaphysics, vol. 13, N2, 1959

٣- Dewey. J, Democracy and, Education,

٤- Dewey. J, Intelligence in the Modern Word. John Dewey’s philosophy. Edited by Ranter j;

٥- Dewey, J. Ethics/hennery holt and company: New yourk; □□□□


**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- إبراهيم مصطفى إبراهيم، نقد المذاهب المعاصرة، دار الوء لدنيا الطباعة والنشر والتوزيع، الإسكندرية، ط ١، ٢٠٠٠.

٢- زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، مكتبة مصر، الطبعة الثانية، ١٩٧٥.

٣- إمام عبدالفتاح إمام، محاضرات في فلسفة الأخلاق، دار الثقافة للطباعة والنشر بالقاهرة، مصر ١٩٧٤.

٤- حلمي مطر أميرة: في فلسفة السياسة، دار الثقافة للنشر، القاهرة، ١٩٨٥.

٥- حنفي جميلة، منهج الإصلاح الإجتماعي لدى جون ديوي.

٦- كانت إيمانويل: تأسيس ميتافيزقا الأخلاق، ترجمة عبالغفار مكاوي مراجعة عبدالرحمن بدوي، القاهرة، مصر، ط ١٩٦٥.

٧- نجيب محمود زكي: حياة الفكر في العالم الجديد، دار الشروق، القاهرة، طبعة ١٩٨٣.

٨- توفيق الطويل: فلسفة الأخلاق نشأتها وتطورها، دار الثقافة والتوزيع، القاهرة، طبعة ١٩٨٥.

٩- شنيدر هربرت، تاريخ الفلسفة الأمريكية، ترجمة محمد فتحي شنيطي مكتبة النهضة، القاهرة، طبعة ١٩٦٤.

١٠- الأهواني أحمد فؤاد: جون ديوي، سلسلة نوابغ الفكر الغربي، دار المعارف القاهرة، الطبعة الثالثة ١٩٦٨.

١١- العوا عادل: القيمة الأخلاقية" الشركة العربية للصحافة والطباعة والنشر، ١٩٦٥.

١٢–اللبان إبراهيم والطويل توفيق وآخرون: مشكلات فلسفية، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٥٤.

١٣–مارسيل دافيد: فلسفة التقدم، ترجمة خالد المنصوريي، مكتبة الأنجلو المصرية، القهرة، ١٩٨٧.

١٤–محمد إسماعيل قباري، قضايا علم الأخلاق، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، ١٩٧٨.

سەرچاوەكان بە زمانی بیانی:

١– W, James "Chicago school in; the works of w; james, ed/by, frederick H burkhordt and others

٢– T. H Huxly, Evolution and ethics

٣– Arthur G. Wirth "J. Dewey versus the social efficiency philosophy" in: Studies philosophy & education, on vol 1-, N2 winter 1974

٤– Ethel M. Albert& others "scientific method in ethics". In Great traditions in ethics, edl by. Ethed; M

٥– Hook, sidey. Dewey. J.an intellectual portrait/ the john day company new yourk. 1939

٦– M orton; White, pragmatism and American mind,

٧– G eorge, Dykhuizen, j: Dewey."American philosopher and educator",

**نامە زانكۆییەكان:**

١– موريس ميخائيل أسعد، معنى الحرية ومكانتها في فلسفة جون ديوي التربوية رسالة ماجستير جامعة عين شمس، قسم الفلسفة، ١٩٦٣.

فەرهەنگەکان:

١- صليبا: جميل المعجم الفلسفى، ج ١ – دار الكتاب اللبنانى، بيروت، لبنان، گبعه ١٩٨٢.
٢- ابن منظور: لسان العرب مجلد ٤، دار إحياة التراث العربي بيروت، لبنان الطبعة ١٩٨٨.

# بەشی پێنجەم

# جەنگی چەمکە ئەخلاقییەکان

# لە فەلسەفەی هاوچەرخدا

**یەکەم– نیچە و مشورگێڕی گۆشەگیر بۆ ڕەوشتی تاکڕەو**

**دووەم– جاك ماریتان و دیاریکردنی قەیرانی ئەخلاقی خۆرئاوایی**

**سێیەم– مشتومڕئامێزی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لەلای برتراند راسل**

**چوارەم– ئەخلاقی بوونگەرایی لەلای دوستویفسکی**

**پێنجەم– ئیتقا و ئەویترگەرا: درەوشانەوەکانی ئەوەی هەیە لە فەلسەفەی ئەخلاقدا لەلای ئیمانویل لیفناس**

**شەشەم– ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لای ریجا گارودی د. شەریف توتاوی**

# نیچە و مشورگێڕی گۆشەگیر

# بۆ ڕەوشتی تاکڕەو

**مەولدی عزدینی، تونس.**

((ئەمڕۆ ئەخلاق لە ئەوڕوپا، ئەخلاقی ئاژەڵەی مێگەڵە: ئەمەش بەگوێرەی تێگەیشتنمان بۆ کاروبارەکان، ئەوە دەگەیەنێ تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی مرۆڤایەتی، دەکرێ ببێ یان پێویستە لە پاڵی و لەبەردەمی یاخود لە پشتیەوە چەندین جۆری تری ئەخلاق هەبن، بەر لە هەموو شتێك، ئەخلاقێکی باڵا))[1].

---

() نیتشه، ما وراء الخير والشر (تباشير فلسفية للمستقبل)، الفصل الخامس: في تاريخ الأخلاق الطبيعي، تعريب جيزيلا فالور حجار، مراجعة موسى وهبه، دار الفارابي – بيروت والمؤسسة الوطنية للإتصال والنشر والإشهار – بئر مراد رائس/ الجزائر، ط ١، ٢٠٠٣، ٢٠٢، ص ١٤٩.

### ١- ئیتقا و مشورگێڕی کەنارگیر بۆ بەهاکان لەودیوی خێر و خراپەوە:

### لێپرسینەوەی کەنارگیر لە مشورگێڕیەکەی بۆ تاکڕەو:

ئایا دەبێ زەردەشت چی بێ؟ ئایا ئەو پێغەمبەرە لە نێو نەتەوەکەیدا و نەمرە لە نێو هۆزەکەیدا، یان کەسایەتییەکی واتاییە[١]، لە مشورگێڕی فەلسەفەی ((ئەودیوی خێر و شەڕەوە)) یە[٢]؟ دەبێ کەنارگیر چی بێ؟ کەنارگیر دەبێ چی بێ؟ ئایا کەسایەتی فەیلەسوفێکە، یان بەهایەکی ئەخلاقیە لە ئەخلاقی ((ئەودیوگەرادا))؟ ئایا کەنارگیر ئەو تاکڕەو نییە لە پێناو سەقامگیری بیرکردنەوە و لە بیرمەندان نییە؟ ئایا مشورگێڕی کەنارگیر دەبێتە ڕق و کسنەی بیرکردنەوەی ئیتیقی؟ بۆچی ئیتیقا لە سەردەمێکدا، چەندین ئیتقیا و خۆشارەزاکردن لە دامەزراوەکەی و بەرگرکردن لێی داوەتە پاڵ خۆی لە سەردەمی مافەکانی خەڵکدا؟ ئایا ئیتیقا دەبێتە بیرکردنەوەیەکی بەهایی و بەخششێکی فەلسەفی لە زەردەشتەوە بۆ ئەوەی گەشت بە نێو جیهانی گەردووندا دەکات، ونبوونە لە مافەکانی مرۆڤدا؟ ئایا دەرهێنانی باڵای بەهاکانە لە ژێر پێیەکانی گەوج و ئاژەڵ ئاسا هاوچەرخەکان؟ ئایا پرسیار لەسەر باوەڕی زەردەشتی کەنارگییر بە بەهاکانی دەمێنێتەوە؟

---

(١) Deleuze (Gilles) et Guattari (félix), Qu’est-ce que la philosophie?, éd. Minuit, col. Critique, Paris, 1991, p. 62.

(٢) هو عنوان كتاب لنتشه وفيه تجاوز لمنطق التفكير الأخلاقي المعهود في الحكمتين الشعبية والفلسفية. أنظر: الهامش ١. وأنظر أيضا النسخة الفرنسية ضمن الأعمال الكاملة:

Par-delà bien et mal (Prélude d’une philosophie de l’avenir), in OPC, t. VII, trad. De 1’allemend par Cornélius HEIM, Isabelle HILDENBRAND et Jean GRAtien, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 3 juillet 2006.

نیچە لە ڕووی ڕێبیریەوە و لە چوارچێوەیەکی نەرێنیدا وەڵام دەداتەوە: "کەنارگیر بڕوای وا نییە فەیلەسوفێك — ئەگەر هاتوو هەردەم لەسەر فەیلەسوف پێویست بوو وا دەستپێبکات — لە کاتێك و لە میانەی کتێبەکانیدا، بۆی هەبووبێ گوزارشت لە ڕاستی بکات، ئەوپەڕی شتەکەی ئەوەیە کتێب نەنووسێ بۆ شاردانەوەی ئەوەی لە نهێنیەکەیدا دەشارێتەوە؟ بەڵکو گومانی هەیە فەیلەسوفێك ئەو ڕایانەی هەیەتی ئەوپەڕی حەقیقەت لەخۆ بگرێ"(١). ئایا ئەمە مانای وایە ئاسمانی مرۆیی، شوێنی ئاسمانی بت و پەکەری (کلاسیکی) گرتۆتەوە بۆ ڕاستی و پاشکۆکانی؟ کێ بوێرەی قسەی هەیە لە ئیتیقادا؟ ئایا گۆشەگیری مشورگێڕە بۆ بەهاکای ئەودیوی خێر و شەڕ، یان کەسی سیاسەتمەداری ئاڵودەیە بە بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و ئەوەی لە گیرفانیدایە لە پاشماوەکانی پابەندی؟ ئایا ئێمە لە سەردەمی ساردبوونەوەی بەهای شۆڕشگێڕ (ئەخلاقی و سیاسی و مافناسی) نین، لە پابەندبوون بە بەهای هەژار بۆ سەرکێشیەکەی؟ ئایا توانانی فەلسەفەکاری ئیتقی لەم هەمووەدا چی بێ؟ ڕاستە: "بۆ فەلسەفە و دواتر بۆ زر، ئەرکێکی هەڵاوێردراوی نوێبووەوەی هەیە"(٢)، ئەویش تاوتوێکردنی تاکڕەوە لە مێژوودا"(٣)، بەڵام ئایا ڕەگەزی تاکڕەو لە چیدا دەبێ؟ ئایا خاسیەتی تاکی هاوشێوەی ربنسون کروزیوی و حەی کوڕی یەقزان و زەردەشتە، یان بیدعەیەکە لە وتەی فەلسەفیدا، لە کاتی دەستەوەسانی لە گەیشتن بە نیاز خۆڕازاندنەوەی پێ دەکرێ؟

تاکڕەو بریتییە لە بەهایی — ئیتیقی لە مرۆڤ و شت و زانست و جەنگ و هاوسەرگیری و خۆشویستنی ئەوانەی ویژدان ڕەتیان دەکاتەوە... تاد، ئایا پەیوەندی نێوان کەنارگیر و تاکڕەو

---

(١) Nietzsche, Par-delà bien et mal, chap. 9: Qu’est-ce qui est aristrocratique?, in OPC, t. VII, op. cit. § 289, p. 204.

(٢) ئەم هێمایە ((...))، مانای دەستوەردانمان لە دەقی ڕەسەن دەگەیەنێ.

(٣) العيادي (عبدالعزيز)، ميشال فوكو (المعرفة والسلطة)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٤، ص ١١٤.

دەبێ چی بێ؟ کەنارگیر کەسێکی فەلسەفی دەبێ، بەمەش تاکڕەو کەسایەتیەکی واتایی دەبێ. ئەوەی یەکەم تەنها کەسێك دەبێ، کە جۆرەکەی کەم و دەگمەن دەبێ. بەڵام ئەوەی دووەم لە جۆرەکەی دەبێ بە ئەندازەی دەگمەنی و هەڵاواردنی لە هەر سیستەمی خود و شتەکاندا. ئا بەم شێوەیە، تاکڕەوی بەهایی بە ئیتقاکەی، بریتییە لە تاکڕەوی کەسی فەلسەفی بە بیرکردنەوەکەی. هەر دووکیان دەکەونە ئەویدوگەرامان، واتە دەرەوە. بەم پێیە، تاکڕەوی تەنها جێبەجێ ناکرێ لەسەر تایبەتمەندی مرۆڤێك بە کاری خۆی، بەڵکو بەهەمان شێوە جێبەجێ دەبێ لەسەر دیاردەیەك یان ڕووداوێکی تایبەتمەند بەهۆی خەسڵەتەکانی، بەمەش تاکڕەو و دەگمەنەکانی پێکهێناوە.

نیچە  تا ئاستی خۆبەری کردن ڕۆیشتووە لە خراپەی هەندێك کەس، ڕێگە دەگرێ لە تێکەڵبوونی بە کەسانی لاواز و پێشێلکاری بەهایە باڵاکانی مرۆڤایەتی. بەپێی ئەو بۆچوونی ئەو: ((نابێ تێکەڵی ئەوانی تر ببین، لەبەر ئەوەی ئێمە گەشە دەکەین، لە گۆڕان ناوەستین، لە فڕێدانی توێکڵە پیربووەکانمان، لە کاتی هەر بەهارێك توێکڵێکی تازە بپۆشین، بێ وەستان زیاتر گەنج ببینەوە، ئایندە گەشتر، بەرزتر، بەهێزتر بین))[1]. بەم پێیە، جۆرێکی دیاریکراو توانای دەبێ لەسەر داتاشینی ژینگەی گۆشەگیری. ((چونکە ئەم جۆرە مرۆڤە، ئاشنای تەنهاییە، کە چ ژەهرێکی هەیە، بەهێزتر لە گشت ژەهرەکان))[2]. ئەمە ژینگەی پاکبوونەوەی مرۆڤایەتیە لە پیسی مرۆڤایەتی. خاوەن کاریگەریەکی کەنارگیرە بە گشت بەهاکانی. گۆشەگیری بە دیاریکراوی بۆ مشورگێڕی بەهاکان، بریتییە لە جوڵەیەکی دانراوی و سەپێنراو و هەوڵدراو بۆ پاکبوونەوە لە پیسی بەها ئەخلاقییە پەستەکان و لاساری و تاوانی بەندەکان. لەبەر ئەوەی فەیلەسوفپشت دەکاتە

---

(1) نیتشه، العلم الجذل، الكتاب الخامس، تعريب د. سعاد حرب، طباعته دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، توزيع المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، § ٣٧١، ص ٢٣٣.

(2) نيتشه، ما وراء الخير والشر، الفصل التاسع: ما النبيل؟ مصدر مذكور، § ٢٧٣، ص ٢٦٧.

بەشی ڕەوشت پەستەکان، کاتێك بەهاکانی دروست دەکات. فەیلەسوف کەسێکی دەگمەن و تایبەتمەندە لەو ڕووەی کەنارگیرە. لەو لایەنەی تواناداره لەسەر ئیتیقا بە وتە و جێبەجێکردن.

هەروەك کەسی کەنارگیر، پێویستی بە هەستی ئەوانی تر نییە، بە ئەندازەی ئەوەی هەستکەرە بە پێویستی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، دواتر ((جۆرێك لە هەست بە بەختەوەریەکی زۆر هەیە، لە خۆشۆردن، جۆرێك لە خولیا و تینوێتی هەیە، پاڵ بە دەروونەوە دەنێ بەبێ وەستان، لە شەوەوە بەرەو ڕۆژ، لە لێڵی و کارەسات، بەرەو درەوشانەوە و ڕووناکی و قوڵی و هەستیاری: هەر یەکێك حەزێکی لەم جۆرەی هەبێ – کە حەزێکی چاکە – تایبەتمەندە بە ئەندازەی ئەوەی کەنارگیرە))[1]. ئایا گۆشەگیری بە وازهێنان دەبێ لە ئەوانی و پشتبەخۆ بەستن، وەك چۆن بڕوای وا هەیە؟ نا، بەپێچەوانەوە کەنارگیر بە بەهاکانی دانەبڕاوە لەوانی تر.

لە کۆتاییدا، ئا ئەمە بە گشتی پرسیارەکانی ئەم تێکەڵە و پرسە ئیتیقیەیە (کە تێکەڵیەکی بەهاییە، پەیوەستە بە پەیوەندیەکەمان بە ئێستاوە)، ئەمە ئەو شتەیە بۆی دەگەڕێینەوە لە پرس و کێشەی سێیەم و کۆتایی پەیوەست بە هەناسەکانی ئیتیقا، ئاڵۆزی جەنگە گوازراوە، لە میانەی بەهای ئەودیوگەرای نیچەیی.

کەنارگیر بە بەهاکانی دابڕاو نییە لەوانی تر، گۆشەگیری لەگەڵ خود، مانای ئەوە نییە نیچە بانگەواز دەکات بۆ دوورە پەرێزی بکوژ، یان هەڵاتن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوەی تر و ناکۆکی کردن لەگەڵی. بەم ئاڕاستەیەدا ناڕۆین، چونکە ئەو ئاڕاستەیەی نیچە ویستویەتی، ئەوەیە تاك خەیاڵی ئەوە نەکات ئەو تەنها پشت بەخۆی دەبەستێت. دووەمیان ناکۆکی و ململانێکە تەنها وتە و بیرۆکەیەکی دیالیکتی یان پەیوەندیەکی تری ناڕوون نییە، بەڵکو ململانێکە ململانێی ویست و هێزە زەبر دەستەکانە؟ ململانێ لە پێناو ویستی بەتوانا و بەهێزترە. نیچە دەڵێت: ((هەر کاتێك تاکێك هەوڵیدا بۆ تەنها پشت بەخۆبەستن، فەلسەفە ئامادە دەبێ بۆ زیادکردنی گۆشەگیریەکەی و

---

[1]) نفس المصدر، § ٢٧١، ص ٢٦٦.

تێکشکاندنی لە نێو ئەم گۆشەگیریەدا))[١]، کەسی گۆشەگیر، لە سیفەت و کردارەکانیدا نەناسراو نییە بەرامبەر بەوەی تر، چونکە ناکۆکی لەگەڵ ئەوەی تر، مەبەست و ڕێگەی نیچە نییە، گۆشەگیر ئە گەر دروست بێ بە گوێرەی زانستی کەلامی ئیسلامی، گۆشەگیر لەگەڵ سیفەتەکانی. ئەوەیە مرۆڤ واز بهێنێ لە لاساییکردنەوەی ئەوانی تر، ئا ئەمە ئیتقایە. داخوازی شوێنکەوتوو نەبێ وەك زەردەشت، ئەمەش بەهەمان شێوە ئیتقاکەیەتی. نە لاسایی خەڵك دەکاتەوە، نە چاوەڕێی ئەوەش دەکات خەڵکی لاسایی ئەو بکەنەوە، ئەمانە ئارەزووی مرۆڤی تاکڕەوە. ئایا زەردەشت پشتی نەکردە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی سادە، یان داوای نەکرد ئەوان شوێنی بکەون، کاتێك حیشابیان بۆ کرد، دەڵێت ئەمە زۆرانبازیەکانە، لەکاتێکدا ئەوان پێشتر ئاشنای یاریەکانی زۆرانبازی بوون[٢]؟ ئایا ئەو کات زەردەشت داناییەکی فەلسەفیەکی دەرنەدەبڕی، دوای ئەوەی پێگەیشتبوو پاش ئەوەی تاکڕەوی و خەیاڵی ئەخلاقیاتی جەماوەر فرە و لق و پۆپی گرتبوو. ئایا مرۆڤی تاکڕەو چ سیفەتێکی ئیتقی لەگەڵ خۆیدا بۆی دێنێ، تا بگاتە وێنەی گۆشەگیر لەگەڵ خودی خۆی و سیفەکانی؟

دەی با گۆشەگیر لێرەدا مرۆڤی تاك و خاوەنی گرەوی ئیتیقی زەردەشتی فەیلەسوف بێ، خۆی لە ژاوە ژاوی گشتی دوورگرتووە. بەڵام لە بەرامبەردا فەرمان دەدات و دەڵێت: ((ئەی دۆستان ڕوانینە پاکەکانتان بخەنەسەر سەرچاوەی بەختەوەریەکەم، ئەمە شێلوی ناکات، بەڵکو لەسەر پاکی خۆی دەمێنێتەوە و بەدەمتانەوە پێ دەکەنێ. ئا لێرەوە باخچەی ئایندە بەرز

---

(١) نيتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، تعريب د. سهيل القش، تقديم ميشال فوكو، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط ٢، بيروت، ١٩٨٣، ص ٣٩.

(٢) Par-delà bien et mal (Prélude d'une philosophie de l'avenir), in OPC, t. VII, trad. De 1'allemend par Cornélius HEIM, Isabelle HILDENBRAND et Jean GRAtien, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 3 juillet 2004, §3, pp. 23 - [illegible].

دەبێتەوە، دەی با هێلانەیەك لە نێو لق و پۆپەكانیدا بۆ خۆمان دروست بكەین، هەڵۆ دێنە لامان و خۆراكمان بۆ دێنن، ئێمە تاكڕەوین. ئەمە دڵدانەوەیەكە قەزەم و پیسەكان ناتوانن بەشدار بن لەگەڵمان تیایدا، ئەمە ئاگرێكە پەل و باڵەكانیان دەسوتێنێ. لێرەدا شوێنی مانەوە و نیشتەجێ بوون بۆ پیس و پۆخڵەكان نییە. بەختەوەریەكەمان جەستە و ڕۆحەكانیان دەسوتێنێ))(١). ئایا وێنەی فەلسەفی بۆ خودی مرۆیی داهێنەر بۆ بەهای ئەودیوگەرا چییە؟ نیچە لە كتێبەكەیدا (المعرفة الجذلي) وەسفێك دیاری دەكات، تاكڕەو لە گشت خەڵك جیا دەكاتەوە. لەم بارەوە دەڵێت: ((بە گەورەی چوار پایەی خۆی بمێنێتەوە، بوێری و دووربینی و زیرەكی و گۆشەگیری. چونكە گۆشەگیری پایەیەكە لەلامان، ئەمە حەزێكی شكۆدارە بۆ پاكژی، مادەم هەست دەكەین و هەڵاتگەیەك نییە، بازرگانی خەڵك – "كۆمەڵگە" – پیسە. چ ئەمڕۆ یان بەیانی یاخود بە هەر شێوەیەكی تر، وامان لێدەكەن هەموو لایەنگیریەك بۆ خەڵكی سادە هەبێ))(٢). ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەندازەی داتاشرانی ئەخلاقی ئەودیوگەرا یان ئەوەی لەسەری ڕاهاتووین لە ئیتقیای نیچەیی، تەنها لە دوای وێنەگرتنەوەی گشتی دەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا، نیچە خۆی نادزێتەوە لە ڕایەڵە سروشتییەكانی لەگەڵ گشت خەڵكدا. ((ئەمڕۆ هەمان ئەو خۆشەویستیەم بەرامبەر گشت خەڵك هەیە، تەنانەت من لێوان لێون لە ڕێزگرتن بەشێوەیەكی خۆبەكەمزانانە))(٣). ئایا بۆچی نیچە پشت نابەستێ بە مرۆڤی هاوچەرخ، لە كاتێكدا زیادەڕەوی كردووە لە پێدا هەڵدان بە بەها و خودی ئەو؟ ئایا مرۆڤی هاوچەرخ پێشكەوتنخواز نییە بە ئەندازەی ئەوەی پشت بە خودی مرۆڤەكان دەبەستێت؟ لە واقیعدا ((زۆرێك لە بوێرە مژدەدەرەكان و ئەوانەی ناتوانن گەڵاڵە ببن، لە

---

(١) نيتشه، هكذا تكلم زرادشت، ج ٢، تعريب جديد كامل لفليكس فارس، منشوررات المكتب العالمي للطباعة والنشر، بيروت، ص ١١٨، (بتصريف)، (د. ت.).

(٢) Nietzsche, Par-delà bien et mal, chap. P: Qu'est-ce qui est. 2p. 20,.

(٣) نيتشه، هذا الإنسان، لماذا أنا بهذه المهارة؟ تعريب مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ٢٠٠٥، § ١٠، ص ٦٧.

نەبوونەوە — لە پیاوانی شارستانیەت و پەروەردەی بە پیت بۆ شارە مەزنەکانمان: ئێستا پیاوانێکی بێ دەنگی گۆشەگیری پێداگیر پێویست دەکات، دەزانن تەنها پشت بە ئەرکی نەبینراوی خۆیان ببەستنن دەتوانن بە پابەندی بمێننەوە، پیاوانێك بە حەزەوە هەوڵ دەدەن بۆ تێپەڕاندنی کۆسپەکانی گشت شتێك))[1]. لەوانەیە گرنگترین شت فەلسەفەی ئەخلاقی بۆ ئەودیوی چاکە و خراپە تێبینی بکات، بریتییە لە ڕووکەشی توانا لای مرۆڤی نوێ و لە هونەری تازە و بانگخوازانی دیموکراتیەتی هاوچەرخ و بارودۆخی خەڵکی نوێ.

چۆن ئەوەی دەیەوێ بەهاکانی هەڵبکەنێ، بەرگەی هاوێنەی ئەم وتانەی ئێستا بگرێ، لەسەر یەکێك لە کارەکانی خەڵك؟ دواتر ((دواتر لە شەر شێوەی گۆشەگیری ئارام نەگر، کە لە لوتکەی کێوەوە دابەزیوە، ئەوەی لەسەر دەسەپێنرێ لە کروزانەوە بۆ خۆر، کەمترین تێنوێتیە بۆ توایەك بۆ پێویستیەکی تێکنەشکاو بۆ پەیوەندی بەستنێکی ڕاستەقینە))[2]. ئایا داخوازیەکانی ئیتیقای مشورگێر بۆ گۆشەگیریەکەی بە بەهاکەی تێپەڕاندنی ئەوە دەبێ کە هەیە و گرەو دەبێ لەسەر ئەوەی پێویستە ببێ؟ ئایا لە زانیاریە فەلسەفییەکانماندا وا دانانێین ئەمە خودی ئەرکەکی (بەتایبەت سیاسەت) کلاسیکی بۆ فەلسەفە بێ؟ زەوی لە هەمبەر فەیلەسوفی گۆشەگیر بەرتەسك دەبێ سەرباری فراوانیەکەی؟ یان فراوانە بەڵام جێگەی ئەو ناگرێتەوە؟ ((پرسیار دەکات لەبارەی ئەوەی ئایا لە پاڵ هەر ئەشکەوتێکدا ناکرێتەوە، یان پێوست نییە ئەشکەوتێکی قوڵتر ببێتەوە، — سەبارەت بەوەی جیهانێکی فراوان و نامۆ و دەوڵەمەندتر هەبێ، درێژ نەبێتەوە بۆ ژێر ڕوو، دەربارەی ئەوەی ناخی زەوی بەتاڵ دەبێتەوە لە ژێر هەر قوڵاییەکی و هەر بنچینەیەك بۆ بیرکردنەوە))[3]. بە دڵنیایەوە ئەوەی فەیلەسوف لێی دەکۆڵێتەوە بریتییە لە قۆستنەوەی هەلێکی

---

(1) نیتشه، العلم الجذل، الکتاب الرابع، مصدر المذکور، § ٢٨٣، ص ١٥٥.

(2) De Gandillac (Maurice), ((La société des surhommes)), in Magazine littéraire, no 298, dossier: Les vies de Nietzsche, paris, avril , p 52. (pp. 52 - 56)

(3) Nietzsche, Par-delà bien et mal, chap. P: Qu'est-ce qui est. 2p. 20,

مێژوویی، ساتێکی جیا، لەگەڵیدا سوربوون فەراهەم ببێ لەسەر بەرهەڵستی کردنی هەر سەردەمێك و بەهاکانی. ئایا گۆشەگیر ئازار دەبینێ و قسەکەی دەبێتە هەوەسێکی سایکۆلۆژی یان بەها بیر دەکاتەوە لە ناخی ساتی ئێش و ئازار بینینی، خۆی دەپارێزێ و زیاتر پاڵدەنرێ بەرەو ژیان و ئەوەی لە پاڵیدایە لە بەهایە ئیمبریقەکەی؟

کەواتە گۆشەگیری هەڵوێستێکی فەلسەفییە لەبەر ئەوانی تر (بە دڵنیایەوە لە پێناو بەرژەوەندی ئەوانە). بەڵام ئەوان ئەمە پشتگوێ دەخەن، یان لەوانەیە نەزان بن لێی. تەنانەت ((تەنگوچەڵەمە لە تەنهاییدا بریتییە لە بەرهەڵستی[1]. جا دەبێ کێ هەبێ گرەوی لەسەر بکرێ؟ ئایا کەسێکی چاکبووەوە و تواناداره یان کەسێکی هەست و سۆزداری ئەخلاقییە؟ گۆشەگیر کەسێکی توانادارە بە بەرزی و توانای بەکەم دانان بەرامبەر گشت جۆرەکانی داڕوخات و پەڕاوێزەکانی خەڵکی سادە. ((ئەمە ئومێدێکی بەتاڵی باڵندە ئاشتیخوازەکانە))، کە دەمامکدارن بە "باڵندەی شەڕکەر"، کە لە پاڵ تاکڕەویەکەیدا، خەون دەبینێ بە "یەکێتی لە دوواندا"، زۆر ناخایەنێ دەزانێ دۆست بریتییە لەو "دوژمنەی" هەمیشە باشرینە، لە سنووری خودی خۆیان و ڕێنماییان بۆ جگە لە خۆیان زاڵن، لەگەڵ ئەمەدا ((نەبوونی هەڵاتگەیەك))، ((ویستی ژیانی بەپیت))یان هەڵگرتووە، ئەوە دەر دەخەن ئەوان وابەستەن بە کۆڵەگەی گوێڕایەڵان))[2]. ئایا گۆشەگیری کەنارگرتن دەبێ لە شوێنێك یان هەڵوێستێکە پابەندی پێیەوە دەنوێنرێ، بۆ تۆکمەکردنی گۆشەگیری لەگەڵ خوددا؟

گۆشەگیری چەند خەیاڵکردنێك بۆ کەنارگیری یان تەسەوف و هاوشێوەکانی ناگەیەنێ، بەڵکو پێچەوانەی ئەمەوە ئامادەبوونی ناوەندی ئەوانە و لە دژی ئەوانە. گۆشەگیری گوزارشت دەکات لە هەست کردن بە فراوانبوونی بوون لەگەڵ ئەوانی تر و بیرکردنەوە بەشێوەیەك کە پێی ڕازی بن، هەڵسوکەوت کردن بە جۆرێك کە لێی تێدەگەن و بەگوێرەی ئەوەی هەڵیدەبەستن. ((زۆربەی جاران

---

(1) نیتشه، هذا الإنسان، لماذا أنا بهذه المهارة؟، مصدر المذكور، § ١٠، ص ٦٦.

(2) De Gandillac, ((LA sociéte des surhommes)), article cite, p. 53

وا بۆم دەرکەوتووە، بەدەستهێنانی ئەم جۆرە هۆشیاریە، واتە بە تەنها بژی دوور لە ناوەندی شار و خەڵکەکەی، وەك ئەوەی لە بیابان بیٚ))[1]. ئایا زەردەشت بۆ ماوەی دە ساڵ[2] گۆشەگیریەکەی لە تاکڕەوی خۆیدا نەبینیەوە؟ نا بەپێچەوانەوە، ئەو خۆی یەکلا نەکردەوە بۆ بواری ((ڕامانی میتافیزیکی لە فەلسەفەی یەکەمدا)). بەڵکو بۆ نۆژەنکردنەوەی بەها و گۆڕینی هەندێکی و زیندووکردنەوەی هەندێکی تر و داهێنانی ئەوەی نویٚ. ئەو پشت هەڵدەکات تا چاك ببێتەوە. ئایا ئەمە هەڵواسینێکی کاتی دەبیٚ لەلایەن فەیلەسوفەوە بۆ ئامادەبوونی لە ناو جیهاندا؟ ((بە مانایەکی پێچەوانەوە، بیرمەندی دیونیزوسی، درکی کردووە بەودیوس ڕەگەز و جۆرەکان، تاکە دیاریکەری ژیانی دیاری کردووە، ئەویش ئەوەیە کەسی بیرمەند پشت لە جیهان بکات، نەك لە نەزانیەکی وەحشیگەرانە، بەڵکو بە ڕەسەنایەتیەکەی: بیرمەندی تواوەی میتافیزیکی سەماکەر، وەك زەردەشت، لە شارستانیەتی نوێدا نامۆ یان بتێکە، بوونەوەرێکە، ئەگەر گۆشەگیر نەبیٚ، بەلایەنی کەمەوە تاکڕەوە))[3]. کەواتە سروشتی گشتی، پاڵ بە گۆشەگیرەوە دەنیٚ، بۆ دەرپەڕین، بەمەستی گەڕان بە دوای ڕێگەکانی فەلسەفەکاری سەبارەت بە بەها ناخییەکانی تاك، بەڵام لەبەر ئەوەی بە سروشت و خەسڵەتەکەی بیر لە شتەکە دەکاتەوە لە دەرەوەی ئەوان، ئەوا ئەمە جوڵەیەکی لە قاڵبدانە، دەر و دەروون لە ئاڵۆزبووندا دەبن، بەمەش کاری فەیلەسوف هەندێك جار دەگاتی ئاستی مەترسی فەوتاندنی خودی خۆی، ((چونکە تۆ بەلایەنی کەمەوە خۆت لەگەڵیدا ناخەیتە مەترسیەوە، بەوەی ببیتە گۆشەگیر یان شێت))[4]. کەواتە ئایا ڕەگەزی ئەم بەها ئەخلاقییە، کە دەکریٚ لە فەلسەفەی ئەودیوی چاکە و خراپەی نیچەیی دابتاشریٚ چییە؟ بەپێی

---

(1) نيتشه، العلم الجذل، الكتاب الأول، مصدر المذكور، § ٢، ص ٣٤.

(2) Nietzsche, Aini parlait Zarathoustra, Prolougue de Zarathoustra, in OPC, t. VI, op. cit. 1, p. 21.

(3) Dejardin (Bertrand), L'art et la vie (éthique et esthétique chez Nietzsche), L'Hurmattan, col. Ouverture philosophique . Paris, 2008, p. 159.

(4) نيتشه، العلم الجذل، الكتاب الأول، مصدر مذكور، § ١٠، ص ٤١.

ئەم فەلسەفە بەهای توانادار و بەختەوەرن، ئەو بەهایانەن بۆ ڕێگەگرتن لە ستەم و پیسی و بەدبەختی لە خودی خۆی ((بەدبەختی لە فەلسەفەدا وتەیەکی دەگمەنە، بەڵام لە ناخی خۆیدا کۆشش دەکات تا ببێتە شتێکی بەرهەست))[1].

ڕاستە گۆشەگیری ئەزموونێکی فەلسەفییە، زەردەشت یەکەم کەس نەبووە لە فەیلەسوفەکان یان جگە لەوانیش، ڕامابێ لە سنوورەکانی ئەم ئەزموونە، بەڵام قوڵی ئەم ئەزموونە و ڕەسەنایەتیەکەی خۆی دەبینێتەوە، لەوەی ئەزموونێکە لەبارەی شتە شاراوەکان و بەها و دۆخەکانی خەڵك و خودی فەلسەفەکار. ئایا چەند خودی نیچە پایەی ئەزموون گۆشەگیری بەهایی ڕوون کردۆتەوە. لەم چوارچێوەیەدا وتویەتی: ((بە تەنها ژیام و نهێنیەکانم لەگەڵ دەوروبەر گۆڕیەوە))[2].

تا ئێستا، کاتێك بۆم دەدوێ و سەیر کتێبەکە دەکەم[3]، خەریکە هەر ڕستەیەك بۆ من، وەك ڕفێنەرێکی دژە پاڵنەرە لە ناخدا، کە بەراورد ناکرێ))[4]. گەیشتنی بە قوڵایی و گوزارشت لێکردنی و دەرخستنی لە ئاستی ڕووکەش و ئاشکرا کردنی ئەوەی تێیخزاوە، ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵی گونجاون، لە گشت ئاڕاستەکان و لە میانەی فرە تێڕوانینەکان، ئەمە کارێکی فەلسەفی بوێرانەی بە ئێشە. ئەمە ئەزموونی قوڵاییە، کە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر دروستبوونی گۆشەگیر و بەختەوەر بوونی بە خودی خۆی. نیچە دەڵێت: ((گشت ئەو جۆرە ئەخلاقانە، کە ئاڕاستەی تاك دەکرێن لە پێناو دابینکردنی "بەختەوەریەکەی"، هەروەك دەوترێت، ئەوا تەنها

---

1) Laruelle (François), éthique de 1’étraner (Du crime contre 1’humanite), éd Kimé, bibo. De non-philosophie, Paris. 2000, p. 87.

2) نیتچە مەبەستی دیوارەکانی شاری جنوەی ئیتاڵییە.

3) كتاب الفجر لسنة ١٨٨٠.

4) نيتشه، هذا الإنسان، الفجر: أفكار حول الأخلاقيات بإعتبارها ابتسارا، مصدر مذكور، § ١، ص ١١٧.

چەند پێشنیازێکن بۆ هەڵسوکەوت، بەشێوەیەك کە گونجاوبێ لەگەڵ پلەی ئەو مەترسیانەی، هەڕەسە لە ژیانی تاك لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەن، ئەمە سیفەتێکە دژی هەوا و ئارەزووەکانی، بە باش و خراپییەوە، ئەگەر ویستی توانای هەبووبا، حەز بە گێڕانی ڕۆڵی دامەزراندن ببینێ))[1]. ئەم گۆشەگیرە لەبارەی چ بەختەوەریەکەوە دەدوێ؟ ئایا بەختەوەری کەسێکی نەزانە یان هی دانایەك، ئەگەر گوزارشتی سپینۆزا وەربگرین؟ ئەمە بەختەوەری ئاسمانی بەرفراوانی فەلسەفی ڕزگاربووە لە سیاسەتی چەقبەستوو و ئەخلاقی پابەندکەر و ئاشوبی جەنگە بەسەرچووەکان، ((ڕەشبینەکان لە بەختەوەریاندا: ئەوانەی خەمبارن بە قوڵی، کاتێك بەختەوەر دەبن نهێنیەکەیان بڵاو دەکەنەوە: ڕێگەی خۆیان هەیە لە لوشینی بەختەوەری، وەك ئەوەی بیانەوێ لە ئێرەییاندا پێشێلی بکەن و تێکی بشکێنن، ئەوان چاك دەزانن، لەبەریان هەڵدێت))[2].

ئیتیقای بەختەوەر بە شایستەیی خۆی:

نیچە وەك نەریتی خۆی و بەشێوەیەکی کورت، ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە چۆن بەختەوەر دەبێت. ئاسانترین ڕێگە لەلای ئەو بۆ ئەم مەبەستە، بڕیاردانە بە هەر دوو ڕووی چەسپان و ڕەتکردنەوە، ئەو شتانەش کە پێویستیانە. لەم بارەوە دەڵێت: ((گوزارشتی بەختەوەریەکەم: "بەڵێ"، "نەخێر"ی هێڵی ڕاستی، ئامانجە))[3]. کەواتە ئیتیقا تەنها هاوپێچی بەختەوەرکردن و شایستەییە؟ کەواتە سەچاوەی بەختەوەری کامەیە.

---

[1] نیتشه، ما وراء الخير والشر، الفصل الخامس: في تاريخ الأخلاق الطبيعي، مصدر مذكور، § ١٩٨، ص ١٤١ – ١٤٢.

[2] نفس المصدر، الفصل التاسع: ما النبيل؟، § ٢٧٩، ص ٢٦٩ – ٢٧٠.

[3] Nietzsche, Crépuscule dos Idoles ou (Comment philosopher à coups de marteau), in OPC, t. VII, trad. De 1’allemand par Jean-Claude Hémery, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 5 juillet 2004, § 44, pp. 68.

سەرچاوەی ئەم بەختەوەریە فەلسەفەکاریە. بیرکردنەوەی ئیتیقی بەبێ فەلسەفەکاری نایەتەبوون. فەلسەفەکاری کارا نابێ، مەگەر ببێتە خزمەتکارێك بۆ ژیان و تاك و کۆمەڵ، لە کاتێکدا بەختەوەر بێ و هەست بە شایستەیی خۆی بکات. ((پێویست نییە کاتێك ئێمە بە خەفەتباری و بە بەزیەوە دەست پێ بکەین، وەك چۆن ئەوانە وا بیر دەکەنەوە کە فەلسەفە بۆ خەفەت دەگێڕنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پێویستە کاتێك فەلسەفە بکەین کە بەختەوەرین، لە پێگەیشتنی تەمەندا، بە خۆچەکدار کردن بە سەرسام بوونی قوڵ، کە پێگەیشتنی جوامێری توند و سەرکەوتوو پەیدای دەکات، سەبارەت بەوەی ئەم ساتە بەتایبەتی ئەوەیە کە یۆنان لەگەڵیدا دەستی بە فەلسەفەکاری کردووە، ئەوەمان فێر دەکات کە فەلسەفە چییە و دەبێ چی بێ، بە ئەندازەی ئەوەی لەبارەی خۆیانەوە فێرمان دەکەن))[١].

ئایا بەختەوەری وتەیەکی ئەخلاقی نییە، زۆر کۆن بووە و لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش نیقوماخوس؟ ئایا سەلامەتی بەها ئەخلاقییەکان لە پێشەکییەکەی دەبێ؟ ئایا کۆنیش بەهەمان شێوە ئیتیقا نییە؟ ڕاستە ئیتیقا قۆرخ نەکروە لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخدا. بەڵکو لەوانەیە ئەمەی دوایی زیانی گەیاندبێ بە بەختەوەری و ئیتیقا بە زیادەڕەوی کردن لە قسەکردن لەبارەی بەختەوەری هاوچەرخ و ئیتیقای سەردەمی و لیژنەکانی هاوچەرخ، کە بایەخی پێدەدرێ لە بازاری گشتی و ((نۆرینگەی پزیشکی)) و ((دایەنگەی منداڵان)) و ((خانەی بەساڵاچووان))دا. بەڵام ئەوەی بۆ فەلسەفەکاری هاوچەرخ بە ڕەوا دادەنرێ لە بۆیاخە ڕەخنەییەکەیدا لەگەڵ نیچە بریتییە لە پێشێلکردنی هزرە هاوچەرخەکان و کاتە نوێیەکان و وتە مەزنەکان سەبارەت بە پایە و ڕێزی ئیتیقا و بەختەوەری بە یەکسانی لەگەڵ ئێستا؟ ئایا بیرۆکەی ئیتیقا ئەمڕۆ پێویستی بە چییە؟ ئایا ئەویش پێویستی بەوەیە کە تۆش پێویستت پێیە؟ ئەویش تواناداری و شایستەیی و ئەو سەغڵەتیەیە کە هەڵوێستی فەلسەفی دروستی دەکات. چونکە نەریتی ((نیچەیە هزر بۆ ئەوپەڕی سنووری ببات: بەختەوەری وەك تاکە ئامانجێکی ئیتیقی تەنها تۆخکردنەوە دوو هێڵە:

---

(١) نیتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، مصدر مذكور، ص ٣٩.

ئارامی هێز، شایستەبوون بە خواوەندەکان و بێهۆشکردنی ئەم ئارامییە))[1]. ئیتیقای بەختەوەر بە شایستەیی خۆی لە چەشنی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە نییە، کە زۆر کورت هەڵاتوە بە ئیمبریقیەکانی. ئیتیقی بەختەوەر بە بەهاکانیەوە، ڕووکەش و گەوج و تەنها پێچراوەیەك نییە لە ڕۆژنامەکانی سیاسەت و سەرۆکایەتی. ئیتیقی هەوڵدەر و تێپەڕێنەری خودی خۆیەتی، وەك هەمان دۆخ لای زەردەشت، سەرقاڵە بە فێرکردنی ئەو مرۆڤانەی هەوڵ بۆ بەدەستخستنی باشترین چارەنووسەکان دەدەن ((بەختەوەری بوونم، بەڵکو سروشتی دەگمەنی ئەم بوونە، لە سروشتە چارنووسسازیەکەیدا دەبینیٚ)). من هەستیارترم لە هەر مرۆڤێکی تر تا ئێستا هەبووبیٚ، سەبارەت بە پێکهێنەرەکانی یەکەم چ بۆ سەرەوە یان خوارەوە، لەم بوارەدا من مامۆستایەکی بلیمەتم))[2]. ئایا مەرجی گۆڕانی ئیتیقای بەختەوەری چییە بۆ بەهای باڵا، کە لە خشتەی تازەدا بەرز بکرێنەوە؟.

لەسەر ئەم بنچینەیە، نیچە ڕایەڵی بەیەکەوە بەستران لە نێوان ئیتیقا و شایستەبوون بەرپا دەکات. لەوانەیە بەمە ڕەخنەیەك ئاڕاستەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ دەکات، بەهۆی ئەوەی لاوازی تووشی بووە لە سوربوون و بەهاکەی. هەر بۆیە لە شایستەبووندا بنچینە و بنەمای بەختەوەری ببینیٚ. هەر دووکیان ڕاگری یەکترن و داوای بەدواداچوونی ئەوی تر دەکات. نیچە دووپاتی دەکاتەوە ((یەکەم دەرەنجامی بەختەوەری: بۆ هەستکردن بە شایستەیی، ئەمەی دوایی دەیەویٚ لە لێی دەربچیٚ، چ بەرەو خودی خۆمان، یان بەرەو خەڵکانێکی تر، یان بەرەو چەند شت یاخود بوونەوەرێکی خەیاڵی تر. ئەو چۆنیەتیانەی زۆرترین دەستاودەستیان پیٚ دەکریٚ بۆ دەرچوون ئەوەیە: ببەخشی، گاڵتە بکەی، بچێتە دۆخی نەبوون — ئەم سیٚ کردارانە پشت دەبەستن بە سیٚ

---

1) Choulet (Philippe), ((L'Epicre de Nietzsche: Une figure de la décadence)), in Revue philosophique de la France et de l'etranger, dossier Nietzschen, o3 , Paris, juillet-septembre 1998, p. 320, (pp. 275 - 292).

2) نيتشه، هذا الإنسان، لماذا أنا حكيم جدا؟، مصدر مذكور، § ١، ص ٢٣، (بتصريف).

ئارەزووی سەرەکی))[١]. ئایا بابەتی شایستەبوون چییە؟ ئایا تەنها وتەیەکی لە وتەکانی زمانی فەلسەڤ پوخت یان زیرەکییەکە  خۆی بەرجەستە دەکات لە بلیمەتی فەیلەسوفدا؟ بەم پێیە نیچە پێی وایە ((چ چاکە یان خراپە لە بەرامبەر ئەوانی تردا بکەین، ئەوا ئێمە پیادەی شایستەبوونی خۆمان لەسەر ئەواندا دەکەین، زیاتر لەمە داوا ناکەین!))[٢]. ئایا چۆن لە بەیەکەوە بەسترانەوەی نیچەیی تێدەگەیەن لە نێوان هەر دوو بەهای بەختەوەری و شایستەیی؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نیچە پێی وایە ((شایستەکان بەخشندەیی بە چاکی ئەنجام دەدەن، ئەمە هونەر و توانای داهێنانیانە))[٣]؟ ئایا چ شتێك دەستەبەری بەردەوامی بەختەوەری دەکات بۆ کەسی شایستە؟ چ مەرجێك وای لێدەکات هەنوکەیی و بەستراو بێ لەسەر کرداری توانا بەسەردا شکاو؟ نیچە هەندێك مەرج دادەنێ، کە گۆشەگیر بۆ بەهاکانی دەیگرێتەبەر تا بەرز نەبێتەوە، عەقڵی فەلسەڤ لەگەڵی بەرز نابێتەوە، لەوانەیە گرنگترینیان ئەمانەبن:

یەکەم: بۆ عەقڵی فەلسەڤ هەیە، بە ئەندازەی ئارامگری تواناکەی بابەتەکەی بە ئامانج بگرێ (وەك چیای زەردەشت) بیرکەرەوە و ئامادەبێ بەبێ دەمامك (وەك مندالّی زەردەشت). عەقلّ وەك چۆن نیچە پێی وایە، پێویستی بە ئاسمانێکە خۆی ڕووناك بکاتەوە بە ڕووناکی زەردەشت. ((کاتێك گەیشتە تەمەنی سی ساڵی، نیشتمانەکەی و دەریاچەی ئورمیەی جێهێشت، ڕۆیشتە چیا. لەوێ هۆشی خۆی و تەنهاییەکەی بەگەڕخست و بە درێژایی دە ساڵ بێ ئومێد نەبوو. بەڵام دڵەکەی لە کۆتاییدا و لە بەیانیەکدا وەرچەرخا، لەگەڵ بەرە بەیاندا هەڵسا و بەرەو خۆر ڕۆیشتە

---

(١) Nietzsche, Aurore (Pensée sur les prejudges moraux), in OPC, t. IV, trad. De l’allemand par Julien par Julien Hervier, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s> la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Millau, 3 mars □□□□, § □□□, □□□.

(٢) نیتشه، العلم الجذل، الكتاب الأول، مصدر مذكور، § ١٣، ص ٤٣.

(٣) نیتشه، ما وراء الخیر والشر، الفصل التاسع: ما النبیل؟، مصدر مذكور، § ٢٦٠، ص ٢٤٩.

پێش و بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ کرد: ""ئای، هەسارەی مەزن! بەختەوەری تۆ چی دەبێ، ئەگەر شتێکت نەبێ کە ڕووناکی بکەیتەوە!"))[١]. ئە هەسارەیە چییە کە نیچە قسەی لەبارەوە دەکات، تەنها هەسارەی مرۆڤە خانەدان و تەندروستەکان و ئەوانەش نەبێ کە چاك لەگەڵ خۆیان دەجوڵێنەوە. بوونەوەری مرۆیی بە بەهاکەی باڵادەستە، یەکێکە لە بیرمەندانی گەردوون، بەختەوەری لەودا پەیدادەبێ، بە پایە و چاکەکانی بەختەوەری گەورە دەبێ، بەمەش شایستەبوون مەزن دەبێ.

دووەم: بەهاکانی ئەودیوسروشت دەکرێ بەهای جۆری دیاریکراوی خەڵك دیاری بکات و تێی بپەڕێنێ. لەوانەیە بەمە بگاتە ئاستی ئەودیوی خێر و شەڕ. لەبەر ئەوەی ((بەختەوەری تەنها لە بوونەوەردا دەستەبەر دەبێ: گۆڕینەوە و بەختەوەری یەکتر بێ بەش دەکەن. ئامانجی ئارەزووی باڵایەتی[٢]، بەگوێرەی ئەمە تەنها یەك شت پێکدێنن لەگەڵ ئەوەی هەیە. ئا لێرەوە تاکە ڕێگەی ئەوپەڕی بەختەوەری فەراهەم دەبێ))[٣]. تێکەڵبوونی بوونەوەر لەگەڵ خۆی، شتێکی تر نییە جگە لەوەی هەوڵ دەدات بۆ دانانی پایەکانی هێز و حەز و سووربوون لە ژیاندا، پایەکانی ژیانی تەندروست. کەواتە کاریگەری ئیتیقا چییە، ئەگەر پیسی تێنەپەڕێنێ و نەچێتە دەرەوە بۆ ئەودیوی ڕاستەوخۆی ئیمبریقی و سنوورەکانی بەرپا بکات و جیاوازی خۆی نەکات لەگەڵ ڕق و نەنگی لێگیراو و ئەوەی دەجەنگێ لەپێناو دەستکەوت ((گفتوگۆی بازار))؟ نیچە دەڵێت: ((ئێمە

---

(١) نیتشه، العلم الجذل، الكتاب الرابع، مصدر مذكور، § ٣٤٢، ص ١٩١، (بتصريف).

(٢) نیتچە ڕێبازی سپینۆزای خستۆتەڕوو، کە وێناکردنێکی چەسپێنەری هەیە بۆ ئارەزوو، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ڕێبازی شوبنهاوەر ببێتەوە، لەمەدا وێناکردنێکی نەرێنی بۆ حەز هەبێ. نیتچە تێڕوانینە چەسپێنەرەکەی بەرهەڵستی ژیانی نەبوونی نزمی شوبنهاوەر و دونیا بەکەمزانیەکەی دەکات.

(٣) Nietzsche, Fragments posthumes (Automne 1887-mars 1888), in OPC, t. XIII, trad. De l’allemand par Pierre KLOSSOWSKI et Hnri-Alexis BAATsch, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Plessis-Trévie, 5 octobre 2006, (46) 9(60), p 39.

ڕەگ و ڕیشەکانمان بەهێزێکی زیاتر دەردەهێنین لە قوڵایی خراپەدا، لە هەمان ئەو کاتەی باوەش بە ئاسماندا دەکەین بە خۆشەویستیەکی گەرمتر، بەجۆش و خرۆشتر، بە گەرم و گوڕتر عاشقی ڕووناکیەکەی بین بە گشت ئەندام و لق و پۆپەکانمان. ئێمە گەورە دەبین وەك چۆن درەخت گەورە دەبێ. تێگەیشتن لەکە سەختە، ئایا ژیان هەمووی لەسەر ئەم شێوەیە نییە))[1]. گوێڕایەڵی کەسی ئیتیقی بەختەوەر بە شایستەبوونی بۆ ژیانی ئەودیوی چاکە و خراپە، بریتییە لە گوێڕایەڵی بیرکردنەوەی فەلسەفی یان با بڵێین ئیتیقای فەلسەفی بۆ خودی خۆی. گوێڕایەڵی خودی ژیان بێ ئەمە ڕێك یتیقایە. مادەم گۆشەگیر بە بەهاکانیەوە مشوری ژیانی خۆی دەگێڕێ لەودیوی چلێسی و ڕق لێبوونەوەی ئەوانی تر لە بەرامبەریدا، ئەوا فراوانی ژیان و بەربڵاویەکەی خودی دەرچوونی بیرکردنەوەی ئیتیقی پێکدێنن، وەك شارەزابوونی بە ئەودیوی سروشت.

بەم پێیە ئەوپەڕی مەبەستی بیرکردنەوەی ئیتیقی، هاتنەجێی پێویستیەکانی مرۆڤ دەبێ لە بەهایە چاکەکان و هەڵسوڕاندنی بوونەوەری مرۆییە بۆ حەزەکان لە سنووری ژیان و گوزەراندا، کە دەکەوێتە نێو سنووری ڕایەڵی ژیاندا. ئایا مەبەستی بیرکردنەوەی ئیتیقی نابێتە حەزێکی خەیاڵی؟ ئایا بیرکردنەوەی ئیتقی نابێتە ڕووکەش و حەزکردن بۆ خود؟ ئایا تەنها پشت بەستن بە خودی بوونەوەرەکە بەس نییە؟ ئایا لە بەخششی ئیتیقای فەلسەفیەوە نییە قەناعەتت بێ بەوەی ((بەختەوەری لەسەر چەند شتێکی کەم دەوەستێت! ئاوازی نزیکی دەچڕێ))[2]؟

سێیەم: بیرکردنەوەی ئیتیقی لە خودی خۆیدا ببینێ بە بیرکردنەوەیەکی بەختەوەرانە، کاتێك بیر لە بەختەوەری دەکاتەوە و دایدەڕێژێ ((بۆ بیرمەندە ئازادەکان)). لە پوختەکەدا ((وا

---

(1) نیتشه، العلم الجذل، الكتاب الخامس، مصدر مذكور، § ٣٧١، ص ٢٣٣، (بتصريف).

(2) نيتشه، أفول الأصنام، تعريب حسان بورقية و محمد الناجي، افريقيا الشرق، ط. ١، الدار البيضاء، ١٩٩٦، § ٣٣، ص ١٤٤.

دەردەکەوێ ئاڕاستەی بیرکردنەوەی نیچەیی شاراتەوە لە لێکۆڵینەوە لەوەی بەختەوەرییە))[1]. میسراهی پێی وایە، نیچە زۆر خۆی ماندوو کردووە لە داواکردنی بەختەوەریدا، ڕامان لێی بەشێوەیەك کە ئیتیقا و دانایی ژیان وا دەیانخوازێ، ئەمەش لە زانین و مەعریفەی بەختەوەری و زەردەشتیدا[2]. شتێکی بەڵگە نەویستە بەختەوەری یەکێکە لەو وتانەی باون لە سەردەمدا بڵاون، ناشرین و شێوێنراوە. بەڵام وەك زاراوەکانی تر نییە کە زمانی زۆرینەی هەرە زۆر دەیجوێت. لەبەر ئەوەی ((بەختەوەری دانا)) لە ڕەکەزی باڵا و خاوەن پایەیەکی فەلسەفی باڵایە لە ڕایەڵەکاندا لەگەڵ خود و ئەوانی تر: لەگەڵ تاك لە تاکایەتیەکەی و کۆمەڵ لە گەردونیەتەکەیدا. ((بەختەوەری پاککەرەوەیە لە ئێرەیی یان ئارامکەرەوەیە لە پاکیدا، تاکە کارتێکەری فەلسەفی بەرهەست یان سەربەخۆیە، کارتێکەری یەکگرتووە بە پلەی نایاب))[3]. بەڵام میسراهی پێی وایە شێوەی نووسراوی فەلسەفی نیچەیی، مە ئاسمانی بیرکردنەوەیەتی بۆ بەهاکانی، بەتاڵ نییە لە هەستێکی توند بە ئێشێکی قوڵ. ڕاستە نیچە دەدوا لەسەر ئەو ئێشەی لە دڵدا هەیە و چێژ بینین لە بەختەوەری وەك باسێکی ئیتیقی، بەڵام ئەمە بەهەمان شێوە دەقێکی فەلسەفییە، کە نیچە دەینوسێ بەشێوەیەکی پارچەیی دەینوسێ، ئەمەش وا دەکاتهەڵاتن لە بەدبەختی لە چەند قۆناغێك دابێ لەگەڵ بەختەوەریدا.

بەکارهێنانی بەدبەختی، خودی دەرچوونی بەختەوەریە لە پەتەکەی. ئایا بەدبەختی پەیوەندی دەپچڕێنێ لەگەڵ بەختەوەریدا، لە لایەنی بەکارهێنانی پچڕاو یان پارچە یاخود ئەوەی مەبەستی بۆ جۆرێك لە هاوئاوازی و هاوشێوەیی یان یەکترناسینی نێوان بەختەوەری و بەدبەختی؟ میسراهی پێی وایە ((پێویستە هاوبەڵگەیەك ببینین لە نێوان لوتکەی بۆنکردنی بەختەوەی و

---

[1] Misrahi (Robert), Qu’est-ce Que l’éthique? (L’éthique et le bonheur), dir. Jacqueline Russ, Armand Colin, Paris, 1997, p. 58.

[2] انظر: نفس المرجع، ص ٥٩.

[3] Laruelle, Êthique de l’tranger, op. cit, p. 89.

ئەوپەڕی نا بەختەوەری))[1]. کێ بە ڕاستەقینە دەبێتە مرۆڤ؟ ئایا ئەو کەسە مەزنە باوەیە کە گەورەی خۆیەتی و توانای دروستکردنی بەهای نوێ و یاسادانان بۆی هەیە؟

## ٢- جەختکردنەوەی خودی فەلسەفەکار بۆ بەهاکانی لەودیوی خێر و خراپەوە:

بەختەوەری ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ. بەڵام مرۆڤی ڕەها نا. لەبەر ئەوەی جیاوازی ڕوونە بە تەواوی لە نێوان توانەوەی فەلسەفی ئیتیقی بە بیرکردنەوەی بەختەوەرانە و گشت سنوورەکانی لەگەڵ توانەوەی ڕۆژانە، کە بەدوایدا دەگەڕێ لە ئیمبریقیەکانی خەڵك و بەڵێنی سیاسەتمەدارەکانیان و ئەوانەی دەست لە بازاری مەدەنی بۆ بازرگانی مافناسی دەوەشێنن، بە بەهای زیندووان و ڕێزی مردووان و (لیستی شەهیدان) و (قوربانیانی جەنگ). ((سەربارى ئەمە نیچە داننانێ بە بەختەوەری و کامڵی بوون بۆ هەمووان))[2]. بەختەوەری لە کەلتوری بەختەوەری نەزاندا چییە؟ ئایا هەوڵی قەتیسکردنی تەنگوچەڵەمە و مانەوەیە لەسەر بەدبەختیەکەیە. خەڵك بەگشتی ئامادە دەکرێ بۆ بەختەوەری، لە میانەی ئازاردانی بە جۆرەها هەڵبەستنی بەهایی و بەکارهێنانی پێویستییەکانی ژیان (بەتایبەت هاوچەرخەکان). بۆ نموونە بەرتیلدان، لە کەلتوری ئەخلاقی نزمی کۆیلەکاندا، کردارێکی ئەخلاقی کاتی یان ناچاری یاخود ڕەوایە (ئەگەر تا کاتێکیش بێ)، ئەمە خودی دژە ئیتیقایە. ئایا بیرکردنەوەی ئیتیقی هەڵدەبژێرێ کە ئەم جۆرە ئاسمان و سنوورە دەبڕێ، بۆ ئەوەی ببێتە یاسادانەر و داهێنەر و ئاڕاستەکەر و فەرمانکەر بۆ بەهاکان. ئیتیقا لە پێگەی گشتیدا نابێ. چونکە ((دەستکورتی خەڵکی بەرەو ئەوە پاڵدەنێ کە پێشدێت، نەداری پاڵیان دەنێ بەرەو ڕابردوویەکی کۆنتر، بەمەش دەیانەوێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەڵگە

---

(١) Misrahi Qu’est-ce que l’éthiqui?, op. cit, p. 60

(٢) أوديف (ستيبان)، على دروب زرادشت، تعريب د. فؤاد أيوب، دار دمشق، ط. ١، دمشق/ بيروت، ١٩٨٣، ص ٦٩.

بهێننەوە لەسەر ئەوەی ئەوان لە ئێستادا بەختەوەرن))[١]. کەواتە کێ توانای دانانی بەرنامەی ئیتیقی دەبێ بۆ بەهاکانی ئەودیوسروشت؟ نیچە ئەم توخم و کانزایە تایبەتە لە ئادامیزاد دیاری دەکات، ئەمەش بەپێی ئەم ئاستانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەو مرۆڤەی بەرگەی توڕەیی گشتی دەگرێ، لەگەڵ ئەوەی چاوی خراپ لای ئەوان دەیبینێ. نیچە پێی وایە خودی مرۆڤایەتی توانای داتاشینی هەڵسوکەوت و کردارەکەی هەیە، کە دەچێتە خانەی پیاوانی ئازادەوە. ئەو لەواندا ((پیاوانێکی ئەمیندار، ئارامگر دەبینێ، نێوەندین گاڵتەیان بە ڕازاوە مەزنەکانی ژیان دێت، جوامێری لە کاتی سەرکەوتندا، لێبوردەیی لە کاتی لوتبەرزی دۆڕاوە بچوکەکان دەنوێنن، پیاوانێکن کە بە ئازادی بڕیار دەدەن لەسەر هەر یەك لە براوەکان، بە وردی هەر سەرکەوتن و شکۆمەندیەك دەپێون کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوت، پیاوانێك کە جەژ و ڕۆژانی کار و شیوەنی تایبەتیان هەیەن نەریتی بڕیاریدانیان هەیە، بە متمانەوە بڕیار بدەن، لە هەمان ساتدا ئامادەی ملکەچین ئەگەر پێویست بێ، لە دۆخی یەکەمدا شانازی بەخۆکارن، هەروەك چۆن لە دۆخی دووەمیشدا وان، خزمەتی پرسە تایبەتەکەیان دەکەن، پیاوانێك کە زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، پیاوانێك بەپیت و بەختەوەرترن!))[٢].

دووەم: ئەو مرۆڤەی بیرۆکەیەکی دڵنیای ئازادی پێی لە شێوەکانی ناچارکردن و تێکشکاندن و سەپاندن، کە خەڵکی زۆربەی جاران ناچار دەکات، بۆ کەوتنە نێو هەڵەی نا ئیتیقیەوە. دەرچوون لە هەر هەموو جۆرەکانی پەت و زنجیر، ئەوا پابەندیەکی نیچەییە، بۆ چەسپاندنی بەها ئیتیقیەکانی خەڵك ((ئەگەر بناغە دابمەزرێنێ بۆ خۆدارنین لە گشت ڕایەڵەکانی دەوروبەری، کە ئەرکداری دەکەن

---

(١) Nietzsche, Fragments posthumes (Automne 1872-Hiver 1873 - 1874), in OPC, t. ll*, vol, l, trad. De l'allemand par Pierre RUSCH, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Mayenne, 17 mai 1990, 29 (86) , p. 397

(٢) نیتشه، العلم الجذل، الکتاب الرابع، مصدر مذکور، § ٢٨٣، ص ١٥٥ – ١٥٦.

بەشتێك كە خۆی دایهێناوە، ئەمە بەدڵنیاییەوە لەبەر هۆكاری نەرێنی یان ترسان نییە لەوانی تۆ، بەڵكو بۆ دووپاتكردنەوە و كارابوونە، بە مەبەستی چەشتنی تامی ئەوەی ببێتە خودی خۆی))[1]. ئایا دووپاتكردنەوەیەكی تر هەیە، جگە لە دووپاتكردنەوەی خود بۆ چێژی ئاوێتەبوون لەگەڵ خود و چەسپاندنی وەك قەواریەكی شایستە؟

سێیەم: ئەمە خودی تواناداره لە سەر بەگەڕهستنی چەند تیۆرێكی بەهایی و خزانە ناویەوە و سەیركردنە سوودی هەندێك و زیانی ئەوەی تر لە پەیوەندیەكەی لەگەڵ ژیان و داخوازیەكانی هەستكردن بە مەزنایەتی ژیان. خودی فەلسەفەكار سەبارەت بە بەهاكانی ئەودیوی چاكە و خراپە، ئەوا خودێكە خاوەن دیدێكی فراوانە لە چەندین گۆشە نیگاوە. ((ئێمە لە یەك خاڵەوە گەورە نابین، بەڵكو لە هەموو شوێنێكەوە، نەك تەنها لە یەك ئاڕاستە، بەڵكو لە گشت ئاڕاستەكاندا و لە یەك ساتدا بۆ سەرەوە و خوارەوە، بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوە، لە هەمان كاتدا هێزەكەمان دەڕوێ لە قەد و لق و پۆپ و گەڵاكانیشدا))[2]. لەوانەیە گرنگترین شتی نێو ئەم تێڕوانینە بریتییە لە كرانەوە بەڕووی دیمەنی خودی. ئایا ئەمە مانای وایە دیدگایەك هەیە، لە میانەیدا سەیری خود دەكرێ و دیاری دەكرێ؟ ئایا ئەندازەی بە گەورەگرتنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، ئەوە دەبێ درك بكات بە سەرچاوەكانی شایستەییەكەی و دابینكردنی هێزەكانی ژیان تیایدا؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ خودی فەلسەفەكار تەنها بایەخ بەوە دەدات كە بەهاكانی تێكدەدات؟

بیركردنەوەی ئیتیقی، ئاڕاستەكراو بۆ تاك و كۆمەڵ، لە خراپ تێگەیشتن و مشورگێڕی دەترسێ، بە ئەندازەی ئەوەی دەترسێ پەستی دووچاری بەهاكانی ببێ. بەگوێرەی نیچە لە ئیتیقای خودی فەلسەفەكار، ڕۆیشتنە بە ڕێگەی خۆیدا، كە بۆ خودی خۆی دروستی كردووە، بەدوای پێوەرە دەستاودەستكراوەكان لە ڕوانینە فەیلەسوفەكان و ئەوەی دایدەمەزرێنن. ڕاستە

---

(1) Laurent (Alain), ((L’individualisme insolidaire d’un solitaire…)), in Magazine littéraire, n° 298, op. cit, p. 34, (pp. 34 - 46).

(2) نیتشه، العلم الجذل، الكتاب الخامس، مصدر مذكور، § ٣٧١، ص ٢٣٣.

فەیلەسوفەکان کاری دامەزراندن بۆ مەزنایەتی ژیان و مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام، پەستی و داڕوخاوی مرۆیی هەردەم بە ئەندازەی شایستە ڕێز نادەن بە ئیتیقای فەبلەسوف. ((پێشتر وتمان لەوانەیە خراپ تێبگەین، چاك نەزانین ئێمە لەگەڵ ئەوانی تر تێکەڵ دەبین، لەوانەیە شتمان بۆ هەڵبەستریّ، لەوەی شتێك بە شێوەیەکی خراپ گوێبیست ببین یان هەر نەیبیستین؟ ڕێك ئەمە بەشی ئێمە ! بەداخەوە ئەگەر بۆ کاتێکی دوور و درێژیش بێ! دەی با بڵێین تا ساڵی ١٩٠١ با بە خۆبەکەمزان بمێنینەوە، ئەمەش خاڵی تایبەتمەندبوونمانە))[1]. ئایا لەسەر خودی فەلسەفەکار پێویستە ڕەخنە لە کەلتوری بەختەوەری بگرێت، وەك چۆن ئاژەڵایەتی و بەرەڵایی ڕەواجای پێدەدات؟ ئایا بۆ فەیلەسوفی ئیتیقی پێویست نییە هۆشیار بێ لە ڕق و کینەی لاوازەکان؟ ئایا کەسی لاواز بەهاکان دادەنێ و بەها جیاوازەکان دادەنێ و چاودێریان دەکات؟ نیچە ئاگادارمان دەکاتەوە لەهەمبەر مەترسییەك، ئاڕاستەی گشتی پێکیهێناوە بەرامبەر هەڵسوکەوتی مرۆیی. لەم بارەوە دەڵێت: ((هەستی ئەوە بۆ "خاوەن ڕەچەڵەکی ڕەسەن" دروست دەبوو، بەوەی ئەوان بەختەوەرن، پێویستیان بە دروستکردنی بەختەوەریەکەیان نییە لە ڕێگەی بەراوردکردنی خودی خۆیان بە دوژمنەکانیان، بەوەی ئەوان ئەم بەختەوەریە دەسەپێنن لەسەر خودی خۆیان (هەروەك گشت قین لە دڵەکان وادەکەن). هەروەك ئەوان بەوپێیەی مرۆڤی کامڵن، پڕاوپڕن لە سوربوون و کارایی. دواتر بەمە چالاك و جێگیرن. جیاوازیان نەکردووە لە نێوان بەختەوەری و کاری چالاك. چالاکی و زیندوێتی لەلای ئەوان بێ چەند و چوون بۆ خزمەتی بەختەوەری بەگەڕ دەخرێت))[2]. ئەمە بەپێچەوانەی ئەو گەوجانەی پێیان وایە لە بەختەوەریدا پاکی و خۆگرتنەوە هەیە لە کاری چالاك و زیندوو، ئەمەش وا دەکات (ئەمە تەواو تێکگیراو بێ لەگەڵ بەختەوەری، وەك چۆن ئەو کەسانە وێنای دەکەن، کە دەستەوەسان و تێکشکاو و ئەوان دوور دەکەونەوە لەژێر باری هەستە

---

[1] نفس المصدر، نفس الصفحة.

[2] نيتشه، أصل الأخلاق و فصلها، تعريب حسن قبيسي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ٢، بيروت، ١٩٨٣، § ١٠، ص ٣٤، (بتصريف).

دوژمنکارانه ژەهراویەکەیان، کە بەختەوەری لەلایان دەردەخات، بەتایبەت بە دیمەنی بێ هۆشکردن و حەسانەوە و ئاشتی و خۆگرتنەوە لە کار و حەساندنەوەی هزر و جەستە. بە کورتی وێنە نەرێنیەکەی))[1].

چوارەم: لەوانەیە خودی فەلسەفەکار نەگاتە جەختکردنەوە لە بەهاکانی، مەگەر گومان ببات بە ڕووکەشی بوونی بەها باوەکانی خەڵك. لەوانەیە یەکەمیان بریتی بێ لەوازهێنان لەوەی ئاڕاستەی سوودگەرایی چەسپاندوویەتی لە ئەخلاقدا. ئەوە چییە نیچە بە کەم و کورتی لەم ئاڕاستەیە دەگرێ؟ ((لەگەڵ ئەوەی بەخێرایی دەگەین، سەرباری ڕوانینە کورتەکەمان، بە دابەشکردنی مرۆڤ بەگوێرەی کەسانی سودبەخش و زیانبەخش، چاك و خراپ، لە دوای هەموو ڕەچاوکردنێك، بیرکردنەوەیەکی قوڵ سەبارەت بە کۆی کردارەکە. دەگەینە گومان سەبارەت بەم پۆلێن و دابەشکردنە و لە کۆتاییدا پشتی تێدەکەین))[2]. ئەوەی ئەم دابەشکردنە هەیەتی مەترسی مانەوەیە لە خوارەوە، پلەی هەرە نزم و بەسترانەوە بە خشاکی زەوی و ئیمبریقی ساختە و ساختەکار. هەروەك نیچە پێی وایە : ((هەر ئەخلاقێك مانایەکی نەرێنی بۆ بەختەوەری گەشە پێدەدات))[3]. بەڵام نەرێنی ئەخلاقی گشتی لە نێو خەڵکدا تەواو نەرێنی ڕەهایە، دژبەرە لەگەڵ عەقڵی فەلسەفی و داناییەکەی. لەبەر ئەوەی بەختەوەری گشتی ڕقی لە بەختەوەری فەلسەفی و ئیتیقاکەی دەبێتەوە. بە تەواوی ڕەتی دەکاتەوە. ئەمە ئەخلاقی بەختەوەری پەستە. ئەمە تێکدەگیرێ لەگەڵ هەوڵدانی ئیتیقای گۆشەگیر بە بەهاکانی بۆ بەرزی و بڵندی. ((ئا ئەمەیە و دەگەڕێمەوە و بەشی خۆمان دووپات دەکەمەوە، ئێمە بەرەو بەرزی دەڕۆین، تەنانەت ئەگەر پەستی خۆمان قبوڵ کرد – ئەوا زۆرتر و زۆرتر نزیك دەبینەوە لە دەنگی تۆقێنەر! – ئەوا ئێمە

---

**(1)** نفس المصدر ونفس الصفحة، (بتصريف).

**(2)** نيتشه، العلم الجذل، الكتاب الأول، مصدر مذكور، § ١، ص ٣١.

**(3)** نفس المصدر، تقديم، § ٢، ص ٨.

شکۆمەندیەکی کەمتر بۆ خۆمان بەرپا دەکەن! لەگەڵ ئەمەشدا چارەنووسێك هیە دابەشی ناکەین، ئەمە چارەنووسی لوتکەیە، چارەنووسەکەمانە))(١). ئایا ئێمە ئەم سەرنجە فەلسەفەیە نازانین، کە ئەفلاتۆن گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە بەختەوەری تالیس و تاکرەویەکەی بە بەهاکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی، کە چاوەکانی دەرتۆقیون بەرامبەر هێزی هەسارەکان و تێدا دیاریکردنی عەقڵ؟ ئایا ئیتیقا جەستەیی دەبێ، خزمەتکاری تەرتوس؟ کێ دەزانێ بەڵام خودی تالیس/ فەیلەسوف نکۆڵی دەکات لە چێژی جەستە. بەڵام بە ڕوانینی فەیلەسوف ئەمە بە چاوپێکەوتنێك شیاو بۆ بیرکردننەوەی فەلسەفی سەبارەت بە بەختەوەری و چێژەکانی دادەنرێ. لە بەرامبەردا ((بەختەوەری دانا و لێزان)) لە فەیلەسوف تالیسدا توانەوە لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا ناسەنێتەوە. بەڵام لە پشتکردنی تالیس بۆ کێش کردنی جەستەیی، جەخت لەوە دەکاتەوە ((ئەو مرۆڤانەی بە هزر بالادەستن، تواناداترن، بەختەوەری خۆیان لە دۆڕانی ئەوانی تردا دەبینن، کاتێك تووشی تەنگوچەڵەمە و ناهەمواری و تاقیکردنەوە دەبن))(٢). کەواتە دەبێ بەهای فەلسەفی ئەو ئیتیقایە چی بێ، کە جیاوازی بۆ خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دادەنێ لە ونبوان و بەکرێگیراوان، بە کەمترین ئیمبریقیاتی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆ؟ ((ئای چەندە ڕێکەوت هەن پێویستمان پێیان نییە، چەندین چاوپێکەوتنی لەناکاو ڕوودەدەن، تا مرۆڤی جیاواز گەڵاڵە دەبێ، ڕەوتی گۆشەگیر، کە هەموو ئارەزووەکانی مێگەڵ و بەها نەریتییەکان دژی دەوەستن؟ ئێمە گوێ بۆ مەترسیەکی کرداری دەگرین، نەك تەنها بیری لێ بکەینەوە، کە هەڵخەڵەتاندن و ژەهراوی کردن و

---

(١) نفس المصدر، الكتاب الخامس، § ٣٧١، ص ٢٣٣.

(٢) Nietzsche, L'Antéchrist, in OPC, t.VIII, vol, I, trad. De l'allemand par J.-C. Hémrry , textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, 2004, p. 225

خەوێنەرە))[١]. کەواتە دەتوانین چی هەڵبهێنجین لە کۆتایی ئەم ڕووکەشە کێشە ئامێزەی سەرەتای ئەم وتارە؟

بە پوختی، دەکرێ لەسەر دوو ئەنجامی گرنگ بوەستین، لە بیرکردنەوەی ئیتیقی بۆ فەیلەسوفەکە (یا ئەو فەیلەسوفە زەردەشتی گۆشەگیر بێ بە بەهاکانیەوە). یەکەم، ئیتیقا تەنها بە فەرامۆشکردنی ڕەگەزەکانی سەرلێشێواندن بێ لە کەلتوری ئەخلاقی ئەوانی تر، بەتایبەت تێڕوانینیان بۆ پێویستییەکان بەختەوەر و بەدەستهێنانی بە پیادەکردنی ڕاستەوخۆ. دووەمیان، ئیتیقای بەختەوەری بە خودی بەهاکانیەوە کە شایستەیە، تەنها لە دەرەوە واتە ئەودیوەوە بوونی دەبێ. کە ڕاستی ئەخلاق و مرۆڤە ئەخلاقییەکان لە تەواوی پانتاییەکەیدا. نیچە دەڵێت: ((شتێکی زانراوە چ لە فەیلەسوف داوا دەکەم: لەودیوی چاکە و خراپەوە جێگەی خۆی بگرێ — لەسەرووی خەیاڵی حوکمی ئەخلاقیەوە بێ. ئەم داخوازیە هەڵبقوڵێ لە ئەنجام هەڵهێنجانێك، من یەکەم کەس بووم کە دامڕشتبوو: ئەویش ئەوەیە بوونی ڕووداوی ئەخلاقی ڕەت دەکاتەوە))[٢]. نیچە بە نەرێنی جەختی لەم جۆرە ڕووداوە ئەخلاقیانە کردۆتەوە، لەمەشدا بەڵگە بەرپا دەبێ لەسەر پوچەڵی لۆژیکی لێکدانەوە (تأویل)ی عەقڵی فەلسەفی، کە بەشێوەیەکی ئەخلاقی لە شتەکان دەگات.

لەم بارەوە نیچە دەڵێت ((دیاردەی ئەخلاقی بوونی نییە، تەنها لێکدانەوەی ئەخلاقی بۆ دیاردەکان هەیە))[٣]. کەواتە ئایا بۆ خراپ تێگەیشتن و داهێنانی بوارەکانی بیرکردنەوە، پێویستە ڕەخنە لە ئیتیقای فەلسەفی بگیرێ بەم جۆرە بیرکردنەوە ئەخلاقییە؟ چۆن دەبێ ئەم ڕەخنەیە هۆکارەکانی توندی فەلسەفی هەبێ؟

---

(١) Lefranc (Jean), Comprendre Nietzsche, Armand Colin, col. Cursus, Paris, ٢٠٠٣, p. 210

(٢) Nietzsche, Crépuscule des Idoles, in OPC, t.Vlll, op, cit. § 1, p. 97.

(٣) Nietzsche, Par- delà bien et mal, chap, 4:Maximes et interludes, in OPC, t. Vlll, op, cit. § 108, p. 86.

### ٣- ئیتقا فەلسەفی و توندی:

### بیرکردنەوەی ئیتیقی و ئەوانەی توندی فەلسەفی دەسەپێنن:

نیچە بەردەوام بانگەوازی کرد بۆ ژیانێك، بارودۆخەکەی کەمتر تاوان و فشار هەڵبگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدایە توندگیر بێ لەگەڵ خەڵك. لە توندی ئەوە هەیە کە چەسپاوی مرۆڤی پێ بەهێز و تۆکمە بێ، بەمەش داندەنێ بە بانگەوازەکان ژیان. قورسایی توندیەکەی خۆی دەبینێتەوە لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی ژیان و چارەنووسە گرانەکانی. مرۆڤ لەگەڵ خۆی توند بێ، قبوڵی بەرەنگاربوونەوەی جەنگە سەختەکان بکات، کە لەگەڵیدا هزری فەلسەفی زیاتر ئامادە دەبێ بۆ توندی و لەخۆبایی بوون. بەڵام دژی کێ؟ ئایا دژی کەسی ئیتیقی وەك چۆن ئەمە هەیە لە ((کۆمەڵگەی بلیمەتەکانی)) نیچەیی؟ نا، ئەمە لەخۆبایی بوونە دژی ئەوانەی ژیان بە بێ نرخ دادەنێن. ((ئا بەم شێوەیە توندی بەرایی، بڵاوبووەتەوە لە بنەڕەتی هەر کەلتورێکی پاك و مرۆڤایەتیدا))[1]. ئایا ڕێگەی پاك کردنەوە و بەمرۆیی کردنی کەلتور چییە؟ ئەو ڕێگەیە بەردەوامییە لەسەر خۆ ڕازاندنەوە بە هەڵسوکەوتی توند لە بەرامبەر ئەوەی ئیتیقی خۆشی دەوێت. ئەم ئیتیقیە تەنها بەردەوامی دەوێ لەسەر چەسپاندنی چاکە و پایەکانی، بەوپێیەی چاکە و پایەی بەرزن. ئەمە هەندێك جار نیچە ناوی دەنێ ((چاکە نێرینەییەکان)). ئەمەی دوایی تەنها لە ((ژیاننامەی درەوشاوەی تاك دەردەکەوێ، لە سەرەتا تا کۆتایی فێربوونی ئەزموونی جۆراو جۆر، ئەمەش تەنها ئەو سیفەتانەن کە بەتایبەت پێویستی پێیەتی، سەرباری گشت خواوەند و مرۆڤ، کە پێویستە بەردەوام و زاڵ بن. ئەو ناو لەم سیفەتانە دەنێ چەند چاکەیەك و نەشونمایان پێدەکات، ئەمەش بە توندی، تەنانەت توندیشی دەوێت))[2]. بەڵام ئایا ئەو ئامرازە فەلسەفییە چییە، هزری

---

(1) Lefranc, Comprenre Nietzsche, op, cit, p. 133.

(2) نیتشه، ما وراء الخیر والشر، الفصل التاسع: ما النبیل؟، مصدر مذکور، § ٢٦٢، ص ٢٦٢ – ٢٦٣.

ئیتیقی هەیەتی، لە فەلسەفەی نیچەدا، تا بەهۆیەوە بتوانێ ئەو پایە و چاکانە ڕێك بخات، بیکاتە ئەو چاکانەی پێویستن بۆ جێگیری مرۆڤایەتی؟

ئەوەی نیچە بەکاری دەهێنێ، ڕەخنەگرتن و ڕوونکردنەوەی خاڵەکانی کرچ و کاڵی و سنووردایە لە ڕوانینی فەلسەفیدا. لەوانەیە ئەوەی ڕەخنە دەیگرێتەوە، بریتییە لە خۆبەزلگرتنە بەسەر زاڵبوونی سیفەتی ئەخلاقی کە هەندێك جاران دەستی دەڕوات بەسەر هەندێك جۆری بیرکردنەوەی فەلسەڤ. ((وەك ڕەخنەگرتنێك دیاریکردن و شرۆڤەیەکی پێداوین، کە زۆر توونڈ و دوورە لە میهرەبانیەوە))[1]. کەواتە ڕووی گونجان لە نێوان بیرکردنەوەی فەلسەڤ و بیرکردنەوەی ئیتیقی چییە؟

چەمکی بەها لوتکەی گونجانە لە نێوانیاندا: بیرکردنەوەی ئیتقی، بریتییە لە بیرکردنەوەی بە ئەدەب، بەشێوەیەك کە ڕۆحی فەلسەڤ ئەڕستۆکڕاتی بەرهەمی دێنێ. ئەمە فەلسەفەکاری چاکە، بەدەر... لەودیوگەراوە... دواتر لێرەدا توانای عەقڵییە لەسەر دیاریکردنی واقیعی بەها. ئەمە دیاریکردنێکە لە فرە لقی و دمەنیەکەیدا. دواتر ڕوانینە ئەم فرەییە لە چەندین ڕوانگەوە. چونکە ((فرەیی، ڕێگەی بیرکردنەوەی فەلسەفییە بە مانای دیاریکراو، کە فەلسەفە دایهێناوە/ ئەمە تاکە دەستەبەرکەری ئازادییە لە عەقڵی بەرهەستدا))[2]. کەواتە فراوانکردنی بازنەی ڕوانین و گۆشەکانی، بریتییە لە ڕێگەی فەلسەفی بۆ گونجانی ژیانی دیمەنەکان و ئاشەکەی و گونجانی و دەرخستنی هەندێك بۆ هەندێکی تر، تەنانەت ڕووخاندنی خودی خۆیشی هەندێك جار. ((بابەتی ئەوەی مەرجێك دەسەپێ لە دەرەوەی مێژوو، لەودیوی گشت بینراوێك، ئەوا بە یەك جاری هیچ دڵ

(1) لافرين (يانكو)، نيتشه، تعريب جورج جحا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سلسلة أعلام الفكر العالمي المعاصر، بيروت، ١٩٧٣، ص ٦.

(2) دولوز، نيتشه والفلسفة، تعريب أسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٣، ص ٨.

لێدانێکی نابێ، بۆ ئەوەی بژیەت))[١]. بابەتی بوون پاڵ بە بیرکردنەوەی دیمەنیەوە دەنێ، هەروەك دەوترێت، ئەمە شێوە دەربڕینێکی بوێر و کراوە و ئازادە لە هەر ناچاریەك کە لەوانەیە زاڵ بێ بەسەر وتە یان بیرکردنەوە یان نووسین... تاد، لە فەلسەفەدا. وێنەیی و دیمەنی بۆ قوڵی ڕوانین و چاك سەیر کردن دەگەڕێتەوە، بەڵام فرەیی تەقێنەر بۆ متمانەیی بکوژە نەوەك بۆ بابەتی بوون. کەواتە فەلسەفەی ئەخلاقی ئەودیوگەرا و وتە بابەتیەکان یان دژەکانی چ پەیوەندیەکانی بە بیرۆکەکانی ترەوە هەیە؟

### توندی فەلسەفی بەرامبەر فەیلەسوفەکان چۆن دەبێ؟

ئایا ئەو پێویستییە چییە، توندی لەسەر فەیلەسوفەکان پێویست دەکات؟ بە چ دەربڕینێکی گونجاو دەبێ؟ کێ دەتوانێ پیادەی بکات و چێژی هزری لێ ببینێ؟ کێ پێیەوە پابەند دەبێ وەك سنوورێکی ئیتیقی لە سنوورەکانی فەلسەفی؟ ((لەوانەیە توندی و فێڵکاری مەرجی گونجاوتر پێکبهێنن، بۆ لەدایکبوونی گیان و فەیلەسوفێکی بەهێز و سەربەخۆی، لەو گڵە تەنك و نەرم و لێبوردە و هونەری سوك کردن لەسەر دەروون، کە مرۆڤ لەلای گشت جیهان ئەندازەگیری بۆ دەکات، یان بەشێوەیەکی ڕاست ئەندازەی بۆ دەکێشێ))[٢]. شوێنەواری شوێنی مانەوە بۆ تێڕوانینی بیرکردنەوەی فەلسەفی نیچەیی لە زیندوێتی و تۆکمەییەکەیدا بریتییە لە بواری ڕەخنەگرتنەکەی لە فەیلەسوفەکان. ((ڕاستە فەیلەسوفەکان لەوانەیە هەست بە سەربەخۆیی لە یەکتر بکەن، بەهۆی ئەو ویستە ڕەخنەیی و پەیڕەوییەی هەیانە، لە بەرپاکردنی ئاڕاستەی

---

(١) Taminiaux (Jacques), ((Phénoménologie et histoire)), in Dupond (Pascal) et Cournarie (Laurent s. la dir.--), phenomenology: un siècle de philosophie, Ellipses, col. Philo, Paris, 2002, p. 13

(٢) ما وراء الخير والشر، الفصل الثالث: الحال الدينية، مصدر مذكور، § ٣٩، ص ٦٩.

فەلسەفیدا))[١]. بەڵام دەکەونە نێو هەمان هەڵەوە بەشێوەیەکی گشتی. لەبەر ئەوەی باگهێشت کردنی وشەی فەلسەفی تووند و هەراسانکەر، وای لە نیچە خواست، ڕەخنە لە فەیلەسوفەکان بگرێ لە کتێبی فەیلەسوفدا[٢] و لە عەقڵ و هەڵەکانی لە تاریکایی بت و پەرکەرەکاندا[٣]، لە هۆشیاری لە زانین و شارەزایی بنەڕەتی و بەختەوەری[٤]. هەروەك ئەم بانگهێشتکردنە پەردە لادەدات لەسەر ئەوەی چۆن فەیلەسوفەکان و بەتایبەت نوێخوازەکانیان و لەوەتەی نیوەی دووەمی سەدەی شازدەمەوە تا سنووری سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بە کورتی هەمان شتیان وتوە، بەهەمان شێوە بیریان کردۆتەوە، بە هەمان زمانی بتگەرایان نووسیوە. لەسەر ئەم بنچینەیە نیچە توندە لەگەڵیاندا وەك ئەوەی پێشتر کەس لەو زیاتر ئەوانی خۆشنەویستبێ. نیچە شارەزا بوو لە پایەی توندی دژی فەیلەسوفان و تۆکمەیی ڕەخنە لە دژیان. ((هزری فەیلەسوفەکان، لە ڕاستیدا دۆزینەوە نییە بە ئەندازەی ئەوەی دووبارە کردنەوەی زانیاری و بیرهاتنەوە یان گەڕانەوە بۆ دواوەیە، لە پێناو دووبارە زیندوکردنەوەی نەریتێك لە دەروونی کۆندا، چەند نەریتێك

---

(١) نيتشه، ما وراء الخير والشر، الفصل الأول: عن الأحكام المسبقة عند الفلاسفة، تعريب د. ج. كتورة، ورد في مجلة العرب و الفكر العالمي، العدد ٢، بيروت – لبنان/ باريس – فرنسا، ربيع ١٩٨٨، § ٢٠، ص ٤٥.

(٢) انظر: Le Livre du philosophe, (Êtudes théorétiques), trad, int. et notes par Angéle KREMER-MARIETTi, GF/FLAMMARION, Paris, 1991, §21 – 41 pp. 41 – □□.

(٣) Crépuscule des Idoles, Les quatre grandes erreus, in OPC, t. VIII, vol. l op. cit. §§ 1- 7, pp. 88 – 94.

(٤) Le Gai savoir (La Gaya Scienza), in OPC, t. XIII, trad. De l’allemand par Pierre KLOSSOWSKI, éd. Revue, corrigée et augmentée par Marc B. DELAUNAY, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Plessis-Trévie, février 2006, §§ 110 - 112 , pp. 139 – 143.

بەشێوەیەکی ڕاستەقینەی بە سەرچاوەی گشت چەمکەکان دادەنرێ — فەلسەفەکاری بەم مانایە تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی گەڕانەوەی نموونەیی بۆ هزر و هەڵسوکەوتە شۆڕبووەوە و هاتووەکانی نەوەکانی پێشوو))[1]. کەواتە ئەوە چییە کە نیچە ڕەخنە و نەنگی لێدەگرێ لە فەیلەسوفەکان؟ ئەوە ژیان و گوزەرانە بەشێوەیەکی نامۆ یان بە نەگونجاوی، لەگەڵ ئیتیقای بیرکردنەوە و لۆژیکە فەلسەفیەکەی. ((ئەمە کەم و کورتی هاوبەشتی فەیلەسوفەکانە، لەم مرۆڤەوە ئێستاوە هەنگاو دەنێن، وا خەیاڵ دەکەن گەیشتوونەتە ئامانج لە شرۆڤەکەیاندا بۆ مرۆڤ. بەشێوەیەکی ناڕوون خەیاڵی مرۆڤ بە ناڕوونی دەکەن، بێ ئەوەی مەبەستیان بێ، وەك ئەوەی ڕاستی هەمیشەیی بێ[2]، خەیاڵی حەقیقەتێکی چەسپاو دەکەن لە ناوەندی بەردەوامی گشتدا، وێنای پێوەرێکی نەگۆڕ بۆ شتەکان دەکەن))[3]. لەم گۆشە نیگایەوە، نیچە دوودڵ نییە لە دانانی ئەم فەیلەسوفانە بە کەسانی نا فەلسەفی.

ڕەخنی نیچەیی ئەوەی دەرخست، تێکچوونی دۆخی فەلسەفی لای ئەوان، بریتییە لەوەی بوێریان نەبووە. ((ئایا لە توانای کەسێکدا نییە بویری هەبێ تا یاسای خودی فەلسەفە جێبەجێ بکات، هیچ کەسێکیش نەژیەت بە ڕێگەی فەلسەفی و خاوەن جێگیری سەرەتایی نەبێ کە لەسەر مرۆڤی کۆن دەسەپێنرا، لە هەر کوێیەك و هەر کارێکی کردبا))[4]. بەگوێرەی نیچە چ شتێك مایەی مەترسییە لە گوزارشتی فەیلەسوفە هاوچەرخەکاندا؟ ئایا هەڵەکەیان زانین یان ژیان یاخود مرۆڤ یان هەموو ئەمانە دەبن؟ مرۆڤ بابەتی هەرە فراوان و زیاتر پابەندکەرە بۆ بیرکرنەوەی فەلسەفی.

---

(1) نیتشه، ما وراء الخیر والشر، الفصل الأول: عن الأحكام المسبقة عند الفلاسفة، تعریب د. ج. كتورة، ورد في مجلة العرب و الفكر العالمي، مصدر سابق، § ٢٠، ص ٤٥.

(2) Aeterna veritas.

(3) نیتشه، إنسان مفرط في إنسانيته (كتاب العقول الحرة)، ج. ١، تعریب محمد الناجي، إفريقيا الشرق، بيروت — لبنان/ الدار البيضاء — المغرب، ١٩٩٨، ص ١٨.

(4) نیتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، مصدر مذكور، ص ٤٥.

بەتایبەت ڕەخنەگرتن لە بەهاکانی داڕووخان و نزمی و ئەوەی پێویستە دۆخی بەها باڵاکان لەسەر بێ و خۆبەرزتر گرتن لە خود. ئایا گرنگترین ئەو پرسیارانە چین؟ کە دەکرێ جوڵێنەرەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەسەر بهێڵڕێنەوە لەم کاتەدا؟.

یەکەم: ئایا چ شتێك تووندی فەلسەفی بەرامبەر فەیلەسوفەکان پێویست دەکات؟ ئایا ئەو شتە ئیتیقیانە چین ڕەخنەگرتن لە مرۆڤ و گومڕاییەکەی پێویست دەکات؟ ئایا لە پێشتر نییە فەیلەسوف ڕەخنە لە خودی خۆی بگرێ، یان لەو پێشتر نییە بۆ ڕەخن لێگران لە خەڵکی تر؟ ئایا خەڵك توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی هەیە؟ ((بەڵام گشت ئەوەی فەیلەسوف باسی ئەکات لەبارەی مرۆڤەوە لە ڕاستیدا تەنها چەند گەواهیەکن لەبارەی مرۆڤی ماوەیەکی کاتی زۆر سنووردار))[1].

دووەم: دواتر فەیلەسوف ڕەخنە بگرێ لەوانەی ورە دەڕوخێنن ورەی گۆشەگیری مشورگێر بۆ بەهاکان، پێویستی بە پوخت کردنەوەیە، ئەم دوو لا تەنیشتە دەبێ نهێنی هەندێك کەس هەڵبگرێ کە بانگەشەی ئەخلاقی باش دەکەن. ((ئا ئەوەتا فەیلەسوف ئارەزووەکان لای مرۆڤی ئێستا دەبینێ، داندەنێ بەوەی بەشێك پێکدێنێ لە دەستکەوتە چەسپاوەکانی مرۆڤ، بەوەی دەکرێ کلیلێك بۆ زیرەکی خەڵك پێشکەش بکات بەشێوەیەکی گشتی))[2].

ئەمە لەو لایەنەی نیچە تووندی فەلسەفی لەگەڵ کێ دەنوێ، کە سۆز و بەزەیی ئەوانە لەخۆ ناگرێ کە لە هەستی ئەخلاقیدا هاوشێوەی ئافرەتانن، فەیلەسوف ئیتقی تووندی جدەنوێنێ. لەلایەنی دووەمەوە، ئایا ئەو بابەتە چییە ئامانجی تووندی فەلسەفییە، بە ڕەخنەشەوە؟

---

(1) نیتشه، إنسان مفرط في إنسانيته، ج. ١، مصدر مذكور، § ٢، ص ١٨.

(2) نفس المصدر ونفس الصفحة.

## ٤- بەسوکدانانی ئەخلاق و توندبوون لەگەڵی:

ئایا مەبەست لە بەکەمدانانی فەلسەفی چییە؟ ئەمە ڕەخنەی توندی ئیتقی بەرهەڵستکاری بەهای نەرێنی ژیانە. ئایا بە کورتی کەم و کورتی و نەنگی چییە لە بەها ئەخلاقیەکان بە گوێرەی نیچە؟ ئەمە ئەخلاقی نزمە. ((دەبینین ڕەخنە ئەخلاقیەکەی بەشێکی بنەڕەتی پێکدێنێ لە مێژووی ئەخلاق))[1]. ئایا مەترسی کاریگەری چییە لە ژیانی مرۆڤدا؟ ڕەتی دەکاتەوە. ئایا ئامرازی ئەخلاق چییە لە بڵاوکردنەوەی ڕەگەزی چاك لە جۆری مرۆییدا؟ ئەمە ترسە. ئەمە پوختەی ئەو پرسیارانەن، دەمانەوێ وەڵامیان بدەینەوە:

یەکەم: داڕوخانی ئەخلاقی باو لەسەر هەر دوو ئاستی دانایی گل و فەلسەفیدا. بەگوێرەی بۆچوونی نیچە هەندێك جار داڕوخان خۆی نابینێتەوە لە خراپەی نا ئەنقەستدا، کە بەهۆی بێ ئاگایی لە گریمانە و سنوورەکانی ئیتقی گەڵاڵە دەبێ. دواتر: ((ناکرێ بێ ئەخلاقی لە خراپەی نا ئەنقەستدا هەبێ، بەڵکو پەیدابووی ڕێکەوتە. بەڵام ئایا یەك جۆر کرداری خراپی بە ئەنقەست هەیە، شتەکە پەیوەست نابێ بەبوونمانەوە، بە پاراستنی خۆشگوزەرانیمان؟ ئایا زیانێك بە کەسێك بە پاڵنەری پیسی پوخت، بۆ نموونە توندی))[2]. ئایا چۆن چارەی ئەئەخلاقی ژیان و بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکرێ؟ ئایا سەبارەت بە ئێمە بابەتی ڕێز و حورمەت پێك دێنن یان سەرشۆڕکردن و بتگەرایی.

دووەمیان: نیچە پیادەی توندی خۆی دەکات، لە دژی شێوەیەك لە شێوەکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژیان و مرۆڤ و دیاردەکان. ئەمەش پێی دەوترێ بە ئەخلاقی کردن، واتە بە

---

(١) زکریا فؤاد، نیتشه، دار المعارف بمصر، سلسلة نوابغ الفکر الغربي، ط. ٢، القاهرة، ١٩٦٦، ص ١٠٥.

(٢) نیتشه، إنسان مفرط في إنسانیته، ج. ١، مصدر مذکور، § ١٠٤، ص ٦٩.

بەرداکردنی سیفەتی ئەخلاقی بەسەر ئەوەی سەیری دەکرێ. ئا بەم شێوەیە، لە پاڵ ئەوەی هزری بە ڕێباز کراو هەندێك جار نێچیرەکەی دەستدەخات، ئەوا خەیاڵی ئەخلاقیش چ بە چەسپان یان ڕەتکرانەوە، لە هەندێك تاك یان کۆمەڵدا جێگیر دەبن. بەپێچەوانەی ئەمە نیچە بانگەواز دەکات بۆ پشت کردن لە بە ئەخلاقیکردنی شت. ((کەواتە توندی و دادگەری چارەسەری بە ئەخلاقی کردنی شت دەکەن، بە ڕاهێنانی پێویست، ئەمانە بنچینەی هەرە بەرزی چاکەکان پێکدێنن))[1]. بەڵکو نیچە بۆچوونی وایە بە ئەخلاقی کردنی شتەکان بە کارگەری ئەخلاقی خراپ بۆ بنیاتنی کۆمەڵایەتی خەڵك. بیرکردنەوەی ئیتیقی وەك بیرکردنەوەی فەلسەفییە لای نیچە. ((بنیاتێکی کۆمەڵایەتی بێ پلەبەندی ئەستەمە: خۆگرتنەوە لە توندی و پێشێلکردن و قۆستنەوەی ئاڵوگۆڕ کراو، یەکسانی لە نێوان ویستی خود و ویستی دیکە، دەکرێ بە مانای دیاریکراو و گشتی ببنە یەکێك لە ڕەوشتە بەرزەکان لە نێو تاکەکان، ئەگەر مەرجە گونجاوەکان بۆ ئەمە فەراهەم بوو "واتە وێکچوونی کرداریان لە ئەندازەی هێز و پێوەری بەها و یەکگرتنیان لە میانەی یەك جەستەدا"))[2]. هەر کاتێك تۆڵەسەندنەوە لە ئەخلاق مەزنتر بوو، بە قێز لێبوونەوەی لە میانەی ڕاهێنانی ئەخلاقی، ئەوا لاواز و سێبەر ئاسا دەبێ. ئەوا ئەوەش کە داڕوخاوە و هاوشێوەکانی هاریکار دەبن دژی ژیان و ویستی ڕاستەڕێکردنی. ئەوەی دەیانترسێنێ تیایدا پلیکانەی پلەبەندی دیاریکەر بۆ پلەکانی مرۆڤایەتی لە گشت ئاستەکانیدا (بەتایبەت کۆمەڵایەتیەکانی). ((بەڵام ئەوەی بە ڕەخنە لەم بنەمایە دەگیرێ، لەسەر ئاستێکی فراوانتر، تا دەگاتە هەژمارکردنی وەك بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگە، تا دۆخەکەی دەردەکەوێ: کە ویستی ڕەتکردنەوەی ژیان و بنەمای هەڵوەشانەوە و داڕوخانە. لێرەدا دەبێ بیرکردنەوەمان پاڵ بنێین بۆ ئەوپەڕی قوڵایی و خۆگرتنەوە لە هەر لاوازیەکی هەستیار: ژیان لە بنەڕەتیدا بندەستی و پێشێلکرانە بۆ کەسی نامۆ و لاواز، هەروەها سەرکوتکردن و توندی و سەپاندنی شێوە تایبەتەکانە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە و لە میهرەبانترین دۆخەکاندا قۆستنەوە و

---

(1) Valadier (Paul), Nietzsche (Cruauté et noblesse du droit), éd. Michalon, col. Le bien commun, Paris, 1998, p. 61.

(2) نیتشه، ماوراء الخیر والشر، مصدر مذکور، § ٢٥٩، ص ٢٤٥.

بەکارهێنانە))[1]. کەواتە ئەخلاق ئەم توانایەی لە کوێ بوو، بۆ ملکەچکردنی تاکەکان بۆ خراپترین ئەو بەهایانەی ئاڵوگۆڕی دەکەن و شکۆداری دەکەن؟ ئامرازەکانی لەمەدا چین؟

سێیەم: ئەم ئامرازە لە سروشتی سایکۆلۆژییەتی: ترساندن و تۆقاندنە. نیچە دەڵێت: ((ئا بەم شێوەیە هەر ئەخلاقێك خواوەندێتی خۆی بەدەستهێناوە، بە یارمەتی ترس و تۆقاندن. هەر کاتێك ئامانجی ئیتیقی زیاتر سوربوو، ئەوا پەروەردەکردنی بوونەوەرە مرۆییەکان توندتر دەبێ))[2]. کەواتە مەترسی تۆقاندنی ئەخلاقی چییە؟ ئەگەر ترس و تۆقاندن پیادەکرا لەسەر کەسانی لاواز و کۆیلەکان، ئەوا توانجت لێدەدەن، بەمەش وزەی کینەیدەروونیان لەلا پێکدێت. ئەمە بارگاویکەر (شەحنە)یەکی نەخۆشییە بەردەوام لە گەورەبووندا دەبێ. بەم ڕق و کینەش پێویستی دەروونی بە زیاتر لە خۆ دەمامکدار کردن بکات بە ئەخلاق و بە ئەخلاقی کردنی شتەکان. هەموو ئەمەش بۆ گەڕانە بەدوای هەماهەنگی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دیمەنەکانی ئەخلاق. بەهای ئەخلاقی زیاتر ساختە دەبێ، بەوەی بکرێتە پاڵنەرێك بۆ کرداری تۆڵەسەندنەوە کاتێك هەل دەڕەخسێت. ((بۆچوون وایە ژیان لێوان لێوە بە خراپە و توندی، مرۆڤی کۆن هەستی بە بەختەوەریەکی مەزن دەکرد، بە هۆی ئەنجامدانی سەخت و توندوتیژترین کردارەکانەوە. بڕوا وایە مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکان توند و تیژترە، هەست بەوپەڕی بەختەوەری دەکات کە هاوشانی نەبێ، کاتێك دیمەنەکانی زۆرانبازی گا و کارە توندەکان و دیمەنە ئازار بەخشەکانی تر دەبینێ))[3]. بەمەش توندی فەلسەفی نیچەیی، لە بیرکردنەوە ئیتیقیەکەیدا، وەك پەلی هاوسەنگی پێچەوانەی توند و

---

(1) نفس المصدر، § ٢٥٩، ص ٢٤٥ – ٢٤٦.

(2) Kunnas (Trmo), Niezsche ou l’esprit de contradiction (Étude sur la vision du monde poéte-philosophe), nounv. Éd. Latines, Paris, p. 137, (s.d.).

(3) ديورانت (ول)، قصة الفلسفة (من أفلاطون إلى جون ديوي: حياة وآراءأعاظم رجال الفلسفة في العالم)، تعريب د. فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف، ط. ٦، بيروت، ١٩٨٨، ص ٥٢٩.

تیژی و تۆقاندنی زاڵە بەسەر ژیان لەلایەن هەموانەوە. ئا بەم شێوەیە دەیبینین دەڵێت: "هەر کەسێك لە منداڵییەوە دڵێکی ڕەقی نەبێ، ئەوا هەرگیز هیچ ڕۆژێك دڵەکەی ڕەق نابێ".

خانەدان و دەسەڵاتدارەکان بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، ئەوان دوورترن لەو ئەخلاقەی بەزەیی پێداهاتنەوە یان کرداری ئەوانی تر یان خۆپاکگرتن لە مەبەست بە نیشانەیەك دابنێن لەسەر لایەنی ئەخلاقی))[1]. بەمەش، بۆ خۆی و بۆ ئیتیقای فەلسەفی چەند شتانێك بەدیدێنێ، دەکرێ پابەندی بە زەبری توندوتیژی پێیەوە ئەنجام بدرێ. توندی لێرەدا ڕق و کینە نیە. بەڵکو ئاڵۆزی ئەخلاقی بەرز و نزمە بۆ ڕووکەش کردنی گشت شتەکان (کردارەکان، جێبەجێکردنەکان، گوفتارەکان.... تاد). ((بەپێچەوانەی گشت مەشقگە و ئاراستەی باو، چ مەسیحی بێ، یان نا مەسیحی بێ، نیچە سیستەمە تایبەتە توندەکەی دامەزراند، لە پێناو گولبژێرێکی مرۆیی))[2]. لە ئەخلاقیاتی لاوازەکاندان بەشێوەیەکی ئەخلاقی درك بە هەڵە دەکرێ. ئەگەر هەڵە بەگشتی تەنها بەرزبوونەوە بێ لە کرداری مرۆییدا، خراپ ئەندازەگیری بێ لە مشورگێڕی کاروبارەکاندا، ئەوا نیچە هەڵەە بە دروستبوونی ئەخلاقییەت لە مرۆڤدا دەبەستێتەوە. هەڵە لە نێو خەڵکی نزمدا بە ((ئایین)) دادەنرێ[3]. کەواتە بەگوێرەی نیچە هەڵە کامەیە؟

ئەمە لە بنەڕەتدا هەڵەیەکی ژیان و گوزەرانیی چونکە لادانە لە داخوازییە سروشتییەکانی ژیانە بۆ گوفتار و کردار و هەڵسوکەوت و هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی تر و تاقمگەرایی... تاد. بەم پێیە ئەخلاقیەت بە ئامرازی تۆقاندنی خۆی ویژدانێکی بەدبەخت دەکاتەوە. دەروونی مرۆڤە کۆیلەکان و خزمەتکارەکان پەنا دەبەنەبەر هێزێك بۆ ڕق و کینە. سەبارەت بە بەهای ئەو هەڵەیەی هەموان ئەنجامی دەدەن، لە وەبەرهێنانی ئەخلاقی توندوتیژی بۆ تواناداربوون لەسەر پیسی و نزمی.

---

1) نیتشه، ماوراء الخیر والشر، الفصل التاسع، مصدر مذکور، § ٢٦٠، ص ٢٤٨.

2) لافرین (یانکو) نیتشه، مرجع مذکور، ص ١٣٥.

3) lair, Êthique et humanisme, op. cit. p. 12.

بەمەش خودی نزم دەتوانێ خودی خۆی تێبپەڕێنێ بە ئاڕاستەی ئەوەی پێویستە ویستی ژیان لەسەری بێ. ((ئەم جۆرە ئاڕاستەیە کۆنەی خزمەتکاران بابەتەکەی ژەهراوی کردنی ویژدانی پارێزکار، ڕەگەزی سروشتیە لە خۆشەویستی سێکسی. تا هیچ گومانێك دروست نەکەم سەبارەت بە ڕای خۆم، کە لەم پرسەدا ڕاستگۆ و توندە، ئەوا بە گوزارشتێکی تر پێتان دەڵێم، من دژی هەر جۆرە جێبەجێکردنێکی نا سروشتداین، ئەگەر وشەی وردترتان دەوێ دەڵێم: دژی هەر نموونەگەراییەکەم))[1]. کەواتە دەکرێ چ شتێك لەم سێ ئاستە هەڵبهێنجرێ کە کەمێك بەر لە ئێستا خرانڕوو؟

هەڵهێنجانی یەکەم ئەوەیە، تێڕوانینی نیچە بۆ مرۆڤ و بۆ ژیان بە گشتی، لەسەر ئەوە دامەزراوە کە توندی بە کۆڵەگەیەك دانراوە بۆ بەرز و بڵندی و پێگەیشتنی بەهای چاك. لە سەر توندی دەمێنێتەوە و ستایشی دەکات وەك هەڵسوکەوتێکی ئێتیقی جیا نەبووەوە لە خودی فەلسەفەکار، دژی توندی گشتی ئەخلاقی. ((بەڵام هۆنینەوەی توندی، بەم پێیە و بە بۆچوونی نیچە ویستی توندی ئارەزوویی لە پێکهێنانی بەختەوەریدا، تەنها ئاڕاستە نەکراوە بۆ دەرخستنی ڕەخنەی ئەخلاق، هەروەك ئەمە لە جینالوجیای ئەخلاق و ڕێبازی قین هەڵگریدا دەبینین. هەروەها بۆ هۆنینەوەی توندی نییە بە یەکسانی لەگەڵ ئەرکی دامەزراندنی ڕایەڵی نێوان بابەتی سەرلەنوێ گەڕانەوەیی هەمیشەیی و پاڵاوتن))[2]. کەواتە چۆن بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی هەیە توندی بە سوك دابنێ؟ ئایا دەتوانێ هاوێنەی ئەم توندییە بەرپەرچ بداتەوە، کە تەنها کاری جێبەجێکاری دەمامکدار بە ئەخلاق ناگرێتەوە، بەڵکو گشت بەهایە هونەری و کەلتوری و مێژووییەکان... تاد دەگرێتەوە.

---

(1) نیتشه، هذا الإنسان، لماذا أكتب مثل هذه الكتب الرائعة؟ مصدر مذكور، § ٥، ص ٨١.

(2) Misrahi, Qu’est-ce Que l’éthique?, op. cit, p, 62.

**٥- بیرکردنەوەی فەلسەفی و بەسوك سەیرکردنی ئیتقی بۆ توندوتیژی:**

لە ڕووکەشدا و لە کەلتوری فەلسەفیدا بە گشتی، وا دەردەکەوێ نیچە لە نووسینەکانیدا پاساوی بە توندوتیژی داوە. واقیعی شتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە نیچە دژایەتی توندوتیژی دەکات لە ڕووی بنەمای باڵای ئیتیقیەوە. بۆ خەڵکی سادە ڕەت دەکاتەوە.

لەوانەیە لە ئیتیقای فەلسەفیدا، ئەوەندە گەشە هەبێ، کە وای لێ بکات مشوری کاروبارەکانی بەهای مرۆیی بخوات، بۆ گوزەرانی ژیان لەودیوی چاکە و خراپەوە، واتە لەودیوی توندوتیژیەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان. لەبەر ئەوەی گشت ئەخلاقی خێر و شەڕ و چاك خراپ بە دیاریکراوی کورت هەڵناهێنرێ لە توندوتیژیدا. ((چونکە بیرکردنەوەی هۆشیارانە، بەتایبەت بیرکردنەوەی فەیلەسوف، لە گشت بیرکردنەوەیەکی تر توندیەکەی کەمترە، لە هەمووان نەرمترە، لە هەموو گوتەکانی بیرکردنەوە هێمنترە))[1]. بەڵام جەخت کردنەوەی نیچە لە بەرامبەر ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ونبونیان بە گشتی لە ململانێیەك بەردەوامدا، ئەمە بەمانای پاساودان نایەت بە توندوتیژی. بیرکردنەوەی فەلسەفی (بەهۆی ئەو سروشتە ئیتیقیەی هەیەتی) توندوتیژی بە بێزراو دادەنێ. ئەمە بەشێکە لە ئەرکی فەلسەفی ڕەخنەیی نیچە بۆ ڕۆژگار و دیاردە ناخۆشەکان. ((ئەگەر شتەکە وابێ ئەوا لەبەر هۆکارێکی سەرەکییە، کە ئەمانەن: ناکۆکی بەردەوام، قۆستنەوە، نا دادگەری، جەنگێکی کۆتای نەهاتووی هێزە دژبەرەکان))[2]. ئایا زبر هەڵسوکەوت کردن جێگرەوەی تووندوتیژی دەبێ و بەهایەکی ئیتیقی جیاواز دەبێ؟ نا، توندوتیژی زبر هەڵسوکەوت کردن نییە، ئەو زبر

---

(١) العلم الجذل، الكتاب الرابع، مصدر سابق، § ٣٣٣، ص ١٨٢.

(٢) Valadier (Paul), ((Hiérarchie, norms. Modernité démocrstique chez Nietzsche)), in Nietzsche et les Hiérarchies (ouvrage collectif), L'Harmattan, col. Commentaires philosophi`ues, Paris, 2008. P. 27.

هەڵسوکەوت کردنەکەی نیچە بە بنەمای دەکات توندوتیژی نییە. چونکە ئەوەی ((زبر هەڵسوکەوت کردن گوزارشتی لێ دەکات چەسپاندنی خودە))[1]. ئایا چۆن خود دەتوانێ توانای شایستەیی خۆی بچەسپێنێ؟ ئایا ئەمە بە هێرش و پێشێلکردنی ئەوانی تر دەبێ، وەك چۆن ئەم دۆخە لە جەنگە نوێیەکاندا بەدی دەکرێ؟ نیچە ڕەت دەکاتەوە توانا بەم شێوەیە بێ، چونکە تاڵانکردنی سەنگی ژیان و ویست و بەهاکەی نییە. بەڵکو شتێك نییە لە بەها ئەدەبیە مرۆییەکاندا، سزادان پێویست بکات بەجۆرێك کە سەربازەکانی تاڵانکار دەیکەن. ((بەم شێوەیە نیچە هێڵی وەبەرهێنی هێرشبەر پوچەڵ دەکاتەوە، نەك تەنها لە هێزی ماددیدا، بەڵکو لە هێزی ڕۆحی و ئاینیشدا))[2]. شەڕکردن لە پێناو ویستی ژیان و لەخۆگرتنی پایەکانی ئیتیقا. بەگوێرەی نیچە ئەخلاقیاتی جەنگاوەر لە پێناو ژیاندا بە ئەخلاقیاتی دەستاودەستکراو بەراورد ناکرێ. ((پێشتر بەگوێرەی هێڵی کودەتا وای بینی، جەنگاوەری سەرکەوتوو، بەخۆی وەك کەسێکی بێزراو و خراپ سەیری دەکرێ لەلایەن کەسی دۆڕاوەکە، لە کاتێکدا چاکە لەخۆیدا دەبینێ))[3]. کەواتە ئەو بەها ئەخلاقییە چییە بۆ بە بێزراودانانی ئەو توندوتیژیەی بە ئیتیقی سەیری کراوە؟ ئەم بەهایە لە میانەی دوو ئاستەوە دیاری دەکرێ:

یەکەم: بیرکردنەوەی ئیتیقی بە پێچەوانەی تێڕوانی ئەخلاقی باو، بوختان و ساختەکاری بۆ بەهای مرۆیی باڵا هەڵناگرێ، بەوپێیەی ڕوویێکە لە ڕووەکانی کەلتوری بەرز؟ ((بۆ نموونە هەستی زبر هەڵسوکەوتکردن، بنچینەیە لە گشت کەلتورێکی باڵادا، ئەمە ئەوەیە کە چێژ

---

(1) Clair, Êthique et humanism. Op. cit. p. 138.

(2) Kremer-Marietti (Angéle), La raison créatrice (Moderne ou postmoderne), éd. Kimé, Paris, 1996, p. 42

(3) نفس المرجع والصفحة.

بەرهەم دێنێ بۆ مەرگەسات))[1]. لە میانەی ئەوەی ڕابردوودا وا دەردەکەوێ کە وایە. ئا بەم شێوەیە زبر هەڵسوکەوت کردن تەنها ڕاگرەکەی خودە، هەردەم دەبێتە هۆی خودی خۆی و بێ ئەوەی پێویستی بە جگە لەخۆی ببێ. ئەمە زبر هەڵسوکەوت کردنی ڕوتە. ((لێرەدا یاسایەك هەیە دەتوانین بەهۆیەوە مرۆڤێك بکوژین، بەڵام یاسا ڕێگامان پێنادات، ڕێگری لێ بکەین لە مردن: ئەمە زبر هەڵسوکەوتکردنی پوختە))[2].

دووەم: بەبێزراو دانانی توندوتیژی لەلایەن ئیتیقاوە، سەرچاوەکەی بەدی دەکات لە ویژدانی فەلسەفی گەشەکەر بە شایستەیی خۆی لە ئەخلاقی ئەودیوی چاکە و خراپە، کە گۆشەگیر بە خودی خۆی مشوری دەخوات. بەم پێیە بە بێزراودانانی توندوتیژی لە ڕووی کۆتایی هاتنەکەیەوە بەبێزراودانانی توندوتیژیە. بۆ جیاکاری کردن لە نێوان ئەو و ژیانی ئیتیقا، دەبێ فەیلەسوف ڕەوایی ئەخلاقی بەدەست بخات بۆ کرداری ئیتیقی و پێوەرە ئەدەبیە توندەکەی: کە زبر هەڵسوکەوت کردنە. ((ویژدان ئارەزووی زبر هەڵسوکەوت کردنە، بۆ خۆی دەگەڕێتەوە نەك بۆ دەرەوە، زبر هەڵسوکەوت کردن لێرەدا ئاشکرا دەبێ بۆ یەکەم جار وەك ڕەگەزێکی هەرە کۆن لە ڕەگەزەکان، کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ لە دامەزراندنی زبر هەڵسوکەوت کرندا))[3]. کەواتە دەتوانین چی هەڵبهێنجین لە تێکڕای ئەمەدا؟ ئایا زبر هەڵسوکەوت کردن تەنها خەسڵەتێکی ئیتیقی دەبێ، دەرکەوتووە بەدەر لە بیرکردنەوەی فەلسەفی یان قوڵایی و ناخەکەیەتی؟

---

**(1)** برهييه (أميل)، تاريخ الفلسفة، ج ٧: الفلسفة الحديثة ١٨٥٠ – ١٩٤٥، تعريب جورج طرابشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ط ١، ١٩٨٧، ص ١٣٠.

**(2)** نيتشه، إنسان مفرط في إنسانيته، ج. ١، مصدر مذكور، § ٨٨، ص ٥٩، (بتصريف).

**(3)** نيتشه، هذا الإنسان، شجرة أنساب الأخلاق: إشكالية، مصدر مذكور، ص ١٥١.

بیرکردنەوەی فەلسەفی، کە سوربوون لەسەر ڕەخنەگرتن لە ژیانی تێدایە، بەمەبەستی ڕاستەڕێکردنی، ئەوا ئەمە تەنها بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەییە. بەم پێیە فەلسەفەی ئیتقی نیچەیی، فەلسەفەیەکی ڕەخنەگرە. قەبارە گرانی ڕەخنەکەی وایکردووە، کاریگەر بێ لە فەلسەفەکانی ڕۆژگاری ئێستامان. ((بەڵام لەسەر ئاستی فەلسەفیدا، ئەوا ئەو ڕەخنەیەی نیچە دەیگرێ، کاریگەرترین شوێنەواری دەبێ لەسەر زۆرێك لە فەلسەفەکانی سەردەمەکەمان))[1].

## ٦- هەناسەکانی ئیتقا و سەرگەردانی جەنگە ڕابردووەکان:

### بەشداری نیچە لە جەنگی نێوان بڕوسیە و فەڕەنسا (١٨٧٠ – ١٨٧١):

نیچە دەستی گرت بە شەداری لە جەنگی نێوان بڕوسیە و فەڕەنسا (١٨٧٠ – ١٨٧١)، سەرباری ناڕەزایی هەندێك لە نزیکەکانی. ((داوای مۆڵەتێکی کاتی لە زانکۆ کرد))[2]. بە بڕوای ئەو جەنگ بۆنەیەکە، بۆ چەسپاندنی پایە نێرینەییەکان، تاقیکردنەوەی توانای مرۆڤی هاوچەرخ لەسەر ئالۆدەبوون لەگەڵی. نامەی بۆ هاوڕێکانی دەنارد و داوای ڕۆیشتنە بەرەکانی جەنگ دەدا. وەك نەریتی خۆی، زۆر گاڵتەی بەوانە دەکرد کە پاساویان دەهێنایەوە یان درۆیان دەکرد، بۆ بیانوو بەخشین بە دەستەوەسانیان لە بوێری کردنی بەشداری بوون لە چارەنووسەکانی جەنگدا. بەشداری خۆی بە ((بلیمەتیەکی جەنگی)) دانا، کە تەنها ئەوانە دەتوانن بیکەن، کە خاوەن ویستی ژیان و گەورە کردنی گوزەرانن. بەکۆیلەکردنی لاوازەکان و

---

(1) زيناتي (جورج)، رحلات داخل الفلسفة الغربية، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، توزيع المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٣، ص ١١٢.

(2) المزوغي (محمد)، نيتشه، هايدغار، فوكو: تفكيك و نقد، دار المعرفة للنشر، ط. ١، تونس ٢٠٠٤، ص ٢٨.

ژێردەست کردنیان مەزنایەتیەکی مرۆییە، ئەوپەڕی ژیانی ئیتیقییە[1]. کەواتە بڕیاری بەشداری کردن لە جەنگدا بۆ چ دەگەڕێتەوە؟ ئایا بڕیارێکی فەلسەفی هاوسەنگ و بە پاڵنەرێکی نیشتمانی دەبێ؟

هەموو فەیلەسوفەکان نیشتمانی خۆیان خۆشدەوێ، ئێمە گومانمان لەمە نییە. وا دایدەنێین بەشداری کردنی نیچە — وەك چۆن ڕوونی دەکەینەوە — بە پاڵنەری بەرگری کردن بووە لە خاکی نیشتمانەکەی، نەوەك هێرشکردنە سەر فەڕەنسا[2]، یان کوشتنی هاوڵاتیەکانی و تاڵانکردنی خێر و بێرەکانی[3]. ئایا لەسەر ئێمە پێویستە، وەك چۆن هەندێك کەس بەهۆی هۆکاری هزری نووسینیان لەسەر نیچە نووسیوە، نیچە بە بانگخوازی جەنگ دابنێین؟ لە کوێوە هزرێکی توانادارمان دەبێ، تا تێبگەین لە هۆکاری بەشداری نیچە لە جەنگدا؟ ملکەچی بۆ چارەنووس، خۆی لە خۆشەویستیەکەی بۆ دوو شت دەبینێتەوە:

یەکەم: نیچە ملکەچی چاکەیە، بەهۆی ئەوەی خۆشیدەوێ، لەو ڕووەی شتێکی سەپێنراوە و لەبەر هەڵاتنی لە ئارادا نییە. لە زیاد لە شوێنێك لە دەقەکانی نیچەدا، بەڵکو تەنانەت شارەزایی و بەدواداچوونی کەمی ئێمەش لەسەر ژیاننامەکەی، شتی وا هەیە بەڵگە بەرپا دەکات لەسەر ئەوەی ملکەچی چارەنووسەکانە و لەگەڵی کارلێك دەکات. ئای چەندە

---

(١) دەکرێ تێبینی ئەوە بدەین، سەبارەت بەوەی فەلسەفەی نیتچە سەبارەت بە توندوتیژی و جەنگ، ناکرێ شرۆڤە بکرێن لە ڕوانگەی شێوە بیرکردنەوەی مافەکانی مرۆڤدا. بەڵکو دەبێ لە ڕوانگەیەکی ئەڕستۆقراتی هزردا لێك بدرێنەوە.

(٢) نیتچە بە فەڕەنسییەکان سەرسامە.

(٣) Nietzsche, Humain, trop humain (Un livre pour esorits libres), in OPC, t. III, trad. De l'allemand par Robert ROVINI, par Marc B. DELAUNAY, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Mayenne, 7 janvier 1988, § 57 , pp. 76 – 77.

چارەنووسەکان هاوبەش بوونە لەگەڵیدا لە زیاد لە ڕووداو و وتە و نووسین و تیاچوونی جەستەیی.

دووەم: یاخیبوون لە چارەنووسی ستەمکار، هەر کاتێك تواناى بەسەریدا شکا. لەگەڵ کارلێك دەکات، قێزەونیەکەی دەردەخات و سەختی ڕەتکردنەوەکەی تاقی دەکاتەوە، لەگەڵ سنوورەکانی پێوە ئاڵودەبوونی... تاد، سوربوونی نیچە داخوازی پشت هەڵکردنی چارەنووس نییە. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، بە چوونەپێش و خۆخستنە مەترسیەوە ڕووی تێدەکات. چونکە ئەو لە چارەنووسو ڕۆیشتنی کرداری مرۆیی و پچڕانەکان و ڕوودانیدا بەشێك لە ئاکامی نەگۆڕ دەبینێ. بەشداربوون لە دروستکردنی چارەنووس (تەنانەت ئەگەر ئەم چارەنووسە پڕیش بێ لە جۆرەکانی پێویستییە بنەڕەتیەکان) هەوڵدانی نیچەیی پوختە، کە بەشێکە لە بیرکردنەوە فەلسەفیەکەی.

کەواتە خۆشویستنی چارەنووس، هەر چۆنێك بێ (بە ملکەچبوون یان یاخی بوون بێ)، بریتییە لە نیگاخوازیەکی فەلسەفی، ڕەچەڵەك ڕواقی. ((بەڵام وشەکە لای نیچە دەبینین، کە گوزارشتی خۆشویستنی چارەنووس دەگێڕێتەوە لە ڕواقیەکانەوە، ((...)) بەهۆیەوە نیچە ئاماژە دەکات، بە حەزی فەیلەسوف سەبارەت بەو چارەنووسەی پێویستە بێت))[1]. شارستانیەتی نەبوونیگەرا، کە شۆڕبووەتەوە بەرەو داڕوخان، زۆر پێویستی بە جەنگە دژی نەیارانی ژیان. کەواتە چی هەیە لە دژایەتی کردنی ژیان و دوژمنانی ژیان بەگوێرەی نیچە؟ دژایەتی کردنی ژیان مەترسیەکی مەزن و برینداربوونێکی خوێن لێبەربووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر سروشتێکی مرۆیی (لە نێو فرە جۆری سروشتە مرۆییەکان لە تێڕوانینی نیچەدا، ئەمە شتێکە دۆخ و واقیعی ڕێبازەکان هەردەم دیاری دەکات) دەبێ تێکبشکێندرێ و یاخیبوونی لەدژ ئەنجام بدرێ.

---

(1) نفس المرجع، ص ١٠٥.

ئایا لەبەردەم پرسێکی فەلسەفی – ئیتیقیداین، تایبەت بە جۆرێکی دیارکراو لە ئەخلاقیاتی خەڵك؟ ئایا شتەکە پەیوەستە بە ئەنسروپۆلۆژیای فەلسەفیەوە، کە نیچە بەرهەمی دێنێ لە فیقهی سروشتی مرۆڤایەتیدا؟ بۆ هیچ یەکێك ناکرێ نکۆڵی بکات لە شارەزایی نیچە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا، لە کاتێکدا کە ((فەیلەسوف)) و ((زماننناس)) و ((فیزیۆلۆژی)) و ((هونەرمەند)) و ((دەروونزان))ە. نیچە ئەرستۆکراتی و ڕووکەش و جیاوازی نێوانیان دەزانێ. پەیڕەوی دژ و بەرامبەر یەك کردنەکانی تاقیکردۆتەوە. تەنانەت تاقی کردۆتەوە هەتاوەکو لەگەڵ باشی تەندروستی جەستەکەی و سەلامەتی هزرەکەی و پەیوەندییە کەسیەکانی و فەلسەفەکەی... تاد. کەواتە نیچە چۆن دەڕوانێتە جەنگ، لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ جۆری مرۆیی و سروشتی مرۆڤایەتی بە پلە جیاوازەکانیەوە؟ ئایا ئەم ڕوانینە چۆن دەتوانێ هەڵوێستەکەی بە پەسەند یان ڕەتکردنەوەی جەنگ دیاری بکرێ؟ هەروەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە، نیچە جەنگی قبوڵ کردووە، کە چووەتە ناویەوە و تووشی پێکان بووە بەهۆی کەوتنی لەسەر ئەسپەکەی. هەروەك جەنگیش ڕەت دەکاتەوە، وەك چۆن دواتر دەخرێتەڕوو.

بەڵام با لە بنەڕەتەوە لە بەردەوامی ڕوانینی فەلسەفیەوە، لە هەڵوێستی پەسەندکردنیدا بمێنینەوە. هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، سروشتی مرۆیی بۆ ججۆر و ئەو پلانەی هەیەتی کە پاڵی بە نیچە ناوە بۆ قبوڵکردنی جەنگ (لەگەڵ ئەوەی لە ڕاستیدا پێی ڕازی بووە). ((ئا بەم شێوەیە سەبارەت بە نیچە، ئەوا جۆری مرۆیی لەو ساتەی پێویستە وەبەرهێنان بکات بۆ ئەوەی خۆی لە ئاستی مرۆڤدا بپارێزێ، ئەوا ناتوانێ ئەمە بکات مەگەر بە هەڕەمەکی گەڕانەوەی تەواو نەبێ بۆ سەرچاوە ئەخلاقییەکان بە هەمان کار))(١). کەواتە ئایا دەرد و

(١) Klossowski (Pierre), ((Circulus vitiosous)), in Nietzsche aujourd'hui?, t. I: Intensités, colloque international de Cerisy en juillet 1972, UGE, col 10/18, Paris, 1973, p. 99. 99, (pp. 91 - 121).

نەخۆشی لە ئەخلاقیاتی جۆری مرۆییدا چییە؟ چۆن دەکرێ دەردەداری ئەخلاق سەربکێشێت بۆ جەنگ؟

یەکەم: کرچ و کاڵییەك هەیە لە زانین و شارەزایی فەیلەسوفەکان، سەبارەت بە سروشتی خەڵك و خۆسەپاندن. ((شتێکی ڕوونە نوێنەرانی گەلە ئازادەکانمان، پێویستیان بە تێگەیشتنە لە سروشتی خەڵك لە کاتی گونجاودا، ئەگەرنا درکیان دەکرد کۆششەکانیان بە خۆڕایی دەچن، کاتێك بانگ دەکرێ بۆ نزم کردنەوەی پلەبەندی چەکە سەربازیەکان. بەپێچەوانەوەی ئەمەوە، ئەم پێویستە کاتێك دەگاتە لوتکە، ئەوا زیاتر نزیك دەبینەوە لەو جۆرە خوایەی کە ئێمە پێویستمان پێیەتی))(1).کەواتە ئەو کەم و کورتییە چییە، کە جۆری مرۆڤایەتی هەیە، لە سروشتی هەندێك ڕەچەڵەك و گەلەکانیدا؟ ئەوە ترسنۆکییە لە دەستپێشخەری خودی و دەستکردن بە ڕووخاندن و تێکشکاندنی ئامێری جەنگی. لەبەر ئەوەی لەمەدا تێکگیران هەیە لەگەڵ سروشتی مرۆیی، پێویستە لەمەدا خودی خۆی تێبپەڕێنێ. ئایا ناچار نابین بۆ جیاوازی کردن لە نێوان ئەوانەی پەیوەستن بە ((شانشینی خواوەندەکان)) و ئەوانەی پەیوەستیان بە ((شانشینی مرۆڤ))ەوە؟

دووەم: مرۆڤ بتوانێ سروشتێکی مەزن دابتاشێ لە خودی خۆی، بەڵکو بەرز ببێتەوە بۆ ئاستی ((مرۆڤی ڕاست)) یان ئەو مرۆڤەی بۆ خودی خۆی و بە خودی خۆی وێنەی ژیانی دروست بکات. ئایا وێنەی ژیانی مرۆڤی هەرە بەرز و باڵادەست بەسەر خەڵکی سادەدا چییە؟ ((پێویستە خەڵك لە قوڵایی ناخ و نهێنیەکانیاندا نموونە و تارمایی دابنێن، لە پێناویدا تێبکۆشن، بەمەش چاك و خراپ و دەوڵەمەند و دەستکورت و پلەباڵا و پلە نزم بەرەو بەیەکدادان دەچێ بە گشت ئەوەی لەسەر زەویە، لە سیستەمەکان، بەمەش جەنگەکان هەڵدەگیرسێن چەك بە چەك و هێما بە هێما، چونکە لەسەر ژیان پێویستە هەردەم بەسەر

---

(1) نیتشه، أشياء إنسانية، إنسانية إلى أقصى حد، الثاني: الهائم وظله، تعريب فؤاد زكريا، ورد في كتابه: سلسلة نوبغ الفكر الغربي، دار المعارف بمصر، ط. ٢، القاهرة، ١٩٦٦، § ٢٨٤، ص ١٨٤.

خۆیدا زاڵبێ))[1]. بەڵام ئایا سەرچاوەی جەنگ چییە؟ چ پەیوەندیەکی بە سیستەمە ئەخلاقییە باوەکانەوە هەیە؟.

### ٧- دەستخەڵەتدانی ئەخلاقی کەسی سیاسی – سەربازی:

نیچە ڕەوایی دانەدەپێشت بۆ جەنگ، وەك چۆن بە هەڵە و زۆربەی جاران وا بە بیردادێ، بەڵکو لە ڕاستیدا بە تەواوی فڕێی دەدات. ئای چەندە ڕەخنەی گرتووە لەسەردەم، بەهۆی چەك هەڵگرتن و دەمامکداری بە ئەخلاقیاتی نیاز خراپی ئەوانی تر. بەپێی بۆچوونی ئەو: ((هیچ حکومەتێکی ئێستا داننانێ بەوەی لەسەر هەمان لەشکری ئێستا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئارەزووە شەڕانگێزەکانی ڕازی بکات، هەر کاتێك دەستی دەکەوێ، بەڵکو هەمیشە پاساو بە بەرگری دێنێتەوە. لە پێناو ئەمەدا بە ئەخلاق ترس دەدات، کە هاندەدات لەسەر بەرگری لەخۆکردن، لەمەوە ڕێڕێوێك بۆ دیدگای خۆی ببینێتەوە، کە گوزارشتی لێ بکات. ئەوەندە هەیە مانای ئەمە ئەوەیە مرۆڤ ئەخلاقیەت بۆ خۆی قۆرخ بکات، تا ئەخلاقییەت بداتە پاڵ دراوسێیەکەی، چونکە پێویستە وا سەیری بکرێ کە خولیای دژایەتی و هێرش کردنی هەیە، ئەگەر نیشتمانەکەمان بیر لە هۆکارێك بکاتەوە بۆ بەرگری کردن لە خۆی))[2]. کەواتە لەم ئاستەدا دەمێنێتەوە، لە ئاست مەترسیەکانی بەکارهێنانی ئەخلاق وەك دەمامك، بۆ خۆ شاردنەوە لە پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی جەنگەکانی ڕابردوو. هەر لە ڕۆژگارانی نیچەوە، تەنها جیهانی خۆرئاوا دەناسین لە ئەخلاقیاتی جەنگدا دەستکراوەیی گرتۆتەبەر و خۆی شارەزاکردووە لە یاسا دانراوەکانی و هونەری نواندووە لە بە عەقڵی کردنی بوێرییەکەی،

---

(١) هكذا تكلم زرادشت، ج. ٢، مصدر مذكور، ص ١٢٠.

(٢) نيتشه، أشياء إنسانية، إنسانية إلى أقصى حد، القسم الثاني: الهائم و ظله، مصدر مذكور، § ٢٨٤، ص ١٨٢.

ستایشیچاکێتی ئەخلاقی پشتیوانانی کردووە، تاوانباری ئەخلاقی بەرهەڵستەکارەکانی کردووە. ئایا لە بەردەم گورگ ئاساییەك داین لە هەڵسوکەوتی ئەخلاقی بۆ جەنگی هاوچەرخ؟

نیچە دوودڵ نییە لە وەسفکردنی میرەکانی جەنگ، بە کەسانی درۆزن، دەستپێك لە ئەڵمانیەکانەوە. ((سەبارەت بەوەی نکۆڵی دەکات ئارەزووی شەڕانگێزی لەودا هەبێ، تەواو وەك چۆن نیشتمانەکەمان وا دەکات، جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی، تەنها لەبەر مەبەستی بەرگری لەشکر دەهێڵنەوە، پەنا بۆ هەمان ئەو پاساودانە دەبات کە ئێمە لە پێناویدا لەشکرەکەمان بەکارهێنا، کەچی ئێمە ڕەخنە لە بەرامبەر دەگرین، لەبارەیەوە دەڵێن: درۆزن و تاوانبارە، دەیەوێ بەسەر قوربانیەکی بی تاواندا بدات، بێ ئەوەی لەوەوە دووچاری هیچ بەرگریەك ببێتەوە))(1). ئایا ئێمە لە خزمەت یاری چاکە و خراپە و ئاشگێڕانی گرەوکردنیاندا دەبین؟ کامە مرۆڤ کەرستەی ئەم لە ئاشکردنەیە؟ ئایا مرۆڤی پەڕاوێزخراوە، کە دەستی کۆت و بەندکراوە بە چرەنووسی ((کاتە نوێیەکانەوە))؟ ئایا ئەو مرۆڤەیە کە ئاڵودەبووە بە پێویستی پاڵنانی وتەی ((دیموکراتیەتی نوێ)) بۆ ئەوپەڕی سنوورەکانی؟ ئایا گاڵتەجاریەکی سیاسی مەزنتر هەیە لە گاڵتەجاری چاوەڕوانکردنی ڕۆژی دیموکراتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی و حیزبی دیموکراتی، ((پاڵپشتی کردنی ئاڕاستەی دیموکراتی)) و ((کرداری دیموکراسیەت))، تێکڕای دیموکراسیەت؟ ئایا نیچە ڕەخنە لەم وتەیە – تلیاکە ناگرێ، کە گشت نەخۆشە سیاسیەتمەدارە هاوچەرخەکانی ئاڵودە کردووە؟ ئایا دەکرێ جەنگە ڕابردووەکان نیشانەی مەترسی بگرن لە جۆر و ژیان، بەوەی چەند ئاسۆیەك بۆ سەرکەوتن بۆ سەرکەوتن ببەخشێ بە جۆر و ژیان بەهۆی دیموکراسیەتەوە؟ ئایا ئەخلاقیاتی لێکترازاوی سیاسەتمەدار — سەربازی، بە پێچەوانەی مشورگێڕی گۆشەگیر، مشوری جەنگە ڕابردووەکان ناکات، لەگەڵ دابەشکردن و پەرتکردنی دەستکەوتەکانی لە لاشەی مردوان بەر لە جەستەی زیندووەکان؟ توانای ئیتیقای فەلسەفی چییە (خزمەتەکانی لە سەردەمی ئێمەدا کەمبوونەتەوە، بەراورد بە زۆری

(1) نفس المصدر، ص ١٨٢ – ١٨٣.

بانگخوازەکانی) بەرامبەر سوربوونی تاك و کۆمەڵەکان لەسەر مشورگێڕی بەهایە ئیتیقیەکانی بە پڕاوپڕی بەرەنگاربوونەوەکەی بۆ سیاسەتمەدار – سەربازی؟ ئایا ئەم ئەخلاقەی چاك و خراپ، پێویستی بە دیاریکردنێکی دەروونی نییە، بۆ ڕیشەکێش کردنی ڕەگەزی نەخۆشی تیایدا؟ ((بەم جۆرە، هەموو دەوڵەتەکان لەم سەردەمەماندا، لە پاڵ یەکدا دەوەستن: لەسەرەتا نیاز خراپی دەداتە پاڵ دراوسێیەکەی، نیاز پاکیش دەداتە پاڵ خۆی. بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم وادانان و گریمانەیە شتێکی تا مرۆڤانەیە، مەترسیەکەی کەمتر نییە لە خودی جەنگەکە، ئەگەر لێی زیاتر نەبێ. بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەمە پێشەکیە بۆ جەنگ و هۆکارە ڕەسەنەکەیەتی، چونکە هەروەك وتمان هانی نیاز خراپ و خراپ هەڵسوکەوت کردن دەدات))[1]. کەسی سیاسەتمەداری – سەربازی چ ئامانجێکی مەبەستە؟ ئایا ئامانجی کەسی پایەبەرزی ئیتقی یان کەسێکی نزمی خراپەکارە؟ هەڵوێستەی بنچینەیی نیچەیی بریتییە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی میری جەنگەکان.

لەبەر ئەوەی ئەوانە لە ڕەگەزی ئەوانەن کە هەڵسوکەوت دەکەن لە هاوڵاتیاندا، وەك ئەوەی ئامرازێکی ڕێکخستنی و گوێڕایەڵ بن، دوای ئەوەی ڕاهێنران، ئەوا هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤ دانانێن. ئارەزووەکانی ڕەچەڵەکی و ئابووری و دزینی خێر و بێری ئەوانی تر... هەموویان شتی ڕەوایی پێدراون لە ئەخلاقی ڕێپێدراوی سەردەم. نیچە پێوەرێك دەستنیشان دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر ئەمە، ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: ((کاتێك پەیوەست دەبێ بە مرۆڤێکەوە کە تەنها لە دوورەوە پەیوەندیان پێمانەوە هەیە، ئەوا ئەوەندە تەواوە بزانین ئامانجەکان چین، بۆ ئەوەی پشتگیری یان بە تەواوی ڕەتیان بکەینەوە))[2]. بەڵام ئەم پێوەرە لە ئاستێکی دووەمدا ڕێگری لێناکات لە ڕووتکردنەوەی قێزەونی ئەخلاقی چاك و خراپ و ئەو ئەندازەگیریە شاراوە خراپانەی لەخۆی گرتووە بۆ سروشتی مەبەستەکانی مرۆڤایەتی. هەر بۆیە هەست بە

---

1) نفس المصدر، ص ١٨٣.

2) نيتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، مصدر مذكور، ص ٣٧.

بەرهەڵستیەکی ئەخلاقی دەکەین کە نیچە بەهۆیەوە ڕەخنە لە میرەکانی جەنگ دەگرێ. هەردەم ئەمانە پاساو دێننەوە بە ئەخلاقی خراپ و نیازی پێشوەختە بۆ ئەوانەی لەگەڵیان دەجەنگن. ئایا ئەخلاقیاتی پاساودانی سیاسی بۆ جەنگ نابێتە پەردەیەك بۆ ئەم جەنگە؟ ئایا پێویستە لەسەرمان بکۆڵینەوە لە شارەزایان لە زاراوە وشەکانی زانی ئەخلاقی، تا بۆمان ڕوون بکەنەوە مەبەست چییە لە ((هاوسەنگییە ستراتیژیەکان)) و ((بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت)) و ((بە شارستانی کردنی گەلانی دواکەوتوو)) و ((زیندوو کردنەوەی کرداری ئاشتی))... تاد؟ ئایا جەنگ دەست بە هەڵگرتنی بار و ئەرکەکانی ناکات بە داهێنانی چەمکی ئەخلاقی، ئینجا ڕوونکردنەوەی ڕاستی حەزکردن لە ئاشتی؟

ئەخلاقی هەڵبەستن دەستکردی سیاسەتمەداری — سەربازیە. ئەمە ئەخلاقێکە هەردەم درۆ بۆ ئیتیقا هەڵدەبەستێت. لەبەر ئەوەی ئیتیقا دژی جەنگە. ئایا بە ناوی چ بنەمایەکی مرۆیی بەرز پێویستە لەسەرمان جەنگ فڕێ بدەین؟ ئایا بەرزی خۆی دەبینێتەوە لە پاساودانی ((خراپەی پوخت))؟ ((سەبارەت بە تیۆری ئەخلاق لە سیاسەتدا، زۆربەی جاران پیاوی دەوڵەت پێش کرداری دوژمنەکەی دەکەوێتەوە، دەڵێت: "ئەگەر من وا نەکەم، ئەوا ئەو وا دەکات". ئەمە جۆرێکە لە بەرگری ڕەوا، وەك بنەمایەکی سیاسی. ئەمە تێڕوانینی جەنگە))[1]. ئایا جەنگ تێڕوانینێکی تری هەیە؟ ئایا چۆن دەتوانین لەم گوزارشتە نیچەیی تێبگەین؟ شتێکی بەڵگەنەویستە جەنگ تێڕوانین و کەلتورێکی ئەخلاقی دیاریکراوی هەیە. کەلتورێکی بنیاتنراو لەسەر گەشەپێدانی خەیاڵ لە عەقڵی قوربانیانی جەنگ و ئاوارەکان و ئەوانەی دەکرێ ئامادە نەبن، لەگەڵ ئەوانەش کە گوێزراونەتەوە. جەنگ ڕێگە خۆش دەکات بۆ نەوەکانی داهاتووش، کە چۆن بە خەیاڵێکی حەساوەوە قبوڵی دەکەن. ئایا ئەخلاقیاتی ئەوانە چییە کە وردبوونەتەوە لە بازاری ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیدا؟ چۆن دەتوانن پاساو

---

(1) Nietzsche, Fragments posthumes (Ête 1872-Hiver 1873-1874), in OPC, t. ll*, vol. l, op. cit, 19 (109), p. 207.

بهێننەوە بە تێڕوانینی ئاشتی جیهانی وەك بەرگری کردن لەخۆیان؟ ئەمە بەشێکی ڕوون دەبێتەوە لە پرسی فرێدانی نیچە بۆ جەنگ و بەکەم دانانی ئەخلاقیاتەکەی. بە چ پێوەرێکی ئیتقی لەسەر مرۆڤایەتی هاوچەرخ پێویستە جەنگەکانی ڕابردوو و وێنە و سنوور و گرەوەکانی فرێبدات؟

فرێدانی جەنگ: دەبێ پاڵنەرە فەلسەفییە – ئیتیقیەکان چی بن، کە بوونەتە هۆی بەرهەڵستی کردنی نیچە بۆ جەنگ و ڕووتکردنەوەی شارداوەکەی؟

یەکەم: لەسەر فەیلەسوف پێویستە، فەرهەنگی زمانی جەنگ ڕاست بکاتەوە. لەوانەیە واقیعی دۆخەکە ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە چۆن زۆربەی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان ناو لە لەشکرەکانیان دەنێن ((وەزارەتی بەرگری)). ئایا ەمە ئەوە دەگەیەنێ (وەك پێشتر لە وتەی نیچەدا هاتووە) هەر دەوڵەتێك پێشتر گریمانەی ئامادەیی بەرامبەر دەکات بۆ هێرشکردنە سەری و دژایەتی کردنی. ئایا ئەوەی تر دەستی گەیشتووە بە نهێنیەکانی خەڵك و ئەوەی ناخەکەیان لەخۆیگرتووە لە ئارەزووی خراپەی ئەخلاقی؟ ئێمە دەزانین ژمارەیەکی زۆر کەم لە وڵاتان لە ئاستی گوتاردا داندەنێن بەوەی وەزارەتی بەرگریەکەیان، بریتییە لە وەزارەتی جەنگ. ئەگەر بەرگری پێشوەختە لایەنێکی بکەر بخوازێ، ئەوا بەرگری وەك کاردانەوە دەبێ. بەم پێیە بەرگری دەبێتە وەڵامدانەوەیەکی ئامادەباش و هەندێك جار بێ دەنگانە دەبێ. لەبەر ئەوەی شتێکی بەڵگە نەویستە کرداری پێش کاردانەوە دەکەوێ.

ئایا زمانی ئەخلاقی لەناوبەر و وشك، کە کۆمەڵگەکان و وڵاتان بەکاری دەهێنن، ئەوە نییە کە بەوپەڕی جۆش و خرۆشی سەرشێتانە لەشکرەکانی بە جۆرە چەك پڕ چەك دەکات؟ بەڵکو ئایا لە بنەڕەتدا دابەشکاریەکی جیهانی دادگەرانە بۆ چەکدار کردن هەیە؟ ئەگەر وا دابنێین چەکدارکردن مافێکی ڕەوایە. ئایا ئەو دەوڵەتانەی زرلاتر جەنگی و شەڕانگێزن، تەنها بەخۆیان سەرپەرشتی دابەشکاری جیهانی ناکەن بۆ ژیان و مردن لە لە جەنگەکان و دوای جەنگەکانیش؟ ئایا لە دەروازەی ئیتیقاوەیە بچینە پاڵ ئەوەی ژیان و مردنمان بۆ ئامادە

دەكات بە چەك؟ ئایا گشت كۆمەڵگەكاك بیٚ بەش ناكریٚن لە مافی ((چەكدارکردن))؟ ((لە سەر مرۆڤ پیٚویستە ڕەخنە لە بیرۆكەی لەشكر بگریٚ، بەوپیٚیەی ئامرازیٚكە بۆ بەرگری، بەهەمان ئەو هیٚزەی ڕەخنە دەگریٚ لە ئارەزووی دەستدریٚژی كردن. لەوانەیە ڕۆژیٚكی مەزن بیٚ، تیایدا گەلیٚك هاوار بكات، بەوەی بەسەر جگە لە خۆیدا سەركەوتووە لە جەنگدا و بردوویەتیەوە، لە ڕاهیٚنان لە سیستەمی سەربازی و شارەزابوون تیایدا پیٚشكەوتووە، لەمەشدا گەورەترین قوربانی داوە — ئەم گەلە بەوپەڕی ئازادیەكەی هاوار دەكات دەی با شمشیٚرەكانمان تیٚكبشكیٚنین — و هەڵبستیٚت بە تیٚكشكاندنی ئامرازە جەنگیەكان تا قوڵترین ڕەگ و ڕیشەكانی))[1].

دووەم: لەبەر ئەوەی نیچە نزیك بوو لە كەلتوری وڵاتانی ئەوروپی هیٚرشبەر و كۆیلەكار، ئەوا پیٚوەریٚكی تر دەناسیٚ (بەپیٚچەوانەی ئەوەی باسكرا لە ڕەگەزی پیٚشوودا) بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی وتەكانی بەرگری و ڕەوایی چەكدار كردن و هۆشداربوون لە گورگ ئاسایی زیٚدەڕەوی ئەوانی تر. دەڵیٚت: ((سەبارەت بەوەی پەیوەستە بەوانەی زۆر نزیكن لیٚمان[2]، ئەوا ئیٚمە بڕیاریان لەسەر دەدەین هەر لەو ئامرازانەوە كە بەكاری دەهیٚنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان، سەرباری شەرمەزاركردنمان بۆ ئامانجەكانیان، زۆربەی جاران ئەوانمان خۆشدەویٚ بەهۆی ئەو ئامرازانەی بەكاری دەهیٚنن و جۆری ویستەكەیان))[3]. ئایا ئەو جەنگە دادگەرانە دەبیٚ، كە جیهانی جەنگی هاوچەرخ مشورگیٚڕی بۆ دەكات؟ ئایا دادگەری ئەم جەنگە لە دەستاودەستكردنی ئاشتیانە دەبیٚ بۆ دووبارە دابەشكردنەوەی بەردەوامی

---

(1) نیتشه، أشياء إنسانية، إنسانية إلى أقصى حد، القسم الثاني: الهائم وظله، مصدر مذكور، § ٢٨٤، ص ١٨٣ – ١٨٤.

(2) پیٚمان وابیٚ مەبەستی هەندیٚك دەوڵەتی ئەوروپیە، هەروەك بسمارك و ناپلیۆن پۆناپەرت، لەمەشدا بۆچوون و لیٚكدانەوە هەیە.

(3) نیتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، مصدر مذكور، ص ٣٧.

وێنەکانی جەنگ و گرەوەکانی کوشتن و دیل و گرتن؟ ئایا جەنگەکان فێڵی دەمامکدار نین، بە کڵاوی وتە ئەخلاقییەکان، بۆ ڕێکخستنی فێڵەکان دژی ئەوانەی مافیان لە ژیاندا هەیە؟ ئایا وتەکانی ((جڵەوگیری دەروون)) و ((بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەتی نوێ)) و ((دژایەتی کردنی تیرۆر)) و ((ڕێزگرتن لە ماف کەمینەکان)) دەبنە پاساو، سیاستمەداری – سەربازی پاساویان پێبهێنێتەوە؟ ئایا تا ئەو ئەندازە دەستکورتە لە زانستدا تا بەدوای ونبوەکەیدا بگەڕێت لە داماڵین چەمکەکانی زمانی ئەخلاقی و سیاسی و مافناسی بۆ پاساودان بە کردارەکانی؟ ئایا چەمکەکانی کەلتوری جەنگی لە دەرچوون و دەرپەڕیندا نین لە سەرچاوە ئەخلاقییە ڕاستەکەی؟ ئایا بە جەنگەکانی ڕابردووی هەموو چەمکەکانی زمانی مرۆڤایەتی ناشرین نەکردووە، بەوپێیەی لە کۆتاییدا زمانێکن بۆ ژیان و مردن. کەواتە ئەو چارەنووسە سیاسییە زاڵە چییە بەسەر ئەستۆی مرۆڤەکانەوە، تا جەنگەکان چەق ببەسن بە دەوری خولگەی ژیان و مردن؟ ئایا کەنارگیر دەبێتە کەسێکی خراپ و بەرگریکار تیرۆریست و هەوڵدەر بۆ ئاشتی سبەینێ بەیانی خەیاڵاوی و ڕەخنەگر لە جەنگ هەڵەکار لە شارەزاییەکەی لە مێژوودا؟ ((بێگومان جەنگ، خراپەیەکی هەیە، ئەوەیە براوە دەکاتە دڕندە و دۆڕاویش دەکاتە پیس و پۆخڵ))[1]. ئایا لەوەی ڕابردوو ئەوە هەڵناهێنجین کە نیچە ڕەخنە لە جەنگ دەگرێ، بە ڕەخنەیەکی ئیتیقیانە؟

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئیتیقیای فەلسەف، کەلتورێکی ئەڕستۆکڕاتیە. کەلتوری فەیلەسوف بکەر لە پێناو چەسپاندنی بەرگری هزری و ئەدەبی و سیاسی، وەك ڕزگارکردنی خودە ئازادەکان، لەو خودانەی پیشەگەرن بە توندی بۆ جەنگی کاولکەر؟ کەواتە لە چ تێڕوانینێکی فەلسەفیەوە دەکرێ جەنگ شەرمەزار بکرێ؟ جۆرەکانی بەرزی و بڵندی ئەخلاقی و هونەری و بیروباوەڕی و هزری ... تاد، بریتین لە مەرجەکانی تاقیکردنەوەی سەختی خۆڕزگارکردن لە بیتپەرستی ((جەنگی پێویست)) و ((جەنگی دادگەران)) و ((جەنگی پێشوەختە)). ئایا بۆچی

[1] نیتشه، الفلسفة في العصر المأساوی الإغريقي، مصدر مذكور، ص ٣٧.

هەندێك لە فەیلەسوفەکانی سەردەم، ناوبانگی خۆیان نازڕێنن بە ناوزڕاندنی ئیتقی بە مەترسییەکانی جەنگ و پێشێلکاریەکانی بۆ ڕێز و حورمەتەکانی خود و عەقڵ و مێژوو و کەلتور و هزر... تاد؟ یان وا لەسەر مرۆڤایەتی هاوچەرخ سەپێنراوە چاوەڕێی چارەنووسەکەی بکات، خۆشی نەوێن تا ڕەگەکانی جەنگەکان ڕیشەکێش نەکات؟ ئایا لە چارەنووسەکانی درانەپاڵ زەوی و نیشتمان ئەوەیە، مرۆڤ چارەنووسی جەنگەکانی ڕابردوو و سەپێنراو بەسەریدا خۆشبویٚ؟ ((درەختی شکۆی جەنگی ڕیشەکێش ناکریٚ، مەگەر بەیەکجار نەبیٚ، بە لێدانێکی وەك هەورە تریشقە نەبیٚ. بەوەی هەروەك دەزانن، تریشقە و بروسکە تەنها لە هەورەکانەوە دێن، لە بەرزایەوە))[1]. ئایا ڕێگەی دروست و ئارام بۆ ئاشتی کامەیە؟ توانای ئیتیقا چییە لەسەر هاندانی ورەی کەسە ئازادەکان، بۆ فڕێدانی جەنگ و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە؟

## ٨- ئیتقای فەلسەفی و داواکردنی ئاشتی:

دەکریٚ پەندێکی عەرەبی بهێنینەوە یادی خۆمان، کە دەڵێت: ((لێبوردن لە کاتی بەهێزیدا بە سەنگە)). ئایا ئەم پەندە، پایە مەزنە ئیتیقیەکان و ئیتیقای ڕامان و کردار لەخۆ دەگریٚ؟ ئایا مرۆڤی ئەمڕۆ، ساتێك هۆکاری شەڕکردنی هەیە توانای هەیە تا بەرەنگاری کۆیلەکردنی ئەوانی تر ببێتەوە؟ چۆن پشتکردن لە زیانگەیان بەوانی تر دەبێتە چاکەیەکی ئیتیقی، ساتێك کە هۆکاری ئەم ئازار و زیان پێگەیاندنە هەیە؟ کیٚ لە ڕوووی ئەخلاقیەوە بوێری ئەمە دەکات؟ ئایا سینگی میرەکانی جەنگ بە تەواوی فراوان بووە بۆ هۆیەکانی ئیتیقا تا ئاشتی گەشبین بیٚ؟ ((وەرچەرخانی مرۆڤ بۆ ئاشتیخوازی، لەو کاتەی تواناداترە لە جگە لەخۆی لەسەر شەڕ کردن، ئەم وەرچەرخانە ئەگەر بەهۆی درك و تێگەیشتنی بەرزەوە فەراهەم بوو، هەروەك ئامرازێکە بۆ ئاشتی ڕاستەقینە،

---

[1] نيتشه، أشياء إنسانية، إنسانية إلى أقصى حد، القسم الثاني: الهائم وظله، مصدر مذكور، § ٢٨٤، ص ١٨٤.

کە پێویست پشت بە نیاز دروستی ببەسێ، لە کاتێکدا ئاشتی چەکداری گومان بۆچوو، کە زاڵە لە گشت وڵاتاندا، پشت بە نیاز خراپی دەبەستێت، مادەم مرۆڤ متمانە بەخۆی و دراوسێیەکەی نەکات، چەکەکەی فڕێ نەدات، پاڵنراوە بە هەستێك، کە ئاوێتەیە لەگەڵ ڕق و کینە و ترس))(1). کەواتە کێ بەرز و بڵندە؟ نیچە لەبارەی چ بەرزی و بڵندیەکەی عەقڵی و ئەدەبیەوە دەدوێ؟

بەرزی خودی داواکاری ئاشتی نییە، بەڵکو بە دڵنیایەوە بەرزی دۆخی ئاستی گەردوونیە. ڕاستی بەهای ئەخلاقی وا دەکات ئەم بەها ئیتیقا مەزنە: ئیتقیای فەلسەفی پەیدا ببێ. ئایا لە سەردەمی خۆماندا سەختی درك کردنی بە چاکەی ئیتقی و فەلسەفی و مرۆیی بکەینە کۆڵەگە؟ ئایا ئەوەی نیازی خراپ بەوانی تر دەبات، ئەو بەخۆی بێ متمانە نییە بەخۆی؟ ئای ئەخلاقی سەردەم لە کوێی جوامێریەوەیە لە گوتار و کرداردا تا چاکە و پایەکانمان ڕادەسپێردرێن بە ((چاکەی نێرینە))؟ ئایا نەنگی و کەم و کورتی، کەم و کورتی ئەخلاقی چاکە و خراپە نییە؟ ئایا کەلتوری ئەخلاقی هاوچەرخ پێمان ناڵێ: ئێمە سەرمان بە پێشکەوتووترین و دیموکراتیترین سەردەمەوەوەیە؟ لە کوێوە ((تەرازووی کار))مان دەستدەکەوێ بۆ ((بەدەستخستنی بەختەوەری)) و ((وەلانانی خەمەکان))؟ ئایا ((مشورگێڕی گۆشەگیر)) بۆ بەهای ئیتیقی بەردەوامی یاساکانی جەنگمان ئەمڕۆ و بەربڵاوتربوونی زیاتر لە ئاشتی بۆ دەرناخات؟ ئایا نیچە بۆمان دەناخات ((دۆخی ئاسایی جەنگە: تەنها لە چەند ماوەیەکی دیاریکراودا ئاشتی هەڵدەهێنجین))(2). کێ بوێری وتنی ئەمە دەکات؟

ئەمە فەیلەسوفی زیرەك و گۆشەگیرە (هیوادارین دواهەمین نەبێ). لەبر ئەوەی هەڵبەستنەکانی زمانی کەلتوری فەلسەفەی هاوچەرخ، ئەمڕ زیادەڕەوی کردووە لە قسەکردنی گەورەکەری ئاشوبەکە (لە ناخی هەندێك جەنگاوەری زیندوودا) لەبارەی ((مرۆڤی کۆتایی)) و ((دواهەمین

---

(1) نفس المصدر، ونفس الصفحة.

(2) Nietzsche, Fragments pothumes (Ête 1872-Hiver 1873 - 1874), in OPC, t. ll*, vol. l, op. cit, 19 (69), p. 195.

فەیلەسوف)) و ((کۆتا موسڵمان)) و ((کۆتا ئیمپڕاتۆریەت))... تاد. لەوانەیە خەیاڵی هەڵبەستنی بەدرۆ بەدەم زمان و واقیع، پاڵ بە هەندێکمانەوە دەنێ بۆ قسەکردن لەسەر دواییەکان.

هیچ شتێك بۆ ئیتیقای فەلسەفی بەسودتتر نییە، لە بەهاکانی فەیلەسوف. ئا لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ناسنامە فەلسەفییەکەما، لەگەڵ نیچەدا شکۆ و ڕێزی عەقڵ ڕوون بووەوە، لە جەخت کردنەوەی لەسەر ئەوەی ((هەر فەلسەفەیەك پێگەیەکی بەرزتر لە جەنگ بە ئاشتی دەدات))[1]. ئەمە کاتێك ئەگەر سەلامەتی فەیلەسوفمان لە جەنگ گرمانە کرد[2]. کەواتە دەبێ فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە بۆ پەرە ئەخلاقییەکانی جەنگەکانی ڕابردوو بۆ ئەم سەردەمەمان چی بێ؟ ئایا ئەم فەلسەفەیە دەتوانێ کارا بێ؟ ئایا فەلسەفەی ئەودیوی خێر و خراپە یان ئەوەی پێی دەوترێ ئیتیقای فەلسەفە دەبێ؟

ئەگەر فەلسەفەی ڕاستی نیچە، فەلسەفەی ئەودیوی چاکە و خراپە بێ، ئەوا دەبێ دانبنرێ بە پایەی ئەم بوارە: ئەودیو، ئەودیوی دوانە بە ئەخلاقی کراوەکان و مشورگێڕەکان بۆ بەها ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی هەڵە و سوك بۆ خودی ئەخلاقی مرۆڤایەتی.

فەلسەفەی گیانی ئەرستۆکراتی، بریتییە لەو نموونە فەلسەفیەی کە لە کۆتایی ئەم نووسینەدا پێمان وایە شایستەترە بە ڕێزلێگرتنی ئیتیقی. شکۆداری هزری ئەرستۆکراتی لە کاری چاکەی مرۆییەوە نەوەك ڕەهای مرۆییەوە. ((چونکە زۆربەی ئەوەی حەزی ئێستا تێکدەدات، لە کاتی تێکەڵبوون لەگەڵ ئەخلاقی زۆربەی هەرە زۆر، بریتییە لە نەگۆڕی ئەو بنەمایەی داننانێ بە ئەرکەکان تەنها بە ئاڕاستەی هاوشێوەکان نەبێ، کە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بوونەوەرەکانی پلە نزمتر بە دروست دادەنێ، واتە هەڵسوکەوتکردنی هەر نامۆیەك، چۆن ڕێکەوت یان "چۆن دڵی

---

(1) نیتشه، العلم الجذل، تقديم، مصدر مذكور، § ٢، ص ٨.

(2) دادگایی کردنی ڕوسل، وەستاندنی سیمون دی بوفوار لە سنوورەکانی توونس – جەزائیر، لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی فەڕەنسی بۆ سەر توونس، ناڕەزایی سارتر دژی جەنگەکە... تاد.

بیەوێ"، بە هەر حاڵ لەوانەیە لەو "دیوی چاکە و خراپەوە": میهرەبانی و هاوشێوەکانی هەیە))[1]. ئایا لەسەرمان پێویستە وتەی ڕاست بڵێین، لە کاتێکدا هەڵاتن لەبەر ڕاستی نییە، پلەبەندی مرۆڤ بریتییە لە ڕاستی ((خاکی مرۆڤ)). کەواتە بوێری وشەی فەلسەفیمان لەکوێ هەیە ئەمڕۆ، بۆ وەرگێڕان و بەرجەستەکردنی ویژدانێکی مرۆیی، کە جەنگەکانی ڕابردوو ئاسۆکانی کردار و زەمینەکەی شیلو کردووە؟ ئایا نیچە ((دەبێتە ئەو شاعیرەی توندوتیژی هەستەکانی لە فەلسەفەدا وەربگێڕێ))[2]؟

**پوختە:**

ئەمڕۆ ئیتقای فەلسەفی، پێویستی بە جێگیرکردنی کۆڵەگەکانی هەیە لە فەلسەفی بەرەنگاربوونەوەی جەنگ و خۆسەپاندندا. ئایا شتێك هەیە لەو زیاتر ویژدانی مرۆیی بجولێنێ و یاری بە هەستەکانی بکات؟ ئایا برینەکانی جەنگ، بریتی دەبن لە خولگەکانی ئیتیقا لە ڕامان و کرداردا؟ ئایا چ فەلسەفەیەکی کردار ئەمڕۆ بەرەنگاری هەڵبەستنەکانی ئەخلاق دەبێتەوە؟ فەلسەفەی کرداری بەرهەڵستکار مەترسی ئێمە لە جەنگ ڕوون دەکاتەوە. وەك ئەوەی هێشتا نەیتوانیبێ سەغڵەتی لەسەر فەیلەسوف هەڵبگرێ، بەوەی ناچار بووە بڵێت: ((جەنگ دایکی گشت شتە چاکەکانە))[3]. بەڵکو مەبەستی نیچە لێرەدا وانەی هەڵهێنجراو بێ لە جەنگ و کارەساتەکانی جەنگ، نەوەك بانگەوازی کردن بۆ جەنگ. ئەمە جەنگی هیراقلیتییە، کە کۆڵەگەکەی کەوتنی دژەکانە.

---

(1) نیتشه، ماوراء الخیر والشر، الفصل التاسع: ما النبیل، مصدر مذکور، § ٢٦٠، ص ٢٤٩.

(2) Tzitzis (Stamos, s. dir.-), "Niezsche" et les hierarchies, op. cit, p. 5.

(3) Nietzsche, Le Gai avoir (La Gaya Scienza), livre deuxiéme, in OPC, t. V. op. cit, § 92, p. 118.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: بەزمانی عەرەبی:

### سەرچاوەکان (نیچە):

إنسان مفرط في إنسانيته (كتاب العقول الحرة)، ج. ١، تعريب محمد الناجي، إفريقيا الشرق، بيروت – لبنان/ الدار البيضاء – المغرب، ١٩٩٨.

أفول الأصنام، تعريب حسان بورقية و محمد الناجي، افريقيا الشرق، ط. ١، الدار البيضاء، ١٩٩٦.

هكذا تكلم زرادشت، تعريب جديد كامل لفليكس فارس، منشوررات المكتب العالمي للطباعة والنشر، بيروت، ص ١١٨، (بتصريف)، (د. ت.).

هذا الإنسان، لماذا أنا بهذه المهارة؟ تعريب مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ٢٠٠٥.

ما وراء الخير والشر (تباشير فلسفية للمستقبل): في تاريخ الأخلاق الطبيعي، تعريب جيزيلا فالور حجار، مراجعة موسى وهبه، دار الفارابي – بيروت والمؤسسسة الوطنية للإتصال والنشر والإشهار – بئر مراد رائس/ الجزائر، ط ١، ٢٠٠٣.

أصل الأخلاق و فصلها، تعريب حسن قبيسي، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ٢، بيروت، ١٩٨٣.

أشياء إنسانية، إننسانية إلى أقصى حد، الثاني: الهائم وظله، تعريب فؤاد زكريا، ورد في كتابه: سلسلة نوبغ الفكر الغربي، دار المعارف بمصر، ط. ٢، القاهرة، ١٩٦٦.

ما وراء الخير والشر، الفصل الأول: عن الأحكام المسبقة عند الفلاسفة، تعريب د. ج. كتورة، ورد في مجلة العرب و الفكر العالمي، العدد ٢، بيروت – لبنان/ باريس – فرنسا، ربيع ١٩٨٨،

العلم الجذل، الكتاب الخامس، تعريب د. سعاد حرب، طباعته دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، توزيع المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت.

الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، تعريب د. سهيل القش، تقديم ميشال فوكو، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط ٢، بيروت، ١٩٨٣.

الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، تعريب د. سهيل القش، تقديم مشال فوكو، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ٢، بيروت، ١٩٨٣.

**سەرچاوەکانی تر:**

أوديف (ستيبان)، على دروب زرادشت، تعريب د. فؤاد أيوب، دار دمشق، ط. ١، دمشق/ بيروت، ١٩٨٣.

لافرين (يانكو)، نيتشه، تعريب جورج جحا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سلسلة أعلام الفكر العالمي المعاصر، بيروت، ١٩٧٣.

دولوز، نيتشه والفلسفة، تعريب أسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٣.

ديورانت (ول)، قصة الفلسفة (من أفلاطون إلى جون ديوي: حياة وآراءأعاظم رجال الفلسفة في العالم)، تعريب د. فتح الله محمد المشعشع، منشورات مكتبة المعارف، ط. ٦، بيروت، ١٩٨٨.

برهييه (أميل)، تاريخ الفلسفة، ج ٧: الفلسفة الحديثة ١٨٥٠ – ١٩٤٥، تعريب جورج طرابشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ط ١، ١٩٨٧.

زيناتي (جورج)، رحلات داخل الفلسفة الغربية، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، توزيع المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٣.

لافرين (يانكو)، نيتشه، تعريب جورج جحا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سلسلة أعلام الفكر العالمي المعاصر، بيروت، ١٩٧٣.

المزوغي (محمد)، نيتشه، هايدغار، فوكو: تفكيك و نقد، دار المعرفة للنشر، ط. ١، تونس ٢٠٠٤.

العيادي (عبدالعزيز)، ميشال فوكو (المعرفة والسلطة)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط. ١، بيروت، ١٩٩٤.

**سەرچاوەکان بە زمانی فەڕەنسی:**

**سەرچاوەکانی (نیچە):**

Aini parlait Zarathoustra (Un livre qui est pour tous et qui et n’est pour personne), in OPC, t. VI, trad, de l’allemand par Maurice GRAtien, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 5 juillet 2004.

L’Antéchrist, in OPC, t.Vlll, vol, l, trad. De l’allemand par J.-C. Hémrry , textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, 2004.

Aurore (Pensée sur les prejudges moraux), in OPC, t. IV, trad. De l’allemand par Julien par Julien Hervier, textes et variants établis

par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s> la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Millau, 3 mars 2000, § 356, 212.

Crépuscule dos Idoles ou (Comment philosopher à coups de marteau), in OPC, t. VII, trad. De 1'allemand par Jean-Claude Hémery, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 5 juillet 2004.

Fragments posthumes (Automne 1872-Hiver 1873 - 1874), in OPC, t. ll*, vol, l, trad. De l'allemand par Pierre RUSCH, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Mayenne, 17 mai 1990.

Fragments posthumes (Automne 1887-mars 1888), in OPC, t. XIII, trad. De l'allemand par Pierre KLOSSOWSKI et Hnri-Alexis BAATsch, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Plessis-Trévie, 5 octobre 2006.

Le Gai savoir (La Gaya Scienza), in OPC, t. XIII, trad. De l'allemand par Pierre KLOSSOWSKI, éd. Revue, corrigée et augmentée par Marc B. DELAUNAY, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Plessis-Trévie, février 2006.

Humain, trop humain (Un livre pour esorits libres), in OPC, t. III, trad. De l’allemand par Robert ROVINI, par Marc B. DELAUNAY, textes et variants établis par Giorgio CoLLI et Mazzino MoNTIMARI, s. la dir. De Gilles DELEUZE Maurce De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf, Paris, impression à Mayenne, 7 janvier 1988

Le Livre du philosophe, (Êtudes théorétiques), trad, int. et notes par Angéle KREMER-MARIETTi, GF/FLAMMARION, Paris, 1991.

Par-delà bien et mal (Prélude d’une philosophie de l’avenir), in OPC, t. VII, trad. De 1’allemend par Cornélius HEIM, Isabelle HILDENBRAND et Jean GRAtien, textes et variants étabils par Giorgio Colli et Mazzino Montinrarl, s. la dar. De Gilles DELEUZE et Maurice De GANILLAC, nouv. Éd. Chez Gallimard/nrf. Paris, impression à Plassis- Trévise, 3 juillet 2006.

**سەرچاوەکانی تر:**

Challaye (Félicien), Nietzsche, éd. Mellottée, zol. Les philosophes Paris, (s.d.)

Choulet (Philippe), ((L’Epicre de Nietzsche: Une figure de la décadence)), in Revue philosophique de la France et de l’etranger, dossier Nietzschen, o3 , Paris, juillet-septembre 1998, p. 320, (pp. □□□ - □□□).

Clair (André), Êthique et humanism (Essai sur la modernité), Cerf, Paris, 1989.

De Gandillac (Maurice), ((La société des surhommes)), in Magazine littéraire, no 298, dossier: Les vies de Nietzsche, paris, avril , p 52. (pp. 52 - 56)

Dejardin (Bertrand), L’art et la vie (éthique et esthétique chez Nietzsche), L’Hurmattan, col. Ouverture philosophique . Paris, □□□□.

Deleuze (Gilles) et Guattari (félix), Qu’est-ce que la philosophie?, éd. Minui t, col. Critique, Paris, 1991.

Klossowski (Pierre), ((Circulus vitiosous)), in Nietzsche aujourd’hui?, t. l: Intensités, colloque international de Cerisy en juillet 1972, UGE, col 10/18, Paris, 1973, p. 99. 99, (pp. 91 - 121).

Kremer-Marietti (Angéle), La raison créatrice (Moderne ou postmoderne), éd. Kimé, Paris, 1996.

Kunnas (Trmo), Niezsche ou l’esprit de contradiction (Être sur la vision du monde poéte-philosophe), nounv. Éd. Latines, Paris, (s.d.).

Laruelle (François), éthique de 1’étraner (Du crime contre □’humanite), éd Kimé, bibo. De non-philosophie, Paris. 2000

Laurent (Alain), ((L’individualisme insolidaire d’un solitaire…)), in Magazine littéraire, n° 298, op. cit, p. 34, (pp. 34 - 46).

Lefranc (Jean), Comprendre Nietzsche, Armand Colin, col. Cursus, Paris, 2003.

Lercher (Alain), Les mots de la philosophie, Belin, col. Le français retrouvé, Paris, 2007.

Misrahi (Robert), Qu'est-ce Que l'éthique? (L'éthique et le bonheur), dir. Jacqueline Russ, Armand Colin, Paris, 1997.

Taminiaux (Jacques), ((Phénoménologie et histoire)), in Dupond (Pascal) et Cournarie (Laurent s. la dir.--), phenomenology: un siècle de philosophie, Ellipses, col. Philo, Paris, 2002, p. 13

Tzitzis (Stamos, s. dir.-), "Nietzsche" in Nietzsche et les hierarchies, (ouvrage collectif), L'Harmattn, col. Commentaires philosophiques, Paris, 2008.

Valadier (Paul), ((Hiérarchie, norms. Modernité démocrstique chez Nietzsche)), in Nietzsche et les Hiérarchies (ouvrage collectif), L'Harmattan, col. Commentaires philosophi`ues, Paris, 2008. P. 27.

-----------,Nietzsche (Cruauté et noblesse du droit), éd. Michalon, col. Le bien commun, Paris, 1998.

# جاك ماريتان

# و دياريكردنى قەيرانى ئەخلاقى خۆرئاوايى

**د. نعيمه ئيدريس**

**قوتابخانەى باڵا بۆ پرۆفيسۆرەكان، قوستەنتينيه – جەزائير**

پێشەكى:

دوو كەس ڕاجيا نين، لەسەر ئەوەى ئەم ڕۆژگارەمان، قەيرانێكى ئەخلاقى و ڕووحى توند بەرۆكى گرتووە، زياتر لە هەر ماوە و كاتێكى مێژوويى پێشتر، لە دەرەنجامى تێكگيرانى مەزن، لە نێوان ئەوەى شارستانيەتى خۆرئاواى زاڵ دەيەوێ لە جۆرەكانى ژيان و گوزەرانى هەڵسوكەوتى، پاڵپشتى كراو بە چەند شێوەيەكى زانين و هزرى، لە بنەڕەتدا لەسەر فەلسەفەى خۆبەگەورە زانين و ململانێ و هێز دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەى ئايين حەزى لێيەتى لە بەهاى ئەخلاقى، كە ئەم شارستانيەتە ڕەتى دەكاتەوە، بەڵكو لە بازنەى ئەفسانە و شتى پڕوپوچدا دايدەنێ، كە پێويستە مرۆڤ وازى لێبهێنێ، بۆ ئەوەى بتوانێ پێش بكەوێ و بچێتە نێو شارستانيەتى خۆرئاواوە.

بەڵام قەبارەى ئەم تێكگيرانە هەر چەند بێ لە نێوان داواكاريەكانى ئايين و ئەوەى شارستانيەتى خۆرئاوا حەزى لێيەتى، ئەوا بە پلەى جياواز تێكدەگيرێ لە ئاينێكەوە بۆ يەكێكى تر، ئەگەرچى توندترينيان ئەوەبووە كە ڕوويداوە و ڕوودەدات لە مەسيحيەت و خۆرئاواى مەسيحيدا.

یەکێك لەو ڕاستیە گرنگانەی کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نکۆڵی لێکردنی، ئەوەیە شارستانیەتی خۆرئاوا، وەك نموونەیەك وایلێهاتووە نیشانەی پرسیاری ڕاستەقینە پێکدێنێ، لەلای زۆربەی بیرمەندان، ئەمەش سەریکێشا بۆ زۆرێك لە پێداچوونەوە بۆ زۆربەی بنەما و بنچینەکانی ئەم شارستانیەتە. چەند پێداچوونەوەیەك کە لەلایەن خودی تاکەکانی خۆرئاواوە ئەنجامدراوە، تەنها ئەمە لەسەر بیرمەندە بیانیەکان کورت نەبۆتەوە، بەتایبەت کە ئەم شارستانیەتە وایلێهاتووە لە هەر بۆنەیەکدا تێکگیرانی خۆی لەگەڵ بەرامبەر دەردەخات، بە شێوازی هێزی سەربازی دوور لە بەها ئەخلاقیی و شێوازەکانی سیاسەتی ئاشتیانە. کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئەم شارستانیەتە بە هەموو کۆڵەگە ماددی و ڕۆحی و ڕەهەندی زانین و هزریەکانی، کچی ژینگەیەکی ئەوروپیە، ئاینەکەی مەسیحییە، بەڵام بەفراوانی و گشتگیری چەمکی "مەسیحیەت"، کە زۆرێك لە ڕەگەزەکان لەخۆدەگرێ و زۆر ئاڵۆزە، دواتر ئەم شارستانیەتە، بە گشت دەرهاویشتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی، ئەوا لە سەرچاوەیەکی ئاینیەوە سەرچاوەی دەگرت، چ بە پاڵپشتی هەروەك لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو، یان بە دوورخستنەوە و ڕەتکردنەوە و پچڕاندن لەگەڵ مەسیحییەت، هەروەك ئەمە ڕەنگی دایەوە لە دوای ڕۆشنگەری.

ئەم دەرهاویشتە و گەشانە، کە گەیشتنە ئاستی شێتی و زیادەڕەوی، چونکە لە پلەی یەکەمدا زیانی بە مرۆڤ گەیاندووە، وایکرد پرسیارکردن لەبارەی گرنگی ئاینی مەسیحی و پێویستی و گونجانی لەم سەردەمی ئێستادا، ببێتە پرسیارێکی ناچاری نەوەك سەرپشتی، پرسیارکردن لەبارەی پێویستی گەڕانەوەی بەها ئەخلاقییەکان، بۆ ئەوەی یارمەتیدەربن لە گشت پرۆژەیەکی سیاسی یان ئابووریدا...

ئومێدەکان بە بەیانیەکی درەوشاوە، کە دەستی کردووە بە پشکوتن لەگەڵ بوژانەوە، ڕوناکیەکەی تیشکی داوەتەوە لەگەڵ ڕۆشنگەری، کە هەوڵیداوە بەوپەڕی تۆکمەییەوە بەرجەستەی بیروباوەڕی پێشکەوتن بەرەو پێشەوە بکات، پێشکەوتنێك خێرا وەرچەرخا بۆ گەشەیەکی ڕاستەقینە، بەهۆی کارەکانی شۆڕشی زانستی و پیشەسازی و سیاسی، بەڵام دواتر چی ڕوویدا؟

درەوشانەوە ئاوابوو، ڕۆشنگەری چیتر تیشکی چاوەڕوانکراوی پەخش نەکرد، زانست دەستی کردووە بە سەندنەوەی ڕێز لە مرۆڤایەتی بە تیۆرە ماددی و ئامرازە نەگۆڕەکانی، بەمەش مرۆڤی و ئەوڕوپی و خۆرئاوایی بەگشتی خۆی بینیەو کە گەشە و پێش ناکەوێت، بەهۆی ئەوەی خۆی بەخۆی تێکدەشکێنێ، بەڵکو ناپاکی لە پێشکەوتن و شارستانیەت دەکات، دوای ئەوەی خۆی بەتاڵ کردەوە لە ڕۆح و ئیمان و ئەودیوسروشت.

چەند پرسیارێکی سەرەکی کە هزری خۆرئاوایی ورووژاندوویەتی و دەیورووژێنێ ئێستا، لەبارەی ئەو شارستانیەتە کە ئایین و ئیمانی لەدەستداوە، هیچ چارەسەرێك نابینێ بۆ دەرچوون لە قەیرانی کۆمەڵگە و شارستانیەتەکەی دوور لە گەڕانەوە بۆ ئیمان و بۆ مەسیحییەت، تەنانەت بۆ تێڕوانینی فەلسەفیش.

شۆڕشکردن بەسەر نەریتە ئاینیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەسەر لاهوتی کڵێسایی چەقبەستوو و زاڵ، دژی گشت شتە پوچەکان، چەند هۆکارێك بوون، ئەوڕوپای دەرهێناوە لە پاشکەوتن و تاریکایی سەردەمی ناوەندی بۆ بەهێز و تواناداری شارستانیەتی خۆرئاوای نوێ و هاوچەرخ. بەڵام ئەم شارستانیەتە لە ساتی لەدایکبوونیەوە کەوتووەتە نێو چەند قەیرانێکەوە کە لە وێنەکانی دواتردا ڕوون بوونەوە، قەیرانی ئەخلاقی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی. دواتر زۆرێك لە ڕا و تیۆرەکان لەگەڵ بوژانەوە و ڕۆشنگەری پشکوتن، ناکرێ بە ڕەسەن و داهێنراو هەژمار بکرێن، چونکە کاردانەوە بوون، کاردانەوەش زۆر جار دەکەونە ناو هەمان ئەو هەڵەیەی بەرپەرچی دەدەنەوە.

پێشکەوتنە مەزنەی شارستانیەتی نوێ، ئەو بەختەوەری و شادومانیەی دەستەبەر نەکرد، کە تاکی ئەوڕوپی هیوای پێدەخواست، واگومانی برد سەنگی گێڕاندۆتەوە بۆ پێگە و توانا و بەهرەکانی، کە خەریك بوو دەسەڵاتەکانی کڵێسا بیانسڕێتەوە، بەڵام خۆی لەهەمان هەڵوێستدا بینیەوە، لە دۆخێکی سەرشۆڕ بۆ ڕێزی مرۆیی، خەریکە مرۆڤ سیمایەکانی ون ببن، لە دەرەنجامی دانانی چەند هێزێکی تر وەك خواوەند، ڕەهای: سامان و زانست و هزر و هێز و چێژ زاڵکران...

لەبەرامبەر ئەم دۆخە شلەژاوەدا، زەنگی مەترسی خەریکبوو لێی دەدا، داوای دۆزینەوەی چارەسەر بەرزبووەوە، یان هەوڵدرا بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی دەکرێ ڕزگار بکرێ، چەند تیۆر و ڕا و بۆچوونێك دەرکەوتن، شوێنی نەخۆشیەکەی دیاری کرد و چارەسەرەکەشیان دەستنیشان کرد. لە نێو ئەم ڕا و بۆچوونانەدا دەبینین زۆرێکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر زیندوو کردنەوەی لایەنی ڕۆحی و ئیمانی، کە تاکی ئەوروپی بە تەواوی ویستی خۆی وازی لێهێنا، بەڵام بەو مەرجەی ئەم زیندوو کردنەوەیە بەهەمان ئەو وێنەیە نەبێ کە لە ڕابردوودا باوبووە، لەسەر ئەو بنچینەیەی مەسیحییەت، یان ڕاستتر بڵێین پیاوانی ئاینی مەسیحی سوودیان بینیوە لە ئەزموونی مێژوویی کە ئاینی مەسیحی پێیدا تێپەڕیووە، گرنگ ئەوەیە مەسیحییەت ڕۆڵی خۆی لە ژیانی تاك و کۆمەڵگە ببینێتەوە.

بەراورد بەوەی وتراوە و دەوترێ لەبارەی هزر و فەلسەفە و شارستانیەتی سەردەم و فرە ڕەخنە ئاڕاستەکراوەکان و چارەسەرە خراوەڕووەکان، بەوانەش کە ترسناکن، وەك ململانێی شارستانی و کۆتایی مێژوو و پێشنیازە جیاوازەکان، کە وێڵی و سەرگەردانی مرۆڤی خۆرئاوایی و پێویستبوونی بە سەقامگیری دەروونی دەردەخات، کە فرە ڕێباز و هزرەکانی تاقیکردەوە، لە مارکسییەت و بوونگەرایی و بنەڕەتگەرایی... بەڵام لە ناخی خۆیدا سەرگەردانی وا بەدی دەکات کە وێڵیەکەی زیاد دەکات. بە ڕەچاوکردنی گشت ئەم پاڵنەر و شلەژانانە، ئەوا گەورەترین بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخە دەکەوێتە ئەستۆی پیاوانی ئاینی مەسیحی بە پلەی یەکەم، چونکە ئاینی مەسیحی کە پاشخانی هزری ئەوروپی چەسپاندبووی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەرپرسە لە لادان و ئەو خلیسکانەی کە لە دوای بوژانەوە ڕوویدا، سەرباری دوورخستنەوەی لە چوارچێوە هزری بوژانەوەیی و نوێ.

لەتبوون لە بنیاتی هزری کەسی ڕۆشنبیری ئەوروپی و خۆرئاوایی، وەك ئەوەی لە بیروباوەڕی مەسیحیدا ڕوویدا، کە ناڵاندی بەدەست مشتومڕی دوانەیی و لەتبوونی نێوان مادده و ڕۆح، لاهوت و ناسوت، یەکخواناسی و سێکوچکەیی، تاوان و ڕەزگاربوون... هەموو ئەم مانا لاهوتیە ناڕونانە،

بارگران بە جیاوازی و ڕێڕەسم و سەنگی نهێنیەکان وەرچەرخان بۆ لەمپەڕی ڕاستەقینە لە نێو بنیاتی بیروباوەڕی مەسیحیدا، لە نێو دامەزراوەی کڵێسا و شارستانیەتی هاوچەرخی خۆرئاوا، کە لە دوور یان نزیکەوە پەیوەندی بەم بنیاتەوە هەیە، هەست بەم پەیوەندیە بکات یان نا.

بە ڕوانینە ئەو دۆخەی شارستانیەتی خۆرئاوایی سەری بۆکێشا، لەگەڵ ئەو بۆشاییە ڕۆحییە تۆقێنەرەی وایلێهاتووە زۆرێك لە بیرمەند و ڕۆشنبیرانی شڵەژاندووە، کە درکیان کرد بە خراپی و داڕوخاوی واقیع و ناهەمواریەکەی، ویستویانە لەسەر قوڵایی کێشەکە هەڵوەستە بکەن، دوور لە پچڕان یان فەرامۆشکردنی کار و دەستکەوتە ئەرێنیە مەزنەکانی ئەم شارستانیەتە، لە نێویاندا جاك ماریتان، کە وەك نموونەیەك هەڵمانبژاردووە لە نێو فەیلەسوفە هاوچەرخەکان، ئەوانەی تێگەیشتوون لەم قەیرانە ئەخلاقی و سیاسییە، کە شارستانیەتی خۆرئاوایی بەخۆیەوە بینیویەتی.

**یەکەم – ژیاننامە و کاری جاك ماریتان: (١٨٨٢ – ١٩٧٥):**

جاك ماریتان بە یەکێك لە دیارترین بیرمەندە هاوچەرخەکان دادەنرێ، لە هزری فەلسەفی ئەخلاقی بەگشتی و لە هزری سیاسی بەتایبەت، یەکێکە لە بایەخدارترینی ئەوانەی قسەیان کردووە لەبارەی ئەم دوو چەمکە و پەیوەندی نێوانیان. دەکرێ بوترێ فەلسەفەکەی ئەو پەیدابووی قەیران و ناکۆکی سیاسی و ئەخلاقیە، کە کۆمەڵگەکانی ئەوروپی بەخۆیانەوە بینی، لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیستدا. بە گوزارشتێکی وردتر، بیرۆکەکەی ئەو بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی دوو سەرچاوەی سەرەکییە، یەکەمیان گەشە هزری و زانستیەکەی کە لەگەڵیان ژیاوە، دووەمیان، ململانێیە سیاسییەکان، کە ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، دیارترینیان هەر دوو جەنگە جیهانیەکە. لە کاریگەری ئەم هۆکارە ئەوەی دێتە یاد، فەلسەفەی ماریتان فەلسەفیەکی سیاسی ئەخلاقییە، ئامانجی چارەکردنی پەیوەندی نێوان هەر دوو چەمکەکەیە.

ماریتان فەیلەسوفێکی فەڕەنسی توماوی ئاڕاستەیە، لە زۆربەی زانکۆیەکانی جیهانی خۆرئاوا ئامادەبووە، خۆی سەرقاڵکردووە بە گشت ڕەوتە هزری و ڕۆحییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، لە لۆژیکی وێنەیی تیۆری زانین، مێژووی فەلسەفە، زانستی جوانی، تیۆری دەوڵەت، پەیوەندی نێوان مەسیحیەت و دیموکراسییەت و پەروەردە، نازیەت، جەنگ و ئاشتی نووسیویەتی، لە گشت ئەمانەدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هێنانە ناوەوەی مەسیحییەت و ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز، بۆ ناو دڵی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری، شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی دەستەبەری مەبەستەکانی بکات، شارستانیەت بگاتە لوتکەی کامڵی خۆی.

بە نوێنەری کاسۆلیکیەتی تازە دادەنرێ، دوای ئەوەی لە پڕۆستانتیەوە بووە کاسۆلیکی، مژدەیدا بە شەپۆلێك لە وەرچەرخان بەرەو کاسۆلیکیەت لە نێو ڕۆشنبیرانی خۆرئاوا، بەتایبەت لە گۆڕەپانی هونەرەکاندا[1].

یەکێك لە گرنگترین پێچدانەوە مەزنەکانی ڕێڕەوە هزریەکەی، ئەوەبوو لە پارسی شوێنی لەدایکبوونی خۆی خوێندوویەتی[2]، لە کۆلیژی ئاداب و زانستەکان، کە مۆڵەتی بەدەستهێناوە لە ئاداب و چەند زانستێکی تری سروشتی.

فەلسەفی کلاسیکی خوێندووە لە پەیمانگەی ستاایسناس لەساڵی (١٩١٢ – ١٩١٤)، لە ساڵی (١٩١٥ – ١٩١٦) فەلسەفەی هاوچەرخی خوێندووە لە پەیمانگای کاسۆلیکی. چەند ئەرکێکی دیبلۆماسی پێ سپێردرا، وەك باڵیۆز دەستنیشانکرا لەلای ڤاتیکان (١٩٤٥ – ١٩٤٨)،

---

(١) أدريين كوخ: آراء فلسفية في أزمة العصر، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ١٩٦٣، ص ٢٠٣ – ٢٠٥.

(٢) عبدالرحمان بدوي: موسوعة الفلسفة، ج ٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط ١، ١٩٨٤، ص ٤٢٤.

دواتر بووە مامۆستا لە قروستیەتناس لە "تورینتو" و زانکۆی "برونستون" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی (١٩٤١ – ١٩٤٢) و (١٩٤٨ – ١٩٦٠)[1].

جاك ماریتان لەسەر دەستی برغسون (١٩٤١ – ١٨٥٩) خوێندوویەتی، دواتر بووە یەکێك لەوانەی زۆر بەتووندی هێرشی دەکردە سەر فەلسەفەی ناوبراو، هەروەك بە هانز دریش[*] کاریگەر بوو (١٩٤١)، لەلای ئەویش خوێندوویەتی، پاشان لە پرۆستانیەتەوە بووە کاسۆلیکی لە ساڵی ١٩٠٦ز[2]. هەروەك بە توماویەتی نوێخواز کاریگەر بوو، کە لە سایەی ئەو پێشکەوت، دوای ئەوەی ڕۆیشتە سەر بۆچوونەکەی لە بواری فەلسەفە و سیاسەتدا، دوای ئەوەی یەکێك بوو لە گەورەترین ئەوانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ بزاڤی کاری فەرەنسی، کە دامەزرابوو، لەسەر خاوەنداریێتی، بووە یەکێك لە گەورە بانگەوازکاران بۆ دیموکراتیەت.

جاك ماریتان لە تولوز لە ساڵی ١٩٧٥ز مردووە.

### أ- بەرهەمەکانی:

ماریتان زیاتر لە ٥٠ دانراوی هەیە، ئەمانەی خوارەوە ناوبانگیان دەرکردووە:

- فەلسەفەی برغسونیەت، ساڵی ١٩١٣.
- قەشە توما ئەکوینی، ساڵی ١٩٢١.

---

1) روني إيلي ألفا: موسوعة أعلام الفلسفة العرب والأجانب، ج ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ٢، ١٩٩٢، ص ٤٣٩.

* هانز دریش: فەیلەسوفێکی ئەڵمانی و دامەزرێنەری ڕێبازی زیندەیی تازەیە. كميل الحاج: الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي والإجتماعي، ص ٢٢٤.

2) عبدالرحمان بدوي: موسوعة الفلسفة، ج ٢، ص ٤٢٤.

- ڕەگەزەکان لە فەلسەفە، ساڵی ١٩٢٣.
- ئایین و کەلتور، ساڵی ١٩٣٥.
- فەلسەفەی سروشت، ساڵی ١٩٣٥.
- مەسیحیەت و دیموکراسییەت، ساڵی ١٩٣٨.
- فەلسەفەی ئەخلاقییەت، ساڵی ١٩٦٠.
- لەبارەی دادگەری سیاسی، ساڵی ١٩٤٠.
- الفرد والدولة، ساڵی ١٩٥٢.
- كنيسة الكلمة المتجسدة، ساڵی ١٩٧١[1].

**ب- فەلسەفەکەی:**

جاك ماریتان لەسەرەتادا، بەجۆش و خرۆش بوو بۆ فەلسەفەی بایلۆژ، کە "دریش" نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها بۆ فەلسەفەی "برغسون"ی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو،بەڵام وەرچەرخانی لە ڕێبازی پرۆستانتیەوە، کە لەسەری لە دایك بووە، بۆ ڕێبازی کاسۆلیمی لە ساڵی ١٩٠٦ز، کە قەشە توما ئەکوینی نوێنەرایەتی دەکات، وای لێکرد وازبهێنێ لە هەموو ڕابردووەکەی، کودەتاکردن بەسەر ئەوەی دوێنێ خۆشی دەویست، بەهۆی ئەمەوە دژایەتی فەلسەفەی برغسونی کرد، چونکە تێکدەگیرا لەگەڵ ڕێبازی توماوی[2]، تەنانەت وێنای کرد بەوەی بوێرترین هەوڵە بۆ نەبوونگەرایی.

جاك ماریتان پێی وایە "برغسون"، کەوتووەتە ناو هەمان ئەو هەڵەیەی ئاڕاستەی بەیەکەوە بەسترانەوەیی تێیکەوتووە، چونکە عەقڵ بێ بەش دەکات لە ناسینی ڕاستینەی بنەڕەتی و

(1) روني إبلي ألفا: موسوعة أعلام الفلسفة العرب والأجانب، ج ٢، ص ٤٣٩.

(2) عبدالرحمان بدوي: موسوعة الفلسفة، ج ٢، المرجع السابق، ص ٤٢٥.

ناوەڕۆکی خودمان، هەروەك لە فەلسەفەی برغسوندا هیچ شوێنێکی تێدا نییە بۆ خوا، نكۆڵی لە ئازادی حەقیقەت دەكات، چونكە پێی وایە مەسیحیەتی ڕاست، ناوەندی خۆی لەودیوی سروشتی بوون دەبینێتەوە، وەك چۆن خوا دەیدرەوشێنێتەوە.

لەلایەكی ترەوە بۆ ئەوە دەچێ، ئەودیوسروشت بانگەواز دەكات بۆ ئەوەی خودی خۆی ببەزێنێ بۆ دانایی سۆفیگەری، پێویستە لەسەری سەرەتا بەرەو لۆژیك و تیۆرێك لە زانین و مەعریفەدا بڕوات. لە ئەودیوسروشتەوە كە لەسەر ئەم شێوەیە دادەمەزرێ، پێویستە فەلسەفەیەك سەبارەت بە سروشت و ئەخلاق و سیاسەت دابمەزرێ[1].

## دووەم – تێگەیشتنی بۆ ئەخلاق:

بەر لە ڕۆیشتنە سەر چەمك و مانای ئەخلاق لای "جاك ماریتان"، ئەوا پێویستە سەرەتا تیشك بخەینەسەر ماناكەی لەلای "توماویەتی نوێ"، بەوپێیەی جاك ماریتان یەكێكە لە لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە.

ئەخلاقی توماویەت، بە ئامانگەرایی خەسڵتدارە، توماویەكان سورن سەر جەختكردنەوە كە ئەم تیۆرە لە كرۆكەكەیدا تایبەتە بە هەڵسوكەوتی مرۆیی، دەبێ لەسەر ڕێبازی ئامانگەرایی دابمەزرێ، بەمەش دژی ئەوە دەوەستن كە كانت بۆی چووە، هەوڵ بۆ پوچەڵكردنەوەی وتەكەی دەدەن بەوەی "ئەخلاق لەسە بنەمای ئەرك دادەمەزرێ". ئەو ئامانجەی توماویەكان بایەخی پێدەدەن و جەختی لەسەر دەكەنەوە، بریتییە لە بەدەستهێنانی بەختەوەری مرۆیی، بەوپێیەی چالاكیەكی بەردەوام و تەواوە بۆ هەبوونێكی تەواو، مرۆڤ بە سروشتی خۆی ڕێنمایی

---

[1]) المرجع نفسه: ص ٤٢٦.

ئارەزوویی هەیە، بەڵام پێویستە پێی بگاتە ئاستی کامڵ، لە میانەی کۆششی پەروەردەی خودی[1].

لە چوارچێوەی ئەم ڕا و بۆچوونە، کە توماویەکان لەسەری کۆکن، ماریتان دەستی کرد بە پێشکەشکلادنی پێناسەیەك بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی لە کتێبەکەیدا، تاك و دەوڵەت، دەڵێت: "فەلسەفەی ئەخلاقی، بریتییە لە بەرهەمی هزری لە ڕاستییە ئەخلاقییەکاندا، پێشی دەکەوێ و بەسەریدا زاڵ جەبێ، چەند ڕەوتێکی ئاڵۆز بۆ کارەکانی ویژدان لەم سیستەمانەدا ئاشکرا دەکات، کاری سروشتی بۆ ژیری خۆکاری پێش سەردەمی زانست و فەلسەفەی هاوچەرخ، لە هەر ساتێکدا خۆی دەگونجێ بەگوێرەی ئەوەی دەستەی کۆمەڵایەتی بەدەستی دەخات و ئەو بارودۆخە ناچاریانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەگوێرەی پێکهاتە و گەشەکەی"[2].

واتە ئامانجی کۆتایی بەگوێرەی ماریتان، بریتییە لە پوختەی ئەو هزرەی پەیدابووە لە پۆلە ڕاستیەکی ئەخلاقی، کە تاك لەگەڵی دەژیەت، کە دەردەچێ لەوەی ناودەبرێ بە ویژدانی مرۆیی لە میانەی ئەو سیستەمانەی لەگەڵیاندا دەژیەت، لەگەڵ ئەوەی عەقڵ دەریدەکات لە کارە سروشتیە خۆکاریەکان، بەگوێرەی بارودۆخ و پێشکەوتنەکانی. لەبەر ئەوەی ئەخلاق لە بنەڕەتیدا پێکدێت، لە چەند بنەما و پێوەرێکی پەیوەستی بە چاکە و خراپە، کە ڕێگەمان پێدەدات وەسفی کردارە مرۆییەکان بکەین، بابەتی چاکە لای گشت فەیلەسوفەکان، چەمکێکی ناوەندی بوو بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی لەوەتەی سەردەمە کۆنەکان تا سەردەمی ئێستامان.

مانا و چەمکی ئەخلاق بەشێوەیەکی نەریتی، بەسترایەوە بە چەمك و ماناکانی بەختەوەری و گشت ئەو ئەنجامە باشانەی دەمانەوێ بەدەستی بخەین.

---

(1) ب. إ. م. بوشنسكيروبا، ترجمة عزت قرني، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب الكويت، ١٩٩٢، ص ٣١٥.

(2) جاك ماريتان: الفرد والدولة، ترجمة: عبدالله أمين، منشورات دار الكتب الحياة، بيروت، ١٩٦٢، ص ١٠٠.

جاك ماريتان پێناسەیەکی تایبەتی بۆ چاکە کردووە: "خۆی دەبینێتەوە لە داواکاریە ڕاستەکانی مرۆڤ، کە دەگونجێ لەگەڵ سروشتەکەی وەك بوونێکی دیاریکراو، ئەو داواکاریانە کە دەدرێنە پاڵ سروشتی مرۆڤ، بە ڕێگەی عەقڵی دروست ئاشکرا دەکرێ".

سەبارەت بە خراپە و شەڕ دەڵێت: "خراپەی هەڵە لە عەقڵدا دەوەستێ، لەسەر دەرچوون لە ڕێنموویی بنچینە یان یاسا و ڕێسا، دواتر بناغەی خراپە لە کرداردا لەسەر کرچ و کاڵی و کەم و کورتییە، تاوان وادەکات ئەو مرۆڤەی سروشتی ناڕێك بووە، حەز لە پێشێلکردنی یاسا بکات، پەیوەندیە سروشتی و ڕۆحییەکان بەخواوە بپچڕێنێ، ڕزگاربوون لە خراپە و تاوان فەراهەم نابێ، تەنها بە نوێکردنەوەی پەیوەندی نەبێ بە خوا، دووبارە کامڵکردنی سروشتی مرۆیمان لە سایەی ڕۆشنایی داوا و قبوڵ و دانپێدانانمان بە چاودێری خوایی"(١).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مانا و چەمکی خێر، لای جاك ماریتان خۆی دەبینێتەوە لە بەدەستهاتنی داواکانی مرۆڤ، کە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی، کە عەقڵ دیاری دەکات.

خراپەی بەستووەتەوە بە هەڵەوە، کە پێ وایە بەرهەم هاتووە لە کەم و کورتی، بەهۆی ڕێز نەگرتنی مرۆڤ لە سروشتەکەی، کە بوونی پەیوەندی سروشتی و ڕۆحی لەگەڵ خوا دەخوازێ، هەروەها لە بوونی ئەم پەیوەندییە لە نێوان تاك و خوا، بەمەش دەتوانێ بگاتە ئامانجی کۆمەڵگە، کە خێرگشتییە، کە ناوی "بەختەوەری" بۆ دانراوە.

ماریتان پێی وایە، ئەگەر تاك پەیوەندیەکەی لەگەڵ خوا نوێ بکاتەوە، هەماهەنگی فەراهەم کرد لە نێوان سروشتەکە و سروشتی خوا، ئەوا ژیانەکەی دەبێتە ژیانێکی خوایی،

(١) نقلا عن: علي عبد المعطي محمد: مقدمات في الفلسفة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص ٣٩٣ – ٣٩٧.

مرۆڤ لە دۆخی ڕزگاربووندا لە خود و بوونی خۆی مەزنتر و لە سروشتیە مرۆڤایەتیەکەی باڵاتر دەبێ"(1).

ئەم بۆچوونەوە لە هیچەوە نەهاتووە، بەڵکو ڕێك و کۆکە لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحییەت، چاکترین بەڵگەش لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: "پەروەردگارا، سوپاست دەکەم، چونکە ئەگەر تورِ بوویت لیَم، ئەوا تورەییەکەت دەگەڕێتەوە و دڵم دەدەیتەوە، ئا ئەمە خوایە کە ڕزگاری منە، بۆیە دڵنیا و نەشڵەژاون، بۆ ئەوەی هێزی من ئەوی بویَ، کە بووەتە ڕزگاری من"(2).

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ پێویستی بوونی پەیوەندی لە نێوان تاك و خوا لە بیروباوەڕی مەسیحیەت، بۆ خۆدوورگرتن لە هەڵە و تاوان و گەیشتن بە خێری گشتی (بەختەوەری). ماریتان: "قەشە پۆڵسی خاچگەرا و قەشە توما ئەکوینی و جگە لەوان لە پیاوانی کڵێسا، درکیان بەوە کردووە ئامانجی کۆتایی بۆ ژیانی مرۆیی، خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕانی بۆ ژیانێکی خوایی، یان مرۆڤ ببێتە خواوەند بە هاوبەشی، ئەم هاوبەشییە بەرجەستە دەبیَ لە ئاسمان بە بەرچاوڕوونی جوان و خۆشەویستیەکی ڕازاوە، لە زەویشدا بەرپا دەبیَ بە براوا و خۆشەویستی"(3).

واتە زۆرێکیان چ پیاوانی ئاینی (وەك بولی خاچگەرا)، یان فەیلەسوف (وەك توما ئەکوینی) بن، جەخت لەم ڕاستییە دەکەنەوە، بەوپێیەی ئامانجی کۆتایی گەیشتنە بە ژیانێکی خوایی، تیایدا مرۆڤ یەکبگریَ لەگەڵ پەروەردگارەکەی، لە میانەی کۆمەڵێك مەرجی وەك

---

(1) علي عبدالمعطي محمد: مقدمات في الفلسفة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥، ص ٤٠١.

(2) الكتاب المقدس، أناشيد حمد ١٢/ ٣ ص ٥٠٦.

(3) نقلا عن كتاب عبدالمعطي: المرجع السابق، ص ٤٠٢.

بەرچاوڕۆشنی و خۆشەویستی، لەمەدا کۆك و تەبایە لەگەڵ قەشە ئۆغستین، کە پێی وایە خۆشەویستی خوا، ڕێگەی بەرەو بەختەوەریە لە میانەی ئاوێتەبوون لەگەڵیدا.

بەو مانایەی جاك ماریتان، لەکاتی قسەکردنیدا لەسەر سەرچاوەی ئەخلاق و پێداگیریەکەی لەسەر ئەوەی عەقڵی مرۆیی سەرچاوەی سەرەکییە، بۆ هەمان ئەو بۆچوونە دەچێ کە توما ئەکوینی بۆی چووە، پێی وایە کرداری ئەخلاقی لە مرۆڤەوە دەردەچێ، بەوپێیەی بوونەوەرێکی ژیرە لە پلەی یەکەمدا، بۆیە لێی دەردەچێ لەو ڕووەی ئەو بوونەوەرێکی ئازادی خاوەن ویستی سەرپشکە، ئەخلاق ئازادی دەسەپێنێ، دواتر دەبێ عەقڵ ئامادەبێ، کە عەقڵ ئامادە نەبوو، ئەوا ئەخلاقیش ئامادە نابێ(1).

لە چوارچێوەی ئەوەی لە فەلسەفەی ئەخلاقی ئەکوینیدا هاتووە، تێبینی ئەوە دەکەین ماریتان جیاوازی لەگەڵ ئەودا نییە، یەکێکە لە ناودارترینی ئەوانەی کاریگەربوونە بە توما، ناسراوترین کەسی نێو پشتیوانانی توماویەتی نوێیە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەخلاق سەرچاوەکەی عەقڵی مرۆییە، ئەو ئازایەی مرۆڤ هەیەتی، ڕێگەی پێدەدات ئەخلاق لەوەوە سەرچاوە بگرێ.

### ١- یاسای سروشتی:

هەڵوێستی ئەخلاقی زۆر بە توندی، بەستراوەتەوە بە یاسای سروشتیەوە، لە کرۆکی گوزارشتی لێدەکات، هۆشیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوتی مرۆیی دیاری دەکات، ئەم هۆشیاریە تەنها گوزارشتە لە یاسای سروشتی، واتە گوزارشتە لە یاسای ئەخلاقی کە سروشتی خودی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە.

---

(1) کامل محمد محمد عویضة: توماس الإکويني الفليلسوف النثالي في العصور الوسطى، ص ١٢١.

نموونەی ئەمەش ئەوەیە، یاسای ئەخلاق زینا ڕیسوا دەكات، چونكە سروشتی مرۆیی هاوسەرگیری لە مرۆڤ دەخوازێ، ئەم یاسایە لە یاسای دەستكردا ڕوونكردەوە و جێبەجێكردنێك بەدی دەكات لە هەمان كاتدا، هەروەك گوزارشت دەكات لە یاسای هەمیشەیی و نەخشەی خوایی، كە بنچینەی پێكهێنانی جیهانە[1].

جاك ماریتان پێی وایە، كەسانێك هەن خراپ ئەم یاسایەیان بەكارهێناوە، ئەمەش لەبەر هۆكاری جیاوازە، وەك پیاوانی دادگا و هەندێك لە فەیلەسوفەكان، بەوەی بەشێوازێكی سادەیان خستۆتەڕوو، كە گومان و دوودڵی لە ناخی زۆرێك لە هاوچەرخاندا دەوروژێنێ، لەبەر ئەوەی پەیوەستبوونێكی توند هەیە لە نێوان مێژووی مافەكانی مرۆڤ و مێژووی یاسای سروشتی[2].

لە میانەی ئەوەی ڕابردوودا، ئەوە هەڵدەهێنجین ماریتان یەكێكە لەو فەیلەسوفانەی عەقڵ پیرۆز دەكەن، بانگەوازی بۆ ئەو بۆچوونە دەكەن كە مرۆڤ ئازادی هەیە، لە میانەی دیاریكردنی بەها ئەخلاقیەكانی لە ڕێگەی یاسای سروشتی توانای بەسەردا دەشكێ، ئەمەش بە یارمەتی عەقڵ و لە میانەی ویستەكەی، بە پێچەوانەی ئەوەی ئۆغستین بۆی چووە، لەو وتەیەیدا كە دەڵێت: سەرچاوەی ئەخلاق تەنها لەسەر یاسای خوایی دادەمەزرێ.

بەڵام سەرباری جەختكردنەوەی لەسەر ڕەگەزی عەقڵ، بەڵام ڕۆڵی ئایین پشتگوێ ناخات، ئەمە بە ڕوونی دەردەكەوێ لە بایەخدانەكەی بە كڵێسا و ئەو ڕۆڵە ئەخلاقیەی پێی هەڵدەستێت، چونكە پێی وایە ئەمەی دوایی یەكێكە لە گرنگترین هێما و پیرۆزیەكان، كە ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ لە دیاریكردنی بەها ئەخلاقییەكان.

---

(1) إ. م. بوشنكسي: الفلسفة المعاصر في أوروبا، ترجمة: عزت قرني، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٢، ص ٣١٥ – ٣١٦.

(2) جاك ماريتان: الفرد والدولة، ص ١٠١.

**٢- ئەخلاق و کلێسا:**

کلێسا بە یەکێك لە گرنگترین هێماکانی پیرۆزی دادەنرێ لای مەسیحییەکان، گوزارشت دەکات لە دەسەڵاتی ڕۆحی، کە پێویستە کەسی مەسیحی بۆی بگەڕێتەوە، بە ڕەچاوکردنی گرنگی کلێسا، ئەوا شوێنی بایەخی زۆرێك لە فەیلەسوفان و زانایان پیاوانی ئاینی مەسیحی بوو، هەر لە قەشە ئۆغستین و توما ئەکوینیەوە تا دەگاتە جاك ماریتان، ئەمەی دوایی بەم وتەیەی پێناسەی دەکات: "کلێسا لە ناوەڕۆکیدا، بیروباوەڕێکی لاهوتییە، تایبەتە یە سیستەمی ڕاستیە شاراوەکان لە ژیانی ئاسمانیدا، کە بە سروش ئاشکرا کراوە، کە بە نهێنیە باڵادەستەکانی سروشت ناودەبرێ"(١).

لەبەر ئەوەی ئەمەی دوایی گوزارشت بوو لە کۆمەڵگەیەکی ئاسمانی، نوێنەرایەتی ڕاستیەکانی جیهانی نەبینراوی دەکرد بۆ مرۆڤ، ئەوا چەندین ئەرکی هەبووە لای جاك ماریتان، گرنگترینیان:

ئەرکی ئەخلاقی، بەڵگەشە لەسەر ئەمە ئەوەیە، هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە و ئەوانەش باوەڕیان پێی نییە، داندەنێن بەوەی ئەمە ئەرکی ئەخلاقی جێبەجێ دەکات.

کلێسا لە دیدی ئەوانەی بڕوایان پێی نییە، گوزارشت دەکات لە چەند دامەزراوە یان ڕێکخراوێك، بەشێوەیەکی تایبەت بایەخ دەدات بە پێویستی و بیروباوەڕە ئاینیەکانی زۆرێك لە خەڵك، واتە چاودێری بەها ڕۆحییەکان دەکات، کە وەریانگرتووە و پێوەرە ئەخلاقیەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەی بڕوای پێ هەیە، پێی وایە کۆمەڵگەیەکە لە سەرووی سروشتەوەیە و ئاسمانی و مرۆییە لە یەك کاتدا، خەڵکی یەك دەخات لە ناخیاندا، بەوپێیەی هاوڵاتی یەکسانن

(١) المصدر نفسه، ص ٢٠٣ – ٢٠٤.

لە موڵکی خوادا[1]، دواتر کڵێسا ڕۆڵێکی ئەخلاقی هەبوو لە ڕۆشنکردنەوەی خەڵك و ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەکی ئەخلاقی، ئەمە دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی قەشە ئۆغستین بۆی چووە، دەڵێت: "کڵێسا ئیمان دوپات دەکاتەوە، ئەخلاقی چاك و دادگەری بەرپا دەکات"[2].

پوختەی قسە ئەوەیە کڵێسا لای جاك ماریتانن ناوەندێك نییە بۆ پەرستشەکان، بەڵکو ڕۆڵێکی ئەخلاقی گرنگ دەگێڕێ، بەرامبەر کۆمەڵگەی مەسیحی، لە ڕاستکردنەوە و پوختەکردنی هەڵسوکەوت.

**٣- ئەخلاق لە نێوان زانست و ئایندا:**

جاك ماریتان پێی وایە، خراپترین نەخۆشیەکانی جیهانی نوێ و هاوچەرخ، دوانەکەیەتی لە جیاکاری کردن لە نێوان ئەوەی بۆ خوایە، لەگەڵ ئەوەی بۆ دونیایە[3]، لە دەرەنجامی بایەخدانی مرۆڤ بە ژیانی ماددی لەسەر بەرژەوەندی ژیانی ڕۆحی، پشتگوێخستنی کتێبی پیرۆز، ئەمەش بووە هۆی توانەوەی ئەخلاق.

دەڵێت: "جیهانی مرۆڤی ئێستا، خراپە بە ئاشکرا بڵاوکردەوە، پەرەی پێدا، تا متمانەی ئێمەی شکاند، هیچ تاوانێکمان نەبینیوە قەرەبوی نەبێ، واتە سزایەکی دادگەرانەی بۆ نەبێ، ئای چەند هەڵوێست هەن لە بەسوکدانانی سەرشۆڕانە بۆ سروشتی مرۆیی، زانست و

---

(١) المصدر نفسه، ص ١٧٠ – ١٧١.

(٢) يوسف كرم: تاريخ الفلسفة الأوروبية في العصر الوسيط، دار المعارف، مصر، ١٩٦٥، ص ٥٣.

(٣) جاك ماريتان: الإنسانية التي تدور حول الدين، نقلا عن أدريين كوخ، آراء فلسفية في أزمة العصر، ١٩٥٣، ص ٢١١.

پێشکەوتن بەرەو ڕوخاندنی ئێمە و قەوارەکەمان هەنگاوی ناوە، لە دەرەنجامی شیبوونەوەی ئەخلاق"[1].

بەو مانایەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بەپێچەوانەی سروشتە مرۆییەکەی، لە دەرەنجامی ڕۆیشتنی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی، جۆرێك لە دابڕانی دروست کرد لە نێوان ئەو واقیعەی دەژیەت لەگەڵی، هەروا ئەو ئەخلاقەی پێویستە خۆی پێبڕازێنێتەوە. بەگوێرەی ماریتان، تاکی مەسیحی بۆ تاکی دونیایی گۆڕاوە، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەنجامی زۆر مەزن بەسەر مرۆڤدا، کاروبارەکانی سەراوژێر بوون، لە دەرەنجامی فراوانی ئازادیەکەی، بایەخدانە مەزنەکەی بە عەقڵ و مەزنی مرۆڤ، کە بیرمەندان وەك چەکێك بەکاریان هێناوە دژی مەسیحیەت، بەمەش کەلێنەکە زیاتر بوو لە نێوان هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە لە جیهانی مەسیحی دونیاییدا، لەگەڵ بنەما ئەخلاقی و ڕۆحییەکان، کە مانا و لۆژیکە خودیەکەی پێداوە، ئەو شتانەی کە ویستی نکۆڵیان لێبکات، جیهان وا دەرکەوت، وەك ئەوەی بەتاڵ بێ لە بنەماکانی، واتە تەنها جیهانێکی سوودگەرایە، یاسا باڵاکەی سوودە.

بۆ دەرچوون لەم دۆخە، پێویستە گونجان فەراهەم بکرێ لە نێوان زانست و ئایین، واتە لە نێوان شارستانیەتی مەسیحیەتی دونیایی، کە پیادەی چالاکیە جیوازەکان دەکات لە بیرکردنەوەی زانستی و فەلسەفی، لەگەڵ گشت ئەوەی پەیوەستە بە لایەنی ڕۆحی و بیروباوەڕی ئاینی و کلێساوە، ئەو کاتە فەلسەفەیەکی مەسیحی بۆ ژیان مسۆگەر دەکرێ، کە گونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەسیحی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نەك تەنها بە ڕوکەش، هەموو مرۆڤ لەخۆ دەگرێ و ڕێزی تاك مسۆگەر دەکات، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو فەراهەم دێ، کە بانگخوازە بۆ مرۆڤایەتی و پێشکەوتن[2].

---

(1) الكتاب المقدس، أناشيد حمد ١٢/ ٣ ص ٥٠٦.

(2) المصدر نفسه، ص ٢٠٧ – ٢١٠.

لە میانەی ئەوەی پێشتر خرایەڕوو، ئەوە هەڵدەهێنجین کە جاك ماریتان بانگەواز دەکات بۆ پشت بەستن تەنها بە زانست، بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتن و بەختەوەری مرۆڤایەتی، بەهۆی ئەو شوێنەوارە نەرێنیانەی هەیەتی لەسەر ئەخلاق، کە بە ڕێگەی گەیشتن بە بەختەوەری دادەنرێ، چونکە پێویستە پشت بە ئایین ببەسترێ، دواتر هەماهەنگی ئایین لەگەڵ زانستدا بەرجەستە بکرێ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی مرۆڤایەتی.

دەگەین بەوەی پێشنیازی ماریتان جیاواز نییە، لەگەڵ هی فەیلەسوفەکانی پێشوو، لە دیاریکردنی ئەوەی ئەخلاق بە ئامانجی دەگرێ، ئەویش دەستەبەرکردنی بەختەوەریەکی مەزنترە، یان هەروەك هەندێك ناوی دەنێن ئەوپەڕی خێر و چاکەیە. هەروەك جیاواز نییە لەگەڵ ئەوانی تر لە دیاریکردنی بابەتی ئەخلاق، چونکە پێی وایە ئەخلاق و چاکە ڕێگەی گەیشتنن بە بەختەوەری.

بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئەمەی دوایی یەکێکە لە پشتیوانانی توماویەت، ئەوا چاکەی بەستوەتەوە بە هۆی بکەر (خوا)وە، سەرچاوەی خراپەشی گێڕاوەتەوە بۆ مرۆڤ، بەوپێیەی هۆی کەم و کورتە، ئەمە ئەو پێشنیازەیە کە باو بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەتایبەت لە فەلسەفەی مەسیحیەتدا لەگەڵ ئۆغستین و توما ئەکوینی.

هەروەك جاك ماریتان ئەوەش فەرامۆش ناکات، کە سەرچاوەی ڕاستەقینە بۆ بنەما ئەخلاقییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵ، چاکە سەبارەت بەو خۆی دەبینێتەوە لە بەرجەستەکردنی داواکاریەکانی مرۆڤ، کە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤ، کە عەقڵ دیاری دەکات.

لێەوە ڕا و بۆچوونە فەلسەفییەکانی سەبارەت بە ئەخلاق کۆ کردۆتەوە و گونجاندووە، سەرچاوەی ئەخلاق بۆ عەقڵ و ویستی مرۆڤ دەگێڕێتەوە، فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ بۆ ئەمە ڕۆیشتوون، ئەوانەی مرۆڤیان کردۆتە چەقی کرداری ئەخلاقی، بەو ئارەزوو و توانای

عەقڵیەی هەیانە، سەرباری ویست و ئازادیەکەی، هەروەك ڕۆڵی ئاینی فەرامۆش نەکردووە، لە میانەی دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی کارا کە کڵێسا پێی هەڵدەستێت، وەك هێمایەك لە هێماکانی ئاینی مەسیحی، ئەمەش وایلێکردووە بڵێت بەختەوەری ڕاستەقینەی مرۆڤ بەرپا دەبێ، بە کۆکردنەوەی ئەو زانستەی لەسەر عەقڵی مرۆیی بەرپابووە، لەگەڵ ئایین و ئەو یاسا خواییانەی تێیدایە.

بەڵام بایەخدانی ماریتان بە کڵێسا و هێنانە ناوەوەی بۆ نێو گشت ئەوەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە، بەتایبەت ئەخلاق، تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی زۆربەی فەیلەسوفەکان بۆی چوونە لە ماوەی ئێستادا، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کڵێسا لە سەردەمانی پێشوودا هۆکاری پاشەکشەی بەرهەمی هزری بوونە، هەروەك کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەیەر ئەخلاقی تاك و ڕزگاربوون لە دەسەڵات و زاڵبوونەکەی، ئەمەش بە ئەرێنی کاریگەری کردووەتە سەر ئەخلاقی تاك.

لە نێو ئەوانەی هێرشیان کردە سەر کڵێسا لەو ماوەیەدا، میکافیلی بوو کە دەڵێت: "ئێمەی ئیتاڵی قەرزاری کڵێسای ڕۆما و قەشەکی ئەوین، بەهۆی ئەوەی پێیگەیشتین لە بێ دینی و ڕەوشت خراپی، تەنانەت ئێمە بە قرزێکی مەزنتر قەرزاری ئەویش، ئەویش ئەو ئاینەیە کە دەمانبات بەرەو داڕمانێکی مەزنتر"[1].

بەو مانایەی دەستوەردانی ئەمەی دوایی، لەوەی پێویستە ئەخلاقی تاك لەسەر بێ، سەردەکێشێ بۆ گەندەڵی و چەقبەستوویی، چونکە وا دەکات ئازادی تاك سنووردار بێ، هەر

---

(1) بطريس غالي، محمود خيري عيسى: المدخل في علم السياسة، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة، ط ٤، ١٩٤٧، ص ١٩٨ ــ ١٩٩.

* بردیاف: نیقولا بردیاف، لە گوندی ئەبو شوقو لە نزیك کییڤ لە دایك بووە، ژیانی هزری خۆی دەستپێکرد بە دەرکردنی گۆڤاری ڕێگە، وەك هەوڵێك بۆ هەماهەنگی و گونجاندن لە میانەی نووسینەکانی لە نێوان پرسە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان. (كميل الحاج: الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي والإجتماعي، ص ٩٨).

بۆیە پێویستە تەنها پشت بە عەقڵی مرۆیی ببەسترێ، وەك یاسادانەر، بێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی کڵێسا.

هەروەك بیرۆکەی یاسا، پاڵپشتیەکی مەزنی بەخۆیەوە نەبینی، لەلایەن هەندێك فەیلەسوفی هاوچەرخی هاووێنەی بردیاف(*) (١٨٧٤ – ١٩٤٨) کە بەشێوەیەکی تەواو هەمو جۆرە ئەخلاقێکی ڕەت کردەوە، کە پشت دەبەستێت بە یاسا، وەسفی ئەم جۆرە ئەخلاقەی کرد بەوەی تایبەتە بە چینی کۆیلە و زمانی کۆیلەوە، ئەمە بەگوێرەی ڕای ئەو نکۆڵی کردنە لە ئازادی تاکەکان و پوچەڵکردنەوەی ویستەکەیانە.

دەڵێت: "پێویستە هەردەم بە ڕێگەیەکی تاکە کەسی، ئەوە بکەیت و کار بکەیت بەشێوەیەك، کە جیات بکاتەوە لە تاکەکانی تر، شتێك مەکە بەشێوەیەك ئەو بنەمایەی کردارەکەت لێی دەردەچێ یاسایی بێ". بەو مانایەی ئەو یاسایەی بردیاف بانگەشەی بۆ دەکات، بریتییە لە ئەخلاقی تاکە کەسی، کە خەسڵەتدارە بە ئازادی و سەرپشکی و گوزارشت کردن لەمانە لە فرە گۆڕەپانەکاندا.

## سێیەم – پەیوەندی ئەخلاق بە سیاسەتەوە لەلای جاك ماریتان:

جاك ماریتان، لە بیرۆکەی دیموکراسیەتەوە بنچینەیەکی دانا، بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی ئەخلاق بە سیاسەتەوە، بە پشت بەستن بەوەی ئەم هورە هەیەتی، لە هێز و بەربڵاوی لە ناوەندە هزریە سیاسییە جیاوازەکان، دەستپێك لەو بنەمایانەی کە بانگەشە دەکەن بۆ ڕێزگرتن لە هەر حەزێکی مرۆڤ لەوەی بەشداربێ لەو حوکمەی لە سایەیدا دەژیەت[1]، هەروەها

[1] تأليف لجنة من رجال الفكر: قوة فكرة الديمقراطية، ترجمة: وايت إبراهيم، مؤسسة روكفلر، (د م)، ١٩٦٠، ص ٥٠.

بەشداربوونی لە بڵاوکردنەوەی بەها جیاوازەکان، کە بانگەوازی دەکات بۆ دادگەری و یەکسانی، وەك دوو باسی ئەخلاقی. کەواتە پەیوەندی ئەخلاق بە دیموکراسیەتەوە چییە؟ کاریگەری ئەم پەیوەندیە لەسەر سیاسیەت چییە؟

ماریتان پێی وایە، دیموکراسیەت ئەو ڕێگەیە ڕەگەزی مرۆیی لە میانەیدا دەتوانێ ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە بۆ ژیانی سیاسی، چونکە گوزارشت لە پاساوی عەقڵی ئەخلاقی بۆ ئەم ژیانە دەکات، دواتر ئەمە بایەخێکی زۆر هەڵدەگرێ، لە میانەی بەشداریەکەی لە گەشەپێدانی مرۆڤ و دیاریکردنی چارەنووسە دونیاییەکەیان[١]، چونکە لەسەر حوکمی گەل یان حکومەتی گەل دامەزراوە، کە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانیان دەدات لەسەر بنچینەی دادگەری و یەکسان.

لەم بارەوە دەڵێت: "دیموکراسییەت تاکە ڕێگە بۆ فەراهەم کردنی پاساو هێنانەوەی ئەخلاقی بۆ ژیانی سیاسی، چونکە ڕێکخستنێکی عەقڵییە، بۆ ئەو ئازادیانەی پشت بە یاسا دەبەستن"[٢]. واتە دیموکراسییەت، تەنها شێوەیەك نییە لە شێوەکانی حکومەتەکان، بەڵکو نموونەیەکی باڵایە لەسەر دڵنیاییەکی ئەخلاقی و ئاینی دامەزراوە[٣].

هەروەك ئەمە ئەو ئامراز و هۆکارەیە، کە دەکرێ لە میانەیدا ڕەوایی ژیانی مەدەنی پێ بچەسپێنرێ، هەر لەو ئەرکانەی پێی بەرپادەبن و پەیوەستن بە ڕێکخستنی فرە ئازادیەکن، کە تاك هەیەتی بەگوێرەی یسایەکی دیاریکراو.

---

(١) جاك ماریتان: الفرد والدولة، ص ٧٩.

(٢) جتك ماریتان: المصدر السابق، ص ٧٨.

(٣) Paul Valider: Maritain, Philosophe de la Démocratie, 14 Rue D’Assas, Paris, □□□□ p. 349.

هەروەك دیموكراتیەتی ڕاستەقینە، ناكرێ لەسەر هاوڵاتیەكانی ئەوە بسەپێنێ و داوایان لێ بكات دەستبگرن بە بیروباوەڕێكی فەلسەفی یان ئاینیەوە، وەك مەرجێكی دانەپاڵیان بۆ لای شارستانی، ئەم تێگەیشتنە بەگوێرەی ماریتان، شتێكی گونجاو بو لە هەندێك لەو ماوانەی ئاڕاستەی ئاینی توندڕەو تیایدا زاڵبوو[1].

تێمڕای ئەو خەڵكە جیاوازەی دەدرێنە پاڵ ڕێباز و بنچینە جیاوازەكان، دەتوانن هاوكاری یەكتر بن لە ئەركی هاوبەشدا، لە پێناو خۆشگوزەرانی هاوبەش بۆ كۆمەڵگەی دونیایی، بە مەرجی ڕێكەوتن و سەقامگیریان لەسەر شێوەیەكان لە شێوەكانی كۆمەڵگە، كە لە تاكە سەربەستەكان پێكدێت[2].

لێرەوە مەبەستی ئەخلاقی بۆ ئەم چەمكە سیاسییە دەردەكەوێ، كە چەند چەمكێكی وەك هاریكاری و دادگەری و یەكسانی دەگرێتەخۆی دوور لە هەر دەسەڵاتێكی چەوساندنەوە لەلایەن حوكمڕانان و كاربەدەستان.

لەم بارەوە جاك ماریتان، لە وەسفی واقیعی فەڕەنسی و لە سەروبەندی شۆڕشی فەڕەنسیدا، دەڵێت: "لەوەتەی شۆڕشی فەڕەنسی و گەشە كردنی نموونەگەرایی فڕەنسی، كە مێژووی بەرهەم هێنا، ئەوا مانای ئازادی و دادگەری كۆمەڵایەتی شوێنەواری هەبوو، لە دووبارە زیندوو كردنەوە و پاڵنانی شارستانیەتەكەمان"[3].

لە میانەی ئەم وتەیەوە، ماریتان بۆ جەخت كردنەوە دەچێ لەسەر ئەوەی چەمكە ئەخلاقیەكانی وەك دادگەری كۆمەڵایەتی و ئازادی، ڕۆڵێكی زۆر گرنگی هەیە، لە بنیاتنانی

---

(1) جاك ماريتان: الفرد والدولة، ص ١٣١ – ١٣٢.

(2) جاك ماريتان: الإنسانية التي تدور حول الدين، ص ٢١٢.

(3) Jacque Maritain: Christianisme et Démocratie. Ed de la maison Française, New Yorl. 1943, p. 28.

شارستانیەتەکان و دووبارە دروستکردنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵی جێبەجێکردنی سیستەمی دیموکراتی.

دیموکراسیەت وەکوەك سیستەمێك، بۆی هەیە فرە کێشەکانی خەڵك چارە بکات، لە میانەی ڕەچاوکردنی ئەخلاقیاتەکان لە کاتی دانانی فرە یاساکان.

"سیاسەت لقێکە لە لقەکانی ئەخلاق، بەڵام لقێکی تایبەتمەندە بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ لقەکانی تری ئەم بنچینەیە، ژیانی مرۆیی دوو ئامانجی کۆتایی هەیە، یەکێکیان بەدوای ئەوی تردا دێت، ئامانجێك لە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، ئەویش بەرژەوەندی گشتی دونیاییە، ئەوپەڕی ئامانجی ڕا و بەرژەوەندی گشتی باڵای هەمیشەییە"(). 

جاك ماریتان پێی وایە، سیستەمی دیموکراسی، ئەو چارەسەرەیە دەرچوونی مرۆڤ دەستەبەر دەکات لە سیستەمی زاڵبوون و هێز، کە بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی وەك میکافیلی ئیتاڵی و هۆبز بانگەشەیان بۆ کردووە، کە جیاوازی لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا دەکەن.

.

کۆمەڵگەی سیاسی بەرز و چاك، ئەو کۆمەڵگەیەیە هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی دادگەری و یەکسانی، لە میانەی ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندی تاکەکان، لە ڕێگەی "دیموکراسییەت"ەوە، وەك ئامرازێکی ئەخلاقی و سیاسی، کە پاساو دەدات بە ڕەوایی ژیانی سیاسی دامەزراو لەسەر ئازادی و سەروەری گەل.

لەبەر ئەمە ماریتان، بانگەواز دەکات بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی ناودەبرێ بە "سەفستەی میکافیلیەت"، میکافیلیەکان دەڵێن دادگەری و ڕێزگرتن لە بەها ئەخلاقییەکان، واتە لاوازی و داڕوخان، ئەمەش درۆیەکی ڕوونە، بەگوێرەی بۆچوونی ماریتان هێز لاواز دەبێ، ئەگەر

() جاك ماریتان: الفرد والدولة، ص ٨٠ – ٨١.

داماڵرابوو لە دادگەری، ئەو گەلانەی تێدەکۆشن لە پێناو گەیشتن بە ئازاد، زۆر مەزنترن لەوانەی هەوڵ دەدەن لە پێناو زاڵبوون.

سەبارەت بەوەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان، کە بیرمەندەکانی بانگەوازی دەکەن بۆ پێویستی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە، سەرکەوتووبوونە لە بەرجەستەکردنی، ئەوا جاك ماریتان وەڵاممان دەداتەوە لە کتێبەکەیدا "مەسیحیەت و دیموکراسیەت"دا دەڵێت: "پرسی دیموکراسیەتی هاوچەرخ سەرکەوتوو نەبوو هێشتا لە بەرجەستەکردنی دیموکراسیەتدا، چونکە سیستەمێك دەخوازێ، کە عەقڵەکان کۆك و ڕێك بن، لەبارەی بنچینە بنەڕەتیەکانی ژیانی هاوبەش، سەرباری ڕێزگرتن لە مەزنایەتی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ"[1].

بەو مانایەی بیرۆکەی دیموکراتیەت لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، هێشتا بەرجەستە نەبووە، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك بنچینە و بنەما، کە پێویستە ڕێکەوتنی لەسەر بکرێ، چونکە گوزارشت دەکات لە بنەما هاوبەشەکانی ژیانی گشتی، کە ڕێزی تاك دەخوازێ وەك مرۆڤێك خاوەن پێگە و مافی خۆی، ئەمە ئەو شتەیە کە سیستەمە سیاسیە هاوچەرخەکان پێویستیان پێی هەیە.

### ١- دیموکراسییەت و ئایین:

لەبارەی سەرچاوەی ئەم بنەما و بەهایانە، کە ئەم سیستەمە لەسەری دادەمەزرێ، ماریتان بۆ جەختکردنەوە دەچێ لەسەر ئەوەی: "نموونەی دیموکراتی، لە نیگای ئینجیلیەوە هاتووە، چونکە پێویستە بە چەندین سەدەی دوورتر لە سەدەی ڕۆسۆ و کانت لێکۆڵینەوەی

---

(1) Jacque Maritain: Christianisme et Démocratié, p

لەسەر بکرێ"[١]، چونکە چاکترین نموونەی هزری، ئەو نموونەیە کە دامەزراوە لەسەر بیروباوەڕی ئاینی، لەبەر ئەوەی ڕۆحی دیموکراسی ناتوانێ بەردەوام بێ و پارێزگاری لەبەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی بۆ پێشەوە بکات، تەنها بەو ئاینە نەبێ کە لە کلێسادا بەرجەستەیە.

لەم بارەوە دەڵێت: "لەبەر ئەوەی ئەگەر هەوڵی دوورخستنەوەماندا لە کاریگەری نیگای کتێبی پیرۆز، ئەوا بەم کارە ئێمە دایدەماڵین لە ژیان، چونکە تەنها بەو نیگایە دەژیەت کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەریدەگرێ، تەنها بەویشەوە دەتوانێ ڕووبەڕووی ئاشوبە ناخۆشەکان و هەڵخەڵەتاندنی گومڕاکەر ببێتەوە، لە سایەی ئەودا دەتوانێ بەرەوپێش بچێ لە جێبەجێکردنی ئەرکە مەزنەکەی، ئەویش پاساودانی عەقڵی ئەخلاقییە بە ژیانی سیاسی"[٢].

دواتر دیموکراسیەت بەرپا دەبێ لەسەر چەند بنچینە و بنەمایەکی عەقڵی ڕوحی، هەروەها لەسەر چەند بەهایەکی ئەخلاقی، ئامانجی بەرجەستەکردنی مانای دادگەری و چاکەی گشتییە بۆ مرۆڤایەتی.

لە میانەی ئەوەی خرایەڕوو، ئەوە هەڵدەهێنجین جاك ماریتان وایکرد دیموکراسیەت ببێتە سیستەمێکی سیاسی ئەخلاقی، سەرچاوەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی ئایین بێ، دواتر عەقڵی بەدوادا دێت، بەوپێیەی کتێبی پیرۆز نیگای یەککەمەبۆ گشت یاسا ئەخلاقییەکان. تەنها بەم سیستەمە تاك دەتوانی مافەکانی دەستبخات و ئەرکەکانی بەوپەڕی ئازادیەوە بەرپا بکات، ئەمەش وای لێدەکات دووربێ لە هەر دەسەڵاتێکی داپڵۆسین و چەوساندنەوە کە لەلایەن لایەنی حوکمڕانەوە پیادە دەکرێ.

(١) Ibid, p. 68.

(٢) جاك ماريتان: الفرد والدولة، ص ٨١.

کەواتە ناکرێ دیموکراسی تەنها بکەینە سیستەمێکی سیاسی، بەڵکو سیستەمێکی سیاسی و ئەخلاقیە لە یەك کاتدا، چونکە ئامانجی مسۆگەرکردنی ڕێزی مرۆڤ و ئازادی و بەختەوەریەکەیەتی.

## ٢- حکومەتی جیهانی:

بیرۆکەی بوونی حکومەتێکی جیهانی، بە یەکێك لە دیارترین ئەو هزرانە دادەنرێ، کە گەورە زانایانی سیاسەت و ئابووری لە جیهاندا و بەتایبەت لە خۆرئاوا بانگەشەیان بۆ کردووە، لە میانەیدا ئاماژەیان کردوە بە چۆنیەتی گەڵاڵەبوونی پڕۆژەی حکومەتی جیهانی، کە بە هۆکارێك دادەنرێ بۆ مسۆگەرکردنی ئاشتی لە جیهان و دواتر ڕێگەگرتن لە بەرپابوونی جەنگ یان نوێبوونەوەی[1].

بیرۆکەی دەوڵەتی جیهانی، پێگەیەکی بەرزی گرتووە لە فەلسەفەی سیاسیدا، بەهۆی ئەو توانایەی هەیەتی لەسەر چارەسەرکردنی زۆرێك لەو کێشانەی باوبوونە، سەرباری تواناکەی لەسەر دەستەبەرکردنی خەونی یەکێکی گشتگیری مرۆڤایەتی، ئەمە وای کردووە وەك هیوایەکی مرۆیی دەربکەوێ، کە بە خەیاڵی زۆرێك لە فەیلەسوفەکاندا هاتوون، بە دامەزراندنی ئەم بیرۆکەیە لەسەر یەکێتی ڕەگەزی مرۆیی و حەز کردن لە دامەزراندنی حکومەتێکی دادگەر بۆ گشت مرۆڤایەتی[2]، لە نێو ئەو فەیلەسوفانەی بانگەشەیان بۆ ئەم چاکە کردووە، جاك ماریتانە، کە لە فەلسەفەکەیدا جیاوازی کرد لە نێوان دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، دەوڵەت

---

(١) داني جوزيف الكجي: الحكومة العالمية، هل هي مشروع واقعي؟، صحيفة أوان، العدد: ٦٨٣، بيروت ٢٠٠٩، ص ٢٠.

(٢) محمد عثمان الخشت: مفارقات فلسفية بين الفارابي وهيجل، مجلة الدبلوماسية، العدد ٢٩، القاهرة ٢٠٠٨، ص ٥٤.

چاودێری سیستەمی گشتی دەكات و یاساكان دەسەپێنێ و دەسەڵاتەكانی بەدەستە، هەروەك خزمەتی گەل دەكات، بەڵام قەوارەی سیاسی، ئەوا بە یاسای دادگەرانە ڕێكخراوە، لە چەندین دامەزراوەو كۆمەڵەی ناوخۆیی پێكهاتووە، سەرباری كۆمەڵگەی ئەخلاقی كە لێیەوە گەلاڵە بووە[1]ز

لێرەوە ماریتان دەگاتە بیرۆكەی حكومەتی جیهانی، لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی بۆ جیهان، پێی وایە پرسی قەوارەی سیاسی، پەیوەستە بە تیۆری سیاسی لە سیستەمی جیهانیدا. لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت: "حكومەتی جیهانی دەبێتە دەوڵەتێ باڵای گەلاڵەبوو لە قەوارەیەكی سیاسی و سەپێنراو بەسەر دەوڵەتدا بەتایبەتی، دەستوەردەداتە كاروبارەكانیەوە، ئەگەر لە دەرەنجامی هەڵبژاردنی گشتی و نوێنەرایەتیشیەوە دروست بووبێ"[2]، لەمەوە ئەو سەروەری باڵا بە دەوڵەتی جیهانی دەبەخشێ لەسەر حیسابی دەوڵەتە تایبەتەكان، بایەخی سەرەكی بۆی هەیە لە بەڕێكردنی كاروبارەكانیان و چاودێریكردنی بەرژەوەندیەكانیان و بایەخ پێدانیان.

لەبەر ئەوەی حكومەتی جیهان بەگوێرەی ماریتان، تاكە ئامرازە بۆ مسۆگەركردنی ئاشتی لە جیهاندا، كە دەكرێ پێی بگەین لە میانەی كاری ڕاستەقینە و بەردەوام بۆ جێگیركردنی ئاشتی، واتە جیهانی دەرەكی لەسەر دووڕیانێك دەوەستێ، كە ڕێگەی سێیەمی بۆ نییە، یان ئاشتی بەردەوام یاخود مەترسی لەناوچوونی گشتی، كە بە دەرەنجامی ئەو جەنگانە دادەنرێ كە لە نێوان وڵاتاندا هەیە[3].

---

(1) جاك ماريتان، الفرد والدولة، ص ٢٧ – ٣٢.

(2) المصدر نفسه، ص ٢٢١.

(3) داني جوزيف الكجي: الحكومة العالمية: هل هي مشروع واقعي؟، ص ٢٠.

لە هەمان چوارچێوەیەدا، کە جاك ماریتان بۆی چووە، باسی هەڵوێستی سپینۆزا دەکەین (١٦٣٢ – ١٦٧٧) کە پێش ئەو بانگەوازی کربوو بۆ پێویستی هەبوونی سیستەمێکی سیاسی جیهانی، تیایدا هەموو خەڵك یەك بگرێ، دەڵێت: "بۆ ئەوەی خەڵك بە ئارامی و بە باشترین شێوە بژیت، پێویست بوو لەسەریان، هەوڵبدەن بۆ یەکگرتن لە یەك سیستەمدا، دەرەنجامی ئەمەش ئەوە بوو، ئەو ڕاستیەی لەلای هەر یەکێکیان بوو، بەگوێری سروشتی بڕیاردان لەسەر شتەکان، وای لێهاتووە سەری بە کۆمەڵە"[1].

بەو مانایەی سپینۆزا لە میانەی ئەم وتەیەیدا، بانگەواز دەکات بۆ پێویستی یەکگرتن و کۆبوونەوە لە میانەی یەك کۆمەڵگەدا، کە یەك سیستەم بەڕێوەی دەبات، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسایش، ئەوەی باشترە بۆ مرۆڤ، دواتر مافەکانیان دەبێتە شتێکی بەکۆمەڵ، هەمووان تیایدا بەشدار دەبن، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە جاك ماریتان بۆی چووە، هەروەك پێشتر وتمان پێی وایە: ئامانجی سەرەکی، کە حکومەتی جیهانی لە پێناویدا هاتووە، بریتییە لە بەرپاکردنی ئاشتی، کە پشت دەبەستێت بە بنچینەی تۆکمەی ئەخلاقی.

لەم بارەوە دەڵێت: "ئەگەر شانشین یان گەلان و وڵاتان، نەتوانن ئاشتی سەقامگیر بکەن و پشتبەخۆبەستن بەرپا بکەن، ئەوا نابنە کۆمەڵگەی تەواو، ئەو کۆمەڵگە هەرە فراوانەی دەتوانێ ئاشتی بڵاو بکاتەوە و پشتبەخۆی ببەستێت، بریتییە لە کۆمەڵگەی کامڵ، لە سەردەمی ئێمەدا ئەمە کۆمەڵگەی جیهانی ڕێکخراوە، بەوەی هێنانە کایەی حکومەتی جیهانی، پێویستە بە تاکە ڕێگەی سروشتی بهێنرێتە کایە، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە سیاسییەکان، واتە بە بەکارهێنانی ئازادی و عەقڵ و چاکەکاری"[2].

---

1) داني جوزيف الكجي: الحكومة العالمية: هل هي مشروع واقعي؟، ص ٢٠.

2) جاك ماريتان: الفرد و الدولة، ص ٢١٥ – ٢١٦.

واتە کۆمەڵگەی کامڵ و تەواو، کە ئێمە ناوی دەنێین حکومەت یان دەوڵەتی جیهانی، پەیوەستە بە ئەندازەی تواناکەی لەسەر سەقامگیر کردنی ئاشتی لە پاڵ پشتبەخۆبەستن، ئەمەش لە میانەی بەکارهێنانی کۆمەڵە ڕێگەیەک، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئازادی و عەقڵ و چاکەدا.

ئەو وڵاتانەی ناتوانن ئەم دوو پرسە دەستەبەر بکەن، بریتین لە کۆمەڵگەی بچوك و کەم و کورت، ناکرێ ئەوە پێکبهێنن کە پێی دەوترێ حکومەتی جیهانی، کە گوزارشت لە کۆمەڵگەیەکی جیهانی کامڵ دەکات، دەتوانێ ئاشتی بەرقەرار و پشتبەخۆبەستن بەرپا بکات، لە میانەی وەسفکرانی (کۆمەڵگەی جیهانی) بە ئازادی و چاکە و بەکارهێنانی بۆ عەقڵ، جاك ماریتان دەڵێت: "بۆ ئەوەی بەرز ببیەوە و بچیە سەرووی ئەم پابەندییە نابینایانە، پێویستمان بە هۆشیارکردنەوەی ئازادی و بەئاگا هێنانەوەی وزە داهێنەرەکەیەتی"[1].

هەروەك کۆمەڵگەی جیهانی، پێویستە دادگەری بە خەسڵەتێکی جیانەبووەوە لێی دابنێ، دەڵێت: ""ئەگەر کۆمەڵگەی کامڵ، کە سەردەمەکەمان دەخوازێ، هاتە نێو دۆخی بوون، واتە ئەگەر کۆمەڵگەی سیاسی جیهانی بەرپا بوو، ئەوا دادگەر پێویستی بەوەیە تا ئەوپەڕی سنوور ڕێز بگرێ لە ئازادیەکانی بەشەکانی، کە زیندوێتی بە ژیانی سیاسی و ئەخلاقی دەدات، چونکە ئەم ئازادیانە پێویستن بۆ ئەم بەشە گرنگانە"[2].

واتە پێویستە کۆمەڵگەی جیهانی دامەزراو بێ لەسەر چەند ڕێسا و یاسایەك، کە حوکمڕانی بکات، چونکە پێویستە بنەمای دادگەری هەبێ، کە لەسەر ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ئازادیەکان دەوەستێ لە گشت بەشەکانی کۆمەڵگەی سیاسی، بەو تاکانەی لەخۆی دەگرێ، کە

---

[1] جاك ماریتان: الإنسانية التي تدور حول الدين، ص ٢١١.

[2] داني جوزيف الكجي: الفرد والدولة، ص ٢١٧.

به بنچینەی ژیانی سیاسی دادەنرێن، دواتر بەبێ ئازادی و دادگەری ناکرێ قسە لەسەر دەوڵەتی جیهانی بکرێ.

ماریتان بۆ ئەو وتەیە دەچێ، کە بەرجەستەکردنی دەوڵەتی جیهانی شتێکی سادە یان ئاسان نییە، ئەمەش بۆ ئەو کۆسپ و لەمپەڕانە دەگەڕێتەوە کە دەکرێ بیهێنە پێشی.

نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە ناودەبرێ بە سەروەری ڕەها بۆ دەوڵەت، هێزی پشت پێ بەستنی ئابووری ئاڵوگۆڕ کراو لە نێوان گەلان، بەوەی ڕێکخراوێکی جیهانی سیاسی نییە هاوشانی یەکێتی ئابووری بێ لە جیهاندا.

ئەم دوو کۆسپە، پێویستی بوونی حکومەتێکی جیهانی دەسەپێنێ، کە پێویستە بە یەك ڕێگە فەراهەم ببێ، بۆ هاتنە ئارای کۆمەڵگەی سیاسی، ئەمەش بە بەکارهێنانی عەقڵ و ئازادی و چاکەی مرۆڤایەتی[1].

لە میانەی ئەوەی پێشتر خرایەڕوو، ئەوە هەڵدەهێنجێن حکومەتی جیهانی بەگوێرەی ماریتان، بریتییە لەو یەکێتیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕزگاربوونی خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئەمەش فەراهەم نابێ، تا دادگەری و ئەخلاق و ئازادی نەکاتە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکەی، واتە بنچینەکەی تەواو ئەخلاقییە، ئەمەش بە دوورکەوتنەوە لە سەروەری ڕەها، کە سەردەکێشێ بۆ خۆسەپاندن، ماریتان ئەمە ڕەت دەکاتەوە.

هەروەك جاك ماریتان پشتی بە بیرۆکەی حکومەتی جیهانی بەست، وەك پرۆژەیەکی سیاسی و ئەخلاقی لە یەك کاتدا، ئەمەس لە میانەی ئەوەی بە ئامانجی دەگرێ لە بڵاوکردنەوەی ئاشتی، کە داخوازی هەموو مرۆڤێکە، ئەمەش لە چوارچێوەی چاکەی مرۆڤی،

---

(1) داني جوزيف الكجي: الحكومة العالمية: هل هي مشروع واقعي؟، ص ٢١.

کە مرۆڤ خۆی پێ دەڕازێنێتەوە، لەگەڵ ئەو ئازادیەەی هەیانە لە پاڵ عەقڵدا، بەوپێیەی یاسادانەر بۆ هەموو ئەوەی مرۆڤ ملکەچی دەبێ.

بەڵام ئەو بنەمایانەی پێویستە، ئەم دەوڵەتە لەسەری بەرپا ببێ، تێکدەگیرێ لەگەڵ ئەوەی هەندێك فەیلەسوف بۆی ڕۆیشتوون، لە وێنەی میکافیلی و هۆبس، ڕاشکاوانە دەردەبڕن، کە ناتوانرێ ئەخلاق و سیاسەت بەیەکەوە کۆ بکرێتەوە، چونکە دوو چەمکی جیاواز و تێکگیراون لەسەر ئاستی کرداری، هەر دووکیشیان لە پشتیوانی ئەو بۆچوونەن، کە دەڵێن بوونی سەروەری ڕەها پێویستە، کە حوکمی دەوڵەت دەکات، پێویستە تاکەکان ملکەچی بن، چونکە ئەو چارەسەرەیە کە دەکرێ لە میانەیدا وەڵامی ئەو داواکاریانە بدرێتەوە، کە هەر کۆمەڵگەیەك داوای دەکات، بەمەش جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو دەسەڵاتەی حوکمڕان هەیەتی، کە جەسەڵاتێکی ڕەهایە و ناکرێ وازی لێبهێنرێ.

ماریتان ئەمە ڕەت دەکاتەوە، چونکە سەروەری و دەسەڵاتی ڕەها، واتە بوونی سیستەمێکی سیاسی پاشایەتی، دامەزراو بێ لەسەر حوکمڕان، واتە بوونی خۆسەپاندن و تاکڕەوی، کە پێویستیە ئازادیەکانی تاك سنووردار بکات و پاسان ماف و ئەرك بوونیان نیە. سیستەمی نموونەیی، ئەوەیە کە دادەمەزرێ لەسەر ویستی گەل و حەزەکانی، چونکە ئەو بنچینەیەیە هەر قەوارەیەکی سیاسی لێی پێکدێت، سەروەری و دەسەڵات سەرچاوەکەیان ئەو تاکانەن کۆمەڵگە یان دەوڵەت پێکدێنن، پێویستە حکومەتە جیهانیەکان لەسەر ئەمە دابمەزرێن، ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئاشتیە دوور لە ململانێ و ناکۆکی، کە سەردەکێشن بۆ تیاچوون. دواتر ناکرێ ئەخلاق و سیاسەت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، چونکە ڕێگەی بەرپاکردنی یەکێتی مرۆڤایەتین، لە سایەی سیستەمێکی جیهانی، پێی دەوترێ حکومەتی جیهانی، کە پێویستە لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسی بەرپا ببێ.

دوای ئەم دیاریکردنەی نەخۆشییەکانی سەردەمی ئەخلاقی سیاسی لە تێڕوانینی ماریتان، ئایا ئەو چارەسەرانە چین، کە پێشنیازیان دەکات؟

**چوارەم – ماریتان و ئەو مرۆڤایەتیەی بە دەوری ئایندا دەخولێتەوە:**

**١- پێویستی سازاندنی زانست و دانایی بەیەکەوە:**

دوای ئەوەی مرۆڤ درکی کرد بەوەی زانست و توانا هونەریەکان، ناکرێ دەستەبەری پێشکەوتنی ڕەگەزی مرۆیی بکەن، بە بەڵگەی ئەوەی پیاوانی زانستی بەخۆیاندا دەچنەوە، واتە لەسەر زیرەکی مرۆڤ پێویستە درك بکەن بەوەی ئێمە ڕوومان لە ڕۆژگارێکی یەکلاکەرەوە کردووە، ڕوومان کردۆتە ماوەیەك – هەرچیەکان بخاتە ئەستۆ – پێویستە هەموو ئامرازەکانی هێزە مەزنەکان ملکەچی عەقڵ بکرێن، کە بەدەستمان خستووە بە زاڵبوونی زانستی بەسەر ماددەدا، ئەمەش بە زاڵکردنی ئارەزوو سەرکێش، کە مرۆڤ هەیەتی و پاڵی دەنێ بۆ ڕێگەیەکی جیا لە ڕێگەی عەقڵ، بەتایبەت بوونە ماددیەکەی[1].

ئەگەر زانست بایەخ بە ئامرازەکان دەدات، ئەوا بواری جیهانی نەبینراو، پەیوەستە بە شتێکەوە کە زانست نییە، بەڵکو دانایی، ئاشتی یان ئازادی یاخود ڕێز لە زانستی بەیانیدا فەراهەم نابێ، مادەم زانست و دانایی ڕێکناکەون، ئەو سەردەمە تەواو بوو، کە ئێمە پێبینیمان تێدا دەکرد، بەوەی زانست کێشە ئەخلاقی و ئەودیوسروشتی و ئاینیەکان چارە بکات، یان پشتیان پێ نەبەستێ، ئێمە پشت بە زانایان دەبەستین، تا ڕۆژێك لە ڕۆژان دەسەڵاتی ڕۆحی بەرپا بکەن، کە ڕابەرایەتی مرۆڤایەتی دەکات، تا ئەوپەڕی پێگەیشتن لەو پێشکەوتنەی پێویستە[2].

(١) جاك ماريتان، الإنسانية التي تدور حول الدين، ص ٢٠٦.

(٢) المصدر نفسه، ص ٢٠٧.

زیاتر لەوە جاك ماریتان ئاگاداری پرسێکی گرنگ دەکاتەوە، پیاوانی ئاینی ئێستا سەرقاڵن بە شرۆڤەکردنی نهێنهی ناخەکانیان، تیایدا پرسیار لەبارەی ویژدانیان دەکەن وەك پیاوان، لەگەڵ ئەوەی دەکرێ زانستەکەیان بەکاربهێنن وەك زاناکان، هەر بۆیە دەکرێ بیانبینین لە کاتێکدا مەترسی دەوریان داوە بەهۆی هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان لەگەڵیان، وەك کەرستەی خاوی پیشەسازی کە نرخی تایبەتیان هەیە، دەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمەکانیان، کە لەسەر شێوەی دۆزراوەکان دەردەچن، کەواتە ئەمە ڕێزی خودی زانستە، ڕێزی ئەو زانایەیە کە دووچاری مەترسی دەبێتەوە[1]، تەنها بە گەشەپێدانی دانایی لە ناو زانستدا دەکرێ ئەم مەترسیە تێپەڕێنرێ.

## ٢- شکستی شارستانیەتی دونیاگەرایی:

لێرەدا ماریتان دەچێتە سەر پرسی عەلمانیەت، لە کۆمەڵگە خۆرئاوایەکاندا و دەڵێت:

کرداری مەزن، کرداری گۆڕینی پیاوی مەسیحی، بۆ مرۆڤێکی دنیایی، بەرهەمی سەرنجڕاکێشی بۆ سەر جیهان هێنا، تەنها بۆ مرۆڤ نەبێ، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە مرۆڤەوە، ئەوا شتەکە بەرەو خراپتر ڕۆیشت، هیچ شتێکیش لەمە مایەی سەرسوڕمان نییە.

کرداری گۆڕینی پیاوی مەسیحی بۆ پیاوی دونیایی، لە سەرووی هەموو شتێکەوە پەیوەستە بە بیرۆکەی مرۆڤ و فەلسەفەی ژیان، کە لە سەردەمی نوێدا گەشەی پێدرا، مەدەنیەتی سەدەی نۆزدەم کەمترین مەسحیەتی پێوە ما، بەلایەنی کەمەوە لە بنەماکان، سەرباری لەبیرکردنی ئەم بنەمایانە، بەڵام لێکترازانەکە زیاتر بوو لە نێوان هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە لەم جیهانە مەسیحییە دونیاییە، لەگەڵ بنەما ئەخلاقی و ڕۆحییەکان کە مانا و

---

[1] المصدر نفسه، ص ٢٠٧.

لۆژیکە خودیەکەی بەدەستهێناوە، کە ویستی نکۆڵی لێ بکات، دواتر ئەم جیهانە وا دەرکەوت وەك ئەوەی بەتاڵ بێ لە بنەماکانی(١).

لە ڕاستیدا ئەم گرێ کوێرەیە، گرێ کوێرەی وەرچەرخاننی مرۆڤی مەسیحی نییە بۆ مرۆڤێکی دونیایی، ئەمە کێشە و گرێ کوێرەی هزری خۆرئاواییە، کە بەردەوام خۆی چوارچێوەدار دەکات لە دوانەییەکدا کە یەکگرتن یان یەکتر تەواوکردن ناناسێ: نێوەندێك نییە لە نێوان مادده ڕۆح، ئایین و دونیا، تەنانەت مەسیحیەتیش جیاکاری کردووە لە نێوان جیهانی لاهوت و ناسوت، لە میانەی ئەوەی هی خوایە بە خوای بدە، ئەوەش کە هی قەیسەرە بە قەیسەری بدە، ڕەهبانیەتێکی جێگیر کرد، کە دواتر هەر ئەمە لە کۆتاییدت بووە هۆکار بۆ ئەم عەلمانیەتە، یان ئەم دونیاگەراییە ستەمکارە، مرۆڤ ئاڕاستەکەی ماددی یان نموونەیی دەبێ، ناکرێ هەر دووکیان بێ. هاووێنەی ئەم توانایە کۆکەرەوانە، دەڵێم لە مێژووی فەلسەفە خۆرئاواییدا شتی وا دەگمەنە، هەروەك لە مێژووی مەسیحیەتدا، ئەمەش بە نەرێنی ڕەنگی دایەوە لەسەر شارستانیەتە هەنوکەییەکەی.

**٣- وێنەی شارستانیەتی تازەی مەسیحییەت:**

ئەمە ئەو وێنەیەیە کە جاك ماریتان دەیخوازێ، وەك چارەسەرێك بۆ قەیرانی کۆمەڵگە و شارستانیەت و ئاینەکەی بەدڵنیایەوە قبوڵی دەکات، وێنەیەك هەوڵی هەڵگێڕانەوەی ئەوە دەدات، کە ماددەگەرای ئامێری و پەرسەندنی داروینی و ئیلحاد و مارکسیەت هەڵیاوەشاندبووەوە.

سەردەمی جیهانی مەسیحی نوێ، دەبێتە سەردەمی گونجان لە نێوان ئەوەی هەڵوەشاوەتەوە، سەردەمی شارستانیەتی مەسیحی "دونیایی" سەردەمێکە، تیایدا کاروبارە

---

(١) جاك ماريتان: الإنسانية التي تدور حول الدين، ص ٢٠٧ – ٢٠٨.

دونیاییەکان و بیرکردنەوەی فەلسەفی و زانستی، کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆسەریەکەی ڕەنگ دەداتەوە، – لەگەڵ ئەمەشدا – درك بەو ڕۆڵە بزوێنەرە دەکات، کە کاروبارە ڕۆحییەکان، بیروباوەڕە ئاینیەکان و کڵێسا، لە ئاستە بەرزەکەیان دەیگێڕن[1].

ئەم چارەسەرە "هیوایە"، بە حەزێکی جەخت لەسەر کراو دەمێنێتەوە، لەلای زۆرێك لە بیرمەندان و پیاوانی لاهوت و فەیلەسوفە مەسیحیەکان، دوای ئەوەی هەموو چارەکانیان لەلایەك تەواو کرد، قەناعەتیشیان هەیە بە پێویستی گونجاندن لە نێوان ئیمان و بەهاکانی جیهانی نوێ.

دواتر جیهانی نوێ، بەکرداری بایەخی بە مرۆڤ داوە، هەوڵی داوە ئەو بەهایەی بۆ بگێڕێتەوە کە سەردەمانی ناوەڕاست لێیان سەندووەتەوە، گومانی وابوو مرۆڤ سەنگی خۆی دەگێڕێتەوە، بەوەی پشتی خۆی بە تەواوەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست بکات، دواتر گێڕانەوەی سەنگی مرۆڤ خۆی دەبینێتەوە لە دابڕانی لە خوا، پێویست بوو لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندیەکەی لەگەڵ خوا بکرێ، دوای ئەوەی خەیاڵی مەزن لاچوو لەو مرۆڤایەتیەی چەقی بەستووە لەسەر مرۆڤ، پاش ئەزموونی سەخت لە بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤایەتی لە کاتی ئێستادا، ئەوەی جیهان پێویستی پێیەتی، مرۆڤی تازەیە، مرۆڤایەتیەك خولگەکەی ئایین بێ، یان مرۆڤایەتیەکی تەواوکەر، سەیری مرۆڤ دەکات لە گشت شکۆ و لاوازیە سروشتیەکەی[2].

بەڵکو ئەم مرۆڤایەتیە تازەیە، لای ماریتان زۆر خوازراوە، چونکە کاری بنەڕەتی ئەو، ئەوەیە وا بکات، ڕۆح و نیگای ئینجیل بخزێنە ناو دامەزراوەکانی ژیانی دونیایی، ئەمە کارێکە ئامانج لێی بەپیرۆزگرتنی سیستەمی دونیاییە[3]. بەدڵنیایەوە ئەمە خەونێکی زۆر زیادەڕەوی تێدا کراوە، لەسەر دەستکەوتەکانی واقیع دانەمەزراوە، بەلایەنی کەمەوە سەر بە خاوەنەکەی دەکێشێ بۆ

---

(1) المرجع نفسه، ص ٢٠٩ – ٢١٠.

(2) جاك ماريتان: الإنسانية التي تدور حول الدين، ص ٢١٠.

(3) المرجع نفسه، ص ٢١٠.

کەوتنە نێو تێکگیرانەوە، بەڵام لەوانەیە پاساوێکی بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر لە بازنەی خەونی بڕواداردا دابنرێ، یان کاری مژدەدەر، کە ڕزگاربوون تەنها و تەنها لە مەسیحیەتدا بەدی دەکات.

جاك ماریتان بەردەوام دەبێ لە خستنەڕووی دیدگایە ئایندەییەکەی، کە هیوا دەخوازێ دیموکراسیەتێکی مەسیحی تیایدا باو بێ، ئازادی فەراهەم بکات، ئابووریەکی مەسیحی دادگەرای دابین بکات، چونکە لەسەر نەخۆشی سەردەمی خۆی وەستاوە، "یەکێك لە خراپترین نەخۆشیەکانی جیهانی نوێ دوانەییەکەیەتی، یان جیاوازی کردنیەتی لە نێوان ئەوەی بۆ خوایە لەگەڵ ئەوەی بۆ مرۆڤە، ئەوەی هی دونیایە، یاخود ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە بۆ یاسا مادیە هەوەسیەکەی خۆی بەجێهێڵراوە، دوور لە داخوازیەکانی کتێبی پیرۆز، دەرەنجامەکە ئەوە بوو ژیان لەم دۆخەدا زۆر ئەستەمتر بووە، لە هەمان کاتدا ئەخلاقی مەسیحیەت – کە هێشتا تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك نەبووە بە کرداری، بووەتە جیهانێك لە یاسا و بنچینەی هێمایی و بێژەیی – نەك لە خودی خۆیدا، تەنها لە کڵێساشدا نا، بەڵکو لە جیهانی دونیایی و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکەیدا"(1).

درێژە نادەین لە خستنەڕووی هەڵوێستەکانی پیاو لەبارەی "ئەو مرۆڤایەتیەی بە دەوری ئایندا دەخولێتەوە"، بە کرداری چەند کێشەیەك دەوروژێنێ، کە بایەخی زانین و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە قسە لەسەر کاسۆلیکیەت و بیروباوەڕی دیموکراسیەت دەکات، لەبارەی خزمەتی ئاشتی، دەبارەی ئیمان و باوەڕ، کە پێویستە مرۆڤ پێی بژیت. لەگەڵ گشت سەختیەکان و واقیعی پڕ ئێشدا، کەچی فەیلەسوفە کاسۆلیکیەکە بە گەشبین دەردەکەوێ بەرامبەر بەوەی پێش دێت: "وەك ئەوەی سەردەمەکەمان، لە سەردەمی نیگابەخش بێ، تیایدا پوختەکردنی چەند سەدەیەك هەبێ لە

(1) المرجع نفسه، ص ٢١١.

مێژوو، ئێمە هێشتا بەرهەمی تورەیی دەدورینەوە، هێشتا ئێش و ئازارەکانمان کۆتا نەهاتوون، بەڵام جیهانێکی نوێ، لە کۆتایی ئەو قەیرانەدا دەردەچێ کە بەدەبەستیەوە دەناڵێنین"(1).

شێوەی ئەم جیهانەی دێتە دەرەوە هەر چۆنێك بێ، ئەوا سروشتەکەی ڕۆحی دەبێ، هەروەك هەندێك پێشبینی دەکەن، یان قوڵتر دەبێتەوە لە ماددەگەراییەکەی، بەڵام ئەوەی یەکدەنگی لەسەرە ئەوەیە جیهانی ئەمڕۆ و بەتایبەت لە خۆرئاوا، بواری هەڵبژاردن و سەرپشکی فراوانتر فەراهەم دەکرێن، زیاتر لەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، فشاری کڵێسا لەسەر تاکەکان وەستا، هەموو ڕەوت و ڕێبازەکان بەوپەڕی ئازادی ڕا و بۆچوونەکانیان دەربڕی، چ ئەوەی پشتگیری ئایین یان ئەوەی ڕەتی دەکاتەوە، بەهەمان شێوە زانست بەرهەمە بەسود و جوانەکان دەرخست، کە ئێستا خۆی مراندووە، دواتر لەم جیهانەدا بۆ مرۆڤ کەلتور و ڕێبازە جیاوازەکان دابینکران، ڕووبەرێك لە ئازادی و سەرپشکی بۆی دابینکرا، بێ فەرامۆشکردنی ئامرازەکانی ئاڕاستەکردن و فشاری زانستی تایبەت، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەڕانەوە بۆ چالاکی ئاینی و زیندوو کردنەوەی لەسەر ئاستی فەرمی کڵێسادا.

ئەم زیندوو کردنەوەیە شتێکی بەغەربی کراو نییە، ئەوروپا بۆ ماوەی چەندین سەدە مەسیحی بووە، ناتوانرێ ئەم کەلەپورە کۆنە بە یەکجاری لەناوببرێ، هەر چەندە هەرچیەکی لەبارەوە بوترێ، دواتر پێویستی بڕوابوون بە خوا یان بە بوونەوەی بەرز، وەك چۆن هەندێك وا پەسەندە لایان، پێشان و ئێستاش داواکراو بووە. ئەمە جەخت دەکاتەوە و پاساو دەدات بە "بەردەوامی بوونی پێویستی و ئومێد، کە گوزارشتیان لە خۆ دەکرد لە ڕابردوودا بە ئاینی نەریتی، بریکردنەوەی خەڵك لەبارەی ئەم بابەتە بە تەواوی، بەشێوەیەکی خەفەتبەخش وردی و ڕوونی لێ کەمە، لە نێوان ناڕوونی و ڕەوتە بەریەککەوتووەکان، گومان لەوە هەیە پێویستیە دونیاییەکان و

---

(1) المرجع نفسه، ص ٢٢١.

ڕازی کردن و تێرکردنیان، ئەمڕۆ سوکترن، لەوەی پێشتر لەسەری بوون، کاتێك تاکە جەستەیەکی مەسیحی هەموو جیهانی مەسیحی دەگرتەوە"().

**پوختە:**

ئەمە دیدی جاك ماریتان و چەند هەوڵێی تریشە، کە ئامانجیان بە ڕاستگۆیانەی هێنانەکایەی چارەسەر یان دەرچەیەکە لە قەیرانەکە، بە دڵنیایەوە هاوێنەی ئەم چارەسەر یارمەتیدەر دەبێ لەمەدا، بەڵام ئەمە ئەو چارەسەرە نییە کە بە یەکدەنگی یان وەڵامی گشت حەز و خولیاکان دەداتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵەکانی بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی خۆرئاوا بە مەسیحی و عەلمانیەکانەوە، سەنگ و بایەخی خۆیان دەبێ. دوای ئەوەی گرنگترین ڕەگەزەکانی کێشەی ئەخلاق و سیاسەتمان خستەڕوو لەلای جاك ماریتان، لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە لەسەر گرنگترین ئەو خاڵانە دەوەستین کە پێی گەیشتووین، ئەمەش بە ڕێکخستنی کۆمەڵێك ئەنجام، گرنگترینیان:

فەلسەفەی ماریتان، گوزارشتە لە کەلەپورێکی فەلسەفی و واقیعێکی هاوچەرخ، وەك دەرەنجامێکی شارەزابوونی هاتووە لە هزری فەیلەسوفەکانی ئەخلاق و زانایانی سیاسەتی پێش خۆی، ئەوانەی بایەخیان بەم بابەتەدا لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە وەك دەرەنجامێك بۆ ئو بارودۆخانەی لەگەڵیدا ژیاوە، ماریتان هەوڵیداوە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات لە میانەی دیاریکردنێکی وردی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت.

بەهەمان شێوە فەلسەفەی ماریتان، بە یەکێك لەو فەلسەفانە دادەنرێ، کە هەوڵ دەدات ڕەهەندێکی تازە ببەخشێ بە چەمکە جیاوازەکان، لە میانەی دیاریکردنی بۆ چەمك و مانای ئەخلاق

() برندال: تكوين العقل الحديث، ص ٢١٧.

و سەرچاوەکەی، دارشتنی چەمکانێکی ورد بۆ زاراوە سیاسیەکان وەك زاراوەی سەروەری و دەوڵەت و تاك.

ئەوەی دەتوانین هەڵی بهێنجین، ئەوەیە تیۆری ئەخلاقی سیاسی جاك ماریتان، بە کورتیەکەی لە ئەنجامی کاریگەربوونی بە ڕا و بۆچوونەکانی توما ئەکوینی هات لە سیاسەت و ئەخلاقدا، بەوپێیەی فەیلەسوفێکی تومابیگەرایە، هەروەك هەڵوێستەکەی لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، جیاواز نەبوو زۆر لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی لە فەلسەفەی ئەخلاقیدا، وەك ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئۆغستین، ڕا و بۆچوونەکانی کۆك بوون لەگەڵ جۆری ئەو پەیوەندیەی دوو ماناکە بەیەکەوە دەبەستنەوە، بەتایبەت ڕا و بۆچوونەکانی توما ئەکوینی. بەڵام ئەم خاڵەی لەگەڵیاندا تیایدا جیاوازە، بریتییە لە چۆنیەتی پاساودان و ڕاڤەکردنی ئەو پێشنیازەی هەر یەکێکیان بە بنەمای کردووە، بۆ نموونە ئەفلاتۆن پشتی بەستووە بە بیرۆکەی دادگەری، کە بە خولگەی فەلسەفە ئەخلاقی و سیاسیەکەی دادەنرێ، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئەرستۆ بۆی چووە، کە ئەم دوو بابەتەی بەیەکەوە بەستۆتەوە لە میانەی ئەوەی دەوڵەت بە ئامانجی گرتووە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی چاك، ئەمەش ڕوونادات تەنها لە میانەی ئەو ئەخلاقە نەبێ، کە کار لەسەر دروستکردنی تاکی چاك دەدات، کە توانای بەرگە گرتنی بەرپرسیارێتیە سیاسیە تەواوەکانی هەیە.

بەڵام جاك ماریتان، ئۆغستین و توما ئەکوینی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، ئەمەش بە ئاوێتەکردنی عەقڵ و گێڕانەوە (نەقڵ)، ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێ لە بیرۆکەی ئەو دیموکرسیەتەی وەك پاساوێك بۆ هەڵوێستەکەی بەکاریهێناوە. بەپێی بۆچوونەکەی دیموکراسیەت لەسەر دوو بنچینە دامەزراوە: بنچینەیەکی عەقڵی، کە خۆی دەبینێتەوە لە یاسا دەستکردەکان، کە جڵەوگیری ژیانی مرۆڤیان کردووە، یاسا خواییەکان، کە سەرچاوەکەی ئاینە، لە جەختکردنەوەی لەسەر ئەو ڕۆڵەی کڵێسا نوێنەرایەتی دەکات چ لە سیاسەت یاخود لە ئەخلاقدا.

بەهەمان شێوە بیرۆکەی حکومەتی جیهانی، کە ماریتان لێی کۆڵیوەتەوە، بیرۆکەیەکی نوێ نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی وەك هیگڵ جیاواز دەیخاتەڕوو، کە بەستویەتیەوە بە ڕۆحی

ڕەها، ماریتان لە میانەی دامەزراندنی چەند بنچینەیەکی سیستەمی جیهانی، کە لەسەر ئازادی و عەقڵ و چاکە و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی دۆزینەوەی چەند ڕێگەیەك دامەزراوە، بۆ هاریکاری نێوان گەلان و تێکەڵکردنی کەلتورەکان، بە ئامانجی بەرجەستەکردنی چاکە و بەرژەوەندی هاوبەش و ئاشتی جیهانی، ئا لێرەوە لەلای ئەو پەیوەستبوونی ئەخلاق بە سیاسەتەوە دەردەکەوێ.

بەهەمان شێوە، هەوڵی جاك ماریتان نابێ لەبیر بکەین، بۆ زیندووکردنەوەی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی، کە خەریکە ون ببێ لە دەرەنجامی ماددەدا، ئەمە دەردەکەوێ لە بایەخدانی بە ئازادی تاك و مرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی ژیر، کە ماف و ئەرکی هەیە دەبێ ڕەچاویان بکات. تاك خاڵی بنەڕەتی پێکدێنێ، کە فەلسەفەی ماریتان لەسەر دادەمەزرێ، لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەجا دەژیت، کە ملکەچی سیستەمێکی سیاسی بەرهەم هاتووە لە ویستی گەل، لەمەوە چاکی تاك بە دڵنیایەوە سەردەکێشێ بۆ چاکبوونی ئەم کۆمەڵگەیە.

لە لایەکی ترەوە، ماریتان ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، کە هۆکاری قەیرانەکان لە وڵاتان و کۆمەڵگەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ کرچ و کاڵی زاراوەیی بە پلەی یەکەم، ئەم کرچ و کاڵییە بۆ مێژووی فەلسەفی دەگەڕێتەوە، ئەمەش شرۆڤەی فەلسەفی وەك ئامرازێکی چارەکردن پێویست دەکات.

بە گشتی ئەوەی جەختی لەسەر دەکەینەوە، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، ئەوەیە هەر دوو لایەنەکە ناکرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە، تەنها بەوپێیە نەبێ کە بابەتەکەیان و مەبەستەکەیان یەك شتە، ئەویش دەستەبەرکردنی بەختەوەری مرۆییە، کە لەسەر ئازادی دامەزراوە، ئەخلاق و ئازادی. ئەمە ئەو چارەسەرەیە فەیلەسوفەکەمان جاك ماریتان بۆی چووە، لە دیاریکردنی بۆ قەیرانی فەلسەفەی ئەخلاقی لە هزری هاوچەرخی خۆرئاوادا، کە بە نەرێنی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر شارستانیەتی خۆرئاوایی.

# مشتومڕئامێزی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت

## لەلای برتراند راسل

**ئامال علاوشیش**

**بەشی فەلسەفە – زانکۆی جەزائیر**

### پێشەکی:

دوو جیهان هەن مرۆڤ تیایدا دەژیەت: جیهانی سروشتی ماددی، جیهانی بەهای ڕۆحی، لە سەرەتادا بەشە هەستیەکەی دەژیەت و نموونەی ئەو وەك هەموو شتەکانی ترە، دووەمیان ئەوەی بیەوێ دەیسەپێنێ لە پێوەرەکان، بەمەش دەبێتە پاشایەکی خاوەن دەسەڵات، بە چی بیەوێ بێ لێپرسینەوە حوکم دەکات، ئا بەم شێوەیە تاك دێت و دەچێ لە نێوان ئەوەی بووە و لە نێوان ئەوەی پێویستە ببێ، هەر دوو جیهانەکە کێشی دەکەن.

لەم ناوکۆیەدا ئەخلاق، ئامانجی ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆییە، لە میانەی بەها و پێوەرەکان، کە ڕێکی دەخات لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ، بەوپێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، هەروەك ئەمە ڕایە زاڵە لەلای زۆربەی فەیلەسوفەکان، لە کاتێکدا سیاسەت هەوڵدەدات ژیانی کۆمەڵگەیی واتە ژیانی کۆمەڵ بەڕێوە ببات، کاروبارەکانی ڕایی بکات، بەرەو ئەوەی چاکە و سوودی تێدایە، ئەمەش وا لە ئەخلاق و سیاسەت دەکات بە یەکەوە ئامانجیان ئەوە بێ ژیان مانادار و ئاماندار بکەن. لەم چوارچێوەیەدا کێشەی مشتومڕی گەرمی نێوان سیاسەت و ئەخلاق بەرەو هێڵی پێشەوە هاتەوە، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ و بە بەردەوامی بخرێتەبەرباس، بەهۆی دیمەنەکانی چەوساندنەوە سەرکوتکردن و خوێن و برسێتی و توندوتیژی و لاشەکانەوە،

که هەموو ڕۆژێك دووباره دەبێتەوە، بارودۆخێکی ترسێنەر و بۆمب ڕێژکراو، ڕۆژانه هەزاران کەس تیایدا دەمرن له جیهاندا، چونکه هەرگیز وەك ئەم سەردەمەی ئێستا وا ڕێك نەکەوتووە سیاسەت بەم شێوەیه له ئەخلاق دوورکەوتبێتەوە.

ئەمەی دوایی که دەکرێ وەسفی بکرێ به دارستانێکی دڕنده، هەموویان تیایدا گورگی مرۆیی دڕندەن، به زمانی هۆبز ستێرك لەوانی تر دەگرێ، ئەمەش به دڵنیایەوە ڕەوانەمان دەکات بۆ پێشنیازی میکافیلی بۆ پرسەکه لەلایەك، هەروەها بۆ پێشنیازی جیاوازی تریش، که بانگخوازانی ئاشتی بانگەوازیان بۆ کردووە له نموونەی مارتن لوسەر کینگ (١٩٢٩ – ١٩٦٨) و مەهاتما غاندی (١٨٦٩ – ١٩٤٨) و برتراند ڕەسل (١٨٧٢ – ١٩٧٠)، ئەمەی دوایی تاڵایەتی چەشت له پێناو بەرگری کردن له هزر و بۆچوونەکانی، سەبارەت به پێویستی دەستەبەربوونی ئاشتی جیهانی یان گەردوونی، ئەمه ئەو حەزەیه بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیه به تێڕوانینەکەی لەبارەی سروشتی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت.

**١- ئەخلاق و سروشتی مرۆڤایەتی:**

ناکرێ قسه لەبارەی ئەخلاق بکرێ لەلای ڕەسل) بێ قسەکردن لەبارەی هەڵچون و پاڵنەرەکان، که سروشتی مرۆڤایەتی پێکدێنن، ئەمەش بەڕەچاوکردنی وەستانی له پاڵ چەشنه جیاوازەکانی هەڵسوکەوت، که له تاکەوە دەردەچن، بەوپێیەی دێت و دەچێ له نێو ململانێییەکی خاوەنبووەوە له نێوان ئەوەی باڵترینی و ئەوەش نزمترینه، له دوو توێی دوانیەکدا دەژیەت که هەر یەکێکیان بۆ لای خۆی کێشی دەکات، ئەوانیش عەقڵ و سۆزن،بەختەوەریەکەی دەستەبەر نابێ مەگەر به فەراهەم کردنی هاوسەنگی نەبێ له نێوانیاندا، بەمەش جیا دەبێتەوە له گیاندار "که پێشوەختە هەموو ئەوەیه که دەکرێ

ببێ"[1]، ئالۆزیش دەبێ، مادەم کۆبوونەوە و گۆشەگیری لە یەك کاتدا کاریگەری تێدەکات، ئەم دوو حەزە لەلای ئەو کۆ دەبنەوە، ئمە وای لێ دەکات خاوەن سلاوشتێکی دوو لایەن بێ، لایەنی تاکە کەسی تایبەت و لایەنی کۆمەڵایەتی گشتی تێدایە.

مانای ئەمە لای ڕەسل ئەوەیە، مادەم خاوەنی جیهانێکی تایبەت بەخۆیەتی، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە لە هەمان کاتدا، ئەوا دەبێ پلان یان دیدگایەکی هەبێ لەسەری بڕوات، بەرەو چەند بەهایەك، ژیانی بۆ فەراهەم بکات لەگەڵ جگە لە خۆی، بەمەش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی جێگیر بکات لەسەر کۆڵەگەی ئەویترگەرا، لەو کاتەی ڕێز لە خودی تایبەتی خۆی دەگرێ، ئەم بیرۆکەیە دەمانبات بەرەو قسەکردن لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی، مرۆڤ پێیان جیا دەکرێتەوە، هەروەك ڕەسل دەڵێت بریتین لە: تاکگەرایی، کۆمەڵگەرایی.

هەڵسوکەوتی تاك جیای دەکاتەوە بە ژیری لە گشت گیاندارەکانی تر، ئەمەش وای لێدەکات چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێ، بەرگێکی ئەخلاقی بە بەریدا بکات، بەوپێیەی توانای هەیە لەسەر جیاکاری کردن لە نێوان ئەوەی چاك و ڕاستە لەگەڵ ئەوەی خراپ و هەڵەیە. بەهای لەم شێوەیە پلیکانە یان تەرازوێك دادەنێ، بەهۆیەوە کردارەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا پێی دەپێورێن، بەمەش دەبێتە چالاکی ژیری خاوەن ئامانج، تەنها بە ئەخلافیەت تایبەتمەندە.

لەم گۆشە نیگایەوە، توێژینەوەی ئەخلاق لای ڕەسل، لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ بۆ سروشتی مرۆیی دادەمەزرێ، لێرانەدا چەند پاڵنەرێك هەن، بنیاتی ئەندامی و بەردەوامیەکەی بۆ کۆمەڵ بەهێز دەکەن، کە خۆی دەبینێتەوە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەکیەکان، لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شوێنی حەوانەوە و بە بەردەوامی جۆریشەوە، بەڵام لە بەرامبەردا پاڵنەری بەهێزتر هەن، ژیان لە نێو کۆمەڵدا دەریدەخات، وەك ململانێ و

---

[1] كانط، تأملات في التربية، تعريب وتعليق: محمود جماعة، (تونس: دار محمد علي، ٢٠٠٥)، ط ١، ص ١١.

خاوەنداریتی و خۆهەڵکێشان و جگە لەمانە، کە چالاکی سیاسی بە پلەی یەکەم بۆی دەگەڕێتەوە، زۆربەی جاران کێبڕکێی لەسەر دەکات یان خۆی لێدەدزێتەوە، ئەمەش پاڵمان دەنێ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بەدەستهێنانی حەزە گونجاوەکان، کە تەنها ئەو هەماهەنگی نێوان تاکەکان فەراهەم دەکات، ڕێگە دەگرێ لەوەی بکەونە نێو ناکۆکیەکانەوە، ئەمە ئەو ئامانجەیە، بە دیدی ڕەسل تەنها لە میانەی بەرنامەیەکی پەروەردەیی پلان بۆ دانراوی ئامادەکراوی پێشوەختە فەراهەم دەبێ، هەوڵی گونجان دەدات لە نێوان حەزەکان و توانا فەراهەمبووەکان.

ڕەسل جیاوازی لە نێوان ڕێبیرەکانی ئەخلاق و یاساکانی ئەخلاق دەکات، ئەوەی یەکەم چەسپاو و گشتگیرە، کاری فەلسەفەیە بیچەسپێنێ، کە زیاتر گشتگیرە، دووەمیان گۆڕاوە بەپێی گۆڕانی کات و شوێن و بارودۆخ و تێڕوانین و شێوازی فەرمان دەگرێتەوە. ئەستەمە ئەم یاسایانەی هەموو هەڵسوکەوتی مرۆیی بگرێتەوە، چونکە ئەنجامەکانی کرداری مرۆیی جیاوازن لە نێوان بە سوود و زیانبەخشدا، هەروەك لەوانەیە سەرچاوەکەی سروشت یان نەریت یاخود ناخ بێ، ئەمانە چەند سەرچاوەیەکن فەیلەسوف بە سەرچاوەی سەرەکیان دانانێ بۆ فەلسەفە، هەر بۆیە لێرەوە هیچ دەرچەیەك نابینێ لە ڕەتکردنەوەی هەر کۆمەڵەیەك لە یاساکانی هەڵسوکەوت، بۆمان دەخرێتەڕوو بەوپێیەی بنچینەی چاکەیە، کە هیچ بنچینەیەکی تر جگە لەو نییە بۆ هەر مرۆڤێك لە گشت بارودۆخێکدا[1]، بەمە هەڵوێستێکی مام ناوەند دەگرێتەبەر لە نێوان بانگخوازانی ئەخلاقی ڕێژەیی و بانگخوازانی ئەخلاقی ڕەها، ئەمە مانای وایە، لێرەدا هیچ یاسایەك بۆ هەڵسوکەوت نییە، کە بکرێ بۆمان بخرێتەڕوو، بەوپێیەی بنچینەی چاکە بێ.

---

(1) راسل، الفلسفة بنظرة علمية، ص ١٩١.

جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی بۆ دانانی فەلسەفەی ئەخلاقی، گومان لەوەدا نییە، پشت دەبەستین بەو ئارەزووەی كە بێ چەند و چوون لە پشت هەڵسوكەوتمانەوە دەوەستێ، كە بە ڕاستیەكەی ئەوەی بابەتییە تایبەتمەندە، بۆیە دەبێتە شتێكی باش، پاڵم دەنێ بۆ كاركردن لەسەر پاڵپشتی كردنی چاكەی گشتی بە سروشتە خودیەكەی، نەوەك بە تەنها چاكەی سیستەمی كۆمەڵایەتی، ئەمەی دوایی دەكرێ سروشتێكی پابەندیمان پێببەخشێر[1]، نموونە لەم بارەوە دێنێتەوە بە ڕاجیایی نەتەوەیی یان ئەوەی ناوی دەبرێ بە "كۆمەڵە توڕە گومانكەرەكان"[2]، كە بەرژەوەندیەكانی تێكناگیرێ، بەمەش هەست بە دوژمنایەتی و ڕق و كینە دەكەن بەرامبەر یەكتری، ئەمە هەستێكە ئەگەر بەردەوام بوو لەوانەیە سەر بۆ جەنگ بكێشێت، پیاوانی سیاسەتمەدار زۆر بە چاكی درك بەمە دەكەن، هەستێك لە تێڕوانینی فەیلەسوفەكەمان دادەمەزرێ لەسەر دەستەوەسانی ئەم كۆمەڵانە لە درك كردن بەوەی بەرژەوەندیە ڕاستەقینەكەی پەیوەستە بە چاكەی گشتیەوە، نەوەك بە ئومێدی خەیاڵاوی و سەركەوتنە تایبەتەكانەوە[3].

لەم چوارچێوەیەدا، بنچینەی ئەخلاق هەستە، هەستكردن بە خۆشەویستی و بەسبوون و چێژ بینین، ئەمەی دوایی پەیوەستە بە بەهای ماددی كردارەوە، لە كاتێكدا ئەوەی یەكەم پێناسە ڕاست و هەڵە دەگرێتەوە[4].

لەوەی پێشوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەو سەرچاوەیەی ڕەسل بە بەها ئەخلاقییەكان دەیبەخشێ، پێویستی بە مانای پایەندی یان دەسەڵات هەیە، كە چاودێرە بەسەر ڕێز لێگیرانی

---

(1) راسل، أسس لإعادة البناء الإجتماعي، ص ٧٤.

(2) ibid p 93.

(3) ibid ص ٩٤.

(4) ibid ص ١٠٤.

لەلایەن کەس و کۆمەڵەکان بە شێوەیەکی یەکسان، بەگوێرەی بەیەکەوە پەیوەستبوونی ئەخلاق و حەز و هەست، بۆ ئەوەی سروشتێکی بابەتی بپۆشێت، پێویستە تاك ناچار بکرێ لەسەر ئەوەی وا لە هەڵسوکەوتەکانی بکات، کۆك بێ لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵەکان یان مێگەڵ لە میانەی حکومەت یان یاسا یاخود نەریت یان سیستەمی ئەخلاقی. ئەمەی دوایی ئامانجی ئەوەیە وا لە کەسەکە بکات وەڵامگۆی بەرژەوەندی کۆمەڵگە بێ، بە ئەندازەی فراوانبوونی مێگەڵ، تا هەموو مرۆڤەکان لە خۆ بگرێ بە گوێرەی بەرجەستەبوونی ئەم بابەتیبوونە[1]، ئەمە ئەو شتەیە ئاڵۆزیەکی زیاتر بە پرسە ئەخلاقیەکە دەدات، بەشێوەیەك کە هەر کە لە ئاستی تاکەوە ڕۆیشتینە سەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەوا کپ کردنی حەزەکان دروست بوون و دژایەکی هەڵگیرسا، بەمەش سەختیەکە زیاتر بوو، لەوانەیە بەتایبەت لەم خاڵەدا درك بە جەختکردنەوەی ڕەسل بکەین، لەسەر ئەخلاق لە بۆیە کۆمەڵاەتیەکەیدا، ئەوەی دەکرێ سەربکێشیێ بۆ ئامانجی باڵا، کە بەرجەستەکردنی ئاشتییە، بەڵام ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە تاك بەشێك لە ئازادی بەدەست بهێنێ، ئەگەرچی لە هەندێکدا بەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕوودەدات.

سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرپرسی یەکەمە لە دەستەبەرکردنی گونجان لە نێوان تێرکردنی تاکە کەسی بۆ حەزەکان لەگەڵ تێرکردنی گشتی بۆی، ئەمە بە ڕوانینی ڕەسل، ئامانجێکە کەسی ئەخلاقی و سیاسی بە یەکسانی تیایدا بەشدارن، لە تواناماندایە حەزە تاکەکەسیەکان هەموار بکەینەوە، لە ڕێگەی پەروەردەوە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ چاکە بگونجێ "لەبەر ئەوەی لە ژیانی هەر یەکێکماندا دوو ڕوو هەن، ڕوویێك کۆمەڵگە هەڵسوکەوتی تێدا دەکات، ڕوویێکی تر دەستپێشخەری تاکە کەسی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات[2]، کامڵبوونیشی پرسێکی پێویستە.

---

(1) ibid ص ۱۱۱.

(2) راسل، مثل عليا سياسية، ص ٦٣.

لەوەی ڕابردوو ئەوە ڕوون دەبێتەوە، دیاردەی ئەخلاقی شرۆڤە دەکرێ بە پەیڕەوێك، دادەمەزرێ چەند ڕەچاوکاریەکی دەروونی بە پلەی یەك، هەر چەندە ڕەسل ڕای نەگەیاندووە هەڵوێستی لایەنگرانی سوودگەرا پەسەند کردبێ، زۆر بەڕوونی لایەنگیری ئەو بۆ ئەمە دەردەکەوێ، ئەگەرچی یەکخستنی خێر و بەختەوەری وەك چۆن ئەوانە کردویانە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام ئەوە پەسەند دەکات، کە "چاك و خراپی هەڵسوکەوت، بەهۆی دەرەنجامەکانی دیاری دەکرێ"[1]، لە کۆتایدا دەگاتە ئەوەی خێر و چاکە خۆی دەبینێتەوە لە دەستەبەرکردنی هاوسەگی نێوان حەزە بەریەککەوتووەکان، بۆ پەسەندکردنی چاکترینیان لەمەدا، سەبارەت بە تاك یان کۆمەڵگە، بەشێوەیەك کە سەردەکێشێ بۆ گەورەترین ئەندازەی گونجاو لە تێرکردن، ئەمەش وا دەکات کرۆکی ئەخلاقی خۆی ببینێتەوە لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوانی تردا.

سەرباری ئەمە، ڕەسل هەر چەندە جەخت دەکاتەوە لەسەر خودیەتی بەها ئەخلاقیەکان و ئەو پرسانەی گوزارشت دەکەن لە حوکمەکانی، ئەوا ئەمە خۆدزینەوە ناگەیەنێ لە پابەندی ئەخلاقی، هەروەك مانای خودی بوونی پوختیان ناگەیەنێ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو حەزانەی بەدوای تێرکردندان دەگەڕێن، بەرەو لای ئەوە دەچێ کە حەزی گشتی بن بە ئەندازەی پێویست، ئا لێرەوە دەستی کردووە بە پۆشینی سروشتێکی بابەتی، لەوانەیە ڕووی جیاوازی هەرە مەزن لە نێوان ڕەسل و سوودگەراکانی هاوشێوەی جریمی بنتام، ئەوەیە کە دەرەنجامی کورت هەڵنەهێناوە لەو چێژەی دەریدەدات، ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێ لەوەی کارەکاتی تووندوتیژی ڕەت دەکاتەوە، ئەگەرچی توانای هەیە سوودێك دەستەبەر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوکەوتێکی بێزراوە و سەرشۆرکەرە.

---

[1]) راسل، الفلسفة بنظرة علمية، ص ١٩٢.

## ٢- سیاسەت و ئەخلاق:

سەبارەت بە سیاسەت، ئەوا لە دیدی ئەودا، گوزارشت دەکات لە هونەری ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵ و شێوازەکانی ڕاییکردنی کاروبارەکانی، بۆ ئەوەی هەست دەکات لە بەرژەوەندی ئەودایە، "هەر بۆیە بە کۆمەڵەکان نەك بە تاکەکانەوە پەیوەستە"[1]. ئامانجیەتی ژیان بباتە باشترین ئاستی گونجاو، تا هەر یەکێك بتوانێ زۆرترین بەش لە چاکەی گشتی بەدەستبخات، ئەمە بۆچوونێکە لە دوای نەهامەتیەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆی چووە، لەگەڵ ئەخلاقیش هاوبەشە لەوەی ئامانجیان ئەوەیە تێڕوانینێك فێری خەڵك بکەن، کە ئامانج و مانایەك بە ژیانیان ببەخشێ. بەمەش بەیەکدەگەن لە بانگەواز کردن، بۆ بنیاتنانی چەشنێك لە بنەما و پەیوەندییە بەرزە مرۆییەکان، بەڵام جیاوازن لە سروشتەکەیاندا، بە ڕەچاوکردنی جیاوازیە جۆریەکەیان لە پرسە چارەسەریەکاندا.

هەر بۆیە کێشەی پەیوەندی نێوان هەر دوو بوار، بە بایەخێکی زیادەوە هەموو ڕۆژێك دەوروژێنرێ، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخە نەخوازراوەکان، کە ئەمڕۆ گەلان پێیدا تێدەپەڕن، لە میانەی سەپاندنی توندوتیژی و زبری و زاڵکردنی شێوازەکانی دەسەڵات بەسەر بەڵگەدا، واتە پشت بەستن بە ناچارکردن لە جیاتی قەناعەت پێکردن، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ تێکگیرانی گوفتار لەگەڵ کردار.

ئەو عەقڵەی پێوەر یان ڕێگەی ڕزگاربوونی تێدا دەبینرێ، بۆ تێپەڕاندنی کۆسپە جیاوازەکان، وای لێهاتووە بووەتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی تایبەت، کاتێك واقیعی هاوچەرخ دەیەکەوێ هانی سۆزە لەناوبەرەکان لە جیاتی شتەکانی تر لە سایەی ژینگە گەردوونیە ململانێکارەکەی.

---

[1] راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ١٥٢.

هەر لەبەر ئەمە جێگیرکردنی دیموکراسیەت و سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، بە تەنها بە کەشی نموونەیی دادەنرێ بۆ بنیاتنانی پەیوەندی دروست لە نێوان سیاسەت و ئەخلاق، کە دەستەبەری تێکەڵبوونی هەر دووکیان دەکرێ لە سیستەمێکی هاوبەشدا، کە هەر دووکیان لەخۆبگرێ. لەم چوارچێوەیەدا ڕەسل لە ئەخلاقی نەکۆڵیوەتەوە بە جیا لە سیاسەت، چونکە ئازادی تاکەکان خولگەی هزری ئەو بوونە، سەرباری ئەوەی ڕایگەیاندووە جێبەجێکردنی دووەمیان لەسەر هی یەکەم کارێکی سەختە، بەڵام کرداری جیاکاری لە نێوانیاندا سەختترە، هۆکارەکەشی بۆ سروشتی مرۆڤایەتی و هەڵچونە وەحشیگەرەکانی دەگەڕێتەوە.

تیۆرەکەی ئەو لە سیاسەتدا، بە درێژبووەوەی تیۆرەکەی دێت لە حەزەکان و تێگەیشتنی لەبارەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی، داندەنێ بەوەی حەز کاریگەر دەبێ بە بارودۆخ و پەروەردە، هەروەها بە هەلە ڕەخساوەکان(1)، بەشێوەیەك کە بگونجێ هەڵچونە کاوڵکەرەکان هەموار بکرێن، کە بە بەرپرسی یەکەم دادەنرێ لە دۆخی شڵەژاو و بێ سەروبەری و جەنگ و پشێوی، لەوانەی کۆمەڵگە تووشی ببن تا بەختەوەری بۆ هەمووان فەراهەم دەبێ، ئەمە قسەیەکە لە لەلایەنی تیۆریەوە لەوانەیە ئاسان بێ، بەڵام واقیع جەخت لە زاڵبوونی ئیرەیی و ڕق و کینە و کێبڕکێ و حەزی هێز دەکاتەوە، فەیلەسوفەکەمان ئەمە بە سەرچاوەی کرچ و کاڵی دادەنێ، سەرباری هەندێك خاڵی ئەرێنی، ئەمانە چەند هەڵچونێکن چوارچێوەیەکی بە بەردەوامی زیاد دەبێ، ئەمەش دووپاتی سروشتی وەحشیگەری و خراپی سروشتی مرۆیی دەکاتەوە. ئەم هەڵچونە کاوڵکەرانە، ئەگەر خەڵك بەردەوام بوون لەسەر ملکەچبوون بۆیان، ئەوا توانا زیادەکانان بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە، بە دڵنیایەوە بەسەریاندا هەڵدەگەڕێتەوە و بەرەو کارەسات دەیانبات.

ڕەسل دەڵێت: "هەر پرسێك لە سیاسەتی کرداریدا سێ جیاوازی لەخۆدەگرێ: ڕاجیاییەك لەبارەی ئامرازەکان... دانانی هەندێك بەوەی هەندێك جۆری هەڵسوکەوت خراپن لە خودی خۆیدا،

---

(1) ibid، ص ١٣٧.

ڕەتکرانەوەی ئەمە لەلایەن لایەنی ترەوە.... ڕاجیاییەك لەبارەی ئامانجەکان"[1]. ڕاجیایی یەکەم لە جۆری قۆستنەوەی کرێکاران و بەکارهێنانیانە لە سایەی سەرمایەداری یان بەگەڕخستنی منداڵان و کارپێکردنیان، هەمان شت سەبارەت لە دیاردەی کۆیلایەتیدا، بەوەی سەیری مرۆڤ دەکرێ بەوەی تەنها ئامرازێکی بەرهەمهێنانە نەوەك زیاتر، ئەم دیاردانە هیچ پرسیارێکی ئەخلاقی نەوروژاندووە. ڕاجیایی دووەم، پەیوەستە بەوەی هەندێ پێیان وایە هەندێك کردار دروستن، واتە کۆی ئەو بڕیارانەی دەری دەکەن، لە میانەیدا ناچار دەبن ڕێز لە ڕای بەرامبەر و هەستەکانیان بگرن[2].

ڕاجیایی لەبارەی ئامانجەکان، لە تێڕوانینی ڕەسل لە لایەتی ئەخلاقیدا، دەبێتە گرێ کوێرەی لەلای چارەسەری عەقڵی، چونکە ڕاجیاییەکە لەسەر هەستی مرۆیی دادەمەزرێ، هەروەها لەسەر ڕەچاوکردنی تیۆری چینایەتی و دەمارگیری، بەوەی بەشێك لە مرۆڤایەتی ئامانج پێکدێنن، ئەوانی تریش تەنها ئامرازن، "ئەمرۆ مادەم پیاوی سپی پێست باڵادەستە... بەیانی ڕەگەزی زەرد پێست باڵادەست دەبێ، لە دوای تێکشکانی ئەمریکا لە دژی یابان، لە جەنگی بیرل هاربر (*)، ڕۆڵەکان بەدوای یەکدا دێن، گۆرانی خولی ڕوودەدەن لەبارەی کۆمەڵە باوەکان، لە هەر جارێکدا چەوساندنەوە و توندگیری دەبێ، بۆ پاراستنی سەروەری سەروەرانی کاتی جیهان، ئەو کاتە حوکمڕانان خۆشحاڵ نابن، بەهۆی مەترسیان لە پەنهانکوژران و شۆڕش کردن، ئەمە مانای وایە تیۆری نیچە خەونە، بەڵام بە کرداری کابوسێکە"[3].

---

(1) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ٨٨.

(2) Ibid ص ٩١.

* هێرشێکی ئاسمانی لەناکاو بوو، هێزە دەریاییەکانی یابانی لە ساڵی ١٩٤١ کردیانە سەر کەشتیگەلی ئەوروپی لە زەریای هێمن لە دوورگەکانی هاوای، بووە هۆی زەرەر و زیانی زۆر و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار کرد بچێتە ناو جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

(3) Ibid ص ٩٥.

ئەو پرسیارەی فەیلەسوفەکەمان هەنگاوی لێ دەنێت: بریتیە لەوەی: بۆچی تا ئێستا خەڵك زیرەکی خۆیان بەکارهێناوە، لە دروستکردنی جیهانێك، کە تەنها کەمینەیەك چێژی لێدەبینن؟ بە تێڕوانینی ئەو خۆشویستنی هێز بە پلەیکی ژیرانە، پاڵنەری یەکەمی زۆربەی چالاکی سیاسییە، بەوەی خەسڵەتی پیاوی سیاسەتە، بەدەستەوەگرتنی هێز گوزارشت دەکات لە حەزی کەسی، کە تەنها ئەمە وزە و توانای بۆ فەراهەم دەکات لەسەر ئەنجامدانی ئەوەی سوود بە کۆمەڵەکان دەگەیەنێ[1]، زیاتر دەڵێ، هەردەم لێرە لە کارە سیاسیەکاندا دوو جۆر هێز هەن، لە یەك کاتدا چاکە و خراپە لەخۆ دەگرن، ئەمانەش پاڵنەری ئابووری و خۆشویستنی هێزە[2]، ئەمەی دوایی ئەگەر پیادەکرا، لە نێو سنووری ژیرانە، ئەوا بەشدار دەبێ لە دەستەبەرکردنی بەختەوەریدا، بەڵام ئەگەر لە خودی خۆیدا کرایە ئامانج، ئەوا بەبێ گومان سەردەکێشێ بۆ داڕوخانی ئەدەبی و ئەخلاقی، ئەگەر داڕوخانی دەرەکی نەبێ، ئەمە وای لە ڕەسل کردوە ڕای بگەیەنێ، سەرکوتکردنی سیاسی و دەروونی لە لایەنی شرۆڤەی دەروونیەوە بەیەکەوە بەستراون[3]، هەر بۆیە ئەرکی حوکمڕانە کار بکات لەسەر زاڵکردنی حەزەکانی گشتییەکانی خەڵك، واتە حەزە هاوبەشەکان، کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکەن، ئامانجی سیاسی دانا پێکدێنن.

مانای وایە قسەکردن لە سیاسەتدا، بێ چەند و چوون دەمانبات بەرەو قسەکردن لەبارەی کۆمەڵی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی یەکگرتنی، قەبارەی زاڵبوون کە لەسەر تاك و خولگەکەی پیادە دەکرێ، هەروەها جۆری حوکمەکە، واتە هێز و چەقگرتن یان دابەشکردنەکەی[4]. لە هەمان چوارچێوەدا، کۆمەڵگە ئامرازێکە بۆ ژیانێکی چاك، بۆ ئەوانەی پێکی دێنن، نەوەك قەوارییەکی

---

1) راسل، الزواج والأخلاق، ترجمة: عبدالعزيز ابراهيم فهمي، (القاهرة: دار الهناء: ١٩٥٧)، ط ١، ص ١٦٧.

2) Ibid ص ١٦٨.

3) راسل، غزو السعادة، ص ٢٠.

4) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ١٣.

جیاواز و تایبەتمەند بێ بە جۆرێك لە بەرزی لە خودی خۆیدا، بەو مانایەی پێویست نییە گونجاو بێ لەگەڵ پلاندانانێکی پێشوەختەی دەرەکی، ئەمە گشتێکی ڕێکخراو یان جەستە و تەنێکی داڕێژراو نییە، بەشەکانی بچنە ناو یەکەوە بەشێوەیەکی هەماهەنگ، وەك ئەوەی گوزارشت دەکات لە نموونەیەك بۆ سیستەم، ئەگەر وای دابنێین، ئەوا وەك چۆن ڕەسل ناوی دەنێ دەکەوینە ناو هەڵەی بەڕێوبەرەوە[1].

"ئامانجی پیاوی ئەخلاق و پیاوی سیاسەت، دەبێ بەرهەم هێنانی گەورەترین قەبارەی گونجاو بێ لە هەماهەنگی لە نێوان تێرکردنی تاکە کەسی و تێرکردنی گشتی، بەشێوەیەك کە ئەو هەڵسوکەوتانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ، پاڵنراوبن بە هەوڵدانی لە بەدەستهێنانی خودی خۆی، بە ئەندازەی گونجاو، ئەو هەڵسوکەوتانەبن کە تێری بۆ ئەوانی تر بێنن، پشت بەو ئەندازەیە ببەستێ کە ئەم گونجانە پێی دەگات، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە هۆکاری جیاواز، گرنگترینیان سیانن: سیستەمی کۆمەڵایەتی، سروشتی حەزی تاکە کەسی، ئەندازەی کاریگەری کردنی ستایش و سەرزەنشتکردن"[2]، نەهامەتی زۆرێك لە سیاسەتمەدارە سەرکەوتووەکان ئەمڕۆ، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کەم کەمە خۆویستی دادەنێنە شوێنی بایەخدان بە کۆمەڵگە و ئەو ئامرازانەی بەرگریان لێدەکەن[3]، ئەو شتەی توڕەیی و بێزاری لە ناخدا کێش دەکات، ئەمە یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان، کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێو کۆمەڵگە دەکات.

دەکرێ خۆشویستنی هێز بگۆڕدرێ بۆ حەزی زاڵبوون، بەمەش بە پلەبەندی بگۆڕدرێ بۆ نەخۆشی خۆبەزلزانی، بەمەش کەسەکە بیەوێ خەڵك لێی بترسێ، لە جیاتی ئەوەی پێی سەرسام بن، ئەمەش دووچاری پیاوانی مەزن بووەتەوە لە مێژوودا، وەك ئەسکەندەری مەزن، هاووێنەی ئەم

---

(1) راسل، السلطة والفرد، ص ١٤١.

(2) ibidص ١٣٢.

(3) راسل، غزو السعادة، ص ١٩.

حوکمڕانانانه جەنگ و دوژمنایەتی هەڵدەگیرسێنن، گەلانیان دەکەنە ئامرازی بەدەستهێنانی خەونەکانیان، ئەوان لە ڕاستیدا لاوازیەکی ناخی دەشارنەوە و دەگۆڕێن بۆ ستەمکار، چارەسەر ئەوەیە بایەخ بە دەرەوە بدرێ لە جیاتی ناخ، چارەسەر لە پەروەردەدا خۆی دەبینێتەوە، دواتر پایەدارکردنی عەقڵ لە ناکۆکی نێوان خۆی و سۆزدا، تا وەك ڕێگرێك بوەستێ لە بەردەم حەزە کاوڵکەرەکان.

ئەم ئاڕاستەی هێزە، لە ڕوانگەی ڕەسلەوە، بوارەکەی فراوان دەبێ، لەگەڵ هەر زیادەیەك لە ڕێکخستندا[1]، مانای ئەوەیە کەمینە هەیبێ لە کۆمەڵگەدا و زۆرینە لێی بێ بەش بێ، ئەمە ئەو واقیعەیە کە دیاردەی پیشەسازی لە ئەوڕوپا دروستی کردووە، هەروەها زیادەی توانادارى لە گۆڕەپانی کشتوکاڵدا، ئەمەش وای کردووە چەند دووربینیەکی تر بسەپێنرێ، کە شێوەی مافەکانی مرۆڤ یان شێوەی سیستەمی دیموکراسی وەرگرت.

لە میانەی قسەکردن لەبارەی سیاسەت لای ڕەسل، شایەنی ئاماژە پێدانە بەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر سروشتی پەیوەندی نێودەوڵەتی، کە دەسەڵات و دابەشبوون بەسەریدا زاڵە، مێژووی ئەوروپیەکان دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە دەستاودەستی کردووە لە وەرگرتنی سەروەری و زاڵکردنی دەسەڵات بەسەر جیهاندا، ئەو شتەی تەنها جێبەجێ نابێ لەسەر گۆڕەپانی ئابووری و کەلتور لە تیۆری ئەودا، جیهان لە ڕووی ئابووریەو یەکێتیەکی یەکگرتووی پێش ساڵی ١٩١٤ دەنواند[2]، هەمان شت جێبەجێ دەبێ لەسەر کەلتوری کۆمەڵەی گەلان، سەربارى سروشتی تایبەتمەندی وڵاتان، ئەمە دووپاتی بڵاوبوونەوە و زاڵبوونی کەلتوری خۆرئاوایی دەدات، بەوپێیەی خۆرئاوا "گوزارشت دەکات لە توانای هونەری و جەنگی"[3]، بەتایبەت لە

---

1) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ١٦٤.

2) Ibid ص ١٧.

3) Ibid ص ١٨٠.

سەدەی نۆزدەم، کە حوکمڕانی ڕەها لە ڕوسیا کەوت، لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٦ و بەرەو حوکمی پەرلەمانی ڕۆیشت، یابان دەستی کرد بە هاتنە دەرەوە لە گۆشەگیریە وەحشیگەریەکەی، لە میانەی بازرگانی کردن لەگەڵ خۆرئاوا، بەتایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی "هزرەکانی توماس جفرسون" (١٧٤٣ – ١٨٢٦) و ماکولی (١٨٠٠ – ١٨٥٩)[1].

بەڵام بە پلەبەندی و بەهۆی تارمایی جەنگ، دووبارە هەڵوەشاندنەوە و حەز کردن لە سەربەخۆیی سەرلەنوێ گەڕایەوە، هۆکاریش بووە لە پاشڤەچوونی کەلتوری خێرا، ئەنجامەکەشی بێ چەند و چوون پشێوی و ناجێگیریە. ئەم داڕمانە کەلتوریە لە دیدگای ڕەسلدا، هاودەمبوو لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئابووری و دووبارە بڕوابوون بە دەسەڵاتی ڕەها دەستی بەگەشە کردن کرد، بەتایبەت لەگەڵ دوژمنکاری لە نێوان خۆرهەڵاتی شوعی و خۆرئاوای سەرمایەدار. لەبەر ئەوەی پیشەسازی پێوەری هێز بوو، ئەوا هەوڵەکان بەرەو گەشەپێدانی ڕۆیشتن، بەوپێیەی سەرچاوەیەکە بۆ هێزی سەربازی، ئەمە بەدیدی فەیلەسوفەکەمان "ملکەچی هاندانی بەریککەوتنی نێوان ڕێبازە جیاواز و کارەساتە سیاسی و برسێتی و جەنگەکانە..."[2]. لەوانەیە ئەو دیاردەیەی سەرنجڕاکێش بێ لەم چوارچێوەیەدا، بریتیە لە پایەداربوونی زانست و سەرکەوتنی لە لابردن و بەرتەسک کردنەوەی قەبارەی ئەم پەیوەندیانە، گوزارشت لە یەکێتیەك دەکات و نیشتمانی نییە، پیاوی زانستی ڕوسی و ئەمریکی "دەتوانن بەیەکەوە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، ئەگەر تەنها کورت هەڵاتن

---

* مێژوونووسێکی ئینگلیزیە، بە ئەندامی پەرلەمان لە ساڵی ١٨٣٠ هەڵبژێردرا، بە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری باڵا لە هیند هەڵبژێردرا، ناوی بەوە دەرکرد کە ناوی دەسەڵاتی چوارەمی نا لە ڕۆژنامەگەری لە ئینگەلتەرا ساڵی ١٨٢٨.

(١) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ١٨١.

(٢) Ibid، ص ١٨١.

له زانست و شێوازەکانی هونەری زانستی، بێ ئەوەی هەست بە هیچ جیاوازیەکی نێوانیان بکەن..."[1]، لەوانەیە ئەمە تاکە بوار بێ، کە جیهان تیایدا بە یەکگرتوویی مابێتەوە.

سەرباری ئەوەی خرایەڕوو، ئەوە زیاتر تری پەیوەندی نێوان وڵاتان زیاد دەکات، قەبارەی ڕق و کینە و ترسە لە نێوان دوژمنی گریمانەکراو، ئەمانە هەستی سروشتی شاردراوەن لە ناخی مرۆڤدا، ئەمە وایکردووە ململانێکە گەرم بێ، بەتایبەت لە نێوان کوتلەی شوعی و وڵاتانی خۆرئاوایی، ئەمەی دوایی ئەگەر بەردەوام بوو، ئەوا ئەنجامەکەی کاولکاری ئاڵوگۆڕکراو دەبێ"[2]، وەك ئەوەی مرۆڤ لە میانەیدا هەست دەکات ئەمە چێژێکە کە جۆری مرۆیی لەناو دەبات.

لەم چوارچێوەیەدا، فەیلەسوفەکەمان جەخت دەکەنەوە لەسەر بەکارهێنانی خراپ یان نەرێنی زانست و وزەی ناوەکی، لەمەشدا پشت بە وتەکانی ئنیشتاین دەگرێ، بەوەی ئەگەر سنوورێك بۆ جەنگ دانەنرێ، ئەوا لەناوچوونی ژیان شتێکی بڕاوەیە، ئەوەی داواکراوە گۆڕینی شێوازەکانی سیاسییە،ئەگەر وەك خۆی مایەوە، ئەوا پێشکەوتنی توانای کرداری "وا دەکات، بۆمبەکان کاراییان زیاتر بێ، تێچووی دروستکردنیان کەمتر بێ، لە ژمارەیەکی تەواویان هەوری بارگاوی بە تیشك دروست دەبێت، با دەیجولێنێ و بۆ ئەم لا و ئەو لا پاڵی دەنێ، بێ ڕەچاوکردنی سنوورە سیاسیەکان..."[3]، ئەنجامەکەی دڕندانەتر دەبێ، لەگەڵ چەکی بەکتریۆلۆژی.

پیاوانی بەهێز، کە ئاڕستەی سیاسەتی گەلان دەکەن، لە دیدی ڕەسلدا، تا ئێستا هیچ جێگرەوەیەك نابینن بۆ ئەم کێبڕکێیە بەردەو خۆشکوژی ئاڵوگۆڕکراو، ئەمە مانای وایە سیاسیەکان حەز ناکەن تێبگەن لە کاروبارە گشتییەکان، لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵە ڕەچاوکردنێکی دیاریکراو، کە

---

1) Ibid ص ١٨٢.

2) Ibid، ص ١٨٣.

3) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ١٨٥.

بە پلەی یەکەم ڕەچاوکاری ئەخلاقین، مرۆڤ باڵاترینیەتی، لەوانەیە مانای کانتی لێرەدا بخەینەڕوو، لەبارەی ڕەچاوکردنی ئامانجێك لە خودی خۆیدا.

زیادبوونی توانا، دەبێ هاودەمی زیادبوونی دانایی بێ، کە دەگونجێ لەگەڵ داخوازیەکانی سەردەم، ئەوەی پێویستە بۆ فەراهەم بوونی ئەمە، ئەوەیە هەڵچونە سەرەتاییە کاوڵکەرەکانمان بگۆڕدرێن بە "داناییەك کە لەسەر درك کردن بە مەترسی هاوبەش بوەستێ"[١]، ڕق لێبوونەوە ڕق و کینە پەیدا دەکات، هەر کاتێك توند و تیژیەکەی زیاد بێ، ئەوا ئەو زیانەی لێی پەیدا دەبێ گەورەتر و ڕەهاتر دەبێ، ئەمەش مانای وایە تەنها هاریکاری ڕێگەیەکە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، چونکە ئەو نەهامەتیانەی هەر دوو جەنگی جیهانیەکەی هێنایان، دەستکردنی کەسایەتی دیارکراوی هاوشێوەی هێتلەرە، ناکرێ بە ئەنجامێکی نەگۆڕی بارودۆخی دەرەکی بەشێوەیەکی ڕەها بیژمێرین، ئەو ناکۆکیەی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی هێزە، لە پێناو سەروەریە بەسەر جیهاندا.

ئەم واقیعە بێزراوە، کە ئەخلاق و سیاسەتی لێك جیاکردۆتەوە، بەهۆی بە بنەماکردنی فەلسەفەکانی هێزەوە گەڵاڵە بووە، کە لەسەر چەمکەکانی سوود و جیاوازی و ویستی هێز دامەزراوە، فەیلەسوفەکەمان ڕەخنە لە هەر هەموویان دەگرێ، چونکە مرۆڤی کردووەتە ئامراز نەوەك ئامانج، سەیری کردووە بەوپێیەی خودێکی سەربەخۆی دابڕاوە لە کۆمەڵ، ئەمە بە ڕۆشنی دەردەکەوێ لەلایەن فیختە (١٧٦٢ – ١٨١٤) و نیچە (١٨٤٤ – ١٩٠٠) و برغسون (١٨٥٩ – ١٩٤١) و فەلسەفەی براگماتیەت بەگشتی، لەلای ئەوەی یەکەم، تەنها خود بوونی هەیە، تاکە شتە لەم جیهانەدا هەبێکاتێکیش هەوڵی چەسپاندنی جگە لە خود دەدات، دەچێتە نێو زنجیرەیەك ڕێژنە یان گەڵابوونی دۆخی سۆفیگەرانە، کە دەیبات بەرەو خودی خوا یان خوا، بەوپێیەی ڕێژنەی باڵایە، تەنانەت بەرەو ئەوەی ئەڵمانەکان چاکن[٢]، نموونەی ئەو مرۆڤەن، کە پێویستە زاڵ بێ،

---

[١] Ibid، ص ١٨٣.

[٢] راسل، السلطان، ص ٢٨٦.

ئەمە ئەو بیرۆکەیەیە، نیچە دوای ئەو وەریدەگریٚ و هەولٚ دەدات گەشەی پێبدات لە میانەی پیاوی بالاٚوە، کە دیاردەکانی هێزی شایستەی تێدا دەدرەوشیٚ، تەنها دان بەو بەهایانەدا دەنیٚ کە ژیان دەبوژێننەوە، بەم پێیەش مێگەلٚ تەنها ئامرازێکە بۆ دەستەبەری گەورەیی پالٚەوان، هەمان شت سەبارەت بە فەلسەفەی پەرەسەندگەرای برغسون، دادەمەزریٚ لەسەر ئەوەی تێگەیشتن لە ژیان لە ڕێگەی کاری حەزە چالاٚکەکانە، کە لە سۆزەوە گەلاٚلە دەبن[1]، سەبارەت بە براگماتیەت، بڕای وابوو ڕاستی بیروباوەر، پشت دەبەستێت بە ئەنجامی چاك و دلٚخۆشکەر، واتە بنچینە لەم ژیانەدا، بریتییە لە ئەندازەی ئەو سوود و خۆشی و چێژانەی بۆمان فەراهەم دەکات[2].

حەز کردن لە دەسەلاٚت و هێز، ئەگەر بەشێکیش لە سروشتی مرۆیی پێکبهێنن، ئەوا بەرپابوونی چەند فەلسەفەیەك لەسەری تەواو شێتیە، واقیعی هاوچەرخ بەهۆی ئەو جەنگە درێوانەی بەخۆیەوە دەبینیٚ، تەنها بەرجەستەکەر و شوێنەوارێکی کۆمەلاٚیەتیە بۆی، بەمەش هەرگیز حەزە کۆمەلاٚیەتیەکان ڕازی ناکات.

لەوەی پێشتر ڕوون دەبێتەوە، ئەخلاق لە سیاسەتدا، وەك چۆن ڕەسل مەبەستیەتی، پەیوەستە بە کۆمەلگەی نێودەولٚەتیەوە، بەشێوەیەکی تایبەت، بە ناکۆکی نێوان خۆرهەلاٚت و خۆرئاوا، ئەو ناکۆکی و ململانێیەی، لەم سەردەمەی ئێمەدا ڕووی نوێی وەرگرتووە، لەوەتەی داڕوخانی یەکێتی سۆفیەتی لە سالٚی ١٩٨٩، تاکە دەرگا بۆ دەرچوون لەم دۆخە، کە پێشڕەوی بەرەو چەکدارکردن و بەدەستهێنانی چەکی کۆمەلکوژ، دواتر فەراهەم کردنی ئاشتی، خۆی لە دروستکردنی حکومەتێکی جیهانیدا دەبینێتەوە، بە دلٚنیایەوە بە گریمانەکردنی شکستهێنانی یەکێك لەلایەنە ململانیٚ کارەکان. بەهۆی ڕەتکردنەوە و دژایەتیە زۆرەکەی بۆ شوعییەت، ڕەسل بەردەوام بوو لە خستنەڕووی ئەم دۆخە، ڕوونی کردەوە ئەستەمە ئەم سیستەمە سەربازیە

---

[1] Ibid، ص ٢٨٩.

[2] Ibid، ص ٢٨٨.

تۆتالیتاریە لەسەر زەوی باڵادەست بەسەر جیهاندا، چونکە لەسەر ڕقو کینە دادەمەزرێ، دواتر ئەو چارەسەرەی لەبەردەمماندا ماوە، ئەوەیە خۆرئاوا سەربکەوێ، ئەمەش چارەسەری هەرە باش نییە، چونکە باڵادەستی سەربازی یەکلاکەرەوە دەبێ.

مانای وایە دروستکردنی حکومەتێکی جیهانی، ئەنجامی ڕەزامەندی نێوان وڵاتان دەبێ، هەروەها لە نێوان گەلان بەشێوەیەکی تایبەت، سیاسەت ئامانجەکەی دروستکردنی قەناعەتە، بەوەی جەنگ هیچ ڕۆژێك یەکلاکەرەوە نەبووە، بەڵکو تەنها ئاشتی بووە، یەکەم هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی ئەمە، بریتییە لە کەم کردنەوەی بانگەشەی دژبەرایەتی و مۆڵەتتدان بە ئاڵوگۆڕی ئازادی زانیاری لە نێوان هەر دوو لایەندا[1].

سەقامگیری کۆمەڵگە، دواتر ئاسایش و سەلامەتیەکەی بەستراوەتەوە بە زاڵبوون بەسەر ئەو دەمارگیرانەی، کە بیرۆکەی ئەوەیان بەسەر ژێریاندا زاڵە، کە ئەوەی بەرامبەر خراپە، تەنها سیاسەتی ڕەزامەندانە، مسۆگەری چارەسەرکردنی کێشەکە دەکەن و دەرچوون لەم دۆخە فەراهەم دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هۆشیاری سیاسی، ئەمەی دوایی وێنای ناشرینترین و خراپترین وێنە دەکات، لەبارەی سروشتی مرۆیی، وەك ئەوەی زۆرانبازی کۆن لە شێوەیەکی تازەدا دەگەڕێتەوە، ئەمە ئەو دۆخەیە کە بەشێوەیەکی کرداری بەرجەستەبووە لە دیاردەی جەنگی سارددا.

ئەو واقیعەی گومان و دوودڵی بڕیاری لێدەدات، گەورەترین هەڕەشە پێکدێنێ لەسەر ئاشتی جیهانی، تەنها دەوڵەتە بێ لایەنەکان دەتوانن کەشی دانوستان و دیبلۆماسیەت دروست بکەن، لە میانەی ئەمەشدا کەمترین بەدەستدێ، هەروەك ڕەسل دەڵێ "ماوەی وەستانی نەرێنی"[2]، زۆر بەڕوونی لەوەی پێشتر خراپەڕوو، ئەوە دەردەکەوێ ڕەسل وێنای پەیوەندی نێوان وڵاتان دەکات،

---

(1) راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ص ٢٠٠.

(2) Ibid، ص ٢٠٧.

وەك هەمان دۆخی پەیوەندی نێوان تاکەکان، وەك ئەوەی دواتر بە یەکسانی بمانگێڕێتەوە بۆ لای توماس و هوبز و ئیمانویل کانت.

لە چوارچێوەی قسەکردنی لەبارەی پەیوەندی ئەخلاق بە سیاسەتەوە، لە کتێبەکەیدا (السلطان) شرۆڤەیەك دەخاتەڕوو، بۆ کەسایەتیە مەزنەکانی مێژوو، کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە ڕووداوەکانی سەدەدا، وەك: کرومویل و لینین و هێتلەر و مۆسۆلینی، سێ کەسایەتیەکەی یەکەم، پۆلێن دەکرێن لە لایەنی دەروونیەوە، بەوەی ئەوان نموونەیەکیان پێکهێناوە بۆ سەرکردە سەربازیەکان، ئەوانەی کە خاوەن بڕوایەیەکی ئاینی قوڵن، ئەمە وای لەوان کردووە بڕوایان وابێ ئەوان هەڵبژێردراون بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی گەردوونی، ئەمە ئەو هۆکارەیە کە متمانەی دروستکردووە لەلای شوێنکەوتووانی سەبارەت بە سەرکردایەتیان، ئەمە بەپێچەوانەی ئەوەی کۆتاییە، کە لە تێڕوانینی ڕەسلدا، هاوشێوەی ناپلیۆنە، ئەم سەربازە هەلپەرستە، کە شکۆمەندی کەسی حوکمی کردووە[1].

جۆر باو لە سیاسەتمەداری ڕاستەقینەی سەرکەوتوو، ئەوەیە دەزگایەك بەکاربهێنێ کە هەبێ، لە کۆتاییدا بتوانێ زاڵبێ بەسەریدا، بیکاتە ئامرازێکی ملکەچی ویستی خۆی (ئەمە لە سیستەمی دیموکراسیدا)، شتەکە لە کاتەکانی شەڕدا جیاوازە لەگەڵ کاتی ئاشتی، لە دۆخی ئاشتیدا ئەوەندە بەسە ئەوە دەربخات کە پیاوێکی چەسپاوە و خاوەن حوکمێکی هاوسەنگە، بەڵام لە کاتەکانی هەڵچون و جۆش و خرۆشیدا، ئەوا پێویستی بە هونەری گوتاربێژی هەیە، واتە توانای قەناعەت پێکردنی جەماوەر، بەوەی ئەو پیاوی باش و گونجاوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی دەیانەوێ"[2].

لە پاڵ ئەمەدا، هەروەك ڕەسل دەڵێت: بە ئامانج گرتنی سیاسەتمەداران بۆ بەرژەوەندییە کەسییەکانیان، وای کردووە ئەم گۆڕەپانە زیاتر دووڕ و دەستکرد بێ، لە کاری بازرگانی یان

---

(1) راسل، السلطان، ص ٢٧.

(2) Ibid، ص ٥٦.

پیشەسازی، تەنانەت ژمارەیەك لە پیاوانی پیشەسازی و بازرگانی، هونەری هەڵخەڵەتاندنی سیاسیەکانی‌یان بەدەستهێناوە، فێری ڕێگەی بانگەشەکردنی ئەوە بووینە، کە بەرژەوەندی گشتی ئامانجی ئەوانە، لە پاڵ کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، گومان لەوەدا نییە ئەمە نموونەیەکە لەبارەی ئاڕاستە بۆ دروستکردنی یەکگرتن و ئاوێتەبوونی سیاسەت و ئابووری()، واقیعی هاوچەرخ جەخت لەمە دەکاتەوە.

کرۆکی کێشەکە خۆی دەبینێتەوە، لەوەی تێڕوانینە سیاسیەکەمان، کەمتر زیرەکانەیە، لەو ئاستە زانستیەی پێیگەیشتووین، شارەزایی و لێزانیمان سەبارەت بەو ڕێگەیانەی زیاتر لەوانی سەردەکێشن بۆ ئەوەی ژیان بەختەوەر و درەوشاوەتر بێ، لەم چوارچێوەیەدا، نزیك کردنەوەی هابرماس بە خاوەن بەهایەکی مەزن دادەنرێ، چونکە ئەوەی داواکراوە گوێزرانەوەمانە لە مانای ئەخلاق، وەك چۆن بۆمان شۆڕبووەتەوە لە دوو توێی میتافیزکیای نەریتی، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی تازە بنیات بنێین، بارودۆخە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکان دەیسەپێنن، بەهۆی کەڵەکەبوونی زانین و مەعریفی، بۆ ئەوەی ئەرکەکەی ببێتە گەڵاڵەبوونی ئەو بنەمایانەی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەوانی تردا ڕێکدەخات، بەتایبەت لە سایەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیە نوێبووەوەکان، کە پەیوەستە بە تاك و کۆمەڵەوە بە یەکسانی، بە تێڕوانینی هابرماس بۆ ئەوەی ئەمە جێبەجێ ببێ، دەبێ پەیوەندیەکی نوێ گرێبدرێ، لەسەر ئەخلاقیاتی گفتوگۆی تایبەت دابمەزرێ، چونکە سەردەمی جیهانگیری کە لە سایەیدا دەژین، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە دۆخی تاکە کەسیەوە دەمانگوازێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵی یان کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان.

ئێمە لە سەردەمی زاڵبوون و باڵادەستی زانستی ڕاشکاودا دەژین، پەیوەندی نێودەوڵەتی فەراهەم کردووە، دامەزراو لەسەرلۆژیکی هێز، ئەمەش وا دەکات پرسیارێك بخرێتەڕوو لەبارەی

() Ibid، ص ٢٢٢.

ئەوەی بەرپابوونی ئیتقایەکی تازە پێویستە، ئەمە ئەو پرسەیە کە پەیوەستە بە ئەنجامی ئەخلاقی بۆ زانست بێ کێشمەکێش، ماناکەی ئەوەیە عەقڵ دەربخرێ بۆ بواری گشتی، بۆ دڵنیابوونی بەشداری لە گفتوگۆدا لە میانەی پیادە و ڕاهێنان کردن لەسەر مشتومڕی خودگەرایی ئاڵوگۆڕکراو، کە پلەیەك لە بەرپرسیارێتی دەسەپێنێ[1]، هەروەها مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری[2]، بەمەش تەنها پەیوەندی هەبوون توانای دەبێ لەسەر بەرجەستەکردنی ڕێکەوتن، بەهۆی کاری نارەزایەتی بەرپابوو لەسەر تاوتوێکردن و قەناعەت پێ هێنان، پشت بە هێز نابەستێ، هابرماس ئیتیقای مشتومڕی لە ئەخلاقیاتی کانت وەرگرتووە، لەسەر بنەمایەکی گەردوونی بەرپا دەبێ، ئەمە فرمانی ڕەهایە، بەڵام جەخت دەکاتەوە لەسەر گەردوونی بوونی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی نێوان مرۆڤەکان، ئەوانەی پێویستە لەسەر یەکسانی بوەستن، مانای ڕوون لەمە ئەوەیە فەیلەسوف باوەڕی هەیە بە ئەگەری چاککردنی بارودۆخە ناهەموارەکانی ئێستای جیهان، لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی لەخۆی دەگرێ، جیهانێك تەنها بڕوای بە هێز و کاولکاری هەیە، ئەو هێزەی گشت هێزە جیاوازەکانی سیاسی هەوڵ دەدەن بۆ پاساودان بە بەردەوامیەکەی، بە بەڵگەی دامەزراندنی دامەزراوە دیموکراسییەکان، بەڵگەکان لەسەر ئەمە ناژمێردرێن، لە کاتێکدا ئەوەی داواکراوە، چەسپاندنی زمانی گفتوگۆی ئاڵوگۆڕ کراوە، کە زۆر پێویستە لە سایەی دەستکەوتە هەنوکەییەکانی جیهان.

---

1) يورعن هابرماس، إتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، (بيروت: الدار العربية للعلوم، ٢٠١٠)، ط ١، ص ٢٣.

2) Ibid، ص ٣٥.

**پوختە:**

لەوەی پێشتر خرایەڕوو، ئەوە ڕوون دەبێتەوە قسەکردن لەبارەی ئەخلاق و سیاسەت، خۆی دەسەپێنێ، بە ڕەچاوکردنی نوێبوونەوەی پاڵنەرەکانی خستنەڕووی کێشەی پەیوەندی نێوان هەر دوو بوارەکە و بەشێوەیەکی بێ وەستان، سروشتی مرۆیی بەردەوام لە سەرکەشیەکەی زیاد دەکات و بە تواناکەی بوار فراوانتر دەکات بۆ دەستەبەرکردنی گەورەترین و خراپترین ئەو ئارەزوو و هەوا و حەزە داڕوخێنەرانەی ئەمەی کۆتایی، کە دەکرێ پوختە بکرێن بێ ئەوە کپ بکرێن، لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی، کە ڕێگە بگرێ لە ونبوونی ئازادیەکانی مرۆڤ و بە ڕەوادانانی مافەکانیان، تا بنیاتی ئەخلاقی مرۆڤایەتی لە ناخیاندا نەمرێ، ئەمەش فەراهەم نابێ تەنها لە میانەی چەسپاندنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نەبێ، کە لەسەر بنچینە دروستەکانی دیموکراسیەت دامەزراوبێ، ڕێزگرتن لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ بە کەشی نموونەیی دادەنرێ، بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی دروست بنیات بنێین، لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا، لەبەر ئەوەی پرسەکە لای ڕەسل پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان وڵاتانەوە، هاوڵتیبوونی گەردوونی کە کانت بانگەشەی بۆ کرد و حکومەتی جیهانی کە دەسەڵاتی سەربازی و بەرهەمهێنانی چەك قۆرخ دەکات، هەروەها دامەزراندنی ئەخلاقیاتی گفتوگۆی شارستانی بە تەنها دەتوانێ واقیعێکی مرۆیی باشتر بەرجەستە بکات، بەتایبەت لە سایەی شۆڕشی پەیوەندی و زانیاریدا، کە وایکردووە هەستکردن بە لایەمگیری و هاریکاری فراوان و گەشە بکات، ئەمەش لەوانەیە بەشداربێ لە دروستکردنی هەڵوێستێکی جیهانی، کە وەستاوەتە سەر پێویستی بایەخدان بە ڕەگەزی مرۆیی، پێش ئەوەی جەنگێکی تری گەردوونی لەناوی ببات، کە لەوانەیە لە هەر ساتێکی تردا هەڵبگیرسێت.

**سەرچاوەکان:**


راسل، غزو السعادة، ترجمة: سمير شيخاني، (بيروت: دار الأمير، ١٩٩٥)، ط ١.

راسل، الزواج والأخلاق، ترجمة: عبدالعزيز ابراهيم فهمي، (القاهرة: دار الهناء: ١٩٥٧)، ط ١، ص ١٦٧.

راسل، السلطة والفرد، ترجمة: شاهر المحمود، (بيروت: دار الطليعة، ١٩٦١)، ط١.

راسل، أسس لإعادة البناء الإجتماعي، ترجمة: إبراهيم يوسف النجار، (بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٨٧)، ط ١.

راسل، المجتمع البشري في الأخلاق والسياسة، ترجمة: عبدالكريم أحمد، مراجعة: حسن محمود، (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٦٠)، د. ط.

راسل، آراء جديدة في الفلسفة والإجتماع، ترجمة: عمر مهيل، (بيروت: دار الطليعة، ١٩٦٢)، ط١.

يورعن هابرماس، إتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، (بيروت: الدار العربية للعلوم، ٢٠١٠)، ط ١.

كانط، تأملات في التربية، تعريب وتعليق: محمود جماعة، (تونس: دار محمد علي، ٢٠٠٥)، ط١.

# ئەخلاقی بوونگەرایی لەلای دوستویفسکی

## "تویژینەوەیەك لەسەر ئەخلاق لای بوونگەرا مولحیدەکان"

**کەریم سەیاد**

**کۆلێژی ئاداب، زانکۆی قاهیره – میسر**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەمەش لەوەی پەیوەستە بە بەفلسەفەی بوون بەگشتی، لەوەش پەیوەستە بە "دوستوفسکی" (١٨٢١ – ١٨٨١) بەشێوەیەکی تایبەت، ئەمەش پرسی ئەخلاقە لە چوارچێوەی ئیلحادی بوونگەرادا، کە جارێك خۆی دەبینێتەوە لە مردنی خوا لای نیچە، جارێکی تر لە مردنی باوك لای دوستوفسکی خۆی دەبینێتەوە.

سەختی بنەڕەتی لەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ سەختی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نموونەی هەڵبژێردراوی توێژینەوە، ئەو بیرمەندێکی ئاڕاستەیی نییە، بەڵکو لە کەسێکی ڕۆمانووس و گێڕەڕەوی فەلسەفەکار نزیکە، یان فەیلەسوفێك کە دەنووسێ، بەشێوەی گێڕانەوەی شانۆیی زۆر قوڵ و دەوڵەمەند، ئەوەندە هەیە کاردانەوەیەکی ئاشکرای تۆمارکرد، لەسەر گەشەکردنەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی – لەو کاتدا – واتە لە سەدەی نۆزدەمدا.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم توێژینەوەبە شوێن خستنەڕووی پێشەکییەکان ناکەوێت تا دەگاتە ئەنجامەکان، بەشێوەیەکی نەریتی، بەتایبەت لە بەشی سێیەمیدا (بەشی تایبەت بە توێژینەوەی

خودی دوستوفسکی)، بەڵکو پەنا دەباتە بەر خوێندنەوەی کەسایەتیە ڕۆمانووسەکان، ڕووداوە شانۆییەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕا و بۆچوونانەی لەسەر زمانی ئەو هاتوون، ئەمەش ڕێك بەپێی بیروباوەڕی توێژەر بەوەی هزرەکان گۆڕاون بۆ کەس و ڕووداوەکان لای دوستوفسکی.

لە کاتێکدا پێویستە سەرەتا پرسی ئیلحادی بوونگەرا گەڵاڵە بکرێ، لە بەشی یەکەمدا، بۆ ئاسانکاری بەدواداچوون بۆ نموونەی توێژنیەوە.

کەواتە ئیحادی بوونگەرا چی دەگەیەنێ؟

**یەکەم – ئیلحادی بوونگەرا:**

مەبەست لە ئیلحادی بوونگەرا – کە ئێستا ڕاستەوخۆ توێژینەوەکە تاوتوێی دەکات – ئەو جۆرە ئیلحادە تایبەتمەندەیە، کە جیای دەکاتەوە لە ئیلحادی سروشتی زانستی یان دەستکرد لەلایەك، لەلایەکی ترەوە جیای دەکاتەوە لە ئیلحادی هزری.

ئەگەر ئیلحادی دەستکرد داننەنێ بە بوونی خوایەك لەسەر ئاستی سروشتی، بەهۆی ئەوەی مرۆڤ پێویستی بە بەڵگە माددیە یەکلاکەرەوەکان هەیە لەسەر بوونی ئەو، ئەگەر ئیلحادی هزری داننەنێ بە بوونی خوا لە پێناو چاککردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، باوەڕبوون بەخوا زۆرتر و بەردەوامتر دەکات، ئەوا ئیلحادی بوونگەرا – لەلای بوونگەرایە مولحیدەکان – دەوەستێتە سەر ڕەتکردنەوەی داننان بە دەسەڵاتی خوا لە پێناو پاراستنی ئازادی مرۆڤایەتی، مەترسی بڕیاردان و هەوڵدان بۆ ڕێگە گرتن لەوەی مرۆڤ ببێتە شت لە بەرامبەر فەرمانە ڕەهایە خواییەکان، لەمەدا هەوڵ دەدات جەخت بکاتەوە لەسەر ڕەسەنایەتی پاڵنەرە ئەخلاقیەکان، بەوپێیەی پاڵنەری پوختی مرۆیین.

کەواتە ئیلحادی دەستکرد، ئەنجامێکە بەهۆی پێشەکییە پەیڕەویە زانستیەکانەوە گەڵاڵە بووە، لە کاتێکدا ئیلحادی هزری لەسەر پێشەکیەکان دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر ئەنجامەکان دادەمەزرێ، ئەمە ئیلحادێکی ئامانجگەرایە، هۆکارەکەی بەدی دەکات لەوەی پێویستە بەکرداری لێی بپشکوێتەوە، سەبارەت بە پێگەی ئیلحادی بوونگەرا لە هەمبەر پێشەکی و ئەنجامەکان، ئەوا ناوەندیە، هۆکارەکەشی هەمان ئەنجامەکەیەتی، هەر دووکیان خودی ناوەڕۆکەکەیانن، ئامانجی ئەنجامێك نییە ئومێدی بەدەستهاتنی بکرێ بەشێوەیەکی واقیعیانە، بەڵکو بنچینەی یاخیبوونی خۆی دەبینێتەوە لە خودی کاری یاخیبووندا، کە جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژە دەدات بە سەربەخۆیی لە سەرەتادا، کە پێشەکییە بۆ یاخیبون، دواتر سەردەکێشێ بۆ سەربەخۆیی لەو دەرەنجامەی هەیەتی.

ئەنجامی کۆتایی بۆ ئەم بەراوردکاریە، ئەوەیە ئیلحادی دەستکرد، لە بەڕەتدا دادەمەزرێ لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەودیوسروشت (میتافیزیك) بە چەمکی "خوا"شەوە، هەروەك ئەم دۆخە بۆ نموونە لای کارناب[١] بەدی دەکرێ، لە کاتێکدا ئیلحادی هزری، دادەمەزرێ لەسەر هەوڵی درك کردن بە ئامانجی کرداری سیاسی یان کۆمەڵایەتی بەوەسفی میتافیزیکی یان ئایین وەك بنیاتی سەروو، هەروەك بۆ نموونە ئەمە لای مارکس بەدی دەکەین[٢]، سەبارەت بە ئیلحادی بوونگەرا، ئەوا ئیلحادێکی ئەخلاقی بەهاییە، ئیلحادێکی ئەکسیولوژی نەوەك ئەنتۆلۆژی و هزری.

---

(١) "کارناب دەست بە شرۆڤەی وشە میتافیزیەکان دەکات، دەری دەخات کە بێ مانان، نموونەی ئەم وشانە: بنەمای بوون و خوێتی (ناوەڕۆك) و خوا" محمود رجب: المیتافیزقا عند الفلاسفة المعاصرین، (دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦، ط ٢)، ، ص ٢٤٠.

(٢) "فەلسەفە یان میتافیزیك، سەرباری ئەوەی پوختە، ئەوا هەر پەیوەستە بە واقیعەوە، لەبەر ئەوەی... ئەو چینەی هزر دروست دەکات، میتافیزیك وەك چەکێك بەکاردێنن بۆ بێهۆشکردنی گوێچکەکانی خەڵك"، هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٥.

بەهەمان شێوە بڕوانە: "دەرەبەگایەتی جەنگی مەرگی خۆی دەکات، لە دژی بۆرژوازیەت، کە ئەو کات شۆڕشگێڕی بوو، ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ئاینی، تەنها جاڕدانی زاڵبوونی ئازادی بەیەکداچوون بوو لە بواری زانین و مەعریفە"

له پێناو توێژینەوەی ئەم پرسە، دەبێ ئەم بەشە دابەش بکرێ بۆ دوو بەشی نەرێنی و لایەنی ئەرێنی، بەشی یەکەم، چارەی لایەنی ئیلحادی ئەخلاق دەکات، بەوەی دژی بڕوای نا ئەخلاقییە، لە کاتێکدا بەشی دووەم چارەی لایەنی دووەمی ئەخلاقی ئیلحادی دەکات، کە بەرپابوونی بەلایەنی کەمەوە دەسەپێنێ وەك مەرجی بۆ سەندنەوەی ئەخلاقی ئیمانی.

## ١- ئیلحادی ئەخلاقی:

مانای ئیلحادی ئەخلاقی بریتییە لە ئیلحاد لە پێناو هەڵوێستێکی ئەخلاقی، ئەو هەڵوێستە نابێتە ئەخلاقی، تەنها لەگەڵ فەراهەم بوونی چەند مەرجێکی دیاریکراو نەبێ، شایەنی باسە ئەم مەرجانە — لە تێڕوانینی ئیلحادی ئەخلاقیدا — هەرگیز لە هەڵوێستی ئیمانیدا بەرجەستە نابێ.

بەشێوەیەکی زیاتر ڕاستەوخۆ و بەستراوە بە پێشەکی پێشووی ئەم بەشە، دەکرێ بوترێ: ئیلحادی ئەخلاقی، بریتییە لە ئیلحادی بوونگەرا لەلای مولحیدە بوونگەراکان، ئەمە ئەوەیە کە دیاری دەکرێ لە ڕێگەی بەمەرجدانانی گشتگیر بۆ فەلسەفەی بوون وەك گشت، واتە ئەوەی جیای دەکاتەوە لە فەلسەفەکانی تر، لەم دوو خاڵانەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:

- ڕوانینە خودی مرۆڤی بکەری دیاریکراو، بەوپێیەی بابەتی بنەڕەتییە بۆ توێژینەوەی فەلسەفی[1].

---

کارل ماركس و فريدريك إنجلز: البيان الشيوعي، ترجمة العفيف الأخضر (دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ١٩٨٨، ط١) ص ٤٦.

() "ئەم شێوازە لە فەلسەفەکاریدا... فەلسەفەیە زیاتر لەبارە خودەوە، لەوەی فەلسەفەبێ لەبارەی بابەتەوە... ئەو خودەی دەستپێشخەری دەبات لە کاردا، دەبێتە ناوەندێك بۆ هەست و ویژدان" جون ماكوري، الوجودية (ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، مراجعة فؤاد زكريا، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٢، بدون رقم الطبعة) ص ١٢.

- چارەکردنی خودی تاکە کەسی، لەسەر بنچینەی جیاکاری کردن لە نێوان ئەوەی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆك (ماهية)، بەمەرجی پێشتربوونی یەکەم (ئەوەی هەیە)[1].

ئیلحادی بوونگەرا، داننەنانە بە دەسەڵاتی خوا، بە ناوی پاراستنی ئەم دوو بنەمایە، کە دەمانگەیەنێ بە دوو خاڵی کۆتایی:

یەکەم: چونك ئەم بەمەرج گرتنە جیاوازی دەکات لە نێوان ئیلحادی بوونگەرا، بە ئیلحادی ئەخلاقیشەوە، لە ئیلحادی دەستکرد و هزری؟

دووەم: چۆن هەڵوێستی پێچەوانە (واتە: ئیمانی) سەردەکێشێ بۆ کرچ و کاڵی گەیاندن بە مەرجدانانی پێشوو؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم، بەوەی ئیلحادی ئەخلاقی نکۆڵی کردنە لە دەسەڵاتی خوا، نەك بوونی خوا، ئەمە هەوڵێکە بۆ یاخیبوون، هەوڵێکە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، هەر چەندە مەترسیەکەی زۆر بێ، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی هەڵە و دوودڵیش بێ[2]، تەحەددای دەسەڵات دەکات، تەنها بەوەی دەست بە تاوتوێکردنی بکات، کاتێك تاوتوێی دەکات، ئەوا بە

---

بەهەمان شێوە بڕوانە: "کەواتە بوونگەرایی... ئاڕاستەیەکی گشتییە بۆ دۆخی مرۆیی" د. يمنى طريف الخولي، الوجودية الدينية (دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥، ط ٢) ص ٤٢.

(1) "سارتەر بە گوزارشت کردن لەم تێڕوانینە دەڵێت: بوونی مرۆڤ پێش ناوەڕۆك (ماهیەت)ەکەی دەکەوێتەوە. جون ماكوي: مرجع سبق ذكره، ص ١٣. د. يمنى طريف الخولي، المرجع السابق، ص ٥٠.

(2) "یاخیبوونی میتافیزیکی ناڕەزایەتی دەردەبڕێ لەسەر تەواو نەبوونی ژیانی مرۆڤایەتی، وەك چۆن لە مردندا بەرجەستە دەبێ... لە خراپەدا... بە پاشکۆیەتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە دانبنێ بەو دەسەڵاتەی بەسەریدا دەسەپێنێ لەم دۆخەدا بژیەت، کەواتە یاخیبووی میتافیزیکی نکۆڵی لە بوونی خوا ناکات، بەڵکو دان دەنێ بەبوونیدا و بە بنچینەی مردن و خراپەی دادەنێ" ألبير كامي: المتمرد، ترجمة عبدالمنعم الحنفي (الدار المصرية، القاهرة، ١٩٦٤، بدون رقم الطبعة) ص ٣٢.

ناڕاستەوخۆ داندەنێ بە بوونی ئەو لەسەر ئاستی ئەنتۆلۆژی[١]، چونکە — هەروەك پێشتر خرایەڕوو — ئیلحادێکی بەهاییە نەوەك ئەنتۆلۆژی[٢].

بەمە ئیلحادی ئەخلاقی، هەوڵێك دەبێ بۆ پاراستنی گونجانی ئەنجامدانی هەڵە، دانانی ئەم گونجانە بە مەرجێك بۆ لەباری ئەنجامدانی کاری رشاست بەهەمان شێوە، بەڵکو دانانی هەڵە بە بەشێکی پێویست لە ئەزموونی هەستی بکەر، کە توانای یاسادانانی بۆ خۆی هەیە، واتە ئەزموونی ئۆتۆنۆمی.

بەمە ئیلحادی دەستکرد و هزری، کورت دەبێتەوە لەسەر نکۆڵی کردن لە بوون، نەچوونە ناو مشتومڕکردن لەگەڵ دەسەڵات، ئەگەر نا ئەمە ڕەتکردنەوەی نەرێ و نەبوون دەبێ، هەروەك دەبینین ئەمە جیاوازیەکی بنەڕەتییە.

سەبارەت بە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم: ئەوا ئەوەیە ئێمە تێبینی دەکەین، کە کرۆکی ئەم هەڵوێستە ئەخلاقیە، دوودڵی و شڵەژانی بەردەوامە لە دۆخی کێشمەکێشی کۆتا نەهاتوودا، ئەمە شڵەژانێکی داهێنەرە، هەردەم لای شتی نوێ و دەگمەن دەوەستێت، بە دیاری کراوی: دوودڵی بوونگەرایە بە هەموو ئەو ئێش و ئومێدانەی هەڵیدەگرێ.

هەڵوێتی ئاینی، بەم دوودڵیە ئۆتۆنۆمییە ڕازی نابێ، وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی بوونی مرۆیی، بەڵکو بەرەو پێویستی زاڵبوون بەسەریدا دەچێ، بە یەکلاکردنەوەی وەڵامدانەوەی

---

(١) "کۆیلە و بەندە ناڕەزایەتی دژی گەورەکەی دەردەبڕێ، بە ناڕەزایەتیەکەی جەخت دەکاتەوە لە بوونی ئەم گەورەیە... بەهەمان ڕێگە جەخت دەکاتەوە لەسەر بوونی ئەو دەسەڵاتەی یاخیبوونی خۆی لە دژی ڕادەگەیەنێ، بە بەردەوامی تاوتوێکردنی" سەرچاوەی پێشوو، هەمان شوێن.

(٢) "یاخیبوون ڕەتکردنەوەیەکی تەواو نییە، بەڵام چەند بەهایەك دەبینین، بەناویانەوە یاخیبوون بەرپا دەکرێ" سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١.

پرسیارەکان[1]، بەهەمان شێوە، لێرەدا هەندێك ڕێبازی ئۆتۆنۆمی تر هەن، داننانێن بە بوونی دوودڵی گرنگیەکەی وەك ڕێبازەکانی چێژ و سوودی گشتی[2]، هەر بۆیە ئیلحادی ئەخلاقی دەناڵێنێ لە بەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی (نا دوودڵی ئاینی) و (نا دوودڵی عەلمانی).

یەکلاکردنەوەی هەڵوێست بە بڕوا و ئاسوودەیی، شتێکی تەواو نا ئەخلاقییە لە ڕوانگەی بوونگەرایە مولحیدەکان، زاڵدەبێ بەسەر بوونی ڕەسەندا، ئەو بوونەی هەبوو تیایدا توانای دیاریکردنی ناوەڕۆکەکەی هەیە، ئەو بوونەی بە تایبەتمەندی جیاوازە، ئەمە بیرۆکەیەکە چەمکی فرێدانی سارتەری لەسەر وەستاوە، واتە خوا مرۆڤی فرێداوە، یاسادانەری پێشینە بوونی نییە، کردنەوەی دەرگای شیاوە بوونەکان (الممكنات) بێ ناوەڕۆکێکی دیاریکراو[3]، تەنها دوو مەرجی وێنەیی هەن: داهێنان و ناوازەبوون لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بەرپرسیارێتی مەزن[4]، بەمەش هەڵوێستی ئەخلاقی زیاتر لە داهێنان نزیك دەبێتەوە نەوەك لە شوێنکەوتن، نزیکتر دەبێ لە هەڵوێستی ئەو هونەرمەندەی داهێنان دەکات، بێ ئەوەی شوێن پێی نموونەیەکی ڕێنیشاندەری بکەوێت، ئەمە خودی بوونی ئەوە بە ئەخلاقی.

---

(1) نموونەی ئەمە هەڵوێستی تیلیشە "بڕوابوون بە چاودێری خوایی، دوودڵی ئونتیقی کپ دەکات، بڕوابوون بە لێخۆشبوون، شڵەژانی ئەخلاقی ناهێڵێ، بڕوابوون بە پەروەردگار... شڵەژانی ڕوحی لادەبات" يمنى طريف الخولى: مرجع سبق ذكره، ص ١٢٠، ١٢١.

(2) "فەیلەسوفی بوونگەرا بە توندی دژی جۆری ئەخلاقی عەلمانی دەوەستێتەوە، کە دەیەوێ خوا بە کەمترین هەوڵ و تەقڵا وەلاوە بنێ" جان بول سارتر: الوجودية فلسفة إنسانية، ترجمة: حنا دميان (دار بيروت، لبنان، ١٩٥٤، بدون رقم الطباعة)، ص ٢٣.

(3) جون ماكوري: مرجع سبق ذكره، ص ٢٨٩، ص ٣٠٠.

(4) "گوزارشتی کۆتایی لە کتێبی د. عبدالرحمن بەدەوی لەبارەی ئەخلاقی بوونگەرا ئەمەیە: "ئەگەر بۆ بوون دروست بووبا فرمانی داخوازی بەکارهێنابا، ئەوا دەیوت: چی دەتەوێ بیکە مادەم تازەیە" عبدالرحمن بدوي: هل يمكن قيام أخلاق وجودية؟ مكتبة النهضة المصرية، ١٩٥٣، ص ٢٤٨.

لەوبەری دژەوە، بوونگەرایە بڕوادارەکان دەوەستن، نموونەی ئەمانە وەك: کیر کجور، لە بیرۆکەکەی سەبارەت بە وەستانی ئامانگەرا بۆ ئەخلاق، کە نموونەی بۆ دەهێنێتەوە بە هەڵوێستی پێغەمبەر ئیبڕاهیم، کاتێك گوێڕایەڵی فەرمانی خوایی بوو، بە سەربڕینی کوڕەکەی، سەرباری ئەوەی ئەمە تاوانە، کیرکجور هیچ نەنگیەك نابینێ لە هەماهەنگی نواندن لە نێوان خودگەرایی و تاکگەرایی و ئەم هەڵوێستە، پێی وایە گوێڕایەڵی ئیبڕاهیم بۆ پەروەردگاری بەرجەستەکردنی خودێتی ئیبڕاهیم بوو، کە بڕیاریدا گوێڕایەڵی خوا بێ، بەڵکو ئەم هەڵوێستە بگرێتەبەر وەك نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکەی(١).

تێکگیران شتێکی سروشتییە لە نێوان خودگەرایی و وەستانی ئامانجگەرا، چونکە بەرجەستەکردنی وەستاندن بۆ یەکجاریش بێ بەم شێوە تەواوە، هەموو سنوورەکانی خودگەرایی قوت دەدات، چونکە زاڵ دەبێ بەسەر ئەگەر هەڵبژاردن و بڕیاردان لە دواتردا.

مەترسیدارتر لەمە، دەسەڵاتی خوایی ڕاستەوخۆ بۆ مرۆڤ نادرەوشێتەوە، بەڵکو لە میانەی هەندێك دەقەوە دەبێ، کە کاتێك بۆ جەماوەر دەچێ، کە دەستەبژێرێك مانا و ئامانجەکەی دیاری دەکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ وەستانی ئاماندگەرا، لەوانەیە بە ئاسانی لە سایەی شارستانیەتی سیۆنومیەت یان هتیرونومیەتدا ببێتە بنچینەیەك بۆ سەرکوتکردنی سیاسی و زانین و مەعریفی.

ڕێگەی هەڵاتن لەم کێشەیە یان بۆ سەرەوە یاخود بۆ خوارەوەیە، واتە یان خوا بە مرۆڤ دەبێ (وەك عیسای مەسیح) یان مرۆڤ بە خوا دەبێ (هەروەك هەندێك کەسی دوستوفسکی و کراسکولنیکوف و ئیفان کارامازوف هەوڵیانداوە)(٢).

(١) جون ماكوري: مرجع سبق ذكره، ص ٣٠٣ ـ ٣٠٥.

(٢) "ڕێبازی هەر یەك لە سارتەر و نیتچە فراوان دەبێ، بەشێوەیەك ڕووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە... بۆ ئەم نەدیارە بێ سەرەتایە (واتە: خوا) ئەرکی خوا بەتاڵە بە مردن و نکۆڵی کردن لە بوونی، بەڵام لەسەر مرۆڤە بەخۆی

## ٢- ئەخلاقی ئیلحادی:

ئەمە لایەنی ئەرێنیە لەم بەشەی پێشەکیەدا، مانای ناونیشانەکە: ئەخلاقی ئیلحادی نییە بە ڕەهایی، بەڵکو مەبەست لە ماناکەی: ئەخلاقی ئیلحادییە بە مانای بوونگەرایی بۆ ئیلحاد، هەروەك پێشتر ڕوونکرایەوە، بەهەر حاڵ، ئەخلاقی بوونگەرای مولحید، هەرگیز بەرپا نابێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە دەکرێ ئەخلاقێکی داهێنەرانە بەرپا ببێ، بێ نموونەیەکی ڕێنیشاندەری هەنگاو بنێ، ئەخلاقی داهێنەرانە بە خودی خۆی، هەنگاو نانێ، تەنها لە بنچینەی ئەخلاقی عەلمانی ئۆتۆنۆمیەوە نەبێ، هەر بۆیە دەگەیەن بەم ڕیزبەندیەی خوارەوە بۆ پرسەکانی پێشوو:

- ئایا دەکرێ ئەخلاقێکی عەلمانی ئۆتۆنۆمی بەرپا ببێ؟
- ئەگەر کرا، ئایا دەکرێ ئەخلاقێکی داهێنەرانە بەرپا ببێ؟
- ئەگەر کرا، ئایا دەکرێ ئەخلاقێکی بوونگەرای ئیلحادی بەرپا ببێ؟

پرسی بنچینەیی لە عەلمانیەتدا ئەخلاقە، چونکە بنچینەی یاسایە (یان یاسادانانە)، پرسی بنچینەیی لە ئەخلاقی عەلمانیدا، چەق دەگرێ بە دەوری دوو گرێ کوێرەی سەرەکیەوە:

یەکەم: نەبوونی ڕێکەوتنێکی بابەتی، لەسەر پێوەرێکی ئەخلاقی بابەتی لە دۆخی نەبوونی فرمانی ئەخلاقی ئاینی.

دووەم: نەبوونی پاساوپێدانێکی بابەتی، بۆ پابەندی ئەخلاقی لە هەمان دۆخدا.

---

بەگەڕی بخات" د. صلاح قنصوة: نظرية القيمة في الفكر المعاصر (دار الثقافة، القاهرة، ١٩٨١، بدون رقم الطبعة)، ص ١٧٣.

شتەکە پێویستی بە درێژکردنەوە ناکات، لە بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەی یەکەم، لە سنووری بوونگەرایی ئیلحادی، چونکە توێژینەوە پێشی کەوت، لە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی ڕەسەنایەتی کرداری ئەخلاقی هەڵدەقوڵێ لە داهێنان و تاکایەتی و بابەتیەکەی، ئەمەش وێنەی نەرێنیە بۆ گشت ئەمە، ئەمەش بۆ ئەوە زیاد دەکرێ، ئەلاقی دوگماتیقیەت تەنها لەسەر بیروباوەڕی دوگماتیقی دادەمەزرێ سەبارەت بە بوون و سروشتی خوا، ئەمە زاڵ دەبێ بەسەر ژیرمەندێتی خوازراو لە بواری ئەخلاقی بابەتی، کە نەبوونی بابەتی بوونی هاووێنەی ئەم بیروباوەڕە دوگماتیقیە بەشێوەیەکی گشتی بەسەریدا زاڵە.

بەڵێ شتەکە پێویستی بە زیاتر نییە لە سنووری بوونگەرایی ئیلحادیدا، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە کرا بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەی هەر عەلمانیەك بگرێتەوە، چ بوونگەرا یان جگە لەو بێ، ئەوا ئەمە پێویستی بە فراوانکاری زیاتر هەیە لە خاڵی پێشوودا.

ئەخلاقی بابەتی بوونی ئاینی، دادەمەزرێ لەسەر بوونی خوا و چاکەخوازی و چاودێری و توانا گشتگیرەکەی، ئەگەر هەر یەکێك لەم چوار بنچینانە کرچ و کاڵیان تێکەوت، ئەوا دەڕوخێ، کەواتە سوود و کەڵك بوونی نییە لە بوونی خوایەکی شەڕخواز یان خێرخوازی بایەخ نەدەر بە مرۆڤ، یان بایەخ بە مرۆڤ بدات بەڵام دەستەوەسان بێ، کەواتە ئەخلاقی ئاینی دادەمەزرێ لەسەر بنچینەی متمانەی ڕەها بەم سیفەتانە.

بەڵام چۆن مرۆڤ دەتوانێ مانای خێرخوازی بزانێ، پێش ئەوەی شارەزای ئەخلاق و خێر و چاکە بێ؟ ئەمە پرسیارێکە، مەبەستەکەی ڕەوانبێژی ڕەتکردنەوەیە، پێویستە مرۆڤ چاکە بناسێ پێش ئەوەی بڕوا بەم بنچینەیە بێنێ لە بنچینەکانی ئەخلاقی ئاینی[1].

---

() "پێم وایە ئێوە ناتوانن هیچ تێگەیشتنێکی هاوسەنگ لەخۆبگرن، ئەگەر هاووێنەی ئەم تێگەیشتن و چەمکە بوونی هەبووبا، سەبارەت بە خوا، بە گوێرەی ئەوەی نەریتی جولەکە یان مەسیحی یاخود ئیسلامی دەیەوێ، بێ ئەوەی هیچ تێگەیشتنێکی پێشووترتان هەبێ بۆ ئەخلاق بەلایەنی کەم".

مادەم مرۆڤ چاکە دەناسن، کەواتە چ پێویستیەکیان بە یاسادانانی خوایی سەرووی مرۆڤەوە هەیە؟

بەم لۆژیکە دەتوانرێ وەڵامی تیلیش بدرێتەوە، کاتێك ویستی زاڵبێ بەسەر جۆرە جیاوازەکانی دوودڵی لە ڕێگەی بڕوابوون بە خوا و لێخۆشبوون و چاودێری، بەڵکو بڕوابوون بە چاودێری خوایی، مرۆڤەکان دەگۆڕێ بۆ منداڵی نا پێگەیشتوو، دواتر زاڵدەبێ لەسەر گریمانەی چاکە و خێرخوازی[١]، سەبارەت بە "وەستاندنی ئامانجگەرا بۆ ئەخلاق" لەلای کیرکجور، ئەوا وێنای خوا دەکات بە شێوەیەکی تێکگراو، لەوانە بڕوادار پاڵبنێ بۆ خودی هەڵگەڕانەوە.

ڕەخنەی دووەم مەترسیدار و ئاڵۆزترە، ئەخلاقی ئاینی، بەهۆی ئەو شایستەییەی بۆ سزا و پاداشت لەخۆ دەگرێ، زیاتر توانای هەیە لەسەر بەرپەرچدانەوەی ستەمکار، پاڵنانی مرۆڤ بۆ کاری خراپ، بەڵام... ئایا ئەمە سەرناکێشێ بۆ بچوکبوونەوەی ناخەکان و بەرتەسکبوونەوەی ویژدان و ژیریەکان؟ ئایا ئەمە ئەوە نییە کە یاسبرز ناوی لێدەنا (ئاسوودەی جیهانی کەلتوری مەسیحی بۆرژوازی، کە ئازادیەکەی تێکداوە و دۆخی پەیوەندیە ڕاستەوخۆکانی بە بنچینە شێواندووە)؟[٢]، دوورتر و مەترسیدارتر لەمە، ئایا ناکرێ ئەم

---

J. p. Moreland and Kai Nielsen: Does God Exist? (Prometheus books, Bufflo, New York, USA, 1990. No ed. no) pp. 98 – 99.

– بەهەمان شێوە بڕوانە: "ئەگەر پێوەرێکی ئەخلاقی پێش ویستی خوایی نەبێ، ئەوا پێوەرێکمان نابێ بۆ ئەوە ئەخلاقییە، وەسف کردنمان بۆ خوا بەوەی خێری گشتیە، ئەوە دەسەپێنێ کە خوا ئەوە ی چاکە دەیکات، ئەمەش واتە پێوەری کۆتایی بۆ چاکە سەربەخۆ و جیایە لە ویستی ئەو" عادل ظاهر، نقلا عن عاطف أحمد: الإسلام والعلمنة (دار مصر المحروسة، القاهرة، ٢٠٠٤، ط ١)، ص ١٩٤.

(١) ئەخلاقی ئاینی بە فشارەکەی لەسەر بایەخدان و چاودێری، دەوەستێتەسەر وەرچەرخاندنمان بۆ زارۆك.

- J. p. Moreland and Kai Nielsen, op. cit, p. 1□□.

(٢) جون ماكوري، مرجع سبق ذكره، ص ٣٠٩.

چەشنە لە ئەخلاق، سەرەتایەك بێ بۆ چەند سەدەیەکی ناوەڕاستی تازە، مێژوویێکی نوێ بۆ جەنگی خاچپەرستی، چونکە زاڵدەبێ بەسەر ناخی تاك لە بەرژەوەندی ناخی گشتی و دەسەڵاتی زانین و مەعریفی ناوەندی؟

لە واقیعدا ئەخلاقی ئاینی بە کرداری تواناداترە لەسەر پابەندکردن، لەگەڵ توانای خۆپارێزی، بەڵام سەردەکێشێ بۆ چەند مەترسیەکی گەورەتر لەم توانا، لە کاتێکدا ئەخلاقی عەلمانی پشت دەبەستێت بە توانای یاسادانانی مرۆیی کە بە سروشتی خۆی ڕێژەییە، هەر بۆیە ڕێگە بە بواری زیاتر دەدات بۆ تاکگەرایی و ڕەچاوکردنی خود، لەسەر بنچینەی لۆژیککی ڕەچاوکردنی خود، دەکرێ هەڵە خودی و قۆناغیەکان ڕاست بکرێنەوە، ئاڕاستەی سەرکەوتوو، کە دەکرێ لە ناوەوە هاوسەنگ بکرێ، بێ ئەوەی پێویست بە دەستوەردانی دەرەکی بکات، لە سروشت و کۆمەڵگە، هەروەها لە ناخی مرۆڤایەتی.

ئەو خۆپارێزیەی لەسەرەوە باسکراوە: ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین ئەخلاقی ئاینی بەراورد دەکرێ بە ئەخلاقی عەلمانی، لە مشتومڕە باوەکان، لە گۆشەنیگای وێنەیی پوختدا (بابەتیبوون و پابەندکردن)، لە کاتێکدا شتە بنەڕەتیەکانی بەراوردکاری نامێنن لە کاتی خستنەڕووی ناوەڕۆکی فەرمانی: (زینا مەکە، مەیی مەخۆرەوە...)، لەوانەیە ئەم کردارانە تاوانکاری نەبن لە دیدی عەلمانیدا، ئەو کاتە ئاین هیچ بەهایەکی نابێ لەسەر پابەندی هەرچەیەك بێ، بەهەمان شێوە تێبینی بکە ئەخلاقی ئاینی زیاتر توانای پابەندکردنی هەیە، بەڵام تواناکانی ڕەها نین، سێیەمیان سەرنجی ئەوە بدە، ئەم بەراوردکاریە لە سایەی چەند بارودۆخێکی ئاینیدا ئەنجام دەدرێ، تەنانەت لە جیهانی خۆرئاوایشدا، ئەمەش وا دەکات ئەخلاقی عەلمانی پەڕاوێزێکی بەرتەسك یان گریمانەیەکی خەیاڵکراو بێ، کاتێکیش وێنای جیهانێکی مولحید یان باوەڕدار دەکەین، بەڵام داننانێ بە بەرنامەیەکی دیارکراو (فەرمان و ڕێگری)، ئەو کاتە ئاسانە بۆمان وێنای بوونی خودی بابەتی ئەخلاقی نا ئاینی و پابەندیەکەی بکەین، ئەمە تاکە هەڵبژاردنە.

کاتێك بەبێ دیاریکردن قسە لەسەر ئەخلاقی عەلمانیەت دەکەین، ئەوا ئێمە قسە لەسەر تواناداری ئەم یاسایە و ئەندازەی سەرکەوتنی لەکاتی جێبەجێکردندا دەکەین، گومان لەوەدا نییە گومان کردن لەم بنچینەیە لە بەرژەوەندی ئەخلاقی ئاینیە، ئەمەش بە فەرامۆشکردنی کەم و کورتیەکانی دوایی، بەڵام ئەگەر جەخت بکەینەوە لەسەر کەم و کورتیەکانی ئەخلاقی ئاینی و دواتر متمانەمان زیادبوو، سەبارەت بەوەی ئەخلاقی عەلمانی دەتوانێ پێشکەشمان بکات، ئەوا ئەمە جیاکاری دەکات لە نێوان ئەخلاقی داهێنان لە بەرامبەر ئەخلاقی شوێنکەوتن و لاساییکردنەوە، ئایا دەکرێ ئەخلاقی داهێنانکار بەرپا ببێ؟

ئەمە پرسی دووەمە لەم بەشەدا، کێشەکە لێرەدا لە تواناداری ئەوەدا نییە کە ئەخلاق دەکرێ داهێنان بێ، بەڵکو لەوەدایە ئایا دەکرێ داهێنان ئەخلاق بێ، دەکرێ مرۆڤ هەڵسوکەوتێك دابهێنێ بێ وێنەبێ، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتە چۆن خۆی دەگرێ لەبەرامبەر حەز و کۆسپەکانی ژیان؟ ئەمە پرسیارەکەیە.

بەهەمان پەیڕەوی پێشوو، کە نزیکە لە پێوانەی پێچەوانە، لێرەدا تیشك دەخەینەسەر نموونەی جیاواز بۆ ئەخلاقی شوێنکەوتوو و لاساییکەرەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کەم و کورتیەکانی، لە ڕاستیدا ئێمە سوودمان لە بردیائیف بینیوە، بەتایبەت کە جۆرەکانی ئەخلاقی شوێنکەوتوو و لاساییکەرەوەی بۆ دوو جۆر دابەش کردووە:

- ئەخلاقی یاسا، کە هەڵسوکەوتی چاکت، دەکاتە تەنها گوێڕایەڵی کردنی هەندێك یاسا.
- ئەخلاقی ڕزگاری تاکەکەسی یان ئازادی، کە مرۆڤی تاك، دەکاتە ئەوپەڕی ئامانج لە خودی خۆیدا(١).

بردیائیف هێرش دەکاتە سەر ئەم دوو چەشن و ئاڕاستەیە، بەوپێیەی هەر دووکیان دەگەڕێنەوە بۆ کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ یاسا، ئەوەی یەکەم بە کۆیلەی دەکات لە بەرژەوەندی

(١) زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، (مكتبة مصر، دار مصر للطباعة، بدون تاريخ و بدون رقم الطبعة) ص ١٠٦.

فەرماندەیەکی ئاسمانی، دووەمیان بە کۆیلەی دەکات، بەهۆی حەزە کەسی یان کۆمەڵیەکانی[1]، شایەنی باسە بردیائیف نموونە بۆ یەکەم دێنێتەوە بە ئەخلاقی ئاینی لاساییکەرەوە، بۆ دووەمیشیان بە ئەخلاقی عەقڵی کرداری کانتی و تیۆرەکانی چێژی عەلمانی کە بوونیان نییە، بەمەش زۆر لە سارتەر[2] نزیك دەبێتەوە، لەو هەڵوێستەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد.

لە بەرامبەر ئەمەدا بردیائیف ئەوە دەخاتەڕوو کە ناوی دەنێ ئەخلاقی داهێنان، بەگوێرەی ئەمە دەبێ بکەری ئەخلاقی کار بکات، لەسەر شێوەی بێ وێنە و نا لاساییکەرەوە، بەڵکو پێویستە بە گوێرەی ویژدانە کەسیە تایبەتەکەی کار بکات، بردیائیف لێرەدا جەخت دەکاتەوە سەر دوو خاڵی سەرەکی:

یەکەم: وا دابنێی کەسایەتی خودی ، بەهای باڵای ژیانە.

دووەمیان: گرنگ ئەو ئامانجە نییە، کە چاڵاکی ئەخلاقی داهێنانی هەوڵی بۆ دەدات، بەڵکو ئەندازەی وزە داهێنانکاریەکەیەتی[3].

(1) المرجع السابق، الموضع نفسه.

(2) بەهەمان شێوە بڕوانە: "ئەخلاق ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبێتەوە، سارتەر بەم شێوەیە دیاری کردووە: ئەگەر ئامانجەکە بەخشش بوو، ئەوا دەبێتە ڕووداوێك نەوەك بەها، ئەگەر بەخشش نەبوو، ئەوا چەسپان و جێگیریە، ئەمەش هەڵەیە، دەبێ ئامانجی مەبەست بێ، بۆ ئەوەی بێتە کایە، ناکرێ بەدوایدا بگەڕێین بەڵکو دەبێ دایبهێنین".

ج. ب. سارتر: كراسات لتأسيس أخلاق، نقلا عن مراد وهبة، مستقبل الأخلاق (دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ١٩٩٤، ط ١) ص ١١١، ١١٢.

(3) زكريا إبراهيم، المشكلة الخلقية: مرجع سبق ذكره، ص ١٠٦ – ١٠٧.

کەواتە ئەخلاقی داهێنان بە کەڵکترە، دەکرێ هێزە پابەندکەرەکەی لە ناخی تاك بەدەستبخات، لە پێویستی تاك بۆ بەرجەستەکردنی خود، تەنانەت ئەو کاتەی پێویست بە قوربانیدانیش دەبێ بە خود.

ئا لێرەوە ڕێگاکە کراوە دەبێ لە بەردەم گونجاوی بەرپابوونی بوونگەرایی ئیلحادی، بەوەی لە یەك کاتدا عەلمانی و داهێنەرانەیە، بەڵام دەبێ بناغەیەك بۆ ئەم ئەخلاقە هەبێ، نەك تەنها بۆ پابەندبوون بە ناوەڕۆکێك، بەڵکو بە ئامانجی جیاوازبوون لە ئاڕاستە و چەشنە جیاوازەکانی تر، بەشێوەیەك کە ئەم بنچینەیە بەمەرج گرتنی گشتگیر بۆ بوون تێنەپەڕێنێ.

لە ڕاستیدا زۆربەی فەیلەسوفە بوونگەراکان، دانراویان نییە، هەڵوەستەی کردبێتە سەر ئەم پرسە، بەڵکو هەندێکیان ڕایانگەیاندووە، ناکرێ ئەخلاقی بوونگەرا هەرگیز بەرپا ببێ[1]، بەڵام لە ڕاستیدا لە بووندا توانایەکی دەرئاسا هەیە لەسەر جەختکردنەوە لەسەر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مەزن و ویژدانی ستەمکار لەسەر دەروونی تاك، لە واقیعدا بوونگەرایی تەنها فەلسەفەیەك نییە ڕێگە بە بەرپابوونی ئەخلاق بدات، بەڵکو لە بنەڕەتدا فەلسەفەیەکی ئەخلاقییە، تەنها فەلسەفەیەکی ئەخلاقیش نییە، بەڵکو ئە ئەلیف و لامەوە فەلسەفەیەکی ئەخلاقیە، بینیمان چۆن بوونگەرایی نکۆڵی کردووە لە دەسەڵاتی خودی خوا لە پێناو سوربوون لەسەر هەڵوێستی ئەخلاقی پاك و ڕەسەن.

بوونگەرایی فەلسەفەیەکە، بنیاتنراوە لەسەر توێژینەوەی ئەزموونی ژیانی خودی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەمە توانای ڕەخنەگرتنی تاکە کەسی هەیە لە خودی تاك، ئەمەش کاتێك دەگاتە ساتی هۆشیاری بوونی، واتە: ساتی هەستکردنی بە بوونی ڕابردووی، کە پێش ناوەڕۆك (ماهیەت)ەکەی کەوتووەوە بە ئازادیە تەواو و گشتگیرەکەی.

---

[1] "پوختەی قسە لای ئێمە ئەوەیە، ناکرێ ئەخلاقی بوونگەرا بەرپا ببێ، هەوڵە فەلسەفیەکانی بوونگەراکان لەم چوارچێوەیەدا ڕێگە بە جەختکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەدەن": د. عبدالرحمن بدوي: هل يمكن قيام أخلاق وجودي؟ مرجع سبق ذكره، ص ٢٤٣.

ئەو کاتە دەکرێ بوونگەرایی ئەخلاقەکەی دابمەزرێنێ لەسەر دوو ئەزموونی گرنگ:

یەکەم: ئەزموونی وەستان بەرامبەر خوا، وەك هەڵوێستێکی سەربەخۆ، ئەمە ئەزموونێکی توووند و زبرە، پێشتر مرۆڤ پێشینەی بۆ نەبووە، بەڵام ڕۆیشتنە ناویەوە، وا دەکات مرۆڤ بەرپرس بێ بەرامبەر خۆی و خوا (ئەگەر دانیش نەنێ بە دەسەڵاتەکەی بەسەر خۆیدا).

هەر کاتێك هەست بکات بە مەترسیداری هەڵوێستکەی و ترسانی لەوەی لە کۆتاییدا بخلیسکێ بەبێ وەستان، هەر کە زیاتر دەستی گرت بە کرداری بەرپرس و گوێڕایەڵی ویژدانی ئازاد، بەڵام ئەگەر بوونگەرا مولحیدێك بوو بە ئیلحاد نەوەك بوونگەرا، واتە نکۆڵیکاربووە لە بوننی خوا (ئەمە دروستە)، ناترسێ لە دوارۆژدا بکەوێ، بەمەش ئەزموونی دووەم دەمێنێتەوە.

ئەزموونی دووەم، ئەزموونی ئێش و ئازارە، ئێمە دەزانین چۆن ئێش و ئازار پێگەیەکی مەزنی هەبووە لە بیری بوونگەراییدا، بەڵکو ئەم ئێش و ئازارە، توانای گەشەپێدانی هۆشیاری خودیشی هەیە() و تۆکمەکردنی ئەزموونەکانمان لەگەڵ ئەوانی تردا، بە ئامانجی کەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانمان، ئەمە هاوسۆزی بە مەرج دەگرێ، واتە: سوککردنی ئاڵوگۆڕکراو، هەستکردن بەوەی تر لە پاڵ من، وا بۆمان دەردەکەوێ هەڵەی بنەڕەتی کە بوونگەرایی مولحید تێیکەوتووە، سوربونیەتی لەسەر ئەوەی دۆزەخ ئەوانی ترن، سەرباری پێگە مەزنەکەی ئێش و ئازار بە ئاینی مەسیحیدا، بەتایبەت لە بیرۆکەی قوربانیدا، هەروەها

() "ناکرێ بوونی مرۆیی بەرپا ببێ بەبێ هۆشیاری خودی یان هەست کردن بە خود، بەڵام هەر کە قسە لەبارەی هەستکردن بە خود دەکەین، دەبینین ناچارین بیر لە ئێش و ئازار بکەینەوە: لەبەر ئەوەی لە واقیعدا بوونی ئێمە داپۆشراو و تێکەڵ دەبێ بە بوونی دەرەکی یان بوونی شتەکان، تا ئەو کاتەی ئازار دەچێژین، ئەو کاتە بوونمان تێکەڵ نابێ لەگەڵ قوڵی شتەکاندا، ئەمە مانای وایە، ئێش ئازار بوونی تاکە کەسیمان بۆ دەردەخات لە توونديەکی سەختدا... ئێش و ئازار دەکرێ بمانگێڕێتەوە بۆ خودی ئێمە و بەندمان بکات لە بوونە تاکە کەسیەکەماندا... لێرەوە هەندێك بۆچوونیان وایە ئێش و ئازار هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ بناڵێنین بەدەست ئەزموونی تەنهایی بەشێوە ڕاستەقینەکەی": زکريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، مرجع سبق ذكره، ص ٢٠٥.

توانا سەرنجڕاکێشەکانی ئەم هزرە بۆ بەرگەگرتنی سەختیەکانی ژیان، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، شکۆدار دانانی ئێش مرۆیی سەربار مەزنی و بەرزیەکەی.

ئێمە هەڵوەستەیەکی ترمان دەبێ لەگەڵ ئێش و ئازار، کاتێك بەیەکدەگەین لەگەڵ راسکولنیکوڤ و دمتری کارامازوف، بەوەی دوستوفسکی گوزارشت لە ئەرکی دووەمینی دەکات، ئەویش هاوسۆزیە، هەروەك دەیبینین.

**دووەم – دوستویفسکی بە نموونە:**

((ئەگەر ئەو هزر و بیرانەی گوزارشتیان لێدەکەم، هی تۆ بن، ئەوا تەنها ئەوەم لە دەستدێت، سەربەرز بم بەم هەماهەنگی و تەباییەی نێوانمان))(١).

لێرەدا، خوێندنەوە بۆ دوستوفسکی دەکرێ، لەبەر ڕۆشنایی بەتیۆردانانی ئیلحادی ئەخلاقی و ئەخلاقی ئیلحادی، هەروەك لە بڕگەکانی ڕابردوودا هاتووە، واتە شوێنکەوتنی ئیلحادی بوونگەرا، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو کوشتنی باوکە – کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئیلحاد – ئەمەش بۆ ڕزگاربوون لە زاڵبوونی دەسەڵاتی ئەخلاقی.

ئەم بەدواداچوون و شوێنکەوتنە بەشێوەیەکی ڕووت و پوخت نابێ، بەڵکو لە میانەی توێژینەوەی هزرەکانی دوستوفسکیەوە دەبێ، ئەمەش بە وەرگێڕانی ململانێی شانۆیی بۆ ئاڕاستەیەکی هزری و هەڵهێنجانی ئەنجامەکان، ئەم کردارە ڕێگە دەگرێ لە وەرچەرخانی پرسە شانۆییەکانی لا دۆستوفسکی بۆ پرسە ڕووت و پوختەکانی شیاو بۆ خستنەڕووی فەلسەفیانە.

---

(١) (ف. دوستويفسكي: الإخوة كارامازوف، ترجمة: سامى الدروبي، م ٢ دار رادوغا، موسكو، الإتحاد السوفيتي، ١٩٨٨، دون رقم الطابعة) ص ٦٢٧.

ئەم بەشە دەستپێدەکات، بە تاوتوێکردنی پێگەیشتنی دوستوفسکی و کاریگەریەکەی لەسەر هزرەکەی، دواتر دەچینە سەر بڕگەی دووەم و پەیوەست بە ئیفان و ئولیشا کارامازوف، کە پەیوەستە بە خودی ئیلحاد یان کوشتنی باوکەوە، لە کاتێکدا لە بڕگەی سێیەمدا تاوتوێی کەسایەتی (بەڕێزە ڕوسیەکە) دەکەین، کە تیۆری دووبارە گەڕانەوەی سەرلەنوێی هەمیشەیی و پەیوەندیەکەی بە ئەخلاقی ئیلحادەوە دەخاتەبەرباس، لە بڕگەی چوارەمدا، ئەوا ئێمە شرۆڤەی بەهاکان دەکەین لە میانەی هەر دوو کەسایەتی راسکولنیکوف و سفیدریجایلوف، لە پێناو ئەوەی کۆتایی بێ بە شرۆڤەکردنی ئەزموونی ئێش و ئازار، لەلای هەر یەك لە راسکولنیکوف و دمتری کارامازوف، ئەمەش لە میانەی بڕگەی چوارەمەوە.

## ١- پێگەیشتن:

"فیدور بافلوفتشی باوکمان، کەسێکی تاوانکار و لاسار بوو، بەڵام بیرکردنەوەی دروستی هەبوو"[1].

لەم بڕگەیەدا هەوڵ دەدەین ڕەگەزەکانی دەسەڵات و ڕزگاربوون لە پێگەیشتندا ڕوون بکەینەوە، ئەوەی تێبینی دەکەین لە سەرەتادا پێگەیشتنی ئاینیە، دوستوفسکی لە ناوەندێکی ئاینیدا پێگەیشت[2]، بەڵام ناوەندێکی باوکایەتی بوو، دواتر ڕۆیشتە قوتابخانەی سەربازی و پێنج ساڵی لەوێ بەسەر برد[3]. لێرەدا پەیوەندیەکی تێبینکراو هەیە لە نێوان هەر

---

1) ف. دوستوفسکی: الإخوة کارامازوف، م ٢، ص ٥٣٤.

2) جلیل کمال الدین: دراسات أدبیة (المکتبة العالمیة، بغداد، ١٩٨٥، ط ١) ص ١٢٧.

3) المرجع السابق نفسه، الموضع نفسه.

دوو سیستەمی ئاینی و سەربازیدا، کۆکن لە زنجیرەیی پلەکاندا، بوونی دەسەڵات وەك بنچینەی یەکگرتوویی ئاڕاستە.

پەیوەندی دوستوفسکی بە باوکیەوە، هەرگیز تەواو نەبووە، باوکێکی ئاڵودەی مەیخۆری بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵەکانی جێدەهێشت و بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا دەکرد، لە خوارەوەی خێزانی کچەکانیدا بە دوای خۆشەویستی شاراوەدا دەگرا(١)، بۆیە شتێکی سروشتی بوو، کوڕەکەی ڕقی لێببێتەوە و ئومێدی مردنی ئەو بخوازێ، کە ئەمەش بەکرداری ڕوویدا و لەسەر دەستی یەکێك لە جوتیارەکانی لە ساڵی ١٨٣٩ز کوژرا(٢)، بەمەش بووە ناودارترین باوك لە مێژووی ئەدەب و فەلسەفەدا.

پێویستە لەسەرمان، تێبینی ئەوە بکەن چۆن سێ دەسەڵاتە بنەڕەتیەکە، هاریکاری یەکتریان کرد، بۆ ئەوەی دوستوفسکی بخەنە ناو تۆڕەکەی، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە: دەسەڵاتی ئاینی لە پەروەردەی ئەرسۆدۆکسیەتی نەگۆڕ، دەسەڵاتی سیاسی لە قوتابخانەی سەربازی، دەسەڵاتی باوکایەتی، لە دەستی ئەو باوکە سەرخۆشە ئاڵودەیە.

تێبینی کردنی پەیوەندی باوکی دوستوفسکی بە کەسایەتی فیدۆر کارامازوف شتێکی نوێ نییە، کە چۆن کوشتنی یەکەم هێمایەك بوو بۆ حەز کردن لە کوشتنی یەکەم، بەڵام بە دڵنیایەوە کوژرانی ئەوەی یەکەم لە جیهانی واقیعدا، شوێنەوارێکی نەسڕاوەی جێهێسشت لەسەر کەسایەتی دوستوفسکی، ئەمەش وایکرد لە کۆتایی ڕۆمانەکانیدا گوزارشتی لێبکات، شتێکی چەسپاوە نەخۆشی (سەرع) دووچاری دستوفسکی هات، بە کرداری لە دوای مردنی

(١) E.H. Carr: Dostoevsky, (George Allen and unwin Ltd. UK, 1949. And Ed.) p. [illegible].

(٢) Ibid, Loc, cit.

باوکی، فرۆید پێی وایە ئەمە شێوەیەك بووە لە شێوەکانی سزای خودی، لە ئەنجامی هەستکردن بە هەڵە[1].

بەوپێیەی فرۆید دەگات دێڕی مەبەست، کاتێك جەخت دەکاتەوە لەسەر وەرچەرخانی پەیوەندی من — باوك بۆ پەیوەندی من — منی باڵا[2]، ئەمەش وا دەکات باوك ئامادەبوونێکی زیندوو و بەردەوامی هەبێ تا دوای مردنیش، کە خۆی دەبینێتەوە لە دەسەڵاتی ئەخلاقی و سیاسی و ئاینیدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ حەز کردن لە کوشتنی باوك جێبەجێ دەبێ بەسەر گشت شێوەکانی دەسەڵاتدا، لە شوێنێکی تردا جەخت دەکاتەوە لەسەر بنەڕەتی بوونی تاوانی کوشتنی باوك لەسەر تێکڕای ئاستی ئەنسروپۆلۆژی[3].

هەروەك دەبینین، ناکرێ حەزی دۆستۆفسکی کورت هەڵبهێت، لە کوشتنی باوکدا، بەڵکو نزیکترە لە وتەی مردنی پەروەردگار، هەروەك چۆن نیچە ڕاپەڕی بوو دژی باوك — خوا، ئەمەش ڕوون دەبێتەوە لە هاوسۆزیەکەی لەگەڵ چەشنی بکوژ — مرۆڤ (دمتری کارامازوف) کاتێك زوسیمای ڕەبەن کڕنووشی بۆ برد، چونکە درکی کرد بوو بەوەی تاوانەکە ئەنجام

(1) س. فروید: دستویفسکي و جريمة قتل الأدب: في علم نفس الإبداع، ترجمة، د. شاكر عبدالحميد (دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، دون تاريخ أو رقم الطبعة) ص ٤٢، ٤٣.

(2) "بە کورت دەڵێین، پەیوەندی نێوان خود و بابەتی باوك، لە کاتی لەخۆگرتنی ناوەڕۆکەکەی، دەگۆڕدرێ بۆ پەیوەندی نێوان من و منی باڵا" المصدر السابق، ص ٤٧.

(3) المصدر السابق، ص ٤٤.

بڕوانە: "کرداری وەك لابردنی باوکی یەکەم، بەهۆی کۆمەڵەی برایان، پێویستە شوێنەوار جێبهێڵێت، کە ناکرێ ڕیشەکێش بکرێن بەدرێژایی ڕەگەزی مرۆیی، هەر چەندە گوزارشت لە خۆی بکات لە شێوە و جێگرەوەی فرە جۆری تردا"، هەروەك ئەوەم وتوە لە:

s. Freud: Totem and Taboo. Tr. By A.A. Brill, (Penguin Books – Harmondworth, Middle sex, uk, 1938, no. ed. Ed. No) p. 237.

دەدات[1]، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ تاوتوێکردنی بیرۆکەی ئیلحادی بوونگەرا لەلای ئەو لە میانەی کەسەکانی، وەك چۆن دەخرێتەڕوو.

## ٢- ئیڤان و ئەلیوشا کارامازۆڤ:

"من سزا قبولّ دەکەم، نەك لەسەر کوشتنی ئەو، بەڵکو لەسەر ئەوەی ویستم بیکوژم"[2].
دمتری کارامازوف.

لەم بەشەدا، تاوتوێی دوو کەسایەتی سەرەکی دەکەین، لە نێو برایانی کارامازوف، گێڕانەوەکە تورەگەیەکە لە هزر و وشە و پەتی هەڵواسراو لە نێوان ئیمان و ئیلحاد لە هەر دوو لایەوە، ئەو ئەنجامە ئەخلاقی و دەروونی و کۆمەڵایەتیە مەزنانەی بەدوای ئەم دوو لایەنەدا دێن، هەر بۆیە ئەم دوو لایەنە لەسەر ئاستی شانۆیی ئیڤان نوێنەری ئیلحاد بوو، ئەلیوشا نوێنەری ئیمان بوو، لە ڕاستیدا هزر دەپڕژێتە سەر ناوی کەسایەتیەکەش، ئەمە نەریتێکە لای دوستوفسکی وروژێنراوە، بۆ دەرخستنی سروشتی کەسایەتی، هەر لە هاتنی ناوەکەیەوە، ئەلیوشا ڕێنیشاندەری ڕوسییە بۆ ناوی ئەلکسی، ئەمە سەرنجڕادەکێشێ بۆ کەسایەتی (ئەلکسی خۆشەویستی خوا)، کە ژیاننامە ئاینیەکان قسەیان لەسەرکردووە لە سەردەمانی ناوەڕاستدا[3].

کەسایەتی ئەلیوشا تایبەتمەندە بە دینداری پارێزکاری، بەڵام لەگەڵ ئەندازەیەکی ڕوون لە هاوسەنگی و واقیعیەت، سەرباری بڕوابوونی بە موعجیزەکان، حەزێکی توندی دەرخست

---

(١) ف. دوستوفسکی: الإخوة کارامازوف، م١، ص ١٦٥، ١٦٦.

(٢) ف. دوستوفسکی: الإخوة کارامازوف، م١، ص ٣٦٧.

(٣) یوري سلیزنیوف، مقدمة المجلد الأول من الإخوة کارامازوف، م ٢، ص ٣٦٧.

بەرەو ڕەبەنایەتی، لەوەتەی هەرزەکاری و گەنجایەتی و پەیوەستبوونە توندەکەی بە ڕەبەن و قەشە ڕوسیەکە (زوسیما)، تەنانەت کۆنترین یادەوەریەکانی بریتییە لە ڕووخساری دایکی و پەیکەر و مۆمێکی ڕووناك، وەك ئیڤان بێ دەنگە، بەڵام بێ دەنگیەکە بەهۆی خولیای ناخی، کە بەردەوام سەرقاڵی دەکات، تا ئەندازەیەك مرۆڤی خۆشدەوێ، کە دەستەوەسانە لە دانپێدانانی[1]، ئەمە گرنگترین سیماکانی کەسایەتیەکەن، دواتر ڕوون دەبنەوە، کاتێك دەستەوەسان دەبێ تۆمەتبارکردنی براکەی دیمتری، سەرباری فەراهەمبوونی گشت بەڵگەکان لەسەر تۆمەتبارکردنی[2]، بەڵام ئەلیۆشا سەرباری حەزە ئاینیەکانی، هەندێك جار چەند حەزێك دەردەخات بەرامبەر گومان و نەزانمگەرایی[3]، ئەمەش ئەوە پیشانی خوێنەر دەدات کە ئیمانی ئەلیۆشا لاساییکردنەوە نەبووە، پشتی بە هۆکاری تەواویش نەبەستووە، بەڵکو لە ئیمانی ویستی نزیکتر بووە.

سەبارەت بە کەسایەتی ئیڤان، ئەوا کەسایەتیەکی پەشۆکاوی و توند بووە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی مولحیدە، بەڵکو لەبەر ئەوەی:

– ئەگەر ئەلیوشا بە پاڵەوانی گێڕانەوە و ڕۆمانەکە دابنێین – ئەوا دەبێتە کەسی خراپی چیرۆکەکە[4]، ئەویش بێ دەنگە وەك ئەلیۆشا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی پەیوەست بە لوتبەرزیەوە، کەلتور و ڕۆشنبیریەکەی فراوانە، ئەوانی تر مەندەهۆش دەکات بە هێزی عەقڵی خۆی، هەروەك ئەلیۆشا مەندەهۆشیان دەکات بە لێبوردەیی و شەرمنیەکەی، هەروەك

---

(١) ف. دوستوفسكي: الإخوة كارامازوف، م١، ص ٤٩ – ٥١.

(٢) المصدر السابق، م ٢، ص ٥٥١.

(٣) المصدر السابق، م ١، ص ٤٦٩ (مناقشة أليوشا وإليزا) أنظر كذلك المصدر نفسه، م ٢، ص ٣١ (حادثة تعفن جثة زوسيما).

(٤) E.H.Carr, Dostoevsky, p. 285.

دینداری به گرنگترین سیماکانی ئەلیوشا دادەنرێ، ئەوا گرنگترین سیماکانی ئیڤانیش ئیلحادە(1).

لە واقیعدا، دەبوایە هەر دوو کەسایەتیەکە بەیەکیان دادابایە لە ساتێك لە ساتەکاندا بە توندی، ئەم ساتە زوو دەردەکەوێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە بەشی دووەمدا، لێرەوە ئیلحادی ئیڤان ڕوون دەبێتەوە بۆ جاری یەکەم بەشێوەیەکی تێروتەسەل، هەر بۆیە ئەمە گرنگترین ڕووداوەکانی بەشی یەکەمن.

بەهەمان شێوە، ئەوەی دەردەکەوێ، لە وتە دوور و درێژەکەی ئیڤان بۆ براکەی، ئیلحادی ئیڤان ئیلحادێکی بوونگەرا بووە بەشێوەیەکی ڕەسەن، چونکە نکۆڵی لە خودی بوونی خوا ناکات، بەڵکو نکۆڵی لە دەسەڵاتەکەی دەکات(2)، نکۆڵی لێدەکات لەبەر ئەوەی خراپە و کەم و کورتی لە ئێمە لا نەداوە، نکۆڵی لەم دەسەڵاتە ناکات لە شێوە پوخت و ڕووتەکەی، بەڵکو لە سێ شێوەی دیاریکراودا نکۆڵی لێ دەکات: باوك، پەروەردگار، قەیسەر، واتە دەسەڵاتی ئەخلاقی خێزانی، دەسەڵاتی ئاینی، دەسەڵاتی سیاسی، نموونەش لەسەر ئەمە، ڕووداوی منداڵە بەندکراوی سوری ئاوە (خێزان)، ڕووداوی یاخیبوون و ستەمکاری تورکەکان لە بولگاریا (دەوڵەت)، ئینجا یاخیبوونی خودی ئیڤان بەناوی فڵان و فیسار لە (ئەفسانەی پشکنەری مەزندا)(3).

ئیڤان هەڵدەستێت بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر نەبوونی چاودێری خوایی، بەتایبەت لەسەر ناڵاندنی منداڵ، چونکە تاکە مرۆڤە بێ گوناهە و سزاش دەدرێ، ئیڤان هەموو بیانوە

(1) ف. دوستوفسکی: المصدر السابق، م١، ص ٤٣ – ٤٥.

(2) "ئەی ئەلیۆشا من نکۆڵی لە خوا ناکەم، بەڵکو تەنها توانای خۆم بۆی دەگێڕمەوە بە زۆرێك لە ڕێزەوە"، المصدر السابق، ص ٥٢٠.

(3) المصدر السابق، ص ٥١٢ و ٥٠٥، أسطورة المفتش الأكبر، ص ٥٢٢.

سزاییەکان ڕەت دەکاتەوە، سور بووە لەسەر ئەوەی لە ناڵاندنەکانی ئەودا پشێوی ئەخلاقی گەردوونی دەدرەوشێتەوە، کە بەم پێیە ئەوە ڕەتدەکاتەوە دانبنێ بە هەماهەنگی گەردوونی[1].

لە شرۆڤەکەی بۆ کەسی ئیڤانی یاخیبوو، کامی تێبینی هەمان خەسڵەتی کردووە، لە سروشتی ئیلحادەکەیدا، زیاترە لە یاخیبوونەوە نزیکە نەوەك لە نکۆڵی کردن، ئەمە هەوڵێکە بۆ چاك کردنی بارودۆخەکان، بڕینی پەیوەندیە مەسیحیەکان لە نێوان سزا و ڕاستیدا[2].

بەڵام ئیڤان لە دوای ئەم ڕەتکردنەوە هەمە لایەنە، دەگاتە ڕێگەیەکی داخراو، یان دەگات بە هیچ شتی ڕەها، نکۆڵی دەکات لە هەر دەسەڵاتێکی ئەخلاقی لەسەرووی ئاستی مرۆڤی تاك، لەگەڵ ئەمەشدا داندەنێ بەوەی ئەم یاخیبوونە تەنها دەرگای خۆویستی لەبەردەم مرۆڤدا دەهێڵێتەوە، لەوانەیە هەموو شتێك بەهەمان شێوە ڕێپێدراو بێ[3].

ئایا هەڵوێستی ئەلیوشا بەرامبەر بە یاخیبوونی براکەی چی بوو؟ هەڵوێستەکەی بێ دەنگی مانابەخش بوو، هیچ کاردانەوەیەکی دەرنەخست جگە لە داخ و خەفەت نەبێ، ئەمەش ئاماژەیەکی هەیە، دواتر ڕوونی دەکەینەوە.

---

(1) "ئەگەر ئێش و ئازارەکانی منداڵان پێویست بن، بۆ تەواو کردنی ئەندازەی ئەو ئێش و ئازارەی دەبێتە قوربانی بۆ ڕاستی، ئەوا بە دڵنیایەوە ڕادەگەیەنم، ڕاستی شایستەی ئەوە نییە نرخێکی ئەوەندە زۆری بۆ خەرج بکرێ... من گونجانم ناوێ، بەڵکو ڕەتی دەکەمەوە، وەك خۆشویستنی مرۆڤایەتی"، المصدر السابق، ص ٥١٩.

(2) ألبير كامي: المتمرد، ترجمة: عبدالمنعم الحفني (الدارالمصرية، القاهرة ١٩٦٤، بدون رقم الطبعة) ص ٥٧ – ٥٨.

(3) "ئیڤان بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، لە کاتی مشتومڕیدا لەگەڵ ئامادەبووان، هیچ شتێك لەم دونیایەدا نییە بکرێ مرۆڤ ناچار بکات تا یەکتریان خۆشوبێ... هەموو شتێك ڕێپێدراو دەبێ... بەپێچەوانەی ئەوەی پێشتر ئایین دایناوە، دەبینین خۆویستی... تەنها بۆ مرۆڤ ڕەوا نابێ، بەڵکو دەبێتە شتێکی پێویست" ف. دوستوفسكی: المصدر السابق، ص ١٥٤.

ئێستا پێویستە لەسەرمان، شوێن چارەنووس شانۆیی هەر دوو کەسایەتیە جیاوازەکە بکەوین، بە کورتی ئیڤان بەردەوام بوو لەسەر هزرەکانی بە توندی لەخۆی دەگرت تا کوژرانی براکەی، لە کاتی ئەم ڕووداوەدا، شۆڕبوونەوەی خێرای کەسایەتی ئەو ڕوویدا لە بەرژەوەندی بەرزبوونەوەی کەسایەتی دیمتری، کە بابەتی بڕگەی پێنجەمە، ئەوەی خەیاڵی ئیڤان سەرقاڵ دەکرد بە کرداری، هەمان ئەو شتە بوو کە دوستوفسکی بە درێژایی ژیانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوو، ئەویش ئەوە بوو: ئایا ئەگەر مرۆڤ مردنی باوکی بخوازێ، دواتر باوکی کوژرا، ئایا ئەویش بەشداری تاوانەکەیە؟[1]، ئەمە پرسیاری تێروتەسەلە لە کەسایەتی ئیڤاندا، سزای دەروونی ئەوی گەیاندە گرێیەکی عەقڵی، بەردەوام لە زیاد بووندا بوو، بەتایبەت لە دوای ئەوەی ڕێزدارە ڕوسیەکە دەستی بە سەردانەکەی کرد[2]، گەیشتە لوتکەکەی، کاتێك سەمردیاکوف دانی بۆ پێدانا، بەوەی ئەو باوکی نەکوشتووە، تەنها بە ڕێنمایی فەلسەکەی ئەو نەبێ، دواتر ئیڤان گەیشتە قۆناغی شێتی، ئینجا سەرمەگ و گیاندان لە کاتی نزیکبوونەوە لە کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکەی[3].

ئەلیوشا بەردەوام بوو بە دەستگرنبە ڕا و بۆچوونە ئاینیە هاوسەنگەکانی (لەگەڵ ئەوەی ناڕونیش بوون) تا کۆتایی، ڕۆڵێکی گرنگی دەگەڕێ لە چاك کردنی پەیوەندی نێوان گشت تاکەکانی خێزانەکەی، بەڵام بێ سوود بوو، دەگاتە ئەوەی ئامۆژگاری منداڵان بکات لەسەر گۆڕی منداڵێك، بانگەوازی بۆ ئەو هزرە دەکرد، کە لە بڕگەی خوارەوەدا تاوتوێمان دەکرد لە ژێر ناونیشانی "قوربانی مرۆیی".

---

(1) المصدر نفسه، م ٢، ص ٥٨٥.

(2) المصدر السابق، ص ٦١٩.

(3) المصدر السابق، ص ٩٠٨.

پەیوەندی نێوان ئیڤان و ئەلیۆشا بە چاکترین شێوە مشتومڕێکی تۆمار کرد، کە ناپچڕێ لە ناخی دۆستۆفسکیدا لە نێوان ئیمان و ئیلحادی ئەخلاقی، دەرچوون لەمە بە ئەنجامێکی یەکلاکراوە نییە لەم مشتومڕەدا، بۆ دیاریکردنی خودی هەڵوێستی دوستوفسکی، هەندێك پێیان وایە ئیڤان نزیکترە لە سروشتی ئەو لە ئیلیوشا، بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستە گوماناویەکانی دوستوفسکی بەگشتی[1]، لەوانەیە ئەم بیروباوەڕە پاساوی خۆی هەبێ، بەهۆی ناڕوونی هزرەکانی ئیلیوشا و بێدەنگیەکەی تەنانەت لەبەردەم خودی دانەریش، بەڵام ئەم ئەنجامە دەجولێ لە ڕووبەرێکی دڕکاویدا، کۆسپ دەخاتە بەردەم گەیشتن پێی، بەهۆی ئەو چارەنووسە تەسکەی ئیڤان پێی گەیشت، سەرباری چاوکەوتنی بە بەرێزە ڕوسیەکە.

بەڵام هەڵوێستی ئیلحادی ئیڤان، لەم ڕۆمانەدا گونجاو و ڕوونتر دەمێنێتەوە، هەروەك بینیمان ئیلحادێکی بوونگەرای گومان هەڵنەگرە، ئەم ئیلحادە دەگاتە بەرجەستەکردنی خودی لە ساتی کوژرانی باوك، واتە کوژرانی منی باڵا، بەمەش کوژرانی باوك (کە ئیڤان بێ ویستی خۆی هاندانی لەسەردا) دەبێتە شێوەیەك لە ئیلحادی بوونکەرای ئەخلاقی بە دیاریکراوی.

---

[1] "شایەنی باسە، ئیڤان بە ڕێگەیەکی دیارکراو خودی دوستوفسکیە، بە ئاساییزیاتر ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لەوەی ڕۆڵی ئەلیوشا بگێڕێ" ئەلبیر کامی، المتمرد، ص ٥٩.

بڕوانە: "لەوانەیە هۆشیاریەکی ماندووبێ... کە ڕابەرایەتی قوتابخانەیەکی گرنگی کرد، لە ڕەخنەگرە ڕوسیەکان، ئەوانەی شوێنکەوتوویان هەیە لە ئەڵمان و ئینگلیزەکان، بەرەو بڕوابوون بەوەی دوستوفسکی تا کۆتایی ژیانی بە گومانکەر مایەوە، ئیڤان نەك ئەلیوشا یان دمتری ئاوێنەی ڕاستەقینەی دانەرەکەیەتی".

E.H.Carr, Dostoevsky, p. 287. –

### ٣- ڕێزداری ڕوسی:

"منیش بەهەمان شێوە ئازار دەچێژم، لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەژیم، من پیتی (س) لە هاوکێشەی سنووردارردا، من تارماییم".

ڕێزداری ڕوسی.

نەریت وایە، ئەم کەسایە پشتگوێ دەخرێ لەلایەن ڕەخنەگران و بیرمەندانەوە، ئەوانەی توێژینەوەیان لە هزرەکانی دۆستۆفسکی کردووە، لەبارەی ئیمان و ئیلحاد، سەرباری ئەوەی کەسایەتیەکە، بایەخی کەمتر نیی لە کوڕەکانی خودی کارامازوف، لێرەدا لەلایەنی فەلسەفیەوە دەدوێن، بەڵام لەلایەنی ئەدەبیەوە، ئەوا درەوشاوەترین و وروژێنەرترینی کەسایەتیەکانی ڕۆمانەکەیە.

بەوپەڕی سادەییەوە، ئەم بەڕێزە ڕوسییە شەیتانە، ڕاهاتووە سەردانی ژووری ئیڤان بکات، لە دوای کوژرانی باوکی، بۆ ئەوەی گفتوگۆی شەوانە لەگەڵ یەکتر بکەن لەبارەی پرسەکانی بوون و بەها و ژیانی دوایی... تاد، تا ساتی کۆتایی لە ڕۆمانەکە، ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین ئاخۆ بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، یان تەنها تراویلکەی ویژدانێکی بارقوڕسە.

ئەم شەیتانە تایبەتمەندە بە فەلسەفەیەك، زۆر نزیکە لە فەلسەفەی نیچە، تا ئاستی پرسیار وروژێنەر، قسە دەکات سەبارەت بەوەی پێی دەوترێ وەرچەرخانی جیۆلۆجی[١]، واتە

---

(١) "بەڕای من پێویست بە تێکشکاندن ناکات، ئەوەندە بەسە بیرۆکەی خواوەند لە گوێچکەی مرۆڤەکان دەربکەین... کەی مرۆڤایەتی بڕوابوون بە خوایان بە یەك جار وەدەرنا... ئەوا چەمکە کۆنەکان لەبارەی

وەرچەرخانی ڕەگەزی مرۆیی لەلایەنی بەهایەوە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی، دوای ئەوەی وتەی خخواوەند لە گوێچکەکانیان ڕەت دەکرێتەوە، بەمەش هەموو شتێك ڕێپێدراو دەبێ، مرۆڤیش دەبێ خواوەندێکی ملکەچ نەبوو بۆ یاسا، بەهۆی ویستی یەکگرتووەکەی لەگەڵ زانستەکەی، ئەو کاتە مرۆڤ بە لوتبەرزیەوە مردن قبوڵ دەکات، واز دێنێ لە سکاڵا بەهۆی چارەنووسەوە، مرۆڤ" مرۆڤی براکەی خۆشدەوێ بێ سوود و کەڵك، ڕاستە ئەم خۆشەویستیە بەردەوام نابێ تەنها چەند ساتێکی کەم نەبێ، بەڵام بەهاکەی زیاد دەبێ بە ئەندازەی دەگمەنیەکەی. بەهەمان شێوە بڕوای هەیە بە بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەیی، بەشێوەیەکی بەڵگە نەویستانە[1] خزمەتی بیروباوەڕەکانی پێشووی ئەو دەکات، بەشێوەی زۆر نزیك وەك ئەوەی لای نیچە بەدی دەکەین.

زۆر سەختە ئەم تێکئاڵانەی نێوان هزرەکانی نیچە و ئیڤان لە ناو یەك بهێنینە دەرەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لێی جیا بکەینەوە لەگەڵ هزرەکانی شەیتان، سەرباری ڕوونکردنەوەی هزرەکانی دوستوفسکی لە هەمان ئەم دەقانەدا، بەڵام زۆر دوورە دۆستوفسکی دانبنێ بە چەمکی مرۆڤ – خواوەنددا، چونکە لە زمانی ڕوسیدا بەکاریدێنێ بە واتای دژی مەسیح[2]، یان مەسیحی دەجال. لەوانەیە گرنگترین شت کە نیچە و دوستوفسکی تیایدا کۆك

---

گەردوونەوە، لەخۆیانەوە ون دەبن... مرۆڤ هەست بە سەربەرزی و مەزنایەتیەکی باڵا دەکات، کە دەیجولێنێ و پاڵی دەنێ، چونکە دەبێتە خواوەندێکی مرۆڤ"، ف. دوستوفسکی، الإخوة كارامازوف، م ٢، ص ٦٥٢.

(1) "لە واقیعدا ئەم زەویە لەوانەیە بلیۆنان جار پێش بوونی هەنوکەی بوونی ناسیبێ، لە هەر جارێکدا هەڕەمی و داپۆشراو بە بەفر و درز دراو بە گشت ئاڕاستەیەکدا بووە، دواتر شی بووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕەگەزە سەرەتاییەکانی، بەمەش جیهان و دەسەڵاتی ئاو سەرلەنوێ زالبوو، دواتر تاوانبارێکی نوێ دەرکەوت، ئەو کاتەش خۆرێکی نوێ، بەمەش زەوی پەیدابوو.. ئەم بێزارە بکوژەی بێ شەرم" ف. دوستوفسکی: الإخوة كارامازوف، م ٢، ص ٦٥٢.

(2) نيقولا بردیائیف: رؤية دوستوفسكي للعالم، ترجمة: فؤاد كامل (إدارة الشئون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والإعلام بغداد، ١٩٨٦، ط ١)، ص ٥٠.

بووبن –سەرباری هەڵوێستی ئەخلاقی و تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی – لەم خاڵەدا، بڕوای ئەوان بووە بە ئازادی فراوانی مرۆڤ، کە دەیکاتە ئازادی مەرگەسات[1].

## ٤– راسکولنیکوف و سفیدریجایلوف:

"هەر کەسێك دەروون و عەقڵی بەهێز بوو، ئەوا گەورەی ئەوانە، ئەوەش کە بوێریەکەی مەزنی هەبوو، ئەوا بردنەوەی بەشی ئەو دەبێ"[2] راسکولنیکوف.

لێرەدا دەچینە سەر تاوتوێکردنی تیۆری بەها، بە دڵیایەوە گرنگترین دیاریکەر لای دوستوفسکی بۆ بەها، بریتییە لە راسکولنیکوف، بەهەمان شێوە شرۆڤەکردنی ناو یارمەتیمان دەدات لەلای دوستوفسکی بۆ کردنەوەی قوفڵەکانی کەسایەتیەکە، راسکولنیکوف ناوێکی داتاشراوە لە وشەی (راسکولنیکوف) ماناکەی واتە: جیابووەوە، ئەوەی یاساکانی کۆمەڵگەکەی ڕەت دەکاتەوە[3]، ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆ تیۆری بەها دەمانگوازێتەوە.

دانەر تیۆری بەهای لای راسکولنیکوف خستۆتەڕوو بەشێوەیەکی نیمچە ئاڕاستەیی، لە سەرنجدانەکەی لەسەر ئەو وتارەی بڵاوی کردۆتەوە لە یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا، لەبارەی سایکۆلۆژیای تاوانکاری[4]، پێی وابوو خەڵك بە سروشت بۆ دوو بەش دابەش دەبن، یەکەمیان

---

(1) "ڕێگەکەیان بینی، کە ڕێگە دەگرێ بەرەو دوو ڕێگە: بۆ ڕێگەی خواوەند – مرۆڤ واتە مەسیح، هەروەها ڕێگەی مرۆڤ – خواوەند واتە مرۆڤی باڵا" المرجع السابق، ص ٥٢.

(2) ف. دوستوفسکی: الجريمة والعقاب، م ٢، ترجمة: سامي الدروبي (دار رادوجا، موسکو، الإتحاد السوفييتي، ١٩٨٩، دون رقم الطبعة، ص ٢٥٤).

(3) ف. دوستوفسکی: الجريمة والعقاب، م ٢، ترجمة: سامي الدروبي (دار رادوجا، موسکو، الإتحاد السوفييتي، ١٩٨٩، دون رقم الطبعة، ص ٢٥٤).

(4) المصدر السابق، ص ٤٨٤، ٤٨٥.

دەستەی ئاسایی، ئەمانە هیچ سودێکیان نییە، تەنها ئەوە نەبێ کەرستەیەکن بۆ وەچە خستنەوە و زیادکردنی ڕێژەی مرۆڤایەتی، دووەمیان دەستەی دەرئاساکان، ئەوانە بەهرەدارن، وتەیەکی نوێ دەڵێن، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە وەرچەرخانی چۆنیەتی مرۆڤایەتی، دەستەی یەکەم تایبەتمەندە بەو هزری پارێزگار و پاشکۆیەتی و لە گوێڕایەڵیدا دەژیت، لە کاتێکدا دەستەی دووەم تایبەتمەندە بە تواناکەی لەسەر شکاندنی یاسا و مافی ئەویش، بۆ بەدیهێنانی بزاڤی پێشکەوتن، کە هەموو مرۆڤایەتی بگریتەوە، تەنانەت ئەگەر ناچاری قوربانیدانیش بوو بە چەند مرۆڤێك، لە پێناو بەختەوەری گشت مرۆڤایەتی.

لێرەدا پێویستمان بە وردبینی زیاتر نییە، بۆ بەدواداچون بۆ هێڵی نیچەیی، کە لەوانە کەم نرخ بێ لە نێو ئەم دێڕانەدا، ئەمەش لە دابەشکردنی مرۆڤ بۆ گەورە و کۆیلە، لە وەسفکردنی بەها و ئەخلاقی هەر یەك لە دوو چینەکە، لەوانەیە شتەکە ڕوونتر بێ ئەگەر بڕوای راسکولنیکوف لەبارەی دەستکورتی چاودێری خوایی بخینە پاڵ ئەمە، لەگەڵ یاخیبوونی لێی، کەواتە سونیا قسە دەکات لەبارەی گریمانەکانی ئەوەی خوشکە بچوکەکەی ڕێچکەی ئەو بگرێ لە گوزەران و ژیانی نا ڕێزدارانە بەهۆی هەژاریەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی خوا ڕێگەی بەمە داوە بۆ هەندێك کچی تر لە ڕابردوودا، کاتێك ئەو ئەمە زۆر بەتووندی ڕەت دەکاتەوە[1].

بەڵام راسکولنیکوف، نموونەی نیچەیی ناوازە نییە لەم کارەدا، نموونەیەی ڕوون و درەوشاوەتر هەیە، ئەویش "سفیدریگایلوف"ە، ئەو کەسایەتیە سەیرەی، کە لەناکاو لە کۆتایی بەرگی یەکەم دەردەکەوێ، بەشێوەیەك زیاتر بە دەرکەوتنی شەیتان دەچێ بۆ ئیڤان کارامازوف، لەوانەیە ڕۆڵێکی زۆر نزیکی لە ڕۆڵی شەیتان گێڕابێ، ڕۆڵی ئەم کەسایەتیە بە ناڕوونی ماوەتەوە، لەسەر ئاستی ئەدەبی و هزری تا ئاستێك، کە "Car" پێی وایە وەك بوکەڵەیەکە لە سندوقدا دەرچووە، دواتر بڕیاری گێڕانەوەی داوە بۆ نێو کارتۆنەکەی، بۆیە لە کۆتاییدا خۆی کوشتووە،

---

[1]) المرجع السابق، م ٢، ص ٨١.

ناوبراو پێی وایە، خۆکوشتنەکەی ناڕون و بێ شوێنەر بووە[1]، وا دەردەکەوێ دوستوفسکی وای بینیوە، ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ڕێبازی راسکولنیکوف لە بارەی بەها، پێویستە دوو کەس هەڵی بگرن نەوەك یەك، ئەمەش بەهۆی بەراوردکاری نێوان دوو چارەنووسە جیاوازەکە، لەبەر ئەمە لەوانەیە ڕۆڵی سفیدریگایلوف نزیکترە لەو دوبلیرەی، کە بڕیاری داوە ئەو دیمەنە سەختە بگێڕێ، دیمەنی خۆکوشتنی کۆتایی، ئاماژە ددەکات بەوەی بەها نیچەییەکان — بە بۆچوونی دوستوفسکی — دەبێ بگەن بەیەکێك لە دوو ڕێگاکە، یان شکست و پاشەکشە (راسکولنیکوف) یان بەردەوامی و ڕۆچوون، کە دەبێ کۆتایی بێ لە دوای کامڵ بوونی پرۆژەی من تا خۆکوشتن (سفیدریگایلوف).

بەهەر حاڵ "Car" درك دەكات بەوەی پرسیاری بنەڕەتی لە تاوان و سزادا، بریتییە لە پرسیاری بەهایی لە بنەڕەتدا، پرسیارە لەبارەی راسکولنیکوف، ئایا تەنها بەهۆی لاوازیەکەی شکستی هێنا؟ یان بەهۆی ناوەڕۆکێکی ڕۆحی لە جۆری مرۆییدا، کە وایکردووە ئەستەم بێ پێویست پێنەبوونێکی تەواو بەدی بکات لەدۆخی مرۆڤی باڵای نا ئەخلاقی؟"[2]. پرسیارەکە بێ وەڵام دەمێنێتەوە، توێژینەوە ئەخلاقیەکانی دوستوفسکی دەبێ بگەنە ئەو وێڵیە، ئەو دوودڵیە لە نێوان خوا و شەیتان، بردیائیف تێبینی دەکات، کاتێك هەوڵی بەدواداچوون بۆ دوستوفسکی دەدات لە مێژووی هزری ئەوروپیدا، بەراوردکاری دەکات لە نێوان سێ تێڕوانین بۆ مرۆڤ، لەلای هەر یەك لە دانتی و شکسپیر و دوستوفسکی، دانتی پێی وایە وێنای مرۆڤی کردووە لە سەردەمی ناوەڕاستدا، مرۆڤی داناوەتە شوێنێکی ناوەند لە نێوان جیهانی خواروو و جیهانی ئاسمانی، ئەو کات مرۆڤ تەنها ڕەگەزێکی جێگربوو لەم هاوکێشە بێ لایەن و نەگۆڕە، بەڵام شکسپیر گوزارشتی لە سروشتی مرۆڤی سەردەمی بوژانەوە و ڕێبازەکانی هیومانیەت کردووە، وێنای مرۆڤی کردووە وەك بووەنەوەرێکی ناوەندی بۆ چەند ناوێکی سەروو نە خوا و نە شەیتان، کاتێك هێزی ناخی مرۆڤ نەما — کە وای لێکردبوو سەربەخۆبوو لە سەردەمی بوژانەوەدا — بەهۆی چارە نەکردنی چارەنووسی

---

(1) E.H. Carr, Dostocvsky, p. 197.

(2) Ibid, p. 193.

مرۆیی، خوا و شەیتان دووبارە گەڕانەوە بۆ دەرکەوتن، لە هۆشیاری و هزر و ئەدەبدا، ئەمە قۆناغی سێیەمە کە دوستوفسکی وێنای دەکات، هەوڵ دەدات مرۆڤ لە دۆزەخەوە ببات بەرەو پاکەرەوە[1].

لە پێناو ئەمەدا دوستوفسکی هەوڵ دەدات، پەیوەندی بەدیهێنەری ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان خوا و مرۆڤ بپێوێت، – بە بۆچوونی بردیائیف – هەوڵی جیاکردنەوەی نێوانیانی نەداوە، لەگەڵ گۆڕینەوەی مرۆڤی باڵا بە مرۆڤ (وەك نیچە)، بەڵکو لێکۆڵەرێکی بەردەوام بوو لەبارەی ڕێکخستنی گونجاو بۆ ئەم پەیوەندیە[2].

هەر لە پێناو ئەمەدا، پاڵەوانەکانی دوستوفسکی جوڵاون، بۆ جەختکردنەوەی سەرکەشانە بۆ خود، هەردەم دەگاتە (ئەمە تێبینیەکی واقیعیە بە کرداری) شکست و کەوتن[3]. لەوانە راسکولنیکوف، کە چارەنووسەکەی بۆ پاککەرەوەیە، بابەتی بەشی داهاتووە.

## ٥- راسکولنیکوف و دمتری کارامازوف:

"لە کۆتاییدا، بوونی ئەو دەرکەوت، زیندوو بووەوە بەهۆی ئێش و ئازار، ئەم ئێشە ئەوی پاککردەوە و بەرگی ڕێزدارەکانی بەبەرداکرد"[4]، دمتری کارامازوف.

هەروەك لە بەشی پێشوودا باسمان کرد، لێرەدا تاوتوێی لایەنی کۆتایی ئێش و ئازار یان ئەرکی دووەمی ئێش دەکەین، وتمان ئەزموونی ئێش زۆر بایەخدارە، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا

---

(١) ن. بردائيف: رءيةة دوستوفسكي للعالم، مرجع سابق، ص ٢٣ – ٢٦.

(٢) د. حسن يوسف: فلسفه الدين عند بردیائیف (دار الكلمه، ٢٠٠٠، ط١) ص ٧٠.

(٣) المرجع السابق، ص ٧١.

(٤) ف. دوستوفسكي: الأخوه كارامازوف، م ٢، ص ٥٣٢.

بەگشتی، لەلای دوستوفسکی بەتایبەتی، بەشێوەی هاوسۆزی دەردەکەوێ لەلای دوستوفسکی، واتە پەیوەندی بوون لەگەڵ ئەوەی تر و سوککردنی ئێش و ئازاری ئاڵوگۆڕکراو.

لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئێش، وەك چۆن فێربووین بۆ خودمان بگەڕێینەوە، لێی تێبگەین و بەدەوریدا بخولێینەوە، ئەمە ئەمە بەیەك جار پاڵمان دەنێ بۆ هاتنە بوونی هاوبەشی نێوان خودە جیاوازەکان، وەك هەوڵێك بۆ سووك کردنی ئەو ئێش و ئازارە، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەردەکەوێ لە کرداری سکاڵا و ڕاشکاوی و حەزی پێداگیرانە لە دەرکەوتن لەبەرامبەر ئەوی تر بەهەمان حەقیقەتی ناخ و دەروون، بەڵکو حەزی مرۆڤ لە هێنانەوەی گێڕانەوە بەگشتی، تەنانەت هەندێك دیاردەی تریش وەك گوێگرتن بۆ پاشملە باسکردن و قسە هێنان و بردن و هاوشێوەی ئەمانە.

کەواتە ئەزموونی ئێش تەنها گۆشەگیر نییە، هەروەك بوونگەراکان لە سەدەی بیستەمدا هەوڵیانداوە، بەڵام هێزێکی داهێنەری مەزنە، تەنانەت لە هەموو هێزەکانی تری دەروونی مرۆیی ئەزمووندار و دەوڵەمەندترە.

راسکولنیکوف دەگاتە بەسەر خۆدا ساغکردنەوە بێ فشار یان ناچارکردن، تەنها فشاری ویژدانی کەسی(1)، بەمەش خۆی ئامادە دەکات بۆ دادگایی کردن، کە بە بڕیاردران لەسەری کۆتایی هات بە هەشت ساڵ لەگەڵ کارکردن(2)، ئینجا ڕاگوێزرایەوە بۆ سیبیریا کرا، سەرباری ئەوەی ئەمە لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا ڕوودەدات، بەڵام ئەمە خاڵی وەرچەرخانی ئاڕاستەکەیەتی، وەك ئەوەی سەرەتای بەشێکی نوێ دەبێ، کە نەنووسراوە، ئەویش ئەوەیە پاڵەوانەکە قۆناغێکی تازە دەستپێدەکات، کە قۆناغی پاك بوونەوەیە.

(1) ف. دوستوفسکی: الجريمه والعقاب، م ٢، ص ٤٦٠.

(2) المرجع السابق، ص ٤٦٦.

له گرتووخانەدا، راسکولنیکوف بایەخ نادات بە سونیا، هەر چەندە بە ویستی خۆی لەگەڵی ڕۆیشتووە بۆ شوێنی دوورخرانەوەکەی، واتە پاڵەوان لێرەدا توانای خۆشویستنی نییە[1]، دواتر دووچاری نەخۆشی دەبێ، بەهۆی خراپی دۆخە دەروونیەکەی و برینداربوونی لوتبەرزیەکەی، هەڵسوکەوتەکەی لەگەڵ سونیا خراپتر دەبێ، زۆرتر هەست بە بۆشایی دەکات، تەنانەت دوای تەواو بوونی ماوەکە پێی وادەبێ ژیان بێ مانایە، پەیوەندیەکانی خراپ بوون لەگەڵ بەندکراوەکان[2]، لە ژێر کاریگەری ئێش و ئازاری بەردەوام، هەستکردن بە خۆشەویستی و ئومێد و هیوا جارێکی تر سەریهەڵدایەوە "راسکولنیکوف هێشتا ئەوە فەرامۆش دەکات، کە ئەم ژیانی تازەیە، جگە لە قوربانی چیتر نابەخشێ، پێویستە زۆربەی جاران نرخەکەی بدات، ئا لێرەوە چیرۆکێکی تر دەستپێدەکات، چیرۆکی مرۆڤێك کە کەم کەمە نوێدەبێتەوە و گەلاڵە دەبێتەوە[3]، ئام بەم شێوەیە دوستوفسکی ئێش و زیندووبوونەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چرۆکەکە کۆتایی بەشێوەیەکی مەسیحیانە.

نموونەی دمتری ڕوونترە، هەر چەندە دەستگیر نەکرا تا کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، بەڵام دڵنیابوو لەوەی مرۆڤێك لە ناخیدایە، دەیەوێ مرۆڤێك زیندوو بکاتەوە لە مردوان و هەڵە، تا ئەم مرۆڤە گەلاڵە دەبێ، لە قوڵایی ئەو ناخەدا کە ئێش و ئازاری دوور و درێژ پاکسازی کردووە، دمتری خەونی ئەو منداڵە بیر خۆی دێنێتەوە، کە بینیویەتی لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا سەبارەت بە پرسی کوژرانی باوکی، بیرۆکەی قوربانی مرۆیی بە خەیاڵیدا هات، واتە لەسەر گشت مرۆڤ پێویستە ئێش بچێژن لە پێناو منداڵاندا، بۆ ئەوەی بە خۆیان ئێش بچێژن، ئەمە تێڕوانین و وێناکردنێکی ئەخلاقی سایکۆلۆژی، واتە پێویست بە سەرچاوەیەکی میتافیزیکی ناکات، تێبینی

---

1) المرجع السابق، ص ٤٧٣.

2) المرجع السابق، ص ٤٨٠.

3) المرجع السابق، ص ٤٨٨، ٤٨٩.

ئەوە دەکرێ بە ناڕاستەوخۆ وەڵامی ڕەخنەکەی ئیڤان دەداتەوە، بۆ سیستەمی گەردوونی نا ئەخلاقی[1]، دواتر دمتری گەیشتە ئەوەی ڕایبگەیەنێ ئەو خوایەی مرۆڤ لەسەر زەوی بڕوای پێ نەکردووە، ئەوا بەندیخانەکانی نێو کانەکانی نێو زەوی دەیپەرستن[2]، تا ئاستی دوودڵبوونی لە قبول کردنی پلانی هەڵاتن، کە ئیڤانی براکەی ئامادەی کردبوو.

ئەم زیندوو بوونەوەیە، ڕەگەزێکی هاوبەشە لە نێوان هەر دوو دۆخی راسکولنکوف و دمتری لە پاککەرەوە، لە دوو دۆخەکەدا، ئەزموونی ئێش دەرچەی ڕاستەقینەی نا ئەخلاقییە، ئەگەرچی دمتری خاوەن تیۆرێکی دیاریکراوە، ئەمە قوربانی مرۆییە هەروەك ڕوونمان کردەوە، خاڵی دەستپێك، کار کردنە لە پێناو ئەستۆپاکی مرۆڤایەتی بەدەستهاتوو، کە شوێن هەڵەی سروشتی دەگرێتەوە.

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمانداوە مەبەست لە ئیلحادی بوونگەرا و تایبەتمەندی و جیاوازیەکەیلە جۆرەکانی تری ئیلحاد دیاری بکەین، لەگەڵ شرۆڤەکردنی هەر دوو لای ئەم پرسە، واتە: ئیلحادی ئەخلاقی و ئەخلاقی ئیلحادی، لە پێناو گەمارۆدانی چەمکەکە بە ئەرێنی و نەرێنی.

دواتر ڕۆیشتنە سەر چەمکی مردنی باوکەکە، لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنە ئەخلاقی و بیروباوەڕی و دەروونیە قوڵانەی هەیەتی، ڕاستەوخۆ ڕەگەکانی دەباتە خوارەوە بە ئەخلاقی بوونگەرادا، ئەمەش لەلای دوستوفسکی، گرنگترین ئەنجامەکان ئەمانەن:

---

(1) ف. دوستوفسکی: الإخوة کارامازوف، م ٢، ص ٥٣٠، ٥٣١.

(2) المصدر السابق، ٥٣٢.

١- ماناى ئیلحادى بوونگەرا: جیاوازە لە نكۆڵى كردن لە بوونى خوا، گوزارشت دەكات لە نكۆڵى كردن لە دەسەڵاتەكەى بەسەر ئەخلاقدا، لە بوارى یاسادانان بە گشتى، بۆیە ئەم جۆرە لە ئیلحاد پەیوەستە بە كرۆكى هزرى عەلمانیەت، بەوپێیەى یاسایەكى مرۆییە.

٢- گونجانى بەرپابوونى ئەخلاقى نا ئاینى: لەگەڵ داننان بە بایەخ و بڵاوبوونەوەى سەرچاوەى ئاینى بۆ ئەخلاق، بەڵام پرسەكە لێرەدا گونجان و پێویستى گەیشتنە بە پێوەرەكان بەگشتى، كە نادرێنە پاڵ هیچ ئاینێك، لە پێناو دۆزینەوەى پێوەرى ئەخلاقى مرۆیى گشتى، كە مافەكانى مرۆڤ لەسەرى بەرپا دەبن، هەروەها ئەخلاقیاتى گفتوگۆ لە نێوان ئایین و ڕەگەز و دەستە و ڕێبازەكان.

٣- بەتیۆردانانى بەها، لاى دوستوفسكى، بەوپێیەى یەكێكە لە فەیلەسوفەكانى بوونگەرا، ئەوانەى بەشێوەى ئاڕاستەى نەریتى دانراوەكانیان نەنوسیوە لە دانانى فەلسەفیدا. ئەم تیۆرە لە بەهادا، دادەمەزرێ لەسەر پێوەرى نا ئاینى و بەبێ ڕەچاوكردنى هەڵوێستى دوستوفسكى لە پرسى بوونى خوا ئیلحادى بوونگەرا وەك چۆن پێشتر خرایەڕوو پەیوەست نییە بە بوونەوە، بەڵكو بە پلەى یەكەم بە بەهاوە پەیوەست.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان:

### یەکەم: سەرچاوەکانی دوستوفسکی:

١- دوستويفسكي، فيدور ميخائيلوفيتش: الإخوة كارامازوف، ترجمة: سامى الدروبي، دار رادوغا، موسكو، الإتحاد السوفيتي، ١٩٨٨.

٢- دوستوفسكى فيدور ميخائيلوفيتش: الجريمة والعقاب، ترجمة: سامي الدروبي دار رادوجا، موسكو، الإتحاد السوفييتي، ١٩٨٩.

### دووەم: سەرچاوەکانی تر:

١- زكريا إبراهيم: المشكلة الخلقية، (مكتبة مصر، دار مصر للطباعة

٢- الخولي، د. يمنى طريف، الوجودية الدينية دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥، ط ٢.

٣- بدوي، عبدالرحمن: هل يمكن قيام أخلاق وجودية؟ مكتبة النهضة المصرية، ١٩٥٣.

٤- برديائيف، نيقولا: رؤية دوستوفسكى للعالم، ترجمة: فؤاد كامل إدارة الشئون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والإعلام بغداد، ١٩٨٦، ط٢.

٥- الخولي، يمنى طريف: الوجودية الدينية، دار الثقافة العربية، القاهرة ٢٠٠٥، ط٢.

٦- رجب، محمود: الميتافيزقا عند الفلاسفة المعاصرين، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦، ط ٢.

٧- سارتر، جان بول: الوجودية فلسفة إنسانية، ترجمة: حنا دميان دار بيروت، لبنان، ١٩٥٤.

٨- فرويد: دستويفسكي و جريمة قتل الأدب: في علم نفس الإبداع، ترجمة، د. شاكر عبدالحميد دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، دون تاريخ أو رقم الطبعة.

٩- قنصوة، د. صلاح: نظرية القيمة في الفكر المعاصر دار الثقافة، القاهرة، ١٩٨١.

١٠- كامي، ألبير: المتمرد، ترجمة عبدالمنعم الحنفي الدار المصرية، القاهرة، ١٩٦٤.

١١– كمال الدين، جليل: دراسات أدبية المكتبة العالمية، بغداد، ١٩٨٥، ط ١.

١٢– ماكوري، جون: الوجودية، ترجمة إمام عبدالفتاح إمام، مراجعة فؤاد زكريا، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٢. بدون رقم الطبعة.

١٣– ماركس، كارل و إنجلز، فريدريك: البيان الشيوعي، ترجمة العفيف الأخضر دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ١٩٨٨، ط١.

١٤–وهبة، مراد، مستقبل الأخلاق دار الثقافة الجديدة، القاهرة، ١٩٩٤، ط ١.

١٥–يوسف، حسن: فلسفه الدين عند بردیائیف دار الكلمه، ٢٠٠٠، ط١.


**سەرچاوە بیانیەکان:**


Carr E.H.: Dostoevsky, (George Allen and unwin Ltd. UK, 1949. And [illegible] Ed.

Freud, s.: Totem and Taboo. Tr. By A.A. Brill, (Penguin Books Harmondworth, Middle sex, uk, 1938, no. ed. Ed. No].

Moreland J. p. and Kai Nielsen: Does God Exist? (Prometheus books, Bufflo, New York, USA, 1990. No ed. no.

# ئیتقا و ئەویترگەرا:

# درەوشانەوەکانی ئەوەی هەیە لە فەلسەفەی ئەخلاقدا

# لەلای ئیمانویل لیفناس

**محەممەد بکای، زانکۆی تلمسان – جەزائیر.**

"هزری لیفناس وامان لێدەکات، خەون بە نەرێنیەکەوە ببینین کە پێشینەی بۆ نەبووبێ: کەمکردنەوەی چڕی لۆغۆسی یۆنانی و ڕزگارکردنی میتافیزیك، لە میانەی بانگەوازی ئیتیقادا"

**پێشنووس:**

ئیمانویل لیفناس(*)، نوێنەرایەتی لایەنێکی دیار دەکات لە فەلسەفەی هاوچەرخی فەرەنسیدا، یەکێکە لەوانەی شوێنەواریان جێهێشتووە لەسەر دیمەنی هزری مرۆیی، بەڵام هەر بە نەناسراوی ماوەتەوە لە بەرامبەر ئەو ناوبانگەی دریدا یان دولوز یاخود فوکو بەدەستیان هێناوە.

گومان لەوەدا نییە لیفناس ئەمڕۆ زۆر بە فراوانی ڕووی تێدەکرێ لە نێوان توێژەراندا، بۆ وردەکاری کردن لە کەلەپورە فەلسەفیەکەی و توێژینەوەی تێڕوانینەکانی لەبارەی ئیتیقا. بەڵام ناکرێ چاو بنوقێنین لە نکۆڵی کردن یان خۆ بێ ئاگاکردنی (بە مەبەست بێ یان نا)، کە ئەم فەیلەسوفە جولەکە لیتوانی ڕەچەڵەکە هەیبووە، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی فەڕەنسییە. کەلەپورە

دەوڵەمەندەکەی لیڤناس، بە شاراوەیی مایەوە لە نێو ئەم هەموو ڕەوتە هاوچەرخانەی، نیشانەگرە بۆ دیمەنی فەلسەفی، وەك هەڵوەشاندنەوەی دریدا یان جینالوجیای فۆکۆ یاخود هیرمینوتیقای غادامیر و جگە لەوان. "بەڵام بەپێچەوانەی نکۆڵی کردنی ڕێژەیی، کە کەلەپوری لیڤناس پێیەوە دەیناڵاند، ئەمڕۆ ڕادەبوێرێ بە دانپێدانانی جیهانی، بە ڕاستی تیشکەکانی زیاتر لە بازنە فەلسەفیەکان بڕ دەکات، گۆڕەپانە جۆرا و جۆرەکان دەگرێتەوە، وەك تیۆری سیاسەت و ڕەخنەی ئەدەبی و لێکدانەوە و ئەخلاق"().

لیڤناس لە فەلسەفەکەیدا، بەرەو لێبوردەیی و فەلسفە نا بۆ توندوتیژی و کوشتن دەڕوات. جەنگەکان و ئاشەکانی بە قێزەون دانا، کە وشك و تەڕ بەیەکەوە دەسوتێنێ، هیچ شتێك هەڵناوێرێ. بەهۆی برین و تاوانەکانی گیانی بێ تاوان دەکوژرێن.

لیڤناس پێگەیەکی جیاواز بۆ ئەویترگەرا و کەسانی تر دەدات، ئەمەی دوایی بووەتە خەسڵەتێکی لکاو و پرسێکی ناوەندی لە توێژینەوەکانی. بێ ئەخلاقییە ئەوەی تر فەرامۆش و پەراوێز بخرێ لە نێو دیواری خودیدا. لە زۆربەی کتێبەکانیدا، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

---

* ئیمانویل لیڤناس، لە کوفنو لە لیتوانیا لە ساڵی ١٩٠٦ لەدایك بووە، بەپێی ڕۆژمێری جریجوری پشت پێبەستراو لە جیهاندا، واتە بەرامبەر بە ساڵی ١٩٠٥ بەگوێرەی ڕۆژمێری یۆلیانی یان ڕومانی، ئەمە پشت پێبەسترابوو لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیدا، لە کاتی لەدایکبوونی لیڤناس. ناوبراو پەروەردەیەکی جولەکەیی نەریتی وەرگرت. لیڤناس و خێزانەکەی ناڵاندیان، وەك سەرتاپای جولەکەکان، لە ماوەی حوکمڕانی نازیەتدا، بە دەست چەوساندنەوە و کوشتن و ترس و تۆقاندن، ئەمەش وایلێکرد لەگەڵ خێزانەکەی کۆچ بۆ ئۆکرانیا بکات. دواتر کۆچی کرد بۆ فەڕەنسا و لە ستراسبورگ لە ساڵی ١٩٢٣ نیشتەجێ بوو، بەردەوام بوو لە توێژینەوەی فەلسەفە، بەتایبەت فەلسەفەی هوسرل، کە تایبەتی کرد بە تێزە زانکۆییەکەی. شانازی گەورە بۆ ئەوە لە گواستنەوەی کارەکانی هیدجر و هوسرل بۆ سەر زمانی فەڕەنسی. نووسینەوەکانی تایبەتمەندن بە بایەخ پێدانێکی تێبینی کراو بە بابەتی ئیتقیا و ئەویترگەرا، کە چەند هەنگاوێکی گرنگی پێ هاویشت لە میانەی دانراوە ناوەندیەکانی. لە ساڵی ١٩٩٥ لە فەڕەنسا مرد.

() "ليفناس من الموجود إلى الغير"، تحت إشراف: جويل هنسل، ترجمة: علي بوملجم، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٨، ص ١١.

بانگەشە دەکات بۆ دژایەتی بەڕووی خۆدا داخران و گۆڕینی ڕوانینە میتافیزیکیەکان بەرەو ئەوەی تر.

لیفناس لە فەلسەفە ئەخلاقیەکەی و تیۆرەکانی بۆ ئەویترگەرا (غيرية)، داوای دووبارە گێڕانەوەی سەنگ دەکات، لە هەڵسوکەوت کردنمان لەگەڵ ئەوەی تردا، لە بەرپرسیاریێتیمان لە بەرامبەریدا، لە مافدا بە دانپێدانانی، ڕێز لێگرتنی وەك کەسێکی جیاواز لە من، گوێ بۆ گرتنی و گفتوگۆ لەگەڵ کردنی.

فەلسەفەی لیفناسی ئیتیقی، هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە بەرامبەری کۆتا نەهاتوو، بە کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی ئەخلاقی لەگەڵیدا، "گرێدانە دوای پچڕان" لە نێوان خود و ئەوەی تر، لە ڕێگەی لە یەکتر گەیشتن و گفتوگۆ و یەکتر دواندن و نا توندوتیژی و بەرپرسیارێتی ئاڵوگۆڕ کراو. ئەمە شێواز و ئەخلاق و هەڵسوکەوتی ئاشتیانە دێنێتە بەرهەم، لەوانەیە یەکێك هەڵە بکات و یەکێکی تر بیپێکێ، بەڵام بە تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕ کراو، کۆسپەکان لادەچن، پەڕاوێز خستن دەتوێتەوە، هەستەکانی دانپێدانەنان لادەچن، کە ڕێگرن لە نزیك بوونەوەیان لە یەکتری، بەشێوەیەك عەقڵانی و ئەخلاقی، من ئەو دەگەنە چەند ڕێگەیەك، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی لەوانەیە هەر یەکێکیان تێی بکەون، بەمەش دوورمان دەخاتەوە لە بەیەکدادان و جوێن یان کوشتن و خوێنڕێژێ. بە یەك دەست چەپڵە لێنادرێ، بە یەك دەست تەنها لێدان ئەنجام دەدرێ.

بەمەش ئیتیقای ئەویترگەرا، لای لیفناس لە پێشەوەی بیرۆکە فەلسەفیەکانیەوە دێ، وایلێهات بە خەسڵەت جیاکەرەوەی فەلسەفەکەی دێ لە هاوشێوەکانی تر لە فەلسەفەی شیکەرەوەیی و هیرمنوتیقا. ئەم بیرۆکە ئیتقیانە وای لە لیفنلس کرد، ببێتە فەیلەسوفێکی تایبەتمەند، کە نازناوی فەیلەسوفی ئیتیقا یان فەیلەسوفی ئەویترگەرای پێبەخشراوە.

١- ئەخلاق وەك "فەلسەفەی بەرایی":

لیفناس بنچینەی دارِشت بۆ ئەخلاقی تازە – هاوشێوەی فەیلەسوف روزنتسفایغ –، بەهۆی بایەخدانە زۆرەکەی بەوە پەراوێزخراوە و قسەی لەسەر نەکراوە، پێشوازی کردن لە ئەوی تر، کە ناوەندە خۆرئاواییەکان لە قەڵامی خودیدا لەخۆ دەگرن. بەمەش لیفناس لە ئازادیەوە دەچێت بەرەو ئەخلاق، یان لە هۆشیاریەوە دەچێ بەرەو ڕوو، ڕەخنە دەگرێ لە فەلسەفەی ڕووکەشگەرایی، کە تیایدا لەوەرگەیەك دەبینێ بۆ ئازادی (ئەمە فەلسەفەیەکە وەستوەتە سەر خودگەرایی و تاکایەتی ئازاد) و بەکەم دانانێکی زۆر بۆ بەرامبەر.

لایەنگیری توند بۆ یەکێتی و تاکایەتی، کە هاودەمی نەریتە فەلسەفیەکان و میتافیزیکی خۆرئاواییە، کە هەر لە مێژینەوە، بایەخی داوە بە عەقڵ و خود یان من، تیز و پرسێکی مەترسیداری ئەخلاقی پێکدێنێ، بە بێ بەشکردنی زۆرینە لە بوون. لێرە فەلسەفەی لیفناسی ئەخلاقی دەردەکەوێ، بە بوێری و چاونەترسیەوە، بۆ ئەوەی پێگەیەکی گرنگ لە هزری هاوچەرخی خۆرئاواییدا بە ئەویتر بدات. ئیتیقای لیفناس ڕێگەیەکی جیاوازە، خودگەرایی ئەوەندە شکۆدار ناکات، بە ئەندازەی ئەوەی دژی دەوەستێت، ئەمە ڕۆچوونە لە ناوەندیەکاندا بە وروژاندنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەوی تردا، بە شایستەبوونی بۆ توێژینەوە، بە ڕەسەنایەتیەکەی لە پاڵ خوددا.

ئەوەی لیفناس گرەوی لەسەر دەکات (فەیلەسوفەکانی شیکەرەوەیی و ڕاجیایی لەم سوککردنەوەیەدا بەشدارن) "بریتییە لە تێپەڕاندنی لۆژیکی دژیەکی و کێشمەکێش و هەڵوەشاندنەوەی قەڵای ناسنامە داخراوەکان بەڕووی خۆیدا، درێژکردنەوەی پەیوەندی و ڕایەڵی نێوان خود و گەلان، لە پێناو دەستەبەرکردنی کۆمەڵێك لە لەیەکتر تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی پۆلێك لە هاوبەشیەکان، بە مەبەستی بنیاتنانی ناسنامەی مرۆیی گەردونی

ئامادە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی پاراستنی ژیانی زەمینی و جێبەجێکردنی وەسیەتی بەجێنشین دانان و بیمەکردن و ئاوەدان کردنەوە"[1].

لیفناس ڕەخنە لە عەقڵانیەتی خۆرئاوا دەگرێ، لە بانگەوازەکەیدا بۆ ئازادی جگە لە جەنگ و ناهەمواریەکانی چیتری بەرهەم نەهێناوە، ئەگەر "ڕێڕەوی مێژوویی لەلای هیگڵ، گەواهی دەدات لەسەر ڕۆحی ڕەها، روزنتسفایغ لە واقیعی مێژوویی هەنگاو دەنێ، بۆ کیشوەرێك کە نغرۆبووە لە جەنگی دڕندەدا، بۆ ئەوەی ئەم عەقڵانیەتە حوکم بکات، کە هیگڵ قسەی لەسەر دەکات، کە خۆی نەپاراستووە لە بەرگری کردن لە جەنگ و خراپیەکەی، هیگڵ پێی وایە، توندترین شت کە هەڕەشە لە گیانی گەل دەکات، سیستەمە دابڕاوەکانن، یان بە زمانێکی تر: تاکگەرایی. بۆ ئەوەی گیانی گەل بپارێزرێ، پێویستە لەسەر حکومەت، لە ڕێگەی جەنگەوە ناخەکانیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەهەژێنێ"[2].

هەر بۆیە لیفناس ئەخلاق بە فەلسەفەی بەرایی دادەنێ[3]، ئەمە ئەخلاقە بۆ ئەخلاق، وەك چۆن دریدا وەسفی دەکات. لەلای لیفناس، ئیتیقا بەشێك نییە لە بەشەکانی فەلسەفە، بەڵکو فەلسەفەی بەراییە: "هەروەك لە گشت قسەیەکدا، ئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێ. فەلسەفە ناکرێ بەبێ گفتوگۆ. بەڵام وشەی یەکەم و دووەمەکەی، بەرپا دەبێ بە گشت ئەوەی فەیلسوفەکان بە بەرامبەر ڕادەگەیەنن (بەخۆشیانەوە، بەوپێیەی بیسەری هزرەکانیانن)، بەڵام هۆشیارە لە

---

(1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، جريدة العرب الأسبوعي، لندن، ع ١٥/ ١٢/ ٢٠٠٧، ص ١٠.

(2) رشيد بوطيب، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، في كتاب "جاك دريدا: ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحديث، التفكيك، الخطاب"، إشراف: محمد شوقي الزين، منشورات الإختلاف، الجزائر، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠١١، ص ٣٠٥ و ٣٠٦.

(3) Emmanuel Lévinas, Êthique et Infini, Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1992, p. 71.

گەڕانەوەی ئەویتر. ئەگەر بیرت لێ بکەمەوە، ئەوا بەلایەنی کەمەوە حەزم لەوەی ئەوەت پێشکەش بکەم کە بۆم گەڵاڵە بووە"(١).

وتەی لیفناس "ئیتیقا، فەلسەفەی سەرەتا و کۆتایە" مانای پچڕان نییە لەگەڵ چوارچێوەی بوونی فەلسەفی، ئامانجی داڕوخاندنی بنچینەکانی تەلاری ئەنتۆلۆژی نییە، لە میانەی ئەم وتەیدا، چوارچێوەی ئەنتۆلۆژی بۆ فەلسەفە نەپچڕاوە. بیفناس توانیویەتی بیرۆکەیەك بخاتەڕوو، وەك پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بۆ زانستی بوونگەرای نەریتی، تەنانەت زانستی بوونی هیدجری. لە جیاتی ئەمە ئێمەی دەوڵەمەند کردووە بە زانستی ڕووکەشە ئەویترگەراکان، بە ڕەچاوکردنی کێشە ناوەندیەکانی زانستی بوونی نوێ(٢).

بەمەش کەم و کورتی دەگرێ لە پرسە ئەنتۆلۆژیەکان، کە پێش ئەو کەوتوونەتەوە، بەوەی توانای درك کردنیان نییە بە ئەویتر و ڕەهەندە ئەخلاقییەمانی، بە توندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، بەکەم سەیری دەکات و دەیخاتە خانەی پەڕاوێزخراو و نامۆ، دەخاتە نێو چوارچێوەی لۆژیکی پێکهاتەی خودی دەروونی.

ئەو ئەخلاقەی لیفناس بانگەشەی بۆ دەکات، بەرهەڵستکاری گوتاری دامەزراوەییە، کە بانگەواز دەکات بۆ ئازادی و هۆشیاری پێکهاتوو، هەموو میتافیزیکیایەکی نا ئەخلاقی ڕەت دەکاتەوە، ڕوونی کردەوە زانستی ئەخلاق پێش میتافیزیك دەکەوێ، "میتافیزیکیای لیفناسی، هەروەك ئەودیوی تیۆری بوون، وەك جەستە، بریتییە لە زانستی ئەخلاق، ئەم ناسنامە فەلسەفەی سەرەتایە"(٣).

---

(١) "ليفناس من الموجود إلى الغير"، تحت إشراف: جويل هنسل، ص ١١٣.

(٢) المرجع نفسه، ص ٩٨.

(٣) المرجع نفسه، ص ١٠٧.

بەمە لیفناس هاتە ناو فەلسەفەی ئەخلاقەوە بە تێڕوانینێکی نوێ، کە دەخولێتەوە بە دەوری لێبوردەیی و چاکە و خۆشەویستی و داننان و پێشوازی کردن لەوەی بەرامبەر کە نامۆیە لامان. لە کتێبە ئاڵۆز و تایبەتمەندەکانی ئامانجێکی زۆر باڵای دارشت: "بوون، ئەوەیترە، فەلسەفەش ڕێگەی بەرەو خوایە"، "ئەویتر پێش خود، من، ئەزموون، جیهان، پرۆژەیەکی ڕەسەنە، هەروەك دەوترێ سەلمێنراوی پەیدابووە لە فەلسەفەی لیفناسدا. ئەویتر، بریتیە لە بوون، کە بەدەردەکەوێ، مەزنی ئەویتر لەسەر ڕووخسار دەردەکەوێ"[1].

## ٢- ئیتقای لیفناس: لە بوونەوە بۆ ئەوەی هەیە:

لیفناس وەك فەیلەسوفێك ناژمێردرێ لە چوارچێوەی چەقبەستووەکانی نەریتی فەلسەفی خۆرئاوایی. بە فەلسەفە ئەخلاقیەکەی جیاواز بوو لە ڕەوتە فەلسەفییە باوەکان لە سەردەمی خۆی، "زۆربەی جاران بۆچوونەکەی پێچەوانەی ڕەوتە باوەکان بوو، کە زاڵبوو بەسەر مشتومڕی هزری لە سەروبەندی چەند ساڵێکی دوای جەنگ. لە سەردەمێکدا فەلسەفەی هیدجر کۆمەڵێك مشتومڕی دادەهێنا لە فەڕەنسادا، لیفناس ڕەخنەکەی چڕ کردەوە لەسەر هزرێك، کە پێشەنگی دەدا بە کێشەی بوون و پێش کێشەی مرۆڤی دەخست"[2].

فەلسەفەی لیفناس، هاوشێوەی فەلسەفەی جولەکایەتی بەرهەڵستکاری هەمەکێتی و تاکایەتیە، پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی تر گرێدەاتەوە و گێڕانەوەی لە ڕووی فەلسەفبەوە، بناغەی دارشت بۆ ئەخلاقێك تازەی بەدەر لە دەسەڵاتی سیستەم و ناوەندێتی هەمەکی. هەر بۆیە لیفناس هێرشی کردە سەر نەریتی بوونگەرای تایبەت لەگەڵ هیکل و هیدجر، "نەك لەبەر ئەوەی سەرسامیەوە چەندین شێوە لەو بوونەوەرانەی هەن ڕوون بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە

---

(1) المرجع نفسه، ص ١٣٦.

(2) ليفناس من الموجود إلى الغير، تحت إشراف: جويل هنسل، ص ١٠.

بانگەشەی کورت هەڵهێنانی جیهانی هەست بدەست بخات بە زانستێکی هەبووی گشتی. بەهۆی مەبەستی بەوەی ئەم هەموو جۆری شێوانەی هەن لە هاوشێوە گشتیەکاندا، بەرامبەری ڕیزپەڕی ڕەتکردەوە، من، خوا، مردن، مێژوو، ئازادی، ئەخلاق، هەر شتێك کە دەکرێ ئاماژە بکەوت بەودیوی گشتگیردت"(١).

ئیتیقای لیفناس، نکۆڵی دەکات لەوەی خود خۆی بەدەستی خۆی بێ، بوونەکەی دردەکەوێ، لە حەزکردنی لە بەرامبەر و لەو نزیکبوونەوەی و لەگەڵی کۆبوونەوەی، ئەمە ئاڕاستەیەکە بەرەو دەرەکی گەرا. لێرەدا بیرۆکەی نا کۆتایی پەیوەست بە ئەزموونی ئەویترگەرا دەردەکەوێ، بەوپێیەی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە، خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکدادان لەگەڵ بوونی دەرەکی بە ڕەهایی، نەك کەنارگری ئەم بوونە کە ناتوانێ ئەویتر بگرێتەخۆ، ئەو دەرەکی گەرایە بەرهەم دێ، کە دەردەکەوێ لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەها، کە ڕووخسار دژی هەر خاڵێك دەریدەخات. "جیابوونەوەی ڕیشەیی لە نێوان من و ئەوەی تر، ناکرێ ببێ، چونکە ئەستەمە بۆ من، لە دەرەوەی میوانداری لەگەڵ ئەوەی تر شوێن بگرێ، هەروەك ئەویترگەرا ناکرێ ببێ، مەگەر ئەویتر بە ڕاست ئەویتر بێ. من هەردەم بوونی نییە لەگەڵ خۆیدا، بەڵکو هەوڵی نوێکردنەوەی ناسنامەکەی دەدات، لەلای هەر خاڵێك کە ئەوانی تر بەیەك دەگەن. ئەویتر بە ڕەهایی بریتییە لە خودی ئەویتر، ژمارەیەك سەبارەت بە من و ئەوانی تر پێکناهێنێ، کە وام لێدەکات بڵێم من و تۆ تەنها کۆی منە، چونکە من و تۆ چەند تاکێك نین بۆ چەمکێکی هاوبەش. ونبونی ڕەگەزی ئەو، وا دەکات ئەوەیتر ئەوەی تر بێ، نامۆ ئازاد بێ لە هەر بەسترانەوە و زاڵبوونێك، ئەمە شڵەژانێك لە خوددا لەکاتی بەراوردکردندا دروست دەبێ"(٢).

---

(١) المرجع نفسه، ص ١٠٠.

(٢) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١١.

لیفناس سەنگ و بایەخی ونبوی گێڕاوەتەوە، بۆ زۆرێك لە بابەتە ڕەهەند ئەخلاقی و مرۆییەکان، وەك دۆستایەتی و خۆشەویستی و بەخشندەیی و لێخۆشبوون لە هەڵە و جگە لەمانەش. بە گوزارشتێکی تر، لیفناس ئەو شتانەی بۆ زانستی بوون زیادکرد، کە پێویستی پێبوو لە شتە مرۆیەکان، لە بانگەوازکردنی بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤی تر. قوڵبوونەوە لە ئەخلاق و وروژاندنی پرسە مرۆییەکان، ئەوەیە ڕێڕەوەکانی لیفناسی ئاڕاستەکرد، لە زانستی بوون بۆ فەلسەفەی ئەخلاق، لە خود و بوونەوە بۆ ئەویتر، لە خۆویستیەوە بۆ کۆمەڵگەیی.

هەر بۆیە ئەم فەیلەسوفە، بەرهەڵستی میتافیزیکی خۆرئاوای کردووە، لە مانا میتافیزیکیەکەی. ئەمەی دوایی هەوڵیداوە بۆ ئاوێتەکردنی هەموو شتێك لە نێو چوارچێوەیەکی زانین و مەعریفی بابەتی هۆکاریدا، لە بەرامبەردا خودی پەراوێز خستووە، کەوتۆتە نێو تێکەڵکاری لە نێوان سروشت و هزر و مێژوو و بنیات، لیفناس بایەخی بەو شتانەدا، کە ئەم میتافیوکیایە لە دەرەوە جێی هێشتبوو، لە کێشە و پرسەکان، تاوتوێ ئەو پرسانەی کرد کە لە هەژمارەکردنەکەیدا لادرابوون، تەنانەت پەراوێزخرابوون، وەك ئەویتر و جەستە و ڕووخسار"[1].

زانستی بوونی نەریتی، چەند چەمك و تێگەیشتنێك پێشکەش دەکات و دەخاتەڕوو لەبارەی خودەکان، لە شێوە تاکایەتیە بەرەنگاربووەوەکەی بۆ ئەویتر، ئەم وتە ئەنتۆلۆژیانە، پاکسازین بۆ گوتاری زاڵبوون و چەق گرتن و هێز، هەموو ئەمەش بێ چەند و چوون سەردەکێشن بۆ جەنگ و توندوتیژی. ئەم تێگەیشتنە خراوەڕووانە بۆ ئەو بوونەوەرەی هەیە، وا دەکات بەخودی خۆی سەربەخۆ بێ و تەواو لە خۆی ڕازی بێ، نەزانی و بەکەمزانی و فرێدانی بەهێز دەکات. داننان بەوەی تردا ڕوونادات، مادەم تاکە خەیاڵی مرۆڤ ئەوە بێ

[1]) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١٠.

بەردەوام بێ لە بوون، ئەمەش پاڵی دەنێ بۆ بەرەنگابوونەوەی مرۆڤی بەرامبەر، کە وا بۆی دەردەکەوێ تەواو نامۆیە لەلای و پێویستە فەرامۆش بکرێ.

لیفناس نەریتە فینومینولۆژیەکانی تێپەڕان لە دەروازەکانی هۆشیاری و مندا، یان کوێری ئەخلاقی لای هیدجر، "خود خەسڵەتی بۆ نییە، یان خودێتی بۆ نییە لە نێو گشتگیریەکەی کرۆکیدا، بەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ گشت میتافیزیکیای مێژووی هیگڵیەت، کە سەبارەت بەو کرۆکی هەمەکێتی نایاب پێکدێنێ، هەمەکیەك تاك دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی سیستەم، ئەخلاق دانامەزرێ تەنها دژی تاك نەبێ"[1].

ئەگەر هیدجر بنچینەی دانابێ، بۆ پەیوەندیەکی بێ لایەنانە لە نێوان بەدیهێنراوان، بە پێدانی بەرایی بە بوون لە پێش ئەوەی هەیە، ئەوا لیفناس زیاتر لە هاوتاکانی گرنگی دەدات بە پەیوەندیە ئەخلاقییەکان. ڕەخنە دەگرێ لە خستنەڕووی ئەنتۆلۆژی هیدجری و لادەدات لە وتە بوونگەرایەکانی، بە وتارێك کە لیفناس بڵاوی کردۆتەوە لە ساڵی ١٩٣٤ بە ناونیشانی "l’évasion" تیایدا گەیشتووەتە ئەوەی "خود لەلایەنی بوون و مانەوەی چووەتە خزمەتی ئاڕاستەکە و بۆ دەرخستنی درێوی پیادەکردنە مرۆڤایەتیەکان، کە مێژوو بۆ خەڵك هەڵی دەگرێ و هۆی ئەم درێویە ئەو ڕق و کینە و قین لە دڵیەیە مرۆڤ هەڵیدەگرێ لە دژی مرۆڤی تر، بنەما دەمارگیریەکان بڵاو دەکاتەوە کە پشت دەبەستێت بە بنەماکانی بێ بەشکردن و چەقبەستن بە دەوری خوددا، ڕیشەکێش کردنی دژەڕاکان و پاکتاوکردنیان لە ڕووی جەستەیی و مەعنەویەوە"[2].

لیفناس لە میانەی فەلسەفەی ئەویترگەرا، کە مرۆڤ بە هاوتاکەی دەگات، بێ گومان زاڵ دەبێ بەسەر خۆویستی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە خودی خۆی، بێ داننان بە شیاوتربوونی ئەویتر.

---

(1) رشيد بوطيب، نقد الحرية أو التاريخ المنسي التفكيكية، ص ٣٠٥.

(2) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١٠.

لەم کرداری دانپێدانانەدا، دەستپێکی بوونی مرۆیی مرۆڤ دیاری دەکرێ. گومان لەوەدا نییە، ئەم ئاشکرا کردنە هاودەم دەبێ لەگەڵ سەرکێشیٚ مەزن، لە ناسینی ئەویتر و بەرەنگاربوونەوەی، بێگومان سەرکێشیەکی دەورەدراو دەبێ بە مەترسییەکان، کە پێویستە ئەنجام بدرێ[1].

هەل ڕەخساندن بۆ ئەویتر، بۆ چاوپێکەوتن و یەکترناسین و گفتوگۆ، بریتییە لە هۆیەك بۆ دەرچوونی خود لە گۆشەگیری و تاکگەراییەکەی. ئەویتر لەگەڵ مندا ئەم بوارە مرۆییە فراوانە دابەش دەکات، کە خێر و هەماهەنگی و ئەخلاقی چاکی لێیە، خود دادەبەزێ لە هۆشیاری و لوتبەرزیەکەی، لە تاوەری بڵند، کە بوونی خود تیایدا چەق دەگرێ و بەدەوری خۆی خولدەگرێ.

لیفناس بۆ زیاتر لەمەش دەچێت، ئامادەبوون لە بەرامبەر ئەویتر، تووشبوونە بە مەترسیەکان و سەرکێشیٚ گوێزرانەوەیە لە خەسڵەتەکانی کامڵی و ئاسودەیی، بۆ هەستەکانی تێکشکان و گومان: "مرۆڤ بەرەنگاری ئەویتر دەبێتەوە، هەروەك پێستی مرۆڤ بەری دەکەوێ، کاتێك یەکێك دەیەوێ برینداری بەکات، یان هەروەك ڕوومەت بەری دەکاوێ، کاتێ یەکێك دەیەوێ شەقە زلیەکی لێ بدات"[2].

وتە میتافیزیکیە گشتگیرەکان، گرەو دەکەن لەسەر ئەخلاقی مرۆڤایەتی، لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئازادیەکان، کە بوونی خۆی ناگرێتەبەر تەنها لە سایەی سیستەمێکی گشتی و هەمەلایەن نەبێ (خێزان، کۆمەڵگە، دەوڵەت...)، "ئەگەر تاك بە تاکاتی خۆی بۆ بەرژەوەندی

---

(1) Emmanuel Lévinas, Autrement qu'étre ou au-delà de l'essence,paris , Le Livre de Poche, Biblio- essais, p. 190

(2) Ibid, p. 83.

سیستەمی گشتی ڕوون نەکاتەوە، ئەوا توانای نابێ ببێتە ناوەڕۆکێکی ئەخلاقی، دواتر جەنگ یەکێکە لەو ڕێگایانەی سەردەکێشێ بۆ ئەخلاق و ئاوێتە و لکان بە گەردوونی بوونەوە"[1].

سەبارەت بەو ئەنتۆلۆژیایەی لیفناس دەیخوازێ، پشت دەبەستێ بە ئەخلاقیاتی پەیوەندی خود بە ئەوی ترەوە، لەگەڵ ئەو چاکەی پەیوەندیەکەیان لەخۆ دەگرێ: ئەگەر تۆ ببیت، ئەوا بۆ ئەوەی تر ببیت، واتە چاك بیت. لیفناس دەڵێت: چاکبوون بریتییە لە بەرزی بە خودی خۆی، لە سەرکێشی ڕەهادا، بە زیادەڕۆچوونێکی ڕەسەن[2]. ئەوەی تر هەندێك ماف و جیاوکی هەن، ئەمانە بڕپرسیارێتی ئەخلاقین لە ئەستۆماندا، لەسەر مان پێویست دەکەن ئەوانی ترمان خۆشبوێن و بە چاکە و ئەخلاق و مرۆڤ دۆستانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، ئەمە بەدەستخستنی پەیوەندییە لەگەڵ کۆتا نەهاتوو، لە پەیوەندیەکدا بایەخ بە خود نادات پێش بایەخدان بەوەی تر، "چاکە بەپێی ڕەچاوکردنی ئەوتر گرنگترە لە خود"[3].

ئەم لێکترازانە لیفناسیە لە چوارچێوەی ئەنتۆلۆژی هات، لە دوای ماوەیەك لە شڵەژان و دوودڵی، لیفناس لە گشتگیر و کۆتا نەهاتودا شێوەکانی ئەنتۆلۆژی بەکارهێناوە لە شێوەی (بوون، بوونی ڕاست، خود...) بەڵام بە پەلە کەوتنی بوونی ڕاگەیاند زۆر بە ڕوونی، وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی بنەمایی، لە پوختەی دووەمی هەمەکی و کۆتا نەهاتوودا (لا: ٢٧٨)، بە پێچەوانەی ئەوەی هەیە (لا: ٤٠)[4].

---

(1) رشيد بوطيب، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، ص ٣٠٦.

(2) Emmanuel Lévinas, Totalité et Infini, Essai sur l'extériorité, paris, Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1992, p. 341.

(3) Emmanuel Lévinas, , Totalité et Infini, Essai sur l'extériorité, p. 277.

(4) ينظر: ليفناس من الموجود إلى الغير، تحت إشراف: جويل هنسل، ص ١٠٢ و ١٠٣.

### ٣- کەلەپوری جولەکە و فەلسەفەی ئەخلاقی لیفناسی:

لیفناس جولەکەیە، کە ڕۆیشتووەتە نێو وەسفکردن و شیکردنەوەی گوتاری تەلمودی لە زۆربەی کارەکانیدا، لە فەلسەفەی ئەخلاقدا، نەریتیە کۆنە ئاینیەکان دێنێتەوە، هەروەك تەکنیکە نوێگەرەکان دەخزێنێتە نێو شێوازە فەلسەفەییەکانی، کە خاوەن سروشتێکی جیاواز و تایبەتمەندە.

نووسینەکانی دەبینین خەسڵەتدارن بە تاکایەتی و نامۆیی و ناڕونی لە زیاد لە شوێنێکدا. لەە گوتارە ئیتیقیەکەید جیاوازی دەکەین، لە نێوان پێکهاتەیەك لە نێوان سروشتی تەلمودی و ئینجیلی کە لە قالبی عەقلّیدا داڕێژراون. گەڕاوەتەوە بۆ "چاوگەکانی جولەکایەتی، پردێکی درێژ کردووەتەوە لە نێوان ڕێنماییەکانی فەیلەسوفەکان و ڕێنماییەکانی تەلمودیەکان، سەرنجی خستۆتەسەر ئەو ڕووناکییە باڵگرتووانەی هەندێك جار ئاسمانی نەریتی خۆرئاوایی هۆشیار دەبڕن، کە لە بنەڕەتدا درکیان کردووە بەوەی "چاکە دوورترە لە بوون"، خۆی دووردەگرێ لەوەی ئەخلاقی تایبەتی ئیتنی یان ئاینی کورت هەڵبهێنێ، بانگەوازی کرد بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە مانای وشە مرۆییەکان و ئاشتی و سروشت و دادگەری و تەنانەت خۆشەویسی"[1].

ئەو وزە مەزنەی پاڵی ناوە بۆ بیرکردنەوە لە جیهانی ژیان، لە "ئەویتر" و بەرپرسیارێتیەکەمان لە بەرامبەریدا، هەروەك وەریگرتووە لە کەلەپوری جولەکایەتی

---

(1) المرجع نفسه، ص ١٠.

بەرچاوڕۆشنکراو "بەتایبەت لێکدانەوەی حاییم فولوزناری بێ کۆت و بەند، بۆ تەوڕات و ڕەچاوکردنی ئەم کتێبە "وەك وشە بەرایی، کە پێویستە دەری ببڕێ بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی زیاتر مانادار بێ"[1].

لێرەدا بەیەکەوە بەسترانەوە و ئامادەییەکی بەهێز و چڕ هەیە، بۆ کەلەپوری جولەکە: ئاینی و زمانەوانی و فەلسەفی. نووسینە ئیتیقیەکانی لیفناس ئاوێتە بوون بە بێژە بوونگەرا و ئاوازە ئاینیەکان، ئەو "هەردەم پەیوەستبوو بە کەلەپوری جولەکەوە، ئاینی و فەلسەفی و زمانەوانیەکەی، مەبەست لە زمانەوانیەکەی زمانی عیبرییە، کە دەنگەکەی دەیداتەوە بە هێزەوە لە نێو نووسینەکانی لیفناسیەتدا، لە نێویاندا چەمکە ناوەندیەکانی خۆشی دەردەخات، وەك: بەرپرسیارێتی و ئەویتر، ڕووخسار و پەروەردگار و پەیوەندی ...تاد"[2]. هەر بۆیە وتە ئەخلاقیەکانی دەرکەوتن بە دەنگێکی بیستراو و ڕۆحی بەهێزی کاریگەر لەسەر مرۆڤ، بە دڵنیایەوە ئەمە ئیتیقا و فەلسەفەیەکی بەرز و چاکە تا ئەوپەڕی سنوور.

بە هەر دۆخێك لە دۆخەکان، ناکرێ نکۆڵی بەین لە بایەخدانی مەزن، کە لیفناس بە ئەخلاقی داوە، یان ئەم وتە ڕۆحی و ئیتیقیانەی داناوەتەوە نێو چوارچێوەی ئاینی ئان لاهوتیەتدا. پێویستە ئەوە یەکلا بکرێتەوە کە ئەو لە نێوان "ڕەواج پێدەر و بەتیۆرکاری ئەخلاق" لەگەڵ "بیرمەندێکی ئاینی" کامیانە، ئەمە لەلایەك، تیۆرەکانی تەلمود و سەرچاوە عیبریەکان، بەهێزی بزوێنەری گوتاری ئاینی دادەنرێ لەلای لیفناسی ئەویترگەرا.

---

(1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١٠.

(2) رشيد بوطيب، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، ص ٢٩٥، و ٢٩٦.

**٤- بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە هەمبەر کەسی بەرامبەر:**

بەرپرسیارێتی ئەخلاقی خود پێی هەڵدەستێت بەرامبەر ئەویتر، ناکرێ تێگەیشتن فەراهەم ببێ لە نزیکی ئەوەی تر لە من، یان ئەو لە ڕووی شوێنەوە لێمەوە نزیکە یان پەیوەندیە خزماتیەکان بەوم دەبەستنەوە، یان لایەنگیریە هاوبەشەکان "بەڵکو ئەوە لە نزیکی ئەوەیتر لە من دەخوێنرێتەوە، کە لە بنچینەدا من هەست دەکەم — لەبەر ئەوەی من هەم — ئەوا من بەرپرسم لێی. بنیاتی ئەم پەیوەندیە هاوشێوەی پەیوەندی مەبەستدار نییە، کە لە بواری زانین و مەعریفە پێکی دێنین لەگەڵ بابەتێکدا، هەر بابەتێك بێ، ئەگەر مرۆییش بێ. مەبەستی نزیکی ئەوە نییە من ئەویتر دەناسم، چونکە ئەوەی من بەو دەبەستێتەوە بەرپا نابێ تەنها بە بەرپرسیارێتی نەبێ، قبوڵ یان ڕەتی بکاتەوە، وەك یەکە بزانین چۆن بەرپرسیارێتیەکەمان هەڵدەگرین یان نا، توانیمان بە شتێکی بەرهەست هەڵبستین بەرامبەر ئەویتر یان نا"[1].

ئەوەی خەسڵەتی ئەخلاقی بە بەربوونی مرۆڤدا دەکات، بەرپرسیارێتیە بەرامبەر مرۆڤی بەرامبەر. "ئەوەی پێویستە گوزارشت کردنە لە ناسنامەی من لە بەرپرسیارێتیەوە"[2]. ئەم بەرپرسیارێتیە مانا و مەبەست و مەزنی دەبەخشێ بە بوونی مرۆیی. ئەم بەرپرسیارێتیە پەیدابووی هەستکردنە بە بایەخ و ڕەچاوکردنی ئەویتر، ئەم بایەخ و ڕەچاوکردنە ئەخلاقییە دەبێتە هۆی هاتنە کایەی "ناوەندێك، تیایدا خود و ئەوەیتر بەیەکسانی تیایدا بەشدار بن، سەبارەت بە حەزکردن بە ژیان بەیەکەوە بە ڕێك و پێکی، لە دۆخی ئاڵوگۆڕی بارودۆخەکەمان

---

(١) Emmanuel Lévinas, Êthique et Infini, op. cit. p. 103.

(٢) Ibid, p. 97.

بە ڕووکەشیەوە، لە کۆتاییدا ئێمە دەبینە هونەرمەند"[1]. ئا بەم شێوەیە، لیفناس بە بەردەوامی بەرگی دەکات لەوەیتر، کە قسەی لەسەر کردووە لە دامەزراندنی بۆ فەلسەفەی ئەخلاق، ئەم بایەخدانە بەویتر هاتووە، وەك جێگرەوەیەك بۆ خود و من، کە ئەنتۆلۆژیا ڕۆچووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی.

لیفناس بەهای ئەخلاقی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو بەرپرسیارێتیەی خود هەڵیدەگرێ لەبەرامبەر ئەوەی تر. بەرپرسیارێتی وەك هەڵبژاردنە، ئەرکی من لە چاوکەوتن بە ئەویر، بریتییە لە هەڵنەهاتن لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو، بەمەش قەرزداری ئەو بۆتەوە[2].

لیفناس کە زۆر کاریگەربووە بە ئەدەبی ڕوسی، زۆری لێ پەرش کردووە و ئاوێتەی کردووە لەگەڵ شێوازە فەلسەفیەکانی. زۆربەی جاران دەیبین گەواهی دێنێتەوە بە وتەی یەکێك لە کەسەکان لە "براکانی کارامازوف" بۆ دوستوفسکی: "هەر یەکێکمان گوناهبارە لەبەرامبەر هەموان، لە پێناو هەموان و هەموو شت، من لە هەموان زیاتر گوناهبارم"[3].

لە ساتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی بەرامبەری نامۆ لای من، کە من نیم، لە چاوپێکەوتنە ڕووبەڕوەکەمان، لە بانگ کردنی بۆ من و نزیکبوونەوەی لێم، ئەخلاقی مرۆیی دەدرەوشێتەوە لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتی خود بەرامبەر ئەوەی تر.

کاتێك ڕووی بەرامبەر دەردەخەین، ناکرێ فەرامۆشی بکەین لە ڕووی مرۆیی و ئەخلاقیەوە. کاتێك بانگم دەکات ئەوا تکام لێدەکات: بانگی بەرپرسیارێتیم دەکات، ڕووخسار

---

(١) بول ريكور، "الذات عينها كآخر"، ترجمة وتقديم وتعليق: جورج زيناتي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٥، ص ٣٧٩.

(٢) Emmanuel Lévinas, Humanisme de l’autre home, paris , Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1994. p. 53.

(٣) Dostoïevski, Les frères Karamazov, paris, Gallimard, 1948, p. 264 .

خودی خۆی بەسەرمدا زاڵ دەکات، "ناتوانم خۆم بگرمەوە لە وەڵامدانەوە و گوێبیست بوونی بانگەوازەکەی، یان لەبیری بکەم، یاخود واز لە بەرپرسیارێتی خۆی بێنم بەرامبەر خەفەتباریەکەی"(١).

بەرپرسیارێتی من بەرامبەر ئەوی تر، خودی خۆی بەسەرمدا زاڵ دەکات، هەڵوێستی ئەویتر بەرامبەر من هەر چیەك بێ "ئەوا بەرەو ئەوەیتر دەچم بێ ڕەچاوکردنی هیچ تێگەیشتنێکی بەرامبەرم"(٢). ئەستۆی من بە نا خاوێنی دەمێنێتەو بەرامبەر بە ئەویتر، ئەگەر نرخەکەی لە دەستدانی ژیانیشم بێ، چونکە من بەرپرسم لەوەی بەرامبەر بەبێ مەرج، بێ وەڵامدانەوەی بەرامبەر یان داننان بە کاری جوان، ئاڵوگۆڕی تەنها پەیوەستە بە ئەویترەوە(٣).

لیفناس ناوەڕی ئەویتر و ڕووبەڕوو بوونەوەکەی بۆ خودی دارشتووە بە زمانێکی ئیتیقی، کاتێك ئەویتر دێتە لام لە سەردانێکدا یان گفتوگۆم لەگەڵ دەکات، ئەوا لە ناخمان پابەندی ئەخلاقی پەیدادەبن، دەدرەوشێنەوە لەوەی هەردەم هەبم لە پێناو ئەویتردا، تا ساتەکانی سەرمەرگ، "پشتی یەکتر گرتن تەواو و کامڵ کردنی کرچ و کاڵیەکانی، کە خود بەدەستیەوە دەیناڵێنێ" نا یەکسانی لە تواناد قەرەبوو دەبێتەوە بە بەشداری ڕاستەقینە لە ئاڵوگۆڕدا، ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ساتی سەرەمەرگدا پەنا دەبات بۆ چرپەی ئاڵوگۆڕ کراوی دەنگەکان، یان بۆ تێکئاڵانی دوور و درێژی دەستەکان، توندکردنی هەر یەکێك بۆ ئەوەی تر(٤).

---

(١) Emmanuel Lévinas, Humanisme de l’autre home, op. cit 1994. p. 52 - 53.

(٢) Emmanuel Lévinas, Autrement qu’étre ou au-delà de l’essence, paris , Le Livre de Poche, Biblio- essais, op. cit. p. 134.

(٣) Emmanuel Lévinas, Êthique et Infini, op. cit. p. 94-95.

(٤) بول ريكور، "الذات عينها كآخر"، ترجمة وتقديم وتعليق: جورج زيناتي، ص ٣٧٧.

گەورەیی ئەویتر و خۆشەویستی من بۆ ئەو، ناچارم دەکەن ئامادە و هەبم لە پێناو ئەویتر. هەر بۆیە من بە تەواوی بەرپرسم لە مانای ژیانی ئەو، "ئەم دەربڕینانە لە پێناو دەرخستن بە زمانێکی وەسفی، سەبارەت بەوەی درکی پێکردووە کاتێك ئەوەیتر لە بەرامبەرم وەستێت. ڕووی ئەخلاقی بۆ ئەم چاوپێکەوتنی فەرمان و داخوازیم لێدەکات"[1].

کرداری خود خۆی دەبینێتەوە، لە هەڵنەهاتن یان خۆ بەریکرن لە بەرپرسیارێتی بوونەوەر بەرامبەر بە خۆی، بەرپرسیارێتی لە ڕووی ئەخلاقیەوە ئەو پەیوەندیە تێدەپەڕێنێ، کە دامەزراوە لەسەر ئاڵوگۆڕی یان دانپێدانان، یان بەرەو ئەو بچم بە ڕێگەیەك وام لێبکات، دام ببڕێ لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕ کراوەکان، کە لە نێوان من و نزیکی مندا بەرپا دەبێ، بە هەنگاوێکی زیاد و ئەخلاقی بەرامبەر ئەو هەڵبستم[2]. "ئەویتر لە مەندا، وام لێدەکات لە دەستپێکەوە بەرپرس بم، واتە لە کاتی لەبیرکراوی ڕابردوویەکی پێشتر لە هەر ڕابردوویەکی جیهانی یان مێژوویی. من ئەم ڕستەیە دەنووسم، دڵنیا دەبمەوە کە بەهایەکە لە پێناو ئەویتر و من، گشت مندا"[3].

هەروەك وتمان، بەرپرسیارێتی من بەرامبەلا ئەویتر مەرجدار نابێ. لیفناس پێی وایە تاکایەتی بنچینەی ئەخلاقە، "بەڵام ئەخلاقێکە وەك بەرپرسیارێتی بەرپا دەبێ، واتە وەك دەرچوون بەرامبەر ئەویتر، نەك ئازادی یان عەقڵێك"[4].

---

(1) ليفناس من الموجود إلى الغير، تحت إشراف: جون هنسل: ص ١٠٦ و ١٠٧.

(2) Emmanuel Lévinas, Autrement qu’étre ou au-delà de l’essence, op. cit. p. [illegible].

(3) ليفناس من الموجود إلى الغير، ص ١١٣.

(4) رشيد بوطيب، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، ص ٣٠٧.

بەرگە گرتن بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئەویتر، ئاماژەی خۆشەویستی و ئاشتین، بانگەواز نا بۆ تووندوتیژیە بەڕووی ئەو جەنگەی خوێنی مرۆڤەکان دەڕژێنێ، گیانەکان دەکوژێ، گۆرەکان دروست دەکات. ئاشتی کۆتایی جەنگ، یان دوماهی شەڕکردن، یان ملکەچی دۆڕاو بۆ براوە نییە، "ئاشتی دەبێ ئاشتی من بێ، بە پەیوەندیەك لە خودەوە بەرەو ئەویترەوە بچێ، بە حەز و چاکەوە، بەوەی من بەبێ خۆویستی بەرپا ببێ"[1].

لێرەوە بیرۆکەی کۆتایی نەهاتووە بەرز دەبێتەوە لە سەرووی هەموو زانینەکاندا، ئەمە پێویستیەکە لە پەیوەندیەکەماندا پەیوەستە بە ئەویترەوە. لە خۆشەویستیمان بۆ ئەو و ترسانمان لە مردنی و کاریگەربوونمان بەهۆی ئەمەوە، خەفەتبار بوونمان لەسەر لەدەستدانی، خەفەت نییە لە مردن و ئەو لەناوچوونەی چاوەڕێی خود دەکات. دەرەنجامی ئەم کاریگەربوونە بریتییە لە خۆشەویستی زۆر و بەهێز، کە لە ناخماندا بۆ ئەویتر هەڵمان گرتووە، نهێنی ئەو مەترسیەیە کە لێم نزیك دەبێتەوە وەك نهێنی. ئەمە ڕووکردنی منە لە ئەویتر و سەرچاوە بوونمە سەبارەت بە مردن، ئێمە بە مردن دەگەین لە ڕووی ئەویتردا"[2].

## ٥- ئیتقا و ڕووخسار:

ڕووخسار لای لیفناس مانا و ڕەهەندێکی تازە وەردەگرێ لە درك کردنی بووندا[3]. ڕوخسار خلیسکان قبوڵ ناکات لە هۆشیاری یان درك کردندا، بە موڵك کردن یان لە خۆگرتن پەسەند

(١) Emmanuel Lévinas, Totalité et Infini, op. cit. p. 342.

(٢) Emmanuel Lévinas, Dieu, la mort et le temps, Le Livre de Poche, Biblio-essais, 1995. p. 121.

(٣) Emmanuel Lévinas, Difficile liberté, paris, Le Livre de Poche, Biblio- essais, [illegible]. p. 20.

ناکات: "ئەویتر ڕووێکە، زمانێکە ناکرێ دەستی کورت بکرێ، لە دەرەوەی ژێربێژی ڕاستی دەدوێ. ڕاستی جیهانی خودە، هەردەم ڕاستی منە، کرداری هۆشیارانەیە، سیاسەتی بە موڵك کردنە. ڕاستیەکی بە غیرەتە بەرامبەر بەوانی تر، چونکە ئەوەی تر ملکەچی نابێ. ڕووەکە ئەویتری ڕەهایە، بەڵام ڕاستی بەشکردن ڕەت دەکاتەوە، هەر لەبەر بەرامبەر ڕەت دەکاتەوە، هۆشیاریەکی داخراو، نەوەك تاکگەرایی لە وشەی: تووندوتیژیدا"[١].

ڕووی ئەویتر "ئەوەیە کە ناکرێ ببێتە ناوەڕۆك"[٢]، بەمەش ڕووخسار بەم مانایە لە بوون دەچێتە دەرەوە، بەوپێیەی هاودەمی زانینێکە. بەپێچەوانەی ئەمەوە، بینین گەڕانە بەدوای گونجاندا، ئەمە ئەوەیە کە شێوەیەکی نایاب بوون دەلۆشێ. بەڵام پەیوەندی لەگەڵ ڕووخسار، سەرەتای پەیوەندی ئەخلاقیە. ناکرێ ڕووخسار بکوژرێ، یان بەلایەنی کەمەوە وا دەخوازێ بوترێ: ناکوژرێ"[٣]. هەروەك ریکور دەڵێت: "مامۆستایەك فێر دەکا و فێر نابێ تەنها بە شێوەی ئەخلاقی نەبێ، ڕێگە لە کوشتن دەگرێ و داوای دادگەری دەکات"[٤].

ئەویترگەرا، چەند مانا و مەبەست و ئاماژەیەك بە بوون دەبەخشێ، گوزارشت دەکات لە ڕووی ئاوێنەی ڕەنگدەرەوەی ناوەڕۆکی من، ئەویتر دەردەکەوێ و لە میانەی ڕووخسار دەردەکەوێ، "ڕووخسار ناسنامەی بوونەوەرە"[٥]، لەسەر ئەوەی تر پێویستە ڕێزی بگرێت و دان بە پێگەکەیدا بنێ لە میانەی دامەزراندنی پەیوەندی "دوو لایەنە" پشت ببەستێ بە

---

١) رشيد بوطيب، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، ص ٣٠٣.

٢) E. Lévinas, Ethique et Infini, op. cit. p. 80.

٣) Ibid, p. 81.

٤) بول ريكور، "الذات عينها كآخر"، ترجمة وتقديم و تعليق: جورج زيناتي، ص ١٧٥.

٥) Emmanuel Lévinas, Entr nous Essais sur le penser-àl'autre, Paris, Grasset, [illegible]. p. 43 - 44.

بیرۆکەی کۆتایی نەهاتوو، لە ڕووی گفتوگۆ کردنی ئەوەی تر لەگەڵ من، ئاڵوگۆڕ کردنی بەرپرسیاریێتی لە پێناو پاراستنی ژیان لەسەر زەوی[1].

فەلسەفەی لیفناس بایەخێکی ڕوون دەدات بە جەستە و مێینەتی و ئێروسیەت، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی جەستە هەیەتی لە پرۆسەی ئاوێتەبووندا، لە پەیوەندی خود بەویترەوە. ئەندامانی جەستە باشترین ڕێگەن بۆ ڕاگەیاندن و گفتوگۆ کردن لە دەربڕینی مەبەستی مرۆڤ، دوای ئەوەی مرۆڤ و زمان لێی دەستەوەسان دەبن، گوفتار و کردارەکان ئەستەم دەبن لە بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی خود و ناخکان، لیفناس دەڵێت: "جەستە هەردەم و هەمیشە جەستە وا دەردەکەوێ زیاتر لە پێناو گونیەیەك لە کەرستە بێ، چونکە دەکرێ زۆر زیاتر بێ یان زۆر کەمتر بێ، لە کۆمەڵەی بەشەکانی... ڕووخسار و چاوەکان، بەوپێیەی ئاوێنەی ڕۆحن، ئەندامی گوزارشت لێکردن بە پلەی نایاب. بەڵام ڕۆحانیەتی جەستە، تواناکەی تێیدا نییە گوزارشت لە ناخ بکات. گوزارشت لە ڕووداو ناکات، بەخۆی ئەم ڕووداوەیە"[2].

ڕووخسار مانایەکە لە خودی خۆیدا. تۆ تۆی. بەم مانایە دەکرێ بوترێ ڕووخسار بینراو نییە[3]. لیفناس دەچێتەسەر ڕووخسار لە گۆشە ئەخلاقیەکانەوە، لەم بارەوە دەڵێت: "پێم وایە خزانە سەر ڕووخسار کردارێکی ئەخلاقییە، بە یەك کەڕەت بەرجەستە دەبێ. ئەو لوت و چاو و نێوچەوان و چەناگەیەی دەیبینین، دەتوانن وەسفی بکەن، لەم دۆخەدا ڕوودەکەنە ئەویتر، وەك چۆن ڕوودەکەنە هەر بابەتێکی تر. باشترین چۆنیەتی بۆ چاوکەوتن بەویتر، ئەوەیە کە سەرنجی ڕەنگی چاوەکانی نادەین، کاتێك سەرنجی ڕەنگی چاوەکانی دەدەین، ئەوا ئێمە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا نین لەگەڵ ئەوەیتردا. دەکرێ پەیوەندی گرێدان لەگەڵ

---

1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه" ص ١٠.

2) Emmanuel Lévinas, De, l’Existence à l’Existant, Bibliothèque des Textes Philosophique- Poche, 1993. p. 117 - 124.

3) E. Lévinas, Ethique et Infini, op. cit. p. 79.

ڕوخساردا بەدڵنیایەوە ملکەچی درك پێکردن بێبەڵام ئەوەیە بە ڕوو دابنرێ بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوەیە کە خلیسکان قبوڵ ناکات"[1].

پەیوەندی لەگەڵ ڕوخساردا، پەیوەندی ئێستای ئەخلاقییە، کاتێك کاتی پەیوەندی کردنی من بە ئەویترەوە دێت، ئەوا ڕووخسار ئاشکرا دەکرێ بە ڕووتی و سەرساميەوە، لە میانەی تیاچوون و دەستکورتی و سڵاو و خۆبەدەستەوەدانیدا دەردەکەوێ، چونکە "ڕووخسار لە ڕووتیەکەیدا دەستکورتی هەژار و نامۆ پێشکەشمان دەکات"[2]، چونکە کۆتایی نەهاتووە بیرۆکەکەی لێم نزیك دەبێتەوە، لە میانەی مانای ڕووخسار"[3]."بیرۆکەی کۆتایی نەهاتووە ئاماژە دەکات بە بەرزی و خانەدانی و بڵندی"[4].

بینینی ڕووی ئەویتر، لە بەرزی و بڵندیەکەی، ویژدانی خێر لە ناخماندا دادەگیرسێنێ، کە خۆی دەبینێتەوە لە هۆشیاری بە ئەستەمی یان نەگونجانی کوشتنی ئەویتر، "ڕووخسار ئەو شتەیە کە ناتوانین بیکوژین، یان بەلایەنی کەمی ئەوەیە کە "هەرگیز ناکوژرێ"، ڕاستە کوشتن کارێکی هەوڵ بۆ ددراوە، بەوەی دەتوانین ئەویتر بکوژین. لێرەوە ئەخلاقیەت وەك پێویستیەکی ئەنتۆلۆژی دەرناکەوێ. حەڕام کردنی کوشتن، وا ناکات کوشتن ئەستەم بێ، ئەگەر دەسەڵاتی حەڕام کردن هەشبێ لە ویژدانی چاکدا[5].

---

(1) Ibid, p. 79-80.

(2) Emmanuel Lévinas, Totalité et Infini, Essai sur l’extériorité, op. cit, p. 234.

(3) Emmanuel Lévinas, Êthique et infini, op, cit, p. 101.

(4) Ibid, p. 31.

(5) Ibid, p. 81.

خانەدانی و نامۆی و دەستکورتی و تیاچوون، کە لەسەر ڕوو دەردەکەوێ، لە دەرکەوتنێکی تەواو، کە بەرەنگاری کوشتن دەبێتەوە، بە سارد و سڕی، بەمەش ئەو دەستانە پەك دەکەون کە چەك هەڵدەگرن، ئەو ویستانەی شەڕ کپ دەبن کە مەبەستیان کوشتارە. ئەوەیتری کۆتایی نەهاتوو بەهێزتر دەمێنێتە لە کوشتن، کە بە ڕووخساری ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەم کۆتایی نەهاتووە ڕووخساری ئەوە، وشەی یەکەمە "مەکوژەیە"[1]. ڕووخسار دەربڕینی ڕەسەنە، ئەوەیە کە توووند و تیژی دەبەستێتەوە ئەخلاق دادەمەزرێنی[2].

ئەوە هەڵدەهێنجێن لیفناس — لە میانەی بیرۆکەی ڕووخساردا — بناخە بۆ ئەخلاق دادەمەزرێنیٚ، ڕوانینی ئەویتر بە بەرنگاربوونە، توانا و ویستی من پەك دەخات و لە چەکەکەی دادەماڵێ، ئا بەم "بیرۆکەی کۆتایی نەهاتوو، عەقڵ پێشێل ناکات، بەڵکو بە نا توووند و تیژی حوکمی خۆی دەکات.

منگەرایی ئەویترگەرا بەمەرج دەگرێ. ئاماژەی ئەم کرانەوەیە، درەوشانەوەی ڕووی ئەویتر بۆ من بەرجەستەی دەکات، لیفناس لە بایەخی ئەنتۆلۆژی و ئیتیقی بۆ ڕووخسار بەرز دەکاتەوە، بەڕەچاوکردنی ئەوەی مرۆڤ، تاکە بوونەوەرە کە خاوەن ڕووخسار بێ (لەگەڵ ئەو ڕەهەندە ئەخلاقی و بوونگەرایی و ڕۆحیانەی ئەم ڕووخسارە هەڵیدەگرێ)، ئەمە ئەو شتەیە کە جیای دەکاتەوە لە شتەکانی تر و بوونەوەرەکان، کە هاوبەشە لە سیما و خەسڵەتەکاندا.

بیرۆکەی ڕووخسار و جەستەی لیفناسی نکۆڵی دەکات لە بیرۆکەی داخران، بانگەواز دەکات بۆ خۆداماڵین لە چوارچێوەی خود و قەتیس بوون و پێچدانەوەی بە ڕووی خۆیدا. چونکە "جەستە ئەو دزەکراوە هەمیشەییە نییە" کە بڕگەی هزری ئازاد دەشکێنێ و دەیگێڕێتەوە بۆ مەرجە زەمینیەکانی، وەك ئەو گۆڕەی چاوەڕێی دەکات، بەڵکو لە خودەوە

---

(1) Ibid, p. 217.

(2) Ibid, p. 223.

نزیکترە لە هەر شتێکی تری نێو جیهان، لە هەمووان هۆگرترە، بڕیار لە حەز و چالاکی و ژیانە دەروونیەکەمان دەدات، ئایا جەستە بنچینەی هەستکردن نییە بە ناسنامە "ئایا خۆمان نەسەلمێنین لەم گەرمێتیە تاقانەیە، کە لە جەستەمانەوە گەلالە دەبێ پێی ئەوەی من بکرێتەوە، کە بانگەوازی جیاوازی دەکات لە جەستە؟"(١).

بە چەند دەربڕینێکی تر، ڕووخسار بەرەنگاری هەر شێوەیەك دەبێتەوە لە شێوەکانی هۆشیاری یان ئامادەبوون و مەبەستگەرایی، خۆویستی خود ڕادەهەژێنێ. درەوشانەوەی ئەویتر بۆ خود، لە میانەی دەرکەوتنی ڕووخسار، لێپرسینەوەیە لە ژیری و دوورکەوتنەوەی من، لەرزینە بۆ دڵنیاییە ناخیەکە، من لە بەرامبەر ئەویتر، لە دەرەوەی ئەم دڵنیاییە و دیوارەکانی هاوشێوەبوونی گشتییە، "ئامادەیی ڕووخسار، واتە بوونی شتێك کە دەبێ ببێ، ڕێگە لە ژیری دەگرێ بە ئەرکەکانی هەڵبستێ. ڕووخسار ژیری ناخاتە بەرپرسیارەوە. ئەمەش بۆ ژیری ناگەڕێتەوە بەم بەرپرسیاریە. "کەواتە ئەویتر بە شێوەیەکی ڕەها چییە"، کە لە نێو ژیریدا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو بەرەنگاری ئەمە دەبێتەوە تا پلەیەك، کە بەرەنگاربوونەوەکەی دەگۆڕێ بۆ بەشێك لە ناوەڕۆکی هۆشیاری و ژیری. ڕووخسار کار لەسەر دەرخستنی کرچ و کاڵیەکانی خۆویستی من دەکات لە خودی خۆیدا، ئەو ئەم مەبەستە وێڵ دەکات، کە بەرەو ئەو دەڕژێ"(٢).

خود دەکرێتەوە بەڕووی بوونەوەرەکانی تر لە بووندا، لە ڕێگەی ئەو جەستەیەی کردویەتیە پەناگەی خۆی، لیفناس پێی وایە دەرکەوتنی خودا لە میانەی ڕووخسار و جەستە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوە "لە دەرەوەی جیهان نین، بەڵکو ڕەگی تێدا دەکوتێ لە ڕێگەی

(١) Emmanuel Lévinas, Quelques réflexions sur la Philosophie de l'hitlérisme, Rivages Poche, Petite Bibliothéque. 1997.

(٢) E, Lévinas, De, Humanisme de l'autre homme, 1972. Le livre de poche, 1987, p. 53-54.

جەستەوە، باخچە و پەناگەی جەستەیە، پەناگە گۆشەگیر و كۆتایی ژیانی مرۆڤایەتی و داخرانی نییە، بەڵكو مەرجی پێویست و سەرەتاكەیەتی، ئایا من نەهاتۆتە جیهان لە نێو خانوودا، هەنگاوەكانی دەستپێنەكردووە، بەرەو بوون لە دەروازەكەیدا؟"[1].

دەركەوتنی ڕووخسار بۆ ئێمە، دانانی وەك ناونیشانی تەحەددا، لەسەر كەم كردنەوەی ئازادی زۆری خود، بۆ گەڕان بە دوای ئەو بەرپرسیارێتیەی دەكەوێتە سەر شانم، بەرامبەر بەوەی بەرامبەر، ئەركەكانم لە بەرامبەریدا.

ڕووخسار لای لیفناس، دەركەوتنی خود و دیمەنیەگرتنی هەڵاوێردراویەتی، ناسینی ئێمە و ئاشنابوونمان بەوانی تر بەهێز ناكات، لە ڕێگەی سیماكنی ڕووخسار لە نامۆیی و جیاوازبوونی، لە پێویستی و ڕووتیدا، ئەم ڕووخسارە دەرەكیە و ڕووتی تەواو، ناكرێ بشاردرێتەوە، بە دەركەوتنی ڕووخسار ناخ و خود ئاشكرا دەبن. لیفناس لەم بارەوە دەڵێ: "ئەو ڕووخسارە بانگم دەكات و ئاڕاستەم دەكات، پاڵم دەنێ بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بێ كۆتا بەرامبەر ئەویتر، ئەمە ڕوخسارێكی ڕووت و پوخت و سیماكانی ئاشكران، هیچ نهێنیەكی لە پاڵدا ناشاردرێتەوە، ئەمە لە دەرەوەی جیهانی ڕووكەشەكاندا هەیە و هەموو ئەوەی تێدایە لێی دەركەوتووە، ڕەەخسار خود دەخاتە نێو پەیوەندیەكی هاوتایی یەكسان لەگەڵ ئەویتر، ئەوەیتر تەنها ئاوێنەیەكی وێنە دەرەوە نییە، خود خۆی تیایدا ببینێ، بەڵكو كونێكە لە جیهانی خود شوێن پەنجەكانی و شوێنەوارەكانی جێدەهێڵێ، كاتێك ئەوەی لە پێشیەوەیە دەڕوات و چاوی بەسەردا دەكاتەوە، هەروەك لیفناس دەڵێت: "ڕووخسار دەدرەوشێتەوە لە نێو شوێنەواری ئەویتردا"[2].

---

(1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١٠.

(2) Emmanuel Lévinas, Humanisme de l’autre homme, op. cit, p.69.

لیفناس لە پاڵ ئیتیقای ڕووخسار و جەستە، دەیەوێ بە تەواوی دوور بکەوێتەوە لە گشتێتی، بانگەواز دەکات بۆ لێك دابڕان و جیاوازی کردن لە نێوان خود و ئەویتر، لە گوزارشتی "ڕوو بەڕوو: face à face"، گرنگیەکی ئیتیقی هەیە، لە هاوتایی و بەراوردکاری نێوان خود و ئەویتری هاوتایدا، چونکە کاتێك "کاتێك خود ڕوو دەکاتە خودێکی تر، ئەوا ئەو کاتە هەوڵی زانینی ئەوە دەدات کە تۆ کێی و چیت دەوێ و ئەوەی پێ بڵێی کە لێتی چاوەڕوان دەکات، بۆی نارەخسێ ئەم بەراورد و چاوپێکەوتنە دەستەبەر بکات، تەنها بەوە نەبێ ڕووی پێبدرێ و ئاشنایەتی پەیدا ببێ بە ڕووی خودی ئەویترلەم پەیوەندیەدا، واتە لە کاتی بەراوردکاری لە نێوان دوو کەسدا ئێمە تەنها لە بەردەم تێگەیشتن و زانیندا نین، بەڵکو بەڕووبەڕووی یەکترین، ڕووخسار قسەم بۆ دەکات، لێرەوە پاڵم پێوە دەنێ بۆ پەیوەندیەکی بەراورد نەکراوی هاوبەش، لەگەڵ توانایەکی تاقیکراوە"(1).

ڕوانین گرنگ نییە، بەڵکو ڕەهەندی ڕوانین و پوختە کردن گرنگە لە بەرز و نزمیەکانی ڕووخسار و ڕامان لە ڕووخساری ئەویتر کە دەیبینین، "گرنگ ئەوە نییە ببینین، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەیبینین درکی پێ بکەین" هەروەك هیدجر وا دەڵێت. لیفناس ڕاستگۆیە لە خستنەڕووەکەیدا، هەر ڕووخسارێك خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە، لە ڕێگەکانی ڕوانین و شێوازەکانی لێوردبوونەوە، هەروەها لە بەرجەستەکردنی هەستەکانی ڕازیبوون یان تورەیی، لە گوزارشت کردن لە خۆشی یان ناخۆشی، حەسانەوە یان بێزاری، "ئاماژەی ڕووخسار ڕووتی دەکاتەوە لە مانا زمانەوانیە دەرئاساکەی و بەدەر لە هەر سیستەم و نەریتێك"(2).

---

(1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١٠. وينظر:

Emmanuel Lévinas, totalité et infini, op. cit, p. 216.

(2) Emmanuel Lévinas, Humanisme de l’autre homme, op. cit, p.51-52.

ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەی لە نێوان هەر دوو ڕەەخساردا ئەنجام دەجرێ، ئاشتی و خۆشەویستی و چاکە لەخۆیدا هەڵدەگرێ، بۆ نموونە سڵاوەکانی بەیانی بەرجەستەی دەکەن، چاوپێکەوتنی خود بە ئەویترەوە، ئەرکێکی ئەخلاقی و قوربانیدان و بەرپرسیارێتیەك دەخوازێ، کە دەخاتە ئەستۆی منەوە، ئا لێرەوە ئەم چاوپێکەوتنە جیاوازە لە ناسین "بەوپێیەی سڵاو ئاراستەی بەرامبەر دەکات، هەڵوێستێکی مرۆیی بەرجەستە دەکات، نەك تەنها چاوپێکەوتنی یەکترناسین، چونکە کاتێك قسە لەگەڵ جگە لە خۆمدا دەکەم، ئەوا شتەکە پەیوەست نابێ بە قسە گۆڕینەوە لەگەڵیدا، بەڵکو بە بانگ کردن و میوانداری کردنی دەبێت. لێرەدا ئەویتر ئەوە نییە کە دەسەڵاتی منی بەسەردا دەسەپێ، بەڵکو ئەوە بەسەریدا دەسەپێ کە خۆی دەپارێزێ و لە ڕووە دەرەکیەکەیدا خۆی دەگرێ. ئەمە ئەو کەسەیە کە من قسەی لەگەڵ دەکەم، لە دەرەوەدا بوونی هەیە و سەرچاوەکەی لە خودی خۆیتیـ نەك تەنها بابەتی قسەکردنەکە یان ئەوەی بە ڕاناوی ئەو ئاماژەی پێکراوە"[1].

ئەویتر لە میانەی چەند ڕوانینێکی ڕووخسار، شوێنەوار و جێکەوت جێدەهێڵێ لە ناخدا، سەرنجێك لە عەقڵ و نەخشەیەك لە ژێریدا جێدەهێڵ، "لە جیاتی ئەوەی ئەویتر تەنها قسە لەگەڵ من بکات و ڕازی بکات، ئەوا خەملتدنی تێدا دەچێنێ و گومانی تێدا دەڕوێنێ، بە وێڵی دەیهێڵێتەوە، بەڵام ئەم واق ورمانە لە کوێوە دێت، کە تووشم دەبێ، کاتێك دەبمە قوربانی ڕوانینی ئەویتر"[2].

کاتێك ڕووخسار ئەویتر دەبینم، کاتێك گفتوگۆ و قسەم لەگەڵدا دەکات، بانگم دەکات یان سڵاوم لێدەکات، لەسەرم پێویستە داوای خولانەوە بکەم. ئەویتر بەرەو خۆی دەم خولێنێتەوە، تا بتوانێ بەرەو ڕووم ببێتەوە " ئینجا بە بانگەوازەکەی وریام بکاتەوە. تاکە

---

(1) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١١.

(2) المرجع نفسه، ص ١١.

ڕێگە بۆ دۆزینەوەی ڕووی ئەویتر یان قسەکەی، بۆ ڕێز لێگرتنی بەم شێوەیە، بریتییە لە ڕوو تێکردنی، وەك ڕووکردنە ئێوەی من، کە وەك خزمەتکارتانم"[1].

لە ڕێگەی ڕووخسارەوە ئەویتر پرسیارم لێدەکات، ڕووخسار ئامرازێکە بۆ پێشوازی کردنی ئەویتر بەشێوەیەکی ڕەها، ئەم درەوشانەوەیە لە جێگای فرمانێکە سەبارەت بە من، ئەمەش بۆ پوختی و پێویستیەکەی دەگەڕێتەوە. ئامادەیی ئەو وام لێدەکات وەڵام بدەمەوە. بۆ من تەنها هۆشیاری دروست نابێ بەشێوەی ئەم وڵامە، وەك ئەوەی فرمانەکە پەیوەست بێ بە پابەندکرد، یان ئەرکێك کە لەسەر پێویست کردووە بڕیاری لەبارەوە بدات"[2].

### ٦- ئەویترگەرا و درەوشانەوەی لە گفتوگۆکردندا:

ڕۆیشتنە ناو کرداری گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەویتردا، پرسی بوونی هەر یەکێك لە لایەنەکان لەلایەك فەرامۆش دەکات. ئەم ڕۆیشتنە ناوە خستنەڕووە لە گشتیدا و سەرکێشییە بۆ ئاشکرا کردنی نا کۆتایی، "ئەو قسە بکات، لە هەمان کاتدا، ئەویتر بناسی و بەخودی خۆت ئاشنای ببی (...) ئەم ئاڵودەبوونە کە قسە دەیخوازێ، بەدیاریکراوی کارکردنە بەبێ تووند و تیژی"[3].

گفتوگۆی ڕوون و ژیرانە لە نێوان قسەکەراندا، هەموو شێوەیەك لە ناو دەبات لە شێوەکانی داخران و پشت بەستن بە تێشووەکەمان و بیروباوەڕە کۆنەکانمان، یان هەروەك لیفناس دەڵێت: "بڕینی بازنەی گۆشەگیری بە تەنها ڕێگەمان پێدەدات بۆ گەیشتنە ئەویتر، بەشێوەیەکی جیاواز

---

(١) لیفناس، جویل هنسل، من الموجود إلى الغیر، ص ١٠٦.

(٢) Emmanuel Lévinas, Humanisme de l’autre homme, op. cit, 1987, p. 54.

(٣) Emmanuel Lévinas, Difficile liberté, paris, Le Livre de Poche, Biblio- essais, [illegible]. p. 21.

لێی"(١). دەرگا داخراوەکانی من دەکرێ لە ڕێگەی زمان و گفتوگۆوە، بەرەو بوون لەگەڵ ئەوەیتر و بەشداربوون لە حەز و خولیاکانیدا.

لە ڕۆیشتنماندا بۆ نێو گفتوگۆ لەگەڵ ئەوەیتردا، ئەوا خود ڕزگاری دەبێ لە کۆت و بەندەکانی و دەکرێتەوە بە ڕووی هەر کەسێکی نامۆ و جیاواز لێی. زمان لە میانەی وتە و گفتوگۆکانماندا لەگەڵ ئەوەیتر، وەرچەرخانێك لە خوددا دروست دەکات. کاتێك دوو لەوانەی هەن قسە دەکەن، ئەوا ئاڵوگۆڕ لە ساتێکی دیاریکراو دەست پێدەکات، بەشێوەیەکی ڕاست دەخرێتەڕوو و دەوەستێ. بەوەی "کاتی گۆڕینەوە پەیوەست دەبێ بە ئێستاوە لە پێناو ئاییندە، مانا بە پلەبەندی لە کوێوە ئاشکرا دەبێ، وتە گەواهی لەسەر کات دەدات بەشێوەیەکی جیاواز، کاتێك ئاوازی هەڵەی بێژەر تێکدەشکێنێ"(٢).

زمانی (کە هۆکاری نێوان من و ئەویتر) وا دەکات پەیوەندی نێوان گفتوگۆکاران شیاوی بوون بێ، ڕێگە بدات بە ئاڵوگۆڕی، ڕێگە دەدات بە ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاریەکانی نێوانیان، فەراهەم کردنی پەیوەندی کردنی نێوان هەژاران، چونکە لە دۆخی هەڵگیرسانی ناکۆکی لە نێوان کۆمەڵێك لە لایەنەکان، ئەوا زمان لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا دەمێنێتەوە، وەك تا ئامراز بۆ ئەنجامدانی دانوستان بۆ دەرچوون بە هەموار کردنی بارودۆخ و گونجان و ڕێکەوتنی ڕەزامەندان بۆ هەر دوو لایەنەکە. "دەکرێ ناو لەم چاوپێکەوتنە بنێین گفتوگۆ، کە لە میانەیدا گفتوگۆکاران دەچنە ناو هزری ئەویتردا، کە بەها بە گفتوگۆ دەدەن. دەکرێ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ناوی بنێین یەکێتی شێوەکانی فرە ژیری، کە دەچنە نێو خودی هزرەوە"(٣).

---

(١) Emmanuel Lévinas, , Autrement qu'étre ou au-delà de l'essence, op. cit. p. □□.

(٢) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١١.

(٣) Emmanuel Lévinas, , De Dieu qui vient à l'idée, Bibliothéque des Textes Philosophiques - Poche, 1998, p 216 - 217.

بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، لە ڕووی زمانەوانیەوە دەدرەوشێتەوە لە گوتار و گفتوگۆی نێوان ناسنامە و ئەوانی تردا، لەکاتی دەستپێکردنی بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی تردا، پێویستە وەڵامی بانگەوازەکەی بدەینەوە، لە پەیوەندی گرێدان لەگەڵیدا. "گفتوگۆ مرۆڤ دەردێنێ لە یەکێتیە بێ دەنگە بەتاڵەکەیدا، واتە لە خۆویستیەکەی و دەیخاتە نێو هەمەکیەکیدا، کە ئەنجامی کۆبوونەوەی گفتوگۆکارانە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی، ئەمە تەبایی نییە لە نێوان عەقڵ و واقیع، بەڵکو گفتوگۆکاران پەردە لادەدەن لەسەر نهێنیەکانیان واقیع، بۆ بینینی ڕووی ڕاستەقینە، مادەم پەیوەندی من — تۆ شوێنی ڕوودانی ئیتیقایە، مادەم من ئەمنم لە کاتی بەراوردکردنی بە بەرامبەر، ڕەچاوی گشتی دەکات، یان حەز دەکات بدوێ بەناوی هەموو و قسە بە تەواو نازانێ لە سەر تاکی لاوەکی"[١].

گفتوگۆی لایەنەکان، زانیاریەکان تێدەپەڕێنێ، بۆ ئەوەی مەبەستی ئاڵوگۆڕ و کارلێك بەرجەستە بکات، بە ئامانجی فەراهەم کردنی ئاشتی و خۆشەویستی و دادگەری لە نێوان "من و تۆ"دا، بە پێشکەشکردنی بەڵگەکان و ئەنجامدانی مشتومڕی هێمن و بەرهەمهێنی دوور لە قسەی ڕەق و شەڕە قسە.

گفتوگۆ و یەکتر دواندن، دەستەبەری ژێر کردنی مرۆڤ و کەم کردنەوەی حەزەکانیان دەکات، لەگەڵ ئەوەی کرداری وتەیی ڕەهەندی ئیتقی هەڵدەگرێ، ئەوا مسۆگەری کپ کردنی ئارەزووە خۆسەپێنەکانی خود دەکات، بەرامبەر بە ئەویتر. لە گفتوگۆدا کێشکردن بەرەو ئەویتر بەرجەستە دەبێ "لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی قسەم لەگەڵ دەکات، وەك خۆی بیری لێ ناکەمەوە، بەڵکو قسەی لەگەڵدا دەکەم، ئەو بەشدارە لەگەڵمدا لە پەیوەندیەکدا وام لێدەکات هەردەم و هەمیشە

---

(١) زهير خويلدي، المرجع السابق، ص ١١.

ئامادەم بۆ ئەو، ئەویش بۆ من بەهەمان شێوە، لێرەوە ڕێز و دانپێدانانی دوو لایەنە دروست دەبێ"[١].

مرۆڤ بەرپرسیارێتی گوتار و وتەی خۆی هەڵدەگرێ. وتە لە زمانەوانیدا واتە ئەو برینانەی ڕوودەدەن لە دەرەنجامی شوێنەواری وتەکان، وەك ئەوەی ڕوودەدات بەهۆی کردارەکانەوە، وشە و گوتارەکان شوێنەواریان لەسەر ئەویتر هەیە، کە دەچینە پەیوەندی گرتن لەگەڵیدا، هەر بۆیە دەبێ بەرگەی بەرپرسیارێتی تەواو و پابەندی بکەین لە وتەکانمان و ڕەچاوی ئەویتر و پاراستنی بکەین، بەم پێیە لیفناس جەختی کردۆتەوە لەسەر باەخی ئەخلاقی وتە و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی چاکە و نا توندوتیژی، لەم بارەوە دەڵێت: "عەقڵ و وتە لە دەرەوە توند و تیژین. ئەمە سیستەمی ڕۆحییە. ئەگەر لەسەر ئەخلاقییەت پێویست بێ توند و تیژی فڕێ بدات. ئەوا دەبێ پەیوەندیەکی بەهێز هەبێ لە نێوان عەقڵ و وتە و ئەخلاقدا"[٢]. پێویستە ژیری لە قسەکانماندا بەرجەستە ببێ، خۆمان دووربگرین لە توندوتیژی و ڕەچاوکردنی ئەخلاق، بۆ ڕێشتنە نێو پەیوەندیمان لەگەڵ ئەویتردا.

لە چوارچێوەی قسەکردنی لەبارەی پەیوەندی ئەخلاقی، کە بەئەویترەوە دەمانبەستێتەوە، پێویستە پابەند بین بە پێدانی بابەخ بەویتر و تێکنەشکاندنی و هەوڵ نەدان بۆ زاڵبوون یان دەستدرێژی کردنەسەری، پێوەستە پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا بەتاڵ بکرێتەوە لە هەر نا هەمواری و خلیسکانێك.

بە گوزارشتێکی تر، پێویستە پەیوەندی شێوەی "من – تۆ" لە جیاتی "من – ئەو" وەربگرێ. واتە دانپێدانان لە جیاتی پەڕاوێز خستن و ونکردنی. ئەم کردارەی دانپێدانانە لێوان لێو

(١) زهير خويلدي، فيلسوف الغيرية، أنا والآخر وجها لوجه، ص ١١.

(٢) Emmanuel Lévinas, Difficile liberté, Paris, Le Livre de Poche, Biblio- Essai, □□□□, p. 19.

دەبێ بە واتاکانی دەرچوون لە خۆویستی و خودگەرایی، کە بەبێ ئەویتر چی لێ بەدەست نایەت، لە وتەدا من ڕوو دەکاتە ئەویتر و دەست بە وتەکانی دەکات و دەڵێت: "تۆ" لە جیاتی دەستپێکردن بە "من". "لەگەڵ ئەوەیتر بدوێین، لە هەمان کاتدا ئەویتر بناسین و وای لێبکەین بمانناسێ، ئەویتر نەك تەنها ناسراوە و پێشوازی لێکراوە، تەنها ناوێك نییە، بەڵکو بانگکراوە لەلایەنمانەوە. من بیر ناکەمەوە لە گشت ئەوەی هەیە سەبارەت بە من، بەڵکو بیر لە شتەکان دەکەمەوە سەبارەت بە ئەویش"[1].

فرێدانی وتەی ئەویتر یان کەم کردنەوە لە پایەکەی، ڕەتکردنەوەی ئەخلاقە. ئەمە ڕەتکردنەوەیەکی هاوشێوەی تێکشکاندی ڕووخساری مرۆڤ یان کوشتنیەتی، لە کوشتندا هەستی ئازار بەخش دەبن، دەیانەوێ ئەویتر بێ دەنگ بکەن بە چەندین ڕێگە و سەرکوتی بکەین بەشێوازی جیاواز. هەر بۆیە دەبینین لیفناس بانگەواز دەکات بۆ گفتوگۆ و دواندنی ئاشتیانە، هەر چەندە ڕاجیایی دروست ببێ، پلەکانی ڕاجیاییش هەر چەندێك بن. ڕەتکردنەوە کوشتن و بەرنگاربوونەوەی دەمارگیری، ڕۆیشتنە ناو بازنەکانی گفتوگۆ و لەباوەش گرتنی ئەویتر و چوونە نێو پەیوەندی دانان و ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەویتردا. بەوەی ئەم پەیوەندیە بە بەرپرسیارێتی و جددی وەربگری.

### ٧- فەلسەفەی ناتوندوتیژی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا:

پڕۆژەی ئەخلاقی لیفناس، ئەوەندە بوار فراوان و ئاماژە چڕ و پڕە، تیشك دەخاتە سەر پرسە ئیتیقیە وروژێنەرەکان، کە شایستەی بایەخ پێدانن، خۆی دەبینێتەوە لە درك کردنی بە چەند بابەتێکی پەیوەست بە واقیعی مرۆیی لە ساتە ناهەموارەکاندا، ئەمانە چەند پرسێکی پەیوەستن یە ئاشتی و دادگەری، لە بەرامبەر جەنگ و ستەم، ئەمە فەلسەفەی نا توند و تیژیە، کە لیفناس بە

---

(1) Ibid, p.19 – 20.

تووندی بەرگری لێکردووە. هەماهەنگی و یەکتر قبوڵ کردن و ئاشتی و داد و دادگەری سەبارەت بە لیفناس بریتییە لە تێکڕای دانایی و ئەخلاقی، ئەمە زۆر بەرزترە لە بابەتە فەلسەفیەکان.

ئەو ئیتقیایەی لیفناس پەسەندی کردبوو، جەخت دەکاتەوە لەسەر ناتوندوتیژی، کە پێویستە جیاوازی بکا لە پەیوەند و هەڵسوکەوتی خود بە ئەویترەوە. واتە پێداگیری بکات لەسەر بایەخ و دانایی خۆشەویستی و چاکەی مرۆیی[1]. من ڕزگاری بوو لە دیوارە نەرێنیەکەی، بەرەو ئەوەیتر دەڕوات، بەمەبەستی ئاشنابوون و دان پێدانان و ڕێز گۆڕینەوە.

ئازار چەشتنی مرۆڤ و ناڵاندنی، لە کاتی کۆچ کردنی خۆشەویستان و نزیکەکان، ترسی خودە لە لەناوچوونی ئەویتر، "بانگەوازی بوون لە پێناو ئەوەیتردا، بەهێزترە لە مەترسی مردن"[2]. بەڵکو زیاتر لەمە لیفناس پێی وایە خود لە ترسان لە مردنی ئەویشتر، بریتییە لە ترسان لە خۆی. مرۆڤ مردن لە جیاتی کوشتن هەڵدوبژێرێ، لیفناس دەڵێت: "پرسیارێك لە ناخیدا دادەنێ، زیاتر لە کوشتن دەترسێ لەوەی لە مردن بترسێ"[3]. لەم پلەبەندیەدا، مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی دەستەبەر دەکات، کاتێك داندەنێ بە ژیان و گوزەران جێگیر دەکات لە پێناو ئەویتردا.

ئەوی تری بێ کۆتا، ڕووبەڕوو دەوەستێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەبر و زەنگی کوشتن و توندوتیژی، ئەگەر مردن شیاوی بوون بێ، ئەوا کوشتن ئەستەمە. ئەستەمە لە ڕووی ئەخلاقیەوە، ئەگەر لێدان و پەراوێزخستن و شێواندن شیاوی بوون بن، ئەوا کوشتن و ملکەچ پێکردن و سەرشۆڕکردن لە ڕووی ئیتیقیەوە ئەستەم نابێ، "ئەمە هەرگیز بردنەوە نییە، ئەمە ویستێکی بێ ئومێدە ئەویتر دەخلیسکێنێ، کە تەحەددای حەزەکانمان دەکات لە ئارەزووی کوشتندا، ئەویتر

---

(1) Emmanuel Lévinas, totalité et infini (Essai sur l’extériorite), ed: Livre de Poche, 1971, p 274.

(2) Emmanuel Lévinas, Entre nous, op. cit, p. 10.

(3) Emmanuel Lévinas, totalité et infini, op. cit, p. 215.

تاکە بوونە کە حەزمان لە کوشتنیەتی، کاتێك ئەو هێزانە تێکدەگیرێن کە لە ڕووخساری دەدەن، لەگەڵ بەرهەڵستی و خۆگرتنەوەکەی، کە گوزارشت لەهەمان ڕوانین دەکات بەرەو ڕووخسار. لێرەوە ئەویتر خۆی بەرز دەگرێ لەسەر بوونی هێزی ئاڕاستەکراو دژی ئەوی کۆتا نەهاتوو، ئەم کۆتا نەهاتووە هێزی قین لە دڵی زاڵ پەرش و بڵاو دەکات، بە بەرەنگاریە نا کۆتاییەکەی بۆ کوشتن"[١].

توندوتیژی هاوتای جەنگە، ئەمەی دوایی هەروەك لیفناس دەڵێت هەردەم شیاوی بوونە، ئاشتی نەبوونی جەنگە. ئەو جەنگە ئاه و ناڵە و مردن و کۆکوژی و کوشتن لە دوو توێی خۆیدا هەڵدەگرێ، پەیوەندە مرۆییەکان بڵێسە دەگرن، پەیوەندیەکانی چاوپێکەوتن دەپچڕێن، بەمەش ڕاجیایی و پەرتەوازەیی زۆر دەبێ، من و ئەویتر دوور لە ئاشنابوون و ئاوێتەبوون خۆمان دەکەینە قوربانی، لە میانەی ئەو پەیوەندیەی دادەمەزرێ لە نێوان خود و ئەویتردا، ئەوا ئاشتی بەرقەرار دەبێ و ئەخلاقی یەکتر قبوڵ کردن دەدرەوشێتەوە، ئەگەر بوونی گشتی یەکێتی دابمەزرێنێ لەسەر دەرەکیبوون و یەکلا کردنەوەی ئەنتۆلۆژی، ئەوا ئیتیقا زۆر بە نایابانە هەموو ئەمە تێدەپەڕێنێ.

شتێکی بەڵگە نەویستە، ئاشتی و جەنگ دژی یەکترن. بەڵام مانای وا نییە جەنگ واقیعێکی دەرەوەی بوونە، بەڵکو لە نێو بووندایە. ڕاستە بە دەرچوون لە ئەخلاق دادەنرێ، بەڵام ناڕونیەك هەیە لەبارەی سروشتی دەرەکی و ڕەهەندە میتافیزیکیەکەی، بەوەی فەیلەسوفەکان هەر سەیری دەکەن لە ڕوانینێکی همەکیدا. "ئاشتی کۆتایی جەنگ نییە، یەکترگرتنی پەرتەوازەکانیش دوای لێکترازان، کۆتایی شەڕ نییە، بەڵکو یەکێتیەکی فرەییە"[٢]. واتە گێڕانەوەی هەماهەنگی لە نێوان بوون و خودی خۆی، لێرەدا بردنەوە و دۆڕان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بەرهەمدار هەیە — لە کاتێکی کۆتا نەهاتوودا — تیایدا لە ڕاستیەکان نزیك دەبینەوە.

---

(١) زهير خويلدي، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، ص ١١.

(٢) Emmanuel Lévinas, totalité et infini (Essai sur l’extériorite), op. cit, p 274.

ئەم ناوەندێتیە گرانە بە دەسەڵات، من مافی ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە، بەوەی ڕاستی هەبێ، "جەنگی دژی ئەویتر ڕاگەیاندووە، چونکە من ڕاستیم لایە، چەمك و تێگەیشتنم لایە، من ڕاستی ئەویتر ڕەت دەکەمەوە، جەنگ زبری تێگەیشتنە بە پلەیەك، دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیە و لۆژیکەکەی جیاواز نییە لە هیچ جۆرێکی تر لە جۆرەکانی دوگما، چونکە مافی ئەویتر ڕەت دەکاتەوە، لەوەی ڕاستیەکی تری بۆ هەبێ، لەودیوی ڕاستیەوە. تەنانەت دیموکراسیەت، کە هەیە یان واقیعی بڕیار لێدراو بە لۆژیکی ڕاستەقینە، لۆژیکێکی خودی بەخۆڕاوەستاوە، مژدەدەرە، توندە بەرامبەر ئەوەی لێی جیایە، لە ڕاستیدا ئەخلاق بێ دەنگ دەکات، چونکە ئەخلاق بەرپا نابێ، هەروەك لیفناس فێرمان دەکات، تەنها لە هەنگاونانەوە نەبێ لە ئەویترەوە"(1).

لیفناس ڕازی دەبێ بەوەی مرۆڤ، لە ناخیدا بەرپرسیارێتی مەزن هەڵدەگرێ بەرامبەر ئەویتر، پابەندی دەکات بە چەند ئەرکێك، لەسەروویانەوە پاراستنی ژیانی و ڕێگرتن لە ڕشتنی خوێنەکەی، لیفناس بەمە تێڕوانینە ئەخلاقیەکانی دەوڵەمەند دەکات. بەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی تێگەیشتنی "مەکوژە!" مانایەکی هەیە نەك وەك مانای قەدەغەکردنی کوشتنی وەسفکراو، بەڵکو دیاریکردن یان وەسفێکی بنەڕەتیە بۆ بەرپابوونی قەوارەی مرۆیی، کە هەردەم هۆشیارە بەرامبەر کاری توندو تیژ کە ئەویتر دەکوژێ(2)، واتە فرمانی داخوازی کە ڕێگری لە کوشتن دەکات سادە نییە، تەنها بە گوتار وەربگیرێ، بەڵکو لە ئاستی کردار و جێبەجێکردنیشدا وەردەگیرێ، تەنانەت بەرزتریش، کە پەیوەندی دەکا بە ئەخلاقی مرۆیی و ڕەهەنە ڕووحییە زۆر قوڵەکانەوە.

بەرپرسیارێتی من بەرامبەر ئەویتر، درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی مردنەکەی بگرێتەوە، هەروەها ترسان لەمە پێش لە ترسان خودی من دەکەوێتەوە(3)، کاتێك مەترسی مردن

---

(1) رشيد بوطيب، نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية، في كتاب "جاك دريدا" ٣٠٤.

(2) Emmanuel Lévinas, dans François Poirié, Emmanuel Lévinas, Besançon, Êdituons La Manufacture, 1992, op. cit, p 100.

(3) Emmanuel Lévinas, Entre nouns, op. cit, p 228.

هەڵدەبژێرێ لە پێناو ئەوەی نەکوژرێ، ئەوا مرۆڤ مانایەك بە ژیانی خۆی دەبەخشێ، مردن ناتوانێ بیسڕێتەوە. کاتێك مرۆڤ بە چاکە گوزارشت لە بەرپرسیارێتی خۆی دەکات، ئەوا مانایەك بە ژیانی خۆی دەبەخشێ کە مانا بە مردنەکەشی دەبەخشێ، مانایەك بەراورد ناکرێ بەوەی ببێ یان نەبێ، چونکە بوونەوەر لە ماناوە دیاری دەکرێ"[1].

کاتێك دەبمە بەرپرس لەوەی تر، بەرپرس لە مردنەکەی "ترسان لەوەی ئەوەیتر بمرێ، بنچینەی بەرپرسیارێتیە لەوەیتر[2]، بە کوشتن یان بە توندوتیژی ڕووبەڕوو بوونەوە ڕەت دەکەینەوە[3]، مافی داننان بە شایستەیی ئەویتر لە ژیاندا ڕەت دەکەینەوە، لەلای لیفناس ئاشتی لە میانەی پەیوەندی کەسیدا بەرپا نابێ، ئاشتی دەبێ ئاشتی من بێ، لە منەوە هەڵبقوڵێ، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا جێگیر ببێ، لێرەدا دووپاتی نزیکایەتی دەکاتەوە لە نێوان ئەخلاق و واقیعدا، من بەبێ خۆویستی دەمێنێتەوە، بە دەوری حەز و خێردا دەخولێتەوە.

---

(1) Emmanuel Lévinas, , Autrement qu'étre ou au-delà de l'essence, op. cit. p. ٢٠٥.

(2) Emmanuel Lévinas, éthique et infini, op. cit, p 117 - 118.

(3) Emmanuel Lévinas, totalité et infini (Essai sur l'extériorite), op. cit, p 216.

**پوختە:**

میل إیمانویل لیفناس بۆ ئیتیقا، بە گۆڕانێك دادەنرێ بۆ ئەوەی باو بووە لە سەردەمی، لە ڕەوتە فەلسەفیەکانی، وەك: بنیاتگەرایی و فینومینولۆژیا و مارکسیەت و جگە لەوانیش، ڕەخنەیەکە بۆ ناوەندە عەقلّیەکان، کە ژیر و خود بە شکۆدار دادەنێن، کە هەردەم کار دەکەن لەسەر بێ بەشکردن و دوورخستنەوەی ئەویتر. بە گوزارشتێکی تری، ئیتیقا تاکە ڕێگە و ڕێبازی لیفناسی جیاوازە، کە لە میانەیدا ڕۆیشتووە بەرەو فەلسەفە ناوەندی و چەق گرتووەکان لەسەر خود بەدەر لەوانی.

لیفناس بۆ وانەی فەلسەفەی چەند کارێکی مەزن و شیکردنەوەی جوانی پێشکەش کردووە، سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە بابەتی ئەخلاقەوە، بە جەختکردنەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان خودێتیەکان و ئیتیقی، کە خود بە هاوتاکەی دەبەستێتەوە،بیرۆکەکانی ڕووخسار و بەرپرسیارێتی و یەکسانی و دادگەری و پەیوەندی مرۆڤایەتی نامەرجداری داڕشتووە، وەك دۆستایەتی و میوانداری و لێخۆشبوون و سڕینەوەی تاوانەکان. لیفناس بناغەی داناوە بۆ فەلسەفە ئەخلاقیەکەی لەسەر دەستپێشخەری ئەویتر. ئەمەی دوایی لیفناس سەنگی بۆ گێڕایەوە، دوای ئەوەی نەریتە فەلسەفیەکان ونیان کردبوو، هەولّیاندا پەراوێزخستنی بەمەست یان بێ مەبەست بووبێ. بەمەش لیفناس ڕێچکەی ئەوەی گرت کە هەیە نەك ڕێچکەی بوون، درەوشانەوەکانی پەیوەندیەکانی نێوان من و ئەوی دەرخستووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە دۆستایەتی و خۆشەویستی و بەخششێکی مرۆیی، لێوان لێو لە چاکە و ئاشتی.

**سەرچاوەکان:**

- **سەرچاوەکان بە زمانی فەڕەنسی:**


١- Emmanuel Lévinas, totalité et infini (Essai sur l’extériorite), ed: Livre de Poche, 1971

٢- Difficile liberté, Paris, Le Livre de Poche, Biblio- Essai, 1990,

٣- Entr nous Essais sur le penser-àl’autre, Paris, Grasset, 1991.

٤- Êthique et Infini, Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1992

٥- Totalité et Infini, Essai sur l’extériorité, paris, Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1992

٦- De, l’Existence à l’Existant, Bibliothèque des Textes Philosophique- Poche, 1993.

٧- Humanisme de l’autre home, paris , Le Livre de Poche, Biblio- essais, 1994.

٨- Dieu, la mort et le temps, Le Livre de Poche, Biblio- essais, □□□□.

٩- Quelques réflexions sur la Philosophie de l’hitlérisme, Rivages Poche, Petite Bibliothéque. 1997.

١٠- De Dieu qui vient à l’idée, Bibliothéque des Textes Philosophiques - Poche, 1998

١١- Autrement qu’étre ou au-delà de l’essence,paris , Le Livre de Poche, Biblio- essais,


- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- بوطيب، رشيد، "نقد الحرية أو التاريخ المنسي للتفكيكية"، في كتاب "جاك دريدا: ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحديث، التفكيك، الخطاب"، إشراف: محمد شوقي الزين، منشورات الإختلاف، الجزائر، دار الفارابي، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠١١.

٢- خويلدي، زهير، "فيلسوف الغيرية: الأنا والآخر وجها لوجه"، جريدة العرب الأسبوعي، لندن، ع ١٥/ ١٢/ ٢٠٠٧.

٣- ريكور، بول، "الذات عينها كآخر"، ترجمة وتقديم وتعليق: جورج زيناتي، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٥.

٤- هنسل، جويل، "ليفناس من الموجود إلى الغير"، ترجمة: علي بوملجم، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠٨.

# ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی

## – ریجا گارودی بە نموونە –

**د. شەریف توتاوی**

**مامۆستا و توێژەر لە زانکۆی خنشلە – جەزائیر**

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی دەکات لەلای "روجیە گارودی"، ئەمە سەرەتا ئەوەمان لەسەر پێویست دەکات، پێناسەی ئاڕاستەی مرۆیی بکەین بە گشتی، لەلای گارودی بەتایبەتی، بەوەی تەنها یەك ئاڕاستەی مرۆیی ناکرێ هەبن، بەڵکو چەند ئاڕاستەیەك هەن، ئینجا ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆیی بەگشتی دیاری بکەین، لەلای غترودی بەتایبەتی، بەم پێیەی کەواتە مانای ئاڕاستەی مرۆیی چییە؟ جۆر و شێوەکانی چین؟ ئەخلاقی ئەم ئاڕاستەیە بەگشتی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە، لەلای گارودیش بەتایبەتی؟

### ١– ناساندنی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی:

یەك پێناسە لێرەدا بوونی نییە کە ورد و دیاریکراو بێ بۆ ئاڕاستەی مرۆڤایەتی، ئەمەش بە ڕوانینە فرە ئاڕاستە مرۆییەکان، ئەمە ڕێگریمان لێناکات لە هەوڵدان بۆ دارشتنی پێناسەیەکی کۆکەرەوە و تەواو بۆی، بە هەنگاونان لەوەی کۆدەنگی لەسەرە لە نێوان ئاڕاستەکاندا، بەم پێیە دەکرێ بوترێ ئاڕاستەی مرۆڤایەتی ئەو فەلسەفەیە، کە دادەمەزرێ لەسەر بەرز کردنەوەی پێگەی

مرۆڤ، ئەمەش بە جەخت کردنەوە لەسەر بەها و ڕەسەنایەتی و چاکتربوونی لە گشت بەدیهێنراوەکانی تر، ڕەچاوکردنی مرۆڤ بە بنەما و ئامانجی هەر بیرکردنەوە و چالاکیەکی ئەدەبی یان هونەری یاخود زانستی یان ئابووری یاخود کەلتوری یان شارستانی بەشێوەیەکی گشتی، هەموو چاڵاکیەك لە مرۆڤەوە دەستپێدەکات و لەویشەوە کۆتایی دێت، بەو مانایەی هەر کارێکی مەزن لە مێژووی شارستانیەتەکاندا، ئەنجامی کاری مرۆڤ و داهێنان و وزە و توانا داهێنەرەکەیەتی، کە گوزارشت دەکەن لە بلیمەتی و مەزنایەتی ئەم مرۆڤە، ئامانجی ئەم کارە بەرجەستەکردنی کامڵی و بەختەوەری مرۆڤە، مرۆڤ گەورەی چارەنووسی خۆیەتی، دروستکەری مێژووە، هەموو کارێك بەهاکەی دیاری دەکرێ، بەگوێرەی ئەو سوود و بەختەوەریەی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات، بەکورتی و بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیە، مرۆڤ ناوەندی بوونە، پێوەری گشت شتەکانە، ئەوەی لە بەرژەوەندی و بەختەوەری مرۆڤدا بێ، ئەوا چاکە، ئەوەش کە زیان بەخش و ئازار بەخش بێ ئەوا خراپە بۆی[1].

ئەم پێناسەیە زیاتر لە پێناسەی عەلی شەریعەتیەوە نزیکە، کە پێناسەی ڕێبازی مرۆیی دەکات بەوەی بریتییە لەو: "قوتابخانەیەی ڕادەگەینێ ئامانجی ڕزگاری و کامڵی مرۆڤە، مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بەڕێز دادەنێ، ئەو بنچینانەی دەیانخاتەڕوو، لەسەر بنەڕەتی وەڵامدانەوەی پێویستیە سەرەکیەکانە، کە جۆری مرۆڤایەتی پێکدێنێ"[2]، ئاڕاستەی مرۆیی، یان ئەوەی هەندێك ناوی دەنێن بە ڕێبازی مرۆیی هەندێك جار، بە مرۆیی کردن لە هەندێك جاری تر، بە واتای گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خۆی دێت، پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لێ وەردەگرێ، جەخت دەکاتەوە لەسەر

---

(1) أنظر: أندرية لالاند، موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الثاني، تر. خليل أحمد خليل، عويدات، بيروت – باريس، ط ٢، ص ٥٦٦ وما بعدها. وكذلك أسعد سليم شطارة، أنسنة النظم الإجتماعية، ص ٢١ وما بعدها. وأيضا حازم خيري، الإنسان هو الحل، ص ١٦ وما بعدها.

(2) علي شريعتي، الإسلام ومدارس الغرب، ص ٥٧.

گەڕانەوەی خولگەیی بۆ بوونی خودی ڕەسن، مرۆڤ بە باڵاترین بەها دادەنرێ لە بووندا[1]، ئەم مانایە بەدی دەکەین لەو پێناسەیەی "جاك ماریتان" لە وتەکەیدا دایڕشتووە: "بەمرۆیی کردن، ئەو هەڵوێستەیە کە هەوڵ دەدات مرۆڤ بکاتە مرۆڤانە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، ئێمەی مرۆڤ دەربخات لەسەر گەورەییە ڕەسەنایەتیەکەی، وای لێدەکات هاوبەش بێ لە هەر شتێك کە بکرێ دەوڵەمەندیەکەی فەراهەم بکات لە سروشت و لە مێژوودا. ئەمە ئەو هەڵوێستەیە داوا لە مرۆڤ دەکات توانا شاراوەکانی گەشە پێبدات، توانا و ژیانی ژێری خۆی پەرە پێبدات، هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی هێزە جیهانی فیزیکی بکاتە ئامراز و پاساو بۆ ئازادیەکەی"[2].

## ٢- جۆرەکانی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی:

لێرەدا یەك ئاڕایەتەی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو چەند ئاڕاستەیەکی جیاواز هەن، بە گوێرەی تێڕوانین و دیدگا فەلسەفیەکان بۆ مرۆڤ، عەلی شەریعەتی جەخت لەمە دەکاتەوە لەم وتەیەیدا: "نزیکەی ئەستەمە ڕێکەوتن هەبێ لەسەر پێناسەیەکی ژیرمەندانەی ورد لەبارەی مرۆڤ، چونکە جیاوازە، بەگوێرەی جیاوازی تێڕوانینە زانستیەکانی قوتابخانە فەلسەفی و بیروباوەڕە ئاینیە فرە جۆرەکان"[3]، لەم بارەوە "هنترمید" جیاوازی لە نێوان چوار جۆری جیاوازی ئاڕاستەی مرۆیی دەکات، کە بریتین لە: ئاڕاستەی مرۆیی لە سەردەمی بوژانەوەدا، ئاڕاستەی مرۆیی ئەبستمۆلۆژی، ئاڕاستەی مرۆیی ئاینی، ئاڕاستەی مرۆیی سروشتی، دەکرێ هەندێك جۆری تریش بۆ ئەمانە زیاد بکەین، هەندێك بیرمەندی مرۆڤگەرا باسین کردووە، هاوشێوەی "روجیە گارودی" و "عەلی

---

(1) حازم خيري، الإنسان هو الحل، ص ١٦.

(2) جاك ماريتان، الإنسانية التي تدور حول الدين، ضمن كتاب: أدريين كوخ، آراء فلسفية في أزمة العصر، تر. محمود رجب، مكتبة الأنجلو المصرية بالإشتراك مع مؤسسة فرنكلين، القاهرة – نيويورك، ١٩٦٣، ص ٢٠٦ ومابعدها.

(3) علي شريعتي، الإسلام ومدارس الغرب، ص ٥٣.

شەریعەتی"، لەوانە: ئاڕاستەی مرۆیی لیبڕاڵی، ئاڕاستەی مرۆیی سۆشیالستی، ئاڕاستەی مرۆیی بوونگەرا، بە کورتی لە خوارەوەدا مانای هەر یەکێك لەم ئاڕاستانە ڕوون دەکەینەوە:

### أ- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لەسەردەمی بوژانەوەدا:

ئەمە بزوتنەوەیەکی هزرییە، "مرۆڤگەراکانی سەردەمی بوژانەوەی ئەوڕوپی (سەدەی ١٦) نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوان کۆمەڵێکن لە هونەرمەند و ئەدیب و بیرمەند، لەوانە: بترارك، بوغیو، لورنت فالا، ئیراسم، بودیە، ئولریخ، دوهوتن، لیوناردو دافنشی،...تاد، ئەم بزوتنەوەیە تایبەتمەندبوو بە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی هزری مرۆیی و کردنی بە شایستە، خاوەن بەها، ئەمەش بە گەیاندنی کەلتوری نوێ بە کەلتوری کۆن (یۆنانی و ڕۆمانی)، سەردەمی ناوەڕاست و قوتابخانە تێدەپەڕێنی"[1]. لە نووسینەکانی ئەمانە و کارە هونەری و ئەدەبیەکانیاندا، دەبینین بابەتی سەرەکی مرۆڤە، واتە گرنگی دانەکان بە مرۆڤ و ڕووەکانی چالاکی عەقلی و جوانی، مرۆڤی نموونەیی لە ڕوانگەی ئەم نووسەرانەدا، ئەو تاکەیە کە پێکهاتنی تەواوە، تا ئەوپەڕی سنوور تواناکانی بەرجەستە بوونە. واتە فەلسەفەی خود بەرجەستەکردن ئەو کات باوبووە[2].

ئەم ئاڕاستەیە وەك کاردانەوە دەرکەوت، بەرامبەر بیرکردنەوە و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی خاوەن سروشتی ئاینی لاهوتی، کە دیدی گەردوونی ئاینی زاڵبوو، کە بە ناوی خواوە دەدوا و بۆ ئەویش دەگەڕایەوە لە جوڵەیەکی بەرز و نزمیدا، ئەو بنەمای بوون و ئامانجەکەیەتی، بەوەی خوا دێ بەوەی چاکەی ڕەها و کاملی ڕەهایە لە سەرووی بووندا، لەوەوە دادەبەزین بۆ جیهانی دروستکراو و ماددەی پڕ لە خراپەر، مرۆڤ بەشسێکە لەم جیهانە، سزا دراوە بەهۆی تاوانی ئادەمەوە، بەمەش بووەتە بەدیهێنراوێکی پیس و تاوانبار، دواتر کاملی و بەختەوەریەکەی

---

[1] أندريه لالاند، المجلد الثاني، المرجع السابق، ص ٥٦٦.

[2] هنترميد، الفلسفة أنواعها ومشكلاتها، ص ٣٩٦، وانظر أيضا: حازم خيري، المرجع السابق، ص ١٦.

بەرجەستە نابن، تەنها بە خۆبەرزگرتن نەبێ لەسەر خود، ئەمەش بە قوربانیدان بە زۆرێك لە ئارەزووەكان و چێژە دونیاییە هەنوكەییەكان، بۆ ئەوەی هەلی گەڕانەوە بۆ لای خوای بۆ بڕەخسێ، كە سەرچاوەی چاكە و شكۆمەندیە، مرۆڤی چاك ئەوەیە كە كردارەكانی ڕێك و تەبا دەبەن لەگەڵ ویستی خوا، مرۆڤ هیچ شتێك ناكات تەنها بە ویست و توانای خوا نەبێ، خێر و كامڵی بە هەوڵە تاكە كەسییەكەی بەدەست ناخات، بەڵكو بە لوتف و چاودێری خوا بەدەستی دەخات، بزاڤی مێژوو بەرجەستەكەری پلان و چاودێری خوایە، كرداری مرۆیی تەنها ئامرازێكە بۆ جێبەجێكردنی ویست و پلانی تۆكمەی خوا، بەمەش ڕوون دەبێتەوە ئەم فەلسەفە ئاینیە مرۆڤی ونكردووە، خوای كردۆتە خولگەی بیركردنەوە و ڕاڤەكردنەكەی بۆ بوون و زانین و مەعریف و بەها، لێرەوە بزاڤی مرۆڤایەتی ویستویەتی سەنگ بۆ مرۆڤ بگێڕێتەوە، بە دەرخستنی بەها و مەزنی و چاكەكەی، لە میانەی گەڕانەوە بۆ نەریتە كۆنەكان (نەریتی یۆنان و ڕۆمانی بە دیاریكراوی)، كە پەردە لادەدات لەسەر دەستكەوتەكان عەقڵی مرۆیی و پشت بەخۆبەستنی، لێرەوە چەمكی ئاراستەی مرۆیی و ڕێبازی مرۆڤایەتی پەیوەستبوو بەم بزوتنەوەوە، بە یەكەم ئاراستەیان دانا لە مێژووی هزردا، ئەمە ڕایەكی پێچەوانەیە ڕاستییە لە واقیعدا، هەروەك دواتر ڕوونی دەكەینەوە، سۆفستائیكان دەستپێشخەربوونە بۆ ئەم ئاراستەیە، هەروەك هزری ئیسلامی[1]، تەنانەت هزری مەسیحی لە سەدەكانی ناوەڕاستی لێی بێ بەش نەبوونە، ئەگەرچی ئاراستەی مرۆیی جیاواز بووبن لە ڕێبازێكەوە بۆ یەكێكی تر.

---

(1) حول النزعة الإنسانية في الفكر الإسلامي، أنظر: عبدالرحمن بدوي، الإنسانية والوجود في الفكر العربي، وكذلك: محمد أركون، نزعة الأنسنة في الفكر العربي – جيل مسكويه والتوحيدي، وكذلك: عبدالوهاب بوحديبة: الإنسان في الإسلام. علي شريعتي: الإنسان والإسلام، دار الأمير، بيروت، ط ٢، ٢٠٠٦.

**ب- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی ئەبستمولۆژی:**

ئەمە دەدرەوشێتەوە لە ڕێبازی مرۆیی "شیلر"دا، ئەم ڕێبازە کەمترین شت لەبارەیەوە بوترێ ئەوەیە گوزارشت دەکات لە تیۆرێکی زانین و مەعریفەدا، مرۆڤ دەکاتە بنچینەی خۆی، بە پشت بەستن بە ڕێبازی سۆفستائی، کە دەڵێت: "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە"[1]، ئەگەر سۆفستائیەکان ئەم وتەیەیان جێبەجێ کردبێ لە بواری زانین و بەهادا، ئەوا "شیلر" بوارەکەی کورت هەڵهێناوە لەزانین و مەعریفەدا، مەبەستی لەوە ئەوەبووە، مرۆڤ پێوەری ڕاستییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ڕاستگۆیی و درۆ، دیاری دەکرێ لە گۆشەنیگای ئەوەی مرۆڤ لە بەرژەوەندی و سوودی خۆی دەیبینێ، ئەمە بنەمای براگماتیە. واتە بابەت ڕاست یان هەڵە و بێ بنەما دەبێ، بەگوێرەی ئەو بەها کردارییانەی ئەنجامەکەی دەیبێ، لەسەر ئەمە ئەوە کەڵەکە هەموو زانینێك پاشکۆ دەبێ، لە کۆتایی ڕێگەکەدا، بەستراو دەبێ بە سروشتی مرۆیی و پێویستیە سەرەکیەکانی، بەگوێرەی ئەم ئاڕاستەیە، ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ لە پەیوەندی شتەکان بە مرۆڤ تێپەڕ ناکات، ئەوەی ئێمە ناوی دەنێین شتەکان، ئەمانە ڕەگەزی وەسفی مرۆیین بۆ جیهان[2].

---

**(1)** هنترميد، المرجع السابق، ص ٣٩٧.

**(2)** لالاند، المجلد الثاني، مرجع سابق، ص ٥٦٦ وما بعدها.

### ت- ئاڕاستی مرۆڤایەتی ئاینی[1]:

ئەمە پاساو دەدات بە ڕەسەنایەتی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی ئاینی، بەو مانایەی تیشک دەخاتە یەر بەها و ڕێز و ڕەسەنایەتی مرۆڤ لە ئایندا، لێرەدا دەکرێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆری ئاڕاستە بکەین: نەریتی، هاوچەرخ.

### ١- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی نەریتی:

ئەمە بەدی دەکەین لەلای ئاڕاستەی شوێنکەوتوانی ئاڕاستەی ئاینی کلاسیکی، لە مەسیحی و موسڵمانەکان، ئەوان پێیان وایە، مرۆڤ بوونەوەرێکی دیندارە، خاوەن ڕەهەندێکی میتافیزیکیە، ئایین سەرچاوەی ڕێز و شکۆمەندی مرۆییە، لە پێکهاتن و دروستبوونی مرۆڤەوە، ئەمە تاکە بوونەوەرە، کە خوا بەهرەی ژیری پێداوە، بەمەش ڕێزداری کردووە بەسەر گشت بوونەوەرەکاندا، ئازادی هەڵبژاردنی پێداوە، تاکە بوونەوەرە بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات بەدەستی خۆی، بژاردەکانی دیار دەکات، بەرگەی بەرپرسیارێتیەکەی دەگرێ، خوای مەن ژیانێکی تری پێداوە، کە ژیانی نەمریە، یان لە خۆشیەکی بەردەوام یان دۆزەخێکی هەمیشەییدا دەبێ، بەپێی ئەو چاکە و خراپانەی بەدەستی هێناوە، ئەو بوونەوەرەیە خوا فەرمانی بە فریشتەکان کرد کڕنووشی بۆ بەرن، هەمووان کڕنوشیان بۆ برد تەنها شەیتان نەبێ، تاکە بوونەوەرە کە خوا لە گیانی تایبەتی خۆیدا بەبەردا کردووە، بەمەش بوونەوەرێکی خواییە یان پەروەرێنییە، لە جوانترین وێنەدا دروستی کردووە، ئەویش لەسەر وێنەی میهرەبانە، بەگوێرەی وتەی هەندێکیان، ئەوەی لە وشکانی و

---

[1] أنظر حول هذه النزعة: هنترميد، مرجع سابق، ص ٣٩٧ وما بعدها.

دەریادایە بۆیان ڕام کراوە، توانا و وزەی تێدا داناوە، کە شایستەی دەکات بۆ گەیشتنە کاملّی، کە بەختەوەریەکەی لەسەر دەوەستێ لە هەر دوو جیهاندا (دونیا و دوارۆژ)، کاملّی لێرەدا واتە خۆڕازاندنەوە بە چاکە و خۆدارنین لە خراپەکان، چاکە هەموو ئەو شتانەن کە خوا فەرمانی پێکردووە، خراپە ئەو شتانەن ڕێگری لێکردووە، واتە دژی ویستی ئەو بن.

## ٢- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ:

لەلای هەندێك لە لاهوتییە مرۆڤگەرایە هاوچەرخەکان دەردەکەوێ، هاوشێوەی "جاك ماریتان"، هەروەها لەلای ئەو ئاڕاستەی پێی دەوترێ "لاهوتی ڕزگاری"(١)، ئەم ئاڕاستەیە، سەیری ئاینە نەریتی یان بیرکردنەوەی ئاینی نەریتی دەکات، وەك ئەوەی نامۆ بێ لای مرۆڤ، چونکە ڕوانگەی گەردوونی لێرەدا، ڕوانگەیەکی لاهوتی ستونییە، بەوەی لە خوا دەردەچێ و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە، لەمەشدا مرۆڤ ون دەبێ لە بەرژەوەندی ڕەها و بێ سەرەتا و کۆتادا (خوا)، لەم گۆشە نیگایەوە، ئەم لاهوتیە هاوچەرخانە دیدگایەکی گەردوونی ئاسۆیی پێشکەش دەکەن، لە مرڤەوە دەردەچێ و بۆی دەگەڕێتەوە، ئەم دەرچوونە لە لێکدانەوەی مرۆییە بۆ ئایین، ئایین بە گوێرەی ئەوان هاتووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ستەم و چەوساندنەوە و نامۆبوون و کۆیلایەتی، دواتر دەستەبەرکردنی بەختەوەری مرۆڤ، ئەگەر ئایین ئەم ئامانجە نەپێکێ، ئەوا دەبێتە سەرچاوەی نامۆیەتی، دواتر بەها و بایەخەکەی لەدەست دەدات، پاشان بەختەوەری مرۆڤ دەبێتە پێوەر بۆ دیاریکردنی بایەخی ئایین و پێوەرەکەی، ئەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕەهەندە میژوویی و کۆمەلّایەتی مرۆڤایەتی بۆ ئایین.

(١) حول النزعة الإنسانية في الفكر الإسلامي، أنظر: الشريف طوطاو: الإنسان في فلسفة رجاء غارودي، ج ٢، أطروحة دكتوراه، نوقشت بقسم الفلسفة بجامعة منتوري بقسنطينة، الجزائر، ٢٠١٠، غير منشورة.

### پ- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی سروشتی[1]:

ئەمە ئاڕاستەیەکی ماددی سروشتی ئیلحادییە، سەیری مرۆڤ دەکات بەوەی بوونەوەرێکی سروشتییە، لە سروشتەوە پەیدابووە و بۆی دەگەڕێتەوە، دواتر ڕەتی کردۆتەوە دانبنێ بە ڕەهەندی میتافیزیکی و جیا لە مرۆڤ، بە پشت بەستن بەمە وتویانە بابەتی زانین و مەعریقفە سروشتە، سەبارەت بە ئەودیو سروشت، تەنها خەیاڵ و ئەفسانەی گریمانەکراون، بەهۆی چەندین ڕەچاوکاری، دەستەوسانە بەرامبەر هێزەکانی سروشت، کە وای لێدەکات گریمانەی بوونی خواوەندەکات بکات، حەزەکەی لە مانەوە و نەمری، وای لێکردووە گریمانەی بوونی ژیانی دواڕۆژی هەمیشەیی بکات... تاد، دواتر وتیان سەرچاوەی زانین هەستەکانن، لە بواری ئەخلاقدا وتویانە، چاکە و خراپە، دیاری دەکرێن هەر لە سروشتی مرۆڤەوە، نەك لە هەر بنەمایەکی نموونەیی یان باڵا، چاکە ئەوەیە کە ڕێك و تەبایە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و خراپە ئەوەیە لەگەڵی تێکبگیرێ، بۆیە پێیان وابوو بەختەوەری و چاکەکەی دیاری دەکرێ لەبەر ڕۆشنایی چێژدا، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی چێژی دەوێ و ئێشی ناوێ، وتویانە کاملی مرۆڤ لە دونیادا بەرجەستە دەبێ، کاملێیەکەی واتە ژیانێك بژیت کە کۆکە لەگەڵ سروشتەکەی، یاسای ئەخلاقی مرۆڤ دایدەنێ، بە بە پپشت بەستن بەوەی گونجاوە لەگەڵ سروشتیەکەی، واتە بە گوێرەی حەز و پێویستیەکان، نەك سەرچاوەیەکی باڵا (جیا) یان دەرەکی.

[1] هنتر يد، مرجع سابق، ص ٤٠١ وما بعدها.

- **ئاڕاستەی مرۆیی لیبڕاڵی[1]:**

ئەمە هەندێك جار گوزارشتی لێدەکرێ بە ڕێبازی تاکەکەسی، فەلسەفەی لیبڕاڵی بانگەواز دەکات بۆ ئازادی مرۆیی، مرۆڤ مەبەست لێی لێرەدا تاکە، نەك کۆمەڵ یان جۆر، لیبڕاڵیەکان پێیان وایە فەلسەفەی لیبڕاڵییەت گوزارشت لە ئاڕاستەی مرۆڤایەتی ڕاست و دروست دەکات، چونکە دەگونجێ لەگەڵ سروشت و خوارسکی مرۆڤ، لە بواری ئابووریدا بانگەواز دەکات بۆ ئابووری ئازاد، کە دەدرەوشێتەوە لە خاوەندارێتی تاکەکەسی و ئازادی کێبڕکێ، ئەمانە بنەمای سروشتین لە مرۆڤدا، مرۆڤ بە سروشتی خۆی خۆویستە، خاوەندارێتی خۆشدەوێ و لەسەر ئازادی سروشتێنراوە، لە بواری سیاسیدا، بانگەواز بۆ دیموکراسی سیاس دەکات، کە دادەمەزرێ لەسەر ئازادی سیاسی و مافە سروشتیەکانی تری مرۆڤ، لە بواری ئەخلاقیش دادەمەزرێ لەسەر بنەمای چێژ و سوود، ئەوانە بنەمای سروشتیشن بە هەمان شێوە، لە بواری زانین و مەعریفەدا دادەمەزرێ لەسەر فەلسەفەی ئەزموونی و براگماتیەت.

- **ئاڕاستەی مرۆیی سۆشیالستی[2]:**

ئەمە دەردەکەوێ لە فەلسەفەی مارکسیەتدا، کە تیشك دەخاتەسەر ڕەسەنایەتی مرۆڤ، لە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری و ئەو بنەمایانەی هێناویەتی لە بواری ئابووری و سیاسیدا، بەتایبەت بنەمای ئازادی ئابووری و سیاسەت، مارکسیەکان پێیان وایە هۆکاری لە دەستدانی بەهای مرۆڤە، بەهۆی ئەو قۆستنەوە و نامۆیی و پلەبەندیەی ناویەتیەوە... هەر بۆیە سۆشیالستەکان ڕێبازی

---

(1) علي شريعتي: الإسلام ومدارس الغرب، ص ٥٧ وما بعدها.

(2) علي شريعتي: مرجع سابق، ص ٦٤، وما بعدها.

تاکەکەسیان ڕەتکردۆتەوە، لە جێگای ئەودا ڕێبازی کۆمەڵیاندانا، کە دادەمزرێ لەسەر یەکسانی و خاوەنداریێتی کۆمەڵ و دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی.

## – ئاڕاستەی مرۆیی بوونگەرا:

ئەمە دوو جۆرە: بوونگەرایی مولحید، بەتایبەت سارتەر[1] نوێنەرایەتی دەکات، بوونگەرایی بڕوادار، کە کارڵ یاسبرس[2] و گابریل مارسیل و ئەوانی تر جگە لەو نوێنەرایەتی دەکەن.

بوونگەرایی بە گشتی بانگەواز بۆ ڕەسەنایەتی مرۆڤ دەکات، گەورەی چارەنووسی خۆیەتی، یاسادانەری خودی خۆیەتی، پەیکەری خۆی دادەتاشێ، بوونی ئەو پێش ناوەڕۆکی کەسایەتیەکەی کەوتۆتەوە، بەهاکان بە خۆی دادەڕێژێ، پێوەری گشت شتەکانە، بەڵام ئەوەندە هەیە ڕاجیان لەگەڵ سۆفستائیەکان لەوەی ئەو مرۆڤ لێرەدا بەخودی خۆی مەبەست و خوازراوە تاکە، نەوەك جۆر یان کۆمەڵ، سارتەر گوزارشت لەم ئاڕاستەیە دەکات لە کتێبەکەیدا "بوونگەرایی ڕێبازێکی مرۆییە"، تیایدا هاتووە: "تەنها جیهانی مرۆیی بوونی هەیە، جیهانی بوونی مرۆیی. بونگەرایی مرۆییە، چونکە باسی مرۆڤ دەکات بەوەی هیچ یاسایەك لێرەدا تەنها بەخۆی نەبێ، مرۆڤ لە دەرەوەی دەروونی خۆی دەگەڕێ بەدوای مەبەستێك، کە ڕزگاربوونێکی دیاریکراو و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە، بەڵکو خۆی وەك مرۆڤ بەرجەستە دەکات"[3]، بە پشت بەستن بەم چەمك و تێگەیشتنە، سارتەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە فەلسەفە ماددەگەراکان، بە فەلسەفی مرۆڤایەتی دابنێ،

---

(1) سارتر: الوجودية مذهب إنساني، وانظر أيضا: شريعتي، مرجع سابق، ص ٦٦ وما بعدها، وكذلك أدريين كوخ، مرجع سابق ص ٢٦٦ وما بعدها.

(2) حول نزعة ياسبرس الإنسانية، ينظر: أدريين كوخ، مرجع سابق، ص ٣٥٧ وما بعدها.

(3) نقلا عن ازم خيري، مرجع سابق.

چونکە مادە دەکاتە بیرۆکە لە جیهاتی مرۆڤ، لێرەوە ڕاجیایەکەی دەستی پێدەکرد لەگەڵ ئەو مارکسیانەی وتیان: مارکسیەت، فەلسەفەیەکی مادیە، لەهەمان کاتدا فەلسەفەیەکی مرۆییە.

بە بڕوای ئێمە، ئەم ئاڕاستە جیاوازانە، دەکرێ هەژماری بکەین لە چوارچێوەی دوو ئاڕاستەی سەرەکدا: ئاڕاستەیەکی مرۆیی ئیلحادی، ئاڕاستەی مرۆیی ئاینی، لە یەکەمدا دەکرێ بوونگەرایی مولحید و فەلسەفەی سروشتی تێدا کۆ بکەینەوە، لە دووەمدا دەکرێ ئاڕاستەی ئاینی کۆ بکرێتەوە، بە هەر دوو بەشی نەریتی و هاوچەرخەکەی، یەکەمیان بوونی خوا ڕەتدەکاتەوە، مرۆڤ جێگاکەی دەکرێتەوە (بەخواکردنی مرۆڤ)، دووەمیان بڕوادارە و داندەنێ بە خواییبوونی مرۆڤ، تروسکەیەك لە ڕوناکی خوای تێدایە، دواتر بەرزی ڕەهەندێك پێکدێنێ لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ، گارودی بە یەکێك لە بانگخوازانی ئەم ئاڕاستەیە دادەنرێ.

## ٣- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی بەوپێیەی هەڵوێستێکی ئەخلاقیە:

ئاڕاستەی مرۆیی گوزارشت دەکات لە هەڵوێستێکی ئەخلاقی، لەو ڕووەی گوزارشت دەکات لە بەرگری لە بەهای مرۆڤ، واتە مرۆڤایەتیەکەی، لە بەهای مرۆڤایەتیەکەی (ئەمانە ئەو بەهایانەن کە مرۆڤ چەقەکەی دەبێ، بەوەی ئامانجەکەی پاراستنی ژیانی مرۆڤ و گەشەپێدانی دەبێ بەرەو باشتر)[1] بەو پێیەی چاکەی ئەخلاقین، مرۆڤ لێرەدا گوزارشت دەکات لە بەهایەکی ئەخلاقی، واتە چاکە و پایەداری، ئەمە وا نەدەبوو، ئەگەر بە مرۆڤەوە پەیوەست نەبووبایە، ئەم ئاڕاستەیە دەرکەوت لەبەر ڕۆشایی ئەو پێشێلکاریانەی مرۆڤ دووچاری بووەوە لە مافەکانیدا، ئەمە بە نەرێنی کاریگەری کردە سەر مرۆڤایەتیەکەی و ڕێزی ئەوی داشکاند، یەکێك لەو پێشێلکاریانە، ئەوەیە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی دووچاری بووەتەوە لە قۆستنەوە و بە کۆیلە کردن لە سایەی سیستەمە ئابووریەکان، ئامانجی بەدەستهێنانی سوود و قازانج بوو، لەسەر بەرژەوەندی مرۆڤایەتی مرۆڤ و

---

(1) حول موضوع القيم الإنسانية، أنظر: أسعد سليم شطارة، مرجع سابق، ص ٣٣ وما بعدها.

تەنانەت ژیانیشی، بەهەمان شێوە چەند سیستەمێکی سیاسی کە دامەزراوە لەسەر خۆسەپاندن و یاخیبوون و سەرکوتکردن، وەك بەدەستهێنانی چەند مەبەستێکی سیاسی.

ئا بەم شێوەیە چەند تیۆرێك دەرکەوتن لە بواری گەشەپێداندا، بانگەوازیان دەکرد بۆ بە مرۆیی یان بە ئەخلاقی کردن، واتە دامەزراندنی گەشەپێدان لەسەر بنچینەیەکی مرۆیی، بەوەی ئامانج لێی گەشەپێدانی مرۆڤ بێ، بەرزکردنەوەی لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە، کە سەربکێشێ بۆ بەختەوەر و کاملبەکەی، بەشێوەیەك مۆڵەت بدات بە سیستەمی کار بۆ نموونە بۆ مرۆڤ، کە گوزارشت بکات لە توانا و وزە و بەهرە داهێنەرەکانی، کە بەرجەسەی بلیمەتی و مەزنایەتیەکەی دەکەن لە بواری کارەکەیدا، ببێتە گەورە لە کاردا، دوای ئەوەی ببووە کۆیلەی ئامێر، ئەمەش سەریکێشاوە بۆ زاڵبوون بەسەر ویستەکەیدا، هەروەك سیستەمی سیاسی مۆڵەت بە مرۆڤ دەدات، مافە سیاسییەکانی بەدەستبخات، وەك مافی ئازادی و هەڵبژاردن و پاراستن...تاد.

ئاڕاستەی مرۆیی گوزارشت دەکات لە هەلۆیستێکی ئەخلاقی، لە ڕووی ڕەچاوکردنی بەها ئەخلاقییەکان، بانگەواز دەکات بۆ ڕێزگرتن لە ڕێز و سەربەرزی مرۆڤ، کاملی مرۆیی دەکاتە ئامانجی خۆی، کاملی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە چاکەکاری، هەروەك کاملی مرۆڤ و بەختەوەریەکەی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەگەڵ جیاوازی ڕوانینەکەی بۆ ئەم کاملیە لە ڕوانینی نموونەگەرایی و ئاینی. بەمەش ئاڕاستەی مرۆیی دەبێتە ئەخلاقی، یەکێك لە بانگخوازانی گوزارشتی لێکردووە، لەم وتەیەیدا: "جەمسەر و دەمڕاستەکانی فەلسەفەی یۆنانی درکیان کردووە بەم تێگەیشتنە، پێش دوو هەزار ساڵ، بەوەی وتیان لوتکەی چاکی مرۆڤ (واتە بەختەوەریەکەی) بەدەستدێت لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی تواناکانی ژیانی خۆی لە ڕێچکەی چاکە. چاکە لە فەلسفەی هەر یەکە لە "ئەفلاتۆن" و "ئەرستۆتالیس"، واتە هەڵسوکەوتی ڕێك و پێك، هەڵسوکەوتی ڕێك و پێك سەردەکێشێ بۆ گەشەی ژیانی مرۆڤ بەرەو چاکتر. گەشەکردن بۆ باشتر، واتە بەرزکردنەوەی تواناکانی ژیری و سۆزی مرۆڤ، بۆ پێگەی کاملی. پلەی کاملی واتە بەرجەستەکردنی خودی مرۆیی

له گەورەترین پلەکانی تواناکەیدا. ئەمە بە بەرزترین ئامانجەکانی ئەخلاقی دادەنرێن، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنە یۆنانیە کۆنە، دەکرێ پێناسەی مرۆڤایەتی بکرێ، بەوەی "بنیاتی مرۆڤی ڕێك و پێکە، کە توانا هزری و ژیری و سۆزیەکانی ئاڕاستە دەکات، بۆ پاراستنی ژیان و چەشنەکانی و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی بەسەر پلیەکەکانی کامڵیدا بەرەو چاکتر"، پلیکانەکانەی کامڵی واتە پلەکانی توا، واتە هەر مرۆڤێك کار بکات، بەهرەکانی شایستەی دەکەن "خاوەنی ئەم چەمك و مانایە درێژە دەدات بە دیاریکردنی ئەم مانای کامڵیە و وەسفکردنی، بەوەی جیاوازی دەکات لە نێوان مانای مرۆیی و مانای نموونەیی یان ئەخلاقی نەریتی، دەڵێت: "ئا لێرەوە کامڵی لەلایەنی تیۆریەوە بە ڕێژەیی و سنووردار دەمێنێتەوە، لە کاتی جێبەجیچکردنی لە سەر تاکەکاندا، چونکە تواناکانی هەر تاکێك جیاوازە لەوەی تر، تاك کامڵی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات کاتێك بەرزترین پلەی شایستەیی فەراهەم دەکات. بەڵام لەلایەنی تیۆریەوە ئەوا ئاسۆکانی کامڵی بە دیاری نەکراوی دادەنرێن، بەوەی مرۆڤ هەر چەندە بە پلیکانەکانی کامڵیدا سەر بکەوێ، ئەوا پلەی بەرز و ئاسۆی فراوانتری لەبەردەمدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە هەر چەندە مرۆڤ پلەیەك بەسەر بکەوێ بەسەر پلیکانەی زانستدا، ئەوا ئاسۆی فراوانتری لە پێشدا واڵا دەبن بۆ توێژینەوەی زانستی، هەر کاتێك پلەیەك بەرزبووەوە بەسەر پلیکانەی برایەتی و خۆشەویستیدا، ئەوا توانای باشتر بەدەست دەخات بۆ بەخشین، بە دەربڕینێکی تر، هەر کاتێك توانای زیاد کرد، ئەوا کامڵی زیاد دەبێ بۆ پلەی بەرزتر و ئاسۆی فراوانتر"[1].

هەڵوێستی ئەخلاقی بۆ فەیلەسوفە مرۆییەکان، دەدرەوشێتەوە لە وەستانی هەمیشەییان لە پاڵ مرۆڤدا، لەبەر ئەمە ئەوان بەرگری دەکەن لە ئازادی گەلانی ژێر دەست و چەوساوە، لە دادگەری و دیموکراسی و ئاشتی و لێبوردەیی و جگە لەو لە مافەکانی مرۆیی، ئەوان بەرهەڵستی

[1]) سلیم شطارة، مرجع سابق، ص ٢٣.

جەنگ دەکەن بەهۆی ئەو کاریگەریە نەرێنیانەی لەسەر مرۆڤ هەیەتی، بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاوەدوونان و مردن و قوربانی و بێوەژن و هەتیوانەی...تاد بەجێیان دەهێڵێ، هەروەك بانگەواز دەکات بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە نەرم و نیانی و میهرەبانی لە جیاتی هەڵسوکەوت کردن بە توونند و تیژی... ئەمە وایان لێدەکات شەرمەزرای هەر پێشێلکاریەك بکەن، کە منداڵ و ئافرەت و مرۆڤەکان بەگشتی دووچاری دەبنەوە.

## ٤- ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی:

ئەم ئەخلاقە لە گۆشەنیگای بیرۆکە و گوتەی مرۆڤەوە هەنگاو دەنێ، بەوپێیەی بنچینەی بەها ئەخلاقییەکان و خولگەکەیەتی، مرۆڤ سەرچاوەی بەها ئەخلاقیەکانە، هەموو ئەوەی لە بەرژەوەند و سوودی مرۆڤدایە، مرۆڤایەتی مرۆڤ دەپارێوێ، یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەرجەستەکردنی کامڵی مرۆیی، سەردەکێشێ بۆ بەختەوەری مرۆڤ، ئەوا ئەم شتە چاکە، وەك دادگەری و ئاشتی و لێبوردەیی و ئازادی و زانست و تەندروستی... بەپێچەوانە، ئەوەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ، لە مرۆڤایەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە ئەوا خراپەیە، وەك جەنگەکان، ستەم، نەزانی، جیاکاری ڕەگەزی، خۆسەپاندن، یاخیبوون، بەکۆیلەکردن... تاد، بە کورتی، بەها مرۆییەکان گشتیان بەهای ئەخلاقین، واتە چاکە و خێران، بە پێچەوانەوە، ئەوەی تێکدەگیرێ لەگەڵ بەها مرۆییەکان لە پیادەکردنەکان، ئەوا بە خراپە و پەستی دادەنرێ، مرۆڤ دانەری بەها و سەرچاوەی یاسا ئەخلاقییەکان، لێرەدا سەرچاوەی دەرەکی یان باڵا بۆ ئەو نییە. چاکە ئەوەیە کە گونجاو بێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا، خراپە ئەوەیە لەگەڵی تێکدەگیرێ، بە ڕەچاوکردنی سروشتی چاکەی مرۆڤ، کەواتە ئەم ئەخلاقە تێکدەگیرێ لەگەڵ ڕوانینی ئەوانەی سەیری ئەخلاق دەکەن، بەوەی پوختەکردنی سروشتی مرۆیی بێ، بەرەنگاربوونەوەی و خۆبەرزتر گرتن بێ لێی، بە پشت بەستن بە نموونەیەکی باڵل و پێوەری دەرەکی و لە دەرەوەی ویستی مرۆیی و ئامانج و بەرژەوەندیەکانی، مرۆڤ چاك، ئەوەیە خۆی بە بەرزتر لە سروشتەکەی دەگرێ (حەز و ئارەزوو و هەوەسە

سروشتیەکانی)، بەگوێرەی ئەم ڕوانینە ئەخلاقییە، کە فەلسەفە نموونەگەرا و ئاینیەکان بە تایبەتی گوزارشتیان لێکردووە.

وشەی هیومانیزم لە بنچینە لاتینیەکەی، بە مانای کەس یان مرۆڤی باش دێت، کەواتە ئاڕاستەی مرۆڤایەتی و ئەخلاق یەك شتن، هەر بۆیە هەندێك پێیان وایە، ئەم ئاڕاستەیە گوزارشت لە هەڵوێستێکی ئەخلاقی دەکەن، لە بنەڕەتدا، نەوەك هەڵوێستێکی ئەنتۆلۆژی یان ئەبستمۆلۆژی، بەرگری لە مرۆڤ گوزارشت لە هەڵوێستێکی ئەخلاقی دەکەن، ئامانجی ڕێزگرتنە لە بەهاکانی مرۆڤایەتی، بەوپێیەی چەند چاکەیەکن، مرۆڤ بەرەو کامڵی دەبەن (کامڵی بەگوێرەی تێڕوانینی مرۆیی، نەوەك بەپێی دیدگایەکی ئەخلاقی نەریتی، ئەمە دیدگایەکی نموونەگەرایە) مرۆڤایەتیەکەی بۆ دەپارێزێ.

ئاڕاستەی مرۆیی، بەهەمان شێوە ئاڕاستەی ئەخلاقییە، بەو مانایەی ئەخلاق دەکاتە بیرۆکەیەکی سەرەکی بۆ خۆی، لەبەر ئەوەی ئەخلاق گوزارشت لە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەخلاق دەکات، دواتر بەرزکردنەوەی دروشمی مرۆڤ، وا دەکات ئەخلاق ببێتە بابەتێکی پێویست، بەهای مرۆڤ و ڕێز و مرۆڤایەتیەکەی، ناکرێ وێنا بکرێ، ئەگەر دابماڵرێ لە ئەخلاق، لەم بارەوە هەندێك کەس پێناسەی مرۆڤ دەکەن بەوەی بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، واتە ئەخلاق گوزارشت دەکات لە وتەی جیاکەرەوە، کە جیاوازی دەکات لە نێوان جۆری مرۆیی و جۆرەکانی تری گیانداران، ناکرێ مرۆڤ مرۆڤ بێ، ئەگەر لە ئەخلاق جیا کرایەوە، ئەخلاق مسۆگەری مرۆڤایەتی مرۆڤ دەکات.

سەرباری ڕێککەوتنی مرۆڤگەراکان، لەبارەی هەندێك پرسی سەرەکی لە ئەخلاقدا، وەك ڕەچوکردنی مرۆڤ وەك بنچینە و ئامانجی ئەخلاق، واتە ئامانجی ئەخلاق دەستەبەرکردنی کامڵی مرۆییە، بەوەی بەختەوەری و مرۆڤایەتیەکی بۆ بپارێزێ، سەرباری ڕێکەوتنیان لەسەر دانانی ئەخلاق بە ڕێگەی دەستەبەرکردنی مرۆڤایەتی مرۆڤ، بەڵام ئەمە ڕێگری نەکردووە لە بوونی چەندین ڕاجیایی لە نێوانیاندا، ئەمەش بەگوێرەی ڕاجیایی ئاڕاستە مرۆییەکان و ڕوانینی هەر یەکێکیان بۆ

مرۆڤ، ئاڕاستەی مرۆڤایەتی سروشتی پێی وایە مرۆڤ بوونەوەری سروشتی بەخۆوەڕاوەستاوە، دواتر ڕەهەندی ڕۆحی و میتافیزیکی بۆ مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، قسە لەسەر ئەخلاقێکی مرۆیی پوخت دەکات، کە هیچ بنچینەیەکی نموونەیی یان ئاینی نییە، میهرەبانی و بەزەیی و دۆستایەتی و ئەمینداری و خۆشەویستی و ئاشتی... تاد، بەم تێڕوانینە بە چاکە دادەنرێن، بەوپێیەی بەهای مرۆیین، بەشدارن لە بەرجەستەکردنی کاملّی و بەختەوەری مرۆیی، نەوەك بەوپێیەی نموونەی بەرز و لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی مرۆڤایەتین، بەو مانایەی ئەم هەڵسوکەوتە چاکە و بەها ئەخلاقیەکەی بەدەست دەخات لە مرۆڤەوە، نەوەك لە بنەمایەکی بەرزەوە، کاملّ مرۆڤ ماناکەی گونجانی هەڵسوکەوتەکانیەتی لەگەڵ سروشتەکەیدا یان خۆبەرز گرتنی مرۆڤ لە خودی خۆی، لە پێناو ئەوەی مرۆڤ ببێتە مرۆڤ، چێژ بە گوێرەی ئەمە بە چاکە دادەنرێ، چونکە گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ، بەپێچەوانەی ئەوەی نموونەگەراکان بۆی دەچن، ئەوانەی پێیان وایە چێژ خراپە، چونکە گوزارشتە لە سروشتی مرۆڤ (ئارەزووەکانی)، ئەمە سروشتە گیانداری و ئاژەڵیەکەیەتی، پێویستە بەرەنگاری ببینەوە و خۆمان لێی بە بەرزتر بگرین، لە پێناو ئەوەی مرۆڤڤ چاك بێ. لەم بارەوە بۆ نموونە نیچە دەبینین، هەموو بەهاکانی ئاینی مەسیحی ڕەت دەکەینەوە و بە ئەخلاقێك دادەنرێ بۆ لاوازەکان، کە شایستەی مرۆڤایەتی مرۆڤ نییە، ئا لێرەوە بەها مرۆییەکان یەکدەگرن لەگەڵ بەها ئەخلاقیەکان، مرۆڤی مرۆیی، مرۆڤی خواییە، خوا نموونەی مرۆڤی مرۆییە، ئا لێرەوە بە خواکردنی مرۆڤ یان بە مرۆڤ کردنی خوا دێ، ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە کاملّی ئەخلاقی دەکرێ لە ژیانی دونیادا فەراهەم ببێ، دواتر دەکرێ بەهەشتی زەمینی لە ژیانی ئەم دونیایەدا بەرجەستە بکرێ، هەموو ئەوەی لەم چوارچێوەیە وەك گریمانەکردنی جیهانی نموونەیی چاك، ئەوا چاکیەکەی لە بنەمای یەکەمەوە وەردەگرێ کە خوایە، گریمانەکردنی بەهەشتی ئاسمانی کە سزا و پاداشتی دوارۆژی تیایدا بەرجەستە بن، ئەمانە تەنها بە گریمانەی ڕووت دەمێننەوە، لەسەر بنچینەیەکی ژیرانەی لۆژیکی بەرپا نابێ.

سەبارەت بە ئاڕاستەی مرۆیی ئاینی، ئەوا داندەنێ بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی دیندارە بە سروشتی خۆی و بوونەوەرێکی میتافیزیکیە، بەمە خۆبەرزگرتن بە ڕەهەندێکی بنەڕەتی دادەنرێ

لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ، لە پاڵ ڕەهەندی ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ... تاد، بەمەش بەها مرۆیی و ئاینیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەها مرۆییەکان بەگوێرەی ئەمە پایە و ڕەواییە ئەخلاقیەکەی بەدەستدەخات، لە گۆشەنیگای ئەم ڕەهەندە ئاینیەوە، مرۆڤی کامڵ لەلای سۆفییەکان بۆ نموونە، بریتییە لە مرۆڤی خوایی، کە بە سیفەت لە خوا دەچێ، بەوەی سیفەتەکانی کامڵی یان وێچون بە خوا تیایدا بەرجەستە بووبن، بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەمانە بیخەنەدەرەوە بازنەی مرۆڤایەتی و ئادەمیزایەکەی، تەنانەت ئەگەر وا دایبنێین ئەم مرۆڤە باشترە لە فریشتەکان، لەلایەن زۆرێك لە سۆفییەکان، وەك غەزالی.

ئاڕاستەی مرۆیی ئاینی، هەروەك لای گارودی و مسیری و جاك ماریتان و عەبدولمەجید نەجار و عەباس مەحمود عەققاد و جگە لەوانیش بەدی دەکەین، تیشك دەخاتەسەر ئەم ئەخلاقە مرۆییە و بە ئاینیانە پاساوی پێدەدات، ئایین لای ئەوان بریتییە لە نموونەی باڵای ئاڕاستەی مرۆیی، واتە بۆ ڕزگرتن و بەچاکتر دانانی مرۆڤ بەسەر هەموو بەدیهێنراوانی تردا، دواتربەها ئەخلاقییەکان تیشك دەخەنە سەر ئایین، هەموو ئەوەی ئایین بانگەشەی بۆ دەکات وەك ڕاستگۆیی و ئەمینداری و دڵسۆزی و خۆشەویستی... تاد ئەمانە چاکەن، چونکە بەشدارە لە بەرجەستەکردنی ڕێز و کامڵی و بەختەوەری مرۆڤ، هەموو ئەوەی ئایین نکۆڵی لێکردووە وەك کوشتن و دزی و ناپاکی و ڕق و کینە و لوتبەرزی و ستەم... تاد، ئەوا خراپەیە، چونکە خوا بەدیهێنەری مرۆڤە، ئایین هاتووە بۆ ئەوەی ڕێزی مرۆڤ بپارێزێ، مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامیدا بۆ نموونە، جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، تاکە بوونەوەرە خوا سپاردەی پێداوە، تاکە بوونەوەرە خوا لە گیانی تایبەتدا بە بەریدا کردووە، سروشت و کەشتیەکانی دەریای بۆ ڕام کردووە، ئەو بوونەوەرەیە کە خوا بەدەستی خۆی دروستی کردووە (بەدەقی فەرمووده)، وێنەی کێشاوە بە جوانترین شێوە (لە بۆچوونی هەندێك کەسدا لەسەر وێنەی خوای میهرەبانە)، خوا ژیری پێداوە، بۆ ئوەی جیاوازی بکات لە نێوان چاکە و خراپە، ئازادی پێداوە بۆ ئەوەی کردارەکانی بەخۆی هەڵبژێرێ و بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەکەی بگرێتەئەستۆ...تاد.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین، جیاوازی هەیە، لە نێوان ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لە ئیسلامدا و هاوتاکەی لە مەسیحیەتدا، ئەخلاقی مەسیحیەت، کە وێنەکەی خۆی لە مەسیحدا دەبینێ بریتییە لە ئەخلاقی مرۆیی بەهەمان، مەسیح وەك بانگخوازەکانی دەڵێن، پێغەمبەری چەوساوەکانە، هاتووە بۆ ئەوەی لاوازەکان و چەوساوەکان بپارێزێ و بەرگری بکات لە بەهاکانی خۆشەویستی و برایەتی و لێبوردەیی، ئاشتی بڵاو بکاتەوە، ئەو بەها ئەخلاقیانە مەسیحییەت هێناونی، بریتییە لە ڕێگەی بەدەستخستنی کاملّی مرۆڤ، دواتر بەرجەستەکردنی بەختەوەریەکەی لە دواڕۆژدا، بەڵام ئەم ئەخلاقە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانیەوە، بە ئەقێکی مرۆیی دانانرێ، سەرەتا لەبەر ئەوەی پاساو بە لاوازی و ملکەچی و خۆبەدەستوەدان دەدات، دووەمیان ڕێز و شکۆ و مرۆڤایەتی مرۆڤ ناپارێزێ، ئەمە وای لە "نیچە" کردووە وەسفی بکات بە ئەخلاقی لاوازەکان، پاشان لەبەر ئەوەی ئەخلاقی ڕەبەن و ڕوهبانەکانە، لەسەر گۆشەگیری چەقدەگرێ، پێویستی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ماددی هەیە، هیوا و ئاواتی کاملّی و بەختەوەری مرۆڤە لە دواڕۆژدا، نەك تەنها لە ژیانی دونیادا، هەر لەبەر ئەمە بۆ مرۆڤ ڕازییە واز لە سروشتی مرۆڤایەتیەکەی بهێنێ، بە لاوازی و هەژاری و ڕازی بوونەوە بژیەت، ئارەزووەکانی کپ بکات، لە پێناو ئەوەی لە دواڕۆژدا بەختەوەر بێ (بە گریمانەکردنی هەبوونی دواڕۆژ، وەك چۆن مرۆڤە سروشتگەراکان وا دەڵێن)، واتە ئاواتی فیردەوسی ئاسمانیە، هەر بۆیە قوربانی بە فیردەوسی زەمینی دەدات، قوربانی بە بەختەوەری مرۆڤ لە دونیادا دەدات، لە بەرامبەر بەختەوەربوونی لە دواڕۆژدا، جا چۆن بتوانێ مرۆڤایەتی و ڕێزی مرۆڤ بپارێزێ؟ سێیەمیان ئەم ئەخلاقە داندەنێ بە هەڵەدا، واتە مرۆڤ هەڵەی ئادەمی بە میرات گرتووە، بەمەش بوونەوەرێکی کرچ و کاڵە، مرۆڤ چاکە و پایەداری بەدەست ناخات تەنها بە ئیمان و لوتف و پاڵپشتی خوایی نەبێ، نەك بە توانا و لێهاتوویە مرۆیی تایبەتیەکانی. کەواتە ڕێز و گەورەیی و بەهای مرۆڤ لە کوێی ئەم بیروباوەڕەدایە، ئەمە وامان لێدەکات لە تێکگیرانێکدا تەواو دابین لەگەڵ ئاڕاستەی مرۆڤایەتیدا، مەسیحییە مرۆڤایەتیەکان بەرگری دەکەن لە هەڵوێستەکانیان، بەوەی ڕەزامەندی خوا بۆ مرۆڤ باشترە لە گشت ئەو پلە و پایە دونیاییە کاتیانەی مرۆڤ بەدەستیان دەخات، مرۆڤی چاك، ئەو کەسەیە کردارەکانی گونجاو و ڕێك و تەبابن لەگەڵ ویستی پەروەردگار و

له بڕواکەیەوە هەڵقوڵابن، ئەگەرنا چاکە نین، هەر چەندە بە چاکە دەربکەون، هەروەك ئۆغستین وا دەڵێت. لەوانەیە درك كردنی لاهوتییە ڕزگاریخوازە مەسیحیەکان، لە وێنەی دون هردر کامارا و قەشە غوترز و جگە لەوانیش، درك كردنیان بەو كرچ و كاڵیانەی لەم ئەخلاقە ئاینیەدا هەیە، بەوەی تێکگیرانی تەواو هەیە لەگەڵ ئاڕاستەی مرۆیی، ئەمە سەری بەوان کێشاوە بۆ لاهوتی ڕزگاریخواز، کە ئایین بەشێوەیەکی مرۆیی لێکدەداتەوە، بەوەی وایلێدەکات بیخاتە خزمەتی مرۆڤ، لە میانەی بەرگری کردن لە بەها مرۆییەکان لە ئازادی و دادگەری و گەشەپێدان و جگە لەوانیش لە مافەکانی مرۆڤ، لە میانەی بڕوابوون بە توانای مرۆڤ لەسەر دروستکردنی مێژوو و چارەی خۆنووسین لەم ژیانەدا بە دەستی، دواتر ئامانجی خۆیان کردۆتە بەرجەستەکردنی فیردەوس و بەهەشتی زەمینی پێش بەهەشتی ئاسمانی، ئەمە ئەو ڕێڕەوەیە کە بانگخوازانی لاهوتی ڕزگاریخوازی ئیسلامی لەسەری ڕۆیشتوون، لە وێنەی حەسەن حەنەفی و عەلی شەریعەتی و عەلی مەحمود تاها گارودی و جگە لەوانیش لەوانەی شتانێکیان لە دەقەکانی سروش و نیگادا بەدی کرد کە پاساو بە بانگەوازەکەیان دەدات.

بەم پێیە، ئیسلام هاوسەنگی دەپارێزێ لە نێوان ژیانی دونیایی و دواڕۆژی: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا...﴾ واتە: (هەوڵ بدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیووی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکرەو بەشی خۆیشت لە دنیادا بەحەلاڵی فەرامۆش مەکە... ). (کار بۆ دونیاکەت بکە وەك ئەوەی تا هەتایە دەژیت، کار بۆ دواڕۆژەکەت بکە، وەك ئەوەی بەیانی دەمریت). هاوسەنگی لە نێوان داواکانی ڕۆح و داواکانی جەستە، ژیانی ماددی و ژیانی ڕۆحی... هەموو ئەمە وا دەکات ئیسلام ئاینێکی مرۆیی بێ.

**٥- خاسیەتەکانی ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆڤایەتی:**

ئەخلاقی ئاڕاستەی مرۆیی، چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، گرنگترینیان:

أ- مرۆڤگەرایە، بەو مانایەی مرۆڤ پێوەری بەهاکانە، چاکە ئەوەیە کە گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ، ئەوەی لەبەرژەوەندی و بەختەوەری مرۆڤدایە، خراپە ئەوەیە کە تێکدەگیرێ لەگەڵ سروشتی مرۆڤ، زیان و ئێشی پێ دەگەیەنێ، یاسای ئەخلاقی بە گوێرەی ئەمە گوزارشتە لە یاسای مرۆیی، لە عەقڵ و سروشتی مرۆڤەوە دەردەچێ (بۆ زانیاری عەقڵ لەم دیدگایەدا، عەقڵێکی تیۆری ڕووت نییە، بەڵکو سۆز و ویژدان و ناخی مرۆییش دەگرێتەوە)، واتە پشت نابەستێت بە سەرچاوەیەکی دەرەکی باڵا.

ب- گەردونیە، ئەخلاقێکی مرۆییە، هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤایەتی وەك ئامانجێك لە خودی خۆیدا نەك وەك ئامرازێك، ئەو مرۆڤەی مەبەستە مرۆڤی مرۆڤایەتییە، واتە مرۆڤ بەوپێیەی مرۆڤە، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەنگ یان ئایین یاخود ڕەگەزەکەی، مرۆڤ لێرەدا وەردەگیرێ لە ڕووی سروشتی مرۆڤایەتیەکەی، ئەمەش بە مرۆڤایەتی هاوبەش ناودەبرێ، بەوشێوەیەی لە سێ یاسا ئەخلاقیەکاندا دەیبینینەوە لەلای کانت.

ت- ئەخلاقێکی کردارییە، بەوەی جێبەجێکردنەکانی دەبینینەوە لە سیستەمە ئابووری و سیاسی و خوێندن و فێرکردن و گەشەپێدان و پەروەردەدا، هەر لەم بارەوە شت دەخوێنینەوە لەبارەی بەمرۆیی کردنی ئابووری، بەمرۆیی کردتلا سیاسەت، بەمرۆیی کردنی شارستانیەت، بەمرۆیی کردنی ئایین، بەمرۆیی کردنی پەروەردە و فێرکردن... تاد، ئەم ئەخلاقە بنەمایەکی پێکهێناوە بۆ پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان... لەم لایەنەوە یەکێتی بەمرۆیی کردن و ئەخلاقی نێودەوڵەتی لە ئەمستەردام دەرکەوت، لە پێناو جێگیر کردنی ئەم ئەخلاقە و بەرگری کردن لێی.

پ- ڕێژەیی و ڕەها نییە، هەروەك دەبینرێ سەبارەت بە ئەخلاقی نموونەیی، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەخلاقێکی مرۆییە، مرۆڤ گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، بەم پێیە بەها ئەخلاقییەکان دەگۆڕێن بە گوێرەی بەرژەوەندی و بەختەوەری مرۆڤ.

٦- **پاساوەکانی و هەنوکەییەکەی:**

ئەخلاقی ئاراستەی مرۆیی، پێشتر و ئێستاش زۆر پێویستە، بەتایبەت ئەمڕۆ وەك هەر کاتێکی رابردوو داواکاریەکی پێویستە، بەوەی ڕەوایی خۆی بەدی دەکات لەو پێشێلکاریانەی دووچاری مافەکانی مرۆڤ هاتوون، بودرێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ، ئەم پێشێلکاریانە زیانی بە مرۆڤایەتیەکەی گەیاندووە، کردەوەکانی مرۆڤ، بەها مرۆییەکانی لە تاقی دیوار داوە، دەکرێ لەم بارەوە باسی کۆمەڵێك گەواهی بکەین، بۆ نموونە نەوەك سنووردارکردن، لەوانە:

- جەنگەکان و ئەو قوربانی و ناهەمواریانەی جێیهێشتوون.
- پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی، کە بووەتە هۆکاری نامۆبوون بۆ مرۆڤ، بەهۆی هاتنە ناوەوەی ئامێر بۆ نێو گۆڕەپانی کار، بەسترانەوەی ژیانی مرۆڤ و بەختەوەریەکەی بە بەرهەمی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا، وەك تەلەفزیۆن، کە رۆڵێکی مەزنی خەیە لە دیاریکردنی پێویستیە بەکاربەریەکانی مرۆڤ، دواتر بووەتە بەرپرس لە بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤ.
- کۆیلە کردن، کە یە درێو و ناشرینترین وێنە و دیمەنی پیادەکردنە نا مرۆییەکان دادەنرێ، سەرباری ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤ پێی گەیشتووە، دەرکەوتنی پەیماننامەکانی ماف مرۆڤ، دەستە و رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەوەندە هەیە کۆیلەکردن هێشتا ماوە، بەڵکو شێوە و دیمەنی نوێی وەرگرتووە، مەترسیەکەی گەورەترە لە شێوە نەریتیەکەی، ئەمڕۆ مرۆڤ بووەتە کۆیلە و بەندەی ماددە و خاوەن کار و حیزب و دامەزراوە و ئامێر و جگە لەوانە، کە گارودی ناوی دەنێ حەزکردن لە بتپەرستی تازە.
- بەها مرۆییەکان هەموو رۆژێك پێشێل دەکرێن، لە ژێر پەردە و دەمامکی فرە جۆر، جارێك بەناوی دیموکراسیەت، جارێکی تر بە ناوی مافەکانی مرۆڤ، هەروەك بۆ نموونە ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات، جارێکی تر بەناوی سەرمایەداری و جیهانگیری، جارێکی تر بە ناوی

سۆشیالستی، کەرشەتێکی تر بە ناوی وەرزش، بەوەی کەسی وەرزشوان وەك کاڵا لێیهاتووە، دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ بە گوێرەی یاسای پیشەگەری، هەروەك چۆن کۆیلەکان لە بازاری کۆیلایەتی دەفرۆشران، تەنانەت ئەمە جێبەجێ دەبێ لەسەر زانایان و بیرمەندانیش، وەك نموونەیەك لەسەر کۆچکردنی مێشك و دەماغ. کەرەتێکی تر بە ناوی هاوڵاتیبوون... کەرەتێکی تر بەناوی ئایین، بەوەی خوێنی مرۆڤ دەرژێنرێ و مافەکانی پێشێل دەکرێن وەك مافی ئاینی... بەناوی ئاینەوە.

- جیاوازی ڕەگەزی، کە لە دیارترین شێوەکانی ئاڕاستەی نا مرۆڤایەتییە، مرۆڤ لە مافەکانی بێ بەش دەکات، بە پاساوی ڕەنگ یان ڕەگەزەکەی، ئەوە دەرکەوت کە ناودەبرێ بە مرۆڤی سپی پێس و مرۆڤی ڕەش پێست... مرۆڤی بەرز و نزم، ڕەگەزی ئاری و ڕەگەزەکانی تر... ئەم جیاوازیە سەریکێشا بۆ بەفیڕۆدانی بەهاکانی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافەکانی.

### ٧- ئاڕاستەی مرۆڤایەتی لەلای گارودی:

پڕۆژەی هزری گارودی، لە بنەڕەتدا پڕۆژەیەکی مرۆییە، سەرباری ئەو پێچدانەوانەوەی ئاڕاستە هزریەکەی جیا دەکاتەوە، مرۆڤ لای ئەو گوزارشت دەکات لە بنەما و ئامانجی هەر چالاکیەکی زانین و مەعریفی، ئابووری یان سیاسی، یاخود کۆمەڵایەتی، یان... دەکرێ شرۆڤەی ڕەخنەکەی بکەین بۆ سۆشیالستی و سەرمایەداری و لەباوەشگرتنی مەسیحییەت و ئیسلام، بەشێوەی ڕاڤەی مرۆیی، ژیانی هزری خۆی و تێکۆشانی سیاسی خۆی تەرخان کرد، بۆ لێکۆڵینەوە لە نموونەی شارستانی، کە دەستەبەری ئەوە بۆ مرۆڤ دەکات گوزارشت بکات لە هەموو توانا و هێزە داهێنەرەکانی، کە لە ناخیدا هەڵیدەگرێ، ئەم پڕۆژە ئەوەیە کە پێی دەڵێت: پڕۆژەی هیوا. ئەم پڕۆژە هزریە خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵدان بۆ بەمرۆیی کردنی شارستانیەت لە لایەنە جیاواز و بوارەکانی سیاسی و ئابووری و زانین و مەعریفی و ئاینی و هیتر، لە میانەی ئەمەدا ئاڕاستەی مرۆیی لەلای ئەو دەردەکەوێ.

ئاڕاستەی مرۆڤایەتی گارودی، هاوبەشە لەگەڵ ئاڕاستە مرۆڤایەتیەکانی تر لە چەندین بوار و تایبەتمەندیدا، کە لایەنی چەسپاو پێکدێنێ بۆ ئاڕاستەی مرۆیی، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بەڵام ئاڕاستەی مرۆڤایەتی گارودی، جیاوازە لەوانی تر، بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی، کە تایبەتمەندیەکەی دیاری دەکات، بۆ نموونە لەوانە:

- ئەمە ئاڕاستەیەکی مرۆیی نەوەك تیۆری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەلسەفەکەی فەلسەفەی کارێکە، ئامانجی گۆڕینە، نەوەك ڕامان و تێگەیشتن و ڕاڤەکردن، هەر بۆیە دەبینین هەوڵ دەدات چارەسەری کرداری و پێشنیازی بەرهەستی سیاسی و ئابووری پێشکەش بکات لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژەیە مرۆییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەمرۆییکردنی شارستانیەتەکان، بایەخی ئەو بەم پرۆژە لە سایەی ئەو قەیرانەوە هات، کە شارستانیەتی خۆرئاوایی بەدەستیەوە دەناڵێ، خۆی دەبینێتەوە لە مایەپوچوونی لەڕووی ڕۆحی ئەخلاقی، ئەمەش بە نەرێنی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر مرۆڤ، کە دەستی کردووە بە لەدەستدانی مرۆڤایەتیەکەی، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە هەستکردن بە نامۆبوون (نامۆبوونی بەرهەمهێنان و بەکاربردن...)، دیمەنەکانی تریش لە لادانی ئەخلاقی وەك خوگرتن بە مەیخۆری و خواردنی ماددەی هۆشبەر، خۆکوشتن و هەڵسوکەوتی تریش، کە دژن لەگەڵ مرۆڤایەتی مرۆڤ، بەوەی وایکردووە مرۆڤ لە ئاست خودی خۆی نزم ببێتەوە.
- ئەمە ئاڕاستەیەکی مرۆڤایەتی بڕوادارە، لە وێنایەکی گشتگیر بۆ مرۆڤ هەنگاو دەنێ، بەوەی ڕەچاوی گشت ڕەهەندەکانی مرۆڤ دەکات: ڕەهەندی ماددی (جەستەیی و بایلۆژی)، سایکۆلۆژی، ئەخلاقی میتافیزیکی و ئاینی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی خودی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فرە ئاڕاستە هزریەکان (مەسیحی، مارکسیەت، ئیسلام، تەسەوف، بوونگەرایی بڕوادار، لاهوتی ڕزگاریخواز)، بۆیە ئەمە جیاواز دەبێ لەگەڵ ئاڕاستەی مرۆڤایەتی مولحید، کە نکۆڵی لە لایەنی میتافیزیەکی دەکات، دواتر بە مرۆیی کردن لای ئەو واتە بەخواکردنی مرۆڤ، هەوڵ بۆ بەهەشتی زەمینی دەدات. هەروەك

گارودی بەرهەڵستی ئاڕاستەی مرۆیی ئاینی نەریتی دەکات، وایکردووە ئایین نامۆ بێ بە مرۆڤ، بەوەی بەها مرۆییەکان ڕووپۆش بکرێن بە بەهای نەریتیەوە، بەو مانایەی بەهای مرۆڤایەتی چاکەکەی بەدەستناخات، تەنها بە پەیوەست کردنی نەبێ بە ئاینەوە، مرۆڤ ون دەکرێ لەبەرژەوەندی خوا یان ڕەها، بەمەش مرۆڤ لە خوادا ددەتوێتەوە، قوربانی بە ژیانی دونیایی دەدرێ، دواتر قوربانیدان بە بەختەوەری دونیایی لە بەرژەوەندی ژیانی دواڕۆژ، واتە ئومێد بە بەختەوەی دواڕۆژ (ئایندە)، سروشتی مرۆڤایەتی دەخلیسکێنرێ، بەشێوەیەك کە منی خوارووی لێدوور بخرێتەوە، منی باڵا وەردەچەرخێ بۆ نموونەیەك بۆ مرۆڤی چاك، کاملی مرۆیی پاڵپشت بە جیهانی نموونە دیاری دەکرێ، بەپێچەوانەی ئەمە گارودی تێکەڵکێشی لە نێوان هەر دوو ئاڕاستەدا دەکات، دوای لێك هەڵوەشاندنەوەیان، بەوە کاملی و بەختەوەری مرۆڤ دەکاتە ئامانجێکی لەم ژیانی دونیایەدا، بەهەمان شێوە لە ژیانی دواڕۆژیشدا، پێی وایە ئایین هاتووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە سەرکوتکردن و نامۆیی و هەر شتێك کە زیان بە بەها و کاملیەکەی بگەیەنێ، دواتر بەختەوەریەکەی لە ژیانی دونیایی یان دواڕۆژدا لێ زەوت بکات، بەم پێیە بەها ئاینیەکان لەلای ئەو، بەهای ئەخلاقین، نەك لەبەر ئەوەی ئایین فەرمانی پێکردووە، یان بە خێر دایناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ڕێز و مرۆڤایەتی و بەختەوەریەکەی دەستەبەر دەکات، ئایین بە چاکەی داناوە تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ مرۆڤایەتی مرۆڤ و خێر و بەختەوەریەکەی دەگونجێ، کەواتە خاوەن بنچینەیەکی میتافیزیکی (ئاینی)یە، بەڵام ئامانجەی مرۆییە. ئا لێرەوە دەبینین گارودی خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ لاهوتی ڕزگاریخواز.

### ٨- شوێنی ئەخلاق لە پرۆژەی مرۆیی گارودیدا:

ئەخلاق کۆڵەگەی ئەم پرۆژەیەیە، بەوەی بەمرۆیی کردن و بە ئەخلاقی کردن دەبنە یەك شت، بە مرۆیی کردنی ئابووری، واتە بەرپاکردنی ئابووری لەسەر بنچینە و ڕێکخەری ئەخلاقی،

که ئامانجەکانی مرۆڤ بۆ گەشەپێدان فەراهەم بکات، ئابووری بەبێ ئەخلاق، دەبێتە گەشەی بێ ئامانجی مرۆیی، دواتر گەشە دەبێتە شتێکی دڕندە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ پێشێلکردنی مرۆڤایەتی مرۆڤ، هەروەك بەوشێوەیەی دەدرەوشێتەوە لە سیستەمی سەرمایەداریدا، سەرمایەداری وەستاوەتەوە سەر دەستەبەرکردنی قازانج و سوودی ماددی، بێ ڕەچاوکردنی بەهای مرۆڤایەتی، ئەمەش سەریکێشاوە بۆ دابەشبوونی جیهان بۆ دەوڵەمەند و هەژارەکان، چینی یەکەم، هەموو شتێکیان هەیە، بەوەی خێر و بێرەکانی جیهان لە نێو خۆیاندا دابەش دەکەن، بەدەستی هەبوونیەوە دەناڵێنێ، چینی دووەم دەناڵێنێ بە دەستی هەژاری و برسێتی و مردن، ئەمە وایکردووە گارودی بە چینی دووەم بڵێت: گۆڕ هەڵکەنەکان، چونکە دەبنە هۆی مردنی مرۆڤایەتی، بەهۆی هەژاری و برسێتیەوە.

لە بواری سیاسیدا، گارودی بانگەوازی بۆ بەمرۆییکردنی سیاسەت دەکات، ماناکەی بە ئەخلاقی کردنی سیاسەتە، واتە کرداری سیاسی ملکەچی مەرج و ڕێوشوێنە ئەخلاقیەکان بکرێ، کە ڕووە مرۆییەکەی بۆ بپارێزێ، ئەم بانگەوازە هاتووە لە سایەی نموونەی سیاسی خۆرئاوایی کە هەیە، ئەمە نموونەیەکی نا مرۆییە، چ ڕووی دیموکراسی سیاسی (لیبڕاڵییەت) بگرێتەبەر، یان دیموکراسی سۆشیالستی (ستالینیەت بەتایبەتی)، یاخود نازیەت یان فاشیەت یاخود جگە لەوانە لەو ڕژێم و سیستەمانەی کە هەموویان کۆکن لەسەر ونبوونی ڕەهەندی مرۆیی، بە ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندیانەی لەسەریان بەرپا دەبێ، کە بەگوێرەی گارودی لە سێی تایبەتمەندیدا کورت دەبێتەوە کە ئەمانەن: میکافیلیەت، عەلمانیەت، تەکنۆکراتیەت، ئەم تایبەتمەندیانە ڕووی مرۆییان لە نموونەی سیاسی خۆرئاوایی سەندەوە، لە هەر دوو جەنگی جیهانیەکەدا، بوونە هۆی کەوتنەوەی هەزاران قوربانی و هەژاری و پەنابەری و پەکەوتن، لە بواری زانین و مەعریفەشدا، زانستە خۆرئاواییەکان بە پشت بەستنی بە تێگەیشتن و چەمکی دانراو بۆ زانست و پشتبەستن بە ژیرمەندی ڕووت و دوورخستنەوەی بەها و دانایی، هەموو ئەمانە وایان کرد زانستی خۆرئاوایی ڕەهەندە مرۆییەکەی لەدەست بدات، ئەگەرچی لەلایەنی ماددیش پێش بکەوێت، هەر بۆیە گارودی بانگەواز دەکات بۆ پێویستی بە مرۆیی کردنی

زانست، ئەمەش بە گۆڕینەوەی زانستی ئێستا بە داناییەوە. پرۆژەی مرۆیی گارودی فراوان دەبێ، تا لایەنی کەلتوری و شارستانیش بگرێتەوە، بانگەواز دەکات بۆ بەمرۆیی کردنی شارستانیەت، ئەمەش بە بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی شارستانی لە نێوان شارستانیەتی خۆرئاوایی و جگە لەویش لە شارستانیەتەکان، بەوەی گفتوگۆیەکی هاوتابێ لەگەڵ ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕ کراو، ئەمەش بە بڕوای هەر شارستانیەتێك بەوەی ئەوەی پێیە کە فێری ئەویتر بکات، بەپێچەوانەش ڕاستە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بەپیت و دەوڵەمەندکردنی شارستانیەتەکان، بەشێوەیەك کە هەمووی بەسود بۆ مرۆڤ بگەڕێتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لە ململانێی شارستانی، بەهۆی خۆ بەبەرزگرتنی شارستانیەتی خۆرئاوایی و ڕوانینە نزمەکەی بۆ ئەویتر، دواتر هەوڵدان بۆ زاڵبوون و سەپاندنی نموونەی خۆی بەسەر ئەویتردا، ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ڕووخاندنی شارستانیەتەکانی تر، هەروەك ئەمە لەگەڵ شارستانیەتی لایتینی ڕوویدا، کە لەناوبردرا بەهۆی ئەوەی ناونرا بە سەرکەوتنە جوگرافییەکان، گارودی لێرەدا بانگەواز دەکات بۆ ئەخلاقی گفتوگۆ و پەیوەندی وەك ڕێگەیەك بۆ بەمرۆیی کردنی شارستانیەتەکان، دواتر بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی و یەکتر تەواوکردنی نێوان گەلان و شارستانیەتەکان زاڵبێ، بەوەی ببێتە مایەی خێر و پێشکەوتنی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤایەتی، واتە پێشکەوتن لەسەر گشت ئاستەکانی ماددی و مەعنەویدا، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ پێشکەوتن، کە تەنها پێشکەوتنێکی ماددیە، پێویستی بە بنچینەی ڕۆحی و ئەخلاقییە، ئەمەش وای لێکردووە پێشکەوتنێکی کرچ و کاڵ بێ، بەوەی سەریکێشاوە بۆ هەژار خستنی مرۆڤ لە ڕووی ڕۆحی و ئەخلاقیەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە هەردەم پێی دەوترێ قەیرانی مرۆڤ و شارستانیەت.

بایەخدانی غاردوی بە ئەخلاق، هەروەك باسمان کرد، لە چوارچێوەی گەڕان دێت بەدوای بنیاتنانی ئایندەیەکی خاوەن ڕوویکی مرۆیی، دوای ئەوەی تێبینی کرد شارستانیەتی ئێستا، شارستانیەتێکە، پێویستی بە ڕەهەندی مرۆیی، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ مرۆڤایەتیەکەی لە دەست بدات، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕۆڵەی ئەخلاق لە ژیانی مرۆڤدا

دەیگێڕێ، بەتایبەت لای گارودی، کە پێی وایە ئەخلاق ڕەهەندێکی سەرەکی لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ پێکدێنێ، دواتر مرۆڤ مرۆڤایەتیەکەی لەدەستدەدات، ئەگەر لە ئەخلاق داماڵرا، ئەمەش جێبەجێ دەبێ لەسەر شارستانیەتدا، ئەو شارستانیەتەی لەسەر بنچینەیەکی ئەخلاقی بەرپا نابێ، ئەوا دەگۆڕێ بۆ شارستانیەتێکی قەیراناوی نا مرۆیی، ئەمەش دەبیات بەرەو خۆکوژی و کەوتنی بێ گومان، پێمان وایە ئەخلاق لای گارودی، خاوەن ناوەڕۆکێکی کرداری واقیعی شارستانیە، نەك لە سروشتی تاکەکەسی ڕامێنەری میتافیزیکی ڕووت بێ، هەوڵێکی ناوبراوە بۆ تیپەڕاندنی قەیرانی نموونەی شارستانی خۆرئاوایی، لە پێناو بنیاتنانی ئایندەیەکی خاوەن ڕووێکی مرۆیی، گارودی پرۆژەیەکی شارستانی پێشکەش دەکات، وەك جێگرەوەیەك ئەخلاق دەکاتە گۆشەنیگای بەمرۆییکردنی شارستانیەت، ئەم کردارە چەند لایەن و بوارێك دەگرێتەوە، بۆ نموونە نەك سنووردار کردن باسی لایەنی ئابووری و سیاسی دەکەین.

### أ- به مرۆییکردنی ئابووری:

گارودی، ڕەخنە لە ئابووری خۆرئاوایی دەگرێ، بە هەر دوو کەرتە سەرمایەداری و سۆشیالستیەکەی، بەرپرسیارێتی مەزن دەخاتە ئەستۆ لەو قەیرانەی مرۆڤی خۆرئاوایی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، لەبەر ئەوەی ئەم ئابووریە پێویستی بە ئامانج و ڕەهەندە مرۆییەکانە، کە دادەمەزرێ لەسەر بنەمای گەشە لە پێناو گەشە، هەر لەم گۆشە نیگایەوە بەهاکان لە تاقی دیوار دەدات، هەر ئامرازێك بۆ گەیشتن بە قازانج و گەشەی ڕێژەیی، بە ئامرازی ڕەوا دادەنێ وەك سوو و زیادکردنەکان و قۆرخکاری، بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری خۆرئاوایی، ئەوا گارودی بانگەواز دەکات بۆ بە ئەخلاقی کردنی ئابووری، وەك مەرجێکی پێویست بۆ ئەوەی ببێتە ئابووریەکی مرۆیی، ئا لێرەوە دەبینین بانگەواز و ستایشی سیستەمی ئابووری ئیسلامی دەکات، لەبەر ئەوەی ملکەچی مەرج و ڕێکخەری ئەخلاقییە، ئیسلام هەروەك گارودی دەڵێت، سود و فێڵ ڕەتدەکاتەوە زەکاتدان لەسەر دەوڵەمەندەکان پێویست دەکات، هەروەك قۆستنەوە و بەکارهێنان ڕت دەکاتەوە

به گشت شێوەکانی، هەر لە تێڕوانینی ئیسلامیەوە بۆ مرۆڤ، مرۆڤ لە ئیسلامدا بە جێنشینی خوا دادەنرێ لەسەر زەوی، تاکە بوونەوە کە خوا لە گیانی تایبەتی خۆی بەبەریدا کردووە، بە دەستی توانستی خۆی دروستی کردووە، سپاردەی خستۆتە ئەستۆ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ڕێزگرتنی خوایی بۆ مرۆڤ، لە قورئانی پیرۆزدا سوڕەتێکی تەواو هەیە بە ناوی مرۆڤ، چەندین بەڵگەی تریش، کە ئاماژە سەلمێنراو دەکەن لەسەر مرۆڤگەرایی ئیسلام، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم مەبەستە، کرداری ئابووری لە ئیسلامدا، هەروەك گارودی بۆی دەچێ، بنەمای خاوەندارێتی تاکەکەسی بەگوێرەی سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە، هەروەك خاوەندارێتی کۆمەڵیش بەگوێرەی سۆشیالیستی ڕەت دەکاتەوە، لە ئیسلامدا "تەنها خوا خاوەن و بڕیار بەدەست و یاسادانەرە"، دواتر مرۆڤ ئازادی ڕەهای نییە، لەوەی هەیەتی، چونکە خاوەنداری ڕاستەقینە خوایە و مرۆڤ تەنها پێسپێردراو و ئەمیندارە.

**ب- بە مرۆییکردنی سیاسەت:**

گارودی پێی وایە، نموونەی سیاسی خۆرئاوایی، نموونەیەکی قەیراناویە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێویستی بە بنچینەیەکی ئەخلاقییە، بەوەی سیستەمی سیاسی خۆرئاوایی بە شێوە جیاوازەکانی لە: دیموکراسی لیبڕاڵی، یان دیموکراسی سۆشیالیستی، یاخود جگە لەوان، سێ تایبەتمەندی هەیە، وای لێدەکات سیستەمێکی نا ئەخلاقی بێ، ئەم تایبەتمەندیانە وەك ئەمانەی خوارەوەن:

- میکافیلیەت: بەو مانایە ئامانج ڕەوایی بە ئامراز دەدات، بەم شێوەیە هەر ئامرازێکی فەراهەم بوو ڕەوایە، بێ ڕەچاوکردنی ئەخلاقی یان نا ئەخلاقییە.
- عەلمانیەت: واتە جیا کردنەوەی ئایین لە سیاسەت، بەڵکو لە گشت بوارەکانی ژیان.

- تەکنۆکراتی و بیرۆکراتی: واتە کردارە سیاسییەکان لە سیستەمی خۆرئاواییدا، هەرگیز پرسیاری بۆچی ناخاتەڕوو؟، ئەمە پرسیاری ئامانجگەرایە بۆ سروشتە ژیرمەندانەکەی، مەبەست لە ژیرمەندی لێرەدا، ژیرمەندی ئامرازی ڕووتە.

## ٩- ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن:

ئەو کێشەیەی ڕووبەڕووی ئەخلاق دەبێتەوە، خۆی لەمەی خوارەوەدا دەبینێتەوە: ئەگەر دانبنێین بەوەی مرۆڤ پێوەری بەهایە، ئەوا ئەو کۆسپەی لێرەدا دێتە ڕێمان، بریتییە لە فرەیی مانای مرۆڤ، هەروەك شەریعەتی دەڵێت: یەك مانا یان تێگەیشتنێکی یەکگرتوو بۆ مرۆڤ نییە، ئەمەش ڕێگە دەگرێ لە گەیشتن بە ئەخلاقی مرۆڤایەتی ڕەها یان گەردوونی، هەیانە پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی میتافیزیکیە، دیندارە و داندەنێ بە ڕەهەندی ئەودیوسروشت، کە مەرجێکی سەرەکی تێدا ببینێ بۆ کامڵی مرۆڤ و مرۆڤایەتیەکەی، هەیانە نکۆڵی لێدەکات وەك سروشتگەراکان، هەیانە لەبارەی مرۆڤ دەدوێن وەك تاك (ڕێبازی تاکگەرا و بوونگەرا)، هەشیانە لەبارەی دەدوێ وەك کۆمەڵ (سۆشیالیستی)، هەیانە پێی وایە کامڵی مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤ بژیەت بەگوێرەی سروشتی خۆی، بە گریمانەکردنی سروشتی چاك بۆ مرۆڤ، هەیانە وا دادەنێ ئەم سروشتە ئاژەڵی و پیس و کەم و کورتە، دواتر مرۆڤایەتی مرۆڤ و کامڵیەکەی خۆبەبەرز گرتن دەخوازێ بەسەر سروشتی خۆی، بێ ئەوەی ئەمە مانای پێشێل کردنی مرۆڤایەتیەکەی بگەیەنێ، مرۆڤ بوونەوەرێکی مەزنە، ئەوەندە توانا و بەهرەی پێدراوە کە شایستەی بکات بۆ گەیشتن بە کامڵی، واتە بۆ بەرجەستەکردنی خود.

سەربارى ئەو کۆششانەی پشتیوانانی بەمرۆیی کردن خەرجی دەکەن، لە پێناو ئەوەی ناوی دەنێن بە مرۆڤایەتی هاوبەش، هەوڵ دەدەن لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەخلاقێکی گەردوونی، بە پشت بەستن بە مرۆڤایەتی، بەڵام ئەمە کێشەکەی چارەسەر نەکرد، سەختە ڕێکەوتن فەراهەم بکرێ لەسەر ئەم سروشتە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەخلقە بەهای خۆی

دەمێنێتەوە بەلایەنی کەمەوە بۆ ژیانی دونیایی، چونکە دەکرێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی ژیانی مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکات، کە خۆشەویستی و ئاشتی و ڕێز و حورمەت و گفتوگۆ و پەیوەندی و لێبوردەیی و جگە لەوانیش لە مافەکان بەسەریدا زاڵ بێ، کە مرۆڤ هەردەم تێدەکۆشێ لە پێناویدا، بەوپێیەی بەهایەکی مرۆییە، وا دەکات مرۆڤ ئەندازەیەك لە بەختەوەری بەدەستبهێنێت.

**سەرچاوەكان:**


١- رجاء غارودي، مشروع الأمل

٢- حوار الحضارات

٣- البديل

٤- وعود الإسلام

٥- كيف نصنع المستقبل؟

٦- أسعد سليم شطارة، أنسنة النظم الإجتماعية. تصور لعالم أفضل، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط ١، ١٩٩٥.

٧- أدريين كوخ، آراء فلسفية في أزمة العصر، تر. محمود رجب، مكتبة الأنجلو المصرية بالإشتراك مع مؤسسة فرنكلين، القاهرة – نيويورك، ١٩٦٣.

٨- هنترميد، الفلسفة أنواعها ومشكلاتها، تر، فؤاد زكريا، دار مصر للطباعة، بالإشتراك مع مؤسسة فرانكلين، القاهرة – نيويورك، ١٩٦٣.

٩- علي شريعتي، الإسلام ومدارس الغرب، دار الأمير، بيروت.

١٠- حازم خيري، الإنسان هو الحل، دار سطور، القاهرة الجديدة، ط ١، ٢٠٠٧.

١١- ج. ب. سارتر. الوجودية مذهب إنساني.

١٢-أندرية لالاند، موسوعة لالاند الفلسفية، المجلد الثاني، تر. خليل أحمد خليل، عويدات، بيروت – باريس، ط ٢، ٢٠٠١.

# بەشی شەشەم

## بازنەکانی ترس لە ئەخلاقیاتی ئێستادا

**یەکەم– ئەخلاقی ژینگە وبەرپرسیارێتی لەلای هانز جوناس**

**دووەم– پرسیاری ئەخلاقی لای هابرماس**

**سێیەم– ئەتیقای گفتوگۆ**

**چوارەم– جۆن راولس بنەمای دادگەری وەك ویژدانکاریەك لە ئەخلاقەوە بۆ سیاسەت**

**پێنجەم– کێشە و خولیای ئەخلاقی لەبارەی تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە**

# ئەخلاقی ژینگە وبەرپرسیارێتی لەلای هانز جوناس

عایب زهیە

پێشەکی:

ئەگەر مرۆڤ پێشتر، پرسیاری کردبێ لە چ چوارچێوەیەکدا تەکنیکەکانی چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر سروشتدا جیاواز دەبێ، ئەوا تەکنیکە نوێیەکان، جیاوازن بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ تەکنیکەکانی دوێنێ: مرۆڤ هەوڵی تێکشکانی ئەوەیداوە، کە پێشر ڕێگر بووە، بۆ ئەوەی بەمەشگەشەی تەکنەلۆژی بگاتە قەیرانێکی مەترسیداری فرە ڕەهەند لە هۆشیاری خۆرئاوایی، وەك دەرەنجامی وێناکردنی ئلمێری بۆ زانست لەلایەك، واقیعی پیادەکردنەکانی تەکنیکی لەسەر بوونەوەری زیندوو و ژینگە لەلایەکی تر، لەمەوە کەم و کورتی بایلۆژی و ئایکۆلۆژی بەدوایدا هات، بەمەش ئەم گەشەیە لە ڕووی ئەخلاقیەوە شکستی خوارد، ئەمەش دووبارە پرسیاری پێوەری بەسەر زانستدا هێنا.

ئەم دۆخە نوێیە گەڕان دەخوازێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەڵەکە بوونە بەهۆی شارستانیەتی تەکنوکرداری و شوێنەواری لەسەر ئێستاو نەوەکانی ئاییندە. هەر بۆیە پێویست بووە جڵەوی ئەنجامی کردەوەکانە بەدەستەوە بگیرێ، کە تاك پێشێل دەکەن، هەموو بوون دەخەنە مەترسیەوە، ئەمەش پاڵ بە پرسیارکردنەوە دەنێ لەبارەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵ، کە جێبەجێکردنەکانی تەکنەلۆژی سەپاندوویانەتە سەر مرۆڤ، ئەمە هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی نییە لە

ەخلاقی نەریتیدا. ئەمەش وایکردووە زۆر پێویست بێ ئەخلاقێکی تازە بەرپا ببێ، کە ڕەچاوی داخوازیە هەنوکیەکان بکات، ئەمە ئەو شتەیە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هانس یوناس) ویستویەتی ڕوونی بکاتەوە: تێگەیشتن و مانای نوێ چییە، کە بە بەرپرسیارێتی داوە، تا بیکاتە بنەمایەك بۆ ئەخلاق؟ ئایا ئامرازەکەی چییە؟ پوەندیەکەی چییە بە بنەمای دووربینی و هۆشیاریەوە؟

**یەکەم – بەرەو تێڕوانینێکی نوێ بۆ بەرپرسیارێتی و ئەخلاقی ئایندە:**

**وەرچەرخانەکان لە بواری بەرپرسیارێتی – لە تیۆری هەڵەوە بۆ تیۆری مەترسی –**

سەرەتا لە یاسای ڕۆمانیەوە بوو، کە کردارە خراپەکانی خستە نێو ئەو لیستێکەوە، کە سزای جەستەیی یان دارایی پێویست دەکەن، بەوپێیەی لە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە، سەرباری ئەو هەڵسوکەوتانەی زیان دەگەیەنن بەوانی تر، بەوپێیەی قەرەبووی دارایی بۆ بەرژەوەندی قوربانییە.

لە هەر دوو دۆخی یەکەم و دووەمدا، لیستی تاوان و کەتنەکان دیاری کراوە، هەروەك سزا و نرخی قەرەبو کردنەوەشی دیاری کراوە، بەڵام ناکرێ ئەم لیستە هەموو تاوان و کەتنەکان بگرێتەوە.

پلەوپایەی دانانی ڕێسای یاسایی، بۆ "دوما جان" دەگەڕێتەوە لە سەدەی دوازدەمدا، بۆ ڕێکخستنی بەرپرسیارێتی مەدەنی، لە شێوە گشتیەکەیدا ((هەموو ئەو زیان و لەدەستدانانە دەگرێتەوە، کە ڕوودەدەن لەلایەن کەسێکەوە، چ بەرێکەوت یان گەوجایەتی یاخود سەرەڕۆیی یان نەزانی، کە پێویستە مرۆڤ زانابێ پێی یان هەڵەی تری هاوشێوە (....) کە پێویستە لە گشت دۆخەکان ملکەچی چاکسازی بێ))[1]. ئەم دەقە ئەوەی بە ناخی نووسەرانی یاسای فەرەنسی

---

[1] Jean Pineau et Monique Dulette-Lautte, Théorie de la responsabilité, Thémis, Montreal, 1977. 04.

مەدەنیدا چرپاند لە ساڵی ١٨٠٤، بەوەی هەڵە یان تاوان بەردی لناغەی بەرپرسیارێتی مەدەنیە. بەم ڕەچاوکردنە مرۆڤ نا بەرپرس دەبێ لە هەمبەر ئەو هەڵانەی دەیانکات، بەڵام بەرپرس نابێ لەو تاکانەی لەژێر سەرپەرشتی ئەودان (منداڵەکان، گیانداران...).

بەکورتی ئێمە بەرپرسین لە کرداری ئەوانی تر، بەهۆی لەژێر سەرپرشتی ئێمەدان، هەڵە کارێکی نارەوایە دراوەتە پاڵ بکەرەکەی. سەبارەت بە بلانیول ((سەرپێچی یان پێشێلکردنی ئەو پابەندیەیە کە پێشتر هەیە))[1]. پێویستە لێرەدا پابەندی بە مانای فراوان بۆ ئەرك لێکبدرێتەوە.

بەپێی ئەوەی خرایەڕوو، هەڵە بەسەرچاوەیەك بۆ یاسا و بنچینەیەك بۆ بەرپرسیارێتی دانراوە. سەبارەت بەو گەشەیەی هاتووە بەسەر ئەو ڕۆڵەی گوناه یان هەڵە دەیگێڕێ، دەردەکەوێ لە بە بەرداکردنی لایەنی ڕۆحی بە بەر هەر دوو بەرپرسیارێتی مەدەنی و تاوانکاری: تاوان و گوناهی لە پلەی یەکەمدا داناوە، پیاوانی یاسا، لەلای خۆیانەوە بەرپرسارێتی مەدەنی وەك پاڵپشتێك داناوە بۆ چاکسازی ئەخلاقی و بنچینەیەکی ئاڕاستەکراو بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیەکان.

بەڵام زیادبوونی زیانەکان و مەترسیەکەی، بەهۆی کرداری وەبەرهێنانی پیشەسازی و زاڵبوونی ئامێر بەسەر چالاکی مرۆڤدا، بووەتە هۆی وەرچەرخانی گشتگیری کۆمەڵگە لە میانەی سەدەی نۆزدەمدا. هەر کە ئەم زیاردەیە زیاتر کەڵەکە بوو لە سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژی، کە مرۆڤ زیاتر بووە قوربانی زاڵبوونی ئامێرەکان و گەشەی تەکنەلۆژیە جێبەجێکراوەکان، ئەوا ئەمە بە مانای دەرکەوتنی کێشەی تازە دێت، کە پێویستە نرخیان بۆ دابنرێ. لە پاڵ ئەمەدا مرۆڤ چیتر خۆی بەدەستەوە نەداوە بۆ بیرۆکەی چارووسی بەرپرس لە گشت ئەم قەیرانانە، بەڵکو داوای کرد بە چاککردنەوەی ئەو زیانانەی بەری کەوتووە.

---

(1) Jean Pineau et Monique Dulette-Lautte, Théorie de la responsabilité, Op. cit, p. 13.

هەروەك دڵنیابووە لەوەی ئەو ڕووداو یان پێشهاتانەی دەبنە مایەی زیان، کاتێك تاوانبارێکی دیاریکراو بوونی نییە، بەم پێیە ناکرێ مرۆڤ دەست بە هەڵەوە بگرێ بەوەی تاکە سەرچاوەیە بۆ زیان، بەڵکو پێویستە قسە بکرێ لەسەر ئەو مەترسیەی خۆی دەبینێتەوە لەو ڕووداوانەی لە ئامێر و کارگەوە (بەرهەمهێنان و پیشەسازیەوە) کەڵەکە دەبن. ئەمەش وایکرد توێژینەوەی خێرا بکرێ لەبارەی ئەو بەرپرسەی توانای قەرەبوکردنەوەی زیانەکان و چاککردنەوەی تێکچووەکانی هەیە، ئەمەش کۆمپانیاکانی بیمەی داهێنا، کە بەرپرسی بە دڵنیایی قەرەبوو کردەوە. هەندێك جار دادگەری ئەوەی نەبینیوەتەوە کە بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆ، مەبەست لەمە ئەو کارەساتانەن کە خاوەن ڕیهەندێکی جیهانیە، بەتایبەت کێشەکانی ژینگە، وەك کونی چینی ئۆزۆن و قەتیسبوونی گەرما... تاد.

بە کورتی ئەمڕۆ، مرۆڤ قسە لەبارەی بەرپرسیارێتیەوە دەکات، بێ هەڵەیەکی مەبەستدار لەڕووی یاساییەوە، لێرەوە ئەوە دەستی پێکرد کە ناسراوە بە قەیرانی بەرپرسیارێتی، کە بە مەرگەساتی خوێنی پیس بوو[1] و شێتی مانگا دەستی پێکرد، ئەمە نا بەرپرسیارێتی ئەوانە بەرجەستە دەکات کە بڕیار دەدەن، ئەو بڕیارانەی بە هەڕەمەکی دراون تایبەتمەندن. ((قەیرانی هاوچەرخی بەرپرسیارێتی، قەیرانی بڕیاردانە (....) لە هەمان کاتدا قەیرانی بەها یان

---

[1]) Le drame du sang contaminé: نەخۆشی (سیدا) لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت، شتەکە چەند ساڵێمی خایاند بۆ دۆزینەوەی هەندێك ڕێگەی گواستنەوەی، لە نێویاندا ئەوەیە ڤایرۆسی (VIH) دەکرێ بگوازرێتەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی خوێن، ئەمەش وای پێویست کرد ڕێوشوێنی خۆپارێزی دابنێ، سەبارەت بە هەندێك هەندێك دەوڵەت کێشەکە گەورە ببوو، بە ڕەچاوکردنی دواکەوتنی نێوان ئەو ماوەیەی شتەکەی تێدا ئاشکرا کرا، لەگەڵ ئەو ماوەیەی ڕێوشوێنە خۆپارێزیەکانی تێدا گیراونەتەبەر، لەو ماوەیەدا دەتوانرێ مرۆڤ خۆی لە نەخۆشی و مردن بەدوور بگرێ.

[voir: CF. Michel Setbon, Le cas du sang contanimé au principe de precaution, in Philippe Kourlsky et Geniviere Viney, Rapport au premier minister, le principe de precaution, Odile Hakobe, Paris, 2000, p. 387].

بەریەککەوتنیەتی))[1]. دواتر قەیرانی یاسای بەدوادا دێت، چونکە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان ئەوانەن کە دادبینی تیایدا زیادیان کردووە، سکاڵا و ڕێوشوێنی یاسایی زۆرتربوونە. هەروەك دادگاکان لەلایەنی خۆیانەوە زیاتر بەلایەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکاندا دەڕۆن.

لە کۆتاییدا، پێویستە بەرپرسیارێتی پەیوەندی هەبێ ڕەهەندەکانی سیاسی و یاسای و ئەخلاقیەوە، چونکە نموونەیەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی، بۆ پاداشت و چاککردنەوەی زیانەکان، هەروەك ئەمە دامەزراوە لەسەر درك کردن بە ئەرکەکان، سەرباری ئەوەی لەمەوە تێبینی کەمی هەماهەنگی دەکرێ لە نێوان سێی ڕەگەزە ناوبراوەکان، چونکە بەرپرسیارێتی کورت هەڵاتووە لەسەر یاساکان. بەڵام دوورە لە ئەخلاق، لەگەڵ بیر هێنانەوەی بەرپرسیارێتی خاوەن مانایەکی فەلسەفییە، داکەزراوە لەسەر ئازادی و جیاوازی و هۆشیاری، هەر بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ قەیرانی بەرپرسیارێتی، پشت دەبەستێت بە پاڵپشتی فەلسەفی، کە فەرامۆشکراوە، هانس یۆناس هەژمار دەکرێ لە نێو ئەو بیرمەندە بەراییانەی شتیان لەبارەوە ڕاگەیاندووە، چاکتر کەس گوزارشتی لەمە کردبێ لورنس ئەنجلە ((یوناس هەوڵیداوە بۆ ئەوە بەرپرسیارێتی نزیك بکاتەوە لە ئەخلاق و سیاسەت، ئەمەش بە گێڕانەوەی سەنگ بۆ ڕەهەندی ئەخلاقی بۆ بەرپرسیارێتی، هەر لە بیرۆکەی ئەوەی دۆخی مرۆڤ سەراوژێر بووە بەهۆی کرداری زانست و تەکنەلۆژیا (...) کە وای لێهاتووە توانای چاودێری کردن و بڕیار لێدانی نییە، بەهۆی گەشە سەرنجڕاکێشەکەی و بەتایبەت ئەنجامە نەرێنیەکانی، بەرامبەر ئەم وەرچەرخانە مەترسیدارە، کە هاوشێوەی ئەوەیە کە بۆ ئیکاروس ڕوویداوە))[2]. بەمەش یۆناس ڕەتی کردەوە،

---

(1) François Ewald, L’expérience de la responsabilité, Thomas Ferenczi, Paris, [illegible], p. 12.

(2) Laurence Angel, la responsabilité en crise, Hachette, Paris, 1995, p. ٩٨.

دوو باڵەکەی ئیکاروس، ئەفسانەیەکی یۆنانیە: دیدالوسی باوك و کوڕەکەی ئیکاروس کە بەندکراون، باوکەکە توانی دوو باڵ بۆ کوڕەکەی دروست بکات، بۆ ئەوەی لە بەندیخانەکەی ڕزگاری ببێ، ئەمە گوزارشت لەو تەکنەلۆژیایە دەکات کە جڵەوگیری جیهانی پێدەکرێ. سەبارەت بە کوڕەکە، ئەوا بە ئاکامی خۆی گەیشت بە کەوتنە ناو دەریا،

بەرپرسیارێتی کورت هەڵبهێنێ لە سزای یاسایدا، کە ڕەچاوی قەرەبوو و چاککردنی زیانەکان دەکات، بێ هەسکردن بە بەرپرسیارێتی، ئەمە خاسیەتی دڵنیای ئەخلاقییە، بۆ ئەوەی پاساو بدات بە پێویستی ڕێکخستنی تازە بۆ بەرپرسیارێتی، کە ناوی لێنراوە چەمکی ئەخلاقی بەرپرس، کە لەمڕۆ بەدواوە هەڵدەستێت بە پێویستی ڕێکخستن و دیاریکردنی کرداری مرۆیی، بەتایبەت کە مەترسیدەکەوێتە سەر لایەتی زیندەیی بەگشتی.

لەگەڵ ئەوەی لە ڕاستیدا هیچ یەکێکمان ناتوانێ نکۆڵی بکات لەوەی تواناکانی مرۆڤ بەکەم نازانرێ، بەڵام ناتوانرێ ئەنجامەکانی دەستکاریان تێدا بکرێ، ئەگەر هەستیش بکات بەوەی توانای هەیە دەستوەربداتە هەموو کاروبارەکان، بەڵام هەر بە خەیاڵێك دەمێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەستەمە جیاکاری فەرامۆش بکرێ لە نێوان زانینی مرۆیی ڕوون و زانین و مەعریفەی ئەندازەگیری، کە گەشەی تەکنەلۆژی گریمانەی دەکات، تەنانەت ناتوانێ ڕێك بخرێ. ((ئەو کێشەیەی مرۆڤ دووچاری هاتووە، خۆی دەبینێتەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاسۆی ئایندەی ناڕوون، ئەمەش وایکردووە ئەخلاقێکی تازە پێویست ببێ، چونکە خودی مرۆڤ لە جیهانێکی ئایندەیی هەڕەشە لێکراودا دەبێ))(١). لەبەر ئەمە بەگوێرەی هانس، هەموو ئەخلاقی پێشوو، چ لە سروشتی ئامانجدار بێ(٢) یان پەیوەست بێ بەو ئەرکانەی ئەخلاق تێیان دەپەڕێنێ، ئەمە ناودەبرێ بە بۆشایی ئەخلاقی، تەنانەت ئاینی ئامانجگەرا ناتوانێ هەرگیز ئەخلاق لە ئەرکەکەی بسڕێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەخلاق هەبێ بۆ ڕێکخستنی فەرمانەکان و ڕێکخەرەکانی توانا فراوانەکانی مرۆڤ، لەسەر ئەنجامدانی کردار، چونکە پێویستە بنەمای ڕێکخستن هەماهەنگ بێ لەگەڵ سروشتی کرداری نوێ، ئەمە یاسای نوێ دەخوازێ بۆ ئەخلاق و وایلێهاتووە و بابەتەکە بووتە "مەکوژە،

---

چونکە گوێی بۆ فەرمان و هۆشداریەکانی باوکی نەگرت، ئەمە گوزارشت لە حەزە زۆرەکانی مرۆڤ دەکات بۆ دوورترین سنوور، بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی هەیەتی.

(١) René Simon, Ethique de la responsabilité, Cerf, Paris, 1993, p. 173.

(٢) ئەخلاقی سروشتی ئامانگەرا، بۆ نموونە ئەخلاقی ئەڕستۆیی.

چونکە مرۆڤ توانای کوشتنی هەیە[1])) بەکورتی مرۆڤ پێویستی بە ئەخلاقی تازەیە ((جێبەجێکردنی بە کۆمەڵ پاساوی دەدات، کە ڕوانینی ئەوی گۆڕی، هەر لەبەر ئەمە پێویستە مرۆڤ وێنایەکی نوێ بۆ بەرپرسیارێتی ئامادە بکات))[2]، کەواتە مەبەست لەمە چییە؟

### چەمکی بەرپرسیارێتی لای هانس یوناس:

لە سەرەتادا لەگەڵ ماکس ویردان کە لە قسەکانیدا پڕژایە سەر ئەخلاق و بۆ دوو جۆر دابەشی کرد: ئەوەی یەکەم پێی دەوترێ ئەخلاقی ڕامانی بیروباوەڕی، بنچینەکەی ئایین و هزرە، جۆری دووەم کە گرنگترە، خۆی دەبینێتەوە لە ئەخلاقی بەرپرسیارێتی، کە لە خودی تاکەوە دەردەچێ، لەسەر هۆشیاری ئازاد دادەمەزرێ، مرۆڤ بەرپرسە لە ئەنجامی کردارەکانی، ناگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندێکی دەرەکی ناچاری.

دواتر بەرپرسیارێتی مانایەکی نوێی وەرگرت، لە دەیەی چوارەمی ڕابردوو، لەگەڵ ژمارەیەك لە بیرمەندان، لە نێوانیاندا هانس یوناس، کە هزرەکەی بەراوردێکی دوو لایەنەی هەڵگرتووە، یەکەم لەگەڵ ئیمانویل لیفناس کە ئامادەیی گشتی یان بوون مەزن دەکات لە گشت شوێنێکدا، سەبارەت بە نەوەکانی ئایندە، ئەمە بەرپرسیارێتیەکە ئاڕاستەی بەرامبەر کراوە، درك دەکرێ کە تا ئێستا بەردەوامە، لە کاتێکدا یوناس درێژبوونەوە بەم چەمکە دەدات یان ڕەهەندێکی ئایندەیی پێدەدات، بۆ ئەوەی دانبنێ بە بەرپرسیارێتیەکی زۆر بەهێز، بۆ بەرژەوەندی نەوەکانی ئایندە، بەمەش گوزارشت دەکات لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی یوناسیەت و لیفناسیەت، بەڵام لیفناس ئەوەیتر لە ئێستادا تۆمار دەکات، لە کاتێکدا یوناس ئایندە بۆ ئێستا زیاد دەکات، بەمەشش زانینی

---

(1) Hans Jonas, Le principe responsabilité, une éthique pour la civilization technologique, trad. J Greisch, Paris 1995, p. 13.

(2) Ibid, p. 62.

ئایندەبینی داهێنا، کە دامەزراوە لەسەر بەدەستهاتووەکانی ئێستا، ئا بەم شێوەیە یوناس هزری لیفناس تەواو دەکات.

بەرەو ڕوو بوونەوەی دووەم، لەگەڵ نوێنەرانی سەرەکی بۆ ئەخلاقی گفتوگۆ دەبێ، بەتایبەت لەگەڵ یورغن هابرماس لە کتێبەکەیدا "ئایندەی سروشتی مرۆیی بەرەو کەرتەکانی لیبڕاڵیەت" و لەگەڵ کارڵ ئاوتو ئابڵ، لە کتێبەکەیدا "ئەخلاق و بەرپرسیارێتی"، لە سەرقاڵبوونیان بە پێویستی دانانی ئەخلاقی فەلسەفی نوێ و خۆدوورگرتن لەوەی تیۆرەکانی ژێرمەندی ڕێکخستن تێیکەوتوون لە بانگەوازەکەی بۆ دوورخستنەوەی ئەخلاقی دانایی و دووربینی. بەڵام ئەخلاق جیاوازە لە بەرپرسیارێتی یوناسیەت، لە خاڵێکی سەرەکیدا، چونکە دامەزراوە لەسەر شایستەیی هەڵگەڕانەوەی تەواو، بۆ داخوازیە ڕەواکان، کە ڕێوشوێنی پاساودەری لێدەردەچێ بۆ بابەتەکانی دانایی، لە کاتێکدا بەرپرسیارێتی یوناسیەت لە گۆشەنیگای تەواو پێچەوانەوە هەنگاودەنێ، کە خۆی دەبینێتەوە لە نا هاوتاییدا.

دەکرێ پێناسەی بەرپرسیارێتی لای یوناس بکرێ، بەهۆی ئەو سێکۆچکەییەی ریکور دایهێناوە، ئەویش توانا و زیان و بەرپرسیارێتیەکانن: کاتێك تواناکانی تەکنەلۆژی زاڵ دەبێ لە میانەی نەبوونی دەسەڵات و یاساداکاندا، ئەوا کۆی ئەو هەڵسوکەوتە نا بەرپرسانەیەی لەمەوە بەرهەم دێت، بێ چەندوچوون دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە تەواوی ژینگە، دەکرێ مرۆڤ ئەمە تێبپەڕێنێ بە ڕەچاوکردنی بنەمای بەرپرسیارێتی، بەڵام ئەگەر هەوڵیدا پشت ببەستێ بە بنەمای قەرەبوکردنەوە، وێنای ئەوە بکات توانای بەرجەستەکردنی دادگەری و ویژدامی هەیە، ئەوا ئەم شتە لە ڕوانگەی یوناسەوە تەنها بەشێکە لە ئەستەمی، چونکە ئەم فەیلەسوفە هەنگاو دەنێ، لە گۆشەنیگای پێویستی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ بنیاتنانی ئەخلاق. هەروەك بابەتی بەرپرسیارێتی لای ئەو تایبەتە بە گشت ئەوەی لاواز و خێرا کاریگەربوونە لە بووندا ((ئێمە بەرپرسیارین لە گشت ئەوەیە شایستەیە بۆ گۆڕان و وەرچەرخان، هەر شتێك کە هەڕەشەی

تیاچوونی لەسەر بێ))[1]، دواتر ئەو ئەخلاقەی یوناس بەدەق باسی کردووە، بریتییە لە ئەخلاقی پاراستن و خۆپارێزی، بایەخ بە چارەنووسی مرۆڤ و پاراستنی بوون لە تەواویەکەی و جددی بوون تیایدا دەدات، تەنها کورت هەڵنایەت لەسەر بایەخدان بە بەرپرسیارێتی هەڵگەڕاوە، واتە خاوەن کاریگەریەکی کۆنگەرا، بە ئەندازەی ئەوەی بایەخ دەدات بە ڕەهەندی ئایندەیی، واتە خاوەن سروشتێکی سەربەخۆیە.

## ١- بەرپرسیارێتی باوکایەتی:

ئەمە بەرپرسیارێتیەکە سروشت دروستی کردووە، چونکە ملکەچ نییە بۆ هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەختە، وەك مەرجێکی بەرایی ((ئەمە نموونەیەکە بۆ هەر کردارێکی بەرپرس، تاکە نموونە لەسەر ئەمە، بەرپرسیارێتی باوکایەتیە، کە پەیوەست نییە بە هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەختە، بەڵام سروشت زۆر بە توندی لە ئێمەیدا بە بنچینە کردووە))[2]. هەر بۆیە پاشگەزبوونەوەی تێدا نییە، ناکرێ پوچەڵ بکرێتەوە، یان هەڵبوەشێنرێنەوە، یان ڕەت بکرێتەوە، ئەمە ڕەهایە ((ئەمە نموونەی ڕەسەن و هەمیشەیی گشت بەرپرسیارەتیەکە))[3]. سەرباری ئەمە تایبەتمەندە بە گشتگیری و مەبەست لەمە وەڵامی گشت پێداویستیەکانی منداڵ دەدات، هەر لە سادەترین تێڕوانینی بۆ ئەوەی بەرزترینە، پێویستیە بایلۆژیەکان لە پلەی یەکەمدا دێن، دواتر و بە بەردەوامی هەموو ئەوەی بۆ زیاد دەکرێ کە پەیوەستە بە پەروەردەوە، بە گشت ڕەهەندە ڕۆحی و شێوازی ڕەفتار و زانینەکانەوە، بەو مەرجەی ئاڕاستەکراو بێ. هەر بۆیە زۆربەی جاران یوناس لە نووسینەکانیدا دەچێ بۆ ڕێزگرتن لە بەرپرسیارێتی باوکایەتی، چونکە تەنانەت بۆ ئەخلاقی کلاسیکیش ئەم جۆرە

---

(١) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 186. [Voir aussi, p. 200].

(٢) Ibid, p. 193.

(٣) Ibid, p. 88.

له بەرپرسیارێتیە نا ئاڵوگۆڕکراوە هەڕەمەکییە هەیە، واتە لە باوانەوە بەرەو منداڵەکان ئاڕاستەکراوە ((تەنانەت ئەگەر چاوەڕێی وەڵام بکەین بە کاری جوان لە پیربووندا، بە بەشداری پێکردنی ئێمە لەلایەن ئەوانەوە لە خۆشەویستی و خەم و خەفەت، بەڵام ناکرێ هەرگیز ڕەچاوی ئەمە بکرێ وەك مەرجێك لە مەرجەکانی بەرپرسیارێتی ناسراو بەرامبەریان، کە لە ڕاستیدا بەپێچەوانەیە، چونکە مەرجدار نییە))[١]. ئەمە وامان لێدەکات لە وشەی "نموونە" تێبگەین، بەوەی هەرگیز نموونەیی ناگەیەنێ، چونکە بەرپرسیارێتی باوکایەتی – بەپێ بۆچوونی یۆناس – پێویست و واقیعییە، هەر بۆیە نموونە لێرەدا مانای بنچینە وەردەگرێ سەبارەت بە جۆرەکانی تری بەرپرسیارێتی، بۆ نموونە: بەرپرسیارێتی بەڕێوبەری دەزگا بەرامبەر کارمەندەکانی، بەرپرسیارێتی مامۆستا بەرامبەر قوتابیەکانی.

بەرپرسیارێتی فراوان بە باوك دەدرێ، چونکە نا ئاڵوگۆڕی لەخۆدەگرێ، وەك قوڵاییی[٢] نا هاوێنەیی لێکدەدرێتەوە، واتە مرۆڤ ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵدەگرێ کە هێشتان پەیدانەبووە، واتە ئەرکی باوان بەرامبەر ئەو منداڵانەی تازەلەدایکبوونە، ئەوانەش کە دواتر لەدایك دەبن. لەبەر ئەمە ئەوە بەرپرسیارێتیەکی ئەنتۆلۆژییە، بایەخ بە بوون دەدات، تەنانەت ئەگەر بوونێکی پەیوەستیش بێ بە منداڵەوە، ئەم بوونەوەرە بە شوێنکەوتووی باوانەوە دادەنرێ، ئەرکێکی سادە، کە خۆی بەسەر باواندا دەسەپێنێ. واتە بەرپرسیارێتی باوان دەگوزارێتەوە لە بوون (منداڵەوە) بۆ ئەرکێکی کرداری (ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکی ڕەوشتیەوە). لە ئەنتۆلۆژیاوە بۆ ئەرکی کردار.

بۆ ئەوەی پێویستی بەرپرسیارێتی ئایندەیی ڕوون بکرێتەوە، بەرامبەر بە گفتوگۆی لەدایکبوون، ئەوا یۆناس ڕێگە دەدات بچێتەسەر شرۆڤەی ئابووری، بە بەکارهێنانی نموونەی

---

(١) کانت قسەی کردووە لەبارەی ڕێزی ئاڵوگۆڕکراو، لە کاتێکدا یوناس قسەی کردووە لەبارەی ئەو نا ئاڵوگۆڕیەی بەرپرسیارێتی لەسەر دروست بووە، کە گوزارشت لە قوڵایی نا هوێنەیی دەکات.

(٢) Hans. Jonas, Philosophical essays, from Ancient Creed to technological man, university of Chicago Press, Chicgo, 1974, p. 92.

روبنسن کروزوە، بۆ ئەوەی باسی ئەوە بکات، کە شرۆڤەی ئابووری بایەخی ڕوانین بۆ پێشەوە دەخوازێ، بە مانای توانین لەسەر پێشبینی کردن و پاراستن، هەر بۆیە پێویسە ئەندێشەی چالاکییە ئابوورییەکان بکرێ، لە چوارچێوەی ئەرکی براوە، لەمەوە یوناس پرسیار دەکات: تا چ ئاستێك ئەم شرۆڤەیە گونجاو دەبێ و بۆ کێ شیاودەبێ؟ سەرباری درك کردنی بەوەی نموونەی روبنسن کروزو ناگونجاو دەبێ بۆ خستنەڕووی دۆخی ئابووری زۆر سادە، نەك بەهۆی نا ئامادەیی هاوڕێیانەوە — بەگوێرەی ئەمە نا ئامادەیی هەر دیمەنێکی هاریکاری (ئالوگۆڕی و دابەشکردن) — بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ بەرپرسیارێتیەکی ئایندەیی. بە دڵنیایەوە ژیانێکی ئابووری لێرەدا نابێ، کە بتوانرێ قسەی لەسەر بکرێ، ئەگەر بایەخ بە منداڵەکانی نەبێ. بۆ کروزو یان هەر تاقمێکی تری کەشتیەوەوانی ڕزگاربوو ئێستا بێ نەوەك ئایندە، بەڵام بە ئامادەبوونی لەدایکبووە نوێیەکان و ئەوانەش کە دەبێ لە دایك ببن، ((وایلێدێت گوزارشتی "ئێمە" بێ کوتایی دەبێ، بەیانی ئایندەیەك دەسەپێنێ کە بە بەردەوامی ناوەستێ، ئەمەش بوونی بەرپرسیارێتی دەخوازێ))[1].

بەرپرسیارێتی یوناسیەت، داندەنێ بە قوربانیدانی نێوان نەوەکان، واتە لەلایەن نەوەکانی ئێستا لە پێناو نەوەکانی ئایندە، پلەی قوربانی کە نەوەی ئێستا پەسەندی دەکات، مشتومڕ هەڵناگرێ، چونکە بە ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەری پێویستە ئەمە بکات، تا مرۆڤایەتی بتوانێ بەردەوام بێ.

### ٢- بەرپرسیارێتی پیاوی دەوڵەت:

ئەم بەرپرسیارێتیە گوزارشت دەکات لە لوتکەی نموونەی ڕەسەنی باوکایەتی، بۆ چاودێری — بەپێی دەربڕینی یوناس — ((ئەرکی تازەیە، زیاتر ڕوودەکاتە سیاسەتی گشتی لەوەی ڕوو بکاتە

(1) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 141.

هەڵسوکەوتی تاکەکەسی تایبەت))[1]. لێرەوە دەبێ پیاوی دەوڵەت پێشەنگ بێ بۆ خۆڕاگری و دەستپاکی و دەروونبەرزی، سەبارەت بەوەی دەڵێت ئەمە بەرپرسیارێتیەکی تەواوە، ئەمە وای لێدەکات پەیوەست بێ بە وێنەی کەسایەتی باوکایەتیەوە.

دەکرێ ڕەگەزی هاوبەشی نێوان هەر دوو بەرپرسیارێتیەکەی، لە سێ خاڵدا پوخت بکەینەوە: گشتگیری و بەردەوامی و ئایندە، سەبارەت بەوەی بەرپرسیارێتی سیاسی جیا دەکاتەوە لە بەرپرسیارێتی باوکایەتی، ئەوا دەکرێ لەمەی خوارەوە درکی پێبکەین:

بەرپرسیارێتی پیاوی دەوڵەت گرێبەستییە، هەڵبژێردراوە و پەسەندکراوە، چونکە دامەزراوە و مەرجدارە و بەمەش شیاوی هەڵوەشاندنەوە یان پوچەڵ کردنەوەیە[2]. هەروەك لەسەر ئەم بەرپرسیارێتییە پێویستە درەوشانەوەی وێنەیەکی پێویست بێ، چونکە لەسەری پێویستە بایەخ بە گشت ئەوە بدات کە ڕوودەدات لە ژێر چاودێریەکەی، مەبەست لەمە ئەو بڕیاریانەیە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی ئەودا دەدرێن، چونکە ((بەرپرسیارێتی پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ کراوی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەوەی فراوانی و سروشتی دەسەڵات، فراوانی و سروشتی بەرپرسیارێتی دیاری دەکەن، ئەگەر دەسەڵات و پیادەکردنە ئاساییەکەی گەشە بکەن تا گەیشتن بە چەند

---

(1) Ibid, p. 186.

(2) Ibid, p. 188.

نموونەی ڕەسەن بۆ پیاوی سیاسی، لەلای یوناس، ئەوەیە کە چاوی بڕیوەتە دەسەڵاتی ڕەها بۆ پیادەکردنی بەرپرسیارێتی ڕەها، ئەمەش چەند هەڵخەڵەتاندنێك لەخۆ دەگرێ وەك: ڕێز و سەپاندنی ڕێزگرتن و هێزی کارتێکردن و دانی بڕیارەکان و بەجێهێشتنی شوێنەوار لە مێژوودا، بەڵام پێویستە ئەمە بەلاوە بنرێ، چونکە جۆرێك لە خۆسەپاندنی تێدایە، پێویستە بایەخ بەشتی باشتر بدرێ، واتە ئەرکە لەسەری شەونخونی بکات بەدەم چاودێڵای کردنی چاکتری بەرژەوەندیەکان بۆ هاوڵاتیان و بەمەش وەردەچەرخێ بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بەسەر تاکەکان لە پێناو کۆمەڵدا.

ڕەهەندێکی دیاریکراو، تەنها مەبەست قەبارە نییە، بەڵام سروشت و جۆرێتی بەرپرسیارێتی کە وەردەچەرخێ بۆ پلەیەك کە بڕیاری دەسەڵات ناوەڕۆکی ئەرك پەیدا دەکات))[١].

ئەمە لەلای ماکس ویبەریش بەدی دەکەین، لە کتێبەکەیدا "جیهان و کەسی سیاسی" نووسیویەتی: ((سەرکردایەتی کەسی سیاسی بۆ دەوڵەت بە دیاریکراوی چەق دەبەستێت لەسەر بەرپرسیارێتی تایبەت، سەبارەت بە هەر شتێك کە پێی هەڵدەستێت، بەشێوەیەك کە ناتوانێ واز بهێنێ لێی یان بەرپرسیارێتیەکە بخاتە ئەستۆی یەکتر))[٢]، چونکە بەرپرسیارێتی دەسەڵاتی سیاسی ڕەچاوکردنی ئایندەی نەوەکانی داهاتووە، ئەمە زیاتر گشتگیرە، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتی باوکایەتی کە جیاوازە بە تایبەتمەندی، هەر لەم دوو خاڵە دژیەکەوە: گشتگیری و تایبەتی، دەکرێ هەر یەکێك لەم دوو بەرپرسیارێتیە بەیەکدادەچن، چ لە ڕووی بابەت یان لە ڕووی هەستتەوە.

یەکەم لەلایەنی بابەتەوە: ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ و ئاوێتەکردنی لەگەڵ جیهانی بە تەمەنەکان، بە زمان دەستپێدەکات، بەردەوام دەبێ لە گواستنەوەی کەلەپور و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، بە مەبەستی ئەوەی تاك بکرێتە بەشێك لە کۆمەڵگەیەکی مەزنتر. باوان هەڵدەستن بە پەروەردەکردنی منداڵان لە پێناو دەوڵەت، کە ئەرکی فێرکردنی منداڵ دەخاتە ئەستۆی خۆی. هەر بۆیە پێویست بوو، سیاسەتێکی پەروەردەیی هەبێ، کە زۆر پێویستە. بەمەش لایەنی پەروەردە بۆمان دەردەخات، کە چۆن بەرپرسیارێتی باوان تایبەتمەندی زیاترە بەیەکدەگات لەگەڵ بەرپرسیارێتی سیاسی گشتگیرتر، بەهۆی کۆمەڵێك بابەتی ئاڵوگۆڕ کراو.

---

(١) Max Weber, Le savant et le politique, Collection, Plon. Paris, p. 1995.

(٢) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 204.

**دووەمیان لەلایەنی هەستەوە:** هەر یەکێك لە دوو بەرپرسیارێتیەکە پەیوەستن بە مەرجی خودیەوە[1]، چونکە سەلمێنراوە بەرپرسیارێتی باوکایەتی پشت دەبەستێت بەوەی منداڵ پێویستیەتی و بایەخدان پێی و داگرتنی بە خۆشەویستی چاوپێکەوتنی، ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە لەلای پیاوی دەوڵەتدا دەیبینین، واتە بوونی بەستەرێکی سۆزی هاوشێوەی خۆشەویستی بەرامبەر کۆمەڵ، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، بەڵام ناکرێ بە باوك دابنرێ، بەڵام کوڕی گەل و نیشتمانەکەیەتی، بە پەیوەندی برایەتی لەگەڵیاندا بەستراوەتەوە. ڕەسەنایەتی ئەخلاقی یوناسیەت خۆی دەبینێتەوە لە کورت هەڵنەهێنانی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە تەنها پەیوەندی نێوان کەسەکان و ئەمەش بەهۆی توانای نوێ کە مرۆڤ ئەمڕۆ هەیەتی، لەمڕۆ بەدواوە تەحەدای ئەخلاقی بە پێوەرێکی تازە نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە، مرۆڤ پابەند دەکات بە وێنایەکی بەرپرسیارێتی تازە بەرامبەر بوون، هەر بۆیە پێویست بوو لەسەر کار لەسەر پاراستنی بکات لە ئایندەدا و بەم پێیە دەکرێ بوترێ ئەخلاقی ئایندە بنچینەکەی ئەنتۆلۆژییە، لە کاتێکدا ئەم بنچینەیە بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ؟

---

(1) أندري لالاند، الموسوعة الفلسفية، تعريب خليل أحمد خليل، منشورات عويدات، بيرويت، لبنان، الطبعة الثانية، ص ٤٠٣.

**شێوەی سێیەمی: شێوازی بەرپرسیارێتی یوناسیەت**

دەستەی تەنکنەلۆژی

↓

زیان بۆ سەر مرۆڤ و سروشت

↓

بەرپرسیارێتی باوکایەتی و بەرپرسیارێتی سیاسی لە پێناو چاکسازەی گونجاو یان پێشبینی کراو

↓

قوربانیدان لە پێناو ئەویتر بەبێ بەرامبەر

↓

چەند هەڵسوکەوتێکی خۆپارێزی چالاکی تەنکوکرداری

↓

پێشبینی کردنی هەڕەشە

ئەم شێوەیە جیاوازی ڕوون دەکاتەوە لە نێوان زانینی ڕوونی مرۆڤایەتی و زانینی پێشبینی کراو، کە گەشەی تەکنەلۆژی مەزن دەیسەپێنێ، کە ناکرێ ڕێکبخرێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ دووچاری کێشە ببێتە لە بەرەنگاربوونەوەی ئاسۆکانی ئایندەی نارۆشن. مادەم ئەخلاقی کلاسیکی لەلایەن ڕووداوەکان تێپەڕێنراون، لەوانەیە دۆخەکە داخوازی داهێنانی ئەخلاقی تازە و

بەدیهێنانی مانای تازە بێ بۆ بەرپرسیارێتی، ڕەچاوی چەمکی فراوان بکات بۆ مرۆڤ و سروشتی، نابێ ئەمە کورت ببێتەوە لەسەر ئێستادا، بەڵکو دەبێ بایەخ بە ئاسۆکانی ئایندەش بدات، ئەمەش نموونەی ڕەسەنی بۆ دۆزراوەتەوە لە بەرپرسیارێتی باوان و پیاوی سیاسەتدا، لە پێناو چاکسازی گونجاو یان پێشبینی کراو، واتە بانگەواز بۆ هەڵسوکەوتی خۆپاریزی بەرامبەر چالاکی تەکنوکرداری، کە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات و هەستکردنی بە ترس گەشە پێدەدات.

### ٣- گوێزرانەوە لە میتافیزیکیا بۆ ئەخلاق

### أ- پێشبینی کردنی ئەنجامی کردارەکانی ئێستامان لە ئایندەدا:

لەبەر ئەوەی ئەخلاقی ئایندە، پرۆژەیەکی ئەخلاقییە، پێویستە زانینی ڕووداوناسی بەکاربهێنرێ، کە پەیوەستە بە بواری کردارەکان، واتە ئەوەی پێویستە پەسەند و ئەوەی پێویستە دوورخراوە بێ. ئەم جۆرە زانینە، پێشبینی کردنی ئەنجامی کردارەکانی ئێستامان بۆ دەخاتەڕوو[١] لە ئایندەدا، مەبەست لێی ئەو ئەنجامانەن کە کەڵەکە دەبن لە جێبەجێکردنە تەکنیکیەکان. ئەندریە لالاند پێناسەی ئەم جۆرە زانینە دەکات ((ئەوەیە کە پەیوەستە بە ئاڕاستەی ڕووکەشەکان و ڕووداوەکان، لە بەرامبەر یاسا و ڕاستی و پێوەر و بنەماکان))[٢].

---

١) La futurology "un esc de prediction hypothéque"، أنظر الموقع الألكتروني السابق، ن، ص. تەها عەبدوڕەحمان ناو لە چەمکی (La futurologie) دەنێ "ونبونی ئایندە" (بڕوانە: طه عبدالرحمن، نظام العالم العلمي والتقني "بين الممكن العقلي والواجب الخلقي)، مجلة الجامعة العالمية للعلوم الإسلامية، العدد ٤، ١٩٩٤، اندن، ص ١٠٤.

٢) Marie Genivére Pinsart, H. Jonas et la liberté, dimension théologique, ontologiques, éthique et politique, Vrin, Paris, p. 169.

بەمە (La futurologie) زانینێکی گریمانەییە، لەسەر پێشبینی کردنی جێبەجێکردنە تەکنەلۆژیەکان بۆ ماوەی دوور دامەزراوە[١]. ئەمە ئەنجامدراوە لە ڕێگەی گوێزرانەوە لە زانینی کرداریەوە بۆ زانینی ڕاستیە پەیوەستەکان بە دۆخەکانی ئاینده، لە وێنە گشتگیریەکەیدا، بەهۆی پشتبەستنی بە بنەمای هۆکاری، تا بۆی دەکرێ کردار ئاڕاستە بکات، یان بەلایەنی کەمەوە ئاڕاستەکردنی توانای زیادبوو، کە وا دەکات بەرپرسیارێتی چالاکییە زۆرەکەی کەم بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی جڵەوگیر کردنی بۆ بەرژەوەندی خۆی.

لێرەدا ئاڕاستەیەکی تر پەیدا دەبێ لە زانین و مەعریفە، کە خاوەن سروشتێکی بەهایی پەیوەستە بە سوود یان چاکەوە، بەو مانایەی ئەوەی پێویستە مرۆڤ لەسەر بێ، لێرەوە ئەو زانینە پێویستی بایەخدان بە ئاینده و ئایندەی بوون لە مرۆڤدا بە ئاگا دێنێتەوە.

پێویستە بەشێوەیەکی ڕیشەیی درك بەوە بکرێ، ئەم ئەخلاقە بایەخ دەدات بە ئاینده بۆ پاراستنی لە ئەنجامە ناهەموارەکانی چالاکییە تەکنوکرداربیەکان لە ئێستادا، کە بەدڵنیایەوە هەڕەشە لە ئاینده دەکەن، هەر بۆیە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ئەوەی پێویست کردووە ڕەچاوی سوودی ئەوانە بکرێ، کە پێی کاریگەر دەبن، ئەگەر لە دواتریش بێ، ئەمەش لە کاتی بڕیارە چارەنووسسازەکان، بەمە دەکرێ بوترێ بەرپرسیارێتی سەپێنراوە بەسەرماندا، بە ناچاری و بێ دەستی ئێمە، بەهۆی قەبارەی ئەو توانایەی مرۆڤ پیادەی دەکات ڕۆژانە بۆ خزمەتکردنی ئەوەی لە ئاییندەدا دێت، سەرباری ئەمە، بەهۆی ئەو ئەنجامانی ئەم توانایە جێی دەهێڵێت، لە مەترسیەکان بۆ مەودای دوور، بە مەرجی ئەوەی ئەم بەرپرسیارێتیە هەمان قەبارەی تواناکەی هەبێ، بەتایبەت کە لە هیچ سەردەمێکدا توانای لەم شێوەیە نییە، کە هاووێنەی ئەم بەرپرسیارێتیە هەڵبگرێ، کە

---

(١) Hans. Jonas, Pour une éthique du future, trad. Sabrine Comille et Philippe Ivernel, Rivage poche, ptite biliothéque, Paris, 1997, p. 70.

ناکرێ داناییانە بێ، مەگەر بە زانینەوە وابەستەبێ[١]. ئەو زانینەی لێرەدا داواکراون دوو ڕوونە: ڕووێکی بابەتی پەیوەست بە هۆکارە سروشتیەکان، ڕووێکی خودی پەیوەست بە دیاریکردنی ئامانجە مرۆڤایەتیەکان[٢].

هەر چەندە ئەخلاقی ئایندە، بەخودی خۆی بابەتێك دانامەزرێنێ، بۆ زانینی ئایندەیی، ئەمە پێویستە لە پێناو بایەخدان بە ئایندە، دواتر پێویستە ئەم دامەزراندنە بەشی خۆی وەربگرێ لە دانایی و بەرچاوڕۆشنی، ئەمە پێی دەوترێ پێشبینی کردنی ئەنجامی کردارەکانی ئێستامان بەدرێژایی ماوەیەکی دوور، لە وێنە نموونەیەکەیدا، یان ئەوەی ناسراوە بە خەیاڵاوی، لە کاتێکدا ئەوەی پەیوەستە یە پێشبینی کردنی ئەنجامی کردارەکان لە ئایندەدا، لە وێنە سەرکۆنەییەکەیدا، کە هۆداری لەبارەی مەترسی دەدات، کە پێویستە مرۆڤ دەست بکات بە فێربوونی تا دەگاتە ڕێکخستنی خودی بۆ توانای پاڵنەری، مادەم بەرپرسە لە ئایندە. ئەمە بە پێویست دادەنرێ لەسەری، بەڵکو پێویستە ئەم ئەرکە لە هەستکردنەوە هەڵقوڵابێ تا ڕێزی لێبگیرێ، بەڵام تەنها یەك ئەرك هەیە بێ ئەوەی وابێ، بەوەی پێویستی بناغەکەی ئایندە بێ. ئەمە ئامانجی خوازراوە، لە کرداری پشت بەستن بە چەمكێك، کە زۆر بە دەگمەن بۆی دەگەڕێینەوە، ئەویش ئەنتۆلۆژیایە[٣].

---

(١) Les fins humaines، ئامانجەکان لە خودی شتەکاندان، گوزارشت لە بەشێك لە سروشتەکەی دەکەن، مرۆڤ لەبارەوە دوو پرسیاری بنەڕەتی دەکات: ئاسا سروشتی ئەو ئامانجانە چییە کە مرۆڤ لە شتەکاندا درکی پێدەکات؟ ئایا بەهای ئەم ئامانجانە چییە — سەبارەت بەو — کە وای لێدەکات باشتر یان خراپتر بێت.

(٢) Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 71.

(٣) Ibid, p. 72.

**دووەم – بنچینەی ئەنتۆلۆژی بۆ ئەخلاقی ئاییندە:**

پێش دەستکردن بە قسەکردن لەسەر ئەم بنچینە ئەنتۆلۆژیە، دەبێ دوو ڕوونکردنەوەی پێویست بخەینەڕوو، کە پشتی دەبەست بە بنچینە لۆژیمی جیاواز، وەك ئەنجامی ئەم جیاوازیە، ئەوا بە دوو پلە بۆ ڕاستی دەردەکەون: "دەبێ بخۆین" و "بۆ ئەوەی بخۆین، پێویستە لەسەرمان کار بکەین".

پێویستی خواردن، بەهایەکی ئەنتۆلۆژی وەرگرتووە، چونکە ڕوودەدات، مرۆڤ پەیدا نابێ، مەگەر بەگوێرەی ئاڵوگۆڕی بەردەوامی ماددە نەبێ لەگەڵ جیهانی دەرەکی، واتە لە سایەی کردارەکانی زیندەیی یان وەرچەرخانی ئامانجگەرایی نەبێ. لە کاتێکدا پێویستی کار لە پێناو خۆراك، چەندین بنچینەی دەرەکی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە سروشتی و کۆمەڵایەتی و جگە لەوانیش، واتە پێویستی بارودۆخ بۆ کار، چەند هەڵواردنێکی بەسەرماندا سەپاندووە، کە خۆی دەبینێتەوە لە تایبەتمەندبوون یان سەروەت – بەشێوەیەکی گشتی – وەك سەروەتە بەدەستهاتووەکان بێ کار. هەر بۆیە لەبارەی بنچینەی ئەنتۆلۆژیەوە[1] – هەروەك هەمان شت دەبینرێ لە پێویستی خواردن، کە لە نموونەی یەکەمدا باسکراوە – دەڵێین خۆی دەبینێتەوە لە پەنابردن یان پشتبەستن بە خاسیەتێکی پەیوەست بە بوونی شتەوە، وەك زیندە خانە سەبارەت ئەندام، بەوەی سیفەت پەیوەستە بەشتەکەوە، نەوەك چیتر.

دەربڕینەکە ئەوەیە: "هەموو ئەندامیەکان خاسیەتی وەرچەرخانی خۆراکی هەیە"، بەهەمان شێوە جێبەجێ دەبێ لەسەر "گشت بوونەوەرەکان، کە ملکەچ دەبێ بۆ وەرچەرخانی خۆرئاکی ئەندامی". بڕیاردان لەسەر سۆکرات بە فەنابوون، لەوەوە هەڵهێنجراوە کە هەموو خەڵك لەناودەچن، لێرەدا بنچینەی ئەم ئەنجامە سیستەمی ئەزموونیە، بەوەی ئەزموونێکی ڕوون هەیە بۆ

---

Ibid, p.73. (1)

هەر کەسێك لە ڕابردوو و ئایندەدا، سۆکرات مردووە، چونکە مردن بەشێکە لە بوونی مرۆڤ، لێرەشەوە بنچینەیەك بۆ سروشتی ئەنتۆلۆژی هەیە، بەو مانایەی بارودۆخی دامەزرێنەر هەن بۆ مردن لە ڕووی ئەنتۆلۆژیەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا چەند پاساوێکی ئەنتۆلۆژی دەبن بۆ خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەم بارودۆخانە. بەڵام ئایا دەکرێ ئەرك بە دۆخێك لەم دۆخانە هەژماری بکرێ؟، ئایا گوزارشت لە دەستکەوتێکی زانین و مەعریفی دەکات، لە نێو بڕیاری بەهاییدا، ئایا دەکرێ قسە لەسەر بەها لە خودی خۆیدا و هێزی پابەندیەکی بکرێ؟ – بەکورتی – ئایا پاساودانێکی ئەنتۆلۆژی هەیە بۆ چەمکی بەرپرسیارێتی و ڕەوایی پێویستیەکەی؟ یوناس وەڵامی ئەمە ((وەك گرەوێك دادەنێ، بۆ زانینی ئەوەی ئایا لە ڕووی ژیرمەندیەوە ئامرازێك هەیە بمانگوازێتەوە لە بوونەوە بۆ ئەرك، دواتر بابەتی بوونی ئەخلاقی بەهەمان شێوە و بێ گومان و بۆ هەمیشە وەك بابەتێك بۆ گفتوگۆ دەمێنێتەوە))[1]. ئەگەر شتەکە وابێ، ئەوا ئەو پرسیارەی دەکرێ، بە قبوڵ یان ڕەتکراوەیی دەمێنێتەوە، تا گفتوگۆکە بەردەوام دەبێ، تا گفتوگۆیەکە پێش کاتی خۆی نەوەستێت.

لەبەر ئەوەی ئەخلاقی یوناسیەت، لەسەر کاردانەوە دادەمەزرێ، بەرامبەر گەشەی زانستی نوێ، فەیلەسوفی ناوبراو ویستویەتی بەرپای بکات لەسەر بنچینەیەك لە پێویستی، بەوەی خۆی بگرێ لە بەرامبەر ئەو ڕەخنەیەی لەوانەیە زانستی نوێ ئاڕاستەی بکات، ئەم بنچینەیە خۆی لە میتافیزیکیادا دەبینێتەوە. ئەمە سەری کێشاوە بۆ دانپێدانان (( بۆ بنیاتنانی ئەخلاقی ئایندە، سەرەتا داندەنێم من بڕوام بە میتافیزیکیا هەیە،واتە ئەو بوونەی خودی خۆی دەردەخات، تەنها جەخت لەوە ناکاتەوە کە هەیە، بەڵکو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێویستە لەسەرمان بەرامبەری. ئەخلاق بنچینەیەکی ئەنتۆلۆژی هەیە، ئەم بنچنەیە چەند ئاستێك دەردەخات، یەکەم جار لە بوونی مرۆڤدا دیاری دەکرێ، دواتر لە خودی بووندا بەگشتی))[2]،لێرەدا دەکرێ بۆ هیدغر

---

(١) Ibid, p. 76.

(٢) Martin Heidegger, Etre et temps ((Sein und Xeid)), Op. cit, pp. 63 - 64

بگەڕێینەوە، لەبارەی بوونەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو پەیوەندیەی هەیە لە نێوان ئەو و یوناس، ئەنتۆلۆژیا لەلای هیدغر، بریتییە لە زانستی تەحەدداکانی گشتگیرتر، بۆ ئەوەی هەیە، پرسیارکردن لەبارەی پەیوەندی شیاو لە نێوان بوونەوەرەکان و ڕوانینیان لە میانەی زانینی پێشوەخت و وەك بابەتێك بۆ ئەزموون، لێرەوە هیدغر هەوڵیداوە ئەنتۆلۆژیای بنەڕەتی ڕاستەوخۆ دابمەزرێنێ لەسەر بنچینەی ئەنتۆلۆژیای کۆن. بەدوای ڕاستی بووندا گەڕاوە، لە جیاتی پرسیارکردن لەبارەی ڕاستی بوون[١]، ئەوەندە هەیە یوناس ئەم ئەنتۆلۆژیایەی کردۆتە بناغەیەك بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی، مەبەست لەمە ئەوەیە مرۆڤ تاکە بوونەوەرە، بتوانێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرێ، توانای بەرگەگرتنی بەرپرسیارێتی واتە بوون لە ژێر فەرمانەکانیدا، خودی توانا ئەرك بەرهەمدێنێ. بەڵاوی شایستەیی بەرپرسیارێتی دەوەستێتەسەر شایستەیی ئەنتۆلۆژی مرۆڤ لەسەر هەڵبژاردن بە بەرچاوڕۆشنانە و خۆداڕنین لە هەڵبژاردن لە نێوان جێگرەوەکانی کرداردا، بەمەش بەرپرسیارێتی تەواوکاری ئازادیە، مرۆڤ بەرپرسیارە لە کردارەکەی وەك خۆی، بە ڕەچاوکردنی ئەمە ((گوێ نادەم ئەگەر یەکێك هەبێ ئێستا یان دواتر ئەنجامی کردارەکانمان بخاتە ئەستۆم، بە بوون یان نەبوونی خوا بەرپرسیارێتی بوونی هەیە، یان چاکترە بڵێین بە بوون یان نەبوونی دادگایەکی دونیایی، زیاتر بڵێ شتەکە پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی لە شتێك و لەبەردەم سوربوونی ویژدان))[٢].

مرۆڤ بەرپرسیارە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتەکانی، لەو چوارچێوەیەی زیان بە بوون دەگەیەنێ. بەمەش بابەتی ڕاستەقینەی بەرپرسیارێتی، بریتی دەبێ بوونی ئەوەی زیانی پێگەنراوە لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نابێ، بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی ئەخلاقی نابێ، مەگەر ئەم بوونە بەها و مانای هەبێ، چونکە ئەم بەهایەی ئەو مافی لەسەر مرۆڤ هەیە، ئەمەش مانای

---

(١) Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 77.

(٢) voir aussi: une (Hans Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit, p. 157). éthique Pour la nuture, Op. cit, p. 76.

تێپەڕاندنی گریمانەکردنی بوونێکی بەردەوامە لە نێوان بوون و ئەرکدا[١]، کرداری ئازادی دەخوازێ: ئازادی مرۆڤایەتی و بەهای بوون، دوو جەمسەری ئەنتۆلۆژین، بەرپرسیارێتی لە نێوانیاندا شوێن دەگرێ، بەوپێیەی نێوەندگیرێکی ئەخلاقییە، خاسیەتێکی هاوبەشە لە نێوان هەر دووکیاندا. سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە بایەخەکەیەوە، ئەوا ئەمە پەیوەستە بە توانای مرۆڤەوە، بە گونجاوی دەمێنێتەوە بە پێچەوانە لەگەڵیدا، چونکە ئەندازەی توانا دیاری دەکرێ بەو بوارەی کە دەکرێ زیان بە بوون بگەیەنێ.

دواتر ناکرێ پیادەی بەرپرسیارێتی بکرێ، تەنها بە مەرجی زیادەی پێشبینی نەبێ سەبارەت بە ئەنجامەکان، بەگوێرەی ئەمە، زیادبوونی توانا لە خودی خۆیدا زیاجەی زانین هەڵدەگرێ، چونکە بەرهەمی جێبەجێکردنەکانی ئەمەی دوایین، بەڵام زۆرێك لەم جێبەجێکردنانە بووەتە هۆی کێشەی ئەخلاقی. تەکنەلۆژیە نوێیەکان دوو ڕوویان هەیە، یەکەمیان ئەرێنی و ئەویتریان نەرێنی، بەتایبەت لەسەر مەودای دوور، هەر بۆیە دامەزراندنی ئەخلاقی ئایندە پێویست بوو، ئەگەرچی بنچینەی پێویست کاری یوناسە، کە جەختی کردۆتەوە بنچینەی ئەم ئەخلاقە ((بە خودی خۆی لە ئەخلاقدا نابێ، بەوپێیەی ڕێبازی، بەڵام لە میتافیزیکیادا دەبێ، بەگوێرەی ئەوەی ڕێبازێکە لە بوون، مرۆڤ بەشێکی لێ پێکدێنێت))[٢]. بەمە یوناس بیرۆکەی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ڕاستی میتافیزیکی بوونی نەبێ، ناکرێ لە بوونەوە بۆ ئەرك بچین، بەمە دەکرێ ئەنتۆلۆژیا ئەرك دابمەزرێنێ. بەڵکو بۆ دوورتر لەمە دەڕوات، پێی وایە ئەگەر میتافیزیکیان دووچاری شکستیش بووبێتەوە، ئەوا هەر پێویستە ئەمە تێبپەڕێنرێ، تاکە شتە توانای فێرکردنی مرۆڤی هەبێ، مەبەست لێی ئەوە نییە زانینی فینۆمینۆلۆژی پێ دەبەخشێ، بەڵام ئەنتۆلۆژییە، هەروەك بە تاکە شت دادەنرێ کە دەکرێ وەڵاممان بداتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ دێنێتەبوون؟ بۆیە هەرگیز ناتوانرێ هانی نەهێشتنی بدرێ لەم جیهانە — بەمانایەکی تر — لە وەڵامدانەوەی پرسیاری، بۆچی؟ بوون

١) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 96.

٢) Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 92.

بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنیٚ و پێش هەموو شتێك زاڵبوون بەسەر جۆردا قەدەغە دەكات. ئەوەی ئەمە دووپات دەكاتەوە ئەوەیە، هیچ ئەركێكی بایلۆژی بوونی نییە تێكبگیریٚ لەگەڵ ئەم بیرۆكەیە.

هەمان شت سەبارەت بە پرسیاری چۆن؟ كە جۆرێكی دیاریكراو بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنیٚ، كە ڕێگە لەلادان دەگریٚ، بەڵام گەشەی تەكنەلۆژی مرۆڤ دەبات بۆ مەترسی و پێویستی بۆ میتافیزیكیا مرۆڤ لە تەكنەلۆژیا دەپاریٚزیٚ. بەڵام پێویستیەكەی مانای ئەوە نییە پێویستە لە خودی خۆیدا، بۆ ئەوەی تا هەتایە بەدووری بمێنێتەوە لە بیرۆكەی دەستكرد ((بەڵكو ئەو بنەمایەی دامانناوە، هەوڵێكی ئێمەیە بۆ دامەزراندنی بنچینە لە خۆماندا، ئەم بنەمایە بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەكریٚ: مرۆڤ تاكە بوونەوەرە، كە دەكریٚ بەرپرس بیٚ))[١]، پێویستە دانبنریٚ بە پێوەرێكی تایبەتمەند و تۆكمە بۆ ناوەڕۆكی بوون، واتە دانان بە بنەمایەكی میتافیزیكی، بۆ خۆدوورگرتن لە دۆخی كۆتایی بۆ ژیان.

**سێیەم – بوون و ئەركی بوون:**

یوناس هانی نەوەكانی ئێستا دەدات بۆ پابەندبوونی گشتگیر، بەرامبەر نەوەكانی ئایندە، لێرەوە دووبارە كێسەی بنەڕەتی میتافیزیكیا دادەڕێژرێتەوە، هەروەك لە كۆندا لیبنیز دەری بڕیوە، ناوبراو هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی داوە، ((بۆچی شتێكی باشتر لە هیچ شت دەبیٚ؟[٢])) بەڵام بەگوێرەی یوناس، ئەم پرسیارە مانای نییە، مەگەر بە بۆچی لێكدانەوەی بۆ بكریٚ؟ بەوەی لە پێناو بۆچیدایە؟ هەر لەبەر ئەمە شتەكە پەیوەست نییە بە لێكۆڵینەوە لەو ئامانجەی مافی بوون دەدات بە بوونەوەر، –بەكورتی– یوناس دووبارە ئەو پرسیارە دادەڕێژێتەوە

١) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, Op. cit, p. 101 - 102.

٢) Jean Greisch, Le responsabilité Pour les génération futures: Le éthique de la transmission, Rodrigue Belanger et Simone Plourde, 2002, p. 93.

که لیبینز خستۆتیەڕوو: بۆچی پێویستە شتێك لە جیاتی هیچ شت بوونی هەبێ؟. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە ئەخلاق لە پێناو پاراستنی بوونە بە تەواوی، واتە یوناس ئەخلاقی زیرەکی و بەرچاوڕۆشنی جێگیر کردووە، بۆ گونجانی ژیانی ئایندەیی، بەوەی ئەخلاقێکی پێشتر نییە کە تاوتوێی ئەمەی کردبێ. هەروەك ئەو چاکەیەی ئەخلاق بانگەوازی بۆ دەکات، یارمەتیمان دەدات لەسەر دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەی گرتوویەتیەبەر، تەنانەت ئەگەر سەختیش بێ پێشبینی وردی زیانەکان و هەڕەشەکان بکرێ، بەمەش ئەخلاقی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ئەرك یان ئەخلاقی چاکەیە.

((چاکە بەم مانایە، ڕەگەزی سەرەکییە بۆ ئەخلاق، بەمەش دەچینە نێو سەردەمێکی ئەخلاقی نوێ، بەوەی بەرپرسیارێتی بە نرخێکی بەهایی دادەنرێ، بەمەش ئەمە بنەمایەکە بۆ دامەزراندنی ئەندێشەیەکی تازە بۆ ئەخلاق، کە بووەتە شتێکی پێویست))[1]، بەمە ئەم بەرپرسیارێتیە بە بنەمایەك یان بنچینەبەك دادەنرێ، بایەخ دەدات بە مانەوە و پاراستنی بوونی شیاوی تیاچوون، ئەمەش ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ کە وایلێ بکەین گونجاوبێ بۆ ژیان، واتە پێویستە شایستەیی هەبێ، بەوەی بەهای بنەڕەتی بریتییە لە بەرزی بوون لە نەبوونی، بەپشت بەستن بەمە، بنچینەی ئەخلاق لە وتەی بەڵێ بۆ "بوون" و "نا" بۆ نەبووندا دەبێ.

لێرەدا ئەو تەحەددایە خۆی حەشارداوە، کە پێویستە چاکە زیندوو بکاتەوە، بەڵام بەرپرسیارێتی، ئەوا وەڵامدانەوەی پێویستیەکەیەتی، چونکە نەوەکانی ئایندە مافیان هەیە، ژیانێکی ئارام و سەلامەت و دوور لە مەترسی بژین، ئەمە بە ئەرکێکی ڕەها دادەنرێ، شیاوی مشتومڕی نەبێ، پوچەڵکردنەوەی سەخت بێ[2]. هێزی قەناعەت پێکردن و دڵنیایی لە ئەخلاقی بەرچاوڕۆشنی و زسرەکیدا خۆی دەبینێتەوە لە ئەرکی تایبەت بە بەرپرسیارێتی، کە یوناس لەسەر

---

(1) Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, Op. cit, p. 162 - 267.

(2) Ibid, p. 40.

شێوازی کانت داڕشتووە، ئەگەرچی گۆڕپیێتی بەگوێری شێوازی سەردەمی، بەم شێوەیە "کار بکە بەشێوەیەك، ئەنجامی کردەوەکانت هەماهەنگ بن، لەگەڵ مانەوە و بەردەوامی ژیانی مرۆیی کرداری لەسەر زەوی".

"هەردەم وا کار بکە، ئەنجامی کردارەکان کاوڵکار نەبن، بۆ لەباربوونی ژیانێکی ئایندە".

"بە گوێرەی مەرجی مانەوەی نا سنووردار بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی سەرکێشی مەکە".

"لە هەڵبژاردنی ئێستاتدا، سەلامەتی مرۆڤ لە ئایندەدا دابنێ، وەك بابەتێکی دووەمی ویستەکەت"[1].

ئەوەی لە بڕیارە سەلمێنراوەکان تێبینی دەکرێ، ئەوەیە چەق دەبەستێ لەبارەی پێویستی پاراستنی لەباربوونی ژیانی مرۆیی ئایندە، لێرەوە پێویست بوو شتەکە پەیوەست بێ بە زانینەوە: ئایا ناکرێ ئەمڕۆ کردارەکانمان کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی ژیان و بەکاربردنی وزە و هەموارکردنەکان، کە خزێنراونەتە نێو سروشتدا و جگە لەوانیش، ژیان بخەنە مەترسیەوە، بەڵکو وا دەکەن ژیان لە ئایندەدا ئەستەم بێ؟ لەبەر ئەم هۆکارە، پێویستە فراوانی و وردی پێشبینی کردنمان بۆ ئەنجامە ئایندەییەکان بە هەمان پلە، بەهەمان مەزنی توانا تەکنەلۆژسە تێکدەرەکانمان بێ، بەڵام ئەمە بە ئەستەم دەمێنێتەوە، چونکە ((لە ڕاستیدا نازانین چی بە سروشت دەکەین، تەکنەلۆژیاکان بازنەی ئەودیوی فرۆشتنمان بۆ مسۆگەر ناکەن، ئەگەر ئەستەمبوونی زانین نەبێ، گەڕان بۆ دۆزینەوەی نەزانیمان بە ئەرکێکی ئەخلاقی دادەنرێت))[2].

---

(1) Bernard Séve, Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Esprit n° 165, octobre □□□□, p. 76.

(2) L’heuristique de la peur: ترجمة طه عبدالرحمن: "تحصيل الشعور بالخوف" — (أنظر: طه عبدارحمن، نظام العالم العلمي — التقني: بين الممكن العقلي والواجب الخلقي، مرجع سابق، ص ١٠٣).

بەڵام ئایا ئەوەندە بە تەواو دەزانین لەلای دەرگای ئەم نەزانیە بوەستین؟ یوناس بە ڕەتکردنەوە وەڵام دەداتەوە، تەنانەت گونجاوە هەموو ئامراز و هەستە گونجاوەکان بەسەرباز بکەین بۆ ئەو بیرۆکەیەی هۆش وریا دەکاتەوە، پێویستە ڕابچڵەکێین لە ترسی ئەو مەترسیەی خۆی بۆ ئێمە لە بۆسەدا داناوە، بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتوو، یوناس ئەوە لێکدەداتەوە بە هەستکردن بە ترس وەك ئامرازێکی دەرخەر و ئەخلاقی[1].

## چوارەم – هەستکردن بە ترس ئامرازێکی ئاشکراکردن و ئەخلاقییە:

یەکێك لە هزرە زۆر داهێنراوەکان، لە هزری یوناسدا، مەبەست لێی بیرۆکەی خودی ترس نییە، بەڵکو ئەو مانایەی کە پێی بەخشیوە، کە ئەو هەستکردنەیە، هانمان دەدات لەسەر وێنا و تێپەڕاندنی زیانەکان، کە تەکنەلۆژیا بەهۆیەوە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات، ئەمە یەکەم پێویستییە بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی، بەمەش وەك بەهرە یان تواناسەکە، پاڵمان دەنێ بۆ ئەوەی درك بکەین بە سەلامەتی نەوەکانی ئایندە: ((ئەمە توانای زانینە، بەڵکو هەستکردنی ئەخلاقی ڕاستەقینەیە، چونکە ڕۆڵی ڕێزگرتنی پێویست دەگێڕێ لای کانت، بەڵام ئەمە ترسێکی ئەنقەست و مەبەستدارە، هەر بۆیە ڕۆشنە))[2].

---

سەبارەت بە (من) ئەوا لێکمداوەتەوە بە: هەستکردن بە ترس ئامرازێکی ئاشکرا کردن و ئەخلاقییە، ئەمەش بە شت بەستن بە مانای ئاشکراکردن. ڕێبازی ئاشکرا کردن: ڕێگەیەکی پەروەردەییە، یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ دۆزینەوەی هزرەکان بەخۆی. هەستکردن بە ترس لای یوناس دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان ڕێگەی وێناکردنی مەترسیەکان لە پێناو تێپەڕاندنیان، ڕەهەندی دووەم بەوەی یەکەم پێویستیە بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی.

(1) Bernard Séve, Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 77.

(2) G. Hottois, Aux foudements d’une éthique contemporaine, Vrin, Paris, p. [illegible].

سەبارەت بە (ج. هوتوا) ئەوا پێناسەی دەکات و دەڵێت: ((وەك هەڵسوکەوتێك گوزارشت دەکات لە دۆزینەوە و بەدستهێنان، بەڵام وەك ئامراز، ئەوا توانای قەناعەت پێکردنە))[١]. بەو مانایەی ترس ڕەگەزێکی کرۆکی و سەرەکییە، لە دامەزراندنی بەرپرسیارێتیدا، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەوڵی پێشبینی کردنی ئەنجامەکانی کردارەکانی ئێستاشی بدات بۆ مەودایەکی دوور، بەڵام هەرگیز نازانێ چی پارێزراو دەبێ، چونکە تەنها پێشبینی کردنی هەڕەشە هەیە، کە وای لێدەکات دوور بکەوێتەوە لە مەترسی مەزن، کە خۆی لە زاڵبووندا دەبینێتەوە بەسەر گشت شایستەییەکانی ژیانی ئایندەی مرۆڤایەتی، یوناس بە ڕاستگۆیانە گوزارشت لەم سەرقاڵبوونە دەکات و دەڵێت: ((بە ئەندازەی ئەوەی مەترسی نەزانراو دەبێ، ئەوا بەهەمان ئەندازە نازانین چ شتێك پارێزراو دەبێ، بۆچی دەبێ وابێ، دواتر شارەزایی و زانیاریمان کورت دەبێتەوە لەسەر ئەوەی دووچاری مەترسی دەبێتەوە، ئەمەش کاتێك لە شتەکە دڵنیا دەبینەوە بەکرداری))[٢]. مرۆڤ بە سروشتی خۆی درك ناکات بە بەهای بابەت و گرنگیەکەی، مەگەر ترسی تێدا بوروژێنرێ لە تیاچوونی ئەو شتەی پێویستە بایەخی پێبدات. لێرەوە پێشبینی مەترسی دەبێ کردارەکان ئاڕاستە بکات، چونکە گوزارشت لە هۆشیاری و بەرچاوڕۆشنی دەکات. سەرباری ئەمە، هەستکردن بە ترس و لەدەستدان، سەردەکێشێ بۆ بێ لایەنی و خۆلادان لە بیرۆکەی دڵنیایی و ساکاری، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە گەشەی تەکنەلۆژی، هەردەم دەتوانێ چارە بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە، چونکە ئەنجامەکانی تەکنەلۆژیا، ئەمڕۆ بەرە بەرە گەورە دەبن، هەر تێڕوانینێکی پێچەوانەی ئەمە، بە نابەرپرسانە دادەنرێ، چونکە دڵنیایی بوونی نییە بەوەی گەشە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، چارەی تەواو بۆ ئەو کێشانە دەخاتەڕوو، کە بارودۆخی تەکنەلۆژی پێشوو دەیخاتەڕوو، بەڵکو لەوانەیە ئەم گەشە تەکنەلۆژییە بە خودی خۆی کێشەی نوێ بخاتەڕوو، کە پێویستیان بە چارەسەرکردن بێ. ئەوەی فەیلەسوف دەتۆقێنێ، ئەوەیە کورت نابێتەوە لەسەر ئەنجامە ناهەموارەکانی پاشماوە

---

(١) Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 66.

(٢) Ibid, p. 361.

ژەهراویەکان، پیسبوونی گشت جۆرەکانی، قەتیسبوونی گەرما، کونبوونی بەرگە هەوای ئۆزن و زۆری تری جگە لەوانە، بەڵکو سەرکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاش مایەی مەترسین، واتە سەرکەوتنەکانی مەترسیدارن، زیاتر لە شکستەکانی، بەکورتی — مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی یەکسانی ئاستیی تەکنەلۆژیدایە، کە بووەتە شمشێرێکی دوو سەرە، یوناس چەند گوزارشتێکی تری بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئاماژە پێبکات: ((چارەسەر سەرنجڕاکێشەکانی گەردیلە، لە هەمان کاتدا ڕزگارکردن و قڕکردنی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێ، لێرەدا تەنها مەبەس لە بەکارهێنانی تێکدەرانە نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەرێنیشە، بنیاتنەرانەی بەرهەمهێن. لەم بوارەدا دەمکوت بووین بەهۆی سەرسام بوونمان بە سەرکەوتنی کورت مەودا، چونکە لە واقیعدا دەنگی دانایی و ژیرمەندیی دەبێ ببیسترێ لە بەرامبەر هەڕەشەکانی قڕکردن و فەنابوون، لە بەکارهێنانی جەنگی لەناکاودا، ئەمەش ترس لای هەمووان دروست دەکات))[1].

بەم پێیە، ئەو ترسەی یوناس لەبارەی دەدوێ، بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە، لەگەڵ ترسی خۆویستی، کە لە ئەخلاق و سیاسەتدا لای تۆماس هۆبز بەدی دەکەین: ترسی یوناسی، ڕێڕەوێکی ژیرمەندانەی خاوەن سروشتێکی ڕۆحییە، لە مرۆڤەوە گەڵاڵە دەبێ، لە ناوەوە کاریگەر دەبێ، بۆ ئەوەی بە کرداری ئامادە بێ، هەرگیز بە مانای تۆقین نایەت، کە هاومانای داڕوخانی ویست و پەککەوتنی مرۆڤە لەوەی بتوانێ بیر بکاتەوە و کار بکات.

یوناس نکۆڵی نەکردووە، لەوەی ترس خاڵی هەنگاونانی هۆبز بووە، لە بنیاتنانی فەلسەفە ئەخلاقیەکەی، بەڵام ترسی مرۆڤێکی خراپ، لە جیاتی مرۆڤێکی چاک ((ئەمە پەیوەست نییە وەک لای هۆبز بوونی هەیە، بەڵکو مەبەستم لێی ترسە لە سروشتی ڕۆحی، بەوەی دۆخێکە مەبەست لێی

---

(1) Ibid, p. 69.

ئامادەیی خودییە، بۆ گونجانی پێی کاریگەربوون، چ بۆ سەلامەتی یان نا سەلامەتی نەوەکانی ئایندە[1].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ، بە پێویستی جیاوازی کردن لە نێوان ترس لای یوناس و ترس لای هۆبس: ئەمەی دوایی قسەی کردووە لەبارەی دۆخی مەدەنی سیاسەت و دۆخی سروشتی، لە دۆخی دووەمدا مرۆڤ بەهۆی بەدبەختیەوە خراپبووە، چونکە کەل و پەل و ئازادیەکەی دووچاری تیاچوون دەبووەوە، لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، پاراستن و هەماهەنگی ونبوو، ((ترس و هەڕەشەی بەردەوام بۆ مردنێکی سەخت زاڵبوو، ژیانی مرۆڤ نیمچە ئاژەڵی بوو))[2]، بەڵام مرۆڤ توانی لەم پشێویە و دۆخی جەنگی بەردەوام دەربچێ، ئەمەش لە ڕێگەی گرێدانی گرێبەست و ڕێکەوتن لەسەر یەکێتی و سەقامگیری و گەڕان بەدوای ئاشتیدا، لەسەر هەر تاکێك پێویستە داببەزێ لە مافی خۆی لە گشت شتێك بۆ بەهێزتر، بۆ هیچ یەکێك نییە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەویتر بکات، بەشێوەیەك کە بۆ خۆی پەسەند نەکات. ئەمە ئەو گرێبەستەیە کە دۆخێکی مەدەنی سیاسی دادەمەزرێنێ، ئەوەندە هەیە پوچەڵکردنەوەی ئەم گرێبەستە دەکرێ ئەنجام بدرێ، بۆ تێپەڕاندنی ئەمە پێویستە ترس هاوسەنگی سوود بێ، بەوەی ژمارەی گرێبەستکەران ئەندازەی زیاتری گونجاو بێ، تا تاك نەتوانێ ئومێدی هەڵوەشاندنەوەی بکات. لە کۆمەڵگەدا ئەخلاق دەستپێدەکات، چونکە دادگەری تەنها ڕێزگرتنی گرێبەستەکانە، کامە بەهێزترینە، ئەو ژیانی ئەخلاقی بەڕێوە دەبات، ئەمەش کۆتایی ترس دەگەیەنێ[3].

---

(1) Tomas Hobbes, Le viathan: traité de la matiére, de la frome du pouvoir de la république et civile, trad, François Tricaud, Paris, Sirey, 1971, p. 174.

(2) Tomas Hobbes, Le viathan: traité de la matiére, de la frome du pouvoir de la république et civile, Op, cit, p. 136.

(3) Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 45.

بەم پێیە، ترس لای هۆبز خاوەن سروشتێکی خۆویستە، پاڵنەرێکە بۆ جەنگی بەردەوام و نەهامەتی و نەزانی، لە کاتێکدا ترس لای یوناس، بانگەوازێکە بۆ هۆشیاری و دانایی و دووربینی لە پەیوەندیەکەی لەگەڵ چالاکی تەکنەلۆژیدا. هەر بۆیە دەبینین یوناس پێشنیازی گەڕانەوە دەکات بۆ پیرۆز، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دژی لۆژیکی ژێرمەندێتی بوەستێتەوە ((بێ گەڕاندنەوەی پیرۆز بۆ بنچینەکەی، کە هێڵە سەرەکییەکانی لەلایەنی ژێرمەندێتی کرداریەوە تێکداوە، ناتوانین تێبگەین لە ئەوپەڕی توانا کە هەمانە، لەلایەکی ترەوە ئێمە پاڵنراوین بۆ بەدەستخستن و بەکارهێنانی بە بەردەوامی)) [١].

هەر بۆیە دەتوانرێ بوترێ، ئەم ئەخلاقە دامەزراوە لەسەر ڕوانینی نوێ بۆ بوون، ئەمە ئەنتۆلۆژیایە ڕەچاوی ئەو هەڕەشەیە دەکات، کە تەکنەلۆژیای مرۆڤ پیادەی دەکات لەسەر ئایندەی جۆر لە سنووری خۆیدا، ئەوەندە هەیە ئەو ئەنتۆلۆژیایەی یوناس دەیخاتەڕوو، ناکرێ درکی پێبکرێ، بێ دامەزراندنی لەسەر ڕەهەندێکی ئەودیوگەرا، لەبەر ئەوەی یوناس شارەزایە لە غنوسیەتدا، بابەتی دکتۆراکە[٢] لێکدانەوەیەکی بوونگەرایە، بایەخ دەدات بە بەستنەوەی ڕادیکالیەتی تیۆری جیاوازی گەورەترین تیۆرەکانی غنوسیەت بە تێڕوانین بۆ جیهانی ژێرەوە، بە ئەفسانەیەك جەختی لەسەر کردۆتەوە کە پەیوەستە بە گەورەترین پرسیارە بوونگەراکان، بەمەش بەڵگەی خستۆتەڕوو لەسەر بەپیتی و چڕی ڕێبازی لێکدانەوەی بوونگەرا، کە بوتڵمانی مامۆستاکەی دەستی پێکردووە.

---

(١) ((gnosis und spàtantiken Geist)) ناونیشانی ئەو دکتۆرایەیە کە بە دوو قۆناغ بڵاوکرایەوە، بەشی یەکەم لە ساڵی ١٩٣٠، بە ناونیشانی ((Gottingen, Vandenhoeck)) بڵاوکرایەوە، بەڵام بەشی دووەم تەنها لە ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکرایەوە.

La religion gnotique, le message du dieu étranger et les débuts du christianisme, traduction par François Evrard, Flammarion, Paris, 1978.

(٢) D. Lecourt, Contre peur: de la science à l'éthique, une aventure infinite, Presses universitaitres de France, Collection Quadrige, Paris, p. 168.

سەرباری ئەمە، ئەم سروشتە هزریە (غنوسیەت)ە، بەسەریدا زاڵ بوو لە قۆناغی یەکەمی کاروانە فەلسەفیەکەیدا، یوناس دەڵێت: ((کاری مانەوە و بەردەوامی جۆری مرۆیی بە خوا سپێردراوە))[1].

بەمە بەرپرسیارێتی مرۆڤ ، بە پێویستی پیادە دەکرێ بەرامبەر خوا، دواتر بەرامبەر سروشت، هەروەها لە بەرامبەر نەوەکانی ئایندە، لەبەر ئەوەی گەردوونی ماددی و مرۆڤ – لای یوناس – تەنها چەند دیمەنێکن بۆ خودی خوایی[2]. ئەمە مانای وا نییە، یوناس سروشت بە خوا دەچوێنێ، بەڵام ئەو بایەخ و گرنگیدانی مرۆڤ بە سروشت، بە هاووێنەی بایەخدانی خوا بە سروشت دەچوێنێ. لەم بارودۆخانەدا، هەستکردن بە ترس لە توانایەکی مەزنی تێکدەر، پێویست دەبێ بۆ خۆدوورگرتن لە خراپتر، هەروەك یوناس دەڵێت: ((ئەمە ترسێکی پاساودراوە، مەبەست لێی هەرگیز ترسنۆکی نییە، لەوانەیە بگاتە ئاستی دڵەڕاوکێ، بەڵام ناکرێ بە خودی خۆی بە دڵەڕاوکێ دابنرێ، هیچ دڵەڕاوکێیەك بەسەرماندا زاڵ نابێ تا پلەی کورت هەڵهێنانی دەروونی نەبێ[3])). ئەمە هەستێکە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ و هانی دەدات لەسەر کارکردن، لە پێناو گەشە و لە هەمان کاتدا ئاگاداربوون لە شێواندنی وێنەی مرۆڤ و زیان پێگەیاندنی، کەواتە پەیوەندی ئەمە بە دووربینی و هۆشداریەوە چییە؟.

---

(١) وا دەردەکەوێ یوناس بەردەوامی دەدات بەزوتنەوە پاڵنراوەکەی لە ئاوێتەگەرایی سپینۆزا و بیرۆکەی یەکێتی بوون.

(٢) Hans. Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit. p. 423.

(٣) Le progress avec precaution.

**شێوەی چوارەم: ئامرازی ترس لای یوناس**



شێوەی ڕابردوو، ئامرازی ترس دەردەخات لەلای یوناس، کە وای داناوە ئامرازێکی دەرخەر و ئەخلاقییە: ئەمە ڕێڕەوێکی عەقڵانی خاوەن سروشتێکی ڕۆحییە، مرۆڤ بۆ کرداری ئامادە دەکات، لە پێناو گەشە و پێشکەوتن، لە هەمان کاتدا هۆشداربوون لە شێواندنی وێنەکەی و زیانگەیاندن بە سروشت، واتە بانگەواز بۆ گەڕانەوە بۆ پیرۆز، بەمەش ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دامەزراندنی بەرپرسیارێتیدا.

### پێنجەم – لە بنەمای بەرپرسیارێتیەوە بۆ بنەمای خۆپارێزی و هۆشیاری:

گەشە لای یوناس بە وابەستەیی بە هۆشیاریەوە دەمێنێتەوە[١]، ئەمە بەخششی سەرەکییە بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی، سەرباری ئەوەی گەشەی زانستی گوزارشت لە پێویستی دەکات بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریەکانی مرۆڤ و دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ پیشەسازییە پیسەکان، بەڵام دەبێ ئەمە بەهۆشیاریەوە ئەنجام بدرێ، واتە ڕۆیشتن لە بەرەوپێشچوون و بەرزبوونەوە، بەڵام لە سنووری ئەوەی ڕێگە دەدات بە پاراستنی سروشت و زیان نەگەیاندن پێی، ئەمە لە گشت دۆخێکدا ئەرکی بەرپرسیارێتیە[٢]. دواتر دەکرێ بوترێ وێناکردنی یوناسی، ڕۆڵێکی هاوشێوەی بیرۆکەی کارڵ یاسبیرسی بینیوە، لەبارەی چەمکی مەترسی مەزن[٣]، کە مەبەست لێی مەترسی تەکنەلۆژییە – هەروەك یوناس ئەمەی بە ڕاشکاوانە باسکردووە –، مەودا دوورەکەی لەسەر بواری

---

(١) Hans. Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit. p. 35.

(٢) کارڵ سیبرس تاوتوێی چەمکی مەترسی مەزنی کردووە لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی "چەکی ناوەکی و مرۆڤ"، لە کۆتایی حەفتاکان لە فەرەنسا ئامادەی کردووە، بڕوانە:

Karl Jaspers, la bombe atomique et l’avenir de l’homme, Buchet-Chastel, Paris, 1958.

(٣) [Le principe 15 de l’agenda 21 de Rio de Janeiro]

شوێن و کات، سەرباری پێشبینی کردنی ئەنجامە هەڕەشە لێکراوەکان، بۆ مەرجی مانەوەی جۆری مرۆیی.

جا چۆن پەیوەندی گەشەی بەردەوام بە بنەمای دووربینی و هۆشیاری ڕوون دەکرێتەوە؟

بنەمای دووربینی و هۆشداری: بنەمایەکی فەلسەفییە، بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٩٢ پشتی پێبەستراوە، بە ڕێکەوتنامەی ڕیۆ دی جانیرۆ، تەواو بووە لە میانەی کۆمەڵێك دەقی ئەخلاقی، کە پێویستە لەلایەك پەیوەندی نێوان کەسەکان ڕایی بکات، لەلایەکی تریشەوە لە نێوان مرۆڤ و زەوی — بە گوزارشتێکی باشتر، بنەمای دووربینی و هۆشیاربوون پەسەندکراوە، وەك فەلسەفەیەك بۆ گەشەی بەردەوام، کە ڕاڤەی ئەم بنەمایە دەکات، بەوەی بەرپرسە و ئامانجی ناچار کردنی کەسەکانە، بۆ ئەوەی خۆیان بە خاوەنی ماف سوود وەرگرتن دابنێن، بۆیە پێویستە گەندەڵی و خراپەکاری لە زەویدا بڵاو نەکەنەوە، تا لەسەر چاکترین دۆخ بەمیرات بگیرێتەوە. هەر بۆیە بنەمای هۆشیاری و دووربینی بە یەکێك لە بنەماکانی گەشەی بەردەوام دادەنرێ، ((لەسەر نەتەوەکان پێویستە، بە وردی ئەو ڕێوشوێنانەی هۆشیاری و دووربینی جێبەجێ بکەن بەگوێرەی تواناکانیان، هەرگیز نابێ نا ئامادەیی دڵنیایی زانستی ڕەها بە پاساو بهێنرێتەوە بۆ پاساودان بە زیانە مەترسیدارەکان، دواخستنی بە بنەماکردنی ڕێوشوێنە کاراکان، بە مەبەستی دەسپێڕاگەیشتن بە تێکدان و زیانگەیاندن بە ژینگە لە دواتردا))[1].

ئەمە لە یاسایی فەڕەسی ساڵی ١٩٩٥ـدا هاتووە: ((نەبوونی دڵنیایی سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە زانیاریە زانستی و تەکنەلۆژییە هەنوکەییەکان، نابێ ئەو ڕێوشوێنە کاراکان و

(1) Jacobe André, Encyclopé universelle: les notions philosophique, presse universitare de France, Pars, 1990, p. 202.

بە یەکدەنگی پێناسەیەك نییە بۆ "بنەمای دووربینی و هۆشیاربوون"، زۆرێك لە بیرمەندان پشتیان بەستووە بە یاسای فەڕەنسی بۆ ساڵی ١٩٩٥ بۆ پێناسەی ئەم بنەمایە. ئەمە ئەوەیە کە لەلای جاکوب ئەندری هەیە.

گونجاوەکان پاش بخەن، وەك هەوڵێك بۆ خۆدوورگرتن لە مەترسی تێکدانی ژینگە))[1]،ئەم بنەما فەلسەفییە ئامادەبوو، بەگوێرەی ئاستی جیاواز لە دەستوور و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکاندا، هەروەها لە گۆڕەپانی تەندروستی و ژینگەشدا بوونی هەبووە، وەك قەتیسبوونی گەرماو ئەو کارەساتانەی لێی دروست دەبن، چەندین بابەتی تری ورووژێنەری دوودڵی و ترس لە مەترسی زۆر یان گەورە.

ئەم بنەمایە بەستراوەتەوە بە دوو تێگەیشتنی سەرەکی، ناکرێ فەرامۆش بکرێن:

**یەکەمیان:** خۆپاراستن و پێڕاگەیشت، تایبەتە بەو مەترسیانەی بە ئەزموون ناسراون، واتە لە واقیعدا، بۆ نموونە مەترسی ناوەکی، بەکارهێنانی کەرستەکانی وەك ئەمنیت و دیوکسین و ژەهراوییبوون بە هەندێك کەرستەی بێهۆشکەر...

**دووەمیان:** هۆشیاربوون بەرەو ئەو مەترسیانە دەچێ، کە هێشتا بە کرداری دڵنیاییان لەبارەوە دووپات نەکراوەتەوە، بەڵام دەکرێ بەدەستبخرێن، هەر لە زانینی کرداری – ئەزموونیەوە – وەك گەشەی مرۆڤ لە ڕێگەی هەموارکردنە جینیەکان.

زۆرێك لە فەیلەسوفەکان، داندەنێن بە پەیوەندی تۆکمەی نێوان بنەمای هۆشیاربوون و هزری یوناس، لە نێویاندا ئۆلیفی غودار، کە دەڵێت: ((بنەمای هۆشیاربوون و ئاگاداری بە توندی پەیوەستە بە هزری هانس یوناسەوە، ترسی ژیرانە یان ڕۆحی لە هەر شتێك کە بکرێ هەڕەشە لە مرۆڤایەتی بکات، دەکاتە بناغە بۆ بەرپرسیارێتی، کە خۆی دەسەپێنێ بە سیفەتێکی ناچاری بەسەر بەرپرساندا))[2]. بەمەش یوناس بە دامەزرێنەری فەلسەفەی هۆشداری و ئاگاداربوون

(1) Olivier Godard, le pricier de precaution: Une nounvelle logique de l'action entre science et démocraties, revue, philosophie politique, N°ll, Mai 2000, p. 19.

(2) François Ewald, L'expérience de la responsabilité, op. cit, p. 35.

دادەنرێ، بۆ ئەوەی ئەو مانایە وەربگرێ، کە لەوانەیە لە ئایندەدا هەڵبگرێ، چونکە هەرگیز ناکرێ چارەنووسی نەوەکانی ئێستا و نەوەکانی ئاینده بدرێتە دەست خەیاڵاوی و ناڕونی گەشە، تەنها لەبەر پشت بەستن بە ڕوونکردنەوەی هەندێك لە زانایان، کە وای لێکدایەوە زانست هەردەم تەحەددای بەخۆیەوە ناسیوە، لە گشت دۆخەکاندا، چونکە دەستەبەریەك نییە، ئەوە بسەلمێنێ گەشەی تەکنەلۆژی لە ئایندەدا چارەسەر دەخەنەڕوو، بۆ کێشە تەکنەلۆژیەکانی هەنووکە. ئەمە هۆکاری ڕاستەقینەیە، کە پاڵدەنێ بۆ ڕەتکردنەوەی هەر گرەوێك لەسەر ئاندەی مرۆڤایەتی. ئەمە ئەو شتەیە بنەمای بەرپرسیاێتی یوناسیەت دەبەستێتەوە لە هۆشیاری و ئاگاداری، بەمەش یوناس دەبێتە داڕێژەری ئەو بنچنانەی دواتر ڕایدەگەیەنێ کە بنەمای بنچینەی هۆشیاربوونن. فرانسوا ئیولد ئەمە پوخت دەکاتەوە دەڵێت: ((بەبێگومان دەتوانین لە کتێبی ناوداری یوناس "بنەمای بەرپرسیارێتی"، بنچینە فەلسەفیەکانی بنەمای دووربینی و هۆشداری ببینینەوە، تیایدا ئەو چوارچێوە فەلسەفییە دیاری دەکرێ، کە لە پاڵ هۆشیاری ئایکۆلۆژی هاوچەرخە. مێژوو – سەبارەت بە یوناس – پچڕانێکی بەخۆوە بینیوە، کە جیهانی کۆنی لە جیهانی نوێ جیا کردۆتەوە، پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە سەرنخون بووە، ئەمەش بەهۆی کرداری ویست و پێویستیە تەکنەلۆژیەکانمانەوەیە کە کۆتایی نایەت، ئەم توانا مەزنە وایلێهاتووە، ناگونجێ لەگەڵ زانینە کەم و کورتەکەمان...))[١]. هەر بۆیە چاوخشاندنەوە بە کرداری مرۆیی پێویستە، هەروەها دووبارە چاوخشاندنەوە بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا و ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی، لەگەڵ پابەندی دروستکردنی بنچینەیەکی ئەخلاقی، گوزارشتکار لە ئەخلاقی بەرپرسیارێتی. بەم پێیە ئەخلاقی دووربینی و هۆشیاربوون، شێوە داڕشتنی تازە بە ئەرکی نوێ دەدات، بە ڕاشکاوانە ئەمە ئەوە دەگەیەنێبەرپرسیارێتی بە مانای یوناسیەت، بەرپرسیارێتیە لە پلەی یەکەمدا، هەوڵ بەرەو ئاینده دەدات، واتە بەرەو ئەویتر کە هێشتا پەیدانەبووە، واتە ئەویتر بووەتە باسێکی بۆ بەرپرسیارێتی بێ سنووردار، چ لە کات یان لە شوێندا، بەهۆی توانای بێ سنووری مرۆڤ.

---

(١) ((La vraie morale se moque de la morale))

بەرپرسیارێتی یوناسیەت و بنەمای هۆشیاری، دوو ڕەهەندن بۆ هاوسەنگی و دووربینی و هۆشیاری، هەر دوو بنەماکە ئەوپەڕی پلەکانی داوای یارمەتیکردن (SOS) کە ئاڕاستەی مرۆڤایەتی کراوە، دژی کێبڕکێی جڵەو بەرهەڵدایی بۆ دەستکەوتی هەنوکەیی و خێرا بۆ کۆمەڵەکانی فشار. ئەوەی ئەم دوو بنەمایە جیا دەکاتەوە، بریتییە لە پێویستی پێشبینی کردنی ڕووداوەکان، لەبەر ئەمە گوزارشت دەکەن لە ئەخلاقی زیرەکی و هاوسەنگی و ڕێکخستن و ڕێکخستنی چالاکییە تەکنەلۆژییەکان. هەموو ئەمە وامان لێدەکەن درك بەوە بکەین هەر دوو بنەماکە کۆکن لە کورت هەڵهێنانی مەترسییەکان و داوای زانیاری و شارەزایی و تەرك نەکردنی هیچ بوارێك بۆ نەزانی بەدەربڕینێکی تر، ئەمانە خەسڵەتی هەر دوو بنەماکەن، لەبەر ئەمە هەر دووکیان ناوەڕۆکی گفتوگۆکان پێکدێنن، کە پەیوەستن بە کارەساتە ئایکۆلۆژیەکان، مرۆڤ بەدەستیەوە دەناڵێنێ، سەرباری ئەوە درێژبوونەوەی سەرقاڵیەکانی هەر یەك لە بەرپرسیارێتی و هۆشیاربوون بۆ مەودایەکی دوور، بە کورتی، ئەمە ئەخلاقی پاراستنە، لە ئەنجامی ئەمەبەرپرسیارێتی مانای هۆشیاربوون و بەواگابوون وەردەگرێ، بەتایبەت کە مرۆڤ ناتوانێ چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ کێشە هەنوکەییەکان، بێ بیرکردنەوە لە ئایندە، ئەمە ئەو شتەیە ئەشتغوین ویستویەتی ڕوونی بکاتە لە کتێبەکەیدا "ئەخلاقی ڕاستەقینە، گاڵتە بە ئەخلاق دەکات"[1]، وتویەتی: ((دەکری تێڕوانینێکی تر بۆ بەرپرسیارێتی دیاری بکەین، دەکەوێتە نێوان یایا و ئەخلاق، مەبەست لەمە بنەمای "بەرپرسیارێتی یوناسیەتە"، کە بە بەرجەسەکاری بنەمای دووربینی و هۆشیاری و سەرقاڵی تۆکمە و زیرەك دادەنرێ سەبارەت بە ئایندە، بەڕەچاوکردنی ئەو بایەخی ئەم فەیلەسوفە داویەتی بە ئەنجامە دوور مەوداکان، دواتر بایەخدان بە نەوەکانی ئایندە))[2]. هەروەك لەلایەکی ترەوە دومینیك لوکور داندەنێ بە بەهێزی پەیوەندی نێوان هەر دوو بنەماکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە سەرقاڵی هاوبەش بە نەوەکانی ئایندە و ژینگە، چونکە کێشە خراوەڕووەکە وابەستەیە بە

---

(1) Alain Etchegoyen, La vraie morale se moque de la morale: étre responsible, ed. Le seuil, coll. Essais, Paris, 1994, p. 114

(2) Ibid, p. 04.

جڵەوگرتنی ئەخلاقی و تەکنەلۆژی، ئەمە لەلای یوناس هەیە، کاتێك دەرکەوتنی ڕەهەندێکی تازەی ڕاگەیاند بۆ بەرپرسیارێتی، کە هەرگیز پەیوەست نییە بە ئەنجامی ئەو کردارانەی لە ڕابردوودا ڕوودراون، بەڵام وا دەرکەوت بەوەی بەڵێن و پابەندییە سەبارەت بە ئایندە: ئەمە بەرپرسیارێتی نەوەکانی ئایندەیە، کە وا لە نەوەکانی ئێستا چاوەڕێ دەکات بە دانایی و هۆشیار و بەرچاوڕۆشنی بێ دواکەوتن هەڵسوکەوت بکات، بەوەی ئەنجامەکانی کردارەکانی ئێستا کۆك بن لەگەڵ بەردەوامی ژیانی ڕەوا بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی، هەستکردن بە ترس وەك ئامرازێکی دەرخەر و ئەخلاقی دادەنێ، کە ڕێگە دەدات بە خۆدوورگرتن لە کارەساتی ڕاستەقینە، بەهۆی توانای تەکنەلۆژی مەزنەوە ((سەرقاڵبوون بە ئایندە، بە ڕەچاوکردنی ئەو تێکدان و لەناوبردنەی کە ناکرێ چاك بکرێ، لە زۆربەی دۆخەکاندا، هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات بەهۆی ڕاماڵینی تەکنەلۆژی، ئەمە هەموو یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی وا لە بنەمای دووربینی و هۆشیاری بکات زۆر نزیك بێ لە بنەمای بەرپرسیارێتیەوە)). هەر لەبەر ئەم هۆیە، بنەمای هۆشیاری بە ناچاری باسی بنەمای بەرپرسیارێتی دەکات، لەبەر ئەوەی هەر دووکیان ڕەچاوی ئەنجامی کردارەکان دەکەن، بەهۆی ئەو شوێنەوارەی هەیەتی لەسەر ئەوانەی هێشتا نەهاتوونەتە بوون، واتە هەر دووکیان چەق دەگرن لەسەر یەك بنەما، کە خۆی دەبینێتەوە لەو گەشەیەی دەکرێ هەڵیبگرێ. ئەوەی پەیوەندی نێوانیان زیاتر پتەو دەکات، ئەوەیە بنەمای هۆشیاری بەرجەستەی بنەمای بەرپرسیارێتی دەکات، لە واقیعی یاسایی و سیاسی و ئەخلاقیدا، هەر لەم دەربڕینەوە، دەکرێ پەیوەندی بەرپرسیارێ بە هۆشیاری ڕەچاو بکرێ، بەوەی وەك پەیوەندی نێوان تیۆر و جێبەجێکردنە. بەم پێیە یۆناس بە باوکی ڕاستەقینە بۆ بنەمای هۆشیاری و ئاگاداربوون دادەنرێ.

لەسەر ئەم بنچینەیە، ئەوە هەڵدەهێنجین، ئەخلاقێکی پێشوو بوونی نییە، کە ڕەچاوی مەرجە بنەڕەتیەکانی کردبێ بۆ ژیان، لە ئایندەیەکی دوور و پەیوەست بە جۆرەکەوە لە خودی خۆیدا، بنچینەی مەترسی خۆی دەبینێتەوە، لە ڕەهەندەکانی شارستانیەتی تەکنوکرداری پیشەسازی، کە ئەم مەرجانەی دووچاری لەناوچوون کردووە، هەر بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە بەرگەی بەرپرسیارێتی بگرێ، بەڵام لە جۆرێکی تردا هەماهەنگە لەگەڵ ئەم دۆخە، واتە لە سروشتی

ناهاوتاییه، یوناس دوو وێنەی ڕەسەنی پێبەخشیوە، بریتین لە بەرپرسیارێتی باوکایەتی و بەرپرسیارێتی پیاوی دەوڵەت، ویستی پێگە و سەنگ بگەڕێنێتەوە بۆ میتافیزیکیا، کە ون کرابوو، ئەخلاقی ئەنتۆلۆژی خاڵی دەستپێکی خۆی لەسەر دامەزراندن، لە ئەرکەوە بۆ ئەرکی بوون، هۆکار و ئامرازەکەی هەستکردنە بە ترسی ئاوێتەی ئومێد و پاڵنەر بۆ گەشە بە هۆشیاریەوە. بەمە یوناس بە دامەزرێنەری ڕاستەقینە دادەنرێ بۆ فەلسەفەی هۆشیاری و ئاگاداربوون.

دەکرێ ئەوەی ڕابردوو لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکرێتەوە:

- یوناس مانایەکی تازەی بە بەرپرسیارێتی بەخشی، کە لە ڕەگەوە جیاوازبێ لەگەڵ ئەوەی پێشتر لەسەری بووە.
- بەرپرسیارێتی یوناسی، چەند نموونەیەکی ڕەسەنی بەدی کرد، لە هەر یەك لە بەرپرسیارێتی باوك و پیاوی دەوڵەتدا.
- سەرباری ئەمە، یوناس سەنگی بۆ میتافیزیك گێڕایەوە، لە سەردەمێکدا کە شکستێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینیبوو، بۆ ئەوەی بیکاتە یاسایەك بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی.
- ئەنتۆلۆژیا پاساویدا بە مانای بەرپرسیارێتی و ڕەوایی پێویستبوونی، بە ڕەچاوکردنی هەستکردن بە ترس، ئامرازێکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو زیانانەی تەکنەلۆژیا بەهۆیەوە هەڕەشە لە بوون دەکات. هەروەك ئەم هەستکردنە مرۆڤ پاڵدەنێ بۆ ئەوەی درك بە سەلامەتی خۆی و نەوەکانی ئایندە بکات.
- یۆناس بە یەکەم کەس دادەنرێ، کە بنەمای هۆشیاری و دووربینی بە تیۆری کردووە، هەروەك دەکرێ بوترێ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی، بریتییە لە ئەخلاقی گەشەپێدانی بەردەوام.
- سەرباری هەوڵدانی یوناس بۆ ڕەتکردنەوەی ئەخلاقی کانتیەت، بەڵام بە تەواوی لە ژێر کاریگەریکەی دەرنەچوو.

**پوختە:**

لەسەر ئەم بنچینەیە، ئەوە هەڵدەهێنجین، ئەخلاقێکی پێشوو بوونی نییە، کە ڕەچاوی مەرجە بنەڕەتیەکانی کردبێ بۆ ژیان، لە ئایندەیەکی دوور و پەیوەست بە جۆرەکەوە لە خودی خۆیدا، بنچینەی مەترسی خۆی دەبینێتەوە، لە ڕەهەندەکانی شارستانیەتی تەکنوکرداری پیشەسازی، کە ئەم مەرجانەی دووچاری لەناوچوون کردووە، هەر بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە بەرگەی بەرپرسیارێتی بگرێ، بەڵام لە جۆرێکی تردا هەماهەنگە لەگەڵ ئەم دۆخە، واتە لە سروشتی ناهاوتاییە، یوناس دوو وێنەی ڕەسەنی پێبەخشیوە، بریتین لە بەرپرسیارێتی باوکایەتی و بەرپرسیارێتی پیاوی دەوڵەت، ویستی پێگە و سەنگ بگەڕێنێتەوە بۆ میتافیزیکیا، کە ون کرابوو، ئەخلاقی ئەنتۆلۆژی خاڵی دەستپێکی خۆی لەسەر دامەزراندن، لە ئەرکەوە بۆ ئەرکی بوون، هۆکار و ئامرازەکەی هەستکردنە بە ترسی ئاوێتەی ئومێد و پاڵنەر بۆ گەشە بە هۆشیاریەوە. بەمە یوناس بە دامەزرێنەری ڕاستەقینە دادەنرێ بۆ فەلسەفەی هۆشیاری و ئاگاداربوون.

**سەرچاوەکان:**


١- Jean Pineau et Monique Dulette-Lautte, Théorie de la responsabilité, Thémis, Montreal, 1977. 04.

٢- Jean Pineau et Monique Dulette-Lautte, Théorie de la responsabilité, Op. cit, p. 13.

٣- Le drame du sang contaminé: نەخۆشی (سیدا) لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت، شتەکە چەند ساڵێمی خایاند بۆ دۆزینەوەی هەندێك ڕێگەی گواستنەوەی، لە نێویاندا ئەوەیە ڤایرۆسی (VIH) دەکرێ بگوازرێتەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی خوێن، ئەمەش وای پێویست کرد ڕێوشوێنی خۆپارێزی دابنێ، سەبارەت بە هەندێك هەندێك دەوڵەت کێشەکە گەورە ببوو، بە ڕەچاوکردنی دواکەوتنی نێوان ئەو ماوەیەی شتەکەی تێدا ئاشکرا کرا، لەگەڵ ئەو ماوەیەی ڕێوشوێنە خۆپارێزیەکانی تێدا گیراونەتەبەر، لەو ماوەیەدا دەتوانرێ مرۆڤ خۆی لە نەخۆشی و مردن بەدوور بگرێ.
[voir: CF. Michel Setbon, Le cas du sang contanimé au principe de precaution, in Philippe Kourlsky et Geniviere Viney, Rapport au premier minister, le principe de precaution, Odile Hakobe, Paris, 2000, p. 387].

٤- François Ewald, L’expérience de la responsabilité, Thomas Ferenczi, Paris, 1995, p. 12.

٥- Laurence Angel, la responsabilité en crise, Hachette, Paris, □□□□, p. □□.

٦- دوو باڵەکەی ئیکاروس، ئەفسانەیەکی یۆنانیە: دیدالوسی باوك و کوڕەکەی ئیکاروس کە بەندکراون، باوکەکە توانی دوو باڵ بۆ کوڕەکەی دروست بکات، بۆ ئەوەی لە بەندیخانەکەی ڕزگاری ببێ، ئەمە گوزارشت لەو تەکنەلۆژیایە دەکات کە جڵەوگیری

جیهانی پێدەکرێ. سەبارەت بە کوڕەکە، ئەوا بە ئاکامی خۆی گەیشت بە کەوتنە ناو دەریا، چونکە گوێی بۆ فەرمان و هۆشداریەکانی باوکی نەگرت، ئەمە گوزارشت لە حەزە زۆرەکانی مرۆڤ دەکات بۆ دوورترین سنوور، بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی هەیەتی.

٧- René Simon, Ethique de la responsabilité, Cerf, Paris, 1993, p. □□□.

٨- ئەخلاقی سروشتی ئامانگەرا، بۆ نموونە ئەخلاقی ئەرِستۆیی.

٩- Hans Jonas, Le principe responsabilité, une éthique pour la civilization technologique, trad. J Greisch, Paris 1995, p. 13.

١٠- Ibid, p. 62.

١١- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 186. [Voir aussi, p. 200].

١٢- Ibid, p. 193.

١٣- Ibid, p. 88.

١٤- کانت قسەی کردووە لەبارەی ڕێزی ئاڵوگۆڕکراو، لە کاتێکدا یوناس قسەی کردووە لەبارەی ئەو نا ئاڵوگۆڕیەی بەرپرسیارێتی لەسەر دروست بووە، کە گوزارشت لە قوڵایی نا هوێنەیی دەکات.

١٥- Hans. Jonas, Philosophical essays, from Ancient Creed to technological man, university of Chicago Press, Chicgo, 1974, p. 92.

١٦- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 141.

١٧- Ibid, p. 186.

١٨- Ibid, p. 188.

١٩- نموونەی ڕەسەن بۆ پیاوی سیاسی، لەلای یوناس، ئەوەیە کە چاوی بڕیوەتە دەسەڵاتی ڕەها بۆ پیادەکردنی بەرپرسیارێتی ڕەها، ئەمەش چەند هەڵخەڵەتاندێك لەخۆ دەگرێ وەك: ڕێز و سەپاندنی ڕێزگرتن و هێزی کارتێکردن و دانی بڕیارەکان و بەجێهێشتنی شوێنەوار لە مێژوودا، بەڵام پێویستە ئەمە بەلاوە بنرێ، چونکە جۆرێك لە خۆسەپاندنی

تێدایە، پێویستە بایەخ بەشتی باشتر بدرێ، واتە ئەرکە لەسەری شەونخونی بکات بەدەم چاودێلای کردنی چاکتری بەرژەوەندیەکان بۆ هاوڵاتیان و بەمەش وەردەچەرخێ بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بەسەر تاکەکان لە پێناو کۆمەڵدا.

٢٠- Max Weber, Le savant et le politique, Collection, Plon. Paris, p. 1995.

٢١- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 204.

٢٢-أندري لالاند، الموسوعة الفلسفية، تعريب خليل أحمد خليل، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، الطبعة الثانية، ص ٤٠٣.

٢٣- La futurology "un esc de prediction hypothéque"، أنظر الموقع الألكتروني السابق، ن، ص. تەها عەبدوڕەحمان ناو لە چەمكی (La futurologie) دەنێ "ونبونی ئاینده" (بڕوانە: طه عبدالرحمن، نظام العالم العلمي والتقني "بين الممكن العقلي والواجب الخلقي)، مجلة الجامعة العالمية للعلوم الإسلامية، العدد ٤، ١٩٩٤، اندن، ص ١٠٤.

٢٤- Marie Genivére Pinsart, H. Jonas et la liberté, dimension théologique, ontologiques, éthique et politique, Vrin, Paris, p. 169.

٢٥- Hans. Jonas, Pour une éthique du future, trad. Sabrine Comille et Philippe lvernel, Rivage poche, ptite biliothéque, Paris, 1997, p. 70.

٢٦- Les fins humaines، ئامانجەكان لە خودی شتەكاندان، گوزارشت لە بەشێك لە سروشتەكەی دەكەن، مرۆڤ لەبارەوە دوو پرسیاری بنەڕەتی دەكات: ئاسا سروشتی ئەو ئامانجانە چییە كە مرۆڤ لە شتەكاندا دركی پێدەكات؟ ئایا بەهای ئەم ئامانجانە چییە – سەبارەت بەو – كە وای لێدەكات باشتر یان خراپتر بێت.

٢٧- Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 71.

٢٨- Ibid, p. 72.

٢٩- Ibid, p.73.

٣٠- Ibid, p. 76.

٣١- Martin Heidegger, Etre et temps ((Sein und Xeid)), Op. cit, pp. 63 - 64

٣٢- Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 77.

٣٣- voir aussi: une (Hans Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit, p. 157). éthique Pour la nuture, Op. cit, p. 76.

٣٤- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, op. cit, p. 96.

٣٥- Hans. Jonas, Pour une éthique du future, Op. cit, p. 92.

٣٦- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, Op. cit, p. 101 - □□□.

٣٧- Jean Greisch, Le responsabilité Pour les génération futures: Le éthique de la transmission, Rodrigue Belanger et Simone Plourde, 2002, p. 93.

٣٨- Hans. Jonas, Le prinipe responsabilité, Op. cit, p. 162 - □□□.

٣٩- Ibid, p. 40.

٤٠- Bernard Séve, Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Esprit n° 165, octobre 1990, p. 76.

٤١- L'heuristique de la peur: ترجمة طه عبدالرحمن: "تحصيل الشعور بالخوف" – (أنظر: طه عبدارحمن، نظام العالم العلمي – التقني: بين الممكن العقلي والواجب الخلقي، مرجع سابق، ص ١٠٣). سەبارەت بە (من) ئەوا لێکمداوەتەوە بە: هەستکردن بە ترس ئامرازێکی ئاشکرا کردن و ئەخلاقییە، ئەمەش بە شت بەستن بە مانای ئاشکراکردن. ڕێبازی ئاشکرا کردن: ڕێگەیەکی پەروەردەییە، یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ دۆزینەوەی هزرەکان بەخۆی. هەستکردن بە ترس لای یوناس دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان ڕێگەی

وێناکردنی مەترسیەکان لە پێناو تێپەڕاندنیان، ڕەهەندی دووەم بەوەی یەکەم پێویستیە بۆ ئەخلاقی بەرپرسیارێتی.

٤٢- Bernard Séve, Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 77.

٤٣- G. Hottois, Aux foudements d'une éthique contemporaine, Vrin, Paris, p. 107.

٤٤- Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 66.

٤٥- Ibid, p. 361.

٤٦- Ibid, p. 69.

٤٧- Tomas Hobbes, Le viathan: traité de la matiére, de la frome du pouvoir de la république et civile, trad, François Tricaud, Paris, Sirey, 1971, p. 174.

٤٨- Tomas Hobbes, Le viathan: traité de la matiére, de la frome du pouvoir de la république et civile, Op, cit, p. 136.

٤٩- Hans. Jonas et Le prinipe responsabilité, Op, cit, p. 45.

٥٠- ((gnosis und spàtantiken Geist)) ناونیشانی ئەو دکتۆرایەیە کە بە دوو قۆناغ بڵاوکرایەوە، بەشی یەکەم لە ساڵی ١٩٣٠، بە ناونیشانی (( Gottingen, Vandenhoeck)) بڵاوکرایەوە، بەڵام بەشی دووەم تەنها لە ساڵی ١٩٥٤ بڵاوکرایەوە.

La religion gnotique, le message du dieu étranger et les débuts du christianisme, traduction par François Evrard, Flammarion, Paris, 1978.

٥١- D. Lecourt, Contre peur: de la science à l'éthique, une aventure infinite, Presses universitaitres de France, Collection Quadrige, Paris, p. 168.

٥٢-وا دەردەکەوێ یوناس بەردەوامی دەدات بەزوتنەوە پاڵنراوەکەی لە ئاوێتەگەرایی سپینۆزا و بیرۆکەی یەکێتی بوون.

٥٣- Hans. Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit. p. 423.

٥٤- Le progress avec precaution.

٥٥- Hans. Jonas, Le principe responsabilité, Op. cit. p. 35.

٥٦- کارڵ سیبریس تاوتوێی چەمکی مەترسی مەزنی کردووە لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی "چەکی ناوەکی و مرۆڤ"، لە کۆتایی حەفتاکان لە فەڕەنسا ئامادەی کردووە، بڕوانە:

٥٧- Karl Jaspers, la bombe atomique et l'avenir de l'homme, Buchet-Chastel, Paris, 1958.

٥٨- [Le principe 15 de l'agenda 21 de Rio de Janeiro]

٥٩- Jacobe André, Encyclopé universelle: les notions philosophique, presse universitare de France, Pars, 1990, p. 202. بە یەکدەنگی پێناسەیەك نییە بۆ "بنەمای دووربینی و هۆشیاربوون"، زۆرێك لە بیرمەندان پشتیان بەستووە بە یاسای فەڕەنسی بۆ ساڵی ١٩٩٥ بۆ پێناسەی ئەم بنەمایە. ئەمە ئەوەیە کە لەلای جاکوب ئەندری هەیە.

٦٠- Olivier Godard, le pricier de precaution: Une nounvelle logique de l'action entre science et démocraties, revue, philosophie politique, N°ll, Mai 2000, p. 19.

٦١- François Ewald, L'expérience de la responsabilité, op. cit, p. 35.

٦٢- ((La vraie morale se moque de la morale))

٦٣- Alain Etchegoyen, La vraie morale se moque de la morale: étre responsible, ed. Le seuil, coll. Essais, Paris, 1994, p. 114

٦٤- Ibid, p. 04.

# پرسیاری ئەخلاقی لای هابرماس

# له كونكردنی كرداری بەهایی بۆ ئیتیقای سەربەستی

د. عەلی عبود محمەداوی

مامۆستای فەلسەفە لە كۆلیژی ئاداب، زانكۆی بەغداد، عێراق.

هابرماس چالاكییەكانی مرۆڤ دابەش دەكات، ئەوانەی بەرەو سروشت ئاڕاستە دەكرێن، ئەوانەش بەرەو جیهانی كۆمەڵایەتی ئاڕاستەكراون، ئاڕاستەكراوی كۆتایی بەرەو خود، لە دیاریكردنیدا بۆ لەناوبردنی كرداری ئەخلاقی و لادانی بەهۆشیاری لە كونكردنی كرداری ئاڕاستەكراو بۆ سروشت (عەقڵی ئامێری) بۆ ژیانی ڕۆژانە و دامەزراوە ئەخلاقی و تێگەیشتنیدا، بەمەش ئاڕاستەكەی گۆڕاوە بەرەو جیهانی كۆمەڵگە و ژیان، عەقڵی مرۆیی وەردەچەرخێ بۆ عەقڵی ستراتیژی سوودگەرا، بەمەش ڕەنگدەداتەوە لەسەر كردارە ئابوور و سیاسی و كرداریەكان — پسپۆریەتیەك، كە لە ڕێز و بەهای مرۆڤ كەم دەكاتەوە لە ئەنجامدا.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە بابەتی توێژینەكەماوە، ئەوەیە تێبگەین چۆن عەقڵ بەشێوەیەك زاڵبوونی زانستی — سیاسی پێوە دیارە، لە میانەی دەربڕینی ناچاری یان بڕیاری خۆویستی لەبارەی تەكنەلۆژیا.

داخوازیەكە ڕوون دەبێتەوە، كاتێك تەكنەلۆژیەكان توانایان دەبێ دزە بكەنە نێو پێكهاتەی بایۆلۆژی مرۆڤ، لەباری جڵەوگرتنی بنیاتی جەستەیی، پێكهاتە بەهاییەكەی، ئەم قۆناغە بە زۆردارترین قۆناغ دادەنرێ، لە قۆناغەكانی زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا، بە یارمەتی شارەزاكان لەلایەم، سیاسەكانیش لەلایەكی ترەوە، بە ئەندازەی ڕەتكردنەوەی ئازادیەكەی، كوشتنی گشت بژاردەكانی، لە گۆشەنیگای چاك كردن و بە عەقڵی كردن، كە سیاسیەكان دەیانەوێ بە هاوتایی

زانست، یان زانایان بە هاوتایی هزری سیاسی. ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە، ئایا کێ بڕیار لە ڕەوایی ئەم کارە دەدات؟ پاڵدەنێ بە پێچەوانەی کارایی بکەری ستراتیژی و هەڵچونی لەسەر ڕووکەش، لە گومان و ترساندنەکان، بەرامبەر ئەوەی مرۆڤ — ئایندە بێ، سیماکانی بە بڕیارێکی دەرەکی — تەکنەلۆژی دیاری کراون، تکاکارە بە ویستی مرۆڤایەتی، پەیوەست نییە بە خودی هەڵچووەوە!

ئەم گفتوگۆیانە، کرۆکی کتێبی هابرماس پێکدێنن (ئایندەی سروشتی مرۆڤایەتی — بەرەو ڕێچکەی لیبراڵییەت)، لێرەوە تەکنەلۆژیا بەیەکدادەچێ لەگەڵ بایۆلۆژیادا، بەمەش (بایوتەکنەلۆژی) بەرهەم هات، کە دەبێتە هۆی کێشەی ئەخلاقی دروستکراو (بیوتیقا)، بۆ ئەوەی دەستوەربداتە سروشتی مرۆڤ و دیاریکردنی سیماکانی، ئەم دەستوەردانە بۆماوەییە دەستپێدەکات، بە پاڵنەرێکی لیبڕاڵی، کە فەرامۆشکردنی دەوڵەتە بۆ ڕۆڵی دیاریکردنی ڕەچەڵەك و سروشت و یاری پێکردنی، ڕاسپاردنی بە خێوان، کە بە بگۆڕی سەرەکی دادەنرێ بۆ جینۆمی مرۆیی منداڵ، پێش لەدایکبوون، ئەمە بەشێکە لە بیروباوەڕی لیبڕاڵییەت، کە بەرەو تاکگەرایی، ئازادی تایبەت بۆ هاوسەران، ئەوەی پەیوەندیدارە بە منداڵەکانیان دەچێ، هابرماس دەڵێت: "زانست و تەکنەلۆژیا بە سروشتی تا ئێستا ڕێککەوتوون، لەگەڵ بیرۆکەی لیبڕاڵییەت، کە پێی وایە هەموو هاوڵاتیان مافی هەمان هەل و فرسەت بەدەستهێنانیان هەیە، لە پێناو گونجاندنی ژیانیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ"[1]، ئەم دۆخە کێشەی سەرەکی دەوروژێنێ، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ کارگەیەکی بایوتەکنەلۆژییە، بەویستی خۆی ناسنامەکەی دیار ناکات، ئەمە پێچەوانەی سەربەخۆییە، کە لیبڕاڵییەت بناغەی بۆ دادەنێ! دەکرێ ڕەخنە لەسەر ئەم کردارە تۆمار بکرێ — بەبۆچوونی هابرماس — لەمیانەی ئەمەی خوارەوە:

دەستوەردانی بۆماوەیی، بەهۆی کەسی سێیەمەوە ئەنجامدراوە، نەوەك بە ویستی کەسی هەموارکراو بەشێوەیەکی بۆماوەیی کرابێ.

---

(1) يورغن هابرماس: مستقبل الطبيعة الإنسانية... نحو نسالة ليبرالية، ص ٣٤.

کەسی پەیوەندیدار، لە دوای لەدایکبوون، ئەوا بەشێوەیەکی گێڕانەوە، ئاگداری ئەو دەستوەردانە دەبێ کە پێش لە دایکبوون تیایدا ئەنجامدراوە.

ئەم مرۆڤە وەك کەسێك، کە خەسڵەتەکانی هەموار کراون، لە خۆی تێدەگات، بەڵام وەك کەسێك گۆڕاو لەگەڵ خۆی دەمێنێتەوە، هەردەم توانا گرتنەبەری هەڵوێتی دەبێ دژی دەستوەردانی بۆماوەیی.

لەبەرامبەردا ئەوە ڕەتدەکاتەوە ئەوەی لە کەسایەتی ئەو هەموار کراوە هی ئەو بێ، ئەو هەموارکردنە بۆماوەییانەی ئەویان بۆ بابەت گۆڕیوە[1].

ئەم خزمەتگوزاریانە کە بە دەستەوەردانی بۆماوەیی گوزارشتی لێدەکرێ، ئەمڕۆ "(أ)[*] دەخرێتەڕوو، بە ناوی وەڵامدانەوەی حەزە ئازادەکان، لەلایەن باوانەوە گوزارشتیان لێدەکرێ، بۆ دوورخستنەوەی منداڵەکانیان لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان، یان (ب) بۆ ئەوەی چەند خاسیەتێکی نوێیان پێبدرێ کە نیانە، ئەم خاسیەتانە دەتوانن هەلی سەرکەوتن بەهێز بکەن لە کۆمەڵگەی سەربەخۆدا"[2].

ڕەخنە لە بڕگەی (أ) دەگرێ، چونکە ماف دەدات بە کەسانی نا پەیوەندیدار بە دیاریکردنی بەها مرۆییەکانی کەسێك کە هێشتا لە دایك نەبووە، ڕەخنە لە بڕگەی (ب) دەگیرێ، بەهۆی ئەو زیادکردنە یان یاری کردنەی بە سروشتی مرۆڤایەتی، بە یارمەتی کەسی نا پەیوەندیدار، ئەمەش بە پێچەوانەی چارەسەری دەروونی، کە مرۆڤ بە تەواوی ویستی خۆی ملکەچی دەبێ، دەستوەردانی تەکنەلۆژی ڕێپێدراوە، بە ئەندازەی ئەوەی بەگوێرەی ویستی مرۆڤ بێ، پەیوەندار نەبێ بە خودی

(1) یورغن هابرماس: مستقبل الطبيعة الإنسانية... نحو نسالة ليبرالية، ص ٣٤.

* دابەشکردنی هەردوو بڕگەی (أ) و (ب) لە دانانی توێژەرن.

(2) عبدالرزاق الدواي: تأملات جديدة لهابرماس في مجال أخلاقيات البيولوجيا، ضمن كتاب فلسفة الحق عند هابرماس، منشورات كلية الآداب والعلوم الإنسانية، الرباط، ٢٠٠٩، ص ١١.

مرۆڤەوە، دەستەوەردانی ستراتیژی لێرەدا، وەك یارمەتی سێ لایەنە دەبێ (خانەوادە و تەکنەلۆژیا و سیاسەت)، بەمەش ڕۆڵی یاریزانی سیاسی ڕوون دەبێتەوە، لە دیاریکردنی مرۆڤی دروستکراو بەگوێرەی چوارچێوەیەکی هزری – سیاسی دیاریکراو، ڕۆڵی خانەوادە لە سەرکوتکردنی ئازادی مرۆڤ – منداڵ، ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە زاڵبوون بەسەریدا. بەمەش زاڵبوون لە زانستی بۆماوەیی مرۆیی بەسەر سروشتدا، وەردەچەرخێ بۆ کرداری زاڵبوون بەسەر خوددا، (ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە لێرەدا): زاڵبوون لە چییەوە دێت؟ لەسەر کێ پیادە دەکرێ؟ شتەکە پەیوەستە بەوەی دەردەکەوێ، بە دەسەڵاتی خەڵکی ئێستا لەسەر خەڵکی ئایندە، کە چەند بابەتێك پێکدێنن، هیچ بەرگریەکیان لا نییە، بابەتی ئەو بڕیارانەی پێشوختە لەلایەن دەستنوسەکانی ئەمڕۆ دەدرێن، ڕووی ئەویتر بۆ دەسەڵاتی ئەمڕۆ، بریتییە لە کۆیلایەتی دواتر بۆ زیندووان بەرامبەر مردووان"(١)، لەم دەقەوە دەبینین پرۆژەی ڕۆشنگەری دەستی کردووە بە داڕوخان بەهۆی ئەم کردارەوە، زاڵبوونی ڕابردوو و مردووەکانی بەسەر ئێستا و زیندووەکانیدا، کە لەگەڵ پرۆژەی ڕۆشنگەری ڕەتی کردۆتەوە، سەردەکێشێ بۆ ئەوەی زاڵبوونی، خەڵکی ئێستا بەسەر خەڵکی ئایندە، لەباربردنی ڕۆشنگەری بێ بەهەمان شێوە.

لە میانەی ئەم ڕامانە، لە درەوشانەوەی ئەزموونی بایلۆژی لەسەر مرۆڤ، دەتوانین سەرنجی دوو وێنەی ئاستی دەستوەردانی بایوتەکنەلۆژی – بیوتەکی لە چارەنووسی مرۆڤ بدەین، ئەمەش بە سنووورداری نییە:

ئەو دەستوەردانەی ئامانجی فەرهەم کردنی چارەسەری جەستەییە، ئامانجی درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤە، یان پاراستنی سەلامەتی ئەندامەکانی مرۆییە (ئەمە دەروونیە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ئازاد دەبێ، حەز بە دەستوەردانی بایوتەکنەلۆژی دەکات لە سروشتی جەستەییەکەیدا).

---

(١) یورغن هابرماس: مستقبل الطبيعة الإنسانية... نحو نسالة ليبرالية، ص ٦١.

ئەو دەستوەردانەی کەمێك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە چارەنووسی ئەو مرۆڤەی هێشتا لەدایك نەبووە، بەڵام بەویستێکی مرۆیی دەرەکی، کە ویستی خانەوادەیە، پێشوازیکردنی زانایان و یاسادانانی سیاسەتمەداران، وا دەکەن مرۆڤی هەموارکراو بە بۆماوەیی، ببێتە مرۆڤێکی ئازادی لەدەستچوو، سەربەخۆیی لەکیسچوو، ئەم دوو ئەنجامە دەدرەوشێنەوە لە دیارکردنی هابرماس، لەوەی کەسە بەرنامە بۆ دانراوەکان، ناتوانن خۆیان بە دروستکەری ژیانی تایبەتی خۆیان بێ بەشداری ئەوانی تر دابنرێن، دواتر: ناتوانن خۆیان بەیەکسان بزانن لە ڕووی لەدایکبوونەوە، بە بەراورد بە نەوەکانی پێش خۆیان[1]، ئەگەر مەترسی بەرچاو بێ لە بابەتی هەڵسوکەوتی دەرەکی لە سروشتی مرۆڤدا، لە ڕێگەی چاککردنی بۆماوەیی، یان دەستوەردان لە پێشخستنی جینۆم و زیاد کردن بۆی، ئەوە دڵنیایەوە بابەتەکە مەترسیدارتر دەبێ، لەگەڵ بیرۆکەی ئەنجام هەڵهێنجانی مرۆیی، کە تەنها بە دەستوەردان دانانرێ، بەڵکو وەك دووبارەکردنەوە بۆ کات و هزر لە ڕێگەی جێگە گرتنی لەو کەسەی دووبرە بەرهەم هاتووە، ئا لێرەوەیە مەترسی هەبوون!

هابرماس پێی وایە، ئەو کێشەیەی هەڵدەقوڵێ لەم دەستێوەرجانە، پەیوەندیدارە بە سێکوچکەی مافناسی جیهانی، وای لێدەکات ناشرین بێ کە ئەمانەن[2]:

- ئازادی.
- یەکسانی.

---

(1) يورغن هابرماس: مستقبل الطبيعة الإنسانية... نحو نسالة ليبرالية، ص ٩٨.

(2) عادل حدجامي: مسألة التحسين الجيني في الفلسفة الألمانية المعاصرة: سلوترديك ضد هابرماس، ضمن كتاب البيوطيقا (مجموعة من المألفين)، داربترا للنشر والتوزيع، سوريا، ط ١، ٢٠١٠، ص ١٠٠ – ١٠٣.

* ئەمە وتەی پێشەوا عەلیمان بیر دەخاتەوە: (منداڵەکانتان لەسەر ئەخلاقی خۆتان بە ناچاری ڕامەهێنن، ئەوا بۆ سەردەمی خۆیان جیاواز لە سەردەمی ئێوە دروستکراون)، ئەگەر ئمە بە جۆرێك لە پەروەردە بێ، ئەوا بایلۆژیای تەکنەلۆژی یان بیوتیقا ئامانجی یاریکردنی ناچاری و پێشوەخت و نا ڕێکە، لە دیاریکردنی سیماکانی کرداری مرۆیی، بۆ مرۆڤی هەموارکراوی یاری پێکراو.

- ڕێز.

لێرەدا پێشێلکردنێکی ڕوونی ئەم سێ بنەمایانە هەیە، ئازادی دەوەستێ لە کاتی دەستوەردانی ڕابردوو، بەوەی کردارەکانی مرۆڤ لە ئایندەدا چۆن دەبن(*)، هەڵبژاردنەکانی باوان، بۆ دەستکاری کردنی دیاریکراو لەسەر منداڵەکانیان، تەنها چارەنووسێکی نوێ دەبێ، خۆی بەسەر نەوەکانی ئایندەدا دەسەپێنێ، بەناوی ئازادیەوە، لەبەر ئەمە پێویستە بەرەنگاری چاککردنی جینی ببینەوە"[1]. هەروەك هەموارکردنی بۆماوەیی، یەکسانی دەشکێنێ، دەکاتە جۆرێك لە پلەبەندی، ((ئێمە جینەکان بەکاردەبەین و هەمواران دەکەین، بە دڵنیایەوە دەگەین بۆ بەدیهێنانی چەند کەڵەکەبوونێك لە بوونەوەری مرۆییدا))[2]، چونکە ئەو کەسەی لە ڕووی بایلۆژیەوە هەموار کراوە، یەکسان نابێ لەگەڵ کەسی سروشتی. یارکردن بە جینومەکانی ئەو کەسانەی هێشتان لەدایك نەبوونە، بە پێشێلکردنی ڕێزی ئەو مرۆڤە دادەنرێ، ئەم یاری پێکردنە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ ئازادی ویست و قبوڵ یان ڕەتکردنەوە، ئەم هەڵسوکەوتانە وای لێدەکەن هەڵگری سیفەتی مرۆڤایەتی نەبێ، چونکە لەگەڵیدا دەگۆڕێ بۆ بابەتێکی سروشتی، کە ناچاری و بەسوکدانان لە خۆی هەڵدەگرێ لەلایەن ئەوانی پێش خۆی، بەهۆی توانای یاری پێکردن و زاڵبوون بەسەریدا، بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێ لەو هەموارەی ڕوودەدات لە بەهاکەی و دیاریکردنی هەڵسوکەوتەکانی، ئەمەش ڕەتکراوەیە، چونکە (( ڕێز لەسەر مافی مرۆڤ دادەمەزرێ، ئا لێرەوە مرۆڤ ئایندەییە، بەوەی بەرگەی پاشکۆ و جێکەوتەکانی هەڵبژاردنەکەی بگرێ، ئەمە تێکدەگیرێ لەگەڵ تەکنەلۆژیای جینی، چونکە ئەو منداڵەی لە ژێر داواکاریە، ڕێزی ئەو تەنها وەك ڕێزی ئەو ئامێرە دەبێ، کە هەموارکاری تێدا دەکەین، پێدەوایستیەکانمان تێدا دیاری دەکەین"[3]. "هابرمان

---

[1] عادل حدجامي: مسألة التحسين الجيني في الفلسفة الألمانية المعاصرة: سلوتردايك ضد هابرماس، ضمن كتاب البيوطيقا (مجموعة من المألفين)، داربترا للنشر والتوزيع، سوريا، ط ١، ٢٠١٠، ص ١٠١.

[2] عادل حدجامي: مسألة التحسين الجيني في الفلسفة الألمانية المعاصرة: سلوتردايك ضد هابرماس، ص ١٠٣.

[3] المرجع السابق، ص ١٠٢.

گرەو دەكات لەسەر ئەوەی مرۆڤ تەنها بزانێ بەوەی جینۆمە كەسییەكانی بەرنامەی بۆ داڕێژراوە، ئەوا ئەمە هۆكارە بۆ ئەوەی سەركێشان بۆ شڵەژانێكی ڕوون، كە ئێمە تیایداین بەوپێیەی جەستەین، بەو جۆرەی هەین،... لەم ڕووداوەوە چەشنێكی نوێ لە پەیوەندی نا هاوسەنگ بەشێوەیەكی دەگمەن لە نێوان كەسەكاندا پەیدادەبێ"[1]، ئا لێرەوە كرداری پەیوەندی گرتن دەشێوێت، مرۆڤ پێشوەختە بەسەریدا زاڵ دەبێ، ڕازی نابێ بەوەی لەسەریەتی، لەوانەیە ئەنجامی ئەمە حەز نەكردن بێ، لەو ژیانەی بۆی دیاری كراوە، دەكرێ لە هەمان كاتدا بژاردەكەی مردن بێ!.

كەسی سیاسی براوەی هەرە گەورەیە لەمەدا، كەواتە پلەوپایەی تەكنەلۆژی، زاڵبوونی گرێبەستی بەسەریدا، پەسەندكردن لەلایەن ئەو لایەنە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، كە پێویستە سروشتی ئەو مرۆڤەی دێت بگۆڕێ، هەروەها وەك جەختكردنەوە لەسەر جۆری سیستەمی حوكمڕانی سیاسی و پاراستنی، چونكە بەوشێوەیە داتاشراوە كە ویستویەتی، سەرباری ئەمە، ئەوا مێژوو و ڕێڕەوەكەی كۆتایی پێدێنێ، لە ڕێگەی پێكهێنانی جۆرێكی ناڕوونی سیاسی، جەختكردنەوەی لەسەر ئەوەی ئەمە نموونەی كۆتاییە بۆ گەشەی بزوتنەوەی مێژویی — مرۆڤایەتی، شیاوی گۆڕان نییە، پاساو بەمە دەدات لە میانەی پێوەری یاسایی مۆڵەتدەر بە ئەندامانی گشت ئەوەی ڕابردوو!، یاسادانانی سیاسی، یەكلاكەرەوە لە بابەتی بۆماوەییدا[2]، بەڵكو چاك كردنی ڕەچەڵەك وەك كردار، دوور نییە لەوەی هزرە دەمارگیرەكان دەیكەن، كە لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا دەركەوتن، ئەوەی نازیەت پیادەی كرد لە پاكتاوی ڕەگەزی- هەڵبژاردنی ڕەچەڵەكێكی دیاریكراو بۆ ژیان بەدەر لەوانی تر، دەكرێ بە هاوشێوە بیدرەوشێنینەوە لەسەر ئەوەی خەڵكی ئەمڕۆ دەیكات (زانایان، سیاسییەكان، خاوەن منداڵەكان) لە دروستكردنی جۆرێك لە ڕەگەز، ئەگەر پێشوەختەش دیاری كراو نەبێ وەك ویستێكی سیاسی، بەڵام دەبێتە

---

(1) يورغن هابرماس: مستقبل الطبيعة الإنسانية... نحو نسالة ليبرالية، ص ٥٥.

(2) المصدر السابق، ص ٣٠.

نموونەیەکی گەشەپێدراو و شوێنکەوتووی ویستی کەسی و ئابووری، بە چوارچێوەیەکی پاشخانی سیاسی.

لەوەی پێشتر مەبەست ئەوە نییە، لەپە دەستی زاڵبوونی سیاسی زاڵ بکرێ بەسەر کرداری تەواو بۆماوەیی، گریمانەیەك بوونی هەیە لەوانە پێچەوانەی ئەم هاوکێشەشەیە بێ، بەرەو زانست و پیاوەکانی، یارمەتیدەرەکەیان تەکنەلۆژیا بوو، ئایا زانا بایلۆژیەکان بەو هەوڵانەی داویانە بۆ شیکردنەوەی جفرەی جەستەی مرۆیی، هەوڵ دەدەن مرۆڤ دروست و هەموار بکەن و یاری پێبکەن، بەوەی لەگەڵ ویستەکەیان بگونجێ، تەنها ویستی ئەوان؟! ئارەزووی زانایان لەم بوارەدا وا دەردەکەوێ سنووری نەبێ، لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری کرداری لە سروشتی مرۆڤ، وەك چۆن لەلامان تا ئێستا ناسراوە"[1].

لە ڕاستیدا ناکرێ بەم سادەییە وێنەی ئەم کارە بکرێ، تەنها بەو ئەندازەیە نەبێ زانایانی ناڕوونی سیاسی تیایدا بەشدارن، لە پاڵپشتی ئاڕاستەی بایوتەکنەلۆژی – سیاسی، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مەبەستە ئامانجدارەکان، بۆ پاراستنی شێوەی ئەو ڕژێمە سیاسیەی هەیە، یان دەکرێ کۆی کردارەکە بێ ڕەچاوردنی سوودە زۆرەکەی، گوزالاشت بێ لە یاریەك، بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی ئەو کۆمەڵگە زانستییە، لە لێکۆڵینەوەی قوڵاییەکانی جیهانی مرۆیی تایبەت، بەمە هەوڵ دەدەن مرۆڤێکی خاوەن جۆری تایبەت درزست بکەن، لەوانەیە ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی دەرئاسا "سوبەرمان" بێ، ئەمە خەونی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان، ئایا دەکرێ تەکنەلۆژیا مرۆڤ لە مرۆڤایەتیەکەی دابماڵێ؟ ئەگەر وابێ، چ جۆرە مرۆڤێك دەبینین؟ ئەم پرسیارانە تاوتوێ دەکرێن لەبارەی چارەنووسی مرۆیی لە جیهانی تەکنەلۆژیادا، تێڕوانینەکانی ڕابردوو تەنها ئەنجامی مشتومڕی گەشە و داڕوخانە، پێشکەوتن بە یارمەتی تەکنەلۆژیا، گریمانەی گەشەپێدانی مرۆڤ دەسەپێنێ، ئەمە بەکرداری ڕوویداوە.

---

(1) عبدالرزاق الدواي: تأملات جديدة لهابرماس في مجال أخلاقيات البيولوجيا، ضمن كتاب فلسفة الحق عند هابرماس، ص ٨.

کاری بۆماوەیی و بایوتەکنەلۆژی، کورت هەڵنەهاتووە لەسەر سێ لایەنەکەی گفتوگۆ (خانەوادە و زانایان و سیاسییەکان) بەڵکو تێپەڕاند بۆ بارێکی زۆر مەترسیدار، کە باری ئابوورییە، لێرەدا "ڕێنمایی نوێ هەیە لە بواری خزمەتی پزیشکی جینیدا، ئێستا ئەمە لەلایەن کۆمپانیە مەزنە جیهانیەکانەوە پێمان دەفرۆشرێتەوە، لە مەیدانەکانی پزیشکی و تەکنەلۆژیای زیندەیی بەکاردەهێنرێ"(). مەترسی لە ئاڕاستەی ئابووریدا لەوەدایە کە بەم کردارەی وا دەکات مرۆڤ بەشێك بێ لە داواکاری بازار، ئەمەش وا دەخوازێ بە شتومەك بکرێ، شتێك بۆ بازرگانی و پیشەوەری!

ڕوون بووەوە هابرماس، لە میانەی دژایەتی کردنی بۆ چاککردنی جینی بە یارمەتییە تەکنەلۆژیەکان و زانستی بایلۆژیادا، بە شتێکی ڕەتکراوە دادەنرێ، لەبەر هۆکاری ئەخلاقی و مرۆیی و یاسایی، ئێمە بڕوامان وایە چەند پرسیارێك ئاڕاستەی خودی هابرماس کراوە، لە پشت بەستنی بە پێگەیشتن و ناچاری و زۆرەملێی یاسا و کۆمەڵایەتی، ئەگەر بە قۆناغێکی ئامادەکاری بەردەوامدا تێبپەڕێ، بەڵام ئەمە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە، خودی کێشە ئەخلاقییەکان دەوروژێنێ، لە کپ کردنی ئازادیەکان و پێشێل کردنی ڕێز و نەمانی یەکسانی، بۆ نموونە ئەگەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەك بابەتێك وەربگرین، کە شێوەی پرۆژەیەك وەردەگرێ بۆ دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵ و بەدیهێنانی دەستەبەری و هۆشیاری و چاودێری مرۆڤایەتی و هاوشێوەی ئەمە، ئەمە لە ڕاستیدا ناچاریەکی کاتی و کەسی و دامەزراوەییە، وەك دۆخی ناچاری بایلۆتەکنەلۆژییە، هەر دووکیان ئامانجیان چاککردنی بۆماوەیی مرۆڤایەتییە، هەوڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی گەشەپێدان دەدات، لەسەر عەقڵ و هەڵسوکەوت و تواناکانی مرۆڤ. لەگەڵ دەستگرتن بە نەرێنیبوونی ناچاری لە پێناو چاککردندا، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەڵێ نەرێنیە، ئەوا تێڕوانینی گشتی لەگەڵ ئەمەدا هەیە، بەوەی "هەردەم مێژووی مرۆڤایەتی ئاڕاستەی تەکنەلۆژیا بووە، هەروەك نیچە ڕوونی کردۆتەوە، مرۆڤ مێژووی هەڵبژاردن و پاڵاوتنی مرۆڤە، مێژووی مرۆڤ مێژووی

---

() المرجع السابق: ص ١٠.

پەروەردەکردنی مرۆڤە بۆ خودی خۆی... مرۆڤایەتی هەردەم لە ڕێچکەی چاککردندا بووە،... پەروەردە هەمیشە هەڵبژاردن و پاڵاوتنێکی جینیی خۆکاری بووە، هەردەم بەهێزکردنی لایەنی جوانی بووە لە مرۆڤدا، بەم مانایە هیچ تێکگیرانێك نامێنێ لە نێوان ئەخلاق و تەکنەلۆژیادا، چونکە ئەخلاق و پەروەردە بەیەکەوە چاك بوونن... بەمە پاراستنی مانای مرۆڤ بە سڕینەوە و سنووردارکردنی بەرجەستە نابێ، بەڵکو بە کردنەوەی دەبێ بەڕووی شیاوی بووندا، واتە بەوێنا کردنی بەشێوە ڕاستەقینەکەی، لەبەر ئەوەی شاوبوونی پوخت و کراوەیە"[1]. لەوانەیە ئەم ڕایە بەرمبەر بۆچوونی هابرماس بێ، دژی یەکتر بن، بەڵام بە ڕای ئێمە زیاتر لە ڕاستی نزیك دەبێتەوە.

تاوتوێکردنی پێشووی هابرماس بۆ تەکنەلۆژیا و ئیتیقای بایلۆژی، دەڕژێتە نێو کێشەی پرسیارکردن: ((چۆن هەڵوێستێکی کارا وەردەگرین، هەوڵی وەڵامدانەوەی تەحەدداکانی تەکنەلۆژیا بدەینەوە، لە چوارچێوەی وێناکردنێکی ئەخلاقی مرۆیی، لە سەردەمی ئاوابوونی سەرچاوە گشتگیرە مرۆییەکان، لە ڕۆژگاری واقیعی کرداری (گەشەی تەکنەلۆژی) پێش بیرکردنەوەی تیۆری دەکەوێت؟ چۆن لە ڕووی ئەخلاقیەوە بەرگری دەکەین لە مرۆڤ لە دژی هەڕەشەکانی تەکنەلۆژیا، بێ ئەوەی بکەوینە نێو کاردانەوەی سروشتی))[2]. ئەمەش پاڵمان دەنێ بۆ کارکردن بە ئاڕاستەی پەیوەندی بەستن، بەوپێیەی سەرچاوەیەکە بۆ تێگەیشتن، لە جیهانی کۆمەڵایەتی و جێگرەوەیەکی ناچاری ستراتیژیە. لەبەر ئەمە چاودەبڕنە ئەخلاقیاتی جێگرەوەی، بەرزتر لە پیادەکردنی ئەخلاقی کرداری، بۆ مەرجە ڕزگاریخوازیەکان و گەردوونیەکان، ڕەچاوی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و ئازادی بکەن، لە زاڵبوونی ئاڕاستەیی و زانستی و سیاسی و ئابووری. ئەمە ئیتیقای گفتوگۆیە.

---

(1) عادل حدجامي: مسألة التحسين الجيني في الفلسفة الألمانية المعاصرة: سلوتردايك ضد هابرماس، ص ٨.

(2) عادل حدجامي: مسألة التحسين الجيني في الفلسفة الألمانية المعاصرة: سلوتردايك ضد هابرماس، ص ١٠٥.

## ١- ئەتیقیای(*) گفتوگۆ یان مەرجە ئەخلاقیەکانی گفتوگۆی ڕاستەقینە:

ئەتیقیا ئاماژە دەکات بە "کۆششی تیۆری خەرجکراو، بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو بنەمایانەی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئەوانیتر ڕێکدەخەن، لەو کاتەی ئەخلاق ئەرك مێژوویی بەرایی خۆی دەپارێزێ، کە دانانی بنەماکانە لە شوێنی جێبەجێکردن و پیادەکردن"(١)، لەمەوە ئەرکی هابرماس ڕوون دەبێتەوە لە دامەزراندنی چوارچێوەی ئەخلاقی، بۆ بەردەوامی دروست، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە، قۆناغی ئەتیقای گفتوگۆ، قۆناغێکە پێش گفتوگۆی نێو خودی و مەرجێکی پەوەستە پێیەوە.

هابرماس ((ئەخلاقی تیۆری و بنەمای پەیوەندیگرتنی ڕوون بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، عەقڵی پەیوەندی گرێدان، بەوپێیەی توانایەکە لە نێوان گشت کەسەکان بەگوێرەی بنەما ڕوون و بێ لایەنەکان، زاڵە بەسەر نزیککردنەوەکەی هابرماس، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێوەرەکانی گشتاندنی گشتگیر بۆ گوتار، کە گەیشتنە بازنەی ئەخلاقی تیۆری فەراهەم دەکات))(٢).

لە کاتێکدا پەیوەندی گرێدان گوزارشت لە ((چالاکی ئالوگۆڕی و هەڵبەستراوی دەکات، ئەمە بە چەندین شێوە ئەنجام دەدرێ، وەك دەنگ و هێما و وێنەکان، بەڵام پەیوەندیگرتنی زمانەوانی، بە بەرزترین جۆری پەیوەندیگرتن دەمێنێتەوە، لێرەوە سروشتی ئیتیقی بۆ پەیوەندی بەستن یان گواستنەوە دەخرێتەڕوو، لێرەوە دەگەین بە زیندووکردنەوەی ئەتیقای دیاریکراو، بۆ پەیوەندیگرتن، مادەم نامە ئالوگۆڕکراوەکانی نێوان ئەوەی دەینێرێ و ئەوەش

---

* ئەتیقیا یان ئەخلاقی تیۆری: ئەمە چوارچێوەی پێوەری ئەخلاقی پێکدێنێ، جیاوازیەکەی لەگەڵ (moral) ئەوەیە، ئەوەی دوایی بایەخدەدات بەوەی واقیعی و بەرهەستە، لە نموونە ئەخلاقیەکان، هەر بۆە پێی دەوترێ ئەخلاقی کرداری.

(١) عمر مهيبل: مقدمات كتاب هابرماس: اتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، ص ٧.

(٢) جاكلين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ص ٥٠.

وەریدەگریٚ، نامەی بیٚ تاوان نەبن... بەهەمان ئەندازە ئامرازن بۆ ناکۆکی و کیٚشمەکیٚش))[1]، هەر بۆیە – بە بۆچوونی هابرماس – ئەتیقای گفتوگۆ شیٚوەیەك لە شیٚوەکانی ڕزگاری بەرجەستە دەکات، لە شیٚواندن و پاراستن لیٚی، ((ئامانجی ئەمە دیاریکردنی گریمانە ئالۆگۆڕکراوەکانە بۆ زمان، درەخستنی شیٚوەی دامەزراندنی نیٚو خودی، یان عەقلّی بۆ پیٚوەرە ئەخلاقییە جیاوازەکان))[2]. ئەمە چوارچیٚوەیەکی پیٚشوەختە پیٚکدیٚنیٚ بۆ کردارەکانی پەیوەندگرتن، بە گریمانەکردنی توانای زمانەوانی، کە هەر مرۆڤیٚك هەیەتی، هەروەها ئەخلاقیاتی گفتوگۆ، کە ئامانجی گەیشتنە تیٚگەیشتنیٚکی هاوبەش لەخۆدەگریٚ، بەپشت بەستن بەمە، و بە ئەندازەی ئەوەی ئەتیقای گفتوگۆ گوزارشت لەم ڕەهەندە پیٚشینەیە دەکات، ئەوا ((هەلّدەستیٚت بە شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی زانین – درك پیٚکردن بۆ دەربڕینە ئەخلاقیەکانمان، بیٚ گەڕانەوە بۆ ڕیٚکخستنی ئەخلاقی سروشتی، ناسراو و پیٚکهاتوو لە چەند ڕووداویٚکی ئەخلاقی، کە بتوانیٚ بخریٚتەبەر وەسفکردن، هەر بۆیە نابیٚ تیٚکەلّکاری بکریٚ لە نیٚوان دەربڕاوە ئەخلاقییەکان، کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پیٚویستە ئەنجامی بدەین، لەگەلّ دەربڕینە وەسفییەکان، کە ئەرکیان کورت بووەتەوە لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕیٚگەیەی، کە بەهۆیەوە شتەکان وا دەبینین پەیوەندیەکەیان بەکەوە ئالۆز و توندگیرە))[3]، هەر بۆیە جیاوازی دەکەین لە نیٚوان ئەخلاقی تیۆری و ئەخاقی کرداری، کە پشت بە بنچینە گەلاّلّەبووەکان لە واقیعیەوە دەبەستیٚت.

بەمە پیٚوەرەکانی ئەتیقای گفتوگۆ، دابڕاو دەبیٚ لەلایەنی ماددی و جۆریٚك لە ڕەوایی پابەندکەر پیٚکدیٚنیٚ، ((بواری فراوان بۆ فرەیی کەلتوری و میٚژووی بۆ دەسەلاّتە گوتارییەکان

(١) عمر مهيبل: مقدمة كتاب هابرماس: اتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، ص ٨ – ٩.

(٢) المرجع السابق: ص ١٤ – ١٥.

(٣) يورغن هابرماس: اتيقا المناقشة ومسألة الحقيقة، ص ٦٢.

پەسەند ناكات، كە لە زمانەكانی تاكەكەسیدا فەراهەمە، بەسەر ڕاستی دەستخستنی بەشداربووان لە چاڵاكیدا، كە خاوەن ئاستێكی تایبەتە لە پەیوەندی زمانەوانیدا، بۆ ئازادی بە وەڵامی (بەڵێ) یان (نەخێر) بۆ داواكارییە ڕەواكان. بابەتی ئازادی بەوە جیاوازە، گوێگر دەتوانێ لە ژێر گریمانەی پێشوەختە بۆ كاری پەیوەندی گرتن، وتەی قەسەكەر ڕەت بكاتەوە، لە ڕێگەی نكۆڵی كردن تەنها لە ڕەواییەكەی. پەسەندن كردن واتە نەرێنی نەوەك ڕەوایی قسەكە. هەر كاتێك بەشداربووان هەوڵ بدەن لە كارلێكەكاندا بۆ بەرجەستەكردنی تێگەیشتنێكی ئاڵوگۆڕ كراو لە ڕێگەی هەر هێمایەكەوە بێ، لێرەدا توانای جێگرەوەی تێگەیشتن هەن، تێگەیشتن نییە، یان تێگەیشتنێكی خراپە، لەسەر ئەم بنچینەیە هاریكاری و ناكۆكی پێشوەختە، خاسیەتێكی جیاوازە. بەڵام لەسەر ئاستی وتەی ڕێزمانی تەنها دەتوانێ ڕێكەوتنەكە شێوەی یەكدەنگی جێبەجێكراو وەربگرێ، پەیوەندی زمانەوانی تێگەیشتنێك دەسەپێنێ، هەڵوێست بەرامبەر داوای ڕەوای شیاوی ڕەخنە بە بنەما دەكات))[1].

هابرماس وتی: ((كرداری گەیشتن بە تێگەیشتن، كرداری بەدەستهێنانی ڕێكەوتنە، لەسەر بنچینەی پێشوەختە، خۆی دەبینێتەوە لە بانگەشەی چاكسازیدا، كە لایەنە بەشدارەكان دانی پێدادەنێن، ئەمەش دەستپێك لە زەمینەی هاوبەش بۆ ڕاڤەی سەلمێنراو لەلایەن بەشداربووانی گفتوگۆكە، تەنها بە وروژاندنی گومان سەبارەت بەم هاوبەشان یان پڕوپاگەندەی چوار چاكسازیەكە (ڕاستی، دروستی، ڕاستگۆیی، ڕاستی – زمانەوانی))، ئەوا كرداری پەیوەندیگرتن ناكرێ بردەوام بێ"[2]، لەسەر ئەمە پڕوپاگەندەكانی شیاوێتی بۆ ئەتیقای گفتوگۆ، پێویستیەكی پێشوەختە و ناچارییە، بۆ دەستكردن بە كرداری پەیوەندیگرتن، كە ئامانجی تێگەیشتن، ناكرێ گومان لەمە بكرێ یان خۆدزینەوە لە بەرامبەردا ئەنجام بدرێ.

---

(١) J.Habermas: The Theory of Commucative Action, V. 2. P. 73.

(٢) J.Habermas: The Theory of Commucative, Edited by Maeve Cooke, the MIT press, Cambridge. 1998. P. 23.

بەمەش چوارچێوەی پێشووی ئەزموونی پەیوەندی، پێەری ڕەوای گفتوگۆ لە نەبوونەکە پێکدێنێ، بەمەش ئاماژە دەدات بە جۆرە گرێبەستێك، کە بەکاردەهێنرێ بۆ ((جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەوانەی بەشدارن لە دەربڕیندا، پێویستە لەسەریان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژمارەیەکی دیارکراو لەو بنەمایانە پەسەند بکەن، کە گفتوگۆ دەکەنە شتێکی شی و یەکێك لە بنەماکانی بەڕێوەچوونی، ئەمە وا دەکات هەر کەسێك ماف و ئەرکەکانی خۆی و ئەوانی تر بزانێ، چەمکی ککرێبەست پێشوەختە گریمانەی ئەوە دەسەپێنێ ئەوانەی سەریان بە هەمان ئاڕاستەوەیە لە کردارە کۆمەڵایەتیەکات، توانای ڕێکەوتنیان هەیە لەبارەی تێڕوانینە زمانەوانیەکانی ئەم پیادە کردنانە))[١]. ئەم پێوەرانە بە ورددی لە ڕەگەزەکانی گوتاردا دەخرێنەڕوو، کاتێك قسەکەر ((بە ڕوونی باسی ڕاستگۆیی بابەتی و پێوەری یان ڕاستگۆیی تەواوی خودی دەوروژێنێ))[٢].

کەواتە ئەم بنچینانەی کرداری پەیوەندی، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی قسەدا دەمایەوە، کە لەسەر گفتوگۆی چاکتر دادەمەزرێن، کە پەیوەستن بە بانگەشەی ڕەوا یان ڕاستترەوە، یەکەمیان ئەم گوزارشتانە ڕاستی دەربڕن بۆ جیهانی بابەتی، دووەمیان یدەربڕینەکە دروست بێ بۆ پێوەری جیهانی کۆمەڵایەتی، ئەم دەربڕینە ڕاست بێ سەبارەت بە جیهانی خودی قسەکەر، ئەمەیان بابەتی سێیەمە، بابەتی چوارەم، هاوشێوی داهێنانە لە پێکهاتنی کۆمەڵ و یەکدەنگیدا، ئا بەم شێوە دوبارە هێمای ژیان بە کەلتور[٣] و پێوەرە ئەخلاقی و یاساییەکەی

---

(١) دومنيك مانغونو: المصطلحات الفاتيح لتحلي الخطاب، ترجمة محمد يحاتين، الدار العربية للعلوم ومنشورات الإختلاف، لبنان والجزائر، ط ١، ٢٠٠٨، ص ٣٠.

(٢) J.Habermas: The Theory of Commucative Action, V. 2. P. 72.

(٣) Doug Wilson: The Theory of Commucative Action and the problem of the Commons, Paper presented at the Second Annaual Conference of the International Association for the Study of Common Property, Winniperty, Winnipeg, p. 4. 1991, Manitoba, 26 – 29 Sept.

دووباره بەرهەم دێتەوە، پێشتر وتمان پەیوەندی دووبارەی ژیان و گوەزران بەرهەم دێنێتەوە، گرنگی ئەتیقای گفتوگۆ ڕوون دەبێتەوە لە پەیوەندی دروست، دیاریکردنی پەیڕەوی ئاڵوگۆڕی زمانەوانی و لێتێگەیشتن، دووبارە بنیاتنانەوە لە نێو جیهانی ژیان و گوزەراندا، بەڵکو دۆزینەوەی ڕاستی بەڕەهایی، چونکە ملکەچی پەیوەستبوونی نێوان وتەکانە لە بەڵگە هێنانەوەدا [1]، ئەم نەریتە بۆ بنیاتنان، پەیوەندیەکی بەردەوامی دەخواست، لەگەڵ ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی کارا، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر پابەندی بە چەند بنەمایەکەوە، کە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی دوو لایەنە لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون، هاووێنەی ئەم ڕێکەوتننامەیە دوو لایەنە، وا دەخوازێ بڕیارەکانی سەر کردارەکانی گوفتار، دامەزراو بن لەسەر پڕوپاگەندەی نا دروست یان ناڕەوا[2].

هابرماس دەڵێت: (( بەشداری کرداری هەر تاکێکی دیاریکراو، دەستەبەری ڕامان دەکات لەو شێواندنانەی بەرهەم دێ لە لێکدانەوەی قسەکەر بە ناوی بەرژەوەندیە کەسییەکان، بەم پێیە و لەم نزیککردنەوە ئاڵوگۆڕیەدا، هەر یەکێکمان بەخۆی دبێتە سەرچاوەی کۆتایی، کە دەکرێ ئامادەی بکات بۆ دیارکردنی ئەوەی دەکەوێتە ژێر ئاڵای بەرژەوەندی کەسی بەدەر لەوانی تر، لەلایەکی تر لەسەر وەسف کردن پێویستە، کە خاڵی هەنگاو نانی هەر یەکێکمان پێکدێنێ بۆ وێناکردنی بەرژەوەندیەکانی، لەبەردەستی ئەوانەدا بمێننەوە کە لەوانەیە پیادەی لەسەری بکەن، بەهەر حاڵ، لەبەر ڕۆشنایی بەها کەلتوریەکان، کە پێویستیەکان لە چوارچێوەکەیدا لێکدراونەتەوە، بەو مەرجەی ئەوەی دوایی بەشێکی دانەبڕاو بێ لەو لاسایی کردنەوەی تیایدا بەشدارین لە نێو خودیدا، لەبەر ئەوەی پێداچوونەوە بە بەهاکانی ڕێکخراو بۆ کرداری دیاریکردنی پێویستیەکان، تەنها پرسێك دەکرێ تاکەکان بە تەنها بەدەستی

---

1) یورغن هابرماس: المعرفة والمصلحة، ص ٣٧٧.

2) Doug Wilson: The Theory of Commucative Action and the problem of the Commons, p. 6.

بخەن))[1]، بەمە بەشداری کرداری بۆ پەیوەندی ئامانجدار، بۆ تێگەیشتن و گفتوگۆ لەبارەی داواکاریە کۆمەڵایەتیەکان، دەبێ ئەمە ئامادە ببێ وەك پێکهاتەیەکی نێو خودی، کە کورت نابێتەوە بە کرداری تاکە کەسی، بۆ بەدەستخستنی ڕاستیەکان بەرامبەری، گریمانەکردنی پێشەکی ئەتیقی بۆ ئەم گفتوگۆیانە بە مەرج دەگیرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم تێڕوانینە ئاڵوگۆڕیە، ئەمەش ئامادە دەبێ وەك دوو ئاستی ئەم کردارە (ئاستی ئەنتۆلۆژی و ئاستی ئەکسیۆلۆژی).

### ٢- ئاستەکانی ئەتیقای گفتوگۆ:

ئەتیقای گفتوگۆ خۆی لە دوو ئاستی دیاریکەری بەرنامەکەیدا دەبینێتەوە:

**یەکەم: ئاستی گریمانە ئەنتۆلۆژی (بوونگەراییەکان):** ئەمە ئەوەیە من ئەگەر سەرنجی ڕووداوێکم کرد، ئەوا گریمانەی بوونێکی نا بابەتی دەکەم، ئەمەش کاتێك هەستێکی دیاریکراو دەردەبڕم، ئەوا گریمانەی بوونی جیهانێکی خودی تایبەت بەخۆم دەکەم، ئەگەر ڕەچاوی پێوەرێکم کرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە گریمانەی بوونی جیهانێکی کۆمەڵایەتی دەکەم، دەبێ بەم پێوەرانە ڕەچاو بکرێن.

**دووەم: ئاستی گریمانە ئەکسیۆلۆژی (بەهای)یەکان:** ئەمە ئاستێکی گشتگیرترە، پشت دەبەستێت بە پیادەکردنی ڕامان، بەرامبەر تێکگیرانە جێبەجێکردن یان ئاڵوگۆڕیەکان، لەم ڕامانی گریمانی بەهاییەدا ڕاستگۆیی پێچەوانەی درۆ و ڕاستی پێچەوانەی گومان، دروستی پێچەوانەی

---

(١) J.Habermas: Notes pour fonder une ethique de la discussion, moral et communication, trad, Christain Bouchindhomme, paris, ed, du cerf, 1986, p [illegible].

نقلا عن جان مارك فيري: فلسفة التواصل، ص ١٥٢.

هەڵە بەرهەم دێت، ئەم بەهایانە دەبێ بەگوێرەی ئاسۆیە تایبەتەکانی بناغەی بۆ دابمەزرێ، بە جۆرێك لە پێشینەیی، بە هاودەمی گریمانە ئەنتۆلۆژیەکان لە ئاستی یەکەمدا[1]، مانای تێکگیرانی جێبەجێکردن بەرجەستە دەبێ، لە میانەی هەڵنەستانی مرۆڤی بەشدار لە گفتوگۆدا، بەجێبەجێکردنی کردارێك، تێکگیران لە نێوان بنچینەکانی گفتوگۆ بێنێتەدی (ڕاستگۆیی و حەقیقەت و دروستی) کە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر کرداری گوفتاری(*)، بۆ نموونە بە شێوەیەکی ڕوونتر بەڵێن بە شتێکی نا ڕاستەقینە بدات، ئەو ڕاست دەکات، بەوپێیەی دەیەوێ بەڵێنەکەی بباتەسەر، بەڵام شتەکە ئەستەمە بەرجەستە ببێ، بەهۆی تێکگیرانی لەگەڵ بوارێکی تر، کە گریمانەکردنی ڕاستییە، وەك چۆن ئەوەی بەڵێن بە مرۆڤێك بدەم، بەوەی خۆری پێدەدەم، پێدانی خۆر بە کەسێکی تر، کارێکی ناژیرانەیە، ناکرێ ڕاستەقینە بێ، بەڵام قسەکەر ئەگەر مەبەستی وابوو و دەیویست ئەم کارە جێبەجێ بکات، ئەوا دەکەوێتە نێو تێکگیرانەوە لە کرداری جێبەجێ کردنی پشت بەستوو بە کرداری گوفتاری، بەمەش جیاوازی لە نێوان بوارەکانی بەهادا ڕوون دەبێتەوە، ئەمە پێشوەختە ڕوون دەبێتەوە وەك گریمانەیەك، بواری ڕاستگۆیی جیایە لە بواری دروستی، هەروەها لە بواری حەقیقەتیش، هەر یەك لەم بەهایانە گریمانەی بوونی جیهانێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن، کە لێیەوە گەڵاڵە دەبن و پێیەوە پەیوەست دەبن. بۆ نموونە کاتێك ئاڕاستەی دوای نوێگەری وەردەگرین، ئەوا نکۆڵی لە حەقیقەت دەکات، بەڵام کاتێك ڕەخنە لە نوێگەری دەگرێت و لەم بوارە ڕەخنەکان دەنوسێ، ئەوا مەبەستی گەیشتنە بە حەقیقەت یان گۆتنیەتی،

---

(1) جان مارك فيري: فلسفة التواصل، ترجمة وتقديم عمر مهيبل، الدار العربية للعلوم ومنشورات الإخلاق والمركز الثقافي العربي، لبنان والجزائر، ط ١، ٢٠٠٦، ص ٧١ – ٧٢.

* کرداری گوفتاری: یەکێکە لە زاراوە بنەڕەتیەکان لە زمانەوانیە دەستاودەستکراوەکان، لە بەتیۆردانانیدا، چاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئۆستن، هەروەك سیرل بەشداربوو لە قوڵکردنەوەیدا، مەبەست لێی یەکێتی بچوکە، کە لە سایەدا زمان بە کرداری بەرجەستە بوو (فەرمان، داخوازی، دەربرین، بەڵێن،...) ئامانجەکەی خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕینی دۆخی قسەکەران. (ينظر: دومنيك مانغونو: المصطلحات المفاتيح لحتليل الخطاب، ترجمة محمد بحاتين، الدار الرعبية للعلوم ومنشورات الإختلاف، لبنان والجزائير، ط ١، ٢٠٠٨، ص ٧).

ئەم تێکگیرانێکی جێبەجێکاری ڕوونە. ئا بەم شێوەیە لە گشت وتەکاندا، کە بانگەشەی حەقیقەت دەکەن، بەڵام تێکدەگیرێ لەگەڵ مەرجەکانیدا لە پێکهاتەی گوتار یان بنچینەکانیدا.

لە گەڕانەوە بۆ ئیتیقای گفتوگۆ، ئەو مەرجە ڕوکەشیانەی پەیوەندیدارن، کە ناکرێ بیر لە ڕەخنە بکرێتەوە، بەبێ ئەو مەرجانە، سەرباری ئەمانە ئەو گریمانانەی پەیوەستن بە دیاردەکانی جیهان و گومانە تایبەتمەندەکان بۆ چاکی و گونجاوی))(1)، دەتوانین بانگەشە و پڕوپاگەندەکانی گونجاوی ئەم (پێکهاتەی ئیتیقای گفتوگۆ)، کە لە تێکەڵ کێشکردنی دوو ئاستی ڕابردوو گەڵاڵە بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

یەکەمی ئەم گریمانانە ئئەوەیە عەقڵ پەسەندی بکات، کە پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنی پۆلێکی پێکهاتوو بەشێوەیەکی دروست، بە ڕێزگرتن لە بنچینە بەکارهاتووەکانی زمان، ئەم گریمانەیە پەیوەست نییە ببە هیچ بانگەشەیەکی پێشووی گونجاویەوە، وەك لەگەڵ ڕاستگۆیی و دروستی و حەقیقەتەوە پەیوەستە.

گریمانەی دووەم، پەیوەستە بەو ڕاستیەی خۆی لە وتەدا دەبینێتەوە، دەبێ لێرەدا وتە ئاماژە بەو ڕووداوە بکات، کە لە جیهانی بابەتیدا هەیە، ئەمە مانای وتە دابنپێدانانەکانە.

گریمانەی سێیەم دروستییە، ئەویش ملکەچ بوونی دەربڕینی نێو خودییە، بۆ پێوەرە بەرهەمهاتووەکان، لەلایەن کۆی کۆمەڵگەوە لە پێشتردا، کە دانی پێدانراوە و ڕەوایە.

چوارەمیان گریمانەی ڕاستگۆییە، ئەمە مۆڵەت دەدات بە گوزارشت کردن لە مەبەستەکانی قسەکەر، بە ڕێگەیەکی ڕاستگۆیان و دوور لە گومڕاکردن و درۆ و نکۆڵیکردن(2)، ئەمە بێ گومانی دەخوازێ لە دڵسۆزی خودە بایەخدەرەکان بە بابەتی گفتوگۆ.

---

(1) جان مارك فيري: فلسفة التواصل، ص ٧١.

(2) حسن مصدق: يورغن هابرماس ومدرسة فرانكفورت... النظرية النقدية التواصلية، ص ١٤٦.

هابرماس پێی وایە، ئەم بانگەشانە هاودەمی کرداری گوتارین، هەر کاتێك لە نێو کرداری پەیوەندیدا دەربڕین، ((ئەمانە چەند بانگەشەیەکن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادە دەبن لە کارلێکی ڕۆژانەدا، "ئێمە" لە هەر پەیوەندیەکی زمانەوانیدا چوار بانگەشە یان بەتاك یان بەکۆمەڵ دەخەینەڕوو: یەکەمین ئەوەی دەیڵێین، دەتوانین لێی تێبگەین، دووەمیان ئەوەی دەیڵێین ڕاستییە، سێیەمیان ئەوەی دەیڵێین ڕاست پێکراوە، چوارەمیان ئەوەی دەیڵێین گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەیە لە هەستەکانما))[١]،

هەندێك کەس پێیان وایە، ئەم بنەما ئیتیقانەی گفتوگۆ، هاوشێوەی ئەو ئارەزووەن، کە کانت هەوڵی بۆ داوە لە سێکوچکە ڕەخنەییەکەیدا (ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ڕووت، ڕەخنەگرتن لە عەقڵی کرداری، ڕەخنەگرتن لە بەهرەی حوکم)، ئەم ئارەزووە لەلای هابرماسڕەنگدەداتەوە لەو نموونەی دەیخاتەڕوو، کە ئامانجی گەیشتنە بە ڕاستی زانیاریەکات، دادگەری هەڵسوکەوت و کردارەکان، گوزارشتی ڕاستەقینە لەبارەی خود دەربارەی ڕاستگۆییەکەی[٢]، ئەم نیزککردنەوەیە، ئەگەر ڕووێکی دروستی تێدابێ، بەڵام ناگونجێ لەگەڵ بیرۆکەی هابرماس لە خولیاکانی ئەتیقای گفتوگۆدا.

کارایی پەیوەندی وا دەخوێندرێتەوە، ئەو چۆنیەتیەیە کە تیایدا چارەی ((حەقیقەت بکرێ، کاتێك بۆی نابێ ئەمەی دوایی ڕێگەی پێبدرێ لەلایەن دەسەڵاتی باڵوە، کاتێك دەزانین هەرچی دەربڕینە بە دڵنیایەوە ملکەچی چوارچێوە دیاریکراوەکانە، ئەمەش داوای ڕۆیشتن دەکات بۆ تیۆرێکی پەیوەست بە گونجاوی یان پەسەندێتی دەربڕینەکانەوە، هەر بۆیە تیۆری کارایی پەیوەندی پێشنیازی تاوتوێکردنی ڕاستی کردووە، وەك ڕێڕەوێك بۆ ئاڵوگۆڕی بەڵگەکان، ئەمە

---

(١) ألن هاو: النظرية النقدي، ص ٢٣١.

(٢) ايف جونريه: يورغن هابرماس... التواصل اساس الإجتماع، ضمن كتاب جان فرنسوا دورتيي: فلسفات عصرنا – تيارتهما ومذاهبها وأعلامها وقضاياها، ص ١٦٦.

بەگوێرەی گریمانێکەوە ئەنجام دەدرێ، کە پەیوەستە یە بەرپابوونی ڕێکەوتنی بە کۆمەڵ، ئەمە گریمانەیەکە لە بنیاتی زماندا هەیە، ئەمە ئەخلاقی گفتوگۆیە))[1].

ئەگەر ئەوەی گرنگ جێبەجێکردن یان کرداری گوتاری ئاڕاستەکراو بێ بەرەو ئەوانی تر، بە ئامانجی تێگەیشتن، ئەوا ئەو کەسانەی بەشدار دەبن ((لە کارلێکدا، ئەوا پڕۆژەکانیان بەڕێوە دەبەن بە ڕێکەوتنی تنێوانیان لەسەر فرمانی بوون لە جیهاندا، من قسەکەر، ئەوەیتر کە هەڵوێست وەردەگرێ لە بەرامبەر ئەم کارە گوفتاریە، یەکێك لەگەڵ ئەوەیتر پەیوەندی کەسی دەبەستن، ئەم پەیوەندییە وەڵامی بنیاتێك دەداتەوە، کە لە میانەی ئەو سیستەمەی پێکی دێنن — لە بەیەکگەیشتنە ئاڵوگۆڕ کراوەکەی — ئاشنای تێڕوانینی قسەکەران و و بیسەران و کەسانی ئامادەبوو بن، ئەوانەی کە هێشتا بەشدار نەبوونە لە کرداری ئاڵوگۆڕی، بەرامبەر بەم سیستەمە، هەر کەسێك ئەم سیستەمە بەکاربهێنێ، دەزانێ چۆن تێڕوانینەکانی ڕاناوی قسەکەر و ڕاناوی دوێنراو و ڕاناوی نائامادە بەکاردەهێنێ، چۆن یەك لە دوای یەکیان دادەنێ، بە ڕووێکی جێبەجێکاری، ئەم ئاڕاستەیە بۆ بەشداربوون زمان نێوەندگیریەتی، مۆڵەت بە خود دەدات، بەرامبەر بەخۆی پەیوەندیەکی تری هەبێ... ئەمە بژاردەیەکە لە ساتێکدا دەکەوێت، کاتێك ئەو خودێتیە ڕوون دەکرێتەوە، کە زمانەکەی دەدرێتە پاڵ))[2]، هابرماس دەیەوێ ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە لەسەر ئەوانە پێویستە کە بەشدارن لە گفتوگۆی نێو خودی، بە پەسەندکردنیان بۆ ئەتیقای گفتوگۆ (پێویستبوونی لەسەریان)، پیادەی پەیوەندیەکان لە بەرهەمهێنانی دەربڕینەکاندا، گشتگیر بن، یەکێك ڕۆڵی ئەویتر وەربگرێ وەك گوێگر و بیسەر و قسەکەر و تێبینەر و ئامادەنەبوو، دەکرێ قسەکەی بابەتی گفتوگۆکە ڕەت یان پەسەند بکات، بەمەش بەرنامەی ئەتیقای گفتوگۆ دێت وەك سەقفێکی داپۆشەری هەموو کرداری پەیوەندی گرێدان، وەك مەرجی ڕووت و گشتگیر، کاتێك

---

(1) فراسنوا أوالد: هابرماس.... جدلية العقل الحديث، ضمن كتاب مسارات فلسفية (مجموعة من المؤلفين)، ص ١٥٨.

(2) يورغن هابرماس: القول الفلسفي للحداثة، ص ٤٥٥ – ٤٥٦.

((پشت بە هەڵوێستی تیۆری دەبەستین و جێگەگرتن قبوڵ دەکەین لەسەر ئاستی گوتاردا، بەڵکو کرداری پەیوەندیدا بەگشتی، دەبینین ئێمە بە یەکجار و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەلایەنی کەمەوە هەندێك گریمانە دابنێین، کە بەبێ ئەمانە یەکدەنگی شیاوی بوون نابێ، هەر بۆیە گریمانەی بەچاکتردانانی پرسە حەقیقیەکان، بەسەر پرسە ساختەکان، پێوەرە ڕاستەکان بەسەر پێوەرە ناڕاستەکانمان کرد، بەم پێیە پێوەری چاکبوون، تایبەت بە قسەکردن، سەبارەت بە بوونەوەرێکی زیندوو کە لە چوارچێوەی بنیاتی پەیوەندیدا دەژیت، لە زمانی ئاساییدا، سروشتی ناچاری هەیە بۆ گریمانەی گشتگیر و بەرز))[١].

ئەخلاقیاتی ئەم گفتوگۆیە، تاکە شتە بتوانێ دەستەبەری گشتگیری ئەم پێوەرانە بکات لەلایەك، سەربەخۆیی خودەکان لەلایەکی ترەوە، ئەمەش لە میانەی ئەو توانایەی ئەم ئەتیقایە پێدەبەخشێ بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو پڕوپاگەندانەی پێوەرەکان دەیخەنەڕوو، چونکە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات خۆی ڕاست و دروستە، کە هەمووان لەسەری کۆکن، چونکە ئەنجامەکە دەبێتە پێکهاتنی تیۆری بۆ ویستی گشتی گەڵاڵەبوو لە گفتوگۆی ملکەچبوو بۆ ئەم ئەتیقایە، ئەخلاقی پەیوەندی لێرەدا گشتگیرە، چونکە هەموو لاوەکییەکان (پێوەرە یاساییە تایبەتەکان)ی بۆ ملکەچ دەکات، بەهەمان شێوە ئەمە بە تەنها بڕوای هەیە بە سەربەخۆیی خودی، چونکە هەل بۆ بکەر دەڕەخسێنێ، بۆ بەشداری کردن لە بنیاتنانی بنیاتی پەیوەندی بە ویستێکی کامڵ و سەربەخۆ، بەهۆی هۆشیاری تایبەت[٢].

هابرمانس توانی گشتی پێشوەختەی بەدی کرد لە ئەتیقای گفتوگۆدا، کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی کرداری سەرکەوتوو بۆ کرداری وتە لە پیادەکردنی پەیوەندیدا، ئەمەش وا لە

---

**١)** یورغن هابرماس: بعد ماركس، ص ١١٨.

**٢)** روديجر بوبنر: الفلسفة الألمانية الحديثة، ص ٢٧٠ - ٢٧١.

بکەرەکان دەکات بنچینەیەکیان هەبێ بۆ ڕەخنەگرتن لە هزرەکان و دەسەڵاتیان و ئەو شتانەی لێیان بەرهەم دێت، لێرەوە پەیوەندی دووچاری شێوان دێت[1].

لە ڕاستیدا، ئەم گریمانە یان پڕوپاگەندانە بۆ چاکی و شیاوی گفتوگۆ، لە ڕێگەی پیادەکردنی پەیوەنجدی دروستی نا شێواو، گریمانەی بوونی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەکات، کە بتوانرێ کارایی پەیوەندی تێدا ڕێك بخرێ، بەشێوەیەکی دوور لە شێواندن و ناڕوونی، بەمەش ئەو گفتوگۆیەی لەلایەن هابرماسەوە پێشکەشکراوە، وێنەیەکی نموونەیی ئامانجدار وەردەگرێ، بەرەو فەراهەم کردنی ئەو ڕەهەندە تیۆری ئەخلاقییە، کە دەتوانێ جڵەوی پەیوەندی کرداری بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ((گفتوگۆی نموونەیی، بوارێکی نێو خودی پوختە، کاتێك کۆت و بەند یان سنوورێك نابێ، ببێتە کۆسپ لەبەردەم پەیوەندی دروست بوو بەهۆی گفتوگۆی نموونەییەوە، ئەوا ڕێکەوتنی بەکۆمەڵی عەقڵانی ئازاد بەرپا دەبێ، ئەم ڕێکەوتنە بنەمایەك پێکدێنێ لە دژی گشت پڕوپاگەندەکانی ڕاستگۆیی، کە پێویستە بپێورێن، ئەمە بووەتە بەردی بناغە کە بەهۆیەوە دەکرێ بڕیار لەسەر هەڵوێستەکان و پڕوپاگەندەی لایەنە ناکۆکەکان بدەین، هەر کە جۆرێك لە داپڵۆسین و سەرکوتکردن بەسەر ئەم ڕێکەوتننەدا هات، ئەوا پەیوەندی سەلامەت نامێنێ))[2].

کرداری پەیوەندی گرتن، بەگوێرەی پێوەرە هەڵقوڵاوەکان لە زانیاری لەخۆگرتن، کە بەردەوام کاری پێدەکرێ بەرەو کامڵبوون لە هەڵسوکەوت (لەیەکتر گەیشتن)، کرداری پەیوەندیگرتن، وتە وەك بنەمایەك بۆ ڕەوایی دادەنێ، ئەوا داخوازی یان پڕوپاگەندەکانی ڕەوایی گشتگیر (ڕاستی و دروستی و ڕاستگۆیی و پەسەندێتی عەقڵی) کە بەشداربووان داوای دەکەن، لە کرداری پەیوەندی

(1) غالي حسين دواجي: الفاعلية التواصلية عند هابرماس، ص ٣٠٠.

(2) جورج لارين: الأيديولوجيا والهوية الثقافية، ص ٢١٤.

گرتن، له میانەی ئاڵوگۆڕی زمانەوانی، وا دەکات ڕێکەوتنی بە کۆمەڵ یان ڕێکەوتنی بەکۆمەڵ شیاوی بوون[1].

ڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەم ڕێکەوتنە، هەروەك ڕوونبووەوە، ((زمانە، کە لە میانەیدا دەتوانرێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست گەڵاڵە بکرێ، مادەم تەنها ئەو پابەندیە وەردەگرێ، کە بەڵگەی باشتر و تواناداتر دەیسەپێنێ... ئەمە هابرماسی ئامادەکرد بۆ بە بنەماکردنی گریمانەکانی زانستی دەستاودەستکردنی زمانەوانی، بۆ ئەوەی شایستەیی کرداری پەیوەندی بچەسپێنێ... لێرەدا گرنگ ئەوەیە بیرۆکەی پەیوەندی لە زمانەوە هەڵدەقوڵێ، واتە زمان پێش بەڵگە دەکەوێت، قەناعەتەکان قبوڵ ناکرێ تەنها بە ئەندازەی خستنەڕووی بەڵگەکەی نەبێ))[2]، ئەمە بازنەی پەیوەندییە لە نێوان ئەخلاقێکی تیۆری، کە بڕیار لە هەڵسوکەوتی پەیوەندی دەدات، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی پەیوەندی زمانەوانی، کە لەسەر ئەتیقای گفتوگۆ پێویستە جڵەوگیری بکات، چۆنیەتی بەرهەمهێنانی پەیوەندیەکی دروست دیاری بکات، کە وەستابێتە سەر ئاڵوگۆڕی وەك ئامرازێك بۆ لەیەکترگەیشتنی نێوان گفتوگۆکاران. هەر بۆیە دەکرێ خاسیەتەکانی ئەخلاقیاتی گفتوگۆ کورت بکەینەوە، بەهۆ ئەوەی هابرماس گۆڕیویەتی لە وێنەی چوارچێوەی تیۆری کرداری پەوەندی بۆ ئەوەی گوزارشت بکات لە: ((داڕشتنی ڕەواییەکی عەقڵی هەڵسوکەوتی، ئەوە بگەیەنێت، کەسێکی دیاریکراو، دەوروبەرە کۆکەڵایەتیەکی هەر چۆنێك و زمان و شێوەی ژیانەکەلتوریەکەی بەهەر شێوەیەك بێ، ئەوا لە توانایدا نییە نەچێتە نێو کرداری پەیوەندیدا، دواتر لە توانایدا نابێ وەك ئەنجام بایەخ بە گریمانە دەستاودەستکراوەکان نەدات، کە پێمان وایە پێچدانەوەیەکی گشتییە))[3]، ئەمانەی خوارەوە پێویستی و سیفەتەکەکانی ئەتیقای گفتوگۆن:

---

1) یورغن هابرماس: بعد مارکس، ص ٤٦.

2) حسن مصدق: یورغن هابرماس و مدرسة فرانکفورت، الظریة النقدیة التواصلیة، ص ٦٧.

3) یورغن هابرماس: أتیقا النقاش، ص ٣٠.

- گشتگیر و هەمەکی و بەرز و ناچاریە بۆ هەر جۆرێك، لە جۆرەکانی گوتار.
- پەیوەستە ببە ئامرازەکانی دۆزینەوەی ڕاستی لە جیهانی بابەتیدا.
- پەیوەستە بە گریمانەوە، چونکە پەیوەندی دروست بەبێ ئەمە نییە.
- هەروەك پێویستیەك پێکدێنێ بۆ پێوانی کردارەکانی دەربڕین، پابەندی ڕاستگۆیی خودی قسەکەر.
- پێویستە بۆ دروستکردنی پێوەرەکان، ملکەچ کردنیان بۆ پشکنینی گشتگیر و دووبارە بووەوە.
- لەسەر ڕەهەندی زمانەوانی بەرپا دەبێ، وەك ئامراز و کەرستەیەکی بابەتی، بۆیە دەگەڕێ بە دوای ئەوەی زمان بەرهەمی دێنێ، بە گوێرەی مەرج و ڕێوشوێنەکانی.

**پوختە:**

پرسی دوودڵی کە لە ناخی هابرماسدا نیشتەجێیە، بە بابەتێکی کورت هەڵاتوو دەمێنێتەوە، بە بەدواداچوون کردن بۆ ڕێڕەوی تێکەڵکاری نێوان هەر دوو کارامەیی دوو هۆی جیاواز، بە مەبەستی وەرچەرخاندنی مرۆڤ، بۆ شت و بە کەل و پەلکردنی مرۆڤ، لە جیهانێکی لێوان لێو لە ونبوون و پەرتەوازەیی بەکاربەریدا، دەبینین دەستدەکات بە جۆرێك لە دیاریکردن بۆ نەخۆشیەکە، لەگەڵ ستراتیژەکان و شکاندنی بۆ هۆکارە تایبەتەکان و بەها پێوەریەکانمان، وای لێدەکات شایستەی چاکبوون و بە لە قالب گرتن و پیشەسازی بێ. لە چوارچێوەی بەرز و جیادا، کە دادەمەزرێ لەسەر بیرۆکەی ئەتیقای گفتوگۆ وەك دەرچەیەك لەو قەیرانە. هبرماس دەگەڕێتەوە بۆ ئامرازەکانی ترانسنتندالی و زمانی و مەبەستی لە وێستگەی گفتوگۆدا، بۆ ئەوەی ژینگەیەك دەستەبەر بکات لە وتەی نموونەی بەتاڵ لە زاڵبوون، کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ دامەزراندنی پێوەری نوێ، کە ئەخلاق دەبێتە گۆشەنیگایەکی شێوەیی بۆی، بابەتی بەهایی وەك بەرهەمهێنێك بۆ ڕێکەوتنەکان لە گفتوگۆ

و مشتومڕەکاندا، گفتوگۆیەکە بڕیار لێدراو دەبێ بە پرسە پوختە ئەخلاقیەکان و ناوەڕۆکی ئەخلاقی بەرهەم دێنێ، لەگەڵ چۆنیەتی دانانان بەوەی پەسەندە بەدەر لەوانی تر.

ئەتیقای گفتوگۆ

# بەرەو وەڵامدانەوەی تەحەدایە هاوچەرخەکان

# بۆ ئەخلاقی ئەودیوی سروشت (میتافیزیکا)

**سوعاد حمداش**

**زانکۆی مەدیە – جەزائیر**

**پێشنووس:**

هەر پڕۆژەیەکی ژیری، کۆمەڵە بنەمایەك لەخۆ دەگرێ، تیایدا مرۆڤ هەوڵ دەدات ڕێکی بخات، بەمەبەستی جیاکردنەوەی ڕاستییەکان، دابەشکردنیان لە میانەی ڕێڕەوێك کە بیبەسێتەوە بە سیستەمی هزرەوە، کە وەك وێنەیەکی دیار لە عەقڵدا دەدرەوشێتەوە، وێنەکان لە مێشکی مرۆڤدا کەڵەکە دەبن، بە ئامانجی دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستی شتەکان، کە ناوەندی ناوەڕۆکی درك پێکردنەکانە بۆ تێڕوانینەکان، ئەمە ئەنجام دەدرێ لە میانەی هەبوونی زمان، بەوپێیەی نێوەندگیری بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە ناوەڕۆکی شتی درك پێکراو، ئەمە گوزارشت دەکات لە قۆناغی ڕامانی ڕەخنەیی، لە میانەی پیادەکردنی عەقڵانی، کە بەرجەستە گۆشەنیگایەکی جیاوازمان بۆ دەکات لە بیرکردنەوەدا، بەوەی پاڵنەری بنەڕەتی پێکدێنێ، لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی مرۆیی و گەشەپێدانی ڕەهەندە ئاڵوگۆڕیەکەی.

بەم پێیە، خود خاوەن چالاکییەکی هۆشیاری پێکهاتووە لە نێوان براکسیس و ئەو پابەندبوونەی هەیە لەسەر بنچینەی سروشتی مرۆڤایەتی، لە ڕووی ئامانجی بەرجەستەکردنی پێویستی و سوودی گشتی، بەگوێرەی تیۆری بەها – ئەکسیولۆژیا – لە میانەی چۆنیەتی

دیاریکردنی سروشتی هەڵسوکەوتی مرۆیی و ڕاگرە زانین و مەعریفیەکەی، لەسەر ئەم بنەمایە، بەهاکان "ئەو شێوە فرە جۆرانە دەبن، کە بکەر دەیسەپێنێ و پەسەند دەکرێن بەوەی شێوەی حەز لێکراون... ئەمە لە دوو لایەن بۆمان دەردەکەوێ کە (کانت) لەخۆی دەگرێ لە وتەی هاوشێوە و هێما و نیشانەدا، یەکێك لەم دوو لایەنەدا بەلای ئامانجگەراییدا دەکەوێ... لایەنەکەی دەگەڕێتەوە ئامانجی ئەخلاقی، ئا بەم شێوەیە ئەزموونی بەهایی بە خودی خۆی دەبێتە ئەزموونی شێوەی ڕووکەشی، کە بەگوێرەی دەربڕینی (لیوتار) جیاکاری کراوە، لە نێوان شێوەکانی ئامانجگەرای شێوە گرتوو لەگەڵ شێوەکانی بە ئەخلاقیکردن... ئەمانە جفرەی ئەرکی کراوەن، بەشێوەیەکی نا سنووردار"[1].

ئەم شێوە ئامانجگەرا و ئەرکە کراوانە، جێکەوتەی کردار و چالاکی پیادەی ژیرانە بەرجەستەی دەکات، کردار ڕەهەندێکی سوودگەرا بەرجەستە دەکات، لە ساتی پڕ کردنەوەی پێویستی لە گەڵاڵە بوونی مانا و درەوشانەوە بە ڕۆشنی، بەم پێیە "مەرجی دەرکەوتنی ڕووداو، بەرجەستەبوونی دۆخی شتەکانە، وەك چۆن ئەو ئامانجە سەری بۆ کێشاوە کە ویستراوە... شرۆڤەی ئامانجی لۆژیکی شاراوەیە لە هەر بەکارهێنانێکدا بۆ چەمکی پاڵنەر، بەمانای هەڵسوکەوت کردن لە..."[2].

"کردارێك بنیاتی هەڵسوکەوتی گوزارشت کرد دەخاتەڕوو، چونکە ناوەڕۆکێکی گریمانەیی شیاو بۆ دیاریکردن لەخۆدەگرێ"[3]. بەوەی "پێکهاتەی لۆژیکی ڕێك و تەواو لەسەر بیرۆکەی هۆکاری

---

(1) جان بول رزفير، فلسفة القيم، تعريب: د. عادل العوا، ط ١، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص ١٧.

(2) بول ريكور، من النص إلى الفعل، أبحاث التأويل، تر: محمد برادة وحسان بورقية، ط ١، دار الأمان، الرباط، ٢٠٠٤، ص ١٥٥.

(3) م. ن، ص ١٣٢.

بکەر، بەمانای مەبەستی، کە تیایدا بەشتێك هەڵدەستێت، ببیرۆکەی سیستەمی هۆکاری بکەر بە کلیلی لۆژیکی کرداری دادەنرێ"[1].

لە هەڵهێنجانی ئەنجامە لۆژیکیەکان، بە دەربڕینێکی هێمایی بەڵگەیی، لە میانەی پێوەری دابەشکردنی هەڵسوکەوت و پیادەکردن و هەڵوێستەکان، بە بڕیاردان لەسەریان، زانینی کرداری ڕاگرەکەی ژیرمەندێتیە، وەك خاسیەتێك، گوزارشت لە کاری ڕەخنەیی و لێکدانەوەیی دەکات لە میانەی بەهرەی جیاکاری و ڕێکخستن و بەش بەشکردن، ئەمەش لە پێناو پێکهێنانی پێوەری هزر و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنی، قۆناغی کرداری، بریتییە لە ساتی زیادبوونی زانین لە میانەی ڕێوشوێنی عەقڵی کارادا، چونکە "زیادبوونی زانین کارێکی عەقڵییە، ئەمە نابێ تەنها بە عەقڵ نەبێ، مەبەست لەمەش ئەوەیە عەقڵ لەسەر دۆخێك ناوەستێ، بەڵکو بە بەردەوامی و بێ پچڕان نوێ دەبێتەوە و وەردەچەرخێ"[2].

لەسەر ئەم بنەمایە، بەهرەی بڕیاردان، دەبێتە ئامانجی بە ئامانجگیراو، لە ڕۆشنکردنەوەی عەقڵ و بەرجەستەکردنی ئەکسیولۆژیای گەردوونی، بەرژەوەندی زانین و مەعریفیمان بۆ دەستەبەر دەکات، دواتر بەرژەوەندی لە پێکهێنانی جیهانێکی واقیعی – کۆمەڵگەیەکی – دامەزراو لەسەر بنچینەکانی بەڵگە هێنانەوە، دواتر کەمکردنەوەی توندوتیژ بۆ جێگیرکردنی دیموکراسیەتی کۆمەڵگەی کراوە، لە میانەی دوگماتیەتی عەقڵی بەڵگە هێنەرەوە، کە ڕاگرەکەی کرداری پەیوەندی گرتن و کرانەوەیە بەڕووی ئەویتردا، ئەخلاق ڕێگەی سود و بەختەوەریە، لە ڕێگگی شوێنەواری پەیوەندی کارا، چونکە دیاری دەکرێ لە دەستەبەرکردنی بواری کار و کارلێك وەك پیادەکردن و بیرکردنەوە، لەبەر ئەوەی "نموونەی کار وەك چۆن (هابرماس) وەسفی دەکات، چەند ڕوو لەخۆدەگرێ، برگەی لایەنی بۆ بەهای ئەخلاقی پێبکهێنێ: یەکەمیان لە سروشتی ئامانجییە،

---

(1) م. ن، ص ١٦٨.

(2) طه عبدالرحمن، اللسان والميزان أو التكوثر العقلي، ط ١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٩٨، ص ٢١.

گوزارشت لە عەقلانیەتی کاری بکەر دەکات... دووەمیان ئەمە لە سروشتی بەهاییە... سێیەمیان لە سروشتی شانۆییە، لە تێڕوانینی ئەو نواندنەی بکەری جەماوەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینی چوارەم، کە ئەو ڕاستیەیە کە هەموو بەهاکانی پێشوو تەواو دەکات، کە بەهای ڕاستی و دادگەری و قەناعەت پێبوونە"[1].

ئەمە تێڕوانینی زانین و مەعریفی ڕەخنەییە، کە هەر دوو فەیلەسوفی ئەڵمانی لەسەر کۆبوونەوەتەوە "یورغن هابرماس" و "کارڵ ئوتو ئابڵ"، لە پێناو دامەزراندنی ئەخلاقێکی بنەڕەتی و جەوهەری، کۆڵەگەکەی عەقڵی زانینی کردارییە، لە میانەی بایەخدان بە کاری مرۆیی و بەدواداچوون بۆ کرداری مرۆیی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ خودی خۆی یان جیهانی دەوروبەری، کاری پێداچوونەوەی ئەکسیولۆژیای بەها و ئەخلاق بووەتە کارێکی پێویست، لەگەڵ هاوچەرخی بوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، ئامانج بەدواداچوون بوو بۆ کەلەپوری کلاسیکی و عەقڵی کرداری کانت بە دیاریکراوی، لە پێناو پاڵپشتی کردنی پێویستی بیرکردنەوە لە ئەخلاقی گشتی دامەزراو لەسەر بنچینەکانی عەقلانیەت و بنەما زانستیەکان، لە میانەی سێکوچکەی عەقڵ/ ئەخلاق/ زانست، بەمەبەستی تۆکمە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، کە بکرێتەوە بە ڕووی گفتوگۆیەکی زۆرتر و مشتومڕێکی زیاتر، ئەمەش وا دەکات پیادەکردنی حوکمەکان و هەڵسوکەوتەکان لە هەڵسەنگاندنا پاکتر بێ.

کارڵ ئوتو ئابل گوزارشت لە ئاڕاستەیەکی هاوچەرخ دەکات بۆ پوتابخانەی فرانکفورتی ڕەخنەیی، کە بە دەستاودەستکردنی براگماتی ناسراوە، ئەویش فەیلەسوفی ئەڵمانیە لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٢، پرۆفسیۆری بواری فەلسەفە بوو لە زانکۆی فرانکفۆرت، هەروەك بەشداربوو لە پێشەکی ئەوروپادا بۆ ڕێبتزی براگمای ئەمریکی بەتایبەت لەگەڵ بروسدا، لە بنەڕەتدا لەگەڵ هابرماس، کە بە قوتابخانەی دووەمی فرانکفورت ناودەبرێ، گرنگی کارە دامەزرێنەرەکەی کۆ

(1) طه عبدالرحمن، اللسان والميزان أو التكوثر العقلي، ط ١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٩٨، ص ٢١.

دەبێتەوە لە پێگەی گفتوگۆی فەلسەفی هاوچەرخدا، ئەمەش لە میانەی ئەو دۆخەی دایمەزراندووە بە هاوبەشی لەگەڵ هابرماس، بەڵام چەمکی هەر یەکێك تایبەت بە خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەش لە ژێر ناوی ئەتیقای گفتوگۆ.

ئەتیقای گفتوگۆی براگماتیەت ترنسندنتالیەت بە ئاڕاستەکراو دادەنرێ، بۆ دامەزراندنی "گونجاوی گەردوونی بۆ بنەمای ڕاستی و ماف و تاکگەرایی"، هەروەها گوزارشت دەکات لە ئەتیقای بەرپرسیارێتی، بەو مانایەی مەبەستە لەلای ماکس ڤیبەر و جوناس، دواتر ئەتیقای گفتوگۆ بە پیادەیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ دیموکراسیەت و لایەنی هزری و ڕۆحی، ئەمە بەهەر ڕێگەیەك ئەو ڕێڕەوەیە، کە ڕێگە دەدات بە تێپەڕینی هەوڵی ناخی هەر تاك و ژیانی کۆمەڵایەتی.

بەم پێیە دەبینین زۆربەی کارەکانی ئابڵ جەخت دەکاتەوە لەسەر مێژوو و و مانای زمان لە کەلتوری ئەوڕوپیدا، هەروەك بایەخ دەدات بە کێشەی پەیوەندی و ئەبستمۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتیەکان لە میانەی شیکردنەوەی چەمك و واتاکانی ڕاڤە و تێگەیشتن، ئەم نزیککردنەوەیە کە بووە هۆی ئاشکرا کردنەوەی ناودارترین مشتومڕی بەرایییەکانی سەدەی بیستەم (کە بەشێوەیەك تایبەت ویلیام دەلتای و ماکس ڤیبەر باسیان کردووە) هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە میتۆدۆلۆژیەت — پەیرەوی — کە بە زانستە ڕۆحییەکان ناودەبرێ.

کارەکانی کۆتایی ئابڵ، بە هاریکاری تۆکمە لەگەڵ هابرماس دانراون، جەختی کردۆتەوە لەسەر گەشەپێدانی "ئەخلاقی گفتوگۆ" لە بەرگری کردنی لە هەڵوێستێکی ناسراو بە "براگماتیەتی بەرز" کە داوای گەڕانەوە دەکات لە بنەڕەتدا بۆ کانت. هەروەك بەشدار بوو بە دیارخستنی فەلسەفەی ئمریکی، بەشێوەیەکی گشتی براگماتیەت لەگەڵ (ولیام جەیمس و جۆن دیوی و جۆرج هربرت مید) لە ئەڵمانیا. بەهەمان شێوە ڕەخنەگرێکی گرنگە، وەك فینتغنشتاین و هیدجر، ئەمەش ڕێگەی پێدا پێگەیەك بگرێ لە نێو دوو لاسایکەرەوەی پێکهاتوو لە نێوان فەلسەفەی شرۆڤەکاری ئەنکلوساکسونیەت و فەلسەفەی هێرمینوتیقیەت. لەم چوار چێوەیەدا بەرنامەی دانا بۆ

گەشەپێدانی تیۆری ئەخلاق، بۆ ببێتە گەردوونی (بە مانای کانتی)، کراوە بۆ گشت قسەکەران، بەوەی پێویستە زاڵببین بەسەر هەموو کۆسپەکان، کە ڕێگرن لەبەردەم بەردەوامی.

ئەو ڕەوتەی ئابل لەگەڵ هابرماس گوزارشتی لێدەکەن، ئەرکی ئازادی و عەقڵ لەخۆدەگرێ لەسەر ئاستی پێشکەوتنی زانستی، ئەمە بەرجەستە دەبێ لە میانەی دووبارە بنیاتنانەوەی بەهاکانی ڕۆشنگەری، هەر لە ئەخلاقی بەهای ئەڕستۆ، ئەخلاقی سوود بۆ ستیوارت میل، ئەخلاقی پێویست لای کانت، ئەخلاقی بەرپرسیارێتی لای ماکس ڤیبەر، بەوەی بنەماکانی ئەم پێداچوونەوە عەقڵانیەت و بێ کۆت و بەندییە، لە بنەڕەتدا ئەوە لەخۆدەگرێ کە پێویستە ببێ.

بەم پێیە ئەخلاقی گفتوگۆ، هەروەك ئابڵ و هابرماس بناغەیان بۆ داڕشت، بەدوای هیچ داناییەکدا ناگەڕێ، بەڵکو لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەییەوە هەنگاو دەنێ، خۆی دەخاتەڕوو لە چوارچێوەی ئەخلاقی کانتی لەگەڵ ئاڕاستەی دیاریکراویدا، هەوڵ دەدات بۆ چەسپاندنی مەشخەڵەکانی تیۆری پەیوەندی، کە کۆڵەگەکەی گفتوگۆ و بڕیاری پاکە لە نێوان ماف و ئەرکدا، ئەمە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەکانی زانین و مەعریفی، کە کۆی ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە هەماهەنگانە بەڵگەجار دەکات، کە جۆرێکی بەرز فەراهەم دەکات لە نێوان زانین و بەرژەوەندیدا، چونکە "لەو ساتەی ئەندێشەی زانین دەکەین، بەوپێیەی نێوەندێکە بۆ پەیوەندی گرتن، ئەو کاتە عەقڵانیەت دەبێتە توانای تاکە بەرپرس و بەشدارەکان لە کرداری کارلێکیدا، لە میانەی ئاڕاستەکردنی ئەرك بۆ داخوازیەکانی چاکێتی، کە جێگە دەکرێ لەسەر دووبارە زانینی نێوخودیدا"[١].

لە چوارچێوەی دروستکردنی بۆشاییەکی گشتی دیموکراسی، ئەخلاقیاتی گفتوگۆی بەسەردا زاڵ بێ، ئەمە بەرگری دەخوازێ لە مافەکانی مرۆز، تا بتوانێ گوزارشت بکات لە ڕاو بۆچوونەکانی و

(١) Cité par Dominique Janicaud dans Le tournant théologique de la phenomenology française, ((Tiré a part)), L'Eclat, Combas, 1991.

بەشێوەیەکی کارا بەشدار بێ لە بەهێزکردنی ئازادییە گشتی و تاکە کەسییەکان بۆ مرۆڤ، لە میانەی ڕێز گرتنی دوو لایەنە بۆ تایبەتمەندییە کەلتوریەکان، هەر بۆیە بابەتی مافەکانی سەبارەت بە ئابلێ و هابرماس بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێن، کە ئێستا پێویستیان بە دەستێوەردانی فەلسەفی و ڕامانی عەقڵانی ڕەخنەیی هەیە، خودی هابرماس هەوڵیداوە بنچینە فەلسەفییەکان وەبەربهێنێ بۆ تیۆری پەیوەندیگرتنەکەی، بۆ نزیك کردنەوەی ئەم بابەتە، لەم چوارچێوەیەدا پێشنیازی "بیرکردنەوە دەکات، لە باردۆخی هێرمینوتیقیەت، کە ڕێگە دەدات بە ڕۆیشتنە نێو مشتومڕ لەبارەی بابەتی مافەکانی مرۆڤ، کە وروژێنراوە لە نێوان ئەو بەشداربوانەی سەریان بە کەلتوری جیاوازەوەیە، ئەمەش بە ئامانجی گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێو بەشداربووە جیاوازەکان، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی هزرەکان و دانپێدانانی دوو لایەنە لە نێوانیان، سەرباری جیاوازی پاشخانە کەلتوریەکەیان"[1].

بەم پێیە، هابرماس لە پرۆژەکەیدا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی پەیکەری تیۆری گشتی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەنگاو دەنێ لە پشت بەستن بە ڕەخنەی نەگۆڕ بۆ دۆخی لۆژیکی تایبەتی عەقڵانیەتی کارڵ بوبەری ڕەخنەیی، پێی وایە لێکۆڵینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان کارێکی ئاڵۆزە، چونکە توێژینەوەیەکە شرۆڤە بەرەو لێکدانەوە تێپەڕ دەکات، ئامانجەکەی ڕوون دەبێتەوە لە دەرخستنی تێکداچوونی نێوان خود و بابەتەکان، دەبینین لە کتێبەکەیدا "زانین و بەرژەوەندی" لەم بارەوە دەدوێ، سێ شێوە لە زانین ڕوون دەکاتەوە، بە دامەزراندن لەسەر ئەو بنەمایەی زانین و مەعریفە هەمیشە پەیوەستە بە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیەوە:

١- **بەرژەوەندی تەکنەلۆژیا:** دەخولێتەوە بە دەوری جێبەجێکردنەکانی جیهانی ئەزموونی، بۆ وەڵامدانەوەی پێویستی ماددی دیاریکراو.

Habermas, J.: ((Vérité justification)) Tr. Rainer Rochliz. Gallimard. 2001, p. () [1]

٢- **بەرژەوەندی کرداری:** لە بنەڕەتدا بایەخ دەدات بە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، ئەمەش لە میانەی جەختکردنەوەی لەسەر زمان، وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندی و تێگەیاندن لە پلە یەکەمدا.

٣- **بەرژەوەندی سەربەستی:** ئەمە لەسەر تێبینی کردنی کردار و گوفتارە شێوێنراوەکان بەرپا دەبێ، کە لە پیادەکردنی هێزەوە پەیدابوونە، دواتر هەوڵدان بۆ خۆ لێدارنین و تێپەڕاندنی بۆ ڕامانی خودی دەربڕەکە[1].

بەهەمان شێوە ئابلَ هەنگاو دەنێ لە دیاریکردنی تیۆرەکەی لە پەیوەندیدا، لە میانەی خاڵی وەرچەرخانی زمانەوانی، بەوپێیەی نێوەندە لە نێوان خودە بکەرەکان لە گفتوگۆکەدا، کە ئامرازی پێویستی بە هزری فەلسەفی هاوچەرخ بەخشیون، بۆ دۆزینەوەی عەقڵی بەرجەستە لە کرداری پەیوەندیدا. دواتر ئامانج بە پێداچوونەوە و هەوڵدان دەمێنێتەوە بە دوای هەڵسەنگاندنی حوکمەکان بۆ چەسپاندنی عەقڵانیەتی دەستپاکی لە نێوان ماف و ئەرکدا.

ئەمە کۆی ئەو تێڕوانینانە بوون، کە ئەم نووسینە جەختی لەسەر کردۆتەوە، خوێندنەوەمان بۆ کردووە و وەرمانگێڕاوە، لەم پێشنووسەدا هەوڵمداوە تیشك بخەمەسەر هەندێك لە ئامانجەکان و کێشەکانی جلەوی ئەم نووسینەیان گرتووە، کە جیا نابنەوە لە بنچینەکانی زانین و مەعریفە، کە هەر یەکە لە ئابلَ و هابرماس پشتیان پێبەستووە، لە دارشتنیان بۆ گریمانەی عەقڵی بۆ چەسپاندنی چەمك و مانای تیۆری و شرۆڤەیی، لەبەر ئەوەی ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ تیۆری کردارەکانی تیۆری پەیوەندی و هەڵسوکەوتە تاکەکەسییەکان، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی دۆخی دیموکراسی سەربەست بۆ تاك، لە سایەی ڕۆیشتن لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژی و زانستی کە هەیە.

---

(١) كارل أوتو آبل، التفكير مع هابرماس ضد هابرماس، تر: د. عمر مهيبل، ط ١، منشورات الإختلاف، الجزائر، ٢٠٠٥، ص ١٣/ ١٤.

پرۆژەی زانین و مەعریفی بۆ تیۆری پەیوەندی، بناغەکەی بنیاتی عەقڵی ئەخلاقییە لە پێکهێنانی بنیاتی عەقڵی ڕەخنەیی، "بەرنامەی دامەزراندنی بنیاتی... دەکرێ وەسف بکرێ بە هەڵوێستێکی نێوەند لە نێوان عەقڵانیەتی تاکەکەسی و دەستاودەستکەری بەرز لە پرسەکانی دامەزراندندا"(). هەروەك ئەدمونس وا دەڵێت، دەکرێ ئەمە جێبەجێ بکرێ لەسەر بەرنامەی گەردوونی هەر یەك لە ئابڵ و هابرماس.

هەر بۆیە کێشەی سەرەکی بۆ ئەم خوێندنەوەیە بە کورتی ئەوەیە هەوڵدەدات بۆ هێنانە گۆی توانای دامەزراندنی ئەتیقای عەقڵانی زانستی و کرداری لە یەك کاتدا. ئایا دەگونجی ئەمە فەراهەم ببێ لە نێوەندی تەکنەلۆژیادا؟ ئایا عەقڵانیەتی برادیغم پەیوەندی گرتنە؟ پیادەی زانین و مەعریفی چۆن دەبێتە چالاکییەکی بنەڕەتی بۆ هەر گفتوگۆیەکی بەڵگە هێنەرەوە؟

**ئەتیقای گفتوگۆ: وەڵامدانەوەی تەحەدایە هاوچەرخەکانی ئەخلاقی ئەودیوی سروشت**

پ. لویز بیرناردۆ لایت ئەروجو(*)

**دەقی ڕەسەن:**

() أدموند، أيسالون، الموجز في الراهن الإشكاليات الفلسفية، تر: أبو يعرب المرزوقي، الدار المتوسطة، أريانة، تونس، ٢٠٠٩، ص ٣٤٤.

* پرۆفیسۆر لویز بیرناردو لایت ئۆۆجۆ، لە زانکۆی ریو دی جانیر، بەڕازیل، وانە دەڵێتەوە.

**پوختە:**

بزوتنەوەی "دووبارە ئامادەکردنەوەی عەقڵی کرداری" لە دەیەی کۆتاییدا، لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە ئەڕستۆ و کانت. بەڵام گەڕانەوەی بابەتە ئیتیقیە ئەڕستۆییەکان و تیۆرییە ئەخلاقییە کانتیەکان، ناوەندی هزری هیگڵ و هەوڵەکەی دەگرێ، لە تەواوکردنی پێمهاتەی نێوان هەر دوو نموونەی کلاسیکی و نوێ بۆ فەلسەفەی جێبەجێکاری. چونکە ئیتیقای گفتوگۆ لەلای کارڵ ئوتو ئابڵ و یورغن هابرماس، بریتییە لە بەرنامەیەکی تۆمارکراو لە بزاڤی کانتیدا، بۆ تیۆرە ئەخلاقییە نوێیەکان، هەر لە بەرجەستەکردنی هەندێك هاندانی گرنگ بۆ ڕەخنەگرتنی هیگڵی سەبارەت بە گەردوونی ڕووت و پوخت، لەم چوارچێوەیە وەڵامدانەوەی تەحەددا هاوچەرخەکان بۆ ئەخلاقی ئەودیوسروشت، جێگە دەگرێ لە نێو جیاکاری نێوان حوکمی ڕەها و ڕێژەیی.

ئیتقیای گفتوگۆ کە لەلایەن کارل ئوتو ئابڵەوە خراوەتەڕوو، نیگابەخشە یەکەمەکەی، بە وەڵامێك دادەنرێ بۆ دۆخی هاوچەرخی ئەخلاقی، بەوەی تەحەددای بنەڕەتی خۆی دەبینێتەوە لە "فراوانبوونی پێشبینی نەکراو — لە ڕووی چەندێتی نەوەك چۆنیەتیەوی — بۆ ئەنجام و شوێنەوارە لاوەکیەکانی کردارە بەکۆمەڵیەکانی مرۆڤ لە گۆڕەپانی زانست و تەکنەلۆژیای دامەزراو لەسەری" (ئابڵ، ١٩٩٤، ص ١٣)[1]. ئەم دۆخە تایبەتمەندە بە چەند خەسڵەتێکی تازە، سنوور دادەنێ بۆ شێوەی نەریتی بۆ ئیتیقا، پێکهێنانی بەرنامە دەخوازێ، کە لەسەر خولی ئاڵۆزە. بەگوێرەی بۆچوونی ئابڵ، ئەمڕۆ لەسەر فەلسەفە پێویستە بەرەنگاری کێشەیەك ببێتەوە، کە بە بنچینەیەکی عەقڵی بە دژی ئیتیقای سەردەمی زانست دەردەکەوێ. ئەمە پەیوەستە بە تێکگیرانەوە، چونکە عەقڵانیەتی زانستی ڕەچاوی پێویستی گشتی جیهانی بۆ ئەخلاق و بەرپرسیاریتی دەکات، بەهۆی ئەنجامی ڕێڕەوی عەقڵانیەت، کە گوێزەرەوەیە، کە بنەما ئەستەم دەکات لە دامەزراندنی

(1) آبل، ك، أ. إيتيقا المناقشة. باريس، ١٩٩٤، ص ١٣. أحلت بالخصوص إلى هذا البحث الحديث. أنظر كذلك لنفس المؤلف، البحث الأكثسر قدما مقتطف من عمله المهم التحويل والفلسفة (١٩٧٣): الإتيقا في عصر العلم. أولوية المجتمع التواصلي وأساسيات الإتيقا. ليل، مجلة جامعية في ليل، ١٩٨٧.

عەقلانیەتی ئیتیقای چاك و گونجاوی گەردوونی، ئەمەش بیّ لایەنی بەرهەم دیّنیّ، لە ڕووی تیّڕوانینی ئەسیۆلۆژیەتەوە عەقلانیەتی تەکنەلۆژی – ڕۆلیّکی کارا و ستراتیژی هەیە – کە شیّوەی نویّی عەقلانیەتی بەسیفەتیّکی گشتی دیاری کردووە.

پیّکهیّنانی کۆمەلەی مشتومڕی بنەڕەتی و تیّکگیراو بۆ ناوەندی عەقلانی، زۆر پیّویستە، بەلام وادەردەکەویّ نەشیاو بیّ لە گومجاوی ئیتیقای گەردوونی لە سەردەمی زانستدا – ئەو ئەنجامەی ماکس ڤیبەر وەسفی کرد، وەك ڕیّڕەوی عەقلانیەت یان بیّ ئومیّدی بۆ جیهان – تیّبینی بکە فەلسەفە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم:

لەلایەك دەبینین، زانستە دەستکردەکانی ئاڕاستەکراو جیاوازن بۆ ئەرکی نموونەیی لە عەقلانیەتی زانستی پوختی ئەکسیۆلۆژیادا. تەنها زالّ نەبووە بەسەر فەلسەفەی تیۆریدا، بەوەی تیۆری زانستە، بەلکو لەبەر ئەوەی میتاتیۆرییە بۆ ئابووری و یاسا: ئەمە کۆی گۆڕەپانی عەقلانیەتی جیّبەجیّکاریی باوی ئاشکرایە. لەم تیّڕوانینەدا بەها و پیّوەرە ئەخلاقییەکان دەکریّ درکیان پیّبکریّ، بەوپیّیەی پرسیّکە بۆ هەست یان بڕیارە نا عەقلانییەکان، بە کورتی بەوپیّیەی پرسیّکی تایبەتە – وەك ئایین، بە دیاریکراوی لە سنووری عەقلانیەتی جیّبەجیّکاری ناسراوی ئاشکرا، دەکریّ بچیّتە نیّو گرەوەوە، لەبەر ئەوەی دەسەلاتیّکی تەواوکارییە بۆ فەلسەفەی زانستە دەستکردەکان، بەهاکانی بوون، وەك چۆن ماکس ڤیبەر پلانی بۆ داناوە، کاری کیّشەی بەها ئەکسیۆلۆژی کۆتایی بۆی دەگەڕیّتەوە، کە نا عەقلانی و تایبەتە" (ئابلّ، ١٩٩٤، ص ٢٤ – ٢٥).

هەروەك زانستی دەستكرد و بوونگەرا، سیستەمێكی ڕاستەقینەیان پێكهێناوە بۆ كاملێتی نەك تەنها سەبارەت بە ئابلّ تەواو تێپەڕیو نییە، سەرباری بزوتنەوەی "دووبارە ئامادەكردنی عەقلّی كرداری"[1] لە دەیەی كۆتاییدا.

ئاسان نییە، چوارچێوەیەكی لێكدانەوەیی پێشكەش بكرێ بۆ ئارەزووە جیاواز و دووپاتكراوەكان، هەر لە حەفتاكانەوە لە بازنەی فەلسەفەی كرداری گشتیەوە. ئەوەی جەخت لەسەر كراوە ئەوەیە لە ڕاستیدا ئیتیقای گفتوگۆ یان لە دەرچوونی دامەزرێنەری ئابل یان دەرچوونی دووبارە بنیاتنانی هابرماسیەت، گوزارشت دەكات لە بەرنامەیەكی تۆمار كراو لە بزاڤی كانتی بۆ تیۆری ئەخلاقی تازە، كە ڕەچاوی هەندێ دیمەنی تر دەكات بۆ چەمكەكانی تری كێبڕكێكار. لەم چوارچێوەیەدا ئابل ئەتیقای گوتاری دەخەملێنێ، كە پێویستە بە ڕەگی دەنگی چاك دابنرێ بۆ ژیانی كرۆكی و سەرەكی ئیتیقا، لە بەگەورەگرتنی كەرت و كار تێكەرەكانی ئەخلاقی، كە چەقی ئەتیقای گفتوگۆی هاوچەرخە، بەوپێیەی تەواوكەر و بەیەكەوە بەستراوە بە بەرنامە تایبەتەكەی، بۆ دامەزراندنێكی عەقلّانی بۆ ئەركەكان[2]، لە ڕاستیدا "ئەمڕۆ هەروەك پێشتر وتم لە كەرستەی فەلسەفی كرداریدا، گفتوگۆ گەشە دەكات لە میانەی سێ كانگاوە — ئیتیقای ئەڕستۆیی، سوود و تیۆری ئەخلاقی كانتی. لەم بوارە مشتومڕ هەلّگرەی دەولّەمەند بە توندی، دوو بەشیان پەیوەستن بە هیگلّەوە لە تیۆرەكەی بۆ ڕۆحی بابەتی و تێپەڕانی ئەخلاق لە ژیانی

---

(١) هذا التعبير متداول بانتشار أوسع، وتجد أصلها في: Riedel. M. (éd). Rehabilitierung der praktischen Vernurft, 1972 - 1974.

(٢) أبل. ك. أ. إيتيقا المناقشة، مرجع سبق ذكره، ص ٩ – ١١ و ٢٧ – ٣٢. يتحدث الكاتب في هذا الشأن عن طفرة "البحوث التي هي في الواقع قابلة في تأسيس الأخلاق" مثل جون راولس (نظرية العدالة: ١٩٧١)، هانس جوناس (مبدأ المسؤولية: ١٩٧٩)، وآلسيدير ماكلنتري (بعد الفضيلة: ١٩٨١) كما يمكننا إضافة نظرية بول ريكور (الذات عينها كآخر ١٩٩٠)، المفكر الذي لا يعين آبل. هذا يعتبر على الرغم من أننا "غالبا ما هو حاضر في البحوث التي تنظر في إزالة إشكالية التأسيس، إما للتهوين" التفكير في الإتجاهات التي تأثرت بهيدجر والأخير فنغشتاين الذي يؤكد تعذر التقاليد وأشكال الحياة.

ئیتیقیدا، کە ویستی پێکهاتەی نێوان هزری کۆمەڵگەی کلاسیکی و هزری ئازادی نوێ و تاکگەرایی تەواو بکات" (هابرماس ١٩٩٢، ص ٩٥). ئەم جەختکردنەوەیەی یورگن هابرماس ڕێگەمان پێدەدات بە تێگەیشتن لە دۆخی سەرقاڵبوون بە تیۆری گوتاری لە گفتوگۆی هاوچەرخ لە بابەتی فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەتدا، هەروەها ڕوانینی کارڵ ئوتو ئابلێ بەگوێرەی بەرنامەی توێژینەوەکە، کە پێکدێت لە یەك تاکە وەڵامی شیاوی بوون، لەبارەی کێشەی تێکگیراو بۆ ئیتیقای ئەودیوی نەریتی.

لێرەدا بایەخ نادەم بە ڕاجیایی نێوان بیرمەندان لەبارەی چوارچێوەی دەروازە و سنووری دامەزراندنی براعماتیەتی بەرز لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیەوە بۆ گشگیری و هەمەلایەنی، هەر لە براگماتیەتی گریمانە پێشوەختەکانی مشتومڕی گشتی. ئەوەی لەسەر گرەوە لەم مشتومڕە، ئێمە بە بەهرەیەك ئاشناین، لە ڕووی پێویستیەوە، لە ڕووێکی ترەوە دەبێتە دەمەزراندنی کۆتایی بۆ ئیتیقا، چونکە بەگوێرەی جون مارك فیری بەم شێوەیە دەبێ:

جیاوازی نێوان نێوان براگماتیەتی بەرز لای ئابلێ و براگماتیەتی هەمەلایەن لای هابرماس، لێرەدا پەیوەستە بەوەی: ئابل ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆ گرتووە هەوڵی بەرز بدات، کە دەرهێنانی گریمانە تیۆری و کۆتاییەکان لە خۆدەگرێ، لە گریمانە نموونەییە پێویستەکان بۆ کار، هابرماس ئەرکی ئاڕاستەیەکی زیاتر فینومینولۆژی لەئەستۆگرتووە، دەرخستنی گریمانە پێوەریەکانی پێشوەختەیە، کە هاودەمی جێبەجێکردنە ڕێکەوتنیەکانەز ئابلێ ئامانجی دامەزراندنە، لە کاتێکدا هابرماس بەڵێنی دووبارە بنیاتنانەوە دەدات[1].

() فیري، أ. م. فلسفة التواصل١ : تناقض قوانین الحقیقة في تأسیس النهائي للعقل. باریس، ١٩٩٤، ص ٥٥. أنظر كذلك: آبل، التفكیر مع هابرماس ضد هابرماس، باریس، طبعة إكلات، ١٩٩٠، هابرماس، ي. "یعین البرنامجیة لیؤسس إیتیقا المناقشة"، في: الأخلاق والتواصل. باریس، ١٩٨٦، ص ٦٣ –١٣٠، إیتیقا، م. س، ص ١٦٥ – ١٧٧.

بۆ زانیاری ئەوەی گرنگە سەبارەت بەم دوو فەیلەسوفە، خۆی دەبینێتەوە لە بەرگری کردن لە خودی نزیك کردنەوەی تیۆری بۆ ئیتیقای گفتوگۆ، ئامانجی من بەسادەیی، خۆی دەبینێتەوە لە دانانی بەڵگەی ڕوون لەسەر هەندێك دیمەنی دیار لەم تێگەیشتن، لە پێناو وتنی ئەوەی کانتیە، ئەودیوی هیگڵیەت سەبارەت بە بنەماکانی تەحەددایە هاوچەرخەکان بۆ ئەخلاقییەکاتی ئەودیو سروشت.

ئەمڕۆ ناکۆکی نێوان فەیلەسوفان زیاتر دەبێ، لە میانەی خوێندنەوەی هابرماس[1]، لەبارەی ئەو نرخەی پێویست بوو بیدات لە بەرپاکردنی مانای ئەودیوی سروشت بۆ ئەخلاقی سەربەخۆ. ئەم نرخە زیاتر درێژبووەوەیە لە پەیوەستبوونی بە تایبەتمەندییە ناوەندییەکان بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی کانتی – زانستی ئەخلاق، زانستی زانین و شێوەیی – شوێنەواری سەرەکی خۆی دەبینێتەوە لە دامەزراندنی تێڕوانینێك لەبارەی پاکی بڕیاری ئەخلاقی. دەبینین زاراوە گەردوونیەکانی عەقڵ شۆڕبوونەتەوە لە تێڕوانینێکی کراوە لەلایەن کانتەوە، کە زۆرترین بەرهەڵستی و ڕەخنەی بەرهەمهێنا، کە لە ئەڕستۆ و هیگڵەوە وەرگیراون، دەستدەکات بە دڵنیی ئەوەی بەهێزترە و ئەوەی لەو مانایەیە، ئەمە گۆڕانێك دەخوازێ، کە شیاو نییە بۆ ڕاستی ئامانجی ئیتیقا، پرسیاری بوونی لە زانینی چۆنیەتی بەرەو ئاڕاستەیەکی باش دەڕوات. تێڕوانینی ئەخلاقی داماڵینی هاندانە پێویستەکان بۆ هەڵسوکەوتکردنی ئەخلاقی بە مەرج دەگرێ، لە هەر دۆخی بەخشین و ژیانی ئیتیقای بەرهەستدا. هەروەك زانستی ئەخلاق و ئەدەبیات، سەرەتا سەردەکێشێن بۆ جیاکاری داماڵەرانە لە نێوان ڕاست – دروست – باشدا، لە نێوان ئەرك و ئارەزوودا، دواتر زانستی (مەعریفە) وا لە هاوێنەی ئەخلاق دەکات کە بەرهەست نەبێ، سەبارەت بە چوارچێوە و لاڵ بێ سەبارەت بەو

---

[1] لما يتابع، أنظر هابرماس، ي. إيتيقا المناقشة، م. س، ص ٧٦ – ٨٢. حسبه، من بين الإتجاهات الثلاثة المأخوذة من قبل الإيتيقا انطلاقا من انبثاق العلوم التجريبية الحديثة، أحد إقصاء قدرة الحكم الأخلاقي في ميدان العقل، والأخرى في الحد من منطق الأخلاق في نموذج عقلانية الوسائل – النهاية، "تەنها کانت پێگەی بە بڕیاری ئەخلاقی داوە لە عەقڵی کرداریدا، لە میانەی ئەمە داواکاری ئەوە دەکات زانین و مەعریفە پەسەند بکرێ" (ص ٧٧). هذه القراءة ترتبط مع قراءة آبل المذكورة أعلاه، حول الدلالة الحديثة للعلوم التقنية.

ئەنجامانەی لە کردارەوە پەیدا دەبن. شێوەیی کۆتایی لەگەڵ داماڵینی بۆ دامەزراوەکان و شێوەکانی ژیان کە هەن، چەمك و ماناکانی ناوەڕۆك بە کەس و زاراوە گرێبەستییەکانی کۆمەڵگە دەبەخشن. هەموو ئەم ڕەخنانە ناوەڕۆکی سەرنج وەردەگرن لە ئیتیقای گفتوگۆ، دامانناوەتەوە ژێر چەند مەرجێکی هزری ئەودیوی میتافیزیکا، بەرامبەر جێگرەوەی گەڕانەوەی ئەرستۆیی یان گۆڕانەکانی نزیککردنەوەی کانتی. وەرچەرخانی گەردوونی بۆ ئەخلاقی کانت، هەروەك لەگەڵ ئابلً تێبینی ئەوەمان کرد، ئەمە ئاڕاستەی هەڵبژێردراوە لەلایەن گوتاری ئەخلاقیەوە، بەوپێیەی تاکە وەڵامی شیاوە بۆ تەحەدداکانی ئیتیقای هاوچەرخ.

ئەگەر ڕێڕەوی کۆتاییمان هابرماسمان وەرگرت، کە لە سەرەوە باسکراوە، ئەوا دەتوانین سەرەنجی ئەنجامی دووبارە پێکهێنانی ئەوەی نێوان خودی بکەین، لە تیۆری ئەخلاقی بۆ ئیلهامی کانتی. ئەمە پەیوەستە بە چاککردنەوەی ئەودیوی ڕێکەوتن بۆ ناسنامەی ئەخلاقی، کە لەلایەن نزیککردنەوە گەردوونیەکانەوە گەیشتووە. هاوبەشن لە ڕەچاوکردنی دووربینیەکان سەبارەت بە بابەتە ڕووتەکانی زانستی ئەخلاق، زانستی مەعریفە و شێوەیی، چونکە ئەو دەبێتە ڕەوانەکەر. لەبەر ئەوەی فەلسەفەی هیگڵ لە ڕاستیدا بنچینەییە لەم کێشەیەدا. تەنانەت دەکرێ کاری دووبارە بنیاتنانەوەی ئەنجام بدرێ بۆ بنیاتی گوتاری فەلسەڤ، لە نوێگەریەوە کە بناغەیە بۆ نەوە هیگڵیەکانی ئایندە، لە میانەی ئەمەدا دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان سێ جۆری تێڕوانینی ڕەخنەیی بۆ عەقڵی نوێ[١]، هابرماس پێی وایە ئاڕاستە وەرگێراوەکان لە ئیتیقادا، لەم ساڵانەی دواییدا، دیاری کراوە بە بەشێکی مەزن لە لایەن ئاڕاستەی لەخۆگرتنی ڕەخنەکان، کە لە سەردەمی هیگڵدا دژی ئەخلاقیەتی کانتی ڕادەبوو. ناوبراو لەبارەی هەر دوو ئاڕاستەی فەرامۆشکراو لەلایەن ئەرستۆ و کانت پێی وایە — کە پێویستە دۆخێکی تایبەت بۆ ڕێبازی

() في هذا الموضوع أنظر هابرماس، ي. الخطاب الفلسفي للحداثة. باريس، غاليمار، ١٩٨٨ (خاصة الفصول الثلاثة الأولى). وينفع أيضا قراءة المقال المفجر لتيمة الحديث عند هابرماس: "الحداثة: مشروع لم يكتمل". النقد، ٤١٣ (١٩٨١)، ص ٩٥٠ – ٩٦٧.

سوودگەرا زیاد بکرێ، بەوپێیەی جێگرەوەی هەرە دەستاودەست پێکراوە بۆ ڕێبازی پابەندی نوێ — کە ئامانجی دامەزراندنی ئەخلاقە لە بارەی بنچینەی ئەودیوی سروشتی: "بەشداربووان پشت دەبەستن بە میراتی هیگڵی، هەر لە تێڕوانینی ئیتیقای ئەرستۆتالیسی چاکەوە، ڕێبازی گشتگیری تایبەت بە یاسای عەقڵی فەرامۆش دەکەن، ئیتیقای گفتوگۆ ڕەچاوی تیۆری هیگڵیەت دەکات، لە دووبارە گێڕانەوەی زانین، بە مەبەستی خوێندنەوەی نێو خودی لۆ نەگۆڕی دابەشکاری، بێ دانی هیچ نرخێك لە شیبوونەوەی ئەخلاق لە میانەی ژیانی ئیتیقیدا. ئەمە تۆکمەیی دادەمەزرێ وەك هیگڵ، بە پەیوەندی نێوخۆیی لە نێوان دادگەری و دەستەبەری یەکتری، بەڵام لە هزری کانتیدا" (هابرماس، ١٩٩٢، ص ٩٢). ئەمە ئاماژە دەکات بەوەی ئیتیقای پەیوەندی داوای پێگەی خۆی دەکات لە نەریتی کانتی بۆ ئەخلاقیەتی ئایین و ئەدەبیاتەکان (کە چەق دەگرێ بە دەوری پرسی بنچینەی گونجاوی ڕوانینی فەرمان و پێوەرەکانی کردار) (هەروەها بە دەوری زانین و مەعریفەدا، کە شوێن دەگرێ بە دەوری ئەو بیرۆکەیەی بڕیارەکان هەڵسوکەوتی تێدا دەکەن بەگوێرەی پێوەرەکان، هەروەها هەڵبژاردنی خودی پێوەرەکە)، شێوەیی (تەنها ڕێوشوێنی شێوەیی بۆ مشتومڕی ئەخلاقی دەخاتەڕوو)، بێ ڕۆیشتنەسەر پوچەڵکردنەوەی چوارچێوەیی هاوچەرخ.

بەرجەستەکردنی هەندێك پاڵنەری ناوەندی بۆ ڕێبازی سوودگەرا و ئیتیقای ئەرستۆ، کە بەهەمان شێوە دەدرێتە پاڵ ڕاجیایەکان لە بەکارهێنانی عەقڵی کرداری، بە گوێرەی مانای "ئەرك و واجب"، کە هەندێك دۆخ لەسەر تاك دەسەپێنێ، بە دیاریکراوی ڕاڤە دەکرێ لە میانەی ڕەچاوکردنی بنچینەی باش بۆ ڕەخنەکانی دژی ئیتیقای بیروباوەڕی پوخت، لەم پێوانەیەدا، ئیتیقای گفتوگۆ "خەریکە بە مانای جەختکەرەوە، ببێتە ئیتیقای بەرپرسیارێتی" (بەگوێرەی واتای: ماکس ڤیبەر و هانس جوناس) — بەردەوام بوو لە دەرکەوتن، بەوپێیەی زانستێکە بۆ ئەدەبیات یان ئەکسیۆلۆژیەت بۆ ئاراستەی چاك (ئابڵ، ١٩٩٤، ص ٨ – ٩). گۆڕانی ئیتیقای کانت، دەکرێ دەستی پێوە بگیرێ، لە سێ ڕاجیاییدا: بەپێی دەربڕینی هابرماس، یەکلاکەرەوە بۆ ئیتیقای گفتوگۆ، ئەمەی دوایی ڕێبازی هەر دوو سەردەمەکە پێشێل دەکات، نزیکبوونەوەی ڕووت

بۆ لۆژیکی یەکلایەنە و گۆڕانی نموونەی دوگماتی تێدەپەڕێنێ، لە دامەزراندنی ئەخلاق لای فەیلەسوف.

سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە ڕووکەشی یەکەمەوە، بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاجیایی دابەشکاری لە نێوان سەردەمی نومینی (nouménal) و سەردەمی ڕووکەشایەتی (phénoménal)، "ئێمە نزیکەی درك ناکەین بە پێویستی بەهۆی بیروباوەڕی بەرزمانەوە، تەنها لە میانە بابەتە ڕێخۆشکەرەکان نەبێ بۆ تێگەیشتنی ناخی ئاڕاستەکراو بۆ ئەرکی داخوازیەکانی چاکە و گونجاوی، کە کۆت و بەندکراوە، گریمانەی کرداری گوفتار و هەڵسوکەوت کردن دەکات، لە ژێر گریمانە پێشوەختییە نموونەییەکان. جیاکردنەوەی ڕوون و ئەوەی بە عەقڵی درکی پێکراوە و ئەوی ئەزموونی خلیسکاوە بەرەو توندی، کە ئاشنای دەبین هەر لە هێزی کارای گریمانە پێشوەختەکانەوە، لە نێوەندی کاری ڕۆژانەی پەیوەندی بەردەوامەوە" (هابرماس، ١٩٩٢، ص ٢٤). سەبارەت بە ڕاجیایی دووەمی پەیوەست بە چوارچێوەی پاشخانی بۆ زانینی ئەخلاقی گۆشەگیری – لە میانەیدا درك دەکەین بە ناسنامەی گریمانەکراوی پێشوەختە لە نێوان ویستە تایبەت و گەردوونیەکان – مشتومڕی گوتاری "بەپێچەوانەوە تێگەیشتنی ناوخۆیی یەکلا دەکاتەوە، لەبارەی شایستەیی گەردوونی بۆ سوودەکان، یان لە ئەنجامی گفتوگۆی گشتی کە لە نێو خودیدا ئەنجام دەدرێ" (سەرچاوەی پێشوو) پڕوپاگەندەی چارەسەرکردنی کێشە سەرەکیەکە بەرز دەبنەوە، کە شرۆڤەی کۆتایی ڕایماڵی بوو، لە میانەی بەکارهێنانی ڕێگەی عەقڵ – لە ئەزموونی ناچارکردن لە ئەرکدا – بەهۆی ئەنجام هەڵهێنجانی U" (بنەمای بنەڕەتی بۆ شیایستەیی گەردوونی)، لە گۆشەنیگای گریمانە گەردوونیە پێشوەختەکان بۆ مشتومڕ" (هابرماس، ١٩٩٢، ص ٢٤)[1].

---

[1] ئەم ڕاجیاییانە زۆر گرنگن لە ڕووی زانین و مەعریفەوە، "إذا اعتراضات هيجل من كانط" – باختصار، ضد شكلانية المبدأ الأخلاقي، الكونية المجردة للأحكام الأخلاقية المؤسسة، عدم القدرة على الإرادة وارهاب الإعتقاد المحض الراسخ –" متكافئ (...) أيضا لإتيقيا المناقشة" (إنه سؤال مشكل في العنوان الفصل الأول لهذا الكتاب: ص ١٥ – ٣٢).

کرۆکی گۆڕان بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی کانتی، ڕۆیشتنە لە دیدگای نوەندەوە لەبارەی بابەتە گۆشەگیرەکا، کە تیایدا دەسەڵاتی یاسادانانی خودی پەیوەست دەبێت بە شایستەیی تاقانە بۆ تاك و لێکدنەوەی نەگۆڕ بۆ دانان، بیرۆکەی لێکتێگەیشتنی دوو لایەنە لەلایەن مشتومڕی عەقڵانی زاڵ دەبێ. هەروەك ئەمە مانای دووبارە پێکهێنانی ئەم تێڕوانینەیە لەبارەی پاکی هەڵسەنگاندنی پرسیارە کرداریەکانەوە، کە لێکدراوەن لە ڕۆشنگەری تیۆری گفتوگۆدا، "تەنها ناکرێ گونجاوی پێوەرەکان داوا بکرێ، کە پەسەندن (یان دەکرێ) لەلای هەموو کەسەکان بن، بەوپێیەی بەشدارن لە گفتوگۆی کرداریدا"(هابرماس، ١٩٨٦، ص ١١٤)(١). ئەم بنەمایە "D" کە ناوەڕۆکی پێوەری تیایدا مانای دەستپاکی دەبێ، بەشێوەیەکی کرداری قوربانی دا سەبارەت بە کێشەی ئەخلاقی بۆ بنەمای شایستەیی گەردوونی"U". تەنها بەگوێرەی ئەمە دەتوانین داوای گونجاوی ئەو پێوەرە بکەین، کە "ئەنجام و شوێنەوارە لاوەکییەکان تێیدا دەبن، بەڕێگەیەك شیاو بن بۆ پێشبینی کردن، لە ڕاستیدا ئەوە بەرهەم بهێنێ پێوەری درك پێکراوێکی گەردوونی بوو لە مەبەستی بە تەواو دانانی بەرژەوەندی هەر لایەك، دەکرێ بەم شێوە قبوڵ کراو بێ، بێ ناچارکردنی هەموو کەسانی پەیوەندیدار" (هابرماس، ١٩٩٢، ص ١٢٣)(٢) لەلایەك پێویستە سەرنج بدەین، بنەمای بنەڕەتی و هەمەلایەن، وەك سیستەمێکی گشتی بۆ نارەزایەتی ئەخلاقی کار دەکات، لەم مانایەوە ئەمە تەنها جێبەجێکردنە ئامانجی تاقیکردنەوەی گونجاوی پێوەرە پەیدابووەکانە لەلایەن کاری بەردەوامی ڕۆژانە. لەلایەکی ترەوە، جێبەجێکردنی ئیتیقای گفتوگۆ ڕەچاوی دیمەنی هەرە گرنگ

---

(١) لە پێناو دروستکردنی دۆخێکی ئەرێنی بۆ هەمان بنەما، بۆ نموونە بڕوان: إيتيقا المناقش، مرجع سابق، ص ١٧.

(٢) خۆم دوورگرتووە لە پرسیاری دڕکاوی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بنەمای مشتومڕ و بنەمای گەردوونی، لەلای هابرماس، کە سنووری ئەم نووسین و ڕاپۆرتە تێدەپەڕێنێ.پێویستە بەلایەنی کەمەوە بڵێم، گەشەی نوێ بۆ تیۆری مشتوڕ (أنظر القانون والديمقراطية، باريس، غاليمار، ١٩٩٧، خاصة الفصل الثالث) پرسیارەکە بە کراوەبب جێدەهێڵێن لە شۆڕبوونەوەی بنەماکان هەر لە گریمانە گەردوونی — هەمەلایەنەکانەوە — بۆ مشتومڕ. ئایا شتەکە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە شۆڕبوونەوەی "د" یان "ی" لە ناوەڕۆکێکدا کە گریمانە پێشووەکان لەخۆدەگرێ؟

دەکات لە ئاڕاستەکردنی کردارەکان بە ئەرکی ئەنجامەکان، بۆ ڕێزگرتن لە ئیتیقای بەرپرسیارێتی هاوچەرخ.

ئەم ستراتیژیەتە لە دووبارە لێکدانەوەی گوتاری بۆ بێگومانی دانان و بەشکاری، تەنها یەك جار ڕێگە دەدات بە چەسپاندنی ڕایەڵی کانتی لە نێوان هەمەلایەنی و زانین و پرسی هیگڵیەت لە تاکگەرابیدا، بەوپێیەی ڕێڕەوی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیە. لە وتارێکی ناودار لە شەستەکاندا سەبارەت بە "گیانی فەلسەفە"، لای هیگڵ، هابرماس جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەرکی مشتومڕی پەیوەندی ئەخلاقی، بەوپێیەی ئەو شوێنەیە کە لەدایکبوونی خودی بۆ بابەتەکان تەواو دەبێ (هابرماس ١٩٧٣، ص ١٦٣ – ٢١١)[1]. تێگەیشتن لە هۆشیاری خود، بەوپێیەی ئەنجامی "ململانێیە لە پێناو دووبارە زانینەوە" ڕێگەی بە هیگڵدا هێرش بکاتە سەر تێگەیشتنی کانتی سەبارەت بە ویستی سەربەخۆ، لەلای کانت تەنها خلیسکانێکە بۆ کرداری ئەخلاق بەرەو کردارێك لە جۆری لۆژیکی تاقانە، کە خاوەنی بابەتی هەماهەنگی ویستی تایبەت و ویستی گشتییە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی گەردوونی. ئەمە بنەمای کردارە کە بە دروستی بابەتی تاکەکەسی دەگرێتەوە، کە دەکرێت جەخت لە دۆزینەوەی یاسایی عەقڵانی بکرێتەوە، گونجاو بێ بۆ هەمووان: نێوخودی کە داڕشتنی ئەو بابەتانەیە لە چوارچێوەی کارلێکدا، لەسەر ئەو بنچینەیەی هاودەمی زانینی ئاڵوگۆڕکراوە[2].

"لە ڕاستیدا کەسەکان نابنە تاك، تەنها بە یارمەتی ڕێکخراوی کۆمەڵی نەبێ" ئەمە ئەوەیە هابرماس لە دەقی وتەدا جەختی لێدەکاتەوە، "لەسەر ئەمە ڕێزی ئەخلاقی کەڵەکە دەبێ، کە بۆ تاك ئاڕاستە کراوە، شیاوی قەرەبو کردنەوەکەیە و بەوپێیەی تاکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە و

---

(1) ئەم وتارە لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٦٧ دەرکەوتووە.

(2) ئەوەی وا دەکات تێڕوانینی ئیتیقای گفتوگۆ پێویست بێ، دانانی پرسیارمانە لەبارەی "خۆویستی پەیڕەوی"، لەبارەی "تێگەیشتن لە زمان، وەك بوونەوەرێکی لاوەکی، بەوپێیەی هزر تاقانە لە بنەڕەتدا" — دوو گریمانەن ڕەگ داکوتراون لە فەلسەفەی نوێدا، بە فەلسەفەی کانتیشەوە.

بەشدارە، کەواتە دادگەری لە دەستەبەریدایە" (هابرماس، ١٩٩٨، ص ٥٦)[1]. ئەم مانایانە بنەمای تایبەتمەند دیاری دەکەن، بەڵام تەواوکارن و پەیوەستن بە هەمان سەرچاوەی ئەخلاقیەوە، مانابەخشە وەك سیستەمی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤی لاواز، لەلایەن سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمە پەیوەستە بە دوو جەمسەرەوە، سەبارەت دیمەنە خاوەن بایەخەکانە لە یاساکانی تاکدا (هاوتای ڕێز) و کۆمەڵگە (بەرپرسیارێتی دەستەبەری). بەهەمان شێوە دەتوانین تێبگەین، بۆچی هابرمان ڕەچاوی ئەوە دەکات گفتوگۆی نێوان لیبراڵییەکان و کۆمەڵایەتییەکان[2] خاڵی جیاوازی ناوەندی، خۆی دەبینێتەوە لە لەپێشتر بوونی ڕاستی بەسەر باشدا، کاری گفتوگۆی گوتاری گرنگ نییە، تەنها لە ژێر دیمەنی "ئەبستمۆلۆژیەکەی" نەبێ، نەوەك لە ژێر "ئەنتۆلۆژیای کۆمەڵگە" چونکە بەرهەڵستییە کۆمەڵایەتییەکان دژی مانای تاکەکەسی تاك، یان دژی ماناکانی پاساوداری بۆ کۆمەڵگە، پەیوەندیدار نییە بە مانا و چەمکە بنەڕەتیەکانی ئیتقای گفتوگۆوە (....)، ئەمە پشت دەبەستێت بە دۆخی ناوەندێتی تا ئاستی بەشداری لەگەڵ لیبراڵییەکان، تێگەیشتنی ئەخلاقی بۆ ئازادی، ئەخلاقیەت و یاسا ئەنجامی نەریتی کانتیە، لەگەڵ کۆمەڵایەتیەکان، تێگەیشتنی نێوخودی تاکایەتی وەك ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە لاسایی کردنەوەی هیگڵیەتدا بەرهەم هاتووە" (هابرماس، ١٩٩٢، ص ١٨٠)، ئامانجی بنەڕەتی بۆ هەر تیۆرێك، خۆی دەبینێتەوە لە هەماهەنگی ئازادی پێشینان لەگەڵ ئازادی ڕۆشنگەران، بەمانای سەربەخۆیی

---

(١) وەرگێڕانی کتێبی Die Einbezeihung des Anderen. Studien zur politischen Theorie لە ساڵی ١٩٩٦ بڵاوکرایەوە.

(٢) سەبارەت بەم گفتوگۆیە لێکدراوە لە نێوەندی فەلسەفەی ئەنکلوسکسونیەتدا، کە گرەوە پێویستەکان وەردەگرێ بۆ گفتوگۆی هاوچەرخ، لە باسی فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسەتدا، بڕوانە: بیرتان، آندري، دا سلفیرا، بابلو، بورتواس، هيفري (في التنظيم)، الليبرالين والإجتماعيين، باريس، PUF، ١٩٩٧. فيما يتعلق بعلاقته مع نظرية المناقشة، إقرأ: بنحبيب، سيلا" (In the shadow of Arstotle and Hegel: 1989 - 1990) ص ١ – ٣١" باينس كناث. "" الفلسفة والنقد الإجتماعي، ١٤ (١٩٨٨، ص ٢٩٣ – ٣١٥).

گشتی جەماوەری لەگەڵ سەربەخۆیی خودی ئازاد، بە ڕێگەی جەخت کردنەوە لە ڕایەڵی ناوخۆیی لە نێوان سەروەری گەل و یاساکانی مرۆڤ.

لەمەدا تیۆری گفتوگۆ جێگەی گرت، بەلایەنی کەمەوە لە تێڕوانینی هابرماسیەتدا، کە شوێن دەگرێ لەسەر جیایی ڕاستەقینە لە نێوان رەها و ڕێژەیی، بە پشت بەستن بە چەمکی جێبەجێکاری – بەمانای مشتوڕی، دامەزراو لەسەر نێوخودی زمانەوانی – بۆ عەقڵ لە پێناو ڕامالێنی دامەزرێنەری میتافیزیکیا، دووبارە بە بنەماکردنی مێژووگەری. ئەم جیاوازیە دووبارە بووەوە، دەکرێ وازی لێبهێنرێ لە پێناو هەر هزرێکی فەلسەفی، دەبێ بەرنامەیەك بۆ ئیتیقای گوتاری بەرپا بکات. وەڵامی ئامادە بۆ پرسیاری کلاسیکی دەربارەی هۆدارکردنی حوکمە ئەخلاقیەکانمان، لە میانەی چوارچێوەی تازە بۆ کۆمەڵگە نوێیە فرە جۆرەکان و تایبەت بە دەستەبەرییە کۆتاییەکان بۆ سروشتی ئاینی یان میتافیزیکی[1]، لەوانەیە ئەمە گونجاو و چاکتر نەبێ. بەڵام ڕێگەی ئەو لە بەرەنگاربوونەوە کێشە ئاڕاستەکراوەکە لە میانەی ئەو هزرەی بەهۆیەوە فرەیی کەلتوری پێچەوانە نابێ لەگەڵ هەمەلایەنی ئەخلاقی – بەپێچەوانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێشوەختە گریمانەی – خستنەڕوو گرنگیەکەی دەکات لە گفتوگۆی ئیتیقی هاوچەرخدا. زانینی ئەوە دەمێنێ، ئایا نزیك کردنەوەی نێوخودی پێویستی بە داواکردنی چارەسەرێکی قەناعەت پێکەری هەیە بۆ پرسیارە کۆنەکە، بەڵام بێ ئەوەی گونجاو بێ بۆ دیاریکردن، بۆ ئەوەی جیاکاری بکرێ لە نێوان بنەما گشتگیرەکانی دادگەری و چەمکە تایبەتکان بۆ باش، کە لەسەر ناوەندی فەلسەفەی زانستییە بەشێوەیەکی گشتی[2].

(1) لە بابەتی دامەزراندنی عەقڵانی خراوەڕوو لەلایەن تیۆری گوتاری بۆ ئەخلاقی دوای شپرزەبوونی بنچینە میتافیزیکی و ئاینیەکانی ئیتیقا، ڕێگە بەخۆم دەدەم وتەیەك بنێرم لەبارەی وتەکەم دەربارەی "عەقڵانیەتی ئیتیقای مشتومڕی لەبەرامبەر عەلمانیەتی نوێ"، منشورات في أعمال الكونكرس وتجمع المجتمعات لفلسفة اللغة الفرنسية (جامعة لافال – كوباك: ١٨ أغسطس – ٢٢ أغسطس ١٩٩٨).

(2) دۆخی ئێستای بۆ گفتوگۆ دیاریکراوە بە شێوازێك، بەگوێرەی تێڕوانینەکەم، لە میانەی گفتوگۆی نێوان راولس و هابرماس: النقاش حول العدالة السياسية، باريس، CERF، ١٩٩٧.

**پوختە:**

کۆی خوێندنەوەکەم، تیۆری ئەخلاقیاتی گفتوگۆ، خۆی دەبینێتەوە لە شێوە داڕشتنی بەشداری گونجاو، بەوپێیەی کۆجیتۆی تایبەتە، کە ئاڕاستەی دەکات بەرەو عەلمانی کردنی هەڵسوکەوتی مرۆیی، ئەمە بەرجەستە بووە لە خوێندنەوەی ڕەخنەیی لە نێوان ئابڵ و هابرماس، لە میانەی دووبارە بنیاتنانی گوتاری فەلسەفی، پاساودان بە کرداری دووبارە ئامادەکردنی عەقڵی کرداری، هەروەك لای کانت دامەزراوە، ئەمڕۆ پرسی دەستاودەستی بەرزی پێویستی بۆ ئەوەی پێشکەشم کردووە، لە وەرچەرخاندنی فەلسەفە، بۆ لای زمان و مشتومڕ، بەهۆی کاریگەربوون بە هیدجر و کرانەوە بۆ پێچی زمانەوانی، بەهۆیەوە چەمکی ڕاستەقینە گەڵاڵە دەبێ، کە چەق دەبەستێ دەربارەی خود، پەیوەندی، نموونە، کردارەکانی وتە و لۆژیکی مشتومڕ، وایلێهات عەقڵانیەت بووەتە بنیاتی ئەخلاقیەتی کارلێك بۆ پەیوەندی و مشتومڕ و بەڵگە هێنانەوە لە یەك کاتدا.

جیاکاری نێوان عەقڵی تیۆری و عەقڵی کرداری، بووەتە شتێکی پێویست لە توێژینەوەی نوێ لە سنووری تێڕوانینی کانتی بۆ ئەخلاق و لە پەیوەندییە گونجاوەکان لە نێوان زانین و کرداردا، لە نێوان چەمکی ماف و ئەرك، هەر دوو بیرۆکەی خودی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، بەم پێیە بەرجەستەکردنی فەلسەفەی ڕەخنەیی ئاڕاستەیی لە میانەی هەر دوو ئەرکی عەقڵ: تیۆری و کرداری ئەخلاقی، ئەو شتەی بەشدار دەبێ لە دەستەبەرکردنی عەقڵێکی پەیوەندیداری گونجاو بۆ گفتوگۆ و گوێگرتن بۆ بەرامبەر.

لەسەر بنچینەی تیۆری ئەخلاق، کارل ئوتو ئابل بوونی عەقڵی کرداری هۆدار دەکات، کە بنەماکەی هۆدار کردن و مشورگێڕی و مشتومڕە، لە چوارچێوەی جێبەجێکاری دەستاودەستکراوی بگراماتیەتی بەرز، ئەمەش بەهایەکی بنەمایی دەدات بە پەیوەندی لە میانەی پێچدانەوەیەکی

زمانەوانی، بنچینەکەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە لە ڕێگەی وتەوە، بە مانای ئاڵوگۆڕکردنی ڕاو بۆچوونەکان، دواتر قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر بەوپەڕی ئازادی و ڕێزەوە، ئەمە ڕێگری دەکات لە توندوتیژی کۆمەڵەکان، چەشنی هزر و ڕۆشنبیرکاری گەشە پێدەدات.

پوختەی قسە، هەر یەك لە ئابل و هابرماس هەڵساون بە ئامادە کردنی بنەمای گشتی و ڕەچاوکردنی ئامانجی مرۆڤایەتی، چونکە کرۆکی گەشەی کۆمەڵگاکانە، دواتر هەوڵدان بۆ پێداچوونەوەی کەلەپوری ڕۆشنگەری و دووبارە داڕشتنەوەی نموونەی کانتی بۆ ئەخلاق، لە میانەی پابەندبوون بە بەهای گەردوونی، پاساو دەدات بە ئەخلاق لە خودی خۆیدا، کرداری ئەخلاقی بە دەستپاکی بەرپا دەبێ لە میانەی چوار مەرج: پەسەندکراوی عەقڵ، حەقیقەت، ڕاستی و سەلمێنراوی، ئەمە گوزارشت دەکات لە دۆخێکی نموونەیی بۆ وتە و لۆژیکی گفتوگۆ، ئەمە بنەمای دامەزرێنەرە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی ترنسندنتالیەت.

ئەمە بانگەوازێکی ڕامێنەرە بۆ هەبوونی عەقڵی بەڵگە هێنەرەوە و مشتومڕی گەردوونی، بەرجەستەی پەیوەندیەکی مرۆیی عەقڵانی دەکات، لە میانەی برادیغمی پەیوەندی، کە مشتومڕ بە ستوونی پەیوەندی دەمێنێتەوە، عەقڵی ئەرگانونا تایبەتە بە پیادەوە، گەڕانەوەی گوتاری ئەخلاقی، ئەرستۆیی و نزیککاری کانتی بە بینینێکی ڕامێنەری ڕەخنەیی مشتومڕی، بە وەڵامی تاقانە و گونجاو دەمێنێتەوە بۆ تەحەدداکانی ئیتیقای هاوچەرخ، ڕەچاوکردنی چوارچێوەی هاوچەرخی، ئەمەش لە میانەی ئامانجی تاك، بەوپێیەی دەسەڵاتێکی یاسادانانە، بە عەلمانیکردنی هەڵسوکەوتەکان پێویست دەکات، بۆ دامەزراندنی ئیتیقای ئەخلاق، بە خەسڵەتی عەقڵانیەت و ڕامانی ڕەخنەیی، دواتر ئامانج دەدرەوشێتەوە لە زاڵبوونی خود، بەوپێیەی ناوەندی ئەخلاق و عەقڵ و زانستە، ئەم سێکوچکەییەی ئەزموونی مرۆیی، کە ئەزموونی مرۆیی ڕێکدەخات، گەشە بە ئازادی گفتوگۆ و مشتومڕ دەدات.

دواتر بەرجەستەکردنی بەهایەکی فراونتر بە سیستەمێکی هزری عەقڵانی، یارمەتی پێکهێنان و پوختەکردنی کەسایەتی شارەزا دەدات، دەکرێ بچێتە نێو جیهانی کۆمەڵگە و دەستەبەرکردنی

باشتر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ساختە و بەرجەستەکردنی دادگەری، بەمەش واتە بەرجەستەکردنی بەهای شانۆیی، کە لەسەر ڕاستی و دادگەری دامەزراوە.

بنچینەی بەهاکان، حوکمی ئەخلاقییە، کە کار دەکات بۆ ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە پێشکەش کردنی نموونەی ئامانجدار، بۆ دووبارە خوێندنەوەی دۆخی ئێستا، شیکردنەوەی بە ڕەخنەیی بۆ ئەوەی وەری بچەرخێنێ بۆ ئامانجەکان، ئەمانە ئەو بەهایانەن، کە ستوونەکەیان ئەو سەرچاوانەن، هەڵگیراون لەسەر بارودۆخی گوزەران و ژیان، کە پێویستە ڕەچاو بکرێ.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بیبلوغرافیا دەقی ڕەسەن:**

١- كارل أوتو آبل، إيتيقا المناقشة، باريس، Cerf، ١٩٩٤.

٢- يورغن هابرماس، التكامل الجمهوري، بحث في النظرية السياسية، باريس، Fayard، ١٩٩٨.

٣- يورغن هابرماس، إيتيقا المناقشة، باريس، Cerf، ١٩٩٢.

٤- يورغن هابرماس، الخطاب الفلسفي للحداثة، باريس Gallimard، ١٩٨٨.

٥- يورغن هابرماس، "ملاحظات براغماتية حول تأسيس عقل إيتيقا المناقشة" في الأخلاق والتواصل، باريس، Cerf، ١٩٨٦.

٦- يورغن هابرماس، "العمل والتفاعل" في التقنية والعلم مثل "الأيديولوجيا". باريس، Gallimard، ١٩٧٣.

٧- Riedel. M. Rehabilitierung der praktischen Vernurft, Fribourg, Rombach, 2 vol, 1972 - 1974

**ب- بیبلوغرافیای پێشکەشکردن – خوێندنەوە –:**

١- جان بول رزفير، فلسفه القيم، تعريب: د. عادل العوا، گ ١، عويدات للنشر والگباعه، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.

٢- بول ريكور، من النص إلى الفعل، أبحاث التأويل، تر: محمد برادة وحسان بورقية، ط ١، دار الأمان، الرباط، ٢٠٠٤.

٣- طه عبدالرحمن، اللسان والميزان أو التكوثر العقلي، ط ١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٩٨.

٤- جان بول رزفير، فلسفة القيم، تعريب: د. عادل العوا، ط ١، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، لبنان، ٢٠٠١.

٥- Cité par Dominique Janicaud dans Le tournant théologique de la phenomenology française, ((Tiré a part)), L'Eclat, Combas, 1991

٦- Habermas, J.: ((Vérité justification)) Tr. Rainer Rochliz. Gallimard. 2001, p. 259

٧- كارل أوتو آبل، التفكير مع هابل ضد هابرماس، تر: د. عمل مهيبل، ط١، منشورات الإختلاف، الجزائر، ٢٠٠٥.

٨- أدموند أيسالون، الموجز في راهن الإشكاليات الفلسفية، تر: أبو يعرب المزروقي، الدار المتوسطة، أريانة، تونس، ٢٠٠٩.

# جۆن راولس

## بنەمای دادگەری وەك ویژدانكاریەك لە ئەخلاقەوە بۆ سیاسەت

**د. نورە بوحناش**

**زانكۆی مەنتوری قوستەنتینە، جەزائیر.**

دادگەری بە بەهایەكی ئەخلاقی و داوایەكی سیاسی مرۆڤایەتی بە ڕەهایی دەمێنێتەوە، لە گەڕانەوە بۆ سەردەمانی نوێ، هەر دوو بەهای دادگەری و ئازادی، بە یەكێك لەو كۆڵەكانە دادەنرێن، كە ناكرێ وێنای ویژدانی ئەخلاقی و سیاسی نوێ بكرێ بەبێ ئەوان[1]، لە ڕاستیدا نزیككاری ڕاولسیەت لە نێو عەقڵی ئەخلاقی ئێستادا، گوزارشت لە بەردەوامی دەكات بۆ هۆشیاری فەلسەفەی سیاسی و پەیوەندیەكەی بە ئەخلاقەوە، هەروەك ئەمە ڕوونكراوەتەوە لە كۆنترین بەڵگەنامە فەلسەفیە سیاسیەكاندا، لە نێو پیادەكردنی ڕەخنەی خۆرئاواییدا، مەبەستمان لێی كۆماری ئەفلاتۆنە، هەروەك ئەو بایەخە زۆر دەخاتەڕوو كە ئەم عەقڵە دەیدات بە شێوازی ئەو ڕێكخستنەی پێوەستەی هاودەمی بوونە مەدەنی و داوا سیاسییەكانی بێ، لەم چوارچێوەیەوە ڕاولس ئامانجی خۆی دیاری دەكات لە لە دامەزراندنی تیۆری دادگەری بە ڕۆشنی، ئەمە ئەو ئامانجەیە كە خۆی دەبینێتەوە لە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی ڕێكخراو لە نێو دەوڵەتی دامەزراوەییدا،

(1) Michel Métayer: La philosophie éthique ((Enjeux et débat actuals)) editions du renouveau pédagogique Montréal Cananda p. 140.

دواتر دەوڵەتی ڕاستدا[1]، کە تەنها دەبێتە بنیاتێکی دیموکراسی لە نێو هۆشیاری سیاسی ڕۆئاوایی، هەروەك بنچینە و بنەماکانی دامەزراند لە ڕێگەی عەقڵانیەتی نوێگەرا.

تیۆری دادگەری ڕاولسی نزیککاریەکی ئیتیقی و سیاسی دەبێ، ئامادە دەبێ لە ساتی ململانێی نێوان وێناکانی دادگەری نێو ئەم عەقڵانیەتە، مەبەستمان لەم وێناکردنانە ئەوەیە کە تاك پایەدار دەکات و مافەکەی لە خاوەندارێتیدا پێ دەدات، سەرباری نەبوونی هاوسەنگی دادگەرانە لە نێوان جەمسەرەکانی کۆمەڵگەدا، ڕەچاوی ئەوە دەکات ڕزگارکردنی تاك واتە ڕزگارکردنی کۆمەڵگە بەگشتی، سەروەت بەشێوەیەکی خۆبزێو دەڕوات تا ببێتە گشتی، ئەوەی تر کە بایەخ بە بەرگری کردن دەدات لە لۆژیکی کۆمەڵ، ئەویش مارکسییەتە لە ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی نامۆیی کە تاك ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە نێو سیستەمی لیبڕاڵیدا، لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی گشتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، واتە داڕوخانی مەزنی کۆمەڵایەتی، لە میانەیدا دەستدرێژی دەکرێتەسەر مافەکانی تاك[2].

ئا بەم شێوەیە تیۆری دادگەری لەلای ڕاولس دەدرەوشێتەوە، سەبارەت بە نووسینی بانگەوازی هاوچەرخ لە نێو بازنەی فەلسەفەی ئەخلاقیەت و سیاسەتدا، بە ئامانجی دامەزراندنی ئەخلاقیەتی کۆمەڵایەتی لەسەر بەهایەکی دادگەری، بەوپێیەی بەهایەکە دەستەبەری هاوسەنگی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیی دەکات، گومان لەوەدا نییە جوڵێنەری تیۆری بۆ ئەم جۆرە دامەزرتندنە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی ناوەندی، ڕاولس هەر لە لاپەڕە سەرەتاکانی نووسینی دادگەری ڕوونی دەکاتەوە، وەك بەویژدان بوونێك، کە جیایە و وا دەردەکەوێ لە نێو هۆشیاری لیبڕاڵی ئازاد و خۆی دەبینێتەوە لە گەڕان بە دوای ئەو ڕێگایەی دەتوانێ وەڵامی پرسیاری ناوەندی بداتەوە، چۆن

---

(1) Jean Rawls: La justice comme équité, traduit par Bertrand Guillaume, editions la découerte, paris 2003. P. 14.

(2) أنرست موندل: مدخل إلى الإشتراكية العلمية، ترجمة غسان ماجد وكميل داغر، دار الطليعة بيروت، لبنان، ط ١، ١٩٨٠، ص ٣٢.

هەماهەنگی فەراهەم دەکرێ لە نێوان ئازادی تاکە کەسی و دادگەری کۆمەڵایەتی؟[1]، ئەمە ئەو پرسیارەیە ڕەگ دادەکوتێ لە فەلسەفەی سیاسەتی هاوچەرخدا، جیاکاری دەخاتەڕوو لە نێو پاشخانی کۆمەڵایەتی، کە زۆر بایەخی داوە بە پرسی دادگەری لە نێو چوارچێوەی قسەدا[2].

لەبەر ئەوەی ململانێی نێوان ئازادی و یەکسانی، بە گرێکوێرەیەکی گرنگ دادەنرێ، لە نێو کۆمەڵگە خۆرئاواییە تازەکان، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەوەی نایەکسانی دەچێتە پاڵ ئازادی و پەسەندی دەکات، ئایا ڕێگەیەك هەیە هەماهەنگی فەراهەم بکات لە نێوان دادگەری وەك پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلایەك، ئازای بەوپێیەی بەهایەکی مەزنی مسۆگەرکەرە بۆ ماف مرۆیی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە هەر لە ساتی یەکەمەوە دەردەکەوێ و هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتای تێزی تیۆری دادگەری، وا دەردەکەوێ گوزارشت دەکات لە جەمسەری گفتوگۆی ئەنجامدراوی نێوان ناوەندەکانی سیاسەتی ئەمریکای باکور[3].

ئەمە ئەوەیە کە یاساکانی تیۆری وەڵامی دەدەنەوە، کە فەیلەسوفی ئەمریکی جۆن ڕاولس[4] داینا‌ون، بەوەی فەیلەسوفی ناوبراو دەتوانێ نزیککاریەك بکات، کە ئەوە دەگەیەنێ دەکرێ

(1) Op. cit. p. 15

(2) Ibid. p. 17

(3) Ibid. p. 18

(4) جۆن راولس بالتیمور لە ویلایەتی میرلاندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دایك بووە، ئەمەش ٢١ فیفیری ساڵی ١٩٢١، خوێندنی خوێندووە، دواتر چووەتە زانکۆی برستۆن، ئینجا ڕۆیشتووەتە زانکۆی کومای. پاشان ڕۆیشتووەتە زانکۆی هارفارد لە ساڵی ١٩٥٩. ڕاولس لە بەرهەمهێنانە هزریەکەیدا کاریگەربووە بە چەند ئاڕاستەیەکی تازە، لەوانە کانتیەت، تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لای ڕۆسۆ، هەروەك کاریگەربووە بە پرسەکانی سیاسەتی ئەمریکی، وەك ململانێ لە پێناو ماف مەدەنی بۆ ڕەش پێسە ئەمریکییەکان، هەروەها جەنگ دژی هەژاری و جەنگی ڤێتنام.

بەهۆ مشتومڕی هزری فرە جۆر، کە ناوەندە هزرییە ئەمریکییەکان ڕۆیشتبونە ناویەوە، ڕاولس یەکەم کتێبی خۆی نووسی، ئەویش تیۆری دادگەری بوو لە ساڵی ١٩٧١، کە ئەو کتێبە بوو لە میانەیدا ویستی – بەڕێگەیەکی

گونجاندن له نێوان دوو بەهایەکەدا ئەنجام بدرێ، وایان لێبکرێ بەیەکەوە بڕۆن له نێو کۆمەڵگەی دیموکراسیدا، وا دەردەکەوێ ئەم تیۆرە پەسەند بێ به بەرەچاوکردنی ئەوەی سەردەمی نوێ ئاشنای لێکترازانێکی ڕوون بووە له نێوان هەر دوو هزری ماف تاك بەرامبەر ماف کۆمەڵ و بەپێچەوانەوە، هەروەك کۆمەڵگەی ئەمریکی باکور نیگاری چوارگۆشەکانی فرە جۆری ڕەگەزپەرستی و کەلتوری، که پێویست دەکلات ڕەهەنە گشتییەکانی مرۆڤایەتی ڕوون بکرێنەوە، که پێویستە جڵەوی ئەم پێکهاتەجۆراو جۆرە بەدەستەوە بگرێ، به ئامانجی دەستەبەرکردنی ژیانی هاوبەش و دادگەر، که ئاشتی و ئاسایش پەسەند دەکات، دواتر جیاوازی نێوان ئازادی و دادگەری ڕوونە له نێو سیستەمی لیبڕاڵی ئازاددا، لەوانەیە دواتر کەم و کورتیەك ڕووبدات و کاریگەری بکاتەسەر بنەما بەراییەکانی ماف مرۆیی، وەك چۆن شۆڕشی عەقڵی سیاسی خۆرئاوایی لەوەتەی شۆڕشی فەرەنسی هێناویەتی، لێرەدا ڕاولس هەوڵ دەدات بنەماکانی بنیاتی مرۆڤایەتی دابنێ، که هەماهەنگ بێ له نێوان ماف تاك و کۆمەڵ، هەوڵی لادانی جیاوازی نێوان دادگەری و چاکە له نێو تێڕوانینی لیبڕاڵیەتدا، هەروەك پاشخانێکی خاوەن بنچینەی قوڵە له تیۆری سوددا، بەوپێیەی گیانی هزری سیستەمی لیبڕاڵییە، وا دەردەکەوێ هەماهەنگی له نێوان دادگەری و چاکە وەك ئەنجامێکی تیۆری ڕاولسیەت، توانایبەسەر چەند پرسیارێکدا شکاوە، لەوانە ئەو پرسیارە: ئایا تیۆری ڕاولس نموونەی پاساودەرە بۆ سیستەمی لیبڕاڵی، که ماف چینە بێ بەشکراوەکان دەکاتە قوربانی له پێناو ماف تاك، دواتر به بنەماکردن بۆ جیاوازی نێوان تاکەکان؟ لێکدانی

---

ئاڕاستەیی – بنەماکانی گشتی بۆ دادگەری کۆمەڵایەتی دابنێ، ئەمەش له میانەی بنیاتنانی تیۆرێکی گشتی دەبێ بۆ ئەخلاق، لەسەر ڕێکەی تیۆری ئەرستۆ له بەختەوەریدا، تیۆری کانت له ئەرکدا، پاڵپشتەکەی دادگەری دەبێ وەك بەهایەکی ئەخلاقی، دەتوانێ هاوسەنگی فەراهەم بکات له نێوان ماف تاك و کۆمەڵگە، دواتر له دوای کتێبی تیۆری دادگەریدا، چەندین وتار و زۆرێك له نووسین و گفتوگۆی بەدوا هاتووە، له گشت بوارەکانی زانستدا، هەروەك ڕاولس کتێبی دادگەری و دیموکراسیەتی بڵاو کردەوە له ساڵی ١٩٩٣، هەروەها لیبڕاڵییەتی سیاسی له ساڵی ١٩٩٣، لەم دوو کتێبەدا گرنگترین بۆچوونەکانی خۆی هەر پاراست، لەگەڵ دووبارە دامەزراندنەوەی تیۆری دادگەری، بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە لەوەی تیۆری دادگەری ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ، تەنها له سیستەمە دیموکراسیەکاندا نەبێ، نەك له گشت کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا. .

سوودی تاکەکەسی لە نێو شێوە دارشتنێکی ئەخلاقیەتی کانتی، ئەمە وامان لێدەکات بڕوانینە ئامرازی گونجاندن لە نێوان تێڕوانینە ئەخلاقییە تایبەتمەندەکان، واتە لە نێوان ئاڕاستەی سوودگەرایی و ئەویتری دیونتۆلۆژی و چۆن تێڕوانینەکانی ڕاولسیەت توانیویەتی خێر بەرجەستە بکەن ل نێوان یاسای پێشوەختە، کە یاسای دادگەرییە؟

هەروەك کتێبی ڕاولس گوزارشت دەکات لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەخلاق، کە عەقڵی ئەخلاقی خۆرئاوایی ئێستا پێی تایبەتمەندە، ڕاولس لە میانەی تیۆرەکەی ویستی بنچینەی فەلسەفی دابنێ بۆ بیرۆکەی دادگەری، کە ببێتە یەکلاکەرەوە بۆ چارەی ئەو جیاوازیەی هەیە لە نێوان سیستەمی تاك و سیستەمی کۆمەڵ، ئەم جیاوازیە ناوکی ناکۆکی سیاسی پێکدێنێ، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لە نێوان ڕەوتە سیاسیە جیاوازەکاندا، کە دێت و دەچێ لە لیبڕالییەکان و کۆمەڵایەتیەکان و شوعییەکان و ڕەوتەکانی تر، لەوانە ڕەوتی ژنان، کە گوزارشت لە فەلسەفەیەکی ئەخلاقی و سیاسی دەکات، دەتوانێ ڕوانینێکی تازە دابمەزرێنێ بۆ مافی ئافرەت لە یەکسانیدا، دواتر ڕیشەکێش کردنی لۆژیکی جیاکاری لە نێوان ئافرەتان و پیاوان، لێرەوە تیۆری دادگەری دەبێتە یەکێك لە تێڕوانینە فەلسەفییەکان، کە ئاڕاستەیەکی سیاسی دادەنرێ لە شێوەی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بۆ دەرچوون بە نزیککاریەکی بایەخدەر بە وەسفێکی پاشخانی بۆ بنەماکانی پێویست بۆ هەر تیۆرێکی مرۆیی شایستە بە مرۆڤایەتی، دواتر دەستەبەری هەماهەنگی بکات لە نێوان دادگەری و چاکە، بۆ ئەوەی چاکە بۆیاخ ئەخلاقی بێ.

دواتر تیۆری دادگەر تەنها بریتییە لە لۆژیکی هەماهەنگی نواندن لە نێوان لە نێوان هەر دوو ئاڕاستەی تاکەکەسی و کۆمەڵی، ئەمەش لە ئاسمانی هزریدا جیهانی هاوچەرخی جیاکردۆتەوە بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەوپێیەی ئەو ململانێیە سەرنجی سیستەمی لیبڕاڵی و سۆشیالیستی ڕاکێشاوە لە جەنگە هزری و جیهانیەکەیاندا، لێرەوە یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی تیۆری دادگەری دیاری دەکرێ لە جیهانی خۆرئاوای هاوچەرخدا ((لەگەڵ قەیرانی هزری مارکسی – لینینی، ناکۆکی بۆشایی دەست پێدەکات، کە هاوبەشانی کۆمەڵایەتی و پیاوانی

سیاسەت خۆیان تێدا بە مەندەهۆش دەبینن. کاتێك خەیاڵاوی مارکسیەت کۆن دەردەکەوێ، ئەوا پرسیار لەبارەی ئەو بنەمایانە جەکات کە کاری سیاسی ڕێکدەخات؟ لێرەوە ڕاولس کێشەیەك و وەڵامەکەی دەخاتەڕوو، نموونەی ئەو وەك (یوناس) و (هابرماس)ە، دووبارە بیرکردنەوە لە نوێگەر دەگێڕێتەوە))[1].

هەماهەنگی کردن لە نێوان هەر دوو بیرۆکەی دادگەری و ئازادی، لە گرنگترین ئەو پرسیارانەن کە گفتوگۆی فەلسەفی لەبارەیانەوە کراوە لە جیهانی تازەدا، گەڕان بەدوای دادگەری دابەشکردندا بە داوایەکی سەرەکی دادەنرێ، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی وێنەیەك بۆ بەختەوەری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی، لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و لیبرالیدا، هەر لەبەر ئەمە تیۆری ڕاولس کاریگەری زۆری هەیە لە کۆمەڵگەی ئەمریکی کۆندا، تا ئاستێکیش لە ئەوروپادا، ئەمەش مشتومڕی وروژاند لەبارەی باسی بنیاتنانی کۆمەڵگەی دادگەری و مافی مرۆیی، بێ کرچ و کاڵی گەیاندن بە بنیاتی تایبەتمەن بۆ کۆمەڵگەی خۆرئاوایی نوێ، مەبەستمان لەمە بنیاتی ئازادی و دیموکراسییە، بۆیە کۆمەڵێك لە فەیلەسوفە ئەمریکییەکان بە جۆن ڕاولس و جۆن تایلۆر و جگە لەوانیشەوە کاریان کرد لەسەر واڵاکردنی گفتوگۆیەکی گشتی و بەردەوام لەبارەی دیموکراسییەتی نوێ و ئایندەکەی، ئەندازەی تواناکەی لەسەر بەرجەستەکردنی دادگەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا؟[2]. بەتایبەت کە ڕێکخراوی سیاسی لە ئەمریکا لە نێوان سیستەمی لیبراڵی و لیبراڵی کۆمەڵایەتیدا دێت و دەچێ، بەتایبەت لە کەنەدا — دادگەری ابەشکردن توانای کۆمەڵگەیەك دابمەزرێنێ، لەسەر ئەو دادگەریەی مانای هاوسەنگی نێوان تاك و کۆمەڵ دەگەیەنێ، هەڵسانی دەوڵەمەندان بە پێشکەشکردنی قەرەبوویەکی کۆمەڵایەتی، تەنها مافی هەژاران دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوان بەرپرسیارێتی کرچ و کاڵی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ دەگرن.

---

(1) جاكلين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ترجمة عادل العوا، عويدات للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط ١، ٢٠٠١، ص ٩٦.

(2) Jean –François Dortier et autres: Philosophie de notre temps, Êditions Sciences Humaines 2000, p. 135.

ئامانجی ڕوالس خۆی دەبینێتەوە لە داڕشتنی تیۆری بنەمای عەقڵانی بۆ تیۆری دادگەری لە دانانی جۆرێك لە پێوەری بەڵگەنەویست، کە ڕێگە بۆ ڕەوایی دادگەری خۆش بکات، وای لێبکات داڕێژراوبێ بەگوێرەی حەزە جیاوازەکانی نێو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، لێرەدا ڕاولس دوو جۆر بەڵگە بۆ ئەمە دادەمەزرێنێ، یەکەمیان: بەڵگەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، کە دۆخی ڕەسەن پێکدێنێ، کە ئاماژە بە مافە بەراییەکانی تاك دەدات، دووەمیان: پەیوەستە بە بەڵگەی لەناکاوناسی[1]، لە ڕاستیدا ئەمە تێڕوانینێکی کانتیە کە بۆ عەقڵانیەتی لۆژیکی ئەخلاقی ڕەوانەی دەکات، لێرەوە ڕاولس چەمکەکان دادەمەزرێنێ لەسەر پوختەیەکی فەلسەفی، کە ئامرازەکانی قەناعەت پێکردن بەکاردێنێ، کە وا دەکات تیۆر بەشێوەیەکی پەسەندکراو لەلایەن عەقڵ پەسەند ببێ، هەروەك بایەخ دەدات بە بنیاتنانی تێڕوانینێکی مەعریفی، کە ئەو لایەنە پەردەی نەزانی لەسەری ڕاهاتووە لاسەنگ بکات، بەوپێیەی ڕێوشوێن و ئامرازی بەشداری کۆمەڵایەتی و دەفری ڕێکەوتنە لە نێوان بەشدارە گفتوگۆکارەکاندا، مەبەستمان لەوەیە ڕاولس پاڵپشتی هۆشیاری ئەخلاقی کردووە، بە مەرجەکانی وێناکردن، کە بە بەڵگەی عەقڵانی پاڵپشتی ڕێکەوتنی نێو لایەنەکان دەکات.

ڕاولس کە تیۆرە فەلسەفیەکەی بنیاتن دەنێ لەسەر تاوتوێکردنی تیۆری سوود و شوێنەوارە نەرێنیەکانی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دواتر تێڕوانینی کانتی دێنێتەوە، لە پێناو قەناعەتکردن بە عەقڵ، بەوەی دەکرێ ئەندازەیەکی زۆر لە ڕێکەوتن هەبێ لە نێوان چاکە و دادگەریدا، هەماهەنگی هێنایە کایە لە نێوان تێڕوانینی ئەخلاقی، کە درێژدەبێتەوە بەشێوەیەکی مشتومری لە مێژووی تێڕوانینە ئەخلاقییە نوێکاندا، ئەمانە هەر دوو ئاڕاستەی سوودگەرایی و کانتین "کاتێك ڕاولس وای کرد تیۆری دادگەری لە تیۆری کانتەوە هەڵبقوڵێ، کاتێك گفتوگۆیەکی دروست کرد لە نێوان کانت و میلّ، ئەو کاتە کارێکی ڕەسەن و نوێبووەوەی بەرجەستەکرد: وای

---

[1] Encyclopédie De la philosophie La pochothéque, 2002, p. 1392

کرد دوو نەریتی دژ یەك بەیەك بگەن"[1]، لە ڕێگەی ئەم گونجاندنە لە نێوان چاکە و دادگەری، ڕوالس ڕێگەی خۆشکرد بۆ تیۆرێکی هاوچەرخ لە نێو لیبڕاڵییەتدا، بایەخ بەو ئامرازە دەدات کە وا دەکات ئەم گونجانە بەڵگە نەویست و ژیرمەندانەبێ، ڕێگە بۆ ئەمە چۆن خۆشبوو؟ ئەو ئامرازە چییە کە وا دەکات، دادگەری و چاکە کۆك بن لە نێو کۆمەڵگەی لیبڕاڵیدا؟ لێرەدا ڕاولس پرساری گرنگ دەوروژێنێ لە نێو سایەی گفتوگۆی هزری ئەمریکی، مەبەستی دیاری دەکات لە پرسیارە گرنگەکان، دادگەری چییە؟ سیستەمی دادگەری سەقامگیر چییە؟ چۆن لەو بنەما بنەڕەتیانە دەگەیەن، کە زاڵن بەسەر دابەشکردنی خێر و بێر و ماف و جیاوکە بنەڕەتیەکاندا؟[2]، بۆیە ڕاولس مەبەستەکانی بە وردی دیاری دەکات و دەڵێت: "کەواتە بیرۆکەی کۆمەڵگەی ڕێکخراو لە ئاڕاستەی وێناکردنەکانماندا دەربارەی تیۆری نا گونجاوی پێشرەویمان بۆ دەکات، یارمەتیمان دەدات لەسەر چارەسەرکردنی دۆخە سەختە پەیوەستەکان بەو ستەمەی هەیە، وامان لێدەکەن ئامانجەکانی چاکسازیەکە ڕوون بکەینەوە"[3]، بەگشتی ئەم چاکسازیە ئامانجێکە، گوزارشت لە تێڕوانیکێکی پاشخانی دەکات، کە گفتوگۆی هزری گشتی جوڵاندووە لە جیهانی تازەدا، بە مەبەستی گونجاندن لە نێوان بەهای ئازادی و بەهای چاکە و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك، کە سیستەمێکی ڕەوای هەبێ.

---

(1) جاکلین روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ص ١٠٣.

(2) Jacqueline Russ Clotide Leguil: La philosophie éthique Contemporaine, 3 éme edition PUF 1994 p. 44

(3) Jean Rawls: La justice comme équité, p. 32.

## ١- گفتوگۆی ئەخلاقی ئەمریکی دەربارەی بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی:

گونجاندنی هەر دوو بیرۆکەی دادگەری و ئازادی بە گرنگترین ئەو پرسانە دادەنرێن کە گفتوگۆی فەلسەفیان لەبارەوە دەکرێ لە نێو فەیلەسوفاندا، بەتایبەت لە ئەمریکای باکور، مەبەستمان لێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدایە، گەڕان بەدوای وێنەیەکی بەختەوەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی لیبڕاڵیدا، بە کردارێکی ئاڵۆز دادەنرێ، جوڵەی گفتوگۆ و مشتومڕی گشتگیر بۆ ئازادی، کە جیاوازی دەکات لە نێوان کۆمەڵگە لیبڕاڵییە نوێیەکان، بابەتی ناوەندی پێکدێنێ، کە مشتومڕی لەبارەوە کراوە لە ئەمریکای باکوردا، لەوانە جۆن ڕاولس و جۆن تایلۆر و ڕۆناڵد داو کینز و جگە لەوانیش، ئا بەم شێوەیە گفتوگۆیەکی گشتی و بەردەوام کراوەتەوە لەبارەی دیموکراسیەتی تازە و ئایندەکەی، ئەویش ئەگەر ئەم دیموکراسیەتە توانی دادگەری کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات، لە کۆمەڵگەیەکی لیبڕاڵی چینایەتیدا؟ لێرەوە گفتوگۆیەکە ڕێڕەوێکی جددی وەرگرت، گرنگی دەدات بە ئامرازەکانی دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەی دادگەر و ئازاد، کە هاوسەنگی تێدا فەراهەم دەبێ لە نێوان مافی مرۆیی و دادگەری دابەشکردنی خێر و بێراتەکان، وا دەردەکەوێ ڕاجیایی نیوان جەمسەرەکانی ئەم گفتوگۆیە، لەبارەی شایستەیی هەر دوو دادگەریەکە دەبێ، کامەیان دەبێتە بنەما بۆ ئەوەی تر؟ بۆ ئەوەی ڕاولس بەرگری لە تێڕوانینەکەی خۆی بکات، کە دەڵێت: پێویستە دادگەری دابەشکردنی دەستکەوت و خێر و بێرەکان دابمەزرێنرێ، لەسەر مافی مرۆیی، کە لە بنەڕەتدا بنەمایەکی ئەخلاقییە.

یەکەم هەنگاو کە پێویستە لە چوارچێوە گفتوگۆدا ڕێکبخرێ، لەبارەی بیرۆکەی دادگەری، بریتییە لە ڕەخنەگرتن دەربارەی بیرۆکەی دادگەری، ئەمە ڕخنەگرتنە لە ڕێبازی سوود، کە زۆرتر گونجاوە لەگەڵ سیستەمی لیبڕاڵیدا، ئەم ڕەخنەگرتنە بە قۆناغێکی پێویست دادەنرێ بۆ دووبارە ڕشاستکردنەوەیەکی دروست لە نێوان دادگەری و چاکەدا، بەهۆی بنەمای دادگەریەوە کە بنتام دایانابوو، چەندین تێکگیرانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروست بوون، پێوەری سوودی گشتی بە

بایەدان دانانرێ بە چینە بێبەشکراوە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەمان کاتدا هەڵدەستێ بە کاراکردنی بەرژەوەندی ماددی و دواتر بەرزکردنەوەی وەك بەهایەك، ئەمەش کرچ و کاڵی دروست دەکات لە بیرۆکەی دادگەریدا، سەردەکێشێ بۆ ئەنجامی نەرێنی، لەبەر ئەوەی "بنەمای سوود لێکۆڵینەوەیەکی ژمێرکاری بۆ خود دەخاتەڕوو، زانستی ژمێرکاری خود، سەردەکێشێ بەگوێرەی ئەم بنەمایە بۆ هەماهەنگی کۆمەڵایەتی، بەڵام جۆن ستیوارت میلێ پشت دەبەستێت بە هەمان ڕێبازی سوودگەرا، لە هەمان بەرژەوەندیدا ئەو سۆزە دەبینێ کە تووندتر گوزارشت دەکات لە بنەمای ئەویترگەرا"[1]، لەبەر ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی هزری دادگەری وای خواستووە ڕامانی ڕەخنەیی ئەنجام بدرێ بۆ چەمکی سوود، دواتر تێپەڕاندنی بۆ وێناکردنی سروشتی دادگەری دابەش کردن، ئەوا جیاوازی نێوان ئاڕاستە هزریەکان جیاوازن[2]، کە گوزارشت دەکات لە جەمسەرەکانی گفتوگۆ، لەو مشتومڕەی ڕوودەدات لە نێوان نوێنەرانی بنەڕەتی لە کەلتوری سیاسەتی ئەمریکیدا.

بەپێچەوانەوەی ڕێبازی سوودگەرا، ئەو تێڕوانینەی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرێ، کار دەکات لەسەر بەرزکردنەوەی کرداری دابەشکاری دادگەرانە بۆ سەروەت، بەمەش دەکرێ درێژ ببێتەوە بۆ ئەو چینانەی زۆرتر بێبەشن، بە ڕەچاوکردنی ئەو کرچ و کاڵیەی تیری سوود پێی تایبەتمەندە، ئەوا ئاڕاستەی هزری لە ئەمریکای باوکر بانگی ڕەخنە لێگرتن و دانانی جێگرەوە بۆی کرد، ئەمەش تیۆری دادگەریە بۆ گونجاندن لە نێوان هەر دوو بنەمای ئەخلاقی و فەلسەفیەکە، کە ئازادی و دادگەرین، هەروەك ئەم کرچ و کاڵیانە پاڵنەرن بۆ نوێکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمە سەبارەت بە ڕاولس شتێکی پێویستە، چونکە تێڕوانین لە نێو

---

(1) Op. cit. p. 45

(2) Caillé et autres Histoire Raisonné de La philosophie Morale et Politique, Flammarion, 2007 Paris Tome 2 p. 399.

فەلسەفەی سیاسەتدا، ناچێتە خانەی ڕابواردنی هزریەوە، بەڵکو لە خانەی داواکاری کاتیدایە، دیاری دەکرێ لە ڕێی ئەو پەیوەندییە مشتومڕ ئامێزەی هەیە لەگەڵ داواکارییەکانی واقیع[1].

بەگشتی، گفتوگۆی هزری لەبارەی دادگەری لە هزری سیاسی ئەمریکیدا، سەریکێشا بۆ دامەزراندنی پاشخانێکی فەلسەفی، لەبارەی فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسیەتی تیۆری، ئەمە ڕاجیاییە لە هەڵبژاردنەکان لە نێوان دامەزراندنی دیونتولۆژی بۆ بنەماکان، کە سەرەتا مافی تاکەکان دەپارێزێ، دامەزراندنێکی تر، کە بایەخ بە ئەنجامە بەرهەستەکانی ئەم مافانە دەدات، مەبەستمان لێی دابەشکردنی دەستکەوتەکانە بەگوێرەی شایستەیی کەسی[2]، ئەمە ئەو ڕاجیاییەیە، کە مشتومڕی بەرهەمهێناوە لە نێوان جەمسەرەکانی هزری فەلسەفی لە ئەمریکای باکوردا.

گفتوگۆی هزری لەبارەی بیرۆکەی دادگەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، دەگاتە پۆلێك پرسیاری هەراسانکە، لەوانە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ڕێگەیەی بەهۆی دەتوانرێ گونجان فەراهەم بکرێ لە نێوان بەهای کۆمەڵگەی لیبڕاڵی و بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی؟ لەبەر ئەوەی داواکاری یەکەم، لە نێو کۆمەڵگەی لیبڕاڵی ئازاددا، هەروەك ڕاولس ئاماژەی پێدەکات، بریتییە لە درك کردن بەو دۆخە تێکگیراوەی نێوان وێنای ئازادی و دادگەری لە نێو نەریتی دیموکراسی ئازاددا[3]، ئەمە کارێکە چارەسەرێك دەخوازێ کە ئەو تێکگیرانەی لە نێویاندا هەیە نەمێنێ، لە چوارچێوەی دیاری کردنی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە ناو جەرگەی بایەخدان تازە، خۆی دەبینێتەوە لە بنیاتی کۆمەڵگەی ڕێکخراو، تیایدا ماف و ئەرکەکانی تاك هاوسەنگی دەگرێ لە بنیاتی سیاسیدا[4]، کەواتە پێویستە بەها جیاوازەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە یەکسانی و ئازادی ڕازی بکرێن، بە ئامانجی گەیشتنە هەماهەنگیەکی کەم لەچاو ئامانجی کۆمەڵگەی لیبڕاڵی، کە کار دەکات

---

(1) Jean Rawls: La justice comme équité, p. 17, 18.

(2) Caillé et autres: Histoire Raisonné de La philosophie Morale et Politique, p. ٤٠٠.

(3) Jean Rawls: La justice comme équité, p. 18.

(4) Ibid, p. 26.

لەسەر فراوانکردنی کەلێنی نێوان دەوڵەمەندان و هەژارەکان، ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێ لەو پاشخانە هزریەدا، کە دامەزراوە پشتی پێدەبەستێ چ سیاسی یان ئابووری بێ، بەوەی زاڵبوونی گشتی بۆ تیۆری سوودگەرا دەبێ لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان، هەروەها زاڵبوونی ئەم بنەمایە لەسەر پیادەی کاری سیاسی.

لە چوارچێوەی ئەم گفتوگۆیە لەبارەی پرسی دادگەری، چەند ڕەوتێکی جیاواز هەن لە دیموکراتی و لیبڕاڵی و کۆمەڵایەتی و سۆشیالستی، بۆ ئەوەی ئاشی مشتومڕەکە لە نێویدا بخولێتەوە لەبارەی پرسی چاکسازی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە لیبڕاڵییەکان، ئەوا پێویستە واز لە سەروەت بهێنرێ ڕێگەی سروشتی خۆی بگرێ بە گوێرەی شێوە داڕشتنێکی ئابووری، کە دامەزراوە لەسەر بیرۆکەی گشتی لیبڕاڵییەت، "لێیگەڕێ با بڕوا، وازی لێ دێنم هەر چۆنێك دەڕوات" لەبەر ئەمە وتە و بیرۆکەیەکی دامەزرێنەر و بنچینەییە، ئادەم سمس دایناوە، لە چوارچێوەی بەیاساکردنی بنەما تیۆریەکانی ئابووری ئازاد، کە وا دەکات ئاڕاستەی سودگەرایی کار بکات لەسەر پێدانی توانا بە تاك، بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ئەندازە لە چێژ[١]، سەبارەت بەم ئاڕاستە پشتگیرە بۆ لیبڕاڵییەتی تایبەت، ئەوا ڕۆیشتنی ئاواد بۆ سەروەت، بە دڵنیاییەوە سەردەکێشێ بۆ بەرجەستەکردنی دادگەری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە گوێرەی پێوەری درێژ بوونەوە، بەوەی کاری تاکەکەسی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی سەروەت و گشتاندنی دەستکەوتەکان بەسەر هەمووادا، لێرەشەوە دادگەری دێتەدی، ئەمە ئەو شێوە ئابوریەیە کە دەگونجێ لەگەڵ بیرۆکەی ئەخلاقیەتی لیبڕاڵی، پشت دەبەستێت بە درێژبوونەوە و فراوانبوونی بەختەوەری بۆ زۆرترین تاکەکانی کۆمەڵگە، بەوەی ڕۆیشتنی ئازاد بۆ سەروەت، واتە بەدیهێنانی توانای ئابووری و دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ تاکەکان، لەوانەیە ئەم ئاڕاستەیە کۆمەڵگەکانی لیبڕاڵی خۆرئاوایی لە سەرەتای نوێگەریەوە جیاکردبێتەوە، وا دادەنرێ تێکگیراوەکان لە

Michel Métayer: La philosophie équité, ((Enjeux et débat actules)) p. 154. ()

کۆمەڵگەی لیبراڵیدا، بایەخدار نەبن بۆ بیرۆکەی فراوان بوون و درێژبوونەوە، کە لە کۆتایی ڕێگاکە دەستەبەری دادگەری کۆمەڵایەتی دەکات.

سەبارەت بەو ئاڕاستەیەی سۆشیالستی گوزارشتی لێ دەکات، پێی وایە وێناکردنی دادگەری دانامەزرێ تەنها لە چوارچێوەی کۆتایی دەسەڵاتی خاوەندارێتی تاکەکەسی نەبێ، بەوەی بە بنچینەی ستەمی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، کە مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، لەوەتەی یەکەم مرۆڤ کێڵگەیەکی لە کێڵگەکان پەرژین کردووە، خۆویستی دەستی کردووە بە ئاڕاستەکردنی بنیاتی کۆمەڵایەتی، بە ڕەچاوکردنی ژێرخانەکەی، ئا لێرەوە خاوەندارێتی تایبەتە بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، سەبارەت بە مارکسییەت، ئەوا دادگەری ڕەها لە کۆمەڵگەدا، تەنها بە تێپەڕاندنی بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێ، دەستگرتن بە خاوەندارێتی گشتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبێ، ئا لێرەوە سۆشیالستی هاوسەنگیەکی ڕەخنەیی بەرپا دەکات، دەپرژێتەسەر ئەندێشەی جیاواز، وەك نامۆبوون و قۆستنەوە و ململانێی چینایەتی، ئەمە ئامرازێکی بەرەو نزیکیەك دەچێ، ناوەڕێکەکەی ئەوە دەگەیەنێ سیستەمی لیبراڵی بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ دادگەری لە نێو کۆمەڵگەدا بەرپا بکات.

سەبارەت بە ڕەوتی کۆمەڵایەتی، ئەوا پێی وایە کۆمەڵ وا لە تاك دەکات هەڵبژاردنەکانی هەڵبژێرێ، هەر بۆیە بەدەستهێنانی مافی هەر تاکێك، بەرپرسیارێتی ئەو دۆخە کەلتوریە دەبێ کە لەسەریەتی[1]، لەبەر ئەوەی ئەم ئاڕاستەیە سەرکەوتنی تاك دەبەستێتەوە بە چوارچێوەی گشتی کۆمەڵگە، جەستەی کۆمەڵایەتی دەتوانێ چارە ئەخلاقی و سیاسیەکان بگشتێنێ، تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دادگەری دابەشکردنەوە[2].

---

(1) Jean-François Dortier et autres: Philosophie de notre temps p. 135.

(2) Caillé et autres: Histoire Raisnné de La philosophie Morale et Politique, p. ٤٠٢.

ئا بەم شێوەیە، خاڵی وەرگێراوی بنەڕەتی بۆ گفتوگۆی هزری، لە جیهانی تازەدا، بریتی بوو لە جیاوازی لە وێناکردنی دادگەری کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا ڕاولس دادگەری دادەمەزرێنێ لەسەر بنەمای ڕاجیایی، ئەوانی تر وەك نوزیك و بیشنان بۆ ئەوە دەچن، دادگەری کۆمەڵایەتی بە پرسێکی شایستەی تاکەکەسی دابنێن و چیتر نا[1]، سەبارەت بە سوودگەرایە لیبرالییەکان، گوزارشتیان کردووە لەو وێنەیەی لەسەر ئازادی تاك دامەزراوە لە بزاڤی ئابووریدا، کۆمەڵییەکانیش وێنایەکی جیاوازیان هەیە، لەبارەی دادگەری کۆمەڵایەتی، بەبۆچوونی ئەمانە چاکە پێش دادگەری دەبێت، لەبەر ئەوەی بنەما ڕێکخراوەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، دابڕاو نابێ لە مانا بنەڕەتیەکانی چاکە، کە لەهەمان کاتدا بە دۆخێك لە کێبڕکێی نێوان تاکەکان دادەنرێ، لەلایەکی ترەوە مانایەکی تری گەوهەری هەیە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، کە بە واتای بەرزبوونەوەی چاکەی هاوبەش دێت، بە گشتی ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە دەچێ ڕەچاوی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ بکات، ڕێڕەوی تاکەکەسی دابڕاو نییە لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئا ئەمە چوارچێوەی هزرییە، کە تێڕوانینی فەلسەفی دیاری کردووە لەلای ڕاولس، کە جۆرێکی ئاڕاستەیی بۆ بنەمای دادگەری جیا دەکاتەوە.

## ٢- سەرچاوەبوونی فەلسەفەی راولسیەت – ئامادەیی مێژوویی فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت:

ڕاولس مکور بوو لەسەر بە بنەماکردنی زانین و مەعریفە و مێژوویی فەلسەفەکەی، لە نێو هۆشیاری خۆرئاواییدا، لەوانەیە ئەم بە بنەماکردنە لە پەیوەندیە ڕاستەوخۆکەیدا بە قەیرانەکەدا دەر بکەوێ، کە ئەو جیاوازیە توانای بەسەردا دەشکێ لە نێوان هۆشیاری سیاسی تازەدا هەیە، بەمەبستمان لێی ئەو تێکگیرانەیە کە بەرپابووە لە نێوان دادگەری و ئازادی، ئەو تێکگیرانەی ڕاولس پێی وایە لە ئەنجامەکانی نەریتی دیموکراسی فراوانبووە بۆ تێڕوانینە نوێیەکان، لەلای

---

(1) Ibid p. 400.

خاوەنانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، وەك لۆك و ڕۆسۆ[1]، کەواتە ئەم بە بنەماکردنە، کە ڕاولس لە دەقەکەیدا ڕوونی کردەوە، لەبارەی تیۆری دادگەریەوە، دەمانبات بەرەو ئاشکراکردنی پاشخانی فەلسەفی، کە فراوان و درێژبووەتەوە بۆ خوێندنەوەیەکی قوڵ بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی و ئەویتری سیاسی، لەگەڵ ئەو توانا ڕاولسیەی دەردەکەوێ، لە وەرگرتنی ئەم دوو فەلسەفەیە، ئینجا توانا شکان بەسەر بنیاتنانی ئاڕاستەیەکی زانین و مەعریفی کۆکەرەوە بۆیان.

ڕاولس بەرچاوڕوونی لە کۆماری ئەفلاتۆن وەرگرت، بەهۆی ئەو کۆمکارەی پێکیهێنا بۆ فەلسەفەی ئەخلاق و سیاسەت، دواتر لە دیاریکردنی ئامانجی بوونی مەدەنی، کە لێرەدا بیرۆکەی دادگەرییە، ئەگەرچی جیاوازی نێوان وێناکردنی ئەفلاتۆنی و ڕاولسی زۆر مەزن بێ، بە ڕەچاوکردنی پاشخانی مێژوویی کە دوو وێناکردنەکە ئاڕاستە دەکات، ئەگەر ئەفلاتۆن جوڵابێ لە نێو نزیککاری کۆیلایەتی گونجاو، بۆ ئاسایی کردنەوەی دادگەری لە نێو بنیاتی وێناکاریەك، کە هزری چینایەتی قوڵ بکاتەوە، ئەوا ڕاولس توانی شێوە داڕشتنێکی فەلسەفی بۆ داواکانی لیبڕاڵیەت ڕێك بخات، کە جیاوازی لە نێوان ئازادی و دادگەریدا دەکات. کارەکە بەم شێوەیە، ڕاولسییەت وەك ئەفلاتۆنیەت بایەخ دەدات بە ئەخلاقی تیۆری و ئەخلاق بە سیاسەتەوە گرێدەدات، بۆ ئامانجگەرایی بەختەوەری دەچێ، بەوپێیەی پرۆژەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، ئا لێرەوە دەردەکەوێ کۆمار ڕەچاوکراوە و بەرپا بووە لە پشت وێناکردنی تیۆری بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی لای ڕاولس.

ناکرێ وێنای کارایی بڕیارە ئەخلاقییەکان بکەین، کە کۆمەڵەی ڕاولسییەت دەری دەکەن، تەنها لە سایەی ئەو ڕێکەوتنە نەبێ، کە دەکرێ بەهۆی بەڵێننامەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیەوە، کە ئەم کۆمەڵەیە پێی گەیشتووە، ئا لێرەوە جەمسەرەکانی فەلسەفەی سیاسی ئامادە دەبن لە سەردەمی نوێدا، کە خاوەنی گرێبەستی کۆمەڵایەتین، ئەم فەیلەسوفانە وەرچەرخاون بەرەو دۆخی تایبەتی مرۆڤ، بە ئامانجی دامەزراندنێکی مەعریفیانە بۆ ناوەندی تاك لە ئەخلاق و سیاسەتدا، لە سەردەمی نوێدا، ئەمە وای کرد سروشتی ڕەسەنی مرۆڤ پێویست بێ، دواتر هەڵسان بە بەڵگە

---

Jean Rawles: La justice comme éqquité p. 18. (1)

هێنانەوە لەسەر یەکێتی هۆشیاری مرۆیی، بەوەی ئەم فەیلەسوفانە بۆ خەیاڵ گەڕانەوە، ئەمەش بە وێناکردنی دۆخێکی سروشتی تایبەتمەند بە هۆشیاریەکی بەرایی ڕەسەن، ئامانج لەمە هەوڵدان بوو بۆ ڕاڤەکردنی پەیدابوونی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان لە یەك دۆخی سروشتیەوە، ئەگەرچی ئەم دۆخە لای هۆبز، تایبەتمەندە، بە خەسڵەتێك وا دەکات مرۆڤ لە دۆخی ململانێ و ترسدا بژیەت[1]، بۆ ئەوەی پاڵنەرێك بێ بۆ دەستهەڵگرتن لە مافە سیاسیەکانی بۆ لایەنێك کە پارێزگاری لێ بکات، لە کاتێکدا لای ڕۆسۆ دۆخێکە لە ڕەسەنایەتی بێ تاوان، کە گەیشتووەتە نیازی چاك و سروشتی هەڕەمەکی[2]، شیاوە بۆ بیرۆکەی ناوەندی لە فەلسفەی ڕۆسۆدا، هەمان ئەو خەسڵەتانە بە مرۆڤ دەدات، کە مافەکانی مرۆڤن، کە لە کاتی دۆخی کۆمەڵایەتیدا دەیپارێزێ[3]، لە ڕاستیدا خاوەنانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ڕۆیشتوون بەرەو ڕوونکردنەوەی سروشتی مرۆڤایەتی پێش گرێبەستی کۆمەڵایەتی، واتە لە دۆخی تاکەکەسیدا، دواتر مافە سروشتیەکانیان دیاری کردووە لە قۆناغی یەکەمی بەر لە قۆناغی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی توانایان بشکێ بەسەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕەچاوکەری مافە سیاسیەکانی تاکەکان، لە ڕاستیدا ئەم دیاریکردنە، چەکی دەوڵەتی ماف و ڕاستی هێنا، لەگەڵ وێناکردنە خاوەن ڕەهەندە نوێگەریەکان.

مانای دوو دۆخە سروشتی و ئەوەی کۆمەڵایەتیەکان بەم شێوەیە دەبێ، بە بنەماکرێکی فەلسەفی ڕاولس دەیکات بە ئامانجی دانانێکی تازە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیەکی تر، کە تیایدا وتەی ئازادی و چاکە ڕێکبکەون، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی دادگەر، لێرەوە شوێنەواری گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکەینەوە لە وێنای ڕاولس بۆ کۆمەڵ، کە لە دۆخێکەوە دەچێ بۆ دۆخێکی تر، بەگوێرەی بەڵێننامەی ڕێکەوتن لەسەر بنەماکانی دادگەری، دواتر دۆخی کۆمەڵ پێش ڕێکەوتنەکە، بریتییە لە دۆخی ئەستۆپاکی سەرەتا، کە بەراییەکان دەبنە گونجاوی پەوەندی گرێدان لە نێوان

---

(1) Hobbes: Léviathan, Gallimard, 2000, p. 224.

(2) Jean – Jacques Rousseau: de l’inégalité parmi les homes, union generales d’édition 1963 p. 278.

(3) روسو: في العقد الإجتماعي، ترجمة ذوقان قرقوط، دار القلم بيروت، لبنان، د ط، د ت، ص ٤٨.

تاکەکانی کۆمەڵەی ڕێکەوتن، ئەمانە چەند ڕەگەزێکن پێویستە بەگشتی ڕەچاو بکرێن لە نێو لۆژیکی پەردەی نەزانی وەك دەفری ڕێکەوتن.

سەبارەت بە ئیبستیمی پەردەی نەزانی، ئەوا وێنایەکە سەرنجی عەقڵانیەتی کانت و وێنا ئەخلاقیەکانی ڕادەکێشێ، بەهۆی ئەو بنەما گشتگیرانەی، لۆژیکی پەردەی نەزانی پەنای بۆ دبات، ئەوەی ئەو کۆمەڵە دەجولێنێ، کە ڕێکەوتن ئەنجام دەدات لەسەر بنەما دادگەرەکان، بریتییە لە کەسایەتی ئەخلاقی بەگوێرەی چوارچێوەی کانتی دامەزراو لەسەر یەکێتی درك پێکردنی عەقڵی بۆ بەهای ئەخلاقی[1]، ((ئەوەی گرنگە بەلای ئەندامانی ئەم کۆمەڵە گفتوگۆکارە، ئەوەیە کە هاوبەش و درك پێکراوە بە یارمەتی یەکێتی عەقڵ))[2]، ئەمە دوایین وزەی یەکێتی کۆمکاری عەقڵەکانە، ئەم نزیککاریە وا دەردەکەوێ ڕەگ و ڕیشەی کانتی پێویستی هەبێ، بە ئامانجی سڕینەوەی مێزەکە لە شوێنەوارەکانی وێناکردنی خۆویستی، کە تیۆری سوود توانای پێدا شکا، دواتر تێپەڕین بەرەو ڕێکەوتن لەسەر بنەما نوێیەکان، کە توانای بەسەر دادگەریدا دیشکێ وەك بەهایەکی ئەخلاقی و سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کۆمەڵگەیەکە بنەماکانی دەگونجێن لە نێوان دوو دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەم شێوەیە بە ئامانجی تێپەڕاندنی تێکگیرانە ڕووداوەکانی نێوان ئازادی و دادگەری نێو کۆمەڵگەی لیبراڵی، لەبەر ئەوەی ((هاوبەشەکان کە ژیرمەندانی عەقڵدارن، بە تەواوی تێدەگەن لە دەستکەوتەکانی لکاو بە مێژووی مرۆڤایەتیەوە، لە بەرامبەردا بە تەواوی بێ ئاگان لە دەستکەوتە تاکەکەسییەکان و پێگەکەیان لە کۆبوونەوەی ئایندە))[3]، ئەمە ئەو شتەیە کە ڕەهەندی کانتی عەقڵانی جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ کۆمەڵەی ڕاولسییەت، کە ڕێکەوتن لەسەر بنەما نوێکان لەسەری دەبێ، لەبەر ئەوەی سەربەخۆ و جیاوازە لە هەر دەستکەوتێکی بابەتی یان دەروونی، تەواو وەك چۆن خاسیەتێکی عەقڵانی ئەخلاقییە، کە وێنای زانین و مەعریفی پێکدێنێ بۆ ویستی چاکەی کانتی.

---

(١) کانط: أسس میتافیزقا الأخلاق، ترجمة فتحي الشنیطي، موفم للنشر الجزائر، د. ط، ١٩٩٤، ص ٢٢٣.

(٢) Encyclopédie De La philosophie p. 1394.

(٣) جاكلین روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ص ٩٨.

دواتر ڕەهەندی کانتی ئامادە دەبێ، لە وێناکردنی خودەکاندا، کە کۆدەبنەوە بۆ ڕێکەوتن لە ژێر پەردەی نەزانی، کۆمەڵ گوزارشت دەکات لە وەرچەرخانە ئەخلاقییەکان، مەبەستی دەستکەوتنی کەسایەتی ئەخلاقییە، ئەمە ئەو کەسایەتیەیە، کە کانت جیای کردۆتەوە بە سەربەخۆیی و هەستکردنی قوڵ بە بەرپرسیارێتی، ئەمەش مانای بەشداربوون دەگەیەنێ لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەخلاقیدا، ئەمە کۆمەڵەیەکە پوخت بۆتەوە لە تێڕوانینەکانی سوودی بەرتەسك، ڕووی کردۆتە فراوانی لۆژیکی ئەخلاقی عەقڵانی. لێرەوە تایبەتمەندی هزری لای ڕاولس دەردەکەوێ، کە دەدرەوشێتەوە لە گرەوی بەراوردکاری نێوان دوو ئاڕاستەی ئەخلاقی بەرامبەر یەك، کە بریتین لە: ئاڕاستەی کانتی کە سەیری کردار دەکات لە خودی خۆیدا، ئەوەیتر سوودگەرا، وێناکردنە کەسییە مرۆڤایەتیەکانی کاریگەر دەبێ بە چێژ و ئێش، بۆ ئەوەی ژماردن بکات بۆ ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەخات، ئا بەم شێوەیە ڕاولس ئەندێشەی ئەخلاقی وەبەردەهێنێ، کە کۆکەرەوەیە بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی نوێ و فەلسەفەی سەردەمی ڕووناکی، بەیەکەوە دەتوانێ گرەوی ئەخلاقی شی بکاتەوە لە سەردەمی ئەودیوی ناکۆکی نێوان لیبراڵییەت و سۆشیالستی، هەروەها دیاریکردنی تێڕوانینی دادگەرانەتر بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی تایبەتمەند بە جیاوازی ڕەگەزی و کەلتوری و جیاوازی پاشخانی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە، لێرەوە ڕاولس گرەوی ئەو ڕەخنەیە بەرجەستە دەکات، کە دامەزراوە لەسەر لەخۆگرتنی گشتی بۆ گرێکوێرەی کۆمەڵایەتی سیاسی، کە لە عەقڵی ڕووناکیەکان و شێوە وێناییەکەی بەرهەم هاتووە، مەبەستمان لێی ئەوەیە کە ڕەخنەی مارکسی ئاڕاستەی سیستەمی سەرمایەداری کردووە.

### ٣- ڕاولس و بنەمای دادگەری – لیبراڵییەت لە نێوان لۆژیکی ئازادی و دادگەریدا:

تیۆری دادگەری ڕاولسیەت بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی ئیتیقی دادەنرێ، کە هۆشیاری ئەخلاقی خۆرئاوایی داویەتی بە وێناکردنە فەلسەفییە هەنوکەییەکانی، ((کتێبی ڕاولس تیۆری ئەخلاقی، بەبێ گومان بە یەکێك لە گرنگترین پێشنیازکراوەکانی ئەخلاقی ئارەزوومەندتر دادەنێ،

که ڕووناکی بینیوە لەوەتەی دانراوە مەزنەکانی کانت))[1]، لەبەر ئەوەی ویستی فەیلەسوفی ئەمریکی تێپەڕیوە بەرەو داڕشتنی بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی فەلسەفی، هەوڵی قەرەبوکردنەوەی وێناکردنە سوودگەراکانی داوە، کە ڕەگی داکوتاوە لە کۆمەڵگەکانی لیبراڵیەتدا، بە پاشخانێك کە بەرەو دادگەری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەچێ، دواتر ڕۆیشتن بەرەو چەپاندنی بەهۆی بەڵگەی ڕێکەوتن، دواتر پشت بەستن بە لۆژیکی ڕێکەوتن، کە بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی دایدەڕێژێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ڕێك و پێك، لە تێڕوانینێکی ڕێکخراو بۆ دادگەری کۆمەڵایەتیەوە دێت، ئەم دیاریکردنە کار دەکات لە ڕێکخستنی بیرۆکەی ناوەندی ڕێکخری دەستەبەری کۆمەڵایەتی[2].

لە ڕاستیدا ڕاولس، پڕۆژەیەکی فەلسەفی پێشکەش دەکات، لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لیبراڵییەکان، بەگوێرەی پاشخانێکی تر کە سوودگەرایی تێدەپەڕێنێ، کار دەکات لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادگەر، دەیەوێ دووبارە بنەماکانی دابڕژێتەوە لەسەر تیۆرێکی مافی سروشتی "هاوڵاتیان وەك کەسانی ئازاد و یەکسان سەیریان دەکرێ"[3]، بەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بتوانێ لە قبوڵ کردنی بنەماکانی دادگەری، لێرەدا ڕاولس ڕێوشوێنی زانین و مەعریفی و وێنای فەلسەفی دەگرێتەبەر، بە ئامانجی دانانی بنەماکانی تیۆری دادگەری.

لە سەرەتادا ڕاولس لە بیرۆکەکەی لەبارەی دادگەری هەنگاو دەدەنێ لە پێویستی تێپەڕاندنی لۆژیکی جێبەجێکاری، لە دابەشکردنی دەستکەوتەکان، لایەنەکانی گفتوگۆی ئەخلاقی لەبارەی هزری دادگەری بایەخ بە دادگەری جێبەجێکاری دەدەن، بە مانای ئەو ڕێگەیەی بەگوێرەی ئەو دەستکەوت و سەروەتەکان دابەش دەکرێن، بەڵام ڕاولس بایەخ دەدات بە جێبەجێکردنە ئەخلاقییەکان بۆ دابەشکردنی خێر و بێرەکان، بەوەی ڕێکەوتنێکی گشتگیر هەبێ، ڕێگە بدات بە

---

(1) Michel Métayer: La philosophie équité, ((Enjeux et débat actules)) p. 143.

(2) Jean Rawls: La Justuce comme équité p. 27.

(3) Ibid p. 34

بەیەکگەیشتن، ئەمە گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، کە دامەزراوە لەسەر هەڵوێستێکی ڕەسەن، واتە عەقڵانیەتی ڕێکەوتن، بۆ ئەوەی گفتوگۆ دەستپێ بکات لە بارەی ماف لە دادگەریدا، لە وێناکردنێك کە مەبەستەکەی یەکسانی ماف تاك بێ بۆ کۆی مافەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر بەراییبوونی ئازادی لە کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە تیۆری دادگەری لای ڕاولس دامەزراندنێکی ئەخلاقی دەبێ، بۆ دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکی، ئەو بنەمایانەی دادگەری کە ڕاولس پێی گەیشتووە، واتە ڕێزگرتن لە ڕاجیایی و دواتر تێپەڕاندنی دیمەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تێکگیراوەکان لەگەڵ بنەماکانی لیبرالّییەت، ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە دامەزراون لەسەر ڕێزگرتنی گشتی لە ئازادی، لێرەوە لۆژیکی ڕەگەزپەرستی ڕەت دەکرێتەوە، کە لایەنێکی مەترسیداری پێکهێناوە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، قبوڵکردنی ڕەگەزی و ئاینی و کەلتوری و دەستەبەرکردنی ژیانی هاوبەش بەرپا دەبێ[1].

### أ- بەهای دادگەری بەرامبەر بەهای ئەخلاق:

ڕاولس ئامانجی کۆتایی دیاری دەکات، لە دامەزراندنی تیۆری دادگەری، لە پێشەکی چاپی ساڵی دوو هەزار، بۆ کتێبەکەی تیۆری دادگەری وەك ویژدانکاریەك لە بنیاتنانی پێکهاتەیەکی واقیعی بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو لە چوارچێوەیەکی فرەیی و دیموکراسی لیبرالّیدا[2]، یەکەم هەنگاو، کە پێویستە ئەنجام بدرێ لە چواچێوەی بیرۆکەی دادگەریدا، خۆی بینیوەتەوە لە ڕێوشوێنێکی پێویست و یەکلاکەرەوە، ئەویش ڕەخنەگرتنە لە بنەمای چاکە، کە بەرجەستە دەبێ لە تیۆری سوودا، ئەمەتیۆری هەرە گونجاوە لەگەڵ سیستەمی لیبرالّی، کە تا ئاستێکی دوور گوزارشتی کردووە لە پاشخانی بنەڕەتی ئەم سیستەمە، چ ئەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە یان

---

(1) Monique Canto – sperder et auttre: Dictionnaire d’éthique et de Philosophie morale, lére edition 2004, p. U F, T l, p 1006.

(2) Jean Rawls: La Justuce comme équité p. 14.

سیاسیەت و ئابووریەوە، ئەم گواستنەوەیە بە دەروازەیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ دووبارە ڕاستکردنەوەیەکی دروستی پەیوەندی نێوان دادگەری و چاکەدا، لە ڕێبازی سووددا کە بنتام بنچینەکانی داناوە بە گوێرەی لۆژیکی زۆرترین قەبارەی بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك، بووە هۆی چەندین تێکگیرانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی لیبراڵیدا، لەبەر ئەوەی پێوەری سوودی گشتی گرنگی نادات لە بە چینە فەرامۆشکراوەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە هەمان کاتدا هەڵدەستێت بە کارا کردنی بەرژەوەندی ماددی، دواتر ڕەچاوکردنی وەك بەهایەك لە خودی خۆیدا، ئەو شتەی کرچ و کاڵیەکی دروستکردووە لە بیرۆکەی دادگەریدا، ئەنجامی نەرێنی لێی پەیدابوو لەسەر هەر دوو ئاستی ئەخلاقی و کۆمەڵگەیی، لەم چوارچێوەیەدا ڕاولس تێڕوانینە فەلسەفیەکانی چڕ دەکاتەوە لەسەر سروشتی مانای دادگەری "کە بە تۆکمە وابەستەیە بە کۆمەڵگەی دیموکراسیەوە، کە خاوەنی بارودۆخی چاکە"[()]، بە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ڕێك و پێك لەسەر بنچنەی دیونتۆلۆژیدا.

کەواتە گفتوگۆی هزری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدادا گەیشتە چەند پرسیارێکی هەراسانکەر، لەوانە لێکۆڵینەوە لەو ڕێگەیەی کە بەپێی ئەو گونجاندن لە بەهای کۆمەڵایەتی لیبراڵی و بیرۆکەی دادگەری کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێ، پێویست بوو بەهای جیاوازی ئەم کۆمەڵگەیە ڕازی بکرێن، لە یەکسانی و ئازادی، بۆ بەدەستخستنی کۆمەڵگەیکۆمەڵگەیەکی دادگەر، تاکەکانی چاکەی هاوبەشیان هەبێ، لە کاتێکدا بەشی وێناکردنی ئەم کۆمەڵگەیە کەمە، بەراورد بە دۆخی هەنوکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرزکردنەوەی بەهای لیبراڵیەتی ئابووری، کە کەلێن و درزی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران زیاتر دەکات، ئەمە ئەو دۆخەیە کە وا دەردەکەوێ ناگونجێ لەگەڵ بنیاتی هزری دیموکراسی، کە لە وتەی یەکسانی لە مافدا هەنگاو دەنێ. سەبارەت بە ڕاولس ئەوا دادگەری وەك ویژدان دانامەزرێ مەگەر ئەو تێگەیشتنە تێبپەڕێنرێ، کە دامەزراوە لەسەر هۆی بنەمای سوود، کە مەبەستمان لێی وێناکردنی چاکەیە لە سەرووی دادگەریەوە، دواتر

---

() Ibid, p. 32.

ئەم چاکەیە ڕەچاوکردنێکە بۆ سوودە ماددەیەکان، کە سەروەتی لە دەستی کۆمەڵە کەسێکی کەمدا کۆ کردتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵانی زۆر بێ بەش دەکەن لەم چاکانە و کرچ و کاڵی لە مافەکاندا دروستکردووە.

دەکرێ لێکدانەوەیەکی ژمارەیی بکرێ بۆ چاکەی ئەخلاقی، کەواتە دەبێ دووبارە لۆژیکی چاکە ڕاستەڕێ بکەین بە گوێرەی لۆژیکی پێشوەختە، کە بتوانن لە دامەزراندنی ئەخلاقی بۆ بەهاکانی کۆمەڵگە وەك گشت.

**ب- ڕەخنەگرتن لە مەزهەبی سوودگەرایی – لەپێشتربوونی دادگەری لە چاکە –:**

لە سەرەتادا ڕاولس هەوڵی نەداوە کێشەی دادگەری چارەسەر بکات بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو هەوڵەکەی کورت کردۆتەوە لە لێکۆڵینەوە لەو بنەمایانەی زاڵبوون بەسەر دابەشکردنی سەروەتەکان لە کۆمەڵگەدا، دابەشکردنێکی دادگەر لەگەڵ پێدانی ماف بە تاکەکانی لە ئەستۆگرتووە، ئازادی و دادگەری تێککناگیرێن، یەکتر تەواوکەرن، لێرەوە ڕاولس پرسیار دەکات سەبارەت بەوەی دادگەری چییە؟ سیستەمی دادگەر چییە؟ ئەو مەرج و ڕێوشوێنانە چین هەڵسوکەوت دەکەن لە دابەشکردنی دەستکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا؟ کانت دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەتا بۆ دۆزینەوەی ئەم بنەمایانە، کە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئامادە دەبێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی ڕێکەوتوو لەبارەی هزری دادگەری(1).

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، پێویستە ئەو پاشخانە بخرێتەڕوو، کە سیستەمی لیبراڵی بەگوێرەی دەجوڵێ، لە وێناکرددنی لەبارەی بەختەوەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخنە، وێناکردنی لیبراڵی ڕێڕەوی تیۆری سوودگەرا دەگرێتەبەر، کە ئامانجەکەی کۆ بووەتەوە لە کورت هەڵهێنانی چاکەدا لە گەورەترین ئەندازەی بەختەوەری بۆ زۆرترین خەڵك، وا دەردەکەوێ چاکە لێرەدا ژمارکاریە بۆ

---

(1) Op. cit, p. 85.

چەندێتی چێژەکان، کە ئامانجێکی ماددی پوخت دەخوازێ، ئەمەش وایکردووە پلەبەندی کۆمەڵایەتی دیمەنێکی بنەڕەتی بێ لە کۆمەڵگەکانی لیبڕاڵیدا.

لەپێشتربوونی چاکە لە پێش دادگەری، وا یکرد ڕێبازی سوودگەرا، بڕوانێتە ماف و ئەخلاق بە ڕوانینێکی ئابووری بێ لایەن، ئەمەش وایلێکرد وا دابنێ بکەری ئەخلاقی بە بکەرێکی بێ لایەن دابنێ، کە نا دیاریکراوی شیاوی پێوانەیە، هەر بۆیە هزری یەکسانی لەم ڕێبازەدا پابەندە بە یەکسان کردن لە نێوان ئەوەی بەسودە و ئەوەش وەڵامی پێویستییەکان دەداتەوە، لەگەڵ فەرامۆشکردنێك بۆ کەسەکان، هەروەك تێگەیشتنی ئەو لەبارەی دادگەری وەك نموونەیەکی ئەخلاقی تەنها بە دۆێکی لەناکاو و ناجێگیر دادەنرێ، زۆرترین ئەندازە لە بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك، بە بەرنامەیەکی ئەخلاقی سەرنجڕاکێش دادەنرێ، بەڵام بایەخ دەدات بە چەندێتی چاکەکان، بێ ڕەچاوکردنی بایەخدان بەو ئامرازەی ئەم چاکانەی پێ لەسەر تاکەکان دابەش دەکرێ، لەوانەیە هەندێك لە تاکەکان قوربانی بە مافی کۆمەڵایەتی خۆیان بدەن لە پێناو ژمارەیەکی هەرە زۆری تاکەکان[١]. ئا بەم شێوەیە یەکێك لە ئامانجەکانی کتێبی ڕاولس (تیۆری دادگەری) نووسینەوەی ڕەخنەیەکی کۆتایی بوو بۆ تیۆری سوود[٢]، ئەمەش وای لە ڕاولس کرد، لە کاتی ڕاگەیاندنی بنەماکانی دادگەری، ڕەچاوی بەهای ئازدای نەکات وەك تەنها گونجان بۆ قوربانیدان لە پێناو ئەویتردا[٣]،ئەمە ئەو بنەمایەیە کە تیۆری سوود پشتی پێبەستووە لە دابەشکردنی دەستکەوت و خێر و بێرەکاندا، بەڵکو ئازادی مافێکە لە مافە کەسییەکانی مرۆڤ، کە مشتومڕی تێدا نییە، لێرەدا ڕاولس بەهای ئازادی دەنوسێ لە داڕشتنی براگماتیەت، کە توانای بەسەردا شکاوە لە نێو شێوەی براگماتیەتدا.

---

(١) Ibid, p. 79.

(٢) Ibid, p. 96.

(٣) Caillé et autres: Histoire Raisnné de La philosophie Morale et Politique, p. 401.

ڕێبازی سوودگەرا لە دامەزراندنی بۆ چاکە، لە واقیعەکانەوە هەنگاو دەنێ، بە ئامانجی وەڵامدانەوەی حەز و ئارەزووە مرۆڤایەتیەکان، وەك هەڵوەشاندنەوەی ئەم بنەما ئەخلاقییە، کە لەسەر ئامانجگەرایی چێژ دامەزراوە، ڕاولس بۆ ئەوە دەچێ وا دابنێ نەوەکانی دادگەری بە دەستدان لە واقیعەکان نابێ، بەڵکو بە گەڕانەوە دەبێ بۆ بنەماکانی ئەو تیۆرەی دامەزراوە لەسەر دادگەری لە خودی خۆیدا، ئا لێرەوە کانت شت هەڵدەهێنجێ لە ئاڕاستە ئەخلاقییەکەی، کە دامەزراوە لەسەر بنەما پێشوەختەکان، کە لە خودی خۆیدا بە ڕاستپێکراو دادەنرێن بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجامە دوورەکانی، ئا بەم شێوەیە ڕاولس ویستویەتی تیۆرێکی کارا بەرهەم بهێنێ لە دادگەریدا، باڵادەست بێ بەسەر تیۆری سوودگەرایی، بە بنەما تیۆریە گونجاوەکانی لەگەڵ یاسای ئەخلاقیدا، هەر بۆیە ڕادەگەیەنێ دادگەری جێبەجێ کردنی پوخت بنەمای تیۆریە، سەبارەت بەو پێویستە دادگەری سەربەخۆ و جیاواز بێ لە بنەمای چاکە، ئەوەی گرنگە کۆمەڵگەیەکی دادگەرە، بەختەوەری لە نێو دادگەریدا دەستەبەر دەکرێ، بە دڵنیاییەوە بەختەوەری لەخۆ دەگرێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ڕێکخراو لەسەر بنچینەی ئەوەی دادگەرە، لە کۆتایی ڕێگاکەدا دەگاتە داننان بە چاکەدا.

ئەوەی بەلای ڕاولسەوە گرنگە، داننانە بەدادگەریدا، وەك ویژدانکاری لەسەر ئاستی بنەمای کۆمەڵایەتیدا، پیادەکردن لەسەر ئاستی بنیاتی کۆمەڵگەیی جیاواز دەبێ، هەر لە خێزانەوە تا دامەزراوە ئابووریەکان، سیاسیەتی کارا، کۆمەڵگە بەرجەستەکەری سیستەم و دەستەبەری گشتی نێوان تاکەکانی دەبێ، بەڵام ڕێگە چارە چییە بۆ بنیاتنانی دادگەری لەسەر بنەمای مەعقوڵییەت، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند بێ و جێگای ڕێکەوتن بێ؟

### ت- بالاپۆشی نەزانی – گرێبەستێکی دیکەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی عەقڵگەرایی:

بۆ بەرجەستەکردنی پرسیاری ئەوەی دادگەری چییە؟ ڕاولس پشت دەبەستێت بە کۆگاکراوێکی مێژوویی، بۆ تیۆرە سیاسییەکان، کە بیرۆکەی داگەر بە ئامانجی پرۆژە مەعریفی و زانینەکەی داناوە، لێرەدا کۆماری ئەفلاتۆن پێشەنگ دەنگرێ، بەوپێیەی دارشتنی بەراییە بۆ هزری ئەخلاقی سیاسی، چارەی پرسی دادگەری کردووە وەك دەستکەوتێکی مرۆیی، دواتر گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەبێتە بنەمایەکی تر لە عەقڵی نوێوە، دەتوانێ گونجانێکی سیاسی بنیاتنبێ، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوە بگەیەنێ دادگەری دۆخێکی ڕێکەوتن و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە، توانیویەتی یاسکانی هەڵسوکەوت دیاری بکات لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە، گرێبەستی کۆمەڵایەتی توانای وەرگێڕانی مێزی بۆماوەی کۆمەڵایەتی هەیە، دواتر ڕێکەوتن بە گوێرەی دەستکەوتێکی عەقڵانی لەسەر ئەو بنەمایەی تاکەکانی یەك کۆمەڵ تیایدا بەشدارن.

بەڵام چۆن دەکرێ گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نوێ دروست بکرێ، لە کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەچەڵەك و ڕەگەز و کەلتور؟ دواتر لۆژیکی زۆرترین ئەندازە لە بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارە لە خەڵك، زالە بەسەر سیستەمە ئەخلاقی و بیرکردنەوە چاودێریەکەی؟ چۆن ڕێکەوتن دەکرێ لەبارەی بنەماکانی دادگەری کە بەرەو هاوسەنگیەك دەڕوات، کە چاکە و دادگەری ڕێکبخات؟ دواتر چۆن دەتوانین لۆژیکێکی بۆ دادگەری بنیاتن بنێین، ڕێکەوتن بێنێتە ئاراوە لە نێوان مافی تاك و مافی کۆمەڵ، لە کۆمەڵگەیەکی لیبڕاڵی دیموکراسیدا؟ لێرەدا ڕاولس وێنایەکی زانین و مەعریفی دادەنێ، دەچێەوە سەر نزیککاریەکی عەقڵانی، تیایدا پاشخانی فەلسەفی نوێ ئامادە دەبێ، مەبەستمان لێی هزری دۆخی ڕەسەنە، ئەمە نموونەیەکە لەبارەی دۆخی سروشتی کە پێش دۆخی کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە لەلای خاوەنانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، بە مانای ڕێکەوتن دێ بە گوێرەی دۆخێك لە تێڕوانینی بەرایی، کە ناچارکردن تیایدا ئامادە نییە، ئینجا کانتیەت دێت بەوپێیەی سەرچاوەی یەکەمە بۆ عەقڵانیەتی ئەخلاقی، واتە دۆخێك لە پەیوەندی لە ڕێگەی ئەوەی پەسەندە لای

عەقڵ، ئەمە ئەو سەرچاوەیەیە کە ڕاولس پشتی پێ دەبەستێت بۆ دامەزراندنی بژاردەی کۆمەڵایەتی نوێ، ئەمە ئەو بژاردەیەیە کە ڕاولس دەیەوێ بیکاتە پاشخانی کۆمەڵایەتی تازە، کە لە پێگەی یەکەم لە شوێنی وێنای سوودگەرادا دەبێ، دواتر دەتوانێ بنچینەی دیونتۆلۆژی دابمەزرێنێ، کە بایەخ بە ئەخلاقییەت پێش وێناکردنە ئابووریەکان.

لە پێناو ڕوونکردنەوەی بژاردەی نموونەیی بۆ کۆمەڵگە، ڕاولس خەیاڵی کۆمەڵە مرۆڤێك دەکات، کۆدەبنەوە بۆهەڵبژاردنی سەرکردایەتی کۆمەڵگە لە ڕووی ئازادی و ماف و سەروەتەکان، ئەم کۆمەڵەیە ژیرە و بە هەموو دەستکەوتە مرۆڤایەتییەکان ئاشنایە، بەڵام تایبەتمەندێتی تاکەکەسی فەرامۆش دەکات، کە واتای نەزانی تەواو دەگەیەنێ سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شایستەییە سروشتییەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی[١]، سەرەتا پێویستە ڕێکەوتن بکرێ لەسەر ئەوەی لۆژیکی یەکەم بۆ کۆمەڵ، کە ڕێکدەکەون لەسەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتەوە لەسەر یەك خاسییەت، ئەویش حەز کردنە لە ژیانی بەختەوەر، ئەمە ئەو ئامانجەیە کە کار دەکات لە پێناو پێ گەیشتنی بۆ دانانی بنەمای تازە، بەو مانایەی کۆمەڵ دیاری دەکرێ، پێش هاتنە نێو گرێبەستی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی، کە ئاڕاستەکەی گەورەترە، تیایدا دەڕوات بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجەی پەیوەستە بەم گرێبەستەوە، چونکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ناڕواتە ڕێ، بەڵکو لەسەر بەرچاوڕۆشنیەکی تەواوە سەبارەت بە ڕەگەزە پێویستەکان، کە پێویستی پێیەتی[٢]، ئەمانە ڕەگەزی پەسەندکراون لەلایەن عەقڵەوە، تایبەتن بە بەرایییبوونی کۆمەڵگەی ڕێکخراو، ئەمە کۆمەڵەیەکی گریمانەییە پەیوەستە بەمەی خوارەوە:

أ- کۆمەڵەی گریمانەیی نادرێتە پاڵ لایەنێکی ناسنامە دیاریکراو، هەروەك لە ڕەهەندێکی هزریشەوە دەرناچێ، لێرەدا ڕاولس جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو بنچینەیەی ئەم کۆمەڵەیەی لێدەردەچێ، ئەمە نا ناڵێنێ بەدەست هیچ دەسەڵاتێك کە پابەندی بکات بە

---

(١) Op, cit, p. 124.

(٢) Ibid p. 403.

بنەما دیاریکراوەکانی، وەك دەقی ئاینی یان دامەزراوەی یانی یاخود سیستەمی بەهایی دیاریکراو، ئەندامانی کۆمەڵ بەشدارن لە یەك خاسیەتدا، ئەوان کەسایەتی مرۆڤایەتی سەربەخۆی تایبەتمەند بە ئازادی و یەکسانی[١].

ب- دەبێ بنەماکان هەڵبژێردێن، بەبێ فشار و زۆرلێکردن، لەبەر ئەوەی ڕێکەوتنی نێوان تاکەکان دادگەرانە نابێ، مەگەر بەگوێرەی دۆخێکی دادگەرانە هەڵبژاردنەکە بکرێ، مەبەستمان ئەوەیە بەتاڵ بێ لە هەر شوێنەوارێك بۆ کاریگەری کردنە سەر بڕیار، جۆرەکەی هەر چییەك بێ.

ت- ئەندامانی کۆمەڵەکە پابەند نین بە زانینی دۆخە گشتیەکەیان، ئەوان ڕەگەز و لایەنگیریە ڕەگەزی و کەلتوریەکەیان نازانن، ئایا ئەوان نێرینە یان مێینەن، هەروەك هیچ شتێك نازانن سەبارەت بە بەهرەکانیان، وەك توانای ژیری و درك پێکردنیان و بەگشتی ئەوان لە پشت پەردەی نەزانی دەوەستن و ناتوانن ئاشنای دۆخە تایبەتەکەیان بن، چ تاك یان چەند تاکێك بن لە نێو خۆیاندا[٢].

پ- بابەتی ڕێکەوتن بنەما بەراییەکانی دادگەرین، ئەوانیش ئەو بنەمایانەن کە نموونەیەکی دیاریکراو دەستنیشان ناکەن، لە دەسەڵاتی سیاسی، مەگەر دیموکراسی بێ[٣]، دواتر ئەو دۆخە ڕەسەنەی پێش بڕاردەکە دەکەوێ، دەبێ تایبەتمەند بێ بە وێنا و تێڕوانینی

---

(١) Ibid p. 34.

(٢) لێرەدا ڕاولس خۆی جیا دەکاتەوە لە لوك و ئەوانی تر لە خاوەنانی گرێبستی کۆمەڵایەتی، ئەوانەی نموونەیەکیان لە حوکم دیاری کردووە لە قۆناغێکی سیاسیدا، وا دەردەکەوێ ڕاولس لە دیاری کردنیدا بۆ ئەم هەڵاواردنە، بایەخ دەدات بە بنەماکردنی دۆخی ڕەسەنی پێش ڕێکەوتنەکە، ئەمەش بە ئازادکردنێکی گشتی بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکە لە هەر تێڕوانینێکی پێشوەختە، کە لەوانەیە وا بکات بڕاردەکان شایستەی دادگەری نەبن وەك ویژدان.

(٣) Caillé et autres: Histoire Raisnné de La philosophie Morale et Politique, p. ٤٠١.

پوخت، هەر بۆیە ئەمە گریمانەییە نەوەك مێژوویی بێ، ئا لێرەوە زیاتر گریمانەی بالآپۆشی نەزانی پەسەند دەبێ(١).

ج- ئەو ڕێکەوتنەی کۆمەڵەکە پێی دەگات، لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی هەڵهێنجانی دەبێ، ئەمە ئاڕاستەیەکە لە بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی، کە پشت دەبەستێت بە دۆخی مرۆڤایەتی ڕەسەن، لەگەڵ تێپەڕاندنی هەموو تایبەتمەندیەکان، ئەم دۆخە ڕەسەنە، ئەزموونێکی هزرییە، ڕۆڵی هەیە لە ڕوونکردنەوەی دۆخی کەسایەتی، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەندامانی ئازاد و یەکسان، هەروەها لەسەر بارودۆخی گشتی، لەبەر ئەوەی بنەمای بنچینەیی پێکدێنێ بۆ هەر ڕێکەوتنێکی عەقڵانی پوخت(٢).

لە سایەی ئەو عەقڵانیەتەی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی پێی تایبەتمەندە، کە لە نێوان خۆیدا ڕێککەوتووە لەسەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی تازە، دیاری کردنی عەقڵانی ئەنجام دەدرێ بۆ بنەماکان، تێپەڕاندنی ئەو لادانانەی تیۆری سوودگەرا تێی کەوتوون، پەرەی نەزانی چەمکێکی بنەماییە لە ڕوانگەی دادگەریەوە، وا دادەنێ هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵ توانای نییە لەسەر ناسینی دۆخە تایبەتیەکەی، هەروەك بە تەواوی لۆژیکی لایەنگیری لەدەستدەدات، ئەو لایەنە لایەنگیریەکی هزری یان کەلتوری و ڕەگەزی بێ، بە گشتی ((لە پەردە و بالآپۆشی نەزانیدا هەر یەکێك خۆی لە شوێنی ئەویتردا دادەنێ، دەکرێ ئامادەیی و هاوبەشی لە دۆخدا ئالۆگۆڕ بکەین))(٣)، ئەمەش مانای تێپەڕاندنی سنووری مەبەستە تایبەتەکانە بۆ دۆخی هاوبەشی لە یەك وێناکردنی ئەخلاقیەتدا، ئەو شتەی وێناکردنی کانتی ئاسانی دەکات، کە لێکدراوە لە ڕێڕەوی بەڵگە هێنانەوەی ڕاولسیەتدا، لەبەر ئەوەی ئەم تاکانە کەسایەتی ئەخلاقین لە سەرەتاوە، عەقڵانیەتی وێناکردن کۆیان دەکاتەوە، کە سەبارەت بە کانت بەرەو بنیاتی عەقڵی کرداری دەڕوات

---

(١) Jean Rawles: La justice comme équité. P. 37.

(٢) Ibid, p. 38.

(٣) Caillé et autres: Histoire Raisnné de La philosophie Morale et Politique, p. ٤٠٣.

له خودی خۆیدا، وا دەردەکەوێ مەبەستی ڕاولس لێرەدا ڕوون بێ، ئەمە دامەزراندنی چوارچێوەی مەعریفییە بۆ عەقڵانیەتی ڕێکەوتن، کە وێناکردنێکی یەکگرتوو ڕوودەدات لەبارەی بنەماکانی دادگەریەوە، ئەمە ئەو پوختەیەیە کە ئەو مانایە دەدات "هەر نوێنەرێك بەرپرس دەبێ لە بەرژەوەندییە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیەکی ئازاد و ماف یەکسان"[1].

لەبەر ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵەکە ژیرمەندن، یەك بەڵگەە دەناسن، ئەمە وایان لێدەکات لە کۆتاییدا بەرەو ڕێکەوتن بڕۆن لەسەر دوو بنەمای سەرەکی لە بنەماکانی دادگەری، خەسڵەتدارن بە بەرایی و پێویستی، لە پێناو ژیانێکی بەختەوەر، تیایدا ئازادی و ڕێزگرتنی مافەکانی کەسەکان بەهای بەرایی بێ، ئەمە دۆخێکە ئامادەییە شێوەی عەقڵانیەت پێویست دەکات، کە تایبەتمەندە بە بنەمای عەقڵی کرداری، کە پێشینەیی دەستەبەری ڕێکەوتن دەکات[2]، لە ڕێگەی ئەم دروستکردنە زانین و مەعریفیەدا، بۆ ئەوەی ڕاولس ناوی لێناوە پەردەی نەزانی، ڕاولس توانی لۆژیکی جیاوازی بەرژەوەندی تێبپەڕێنێ، کە وا دەکات پیاوی دەوڵەمەند سەیری باجەکان بکەن، بەوەی جۆرێکە لە ستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاست دەبێ سەبارەت بە پیاوی هەژار، ئەو ئەرکەی پەردەی نەزانی پیادەی دەکات، وا دەردەکەوێ پێویست بێ بۆ ڕوودانی ڕێکەوتنێکی عەقڵانی، هەروەها بەرپابوونی لۆژیکێکی یەکگرتوو بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەبارەی ڕێکەوتنی نێوان چاکە و دادگەری.

**پ- بنەمای دادگەری:**

کۆمەڵەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لای ڕاولس گەیشتووەتە چەسپاندنی چەند بنەمایەك، کە دامەزراوە لەسەر تێگەیشتنی گەردوونی بۆ بەهاکانی مرۆیی، لە ئازادی و ماف مرۆیی و بەختەوەری هەموان، بەوپێیەی پێشهاتێکی پێویستە لە ڕێکەوتنێکی بەویژدانانە، ئەمانە ئەو بنەمایانەن کە

(1) Jean Rawles: La justice comme équité. P. 39.

(2) Ibid. p 117.

دادگەری لە ئەستۆیان دەگرێ بەوپێیەی لۆژیکێکی ئەخلاقییی، توانای دەشکێ بەسەر وێناکردنی ڕاجیایی و یەکسانی، لێرەدا ڕاولس دوو بنەما بۆ دادگەری دادەنێ، ئەوانیش ئەمانەن:

**بنەمای یەکەم:** بنەمای یەکسانی لە ئازادیدا، بەرایی پێدراوە، ئامانجی مسۆگەرکردنی ئازادییەکان و مافەکانە بە یەکسانی بۆ هەمووان، چونکە بەو بنەمایە دەردەچێکە دەڵێت، هەر کەسێك دەبێت ماف یەکسانی هەبێ لەگەڵ سیستەمی گشتی کۆمەڵگە[1]، گرنگترینی ئازادییە سەرەکییەکان، دەستەبەری ئازادییە سیاسییەکانە (ماف هەڵبژاردن و ماف پیادەکردنی دەسەڵات) ئازادی ڕادەبڕین و کۆبوونەوە، ئازادی هزر و بیر، ڕێزگرتن لە سەلامەتی جەستەیی و دەروونی کەس، ماف خاوەندارێتی کەسی پاراستن لە دژی گشت دەستگیرکردنە زۆردارەکان[2].

**بنەمای دووەم:** ئەمە بنەمای ڕاجیاییە، ئامانجەکەی بنیاتنانی دادگەری کۆمەڵایەتییە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لەوانەیە پلەبەندی ئابووری لە کۆمەڵگەدا هەبێ، هەر بۆیە دادگەری لێرەدا قەرەبوێکی دادگەرانە دەخوازێ، بۆ ئەوانەی بێ بەشبوونە بەهۆی ئەم پلەبەندیەوە، لێرەوە ئەم دادگەریە دەڕوات بەرەو چاککردنی دۆخی ئەو خەڵکەی زیاتر بێ بەشکراون لە کۆمەڵگەدا، چونکە بەرژەوەندیان کۆت و بەند دەکات لە پێناو چاك کردنی بارودۆخی ژیانی هەر کەسێك[3]، لێرەدا ڕاولس دیدگایەکی وێنایی دەکات بۆ دابەشکردنی سەروەتەکان لە نێوان چینە تایبەتەکان لە ڕووی ئابووری و ئەوانەش ربێ بەشن، پێویستە لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان هەڵبستن، بە دانانی ڕێوشوێنی جێبەجێکاری، بە مەبەستی هاوسەنگی دروست کردن لە نێوان ئەم تایبەتمەند و بێ بەشانە، ڕاولس سروشتی ئەو سیستەمە دیاری دەکات، دەتوانێ دادگەری جێبەجێ بکات، ئەمە سیستەمێکی دیموکراسییە ڕێز لە ئازادیەکان دەگرێ. وا دەردەکەوێ بنەمای جیاوازی دیمەنێکی گونجاندنە بۆ گرێکوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە لە نێوان هەر دوو سیستەمی لیبراڵی و

---

(1) Ibid. p 93.

(2) Jean-François Dortier: Philosophie de notre temps p. 137.

(3) Jean Rawles: La justice comme équité. P. 156.

سۆشیالستی بەرپا بووە، کە درەوشاوەتەوە لە هەندێك سیستەمی لیبرالیەتی کۆمەلایەتیدا، ئەمە نموونەی جێبەجێکارین لە هەندێك دەولەتی خۆرئاواییدا، وەك فەرەنسا و کەنەدا.

ب- جۆن راولس و دادگەری بەرامبەر نەوەکانی ئایندە: فەیلەسوفی ئەمریکی جۆن راولس، سەیری مافی نەوەکانی ئایندە دەکات، لە ژینگەیەکی سروشتی پاکدا، لە چوارچێوەی ئەو زانین و مەعریفەیەی دانی پێداناوە لە تیۆری دادگەریدا، ئەویش پەردەی نەزانیە، کە بۆ هەلوێستی رەسەن زیادی دەکات، ئەو کۆمەلەیە پێی تایبەتمەندە، کە دەکەوێتە ژێر پەردەی نەزانیەوە، بەوپێیەی کۆمەلەیەکە درك بەلایەنگیریە کەلتوری، مێژوویەکەی ناکات، دواتر نازانێ چ نەوەیەك سەری بەوە[1]، بە روانینە ئەو خاسیەتەی کە کۆمەلەی گریمانەکراوی راولسی پێی جیا دەبێتەوە، ئەوا کار دەکات لەسەر ئەندازەگیری بوونی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی، بێ ئەوەی سنووری ئێستا و بەرژەوەندیەکان سنوورداری بکات،دیدگایەکی بە راهابوون تایبەتمەندە[2]، بەمە بەرپرسیارێتی هەنوکەی مرۆڤ پالنەر نابێ بۆ بیرکردنەوە لە نەوەکانی ئایندە، بەلکو درێژبوونەوەی مانای مرۆیی لە ئاسۆکانی کۆمەلدا، کە لە پشت پەردەی نەزانیەوە دەروانن، دەتوانێ مافی نەوەکانی ئایندە بچەسپێنێ، لەبەر ئەوەی راولس داندەنێ بەو بارە گرانەی وێنای پاراستنی بەرژەوەندی نەوەکانی ئایندە گوزارشتی لێ دەکات، بەرامبەر نەوەکانی ئێستا، بەهۆی ئەو ململانێیە بەردەوامەی دەبێ لە نێوان بەرژەوەندیەکانی نەوەکانی ئێستا و ئایندە[3].

لێرەوە جۆن راولس داندەنێ بەوەی سەپاندنی بەرپرسیارێتی بەسەر نەوەکانی ئێستا، بە ئامانجی پراستنی نەوەکانی ئایندە، گوزارشت لە بارێکی گران دەکات، بە رەچاوکردنی ئەو خۆویستیەی مرۆڤ پێی تایبەتمەندە، یەکەم جا بە مانای ئەوە دێت کە بە بایەخە بۆ من لە

---

(1) Ibid. p 108.
(2) Ibid. p 117.
(3) Ibid. p 269.

ئێستادا، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لۆژیکی منی تایبەتی تێپەڕاند، ئەوا سەیری مرۆڤایەتی دەکات بەمە مانا ڕەهاکەی، کارایی زانین و مەعریفی بۆ مانای پەردەی نەزانی لە تیۆری دادگەریدا لێرەوە دەبێ، کە تایبەتمەندە بەو شۆڕشە ئەخلاقیەی دروستی کردووە لە پێکهاتەی ئیتیقی خۆرئاواییدا، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەمریکای باکور پێی تایبەتمەندە. بەم پێیە ڕاولس توانی تیۆرێکی ئەخلاقی دابمەزرێنێ، کە مانای گرێبەستی کۆمەڵایەتی گێڕاوەتەوە، کە بە مانای گرێبەست نایەت تەنها لە ئێستادا، بەڵکو نەوەکانی ئایندەش دەگرێتەوە، لێرەوە دەتوانین مافی ژینگەیی ئەو تاکانەی لە ئاسۆی زەمەنەوە دێن بپارێزین(١).

## ج- لەپێشتربوونی دادگەری لە چاکە – پیادەکردنی ڕاولسی و نزیکایەتی هزری ئەمریکی:

بەڵگەهێنانەوەی مەعریفی بۆ تیۆری ڕاولسیەت، دەگاتە ئەو دانپێدانانەی دەڵێت پێویستە دادگەری پێش چاکە بکەوێتەوە، کارەکە کاری دابەشکردنی چاکە نییە بەشێوەیەکی داگەر، بەڵکو شتەکە پەیوەستە بەو بنەمایانەی ئەو چاکانە بەگوێرەی دابەش دەکرێن، کە دادگەرییە، هەر بۆیە ڕاولس دەگاتە ئەوەی پێویستە دادگەری سەربەخۆ و جیا بێ لە بنەمای چاکە و سوود، چونکە ئەوەی گرنگە کۆمەڵگەیەکی دادگەرە، چونکە بەختەوەری دەستەبەر دەبێ لە نێو یاسای دادگەری دیونتۆلۆژیدا، بە دڵنیایەوە لەخۆی دەگرێ، چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێکخراوە لەسەر بنچینەی ئەوەی دادگەرە، لە کۆتایی ڕێگاکە دەگاتە دانپێدانان بە چاکەدا.

ڕاولس توانا ئەخلاقییەکان بۆ کەسایەتی ئەخلاقی دیاری دەکات، ئەوانە دوو توانان، یەکەمیان: پەیوەست دەبێ بە دادگەرییەوە، کە گونجانی تێگەیشتن و ئاساییکردنەوە و کردارە بەگوێرەی دادگەری، دووەمیان: توانای درك كردنی مانای چاکەیە، واتە توێژینەوە و گەڕانی عەقڵی لەبارەی دەستەبەرکردنی چاکە و سوود، شتەکە پەیوەستە بە خێزانی ڕێکخراو لە ئامانجی کۆتایی

---

(١) Op. cit. p 270.

و بابەتی، کە لە کۆتایی ڕێگەدا داندەنێ بە بەهای ژیانی مرۆڤایەتیەوە، یان ژیانی شایستەی گوزەرانە.

تیۆری دادگەری لای ڕاولس، توانی گفتوگۆ هزری بوروژێنێ لە چەندین شوێنی جیاوازی جیهاندا، بەتایبەت کە دەیەوێ بە دۆخێکی گونجێنەر دەربچێ بۆ ئاراستەی ڕاجیایی نێوان هەر دوو ئاراستەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و پایەداربوون لە گونجاندن لە نێوان ڕاجیایی و جیاوازی و ئازادی. لە ڕاستیدا کۆمەڵێك ڕەخنەی ئاراستە کراوە لە میانەی دامەزراوە هزرییە خۆرئاواییەکان بەشێوەیەکی گشتی، تا ئەوەتا زانای کۆمەڵناسی بۆدۆنە، مامۆستا کۆمەڵناسی لە زانکۆی سۆربۆن، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەم تیۆرە شکستی هێناوە، بە ڕوانینە ئەوەی تا ئەندازەیەکی زۆر لۆژیکی خۆدی بۆ دادگەری فەرامۆش کردووە، کاتێك پێداگیری کردووە لەسەر وختی ئەو ئابووریەی هەیە لەسەر دابەشکردنی سوودە کۆمەڵایەتیەکان[1]، فەیلەسوفی لێکدانەوە (تأويل) بول ریکور سیفەتی گشتی ئەو بەڵگەیە ڕوون دەکاتەوە کە ڕاولس پێشکەشی کردووە، لە کتێبەکەیدا دادگەری ئەوە ڕوون دەبێتەوە بنەماکانی دادگەری دیاریکراون و شرۆڤە کراون پێش خستنەڕووی بۆ وێناکردنە عەقڵییەکان، کە پێویستە پەردەی نەزانی پێی هەڵبستێت[2]، سەبارەت بە دوژمنی سەرسەختی ڕاولس لە زانکۆی هارفارد، ڕوبێر نوزیسك تێبینی لەسەر تیۆری ڕاولس لە دادگەریدا دادەنێ، بەوەی هەوڵی تاك یەکسان دەکات لەگەڵ ئەو قەرەبووەی وەردەگرێ لەم کۆششە، شایستەییە کەسییەکان هەرگیز یەکسان نین لەگەڵ پاداشتی ماددی کە بەدەستی دەخات لە دواتردا، لەبەرامبەر ئەو کۆششەی دراوە، سەبارەت ((کەمکردنەوە لە سەربەخۆیی تاك و نکۆڵی کردن لە بەرپرسیارێتی کردارەکانی، بە ڕێگەیەکی گومان لێکراو دادەنرێ سەبارەت بە تیۆرێك، کە دەیەوێ لەلایەك ڕێز و حورمەتی ئەو کەسانە بۆ خودی خۆیان بەرز بکاتەوە))[3]، سەرباری ئەو

---

(١) R Boudon: "A propos des sentiments de justce" nouvelles remarqus sur La théorie de justice, L'année Sociologique, 1995, Vol, 45, n°2.

(٢) Paul Ricoeur: Le juste Esprit 1995, p. 74.

(٣) R Nozick: Anarchie Etat et Utopie, p. U F, 1988, p 106.

ڕەخنانەی ڕوبیر نوزیسك پێشکەشی کردووە، ئەوا دان دەنێ بەوپەڕی بایەخ بۆ ئەم تیۆرە لە نێو نوێکاری هەنوکە بۆ هزری ئەخلاقی و سیاسی مرۆیی، لەسەر فەیلەسوفەکان پێویستە بە شێوەی ڕاستەقینە بچنە نێو تێگەیشتن لەم تیۆرە و کارکردن لە نێویدا[1].

لە ڕاستیدا ئەم هاوسەنگیە، کە تیۆری دادگەری جێگیری دەکات لە نێو کۆمەڵگەدا، دەتوانێ زاڵبێ بەسەر زۆرێك لەلادانە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، چونکە پاڵپشتی مرۆڤ دەکات بە ڕێز و حورمەت، مادەم مافەکانی بە تەواوی پارێزراون، لەبەر ئەوەی ((سوودە مەزنەکانی هەندێك کەس، پەیوەستن بە قازانجی ئەوانەی بەشی هەرە کەمیان هەیە، ئەوا جیاوازیەکان پەسەند دەبن بە ئاسانیەکی زۆر، لە لایەکی ترەوە، دادگەری ئەوە بۆ هەر مرۆڤێك فەراهەم دەکات چاك هەڵسوکەوت بکات بە پڕۆژەکەی لە چوارچێوەی کۆمەڵە جۆراو جۆرەکاندا))[2].

تیۆری دادگەری دووچاری ڕەخنە بووەوە، بەتایبەت بنەمای پەردەی نەزانی، کە وەك گریمانەیەکی نا ژیرانە لە جیهانی ڕاستیەکاندا دەرکەوت، ئایا دەکرێ وێنای کۆمەڵێك بکەین وازی لە کەلەپورە سروشتیە کۆمەڵایەتیەکەی هێنابێ؟ لە گریمانەکردنی ئەم دۆخەدا ئایا دەکرێ کەمترین لێکتێگەیشن ئەنجام بدرێ لە نێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵگە، بە بێ لایەنی و نەزانی تایبەتمەندن؟ دواتر تا چ ئەندازەیەك هاوسەنگی فەراهەم دەبێ لە نێوان دادگەری و بەختەوەری، کە وا دەردەکەوێ ئامانجێکە، کۆمەڵگەی لیبڕاڵی لێی بەتاڵ نابێ؟ هەر بۆیە (غوتیار) مامۆستا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، سەرنج لەسەر پەردەی نەزانی دەدات، بەوەی خەیاڵێکی گریمانەییە، جگە لەمە شتێکی تر نییە، هەر چەندە بەڵگە بهێنینەوە و وێنا بکەین، ئەوا کۆمەڵەی ڕاولسیەت بریتیە لە کۆمەڵێك کە درك دەکات بە بوون و تایبەتمەندی و خەسڵەت و بەهرەکانی و هەر شتێکی پەیوەست بە ناسنامەوە، شتەکە پەیوەستە بە ڕێکەوتنەوە بەپێی ڕێگەی دانوستانەکان لەسەر دابەشکردنێکی عەقڵانی بۆ چاکە و خێر و بێرەکان، وا دەردەکەوێ ڕاڤەی واقیعی نزیکتر بێ لەو

---

[1] R Nozick: Justice et démocratie, Seuil, 1993, p. 165 .

[2] جاكلين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ص ١٠١ .

گریمانەیەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەر شتێك كۆك بێ لەگەڵ ئامانجی تایبەتی ئەو کەسە، ئەوە وای لێدەکات كۆك بێ لەگەڵ کۆمەڵدا بەشێوەیەکی گشتی(١). لە دوای شرۆڤەی قوڵ، کە تیۆری دادگەری دووچاری بووەوە، بۆ ڕاولس دەرکەوت دادگەری گوزارشت ناکات لەو مانا گەردوونیەی وێنای کردووە لە سەرەتادا، بەڵکو شایستەیە بۆ فرە کۆمەڵگەکان، وەك کۆمەڵگەکانی ئەمریکای باکور، هەر بۆیە بیرۆکەی دادگەری پێویست دەبێ بۆ ڕێکەوتن لە نێوان ئەو کەسانەی هەست بە یەکسانی و ئازادی دەکەن(٢).

**پوختە – یان لەبارەی بەئاساییدانانی دادگەری لەلایەن لیبراڵیەتەوە:**

کتێبی جۆن ڕاولس (دادگەری) وەك ویژدان، بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێ بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی لە هزری ئێستادا، نەك تەنها بە دامەزراندنەوەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لیبراڵی لەسەر ڕێکەوتنی ئازاد و دادگەری، بەڵکو لەسەر دووبارە وروژاندنەوەی تێڕوانینی ئەخلاقی پێوەریی، دوای ئەوەی ئەخلاق لە سەدەی بیستەم وەرچەرخا بۆ پیادە کردنێکی زانین و مەعریفی بەرپابوو لەسەر ئەوەی ناودەنرێ (میتا ئەتیك: ئەودیوی ئەخلاق) کە بە مانای تەنها ڕوونکردنەوەی زمانی ئەخلاق دێت(٣)، تیۆری دادگەری بە مانای بایەخدانێکی تر دێت بە فەلسەفەی ئەخلاقی تیۆری و ناڕوونی وێناکردنە ئەخلاقییەکان بە گوێرەی ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی بایەخ دەدەن بە پێوەرەکان و دامەزراندنیان، ئەمە ئەو پرسیارە نییە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر تەنها ئەوەی زانین و مەعریفەیە، بە ئەندێشەکردن لەبارەی لۆژیکی یاسادانانی ئەخلاقی کە ئامانجی کۆتاییە بۆ فەلسەفەی ئەخلاق، بایەخ دەدات بە زانین و مەعریفەی ئەخلاقی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی گشتی توانای ئەخلاق لەسەر دانانی چارەسەری کرداری.

(١) D Gauthier: morals by Agreement, Oxford University Press p. 246.
(٢) Michel Métayer: La philosophie éthique ((Enjeux et débat actuls)) p. 156.
(٣) Encyclopédie De La phi;osophie p. 1392.

ڕاولس له نێو هزری لیبراڵیدا، دووباره ئەو وێناکردنەی زیندوو کردەوە، کە دامەزراوە لەسەر بەدواداچوون بۆ بەهای ئەخلاقی لە خودی خۆیدا بێ زۆر سوربوون لەسەر وێنا و تێڕوانینە چاکەکان، ئەمە ئەو شتەیە ئاڕاستەی کانتی خاوەن تایبەتمەندی هەنوکەیی گەڕاندەوە بۆ تێڕوانینی ئەخلاقی لە هزری مرۆیی بەگشتی، ئەوەندە هەیە تیۆری ڕاولسییەت بە تەواو ئەو پەیوەندییە نا ڕاستەوخۆیەی لە نێوان دادگەری و چاکەدا دوور ناخاتەوە، ((ئەگەر مانای دادگەر پێش چاکە بووبێ، ئەوا ئەوەی یەکەم لە کۆتایی ڕێگاکە دووەمیان لە خۆدەگرێ، لێرەدا ڕێکەوتنێك هەیە لە نێوان دادگەری و چاکە، ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی چاك ڕێکرخاوە سەرەتا لە دادگەریەوە، چاکەی کۆمەڵگە بەرجەستە ناکات؟))[1]، هەر بۆیە تیۆری ئەخلاقی لای ڕاولس جەخت دەکاتەوە لەسەر بنیاتنانی بنچینەیەکی ئەخلاقی بەرزتر لە پێوەرە ئەخلاقییەکان، بەڵام لە ژێر تێڕوانینی ئەخلاقی پێشوەختە، کە بایەخ بە یاسای ئەخلاقی دەدات، کە چاکەبوون لە نێو کۆمەڵگەدا بەڕێوە دەبات.

تیۆری ڕاولس کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر ڕێڕەوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەمریکای باکور، بەتایبەت لای ئابووریناس و مافناسەکان، تا ئاستێك هەندێك نمایشی یاسایی پابەندی پێیەوە دەربڕی، وا دەردەکەوێ ئەم تیۆرە چاکسازییە مەزنەکانی داهێناوە، کە لەو ماوە سیاسییەدا هاتووە کە سەرۆکی ئەمریکی ڕۆزفێڵت حوکمی دەکرد.

ڕاولس کە هاوچەرخی ململانێی جیهانی گشتی بوو، لە جەنگە گەرمەکان و ساردەکان و جەنگەکانی نێو چوارچێوە ئەم جەنگە ساردە، مەبەستمان لێی جەنگی ڤێتنامە، سورە لەسەر پێویستە تێپەڕاندنی وێناکردنە نموونەییەکان، کە دامەزراون لەسەر بەڵێنەکانی یەك دەوڵەتی جیهانی، لێرەوە ڕاولس هەڵاواردنێك دادەنێ، تێڕوانینی کانتی کە دامەزراوە لەسەر هۆشیاری جیهانی بە ئاشتی، نزیك کردنەوەیەکە توانای بەسەر ئاشتی جیهانیدا ناشکێ، نەریتی حوکمڕانی گەلان، ڕۆیشتنە بەرەو سەربەخۆیی و تایبەتمەندی، لێرەدا ڕاولس تێبینیەك تۆمار دەکات،

---

(1) جاكلين روس: الفكر الأخلاقي المعاصر، ص ١٠١.

پێویستە بایەخ بە کۆمەڵگەی ناوخۆیی ڕێکخراو بدرێ، سەبارەت بە کۆمەڵگەکانی تر، ئەوا بژاردەکانی لەبەردەستە، تەنها ئەوە نەبێ پێویستە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ[1]. شتەکە بەم شێوەیەیە، ڕاولس دەبێتە یەکێك لەو فەیلەسوفانەی گریمانەی دەوڵەتی جیهانیان تێپەڕاندووە، کە وەك لاساییکردنەوەیەکی ڕواقی دەرکەوتووە، زۆر دەگونجێ لەگەڵ کاتی کۆتایی ناکۆکی هزری ڕژێمە ڕەهاکان[2]، هەروەها لەگەڵ تێڕوانینەکانی جیهانگیری، ئەوەندە هەیە ئامانجی فەلسەفی بۆ تیۆری دادگەری دەردەکەوێ لە دانانی بنچینەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو لە نێو پیادەی دیموکراتی خۆرئاوایی ئەمریکی.

تیۆری دادگەری لای ڕاولس، گوزارشت دەکات لە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی هزری ئەخلاقی سیاسیدا، ئەمە ئەو قۆناغەیە ویستویەتی دووبارە بنچینە ئەخلاقییەکان دابمەزرێنێ، لەسەر پێوەرە تیۆریەکان، دواتر تێڕوانینە ئەخلاقییە پێوەرییەکان دووبارە زیندوو بکاتەوە، کە بێ مانا دەرکەوتووە لە سەردەمی ڕەتکردنەوەدا، کە ئاڕاستەی زانستی توندڕەو وای خواستووە، لێرەدا کانت ئامادە دەبێ بۆ چاککردنەوەی کەلێنەکە و دووبارە بەشدار دەبێ لە ڕێنشیاندانی عەقڵی ئەخلاقی خۆرئاوایی، کە لە سەردەمی نەبوونیدا هاوکێشەی ئەخلاقی عەقڵانی پێداوە.

نزیکاری ئەخلاقی ڕاولسی، دەچێتە نێو کۆمەڵەی ڕەخنەیی خۆرئاوایی، جەختی کردۆتەوە لەسەر پیادەکردنەکانی عەقڵی نوێ و ئەنجامە مەرێنیەکانی، کە خۆی بینیوەتەوە لە پێشێلکارییە ئەخلاقی و سیاسیە مەترسیدارەکان، لەسەر ئاستی ژیان و گوزرانی مرۆیی، ئەمانە چەند تیۆرێکن ئامادەبوونە لە سەدەی بیستەمدا، بانگەواز دەکەن بۆ پەیوەندی و ژیانی هاوبەش لە ئاسمانی مرۆیی تایبەتمەند بە خەسڵەتەکانی ڕۆحی مرۆیی، کە پێویستە فراوانی بوونی هەبێ، کە دامەزراوە لەسەر پەیوەندی ڕەچاوکردنی ماف گوزران بەیەکەوە، ڕاولس دەبێتە یەکێك لەوانەی زۆر

---

(1) Jean Rawles: La justice comme équité. P. 32, 33.

(2) Ryoa Chung et Geneviéve Nootens: Le cosmopolitisme – Enjeux et de montréal, Canada 2010, p. 07 débats contemporains, p. u.

بەتووندی بانگەواز دەکەن بۆ ژیانی هاوبەش بەگوێرەی بەهای دادگەری، کە بەمانای یەکسانی و هاوسەنگی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دێت.

ئەوەندە هەیە تیۆری دادگەری لای ڕاولس، زیاد لە پرسیارێك دەخاتەڕوو لەبارەی بنیاتە وێنایی و تێڕوانینیەکەی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیەوە؟ وسەبارەت بە بنیاتی گریمانەیی بۆ پەردەی نەزانی و دواتر ئەو هەڵبژاردنەی بووەتە هۆی ئاساییکردنەوە نێوان دادگەری و چاکە، یان لە نێوان دیونتۆلۆژیا و سوود؟ لە ڕاستیدا تیۆری ڕاولسییەت توانیویەتی پرۆژەی سیستەمی لیبراڵی بە تەواوی بە بنەما بکات، بەم ئاسایی کردنەوە عەقڵانییە لە نێوان بەهای ئەخلاقی پێشوەختە و سوود، لێرەدا زۆر سوود دەبینێ لە ڕەخنەی مارکسی، چینەکان ڕزگاریان دەبێ لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کاتێك لۆژیکی قەرەبوکردنەوە جێگیر دەکات، دەوڵەمەندان ئەم قەرەبوە پێشکەشی هەژاران دەکەن، لە کاتێکدا ئازادی لیبراڵی تەواویان هەیە لە نێو پیادەکردنەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا، ڕاولس لە دامەزراوەی ئەمریکی و تێگەیشتنەکەی لەبارەی دادگەری و چاکە و خێر و ئازادی هەنگاو دەنێ و هزرێکی بەرایی لەبارەی چاکە دەخاتەڕوو(١)، بە مانایەکی تر دامەزراندنێکی ئەخلاقییە بۆ پرۆژەی لیبراڵیەت و کردارەکانی. دواتر پاساودان بە نا یەکسانی کۆمەڵایەتی(٢)، سەرنجدان لەسەر ئەو بنەمایانەی ڕاولس دایڕشتوون، بریتییە لە تێکگیرانە بەراییەکەی، بنەمای یەکەم کە بنەمای ڕاجیایی و جیاوازیە، دەبێتە هۆی یەکسان کردنی ڕەها لە مافەکاندا، بەوەی مافی هەر تاکێکە لە جەستەی هاریکاری کۆمەڵگەدا مافەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە یەکسان بێ، بنەمای دووەم پاساو دەدات بە پلەبەندی و جیاوازی کۆمەڵایەتی، شێوەی پلەبەندی ئابووری کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە، دواتر خاوەندارێتی تایبەت کە چەندین چینی زۆر بێ بەش دەکات لە مافێك، کە لە سەرەتادا پێویستە، چونکە دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەو مافانەی کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتووە، با پرسیار بکەین،

---

(١) Monique Canto – sperber et autres: Dictionnaire d’éthique philosophie T l, p. 1006.

(٢) Ibid, T l, p. 1007.

لەبارەی ئەو بارودۆخانەی سەریکێشاوە بۆ ئەم کرچ و کاڵییە ، بەتایبەت لە کۆمەڵگە لیبڕاڵییەکاندا، وەك کۆمەڵگەی ئەمریکی، کە سەروەت لە دەستی کەمینەیەکدا کۆبووەتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵانی تر لێی بێبەشن.

# کێشە و خولیای ئەخلاقی

# لەبارەی تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە

**د. یسرا وجیه سەعید**

**زانکۆی حەلەب، سوریا**

ئەو شتەی هەمووان لەسەری کۆکن، ئەوەیە ئێمە دەژین، لە نێو بارودۆخی شارستانیدا، وەك خەونی خۆش وایە، کە بۆ هەمووان بەرجەستە بووە، لەبەر ئەو بەرزیەی لە مەرجە ماددیەکانی ئەم دۆخانەدا هەیە، زۆر جار خەڵك شوێنەواری پێشکەوتنی ماددی لەبیر دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو خۆشی و کەم کردنەوەی ماندوێتیەی دەیهێنێ، دەبێ لێرەدا جەخت بکەینەوە لەوەی کێشەی مرۆڤ هەر بە کێشەیەکی شارستانی و فەلسەفی کراوە دەمێنێتەوە، چونکە بە کێشەیەکی بەهایی دەژمێردرێ، گومان لەوەدا نییە فەلسەفەی ئەم ڕۆژانە، وەك هەمیشە ڕازی نابێ بەو واقیعە، بەڵکو هەوڵی گەیشتن دەدات بە نموونەی باڵا، چونکە مرۆڤ لە ژینگەیەکدا دەژیەت، لەوانەیە هۆکاری جەستەیی و دەروونی بە ئەندازەیەك ئێش و ئازاریان پێ بگەیەنێ، کە زیاتر بێ لە چێژە هەستییەکان، کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی پێی دەبەخشێ، ئێمە لە دەروازەی ڕاماڵینی هەموو ئەو بەهایانەی هەنوکەداین، کە ڕاهاتووین لەگەڵیدا بگونجێین، ئێمە لەبەردەم ئاوێنە تازە داین، لەوانەیە هەندێك ڕووخساری جیا لە هی ئێمە ڕەنگی تێدا بداتەوە، چیتر ئەمە بە خەونی پڕ و پوچ نەماوەتەوە، بەڵکو نزیك بووینەتەوە لە گەیشتنە ئەم سەرسامکەرانە، لەبەرگرتنەوەی بە ئەندازەی کەوانێك یان کەمتر لێمانەوە نزیکە، ئەمرۆ هەموو جیهان پێویستە هەڵوەستەیەکی ڕامێنەرانەی

ڕاستگۆیانە ئەنجام بدات، ڕایەکی یەکلاکەرەوە بدات، کە دامەزراوە لەسەر شرۆڤەی قوڵ بۆ ڕەگ و ڕیشەکانی پرس بۆماوەیی، ئەو پرسیاری خۆی بە هێزەوە دەخاتەڕوو ئەمڕۆ: ئەوەیە ئایا بە زانستی بایلۆژی بڵێین بەسە؟ یان چاوەڕێی ئەنجامەکان بکەین بۆ ئەوەی بڕیار دەر بکەین؟

## یەکەم – بۆچی لەبەرگرتنەوە قەدەغە بکەین، ئەو کابوسە چییە؟

تێکڕای مرۆڤایەتی و ئادەمیزاد، ئەو ناخۆشیانەیان بیرکەوتەوە، کە ئەو گەورە زانایان تووشیبوون، کە ژیان لە پێناو توێژینەوەکانیان و پەرەپێدانی ئەو کۆمەڵگەیەی خۆیان بەشێك بوون لێی، خوێنی زۆرێکیان بەفیڕۆدرا، کۆمەڵگە لە ڕووی توێژینەوە و هزرەکانیان بوو، ئەمڕۆ زانست گەشەی کرد و لێکۆڵینەوەی زاناکانی پێشکەوتن، تا ئاستێك تیایدا پێوەری شتەکان گۆڕدرا، بەڵکو هەموو پێوەرەکان لەگەڵیدا وەرگەڕان و سەراوژێر بوونکۆڵی ناکەن لەوەی زانست لە میانەی مێژووەکەیدا پەیوەست بووە بە شارستانیەتەوە، بە گەشە و پێشکەوتنی ئەم شارستانیەتە، بەڵام ئەوەی زانست پێشکەشی کرد لە سەدەی بیستەمدا، وای کرد مرۆڤ بەوەستێت بەشێوەیەکی ڕامێنەری دوور و درێژ، پێش ئەوەی ڕای خۆی بدات لەبارەی هەر کارێکی زانستی کە ڕابگەیەنرێ، زانست وەك ڕێخۆشکەری لێهاتووە بۆ مرۆڤ و شارستانیەت و مەدەنیەت، چونکە جەنگە کیمیایی و ناوەکی و بەکرتیایی بەشێکی زۆری لە زەوی تێکدا، ئەمڕۆ هەڕەشە لەو بەشانەی تر دەکات کە ماوەتەوە، ئەمە مانای هێرشکردنەسەر زانست نایەت بە هەموو لایەنەکانیەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە جێبەجێ کردنەکانی زانایان بۆ ئەنجامی توێژینەوەکانیان، دوورکەوتۆتەوە لە سوودی تێکڕای مرۆڤایەتی، بەڵکو جەختی کردۆتەوە لەسەر سوودی چینێکی دیاریکراو، لە بەرامبەردا زیانگەیاندن بە چینەکانی تر، ئەمە ئەو شتەیە کە توێژینەوەکە بە کەمێك لە تێروتەسەلی تاوتوێی کردووە لە ڕابردوودا، ئەندازیاری بۆماوەیی وەك لقێکی زانستی و سەرەکی لە سەدەی بیستەمدا، چەندین دەستکەوتی پێشکەشکردووە، کە سوودی بۆ مرۆڤ هەیە لەلایەك، لەلای دووەمەوە مەترسیەکی زۆری دروستکردووە لەسەر ژیانی زۆرێك لە خەڵك. ئا ئەوەتا مرۆڤ بە

شێوەیەکی مەترسیدار نزیك دەبێتەوە، بە هەنگاوی نزیك لە یەکتر نزیك دەبێتەوە لە پێکهێنانی خۆی، لەگەڵ ئەو سەرکێشیەی لەم کارەدا هەیە یان بۆ گواستنەوەی مەترسی، دوای بەرهەمهێنانی نەخشەی هەمەلایەن بۆ جیناتەکانی مرۆڤایەتی، وای لێهاتووە بە ئەندازەی کەوانێك یان کەمتر لە زانایانەوە نزیك بۆتەوە، مەترسیدارترین شت کە گەشە و پێشکەوتن پێشکەشی کردووە، لە بواری ئەندازەیی بۆماوەیی، بریتییە لە تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە یان کلۆنیەت، لە ساڵی ١٩٩٦ لە مانگی تەمموز بە دیاریکراوی ئیان ویلمۆت(١)، لەبەرگرتنەوەی مەڕێکی ڕاگەیاند بەشێوەیەکی جەستەیی و ناویاننا – دوولی –، وەك درانە پاڵ گۆرانیبێژە ئەمریکییەکە دوللی بارتۆنی ناودار، هەر کە گۆڤاری سروشت بڵاوبووەوە، جیهان شێت بووە بەهۆی ئەوەی بیستی، کاردانەوەکان بەدوای یەکدا هاتن، زۆربەیان هەواڵەکەیان ڕەتکردەوە.

ئەم شاندە زانستیە تازەیە کێیە؟ بۆچی ئەم واق وڕمان و گومانەی لەسەرە؟ لەبەرگرتنەوە ئەم هەموو دەنگدانەوەی ڕاگەیاندن و پرسیاری ڕاگەیاندنی هزری و ئەخلاقی و فەتوای ئاینی ڕەتکەرەوەی وروژاند، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە، دەرچوونی لەبەرگرتنەوە بوو لە یاسای زاوزێ و لەدایکبوونی ڕەگەزی سروشتی باو، لەوەتەی دروستی بوونی ژیانی مرۆڤایەتی سەرەتا، لەبەرگرتنەوە پێشێلکردنی ئەم بنەمایەی پێکهێناوە، ئەمە گوزارشتە لە شێوەیەك لە شێوەکانی لەدایکبوونی خانەیی نا توخمە جۆربوون، کە بە دابەشبوونی خانەی مێینە یان هێلکۆکە ڕوودەدات، دوای ئەوەی ڕەنگەکەی زیاد دەبێ، بێ متوربە یان پیتاندن لەلایەن خانەی نێرینە یان تۆاوەوە، واتە وەك چۆن لە زاوزێی ڕەگەزیدا ڕوودەدات، سەبارەت بە ئەنجام ئەوا هاوتا دەبێ، چونکە ئەوەی بەرهەم دێت کۆرپەلەیەکی یەکسان و ڕێك و پێکە!!! ئەمە تەواو ئەو شتەیە کە ڕوویداوە لە ئەزموونی (دوللی)یدا، لەوانەی لە جگە لەویشدا ڕوویدابێ، کە لە ئایندەدا ئاشکرا دەکرێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی زمانەوانەی، کە ناولێنانەکەی لێوە هاتووە، ئەوا وشەی لەبەرگرتنەوە لە زمانی عەرەبیدا، بە واتای نووسینەوەی کتێبێك دێت لەبەر کتێبێکی تر پیت بە

---

(١) ئیان ویلموت: پزیکش و لێکۆڵەرێکی بایلۆژییە، لە پەیمانگەی روزالین لە ئۆسکوتلەندا.

پیت، له ئینگلیزیشدا هاوماناکەی (Cloning)ە، کە داتاشراون لە بنەڕەتدا لە زمانی یۆنانیەوە، لە جێبەجێکردنی بایلۆژیدا مانای خانەیی وەردەگرێ، واتە تاك خانە، کە پێکهاتەکان لە زیادبوونیدا بەرهەم دێن، لە فەرهەنگی بەریتانیدا (ئۆکسفۆرد) و فەرهەنگی ئەلیکترۆنی (وێبستێر) ئەم مانایانەی خوارەوە هاتوون بۆ زاراوەی (Cloning):

- وێنەیەك ڕێك بە دانە ڕەسەنەکە.
- بوونەوەرێك لە زیادبوونی نا ڕەگەزی پەیدادەبێ، وەك: ڕووەکەکان.
- ئەوەی لە گەشەی خانەی جەستەیی بەرهەم دێت، لە هی باوانی، بە بۆماوەیی هاوشێوە دەبێ؟

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێ بەوەی جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان لەبەرگرتنەوە بەوپێیەی درەوشانەوەی ئەندازەی بۆماوەییە، ئەمەی دوایی ئامانجی زیادکردنی جیناتی نوێیە، توانای وا لە بوونەوەرەکدا دادەنێ، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێك سیفەت کە پێشتر نەبوونە، لە کاتێکدا لەبەرگرتنەوە وەك تەکنەلۆژیا سەردەکێشێ بۆ دانەیەکی بۆماوەیی هاوتا(1)، ئەگەر ئێمە باسی هێڵەکانی سەرەتامان کردبێ، بۆ دەرکەوتنی تیشکی بەرەبەیانی زانستی ئەندازەی بۆماوەیی، ئەوا ئەدەبیاتی خەیاڵی زانستی بە تروسکەی بەرایی ڕاستەقینە دادەنرێ، کە مژدەی داوە بە تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە، لێرەوە ئەو قۆناغانە دەهێنینەوە کە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ مەڕەکەی دوللی، کە بە خشتەی بەرایی دادەنرێ لە زانستێکدا، کە هەموو پێنوسەکانی ژیان پێی گەشبین نابن، چ لە ناو یان لە دەرەوەی گۆڕەپانی زانستیدا.

ڕێخۆشکردن ئەنجامدرا، بۆ ڕوودانی ئەم کارە زانستییە مەزنە، وەك چۆن باسمان کرد، لەگەڵ خەیاڵی زانستیدا، ڕۆماننووسی چیلی ماری لە ساڵی ١٨١٨ ڕۆمانی "فرانکشتاین"ی نووسی، یان "برومسیوسی هاوچەرخ"ی نووسی، ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی مەزن کاریگەری کردە سەر

(1) رضوان يسري، – قضية استنساخ، دار البشير للثقافة والعلوم، طنطا، مصر، ٢٠٠٠، ص ١٨.

شارستانیەتی خۆرئاوایی، کە نیگای بەخشی بە سەدان پێنووس و کتێب و فیلم، ڕۆمانێکە دەدەوێ لەبارەی دکتۆر فرانکشتاین، کە باسی بابەتی بێ کۆتایی و مەزن دەگێڕێتەوە لە دروستکردنی کەسێکی پێگەیشتوو، بەبێ ڕەچاوکردنی سەلامەتی ئەوانی تر، کاتێك لەمەدا سەردەکەوێ دووچاری قێز لێبوونەوە دەبێتەوە لە سیماکانی ئەم بوونەوەرە تووندە، پزیشکەکە پەشیمان دەبێتەوە، ئومێد دەخوازێ لەبەرگیراوەکە بمرێ، بەگوێرەی نووسەری چیلی، لەبەرگیراوە و تێکچووە ڕاستەقینەکە پزیشکەکەیە نەوەك بوونەوەرە ناشرینەکە، سەبارەت بە لەبەرگیراوە و شێواوەکە، ئەوا کاروانی کارەسات و سزاکەی دەست پێدەکات، گێڕانەوە و ڕۆمانەکە کۆتایی دێت بە ڕزگاربوون و بەرزی، چونکە ئەم تاکە بوونەوەرە فێری خۆشەویستی دەبێ، نووسەرە چیلییەکە ئەم بوونەوەرە دەچوێنێ بە مەسیح، چونکە تاوان دەسڕێتەوە، وەك مرۆڤێك ڕق لە گاڵتەپێکەرانە دەبێتەوە کە سزای دەداتەوە، ڕۆمانەکە کۆتایی دێت بەوەی بوونەوەرەکە مرۆڤانەتر دەبێ لەو جیهانەی دروستی کردووە، لەو کاتەوە لەوانەیە ترسمان لە زانایان دەستی پێکردبێ، ترس لە زانین و شارەزاییان، کە ئەو توانایەیان پێدەدات چارەنووسمان بگۆڕن[1]، دواتر کتێبی (جیهانێکی نوێی بوێر*) لە ساڵی ۱۹۳۲ هات، کە نووسراوی نووسەری بەریتانی ئلدوس هکسلی بوو، بۆ ئەوەی قسە بکات لە گونجان و توانای دابەشبوونی تۆواو بۆ دروستکردنی لەبەرگیراوە و وێنەیەك لە مرۆڤ، هەروەك چۆن دەکرێ مرۆڤ دابەش بکرێ بۆ چینی بەرز و نزم، دواتر پێدانی ئەو کارە بە هەر چینێك، کە گونجاوە بۆی لە پێناو گەیشتن بە جیهانێکی نوێ، هەروەك چارڵس ئیریك لە ڕۆمانەکەیدا (جیهانێك بەبێ پیاو)، پۆل ئەندرسۆنی نووسەر لە (هەسارەی پاکیزە)، قسەیان کردووە لەبارەی لەبەرگرتنەوەی منداڵەکان لە ئافرەتان، بێ ئەوەی پێویستیەك هەبێ بە پیاوی خۆسەپێنی خۆویست، ئافرەتان لەسەر هەسارەی زەوی بەبێ پیاوان بژین، نانسی فریدمانی ئەدیب

---

(1) جريجوري – من يخاف استنساخ الإنسان؟، ترجمة: أحمد مستجير وفاطمة نصر، القاهرة، ۱۹۹۹، ص ۱۲٤.

* جیهانێکی نوێی بوێر: ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ۱۹۳۲ نووسراوە، لەلایەن نووسەری ئینگلیزی ڕوسی هیکسلی، پشێویەکی مەزنی نایەوە.

لە "جوشوای کوڕی هیچ کەس" قسەی کردووە لەبارەی لەبەرگرتنەوەی سەرۆك جۆن کەنەدی دوای پەنهان کوشتنی، وێنەیان بۆ کێشاوم چۆن حوکمەکەی بەردەوام دەبێ(١).

ئالفین تولفەر کتێبە ناودەرەکەی (تاسەی ئایندە)ی نووسی، قازانجی زۆری بەدەستهێنا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٠، تۆفلەر لەم کتێبەدا وەسفی ئایندەی مرۆڤایەتی کردووە، کە زۆر ترسێنەرە لە زۆربەی کاتدا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە خێراییەکی زۆر ڕوودەدات، لەگەڵیدا هەموو ناوەندەکانمان لە دەستدەدەین، لەگەڵیدا ڕادەکێشرێین بۆ زەریاکانی گێژاوی کۆمەڵایەتی. توفلەر لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "زۆر گرنگە خەڵکی سادە بزانێ لیدربرچ(*) بە تەنها نییە لە کۆمەڵگەی زانایاندا، زۆرێك لە هاوڕێیە زاناکانی بەشدارن لە ترسەکانیان لە شۆڕشی بایلۆژی. پرسە ئەخلاقییەکان و سیاسەت، کە زانستی بایلۆژیای نوێ دەیوروژێنێ، عەقلّ لەبەری ڕادەکات. کێ دەژیت و کێ دەمرێت؟ مرۆڤ کێیە؟ کێیە ئەوەی جڵەوی توێژینەوەکانی بەدەستە لەم بوارانەدا؟ چۆن ئەنجامە نوێیەکان جێبەجێ دەکرێن؟ ئایا گریمانەی ئەوە ناکرێ جڵەوی ئەو ناهەماریانەمان لە دەستدەرچێ کە ئێمە ئامادەنین بۆی؟ زۆرێك لە زانایان پێیان وایە، ئێمە هێدی هێدی نزیك دەبینەوە لە – هیرۆشیمایەکی – بایلۆژی"(٢).

هەروەك توفلەر، گەواهی بە ڕای زانایەکی بە ڕەچەڵەك عەرەبی هێناوەتەوە، کە سەعدی حافزە(*)، کە پێشبینی کردووە لە ماوەی دە یان پازدە ساڵی ئایندە، لە توانای هەر ئافرەتێکدا دەبێ جینێکی بچوك بکڕێ و بباتە لای پزیشکەکەی و لە نێو منداڵ دانەکەیدا بیچێنێ، نۆ مانگ هەڵیبگرێ بۆ ئەوەی دواتر منداڵەکەی ببێ، وەك ئەوەی لەسەرەتادا لێی سکپڕ بووبێ، ئا بەم شێوەیە چەندین ڕۆمان و ئەدەبیاتی خەیاڵی زانستی هاتن، وەك ئەوەی ئەو جادووگەرە بن، کە

---

(١) فتحی، محمد – الاستنساخ: نسخه منك دون أن تدري، دار اللطائف، القاهرة، مصر، ٢٠٠٣، ص ١٩.

* لیدربرج: ناوی جوشوا لیدربرجە، زانای بۆماوەزانی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، لە ساڵی ١٩٨٠ پێشبینی کلۆنەی مرۆڤی کردووە.

(٢) جریجوری، – من یخاف استنساخ الانسان؟ مرجع سابق، ص ١٤٢.

* سەعدی حافز: پسپۆری بایلۆژییە، ڕێزلێنانی جیهانی پێبەخشراوە.

هەواڵیان داوە سەبارەت بە ئایندە، ڕۆمانەکان لە ئاست تاسانی ئایندە نەوەستاوە، بەڵکو دافید ڕوفیك لە ساڵی ١٩٧٨ کتێبێکی خەیاڵی زانستی پێشکەش کرد، تیایدا باسی لەبەرگرتنەوەیەکی مرۆیی کردووە بۆ هاوشێوەی هێتلەر، نووسەر باسی ئەو جەنگ و کاوڵکاریانە دەکات کە پەیدا دەبن بەهۆی بوونی هێتلەرەوە. هەروەك مارسیل بلانك لە ساڵی ١٩٨١ کتێبێکی بە ناونیشانی "لەبەرگرتنەوەی شیردەرەکان بۆ مرۆڤیش دەبێ" پێشکەش کرد، ئا بەم شێوەیە لە خەیاڵی ئەدیبەکانەوە بۆ واقیعی زانایان گوازرایەوە، گۆڤاری سروشت، کە هەواڵی لەبەرگرتنەوەی "دوللی" بڵاوکردەوە، جەختی کردەوە لەوەی لەگەڵ لەدایکبوونی ناوبراو گەشتی پێشبینیەکان دەستی پێکرد، لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ لە خانەی پێگەیشتوو، شتێکە دەکرێ ئەنجام بدرێ لە کاتێکدا کە دە ساڵ تێناپەڕێنێ، لەگەڵ پێنووسی نووسەران و ئەو ڕۆمانانە، توێژینەوەی زانایانیش بەردەوام بوو بە شێوەیەکی نەپچڕاو لە تاقیکردنەوەکانیاندا، لە ساڵی ١٩٥٠ یەکەم بەسەهۆڵ کردنی زیندە تۆ ئەنجامدرا بۆ گایەکان، لە پێناو متوربەکردنی لە دواییدا لە مانگاکاندا، لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە جۆرەکانی جیهانی لەوانە (لە ئاست پلەی ٧٩)، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ هەر دوو زانا ڕۆبێرت بریجرز و تۆماس کینغ لە فلادلفیا توانیان بیرۆکەی زانای جیناتناسی ئەڵمانی هانز سبیمان جێبەجێ بکەن، کە تاقیکردنەوەیەکی پێشکەش کرد بەناوی تاقیکردنەوەی خەیاڵی، تیایدا ناوکی خانەیەك پارچە گۆشتی یەکێك لە بۆقەکان تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ خانە هێلکەدانی داماڵراو لە خانە و ئامانجی لەمە دڵنیابوونە لەو گریمانەی دەڵێت: هەر خانەیەك لە خانەکانی پارچە گۆشتی لاودا، تەواوی زانیاری بۆماوەیی لەخۆگرتووە، ئەمەش بۆ لەبەر گرتنەوەی تاکێکی تەواو و کامڵ، ئەمە ئەنجامدرا لەسەر دەستی دوو زاماکە بریجرز و کینغ، ئەمەش بۆ بەدەستخستنی سەرمێکوتە بچوکی یەکێك لەو بۆقانەی ناونراوە ئەبو زەینەبە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٢ بە مێژووی ڕاستەقینە دادەنرێ بۆ سەرەتای توێژینەوەکانی لەبەرگرتنەوە، کە زانایان توانیویانە بە سەرپەرشتی زانا جۆن جۆردن یەکەم بۆق لەبەر بگرنەوە لە سەرەمێکوتە زۆر بەتەمەن، ئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەندازەی بۆماوەیی لە بواری جیهانی جینەکاندا()، شایەنی باسە کرداری

() الجمل عبدالباسط — الهندسة الوراثية للشباب، مكتبة ابن سينا للنشر، القاهرة، مصر، د. ت، ص ٢١.

لەبەرگرتنەوە، کردارێکە زۆرێك لە ڕووەکەکان ئەنجامی دەدەن، لەمێژە، بەوەی جوتیار هەڵدەستێت بە وەرگرتنی ئەو بەشەی توانای گەشەی هەیە لە ڕووکەدا، یان دابەش کردنی ئەو بەشە و بردنی بەشەکان، ئینجا ئەم بەشانە دەچێنرێن، لە ژینگەیەکی وزەبەخشدا، تیایدا ڕەگەزە خۆراکییە پێویستەکان تیایدا ئامادە دەبن، بۆ گەشەی پێکهاتەی پێکهێنەری ئەندامەکانی کۆرپەکە، لە گەشەکەی بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی لەبەرگیراوەیەکی تەواو هاوتای ڕووەکی دایك بخاتەڕوو، سەرباری ئەوەی جۆرێك لە بەکتریا لێرەدا هەیە، کە بەشێوەیەکی سادە دابەش دەبن، یەك خانەی بەکتریا دوو خانە دەبەخشن، گوزارشت لە لەبەرگیراوەیەکی ڕێك وەك ئەوەی ڕەسەنەکە دەکەن، ئەوەی زانایان لێی دەکۆڵنەوە لە تاقیکرنەوەکانیدا، ئەوەشت لە توێژینەوەکانیاندا پێیگەیشتوون، لەو ئەنجامانەی هەندێك لە ڕووەکەکان جێبەجێی دەکەن و بوونەوەرە زیندووەکان بەشێوەیەکی خۆکاری و هەڕەمەکی، ئەمە دەمانبات بەرەو ئەوەی ئەو شتەی زانایان پێی گەیشتوون تەنها دۆزینەوەیەکی زانستییە، بۆ ئەو شتەی زانست نەیدەزانی، نەوەك بەدیهێنان بێ بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان، دۆزینەوەی ئەم دۆخە جیاواز و دەگمەنە لەوەی باوە بۆ زاوزێی ڕەگەزی، ئەمەش بواری کردۆتەوە لەبەردەم چەندین مەترسی و ئومێدی زۆردا، چونکە دژی سروشتە، مەبەستم لەمە تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە یان زاوزێی نا توخمە جۆربوونە، ئێمە دەزانین جەستەی مرۆڤ پێکدێت لە ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵە خانە و بەش، کۆمەڵە خانە و بەشەکانیش بەخۆیان پێکدێن لە خانەی لکاو، ئەوانیش لە ماددەیەك پێکدێن کە ناودەبرێ سایتۆپلازم، لە نێو هەر خانەیەکدا تەنێکی بچوك هەیە پێی دەوترێ ناوك، ئەویش تەنی بچوکی تێدایە، کە پێی دەوترێ کڕۆمۆسۆمەکان، گشت خانەکانی مرۆڤایەتی جگە لە هێلکەدانی ئافرەت و زیندە تۆوی پیاو نەبێ، ٤٦ کڕۆمۆسۆم لەخۆی دەگرێ، ژمارەیەکی زۆر تەنی بچوکی لەخۆگرتووە، کە ناودەبرێ جیناتەکان، ئەو جیناتانەی پێشتر بە تێروتەسەلی قسەمان لەسەر کردووە، ئەو کتێبە پێکدێنن کە دواتر دەبێتە مرۆڤ، هەروەك چۆن هەر دانە کتێبێك لەوەی تر جیاوازە، ئەوا مرۆڤەکانیش لە نێو خۆیاندا جیاوازن، ئەگەر ئێمە ناوی هێلکۆکە و زیندە تۆمان هەڵاوێردبێ لە ژمارەی ئەو کڕۆمۆسۆمانەی لەخۆدەگرن، ئەمە لەبەر ئەوەیە هێلکۆکە و تۆواو

ناوکەکەیان ٢٣ کرۆمۆسۆم لەخۆ دەگرن، نەوەك ٤٦ کرۆمۆسۆم، سەبارەت بە یەکگرتنی هەر دووکیان ئەوا دەبێتە خانەیەکی کامڵ و لەبەرگیراوەیەکی تەواو، دووبارە دەبێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە کۆرپەلە و ئینجا مرۆڤ. ئا بەم شێوەیە کرداری زاوزێ و پێکهاتن و گەشە ئەنجام دەدرێ، ناوکی زیندە خانەی تۆو هێلکۆکە دەپیتێنێ، زانایان بۆچوونیان بەم شێوەیە بوو، بەڵام پزیشك ویلمۆت دەرچەیەکی بۆ گۆرینی ئەم ڕێچکەیە دۆزیەوە، لە دۆخی پیتاندنی خودی (لەبەرگرتنەوەدا) سەرنجی دەدەین، گەیشتنە خانەی بەرایی، کە کۆرپەلەی لێ پێکدێت، بە ڕێگەی دووەم ئەنجام دەدرێت، بەپێچەوانەی لکانی هێلکۆکەی مێینە بە خانەی تۆواو، ئەم ڕێگەیە پوخت دەبێتەوە لە لابردنی ناوکی هێلکۆکەی ئافرەت، بەوەی هەموو کەرستەی هێلکۆکەی بۆماوەیی دووربخەینەوە، ئینجا ناوکی خانەیەکی ئاسایی دەچێنرێ — ناوکی تۆواو بەمەرج ناگیرێ — لەو خانەیەی مرۆڤ کە داواکراوە لەبەری بگیرێتەوە، دواتر منداڵدانی ئافرەت بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی ناوك و هێلکۆکەکەی تێدا دابنرێ، ئەمە سەبارەت بە مرۆڤ، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە مەڕی یەکەم ڕوویدا، ئەوا تەنها منداڵدانەکەی بەکارهێنرا بۆ لەخۆگرتنی هێلکۆکە، مەڕی سێیەمەکە ئەوا دایکی ڕاستەقینەیە، چونکە ئەو خانەی بەخشیوە. ئا بەم شێوە "دوللی" لەدایك بوو بێ نێرینە یان تۆواو. ویلمۆت جەخت کردەوە، لەسەر ئەوەی دەتوانی دەیان دانی تر لەبەر ئەمە بگرێتەوە، بەهەمان شێوە و ڕێگە، هەروەك جراهام بلفید بەڕێوبەری پەیمانگەی ڕۆزالین کە لەوێ "دوللی" کاری لەبەرگیرانەوەی بۆ کرا، جەختی کردۆتەوە لەوەی بڕیاردراوە کۆمپانیایەك دابنرێ بۆ پێشخستنی تەکنەلۆژیانی لەبەرگرتنەوە بۆ خزمەتی تەندروستی مرۆڤ(١). ئەوەی ویلمۆت پێشبینی کرد سەرکەوتنی بوو لە ماوەی دوو ساڵدا، لەوەتەی قسەکردنی لەسەر سەرکەوتنی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، ئەمەش ساڵی ١٩٩٧ بوو، بەڵام ئەمە ڕوویدا، ئەوەتا یازدە ساڵ بەسەر قەسەکەیدا تێپەڕبووە.

(١) الصوفي، ماهر أحمد، — الاستنساخ البشري بين الحقيقة والوهم، مكتب الشعر للطباعة، ١٩٩٧، دمشق، ص ٧.

ئەوەی ویلمۆت هێنای لەگەڵ توێژەرە هاوڕێکانی، هەرگیز بە دروستکردن نایەت، بەهەر شێوەیەك بێت، بەڵکو دۆزینەوەیەکە زانستییە، بۆ ڕاستییەك کە زانینی دواکەوتبوو، چونکە دروستکردن، وەك هەموو فەرهەنگەکان پێناسەی دەکەن، بریتییە لە هێنانەدی شت لە نەبوونەوە بۆ بوون. بەڵام لەبەرگرتنەوە، کرداری لێکدانە بە ناوکی خانە، کە لە بنەڕەتدا زیندووە، خەسڵەت و سیفەتەکان لە خانەکەدا هەن، لە کرداری لەبەرگرتنەوەدا بوونەوەری هاوێنە پێکدەهێنرێ، زانایان هەوڵی گەیشتنیان داوە بەم ئەنجامە، لە دوای زنجیرەك تاقیکردنەو و کاری بەردەوام، کە لە کۆتاییدا بەرهەمبدا، خۆی بینیەوە لە دوللی مەڕدا، ئەمە کاتێکی دوور و درێژی خایاند، لەوانەیە سەرەتاکەی لە دوای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم بێ بەشێوەیەکی کرداری، واتە دوای ئەوەی حیزبی نازی، بەسەرکردایەتی هێتلە بڕیاریدا، ڕەچەڵەکێکی تایبەتمەند لە مرۆڤ لە ئەڵمانیا بێنێتە بوون، بەڵام لەو کاتدا تەکنەلۆژیای پێویست لەبەردەست نەبوو، ڕژێمی هێتلەر بە هەڵسا بە نەزۆکخستنی ٥٦٠٠٠ کەس، کە کەم و کورتی بۆماوەییان هەبوو، بە پاساوی پاراستنی پاکژی ڕەگەزی مرۆیی(١).

ئا بەم شێوەیە لەبەرگرتنەوە لە دوای حەوت دەیە هات، مژدەی بە هەندێك ئەنجامدا، سەبارەت بە دەستنی دانەیەك بەگوێرەی داواکردن لە ڕووەك یان گیاندار یان مرۆڤ! ! کە دەمانەوێ بەدەستی بخەین، قسەی یەکلاکەرەوە لەم بوارە دەمێنێتەوە: ئەم دۆزینەوە زانستییە تەنها یاری کردن و خولانەوەیەی سادەیە بەدەوری یاسای باو لە یاساکانی سروشتدا، ئەمە یاسای زۆربوونی توخمییە، فەوزی محەممەد حەمید ئەمە چواندووە بەم وتەیەی "ئاڕاستەی کرداری زاوزێی توخمی، بە گوێرەی شانۆیەکی تازە دەچێتەڕێ، تیایدا نمایشکاران و شانۆی نمایش کەمێك جیاواز بوونە لەو شانۆیەی کە پاڵەوانە نێرینە – تۆ – و مێینە – هێلکۆکە – پێی هەڵدەستن، بەهۆی هاوسەرگیری لە ئاهەنگی بوکێنی لە هۆڵی منداڵدانی مرۆیی پێنج ئەستێرە، سەبارەت بە شانۆی تازە، ئەوا بوکی بە تەمەنتر – خانەی جەستەیی – و لاواز، ئەوە ڕەت دەکاتەوە بەشداری

(١) دوس، سینوت حلیم، – استنساخ الإنسان حیا أو میتا، المکتبة الأکادیمیة، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٢٦.

بوکێنیەکە ببێ – هێلکۆکەی بێ ناوك –، لەگەڵی دەلکێ و خانەکەی فڕێدەداتە دەرەوە، لە ئاهەنگی بوکێنی تازەدا، لە یەکێك لە دەریاچە بچوکەکاندا – لولەکەکانی تاقیکردنەوەدا –، لێرەدا جەماوەر چاوی زاناکانە، کە چاودێری ئەم ڕووداوە دەکەن لە نزیکەوە، دواتر هەر دوو هاوسەر و هاوژینەکە مانگی هەنگوینی بەسەر دەبەن لە – منداڵدانی دایکی جێگرەوە – کە لە بەشێوەیەکی کاتی تێدا دەمێننەوە"(1). بەمە لەبەرگرتنەوە دەبێتەوە کۆششێکی زانستی مرۆیی، دەکرێ هەڵبسەنگێنرێ لە میانەی ئامانج و مەبەست و هەوڵ و ئامرازەکانی، کە بەکاریدێنێت، تێگەیشتن لەم کۆششە، لەسەرمان پێویست دەکات تەواو شارەزابین لە هەر خاڵێکدا، لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانیشی ڕوون بکەینەوە، ئەگەر جیهان خرۆشانێکی مەزنی نواندبێ لەگەڵ ڕاگەیاندنی "دوللی"، ئەوا ئەوەی پێویستە ڕوون بکرێتەوە، ئەوەیە ئەم ئەزموونە کە کۆششەکانی مرۆڤ بەدەستیەوە ناڵاندویانە تا گەیشتوونەتە ئەو وێنەیەی بۆ هەمووان دەرکەوتووە، وەك ئەزموونی تەواو نەبوو، چەندین خاڵی تێدایە هەڵوەستەمان پێدەکات و عەقڵی مرۆیی هاندەدات لەسەر ڕامان لێی، بەڵکو ئاسودەبوون بەوەی لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ خەریکە ببێتە خەون لەلایەك، لەلایەنی دووەمەوە ئەم خەونە بەم نزیکانە بەدەستناکەوێ، دوللی مەڕ بە بەرهەمی نزیکەی سێ سەد ئەزموون دادەنرێ، کە ئەو تەنها تاقیکردنەوەی سەرکەوتوو بوو، تەنانەت لە نموونەی دوللیدا، چەندین خاڵی لاواز هەیە، کە عەقڵ دەهەژێنێ بۆ بیرکردنەوە لێی، یەکێك لە گرنگترینی ئەم خاڵانە، بریتی بوو لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەیەك لەسەر بوونەوەرێکی شیردەر، کە بە ٢٧٧ هەوڵ دادەنرێ، کە ویلمۆت ئەنجامی داوە، لەسەر هەمان گیاندا – مەڕ – سەرباری بوونی بوونەوەری زۆر ئاڵۆزتر لەو لە ڕووی بۆماوەییەوە، واتە گریمانەی شکستی تاقیکردنەوەکە زۆرە وەك مشك، بەوەی ئەو تاقیکردنەوانە شکستیان هێنا کە ئەنجامدرابوون لەسەر جینەکانی مشك، بۆ بەرهەم هێنانی هەندێك جۆری مشك، کە توانای ژیانیان هەبێ، ئەگەر پرسیار بکەین لەبارەی هەڵبژاردنی مەڕ وەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەکانی ویلمۆت، لەبەر ئەوەبووە کە مەڕەکان دەست بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان ناکەن، تەنها لە دوای دابەشبوونی دووەم نەبێ بۆ خانە، ئەمەش بە مانای دووبارە

---

(1) حميد فوزي محمد، – الاستنساخ البشري بين التحليل والتحريم، دار الصفدي، دمشق، ١٩٩٩، ص ٢١٤.

بەرنامەدارکردنی دێت لە ڕووی بۆ ماوەییەوە، بەر لە ئاڕاستەکردنی بۆ بەرهەم هێنانی بوونەوەرێکی زیندوو، هەروەك سەرکەوتنی ئەزموونی دووڵی تەنها یەك جار سەرکەوتوو بوو لە نێو ٢٧٦ جاری شکستی تردا، ئەمە لە تێڕوانینی زانستدا بە مانای گشتاندن نایەت، چونکە گشتاندن سەرکەوتنی ئەزموونەکە زیاتر لە ٥٠ ٪ بەمەرج دەگرێت، دواتر حوکم دان لەسەر قبوڵکردنی ئەم ڕاستییە زانستییە گومان هەڵگرە، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ویلمۆت پێی وابێ لەبەرگرتنەوە بە وەرگرتنی ناوکی خانەی جەستەیی دەبێ لە بوونەوەری زیندوودا ئەنجام دەدرێ، ئەوا لە بەرامبەر خانەیەکی لە مەمکی مەڕێکی مێیەی وەرگرت بۆ تاقیکردنەوەکەی، تاقیکردنەوەی ئەنجام نەدا لەسەر خانەکانی ناوچەکانی شوێنەکانی تری جەستەی مەڕی مێ، ئەوەی تاقیکردنەوەکەی ئەو زیاتر لاواز دەکات، ئەوەیە هەڵسوکەوتی بۆماوەیی خانەدان لە خانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ناتوانرێ هەموو خانەکان ناچار بکرێن لەسەر گێڕانەوەی ئاڕاستەکەیان لۆ یەك دۆخی جینی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ئەزموونی دوللی لەسەر خانەکانی مەمك سەرکەوتوو بووبێ، ئایا لەگەڵ خانەکان دەماریشدا سەرکەوتوو دەبێ؟ لەگەڵ خانەکانی مێشکدا سەرکەوتوو دەبێ؟ یان خانەکانی دڵ؟ لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی لە ئەزموونی دوللیدا هێشتا خانەی هێلکۆکە هەیە، کە ناوکی خانەی جەستەیی ١٠٪ لەخۆدەگرێ، لە ماددەی بۆماوەیی بۆ خانەی هێلکۆکە، ئەوەی پرسیار دەوروژێنێ ئەوەیە: تا چ ئاستێك هەماهەنگی دروست دەبێ لە نێوان ماددەی بۆماوەیی دراوەپاڵ و لە نێوان ئەوەی دەمێنێ لە ماددەی بۆماوەیی ڕەسەن، ئەوەی مایەی ترسە، گونجانی تووشبوونی دوللیە بە هەندێك لە نەخۆشی بۆماوەیی(). کە لەوانەیە لە کۆمەڵەی بۆماوەیی ناوکە ڕەسەنەکانەوە بۆی بێ، یان لە ماددەی بۆماوەیی جێماو لە خانەی هێلکۆکەی میوانداریکەر، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، ئەو ڕەخنانەی لە دوای ئەم دۆزینەوە زانستیە هاتن، ئەو مەترسیانە کەم دەکەنەوە کە زانایان پێشبینی دەکەن لە لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، ئەم ڕەخنانە تا ئەندازەکی زۆر سەختی سەرکەوتن لەمەدا ڕوون دەکاتەوە، هەروەك خوێندمانەوە، ئەزموونی دوللی سەرکەوتوو یەکێکە لەوانەی لە نێو زنجیرەی ئەزموونە شکستخواردووەکان لەلایەك، ئەم دانەیە

---

() الجمل عبدالباسط – الهندسة الوراثية للشباب، ص ٣١.

پارێزراو نەبوونە لە تووشبوون بە نەخۆشییە بۆماوەییەکان لەلایەکی ترەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ لەبەرگرتنەوەی بوونەوەرێك بەگوێرەی داواکاری و بە تایبەمەندی پێوانەیی، خەریکە ئەستەم بیٚ، سەرباری ئەوەی زانایان بە هەوڵە بەردەوامەکانیان، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئێش و ئازارەکانیان، ئێشەکە زیاتر و قوڵتر دەکەنەوە، هەوڵی زانایان لە لەبەرگرتنەوەی زیندەیی و چاندنی ئەندامان بە ترسێنەر دێت، ئەگەر ورد ببینەوە لەو مەترسیانەی لەمەوە دروست دەبن، بەتایبەت باسی بواری چاندنی ئەندامەکان یان گواستنەوەی سوری خوێنی ئاژەڵی بۆ مرۆڤ، دەستەی خوێنی بەڕیتانی جەختی لە خۆپارێزی خۆی کردۆتەوە لە بەرامبەر ئەوەی ڕادەگەیەنرێ لە گونجانی گواستنەوەی پلازمای خوێنی ئاژەڵی، ڕوونی کردۆتەوە بەکارهێنانی پلازمای خوێنی مرۆیی وەرگیراو لە گیانداران شتێکی باشە، لەلایەنی تیۆریەوە، بەڵام دەستەکە ناتوانیٚ جەخت لەمە بکاتەوە پێش کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکان، لەسەر ئەوەی ئەم پلازمایە چاکە تەواو هاوتایە لەگەڵ پلازمای مرۆیی، هەروەها دەستەوەسانە لە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم گیاندارانە نەخۆشییەکانیان بۆ مرۆڤ ناگوازنەوە، لە کاتی بیرکردنەوە لە چاندنی ئەندامەکانی گیانداران بۆ مرۆڤ، شتێك لێرەدا نییە ئەو مرۆڤە بپارێزیٚ لەوەی پێکهاتەی ئاژەڵ و گیاندارەکە بەکتریان یان ڤایرۆسێك هەڵگرتبیٚ، کە گیاندارەکەی گرتووە و مرۆڤ ناگریٚ، دواتر مرۆڤەکە تووشی نەخۆشی دەبیٚ، نەك تەنها ئەمە، بەڵکو لەوانەیە نەخۆشییەکان بۆ ئەوانی تریش بگوازرێتەوە[1]. چەند مەترسییەك هەیە لە بوونی ڤایرۆسەکان، مرۆڤ هێشتان نەیناسیوە، لەوانەیە چەند نەخۆشییەکی مەترسیداری تووش ببیٚ، کە تەنها خوا بزانیٚ ژمارەکەیان چەندە.

پێویستە هێواش بین لە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای سەرسوڕهێن لەسەر مرۆڤ" سەرکەوتنی زانایان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئەندازەی جینەکان، لە پێناو گەیشتن بە بەرهەمهێنانێکی زۆر و بەپیت لە جیهانی ڕووەك و ئاژەڵدا، لە ڕێگەی وەرگرتنی هەندێك لە جینەکان لە هەندێك خانە، گواستنەوەی بۆ خانەی تر لە هەمان جۆر، چ لە ڕووەك یان ئاژەڵ، ئەمەش لە پێناو

---

**()** فتحي، محمد، – الاستنساخ: نسخة منك دون أن تدري، مرجع سابق، ٣٣.

* لیژنەی نیشتمانی، لە ١٨ ئەندام پێکهاتووە، لە ساڵی ١٩٩٧ پێشکەشکراوە.

بەدەستخستنی ڕووەکێك بە تایبەتمەنی باشتر، وەك ئەو گەنمەی بەرگەی جانەوەرەکان دەگرێ و پاراستنی تەماتە، بێ لەناوبردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و دۆزینەوەی بەروبوومی تایبەت لە داروخورما، یان هێنانەبوونی گیاندارانی وەك ئاژەڵەکان، بە هەمان تایبەتمەندی جۆری مانگاکانیان، هەموو ئەمە بە مانای ڕەوایی لەبەرگرتنەوە دێت لە جیهانی ڕووەك و گیانداراندا، چ بە بەرهەمهێنانی ئەو خانانەی سیفەتە پەسەندەکان هەڵدەگرن بە ڕێگەی زاوزێ، یان گەشەپێدانی خانەکان بە تاقیگە، یان هەموارکردنی جێماوە تایبەتمەندەکان، بە هەندێك سیفەتی دیاریکراو، یان ڕەتکردنەوە و لادانی سیفەتە نا پەسەندەکان، ئەمە هەمووی ڕێپێدراوە، چونکە خزمەتی مرۆڤ دەکات، ئەمە ئامانجی باڵای زانستە، بە مەرجی دووربوون لە یاری پێکردن و زیانگەیاندن بە مرۆڤ، چونکە پیرۆزی و شکۆی مرۆڤ، ڕێگریمان لێدەکات لەوەی بیکەینە بابەتێکی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر جینەکان و ڕووبەڕووکردنەوەی ڕێوشوێنی تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە، وەك خستنە نێو لولەکەکان و بڕین و مردنی زۆرێکیان یان بەسەهۆڵکردنی ئەوانی تر بە ڕێگەیەکی زانستی وشك.

لەوانەیە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی لێمانەوە نزیك بێ، ئەمەش بە هۆی خەرجکردنی هەوڵێکی زۆری زانایان لە تاقیگەکانیان لەلایەك، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی مەزن لە بواری بایلۆژیدا دەستی زانایانی داناوەتە سەر مەتەڵی ڕاستەقینەی کرداری زاوزێی خودی، کە بە تایبەت دادەنرێ بە نزمترین بوونەوەرە زیندووەکان، کە بەخۆکاری پێی هەڵدەستێت، ئا ئەوەتا ئەمڕۆ مرۆڤ داوای لێکراوە دابەزێی بۆ ئاستی ئەو بوونەوەرانە، دوای ئەوەی عەقڵەکەی ئەوی بەرز کردبووەوە، گەیاندبوویە بەرزترین پێگەکانی مرۆڤایەتی، ئا ئەوەتا دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ وەڵامی ئەنجومەنی(*) نیشتمانی ئەمریکی بۆ ئەخلاقی زیندەیی، کاتێك لەسەر داوای سەرۆکی ئەمریکی بیل کلێنتۆن لەبارەی لەبەرگرتنەوە وەڵامی دایەوە و وتی: "پێویستە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی بوەستێنرێ، بەشێوەیەکی کاتی، لێرەدا پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە کە

هەموان تیایدا بەشدار بن، لەبارەی مەترسییە ئەخلاقیە مەترسیدارەکان، کە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی دەخاتەڕوو"(١).

**دووەم – قەدەغەی ناکەین بەڵام کۆت و بەندی بۆ دادەنێین:**

زانایان جەخت دەکەنەوە، هەوڵی لەبەرگرتنەوەی سەرەکییەکان، لە نێویاندا مرۆڤ، دووچاری شکست دێت، "جیراڵد تشاتن" سەرۆکی تاقمەکە بۆ گۆڤاری "ساینس" جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەو دەجاڵانەی گومانیان بردووە بە لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، بە تەواوی تێنەگەیشتوون لە خانە یان گەشەی بایلۆژی، بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە پێشبینیەکانیان، لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەوە جەخت دەکەینەوە لەوەی، ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیایە دەکەین، بەوپێیەی گریمانەیەکە دەکرێ بەرجەستە ببێ یان لەناوبچێ، داهێنانی باڵەفڕ، لە خەیاڵی ئەدیبەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و بە دۆزینەوەی زانایان کۆتایی هاتووە، دواتر جێبەجێ کراوە، پاشان گەشەی پێدراوە بەم جۆرەی ئەمڕۆ دەیبینین، لەوانەیە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی، دۆخی هەمان شێوەی دۆخی باڵەفڕ و مۆبایل و کارەبا و داهێنراوەکانی تر بێ، کە مرۆڤایەتی سەرسام کردووە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە زۆر سوودی پێشکەش کردووە، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا بە هێزەوە خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەیە: ئەو سوودە چییە کە وەردەگیرێ لە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی بۆ مرۆڤ بەدەستدێت؟ لە ڕاستیدا هیچ سوودی شایەنی باس نییە، جگە لە لەبەرگرتنەوەی چارەسەری نەبێ، ئایا ئەم جۆرە لە لەبەرگرتنەوەیە چییە و سوودی چییە؟

لەبەرگرتنەوەی چارەسەری، پێناسە دەکرێ بەوەی بەرهەمهێنانی جینێکی مرۆییە، بۆ بەکارهێنانی لە توێژینەوەدا، ئەم کردارە ئامانجی بەرهەمهێنانی بوونەوەری مرۆیی لەبەرگیراوە

---

(١) شحادة، حسام الدين، – الاستنساخ بين العلم والفلسفة والدين، مركز العلم والسلام للدراسات، دمشق، ١٩٩٨، ص ١١٥.

نییە، بەڵکو بۆ دەستخستنی خانەی ڕیشەیی، دەکرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بەکاربهێنرێ بۆ توێژینەوەی گەشەی مرۆیی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، زانایان پێشبینی دەکەن بەوەی دەتوانرێ تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوەی چارەسەری لە شوێنی جێبەجێکردن لای مرۆڤ دابنرێ، ئەمەش بە بەرهەمهێنانی خانەی تەواو لە تاك خانە، یان بۆ بەرهەمهێنانی خانەی سەلامەت، کە دەکرێ شوێنی خانە ئازار بەرکەوتووەکان بگرێتەوە لە نەخۆشیەکاندا، وەك نەخۆشی "زەهایمەر" و "بارکنسۆن"، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی جێبەجێکردنی لەبەرگرتنەوەی چارەسەری، پێویستی بە کاری زۆر و هەوڵ هەیە، تا دەچێتە باری جێبەجێکردنەوە(1)، تاقیکردنەوەکان بەردەوام و هەن، پێگەکانی ئینتەرنێت مژدە دەدەن، ببە دۆزینەوەی زانستی تازە لەم بوارە لە هەموو ڕۆژێکدا، ئا ئەوەتا دەستەی زانکۆی نیوکاسڵی بەریتانی، ڕەزامەندی وەرگرتووە بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکانی، لە دەستخستنی خانەی ڕیشەیی، کە دەکرێ بگۆڕدرێ بۆ ئەرکی پسپۆر توانادار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەنسۆلین بۆ چارەسەری نەخۆشی شەکرە، بەڵام جێبەجێکردنە بەرهەستەکانی هاووێنەی ئەم توێژینەوانە لە بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە ئاڵۆزەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێش پێنج ساڵ دەرناکەوێ، شتێکی سوود بەخشە لێرەدا باسی خانەی ڕەیشەیی کۆرپەلەیی یکەین، کە دەرکەوتوون لە سەرەتای گەشەی کۆرپەلەدا، تایبەتمەندە بە تواناکەی لەسەر گەشەپێدان، بۆ ئەوەی خانەکانی ئەرکداری هەر پێکهاتەیەکی جەستەی مرۆیی، لە ماسولەکە و ئێسکەکانەوە تا دەمار و ئەندامەکان. ئامانج لە لەبەرگرتنەوەی چارەسەری بەدەستخستنی زۆرترین ڕێژەی ئەم خانانە بۆ بەکارهێنانی لە دواتر لە چاککردنەوە و بەرهەمهێناندا، یان ڕاستکردنەوەی کەم و کورتیەك لە پێکهاتە یان ئەندامێکدا، تەنانەت لە پیشەسازی جێگرەوەدا، کە پەنجەمۆری بۆماوەیی بۆ هەمان نەخۆشی هەڵدەگرێ، تا جەستەکەی ڕەت نەکاتەوە.

---

(1) شحود منير، الاستنساخ آفاقه وأنواع تطبيقاته، الحوار المتمدن، دبي، ٢٠٠٣، ص ٥.

ئەگەر پرۆفیسۆر "ئەکسیل کان"ی پسپۆر لە توێژینەوەکانی بۆماوەیی فەڕەنسی پێی وابێ لەبەرگرتنەوەی چارەسەری مەترسیی دەرکەوتنی بازرگانی ناڕەوای لەخۆگرتووە، وەك بازرگانی کردن بە ئافرەتان، دەگۆڕێ بۆ بەرهەمهێنی هێلکۆکە، بەپێی وتەی ناوبراو، پرۆفیسۆر "بیشانسکی"لە پەیمانگەی فەڕەنسی بۆ توێژینەوە و تەندروستی (ئانسیرم) پێی وایە دەکرێ ترسەکان بە ئاسانی لابرێن، ئەگەر زانایان سەرکەوتن لە بەرهەمهێنانی هێلکۆکەی نا پێگەیشتوو، لە خانە ڕیشەدارە کۆرپەییە مرۆییەکان، هەروەك لەسەر مشکەکان سەرکەوتوو بوو، لێرەدا ئاماژە دەکەین بەوەی تاکە ئەزموون تا ئێستا بۆ لەبەرگرتنەوەی کۆرپەلەی مرۆیی هەبووبێ بە مەبەستی چارەسەری، بە فەرمی لە کۆریای باشور لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ ڕاگەیەنرا، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا ئیدارەی بۆش لە ساڵی ٢٠٠١ ڕێگری کرد لە دیاریکردنی سامان بۆ پارەدارکردنی توێژینەوە لەسەر خانەی ڕیشەداری وەرگیراو لە جینەکانی مرۆڤ، جگە لەو خانە ڕیشەییانەی بەدەستخراون پێش هاوینی ٢٠٠١، ڕێگریەکە کۆمپانیا تایبەتەکان ناگرێتەوە، سوێد ڕێگەبدا بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جینەکانی مرۆیی لەبەرگیراوە، بۆ مەبەستی چارەسەرکردن، بەلژیکا و وەزارەتی زانستە تەکنەلۆژیەکانی بەڕازیلی هەمان هەڵوێستی گرتەبەر(١).

لە کاتێکدا ئەڵمانیا لەبەرگرتنەوەی چارەسەری و منداڵ پێکهێنانی بە یەکسانی قەدەغە کرد، سەبارەت بە کەنەدا، لە ئازاری ٢٠٠٥ یاسایەکی دەرکرد، لەبەرگرتنەوەی مرۆیی قەدەغە کرد، جینە جیاوازەکانی نێو لولەکەکانی تاقیکردنەوە بۆ مەبەستەکانی چارەسەری کۆت و بەند کردووە، دەربارەی فەڕەنسا، ئەوا لەبەرگرتنەوەی بۆ مەبەستی چارەسەری قەدەغە کردووە، بەڵام زانایان لە کۆریای باشور سەرکەوتن لە لەبەرکردنەوەی جینەکانی مرۆیی، بۆ دەرهێنانی خانەی ڕیشەیی، بانگەوازیان کرد بۆ قەدەغەیەکی جیهانی بۆ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، "وسوك هوانج"ی سەرۆکی

---

(١) راجع: موقع ميدل إيست أونلاين: MiddleEast online، First Published ١٣/ ٨/ ٢٠٠٤.

کۆمەڵەی توێژینەوەکە وتی: لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ مەترسییەکی مەزنە پێویستە قەدەغە بکرێ، بەڵام پاڵپشتی لەبەرگرتنەوەی چارەسەریان کرد(١).

لەبەر ئەوەی فەلسەفە، وەك دەوترێ تەنها خۆشویستنی دانایی نییە، بەڵکو گرتنەبەری هەڵوێستێکی بوێرە لە هەمبەر ئەو ڕووداوە زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیانەی دەوری فەیلەسوف و فەلسەفە دەدەن، کۆمەڵێك هەڵوێستی گشتگیر لە دەوری جیهان و سروشت و کۆمەڵگە، مرۆڤ لە میانەی پێکەوەبوونی مشتومڕی لە نێوان هەمەکی و تایبەتدا، کە پۆلێك ڕا و تێڕوانینن لەبارەی پرسە گشتییەکان بۆ پەرەپێدانی بوون و هۆشیاری (پەیوەندی هزر بە بوونەوە)، ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی(*)، ئەمڕۆ فەلسەفە لەسەری پێویستە، خۆی سەرقاڵ بکات بە چەمکەکانەوە: جیهان گۆڕاوە، جیهانی هزر، جیهانی واقیع، لەگەڵ ئەو گەشە و پێشکەوتنە مەزنانە، وا سەپێنراوە بەسەر فەلسەفەدا کە دووبارە ئەرکەکەی دیاری بکاتەوە، هزری تازە بنیات بنێتەوە لەبارەی چەمکە جۆراو جۆرەکان، وەك دادگەری و ئەخلاق، تەنانەت شارستانیەتەکان و جیهانگیری و زانست و جگە لەمانەش لەو چەمکانەی پێویستە لەسەر هزری فەلسەفەی ڕووبەڕووی ببێتەوە بە چەکی ڕەخنە و ڕووتکردنەوە، ئەگەر زانست لێرەدا چەقی توێژینەوەکەمان بێ، ئەوا جێبەجێکردنەکانی بایلۆژی بەوپێیەی لقێکە لە لقەکانی زانست، ئەمڕۆ هەڕەشە لە قەوارەی مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، دەبێ بخرێتەبەر سەرنج و ڕەخنە و بەرەنگاری ئەم جێبەجێکردنانە ببێتەوە بەوپێیەی چەکی هەرە بەهێزی هەڕەشەکەرە لە مرۆڤایەتی مرۆڤ، بەڵکو ڕێز و شکۆی مرۆڤ، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ، کە لە بنەڕەتدا دامەزراوە لەسەر بنچینەی فەلسەفی و ئەخلاقی، ئەوا لەو پێناسانەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی ١٩٨٩دا هاتوون دەیخوێنینەوە کە مافەکانی مرۆڤ دەکرێ بەمشێوە گشتییەی خوارەوە پێناسەی بکەین:

---

(١) راجع: موقع BBC ARABIC.Com بتاريخ الجمعة ١٣/ شباط/ ٢٠٠٤.

* شێوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بریتین لە: زانست، فەلسەفە، هونەر، سیاسیەت، ئایین، هەموویان بەیەکەوە بەستراون.

"ئەو مافە ڕەسەنانەن کە لە سروشتماندا دانراون، ناتوانین بەبێ ئەمانە وەك مرۆڤ بژین، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، مۆڵەتمان پێدەدات بەشێوەیەکی تەواو گەشە بدەین و کار بکەین بە سیفەتە مرۆییەکانمان، زیرەکی و بەهرە و ژیریمان، پێویستییە ڕۆحی و پێویستیەکانی تریش فەراهەم بکەین، ئەم مافانە پشت دەبەستن بە هەوڵی بەردەوام و زۆری مرۆیی، لە پێناو ژیانێك، ڕێز و پاراستنی شکۆی ڕەسەن و بەهای خودی بۆ مرۆڤ لەخۆبگرێ"[1]، لەگەڵ جێبەجێکردنەکانی لەبەرگرتنەوەی مرۆیی، ئەگەر تەواو ببێ، بە ڕوونی دەردەکەوێ یەکەم شت کە پێشێل دەکرێ ڕێز و شکۆی مرۆڤە، بەوپێیەی مافێکی سروشتی مرۆڤە، مافێك کە پێی بەرزترە لە بوونەوەرە زیندووەکانی تری لەخۆی نزمتر، ئێمە لەبەردەم پۆلێك کێشەی ئەخلاقیدابین، خۆی لەسەر مێزی توێژینەوەدا دەسەپێنێ، لەوانەیە گرنگترینیان هەڕەشەی مەزن بێ لە پێکهاتەی هاوسەرگیری و خێزان، چونکە لەبەرگرتنەوە لە بنەڕەتدا بە دەرچوون دادەنرێ لەو بنەمایانەی بەرنامە ئاسمانیەکان دایاننناون، بۆ کرداری زاوزێی مرۆیی لە ڕێگەی هاوسەرگیری و پەیوەندی ڕەگەزی ڕەوا، نەوەك هێلکۆکە متوربە بکرێ بەهۆی خانەیەکی جەستەیی، کە پڕشنگی و گرنگی لە ژیانی هاوسەرێتی بسەنێتەوە، ئەمە گریمانەی هەڵوەشانەوەی خێزانی زیاتر دەکات، کە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی بەر لە کۆمەڵگەکانی تر بەدەستیەوە دەناڵێنێ. لەبەرگرتنەوەی مرۆیی، کە خانمە سەرۆکی دامەزراوەی کلۆنایدی جیهانی فەڕەنسی بریجیت بواسولیی[*] لەبارەیەوە ڕایگەیاند – کاتێك وا گومانی برد سەرکەوتووبووە لە لەبەرگرتنەوەی سێ منداڵ لە ماوەی کانونی دووەم/ ٢٠٠٤ و وتویەتی /کلونايد/ سەدان جینی بەرهەم هێناوە تەنها بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەی زانستی، زیاتر وتی: پێنج لەم تاقیکردنەوانە سەرکەوتووبوونە، بوونەتە هۆی لەدایکبوونی سێ منداڵی لەبەرگیراوە، چاوەڕێیی لەدایکبوونی دوو منداڵی دیکەین – مەترسیەکەی خۆی دەبینێتەوە

---

[1]) موقع المركز العربي للدراسات المستقبلية dawi. htm، مقولة بعنوان حقوق الإنسان بين الأخلاق والسياسة بقلم د. عبدالرزاق الدواي، من جامعة محمد الخامس، الرباط، بتاريخ ٢٩ أيلول، ٢٠٠٢.

* بریجیت بواسولیی: ئەندامی کۆمەڵەی رائیلیەکانە، ئەوانە کۆمەڵەیەکی جولەکەن، ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە، بۆ بەرگری کردن لە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی.

لە دەستوەردان لە لایەنی دەروونی لە بوونی مرۆیی ڕێزدار، بۆ تێگەیشتن لەمە پێویستە تەواو دەوری دیدگای فەلسەفی هزری ئەخلاقی بدەین، بۆ ئەم ڕووداوە زانستی کەلتوری — خۆشە — وەك چۆن د. عادل ئەلعوا وەسفی دەکات، پێی وایە قەدەغەکردنی هەرە چاك بۆ لەبەرگرتنەوە خۆی دەبینێتەوە لەوەی دەبێتە مایەی تێکدانی پێکهاەی هاوسەرگیری، ئەمە زاوزێیەکی ناتوخمییە، واتە مندالّ پەیدابونێك بە ڕێگایەکی تازە، دەستکردی مرۆڤە و نا سروشتییە، جەرچوونە لە ڕێچکەی باو، بەوەی دەستوەردانە لە مرۆڤایەتی مرۆڤ، ئەوەی پەیوەستە بە ژیانی دەروونی و توخمیەکەی، ئەلعەوا پێی وایە ڕێگەی زاوزێی توخمی سروشتی هەر بە ڕێگەی نموونەیی دەمێنێتەوە، سەرباری هەموو ئەوانەی بانگەواز دەکەن بۆ ئازاد کردنی توخم لە کۆت و بەند، لەو زانایانە: فرۆید، لیۆن بلوم، برتراند رسل... ئەوانی تر[1]، ئەوانەی هەوڵی ڕوخاندنی دوانترین پێکهاتەی بەرنامەیی دەدەن، کە مرۆڤایەتی لەسەری ڕۆیشتووە لە ئادەمەوە سڵاوی خوای لێبێ، جیهانی مرۆڤی لە جیهانی ئاژەڵ جیا کردۆتەوە، ئەلعەواپێی وایە: "ئەگەر توخم بێ سوود بێ، ئەوا بۆچی جانەوەرێکی وەك مێشولەی سەوز کە توانای زۆربوون و زاوزێی هەیە، پەنا دەباتە بەر زاوزێی توخمی لە هەر چەند نەوەیەکدا، ئەمە لە بۆشاییەوە نایەت، چونکە توخم و ڕەگەز یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتنی بوونەوەری زیندوو، چەند سوودێکی تری بایلۆژی هەیە، هەندێك لە بایلۆژیەکان پێیان وایە پەنابردنە بەر توخم، واتە مرۆڤ ٥٠٪ پشکە جینیەکانی بداتە ڕەچەڵەکەکەی، بەڵام لە دۆخی زاوزێی ناتوخمە جۆر بوون، ئەوا بوونەوەرەکە هەموو پشکە جینیەکانی خۆی دەپارێزێ، ئەمەش بەمانای پاشکەوتن دێ لە گەشە و پێشکەوتنی بایلۆژیدا[2]، گرنگتر لەمە، خوای مەزن هاوسەرگیری کردۆتە ئارامی بۆ هەر دوو هاوسەرەکە، لەوانەیە بابەتی لەبەرگرتنەوەکەی دەرگا بخاتەسەر پشت بۆ لەباربردنی ئەم ئاسودەیی و ئارامیەی کە خوای بەدیهێنەر ئاماژەی پێکردووە، دەرگاش دەکاتەوە لەبەردەم پیاو و ئافرەتانی ڕیزپەڕ، ئافرەت

---

**١)** راجع موقع: www,attajdid.ma – مقولة: الإستنساخ البشري: أخطاره على الأسرة والمجتمع بقلم: حبيبة أوغانيم بتاريخ ٢٤/ ٩/ ١٤٢٥.

**٢)** رضوان يسري – قضية استنساخ الانسان، مرجع سابق، ص ١٥٧.

دەتوانێ خانەیەك وەربگرێ لەو خانمە دۆستەی سەرجێی لەگەڵ دەكات، ئەگەر كچی بوێ، یان خانەی پیاوێك بكرێ، ئەگەر كوڕێكی بوێ، دایدەنێتە ناو هێلكۆكە و دەیخاتە نێو منداڵداندا بۆ ماوەی نۆ مانگ، ئینجا ئەو منداڵەی مەبەستە پەیدادەبێ، هەندێك پێگەی ئینتەرنێتی جیهانی باسی هەبوونی تۆواو دەكەن، لەلایەن ئەو زانا و بلیمەتانەی خەڵاتی نۆبڵیان بردۆتەوە، بۆ ئەوەی دەیەوێ ئافرەتەكەی پێ متوربە بكات، تا ئەو منداڵانەیان ببێ كە خاوەنی زیرەكی و بلیمەتیەكی بەرزن.

ئایا عەقڵی مرۆیی و ویژدانی ئادەمیزاد، ئەم گاڵتە كردنە بە تێكەڵكردنی ڕەچەڵەك قبوڵ دەكات؟ ئایا بۆ خوای بەدیهێنەر سەختە وا بكات مرۆڤەكان لە یەك ئاستی زیرەكیدا بن؟ ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئایا بۆچی زانایان ڕادەكەن لە كاریگەری ژینگە لەسەر لەدایكبووە نوێیەكە؟ هەروەك ئێمە دەترسین لەوەی ئەم تەكنەلۆژیایە یارمەتیدەر بێ بۆ وەرچەرخاندنی پەیوەندی مرۆڤایەتی نێوان هاوسەران و منداڵان، بۆ كردارێكی براگماتی، بەمەش منداڵەكان دەگۆڕێن بۆ كاڵایەكی نمایشكراو لەبەردەم حەزلێكەران، ئەمەش سەردەكێشێ بۆ پەیدابوونی بازاری ڕەش بۆ منداڵان، بەتایبەت كە بە كوڕكردن كردارێكی سەخت و ئەركدارە لە كاتی ئێستادا، ئەم ڕێگەیە دەروازەی كردووە لەبەردەم پشت بەستن بە ئافرەتێكی تر، كە بە سكپڕیەكە هەڵبستێت لە هاوژینەكە لە بەرامبەر پارە، بەمەش جۆرێك لە بازرگانی دەردەكەوێ و پێی دەوترێ بازرگانی منداڵ(١)، لەبەرگرتنەوەی مرۆیی، شوێنەوارە نەرێنیەكانی بڵاودەكاتەوە بەسەر دامەزراوەی خێزاندا، كە بە بناغەی كۆمەڵگە دادەنرێ، كە گونجاوترە بۆ چاودێری مرۆڤ و بەتایبەت منداڵەكان، چونكە لەبەرگرتنەوەی زیندەیی سەردەكێشێ بۆ ڕەتكردنەوەی چەمكی باوكایەتی، كەواتە چیتر پێویستی نامێنێ بە بوونی دایك و باوك، لە شوێنی ئەواندا دامەزراوەیەكی مەزنتر جێگە دەگرێ، هەڵدەستێت بە چاودێری كردنی لەبەرگرتنەوەكە و گەشەپێدانی بە پیشەسازیانە لە دەزگای تایبەتدا، شتێكی پێشبینیكراو نییە لە ڕووی لۆژیكیەوە ئەم لەبەرگیراوان پێویستیان بە ناوەندێكی خێزانی هەبێ بەم

---

(١) البقصمي، ناهدة، – عالك المعرفة، الكويت، العدد ١٧٤، ١٩٩٣، ص ١٧٠.

مانایەی ئێستاکەی، دەوڵەت دەبێتە باوك و دایك، چونکە هۆکاری بوونیەتی. بەمەش مرۆڤ لایەنگیری و خۆشەویستی خۆی بۆ خێزان یان ئەو تاکانە لە دەستدەدات کە ئەویان خخۆشبویّ و لە پێناویدا خۆیان بکەنە قوربانی، لەوانەیە کۆمەڵگەی لەبەرگیراوەکان کۆمەڵگەیەك بیّ تەواوی هەستە جوان و پیرۆزەکانی تێدا نەبیّ، لە نێو کۆمەڵێك لەبەرگیراوە کە تاقیگە ئەوانی بەرهەمهێناوە، هەروەك هەستە خۆشەویستیەکان پێشتر دەستوەردانیان کردووە لەلایەن ئەوەی ویستویەتی لەبەرگرتنەوە بکات، ئەم لەبەرگیراوانە بڕوا ناهێنن لە ژیانیاندا، چونکە ڕێگە پەیدابوونیان جیاوازە لە ڕێگەی باو، چەندین مەترسی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، ئا ئەوەتا یەکێك لە پزیشکان لە پەیمانگەی نەخۆشیەکانی گەدە لە تۆکیۆ (ئەتسوا ئۆغورا) دەڵێت: توێکاری مشکە لەبەرگیراوەکان، ئەوەیان دەرخستووە تووشی نەخۆشی ڕیخۆڵەکان بوونە، جگەریان کورتە و کرچ و کاڵن لە جەستەی دژەوانە و لۆکیمیا و شێرپەنجەی ڕیخۆڵە، پزیشکانی بەڕیتانی پێیان وایە لەبەرگرتنەوەی بوونەوەری مرۆیی ژمارەیەك مەترسی پویشکی و ئەخلاقی مەزن لەخۆدەگریّ لە شێواندن و پیری و مردنی زوو. سەرباری ئەمە، دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ئافرەتان وەك گیانداری تاقیکردنەوە و کەرستەیەك بۆ بازرگانی(1)، پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، بەمەش خود و منی مرۆیی هەڕەشە لێکراوە لە ڕووی ئەخلاقی و پزیشکی و کۆمەڵایەتیەوە، زۆربەی ئەو ڕەگەزانەی لەدەستداون، کە سیفەتی مرۆڤایەتی بە ژیانی ئەو دەبەخشن، واتە بەهای بوونی خۆی لەدەستداوە وەك بوونەوەرێك لەم کۆمەڵگەیەدا، بەهای ئەخلاقی کە هەوڵ بۆ دروستکردنی سروشتی دووەم بۆ مرۆڤ دەدات، واتە سروشتی نەریتی چاك، ئەوا خۆی بە شەرمەزار دەبینیّ بەرامبەر سروشتی تازە، بەوەی جۆرێکە لە گواستنەوەی کاری زانست لە ئاستی تیۆریەوە بۆ ئاستی کرداری، ویژدانی ئەخلاقی شێوەیەکی ترە، گوزارشت دەکات لە ویژدانی عەقڵی، بەوەی ئێمە سەرچاوەی ئەو سیستەمەین کە دەمانەویّ. ویژدانی ئەخلاقی و هەستی عەقڵی هەر دووکیان لە خودماندا دەتوێنەوە(2)، ئایا کرداری ئەخلاقی بەرز فەراهەم دەبیّ لە سایەی جیهانی لەبەرگرتنەوە،

---

(1) راجع: Altahirah No ١٤٢، ص ٣، بتاريخ ٢٦/ ٩/ ١٤٢٥.

(2) العوا عادل، القيمة الأخلاقية، مطبعة دمشق، دمشق، ١٩٦٠، ص ٢٢٨.

ئەگەرچی چەند پشتیوانێکی کەمیشی هەبێ، لەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن توانای بەرهەمهێنانی ئەندامی مرۆیی هەیە، کە دەکرێ بەشداربێ لە چارەکردنی ئەوەی ئەوان پێویستیان پێیەتی، بەڵام ئەم بانگەشانە بە وێناکردنی خەیاڵی دەمێننەوە، سەفستەکاریەکی زانستییە، نا بێتە واقیعێکی زانستی خزمەتکەر بە مرۆڤایەتی، ئەگەر وا ویسترا بۆی، ئەوا بەمانای لە دایکبوونی کۆرپەلەکەی تەواو دێ، کە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێ، تا هەندێك ئەندامی لێ ببڕدرێن و هەندێکی تریش پشتیان پێنەبەسترێن و فەرامۆش بکرێن. ئەمە بەشێوەیەك لە شێوەکان کرداری کوشتنە بەهۆی پاڵنەری مرۆڤایەتیەوە، هەروەك دروستکەرانی لەبەرگرتنەوە نیشانەی خواش دەبینن". ئەگەر بۆ ساتی یەکەمیش وەك کۆششێکی زانستی دەربکەوێ، بەڵام ناچێتە خزمەتی مرۆڤایەتیەوە، بەڵکو ڕابواردنێکی زانستیە، خزمەت بە ژمارەیەك لە دەوڵەمەند و حوکمڕان و ستەمکاران دەکات لە هێشتنەوەی خۆیان لەسەر ڕێگەی تایبەتی خۆیان، بێ ڕەچاوکردنی قەدەغەکراوە ئەخلاقی و ئاینی و مافناسییەکان، دواتر دەبێتە ناهەمواریەکی تازە، کە کەمتر نییە لە ناهەمواری و کارەساتی دۆزینەوەی دینامێت یان لەتبوونی گەردیلەیی[1]...

ئێمە لەگەڵ لەبەرگرتنەوەدا، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تازەداین، بە بەها و چەمك و سەیر و سەمەرەکانی، چۆن عەقڵی مرۆیی وتەی زانایان و پێشبینیەکانیان قبوڵ دەکات لەبارەی دۆزینەوەی زانستی. ئا ئەوەتا "برنس مید" مامۆستای زانکۆی نیوکاسلی ئەمریکی وێنەیەکی زۆر وروژێنەرمان پێشکەش دەکات، بەجەختکردنەوەی لەسەر ئەمەی خوارەوە: "کۆرپەلەی مێ، کە هێشتا لەدایك نەبووە، دەتوانێ زاوزێ بکات بەهەمان شێوە، بە تەکنەلۆژیای زاوزێی نوێ، ئەوە ڕوون دەکەمەوە ئەمە دەکرێ ببێ بە دەرهێنانی هێلکۆکەی هێلکەدان لە کۆرپەلەی مێ، کە هێشتا لە ناو منداڵدانی دایکدایە، کاتێك دەگاتە هەفتەی چواردەم، دواتر نەشونماکردن بە هێلکۆکە لە نێو کارگەدا، لە ڕێگەی زیادکردنی هۆرمۆنەکانی مێینە بۆی لە دوای ئەمە، ئینجا متوربەکردنی بۆ

---

[1] راجع: ١٤٢. Altahirah No، ص ٤، بتاريخ ٢٦/ ٩/ ١٤٢٥.

ئەوەی گەشە بکات و ببێتە منداڵ، واتە کۆرپەلەکە دەبێتە دایکی خوێنی[1] بێ ئەوەی بزانێ، لەوانەیە ئەم دۆخە نامۆیی زیاتر لە ترس لەخۆ بگرێ، چۆن بۆمان دەکرێ، وێنای نەبوونی ڕۆڵی بنەڕەتی بۆ دایك بکەین، ئینجا کۆی ئەو ڕووداوانەی کەڵەکە دەبن لەسەر تەواوی کۆمەڵگەیەك؟

لێرەدا پرسی تێکەڵبوونی خودی ڕەچەکەکان دەخرێتە بەردەممان، ئەو دایکەی منداڵێکی هێناوەتە دونیا، لە خانەیەکی جەستەیی باوکەوە، منداڵێك دێنێتەبوون کە پەیوەندی پێوە نییە لەلایەنی بۆماوەییەوە، بە بۆماوەیی تەنها پەیوەندی بە باوکیەوە هەیە، چونکە ڕۆڵی ئافرەتەکە تەنها پێدانی هێلکۆکەیەکی بەتاڵکراوە لە ناوك، کەواتە ڕۆڵەکەی تەنها دەفرێکە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم کۆرپەلەیە، هەرگیز لەلایەنی بۆماوەیی نادرێتەپاڵی، " لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی عەشقی خۆیەتی، خۆی خۆشدەوێت، ئەوا ئەو دایکەی منداڵێکی بووە، کە هاووێنەی باوکیەتی، هەموو سیفەتە بۆماوەییەکان هەڵدەگرێت، ئەوا خولیای دەبێ بۆ ئەوەی کچێکی ببێ لە خانەیەکی جەستەیی، کە هەموو سیفەتەکانی ئەو هەڵبگرێت، لە کرداری لەدایکبوونی دووەمدا. لێرەدا باوك هیچ ڕۆڵێکی نابێ بەڕەهایی لە کرداری سکپڕی و منداڵبوونەکەدا"[2]، چۆن ئەم برایە دەبێتە مەحرەمی خوشکەکەی، کە هیچ پەیوەندیەکی پێیەوە نییە؟ ئایا لەم دۆخەدا دەکرێ کوڕەکە خوشکەکەی مارە بکات بێ ڕەچاوکردنی ڕێز یان ڕێنمایی ئاینەکان؟ ئەمە پرسێکی تر ڕادەکێشێ کە میراتە، ئایا چۆن یاسا دەستوەردان دەکات لە دابەشکردنی میرات لەسەر دوو کەسدا، یەکێکیان بە تەواوی سەری بە باوکەوەیە و هاووێنەیەتی، ئەویتر هاووێنەی دایکیەتی و بەهیچ دۆخیك پەیوەندی بە باوکیەوە نییە، بێگومان هیچ یەکێك وەڵامی تەواوی پێ نییە بۆ هاووێنەی ئەم دۆخە، کە دەکرێ قەوارەی کۆمەڵایەتی هەڵبتەکێنێ، لەبەرگرتنەوەی ئەو کێشانە ناخاتەڕوو کە تەنها پەیوەستن بە هەڵتەکاندنی قەوارەی بایلۆژیەوە، بەڵکو هەڕەشە لە قەوارەی کۆمەڵایەتیش دەکات وەك باسمانکرد، چونکە زیادکردنی وێنەی بێ کۆتایی بۆ مرۆڤایەتی، کێشەی بێ ژمار دروست دەکات لە بواری خۆراك تا دەگاتە میرات و ڕێزی مرۆڤایەتی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەترسی

---

(1) رضوان، يسري، قضية استنساخ الإنسان، مرجع سابق، ص ١٥٧.

(2) مصباح عبدالهادي، الاستنساخ بين العلم والدين، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، مصر، ١٩٩١، ص ٤١.

لەبەرگرتنەوە، لەسەر پێکهاتەی هاوسەرگیری و خێزان، ئەوا لەبەرگرتنەوە چەند بوونەوەرێك دەخاتە بەردەممان، کە بە بەرهەمی تاقیگە و توێژینەوەی زانستی دادەنرێ، هیچ پەیوەندیەکی نییە بە خۆشەویستی و لایەنگیری بۆ باوان، زانایان مرۆڤ بە کەرستەیەکی تاقیگەیی دادەنێن، هەروەها بە پۆلێك خانە دایدەنێن، کەکۆمەڵێك تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێن، لە پێناو جەخت کردنەوە لەسەر هەندێك ڕاستی کە دەیانەوێ پێی بگەن.

"ئەزموونی ڕۆژگار و گەلان فێریان کردووین، باوك و دایك کار دەکەن و ماندوو دەبن و دەستدەگرنەوە، بەڵکو خۆیان بێ بەش دەکەن لە زۆر شت، لەم ژیانەدا، بۆ ئەوەی پێداویستیەکان بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، بەختەوەری و حەسانەوە و ئایندەکەیان بۆ فەراهەم بکەن، بەڵکو هەوڵی دەستەبەرکردنی هەندێك سامان بۆیان دەدەن. ئەگەر منداڵەکان بەرهەمی لەبەرگرتنەوە بن، لە جیاتی ئەوەی بەرهەمی خۆشەویستی دوو لایەنە و پەیوەندی سروشتی بێ لە نێوان هاوسەر و هاوژیندا، چ شتێك پاڵ بە باوانەوە دەنێ قوربانی بدەن و خۆیان بێ بەش بکەن لە خۆشییەکانی ژیان، بەڵکو چ شتێك پاڵ بە دایکەوە دەنێ بۆ شەونخۆی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بۆ ئەوەی کوڕەکەی بنوێت"(). لەبەرگرتنەوە وەك چۆن توێژەران پێشبینی دەکەن، سەردەکێشێ بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگە و دروستکردنی خێزانێکی تازەی تەواو جیاواز لە خێزانی باو.

هەروەك لەبەرگرتنەوە بەپلەی یەکەم هەڕەشە دەکات لە ڕێزی مرۆڤایەتی، کە بە نیشانەی بەیەکەوە بەسترانی بەها مرۆڤایەتیەکانی تاك و کۆمەڵەکان دادەنرێ، هەروەك عادل ئەلعوا وای بۆدەچێ، لێرەدا مەبەستمان لە ڕێز ئەو تایبەتمەندیەیە کە مرۆڤ هەیە لەوەتەی پەیدابووە لە دۆخی هێلکۆکەی گونجاو بۆ ژیان، ئەم ڕێزە تایبەت نییە بە شێوەی ماددی مرۆڤەوە، بەڵکو بە ژیانی دەروونیشەوە پەیوەستە، ئەگەر لەبەرگرتنەوە ئەو تێڕوانینە مرۆییە دەستکردە بێ کە دەیەوێ واقیع بە واقیعێکی تر بگۆڕێ، ئەم تێڕوانینە لەوانەیە سەرکەوتنی دڵنیابەخش بێ بەهۆی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و شیاو، سەبارەت بەوەی دڵنیایی لەسەر نییە ئەوا لایەنی ئەنجامە

() العوا وآخرون: الاستنساخ جدل العلم والدين والأخلاق، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٧، ص ١٠٨..

ڕەواکان و گریمانەکراوەکانە بۆ کرداری لەبەرگرتنەوەی لە ئێستادا، یان لە ئایندەیەکی نزیکدا، لەبەرگرتنەوە هەروەك ئەلعوا پێی وایە دەستکەوتێکی مەزن و مەترسیدارە لە یەك کاتدا، گەورەیە بەهۆی ئەو سەرکەوتنەی لە خۆی گرتووە لە سەرکەوتنی هەوڵی زانستی و تەکنەلۆژی زۆر و دوور و درێژ، مەترسیدارە، چونکە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکات بەوشێوەیەی کە دەیناسین ئەمڕۆ.

بەدڵنیایەوە ئەم هەڕەشەیە سوك دەبێ، ئەگەر تەنها کورت ببێتەوە لەسەر لایەنی بایلۆژی بەدەر لە بوونی مرۆیی، لەوانەیە مرۆڤ بەیانی بگونجێ لەگەڵ گۆڕانە ئەندامیەکان، کە بەسەر ئەندامییێتیەکەیدا دێت بەهۆی لەبەرگرتنەوەوە، بەڵام ئەو لایەنی زۆرتر دەکرێ دووچاری مەترسی ببێـ بریتییە لەلایەنی مرۆڤایەتی مرۆڤ، چ تاکەکەسی یان کۆمەڵی بێ، واتە لایەنی بەهای هەنوکە و بەرجەستەکراو لە گشت دامەزراوە مافناسی و کۆمەڵایەتیەکانیاندا، ئاکامی ئەوەی پێشکەوتن گەشەی لێوە دەکات، زۆر دوورترە لە پێوەرە شارستانیە قبوڵکراوەکان، لە کارلێکەکانی خێزان، پیشە، دەوڵەت، پەیوەندیە جیهانیەکان، ئەلعەوا پرسیار دەکات: "ئایا پێت وایە مرۆڤی لەبەرگیراوە توانای ئازادی تێڕوانین و وێناکردنی دەبێ، ئازادی ویست و ئازادی جێبەجێکردن؟ یان بەرنامەی ئەندازەی بۆماوەیی کار دەکات هۆشی مرۆڤ پێشوەختە دروست بکرێ، توانای نابێ بە دروستی هۆشیار بێ، ئەندازەگیری ڕاست بکات، تێڕوانین و وێناکردنێکی بەپیت بکات، کارێکی ئامانجدار و بەرپرسانە بکات؟"(1).

لەبەرگرتنەوە بە سوپاسکراوی دەمێنێتەوە، بەپێی ئەو ئامانجەی دایدەڕێژێ و نەخشەکەی لەسەری بنیات دەنێ لە ئامرازانەکانی پێگەیشتنی، لەبەرگرتنەوە وەك هەر کارێکی شارستانی، سەرچاوەی مەترسی دەبێ، هەر کاتێك هەڕەشەی لە مرۆڤ کرد، بووە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی قڕ کردن، بەم شتە لەبەرگرتنەوە دەبێتە بەرهەمهێنانێکی قۆڕخکاری، دەیەوێ دەسەڵاتەکەی زاڵ بکات... ئەمەش لە میانەی پێشبڕکێ لە داهێنانی تەکنەلۆژیای قڕکردن و لەناوبردنی وەك چاوترووکان، ئا لێرەوە ڕۆڵی فەلسەفەی ئەخلاقی بەهایی دەردەکەوێ، کە

---

(1) المرجع السابق، ص ١٠٤.

عەقڵانییە، بڕوابوونی خۆی بە ڕێزی مرۆڤایەتی ڕادەگەیەنێ، بەوەی ئامانجی بوون مانەوەی مرۆڤە لەم بوونەدا، دەستەبەرکردنی بوونێکی باشتر و کاملتر، لە کۆمەڵگەی شارستانیەتی مرۆییدا.

بەهایە ئەخلاقییەکان ملکەچن، بۆ بەهایە ڕۆحییەکان، چونکە ئەوەی دواتر ئەوەی هی یەکەم دەجولێنێ، لە ئاستی پەیوەندی نێوان کەسەکاندا زیندووی دەکاتەوە، واتە لە ئاستی ڕۆیشتنە نێو بەشداربوون لە ویژدانە تاکەکەسییەکان بە هزری "پوخت"، ئەمە نێوەندییە و نێوەندگیرە، خاوەن بوونێکی گشتییە لە نێو گشت ویژدانەکاندا، ئەمە دەستەبەرکەری یەکێتی ویژدانمانە[1]، ئەم ویژدانە زیندووە، دەبێ هەوڵ بدات بۆ دەستەبەرکردنی هەر شتێك، کە ببێتە مایەی بەختەوەرکردنی گشت مرۆڤایەتی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك، کە هەڕەشە لە بوونی مرۆڤایەتی دەکات، ئەگەر ویژدانی زانا لێکۆڵەرەکان لە بواری لەبەرگرتنەوەدا ویژدانێکی تاکەکەسی بێ، ئەوا لە زۆر کاتدا گوزارشت دەکات لە ئارەزووی تاکەکەسی، لە بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، کە لە گوێچکەی هەندێك لە زانایاندا هەیە، وەك بیرۆکەی تەحەدداکردنی ئەو شتەی زۆرتر سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ، واتە تەحەدداکردنی بیرۆکە یان ڕاستی مردن و دەستەبەرکردنی هەرمانی مرۆیی، ئەم کێشە تازەیە خۆی دەخاتەڕوو لەگەڵ جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە، لەوانەیە هزری هەرمان و نەمری، شتێکی تازە نەبێ، مرۆڤ خۆی پێیەوە سەرقاڵ کردووە، لەوەتەی هەزاران ساڵە، "عەبدولواحد علوان"ی بیرمەند دەڵێت: "وا دەردەکەوێ بیرۆکەی نەمری و زیندوو مانەوە، زۆر ناڕوون بێ، ئەگەر لە ناوەڕەکەکەی بکۆڵیتەوە، بەڵام ئەگەر پەیوەندی پێیەوە بککەیت ئەوا زۆر تێروتەسەل و چڕ و پڕ دەبێ.

ئەمە بە بیرۆکەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە، لەوەتەی مرۆڤ دروستبووە! ئەمە ئەو کۆتاییەیە کە ڕووبەری ناڕوونی تیایدا زیاتر دەبێ، هەر کاتێك توێژینەوەی تێدا زۆر بوو، لەبەڕەتدا شتێکی شیاوی بوون نییە لە واقیعدا، فیرعەونەکان لە هەوڵێکی بێ ئومێددا جەستەیان مۆمیا دەکرد، ئەمەش سادەیی ئەوان و تێڕوانینەکانیانە، جەستەیەك هیچ بایەخێکی نییە بەبێ ژیان، لە دوای

---

[1] العوا، عادل، القيمة الأخلاقية، مرجع سابق، ص ٢٣١.

ئەمە بە دوای هاوکێشەیەکی هێمایيدا دەگەڕێن، لەو هەڕەمانەدا بینیویانەتەوە کە بووەتە هۆی لەناوچوونی ژیانی هەزاران کرێکار، بۆ ئەوەی خەونێکی پوچ و نەخۆشی فێرعەونێك بێتەجێ، کە خەون بە نەمریەوە دەبینێ! دوودڵی مردن ڕاز و خەیاڵێك بوو، هەر بەو شێوەش دەمێنێتەوە، لەوانەیە زانایانی بایلۆژیا و بەتایبەت ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان کردووە لە لەبەرگرتنەوەدا، لە هەموو خەڵك زیاتر بیر لەم خەیاڵە بکەنەوە، دواتر لە هەمووان زیاتر دیاری دەکەن، چ بە نەرمی یان بە دواخستنی مردن بە گوێرەی توانا()، ئایا زانایان توانیان ئەم تەحەددایە بچەسپێنن، ئایا مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵی قەبارەی کارەساتەکە بکات، ئەگەر گەلان ژمارەیان زیادیان کرد بە بەردەوامی و بێ ڕوودانی مردن، کە بەزەیی بە زەوی ئەوەی لەسەریەتی دادێتەوە.

ئەگەر ڕێگەمان بە خۆماندا بە تەحەدداکردنی بیرۆکەی مەرگ لە پێناو مردن، ئایا دەروون یان خودی مرۆیی تاکگەرا و سەرسام بە تاکایەتیەکەی، رازی دەبێ یەکێك بەشدار بێ لەم تاکگەراییەیدا، دواتر دەپرسین: ئایا هەر یەکێکمان هاوتا تەواوەکەی لە جەستە و هزر و ڕا و بۆچووندا دەبینێتەوە؟

لەوانەیە فەیلەسوف — کانت —، کاتێك ویستی مرۆڤ بە شکۆمەند دابنێ لە میانەی دانانی ناوەڕۆك و گەوهەری مرۆڤ بە عەقڵ، هەوڵدانی بۆ بەرزکردنەوەی مرۆڤ لە ئاستی بوونەوەرە نا ژیرەکان، ئەوا مافی ئەو بوو. کانت وایدانا یەکەم ئەرکی مرۆڤ پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی بێ، خوای مەزن ڕێزی لە مرۆڤایەتی گرتووە و بە عەقڵ شەرەفمەندی کردووە، ئازادی و ویستی پێداوە، هەر بۆیە پێویستە ژیانی مرۆڤایەتی تایبەت بە هەر تاکێك بپارێزرێ، لێرەدا لەبەرگرتنەوە هەڕەشە لەم تایبەتمەندییە دەکات، مرۆڤ دادەبزێنێ بۆ پلەیەکی نزمتر لە بوونەوەرەکان، زانایان دەدوێن لەبارەی لەبەرگرتنەوەی بایلۆژی لە کاتێکدا زانایان دەستەوەسانن لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی عەقڵ، کە لەبەرگیراوەی دروستکراوی لای ئەوان پێی دەڕازێتەوە، توێژەری سعودی خالس جلبی جەختی کردۆتەوە بەوەی لێکۆڵینەوە کراوە بۆ گریمانەی وێکچوونی دوو مرۆڤ بە تەواوی، ژمارەیەك بووە

---

() العوان وآخرون، الاستنساخ جدل العلم والدين والأخلاق، مرجع السابق، ص ١٥٦.

لەوپەڕی بچوکییەوە کە ئەمەیە ١/ ٩٠٣١/ ١٠ و بۆ هەرس کردن و وەرگرتنی مانای ئەم ژمارەیە، پێویستە لەسەرمان ئەوە بێنینە یادمان کە ژمارەی ملیۆن شەش سفر هەڵدەگرێت، ملیار نۆ سفر هەڵدەگرێ، جوجل سەد سفر هەڵدەگرێ، هەر شتێکی لاوەکی لە بوون و گەردیلەکانیدا زیاتر نییە لە ژمارەی دەی هێزی ٨٨، ژمارەی پێشوو دەرخەیاڵە، ئەمە واتای تاکایەتی و سەربەخۆیی مرۆڤ دەگەیەنێ لە کەسایەتی و تایبەتمەندێتی بێ هاوتا لە جۆری خۆی وەك وێنەیەکی مرۆیی دووبارە نەبووەوە، کەسایەتی مرۆڤ بە پەیدابووی تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان دادەنرێ لە ژیاندا، لەگەڵ ئەو شتانەی ڕووداوەکان پێی دەکەن لە میانەی ڕێڕەوە کۆمەڵایەتیەکەیدا، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە مانۆستای زانستی مێژووی سروشتی (E.B.Wilson) لە زانکۆی هارفارد بۆی چووبوو، پێی وابوو هەر سیفەتێك لە سیفەتەکانی مرۆڤایەتی ناوەندێکی هەیە لە بۆماوەییەکانیدا، واتە دواتر سیفەتی بۆماوەیی وەك جوامێری و بەخشندەیی و تاوانکاری، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینەوە مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵێکی ئاڵۆزە لە بارودۆخ و زانیاری و پەیوەندیەکان[1]، بوونی مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ڕووی پەنجە مۆر یان ژێی دەنگ، تەنانەت بۆنی مرۆڤ لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، سەرباری دۆزینەوەی تازەی گرنگ، ئەمە پەنجەی کۆرپەییە، ئەستەمە دوو کەس بەیەك بچن تەنانەت لە کرداری لەبەرگرتنەوەشدا، گرنگتر لەمە ئەوەیە مێشك لە هەموو ڕەگەزەکان گرنگترە لە مانەوەی خوددا، ناکرێ لەبەرگیراوەی بۆ بکەین لە نەخشەی دی ئێن ئەی یان زیادکردنی و گرنگتر لەمە، گرنگتر لەمە گەشەی تاك و دەگمەن بۆ مێشك کە بنچینەی ئەزموونەکانە، ناکرێ بە کلونە لەبەری بگیرێتەوە بە هیچ شێوەیەك، لەمەدا ئەو دڵنیایی بەخشە دەبێ بۆ ئەوەی کە دەترسێ لە هەڕەشەی کلۆنە بۆ تاکگەرایی مرۆڤ. دواتر هەڕەشەکردن لە بەختەوەریەکەی بە هەبوونی کەسایەتیەکی دەگمەن، مرۆڤ ئامانج بووە لە گشت فەلسەفە و ڕێبازە ئەخلاقیەکاندا.

---

(1) رضوان، يسؤي، قضية استنساخ الإنسان، مرجع سابق، ص ١٤٩.

ئەخلاقی یۆنانی هەردەم بە مرۆڤ دەڵێت: ئەمە بکە چونکە سەردەکێشێ بۆ بەختەوەریەکەت، فەیلەسوفەکانی یۆنان پێیان وایە، کاری چاك بریتییە لەو کارەی سەردەکێشێ بۆ ئەنجامی دڵخۆشکەر، ئا ئەوەتا ئەفلاتۆن پێی وایە مرۆڤ تەنها چاکەی دەوێ، چونکە مرۆڤ خراپە و پەستی و ناخۆشی بۆ خۆی ناوێ(١)، ئەگەر فەیلەسوفە کۆنەکان بانگەوازیان کردبێ بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ببێتە مایەی بەختەوەری مرۆڤ، ئایا زانایان ئەمڕۆ پێچەوانەی ئەمە دەبینن؟

مرۆڤ خۆی بەختەوەر دەبینێ، کاتێك هەست دەکات کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەیە، کە دەتوانێ بە هەندێك کار هەڵبستێت، کە کەسایەتیەکانی تر ناتوانن لاسایی بکەنەوە، ئێمە ڕێز لە مەزنەکان دەگرین، بەهۆی تاك و تەنها بوونیان لە کردارەکانیاندا، ئەگەر کەسایەتی غاندی سەدان جار دووبارە ببێتەوە، ئایا غاندی هەمان کاریگەری و شوێنەواری دەبێ؟

کۆکردنەوەی زانیاریەکان، هەر چەندە ئەندازەکەی مەزن بێ، بەختەوەری بە مرۆڤ نابەخشێ، ئەگەر بەشدار نەبێ لە پێشخستنی مرۆڤایەتی بۆ پێشەوە، نەوەك گێڕانەوەی شارستانیەت بۆ ئاستێکی نزمتر.

ئا ئەوەتا ئەمڕۆ ئێمە دەژین، لە جیهانێکدا زانیاری بەشێوەیەکی شێرپەنجەیی مەزن دەبێ.

ڕۆیشتووینەتە نێو جەرگەی گەردیلە و خانە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بۆشایی فراوانی گەردوونمان دۆزیوەتەوە، ئەم زانیاریانە کەڵەکەبوانە مانا و چەمکی تازەیان هێناوە لەبارەی تەندروستی و مەرجەکانی، لە هەمان کاتدا مەترسی بۆ مرۆڤ هێناوە لەسەر تەواوی ئاستەکان.

جیهانی ئێستا، بەڵگەیەکی ڕوونی داناوە لەسەر ئەوەی "مالینوفسکی" دەڵێت، سەبارەت بەوەی گەشەی تەکنەلۆژی بەتاڵە لە هەر باڵادەستبوونێکی مەعنەوی و ئەخلاقی و هەر زیرەکیەکی بەرز.

---

(١) بدوي عبدالرحمن، – أرسطو –وكالة المطبوعات، الكويت، دار القلم، بيروت، د، ت، ص ٢٥٥.

کێشەی مرۆڤی هاوچەرخ سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، هەموو ئەو چارەسەرانەی ئەم کەرتە زانیاریانە پێشکەشیان کرد دەستەوەسانن لە هێنانی چارەسەری تەواو دژی حەزە ڕەشبینەکان لە ناخ و کۆمەڵگەدا.

ڕیشەکانی کێشەکە بە هۆشیاری مرۆڤدا ڕۆیشتوونەتە خوارەوە، واتە توانای ئێمە لەسەر تێگەیشتن لە خۆمان و ڕوونکردنەوەی سروشتی مرۆڤ لە جوڵەی ژیاندا، لەوانەیە خراپ ئەندازەگیری لە شتێکی وا مەترسیداردا، کار بکاتە سەر بەردەوامیمان وەك جۆر بە پلەی یەکەم، لەوانەیە بوزا – دانای نەمری خۆرهەڵات – ڕاستی دەکرد، کاتێك لە (نوری ئاسیا)دا وتی: "ئێوە لە خۆتانەوە خۆتان بەدبەخت دەکەن، هیچ کەسێك ڕقی لێتان نابێتەوە، هیچ یەکێك جگە لە ئێوە بڕیار لە ژیان و مردن و خولانەوەتان نادات بە دەوری ڕەورەوەدا، بریسکەکانی ئێش و ئازارەکەی پەسەند بکات"[1]،

بوزا لەمەدا ڕاستی دەکرد، ئەمڕۆ مرۆڤ مردنی خۆی نزیك دەکاتەوە لە جیاتی دوورخستنەوەی، مرۆڤایەتیەکەی ڕەت دەکاتەوە لە جیاتی ئەوەی بەرجەستەی بکات، گرنگ نییە ملیۆنان لەبەرگیراوەی مرۆیی وێنە بگرینەوە، بەڵکو پەیوەندی نێوان ئەم لەبەرگیراوانە گرنگە. زانای بلیمەت تلاردوە شارادان لە کتێبەکەیدا (دیاردەی مرۆڤ) پێی وایە: "ئەگەر بمانەوێ پرسی باڵادەستی مرۆڤ یەکلا بکەینەوە بەسەر ئەم گیاندارانەدا، زۆر پێویستە لە پێناو ئەخلاقی ژیان، لە پێناو زانینی ڕووت، تەنها یەك ڕێگە دەبینم بۆ ئەنجامدانی ئەمە: فەرامۆشکردنی گشت درەوشانەوە لاوەکی و ناڕوونەکانی چاڵاکی نێو ڕەفتاری مرۆیی و ڕاستەوخۆ ڕۆیشتن بۆ دیاردەی ناوەندی، بیرکردنەوە"[2].

---

**(1)** راجع: معابرنا (إصدارات خاصة) بعنوان: خواطر في التقدم والثقافة والقيم بقلم: ديمتري أفيرينوس ص بتاريخ: ١/ ١١/ ١٤٢٥.

**(2)** معابرنا (إصدارات خاصة)، ص ٥.

بیرکردنەوە لێرەدا عەقڵە، عەقڵی مرۆیی ئەو پەیوەندیانە وێنە دەکێشێ، کە عەقڵی مرۆیی چۆن دەبێ لە نێو چەند لەبەرگیرانەوەیەك کە هیچ لایەنگیری و خۆشەویستیەکی بۆ نییە، جۆری ئەو پەیوەندیانە چییە، کە عەقڵ بەرپای دەکات، هیچ پەیوەندیەکی ڕوونی نییە بە خێزان یان خانەوادە یان نزیکایەتی یاخود دۆستانیش، عەقڵێك درك بە هیچ بەهایەك ئەخلاقی ناکات، چونکە بەکرداری پێیەوە پەیوەست نەبووە، هۆشی مرۆیی دەکەوێتە نێو تەڵەوە، کاتێك بەها دەداتە پاڵ چەمك و ئەو کردارانەی دامەزراون لەسەر بەرژەوەندی تەسکدا، ئەگەر جیهانی نوێ ماندووبێ لە هەوڵدان بۆ زانین، بەڵام بایەخدانەکەی کۆبووەتەوە لەسەر ژینگەی دەرەوە، خەریکە سروشتی ناوەوەی ژیان فەرامۆش بکات.

لێرەوە تێڕوانینی زانستی وەسف دەکرێ بەوەی بێ بەهایە، گومان لەوەدا نییە بایەخ نەدانی زۆربەی زانایان بە بەهاکان لە سەردەمی نوێدا، کە کە خەسڵەتی زانستی بەسەریدا زاڵە، لەم جیهانەدا تا ئاستێك لە توندی و ڕووخاندن کە بڕوا ناکرێ، ئەوا هۆشیاری بەها بریتییە لە بەرجەستەکردنی مەبەستی گەوهەری گشت شتەکان لە ژیانی تاکەکەسیدا، هۆش چەقی گرتووە لە دەوری خۆیدا، بایەخدەر بەخۆی و خزمەتکاری منی بەرتەسك، مەبەستی قوڵی لێ ونە لە شیکردنەوەی لەبەرگرتنەوە و ڕەخنە لێگرتنی لە ڕووی ئەخلاقیەوە، ئەم شیکردنەوەیە دەکانبات بۆ چەندین ڕەخنەگرتن لێی، زانایان تەواو بێ ئاگان لەوەی دەگەن بەچی، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لەبەرگرتنەوەی مرۆیی هێشتا گریمانەیەکە هەیە و دەکرێ جێبەجێ ببێ و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

تەنانەت زانایان مژدەدەن بەوی مەزنترە لە لەبەرگرتنەوەی زیندووان، خەیاڵی زانستی ئەوانی بردووە بۆ ملکەچ بوون بۆ ئەوەی پەیوەستە بە گونجاوی لەبەرگرتنەوەی مردووان بە تەواوی، بێ ئەوەی زانایان درك بکەن بەوەی خەیاڵەکانیان شکاندنی ئەوەی باوە لەخۆدەگرێ.

کۆمەڵگەی مردووان دەکرێ بۆ ژیان بگەڕێتەوە، لەگەڵ زیندووان لە میانەی چەند هەوڵێك:

**یەکەمیان:** ئەوەی تازە مردووە، هێشتا هەندێك خانەکانی زیندوون، هەروەك ئەمە ڕوو دەدات لە گواستنەوەی هەندێك ئەندام لەو کەسەی تازە مردووە بۆ کەسێکی زیندوو.

**دووەمیان:** دۆخی بەسەهۆڵکردنی خانە مردووەکان، دواتر داماڵینی بە ماوەیەك لە پاش مردن، بە ماوەیەك کە لە دە کاتژمێر تێپەڕ ناکات، بە ڕێگەی پاراستن بە بەسەهۆڵکردنی قوڵ.

**سێیەم:** داماڵینی ترشی DNA لە خانە مردووەکان، کە لە کۆندا مردووە، ئەگەر ئەمەی دوایی دۆخێکی گریمانەیی بێ، زانایانی ڕوس لەبارەوە ڕایانگەیاندبێ، کە ڕایانگەیاندووە دەکرێ لینین لەبەربگیرێتەوە، ناوبراو هەڵگیسێنەری شۆڕشی بەلشەڤ بوو، مردوو و جەستەکەی مۆمیا کرا، هێشتا نەنێژراوە، خانەکانی ماون و پاشماوەکانی پارێزراون.

چەند زانایەك لە زانکۆی سوید ئەمەیان دووپات کردۆتەوە، لە میانەی جیاکردنەوەی ئەنەویەت لە مۆمیاکانی فیرعەون، بەڵام ویلمۆت – سەرکردەی تاقمی ئەو زانایانەی دوللیان لەبەرگرتەوە – بە ڕاستگۆیی و دڵسۆی خەڵکی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی زیندوو کردنەوەی مردووان بەدەستی خوایە، زیاتر وتویەتی ڕێگاکەی نوێیە، بەڵام ناکرێ ببێتە هۆی دووبارە زیندوو کردنەوەی خەڵك، سەرلەنوێ گێڕانەوەی بۆ ژیان، لە هەر دۆخێك لە دۆخەکاندا، ویلمۆت جەختی کردۆتەوە خەیاڵێکی مەزنە خەڵك بەپێچەوانەی ئەمە وێنا بکەن، باسی کرد بۆچوونەکەی پشت دەبەستێت بە چەند بنچینەیەکی زانستی ورد، دانانی مردووان لە بەفرگردا بۆ بەستنی جەستەکان، خانەکان لە ناودەبات، بەم پێیە ئەستەمە مرۆڤ یان گیانداری بەستوو لەبەر بگیرێتەوە. لە دوای ئەمە لە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکیدا لە ئەپریلی ١٩٩٧ بەگوێرەی تیۆری لەبەرگرتنەوە پێویستە لەسەرمان یەکێك لە خانە زیندووەکان بەدەستبخەین، ڕووپۆشەکەی هێشتا یەکگرتوو بێ و ئینجا بگوازرێتەوە بۆ هێلکۆکە، ئەمە ئەستەمە لە خانە مردووەکاندا ئەنجام بدرێ، کە ڕووپۆشەکەی جیا دەبێتەوە و ناوکەکەی شی دەبێتەوە، سەرباری گونجانی تیۆری بەردەوام بوونی ترشی ناوەکی، کە جفرەی

بۆماوەیی هەر بوونەوەرێکی زیندوو لەخۆدەگرێ[1]، ئەمەی دوایی جەخت دەکاتەوە لە گونجانی لەبەرگرتنەوەی هەزاران دانە لە تاکەکان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا لەبەرگیراوە دەبێتە وێنەیەکی تەواو هاوشێوەی دانە ڕەسەنەکە؟، ئایا پلەی بەیەکچوون چەندە؟ لێرەدا وەڵامەکە فراوان و گشتگیر دەردەکەوێ.

لێرەدا کۆمەڵێك بەڵگەی لۆژیکی هەن، کە ئەوە بەدووردەگرن کە لەبەرگیراوەکە ١٠٠٪ هاوشێوەی دانە ڕەسەنەکە بێ، هەندێکیان باس دەکەین:

١- **ماددەی بۆماوەیی نا ناوەکی:** واتە هێلکۆکە، ئەمە خانەی زاوزێی مێینەییە، لە سایتۆپلازمەکەیدا کەمێك لە ماددەی بۆماوەیی هەڵدەگرێ، لە شێوەی بازنەدایە، پێی دەوترێ تەنە مەلەوانەکان، ئەم تەنە مەلەوانانە سەرباری کەمیەکەیان، دەچنە نێو بنیاتی بۆماوەیی تاکی لەبەرگیراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ هێلکۆکە تەنها نابێتە دەفرێکی لەخۆگر لە تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوەدا، بەڵکو ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێ بەشدار دەبێ لە بنیاتنانی بۆماوەیی بۆ لەبەرگیراوە، ئەم لەبەرگیراوە تەواو هاوشێوە نابێ بۆ بەخشەری خانەی جەستەیی لەم کردارەدا.

لەبەرگیراوە جمکی خانە بەخشەکە نییە، منداڵی لەبەرگیراوە بە دڵنیاییەوە تەمەنی بچوکتر دەبێ لە بنەڕەتی لێوەرگیراو، هەروەك جمکەکان لە باوانەوە دروست دەبن نەك تەنها لە دایك یان باوکەوە[2].

٢- **لەناوچوونی ماددەی بۆماوەیی بە تێپەڕبوونی کات، مردنی خانەکان بە دووبارە دابەشبوون:** خانەکانی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا دووچاری کۆمەڵێك گۆڕان دەبنەوە، لەوانە تووشبوونی بە پۆلێك بازدان، نەریت وایە بازدانەکانیش زیانبەخشن، لەوانەیە مرێنەر بن،

---

[1] رضوان، يسؤي، قضية استنساخ الإنسان، مرجع سابق، ص ١٥٦.

[2] السعدي سليمان، الاستنساخ بين العلم والفقه، دار الحرف العربي للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٢، ص ١٥٩.

ڕەنگییەکان لایەنەکانی دەخورێن و لەناودەچن لەگەڵ دووبارە بوونەوەی دابەشبوونی خانەکان، بەمەش ماددەی بۆماوەیی بە تێپەڕینی تەمەنی مرۆڤ تێکدەگیرێن.

لەڕووی زانستیەوە لەبەرگرتنەوەی زیندووان دروستە، لەڕووی عەقڵیەوە شیاوی بوونە، بەڵام لەبەرگرتنەوەی مردووان ئەوا لە ڕووی زانستیەوە ئەستەمە، ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریشەوە شیاوی بوون بێ()، بۆچی ئەم هەموو مەترسییە ببێ، لەوانەیە مرددن میهرەبانی و بەهرەیەك بێ ئێستا درکی پێ نەکەین، لەوانەیە لە سەردەمی لەبەرگرتنەوەدا درکی پێ بکرێ، ئەگەر ئەو سەردەمە هات، هەندێك لە زانایان پێشبینی ئەوە دەکەن لەبەرگرتنەوە سەردەکێشێ بۆ شوێنەواری زیانبەخش بەسەر ژمارەیەك لە دانیشتوانی قەڕەباڵغی سەر زەوی لە ڕاستیدا، ئەمەش لەبارچوونی دەرامەتە سروشتییەکانی مرۆڤ زیاد دەکات.

٣- **مرۆڤ کوڕی ژینگەکەیەتی:** لێرەوە جەخت دەکەینەوە لەوەی لەبەرگیراوە هاوشێوەی لێگیراوە ڕەسەنەکە نابێ، هەروەك پێشتر ئاماژەکان پێکرد زۆر ئاڵۆزە، ئەمە گوزارشتە لە کۆمەڵبنیاتی تەواو، بنیاتی بۆماوەیی و فسیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، فیزیایی، شارستانی، کەسایەتی مرۆڤایەتی، شێوە دەگرێ لە ئەنجامی کارلێکی ئەم بنیاتانە لەگەڵ یەکتریدا، بارودۆخە ژینگەییەکان کە لەبەرگیراوەکە تێیدا دەبێ، سەردەکێشێ بۆ پێکهێنانی کەسایەتیەك بۆی، تایبەتمەندیەکەی دووربێ لە دانە ڕەسەنەکە، ئێمە ئێستا دەژین لە نێو کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە خێزانەکان، لەگەڵ ئەمەشدا دەناڵێنین بەدەست قەیرانێکی ئەخلاقی، خەریکە گرنگترین هۆکارەکانی، بریتی بێ لە سەرقاڵبوونی بەردەوام بە ڕۆیشتن لەگەڵ ئەوەی نوێیە، لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت تا کەناڵە ئاسمانیەکان، هاوشێوەی ئەمانە. ئایا دۆخی نەوەکانی داهاتوو چۆن دەبێ، کە ئەوە لەدەست دەدات

**()** السيد غنيم كارم، الاستنساخ والانجاب بين تخريب العلماء وتشريع السماء، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٧، ص ٨٥.

سەری بە خێزانێك بێ یان بە شتێکی مرۆڤایەتی، بەوەی ئامێر شوێنی مرۆڤ دەگرێتەوە و جڵەوی دەگرێ لە گشت بوارەکانی ژیانیدا.

لەبەرگرتنەوەی مرۆیی، لە بەهای تاکەکان کەم دەکاتەوە، ڕێزێکی کەم دادەنێ بۆ ژیانی مرۆڤ، (زۆر پێویستە هەردەم ئەوەمان لە یادبێ، لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ، دوودڵی و قێزلێبوونەوەیەکی قوڵی لای خەڵك وروژاندووە، هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی ڕاستەقینە بۆ لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا، دەبێ ئەزموونی و مەرجدار بێ، چونکە هەموو حوکمەکانمان خەسڵەتی گریمانەیی یان هەڵواسراویی هەڵدەگرن، تا ئەوە دەبێ یان نابێ)[1].

ئەگەر ئێمە لەسەروبەندی باسکردنی ئەم نەرێنیانەی لەبەرگرتنەوە بین، ئەوا پۆلێك مەترسی زیاد دەکەین، کە لەوانەیە بە وێنەی بایلۆژی بگات بۆ لەبەرگیراوەی تازە، باسی گرنگترینیان دەکەین:

١- دەبێ جەخت لەوە بکرێتەوە، تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە پێویستی بە زۆرێك لە تاقیکردنەوە و ئەزموون هەیە، بۆ مسۆگەرکردنی بەدەستخستنی ئەنجامە داواکراوەکان بە وردی، هێشتا زانایان پێویستیان بە فێربوونی زۆرێك لە نهێنیەکانی ئەو گۆڕانانە هەیە کە ڕوودەدەن لە خانەکاندا لەگەڵ بەسەرکەوتنی تەمەن.

ئەم گۆڕانانە هاودەم بوون، لەگەڵ زیادبوون لە ژمارەی بەرکەوتنەکان، کە بۆ دی ئێن ئەی بۆماوەیی ڕوودەدات، ئەگەر یەکێکمان ویستی دانەیەکی لێ دروست بکات، لە تەمەنی چل ساڵیدا بێ، ئەوا خانەیەك لە جەستەت وەردەگیرێ (کە لێدرانێکی بۆماوەیی هەیە)، بەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی منداڵێکی لەبەرگیراوە.

---

(1) مرتاس نیوسبارم، ٢٠٠١ – الاستنساخ ما له وما عليه، ترجمة: احمد رمو، منشورات علاء الدين، ص ١٢١.

بەڵام لەوەتەی لەدایکبوونە، جەستەکەی لێدرانی بۆماوەیی لەخۆدەگرێ، کە لە جەستەی بەخشەرەکەدا هەبووە، بەم پێیە لەوانەیە تەمەنی منداڵە ٤٠ ساڵە، کەمتر بێ لەو تەمەنەی گریمانە کراوە، ئەمە خۆویستیەکە لە بیرکردنەوەی کەسە بەخشەرەکەدا، کە ویستویەتی دانەیەکی دروست بکرێ، زیانی بەم دانەیە گەیاندووە بە گواستنەوەی نەخۆشییە بۆماوەییەکان لە خانەکانی جەستەکەی بۆ خانەکەی جەستەی لەبەرگیراوەکە، لێرەدا ئەم کردارە بە نائەخلاقی دەردەکەوێ، پێویستە لەسەرمان بەرگەی ئەم هەڵبژاردنە بگرین، بەوەی لەبەرگرتنەوە بکەین یان نا، بەرپرسیارێتی وەك بەهایەك واتە هەستکردنی بەردەوامی تاك بە ئەرك بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەی و بەرامبەر بە خۆیشی، بەرامبەر دانە لەبەرگیراوەکەشی، ئەگەر مرۆڤ بە سروشتی خۆی ئازاد بێ، ئەوا بوونی مرۆیی هەروەك (زەکەریا ئیبراهیم) دەڵێت: "لەو کردارەدا کورت دەبێتەوە، کە بوونێك دەخاتە ئەستۆم، کە بوونی تایبەتەکەمە، بەرپرسیارێتی تایبەتی هەڵدەگرم بەرامبەر خۆم و ئەوانی تر، دەبێ فەلەسەفەی ئازادی بمانبات بەرەو فەلسەفەی کار"(١).

ئەگەر ئێمە ئازاد بین، ئەوا ئەم ئازادیەی هەمانە، بەرپرسیارێتیەکی مەزن دەخاتە ئەستۆمان، بەرامبەر بەخۆمان و بەوانی تریش لەو بڕیارانەی دەیدەین، ڕێگەدان بی بوونی ئازادی بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بەکرداری واتە ئەم ئازادیە زیاتر لە پشێوی نزیکە، ئەم پشێویە نەرێنیەکانی ڕەنگ دەداتەوە لەسەر تەواوی کۆمەڵگە، سەرەتا لەو تاکەی ڕێگەی بە لەبەرگیرانەوەی خۆی داوە، ئەو جیهانەی ئەم مەبەستەی ئەوی بۆ جێبەجێ کردووە، تا دەگاتە ئەو کۆمەڵگەیەی زیان لەم لەبەرگیراوە دەبینێ.

٢- گۆڤاری زانستی بەریتانی (ینتشر) باسی کردووە، ئەو مەڕەی لەبەری گیراوەتەوە، بە پیری لەدایك بووە، بەگوێرەی توێژینەوەیەکی تایبەتکراو بۆ کڕۆمۆسۆمەکانی لە دووچاربوونی بە پیری زوو، توێژینەوەکە وتویەتی دوللی سروشتییە لە دیمەنە دەرەکییەکەیدا، بەڵام بە شەش ساڵ لە تەمەنی

(١) إبراهيم، زكريا، مشكلة الحرية، ٣ شارع كامل صدقي، الفجالة، مصر، ١٩٦٣، ص ٣١١.

ڕاستەقینەی خۆی مەزنترە، ئەمە واتای ئەوەیە خاڵە کرچ و کاڵەکان کە تۆمارکراوە لە کرۆمۆسۆمەکانی دوللی، دەچێ بەرەو گونجان دروستبوونی شتی مەترسیدارتر لە دۆخی لەبەرگرتنەوەی بوونەوەری مرۆیی.

ئەمەش بەهەمان شێوە، ئاماژە دەدات بە جێماوەکانی بوونەوەری لەبەرگیراوە، ڕەنگدانەوەی تەمەنی بوونەوەرە پێگەیشتووەکەیە، کە خانەکانی بۆ لەبەرگرتنەوە بەکارهاتوون، تەنانەت یەکێك لەوانەی دژی لەبەرگرتنەوەی مرۆیین، کە "بیتر جاریت"ە جەختی کردۆتەوە زیادبوونەکان لە تێڕوانینی ئەوانەی بەرگری لە لەبەرگرتنەوەی مرۆیی دەکەن، وا دەردەکەوێ زۆر ترسناك بن، ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند تەمەنی بگاتە شەست ساڵ، وێنەی خۆی بگیرێتەوە ئەوا منداڵەکەی نزیك لە تەمەنی ئەو دەبێ(١).

لێرەدا پرسیار لەبارەی سروشتی کەسی لەبەرگیراوە دەکەین؟ چۆن وێنەکەی لەبەرامبەرمان دەدرەوشێتەوە؟، ئەو کەسەی قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجایەتیەکی سوتاندووە، بۆ ئەوەی بگاتە تەمەنی پیری لە ڕووی تەمەنی کرۆمۆسۆمەکانی؟، بەڵام عەقڵەکەی هەروەك جۆن لوك وتویەتی: پەڕێکی سپییە، هیچ ئەزموونێك لە ئەزموونەکانی ژیانی تێدا نییە!!!!!.

ئەم کەسە دەوڵەمەندە چەندە چاوەڕوان دەبێ تا لەبەرگیراوەکەی مەزن دەبێ؟، لەوانەیە بمرێ بەرلەوەی بە پێگەیشتوویی ببینێ؟، یان بۆ گواستنەوەی وێنەی خۆی بۆی وەك چۆن دەیەوێت.

٣- هەروەك زانایان هۆشداری دەدەن لە بەکارهێنانی جۆرێك لەو ئەنزیمانەی تەمەنی خانەکان درێژ دەکەنەوە بۆ توێژینەوە. زانایان بینیویانە ئەنزیمی تایلۆر میریز کە پێی دەوترێ - کانیاوی گەنجان - کە یارمەتی درێژکردنی تەمەنی خانەکان

---

(١) السعدي، سليمان، ٢٠٠٢ – الاستنساخ بين العلم والفقه، ص ٣١١.

دەدات، پەیوەندی هەیە بەو جینەی هۆکاری شێرپەنجەیە، دیڤید بیتش(1) وتویەتی: "ئەم جینە چەندین ساڵە ناسراوە، بەوەی پەیوەندی هەیە بە هەموو جۆرەکانی نەخۆشی هەڵاوسان".

چەندین مەترسی زۆر هەن، دەکەونە سەر سینگی کۆمەڵگە، ئەمەش ئەگەر زانایان تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوەی مرۆییان بەکارهێنا، ئێستا دەپرسین: ئایا بابەتی منداڵی نێو لوولەك هەمان بەرهەڵستی دووچار نەبووەوە؟، ئایا ڕای گشتی نکۆڵی نەکرد لەم تەکنەلەۆژیایە لە سەرەتادا، بەڵام دواتر هۆگری بوو؟ بەڵکو ڕەوایی پێدا؟!! بەڵێ، دوای ئەم هەموو ڕەخنە ئەخلاقیانە، ئەم کێشانەی بابەتی لەبەرگرتنەوە دەیخاتەڕوو، ئایا خۆمان چەکدار دەکەین بە وەڵامی بڕاوە یان بەڵێ یان نەخێر بۆ لەبەرگرتنەوە؟

ئەگەر وتمان: هۆکارەکەی خواردنەوەی زۆرە لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، لەگەڵ ئەو وەڵامدانەوە سۆزیانەی بۆی هێناوین، ئەگەر وابێ، ئەوا سۆزەکان دەگۆڕێن هەردەم بەرەو باشتر، ئەمەش کاتێك بەرامبەر دەکرێتەوە بە بەڵگە و نیشانەی لۆژیکی، ئەم متوربە کردنە دەستکردە بۆ ئافرەتە نەزۆکەکان ڕەتکراوە بوو، دواتر لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پەسەند بوو، ئەگەر ئێمە چەند بەڵگەیەکمان خستەڕوو لەبارەی ڕەتکردنەوەی لەبەرگرتنەوە، لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقیەوە، عەقڵ پۆلێك بەڵگە و پاساومان بەسەردا دەسەپێنێ، بۆ پەسەندکردنی لەبەرگرتنەوەی چارەسەری، بەهۆی ئەو سوودانەی هەیەتی لە هەندێك بواردا...

---

(1) دێڤید بیتش: مامۆستای بایلۆژیای شێرپەنجە، لە زانکۆی یوینفرستی کولیدج لە لەندەن.

**پوختە:**

ئەوەی ئێمە هیوای پێ دەخوازین، ئەوەیە زانستی بۆماوەیی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی بکات، لە ئێش و ئازارەکەی ڕزگاری بکات، وا دەردەکەوێ هاوشێوەی چەکی دوو سەرە بێ، بەو مانایەی ئێمە دەمانەوێ سوود لە زانست وەربگرین، ئێمە ناتوانین نکۆڵی بکەین لە کاروانی زانستی ڕابردوو بۆ پێشەوە، هیچ کەسێك ناتوانێ چاوەکانی دابخات لەو خزمەتە مەزنانەی بۆ مرۆڤ فەراهەم بوونە، لە میانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی، کە بەرهەمی هەوڵی بەردەوامی زانایان بوو، بۆ گۆڕینی زانست بەرەو باشتر، ئەوەندە گەوج نابین وەك ئەوەی سوود لە کەڵکەکانی کارەبا وەربگرێ و لەهەمان کاتدا نەفرەتی لێ بکات، گومان لەوەدا نییە هەر هەنگاوێك لە زانستدا هاودەمی چەندین سەختی و تەحەددا بووەتەوە و ڕەتکراوەتەوە لەلایەن ڕای گشتی، تا وای لێهاتووە ئەنجامەکانی ئەم هەنگاوە حەز لێکراو و جێبەجێکراو بووە لەسەر زەمینەی واقیع، ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر نزیك کردنەوەیەك داین لە نێوان منداڵی لوولەکی – (یەکەم جار کە ئەمە ڕاگەیەنرا، ئەم هەنگاوە دووچاری بەرهەڵستی ئاینی و ئەخلاقی بووەوە، تا ئەمڕۆکە کە ئایین و یاسا هەڵسان بە ڕەواییدان بەم کارە زانستییە جوانە، کە زاڵبووە بەسەر چەندین دۆخی مەزن لە نەزۆکی و زۆرێك لە ناڵاندنی هاوسەران) – لەگەڵ لەبەرگرتنەوە بەوپێیەی ڕووداوێکی تازەیە، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینەوە ئێمە لەگەڵ لەبەرگرتنەوەداین، بەوپێیەی جێبەجێکردنی ئەندازەیی بۆماوەییە، ئەگەر ئامانجی بەرژەوەندی مرۆڤ بوو، ئا ئەوەتا ئێمە وەڵامی جوان و ڕوون لەم گۆڕەپانەدا دەخەینەڕوو.

ئێمە پێویستمان بە لەبەرگرتنەوەی هەندێك ئەندام هەیە، کە ئەو خەڵکانەی ئەندامەکانیان لەدەستداوە پێویستیان پێ هەیە، ئەمە دەبێتە لایەنێکی میهرەبان و مرۆیی بۆ ئەوەی دەست یان قاچ یاخود چاوێکی لەدەستداوە، یان گورچیلەیەکی لەکارکەوتووە، ئەمەش بە پشت بەستن دەبێ بە خانە دروستکەرەکان کە دۆزراونەتەوە و پشتیان پێبەستراوە، بەڵام لێرەدا جیاوازی لە نێوان

دوو جۆر خانەدا دەکەین، ئەوەی لە ڕووی جیناتەوە دروستبووە، ئەمە قەیرانێکی ئەخلاقی دروست دەکات، چونکە جێبەجێکردنەکانی زیاترە لە پرسی دروستکردنی ئەندامەکان، بەوەی دەکرێ لەبەرگرتنەوە مرۆڤێکی کامڵ بەکاربهێنێ، دواتر ئەندامی لێوەربگیرێ و بکوژرێ یان لەناوببرێ، ئەم خانانە دەرگا بەڕووی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا دەکەنەوە.

سەبارەت بە خانە گەنجەکان، ئەوا بەدەستدەخرێن لە زۆربەی پێکهاتەکاندا (جگە لە خانەکانی زاوزێ نەبێ)، بەکارهێنانەکەی کورت دەبێتەوە لەسەر بەرهەمهێنانی ئەندامەکان و پێکهاتە مرۆییەکان، بەبێ هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی.

کەواتە ئەم خانانە سوودبەخش دەبن، لە بەدەستخستنی ئەندامە داواکراوەکان، ئەمە لایەنێکی ڕۆشنە لە ئەندازەی بۆماوەیی، هەروەك ئەوەش لێرەدا دەخەینەڕوو دەکرێ سوود ببینین لە لەبەرگرتنەوەی ئەو گیاندارانە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە، یان لەبەرگرتنەوەی گیانداران یان ڕووەکەکان، بۆ بەکارهێنانی لە خواردن و بەرهەمهێنانی دەرمانی جیاواز، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، تەکنەلۆژیای لەبەرگرتنەوە هەڕەشە ناکات لەلایەنی دەروونی لە مرۆڤی لەبەرگیراوەدا، کە زانایان وا پێشبنی دەکەن خراپ بێ، سەرباری هەندێك مەترسی تری سیاسی و ڕەگەزی، کە زانستی لەپێناودا ڕام دەکرێ، هەر بۆیە پێویستە ئاگاداری و هێمنی پەیڕەو بکرێ، ڕۆڵی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق ناشارینەوە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە، بەئاگا هێنانەوەی هەستکردن بە بەهاکان، کە بۆ هیچ کۆمەڵگەیەك نییە وازیان لێبێنێ، چونکە بەو بناغەیە دادەنرێ کە لەسەری دامەزراوە.

بەر لەوەی کۆتایی بێین، بەوپەڕی بابەتی بوونەوە باسی ئەوە دەکەین، توێژینەوەکەمان دامەزراوە لەسەر چەند گریمانەیەك، لەوانە جێبەجێ بووبێ یان نا، ئەمە لەلایەك، ئەو ئەنجامانەی کۆبوونەتەوە لەسەر دەستەبەرکردنی ئەم گریمانانە، ناچنە دەرەوە لە بازنەی گریمانەکان، لەوانەیە کۆمەڵگەی داهاتوو لەبەرگرتنەوە قبوڵ بکات بە سینگ فراوانیەوە، لەوانەیە ئێمە بەرگری

لە بەهاکانمان بکەین، نەوەك بەهاکانی ئەوان، دواتر، ناکرێ بەو ڕاستییە بگەین هەروەك وتمان، چونکە نەزانراوە و لەولایەنەی دووره لێمان دەمێنێتەوە.

چاپخانەی شوان
0750 792 0775